ڕێنمـــابـۆ

عەقیدەی ئیسلامی

کتـێبی

(الإرشاد الى صحيح الإعتقاد والرد على أهل الشرك والإلحاد)

نووسینی

الدكتور صالح بن فوزان بن عبدالله الفوزان

وەرگێڕان

عبدالمجيد عبدالحميد / كفرى

نرخەکەی داشکێندراوە لە لایەن خێرخوازانەوە

وناببێ لە ٦٠٠٠ دینار زیاتر بفرۆشرێت

مکتبة صلاح الدين
1010 | 1431
Salahaddin Bookshop
کتێبخانەی صلاح الدین بۆ چاپەمەنی ئازادکراوەکان

منتدى إقرأ الثقافي
www.iqra.ahlamontada.com

منتدى إقرأ الثقافي

ڕێنمـا بـۆ

عەقیدەی ئیسلامی

پێناسی کتێب

- نووسینی: د. صالح بن فوزان بن عبدالله الفوزان
- وەرگێڕانی : عبدالمجید عبدالحمید / کفری
- چاپی یەکەم : ١٤٤٤ك - ٢٠٢٣ز
- ٥١٧ لاپەڕە
- ٢٤ * ١٧ سم
- بابەت : ئایینی

هەموو مافێکی ئەم کتێبە پارێزراوە بۆ
کتێبخانەی صلاح الدین

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتیەکان - هەرێمی کوردستان

ژمارە سپاردنی (٧٧٩) ی ساڵی ٢٠٢٢ پێدراوە

ڕێنمـــا بـــۆ

عەقیدەی ئیسلامی

کتـــێبی

(الإرشاد الى صحيح الإعتقاد والرد على أهل الشرك والإلحاد)

نووسینی

د. صالح بن فوزان بن عبدالله الفوزان

وەرگێڕان

عبدالمجيد عبدالحميد / كفرى

مكتبة صلاح الدين
Salahaddin Bookshop
كتێبخانەی صلاح الدین بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە

بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

پێشەکی

سـوپاس و سـتایش بـۆ پـەروەردگاری هەمـوو جیهانیـان ، دروسـتی کردووێـن بـۆ پەرستنی و فەرمانـی پـێ کردووێـن بـە یەکتاپەرستی و گوێڕایەڵـی خـۆی ، لەکاتێکـدا ئـەو بـێ نیـازە لـە ئێمـەو پێویستی بـە ئێمـە نییـەو ئێمـە پێویسـتمان بـە ئـەوە ، خـوای گـەورە دەفەرموێـت: ﴿ ۞ وَمَا خَلَقۡتُ ٱلۡجِنَّ وَٱلۡإِنسَ إِلَّا لِيَعۡبُدُونِ ۝٥٦ مَآ أُرِيدُ مِنۡهُم مِّن رِّزۡقٖ وَمَآ أُرِيدُ أَن يُطۡعِمُونِ ۝٥٧ إِنَّ ٱللَّهَ هُوَ ٱلرَّزَّاقُ ذُو ٱلۡقُوَّةِ ٱلۡمَتِينُ ۝٥٨ ﴾ (الذاريات) واتـە : مـن هـەر بۆیـە جنۆکـەو ئادەمیـم دروسـتکردووە بمپەرسـتن و بمناسـن(٥٦) مـن هیـچ رزق و رۆزیـم لـەوان نـاوێ و نایشـمەوێ ئـەوان خۆراکـم بدەنـێ(٥٧) چونکـە تەنهـا هـەر خوایـە رۆزیـدەرە خـاوەن هێـزی چـار نەکـراو، کـەس ناتوانـێ چـاری خـوا بـکاو زاڵ ببـێ بەسـەریدا(٥٨)[1].

پێغەمبەرانـی نـاردووە بـۆ بانگەوازکـردن بـۆ تەوحیـدو ئیخـڵاص بـۆ دینەکـەی ، هەروەکـو خـوای گـەورە دەفەرموێـت: ﴿ وَمَآ أَرۡسَلۡنَا مِن قَبۡلِكَ مِن رَّسُولٍ إِلَّا نُوحِيٓ إِلَيۡهِ أَنَّهُۥ لَآ إِلَٰهَ إِلَّآ أَنَا۠ فَٱعۡبُدُونِ ۝٢٥ ﴾ (الأنبياء) واتـە : لەپێـش تۆشـەوە ئـەی پێغەمبـەر(ﷺ) هـەر پەیامبەرێکمـان نـاردووە وەحیـی و سروشـمان بـۆ کـردووە کـە : هیـچ پەرسـتراوێك بـێ لـە مـن نییـە جـا کەوایـە هـەر بـە تەنهـا مـن بپەرسـتن) .

وە شـایەتی دەدەم کـە هیـچ خودایـەک نییـە شـایەنی پەرسـتن بێـت بەحـەق تەنهـا (اللـە) نەبـێ، تەنهـاو بـێ هاوەڵـە هەرچەنـدە موشـریکەکان پێیـان ناخـۆش بێـت ، هەروەهـا شـایەتی دەدەم کـە (محمـد) (ﷺ) بەنـدەو نێـردراوی ئـەوە بـۆ هەمـوو خەڵکـی ، صـەڵات و سـەلامی خـوا لـە سـەر خۆنـو شـوێنکەوتووان و هاوەڵانـی بێـت ، ئەوانـەی هیجرەتیـان کـردو جیهادیـان کـردو ئارامیـان گـرت و لـە ئارامگرتنـدا پێشـەنگ بـوون و ئەوانـەی دااڵدەیـان داو سـەریان خسـت ، بـە صـەڵات و سـەلامێکی یەکجـار زۆر تـا ڕۆژی قیامـەت.

---

(١) / تەفسیری (رامان) لە نوسینی بەڕێز (ئەحمەد کاکە مەحمود - خوا لێی خۆش بێت-) .

أما بعـــد:-

کاتێ ڕوونکردنـەوەی عەقیـدەی ڕاسـت و دروسـت و بانگەوازکـردن بـۆی گرنگتریـن کارو پێویسـتترین پێویسـتییەکان بـوو ، چونکـە ئـەوە بنەمـاو بنچینەیـە کـە ڕاسـت و دروسـتی و وەرگرتنـی کردەوەکانـی لەسـەر بنیاتنـراوە ، بۆیـە جێـی بایەخـی پێغەمبـەران (صـەڵات و سـەلامی خوایـان لەسـەر بێـت) و جێـی بایەخدانـی شـوێنکەوتوانی پێغەمبـەران بریتـی بـووە لـە چاکسـازی عەقیـدە لـە پێـش هەمـوو شـتێکەوەو لـەوەی هەڵیدەوەشـێنێتەوە یـان کەمـی دەکاتـەوە ، جـا پشـکی ئـەم لایەنـە لـە سـورەتەکانی قورئـان و ئایەتەکانیـدا زۆرتریـن پشـکی بـووە ، هەروەهـا پشـکی لـە بانگـەوازی پێغەمبـەری خـوادا (ﷺ) و بایەخدانـی بـەو کارە گەورەتریـن پشـک بـووە ، لـە شـاری مەککـەدا سـیازدە سـاڵ مایـەوە بانگـەوازی دەکـرد بـۆ تەوحیـدو چاکسـازی عەقیـدە ، هەروەهـا کاتـێ شـاری مەککـەی ڕزگار کـرد بـە فـەزڵ و ڕەحمەتـی خـوا ، یەکـەم کارێـک دەسـتی پێکـرد بریتـی بـوو لـە ڕوخاندنـی بتـەکان و نەهێشـتنی و فەرمانکـردن بـە نیـاز پاکـی و ئیخـڵاص لـە پەرسـتنی خـوای تـاک و تەنهـا و بـێ هـاوەڵ و شـەریکدا.

هەروەهـا زانایانـی ئـەم ئوممەتـە بایەخیـان بـەم لایەنـە داوە بـە بایەخێکـی زۆر و زۆربـەی هـەوڵ و تێکۆشـان و فێرکـردن و نوسـینیان لـەو باسـەدا بـە سـەر بـردووە ، تاکـو وای لـێ هاتـووە کتێبەکانـی عەقیـدە جێگەیەکـی زۆری گرتووەتـەوە لـە کتێبخانـەی ئیسـلامی دا ، وە لـە ناوەڕۆکـی کتێبخانەکانـدا ڕیـزی پێشـەوەی گرتـووە.

جـا پێـم خـۆش بـوو منیـش بـە هـەوڵ و تێکۆشـانە کەمەکـەی خـۆم بەشـدار بـم لـەم کارە گـەورەو شـکۆمەندەدا ، بۆیـە ئـەم چەنـد وشـەیەم نوسـیەوەو پێشکەشـی خوێنـەری بەڕێـزی دەکـەم ، تـکام وایـە لای خـوای گـەورە سـوود بـە نوسـەرو خوێنەرەکـەی بگەیەنـێ ، لـە کاتێکـدا شـتی نوێـم نەهێنـاوە، بەڵکـو تەنهـا نزیککردنـەوەی هەنـدێ زانیاریـە ، ڕەنگـە گرێدانـی واقیعـی ئەمـڕۆی خەڵکـی و بـە کردارکردنـی ئـەم زانیاریانـەوە تێـدا هەبـێ ، تاکـو حوکمەکـەی ڕوون ببێتـەوەو هەڵـەی خاوەنـی ئـەو کارانـە ڕوون ببێتـەوە بەڵکـو بگەڕێنـەوە ، هەروەهـا ببێتـە ئامۆژگاریـیەک بـۆ جگـە لـەوان و بـۆ ئـەوەی ئـاگادارو وریابـن.

جـا ئـەم وشـانەم لـە کتێبـی پێشـەوایانی ئـەم دینـەو زانایانـی موسـڵمانانەوە وەرگرتـووە ، وەکـو کتێبەکانـی (شـیخ الاسـلام ابـن تیمیـة) (ت:۷۲۸ھ)[1] و قوتابیەکـەی ابـن القیـم (ت:۷۵۱ھ) و قوتابیەکـەی ابـن کثیـر (ت:۷۷٤ھ) هەروەهـا لـە کتێبەکانـی شـیخ الاسـلام محمـدی کـوڕی عبدالوهـاب (ت:۱۲۰٦ھ) و قوتابییەکانـی لـە پێشـەوایانی بانگـەوازی چاکسـازی _ڕەحمەتـی خـوا لـە هەمووپـان بێـت_ بەتایبەتـی کتێبـی (فتـح المجیـد) لەدانانـی شـەیخی عەللامـە (عبدالرحمـن ی کـوڕی حسـن) ڕەحمەتـی خـوای لـێ بێـت (ت:۱۲۸۵ھ).

هەرگیـز بانگەشـەی ئـەوە ناکـەم شـتێکی نوێـم هێنابێـت ، بەڵکـو تـکام وایـە هەنـدێ زانیاریـم نزیـک کردبێتـەوەو گـرێ دابێـت بـە واقیعـی خەڵکییـەوە ، هەرکاتـێ هەڵێـک ڕەخسـابێت و هۆیـەک هاتبێتـە پێشـەوە .

ئەصـڵ و بنەمـای ئـەم کتێبـە چەنـد ئەڵقەیـەک بـوو لەئێزگـەی (القـرآن الکریـم) لەوڵاتـی سـعودیە پەخـش کـرا ، وە لـە نیەتمـدا نەبـوو بکرێتـە کتێبێـک ئەگـەر تەقدیـری خـوای گـەورەی لـە سـەر نەبوایـە ، ئەمجـار هەنـدێ لـەو بـرا بەڕێزانـە پێشـنیاریان کـرد کـەوا کـۆی بکەمـەوەو ڕێکـی بخـەم و بـە شـێوەی کتێبێـک ئامـادەی بکـەم بـۆ ئـەوەی سـوودەکەی بمێنێتـەوە _إن شـاء اللـە_ وە تـکام وایـە لـەم کارەدا خەیـرو چاکـە هەبێـت ، هەروەهـا ببێتـە بەشـداری بوونێـک لـە بـواری بانگـەواز بـۆ لای خـوای پـەروەردگار_ هەرچەنـدە کەمیـش بێـت_ لەکاتێکـدا ڕێـگایێ بانگـەوازی ڕاسـت و دروسـت لای هەنـدێ کـەس بـزر بـووە ، وای لـێ هاتـووە زۆرێـک لـە بانگخـوازان بایـەخ بـە چەنـد بوارێکـی کـەم دەدەن کـە هیـچ سـوود و قازانجێـک ناگەیەنـێ بەبـێ عەقیـدە ، واز لـە لایەنـی عەقیـدە دەهێنـن، لـە کاتێکـدا ئـەو بانگخوازانـە دەبینـن زۆربـەی خەڵکـی کەوتونەتـە نێـو شـیرکی گـەورەوەو لـە دەوروبـەری مەرقـەدو گـۆڕەکان دەسـوڕێنەوە ، هەروەهـا کەوتونەتـە نێـو بیدعـەو خورافاتـەوە ، دەبینرێـت بانگخوازانـی گومڕایـی زاڵ بوونـە بەسـەر زۆرێـک لەنەفامـان و خەڵکـی عەوامـدا ، بـەرەو جێـگای هەلاکـەت و گومڕایـی دەیانبـەن، ئەوانیـان کردووەتـەوە کۆیلـەی خۆیـان و بەویسـتی خۆیـان بەعەقـڵ و سـەروەت و سـامانیان یـاری دەکـەن و خۆیانیـان سـەپاندووە بەسـەریانەوە بـە ناهـەق و بـە نـاوی عیلـم و ویلایەتـەوە.

---

(۱) پیتی (ت) واتە لەو ساڵەدا کۆچی دوایی کردووە .

زۆرێـک لەبانگخوازانـی ئەمـڕۆ _بەداخـەوە_ بایـەخ بـە لایەنـی عەقیـدەو چاککردنـی دڵـی خەڵکـی و کردەوەیـان نـادەن ، بەڵکـو ڕەنگـە هەندێکیـان بڵێـن: واز لەخەڵکـی بهێنـن بـا لـە سـەر عەقیـدەی خۆیـان بـن و ڕووبەڕوویـان مەبنـەوە!! یەکیـان بخـەن و دووبەرەکی مەنێنـەوە! بـا لـە سـەر ئـەوەی ڕێـک کەوتووێـن لەسـەری یـەک بگریـن و ئەوەی لەسـەری جیاوازیـن پاسـاو و بیانـوو بـۆ یەکتـر بهێنینـەوە، یـان لـەم جـۆرە دەسـتەواژانە کـە لـە گـەڵ ئـەو ئایەتـەی خـوای گـەورەدا جیـاوازە کـە دەفەرموێـت: ﴿ فَإِن تَنَٰزَعۡتُمۡ فِي شَيۡءٖ فَرُدُّوهُ إِلَى ٱللَّهِ وَٱلرَّسُولِ إِن كُنتُمۡ تُؤۡمِنُونَ بِٱللَّهِ وَٱلۡيَوۡمِ ٱلۡأٓخِرِۚ ذَٰلِكَ خَيۡرٞ وَأَحۡسَنُ تَأۡوِيلًا ٥٩ ﴾ (النساء). واتـە : ئینجـا ئەگـەر لەشـتێکدا کێشـەو ناکۆکیتـان بـوو جـا بیگیڕنـەوە بـۆ لای خـواو پەیامبـەر (ﷺ)، واتـە: باتەنهـا قورئـان و سـوننەت داوەرو حەکەمتـان بـن. ئەگـەر باوەڕتـان بەخـواو بـەرۆژی دوایـی هەیـە، دەبـێ ئاوابێـت ئـەو گێرانـەوەی کێشـەو هەرایـە بـۆلای قورئـان و سـوننەت، جوانـترو چاکـترە بۆتـان، چاکتریـن ڕەفتاریشـە بـۆ داهاتووتـان).

دڵنیابـن هیـچ یەکگرتـن و هیـچ هێزێـک نییـەو نابـێ ئیللا بەگەڕانـەوە بـۆ کیتابەکـەی خـواو سـوننەتی پێغەمبەرەکـەی (ﷺ)و وازهێنـان لـەوەی جیـاوازە لەگەڵیانـدا نەبـێ ، بەتایبـەتی لەمەسـەلەکانی عەقیـدەدا کـە هـەر ئـەو بنچینـەو بنەمایـە، خـوای گـەورە دەفەرموێـت: ﴿ وَٱعۡتَصِمُواْ بِحَبۡلِ ٱللَّهِ جَمِيعٗا وَلَا تَفَرَّقُواْۚ ... ١٠٣ ﴾ (ال عمـران). واتـە : بـە تێکـڕا گشـتتان دەسـت بـە ڕشـتەی ئایینـی خـواو قورئانەکەیـەوە بگـرن و قـەت لێـی نەترازێـن و کارێکیـش مەکـەن ببێتـە هـۆی پـەرت بونتـان) .

ئـەوەش بزانـن کـەوا کۆتایـی ئـەم ئوممەتـە چـاک نابێـت ئیللا بـەوە نەبـێ کـە سـەرەتاکەی چـاک کـردووە ، خـوای گـەورە پشـت و پەنامـان بێـت و ڕێنیشـاندەرمان بێـت بـۆ ڕێـگای ڕاسـت .

وصلى الله على نبينا محمد وآله وصحبه وسلم

نوسەر

عەقیدەی ئیسلامی

عەقیـدەی ئیسـلامی ئـەو عەقیدەیەیـە کـە خـوای گـەورە پێغەمبـەرانی بـەو عەقیـدە نـاردووەو کتێبـەکانی بـەوەوە دابەزانـدووەو واجبی کردووەتە سـەر هەموو دروسـتکراوەکانی لـە جنۆکـەو مرۆڤـەکان .

هەروەکـو خـوای گـەورە دەفەرموێـت : ﴿ ۝٥٥ وَمَا خَلَقْتُ ٱلْجِنَّ وَٱلْإِنسَ إِلَّا لِيَعْبُدُونِ ۝٥٦ مَآ أُرِيدُ مِنْهُم مِّن رِّزْقٍ وَمَآ أُرِيدُ أَن يُطْعِمُونِ ۝٥٧ ﴾(الذاريات) واتـە : و مـن هـەر بۆیـە جنۆکـەو ئادەمیـم دروسـتکردووە بەپەرسـتن و بەناسـن (٥٦) مـن هیـچ رزق و رۆزیـم لـەوان نـاوێ و نایشـمەوێ ئـەوان خۆراکـم بدەنـێ(٥٧) .

هەروەهـا دەفەرموێـت: ﴿ * وَقَضَىٰ رَبُّكَ أَلَّا تَعْبُدُوٓاْ إِلَّآ إِيَّاهُ ... ۝٢٣ ﴾ (الإسراء) واتـە : پـەروەردگارت بڕیاریـداوەو وەسـیەتی کـرد کـە : دەبـێ هـەر خـۆی بپەرسـتن).

خـوای گـەورە دەفەرموێـت: ﴿ وَلَقَدْ بَعَثْنَا فِي كُلِّ أُمَّةٍ رَّسُولًا أَنِ ٱعْبُدُواْ ٱللَّهَ وَٱجْتَنِبُواْ ٱلطَّٰغُوتَ ... ۝٣٦ ﴾ (النحـل) واتـە : بەراسـتی بۆنـاو هەمـوو ئوممـەت و نەتەوەیـەك لەهەمـوو سـەردەمێكدا پەیامبەرێكـمان نـاردووە بـۆ ئـەوە پێیـان بڵـێ: تەنهـا خـوا بپەرسـتن و لە(تاغـووت) و یاسـا پوچەڵـەکان دووربـن).

جـا هەمـوو پێغەمبـەران هاتـوون بـۆ بانگەوازکـردن بـۆ ئـەم عەقیدەیـە ، هەمـوو کتێبـەکان خـوای گـەورە دابەزانـدووە بـۆ ڕوونکردنـەوەی ئـەم عەقیدەیـەو ڕوونکردنەوەی ئـەوەی پووچەڵـێ دەکاتـەوەو هەڵیدەوەشـێنێتەوە یـان کەمـی دەکاتـەوە ، وە هەمـوو ئەوانـەی تەکلیفیـان لەسـەرە لـە دروسـتکراوەکان فەرمانیـان پێکـراوە بـە دەسـتگرتن پێـوە ، جـا ئەگـەر هەرشـتێک ئەمـە پایـەو گرنگـی بێـت حەقـی خۆیـەتی بایەخـی پـێ بدرێـت و لێکۆڵینـەوەی لەسـەر بکرێـت و شـارەزای بیـن لـە پێـش هەمـوو شـتێکەوە ، بەتایبـەتی ئەوە بزانرێـت کـەوا ئـەم عەقیدەیـە بەختـەوەری و ئاسـودەیی مرۆڤایـەتی لەسـەر ڕاوەسـتاوە لەدونیـاو دوارۆژدا .

خـوای گـەورە دەفەرموێـت: ﴿ فَمَن يَكۡفُرۡ بِٱلطَّٰغُوتِ وَيُؤۡمِنۢ بِٱللَّهِ فَقَدِ ٱسۡتَمۡسَكَ بِٱلۡعُرۡوَةِ ٱلۡوُثۡقَىٰ لَا ٱنفِصَامَ لَهَاۗ ...﴿٢٥٦﴾ ﴾ (البقـرة) واتـە : ئینجـا هەرکەسـێك بـاوەڕی بـە ‹تاغـوت› نەبێـت، دیـارە تاغـووت ئـەو کەسـەیە کـە لـە سـنووری خـوا دەرچـێ و بەرنامـە چەوتـەکان قبـووڵ کا، جـا هەرکـەس خـۆی لـەو جـۆرە شـتانە دوورگـرت و بـاوەڕی بەخـوا هێنـا ئـەوە بێگومانـە دەسـتی بـە هەنـگڵ و بەهۆکارێکـی پتـەوو قایمـەوە گرتـووە کـە هەرگیـز هەڵناوەشـێت و پسـان و پچڕانیشـی بـۆ نییـە) .

ماناکەی ئەوەیە : هەر کەسێ ئەم عەقیدەی لە دەست دەرچێت ، ئەوا دەستی بەخەیاڵات و ناحەقییەوە گرتووە ، ئایە لە پاش حەق و ڕاستی چ شتێک هەیە جگە لە گومڕایی؟

خـوای گـەورە دەفەرموێـت: ﴿ ذَٰلِكَ بِأَنَّ ٱللَّهَ هُوَ ٱلۡحَقُّ وَأَنَّ مَا يَدۡعُونَ مِن دُونِهِۦ هُوَ ٱلۡبَٰطِلُ وَأَنَّ ٱللَّهَ هُوَ ٱلۡعَلِيُّ ٱلۡكَبِيرُ ﴿٦٢﴾ ﴾ (الحـج) واتـە : ئـەو دەسـەبەر بوونـەی خـوا بـۆ یارمەتیدانـی سـتەم لێکـراوان لەبـەر ئەوەیـە چونکـە تەنهـا هـەر خـۆی ڕاسـت و هەقـە، هـەر ئاییـن و پەرسـتنی ئـەو هەقـەو هەرشـتێ کـە بـێ بڕوایـان لەباتـی ئـەو هـاواری بـۆ ئەبـەن و ئەیپەرسـتن بتـەکان و هەرشـتێکی تـر ئـەوە باتڵـەو پووچەڵـەو لـە ناهـەق بـەدەر نییـەو هـەر ئـەو خوایەیـە باڵادەسـتی گـەورە، نـە لـەو بڵندتـر هەیـەو نـە لەویـش گەورەتـر) .

کەواتە دواڕۆژ و ئاکامی بەرەو ئاگرە و ئەویش خراپترین جێگایە.

مانای عەقیدەش بریتی یە لە: ئەوەی کە بەندە بەڕاستی دەزانێ و دینداری پێوە دەکات.

جـا ئەگـەر ئـەم عەقیدەیـە کـۆک بێـت لەگـەڵ ئـەوەی خـوای گـەورە پێغەمبـەرانی پێـی نـاردووەو کتێبـەکانی پێـی دابەزانـدووە ئـەوا عەقیدەیەکـی ڕاسـت و دروسـت و سـەلامەتە خاوەنەکـەی ڕزگاربوون و دەربازبوونی دەسـت دەکەوێـت لەسـزاو عـەزابی خواو بەختەوەری دونیـاو دواڕۆژی دەسـت دەکەوێـت، بـەڵام ئەگەر ئـەم عەقیدەیە جیاواز بـوو لەگەڵ ئەوەی خـوای گـەورە پێغەمبـەرانی پێـی نـاردووەو کتێبـەکانی پـێ دابەزانـدووە ئـەوا عەقیدەیەکـە خاوەنەکـەی سـزای خـوای لەسـەر واجـب دەبێـت و بەدبەختـی دونیـاو قیامـەت دەبێت.

هەروەهـا عەقیـدەی ڕاسـت و دروسـت خوێنـی خاوەنەکـەی پارێـزراو دەکات و سـامانەکەی دەپارێـزێ لـە دونیـاداو حەرامـی دەکات تەعـەددای لـێ بکرێـت و پێشـێل بکرێـن بەبـێ حەقـی خـۆی، هەروەکـو پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) دەفەرمووێـت: (**أُمِـرْتُ أَنْ أُقَاتِـلَ النَّـاسَ حَتَّـى يَقُولُـوا : لاَ إِلَـهَ إِلاَّ اللَّـهُ، فَـإِذَا قَالُوهـا عَصَمُـوا مِنِّـي دِمَاءَهُـمْ وَأَمْوَالَهُـمْ إِلاَّ بِحَقِّهَـا**)[1] واتـە : فەرمانـم پێکـراوە لەگـەڵ خەڵکیـدا بجەنگـم تاکـو دەڵێـن: (لا الـه الا اللـه) جـا ئەگـەر ئەوەیـان گـووت ئـەوا خوێـن و سـامانیان پارێـزراو دەبێـت (لێـم حـەرام دەبێـت) ئیـلا بەحەقـی خـۆی نەبـێ) .

هەروەهـا پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) دەفەرموێـت: (**مَـنْ قـالَ لاَ إلـه إلاَّ اللـه وَكَفَـرَ بِمَـا يُعْبَـدُ مِـنْ دُونِ اللـه حَـرُمَ مَالُـهُ وَدَمُـهُ وَحِسَـابُهُ عَـلَى اللـه عَزَّوَجَـلَّ**)[2] واتـە : هـەر کەسـێ بڵێـت : (لا الـه الا اللـه) و کوفـر بـکات بـەوەی لـە جگـە لـە خـوا دەپەرسـتێت ئـەوا سـەروەت و سـامان و خوێنـی حـەرام دەبـێ و لێپرسـینەوەو حیسـابی لەسـەر خوایـە) .

هەروەهـا خاوەنەکـەی لەسـزای خـوا ڕزگار دەکات لـەڕۆژی قیامەتـدا ، ئیمامـی (مسـلم) لە(جابـر)ەوە ڕیوایـەتی کـردووە کـەوا پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) فەرموویـەتی: (**مَـنْ لَقِـيَ اللـه لاَ يُـشْرِكُ بِـهِ شَـيْئًا ، دَخَـلَ الْجَنَّـةَ ، وَمَـنْ لَقِيَـهُ يُـشْرِكُ بِـهِ شَـيْئًا دَخَـلَ النَّـارَ**)[3] واتـە : هەرکەسـێ بگاتـە خـوای گـەورە لـە کاتێکـدا پێـی دەگات هیـچ شـەریکێکی بـۆ بڕیار نەدابێـت ئـەوا دەچێتـە بەهەشـتەوە ، وە هەرکەسـێ بگاتـە خـوای گـەورە لـە کاتێکـدا پێـی دەگات شـەریکی بـۆ بریـار دابێـت ئـەوا دەچێتـە ئاگـرەوە) .

هەروەهـا لـە هـەردوو کتێبـی (صحیـح)دا لـە فەرمـوودەی (عتبـان) ی کـوڕی (مالـک) ەوە هاتـووە : (**فـإِنَّ اللَّـهَ حَـرَّمَ عَـلَى النَّـارِ مَـنْ قَـالَ لاَ إِلَـهَ إِلاَّ اللَّـهُ يَبْتَغِـى بِذَلِـكَ وَجْـهَ اللَّـهِ**)[4] واتـە : خـوای گـەورە حەرامـی کـردووە لەسـەر ئاگـر هەرکەسـێ بڵێـت (لا الـه الا اللـه) بـەو وتنـە تەنهـا مەبەسـتی خـوا بێـت) .

---

(١) متفق عليه : أخرجه البخاري (٢٥) ومسلم (٢٢) .

(٢) رواه مسلم رقم (١٢٩) .

(٣) رواه مسلم (٢٦٦).

(٤) متفق عليه ، البخاري (٤٢٥) مسلم (١٤٩٤) .

جـا عەقیدەی ڕاسـت و دروسـت و سـەلامەت خـوای گـەورە گوناهەکانی پێ دەسـڕێتەوە ، ئیمامـی (الترمـذي) ڕیوایـەتی کـردووەو بە(حسـن)ی زانیـوە لـە (ئەنـەس)ەوە دەفەرموێت: گوێـم لـێ بـوو پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) دەیفەرمـوو : (**قـالَ اللـه تعـالى : يَـا ابْـنَ آدَمَ لَـوْ أَنَّـكَ أَتَيْتَنِـي بِقُـرَابِ الأَرْضِ خَطَايَـا ثُـمَّ لَقِيتَنِـي لاَ تُـشْرِكُ بِي شَـيْئاً لأَتَيْتُـكَ بِقُرَابِهَـا مَغْفِـرَةً**)[1] واتـە: خـوای گـەورە فەرموویەتـی : ئـەی نـەوەی ئـادەم ! ئەگـەر بـە ئەنـدازەی هەمـوو زەوی بـە تاوانـەوە پێـم بگـەی و کاتـێ بـە مـن گەیشـتی هاوەڵـت بـۆ مـن بڕیـار نەدابـوو ئـەوا بـە ئەنـدازەی هەمـوو زەوی بـە لێخـۆش بوونـەوەوە پێـت دەگـەم).

جـا (**قُـرابِ الأَرْضِ**) واتـە: پـڕ زەوی یـان نزیـک لـەوەی پـڕی بـکات ، جـا مەرجـی بەدەسـت هێنـانی ئـەم لێخۆشـبوونە سـەلامەت بـوونی عەقیدەیـە لـە شـیرک ، زۆرەکـە و کەمەکـەی ، بچووکەکـەی و گەورەکـەی ، جـا هـەر کەسـێ وابـوو ئـەوە خـاوەنی دڵێکـی سـەلامەتە ، کـە خـوای گـەورە دەربـارەی دەفەرموێـت: ﴿ يَوْمَ لَا يَنفَعُ مَالٌ وَلَا بَنُونَ ﴿٨٨﴾ إِلَّا مَنْ أَتَى ٱللَّهَ بِقَلْبٍ سَلِيمٍ ﴿٨٩﴾ ﴾ (الشعراء) واتـە : ئـەو ڕۆژە کـە نـە مـاڵ سـوود دەداو، نـە منـداڵ و کـوڕان بـە کەڵـك دێـن (٨٨) مەگـەر کەسـێ کەبـە دڵێکـی سـاغەوە بێتـە حـزووری خـوا، سـاغ بـوو بێـت لـە نەخۆشـی شـیرك و نیفـاق و دووڕوویـی و سـیفاتی دڕندەیـی و ئاژەڵیـی، خۆیشـی تەنهـا بەخـواوە پەیوەسـت کردبـێ و هـەر لەگـەڵ بەرنامـەی ئـەودا کاری کردبێـت، وە لـە مانـای (لا إلـه إلا اللـه) نەترازابێـت (٨٩) .

زانـای پایەبـەرز (ابـن القیم) (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) - لەمانـای فەرموودەکەی (عتبان) دا - دەفەرموێـت:- (خـوای گـەورە لەخـاوەنی تەوحیدی پاک و پوختە خـۆش دەبێت کە هیچ شـیرکێکی تێکـەڵ نەبـووە کـە بـەو ئەندازەیـە خـۆش نابێـت لەوانـەی وەکـو ئـەو نییـە، جـا کـەسی یەکتاپەرسـت کـە هیـچ شـەریکی بـۆ خوا بڕیـار نـەداوە بگاتـە خواکەی بـە ئەندازەی زەوی لـە تـاوان ئـەوا بە ئەنـدازەی زەوی خوای گەورە بە لێخۆشـبوون پێـی دەگات ، ئەمەش دەسـتی ئـەو کەسـە ناکەوێـت کـە تەوحیدەکـەی کەمـی کردبێـت ، چونکە ئـەو تەوحیدەی هیـچ شـیرکێکی تێکـەڵ نەبـووە ئـەوا هیـچ تاوانێکـی لـە گەڵـدا نامێنـێ ، چونکـە هێنـدە خۆشەویسـتی خـوداو بەمـەزن زانینـی و بەشـکۆمەند زانینی و ترس لە ئـەو و تکاکردن تەنها

---

(١) (صحيح الترمذي :٩ ٣٥٤)

لـە ئـەوی تێدایـە وای لـێ دەکات ببێتە هۆی سـڕینەوەی تاوانـەکانی هەرچەنـدە بەئەندازەی زەوی بێـت ، جـا پیسـیەکە رووداوێکی کاتییـە و پاڵنەرەکەی بەهێـزە...)[1]

هەروەهـا عەقیـدەی پـاک کـردەوەکانی لەگەڵـدا وەردەگیرێـت و سـوود بـە خاوەنەکـەی دەگەیەنێـت ، خـوای گـەورە دەفەرمووێـت: ﴿ مَنْ عَمِلَ صَٰلِحًا مِّن ذَكَرٍ أَوْ أُنثَىٰ وَهُوَ مُؤْمِنٌ فَلَنُحْيِيَنَّهُۥ حَيَوٰةً طَيِّبَةً ۖ وَلَنَجْزِيَنَّهُمْ أَجْرَهُم بِأَحْسَنِ مَا كَانُوا۟ يَعْمَلُونَ ﴿٩٧﴾ ﴾ **(النحـل)** واتـە : هـەر کەسـێك - لـە نێـر یـان لـە مـێ - هـەر کارێکـی چـاك ئەنجامبـداو، بەئیـمان و باوەڕداریـش بێـت بەڵێـن بێـت بیژێنیـن بـە ژیانێکـی پـاك، واتـە: بـە ژیانێکـی بەقەناعـەت و بەسـەعادەت و بەچاکتریـش لـەوەی کردوویانـە پاداشـیان بدەینـەوە) .

بـە پێچەوانـەوە ، عەقیـدەی خـراپ هەمـوو کـردەوەکان پووچـەڵ دەکاتـەوە ، خـوای گەورە دەفەرمووێـت: ﴿ وَلَقَدْ أُوحِىَ إِلَيْكَ وَإِلَى ٱلَّذِينَ مِن قَبْلِكَ لَئِنْ أَشْرَكْتَ لَيَحْبَطَنَّ عَمَلُكَ وَلَتَكُونَنَّ مِنَ ٱلْخَٰسِرِينَ ﴿٦٥﴾ ﴾ **(الزمـر)** واتـە : سـوێند ئەخـوم کـە بێگومـان وەحـی کـراوە بـۆ تـۆو بـۆ ئـەو پەیامبەرانـەی بـەر لـە تـۆ بـوون: کـە ئەگـەر گریـمان بـە هاوبـەش قایـل ببیـت بـۆ خـوا، ئـەوە بێگومـان هەمـوو کردەوەکانـت پووچـەڵ دەبـێ و لـە زیانمەندانیـش دەبیـت).

خـوای گـەورە دەفەرمووێـت: ﴿ وَلَوْ أَشْرَكُوا۟ لَحَبِطَ عَنْهُم مَّا كَانُوا۟ يَعْمَلُونَ ﴿٨٨﴾ ﴾ **((الأنعـام)** واتـە : لـە گـەڵ ئەوەیشـدا ئەگـەر ئـەو پەیامبەرانە(علیهـم السـلام) هاوبەشـیان بـۆ خـوا دانابـا هەمـوو کارەکانیـان سـەرجەم پووچـەڵ دەبوویـەوە ، باشـە دەبـێ حاڵـی خەڵکانـی تـر چـۆن بێـت، ئەگـەر هاوبـەش و شـەریك بۆخـوا دابنێـن؟) .

وە عەقیـدەی خـراپ کـە شـیرکە بەهەشـت و لـێ خۆشـبوون لـە خاوەنەکـەی حـەرام دەکات و سـزای هەتاهەتایـی لەنـاو ئاگـردا بـۆ واجـب دەکات ، خـوای گـەورە دەفەرمووێـت: ﴿ إِنَّ ٱللَّهَ لَا يَغْفِرُ أَن يُشْرَكَ بِهِۦ وَيَغْفِرُ مَا دُونَ ذَٰلِكَ لِمَن يَشَآءُ ... ﴿١١٦﴾ ﴾ **(النسـاء)** واتـە : بێگومـان هەرگیـز خـوا لەدانانـی هاوبـەش بـۆی نابـووریێ و لەخـوار شـیرکەوە لەهـەر گوناهێـك دەبـووریێ بـۆ هەرکەسـێك خـۆی بیەوێـت) .

---

(١) إغاثة اللهفان من مصايد الشيطان.

هەروەهـا خـوای گـەورە دەفەرموێـت: ﴿إِنَّهُۥ مَن يُشْرِكْ بِٱللَّهِ فَقَدْ حَرَّمَ ٱللَّهُ عَلَيْهِ ٱلْجَنَّةَ وَمَأْوَىٰهُ ٱلنَّارُ ۖ وَمَا لِلظَّٰلِمِينَ مِنْ أَنصَارٍ ﴿٧٢﴾﴾ (المائدة) واتـە : چـاك بزانـن كـە هەركەسـێك شـەریك و هاوبـەش بـۆ خـوا دابنـێ بـێ شـك خـوا بەهەشـتی لەسـەر یاسـاغ دەكا جـێ و شـوێنی ئاگـرە. سـتەمكارانیش هیـچ جـۆرە یارمەتـی دەرێكیـان بـۆ نییـەو رزگار نابـن).

وە عەقیـدەی خـراپ خاوەنەكـەی لـە ئیسـلام دەردەكات ، خوێنـی حـەڵاڵ دەكات و سـەروەت و سـامانەكەی حـەڵاڵ دەكات كـە خـاوەنی ئـەو عەقیدەیـە خراپـە هەیبێـت ، خـوای گـەورە دەفەرموێـت: ﴿وَقَٰتِلُوهُمْ حَتَّىٰ لَا تَكُونَ فِتْنَةٌ وَيَكُونَ ٱلدِّينُ كُلُّهُۥ لِلَّهِ ۚ ... ﴿٣٩﴾﴾ (الأنفال) واتـە : هەتـا كوفـرو شـیرك لەبنـدێ و، بـە هەتـا هەتایـی كۆتایـی دێ و دینداریـی هـەر بـۆ خـوا دەبـێ، ئێـوەش ئـەی موسـڵمانان! بـەردەوام بەجەنـگ بێـن لەگەڵیـان)

خـوای گـەورە دەفەرموێـت: ﴿فَإِذَا ٱنسَلَخَ ٱلْأَشْهُرُ ٱلْحُرُمُ فَٱقْتُلُوا۟ ٱلْمُشْرِكِينَ حَيْثُ وَجَدتُّمُوهُمْ وَخُذُوهُمْ وَٱحْصُرُوهُمْ وَٱقْعُدُوا۟ لَهُمْ كُلَّ مَرْصَدٍ ۚ ... ﴿٥﴾﴾ (التوبـة) واتـە : ئینجـا كـە مانگـە حـەرام و خـاوەن رێـزەكان بڕانـەوە ، واتـە: ئەوانـەی كەجەنگیـان تیـا قەدەغەكـراوە، كـە ئەوانیـش ئـەم چـوار مانگـەن: (زیقەعـەدە، زیحەججـە، موحـەررەم، رەجـەب) دەسـا ئێـوەش لـە هەرجێگایەكـدا موشریكەكانتـان دەسـتكەوت بەمەرجـێ (ژن و منـداڵ و گۆشـەگیر نەبـن) ‹ لـە حـەرەم و لـە دەرەوەی حـەرەم، لەچـوار مانگـەكان و، لەغەیـری چـوار مانگەكانیشـدا› بیانكـوژن و بییانگـرن و ‹دیلیـان بكـەن› و گەمارۆیـان بـدەن و›مەهێڵـن بەمـلاو بـەولادا بچـن ‹ وەلـە هەمـوو كەمیـن و رێگەیەكیشـدا بۆیـان دانیشـن) .

پاشـان عەقیـدەی پـاك وسـەلامەت چەندیـن شـوێنەواری چاكـی لـە دڵـەكان و ڕەوشـتی كۆمەڵایـەتی و سیسـتەمی بنیاتنانـدا هەیـە.

دوو کۆمـەڵ هەبـوون، هەریەکـەو مزگەوتێکیـان دروسـت کـرد لـە سـەردەمی پێغەمبـەری خـوادا(ﷺ) ، کۆمەڵێکیـان مزگەوتێکیـان دروسـت کـرد بەنییـەتی چـاک و پاکـەوە عەقیدەیەکـی خاڵصـەوە بـۆ خـوای گـەورە ، وە کۆمەڵێکیـان مزگەوتێکیـان دروسـت کـرد بـە ئامانجێکـی خـراپ و عەقیدەیەکـی وێرانـەوە ، بۆیـە خـوای گـەورە فەرمـانی کـردە پێغەمبەرەکـەی (ﷺ) کـەوا لـەو مزگەوتـەی کـە لـە سـەر ئەسـاسی تەقـوا بنیـات نـراوە نوێـژ بـکات و ڕێگـری لـێ کـرد نوێـژ بـکات لـەو مزگەوتـەی کـەوا لەسـەر ئەسـاسی کوفـرو مەرامـی خـراپ بنیـات نـراوە، خـوای گـەورە دەفەرموێـت: ﴿وَٱلَّذِينَ ٱتَّخَذُواْ مَسۡجِدٗا ضِرَارٗا وَكُفۡرٗا وَتَفۡرِيقَۢا بَيۡنَ ٱلۡمُؤۡمِنِينَ وَإِرۡصَادٗا لِّمَنۡ حَارَبَ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ مِن قَبۡلُۚ وَلَيَحۡلِفُنَّ إِنۡ أَرَدۡنَآ إِلَّا ٱلۡحُسۡنَىٰۖ وَٱللَّهُ يَشۡهَدُ إِنَّهُمۡ لَكَٰذِبُونَ ١٠٧ لَا تَقُمۡ فِيهِ أَبَدٗاۚ لَّمَسۡجِدٌ أُسِّسَ عَلَى ٱلتَّقۡوَىٰ مِنۡ أَوَّلِ يَوۡمٍ أَحَقُّ أَن تَقُومَ فِيهِۚ فِيهِ رِجَالٞ يُحِبُّونَ أَن يَتَطَهَّرُواْۚ وَٱللَّهُ يُحِبُّ ٱلۡمُطَّهِّرِينَ ١٠٨ أَفَمَنۡ أَسَّسَ بُنۡيَٰنَهُۥ عَلَىٰ تَقۡوَىٰ مِنَ ٱللَّهِ وَرِضۡوَٰنٍ خَيۡرٌ أَم مَّنۡ أَسَّسَ بُنۡيَٰنَهُۥ عَلَىٰ شَفَا جُرُفٍ هَارٖ فَٱنۡهَارَ بِهِۦ فِي نَارِ جَهَنَّمَۗ وَٱللَّهُ لَا يَهۡدِي ٱلۡقَوۡمَ ٱلظَّٰلِمِينَ ١٠٩﴾ (**التوبـة**) واتـە : وە لـە دووڕووەکانـدا کەسـانێ وا هـەن کـە لەمەدینـەدا -دژ بـە پێغەمبـەرو موسـڵمانان و بـۆ بەهێـز کردنـی کوفـرو بـێ باوەڕیـی خۆیـان و بۆپەرتکردنـی ریزەکانـی کۆمەڵـی بـاوەڕداران و دوور خسـتنەوەیان لەپێغەمبـەر (ﷺ) و بـۆ ئـەوە بیکەنـە (کەمیـن) و ڕوانگـە بـۆ ئـەو کەسـانە کەپێشـتر بـەر لەدروسـکردنییدا دژی خـواو پەیامبەرەکـەی دەجەنـگان. کەچـی بەهەمـوو هێزێکیـان سـوێند دەخـۆن کـە: تەنهـا چاکـەو خێرمـان لەکردنـەوەی ئـەو مزگەوتـەدا مەبەسـت بـووە خـۆ خـوا بـۆ خـۆی چـاك بەئاگایـە کـە درۆزنـن و دڵیشـیان چـی تێدایـەو مەبەسـتیشـیان چـی بـووە؟(١٠٧) هەرگیـز تـۆش- ئـەی پێغەمبـەر(ﷺ)! -لـە مزگەوتـی وادا ڕامەوەسـتەو نوێـژ مەکـە دڵنیابـە ئـەو مزگەوتەیـە ‹مزگەوتـی قبـاء› کـە هـەر یەکـەم ڕۆژ لەسـەر بناغـەی تەقـوا دامـەزرا بەهەقـتەرە تـۆ نوێـژی تیـا بکەیـت، هەتـا مزگەوتـی (زیـرار) لـەم مزگەوتـەدا کۆمەڵـە پیاوێکـی تێدایـە - لـە پشـتیوانان - زۆر حەزیانـە لەهەمـوو چڵـك و چەپەڵیـەك و لەهـەر تـاوان و گوناهێـك پـاك ببنـەوە دیـارە خـواش بـۆ خـۆی پاکانـی خـۆش دەوێ (١٠٨) ئاخـۆ ئـەوەی بنەڕەتـی مزگەوتەکـەی خـۆی لەسـەر خواناسـین و تەقـواو ڕەزامەندیـی خـوا دارشـتبێ ‹وەکـو مزگەوتـی قوبـا› چاکـترە یـان ئـەو کەسـەی کـە بنەڕەتـی مزگەوتەکـەی لەسـەر

لێـواری ئـاودڕی فشـەڵ و روخـەك دانـاوە، دیواڕێـك لەسـەر قـوڕێ كرابـێ لافـاو هێنابێتـی و بـەرەو رووخـان ملـی نابێـت، ئەبـێ چـۆن بینایەكـی لەسـەر بكرێـت؟! ئینجـا لەنـاكاو بـەو فشـەڵ و رووخەكـەوە دەكەوێتـە نـاو ئاگـری دۆزەخـەوە. واتـە: ئایـا كەسـێك بناغـەی ئایینـی خـۆی لەسـەر دڵسـۆزی وتەقـوا داڕشـتبێ، وەكـو كەسـێك دەبـێ كـە لەسـەر پڕوپاڵانتـەو دووڕوویـی دایڕشـتبێ؟ هەرگیـز خـواش ڕێنمایـی خەڵكانـی سـتەمكار نـاكات، واتـە: ئەوانـەی ئـەو مزگەوتـی (زیرار)ەیـان كـردەوە، ناهەقییـكارو سـتەمكارن(١٠٩) .

واجیببونی فێربوونی عەقیدەی ئیسلامی

بزانن_خـوای گـەورە مـن و ئێـوە تەوفیـق بدات_کـەوا پێویسـتە لەسـەر هەمـوو موسـڵمانێک فێـری عەقیـدەی ئیسـلامی ببێـت ، بـۆ ئـەوەی ماناکـەی و ئـەوەی لەسـەری بنیـات دەنرێـت بزانێـت ، ئەمجـار دژەکـەشی بزانێـت و ئـەوەی پووچەڵـی دەکاتـەوە یـان کەمـی دەکاتـەوە لەشـیرکی گـەورەو بچـووک :

خـوای گـەورە دەفەرموێـت: ﴿فَٱعْلَمْ أَنَّهُۥ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا ٱللَّهُ وَٱسْتَغْفِرْ لِذَنۢبِكَ ... ﴿١٩﴾﴾ (محمـد) واتـە : جـا ئـەی موحەممـەد!(ﷺ) ئـەی ئینسـان! بزانـە کـە بێگومـان جگـە لە(اللـە) هیـچ پەرسـتراوێکی هـەق نیـە مافـی پەرسـتنی ببـێ، دەسـا تـۆش لەسـەر ئـەو بیروبـاوەڕە سـابت بـەو هەرگیـز نەگۆڕێیـت وە بـۆ خـۆت و ئیمانـداران لـە پیـاوان و ژنـان داوای لێبوردنـی گوناهـان بکـە) .

ئیمامـی بوخـاری -ڕەحمـەتی خـوای لـێ بێـت- فەرموویـەتی : (**بـاب العلـم قبـل القـول والعمـل**) واتـە: بـەشی(دەرگای) عیلـم لەپێـش وتـن و کردەوەکانـە (کردار)ـــە) ، ئەمجـار ئـەو ئایەتـەی پێشـووی بەبەڵگـە هێناوەتـەوە ، ئەمجـار فەرمـووی : ((... **فبـدأ بالعلـم**)[1] واتـە : بـە عیلـم دەسـتی پێکـرد.

(حافـظ ابـن حجـر) دەڵێـت : (ابـن المُنَيِّر فەرموویـەتی : مەبەسـتی ئەوەیـە کـەوا عیلـم مەرجـە بـۆ ڕاسـت و دروسـتی وتـن و کـردەوەکان ، بۆیـە هیـچ بایەخیـان نییـە بەبـێ ئـەو (واتـە: عیلـم) ، جـا ئـەو لـە پێـشی ئەوانەوەیـە، چونکـە هـەر ئـەو نییەتـەکان و کـردەوەکان چـاک دەکات ....)[2].

---

(١) صحيح البخاري : كتاب العلم ، باب (١٠) انظر : فتح الباري (١ / ٢١٠) .

(٢) فتح الباري (١ ، ٢١١) .

لێـرەوە هیممـەتی زانایـان ڕووی کردووەتـە فێربـوونی ئەحکامـەکانی عەقیدەو فێرکـردنی، وە ئـەو کارەیـان کردووەتـە پێشـەنگ و سـەرەتاکانی زانسـتەکان، چەندەهـا کتێبیان نوسـیوەتەوە، ئەحکامەکانیـان تێـدا ڕوون کردووەتـەوەو ئـەوەی تێیـدا پێویسـتە وە ئـەوەشی کـە پووچەڵـی دەکاتـەوە یـان هەڵیدەوەشـێنێتەوە لەهـاوەڵ بڕیـاردان و خوڕافـات و بیدعـە.

ئەمـەش مانـای (لا الـه الا الله)یـە ، بۆیـە ئـەوە تەنهـا وشـەیەک نییـە بگوترێت بـە زمان ، بەڵکـو چەندیـن مانـاو دەلالـەتی هەیـە کـەوا پێویسـتە بزانرێـت و کاری پـێ بکرێـت بـە ئاشـکراو بـە نهێنـی ، وە چەندیـن شـت هـەن کـە هەڵیدەوەشـێنێتەوەو کەمـی دەکەنـەوە ، ئەوانـەش ڕوون نابێتـەوە ئیـللا بەفێربـوون نەبێـت.

بۆیـە ، پێویسـتە عیلمـی عەقیـدە لەپێشـەوەی مەنهەجـەکانی خوێنـدن بێـت لەهەمـوو قۆناغـە جیاوازەکانـدا، وە ڕۆژانـە چەندیـن وانـەی پێویسـتی بـۆ تەرخـان بکرێـت وە مامۆسـتای بەتوانـاو لێهاتـووی بـۆ دیـاری بکرێـت ، وەجەخـت بکرێـت لەسـەری لـەکاتی دەرچـوون و دەرنەچوونـدا، بـە جیـاواز لـە گـەڵ واقیعـی زۆربـەی دیراسـاتی ئەمـڕۆ ، عیلمـی عەقیـدە زۆر بایەخـی پـێ نادرێـت لـەو خوێندنانـەدا ، کـە تـرسی ئـەوەی لێ دەکرێـت لەپاش خـۆی نەوەیـەک بەرهـەم بهێنێـت بـێ ئاگابـن لەعەقیـدە ڕاسـت و دروسـتەکە، چیـتر شـیرک خوڕافـات و بیدعـە بـڵاو دەبێتـەوەو بەعەقیـدەی دەزانـن، چونکـە خەڵکیـان بینیـوە لەسـەر ئـەو کارەو نەیـان بینیـوە کـەس نکۆڵـی لـێ بـکات و پوچەڵـی بکاتـەوە .

بۆیـە ئەمیـری ئیمانـداران (عومـەری کـوڕی خەتتـاب)_ڕەزای خـوای لەسـەر بێـت_ دەفەرموێـت:_ (**یوشـك أن تنقـض عـرى الاسـلام عـروة عـروة إذا نشـأ في الاسـلام مـن لا یعـرف الجاهلیـة**)[1] واتـە: خەریکـە وای لـێ دێـت گرێیـەکانی ئیسـلام دەکرێنـەوە گـرێ گـرێ ئەگـەر لەنـاو موسـڵمانانداا کەسـانێک پـەروەردە بـوون بـێ ئاگابـوون لەجاهلیـەت) .

هەروەهـا پێویسـتە کتێبـی ڕاسـت و دروسـت هەڵبژێردرێـت کـە لەسـەر مەزهـەبی پێشـینە چاکـەکان و ئەهـلی سـوننەو جەماعـە نوسراوەتـەوە ، کـە لـە گـەڵ قورئـان وسـوننەتدا کۆکـن و بکرێنـە مەنهـەج بـۆ قوتابیـان، وە ئـەو کیتابانـەی لەگـەڵ مەنهەجـی سـەلەفەوە جیـاوازن دوور بخرێنـەوە ، وەکـو کتێبـی ئەشـعەرییەکان و موعتەزیلـەکان و

---

(١) منهاج السنة النبوية (٢/ ٣٩٨ وَ ٤/ ٥٩٠) / مجموع الفتاوى (١٠/ ٣٠١ وَ ١٥/ ٥٤) .

جەهەمییـەکان و هەمـوو کۆمەڵـە گومـڕاکان کـە لـە مەنهەجـی سـەلەف لایانـداوە.

لەگـەڵ خوێنـدنی نیزامیـدا پێویسـتە چەندیـن دەرس و وانـە هەبێـت و لەمزگەوتەکانـدا ببەسـترێت، بـە پلـەی یەکـەم عەقیـدەی سـەلەفی تێـدا بخوێنرێـت، دەقـەکان و ڕاڤـەکانی تێـدا بخوێنرێـت (المتـون والـشروح) بـۆ ئـەوەی قوتابیـان و ئامادەبـووان سـوودی لـێ وەربگـرن، هەروەهـا چەنـد نامیلکـەو کتێبێکـی پوخـت و ئاسـان هەبـن بەسـەر خەڵکیـدا دابـەش بکرێـت ، ئـا بـەو شـێوە عەقیـدەی ئیسـلامی پوخـت و پـاک بـڵاو دەبێتـەوە ، لەگـەڵ ئەوەشـدا چەنـد ئێزگەیـەک هەبـن کـە بەرنامـە ئایینییـەکان بـڵاو بکاتـەوە و چەنـد بەرنامەیەکـی بەردەوامـی هەبێـت لـە ڕێگایـەوە ئەحکامـەکانی عەقیـدەی ئیسـلامی بـڵاو بکاتـەوە .

ئەمجـار پێویسـتە بایەخێکـی تایبـەت بدرێـت بـە عەقیـدە لـە لایـەن تاکەکانـەوە ، کـەسی موسـڵمان خوێندنـەوەی تایبـەتی هەبێـت بـۆ کتێبـەکانی عەقیـدە ، وە ناسـینی ئـەو کتێبانـەی لـە سـەر مەنهەجـی سـەلەف نوسراونەتـەوە ، هەروەهـا ناسـینی ئـەو کتێبانـەی لەسـەر مەنهەجـی جیـاواز نوسراونەتـەوە ، بـۆ ئـەوەی کـەسی موسـڵمان لەسـەر چـاوڕوونی بێـت لەکاروبـاری خۆیـدا ، هەروەهـا بـۆ ئـەوەی بتوانـێ بـەر پەرچـی ئـەو گومانانـە بداتـەوە کـە ڕووبـەڕووی عەقیـدەی ئەهـلی سـوننە دەبێتـەوە.

برای موسڵمانم :-

کاتـێ بەجـوانی دەڕوانیتـە قورئـانی پیـرۆز ، زۆرێـک لەئایـەت و سـورەتەکانی دەبینیتـەوە کـەوا ئەحکامـەکانی عەقیـدەی تێـدا ڕوون کردووەتـەوە، بەڵکـو دەتوانیـن بڵێیـن سـورەتە مەککییـەکان تایبەتـن بـە ڕوون کردنـەوەی عەقیـدەی ئیسـلامی و بـەر پـەرچ دانـەوەی ئـەو گومانانـەی ڕووبـەڕووی دەبێتـەوە .

لەپێشی هەموویانەوە سورەتی (الفاتحة) وەکو نمونە وەربگرە:

زانـای پایەبـەرز (ابـن القیـم) _ڕەحمـەتی خـوای لـێ بێت_دەفەرمووێـت: (بزانـە کـەوا ئـەم سـورەتە هەمـوو داواکاریـیـە بـەرزەکانی لـە خۆگرتـووە بەتەواتریـن لـە خۆگرتـن ، وە بـە تەواوتریـن مانـاو مەبەسـت لەخـۆی گرتـووە ، پێناسـەو ناسـینی خـوای (معبـود) بەسـێ

نـاو تێیـدا هاتـووە ، کـە سـەرچاوەی هەمـوو نـاوە پیـرۆزەکان و صیفاتـە بـەرزەکانی خـوای گەورەیـە ، هەمـوی لـەدەوری ئەوانـە دەسـوڕێتەوە، کـە ئەوانیـش : (**اللـه**) و (**الـرب**) و (**الرحمـن**)ە، هەروەهـا سـورەتەکە بنیـات نـراوە لەسـەر خوداوەندێتـی و پەروەردگارێتـی و ڕەحمـەت ، جـا ﴿ إِيَّاكَ نَعْبُدُ ﴾ بنیـات نـراوە لەسـەر خوداوەندێتـی ، وە ﴿وَإِيَّاكَ نَسْتَعِينُ ﴾ بنیـات نـراوە لەسـەر پەروەردگارێتـی و داواکـردنی هیدایـەت بـۆ سـەر ڕێـگا ڕاسـتەکە ، کـە ئەویـش پەیوەنـدی بەصیفـەتی ڕەحمەتـەوە هەیـە، هەروەهـا (الحمـد) سـێ بابـەت لـە خـۆ دەگرێـت: جـا ئـەو کەسـێکی سوپاسـکراوە لـە خوداوەندێتـی و پەروەردگارێتـی و ڕەحمەتەکـەی، وەسـتایش و حەمـد و کەمالـی دەوڵەمەنـدی و بێنیـازی ئـەون ، هەروەهـا سـەلماندنی زیندووبوونـەوە لەخـۆ دەگرێـت و پاداشـتی بەنـدەکان بەکردەوەکانیـان چاکـەو خراپـەکانی، وە بەتـاک دانـانی خـوای گـەورە لەحوکمـدا لەنێـوان دروسـتکراوەکانداو ، هەروەهـا حوکمەکـەش عـەدل و دادپـەروەرە، هەمـوو ئەمانـەش لەژێـر ڕۆشـنایی ئـەو ئایەتـەدا دەبینیـن : ﴿مَٰلِكِ يَوْمِ ٱلدِّينِ ﴾ هەروەهـا سـەلماندنی پێغەمبەرایـەتی تێدایـە لەچەنـد ڕوویەکـەوە .....)[1] .

ئەمجـار _ڕەحمـەتی خـوای لـێ بێـت_ هەمـوو ئەوانـەی ڕوون کردووەتـەوە لـە قسـەیەکی دوور و درێـژدا .

تـا ئـەو شـوێنەی دەفەرموێـت: (قورئـان هەمـووی لـە تەوحیـد و مافـەکانی و پاداشـتەکانێتی ، وە لـە بـارەی شـیرک و ئەهـلی شـیرک و سـزاکانیان جـا ﴿ ٱلْحَمْدُ لِلَّهِ رَبِّ ٱلْعَٰلَمِينَ ۝٢ ﴾ تەوحیـدە ﴿ ٱلرَّحْمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ ۝٣ ﴾ تەوحیـدە ﴿مَٰلِكِ يَوْمِ ٱلدِّينِ ۝٤ ﴾ تەوحیـدە ﴿ إِيَّاكَ نَعْبُدُ وَإِيَّاكَ نَسْتَعِينُ ۝٥ ﴾تەوحیـدە ﴿ ٱهْدِنَا ٱلصِّرَٰطَ ٱلْمُسْتَقِيمَ ۝٦ صِرَٰطَ ٱلَّذِينَ أَنْعَمْتَ عَلَيْهِمْ ﴾ تەوحیـدەو داواکردنـی هیدایـەت لە خۆ دەگرێـت بـۆ ڕێـگای ئەهلـی تەوحیـد ﴿ غَيْرِ ٱلْمَغْضُوبِ عَلَيْهِمْ وَلَا ٱلضَّآلِّينَ ۝٧ ﴾ ئەوانـەی کـە لـە تەوحیـد جیـا بوونـەوە) .

---

(١) مدارج السالكين (١ / ١٣) .

وەدەفەرموێـت: (وە زۆربـەی سـورەتەکانی قورئـان هـەردوو جۆرەکـەی تەوحیـدی لـە خۆگرتـووە، جـا قورئـان یـان هەواڵـە دەربـارەی خـواو نـاوو صیفەتـەکانی، کـە ئەویـش: (توحیـد العلمـي الخبري)یـە ، وە یاخـود بانگکردنـە بـۆ پەرسـتن و تەوحیـدی ئـەو کـە تەنهایـەو شـەریکی نییـەو داماڵیـن و خـۆ دوورخسـتنەوە لـەوەی دەپەرسـتڕێت لەجگـە لـە ئـەو کـە ئەویـش: (توحیـد الارادي الطلبي)یـە ، وەیـان فەرمـان و نەهییـە و دەسـتگرتن بـە گوێڕایەڵـی ئـەوەوە، ئەویـش لەمافـەکانی تەوحیـدەو تەواوکەرێتـی ، وە یـان هەواڵـە دەربـارەی ڕێزگرتنـی خـوای گـەورە لـە یەکتاپەرسـتان و ئـەوەی لەدونیـادا بەسـەریاندا هات و ئـەو ڕێـزەی خـوای گـەورە لێیـان دەگرێـت لـەدوا ڕۆژدا کەئەویـش پاداشـتی تەوحیـدە ، وە یـان هەواڵـە دەربـارەی موشریکـەکان و ئـەوەی بەسـەریاندا هـات لەدونیـاداو لـە بـە هەلاکـەت بـردن و ئـەو سـزایەی لـەدوا ڕۆژدا بەسـەریاندا دێـت لەئـازارو عـەزاب ، جـا ئـەوەش سـزای ئەوانەیـە کـە لەحوکمـی تەوحیـد دەرچـوون...)[1] .

هـەر چەنـدە قورئـان بـەو هەمـوو شـێوە عەقیـدەی ئیسـلامی ڕوونی کردووەتـەوەو بەدریـژی بـاسی کـردووە، لەگـەڵ ئەوەشـدا زۆربـەی ئەوانـەی کـە دەیخوێننـەوە تێناگـەن لـە عەقیـدە بـە تێگەیشـتنێکی تـەواو، بۆیـە وایـان لـێ هاتـووە تێکەڵـی دەکـەن و هەڵـەی تێـدا دەکـەن ، چونکـە تەنهـا شـوێنی ئـەوە دەکـەون بـاو باپیریـان لەسـەری بـووە، قورئـان ناخوێنـن بەتێگەیشـتن و تێفکرینـەوە ، فـلا حـول ولا قـوة الا باللـه.

---

(١) المرجع السابق .

بانگەواز بۆ عەقیدەی ئیسلامی

پێویستە لەسەر کەسی موسڵمان لەپاش ئەوەی خوای گەورە منەتی خۆی ڕژاند بەسەریدا بەناسینی ئەم عەقیدەیەو دەستگرتن پێوە ، ئەمجار بانگەوازی خەڵکی بکات بۆی ، بۆ ئەوەی لەتاریکی دەریان بکات بۆ ڕووناکی ، هەروەکو خوای گەورە دەفەرموێت:﴿ فَمَن يَكْفُرْ بِٱلطَّٰغُوتِ وَيُؤْمِنۢ بِٱللَّهِ فَقَدِ ٱسْتَمْسَكَ بِٱلْعُرْوَةِ ٱلْوُثْقَىٰ لَا ٱنفِصَامَ لَهَا ۗ وَٱللَّهُ سَمِيعٌ عَلِيمٌ ﴿٢٥٦﴾ ٱللَّهُ وَلِيُّ ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ يُخْرِجُهُم مِّنَ ٱلظُّلُمَٰتِ إِلَى ٱلنُّورِ ۖ وَٱلَّذِينَ كَفَرُوٓا۟ أَوْلِيَآؤُهُمُ ٱلطَّٰغُوتُ يُخْرِجُونَهُم مِّنَ ٱلنُّورِ إِلَى ٱلظُّلُمَٰتِ ۗ أُو۟لَٰٓئِكَ أَصْحَٰبُ ٱلنَّارِ ۖ هُمْ فِيهَا خَٰلِدُونَ ﴿٢٥٧﴾ ﴾ (البقرة) واتە : ئینجا هەرکەسێك باوەڕی بە ‹تاغوت› نەبێت، دیارە تاغووت ئەو کەسەیە کە لە سنووری خوا دەرچێ و بەرنامە چەوتەکان قبووڵ کا، جا هەرکەس خۆی لەو جۆرە شتانە دوورگرت و باوەڕی بەخوا هێنا ئەوە بێگومانە دەستی بە هەنگڵ و بە هۆکارێکی پتەوو قایمەوە گرتووە کە هەرگیز هەڵناوەشێت و پسان و پچڕانیشی بۆنییە وە خوای گەورەیش ژنەواو زانایە(٢٥٦) هەر خوایە یارو یاوەری ئەو کەسانە باوەڕیان هێناوە چونکە لە هەموو ڕێبازە چەوت و تاریکستانەکانی کوفرەوە دەریاندێنێ و بەرەو نوورو ڕۆشنایی ئیسلامیان دەبا ئەوانەش کە کافرو بێ باوەڕن، یارو یاوەریان هەر تاغوت و شەیتانە لەجنیی و لەئادەمیی لە ڕێبازی نوورو ڕووناکی دەریان دەپەڕێنن و بەرەو ڕێبازە تاریکستانەکان دەیانبەن ئەمانە دەبنە یارو یاوەری ئاگری دۆزەخ و بە هەتاهەتاییش تێیدا ئەمێننەوە(٢٥٧)

جا بانگەواز بۆ عەقیدەی ئیسلامی دەستپێکی بانگەوازی هەموو پێغەمبەران بووە ، لەپێش ئەوە دەستیان بەهیچ شتێکی تر نەکردووە ، هەروەکو خوای گەورە دەربارەیان دەفەرموێت: ﴿وَلَقَدْ بَعَثْنَا فِى كُلِّ أُمَّةٍ رَّسُولًا أَنِ ٱعْبُدُوا۟ ٱللَّهَ وَٱجْتَنِبُوا۟ ٱلطَّٰغُوتَ ... ﴿٣٦﴾ ﴾ (النحل) واتە : بەراستی بۆناو هەموو ئوممەت و نەتەوەیەك

لەهەمـوو سـەردەمێکدا پەیامبەرێکـمان نـاردووە بـۆ ئـەوە پێیـان بڵـێ: تەنهـا خـوا بپەرسـتن و لە(تاغـووت) و یاسـا پوچەڵـەکان دووربـن. بەڵـێ ئـەو دوو خاڵـە: (خـوا پەرسـتن و وەلانانـی تاغـووت) کەهـەر پێغەمبـەرەی داویەتـی بەگوێـی ئوممەتەکـەی خۆیـدا ئەسـاس و بناغـەی گشـت ئایینـەکان و دینـی ئیسلامیشـە) .

هەمـوو پێغەمبەرێـک لـە سـەرەتای بانگەوازەکەیـدا بـە قەومەکـەی خـۆی دەفەرمـوو: ﴿ ٱعۡبُدُواْ ٱللَّهَ مَا لَكُم مِّنۡ إِلَٰهٍ غَيۡرُهُۥٓ ﴾ (هـود) واتـە : (پێیگوتـن: ئـەی هـۆزو گـەڵم! دەبـێ هـەر ئـەو خـوا تـاك و تەنیایـە بپەرسـتن، چونکـە جگـە لـەو هیـچ پەرسـتراوێکی تـری راسـتەقینە شـك نابـەم بۆتـان) .

هەروەکـو نـووح و هـودو صاڵـح و شـوعەیب و ئیبراهیـم و موسـا و عیسـا و محمـد و پێغەمبـەرانی تـر فەرموویانـە صـەڵات و سـەلامی خوایـان لەسـەر بێـت .

بۆیـە پێویسـتە لەسـەر هەرکەسـێ ئـەم عەقیدەیـەی نـاسی و کاری پێکـرد چیـتر کەمتەرخـەم نەبـێ و تەنهـا بـۆ نەفـسی خـۆی نەبـێ ، بەڵکـو بانگـەوازی خەڵکـی بـۆ بـکات بەحیکمـەت و ئامۆژگارییەکـی چاکـەوە ، هەروەکـو چـۆن ئـەوە ڕێـگای پێغەمبـەران و شـوێنکەوتوانیانە .

بانگەوازکـردن بـۆ ئـەم عەقیدەیـە بنەمـاو دەسـتپێکە ، بۆیـە بانگـەوازی هیـچ شـتێکی تـر ناکرێـت لـە پێـش ئـەوە لـە ئەنجامـدانی واجیبـەکان و تـەرک کـردنی حەرامـەکان ، تاکـو ئـەم عەقیدەیـە راسـت دەبێتـەوەو دێتـەدی (جـێ بەجـێ بکرێـت)، چونکـە ئـەوە بنەمـای راسـتکەرەوەی هەمـوو کردەوەکانـەو بەبـێ ئـەو کارو کـردەوەکان راسـت نابێتـەوەو وەرناگیرێـت و پاداشـتی لەسـەر نادرێتـەوە .

ئاشکراشـە -هـەر لەسـەرەتاوە- کـەوا هیـچ بینـاو باڵەخانەیـەک دانامەزرێـت و راسـت نابێتـەوە ئیـلا لەپـاش دامەزرانـدنی بنەماکـەی نەبـێ ، لـە بـەر ئـەم هۆیـە بـووە هەمـوو پێغەمبـەران بایەخیـان پێـی دەدا لەپێـش هەمـوو شـتێکەوە، کاتـێ پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) بانگخـوازانی دەنـارد ئامـۆژگاری ئەوانـی دەکـرد کـە بـە بانگـەواز بـۆ چاککـردنی عەقیـدە دەسـت پـێ بکـەن ، لـە ئیـبن عەبباسـەوە -ڕەزای خـوای لـێ بێـت- هاتـووە دەفەرموێـت: پێغەمبـەری خـوا(ﷺ) کاتـێ (معـاذ)ی بـۆ یەمـەن ڕەوانـە کـرد پێـی فەرمـوو : (**إِنَّـكَ تَـأْتِي**

قَوْمًا مِنْ أَهْلِ الْكِتَابِ ، فليكن أول ما تدعوهم إِلَيه شَهَادَةِ أَنْ لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ (وفي رواية : الى أن يوحدوا الله) ، فَإِنْ هُمْ أَطَاعُوكَ لِذَلِكَ فَأَعْلِمْهُمْ أَنَّ اللَّهَ افْتَرَضَ عَلَيْهِمْ خَمْسَ صَلَوَاتٍ فِي كُلِّ يَوْمٍ وَلَيْلَةٍ ؛ فَإِنْ هُمْ أَطَاعُوكَ لِذَلِكَ فَأَعْلِمْهُمْ أَنَّ اللَّهَ افْتَرَضَ عَلَيْهِمْ صَدَقَةً تُؤْخَذُ مِنْ أَغْنِيَائِهِمْ فَتُرَدُّ عَلَى فُقَرَائِهِمْ ؛ فَإِنْ هُمْ أَطَاعُوكَ لِذَلِكَ فَإِيَّاكَ وَكَرَائِمَ أَمْوَالِهِمْ ، وَاتَّقِ دَعْوَةَ الْمَظْلُومِ فَإِنَّهُ لَيْسَ بَيْنَهَا وَبَيْنَ اللَّهِ حِجَابٌ)[1] واتە: تۆ دەچیت بۆ لای قەومێکی ئەهلی کیتاب ، با یەکەم شتێک بانگی ئەوانی بۆ دەکەیت : شایەتیدان بێت بەوەی کە هیچ خودایەک نییە شایستەی پەرستن بێت تەنها اللە نەبێت (وە لەریوایەتێکدا هاتووە : بۆ ئەوەی خوا بە تاک و تەنها بناسن)، جا ئەگەر ئەوان گوێڕایەڵت بوون لەوەدا ئەوا ئاگاداریان بکەرەوە کە خوای گەورە پێنج نوێژی لەسەر فەرز کردوون لە هەر شەو و رۆژێکدا ، جا ئەگەر ئەوان لەوەدا گوێڕایەڵت بوون ، ئەوا ئاگاداریان بکەرەوە کە خوای گەورە صەدەقەی لەسەر فەرز کردوون ، لە دەوڵەمەندەکانیان وەربگیرێت و بدرێتەوە بە هەژارەکانیان ، جا ئەگەر ئەوان لەوەدا گوێڕایەڵت بوون ئەوا خۆ بە دوور بگرە لە ماڵ و سامانە تایبەت و بەنرخەکانیان و خۆت بپارێزە لە نزا و دوعای ستەملێکراو ، چونکە لە نێوان ئەو و خوای گەورەدا هیچ پەردەیەک نییە).

جا لەبەر رۆشنایی ئەم فەرموودەیەو لەبەر بەرنامەی بانگەوزای پێغەمبەران لە قورئاندا و ژیاننامەی پێغەمبەری خوا(ﷺ) ، بەرنامەی بانگەواز بۆ دینی خوا وەردەگیرێت ، کەوا یەکەم شتێک بانگەوازی خەڵکی بۆ بکرێت بریتییە لە عەقیدە ، کە لەپەرستنی خوای تاک و تەنها و بێ شەریک و وازهینان لەپەرستنی جگە لە ئەو خۆی دەبینێتەوە، هەروەکو لە مانای (لاالەالا اللە) دەردەکەوێت.

پێغەمبەری خوا (ﷺ) لە پاش ئەوەی خوای گەورە رەوانەی کرد سیازدە ساڵ لە مەککە مایەوە ، لەو شارە مایەوە بانگەوازی خەڵکی دەکرد بۆ چاککردنەوەی عەقیدە ، بە پەرستنی خوای گەورەی تاک و تەنها و وازهینان لە بتپەرستی ، پێش ئەوەی فەرمان بە خەڵکی بکات بە ئەنجامدانی نوێژو زەکات و رۆژوو حەج و جیهادو وازهێنان لە قەدەغەکراوەکان وەکو مەی خواردنەوە و ریبا و زینا .....هتد.

---

(١) رواه البخاري (١٤٩٦) ومسلم (١٢١) .

ئەمـەش بەڵگەیەکـی ڕوون و ئاشـکرایە کـە هەڵـەی هەنـدێ لـەو کۆمەڵانـەی ئـەم سـەردەمەمان بـۆ دەردەخـات کـە پەیوەندییـان بـەم بانگـەوازەوە هەیـە ، لەکاتێکـدا بایـەخ بـە عەقیـدە نـادەن ، بەڵکـو تەنهـا بایـەخ بەلایـەنی لاوەکـی ڕەوشـت و ئەخـلاق دەدەن ، لـە کاتێکـدا زۆریـک لەخەڵکـی دەبینـن کـە شـیرکی گـەورە ئەنجـام دەدەن لـە دەوروبـەری ئـەو مەرقەدانـەی لەسـەر گـۆڕەکان دروسـت کـراون لەهەنـدێ لـە وڵاتـانی موسـڵمانان ، کەچـی ئینـکاری لـێ ناکـەن ، هەرگیـز نەهـی خەڵکـی لـێ ناکـەن ، نـە بـە تەنهـا وشـەیەک ، نـە لـە وتارێکیانـدا و نـە لـە کتێبێکـدا ، ئیـلا کەمێکـی زۆر کـەم نەبـێ.

بەڵکـو ڕەنگـە لـە نێـو ئـەو کۆمەڵانـەدا خەڵکێـک هەبـن کـە شـیرک و سـۆفیگەرێتی چـەوت ئەنجـام بـدات کەچـی نەهـی لـێ ناکـەن و ئـاگاداری ناکەنـەوە ، هەرچەنـدە کـە دەسـتکردن بـە بانگـەوازی ئەوانـە بـۆ تەوحیدێکـی پوخـت و چاککـردنی عەقیدەیـان لەپێشـترە لەبانگـەوازی ئـەو مولحیـد و بـێ باوەڕانـەی کـە کوفریـان ئاشـکرایە ، چونکـە کافـرو مولحیـدەکان کوفرەکەیـان ئاشـکرایەو ئـەوەی لەسـەرین جیـاوازە لەگـەل ئـەو پەیامـەی پێغەمبـەران هێناویانـە ، بـەڵام ئـەو گۆڕپەرسـت و صۆفیـە چەوتانـە واگومـان دەبـەن کـە موسـڵمانن و ئـەوەی ئـەوان لـە سـەرین بریتییـە لـە ئیسـلام ، بۆیـە خۆیـان هەڵدەخەڵەتێنـن و خەڵکیشـیان پـێ هەڵدەخەڵەتـێ .

خـوای گـەورە فەرمـانی پـێ کردووێـن بەدەسـتپێکردنی کافـرە نزیکـەکان لەبانگـەوازو جیهـاددا ، خـوای گـەورە دەفەرموێـت: ﴿ وَأَنذِرْ عَشِيرَتَكَ ٱلْأَقْرَبِينَ ﴿٢١٤﴾ ﴾ (الشعراء) واتـە : سـەرەتا عـەشرەت و خێڵکـە نزیکەکـەت بـە سـزای خـوا بترسـێنە) .

هەروەهـا دەفەرموێـت: ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ قَٰتِلُواْ ٱلَّذِينَ يَلُونَكُم مِّنَ ٱلْكُفَّارِ وَلْيَجِدُواْ فِيكُمْ غِلْظَةً ۚ وَٱعْلَمُوٓاْ أَنَّ ٱللَّهَ مَعَ ٱلْمُتَّقِينَ ﴿١٢٣﴾ ﴾ (التوبـة) واتـە : ئـەی گەلـی خـاوەن بـاوەڕ! لەگـەڵ ئـەو کافرانـەدا بجەنگێـن لێتانـەوە نزیکـن، واتـە: بـەر لـە هەمووشـتێ دەبـێ دەورو بـەری خۆتـان پـاك بکەنـەوە لەشـیرك و خوانەناسـی، ئـەو جـا بـڕۆن بـۆ جێگەکانـی تـر، و دەبـێ تونـدو تیژیـی و زەبـرو زەنگیشـتان لـێ ببینـن، و چاکیـش بزانـن کـە: خـوا لەگـەڵ خـۆ پارێزانـە).

جـا ئەگـەر ریـزەکانی موسـڵمانان پـاک نەکرێتـەوە لـەو جـۆرە کەسـانەی کـە دێنـە نێـو ریزەکانیانـەوە، ئـەوا ناتوانـن رووبـەرووی دوژمنەکانیـان ببنـەوە.

دەگێرنـەوەو دەڵێـن کابرایەکـی گۆڕپەرسـت کابرایەکـی بینـی بتێکـی دەپەرسـت لـە پێشـیدا ، کابـرای گۆڕپەرسـت ئینـکاری لـێ کـرد، کابـرای بـت پەرسـت پێـی وت: تـۆ کەسـێک دەپەرسـتیت کـە لەبـەر چـاوت ونـە ، بـەڵام مـن کەسـێک دەپەرسـتم ئـەوا لەپێشـم وەسـتاوە، کەواتـە کام لـە ئێمـە کارەکـەی سـەیرە؟ بۆیـە کابـرای گۆڕپەرسـت هیچـی بـۆ نەمایـەوە .

ئەمـەو هەرچەنـدە هەردوکیـان کەسـێکی موشریـک و گومـڕان ، چونکـە کەسـێک دەپەرستن نـە قازانـج و نـە زیـانی هەیـە، بـەڵام کابـرای گۆڕپەرسـت زیاتـر نوقمـی گومڕایـی بـووەو زیاتـر لەداواکـردنی ئەسـتەمەوە نزیکـە .

بۆیـە پێویسـتە لەسـەر بانگخـوازان بـۆ لای خـوای گـەورە جەخـت بکەنـەوە لەسـەر لایـەنی عەقیـدە زیاتـر لـە لایەنـەکانی تـر، وە هـەوڵ بـدەن خۆیـان زیاتـر خەریـک بکـەن و دیراسـەتی بکـەن و لێـی تـێ بگـەن زیاتـر لـە لایەنـەکانی تـر ، ئەمجـار فێـری خەڵکـی تـری بکـەن و بانگـەوازی ئەوانـە بکـەن کـە لێـی لایانـداوە یـان خەلەلیکیـان تێیـدا هەیـە.

خـوای گـەورە بـە پێغەمبەرکـەی (ﷺ) دەفەرموێـت: ﴿قُلْ هَٰذِهِۦ سَبِيلِىٓ أَدْعُوٓا۟ إِلَى ٱللَّهِ ۚ عَلَىٰ بَصِيرَةٍ أَنَا۠ وَمَنِ ٱتَّبَعَنِى ۖ وَسُبْحَٰنَ ٱللَّهِ وَمَآ أَنَا۠ مِنَ ٱلْمُشْرِكِينَ ﴿١٠٨﴾﴾ (یوسـف) واتـە: (ئـەی موحەممـەد!(ﷺ) بـەو خەڵکـە بڵـێ: ئەمەیـە ڕێگـەی مـن خـۆم و ئـەوەی شـوێنم کەوتـوون خەڵکـی بانـگ دەکەیـن بـۆ یەکتاپەرسـتی لەسـەر بنچینـەی چاوسـاغی و بەڵگـەی شـەرعیی و عەقڵـی، هەمیشـەیش خـوا لەهـەر کـەم وکورتیـی و ناتەواوییـەك بدرێتـە پاڵـی، بێخـەوش ڕادەگـرم و مـن لەوانەیـش نیـم شـەریك و هاوەڵـی بـۆ بڕیـار دەدەن!)

پێشەوا (ابـن جریـر) (ت:٣١٠) -ڕەحمـەتی خـوای لـێ بێـت- لـە تەفسـیری ئـەم ئایەتـە پیـرۆزەدا دەفەرموێـت:

(خـوای گـەورە بـە پێغەمبەرەکـەی(ﷺ) دەفەرموێـت: (قُلْ) ئـەی محمـد(ﷺ) (هَٰذِهِۦ) ئـەو بانگـەوازەی مـن بانگـەوازی بـۆ دەکـەم و ئـەو ڕێگایـەی مـن لەسـەریم لـە بانگـەواز بـۆ یەکتاپەرسـتی خـوای گـەورەو ئیخـلاصی پەرسـتن بـۆ خـوای گـەورە بەبـێ خواوەنـدەکانی تـرو بەبـێ بتـەکان و گەیشـتن بەگوێرایەڵـی ئـەو و وازهێنـان لەسـەرپێچی کـردنی. (سَبِيلِيٓ) ڕێگاکـەم و بانگەوازەکـەم (أَدْعُوٓاْ إِلَى ٱللَّهِ) خـوا بـەرزو تـاک و تەنهایـەو هیـچ هاوەڵێکـی نییـە (عَلَىٰ بَصِيرَةٍ) بـەو ڕێگایـەو زانیارییەکـی یەقینـم پێـی هەیـە (أَنَا۠ وَمَنِ ٱتَّبَعَنِي) واتـە:_ هەروەهـا بانگـەوازی بـۆ دەکات لەسـەر چـاوڕوونی ئەوانـەی شـوێنم کەوتـوون و بـە راسـتم دەزانـن و باوەڕیـان پێـم هێنـاوە ، (وَسُبْحَٰنَ ٱللَّهِ) خـوای گـەورە پێـی دەفەرموێـت -کـە نـاوو زیکـری بـەرزو بڵابێـت- : بڵـێ بەپـاک ڕاگرتـن و بەمـەزن زانینـی خـوای گـەورە کـەوا شـەریکێکی هەبـێ لەموڵکەکەیـداو هـەر پەرسـتراوێک لەدەسـەڵاتەکەیدا جگـە لـە ئـەو ، (وَمَآ أَنَا۠ مِنَ ٱلْمُشْرِكِينَ) دەڵێت:_مـن بەریـم لەوانـەی شـیرکی بـۆ بریـار دەدەن، مـن لـەوان نیـم و ئـەوان لەمـن نیـن) لێـرەدا قسـەکەی ابـن جریـر -ڕەحمـەتی خـوای لی بـێ - تـەواو دەبـێ [1].

ئـەم ئایەتـە پیـرۆزە بەڵگەیـە لەسـەر گرنگـی ناسـینی عەقیـدەی ئیسـلامی و بانگەوازکـردن بـۆی و شـوێنکەوتوانی پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) ئـەو کەسـانەن کـە چـاوی لـێ دەکـەن لـەوەداو دوو سـیفەتیان تێـدا بـەدی دەکرێـت : شـارەزابوون بـە عەقیـدەو بانگەوازکـردن بـۆی ، جـا هـەر کەسـێ ئەحکامـەکانی عەقیـدە فێـر نەبـێ و بایەخـی پـێ نـەداو بانگـەوازی بـۆ نـەکات ئـەوا لەڕاسـتیدا شـوێنکەوتەی پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) نییـە، هەرچەنـدە خـۆی بەیەکێـک لەشـوێنکەوتووانی دابنـێ لـە ڕووی خۆدانەپـاڵ و بانگـەوازەوە.

ابـن القیـم -ڕەحمـەتی خـوای لـێ بێـت- لەمانـای ئـەو ئایەتـەدا دەفەرموێـت: ﴿ٱدْعُ إِلَىٰ سَبِيلِ رَبِّكَ بِٱلْحِكْمَةِ وَٱلْمَوْعِظَةِ ٱلْحَسَنَةِ ۖ وَجَٰدِلْهُم بِٱلَّتِي هِيَ أَحْسَنُ ... ﴿١٢٥﴾﴾(النحـل) واتـە : ئـەی پێغەمبـەر!(ﷺ) ئـەی ئیمانـدار! هـەر بەڕێرانـەو نـەرم و قسـەی خـۆش و حیکمـەت

(١) انظر : جامع البيان للإمام ابن جرير الطبري : تفسير سورة (يوسف) آية (١٠٨) (٣١٤/٧) .

و ئامـۆژگاری شـیرین و جـوان، خەڵـك بـۆ رێـگای پـەروەردگارت بانـگ بکـە، سروشـتی ئادەمیـزاد وایـە خـۆی بەشـت دەزانـێ و بەئاسـانی تەسـلیم نابێـت، جـا لەبـەر ئـەوە دەبـێ زۆر بـە ژیرانـە بـۆی بچیتـە پێـش، نەوەکـو دەعیـەو خـۆ بەزلزانیـن زاڵببێـت بەسـەریاو، گـوێ نەگـرێ بـۆت وە بەچاکـترو باشـترین شـێوە قسـەو گفـت و گۆیـان لەگـەڵ بکـە، بەڵگـەی جـوان و بەهێزیـان بـۆ بهێنـەوە)[1].

(ابـن القیـم) دەفەرموێـت: خـوای گـەورە لەم ئایەتـەدا پلـەکانی بانگەوازی بـاس کردووە، وە کردوویەتییـە سـێ بەشـەوە بەپێـی ئـەو کەسـەی بانگـەواز دەکرێـت ، جـا ئـەو کەسـە یـان : کەسـێکە حـەق ویسـتە حـەق دەخاتـە پێـش هەمـوو شـتێکەوە ئەگـەر ناسـییەوە ، ئـەوا ئـەم کەسـە بەحیکمەتـەوە بانگـەواز دەکرێـت پێویسـتی بـە ئامـۆژگاری و مشـت ومـڕ (موعظـة) و (جـدال) نییـە، وە یـا خـود کەسـێکە خـۆی خەرێـک کـردووە بەدژایـەتی کـردنی حەقـەوە بـەڵام ئەگـەر ناسـییەوە ، ئـەوە دەیخاتـە پێـش هەمـوو شـتێکەوەو شـوێنی دەکەوێـت ، جـا ئـەم کەسـە پێویسـتی بـە (موعظـة) ئامـۆژگاری هەیـە بـە هانـدان و مـۆژدەدان لەگـەڵ ترسـاندندا ، وە یاخـود کەسـێکی کەللەرەقـی بەرهەڵسـت بێـت ، ئـەوا ئـەم کەسـە بەباشـترین شـێوە جیـدالی لەگەڵـدا دەکرێـت، جـا ئەگـەر گەڕایـەوە ئـەوا باشـە ئەگـەر نـا ئـەوا لە(جِـدال)ەوە دەچیـن بۆ(جِـلاد) ئەگـەر توانـرا.....) قسـەکەی ابـن القیـم تـەواو بـوو[2].

بـەم شـێوەیە مەنهەجـی بانگـەواز روون بووەتـەوەو ئـەوەی تێیـدا پێویسـتەو هەڵـەی مەنهەجـی هەنـدێ لـەو کۆمەڵانـە دەرکـەوت کـە خۆیـان دەدەنـە پـاڵ ئـەم بانگـەوازە، لـە کاتێکـدا جیـاوازن لەگـەڵ ئـەو مەنهەجـە روون و چاکـەی خـواو پێغەمبەرەکـەی (ﷺ) روونی کردووەتـەوە.

---

(١) تەفسیری رامان.

(٢) انظر الصواعق المرسلة للإمام ابن القیم (١٢٧٦/٤) .




ڕوونکردنەوەی

بنەماکانی عەقیدەی ئیسلامی

بەدرێژی و بەڵگەکانی

دەستپێک:

ئەویش بریتییە لە شەش بنەما :

بنەمای یەکەم : باوەڕ بە خوای گەورە.

بنەمای دووەم: باوەڕ بە فریشتەکان.

بنەمای سێ یەم: باوەڕ بە کتێبەکان.

بنەمای چوارەم: باوەڕ بە پێغەمبەران .

بنەمای پێنجەم: باوەڕ بەرۆژی دوایی.

بنەمای شەشەم: باوەڕ بە قەزاو قەدەر.

وەدوو بنەمای تر هەن پاشکۆی ئەم بنەما بنەرەتیانەن کە ئەوانیش لەپاش ئەوان دێن :

*** دۆستایەتی و دوژمنایەتی لەسەر ئەم بنەمایانە.**

*** وریاکردنەوە لە بیدعەو داهێنان کەمەرجی شوێنکەوتن لەکەدار دەکات.**

دەستپێک

بزانـە بـرای موسـڵمان _خـوای گـەورە مـن و تـۆ تەوفیـق بـدات_ کـەوا بنەمـاکانی عەقیـدەی ئیسـلامی کـە عەقیـدەی کۆمەڵـی رزگاربـووە -ئەهـلی سـوننەو جەماعـە- بریتییە لـە: بـاوەڕ هێنـان بەخـواو فریشـتەکانی و کتێبەکانـی و پێغەمبەرانـی و رۆژی دوایـی و بـاوەڕ هێنـان بـە قـەدەر چ خەیـری بێـت یـان شـەڕ.

ئـەم بنەمایانـەش چەندیـن دەقـی پیـرۆز لـە قورئـان و سـوننەت و ئیجماعی ئـەم ئوممەتە دەلالـەتی بـۆ دەکەن:

خـوای گـەورە دەفەرمووێـت : ﴿ ۞ لَّيْسَ ٱلْبِرَّ أَن تُوَلُّوا۟ وُجُوهَكُمْ قِبَلَ ٱلْمَشْرِقِ وَٱلْمَغْرِبِ وَلَٰكِنَّ ٱلْبِرَّ مَنْ ءَامَنَ بِٱللَّهِ وَٱلْيَوْمِ ٱلْءَاخِرِ وَٱلْمَلَٰٓئِكَةِ وَٱلْكِتَٰبِ وَٱلنَّبِيِّۦنَ ... ﴿١٧٧﴾ ﴾ (البقـرة) واتـە : چاکـەو چاکەکاریـی هـەر ئـەوە نیـە ئێـوە -جولەکـەو گاور- کاتـی نوێـژ- روو لـە خۆرهـەڵات بکـەن، یـان خۆرئـاوا، ئەگـەر لـەرووی گوێرایەڵیـەوە نەبـێ بـۆ فەرمانـی خـوا، دیـارە رووکردنـە ‹مەسـجیدولحەرام›یش هەروایـە بەڵکـو چاکـەی راسـت و دروسـت ئەمەیـە کـە بـاوەڕی راسـتەقینەی بەخـواو بـەرۆژی دوایـی و بەفریشـتەو بەکتێبـی ئاسـمانی و بەپەیامبەرانـی خـوا هەبـێ).

هەروەهـا خـوای گـەورە دەفەرمووێـت: ﴿ إِنَّا كُلَّ شَىْءٍ خَلَقْنَٰهُ بِقَدَرٍ ﴿٤٩﴾ ﴾ (القمـر) واتـە: بەراسـتی ئێمـە هەمـوو شـتێکمان بەئەندازەیەکـی دیاریکـراو دروسـتکردووە) .

خـوای بـاڵا دەسـت دەفەرمووێـت: ﴿ ءَامَنَ ٱلرَّسُولُ بِمَآ أُنزِلَ إِلَيْهِ مِن رَّبِّهِۦ وَٱلْمُؤْمِنُونَ ۚ كُلٌّ ءَامَنَ بِٱللَّهِ وَمَلَٰٓئِكَتِهِۦ وَكُتُبِهِۦ وَرُسُلِهِۦ لَا نُفَرِّقُ بَيْنَ أَحَدٍ مِّن رُّسُلِهِۦ ۚ ... ﴿٢٨٥﴾ ﴾ (البقـرة) واتـە : ئـەم پەیامبـەرەو ئـەو ئیمانداراناـەی لەگەڵیـا باوەڕیـان هێنـاوەو لێیـان رووبـە کـە ئـەو بەرنامەیـە لـە لای پەروەردگاریانـەوە هاتوتـە خـوارێ راسـتەو دروسـت وهەمووشـیان بڕوایـان هێنـاوە بـە تـاك و تەنیایـی خـواو، فریشـتەکانی، کتێبەکانیـی

، پەیامبەرەکانـی دەشـڵێن: ئیمـە هیـچ فـەرق و جیاوازیـەك لەنێـوان پێغەمبەرانـی خـوادا ناکەیـن ، بڕوامـان هەیـە کـە هەمـوو خـوا ناردوونـی، وەهەریەکەشـیان بـە بەرنامـەی خۆیـەوە هاتـووە، واتـە: ئیمـە وەك جوولەکـەو گاورەکان ناکەیـن ، بڕوامـان بـە هەندێکیـان ببـێ و، بـە هەندێکیـان بـاوەڕ نەکەیـن) .

لـە جێگایەکـی تردا خـوای گـەورە دەفەرموێـت: ﴿وَمَن يَكْفُرْ بِٱللَّهِ وَمَلَٰٓئِكَتِهِۦ وَكُتُبِهِۦ وَرُسُلِهِۦ وَٱلْيَوْمِ ٱلْءَاخِرِ فَقَدْ ضَلَّ ضَلَٰلًۢا بَعِيدًا ﴿١٣٦﴾﴾ (النساء) واتـە : هەرکەسـێکیش بـاوەڕی نەبـێ بەخـواو بەفریشـتەکانی و بەکتێبەکانـی و بەپەیامبەرەکانـی و بـەرۆژی دوایـی ئـەوە لـەرادە بـەدەر لەرێگـەی هەقـەوە دوورەو چاوەڕوانـی هیدایەتـی لێناکـرێ) .

وە لـە فەرموودەیەکـی (صحیـح)دا هاتـووە کـەوا پێغەمبـەری خـوا(ﷺ) فەرموویەتـی : (**الإيمـانُ أنْ تُؤْمِـنَ بِاللـه وملائِكَتِـهِ وكُتُبِـهِ وَرُسُـلِهِ واليَـوْمِ الآخـرِ وتُؤْمِـنَ بالقَـدَرِ خَـيْرِهِ وَشَرِّهِ**)[1] واتـە : ئیـمان ئەوەیـە بـاوەڕی تـەواو بهێنیـت بـە خـوای گـەورەو فریشـتەکانی و کتێبەکانـی و پێغەمبەرانـی و رۆژی دوایـی و وە باوەڕیـش بـە قـەزاو قـەدەر بهێنیـت چ چـاک بێـت یـان خـراپ) .

وە ئـەم بنەمـا مەزنانـە (پێـی دەڵێـن: ئەرکانەکانـی ئیـمان) هەمـوو پێغەمبـەران و شـەریعەتەکان لەسـەری رێـک کەوتـوون وە هەمـوو کتێبـە ئاسـمانییەکان بـەو بنەمایانـەوە دابەزیـون وە هیـچ کەسـێک نکۆڵـی لـێ نەکـردووە یـان لـە بەشـێکی ئیللا ئـەوا لەبازنـەی ئیـمان دەردەچێـت و دەبێتـە کەسـێکی کافـر ، هەروەکـو خـوای گـەورە دەفەرموێـت: ﴿إِنَّ ٱلَّذِينَ يَكْفُرُونَ بِٱللَّهِ وَرُسُلِهِۦ وَيُرِيدُونَ أَن يُفَرِّقُوا۟ بَيْنَ ٱللَّهِ وَرُسُلِهِۦ وَيَقُولُونَ نُؤْمِنُ بِبَعْضٍ وَنَكْفُرُ بِبَعْضٍ وَيُرِيدُونَ أَن يَتَّخِذُوا۟ بَيْنَ ذَٰلِكَ سَبِيلًا ﴿١٥٠﴾ أُو۟لَٰٓئِكَ هُمُ ٱلْكَٰفِرُونَ حَقًّا ۚ وَأَعْتَدْنَا لِلْكَٰفِرِينَ عَذَابًا مُّهِينًا ﴿١٥١﴾ وَٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ بِٱللَّهِ وَرُسُلِهِۦ وَلَمْ يُفَرِّقُوا۟ بَيْنَ أَحَدٍ مِّنْهُمْ أُو۟لَٰٓئِكَ سَوْفَ يُؤْتِيهِمْ أُجُورَهُمْ ۚ وَكَانَ ٱللَّهُ غَفُورًا رَّحِيمًا ﴿١٥٢﴾﴾ (النساء) واتـە : بێگومانـە ئەوانـەی وادڵیـان دژی خـواو پێغەمبەرەکانیەتـی و دەشـیانەوێ لەنێـوان خـواو پێغەمبەرەکانییـدا فـەرق و جیـاوازی دانێـن و دەڵێـن: ئیمـە بـاوەڕ بەهەندێکیـان دەکەیـن، هەندێکیشـیان بەجێـی بـاوەڕ نازانیـن و دەشـیانەوێ لـەو نێوانـەدا رێگەیـەك بـۆ خۆیـان دیـاری

---

(١) أخرجه مسلم (٩٣) .

بکـەن(١٥٠) بـێ دوودڵـی، ئەمانـە کافـرو خـوا نەناسـن، چونکـە ئـەو داوایەیـان ناپەسـەندە وە بـڕوا بـوون بەخـوا، بەگشـت فەرمـان و بڕیارەکانیشـی دەبـێ، ئەگینـە ئـەو داوایـە، داخوازییەکـی بێهـوودەو بـێ ناوەڕۆکـە وە ئێمـە سـزایەکی ئابڕووبەرمـان بـۆ ئـەو خوانەنـاس و کافرانـە، ئامـادە کـردووە(١٥١) ئەوانـەش کـە باوەڕیـان هەیـە بەخـواو بـە پێغەمبەرەکانـی و لـە ناویانیشـدا هیـچ فـەرق و جیاوازییـەك ناکـەن، ئەوانـە لـەدوارۆژدا خـوا پاداشـی شـیاوی خۆیانیـان دەداتـێ و خـواش گوناهپۆشـە، لەتـاوان و گوناهەکانیـان دەبـووڕێ، میهرەبـان و دلۆڤانـە(١٥٢) .

جـا ئـەم بنەمـا مەزنانـەو ئـەم ئەرکانـە راسـتانە پێویسـتیان بەراڤـەو رووبەڕووبوونەوەی هەیـە ، هـەر ئەوەشـە ئێمـە هـەوڵ دەدەیـن رووبەڕووی بکەینـەوە و لـەم کتێبـەدا پێشـکەشی بکەیـن بـە پێـی توانـا - إن شـاء اللـه - .

بنەمای ١

باوەڕ بە خوای گەورە

ئەمـەش بنچینـەو بنەمـای عەقیـدەی ئیسـلامی یـە، ئەمـەش واتـە : بیروباوەڕێکـی بتـەو بـەوەی کـەوا (اللـە) پـەروەردگاری هەمـوو شـتێکەو پادشـایەتی ، تەنهـا ئـەو دروسـتکاریەتی ، تەنهـا ئـەو بەڕێوەبـەری هەمـوو گەردوونـە، هەروەهـا تەنهـا ئـەو شایسـتەی پەرسـتنە، تەنهایـەو بـێ شـەریکە ، وە هـەر پەرسـتراوێک جگـە لەئـەو نـاڕەواو پووچەڵـە و پەرسـتنیشی نـاڕەواو پووچەڵـە، خـوای گـەورە دەفەرموێـت: ﴿ذَٰلِكَ بِأَنَّ ٱللَّهَ هُوَ ٱلْحَقُّ وَأَنَّ مَا يَدْعُونَ مِن دُونِهِۦ هُوَ ٱلْبَٰطِلُ وَأَنَّ ٱللَّهَ هُوَ ٱلْعَلِىُّ ٱلْكَبِيرُ ﴿٦٢﴾﴾ ((الحـج) واتـە : ئـەو دەسـەبەر بوونـەی خـوا بـۆ یارمەتیدانـی سـتەم لێکـراوان لەبـەر ئەوەیـە چونکـە تەنهـا هـەر خـۆی ڕاسـت و هەقـە، هـەر ئاییـن و پەرسـتنی ئـەو هەقـەو هەرشـتێ کـە بـێ بڕوایـان لەباتـی ئـەو هـاواری بـۆ ئەبـەن و ئەیپەرسـتن بتـەکان و هەرشـتێکیتر ئـەوە باتڵـەو پووچەڵـەو لـە ناهـەق بـەدەر نیـەو هـەر ئـەو خوایەیـە باڵادەسـتی گـەورە، نـە لـەو بڵندتـر هەیـەو نـە لەویـش گەورەتـر).

خـوای گـەورە_ پاکـی و بـێ گـەردی بـۆ ئـەو _ بـە صیفەتـی کامـل و تـەواو و بـێ کـەم و کـورتی و صیفـاتی شـکۆمەندی وەصـف دەکـرێ ، لـە هەمـوو کـەم و کـووڕی و عەیبێـک پـاک و بـێ گـەردە ، ئەمـەش بریتییـە لـە تەوحیـد بـە هەرسـێ بەشـەکانیەوە:

- تەوحیدی پەروەردگاریەتی (توحيد الربوبية) .
- تەوحیدی خوداوەندێتی (توحيد الألوهية) .
- تەوحیدی ناوو صیفەتەکان (توحيد الأسماء و الصفات) .

جـا ئیـمان بەخـوای گـەورە هـەر سـێ جـۆرەکانی تەوحیـد لـە خـۆ دەگرێـت، چونکـە مانـای ئیـمان بەخـوای گـەورە : باوەڕهێنانێکـی بتـەو و بەتـاک دانـانی خـوای گـەورە لەپەروەردگاریـەتی و خوداوەندێتـی و نـاوو صیفەتـەکانی .

باسی یەکەم:

تەوحیدی پەروەردگارێتی
(توحيد الربوبية)



تەوحیـدی پەروەردگارێتـی ، واتـە : دان پیانـان بـەوەی کـە تەنهـا خـوای گـەورە دروسـتکاری هەمـوو جیهانـە، هـەر خـۆی بەڕێوەبـەرو رۆزیـدەرو ژیـنـەرەوە و مرێنـەر و بەهێـزو بـێ نیـازە .

وە دان پیانـان بـەم جـۆرە تەوحیـدە لەهەمـوو فیترەتێکـدا هەیـە، تـا رادەیـەک هیـچ لـە ئوممەتـەکان لێـی ناکـۆک نیـن ، هەروەکـو خـوای گـەورە دەفەرمویـت: ﴿ وَلَئِن سَأَلْتَهُم مَّنْ خَلَقَهُمْ لَيَقُولُنَّ ٱللَّهُ ... ﴿٨٧﴾ ﴾ ((الزخـرف) واتـە : خـۆ ئەگـەر لەخۆشـیان بپرسـیت کـێ دروسـتی کـردوون؟ بەدڵنیاییبەکـەوە ئەڵێـن: خـوا).

هەروەها دەفەرموێت: ﴿ وَلَئِن سَأَلْتَهُم مَّنْ خَلَقَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضَ لَيَقُولُنَّ خَلَقَهُنَّ ٱلْعَزِيزُ ٱلْعَلِيمُ ﴿٩﴾ ﴾ (الزخرف) واتە : ئەگەر تۆ لێیان بپرسیت: کێ ئاسمانەکـان و زەوی دروست کردووە؟ بێگومانبە لەوەڵامدا ئەڵێن: خوای بەتواناو زانا بەدیهێناون، کەچی هەر بت دەپەرستن).

خـوای گـەورە دەفەرموێـت :﴿ قُلْ مَن رَّبُّ ٱلسَّمَٰوَٰتِ ٱلسَّبْعِ وَرَبُّ ٱلْعَرْشِ ٱلْعَظِيمِ ﴿٨٦﴾ سَيَقُولُونَ لِلَّهِ ... ﴿٨٧﴾ ﴾(المؤمنـون) واتـە : پێیـان بڵـێ: ئـەی کـێ پـەروەردگاری حـەوت ئاسـمانەکانە؟ ئـەی کـێ پـەروەردگاری (عـەرش) ی مـەزن و گەورەیـە؟ (٨٦) دیسـان گشـت دەڵێـن: هـەر خوایـە پـەروەردگارو بەدیهێنەریـان ...(٨٧) .

ئەمـەش لـە قورئانـدا زۆرە ، خـوای گـەورە بـاسی موشریکـەکان دەکات کـەوا ئـەوان دانیـان بـەوەدا دەنـا کـە خـوای گـەورە پەروەردگاریانـەو هـەر خـۆی تـاک و تەنهایـە لـە دروسـتکردن و رۆزی دان و زیندووکردنـەوەو مراندنـدا.

هیـچ کەسێک نکۆڵـی لـە تەوحیـدی پەروەردگارێتـی نەکـردووەو ئینـکاری لـە بـوونی پـەروەردگار نەکـردووە ئیللا کەسانێکی کـەم نەبـن لـە گـرووی مرۆڤایـەتی ، ئەوانیـش لـە رواڵەتـدا نکۆڵـی پەروەردگاریـان دەکـرد بـەڵام لەناخیانـداو لە ناو دڵیانـدا دانیان پێـدا دەنا .

وە ئینـکاری کردنیـان لـەرووی فیـزیکی و تەکەبـورەوە بـووە، هەروەکـو خـوای گـەورە بـاسی فیرعـەون دەکات و دەڵێـت: ﴿ مَا عَلِمْتُ لَكُم مِّنْ إِلَٰهٍ غَيْرِى ﴿٣٨﴾ ﴾(قصص) واتـە : مـن بـۆ ئێـوە کەسـێ تـر شـك نابـەم خواتـان بێـت بێجگـە لەخـۆم) ، موسـاش لـە گـەڵ ئـەودا دووا و پێـی فەرمـوو : ﴿ قَالَ لَقَدْ عَلِمْتَ مَآ أَنزَلَ هَٰٓؤُلَآءِ إِلَّا رَبُّ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ بَصَآئِرَ ﴿١٠٢﴾ ﴾(الاسراء) واتـە : موسـا وتـی: ئـەی فیرعـەون! بەڕاسـتی تـۆ چـاك دەزانـی کـە ئـەو نـۆ بەڵگـەو ئایەتانـە لەخۆیانـەوە نەهاتـوون بەڵکـو هـەر پـەروەردگاری ئاسـمانەکان و زەوی ناردوونیـی تابینـە بەرچـاو ڕوونکـەرەوە بـۆ ڕاسـتی و دروسـتیی پەیامبەرییەتیـم ...) .

هـەروەها خـــــوای گـەورە دەفـــەرموێت: ﴿ وَجَحَدُوا۟ بِهَا وَٱسْتَيْقَنَتْهَآ أَنفُسُهُمْ ظُلْمًا وَعُلُوًّا ۚ ... ﴿١٤﴾ ﴾(النمـل) واتـە : وە لـە ناخـی دەروونیانـدا متمانـەو یەقینیـان هەبـوو بەراسـتیان ، نکوڵییـان کـردن لـەرووی سـتەمکاریی و خـۆ بـەزل زانینـەوە نـەك لـەڕووی هـەق و راسـتیەوە) .

وە لـە نکۆڵـی کردنەکەیانـدا پشـتیان بەهیـچ بەڵگەیـەک نەبەسـتووە، بەڵکـو ئـەوە تەنهـا لـە رووی تەکەبـورو فیـزیکی یـەوە بـووە ، هەروەکـو خـوای گـەورە دەفەرموێـت: ﴿ وَقَالُوا۟ مَا هِىَ إِلَّا حَيَاتُنَا ٱلدُّنْيَا نَمُوتُ وَنَحْيَا وَمَا يُهْلِكُنَآ إِلَّا ٱلدَّهْرُ ۚ وَمَا لَهُم بِذَٰلِكَ مِنْ عِلْمٍ ۖ إِنْ هُمْ إِلَّا يَظُنُّونَ ﴿٢٤﴾ ﴾(الجاثیـة) واتـە : هاوبەشـدانەرەکان وتیـان: جگـە لـەم ژیانـی دونیایەمـان، شـتێکی تـر لـە گـۆڕدا نییـە، بـۆ خۆمـان ئەژیـن و ئەمریـن، واتـە: دەسـتەیەك ئەژیـی و دەسـتەیەك ئـــــەمرێ، ئیـتر دوای ئـەوە نەزینـدوو بوونـەوە هەیـە، نـە لێپرسـینەوە !! وە هـەر سروشـت و زەمـان و ڕۆژگارە دەمانمرێنـی و لەناومـان دەبـات، ئەوانـەش ئـەو قسـە ئەکـەن، هیـچ جـۆرە زانسـتێکیان لـەو بـارەوە نیـە، هـەر لـە خۆیانـەوە ئـەو قسـەیە دەکـەن ، واتـە: ئـەوەی دەیڵێـن لـە ڕێـی زانسـتەوە نیـە بەڵکـو تەنهـا گومـان ئەبـەن، گومـان بـەو لاوە هیـچ دڵنیاییەکیـان نییـە) .

جـا ئـەوان ئینکارەکەیـان لـە رووی زانسـتێکەوە نەبـووە کـە ڕێنموییـان بـکات بـۆ ئینکارییەکەیـان هەروەهـا نـە بەڵگەیەکـی بیسـتن و نـە عەقـڵی و نـە فیـترەت .

کاتـێ ئـەم گەردوونـە بـە ئـەو هەمـوو ڕووداوانـەی تێیـدا ڕووەدەن شـایەتن بـۆ وەحدانیـەتی خـواو پەروەردگارێتـی ، چونکـە هەمـوو دروسـتکراوێک دەبێت دروسـتکارێکی هەبـێ وە هەمـوو ڕووداوێـک دەبێـت خاوەنێکی هەبـێ (محدث) ، هەروەکـو خوای گەورە دەفەرموێـت: ﴿ أَمْ خُلِقُوا۟ مِنْ غَيْرِ شَىْءٍ أَمْ هُمُ ٱلْخَٰلِقُونَ ﴿٣٥﴾ أَمْ خَلَقُوا۟ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضَ ... ﴿٣٦﴾ ﴾ (الطور) واتـە : یـا خـۆ هـەر لەخۆیانـەوە دروستبوون، وا ئەوەنـدە سەربەسـتن و بەئـارەزووی خۆیـان قسـە ئەکـەن ومنەتـی هیـچ کەسـێك نازانـن ؟ یـا هـەر خۆیـان دروسـتکەری خۆیانـن ؟ (٣٥) یـا ئاسـمانەکان و زەوییـان دروسـت کـردووە؟...) .

شاعیر دەڵێت :

وفِي كُلِّ شَيءٍ لهُ آيةٌ تَدُلُّ على أنَّهُ واحدُ[1]

واتـە: لەهەمـوو شـتێکدا نیشـانەو بەڵگەیـەک هەیـە کـەوا بەڵگـەن لەسـەر ئـەوەی (اللـە) تـاک و تەنهایـە.

کاتـێ کـە پێویسـتی کـرد وەڵامێـک بـۆ ئـەم ڕاسـتیە هەبێـت ، ئـەو کەسـانەی نکۆڵـی دەکـەن لـە بـوونی دروسـتکراودا لـە وەڵامەکەیانـدا یـەک دەنـگ نەبـوون :

هەنـدێ جـار دەڵێـن : ئـەم جیهانـە لـە ئەنجامـی سروشـتەوە پەیـدا بـووە ، کـە ئەویـش بریتییـە لەخـودی شـتەکان لـەرووەک و زینـدەوەران و بـێ گیانـەکان ، ئـەم بوونەوەرانـە لای ئـەوان بریتییـە لـە سروشـت ، هـەر ئەوانـش خۆیانیـان هێناوەتـە بـوون.

یـان دەڵێـن: سروشـت بریتییـە لـە سـیفاتی شـتەکان و تایبەتمەندییەکانیـان لەگەرمـی و سـاردی شـێ و وشـکی و نەرمـی و ڕەقـی ، جـا ئـەم توانسـتانە لەجووڵـەو سڕەوتـن و گەشـە و نشـونما و زیادکردنـە، ئـەم سـیفەتانەو ئـەم توانسـتانە بریتیـن لـە سروشـت بەقسـەی ئـەوان ، هـەر ئەوانیـش شـتەکانیان هێناوەتـە بـوون.

---

(١) هو لابن المعتز ، وينسب لأبي العتاهية .

ئـەم قسـەیە بـە هـەردوو رووبەکەیـەوە قسـەیەکی پووچـەڵ و ناڕەوایەو هیـچ و پووچە ، چونکـە سروشـت بـە قسـەی یەکـەم لـە هەمـان کاتـدا دروسـتکارەو دروستکراویشـە ، زەوی زەوی دروسـتکردووەو ئاسـمانیش ئاسـمانی دروسـتکردووە و بـەم شـێوەیە... ئەمـەش کارێکـی ئەستەمە.

جـا ئەگـەر دروسـتبوون لەسروشـتەوە بـەم پێیـە ئەسـتەم بێـت ئـەوا بەپێـی بۆچـوونی دووەم ئەستەمترە، چونکـە ئەگـەر شـتێک بـێ دەسـەڵات و بـێ توانـا بێـت لـە دروسـتکردنی خـۆی ، ئـەوا بـێ دەسـەڵاتی و بـێ توانایـی سـیفەتەکەی لەپێشـترە، چونکـە بـوونی سـیفەتێک پەیوەسـتە بـە سـیفەتدارەکەوە کەپێـی هەسـتاوە، جـا چـۆن دروسـتی دەکات لەکاتێکـدا خـۆی پێویسـتی پێیـەتی ؟ جـا ئەگـەر بـە بەڵگـەوە سـەلمێندرا رووداتی سـیفەتدارێک ، پێویسـت دەکات بـەرووداتی سـیفەتێک ، هەروەهـا سروشـت خـۆی لـە خۆیـدا هەسـتی نییـە، ئـەو تەنهـا ئامێرێکـە، ئایـە چـۆن ئـەو هەمـوو کـرداڕە مەزنانـەی لێـوە رووداوەدات ؟ لـە کاتێکـدا لەوپـەڕی داهێنـان و تۆکمـەدان و لەوپـەڕی حیکمەتدایـەو لەوپـەڕی پەیوەندیدایـە؟؟!

هەروەهـا سروشـت هـەر لـە وشـەکەیەوە دەزانرێـت کـەوا خـۆی دروسـتکراوە نـەک دروسـتکار، چونکـە لەسـەر وەزنی (فعیلة)یـە (مەبەسـت: طبیعـة) کـەوا بـوو ئـەو چاپکراوە (مطبوعـة) نـەک چـاپ دەکات (طابعـة) هەروەکـو چـۆن دەڵێیـن: (قتیلـة و ذبیحـة) بەمانـای (مقتولـة و مذبوحـة) .

هەروەهـا لـەو مولحیدانـە تیایانـدا هەیـە دەڵێـن :_ ئـەم دروسـتکراوانە لـە رێـگای صودفـەوە پەیـدا بـوون، بەمانـای ئـەوەی ئـەو زەڕرات و گەردیلانـە لەرێـگای صودفـەوە کۆدەبنـەوەو وای لـێ دەکات کـە ژیـانی بـە بـەردا بهێنـێ بەبـێ پـلان دانـانی لـە لایـەن دروسـتکارو بەرێوەبـەرەوە و بەبـێ حیکمـەت!!

جـا ئـەم قسـەیە پووچەڵـە ، عەقـڵ و فیـرەت رەدی دەکاتـەوە وەری ناگـرێ ، چونکـە تـۆ ئەگـەر تەماشـای ئـەم گەردوونـە رێـک و پێکـە بکەیـت بـە هەمـوو فەلـەک و زەوی و ئاسـمان و بەرێوەچوونـی دروسـتکراوەکان تێدا بـەم دیقەت و رێک و پێکە سەرسـوڕهێنەرە، بـۆت دەردەکـەوی کـەوا ئەمـە تەنهـا لەخـوای دروسـتکارو دانـاوە دەردەچێـت .

ابـن القیـم -ڕەحمـەتی خـوای لـێ بێـت- دەفەرموێـت: (پرسـیار لـە کـەسی گومـڕای لادەری بـێ بـاوەڕ بکـە :- چـی دەڵێـی دەربـارەی ئـەو (دولاب)ەی کـە لەسـەر روبارێـک دانـراوە و ئامێرەکانـی مەحکـەم کـراوە و پێکهاتەکـەی مەحکـەم کـراوە و کەرەسـتەکانی بـە جوانتریـن و شـێوە ڕێکخـراوە، بـە شـێوەیەک هەرکەسـێک تەماشـای بـکات هیـچ خەڵێک لـە پێکهاتەکـە و شـێوەکەیدا نابینـێ، ئەویـش لـە سـەر باخچەیەکـی مـەزن دانـراوە ، لـە هەمـوو جۆرەکانـی بەروبـوم و کشـت وکاڵـی تێدایـە، لـە کاتـی پێویسـتیدا ئـاوی دەدات ، وە لـەو باخچەیـەدا کەسـێک هەیـە کـە چاودێـری دەکات و هەڵدەسـتێ بـە جێبەجـێ کردنـی هەمـوو بەرژەوەندییەکانـی ، بـە هیـچ شـێوەیەک ناڕێکـی تێـدا نییـە ، ئەمجـار بەهاکـەی لەکاتـی دروینـەدا دابەشـی دەکات بـە جوانتریـن شـێوە هەریەکـەو بـە پێـی پێویسـتی و زەرورەتـی خـۆی ، بـۆ هـەر یەکـە هێنـدە بەشـی دەدات کـە شایسـتەی بێـت ، ئـا بـەم شـێوەیە بـە بەردەوامـی دابەشـی دەکات ، ئایـە وا دەبینـی کـەوا ئەمـە ڕێکەوتنـە بـە بـێ دروسـتکار و بەڕێوەبـەر بێـت؟ بەڵکـو بوونـی ئـەو دولاب و باخچەیـە و هەمـوو ئەوانـە بـە بـێ بکـەر و بەڕێوەبـەر دەبێـت ؟ ئایـە عەقڵەکـەت ئـەو شـتەت پـێ دەڵێـت ئەگـەر ببێـت ؟ ئایـە چـۆن فەتـوات بـۆ دەدات ؟ ئایـە چـۆن ڕێنموویـت دەکات ؟ بـەڵام لـە حیکمەتـی خـوای گەورەدایـە کـەوا دڵانێکـی کوێـر دروسـت دەکات کـە هیـچ نابینـێ ، ئـەوا ئـەم هەمـوو ئایەتـە ڕوون و ئاشـاکرایانە نابینـێ ئیـلا وەکـو بینینـی ئاژەڵـەکان نەبێـت ، هەروەکـو چـۆن چـاوی دروسـت کـردوو و بینینـی تێـدا نییـە))[1].

---

(١) انظر : (مفتاح السعادة) للإمام ابن القيم (٢١٤/١) .

باسی دووەم :

تەوحیدی خوداوەندێتی
(توحيد الأُلوهية)



تەوحیدی خوداوەندێتی بریتییە لە : بە تاکدانانی خوای گەورە لە هەموو جۆرەکانی پەرستندا .

جا (الأُلوهیة) واتە: پەرستن ، وە(الالە) واتە: پەرستراو ، بۆیە بەم جۆرە تەوحیدە دەڵێن: تەوحیدی پەرستن .

وە (العبادة) لە زمانەوانیدا : واتە : زەلیلی ، دەڵێن : (طريق معبد) ئەگەر هاتوو خەڵکی بە زۆری بە سەریدا رۆیشتبن .

بەڵام لە شەرعدا مانای (العبادة) :- زانایان دەستەواژەکانیان جیاوازە لە پێناسەی ئەودا ، هەرچەندە مەبەست و مانایان یەکە .

کۆمەڵێکیان پێناسەیان کردووە بەوەی کە: ئەوەیە کە شەرع فەرمانی پێکردووە لە جگە لە شتێکی عورفی و یان (اقتضائيكي عەقلی) .

وە هەندێکیان پێناسەیان کردووە بە : ئەو پەڕی خۆشەویستی لە گەڵ ئەو پەڕی ملکەچ بوون و زەلیلی نواندنداا[1].

شیخ الاسلام ابن تیمیة -ڕەحمەتی خوای لێ بێت- پێناسەی کردووەو دەفەرموێت: (ناوێکی کۆ کەڕەوەیە بۆ هەموو ئەوانەی خوای گەورە پێی خۆشەو پێی رازییە لە

---

(١) ابن القيم - ڕەحمەتی خوای لێبێت - لە نونیەی (الكافيه الشافيه) دا دەفەرموێت:

وعبادة الرحمن غاية حبه*** مع ذل عابده هما قطبان

وعليهما فلك العبادة دائر*** ما دار حتى قامت القطبان

قسەو کردەوەکان ، پەنهانەکان و ئاشکراکان)[1] .

جا ئەم پێناسەیە وردترو گشتگیرترە ، چونکە دین هەمووی عیبادەتە، وە هەر کەسێ پێناسەی کردووە بە خۆشەویستی لە گەڵ ملکەچ بوون ، لەبەر ئەوەیە کەوا خۆشەویستی تەواو لەگەڵ زەلیلی نواندنی تەواودا گوێڕایەڵی خۆشەویستەکەی و ملکەچ بوون بۆی لەخۆ دەگرێ ، جا بەندە ئەو کەسەیە کە خۆشەویستییەکەی و ملکەچ بوونەکەی زەلیلی کردووە بەرانبەر بە خۆشەویستەکەی ، جا بە ئەندازەی خۆشەویستی بەندە بۆ خواکەی و زەلیلی نواندن بەرانبەری گوێڕایەڵ دەبێ ، هەروەها خۆشەویستی بەندە بۆ پەروەردگارەکەی و زەلیلی نواندن بەرانبەری، پەرستنەکەی لە خۆ دەگرێ بۆ خوای تاک و تەنها و بێ شەریک و هاوەڵ.

ئەو پەرستنەی فەرمانی پێکراوە مانای زەلیلی و خۆشەویستی لە خۆ دەگرێ ، ئەویش سێ روکن و پایە لە خۆ دەگرێ :- خۆشەویستی و رەجا و ترس ، وە پێویستە هەرسێکەی لە یەک کەسدا کۆببێتەوە، هەرکەسێ دەست بە یەکێکیانەوە بگرێ ئەوا پەرستنەکەی بۆ خوای گەورە تەواو و کامل نییە ، جا پەرستنی خوای گەورە تەنها بە خۆشەویستییەوە ئەوا رێگای صۆفیەکانە، وە پەرستن تەنها بە (رەجا)وە ئەوە رێگای مورجیئەیە ، وەپەرستنی خوا تەنها بە ترسەوە ئەوە رێگای خەواریجە.

وە خۆشویستنێکی تەنها ملکەچ بوونی لەگەڵدا نەبێ ئەوا نابێتە پەرستن ، چونکە هەر کەسێ شتێکی خۆش بوێت و ملکەچی نەبێت ئەوا نابێتە بەندەی ئەو ، هەروەکو چۆن کەسێک کوڕەکەی خۆی و برادەرەکەی خۆش دەوێ ، هەروەها ملکەچ بوون بە تەنها کە خۆشەویستی لەگەڵدا نەبێ ئەوا نابێتە پەرستن ، هەروەکو چۆن کەسێک ملکەچی دەسەڵاتدارێک یان ستەمکارێک دەبێت لەبەر ئەوەی خۆی لە خراپەی بپاریزێ ، جا بۆیە نابێ هیچ لەو دوانە بە بێ ئەویتر ببێ لە خوا پەرستیدا ، بەڵکو پێویستە خوای گەورە لە هەموو شتێک زیاتر خۆشەویستتر بێت لای بەندەکە ، هەروەها دەبێ خوای گەورە لە هەموو شتێک مەزنتر بێت لای بەندەکە و ترسی لە خوای گەورە لە پێش ترسی هەموو کەسێکی تر بێت .

---

(١) رسالة العبودية ، وهي ضمن مجموع الفتاوى (١٠/ ١٤٩) .

جـا پەرسـتن ئـەو کارە خۆشەویسـتەیە لای خـوای گـەورە و هـەر ئەوەیـە کـە دەبێتـە هـۆی رازی بوونـی ، هـەر ئەوەشـە هەمـوو دروسـتکراوەکانی لەپێناویـدا دروسـت کـردووە ، هەروەکـو چـۆن خـوای گـەورە دەفەرمویـت: ﴿وَمَا خَلَقْتُ ٱلْجِنَّ وَٱلْإِنسَ إِلَّا لِيَعْبُدُونِ ﴿٥٦﴾﴾ (الذاريات) واتـە : مـن هـەر بۆیـە جنۆکـەو ئادەمیـم دروسـتکردووە بمپەرسـتن و بمناسـن) .

هـەر لـەو پێنـاوەداو هەمـوو پێغەمبـەرانی رەوانـە کـردووە ، هەروەکـو چـۆن خـوای گـەورە دەفەرمووێـت: ﴿وَلَقَدْ بَعَثْنَا فِي كُلِّ أُمَّةٍ رَّسُولًا أَنِ ٱعْبُدُوا۟ ٱللَّهَ وَٱجْتَنِبُوا۟ ٱلطَّٰغُوتَ ...﴿٣٦﴾﴾ (النحـل) واتـە : بەراسـتی بـۆ نـاو هەمـوو ئوممـەت و نەتەوەیـەك لەهەمـوو سـەردەمێکدا پەیامبەرێکـمان نـاردووە بـۆ ئـەوە پێیـان بڵـێ: تەنهـا خـوا بپەرسـتن و لـە (تاغـووت) و یاسـا پوچەڵـەکان دووربـن).

پەرسـتن چەندیـن جـۆری هەیـە وەکـو نوێـژو زەکات و رۆژوو حـەج و راسـتگۆیی و سـپاردەپارێزی و چاکەکـردن لەگـەڵ دایـک و باوکـدا و گەیانـدنی پەیوەنـدی خزمایـەتی و پەیـمان بردنەسـەرو فەرمانکـردن بەچاکـەو نەهـی کـردن لەخراپـەو جیهادکـردن بەرانبـەر بـێ بـاوەڕان و دووڕووەکان و چاکەکـردن لـە گـەڵ گیانلەبـەران و هەتیـو و هـەژارو رێبـوارو کۆیلـەکان و تەنانـەت ئاژەڵانیـش ، هەروەهـا دوعـا و زیکـرو خوێندنـەوەی قورئـان و... هەمـوو ئەوانـە پەرسـتنە ، هەروەهـا خۆشەویسـتی خـواو خۆشەویسـتی پێغەمبەرەکـەی(ﷺ) و ترسـی خـوای گـەورەو گەڕانـەوە بـۆ لای ، هەمـوو ئەوانـە پەرسـتنن ، هەروەهـا سـەربڕین و نـەزرو پەناگرتـن و فریـادرەسی و هـاوار پێکـردن.

جـا پێویسـتە هەمـوو جـۆرەکانی پەرسـتن بـۆ خـوای گـەورە بێـت ، تەنهـا و بـە بـێ شـەریک ، جـا هـەر کەسـێ هـەر جۆرێـک لـەو جۆرانـەی بـۆ جگـە لـە خـوا ئەنجامـدا ، وەکـو کەسـێک داوا لـە جگـە لـە خـوا بـکات یـان سـەربڕین بـۆ جگـە لە خـوا ئەنجـام بدات یـان نـزر بـکات یـان پەنـا بگرێـت یـان هـاوار بکاتـە مردوویـەک یـان ئامادەنەبوویـەک یـان زیندوویەکـی ئامادەبـوو کـە نەتوانـێ ئەنجامـی بـدات تەنهـا خـوا نەبـێ ، ئـەوا شـیرکی کـردووە بەشـیرکێکی گـەورە و تاوانێکـی کـردووە کـە هەرگیـز لێـی خـۆش نابـێ تەنهـا بـە تەوبـە نەبـێ ، جـا هەرچەنـدە ئـەو پەرسـتنانەی ئەنجـام دابـێ بـۆ بتێـک یـان دارێـک یـان بەردێـک یـان پێغەمبەرێـک لـە پێغەمبـەران یـان وەلییـەک لـە ئەولیـای خـوا زینـدوو بێـت

یـان مـردوو ، هەروەکـو چـۆن ئەمـڕۆ ئەنجـام دەدرێـت لەسـەر ئـەو گلکۆیانـەی لەسـەر قەبـرەکان هەڵبەسـتراون ، چونکـە خـوای گـەورە رازی نابێـت هیـچ کەسـێک بکرێتـە شـەریکی لەپەرسـتندا ، نـە فریشـتەیەکی نزیککـراو و نـە پێغەمبەرێکـی نێـردراو و نـە هیـچ (وەلـی) یـەک و نەهیـچ کەسـێکی تـر .

خـوای گـەورە دەفەرموێـت: ﴿ إِنَّ ٱللَّهَ لَا يَغۡفِرُ أَن يُشۡرَكَ بِهِۦ ... ﴿١١٦﴾ ﴾ (النساء) واتـە : بێگومـان خـوا لەوانـە خـۆش نابـێ هـاوەڵ و هاوەبەشـی بۆدانێـن) .

وە دەفەرموێـت: ﴿ فَلَا تَدۡعُواْ مَعَ ٱللَّهِ أَحَدٗا ﴿١٨﴾ ﴾ (الجن) واتـە : جـا لەگـەڵ خـوادا هـاوارو هانـا بـۆ کەسـی تـر مەبـەن).

وە دەفەرموێـت: ﴿ * وَلَا تُشۡرِكُواْ بِهِۦ شَيۡـٔٗا ﴿٣٦﴾ ﴾ (النساء) واتـە : ئـەی خەڵکینـە! تەنهـا خـوا بپەرسـتن و هیـچ شـتێك مەکەنـە هاوبەشـی، نـە مـرۆڤ، نـە دار، نـە بـەرد.. نـە بتـان) .

بـەڵام زۆر بەداخـەوە، ئەمـڕۆ لـە هەنـدێ وڵاتـی موسـڵمانان گـۆڕەکان بوونەتـە بـت و دەپەرسـتڕێن جگـە لەخـوا لـە لایـەن ئەوانـەی بانگەشـەی ئیسـلام دەکـەن ، ڕەنگە کەسـێک داوا لـە جگـە لـە خـوا بـکات لـە هـەر جێگایـەک بێـت، هـەر چەنـدە لـە نزیکـی گـۆڕێـک نەبـێ ، هەروەکـو ئـەو کەسـەی دەڵێـت :- یـا رسـول اللـە (ﷺ)، لـەکاتی هەسـتانیدا یـان بـە بینیـن و بیسـتنی ڕووداوی شـتێکی نامـۆ!! یـان دەڵێـت: (المـدد یـا رسـول اللـە! (ﷺ)) یـان : (المـدد یـا فـلان)! .

جـا ئەگـەر نەهییـان لـێ بکرێـت ، دەڵێـن: ئێمـە دەزانیـن ئەوانـە هیـچ شـتێکیان بەدەسـت نییـە ، بـەڵام ئەوانـە پیـاو چاکـن ، ڕێـزو حورمەتیـان لای خـوای گـەورە هەیـە ، ئێمـەش لەبـەر خاتـری ڕێـزو حورمەتیـان داوا دەکەیـن و داوای شـەفاعەت دەکەیـن ، جـا ئەوانـە لەبیریـان چـووە یـان لەبیـری خۆیانیـان بردوەتـەوە لەکاتێکـدا قورئـان دەخوێنـن ئـەم قسـەیە خـودی قسـەی موشریکـەکان بـوو ، هەروەکـو خـوای گـەورە باسی کـردووە لە قورئانـدا کـە دەفەرموێـت: ﴿ وَيَعۡبُدُونَ مِن دُونِ ٱللَّهِ مَا لَا يَضُرُّهُمۡ وَلَا يَنفَعُهُمۡ وَيَقُولُونَ هَٰٓؤُلَآءِ شُفَعَٰٓؤُنَا عِندَ ٱللَّهِۚ قُلۡ أَتُنَبِّـُٔونَ ٱللَّهَ بِمَا لَا يَعۡلَمُ فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَلَا فِي ٱلۡأَرۡضِۚ سُبۡحَٰنَهُۥ

وَتَعَٰلَىٰ عَمَّا يُشۡرِكُونَ ﴿١٨﴾ ﴾(یونـس) واتـە: وە لـە باتـی خوایـش چەنـد شـتێکی وا دەپەرسـتن کـە: نـە دەتوانـن زیانێکیـان پـێ بگەیەنـن و نـە سـوودێکیان پـێ ببەخشـن دەشـڵێن : ئەوانـە -دەیانپەرسـتین- لای خـوا تکاکارمـان دەبـن، واتـە: بـۆ ئـەو مەبەسـتە ئێمـە ئەیانپەرسـتین بڵـێ: ئاخـۆ خەبـەر بەخـوا دەدەن بەشـەریکێك خـۆی نەزانـێ پێـی لـە ئاسـمانەکان و لـە زەوییـدا ؟! خـوا پـاك و خاوێـن و بێخەوشـە، بـەرزو بڵنـدە لـە هەرشـتێك بـێ بـاوەڕان دەیکەنـە شـەریك و هاوبەشـی) .

هەروەهـا خـوای گـەورە دەفەرموێـت: ﴿أَلَا لِلَّهِ ٱلدِّينُ ٱلۡخَالِصُۚ وَٱلَّذِينَ ٱتَّخَذُواْ مِن دُونِهِۦٓ أَوۡلِيَآءَ مَا نَعۡبُدُهُمۡ إِلَّا لِيُقَرِّبُونَآ إِلَى ٱللَّهِ زُلۡفَىٰٓ إِنَّ ٱللَّهَ يَحۡكُمُ بَيۡنَهُمۡ فِي مَا هُمۡ فِيهِ يَخۡتَلِفُونَۗ إِنَّ ٱللَّهَ لَا يَهۡدِي مَنۡ هُوَ كَٰذِبٞ كَفَّارٞ ﴿٣﴾ ﴾(الزمـر) واتـە : هۆشـیاربە! ئایینـی پـاك و چـاك و بێگـەرد تەنهـا هـی خوایـە. واتـە: خـوا تەنهـا هـەر ئیخـلاس وەرئەگـرێ و هەرشـتێکی دی وەلا دەنـێ ئەوانـەی کـە لەباتـی خـوا چەنـد دۆس و بتێکیـان بـۆ خۆیـان گرتـووە، وەبەبـێ هیـچ بەڵگەیەکیـش ئەڵێـن: ئێمـە هـەر بـۆ ئـەوە ئـەو بتانـە دەپەرسـتین، کـە لەخوامـان نزیـك بکەنـەوەو تکامـان بـۆ بکـەن لای کەچـی ئەگـەر پێیـان بوترایـە: ئـەی کـێ ئێـوەی دروسـتکردووە؟ ئـەی کـێ ئاسـمانەکان و زەوی وەدیهێنـاوە؟ لەوەڵامـدا ئەڵێـن: هەر(الله)یـە، ئیـتر پێیـان ئەوتـرا: ئـەی بۆچـی خـوا بەتـاك و تەنیـا ناپەرسـتن؟ وشـەی (مـا نعبدهـم..) وەڵامیـان بـوو. جـا بـا هـەر وابکـەن بێگومـان خـوا هـەق و ناهـەق جیـا ئەکاتـەوەو، بڕیـاری خـۆی دەربـارەی ئـەو دوو بەرەکیـەی نێوانیـان دەدات، ئـەو کات موسـڵمانان ئەچنـە بەهەشـتەوەو بـێ بڕوایانیـش بـۆ دۆزەخ ئەنێردرێـن دیـارە ئـەو جـۆرە کەسـانە گومـڕاو سـەر لێشـێواون ، خۆبەڕاسـتی خوایـش مـرۆی درۆزن و سـپڵە رێنوێـن نـاکا).

خـوای گـەورە نـاوی لـێ نـان بـە کافرێکـی درۆزن ، لـە کاتێکـدا ئـەوان باوەڕیـان وابـوو کـە ئەوانـە تەنهـا نێوەندێکـن (واسـیتەیەکن) لەنێـوان خۆیـان و خـوای گـەورەدا بـۆ ئەنجام دان و جـێ بەجـێ کـردنی پێداویسـتیەکانیان ، هـەر ئـەو قسـەیەیە ئەمـڕۆ گۆڕپەرسـتەکان دەیڵێـن : ﴿تَشَٰبَهَتۡ قُلُوبُهُمۡۗ ﴿١١٨﴾ ﴾ (البقـرة) واتـە : دڵیـان چوونیەکـەو لەیـەك دەچـێ).

بۆیـە پێویسـتە لەسـەر زانایـانی ئیسـلام ئینـکاری لـەم شـیرکە ناشرینـە بکـەن و بـۆ خەڵکـی ڕوونی بکەنـەوە ، هەروەهـا پێویسـتە لەسـەر دەسـەڵاتدارانی موسـڵمانان ئـەو بتانـە بڕۆخینـن و وڵاتی لـێ پـاک بکەنـەوە و بەتایبـەتی مزگەوتـەکان.

زۆرێـک لـە پێشـەوا چاکسـازەکان ئینکاریـان لـەم شـیرکە کـردو نەهییـان لـێ کـردو خەڵکیـان وریـا کـردەوەو ئـاگادار کـردەوە ، لەوانـە:_ شـیخ الاسـلام ابـن تیمیـة (ت:٧٢٨) و قوتابییەکـەی ابـن القیـم (ت:٧٥١) و شـەیخ محمـد بـن عبدالوهـاب (ت:١٢٠٦) و شـەیخ محمـد بـن اسـماعیل الصنعـاني (ت:١١٨٢) وشـەیخ محمـد بـن عـلی الشـوکاني (ت: ١٢٥٠) و زۆرێـک لەزانایـانی کـۆن و تـازە ، ئەمـەش نوسـین و بەرهەمەکانیانـە لەبـەر دەسـتماندا.

لـەو بارەیـەوە ئیمامـی الشـوکاني لـە (نیـل الاوطـار) دا دەفەرموێـت: (چەندیـن بینـاو خانـوو دروسـتکراوە لەسـەر گـۆڕەکان و جـوان کراونەتـەوە کـە هێنـدە خراپـەی لـێ دەوەشـێتەوە کـە ئیسـلام بـۆی دەگـڕی ، لەوانـە بیروبـاوەڕی نەفامـەکان وەکـو بیروبـاوەری کافـرە بـێ بـاوەڕەکانی لـێ هاتـووە بەڵکـو مەزنـترو زیاتـر ، وا دەزانـن و گومـان دەبـەن کـەوا ئەوانـە دەتوانـن قازانـج و سـوود بەدەسـت بهێنـن و زیـان و زەرەر دوور بخەنـەوە، بۆیـە ئەوانەیـان کردووەتـە مەبەسـتێک بـۆ داواکـردنی جـێ بەجـێ کـردنی پێداویسـتەکان و پەناگەیـەک بـۆ دەسـتەکەوتن و سەرخسـتنی داواکاریـیەکان ، داوای هێنـدە شـتیان لـێ دەکـەن کـە بەنـدەکان تەنهـا لـە خواکەیـان داوای دەکـەن ، کـۆچ و بـاری بـۆ تونـد دەکـەن و دەبەسـتن (واتـا سـەفەری بـۆ دەکـەن) ، وە دەسـتی پێـدا دەهێنـن و هاواریـان پـێ دەکـەن و تـکای لـێ دەکـەن ، بـە گشـتی ئەوانـە هیـچ شـتێکیان نەهیشـتووەتەوە کـە خەڵکـی سـەردەمی نەفامـی بەبتـەکان دەیانکـرد ئیسـتا ئەمـان بـەو قەبرانـە دەیکـەن.. فإنـا للـه وانـا الیـه راجعـون) .

لەگـەڵ ئـەم هەمـوو کارە ناپەسـەندو ناشرینانـەو ئـەم کوفـرە مەترسـیدارە نابینیـن کەسـێک لەبـەر خـوا تـووڕە بێـت (پەسـت بێـت)و غیـرەت بیگـرێ بـۆ پاراسـتنی ئـەم دینـە راسـتە، نـە زانایـەک و نـە قوتابیـەک و نـە ئەمیرێـک و نـە وەزیرێـک و نـە پادشـایەک !!

چەندیـن هەواڵمان پـێ گەیشـتووە کـە هیـچ گومـانی تێـدا نییـە کەوا ئـەو گۆڕپەرسـتانە یـان زۆربەیـان ئەگـەر سـوێندێکی ڕووبـەروو بکرێتـەوە لەلایـەن نەیارانییـەوە، ئـەوا سـوێند

بـە خـوا دەخـوات بـەدرۆ ، کەچـی ئەگـەر لەپـاش ئـەوە پێـی بگوترێـت: سـوێند بخـۆ بەشـەیخەکەت و باوەڕەکـەت کـە فـلان وەلی یـە ، ئـەوا یەکسـەر زمـانی بەیەکـدا دەچێـت و سـوێند ناخـوات و دان بـە حەقەکـەدا دەنێـت ، ئەمـەش رووونتریـن بەڵگەیـە کـەوا دەلالـەت دەکات لەسـەر ئـەوەی شـیرکی ئـەوان گەیشـتووەتە سـەرووی شـیرکی ئەوانـەی کـەوا دەڵێـن: خـودا دووەمـی دوو خواکەیـە ، یـان سـێ یەمـی سـێ خواکەیـە !

کەوا بوو ئەی زانایان ئاینی و ئەی پادشاکانی موسڵمانان:_

چی بەڵاو کارەساتێک هەیە بۆ ئیسلام لەکوفر تووندتر بێت؟!

چی بەڵایەک هەیە بۆ ئەم دینە زیان بەخشتر بێت لەپەرستنی جگە لە خوا؟!

چی موصیبەتێک بەرانبەر بەم موصیبەتەیە هەیە کە تووشی موسڵمانان بووە؟

چـی مونکەرێـک هەیـە پێویسـتە ئینـکاری لـێ بکریـت ئەگـەر ئینـکاری لـەم شـیرکە ڕوون و ئاشـکرایە پێویسـت نەبـێ؟!

لقد أسمعتَ لو ناديتَ حـياً ولكن لا حياة لمـــن تُنادي

ولو ناراً نفخْتَ بها أضاءت ولكن أنت تنفخُ في رمادِ [1]

لێرەدا قسەکانی الشوکانی تەواو دەبێ -ڕەحمەتی خوای لێ بێت-[2] .

جـا بەڵاکـە لەپـاش ئـەو زۆرتـر بـووەو لـەوەی ئـەو وەصفـی کـردووە تووندتـر بـووە. ولا حـول ولا قـوة الا باللـه العـلي العظيـم.

پەیوەندی تەوحیدی خوداوەندێتی بە تەوحیدی پەروەردگارێتی یەوە و بە پێچەوانەوە.

پەیوەنـدی هەریەکەیـان بـە ئـەوی تـرەوە:_ تەوحیـدی (ربوبية) پێویسـتی بـە تەوحیدی (الالوهيـة) دەکات و لـە خـۆی دەگـرێ ، بـە مانـای ئـەوەی داننـان بـە تەوحیـدی (الربوبية) دا پێویسـتی دەکات و واجیبـی دەکات دان بـە توحیـدی (الإلهيـة) بنرێـت و پێـی هەسـتێ ، جـا هـەر کەسـێ زانی خـوای گـەورە پەروەردگاریـیـەتی و دروسـتکارییەتی و بەڕێوەبـەری

---

(١) هذان البيتان منسوبان لعمرو بن معدي كرب ، ونسبا لعبدالرحمن بن الحكم ، ودريد بن الصمة ، والله أعلم .

(٢) نيل الأوطار (٤/ ٤٠١-٤٠٢) .

کارەکانیـەتی ، ئـەوا واجیبـە لەسـەر شـانی کـەوا بـە تەنهـا و بـە بـێ شـەریک ئـەو بپەرسـتێ ، هەروەهـا تەوحیـدی (الربوبیـة) بەشـێکە لـە تەوحیـدی (الالوهیـة) ، بـە مانـای ئـەوەی تەوحیـدی (الربوبیـة) دەچێتـە نـاو بەشـەکانی تەوحیـدی (الالوهیـة) ، جـا هـەر کەسـێ خـوای گـەورە بپەرستی و بـە تەنهـا و شـەریکی بـۆ بریـار نـەدات، ئـەوا دەبـێ و پێویسـتە بـاوەڕی وا بووبێـت کـەوا ئـەو خودایـە پەروەردگارییەتـی و دروسـتکاریەتی ، هەروەکـو ئیبراهیـم پێغەمبـەر (علیـه الصـلاة والسـلام) فەرمـووی: ﴿ قَالَ أَفَرَءَيْتُم مَّا كُنتُمْ تَعْبُدُونَ ﴿٧٥﴾ أَنتُمْ وَءَابَآؤُكُمُ ٱلْأَقْدَمُونَ ﴿٧٦﴾ فَإِنَّهُمْ عَدُوٌّ لِّىٓ إِلَّا رَبَّ ٱلْعَٰلَمِينَ ﴿٧٧﴾ ٱلَّذِى خَلَقَنِى فَهُوَ يَهْدِينِ ﴿٧٨﴾ وَٱلَّذِى هُوَ يُطْعِمُنِى وَيَسْقِينِ ﴿٧٩﴾ وَإِذَا مَرِضْتُ فَهُوَ يَشْفِينِ ﴿٨٠﴾ وَٱلَّذِى يُمِيتُنِى ثُمَّ يُحْيِينِ ﴿٨١﴾ وَٱلَّذِىٓ أَطْمَعُ أَن يَغْفِرَ لِى خَطِيٓـَٔتِى يَوْمَ ٱلدِّينِ ﴿٨٢﴾ ﴾ (الشـعراء) واتـە : ئیبراهیـم (علیـه السـلام) وتـی: ئاخـر ئێـوە بیرتـان لـێ نەکردووەتـەوە، چـی دەپەرسـتن (٧٥) خوتـان و باووباپیرانـی پێشـینان، ئایـا شـیاوە بـۆ پەروەردگاری جیهانـەکان(٧٧) ئـەوەی منـی دروسـت کـرد، ئینجـا هـەر ئەویـش شـارەزای ڕێگـەی بەختیاریـم ئـەکات (٧٨) هـەر ئـەو زاتەیـە رزق و ڕۆزی بەمـن ئـەداو، تێـر ئاویشـم ئـەکات و لەئاسـمانەوە بـاران دەبارێنـێ(٧٩) کاتـێ نەخـۆش کەوتـم، ئـەو شـیفام ئـەداو هێـزی شـیفا هـەر ئـەو دروسـتی ئـەکات(٨٠) ئەویشـە دەم مرێنـێ و پاشـانیش زینـدووم دەکاتـەوە(٨١) هـەر ئەویشـە بەتەمـام لـەڕۆژی سـەڵاو پاداشـتدا لەهەڵـەو گوناهەکانـم ببـورێ (٨٢) .

جـا (الربوبیـة و الالوهیـة) : هەنـدێ جـار بەیەکـەوە بـاس دەکرێـن ، ئـەوا لـەو کاتـەدا مانایـان جودایـە و دوو بـەشی جیـاوازن ، هەروەکـو خـوای گـەورە دەفەرمووێـت: ﴿ قُلْ أَعُوذُ بِرَبِّ ٱلنَّاسِ ﴿١﴾ مَلِكِ ٱلنَّاسِ ﴿٢﴾ إِلَٰهِ ٱلنَّاسِ ﴿٣﴾ ﴾(الناس) واتـە : ئـەی موحەممـەد! (ﷺ) (ئـەی موسـڵمان!) بڵـێ : پەنـا ئەبەمـە بـەر پـەروەردگاری خەڵـک(١) پاشـای خەڵـک(٢) پەرسـتراوی خەڵـک(٣) .

لەوکاتـەدا مانـای (الـرب) بریتـی یـە لـەو کەسـەی کـە هـەر خـۆی خاوەنێکـی فەرمانڕەوایـە لـە دروسـتکراوەکاندا ، وەمانـای (الالـه): ئـەو پەرسـتراوە بەحەقەیـە کـە تەنهـا ئـەو شایسـتەی پەرسـتنە .

وە هەنـدێ جـار بـە جیـا بـاس دەکرێـن ، ئـەوا لـەو کاتـەدا مانایـان یەکـە ، هەروەکـو پرسـیاری هـەردوو فریشـتەکە کـە لـە مـردوو دەیکـەن لەنـاو گـۆڕدا : مـن ربک؟ مانـای: کێ خـوداو دروسـتکارتە؟ هەروەهـا وەکو ئـەو ئایەتەی کە خـوای گـەورە دەفەرمـوێت: ﴿ ٱلَّذِينَ أُخْرِجُوا۟ مِن دِيَـٰرِهِم بِغَيْرِ حَقٍّ إِلَّآ أَن يَقُولُوا۟ رَبُّنَا ٱللَّهُ ... ﴿٤٠﴾ ﴾(الحج) واتـە : ئەوانـەی هـەر بەناهەقـی لەزێـدو مـاڵ و شـاری خۆیـان دەرکـران!! هیـچ گوناهێکیـان نەبـوو، مەگـەر هەر ئەمـە کـە ئەیـان وت: پـەروەردگاری ئێمە(اللـە) خوایەکـی تـاك و تەنیایـە!).

خـوای گـەورە دەفەرمـوێـت: ﴿ قُلْ أَغَيْرَ ٱللَّهِ أَبْغِى رَبًّا ... ﴿١٦٤﴾ ﴾ (الانعـام) واتـە : ئایـا بـۆ مـن دەبـێ جگـە لـە خـوا کەسـێکی تـر بـە پـەروەردگاری خـۆم بخـوازم، واتـە: بیکەمـە گـەورەی خـۆم؟ دیـارە قـەت شـتی وا نابـێ) .

خـوای گـەورە دەفەرمـوێـت: ﴿ إِنَّ ٱلَّذِينَ قَالُوا۟ رَبُّنَا ٱللَّهُ ثُمَّ ٱسْتَقَـٰمُوا۟ ... ﴿٣٠﴾ ﴾ (فصلت) واتە : بێگومان ئەو کەسـانەش گوتیان: پەروەردگارمان خوایە پاشـان خۆیان راسـتکردبوویەوە، واتـە: زۆر بەمەحکەمـی لەسـەر یەکناسـین وەسـتان و بـە هیـچ لایەکـدا لایـان نەدا).

جا (الربوبیة) لەم ئایەتانەدا مانای (الالوهیة) دەگەیەنێ.

جـا ئـەوەی پێغەمبـەران بانگەوازیـان بۆ کـردووە لەو دوو جـۆرە (توحیـد الالوهیة) بووە ، چونکـە (توحیـد الربوبیـة) هەمـوو ئوممەتەکان بە گشـتی دانیان پێدا ناوە ، هیچ کەسـێک نکۆڵـی لـێ نەکـردووە ئیـلا کەسـێکی کـەم نەبێـت ، ئەوانیـش تەنهـا لـە رواڵەتـدا نکۆڵیـان لـێ دەکـرد ، وە دان پێدانـان تەنهـا بـە (توحیـد الربوبیـة) بەس نییـە، ئیبلیـس دانی پێداناوە ، ﴿ قَالَ رَبِّ بِمَآ أَغْوَيْتَنِى ﴿٣٩﴾ ﴾ (الحجـر) واتـە : شـەیتان وتـی: ئـەی پـەروەردگاری مـن! بەهۆی ئـەوەوە کـە تـۆ گومـڕات کـردم ، واتە: لەسـەر سـوژدە نەبـردن بۆ ئـادەم) .

هەروەهـا ئـەو موشریکانـەی پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) تیایانـدا رەوانـە کـرا دانیـان پێـدا نابـوو ، هەروەکـو چـۆن چەندیـن ئایـەت لەسـەر ئـەو باسـە هاتـووە ، خـوای گـەورە دەفەرمـوێـت: ﴿ وَلَئِن سَأَلْتَهُم مَّنْ خَلَقَهُمْ لَيَقُولُنَّ ٱللَّهُ ۖ فَأَنَّىٰ يُؤْفَكُونَ ﴿٨٧﴾ ﴾(الزخـرف) واتـە : خـۆ ئەگـەر لەخۆشـیان بپرسـیت کـێ دروسـتی کـردوون؟ بەدڵنیاییـەکـەوە ئەڵێـن: خـوا) .

جـا هـەر کەسـێ تەنهـا دانی بـە تەوحیـدی (الربوبیـة) دا بنێـت ئـەوا نابێتـە موسـڵمان ، خوێـن و سـەروەت و سـامانی حـەرام نابـێ ، تاکـو دان نەنێـت بـە تەوحیـدی (الالوهیـة)دا و هیـچ کەسـێک نەپەرسـتێت تەنهـا خـوا نەبـێ.

بـەم شـێوەیە ناڕەوایـی قسـەی زانایـانی کـەلام و صۆفێـکان روون دەبێتـەوە کـەوا ئـەوان دەڵێـن ئـەو تەوحیـدەی پێویسـتە لەسـەر بەنـدەکان بریتییـە لـە : دانپێدانـان بـەوەی خـوای گـەورە تەنهـا خـۆی دروسـتکارەو بەرێوەبـەری گەردوونـەو هـەر کەسـێ دانی بـەوەدا نـا ئـەوە لای ئـەوان بـە موسـڵمان دەژمێـردرێ .

بۆیـە ئـەو پێناسـەی بـۆ تەوحیـدی دەکـەن لـەو کتێبانـەی نوسـیویانەتەوە تەنهـا تەوحیـدی (الربوبیـة) دەگرێتـەوە ، بـۆ نمونـە دەڵێـن: تەوحیـد بریتییـە لـەدان پێدانـان بـە بـوونی خـواو هـەر ئەویـش دروسـتکارو رۆزیدەرە....هتـد!! ئەمجـار چەنـد بەڵگەیەکـی تەوحیـدی (الربوبیـة) دەهێننـەوە!!

شـیخ الاسـلام ابـن تیمیـة -رەحمـەتی خـوای لـێ بێـت- دەفەرموێـت: (جـا هەمـوو ئەوانـەی ئەهـلی کەلامـن ئەوانـەی دان بە تەوحیـددا دەنێن لەکتێبـەکانی کـەلام و تێروانینـدا مەبەسـتیان ئەوەیـە کـە تەوحیـد بکەنـە سـێ جـۆرەوە ، دەڵێـن : خـوای گـەورە تەنهـا لـە زاتیـدا چەنـد بەشـی نییـە ، وە تەنهایـە لـە صیفاتەکانیـدا هاوشـێوەی نییـە ، وە تەنهایـە لـە کردارەکانیـدا و شـەریکی نییـە، وە بـە ناوبانگتریـن جـۆر لای ئـەوان جـۆری سـێیەمە ، کـە ئەویـش تەوحیـدی کردارەکانـە (الافعـال) ، ئەویـش ئەوەیـە کـەوا : دروسـتکاری جیهـان یـەک کەسـە ، ئەمجـار ئـەم بەڵگانـە دەهێننـەوە لـە دەلالەتـی (التمانـع) و جگـە لەوانـە ، باوەڕیـان وایـە کـەوا ئەمـە هـەر ئـەو تەوحیـدە داواکراوەیـە ، هـەر ئەمـەش مانـای (لا الـه الا اللـه) یـە ، تاکـو مانـای (الالوهیـة) وا لـێ بکـەن بریتـی بێـت لـە : توانیـن لـە داهێنانـدا .

ئاشکراشـە کـەوا موشریکـەکانی عـەرەب ئەوانـەی خـوای گـەورە پێغەمبـەری خـوای (ﷺ) بـۆ رەوانـە کـردن لـەم قسـەیەدا جیـاواز نەبـوون، بەڵکـو دانیـان بـەوەدا دەنـا کـەوا خـوای گـەورە هەمـوو شـتێکی دروسـت کـردووە ، تەنانـەت ئـەوان دانیـان بـە (قـەدەر) دا دەنـا ، لـە گـەڵ ئەوەشـدا ئـەوان هـەر موشریـک بـوون...)[1] .

---

(١) انظر : مجموع الفتاوى لشيخ الاسلام (٣/٩٧-٩٨) .

ئەمـە قسـەی شـەیخە -رەحمـەتی خـوای لـێ بێـت- ، ئەمـەش روون و ئاشـکرایە بـۆ وەڵامـی ئەوانـەی باوەڕیـان وایـە کـەوا تەوحیـدی داواکـراو لـە دروسـتکراوەکان بریتییـە لـە دان پیانـان بـە تەوحیـدی (الربوبیـة) .

ئـەم قسـەیەش ئـەو ئایەتە پاڵپشـتی دەکات کە دەفەرموێـت: ﴿ وَلَقَدْ بَعَثْنَا فِي كُلِّ أُمَّةٍ رَّسُولًا أَنِ اعْبُدُوا اللَّهَ وَاجْتَنِبُوا الطَّاغُوتَ ﴿٣٦﴾ ﴾(النحل) واتـە : بەراسـتی بـۆ نـاو هەمـوو ئوممـەت و نەتەوەیـەك لەهەمـوو سـەردەمێكدا پەیامبەرێكـمان نـاردووە بـۆ ئـەوە پێیـان بڵـێ: تەنهـا خـوا بپەرسـتن و لە(تاغـووت) و یاسـا پوچەڵـەکان دووربـن) .

جـا پێغەمبـەران بـە ئوممەتەکانـی خۆیانیـان نەفەرمـووە : دان بنێـن بـەوەی کـە تەنهـا خـوا دروسـتکارە ، چونکـە ئـەوان دانیـان بـەوەدا دەنـا ، بەڵکـو بەوانیـان گـوت : تەنهـا خـودا بپەرسـتن و دوور بکەونـەوە لـە تاغـوت.

هەروەهـا (شـیخ الاسـلام ابـن تیمیـة) لـە جێگایەکی تـردا دەڵێـت : (ئـەو تەوحیدەی کە پێغەمبـەران هێناویانـە سـەڵماندنی (الالوهیه) تەنهـا بۆ خوای گەورە لـە خۆدەگرێـت ، بەوەی شـایەتی بـدات کـەوا (لا الـه الا الله) هیچ کەسـێک نەپەرسـتێت تەنها ئـەو نەبێ ...) .

تـا ئـەو جێگایـەی دەڵێـت : (مەبەسـت لـە تەوحیـد تەنهـا بریتـی نییـە لـە (تەوحیـد الربوبیـة) کـە ئەویـش بریتییـە لـە باوەڕهێنـان بـەوەی کەخـوای گـەورە تەنهـا خـۆی جیهانی دروسـت کـردووە، هەروەکـو چـۆن هەنـدێ لـە ئەهـلی کـەلام و صۆفییـەکان گومانیـان وایـە ، هەروەهـا ئـەوان گومـان وادەبـەن کـە ئەگـەر ئەوەیـان بەبەڵگـەوە سـەڵماند ، ئـەوا ئـەو پـەڕی تەوحیدیـان سـەڵماندووە، وە ئەگـەر شـایەتییان لەسـەر ئـەوەداو رۆچوونـە ناویـەوە، ئـەوا چونەتـە نـاو ئەوپـەرو مەبەسـتی تەوحیـدەوە .

جـا ئەگـەر هەرکەسـێ دانی نـا بـەوەی خـوای گـەورە شایسـتەیەتی لـە صیفاتـدا و لـە هەمـوو ئـەوەی پـاک رادەگیـرێ پـاک رایگـرت ، دانی بـەوەدا نـا کـەوا تەنها ئەو دروسـتکاری هەمـوو شـتێکە، ئـەوا بـە یەکتاپەرسـت (موحـد) ناژمێـردرێ ، تاکـو شـایەتی نـەدا کـەوا هیچ خودایـەک نییـە شایسـتەی پەرسـتن بێـت تەنهـا (اللـه) نەبـێ تەنهایـەو بـێ هاوەڵـە، دان بـەوەدا بنێـت کـەوا خـوای گـەورە تەنهـا خـۆی ئـەو خودایەیـە کـەوا شایسـتەی پەرسـتن بێـت ، وە دەسـت بگرێـت بـە پەرسـتنی خـودای تەنهـا و بـێ شـەریکەوە.

وە (الالـە) : بریتیـە لـە (مألـوە) ئـەو پەرستراوەی کـەوا شایستەی پەرستنە ، وە مانـای (الالـە) توانیـن بەسـەر داهێنانـدا نییـە، جـا ئەگـەر (الالـە) بـە توانیـن بەسـەر داهێنانـدا تەفسـیر کـرا ، ئەگـەر وا زانـرا کـەوا ئـەم مانایـە تایبەتمەندتریـن وەصفـی (الاله)ـە، وە سـەلماندنی ئەمـەی کردوەتـە ئـەو پـەڕی مەبەسـت لـە تەوحیـددا ، هەروەکـو چـۆن ئـەو کارە گـرووی ئەهـلی کـەلام (المتکلمـة الصفاتیـة) دەیکـەن ، ئەویـش ئەوەیـە کـە لـە (ابـو الحسـن) و شـوێنکەوتوانیەوە دەیگێڕنـەوە ، ئـەوا حەقیقـەتی تەوحیدیـان نەزانیـوە ، ئـەو تەوحیـدەی کـەوا خـوای گـەورە پێغەمبـەری (ﷺ) پێـی نـاردووە ، چونکـە موشریکـەکانی عـەرەب باوەڕیـان وابـوو کـە خـوای گـەورە تەنهـا خـۆی دروسـتکاری هەمـوو شـتێکە ، لـە گـەڵ ئەمەشـدا موشریـک بـوون ، خـوای گـەورە دەفەرموێـت: ﴿ وَمَا يُؤْمِنُ أَكْثَرُهُم بِاللَّهِ إِلَّا وَهُم مُّشْرِكُونَ ﴿١٠٦﴾ ﴾ (یوسف) واتـە : خـۆ بەشـی زۆری ئـەو خەڵکـەش کـە بـاوەڕ دێنێـت، هـەر موشریـك و بتپەرسـتە! چـاك دەزانـن کەخـوا دروسـتکەری بوونـەوەرە، کەچـی لەگـەڵ ئەوەشـدا بتەکانیـش دەپەرسـتن!) .

کۆمەڵێـک لـە سـەلەف وتویانـە : پرسـیاریان لـێ دەکەیـت: کـێ ئاسـمانەکان و زەوی دروسـتکردووە؟ دەڵێـن: خـوا ، لـە گـەڵ ئەوەشـدا جگـە لەخـوا دەپەرسـتن!

خـوای گـەورە دەفەرموێـت: ﴿ قُل لِّمَنِ الْأَرْضُ وَمَن فِيهَا إِن كُنتُمْ تَعْلَمُونَ ﴿٨٤﴾ سَيَقُولُونَ لِلَّهِ ۚ قُلْ أَفَلَا تَذَكَّرُونَ ﴿٨٥﴾ قُلْ مَن رَّبُّ السَّمَاوَاتِ السَّبْعِ وَرَبُّ الْعَرْشِ الْعَظِيمِ ﴿٨٦﴾ سَيَقُولُونَ لِلَّهِ ۚ قُلْ أَفَلَا تَتَّقُونَ ﴿٨٧﴾ قُلْ مَنْ بِيَدِهِ مَلَكُوتُ كُلِّ شَيْءٍ وَهُوَ يُجِيرُ وَلَا يُجَارُ عَلَيْهِ إِن كُنتُمْ تَعْلَمُونَ ﴿٨٨﴾ سَيَقُولُونَ لِلَّهِ ۚ قُلْ فَأَنَّىٰ تُسْحَرُونَ ﴿٨٩﴾ ﴾ (المؤمنـون) واتـە : پێیـان بڵـێ: ئـەی موحەمـەد!(ﷺ) باشـە! زەویـی و گشـت ئەوانـەی لـە زەوییـدان و دەژیـن هـی کێیـە؟ ‹کـێ دروسـتی کـردوون و لـە نەبوونـەوە هێناونـی خانـەی بووەکانـەوە؟ ئەگـەر ئێـوە ئەزانـن، ئـادەی پێـم بڵێـن ، دیـارە چاریـان نیـە هـەر دەبـێ راسـتیەکان بسـەلمێنن، بۆیـە لەوەڵامـدا(٨٤) دەڵێـن: ئەوانـە هەمـوو موڵـك و تایبەتمەنـدی خـوان پێیـان بڵـێ: جـا کـە ئاوایـە ، ئـەی بـۆ بیـر ناکەنـەوە، تـا بزانـن زاتێـك دەسـەڵاتی ئـاوای هەبـێ، هـەر هەمـان دەسەڵاتیشـی دەبـێ بـۆ زیندوو کردنـەوە(٨٥) پێیـان بڵـێ: ئـەی کـێ پـەروەردگاری حـەوت ئاسـمانەکانە؟ ئـەی کـێ پـەروەردگاری (عـەرش) ی مـەزن و

گەورەیـە؟(٨٦) دیسـان گـش دەڵێـن: هـەر خوایـە پـەروەردگارو بەدیهێنەریـان پێیـان بڵـێ: باشـە! ئیـتر بـۆ لـە خـوا ناترسـن، تـا هاوبـەش و هاوەڵـی بـۆ دانەنێـن ؟(٨٧) پێیـان بڵـێ: ئـەی دەسـەڵاتی گـش بوونـەوەر بەدەسـت کێیـە و کـە ئـەو پەنـای پەناخـواز دەدا و دژی ئـەو پەنـا نادرێـت ئەگـەر ئەزانـن کێیـە؟ ئـادەی پێـم بڵێـن (٨٨) دیسـان دەڵێـن: هـەر بـۆ خوایـە پێیـان بڵـێ: دەسـا ئـەی چـۆن فریـو دەخـۆن و چاوتـان لـە ئاسـتی راسـتییەکان بەسـتراوە؟! (٨٩) .

جـا هـەر کەسـێ دانی بـەوەدا نـا کـە خـوای گـەورە پـەروەردگاری هەمـوو شـتێکەو دروسـتکارییەتی نابێتـە کەسـێکی بەنـدە (عابـد) تەنهـا بـۆ خـوا، تەنهـا داوا لـە ئـەو بـکات ، دۆسـتایەتی و دوژمنایـەتی لـە سـەر ئـەو بـکات و گوێرایەڵـی پێغەمبـەرانی ئـەو بێـت.

هەمـوو موشریکـەکان دانیـان بـەوەدا دەنـا کەخـوای گـەورە دروسـتکاری هەمـوو شـتێکە، هەروەهـا ئـەو شـەفاعەتەیان دەسـەڵماند کـە کردبوویانـە شـەریک و هـاوەڵ و هاوشـێوە لەگـەڵ خـوادا ....) .

تاکـو ئـەو جێگـەی دەڵێـت - رەحمەتـی خـوای لـێ بێـت -: (بۆیـە لـە شـوێنکەوتەی ئـەوان هەبـوو سـوژدەی بـۆ خـۆرو مانـگ و ئەسـتێرەکان دەبـرد و داوایـان لـێ دەکـردن و رۆژوویـان بـۆ ئـەوان دەگـرت و سـەربرینیان بـۆ ئـەوان ئەنجـام دەدا و خۆیـان لـەوان نزیـک دەکـردەوە ، ئەمجـار دەڵێـت: ئەمـە شـیرک نییـە، بەڵکـو شـیرک ئەوەیـە بـاوەڕت وا بێـت کـەوا ئەوانـە مـن بەرێـوە دەبـەن، بـەڵام ئەگـەر بیانکەمـە هـۆکارو واسـیتە ئـەوا مـن موشریـک نیـم ، ئاشکراشـە (بالاضطـرار) لەدینـی ئیسـلامدا ئەمـە شـیرکە .....)[1] لێـرەدا قسـەکەی تـەواو بـوو.

دەڵێـم : هـەر ئەمەیـە ئەمـڕۆ گۆڕپەرسـتەکان دەیڵێـن، خۆیـان لێـی نزیـک دەکەنـەوە بەهەمـوو جـۆرەکانی پەرسـتن و دەڵێـن: ئەمـە شـیرک نییـە، چونکـە ئێمـە باوەڕمـان وا نییـە ئـەوان دروسـت دەکـەن و بەرێـوە دەبـەن، بەڵکـو ئێمـە ئەوانمـان تەنهـا کردووەتـە واسـیتەیەک و تەوەسـوول بـە خاوەنەکانیانـەوە دەکەیـن.

---

(١) درء تعارض العقل والنقل .

شێوازەکانی قورئان لە بانگەواز کردن بۆ تەوحیدی (الالوهیة) :

کاتێ کەوا خەڵکی بە پێی فیترەت و تێڕوانین بە گەردوونـدا دانیان بـە تەوحیـدی (الربوبیـة)دا نـاوە، وە ئـەو دان پێدانانـە تەنها بـەس نییە بۆ ئیمان هێنان بە خـواو خاوەنەکەی لـە عـەزابی خـوا رزگار نـاکات ، بۆیـە بانگـەوازی پێغەمبـەران جەختی لەسـەر (توحیـد الالهیة) کـردووە ، بـە تایبـەتی بانگـەوازی کۆتا پێغەمبـەر پێغەمبەرمان (محمد) (ﷺ) ، جا ئـەو داوای لە خەڵکی دەکـرد بـە وتنـی: (لا اله الا الله) ، کە پەرسـتنی خوای تاک و تەنهـا و وازهێنان لە جگە لـە ئـەو لـە خـۆ دەگـرت ، بۆیە ئەوانیـش لێـی هەڵدەهاتـن و دەیانگـوت : ﴿ أَجَعَلَ ٱلْـَٔالِهَةَ إِلَٰهًا وَٰحِدًا ۖ إِنَّ هَٰذَا لَشَىْءٌ عُجَابٌ ۝ ﴾ (ص) واتـە : ئـەرێ هەمـوو خواکانـی کردۆتە یەك خوا؟! بە راسـتی ئەمـە کـە موحەممـەد(ﷺ) دەیڵـێ، (واتـە: یـەك خواپەرسـتن) شـتێکی سـەیرو سـەمەرەیە !) .

وە هەوڵیـان دەدا لەگـەڵ پێغەمبـەری خـوادا (ﷺ) واز لـەم بانگـەوازە بهێنـێ ، وازیـان لێ بهێنـێ خەریکـی پەرسـتنی بتەکانیـان بـن، وە لـەو پَیناوەدا هەمـوو هـۆکارو وەسـیلەیەکیان بەکارهێنـا ، هەنـدێ جـار بەترسـاندن و هەنـدێ جـار بـە تەمـاح و هانـدان ، کەچـی ئەویـش دەیفەرمـوو : (**والله لـو وضعـوا الشـمس بيمينـي والقمـر بشـمالي عـلى أن أتـرك هـذا الأمـر ، لا أتركـه ، حتـى يظهـره الله أو أهلـك دونـه**)[1] .

کەچـی هـەردەم ئایەتـەکانی خـوای گـەورەی بەسـەردا دادەبـەزی بـۆ بانگـەواز کـردن بۆ ئـەم تەوحیـدەو رەددی گومـانی موشریکـەکانی تێـدا بـوو ، وە هێنانـەوەی چەندیـن بەڵگـەو بورهـان لەسـەر ناڕەوایـی و پوچەڵـی ئـەوەی ئەوانـی لەسـەربوون.

جـا شـێوازەکانی قورئـان جـۆراو جـۆر بـوون بـۆ بانگەوازکـردن بـۆ تەوحیـدی (الإلهیـة) ، ئـا ئەوەتـا ئێمـە لێـرەدا بـاسی هەندێکـی دەکەیـن لەوانـە :

١ - خـوای گـەورە فەرمانـی پێکـرد بەپەرسـتنی ئـەو و وازهێنـان لەپەرسـتنی جگـە لـە ئـەو ، هەروەکـو لـەو ئایەتـەدا خـوای گـەورە دەفەرموێـت: ﴿ ۞ وَٱعْبُدُوا۟ ٱللَّهَ وَلَا تُشْرِكُوا۟ بِهِۦ شَيْـًٔا ۖ ﴾ (النساء) واتـە : ئـەی خەڵکینـە! تەنهـا خـوا بپەرسـتن و هیـچ شـتێك مەکەنـە هاوبەشـی، نـە مـرۆڤ، نـە دار، نـە بـەرد.. نـە بتـان)

---

(١) ضعيف : سلسلة الاحاديث الضعيفة : (٩٠٩) .

وە دەفەرموێـت: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ ٱعْبُدُواْ رَبَّكُمُ ٱلَّذِى خَلَقَكُمْ وَٱلَّذِينَ مِن قَبْلِكُمْ لَعَلَّكُمْ تَتَّقُونَ ۝٢١ ٱلَّذِى جَعَلَ لَكُمُ ٱلْأَرْضَ فِرَٰشًا وَٱلسَّمَآءَ بِنَآءً وَأَنزَلَ مِنَ ٱلسَّمَآءِ مَآءً فَأَخْرَجَ بِهِۦ مِنَ ٱلثَّمَرَٰتِ رِزْقًا لَّكُمْ ۖ فَلَا تَجْعَلُواْ لِلَّهِ أَندَادًا وَأَنتُمْ تَعْلَمُونَ ۝٢٢﴾ (البقرة) واتـە : ئـەی خەڵکینـە! تەنهـا پـەروەردگاری خۆتـان بپەرسـتن کـە ئێـوەو پێشـووەکانی ئێـوەی لەنەبـوون دروسـتکردووە چونکـە ئـاوا پەرسـتنێك هێـزی پارێـزگاری دروسـت دەکاو، بەڵکـو ئێـوەش خـۆ بپارێـزن(٢١) خوایەکـی وایـە زەوی بـۆ ئامادەکـردوون و کردوویەتـی بـە ڕایـەخ تـا بەئاسـانی لـە سـەری بژیـن و بـەلای سەرووشـتانەوە -وەك گومەزیـی و کۆشـك- ئاسـمانی ڕاگرتـووە لـەو حەوایشـەوە ئاوێکـی بـۆ باڕانـدن ئینجـا بـەو بارانـە جۆرەهـا میـوەو ڕۆزی بـۆ فەراهـەم هێنـان و شـینی کـرد جاکەوابـوو ئێـوەش چـاك بپەرسـتن و هیـچ جـۆرە هاوبەشـێکی بـۆ دامەنێـن و تەنهـا یاسـاو بەرنامەکـەی ئـەو وەرگـرن دەخـۆ خۆیشـتان چـاك دەزانـن کـە ئـەو جـۆرە بتانـە هیچیـان بەدەسـت نیـەو، تەنهـا خـوای گەورەیـە ڕۆزیـی و دارایـی و سـامانتان دەداتـێ(٢٢) .

٢ - هەواڵدانـی خـوای گـەورە بـەوەی کـە هەمـوو دروسـتکراوەکانی لەپێنـاوی پەرسـتنی خۆیـدا دروسـت کـردووە ، هەروەکـو لـەو ئایەتـەدا دەڵێـت : ﴿وَمَا خَلَقْتُ ٱلْجِنَّ وَٱلْإِنسَ إِلَّا لِيَعْبُدُونِ ۝٥٦﴾ (الذاريات) واتـە : و مـن هـەر بۆیـە جنۆکـەو ئادەمیـم دروسـتکردووە بمپەرسـتن و بمناسـن) .

٣ - هەواڵدانـی بـەوەی کـەوا هەمـوو پێغەمبەرانـی ڕەوانـە کـردووە بـۆ بانگەوازکـردن بـۆ پەرسـتنی ئـەو و نەهـی کـردن لـە پەرسـتنی جگـە لـە ئـەوە ، خـوای گـەورە دەفەرموێـت:﴿وَلَقَدْ بَعَثْنَا فِى كُلِّ أُمَّةٍ رَّسُولًا أَنِ ٱعْبُدُواْ ٱللَّهَ وَٱجْتَنِبُواْ ٱلطَّٰغُوتَ ۖ ... ۝٣٦﴾ (النحـل) واتـە : بەراسـتی بـۆ نـاو هەمـوو ئوممـەت و نەتەوەیـەك لەهەمـوو سـەردەمێکدا پەیامبەرێکمـان نـاردووە بـۆ ئـەوە پێیـان بڵـێ: تەنهـا خـوا بپەرسـتن و لە(تاغـووت) و یاسـا پوچەڵـەکان دوور بـن).

٤ – هـەر لەوانـە : هێنانـەوەی بەڵگـە لەسـەر تەوحیـدی (الالهیـة) بـۆ بەتاکدانانـی خـوا لـە (الربوبیـة)و دروسـت کـردن و بەرێوەبردنـدا ، هەروەکـو لـەو ئایەتـەدا هاتـووە

کـــە دەفەرموێـــت: ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ ٱعْبُدُواْ رَبَّكُمُ ٱلَّذِى خَلَقَكُمْ وَٱلَّذِينَ مِن قَبْلِكُمْ لَعَلَّكُمْ تَتَّقُونَ ﴿٢١﴾ ﴾[1] (البقـرة) .

وە ئـەو ئایەتـەی کـە دەفەرموێـت: ﴿ لَا تَسْجُدُواْ لِلشَّمْسِ وَلَا لِلْقَمَرِ وَٱسْجُدُواْ لِلَّهِ ٱلَّذِى خَلَقَهُنَّ ... ﴿٣٧﴾ ﴾ (فصلت) واتـە : دەسـا ئێـوەش نـە بـۆ خـۆر سـوژدە بـەرن، وە نـە بـۆ مانـگ، چونکـە ئەوانـە هـەردوو دروسـتکراوی خـودان و، ئەوانیـش سـوژدە هـەر بـۆ ئـەو دەبـەن ئێـوە سـوژدە هـەر بـۆ ئـەو خودایـە بـەرن ئەوانـی دروسـتکردووە) .

وە ئـەو ئایەتـەی کە دەفەرموێـت: ﴿ أَفَمَن يَخْلُقُ كَمَن لَّا يَخْلُقُ ﴿١٧﴾ ﴾ (النحل) واتە : ئاخۆ کەسـێك بتوانـێ بـەدی بهێنـێ و مەیلـی لەهـەر شـتێك ببـێ بـە ئاسـانی دروسـتی بـکات، وەکـو ئـەوە وایـە کـە توانـای دروسـتکردنی هیـچ شـتێکی نەبـێ و نەتوانـێ تەنانەتـی شـتێکی سـادەیش دروسـت بـکات ؟) .

٥ - هێنانـەوەی بەڵگـە لەسـەر واجیـب بوونـی پەرسـتنی ئـەو ـپاکـی و بێ گـەردی بۆ ئەو ـ و بەتاکدانانـی بـە صیفاتـی کەمالـەوەو نەبوونـی ئـەو صیفاتانـە لـە خـوای موشـریکەکان ، هەروەکـو دەفەرموێـت: ﴿ فَٱعْبُدْهُ وَٱصْطَبِرْ لِعِبَٰدَتِهِۦ ۚ هَلْ تَعْلَمُ لَهُۥ سَمِيًّا ﴿٦٥﴾ ﴾ ((مریـم) واتـە : کەواتـە تـۆش بـەردەوام هـەر ئـەو بپەرسـتە وە بەرامبـەر بەئەرکەکانـی پەرسـتنی ئـەو زۆر خۆراگـر بـە. ئاخـۆ ئـاگات لێیـە هـاو ناوێکـی هەبـێ؟ دیـارە چـاك دەزانـی، کەبـێ وێنـەو بـێ هاوبەشـە).

وە ئـەو ئایەتـەی کـە دەفەرموێـت: ﴿ وَلِلَّهِ ٱلْأَسْمَآءُ ٱلْحُسْنَىٰ فَٱدْعُوهُ بِهَا ﴿١٨٠﴾ ﴾ (الاعـراف) واتـە : ناوەکانـی خـوا هەمـوو جـوان و پڕشـکۆن دەسـا ئێوەیـش هـەر بـەو ناوانـەوە بانگـی بکـەن، لاڵـەو نـزاو داوا هـەر بەوانـە بکـەن) .

وە ئـەو ئایەتـەی کـە دەربـارەی پێغەمبـەر ئیبراهیـم (علیـه الصـلاة والسـلام) دەفەرموێـت: کـەوا بـە باوکـی خـۆی فەرمـوو : ﴿ إِذْ قَالَ لِأَبِيهِ يَٰٓأَبَتِ لِمَ تَعْبُدُ مَا لَا يَسْمَعُ وَلَا يُبْصِرُ وَلَا يُغْنِى عَنكَ شَيْـًٔا ﴿٤٢﴾ ﴾((مریـم) واتـە : بابـە! تـۆ بۆچـی شـتێکی وا ئەپەرسـتی کـە

---

(١) لە خاڵی یەکەمدا تەفسیر کرا .

نـە ئەبیسـێ و نـە ئەبینـێ؟! ونـە ئەیشـتوانێ لـە کاتـی تەنگانـەدا هیـچ زیانێکـت لێـوە دوورخـاو بێنیـازت کا) .

وە ئـەو ئایەتـەی کـە دەفەرمووێـت: ﴿ إِن تَدْعُوهُمْ لَا يَسْمَعُوا۟ دُعَآءَكُمْ ﴿١٤﴾ ﴾ (فاطـر) واتـە: ئەگـەر بانگیشـیان لێبکـەن هاوارەکەتـان نابیسـن) .

وە دەفەرموێـت: ﴿ وَٱتَّخَذَ قَوْمُ مُوسَىٰ مِنۢ بَعْدِهِۦ مِنْ حُلِيِّهِمْ عِجْلًا جَسَدًا لَّهُۥ خُوَارٌ ۚ أَلَمْ يَرَوْا۟ أَنَّهُۥ لَا يُكَلِّمُهُمْ وَلَا يَهْدِيهِمْ سَبِيلًا ﴿١٤٨﴾ ﴾ (الاعـراف) واتـە: پـاش چوونەکـەی موسـا بـۆ کێـوی (تـوور) گەلەکـەی- لەخشـڵ و زێرەکەیـان - گوێرەکەیەکـی بـە بۆڕەیـان بۆخۆیـان سـازدا وپەرسـتیان! پیاوێکی(سـامریی)ناویان هەڵسـا بـە ئەنجامدانـی ئـەو کارەو سەرپەرشـتی کـرد، دەرنجـام ئـەو گوێرەکـە بـێ گیانـەی لـە شـێوەی پەیکـەردا لێکەوتـەوەو پەرسـتیان ! مەگـەر نەیانـدی ئـەو گوێرەکەیـە قسـەیان لەگـەڵ نـاکات و بـۆ رێـی راسـتیش رێنماییـان نـاکات) .

٦ - هـەر لەوانـە : سـەلماندنی بـێ دەسـەڵاتی خـوای موشـریکەکان ، وەکـو ئـەو ئایەتـەی کـە دەفەرموێـت: ﴿ أَيُشْرِكُونَ مَا لَا يَخْلُقُ شَيْـًٔا وَهُمْ يُخْلَقُونَ ﴿١٩١﴾ وَلَا يَسْتَطِيعُونَ لَهُمْ نَصْرًا وَلَآ أَنفُسَهُمْ يَنصُرُونَ ﴿١٩٢﴾ ﴾ (الاعـراف) واتـە : ئایـا دەبـێ شـتێك بکەنـە هاوبەشـی خـوا ، کـە نەتوانـێ هیـچ شـتێك دروسـت بـکات ؟ دەبـێ خۆشـیان- هاوبەشـەکان - دروسـت بکرێـن ، واتـە: خـۆ ئـەو بتانـە خۆیـان دروسـت کـراون، ئیتـر چـۆن ئەپەرسـترێن؟ (١٩١) و بەهیـچ شـێوەیەکیش ناتوانـن هیـچ یارمەتـی و کۆمەکـی پەرسـتیارەکان بـدەن تەنانەتـی ناتوانـن کۆمـەك بـە خۆیشـیان بکـەن و خراپەیـەك لـە خۆیـان بگێرنـەوە، ئیتـر چـۆن دەیانپەرسـتن(١٩٢) .

هەروەهـا خـوای گـەورە دەفەرموێـت:﴿ قُلِ ٱدْعُوا۟ ٱلَّذِينَ زَعَمْتُم مِّن دُونِهِۦ فَلَا يَمْلِكُونَ كَشْفَ ٱلضُّرِّ عَنكُمْ وَلَا تَحْوِيلًا ﴿٥٦﴾ ﴾ (الاسراء) واتـە : ئـەی پێغەمبـەر!(ﷺ) بـە بـێ باوەڕان بڵـێ: ئـادەی هانـا بەرنـە بـەر ئەوانـەی وا لەباتـی خـوا دەتانپەرسـتن ، ئایـا زیـان و بەڵایەکتـان لـە سـەرلادەبن؟ دڵنیابـن کـە نەدەسـەڵاتی لابردنـی خۆشـیی و زیانیـان هەیـە لێتـان ، وە نەدەسـەڵاتی ئـاڵ و گـۆڕی بارودۆخیـان هەیـە، واتـە: تەنهـا خوایـە ئـەو کارانـەی لێدێـت).

خـوای گـەورە لـە جێگایەکـی تـردا دەفەرموێـت: ﴿ وَيَعْبُدُونَ مِن دُونِ ٱللَّهِ مَا لَا يَمْلِكُ لَهُمْ رِزْقًا مِّنَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ شَيْـًٔا وَلَا يَسْتَطِيعُونَ ﴿٧٣﴾ ﴾ (النحـل) واتـە : وە ئەوانـە لەباتـی خـوای کارزان شـتێك دەپەرسـتن کـە لـە ئاسـمانەکان و زەوییـدا دەسـەڵاتی هیـچ جـۆرە رزق و ڕۆزییەکیـان نییـە بۆیـان و ناشـتوانن بـاران ببارێنـن ، یـان دارو درەختیـان بـۆ سـەوز بکـەن، کەچـی هـەر دەیـان دەپەرسـتن !) .

وە خـوای گـەورە دەفەرموێـت: ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ ضُرِبَ مَثَلٌ فَٱسْتَمِعُوا۟ لَهُۥٓ ۚ إِنَّ ٱلَّذِينَ تَدْعُونَ مِن دُونِ ٱللَّهِ لَن يَخْلُقُوا۟ ذُبَابًا وَلَوِ ٱجْتَمَعُوا۟ لَهُۥ ۖ وَإِن يَسْلُبْهُمُ ٱلذُّبَابُ شَيْـًٔا لَّا يَسْتَنقِذُوهُ مِنْهُ ۚ ضَعُفَ ٱلطَّالِبُ وَٱلْمَطْلُوبُ ﴿٧٣﴾ ﴾ (الحـج) واتـە : ئـەی خەڵکینـە! نموونەیـەك هێنراوەتـەوە دەسـا ئێوەیـش چـاك گوێـی بدەنـێ بەڕاسـتی لـە خـوا بـەدەر ئەوانـەی ئێـوە ئەیانپەرسـتن و هاواریـان بـۆ دەبـەن هەرگیـز ناتوانـن تەنهـا مێشـێکیش بـەدی بێنـن، ئەگەرچـی هەموویشـیان کۆببنـەوە، نـەك هـەر ئەوەنـدە ناتوانـن وە ئەگـەر ئـەو مێشـە لاوازەش شـتێك لـە خۆیـان و لـە خواکانیـان بـت، گـروپ، مـرۆ بفڕێنـێ ناتوانـن پێـی بزانـن و لێـی بسـێننەوە لەگـەڵ ئـەو لاوازی و بـێ دەسـەڵاتییەیدا، لـە راسـتییدا هـەم داواکار و هـەم داوا لێکـراو، پەرسـتیارو، پەرسـتراو، (بتـەکان و وێنەکانیـان) زۆر لاوازو بـێ توانـان).

٧ - لەوانـەش : بـە نەفـام زانینـی ئـەو موشـریکانەی جگـە لـە خـوا ئەپەرسـتن ، خـوای بـاڵا دەسـت دەفەرموێـت: ﴿ قَالَ أَفَتَعْبُدُونَ مِن دُونِ ٱللَّهِ مَا لَا يَنفَعُكُمْ شَيْـًٔا وَلَا يَضُرُّكُمْ ﴿٦٦﴾ أُفٍّ لَّكُمْ وَلِمَا تَعْبُدُونَ مِن دُونِ ٱللَّهِ ۖ أَفَلَا تَعْقِلُونَ ﴿٦٧﴾ ﴾ (الانبیـاء) واتـە : ئیبراهیـم ئـەو پـێ لێنانـەی ئەوانـی بەهـەل زانـی، بۆیـە وتـی: باشـە، ئاخـۆ غەیـرە خـوا شـتێ ئەپەرسـتن کـە نەهیچـێ کەڵکتـان پێدەگەیەنـێ و نەهیچـێ زیانیشـتان لێـدەدا ؟! (٦٦) بێـزاری و ئـۆف لـە ئێـوەو لـەو شـتانەش کـە لەجێـی خـوا ئەیپەرسـتن ئایـا ئـاوەز ناخەنـە کار؟.(٦٧) .

وە ئـەو ئایەتـەی کـە دەفەرموێـت: ﴿ وَمَنْ أَضَلُّ مِمَّن يَدْعُوا۟ مِن دُونِ ٱللَّهِ مَن لَّا يَسْتَجِيبُ لَهُۥٓ إِلَىٰ يَوْمِ ٱلْقِيَٰمَةِ وَهُمْ عَن دُعَآئِهِمْ غَٰفِلُونَ ﴿٥﴾ ﴾ (الاحقـاف) واتـە : کـێ لـەو کەسـە

گومڕاتـرە -جگـە لـە خـوا- شـتێ بپەرسـتێ ، کـە تـا ڕۆژی قیامـەت بـە دەنگیـەوە نایـەو و وەڵامـی دوعـاو پاڕانـەوەی ناداتـەوە ئەوانـە لەپەرسـتن و هاوارەکـەش بـێ ئـاگاو غافڵـن، چونکـە دارو بـەرد وەڵامیـان لـە کـوێ بـوو؟، دیـارە لـەو سـەردەمەدا هەنـدێ کـەس دارو درەختـی ئەپەرسـتن! هەندێکـی تـر فریشـتە! هەندێکـی دی شـەیتان.. هتـد!، بۆیـە ئـاوا سـەر زەنشـتیان دەکا).

٨ - لەوانـە: ڕووبەڕووبوونـەوەی دەرئەنجامـی ئـەو موشـریکانەی جگـە لـە خـوا دەپەرسـتن و ڕووبەڕووبوونـەوە دەرئەنجامیـان لەگـەڵ پەرسـتراوەکانیاندا، ئەوەتـا ئـەو پەرسـتراوانە خۆیـان لـێ بـەری دەکـەن لەناسـکترین جێـگاو مەوقیفـدا ، هەروەکـو خـوای گـەورە دەفەرموێـت:﴿ ... وَلَوْ يَرَى ٱلَّذِينَ ظَلَمُوٓاْ إِذْ يَرَوْنَ ٱلْعَذَابَ أَنَّ ٱلْقُوَّةَ لِلَّهِ جَمِيعًا وَأَنَّ ٱللَّهَ شَدِيدُ ٱلْعَذَابِ ﴿١٦٥﴾ إِذْ تَبَرَّأَ ٱلَّذِينَ ٱتُّبِعُواْ مِنَ ٱلَّذِينَ ٱتَّبَعُواْ وَرَأَوُاْ ٱلْعَذَابَ وَتَقَطَّعَتْ بِهِمُ ٱلْأَسْبَابُ ﴿١٦٦﴾ وَقَالَ ٱلَّذِينَ ٱتَّبَعُواْ لَوْ أَنَّ لَنَا كَرَّةً فَنَتَبَرَّأَ مِنْهُمْ كَمَا تَبَرَّءُواْ مِنَّا كَذَٰلِكَ يُرِيهِمُ ٱللَّهُ أَعْمَٰلَهُمْ حَسَرَٰتٍ عَلَيْهِمْ وَمَا هُم بِخَٰرِجِينَ مِنَ ٱلنَّارِ ﴿١٦٧﴾ ﴾ (البقرة) واتـە : .... ئەوانـە وا سـتەمیانکردوو هاوبەشـیان بـۆ خـوا دانـا، کاتـێ ئـەو ڕۆژە سـەخت و سـزایە دەبینـن کـە لـە قیامەتـدا دووچاریـان دەبـێ، ئیتـر چـاك بۆیـان دەردەکـەوێ و دەزانـن: کەهەرچـی هێـزو توانـا هەیـە هـەر هەمـوو بـۆ خوایـەو سـزای خـواش تونـدو قـورس وسـەختە، ئیتـر ئەمـڕۆ لەدنیـادا لـەو شـیرك وسـەر لێشـێواوییە دەهاتنـە دەرێ(١٦٥) ئـەو کاتـە کەسـەرۆك و پێشـەواکان ، لەپەیڕەوانـی خۆیـان بیـزار دەبـن و حاشـا دەکـەن کـە بەچـاوی خۆیـان سـزاکە دەبینـن، هەمـوو پەیوەندیـی وهۆیەکـی نێوانیـان پچـڕا ولێکتـرازا ؛ وە بەخـزم و کـەس و کارو گرۆهەکانیـان هیـچ هیوایـەك نەمـا(١٦٦) شـوێنکەوتووەکان بـە سـەرۆکە گومـڕاکان دەڵێـن: ئەگـەر هـەر تەنیـا جـارێ دەگەڕاینـەوە سـەردنیا ئەوسـا ئێمـەش یەخەمـان لێهەڵدەتەکانـدن وبەرائەتمـان لێدەکـردن وەك ئەمـڕۆ ڕێبەرەکانمـان خۆیـان لەئێمـە بـەری کـردو، حاشـایان لێکردیـن خـوا بەوشـێوەیە کاروکـردەی خۆیـان نیشـاندەدا و دەبێتـە کـۆڵ و کەسـەر بۆیـان و لەئاگریشـدان هەرگیزیـش لـەو ئاگـری دۆزەخـە دەرنایـەن و رزگار نابـن و بـە هەتاهەتاییـش هاوڕێـی دەبـن (١٦٧) .

خـوای گـەورە دەفەرمووێـت: ﴿وَيَوْمَ ٱلْقِيَٰمَةِ يَكْفُرُونَ بِشِرْكِكُمْ ۚ وَلَا يُنَبِّئُكَ مِثْلُ خَبِيرٍ ﴿١٤﴾﴾ (فاطر) واتـە : وە رۆژی قیامەتیـش نکووڵـی شـیرك و پەرسـتنەکەتان ئەکـەن بۆخۆیـان هیـچ کەسـێك وەك خـوا کـە ئـاگاداری هەمـوو شـتێکە ناتوانـێ لـەو کارانە ئـاگادارت بـکات) .

وە دەفەرموێت: ﴿وَمَنْ أَضَلُّ مِمَّن يَدْعُوا۟ مِن دُونِ ٱللَّهِ مَن لَّا يَسْتَجِيبُ لَهُۥٓ إِلَىٰ يَوْمِ ٱلْقِيَٰمَةِ وَهُمْ عَن دُعَآئِهِمْ غَٰفِلُونَ ﴿٥﴾ وَإِذَا حُشِرَ ٱلنَّاسُ كَانُوا۟ لَهُمْ أَعْدَآءً وَكَانُوا۟ بِعِبَادَتِهِمْ كَٰفِرِينَ ﴿٦﴾﴾ (الاحقاف) واتە : کـێ لـەو کەسـە گومڕاتـرە -جگـە لـە خـوا- شـتێ بپەرسـتێ ، کـە تـا رۆژی قیامـەت بـە دەنگیـەوە نایـەو وەڵامـی دوعـاو پاڕانـەوەی ناداتـەوە ئەوانـە لەپەرسـتن و هاوارەکـەش بـێ ئـاگاو غافڵـن..(٥) وە کاتـێ خەڵکـی کۆکرانـەوە بـۆ حیسـاب بتـەکان دەبـن بـە دوژمـن بـۆ بتپەرسـتەکان بـێ لـەوەش حاشـا لـە بتپەرسـتنەکەیان دەکـەن (٦) .

خـوای گـەورە دەفەرموێـت: ﴿وَيَوْمَ يَحْشُرُهُمْ جَمِيعًا ثُمَّ يَقُولُ لِلْمَلَٰٓئِكَةِ أَهَٰٓؤُلَآءِ إِيَّاكُمْ كَانُوا۟ يَعْبُدُونَ ﴿٤٠﴾ قَالُوا۟ سُبْحَٰنَكَ أَنتَ وَلِيُّنَا مِن دُونِهِم ۖ بَلْ كَانُوا۟ يَعْبُدُونَ ٱلْجِنَّ ۖ أَكْثَرُهُم بِهِم مُّؤْمِنُونَ ﴿٤١﴾﴾(سبأ) واتـە : بیـر لـەو رۆژە بکـەرەوە کـە خـوا هەمـوان پەرسـتراوو پەرسـتیار کـۆ ئەکاتـەوە، لەپاشـان بـۆ لۆمـەی پەرسـتیارەکان بەفریشـتەکان ئەڵێـت: ئاخـۆ ڕاسـتە ئەوانەبـوون ئێوەیـان ئەپەرسـت؟ بەفەرمانـی ئێـوە بـوو؟(٤٠) ئەوانیـش دەڵێـن: خوایـە! بێعەیبـی و پـاك و خاوێنـی لەهاوبـەش هـەر بـۆ تۆیـە، هـەر تـۆی گـەورەو پەرسـتراوو دۆسـتمان، نـەك ئـەوان نەخێـر، ئـەوان - بەشـی زۆریـان - جنۆکەیـان ئەپەرسـت و زۆربەیـان بـە جنییـەکان بڕوایـان هێنابـوو، واتـە: باوەڕیـان کـرد بـوو بـە وادەو بەڵێنیـان(٤١).

خـوای گـەورە دەفەرموێـت: ﴿وَإِذْ قَالَ ٱللَّهُ يَٰعِيسَى ٱبْنَ مَرْيَمَ ءَأَنتَ قُلْتَ لِلنَّاسِ ٱتَّخِذُونِى وَأُمِّىَ إِلَٰهَيْنِ مِن دُونِ ٱللَّهِ ۖ قَالَ سُبْحَٰنَكَ مَا يَكُونُ لِىٓ أَنْ أَقُولَ مَا لَيْسَ لِى بِحَقٍّ ﴿١١٦﴾﴾(المائدة) واتـە : ئـەو کاتـەش وە بیربێنـە کـە خـوای کارزان لـە رۆژی قیامەتـدا بـە عیسـای کـوڕی مەریـەم دەڵـێ: ئـەڕێ تـۆ بـەو خەڵکـەت گـوت کـە لـە جیاتـی خـوای تـاك و تەنیـا خـۆت و دایکـت بکەنـە دوو خـوا ؟! عیسـایش دەڵـێ: خوایـە ! مـن هەمیشـە تـۆ بـە پـاك و خاوێـن رائەگـرم و هەرگیزیـش بۆمـن ناشـێ شـتێکی ناراسـت و ناشـیاوی وا بەرامبـەر بـە تـۆ بڵێـم).

٩ - هـەر لەوانـە : ڕەددی خـوای گـەورە بـۆ موشـریکەکان کـەوا واسیتەیان کردووەتـە نێوان خۆیـان و خـوای گـەورە بـەوەی کە شـەفاعەت تەنهـا مولّکی خوایـە، داوا ناکرێـت تەنها لەو نەبـێ ، وە شـەفاعەتیش بـۆ هیچ کەسـێک ناکریت لای ئەو ئیللا بە ئیزنـی ئەو نەبێ ، لەپاش رازی بوونـی خـوای گـەورە لەوەی شـەفاعەتی بۆ دەکـرێ ، خوای گـەورە دەفەرموێت: ﴿ أَمِ ٱتَّخَذُواْ مِن دُونِ ٱللَّهِ شُفَعَآءَۚ قُلۡ أَوَلَوۡ كَانُواْ لَا يَمۡلِكُونَ شَيۡـٔٗا وَلَا يَعۡقِلُونَ ٤٣ قُل لِّلَّهِ ٱلشَّفَٰعَةُ جَمِيعٗاۖ لَّهُۥ مُلۡكُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِ ٤٤ ﴾ (الزمر) واتـە : ئاخـۆ راسـتە جگە لەخوا بتەکانیـان کردوتـە تـکاکار، شـەفاعەتیان بـۆ بکـەن لای خـودا؟! پێیـان بڵـێ ئـەی پێغەمبـەر (ﷺ) !: ئایـا ئەگـەر ئەوانـە هیچیشـیان بەدەسـت نەبـێ و لـە هیچیـش تێنەگـەن، هـەر دەیانپەرسـتن و دەیانکەنـە تـکاکار بۆخۆیـان ؟! (٤٣) بلـێ: لێبـوردن و بەخشـین و تـکاو شـەفاعەت سـەرلەبەر تەنهـا بـۆ خوایـە، هیـچ کەسـێکی دیکـە شـتێکی بـە دەسـت نیـە خاوەنێتـی ئاسـمانەکان و زەوی هـەر بـۆ ئـەوە ....(٤٤)).

خـوای گـەورە دەفەرموێـت: ﴿ مَن ذَا ٱلَّذِي يَشۡفَعُ عِندَهُۥٓ إِلَّا بِإِذۡنِهِۦۚ ٢٥٥ ﴾ (البقـرة) واتـە : کـێ بێـت- لـە ڕۆژی دواییـدا- بتوانـێ شـەفاعەت بـکات لای ئـەو، هەتـا ئـەو خـۆی مۆڵەتی نـەدا؟، دیـارە کـە هەتـا ئـەو خـۆی مۆڵـەت نـەدات ، هیـچ کەسـێك ناتوانـێ تکا بـکات) .

خوای گـەورە دەفەرموێـت: ﴿ ۞ وَكَم مِّن مَّلَكٖ فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ لَا تُغۡنِي شَفَٰعَتُهُمۡ شَيۡـًٔا إِلَّا مِنۢ بَعۡدِ أَن يَأۡذَنَ ٱللَّهُ لِمَن يَشَآءُ وَيَرۡضَىٰٓ ٢٦ ﴾ ((النجـم) واتـە : فریشـتەیەکی زۆر لە ئاسـمانەکاندا هـەن تکایان هیچ کەڵـك نابەخشـێ بـۆ پەرسـتیارەکانیان، مەگـەر ئەو بتانـەی ئێوە چـۆن تکایـان وەرئەگیردرێ بۆتـان ؟! مەگـەر پـاش ئـەوەی بـۆ هەرکەسـێك خـوا خـۆی بیـەوێ و رازی بێ مۆڵـەت بدات فریشـتە تـکای بـۆ بکات، ئـەوەش بۆ پیاوە راسـاڵ و سـاڵحەکان دەبێت).

جـا خـوای گـەورە لەم ئایەتانەدا ئـەوەی ڕوون کردوەتـەوە کەوا شـەفاعەت تەنها مولّکی خۆیـەتی، داوا ناکرێـت لـە هیـچ کـەس تەنهـا لەو نەبـێ ، وە هەرگیـز ڕوو نـادات ئیللا لەپاش ئیـزنی تـکاکار (شـافع) نەبـێ و رازی بـوون لەوەی شـەفاعەتی بۆ دەکرێ (المشـفوع له) .

١٠ - لەوانـە خـوای گـەورە ڕوونـی کـردەوە کـەوا ئـەو پەرسـتراوانە جگـە لـە خـوا هیـچ سـودێک ناگەیەنـن بەوانـەی دەیانپەرسـتن لەهەمـوو ڕوویەکـەوە، کەسـێکیش ئـەوە

حاڵـی بێـت شـایەنی پەرسـتن نییـە (بەکەڵکـی پەرسـتن نایـەت) ، هەروەکـو خـوا گـەورە دەفەرمووێـت: ﴿ قُلِ ٱدۡعُواْ ٱلَّذِينَ زَعَمۡتُم مِّن دُونِ ٱللَّهِ لَا يَمۡلِكُونَ مِثۡقَالَ ذَرَّةٖ فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَلَا فِي ٱلۡأَرۡضِ وَمَا لَهُمۡ فِيهِمَا مِن شِرۡكٖ وَمَا لَهُۥ مِنۡهُم مِّن ظَهِيرٖ ٢٢ وَلَا تَنفَعُ ٱلشَّفَٰعَةُ عِندَهُۥٓ إِلَّا لِمَنۡ أَذِنَ لَهُۥۚ ٢٣ ﴾ (سبأ) واتـە : ئـەی موحەممـەد(ﷺ) پێیـان بڵـێ: ئەوانـەی وا پێتـان وابـوو کـە خـوان و ئەتانپەرسـتن -جگـە لـە خـوا - دە ئێسـتا داوایـان لـێ بکـەن بـا خێـرو خۆشـیتان بـۆ فەراهـەم بێنـن و بـەڵاو نەهامەتتـان لـێ دوور بخەنـەوە خـۆ ئاشکراشـە کـە بـە ئەنـدازەی مێروولـەو وردیلەیـەك؛ یـا پرووشـێك دەسـەڵاتیان نییـە؛ نـە لـە ئاسـمانەکان و نـە لەزەوییـدا، تـا هاوکاریتـان بکـەن وە لەدروسـتکردنی ئاسـمانەکان و زەویشـدا هاوبەشـی خـوا نەبـوون پاڵپشـتی خـوا نەبـوون و یارمەتیشـیان نـەداوە(٢٢) و تکاکـردن لـە لای خـوا - لـەو رۆژی ناڕەحەتیـی و تـرس و لـەرزەدا - سـودی نابـێ، نـە بـۆ پەرەسـراوەکان و نـە بـۆ پەرسـتیارەکانیان، چونکـە لەنـاو دڵـە راوکـێ و بێزاریـدا بـوون، ئێسـتاش حەپەسـاو و چاوەڕوانـن تـا بزانـن خـوا مۆڵەتـی کـێ ئـەدا بـۆ تکاکـردن و کێـش تـکا بـکات؟ جـا ئـەو حاڵەتـە دژوارە هـەروا ئەمینێتـەوە و تـکاکار نابـێ، مـەر بـۆ کەسـێ خـوا مۆڵەتـی بـدا....(٢٣) .

١١ - لەوانـە خـوای گـەورە لـە قورئانـدا چەندیـن نمونـەی هێناوەتـەوە ناڕەوایـی و پووچەڵـی شـیرک ڕوون دەکاتـەوە، لەوانـە خـوای گـەورە دەفەرمووێـت:﴿ وَمَن يُشۡرِكۡ بِٱللَّهِ فَكَأَنَّمَا خَرَّ مِنَ ٱلسَّمَآءِ فَتَخۡطَفُهُ ٱلطَّيۡرُ أَوۡ تَهۡوِي بِهِ ٱلرِّيحُ فِي مَكَانٖ سَحِيقٖ ٣١ ﴾ (الحج) واتـە : و هـەر کەسـێك هـاوەڵ و هاوبـەش بـۆ خـوا دابنێـت وەکـو ئەوەیـە لـە ئاسـمانەوە بەربێتـەوە ‹بـۆ قوڵایـی زەویـی› کتوپـڕ هـەر لـە هـەواوە مـەل و پەلـەوەر لەسـەری ئامـادە بێـت و بیفڕێنـێ و پارچـە پارچـەی بـکات یاخـود بایەکـی بەهێـز و قـورس ببـا بـۆ جێگایەکـی دوورو چەپـەك و ملـی بشـکێنێ، ئـەوە نموونـەی کەسـێکە هـاوەڵ بـۆ خـوا دابنـێ، چونکـە لـە ئاسـۆی بـەرزی بـاوەڕەوە ئەکەوێتـە چاڵـی هـەرە خـواری تیـا چوونـەوەو جێگـەی قایمـی خـۆی لەدەسـت داوەو پەلـەوەر سـەری تـێ ئەکـەن) .

خـوای گـەورە تەوحیـدی بـە هـۆی بـەرزی و بەرێـزی و فـراوانی و شـەرەفی یـەوە بـە ئاسـمانی شـوبهاندووە، وە ئـەوەش وازی لـە تەوحیـد هێنـاوە شـوبهاندوویەتی بـەوەی کـە

لـە ئاسـمانەوە کەوتووەتـە خـواری خـوارەوە ، چونکـە لـە لوتکـەی بـەرزی ئیمانـەوە بـەرەو خـوارەوەی کوفـر ، وە ئـەو شـەیتانانەی کـە گومڕایـان کـردووە بەباڵندەیـەک کـە ئەندامـەکانی پارچـە پارچـە دەکات شـوبهاندووە ، وە ئارەزووەکـەی کـە لـە حـەق دووری دەکاتـەوە شـوبهاندوویەتی بـەو (با)یـەی کـە فرێـی دەدات بـۆ جێگایەکـی دوور .

ئەمـە یـەک نمونەیـە لـەو هەمـوو نمونـە زۆرەی خـوای گـەورە لەقورئانـدا باسی کـردووە ، بـۆ ڕوونکردنـەوەی پووچەڵـی شـیرک و خەسـارەتمەندی موشریـک لە دونیـاو دوارۆژدا .

ئـەوەی لـەم لێکۆڵینـەوەدا هێنامانـەوە بریتـی بـوون لـە شـێوازەکانی قورئـان لـە بانگەوازکـردن بـۆ تەوحیـدی (الالوهیـة)و پووچکردنـەوەی شـیرک ، کەمێـک بـوو لـە زۆر ، ئـەوەی پێویسـتە لەسـەر کـەسی موسـڵمان بخوێنێتـەوە بـە تێگەیشـتن و تێفکرینەوە ، بـۆ ئـەوەی خەیرێکـی زۆرو بەڵگەیەکـی رازیبەخشـی سـەملێنەر و حوججەیەکـی ڕوون و ئاشـکرای تێـدا بدۆزێتـەوە ، کـە عەقیـدەی تەوحیـد لـە دڵـی ئیماندارانـدا دەچەقێنـی و هەمـوو شـوبهەو گومانێـک لـە بـن هەڵدەکەنـێ.

ڕووداتی شیرك له تەوحیدی (الإلهیة)دا:

لەپـاش ئـەوەی کـەسی موسـڵمان حەقـی نـاسی وا پێویسـت دەکات لەسـەری دژەکـەشی بناسـێ کـە ناحەقـی و ناڕەوایـی یـە ، بـۆ ئـەوەی لێـی دوور بکەوێتـەوە ، هەروەکـو شـاعیر دەڵێـت[1] :_

عرفتُ الشرَّ لا للشَّـــ ـــرِّ لكـــن لتوقِّيهِ

ومن لا يعرف الشـــر من الخير يقع فيه

هەروەهـا حوزەیفـەی کـوڕی ئەلیەمـمان (ڕەزای خـوای لێبێـت) دەیفەرمـوو: (كَانَ النَّاسُ يَسْـأَلُونَ رَسُـولَ اللَّـهِ(ﷺ) عَـنِ الْخَـيْرِ ، وَكُنْـتُ أَسْـأَلُهُ عَـنِ الـشَّرِّ ، مَخَافَـةَ أَنْ أقـع فيـه)[2] واتە: خەڵکـی پرسـیاریان دەکـرد لـە پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) دەربـارەی خەیـر ، منیـش پرسـیارم لێ دەکـرد دەربـارەی خراپـە (شـەڕ) لەتـرسی ئەوەی نـەوەک تووشـم ببێت).

---

(١) من شعر أبي فراس الحمداني .

(٢) متفق عليه ، البخاري (٣٦٠٦) ومسلم (٤٧٦١) .

هەروەهـا ئەمیـری ئیمانـداران (عومـەری کـوڕی خەتتـاب) دەیفەرمـوو: (یوشـكُ أن تنقـضَ عـری الاسـلام عـروة عـروة إذا نشـأ في الاسـلام مـن لا یعـرف الجاهلیـة)[1] واتـە: خەریکـە وای لـێ دێـت گرییـەکانی ئیسـلام گـرێ گـرێ دەکرێنـەوە ئەگـەر کەسـانێک لەنـاو ئیسـلامدا دەرکەوتـن نەفامییـان نەناسـیەوە).

وە لـە پێـش ئـەوان ئیبراهیـم پێغەمبەر(علیه الصلاة والسلام) دەیفەرمـوو: ﴿رَبِّ ٱجۡعَلۡ هَٰذَا ٱلۡبَلَدَ ءَامِنٗا وَٱجۡنُبۡنِي وَبَنِيَّ أَن نَّعۡبُدَ ٱلۡأَصۡنَامَ ٣٥ رَبِّ إِنَّهُنَّ أَضۡلَلۡنَ كَثِيرٗا مِّنَ ٱلنَّاسِ ... ٣٦﴾(ابراهیـم) واتـە : ....ئـەی پـەروەردگارم! ئـەم شـارەی(مەککە)یە کـە کابـەی پیـرۆزی تێدایـە بکـە بەجێـی ئەمـن و ئاسـایش و حەوانـەوە بۆخەڵـك و گیانلەبـەران، خوایـە! خـۆم و کوڕەکانـم لەبتپەرسـتیی وە دوورخـە (٣٥) ئـەی پـەروەردگارم! بەڕاسـتی ئـەو بتانـە خەڵکێکـی زۆریـان سەرلێشـێواوو گومـڕا کـردووە.....٣٦) .

ئەمـەش تونـدی ترسـاندن لـە شـیرک و ناسـینەوەی پێویسـت دەکات و بـۆ ئـەوەی کـەسی موسـڵمان لێـی دوور بکەوێتـەوە.

شـــیرك : بریتییـە لـە ئەنجامدانـی هـەر جۆرێـک لەجۆرەکانـی پەرسـتن بـۆ جگـە لـە خـوا ، وەکـو دۆعـاو سـەربڕین و نـەزرو فریادرەسـی بـۆ جگـە لـە خـوا لەشـتێکدا هیـچ کەسـێک توانـای لەسـەر نییـە تەنهـا خـوا نەبـێ .

وە تەوحیدیـش : بریتییـە لـە بـە تاکدانـانی خـوای گـەورە لەپەرسـتندا، ئەمـەش (واتـا : عیبـادەت تەنهـا بـۆ خـوا) ئەصـل و بنەمایـە لـە بـەنی ئادەمـداو شـیرک کارێکـی تـازەو نـوێ یـە بەسـەر بـەنی ئادەمـدا هاتـووە ، خـوای گـەورە دەفەرموێـت: ﴿كَانَ ٱلنَّاسُ أُمَّةٗ وَٰحِدَةٗ فَبَعَثَ ٱللَّهُ ٱلنَّبِيِّـۧنَ مُبَشِّرِينَ وَمُنذِرِينَ وَأَنزَلَ مَعَهُمُ ٱلۡكِتَٰبَ بِٱلۡحَقِّ لِيَحۡكُمَ بَيۡنَ ٱلنَّاسِ فِيمَا ٱخۡتَلَفُواْ فِيهِ ٢١٣﴾ (البقـرة) واتـە : لەسـەرەتاوە هەمـوو خەڵـك یـەك دەسـتەو یـەك بـەرە بـوون، گشـت لەسـەر ئاینێکـی پـاك و راسـت و دروسـت بـوون، بەبـێ یەکـتر نەئەژیـان، ئینجـا خـوا پەیامبەرانـی نـارد موژدەدەربـن (بـە پاداشـت، بـۆ ئەوانەیـان بڕوایـان هەیـە) ترسـێنەریش بـن (بـۆ ئەوانەیـان، جیاوازیـی و ناکۆکـی دەکـەن) وە

---

(١) منهاج السنة النبویة (٢/ ٣٩٨ وَ ٤/ ٥٩٠) / مجموع الفتاوی (١٠/ ٣٠١ وَ ١٥/ ٥٤) .

کتێـب و نامـەی هـەق و ڕاستیشـی لەگـەڵ نـاردن؛ تـا ئـەوەی بوویـە کێشـەی نێوانیـان و ناکۆکیـی و دووبەرەکییـان تێیـدا هەبـوو، بۆیـان شـی بکاتـەوە، واتـە: نابـێ حوکمـی لابەلایـی بـۆ خـۆی بڕیـار بـداو هـەق و ناهـەق تێکـەڵ بـکا بەڵکـو پێویسـتە یاسـایەکی خوایـی ئـەو کارە بـکاو، هـەق وناهـەق لێـك بکاتـەوە) .

ئیـبن عەبـباس - ڕەزای خـوای لـێ بێـت - فەرموویـەتی : (**كَانَ بَـيْنَ آدَمَ وَنُـوحٍ عَـشَرَةُ قُـرُونٍ، كُلُّهُـمْ عَـلَى الاسـلام**)[1] واتـە : (لـە نێـوان ئـادەم و نووحـدا دە سـەدە بـووە، هەموویـان لەسـەر ئیسـلام بـوون) .

(ابن القيم) دەڵێت : (ئەمە قسەی تەواوو پەسەندە دەربارەی ئایەتەکە هاتبێت) .

جا ئەم قسەیە (ابن كثير)یش پشت ڕاستی کردووەتەوە[2].

وە یەکـەم شـیرکێک لەزەویـدا ڕووی دا بێـت لـە قەومـی نووحـدا بـووە ، کاتـێ زیـادە ڕەوییـان کـرد لـە پیاوچاکانـدا ، ﴿ وَقَالُواْ لَا تَذَرُنَّ ءَالِهَتَكُمۡ وَلَا تَذَرُنَّ وَدّٗا وَلَا سُوَاعٗا وَلَا يَغُوثَ وَيَعُوقَ وَنَسۡرٗا ٢٣ ﴾ (نوح) واتـە : پیـاو خراپـە زلـە زلەکانیـان بـە شـوێنکەوتووەکانیان گـوت: قـەت واز لـە خواکانتـان مەهێنـن!! وە واز لـە (وەدد)و(سـوواع)و (یەغـووس)و (یەعـووق) و (نەسر)یـش مەهێنـن).

ئیمامـی بوخـاری لە (صحیح)ەکەیدا لە (ئیبن عەبباس)ەوە ڕیوایەتـی کردووە و دەفەرموێ : (**هـذه أَسْـمَاءُ رِجَـالٍ صَالِحِـينَ مِنْ قَـوْمِ نُوحٍ فَلَمَّا هَلَكُوا أَوْحَى الشَّـيْطَانُ إِلَى قَوْمِهِـمْ أَنْ انْصِبُوا إِلَى مَجَالِسِـهِمْ الَّتِـي كَانُـوا يَجْلِسُـونَ فيها أَنْصَابًا وَسَـمُّوهَا بِأَسْـمَائِهِمْ فَفَعَلُوا فَلَمْ تُعْبَـدْ حَتَّى إِذَا هَلَـكَ أُولَئِـكَ ونسي الْعِلْـمُ عُبِـدَتْ**)[3] واتـە : ئەمـە نـاوی پیاوچاکانـە لـە قەومەکـەی (نوح) جا کاتێـک کۆچـی دواییـان کـرد ، شـەیتان خسـتیە دڵ قەومەکەیانـەوە : لـە ناو مەجلیسـەکانیاندا -کـە تیایـدا دادەنیشـتن- پەیکەرێک (بتێک) دابمەزرێنن و دروسـتی بکەن و بـە ناوی خۆیانەوە نـاوی بنـەن ، ئەوانیـش کردیان ، جا هێشـتا نەیاندەپەرسـت تاوەکو ئەوان بـە هەلاکەتدا چوون و زانسـت و زانیـاری لـە بیر کـرا ئەمجار ئەوانە پەرسـتران).

---

(١) أخرجه ابن جرير في تفسير : سورة البقرة ، آية (٢١٣) .

(٢) انظر : تفسير ابن كثير سورة القبرة آية (٢١٣) (٢٣٧/١) .

(٣) أخرجه البخاري (٤٩٢٠) .

پێشـەوا (ابـن القیـم) -ڕەحمەتـی خـوای لـێ بێـت - دەفەرموێـت: لـە یەکێـک زیاتـر لـە سـەلەف فەرموویانـە : کاتـێ ئـەوان مـردن ، لـە سـەر قەبـری ئـەوان دەمانـەوە و رادەوەسـتان ، ئەمجـار پەیکەریـان لـە سـەر وێنـەی ئـەوان دروسـت کـرد ، ئەمجـار ماوەیەکـی زۆر بـە سـەریاندا تێپـەڕی و ئەوانیـان پەرسـت)[1] .

جـا لـەم ئەسـەرەوە کـە ئیمامی بوخـاری ریوایـەتی کردووە لە ئیـبن عەبباسـەوە دەربارەی زیـادەڕەوی قەومـی نـوح لـە پیاوچاکانـداو وینەکێشـانی ئـەوان و ئەمجـار پارێـزگاری کـردن لـە وێنەکانیـان و دانـان و دامەزرانـدنی ئـەو وێنـەو پەیکەرانـە لـە مەجلیسـەکانیاندا کـە تێیـدا دادەنیشـت ، لەمـەوە مەتـرسی وێنـەو ڕەسـمان بـۆ دەردەکەوێـت و مەتـرسی هەڵواسـینی وێنـە بـە دیوارەکانـداو مەتـرسی دانـان و دامەزرانـدنی ئـەو پەیکەرانـە لەگۆڕەپـان و شـەقامەکاندا ، ئەمـەش خەڵکـی بـەرەو شـیرک دەبـات ، بەشـێوەیەک وای لـێ دێـت ئـەو وێنـەو پەیکەرانـە بەمـەزن بزانرێـت ، ئـەوەش بـەرەو پەرسـتنیان دەیبـات هەروەکـو لـە قەومەکـەی نوحـدا ڕوویـدا.

بۆیـە ئیسـلام حـەرام بـوونی وێنەکیشـانی لەگـەڵ خۆیـدا هێنـاوەو لەعنـەتی کـردووە لـە وێنەگـرەکان (وێنەکێشـەکان) و بـە تونـدترین هەڕەشـە هەڕەشـەی لـێ کـردوون ، وە ئەوانیـش تونـدترین سـزایان بـۆ هەیـە لـەڕۆژی قیامەتـدا، وەکـو داخسـتنی دەرگایـەک بـەرەو شـیرک ، وە دوور کەوتنـەوە لـە لەیەکچوانـدنی دروسـتکردنەکانی خـوای گـەورە.

لـەم چیرۆکـەوە درکـی ئـەوە دەکەیـن کـەوا شـەیتان چەنـد سـوورە لەسـەر لەخشـتە بـردنی بـەنی ئـادەم و فێـڵ کـردن لێیـان ، وە ئـەو شـەیتانە ڕەنگـە لـە لایـەنی سـوود وەرگرتـن لـە سـۆزی خەڵکـی و بانگەشـەی هانـدان بـۆ خەیـرو چاکـە بـۆ لای کـەسی ئیمانـدار دێـت، شـەیتان کاتـێ بینـی کـەوا قەومـی نـوح هۆگـری پیاوچـاکان بـون و ئەوانیـان خۆشویسـت ، بانگـی ئـەوەی کـردن کـە زیـادەڕەوی بکـەن لـەم خۆشەویسـتییەدا ، بـە شـێوەیەک فەرمانی پێکـردن بـە دانـانی وێنـەو پەیکـەری ئـەوان وەکـو یادخسـتنەوەیەکی ئـەوان ، وە ئامانجیشی ئەوەبـوو کـە بـە پلەپلـە لـە حەقـەوە دەریـان بـکات بـۆ گومڕایـی، ئـەو تەنهـا تەماشـای ئەوانـەی ئـەو کاتـەی نەدەکـرد بەڵکـو ئـەو دووربیـن بـوو بـۆ نـەوەکانی پـاش ئـەوان، کـەوا

---

(١) إغاثة اللهفان (٢٣٧/١) .

عیلمیـان تێـدا کـەم بووەتـەوەو جەهـل و نەفامـی لـە ناویانـدا بڵاوبووەتـەوە، ئەمجـار پەرستنی ئـەو وێنانـەی لا جـوان کـردەوەو ئـەوانی خسـتە نێـو شـیرکی گـەورەوە، ئەمجـار بەرانبـەر بـە پێغەمبەرەکـەی خۆیـان گـرت و وتیـان : ﴿لَا تَذَرُنَّ ءَالِهَتَكُمْ ﴿٢٣﴾﴾

پێشـەوا (ابـن القیـم) - ڕەحمەتـی خـوای لـێ بێـت - دەفەرمووێـت: (شـەیتان یـاری بـە موشریکـەکان کـردووە لـە بـت پەرسـتیدا ، بـە هـەر قەومـەو بەپێـی عەقڵـی خۆیـان ، کۆمەڵێکیـانی بانـگ کـرد بـۆ پەرسـتن لـە ڕووی بـە مـەزن زانینـی مـردووەکان کـە وینەیـان کێشـابوو ، هەروەکـو لـە قەومـی نوحـدا ڕوویـدا، ئـەم هـۆکارەش زاڵـە بەسـەر هـۆکارەکانی تـردا لای عەوامـی موشریکـەکان ، بـەڵام تایبەتەکانیـان بـت پەرسـتییان کـرد لەسـەر شـێوەی ئەسـتێرەی کاریگـەر لەجیهانـدا بەپێـی قسـەی خۆیـان ، جـا بـۆ ئەوانـە خانوویـان دروسـت کـرد و مجـەوەرو دەرگاوانیـان دانـا و قوربانیـان دەکـرد ، ئەمـەش لەدونیـادا هێشـتا هـەر مـاوە لـە کـۆن و تـازەدا ، ئەصـل و بنەمـای ئـەم مەزهەبـەش لـە موشریکـە (صابئـە) کانـەوە هاتـووە ، کـە ئەوانیـش قەومەکـەی (ئیبراهیـم) بـوون، کـە تێڕوانینـی لەگـەڵ کـردن دەربـارەی پووچەڵـی شـیرکەکەیان و شـکاندنی حوججەکەیـان بـە عیلمەکـەی خـۆی و شـکاندنی بتەکانیـان بەدەسـتی خـۆی ، بۆیـە ئەوانیـش داوای سـوتاندنی (ئیبراهیم)یـان کـرد ، کۆمەڵێکـی تریـان بـۆ مانـگ بتێکیـان دانابـوو ، باوەڕیـان وایـە کـەوا ئەوانـە شایسـتەی پەرسـتنن، بەرێوەبـردنی جیهـانی خـوارەوەی بەدەسـتە، وە کۆمەڵێکـی تـر ئاگر دەپەرسـتن کە ئەوانیـش مەجوسـن وە کۆمەڵێکـی تـر ئـاو دەپەرسـتن و کۆمەڵێکـی تـر ئـاژەڵ دەپەرسـتن ، کۆمەڵێکیـان ئەسـپیان دەپەرسـت و کۆمەڵێـک مانـگا و کۆمەڵێـک مرۆڤـی زینـدوو یـان مـردوو دەپەرسـتن و کۆمەڵێـک جنۆکـە دەپەرسـتن ، وە کۆمەڵێـک درەخـت دەپەرسـتن و کۆمەڵێـک فریشـتە دەپەرسـتن)[1] لێـرەدا قسـەکەی ابـن القیـم تـەواو دەبێـت.

لـەوەوە مانـای ئـەو ئایەتـە بەجـوانی تێدەگـەیـن ، خـوای گـەورە دەفەرمووێـت: ﴿وَمَن يُشْرِكْ بِٱللَّهِ فَكَأَنَّمَا خَرَّ مِنَ ٱلسَّمَآءِ فَتَخْطَفُهُ ٱلطَّيْرُ أَوْ تَهْوِى بِهِ ٱلرِّيحُ فِى مَكَانٍ سَحِيقٍ ﴿٣١﴾﴾ (الحـج) واتـە : وە هەرکەسـێك هـاوەڵ و هاوبـەش بـۆ خـوا دابنێـت وەکـو ئەوەیـە لـە ئاسـمانەوە بەربێتـەوە «بـۆ قوڵایـی زەویـی» کتوپـڕ هـەر لەهـەواوە مـەل و پەلـەوەر لەسـەری

---

(١) الكافية الشافية النونية للامام ابن القيم بشرح العلامة احمد بن عيسى الشقيري .

ئامـادە بێـت و بیفرێنـێ و پارچـە پارچـەی بـکات یاخـود بایەکـی بەهێـز و قـورس بیبـا بـۆ جێگایەکـی دوورو چەپـەك و ملـی بشـکێنێ، ئـەوە نموونـەی کەسـێکە هـاوەڵ بـۆ خـوا دابنـێ، چونکـە لەئاسـۆی بـەرزی بـاوەڕەوە ئەکەوێتـە چاڵـی هـەرە خـواری تیاچوونـەوەو جێگـەی قایمـی خـۆی لەدەسـت داوەو پەلـەوەر سـەری تـێ ئەکـەن) .

خـوای گـەورە دەفەرموێـت:﴿ يَٰصَٰحِبَيِ ٱلسِّجۡنِ ءَأَرۡبَابٞ مُّتَفَرِّقُونَ خَيۡرٌ أَمِ ٱللَّهُ ٱلۡوَٰحِدُ ٱلۡقَهَّارُ ﴿٣٩﴾ مَا تَعۡبُدُونَ مِن دُونِهِۦٓ إِلَّآ أَسۡمَآءٗ سَمَّيۡتُمُوهَآ أَنتُمۡ وَءَابَآؤُكُم مَّآ أَنزَلَ ٱللَّهُ بِهَا مِن سُلۡطَٰنٍۚ إِنِ ٱلۡحُكۡمُ إِلَّا لِلَّهِۚ أَمَرَ أَلَّا تَعۡبُدُوٓاْ إِلَّآ إِيَّاهُۚ ذَٰلِكَ ٱلدِّينُ ٱلۡقَيِّمُ وَلَٰكِنَّ أَكۡثَرَ ٱلنَّاسِ لَا يَعۡلَمُونَ ﴿٤٠﴾ ﴾ (یوسف) واتـە : ئـەی هـەر دوو هاوڕێـی بەندیخانەکـەم! ئاخـۆ چەنـد خوایەکـی جیـا جیـا بپەرسـترێن باشـترە یـان هـەر یـەك خـوای تـاك و تەنیـاو زاڵ و بـە دەسـەڵات بەسـەر هەمـوو شـتێکدا؟(٣٩) ئـەوەش بزانـن ئەوانـەی ئێـوە ‹بـەدەر لەخـوا› دەیانپەرسـتن چەنـد (ناو)ێکـی بـێ ناوەڕۆکـن و ئێـوەو بـاوو باپیرانتـان بەئـارەزووی خۆتـان ناوتاننـاون و کردووتانـن بـە خـوا! خـوا هیـچ بەڵگەیەکـی بـۆ راسـتی پەرسـتنی ئەوانـە نەنـاردووە. گشـت حوکـم و بڕیارێـك تەنهـاو تەنهـا هـی خوایـە، دەبـێ تەنهـا ئـەو حاکـم و بڕیـار بەدەسـت بێـت ، فەرمانیـداوە کـە: ئێـوە دەبـێ تەنهـا ئـەو بپەرسـتن و گوێرایەڵیـی هـەر لـەو بکـەن، هـەر ئـەو ئاییـن و دینـە راسـت و ڕەواو پایـەدارە، کـە بانگتانـم کـرد بـۆی، دەسـا وریـاو بەئاگابـن و شـوێنی بتـان مەکـەون ، بـەڵام زۆربـەی ئـەو مەردمـە نازانـن ئاییـنی یەکخواپەرسـتی راسـت و ڕێکـە(٤٠)

خـوای گـەورە دەفەرموێـت: ﴿ ضَرَبَ ٱللَّهُ مَثَلٗا رَّجُلٗا فِيهِ شُرَكَآءُ مُتَشَٰكِسُونَ وَرَجُلٗا سَلَمٗا لِّرَجُلٍ هَلۡ يَسۡتَوِيَانِ مَثَلًاۚ ... ﴿٢٩﴾ ﴾ (الزمر) واتـە : خـوا نموونەیەکـی هێناوەتـەوە بـە پیاوێـك بەنـدەی چەنـد کەسـێك بـێ و هەریەکەشـیان کارێکـی پـێ بسـپێرێ: ئـەم پێـی بڵـێ بـڕۆ، ئەویکەیـان بڵـێ مـەڕۆ. نموونەیەکیشـی هێناوەتـەوە بەپیاوێکیـتر، بەنـدەی تاقـە کەسـێك بـێ، هـەر ئـەو کەسـە سەرپەرشـتی بکات ئاخۆ ئـەو دووانە لە خۆشـحاڵیی و دڵخۆشـیی و بەر چاو ڕوونیـدا یەکسـانن؟ دیارە یەکسـان نیـن، جا مرۆڤێکی یەکتاپەرسـتیش لەگـەڵ موشریکێکدا کە چەنـد بتێـك بپەرسـتێ ئاوایـە، موسـڵمانەکە لەیـەك لاوە بڕیاری بـۆ دەردەچێت و دڵیشـی زور ئاسـوودەیە، بەڵام موشریکەکە لە لاوە ئاراسـتە دەکرێ و سـەرەنجام سـەری لێ تێکدەچێ!!) .

جـا ئـەو موشریکانـە کاتـێ وازیـان لەپەرسـتنی خـوای تـاک و تەنهـا و بـێ شـەریک هێنـا، کـە هـۆو مەبەسـتی دروستکردنی ئەوانـەو هـۆی بەختـەوەری ئەوانـە، بـە پەرسـتنی شـەیتانەوە ئیبتـلا بـوون، ئـارەزوو و شـەهەوات تەفریقـەی پـێ کـردن ، هەروەکـو پێشـەوا (ابـن القیـم) - رەحمەتـی خـوای لـێ بێـت - دەفەرمویـت[1] :

هَربوا من الرِقِّ الذي خُلِقوا لهُ فبُلوا بِرِقِّ النفسِ والشيطان[2]

بـاش بزانـن کـە کۆبوونـەوەو یەکگرتنـی دڵـەکان و چاکسـازی جیهـان بەرپـا نابێـت ئیـلـا بـە تەوحیـد نەبـێ ، هەروەکـو چـۆن خـوای گـەورە دەفەرمووێـت: ﴿أَمِ ٱتَّخَذُوٓاْ ءَالِهَةً مِّنَ ٱلۡأَرۡضِ هُمۡ يُنشِرُونَ ٢١ لَوۡ كَانَ فِيهِمَآ ءَالِهَةٌ إِلَّا ٱللَّهُ لَفَسَدَتَاۚ فَسُبۡحَٰنَ ٱللَّهِ رَبِّ ٱلۡعَرۡشِ عَمَّا يَصِفُونَ ٢٢﴾ (الانبیاء) واتـە : ئاخـۆ ئـەو خوانەناسـانە چەنـد خوایەکیـان لـە سـەرزەویدا بـۆ خۆیـان پەیـدا کـردووە، ئـەوان مـردووان زینـدوو دەکەنـەوە نـا، بەڵکـو چەنـد خوایەکـی بـێ گیانـی بـێ دەسـەڵاتیان هەڵبـژاردووە!! (٢١) گریـمان ئـەر لەئاسـمان و زەوی چەنـد خـواو پەرسـتراوێکی هـەق -غەیـرە خـوا- بەهـەق هەبوبـا وەك ئـەوان پێیـان وایـە بـێ شـك ئاسـمان و زەویـی تێـك ئەچـوو چونکـە سـەرەنجام سـەری ئەکێشـا بـۆ ئـاژاوەو کێشـمانکێش جـا پـاك و خاوێنـی و بـەرزو بڵنـدی هـەر بۆ خـوای پـەروەردگاری عەرشـە، لـەو بـاس و خواسـانە ئـەوان وەسـفی خـوای پێدەکـەن: هاوبـەش و هاوەڵـی بـۆ دائەنێـن، (٢٢) .

بۆیـە ئەگـەر زەوی خاڵـی بـوو لـە تەوحیـد ئـەوا قیامـەت بەرپـا دەبێـت ، هەروەکـو ئیمامـی موسـلیم لـە پێغەمبـەری خـوداوە(ﷺ) ریوایـەتی کـردووە و دەفەرمووێـت: ((**لاَ تَقُـومُ السَّـاعَةُ حَتَّـى لاَ يُقَـالَ فِي الأَرْضِ : اللـه اللـه**))[3] واتـە : قیامـەت هەڵناسـێت تاکـو لـە سـەر زەویـدا کـەس نامێنێـت بڵێـت: اللـه اللـه)) .

---

(١) متن القصيدة النونية .

(٢) لە دەستی ئەو بەندایەتییە هەڵاتن کە لە پێناویدا دروست کراون (بەندایەتی بۆ خوا) ، کەچی بە بەندایەتی نەفس و شەیتان ئیبتلا بوون .

(٣) أخرجه مسلم (٣٧٣) .

هـەر لـە نمونـەی جیـاوازی موشریکەکانی سـەردەمی کۆن لە پەرسـتن و پەرسـتراوەکانیاندا جیـاوازی گۆڕپەرسـتەکانی ئەمڕۆیـە لەپەرسـتنی گۆڕەکانـدا، هـەر یەکـە لەوانـە مەرقەدێکی تایبەتـی بـە خـۆی هەیـە بـە هەمـوو جـۆرەکانی پەرسـتن خۆی لـەوان نزیـک دەکاتـەوە ، وە هـەر تەریقەتێـک لەتەریقـەتی صۆفییـەکان شـەیخێکی هەیـە ، موریدەکانیـان کردوویانەتـە خـوا جگـە لـە خـوا ، شـەرعیان بـۆ دادەڕێـژن لەکاتێکـدا خـوای گـەورە ئیـزنی لەسـەر نەداوە.

ئـا بـەم شـێوەیە شـەیتان بـە بـەنی ئـادەم یـاری دەکات ، هەرگیـز بـە هیـچ شـێوەیەک دەربازبـوون لـە خراپـەو فێڵـی ئـەودا نییـە ئیللا بـە تەوحیـدو دەسـت گرتـن بـە کیتـاب و سـوننەتی پێغەمبـەرەوە(ﷺ) نەبـێ.

داوا لەخـوای گـەورە دەکەیـن کـەوا حـەق و راسـتیمان بەحـەق پـێ نیشـان بـدات و شـوێنکەوتنی بـە قسـمەتمان بـکات و نارەوایـی و ناحەقیـمان بەناحەقـی پیشـان بـدات و دوورکەوتنـەوە لێـی بـە قسـمەتمان بـکات هـەر خـۆی پشـت و پەنامـان و باشـترین و چاکتریـن پشـتیوانە بۆمـان.

مەترسی شیرك و واجیب بوونی وریابوونەوە لێی بە دوورکەوتنەوە لە هۆکارەکانی:

شیرک گەورەترین تاوانە، چونکە خوای گەورە خۆی هەواڵی پێداوین کەوا هیچ لێخۆشبوونێک نییە بۆ ئەو کەسەی تەوبەی لێ نەکردبێت، هەر چەندە خوای گەورە رەحمەتی لەسەر خۆی نوسیوە، ئەمەش وا پێویست دەکات بۆ بەندەکان زۆر ئاگادری بن و زۆر بترسن لە شیرک کە ئەمە باس و کاری ببێت، وایە لێ بکات کە هەوڵ بدات بۆ ناسینەوەی بە مەبەستی خۆپاراستن لێی ، چونکە نابوترین شتی نابوتەوە و ستەمترین ستەمە، خوای گەورە دەفەرموێت:﴿ إِنَّ ٱلشِّرۡكَ لَظُلۡمٌ عَظِيمٞ ١٣ ﴾ (لقمان) واتە : بەڕاستی شەریك و هاوبەشدانان بۆ خوا، ستەمێکی گەورەیە لەهەموو تاوانێك گەورەترەو، هەرگیز بێ تەوبە قابیلی عەفوو لێبوردن نیە).

چونکە ئەوە بە راستی کەمکردنەوەی خوای گەورەی تێدایەو یەکسانبوونی خوای گەورەی تێدایە بە جگە لە خۆی ، خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ بِرَبِّهِمۡ يَعۡدِلُونَ ١ ﴾ (الانعام) واتە : کەچی لەگەڵ ئەوەیشدا ئەوانەی کە کافرو بێ باوەڕن، دێن هاوبەش بۆ پەروەردگاریان دادەنێن و بتان ئەکەنە هاوبەش بۆی!؟ کە بەراستیی ئەمەیشیان لە هەموو شتێ زیاتر جێگەی سەرسوڕمانە!) .

هەروەها دەفەرموێت: ﴿ فَلَا تَجۡعَلُواْ لِلَّهِ أَندَادٗا وَأَنتُمۡ تَعۡلَمُونَ ٢٢ ﴾ (البقرة) واتە : جا کەوا بوو ئێوەش چاك بیپەرستن و هیچ جۆرە هاوبەشێکی بۆدامەنێن و تەنها یاساو بەرنامەکەی ئەو وەرگرن دەخۆ خۆیشتان چاك دەزانن کە ئەوجۆرە بتانە هیچیان بەدەست نیەو تەنها خوای گەورەیە ڕۆزیی و دارایی و سامانتان دەداتێ).

هەروەها چونکە شیرک بۆ خوای گەورە پێچەوانەی مەبەستی دروست کردن و فەرمانی خوایە لەهەموو رووپەکەوە ، هەرکەسێ شەریک بڕیار بدات ئەوا دروستکراوی شوبهاندووە بەدروستکارەکەی ، وە نابوترین لێکچواندن لێکچواندنی زاتێکی بێ دەسەڵات و هەژار بە زاتێکی بەتواناو دەوڵەمەندو بێ نیاز لە هەموو دروستکراوەکان.

پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) ئوممەتەکـەی ئـاگادر کردووەتـەوە لەشـیرک و داخسـتنی هـەر ڕێگایـەک کـە بـەرەو شـیرک بچێـت، خـوای گـەورە پێغەمبـەر محمـدی (ﷺ) ڕەوانـە کـرد لە کاتێکـدا حاڵـی عـەرەب -بەڵکـو حاڵـی هەمـوو سـەر زەوی -لەخراپتریـن حاڵـدا بـوون ئیللا کەمێکـی کـەم لـە ئەهـلی کیتـاب نەبـێ ، هەروەکـو خـوای گـەورە دەفەرمووێـت: ﴿لَقَدْ مَنَّ ٱللَّهُ عَلَى ٱلْمُؤْمِنِينَ إِذْ بَعَثَ فِيهِمْ رَسُولًا مِّنْ أَنفُسِهِمْ يَتْلُواْ عَلَيْهِمْ ءَايَـٰتِهِۦ وَيُزَكِّيهِمْ وَيُعَلِّمُهُمُ ٱلْكِتَـٰبَ وَٱلْحِكْمَةَ وَإِن كَانُواْ مِن قَبْلُ لَفِى ضَلَـٰلٍ مُّبِينٍ ﴿١٦٤﴾﴾(آل عمـران) واتـە : بێگومـان خـوا منەتـی نـا بەسـەر باوەڕدارانـدا، چونکـە هـەر لـە خۆیـان پەیامبەرێکـی میهرەبـان و دلۆڤانـی بـۆ نـاردن، هەتـا بـە ئاسـانی وتووێـژی لەگـەڵ بکـەن و لێـی تێبگـەن ئایەتەکانـی خوایـان بەسـەرا دەخوێنێتـەوەو دڵ و دەرونیشـیان لەهـەر ئاکارێکـی دزێـوو خـراپ پاکـژ دەکا و فێـری قورئـان و حیکمـەت و فەرموودەکانیشـیان دەکات بـێ شـک بەرلەهاتنـی ئـەو پێغەمبـەرە(ﷺ)، سـەر لێشـێواو بـوون و هیـچ شـتێکیان نەدەزانـی و زۆریـش بەدخـوو بـوون و دارو بەردیـان دەپەرسـت، کچیـان زینـدە بەچـاڵ دەکـرد، بـە ژنـان سـووکایەتییان ئەکـرد، بـێ سـنوور مەیـی و شـەرابیان دەخـواردەوە) .

لەم کاتەدا خەڵکی لە نێو کۆمەڵێکی بتپەرسـتی سەرسـامدا بوون ، لەبەردی تاشراو و بتی دانـراو خوایـان بۆ خۆیان دروسـت دەکـرد بە تەنیشـتیانەوە دەمانـەوەو ئیعتیکافیان دەکردو بەدەوریدا دەسـوڕانەوەو خۆیان لێیان نزیک دەکردەوە بە قوربانی و بە بەنرختریـن سـامانیان بەڵکـو تەنانـەت بـە منداڵەکانیـان ، هەروەکـو خـوای گـەورە دەفەرمووێـت: ﴿وَكَذَٰلِكَ زَيَّنَ لِكَثِيرٍ مِّنَ ٱلْمُشْرِكِينَ قَتْلَ أَوْلَـٰدِهِمْ شُرَكَآؤُهُمْ لِيُرْدُوهُمْ وَلِيَلْبِسُواْ عَلَيْهِمْ دِينَهُمْ ﴿١٣٧﴾﴾ (الانعام) واتـە : شـەیاتینەکان هـەروەك ئـەو کارەیـان بـۆ ئـەو موشریکانـە رازانـدەوە، هـەروا (بتەوانـە) موشرکەکانیـش وایانکـرد کـە زۆرێ لـە هاوبیرەکانیـان کوشـتنی منداڵەکانیـان لا جـوان و پەسـەندبێت ! بۆیـە دەیانتوانـی کێژەکانیـان زینـدە بەچاڵبکـەن بۆ ئـەوە لەناویـان بـەرن و بـۆ ئـەوە ئایینەکەیانیـان لێ بشـێوێنن).

کۆمەڵێکـی تـری -ئەهـلی کیتـاب- : یـان نەصرانییەتێکـی سەرسـام ڕێـگا راسـتەکەی بـزر کـردووەو سـێ خوایـان بـۆ خۆیـان دانـاوەو زانـاو ئەحبارەکانیـان کردووەتـە خـودا لەجگـە خـودا دەیانپەرسـتن.

وە یـان یەهودییەتێکـی روخێنەر کە لەسـەر زەویدا فەسـادو خراپـەکاری بڵاو دەکردەوەو ئاگـری فیتنەیـان هەڵگیرسـاندو پەیـمان و عەهدی خوایـان پووچەڵ کردەوەو بـە دەقەکان و کیتابەکەیـان یاریـان کـردو تـا وای لێ هات لـە جێگای خـۆی تەحریفیان کرد.

کۆمەڵـی سـێیەم ئەوانیـش مەجوسـن کـە ئاگـر دەپەرسـتن و دوو خوایـان بـۆ خۆیـان دانـاوە (باوەڕیـان بـەدوو خـوا هەیـە) یەکێکیـان دروسـتکاری خەیـرەو دووەمیـان دروسـتکاری شـەڕو خراپەیـە بـە قسـەی خۆیـان.

کۆمەڵـەی چـوارەم ئەوانیـش (صابئـە)کان بـوون ئەوانـەی ئەسـتێرەو هەسـارەکانیان دەپەرسـت و باوەڕیـان وابـوو ئەوانـە کاریگەرییانـە لەسـەر زەویـدا هەیـە.

کۆمەڵـەی پێنجـەم ئەوانیـش (دهرية)کانـن ، ئەوانـەی کـە بـە هیـچ دینێـک دینـداری ناکـەن و باوەڕیـان بـە زیندووبونـەوەو لێپرسـینەوە نییـە.

ئەمـە حاڵـی خەڵکـی سـەر زەوی بـوو لـە کاتی رەوانـە کـردنی پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) ، لـە نێـو نەفامـی نەفامـەکان و گومڕایـی نابیناکان، جـا خـوای گـەورە بـەو پێغەمبـەرە(ﷺ) هـەر کەسـێ بانگەوازەکـەی وەرگـرت و وەڵامـی دایـەوە لـە تاریکسـتانەوە رزگاری کـردن بـۆ روناکـی ، وە دینـە پاکـە راسـتەکەی میللـەتی (ئیبراهیـم)ی گەڕانـدەوەو بتـەکانی شـکاندو نەهـی لـە شـیرک کـردو هەمـوو رێگایـەک بیگەیەنێتـە شـیرک ئـەوا ئـەو دایخسـت.

ئەمـەش باسـی رووبەرووکردنـەوەی هـۆکارە گفتـی و کردارییەکانـە کـەوا پێغەمبـەری خـوا (ﷺ)نەهـی لـێ کـرد چونکـە بـەرەو شـیرک دەچێـت:_

١- پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) نەهـی کـرد لـە وتنـی ئـەو گفتانـەی کـە یەکسـان بوونـی تێدایـە لـە نێـوان خـواو دروسـتکراوەکانیدا، بـۆ نمونە:_(مـا شـاء اللـه وشـئت) واتـە : ئەگـەر خـواو تـۆ ویسـتتان لەسـەری ببێـت، (لـولا اللـه وانـت) واتـە : ئەگـەر خـواو تـۆ نەبوایـەن .... لـە نمونـەی ئەوانـە ، وە فەرمانـی کـردووە لـە جیاتـی ئەوانـە بگوترێـت: (مـا شـاء اللـه ثـم شـئت)[1] واتـە : خـوای گـەورە ویسـتی لـێ بـوو ئەمجـار تـۆ ویسـتت لەسـەری بـوو) . چونکـە پیتـی (واو) یەکسـان بـوون لـە خـۆ دەگرێـت و پیتـی (ثـم) ریزبەنـدی و لـەدوای

---

(١) أخرجه أحمد (٢٧٦٣٣) والنسائي (٣٧٨٢) .

یـەک لـە خۆدەگرێـت ، جـا ئـەم یەکسـان بوونـە لەگفـت و وتنـەدا ئـەوا شـیرکی بچوکـە، ئەویـش هـۆکار و وەسـیلەیەکە بـۆ شـیرکی گـەورە.

٢- پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) نەهـی کـردووە لـە زیـادەڕەوی لـە بـە مـەزن دانانـی قەبـرەکان ، بەدروسـت کردنـی بینـا لەسـەری و رووناککردنـەوەو هەڵگرتـن و نوسـین لـە سـەری[١] .

٣- پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) نەهـی کـردووە لـەوەی گـۆڕەکان بکرێنـە مزگەوت (جـێ نوێژگە) و بـە مەبەسـتی نوێژکـردن لـە نزیکیـدا[٢] چونکـە ئەوە هـۆکار و وەسـیلەیە بۆ پەرسـتنی.

٤- پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) نەهـی کـردووە لـە نوێژکـردن لەکاتـی خۆرهەڵاتنـدا یـان ئاوابوونـدا[٣] ، چونکـە ئەمـە شـوبهاندنی تێـدا بـەدی دەکرێـت بـەو کەسـانەی کە سـوژدەی بـۆ دەبـەن لـەو کاتانـەدا.

٥- پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) نەهـی کـردووە لـە سـەفەرکردن بـۆ جێگایـەک لـە جێـگاکان بـە مەبەسـتی خـۆ نزیـک کردنـەوە لەخـوای گـەورە تێیـدا بـە پەرسـتن، ئیلـا بـۆ ئـەو سـێ مزگەوتـە نەبـێ: مزگەوتـی حـەرام (واتـە: مزگەوتـی مەککـەی پیـرۆز) و مزگەوتەکـەی پێغەمبـەری خـواو(ﷺ) (لـە شـاری مەدینـە) مزگەوتـی ئەقصـا (واتـە: قـودس)[٤].

٦- پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) نەهـی کـردووە لەزیـادەڕەوی کـردن لەمـەدح کردنیـدا، پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) فەرمویەتـی: (**لاَ تُطْرُونِـي كَمَـا أَطْـرَتِ النَّصَـارَى ابْـنَ مَرْيَـمَ ، إنمـا أنـا عبـد ،فقُولُـوا : عَبْـدُ اللـهِ وَرَسُـولُهُ**)[٥] واتـە : خەڵکینـە! لەبـارەی منـەوە زێدەڕۆیـی مەکـەن، وەکـو گاورەکان دەربـارەی عیسـا هەڵەڕۆییـان کـردو ئەوەندەیـان پیـا هەڵـدا، کردیانـە کـوڕی خـوا! بەڕاسـتیی مـن تەنهـا بەندەیەکـم، ئێـوەش لـە بـارەی منـەوە هـەر ئەوەنـدە بڵێـن کـە: مـن تەنهـا بەنـدەو ڕەوانەکـراوی خـوام) .

الاطراء: بریتییە لەزیادەڕەوی کردن لە مەدح کردندا.

---

(١) أخرجه مسلم (٢٢٤٢)

(٢) أخرجه مسلم (١١٨٨)

(٣) متفق عليه ، البخاري (٨٥٦) ومسلم (١٩٢١)

(٤) متفق عليه .

(٥) متفق عليه .

٧- پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) نەهـی کـردووە لـە جـێ بەجـێ کردنـی نەزرێـک لەجێگایەکدا کە بتـی تێـدا پەرسـترا بێـت یـان جەژنێک لـە جەژنەکانـی جاهلیەتی تێـدا ئەنجـام دەدرێت[١] .

هەمـوو ئەمانـە خۆشەویسـت (ﷺ) ئاگاداری کردینەوە بەمەبەسـتی پاراسـتنی تەوحید و پارێـزگاری کـردن لێـی، وەداخسـتنی هـۆکارو رێگاو وەسـیلەکان کە بەرەو شـیرک دەچێت.

لەگـەڵ ئـەم رووبەرووبونـەوە تـەواو و ئاشـکرایە لە لایـەن پێغەمبـەری خـوداوە(ﷺ) و ئەم دوور بینییـە تونـدە کـە ئوممەتەکـەی دوور دەکاتـەوە لـە شـیرک ، کەچـی گۆڕەپەرسـتەکان جیاوازبـوون لـە گـەڵ سـوننەتی پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) و سـەرپێچی فەرمانەکانیـان کـردو ئـەوەی ئـەو نەهـی لـێ کـردووە ئـەوان ئەنجامیـان دا ، بۆیـە چەندیـن قووبەیـان لەسـەر گـۆڕەکان دروسـت کـردووەو چەندیـن مزگەوتیـان لەسـەری دروسـت کـردووە ، بەجۆرەهـا نەخـش و رازاندنـەوە رازاندیانـەوە، وەهەمـوو جـۆرەکانی پەرسـتنیان بـۆ ئـەوان ئەنجـام دا .

پێشـەوای عەللامـە (ابـن القیـم) - رەحمەتـی خـوای لـێ بێـت - دەفەرموێـت: (جا هەر کەسـێ سـوننەتەکەی پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) لـە گۆڕەکانـدا و ئـەوەی فەرمـانی پـێ کـردووەو ئـەوەی نەهـی لـێ کـردووەو ئەوەی هاوەڵانی لەسـەر بـوون کۆبکاتەوەو بـەراوردی بکات لە نێـوان ئەوانـەو ئـەوەی زۆربـەی خەڵکـی ئەمرۆ لەسـەرین ئـەوا دەبینێ هـەر یەکەیان دژی ئەوەکـەی تـرەو پووچەڵکەرەوەیـەتی و بـە شـێوەیەک هەرگیـز کۆنابنەوە .

جـا پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) نەهـی کـردووە لـەوەی نوێـژ بکرێـت بـەرەو قەبـر [٢]، کەچـی ئـەوان نوێـژ دەکـەن لـە تەنیشـت قەبـر و بـەرەو قەبـەرکان ، هەروەهـا پێغەمبەری خـوا (ﷺ) نەهـی کـردووە لـەوەی قەبـرەکان بکرێنـە مزگـەوت (جـێ نوێژگـە) کەچـی ئـەوان مزگـەوتی لەسـەر بنیـات دەنێـن و نـاوی لی دەنێـن (مشـاهد) هاوشـێوەی ماڵـەکانی خـوا ، پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) نەهـی کـردووە لـە داگیرسـاندنی چـرا لەسـەر گـۆڕەکان[٣] ، کەچـی ئـەوان چەندیـن پـارە دەکەنـە وەقـف بـە مەبەسـتی داگیرسـاندنی چـرا لەسـەریان ، پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) نەهـی کـردووە لـەوەی بکرێنـە جـەژن[٤] (واتـە : هەمـوو کاتێـک

---

(١) أخرجه أبو داود (٣٤٤٥)

(٢) أخرجه مسلم (٢٢٤٨)

(٣) أخرجه أحمد (٢٠٣٠) وابو داود (٨٢) والترمذي (٣٢٠) والنسائي (٢٠٤٢) .

(٤) أخرجه أحمد (٨٧٩٠) وابو داود (٢٠٤٢) .

سـەردانی بکرێـت) و ئەوانـە دەیکەنـە جـەژن و مەناسـکی بـۆ ئەنجـام دەدەن و وەکـو کـۆ بوونەوەیـان بـۆ جەژنـەکان یـان زیاتـر .

هەروەهـا فەرمـانی کـردووە بە تەختکـردنی گۆڕەکان (واتە: ڕێکخسـتنی لەگـەڵ زەوییەکانی دەوروبەریـدا) ، هەروەکـو ئیمامـی موسـلیم لـە (صحیح)ەکەیـدا لـە (أبـو الهیـاج الأسـدي) یـەوە ریوایەتـی کـردووەو دەفەرموێـت: عەلـی -ڕەزای خـوای لەسـەر بێـت- پێـی فەرمـووم : ((**ألا أبْعَثُـكَ عَـلَى مَـا بَعَثَنِـي عَلَيْـهِ رَسُـولُ اللـهِ (ﷺ)؟ أن لا تَـدَعَ صُـورَةً إلا طَمَسْـتَهَا ، وَلا قَـبْراً مُشْرِفـاً إلا سَـوَّيْتَهُ**)[1] واتـە : ئایـە ڕەوانـەت بکـەم بـۆ ئـەو کارەی پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) منـی بـۆی ڕەوانـە کـردووە ؟ هیـچ وێنەیـەک مەهێڵـە ئیـلا بیـدڕە و هیـچ گۆڕێکـی ئاشـکراو بـەرز مەهێڵـە ئیـلا لـە گـەڵ زەویـدا ڕاسـتی بکـەڕەوەو تەختـی بکـە) .

بـەڵام ئەوانـە زیـادەڕەوی دەکـەن لەجیـاوازی کـردن لەگـەڵ فەرموودەکـەدا ، وەکـو خانـوو لـە زەوییەکـە بـەرزی دەکەنـەوە و قوببـەی لەسـەر بنیـات دەنیـن ، هەروەهـا پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) نەهـی کـردووە لـە گەچکردنـی سـەر قەبـر و دروسـتکردنی بینـا لەسـەری ، هەروەکـو ئیمامـی موسـلیم لـە (جابـر)ەوە ریوایەتـی کـردووە و دەفەرموێـت: (**أن رسـولُ اللـه(ﷺ) نهـی عـن تجصیـصَ القَـبْر ، وأنْ يُقْعَـدَ عَلَيْـهِ ، وَأنْ يُبْنَـى عَلَيْـهِ**)[2] واتـە : پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) نەهـی کـردووە لـە گەچکردنـی (گەچـکاری کردنـی) سـەر قەبـر و لـە سـەری دابنیشرێـت و بینـای لەسـەر دروسـت بکرێـت) .

پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) نەهـی کـردووە لـە نوسـین لەسـەر گـۆڕەکان ، هەروەکـو (أبـو داود) لـە (سـنن)ەکەیدا ریوایەتـی کـردووە لـە (جابـر)ەوە : (**أن رسـول اللـه (ﷺ) نهـی عـن تجصیـص القبـور وأن يكتـب عليهـا**)[3] واتـە : پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) نەهـی کـردووە لـە گەچکردنـی (گەچـکاری کردنـی) سـەر قەبـرەکان و لـەوەی کـە لەسـەری بنوسرێـت) .

کەچـی ئەوانـە چەنـد پارچـە تەختەیەکـی لەسـەر دادەنێـن ، قورئـان و جگـە لەقورئـانی لەسـەر دەنووسـن ، پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) نەهـی کـردووە لـەوەی جگـە لـە گڵەکـەی

---

(١) رواه مسلم .

(٢) رواه مسلم .

(٣) قال الترمذي : حديث حسن صحيح .

خـۆی زیاتـری بخرێتـە سـەر ، هەروەکـو (أبـو داود) لـە (جابـر)ەوە ریوایەتـی کـردووەو دەفەرموێـت: **(أن رسـول اللـه (ﷺ) نهـی أن يجصـص القـبر أو يكتـب عليهـا ، أو يـزاد عليـه)**[1] واتـە : پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) نەهـی کـردووە لـە گەچکردنـی (گەچـکاری کردنـی) سـەر قەبـر و یـان لـەوەی کـە لەسـەری بنوسرێـت و یـان لـە گڵەکـەی خـۆی زیاتـری بخرێتـە سـەر) ، کەچـی ئەوانـە گـەچ و بـەردو خشـتی لەسـەر دادەنێـن .

(ابراهيـم النخعـي) دەڵێـت:_ هـاوەڵان پێیـان خـۆش نەبـوو خشـت بخرێتـە سـەر قەبرەکانیـان) ، مەبەسـت لێـرەدا ئەوەیـە کـەوا ئەوانـەی ئـەو قەبرانـە بـە مـەزن دەزانـن و دەیانکەنـە جـەژن و چـرای لەسـەر دادەگیرسـێنن و مزگـەوت و قوببـەی لەسـەر بنیـات دەنێـن ، ئەوانـە فەرمانـەکانی پێغەمبـەری خوایـان (ﷺ) هەڵوەشـاندەوەو دژایـەتی ئـەوەی ئـەو هێناویـەتی دەکـەن ، وە لـەوە مەزنـتر ئەوەیـە بکرێنـە مزگـەوت و چـرای لەسـەر داگیرسـینن ، ئەوانـەش لەتاوانـە گەورەکانـە...)[2] .

لێـرەدا قسـەکانی (ابـن القیـم) -رەحمەتـی خـوای لـێ بێـت- تـەواو دەبێـت لـە وەصفـی ئـەوەی گۆڕپەرسـتەکانی زەمـانی خـۆی دایـان هێنـاوە ، وە کارەکـە لەپـاش سـەردەمی ئـەو زیـادی کـردووە بـە شـێوەیەکی تونـدو ناشـیرین تـر ، وە هـەر کەسـێ ئینـکاری لـەوە بـکات ئـەوە کەسـێکی نـاوازەو لـەرێ لادەرەو کەسـێکی تونـدڕەوەو حەقـی ئەولیـاکان بـە کـەم دەزانـێ و لەئاسـتیان کـەم دەکاتـەوە.

بەراسـتی زۆر سـەیرە ئەوانـە غیـرەت دەیانگرێـت لـە کـەم کردنـەوەی حەقـی ئەولیـا چونکـە ئەوانـە وا دەزانـن نەپەرسـتنیان کـەم کردنـەوەی حەقـی ئەوانـە ، کەچـی غیـرەت نایانگرێـت لـە کـەم کردنـەوەی حەقـی خـوا کـە شـیرکی گەورەیـە و غیـرەت نایانگرێـت لەحەقـی پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) بـە موخالەفـە کـردنی سـوننەتەکانی !!!

فلا حول ولا قوة الا بالله العلي العظيم.

---

(١) رواه ابو داود (٣٢٢٦) والنسائي (٢٠٢٦) .

(٢) / إغاثة اللهفان من مصايد الشيطان.

٨/ زیادەڕەوی لەحەقی پێغەمبەری خوادا (ﷺ) :

پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) نەهـی کـردووە لـە زیـادەڕەوی کـردن لـە بـە مـەزن دانـان و مـەدح کـردنی، جـا جگـە لـە ئـەو لـە پێشـترە ، چونکـە ئـەوە سەردەکیشـێ بـۆ بـە شـەریک دانـانی دروسـتکراوەکانی لـە حەقـی دروسـتکارەکەیاندا.

بۆیـە پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) نەهـی کـردووە لەزیـادەڕەوی کـردن لەمـەدح کردنیـدا ، هەروەکـو دەفەرموێـت: (**لا تطـروني كـما أطـرت النصـارى ابـن مريـم، فإنمـا أنـا عبـده فقولـوا : عبـد اللـه ورسـوله**)[1] واتـە : خەڵکینـە! لەبـارەی منـەوە زێدەڕۆیـی مەکـەن، وەکـو گاورەکان دەربـارەی عیسـا هەڵەڕۆییـان کـردو ئەوەندەیـان پیـا هەڵـدا، کردیانـە کـوڕی خـوا! بەڕاسـتیی مـن تەنهـا بەندەیەکـم، ئێـوەش لەوبـارەی منـەوە هـەر ئەوەنـدە بڵێـن کـە: مـن تەنهـا بەنـدەو ڕەوانەکـراوی خـوام) .

و(الاطـراء) بریتییـە لـە سـنور بەزانـدن لـە مـەدح کردنیـدا ، واتـە : مەدحـم مەکـەن و زیـادەڕەوی مەکـەن لـە مەدحـی منـدا هەروەکـو چـۆن گاورەکان لـە عیسـای کـوڕی مەریەمـدا زیادەڕەوییـان کـرد تاکـو گەیشـتە ئـەوەی بەخـوای بزانـن ، (**إنمـا أنـا عبـد ، فقولـوا : عبـد اللـه ورسـوله**) واتـە: بـەوە وەصفـم بکـەن و لـەوە زیاتـر مەڵێـن ، بڵێـن: بەنـدەو نێـردراوی خوایـە ، هەروەکـو چـۆن خـوای گـەورە خـۆی وەصفـی کـردووەم ، خـوای گـەورە دەفەرموێـت:﴿ ٱلْحَمْدُ لِلَّهِ ٱلَّذِىٓ أَنزَلَ عَلَىٰ عَبْدِهِ ٱلْكِتَٰبَ ۝١ ﴾ ((الكهـف) واتـە : هەمـوو سـوپاس و سـتایش و سوپاسـگوزارییەکی شـیاو هـەر بـۆ ئـەو خوایـە کـە: ئـەم قورئانـەی بـۆ سـەر بەنـدەی خـۆی محمـد (ﷺ) نـاردە خـوارێ) .

وە دەفەرموێـت : ﴿ تَبَارَكَ ٱلَّذِى نَزَّلَ ٱلْفُرْقَانَ عَلَىٰ عَبْدِهِۦ ۝١ ﴾ (الفرقـان) واتـە : بڵنـدو گەورەیـە، پیـرۆزو بەپیتـە ، ئـەو خوایـەی کـە فورقـان و جیاکـەرەوەی راسـت لـە ناڕاسـتی نـاردە سـەر بەنـدەی خـۆی موحەممـەد (ﷺ) واتـە: قورئـان) .

هەروەهـا دەفەرموێـت:﴿ وَأَنَّهُۥ لَمَّا قَامَ عَبْدُ ٱللَّهِ يَدْعُوهُ ۝١٩ ﴾ (الجن) واتە : وە کاتێ بەندەی خـوا (موحەممـەد) (ﷺ) بۆ خواپەرستیی هەڵسـاو هەر خوای دەپەرسـت لـە نوێژەکەیدا) .

---

(١) متفق عليه .

وە دەفەرموێت : ﴿ ۞يَٰٓأَيُّهَا ٱلرَّسُولُ ﴿٦٧﴾ ﴾ (المائدة) واتە : ئەی پەیامبەر.

وە دەفەرموێت: ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّبِيُّ ﴿٦٤﴾ ﴾ (الانفال) واتە : ئەی پەیامبەر .

کەچـی موشریکـەکان رازی نەبـوون ئیـلا جیـاوازی کردنـی فەرمانـەکانی و ئەنجامـدانی قەدەغەکراوەکانـی نەبێـت ، جـا ئـەوان بـە مەزنیـان زانـی لـەوەی نەهییـان لـێ کـراوە و ئـاگادار کراونەتـەوە ، بـە مەزنتریـن یاخـی بـوون لێـی یاخـی بـوون، خۆیـان شـوبهاند بـە گاورەکان لەزیـادەڕەوی و شـیرکەکەیاندا ، وە لـە حەقـی پێغەمبـەری خـوادا (ﷺ) هێنـدە زیادەڕەوییـان کـرد ئاشـکراو روونـە کـە شـیرکە لـە پەخشـان و شـیعرەکانیاندا ، وەکـو ئـەو شـیعرەی البوصیـری (محمـد بـن سـعید ت٦٩٦) لـە قەصیـدەی (البردة)دا دەڵێـت:_ (لـە کاتێکـدا لەگـەڵ پێغەمبـەردا (ﷺ) دەدوێ)[1] :

يا أكرم الخلق ما لي من ألوذ به سواك عند حلول الحادث العمم

وە چەنـد بەیتێکـی پـاش ئـەوە کـە ناوەڕۆکەکـەی بریتییـە لـە ئاراسـتەکردن بـەرەو داواکـردن و پەناگرتـن و هانـا بـردن بـۆ پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) و داواکـردنی لادان و ڕەواندنـەوەی خـەم و خەفەتـە لـە پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) لـە تەنگانەتریـن کات و حاڵەتـدا و تونـدتریـن نارەحەتیەکانـدا و کەچـی خـوای لـە بیـر چـووە!! چونکـە شـەیتان کارە خراپـەکانی بـۆ ئـەم شـاعیرە و نمونـەی ئەوانـە جـوان کردووەتـەوە ، ئـا بـەو شـێوە زیـادەڕەوی لـە مـەدح کردنیـدا دەرخسـت ، _هەرچەنـدە شـیرکی گـەورە بێت_لەسـەر شـێوەی خۆشویسـتن و بەمـەزن زانینـی پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) بـۆ دەرخسـتن ، وە دەسـتگرتن بـە سـوننەتەکەی پێغەمبـەرەوە(ﷺ) لـە زیـادەڕەوی نەکـردن لـە پێغەمبـەردا (ﷺ) لەسـەر شـێوەی رق لـێ بـوون و کـەم کردنـەوەی پێغەمبـەری خـوادا(ﷺ) دەرخسـت.

لەراسـتیدا ئەنجـام دانی ئـەوەی پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) نەهـی لێکـردووە لەزیـادەڕەوی کـردن لـە مـەدح کردنیـدا و شـوێنکەوتنی قسـەو کـرداەکانی و رازی نەبـوون بـە حوکمـی پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) ئـەوا لەراسـتیدا کـەم کردنـەوەی پایـەی پێغەمبەری خوایـە (ﷺ) ، جا

---

(١) انظر : قصيدة البوصيري المسماة بـ (الكواكب الدرية) المشهورة بـ(البردة) (ص٩٠) من كتاب (مجموع مهمات المتون) .

دڵنیابـن کـەوا هەرگیـز پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) بە مـەزن نازانرێـت و خۆشەویستیەکەی جێ بەجـێ نابێـت ئیـلا بـە شـوێنکەوتنی ئـەو نەبـێ و سەرخستنی دیـن و سـوننەتەکەی نەبێ.

لـە فەرمودەیەکـدا کـە (عبداللـە ی کـوڕی الشـخیر) ریوایەتـی کـردووە دەفەرموێـت: **(انطلقـت مـع وفـد بنـي عامـر الى الرسـول (ﷺ) ، فقلنـا : أنـت سـيدنا وابـن سـيدنا ، فقـال : السـيد اللـه تبـارك وتعـالى)، فقلنـا: وأفضلنـا فضـلا وأعظمنـا طـولا ، فقـال : قولـوا بقولكـم (أو : بعـض قولكـم) ولا يسـتجرينكم الشـيطان)**[1]. واتـە : لـە گـەڵ وەفدێکـی بەنـی عامـردا دەرچوویـن بـۆ خزمەتـی پێغەمبـەری خـوا (ﷺ)، وتمـان: تـۆ سـەیدی ئێمەیـت و کـوڕی سـەیدی ئێمەیـت ، ئەویـش فەرمـووی : سـەیدی راسـتەقینە تەنهـا خوایـە ، ئێمـەش وتمـان : تـۆ لـە هەمومـان باشـتریت بـە فـەزڵ و چاکـە و لـە هەمومـان مەزنتریـت لـە بەخشـین و دەسـەڵاتدا ، پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) فەرمـوی : قسـەکانی خۆتـان بکـەن (یـان هەنـدێ لـە قسـەکانتان) وریابـن شـەیتان پەلکێشـتان نـەکات و بتانکاتـە وەکیلـی خـۆی) .

لـەم فەرموودەیـەدا پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) ڕێگـری کـرد لەوانـەی پێـی بڵێـن: انـت سـیدنا، فەرمـووی (السـید اللـە تبـارک وتعـالی) واتـە : سـەید و گـەورە خـوای بـەرز و پیـرۆزە) ، هەروەهـا نەهـی لـێ کـردن کـەوا بڵێن:ـ(وافضلنـا فضـلا وأعظمنـا طـولا) چونکـە لـەوە ترسـا زیـادەڕەوی لـەوەدا بکـەن و پێـی ناخـۆش بـووە بـە مەدحکـردن رووبـەرووی ببنـەوە ، چونکە ئـەوە بـەرەو زیـادەڕەوی دەیانبـات و فەرمویەتـی : (لا يسـتجرينكم الشـيطان) واتـە : شـەیتان پەلکێشـتان نـەکات و بتانکاتـە وەکیلـی خـۆی).

بەمـە ئـەوەی ڕوونکـردەوە کـەوا ڕووبـەرروو بوونـەوەی مەدحکـراو بـە مەدحکـردن لـە لایـەن ئـەو کەسـەی مەدحەکـە دەکات - هەرچەنـدە بـە شـتێک کـە تیایـدا بێـت- ئـەوە لە کارو کـردەوەی شـەیتانە ، چونکـە ئـەوە بـە مـەزن زانینـی مەدحکـراوی تێدایـە ، ئـەوەش جیـاوازە لـە گـەڵ کەمالـی تەوحیـددا ، هەروەهـا ڕەنگە ببێتـە هۆی ئەوەی کەسـی مەدحکار زیـادەڕەوی بـکات تاوەکـو مەدحکراوەکـە لـە ئاسـتێکدا داینـات کـە شایسـتەی نەبێـت .

جـا پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) نەهـی کـردوە لـە زیـادەڕەوی کـردن لەپیـا هەڵنانیـدا ، وە (الاطـراء) بریتییـە لـە زیـادەڕەوی لەمـەدح کردنـدا تاکـو کارەکـە سـەر بکێشـێ بـەرەو

---

(١) أخرجه أحمد (١٦٤٢٠) رواه أبو داود (٤٨٠٦) بسند حسن.

شـیرک و بکرێتـه شـەریکی خـوا و وەصـف کـردنی بەچەنـد وەصفێکـی پەروەردگاریـیـەتی ، هەروەکـو چـۆن لەزۆربـەی شـیعرە مەدیحەکانـدا رووێـداوە کـە هەنـدی لـە زیـادەڕەوەکان نوسـیویانە، وەکـو خـاوەنی قەصیـدەی (بـوردە) و جگـە لـە ئـەو، کـە بـەرەو شـیرکی گـەورە پـەل کێشـیان دەکات، وەکـو ئـەوەی خـاوەنی قەصیـدەی (البردة) [1]دەڵێـت:_

يا أكرمَ الخلقِ ما لي مَن ألوذ بـه سواك عند حلولِ الحادثِ العَمِمِ

إن لم يكن في معادي آخذاً بيدي فضـــلاً وإلا فقـــل يـا زلة القدمِ

وە دەڵێت :

فإنَّ مِنْ جـــودكَ الدنيا وضرَّتها ومن علومـــك علم اللوح والقلمِ

پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) کاتـێ خـوای گـەورە پلـەو پایـەی (عبودیـە)ی بـۆ تەواوکـردو کامـلی کـرد، چیـتر وای لـێ هـات مـەدح کـردنی لا ناخـۆش بـوو ، لەبـەر پاراسـتنی پلـەو پایـەی (عبودییـەت)و پاراسـتنی عەقیـدەو رێنمویـی ئوممەتەکـەی کـرد بـۆ وازهێنـان لـەو کارە ، وەکـو ئامۆژگاریـیـەک بـۆ ئـەوان ، هەروەهـا لەبـەر پاراسـتنی پلـەو پایـەی تەوحیـد لـەوەی کەشـتێکی تێکـەڵ ببێـت و لاوازی بـکات لەشـیرک و هـۆکارەکانی ، هـەر لەوانـە نەهـی کـردووە پێـی بڵێـن:_ انـت سـیدنا ، وە(السـید) لـە (السـؤدد)ەوە وەرگیـراوە ، واتـە رێـزدارو شـکۆمەندو گەورەیـان.

ابـن الاثـیر لـە (نهایـة)دا[2] دەڵێـت: (السـید) بـۆ چەنـد شـتێک دەگوترێـت : خـاوەن و مولّکـدارو خانـەدان و خـاوەن چاکـەو سـەخاوەت و چاوتێـرو لەسـەرخۆو بەئـارام و ئـەو کەسـەی بەرگـەی ئـازاری قەومەکـەی دەگرێـت و میـردو سـەرکردەو پێشـخراو).

وە ئـەو فەرموودەیـەی پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) کـە دەڵێـت : (السـید اللـه) مەبەسـتی ئەوەیـە گەورەیـی و شـکۆمەندی لـە حەقیقەتـدا بـۆ خـوای گەورەیـە ، وە هەمـوو خەڵکـی بەنـدەی ئـەون ، جـا ئەگـەر بـە خـوای گـەورە وتـرا (السـید) ئـەوا مانـای مولّکـدارو مـەولاو

---

(١) انظر : قصيدة البوصيري المسماة بـ (الكواكب الدرية) المشهورة بـ(البردة) (ص٩٠) من كتاب (مجموع مهمات المتون) .

(٢) النهاية في غريب الحديث والأثر للإمام مجد الدين أبي السعادات المبارك بن محمد الجزري ابن الأثير

خـاوەن دەگرێتـەوە، ابـن عبـاس دەڵێـت: (اللـه الصمـد) واتـە: ئـەو گەورەیـەی کـە هەمـوو جـۆرەکانی گەورەیـی کامـل کـردوە)[1].

ابـن الاثـیر دەڵێـت: (**فیـه أنـه جـاء رجـل مـن قریـش، فقـال : أنـت سـید قریـش ! فقـال : « السـید اللـه«[2]؛ أي : هـو الـذي تحـق لـه السـیادة، کأنـه کـره أن یحمـد في وجهـه وأحـب التواضـع . وحدیـث : (أنـا سـید ولـد آدم ولا فخـر)[3] : قالـه إخبـارا عـما أکرمـه اللـه بـه مـن الفضـل والسـؤدد، وتحدثـا بنعمـة اللـه تعـالى علیـه، وإعلامـا لأمتـه؛ لیکـون إیمانهـم بـه عـلى حسـبه وموجبـه، ولهـذا أتبعـه بقولـه : « ولا فخـر « ؛ أي : إن هـذه الفضیلـة التـي نلتها کرامة مـن اللـه، ولم أنلهـا مـن قبـل نفـسي، ولا بلغتهـا بقـوتي؛ فلیـس لي أن أفتخـر بهـا ...« .**[4]

واتـە : کابرایـەک لـە قورەیـش هـات و وتـی : تـۆ گـەورەی قورەیـشی! ئەویـش گـوتی : (السـید اللـه) واتـە: هەر ئەوە شـایەنی هەمـوو گەورەییەکـە، وەکو ئەوەی پێـی ناخۆش بێت لـە بـەرەو رووبـدا مـەدح بکرێت و بـێ فیزی پێ خۆش بـووە ، هەروەها ئـەو فەرموودەیەی کـە دەڵێـت : - (**أنـا سـید ولـد آدم ولا فخـر**) واتە : (من گـەورەی نەوەی ئادەمـم بە بێ هیچ شـانازی و خۆهەڵکێشـانیک) ئـەم فەرموودەیـە وەکـو هەواڵدانێک دەرباەری ئـەوەی خوای گـەورە رێـزی لـێ گرتـووە لـە هەمـوو ئەو فـەزڵ و گەورەیـی یـە ، هەروەها وەکو باسـکردنی نیعمـەتی خـوای گـەورە بەسـەریەوە و ئـاگادار کردنـەوەی ئوممەتەکەی بەو پلـەو پایەیە، بۆ ئـەوەی ئیمانیـان بـەو پێغەمبـەرە (ﷺ) بـە پێـی خـۆی و پێویسـتی خـۆی بێت، هـەر بۆیەش بەدوایـدا فەرمـووی : (**ولا فخـر**) واتـە: ئـەم فەزیلەتـەی کـەوا بـە دەسـتم هێنـاوە رێزیکە لە خوداوەیـە لـە لایـەن نەفسی خۆمەوە بەدەسـتم نەهێنـاوە ، بە هێزی خۆم پێی نەگەیشـتووم ، بۆیـە بـۆم نییە فەخـری پێوە بکـەم .....) .

جـا ئـەو خۆشەویسـتە (ﷺ) گـەورەی نـەوی ئادەمـە هەروەکـو خـۆی هەواڵـی پێداوین، بـەڵام کاتـێ ئەوانـە بـەو وشـەیە رووبـەڕووی بوونـەوە ئـەوا نەهـی لێکـردن لەتـرسی زیـادەڕەوی کردنـدا کەبـەرەو شـیرک دەیانبـات.

---

(١) اخرجه ابن جریر وابن ابي حاتم وابن المنذر في تفاسیرهم .

(٢) اخرجه احمد (١٦٤١٦) .

(٣) اخرجه احمد (١١٠٠٠) والترمذي (٣١٦٠) وابن ماجه (٤٣٠٨) .

(٤) النهایة (٤١٧/٢) .

هەروەهـا ئـەوەی ئـەم فەرموودەیـە روون دەکاتـەوە ئـەو فەرموودەیـە کـە: (**عـن أنـس أن أناسـا قالـوا یـا رسـول اللـه (ﷺ) یـا خیرنـا وابـن خیرنـا وسـیدنا وابـن سـیدنا فقـال رسـول اللـه (ﷺ) : یـا أیهـا النـاس قولـوا بقولکـم ولا یسـتهوینکم الشـیطان أنـا محمـد بـن عبداللـه ، عبـد اللـه ورسـوله مـا أحـب أن ترفعـونی فـوق منزلتـی الـذی أنزلنـی اللـه عـز و جـل**)[1] واتـە : لـە (ئەنەس)ـەوە هاتـووە: کـەوا خەڵکانێـک وتیـان: ئـەوی پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) ئـەی چاکترینـی ئێمـەو کـوڕی چاکترینـی ئێمـە و گـەورەی ئێمـەو کـوڕی گـەورەی ئێمـە) ، پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) فەرمـووی : ئـەی خەڵکینـە ئـەو قسـەیەی خۆتـان بکـەن و وریابـن شـەیتان پەلکێشـتان نـەکات و بتانکاتـە وەکیلـی خـۆی ، مـن محمـدی کـوڕی عبداللـە م، بەنـدەی خـوا و نێـردراوی ئـەوم ، پێـم خـۆش نییـە لـە پلەوپایـەی خـۆم کـە خـوای گـەورە داینـاوم بەرزتـرم بکەنـەوە)

جـا لـەم فەرموودەیـەدا ئـەوەی روون کردووەتـەوە کـەوا نەهـی لـێ کـردوون لـەوەی بڵێـن : (یـا سـیدنا) چونکـە تـرسی ئـەوەی لێیـان بـوو لـە زیـادەڕەوی کـردن لـە حەقـی ئـەودا ، جـا بۆیـە ئـەم رێگایـەی هـەر لـە بنەڕەتـەوە لـێ گرتـن ، ئەمجـار رێنمویـی کـردن بـۆ وەصـف کـردنی بـە دوو سـیفەت کـە ئەوانیـش بەرزتریـن پلـەی (عبودیە)تـن ، هەروەکو خـوای گـەورە بـەو دوو سـیفەتە وەصفـی کـردووە لەچەنـد جێگایەکـدا لـە قورئانەکەیـدا. ئەویـش ئـەو دوو وشـەیەیە : (عبداللـە و رسـولە) ، وە پێـی خـۆش نەبـووە لـەو پلەوپایـەی خـوای گـەورە داینـاوە زیاتـر بـەرزی بکەنـەوە لەبـەر پاراسـتنی تەوحیـد.

ئەمـەش لـە سـوننەتە سـابتەکانی پێغەمبـەردا (ﷺ) بـە زۆری هاتـووە ، وەکـو ئـەو فەرموودەیـەی کـە دەفەرموێـت:_ (لا تطـروني كـما أطـرت النصـارى ابـن مريـم، فإنمـا أنـا عبـده فقولـوا : عبـد اللـه ورسـوله)[2] واتـە : خەڵکینـە! لەبـارەی منـەوە زێدەڕۆیـی مەکـەن، وەکـو گاورەکان دەربـارەی عیسـا هەڵەڕۆییـان کـردو ئەوەندەیـان پیـا هەڵـدا، کردیانـە کـوڕی خـوا! بەڕاسـتیی مـن تەنهـا بەندەیەکـم، ئێـوەش لەوبـارەی منـەوە هـەر ئەوەنـدە بڵێـن کـە: مـن تەنهـا بەنـدەو ڕەوانەکـراوی خـوام) .

---

(١) صحيح: الألباني (١٠٩٧) في السلسلة الصحيحة .

(٢) متفق عليه .

وەدەفەرموێـت: (إنـه لا يسـتغاث بي ، وإنمـا يسـتغاث بالله عز وجل)[١] واتـە : هاوار بە من ناکرێـت (داوا لـە مـن ناکرێـت) ، بەڵکو تەنها هاوار بـە خوا دەکرێت(داوا لە خـوا دەکرێت).

هەروەهـا نەهـی کـردوە لەمـەدح کـردن و لـەو مەسـەلەدا تونـد بـووە ، وەکـو ئـەو فەرموودەیـەی دەربـارەی ئـەو کەسـەی مەدحـی مرۆڤێکـی کـرد: (ويلك قطعت عنق صاحبك)[٢] واتـە : وەیـل بـۆ تـۆ ، گەردنـی هاورێکـەت بـڕی) .

وە دەفەرموێـت: (إذا لقيتم المداحين ، فاحثوا في وجههم التراب)[٣] واتـە : ئەگـەر بـە مەدداحەکانـدا گەیشـتن (ئەوانەی لە مەدحدا زیادەڕەوی دەکەن) ئـەوا گڵ بە رووياندا بکەن).

ئەوێـش لەتـرسی زیـادەڕەوی کـردن لـە کـەسی مەدحـکار ، وە لـەو کەسـەی کـە مەدحـی دەکرێـت لەسەرسـام بـوون بە خـۆی ، کـە هەردووکیان کاریگەرییان لەسـەر عەقیـدە هەیە.

تەنها ئەوە ماوە بڵێین:_ئایە دروستە بە دروستکراوێک بگوترێت (سید) ؟

پێشـەوا (ابـن القيـم) دەڵێـت : (زانایـان جیـاوازن لەدروسـتی بەکارهێنـانی (السـید) بـۆ مرۆڤـەکان ، هەنـدێ لەزانایـان ڕێگرییـان لـێ کـردووە، ئەمـەش لـە (مالـک)ەوە گواسـتراوەتەوە (واتـە: بۆچـوونی مالـک بـووە) بەڵگەیـان ئـەو فەرموودەیـەی پێغەمبـەری خودایـە (ﷺ) کـە پێیـان فەرمـوو: یـا سـیدنا! ئەویـش فەرمـووی : (السـید اللـه تبـارک وتعـالی) ، وە هەنـدێ لـە زانایـان بـە دروسـتی دەزانـن بـە بەڵگـەی ئـەو فەرموودەیـە کـە پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) بـە ئەنصـارەکانی فەرمـوو: (قومـوا الى سـيدكم)[٤] ئەمـەش لـە فەرمـوودەی یەکـەم راسـت و دروسـت تـرە .[٥].....) اە

شەیخ (سلیمان بن عبدالله) لە شەرحی ئەو فەرموودەیە دەڵێت: (بە بەڵگە هێنانەوەی ئەو فەرموودەیەی کە بە ئەنصارەکانی فەرموو : (قوموا الى سيدكم) رواڵەتی فەرموودەکە ئەوەیە کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) رووبەروو بە سەعدی نەگوت، بۆیە ئەمەش روونکردنەوەی تێدایە) [٦]

---

(١) أخرجه الطبراني في الكبير .

(٢) متفق عليه .

(٣) صحيح ابن ماجة (٣٧٤٢) .

(٤) متفق عليه : رواه البخاري (٣٠٤٣) ومسلم (٤٥٧١) .

(٥) انظر : (بدائع الفوائد) (٢١٣/٣) .

(٦) انظر : تيسير العزيز الحميد في شرح كتاب التوحيد .

مەبەسـت لـە : (رووبەرووکردنـەوەی تێدایـە) کـەوا دروسـت نییـە بـەرەو رووی کەسـێک بگوترێـت: یـا سـید! لەبـاس و دەرگای مەدحـەوە، وە دروسـتە ئەمـە بگوترێـت لـە حەقیـدا ئەگـەر غائـب بـوو (واتـە : ئامـادە نەبـوو) لـە هەمـان کاتـدا شایسـتەی ئـەو وەصفـە بێـت ، وەکـو کۆکردنەوەیـەک لەنێـوان بەڵگەکانـدا. واللـە اعلـم.

٩/ زیادەڕەوی لە پیاوچاکاندا:

ئەگـەر زیـادەڕەوی لەحەقـی پێغەمبـەری خـوادا (ﷺ) دروسـت نەبـێ ، ئەوا زیـادەڕەوی لـە حەقـی جگـە لـە ئـەو لـە پیاوچـاکان لـە پێشـترە.

وە مەبەسـت لەزیـادەڕەوی لـە پیاوچاکانـدا : بەرزکردنەوەیـان لـەو پلەوپایـەی زیاتـر کە خـوای گـەورە داینـاون بە شـتێک کە بۆ هیچ کەسـێک دروسـت نییە تەنها خـوا نەبێ ، وەکو هـاوار پێکردنیـان لـە کاتی تەنگانەداو تەواف کـردن بە دەوری قەبەرکانیانـدا، تەبەروک کردن بـە گڵەکانیـان و سـەربڕینی قوربانی لەسـەر قەبرەکانیـان و داوای یارمـەتی کردن لێیان.

شـەیتان تـوانی شـیرک بخاتـە نـاو قەومی(نـوح)ەوە لـە رێـگای (زیـادەڕەوی کـردن لـە پیاوچاکانـدا)، بۆیـە پێویسـتە وریـای ئـەوە ببیـن ، هەرچەنـدە مەبەسـتەکە بـاش بێـت.

جـا ئـەوەی لـە قەومـی نوحـدا رووبـدا لـەم ئوممەتەشـدا رووبـدا کاتـێ کـە شـەیتان بـۆ زۆرێـک لـەو کەسـانە زیـادەڕەوی و بیدعـەی دەرخسـت لـە شـێوەی بـە مـەزن زانینـی پیاوچـاکان و خۆشویسـتنیان بـۆ ئـەوەی ئـەو شـتەی تـوشی قەومـی نـوح هـات تـووشی ئەمانیـش بێـت، ئەوەتـا بـەردەوام شـەیتان دەیخاتـە دڵـی گۆڕپەرسـتانەوە کـەوا دروسـت کـردنی بینـا لەسـەر گـۆڕی پیاوچـاکان و مانـەوە لەسـەریان بەخۆشەویسـتی ئـەوان دەژمێردرێـت ، وە دوعاکـردن لای گۆڕەکانیـان وەڵام دەدرێتـەوە، ئەمجـار لـەم قۆناغـەوە دەیانگوێزیتـەوە قۆناغـی پاڕانـەوەو تەوەسـول کـردن پێیـان ، جـا ئەگـەر لەگـەڵ ئـەوەدا راهاتـن ، ئەمجـار لـەو قۆناغـەوە دەیانگوێزیتـە بـۆ ئـەوەی داوا لەگۆڕنـراوەکان بکـەن و بیانپەرسـتن و داوای شـەفاعەتیان لـێ بکـەن جگـە لـە خـوا ، ئەمجـار قەبەرکانیـان دەبێتـە بتێـک و چـرای پێـدا هەڵدەواسـن و پـەردەی پێـدا دەدەن و تـەوافی بـەدەوردا دەکـەن و دەسـتی پێـدا دەهێنـن و ماچـی دەکـەن ، ئەگـەر لـە گـەڵ ئەوەشـدا راهاتـن دەیانگوێزیتـەوە بـۆ بانگکـردنی خەڵکـی بـۆ پەرسـتنی ئـەو گۆڕانـەو بکرێنـە جـەژن و

مەناسـک ، ئەمجـار ئەگـەر لەگـەڵ ئـەوەش راهاتـن و لایـان جێگربـوو، دەیانگوێزیتـەوە بـۆ ئـەوەی باوەڕیـان وابێـت کـە هەرکەسـێک نەهییـان لـێ بـکات ئـەوا لـە پایـەی ئـەو ئەولیایانـەی کـەم کردووەتـەوەو رقـی لێیانـەو ئـەو کەسـانە وادەزانـن ئـەو پیاوچاکانـە نـە حورمـەت و نـە ڕێزیـان هەیـە.

ئەمـەش لەناخـی زۆرێـک لەنەفـام و گێـل و گەمژەکانـدا رواندووەو لەوانـەی کـە خۆیـان داوەتـە پـاڵ عیلـم و دیـن و بـەوە دەناسرێـن ، تاکـو وای لێهاتـووە دژایـەتی ئەهـلی تەوحیـد دەکـەن، وە بـە تـاوانی گـەورە تاوانباریـان دەکـەن، خەڵکیـان لـێ دوور دەکەنـەوە ، هـەر هەمـوو ئـەو کارانـە دەکـەن لەژێـر پـەردەی خۆشەویسـتی پیاوچـاکان و بەمـەزن زانینیـان، دڵنیاشـبە لـەوەدا درۆیـان کـرد، چونکـە خۆشویسـتنی پیاوچـاکان دەبـێ بەپێـی قورئـان و سـوننەت بێـت، ئەویـش بەزانینـی فەزڵیـان دەبـێ و بەشـوێنکەوتنیان دەبـێ لـە کارە چاکەکانـدا بەبـێ کورتـرەوی و زیـادەڕەوی ، خـوای گـەورە دەفەرمووێـت: ﴿يَقُولُونَ رَبَّنَا ٱغۡفِرۡ لَنَا وَلِإِخۡوَٰنِنَا ٱلَّذِينَ سَبَقُونَا بِٱلۡإِيمَٰنِ وَلَا تَجۡعَلۡ فِي قُلُوبِنَا غِلّٗا لِّلَّذِينَ ءَامَنُواْ رَبَّنَآ إِنَّكَ رَءُوفٞ رَّحِيمٌ ١٠﴾ (الحشر) واتـە : دەڵێـن: ئـەی پەروەردگارەکەمـان ! لـە ئێمـەو لـەو برایانەمـان پێـش ئێمـە باوەڕیـان هێنـاوە خۆشـببە وهیـچ بوغـزو قینێـك مەخـە دەڵمانـەوە بەامبـەر بەوکەسـانە باوەڕیـان هێنـاوە ئـەی پـەروەردگاری ئێمـە! بەڕاسـتی تەنهـا ئەتـۆی بەسـۆزی میهرەبـان) .

(شـیخ الاسـلام ابـن تیمیـة) دەڵێـت: [1] (هـەر کەسـێ زیـادەڕەوی کـرد لـە پێغەمبەرێکدا یـان لـە پیاوچاکێکـدا و جۆرێـک لـە جـۆرەکانی خوداوەندێتـی تیایانـدا دانـا ، وەکـو ئـەوەی بڵێـت: گـەورەم.. ئـەی فـڵان کـەس سـەرم بخـە ، یـان فریـام بکـەوە یـان رزقـم بـدە یـان مـن لەسـپاردنی تـۆدام (خـۆم بـە تـۆ سـپارد)... لـەو جـۆرە قسـانە، هەمـوو ئەوانـە شـیرک و گومڕاییـە، خاوەنەکـەی داوای تەوبـەی لـێ دەکرێـت ئەگـەر تەوبـەی کـرد باشـە ئەگـەر نـا ئـەوا دەکوژرێـت ، چونکـە خـوای گـەورە پێغەمبـەرانی نـاردووەو کتێبـەکانی دابەزانـدووە بـۆ ئـەوەی بـە تەنهـا خـوای گـەورە بپەرسـترێت بەبـێ شـەریک و هـاوەڵ و لەگـەڵ ئـەودا داوا لـە هیـچ خوایەکـی تـر نەکرێـت، ئـەو کەسـانەی لەگـەڵ خـوادا داوا لـە جگـە لـە خـوا

---

(١) مجموع الفتاوى .

دەکـەن وەکـو مەسـیح و فریشـتەکان و بتـەکان ئـەوان باوەڕیـان وا نەبـوو کـە ئەوانـە دروستکراوەکان دروسـت دەکـەن یـان بـاران دەبارێنـن یـان رووەک سـەوزو شـین دەکـەن، بەڵکـو ئەوانـە ئەوانیـان دەپەرسـت یـان قەبرەکانیان دەپەرسـت یـان وێنەکانیان دەپەرسـت و دەیانگـوت: ﴿مَا نَعۡبُدُهُمۡ إِلَّا لِيُقَرِّبُونَآ إِلَى ٱللَّهِ زُلۡفَىٰٓ ۝٣﴾ (الزمـر)، واتـە : ئێمـە هـەر بـۆ ئـەوە ئـەو بتانـە دەپەرسـتین، کـە لەخوامـان نزیـك بکەنـەوەو تکامـان بـۆ بکـەن لای).

وە دەڵێـن : ﴿هَٰٓؤُلَآءِ شُفَعَٰٓؤُنَا عِندَ ٱللَّهِ ۝١٨﴾ (یونـس) واتـە : ئەوانـە -دەیانپەرسـتین- لای خـوا تکاکارمـان دەبـن، واتـە: بـۆ ئـەو مەبەسـتە ئێمـە ئەیانپەرسـتین).

جـا خـوای گـەورە پێغەمبـەرانی ڕەوانـە کـرد بـۆ ئـەوەی نەهـی بکـەن لـەوەی لەگـەڵ خـوادا داوا لەکـەسی تـر بکـەن، نـە دوعـای پەرسـتن و نـە دوعـای هـاوار پێکـردن....) لێـرەدا قسـەکەی شـەیخ -ڕەحمەتـی خـوای لـێ بێـت- تـەواو دەبێـت.

بـەم قسـەیە گومـانی ئـەو گۆڕپەرسـتانە ڕوون دەبێتـەوە، ئەوانـەی کـە کردەوەکانیـان وا دەگونجێنـن ، ئەوانـە باوەڕیـان وانییـە ئـەو پیاوچاکانـە بەشـدارن لەگـەڵ خـوادا لەدروسـت کـردن و رزق و زیندووکردنـەوەو مراندنـدا ، بەڵکـو باوەڕیـان وایـە کـە ئەوانـە نێوەندێـک و واسـیتەیەکن لـە نێـوان ئـەوان و خـوادا بـۆ جـێ بەجـێ کـردنی پێداویسـتیەکانیان و نەهێشـتنی کێشـەکانیان ، ئـەوەش هەمـان گومانـی موشریکـە نەفامەکانـە ، هەروەکـو چـۆن خـوای گـەورە لـە کیتابەکەیـدا بـاسی کـردووەو پووچـی کردووەتـەوە.

واقعیـش ئـەوە نیشـان دەدات کـەوا شـیرکی ئەوانـەی ئـەم دواییـە زیاتـرە لەشـیرکی سـەردەمی جاهیـلی ، وایـان لـێ هاتـووە هـاوار دەکـەن بـە نـاو هێنـانی ئـەو مردووانـە لـە هەمـوو بۆنەیەکـدا ، وە بـە کەمـی نەبـێ هەرگیـز نـاوی خـوا ناهێنـن ، کەچـی هـەردەم نـاوی وەلی دێـت بـە سـەر زاریانـدا، وە ئەوانـەی لەپێشـدا شـیرکیان دەکـرد تەنهـا لـەکاتی خـۆشی و فەرحانیـدا شـیرکیان دەکـرد بـەڵام لـەکاتی تەنگانـەو نارەحەتیـدا ئیخلاصیـان بـۆ خـوا هەبـوو، کەچـی ئەمانـەی ئـەم سـەردەمە شـیرکەکەیان بەردەوامـە لـەکاتی خـۆشی و ناخۆشـیدا (واتـە: لـەکاتی تەنگانـەو فەرحانیـدا) هەروەکـو ئیـمام محمـد بـن اسـماعیل الصنعـاني دەفەرمـوێـت [1]:

---

(١) انظر (ديوان الأمير الصنعاني) .

وكم هَتفوا عند الشدائد باسمها كما يَهتِفُ المضطرُ بالصمدِ الفردِ

جـا ئـەی زانایـانی موسـڵمانان ! ئێـوە بەڕێسـیارن دەربـارەی ئـەو کۆمەڵـە گومـڕا و بـزرە لەنـاو گومڕاییدا.

بـۆ ڕێـگای حەقیـان بـۆ ڕوون ناکەنـەوەو نەهییـان لـێ ناکـەن لـەم شـیرکە مەزنـە ؟ لـە کاتێکـدا لەگەڵیانـدا لەیـەک شـوێندا نیشـتەجێ بـوون و لەگەڵیانـدا تێکەڵـن؟

بـۆ ئـەو بانگـەوازو ڕوونکردنـەوەی کـە خـوای گـەورە لەسـەرتان واجیبـی کـردووە بزرتـان کـردووە ؟ خـوای گـەورە دەفەرموێـت : ﴿ وَإِذْ أَخَذَ ٱللَّهُ مِيثَٰقَ ٱلَّذِينَ أُوتُوا۟ ٱلْكِتَٰبَ لَتُبَيِّنُنَّهُۥ لِلنَّاسِ وَلَا تَكْتُمُونَهُۥ ﴿١٨٧﴾ ﴾ (آل عمـران) واتـە : باسـی ئـەو خـاوەن نامانـە بکـە خـوا پەیمانـی لێوەرگرتـن کـە بەڕێکوپێکـی -ئـەو نامەیـە بۆیـان هاتـووە- بەخەڵکـی ڕاگەیەنـن و هیچـی لـێ نەشـارنەوە) .

ئایـە زانایـان میراتگـری پێغەمبـەران نیـن؟ وە پیغەمبـەران هاتـوون بـۆ ئـەوەی ئینکاری لـەم شـیرکە بکـەن و جیهادکـردن بەرانبـەر ئەوانـەی شـیرک دەکـەن تاکـو دیـن هەمـووی بـۆ خـوا بێـت ؟

بۆیـە لەخـوا بترسـن لـەو بەڕێسـیاریەتیەی لەئەسـتۆتاندایەو دڵنیاشـبن لێـی بەڕێسـیارن ، لـە فەرموودەیەکـی (صحیـح) داهاتـووە : ئـەو زانایـەی کـە عیلـم فێـر دەبـێ تەنهـا لەبـەر ریـاو سـومعەو کار بـە عیلمەکـەی نـاکات لـە یەکـەم کەسـانێک دەبـێ لـە ڕۆژی قیامەتـدا ئاگریـان پـێ گـڕ دەدرێـت[1] .

ئەگـەر ئێـوە ئـەم شـیرکەتان بینـی و وازتـان هێنـا لـە خەڵکـی لەسـەری بـن ئەمـە کارێکـی ترسـناکە، وە ئەگـەر ئـەو کارانـە بـە شـیرک دانانـەن ئـەوا کارەکـە مەترسـیدار تـرو زیاتـرە، چونکـە ئێـوە نەفامـن بەرانبـەر بـە شـتێک کـە لـە هەمـوو شـتێک ڕوونـترە.

ئـەی خودایـە حاڵـی موسـڵمانان چـاک بکـەو هیدایـەتی گومـڕاکان بـدە ، تـۆ توانـات بەسـەر هەمـوو شـتێکدا هەیـە.

---

(١) أخرجه مسلم (٤٩٠٠) .

١٠/ وێنەکیشان (التصویر) هۆکارێکە بەرەو شیرک .

تصویـر: مانـای گواسـتنەوەی شـێوەو شـکلی شـتێک لـە رێـگای وێنەکێشـانەوە یـان گرتـن بـە ئامێرێـک یـان پەیکەرتـاش و جێگـر کردنـی ئـەو شـێوەیە لەسـەر لەوحەیـەک یـان کاغەزێـک یـان پەیکەرێـک.

زانایـان بـاسی حوکمـی (تصویـر) لـە کتێبـەکانی عەقیـدەدا دەکـەن، چونکـە (تصویـر) هۆیەکـە لـە هۆیـەکانی شـیرک و بانگەشـەکردنی بەشـداری کردنـە لەگـەڵ خـوادا لـە دروسـتکردندا یـان هەوڵـدان بـۆ ئـەو کارە ، وە یەکـەم شـیرک لـە سـەر رووی زەویـدا رووێـدا بـە هـۆی (تصویـر)ەوە بـوو ، کاتـێ قەومەکـەی نـوح هەسـتان بـە وێنەکێشـانی پیاوچـاکان و دانـانی ئـەو وێنانـە لـە مەجلیسـەکانیاندا کـە تێیـدا دادەنیشـتن.

جـا پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) ئـاگاداری کردووینەتـەوە لـە هەمـوو جـۆرەکانی (تصویـر) و نەهـی لـێ کـردووە ، وە هەرەشـەی لـەو کەسـانەش داوە کـە ئەنجامـی دەدەن بـە تونـدتریـن هەرەشـە ، هەروەهـا فەرمانـی کـردووە بـە نەهێشـتن و گۆڕینـی ، چونکـە (تصویـر) لێکچواندنـە لـە گـەڵ دروسـتکراوەکانی خـوادا ، ئـەو کەسـەی کـە تەنهـا خـۆی دروسـت دەکات ، جـا ئـەم مرۆڤـە وێنەکێشـە دەیەوێـت هاوشـێوەی خـوای گـەورە بـکات لـە دروسـتکردندا ، لـە گـەڵ ئـەو کەسـەی کـە تەنهـا خـۆی دروسـت دەکات ، هەروەهـا (تصویـر) وەسـیلەو هۆکارێکـە لـە هـۆکارەکانی شـیرک ، وە رووداتی یەکـەم شـیرک لەسـەر زەویـدا هۆکارەکـەی (تصویـر) بـوو، کاتـێ شـەیتان ئـەو کارەی لای قەومـی نـوح جـوان کـردەوە بـە وێنـە کێشـانی پیاوچاکانیـان و دانـانی وێنەکانیـان لـە مەجلیسـەکانیاندا ، بـۆ ئـەوەی حاڵـی ئەوانیـان بهێنێتـەوە یـاد و چاویـان لـێ بکـەن لـە خـوا پەرسـتیدا ، تاکـو کارەکـە گەیشـتە پەرسـتنی ئـەو وێنانـە ، وە باوەڕبـوون بـەوەی کـەوا ئـەوان سـوود دەگەیەنـن و زیـان دەبەخشـن لـە جگـە لـە خـوای گـەورە.

جـا (تصویـر) سـەرچاوەی بـت پەرسـتییە ، چونکـە وێنەکیشـانی دروسـتکراوێک بەمـەزن زانینـی ئـەوە و زۆر جـار خـۆ پەیوەسـت کردنە پێـوە، بە تایبـەتی ئەوەی وینـەی دەکێشرێت خاوەنـی دەسـەڵاتێک بـێ یـان خـاوەن عیلـم بێـت یـان کەسـێکی چاکەکاربێـت ، بـە تایبەتی ئەگـەر وێنەکـە هەڵواسرایـە سـەر دیوارەکانـدا یـان لـە شـەقامەکاندا دابنرێـت یـان لـە

گۆڕەپانەکانـدا ، جـا ئـەوە دەبێتـە هـۆی پەیوەسـت بـوونی نەفـام و گومـڕاکان بـەو وێنانەوە ، هەرچەنـدە لـە پـاش ماوەیەکـی زۆر بێـت ، ئەمجـار ئـەم کارە دەبێتـە هـۆی کردنـەوەی دەرگایـەک بـۆ دانـان و دامەزرانـدنی بـت و پەیکـەر کـە لـە جگـە لـە خـوا دەپەرسـترێت .

لێـرەدا _پشـت بـە خـوا_ کۆمەڵێـک لـە فەرموودە ڕاسـت و دروسـتەکان دەهێنمـەوە کە بـە ئاشـکرا حەرامبـوونی (تصویـر)ی تێدایـە لەگەڵ چەنـد تێبینییەک لەسـەری بەپێـی توانا:_

١/ لـە (ئەبـو هورەیـرە)وە - رەزای خـوای لـێ بێـت - ریوایـەت کـراوە و دەفەرمووێـت: پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) فەرمویەتـی : (**قـال اللـه تعالـی : ومـن أظلـم ممـن ذهـب یخلـق کخلقـي؟! فلیخلقـوا ذرة ، أو لیخلقـوا حبـةً أو لیخلقـوا شـعیرة**)[1] واتـە : خـوای گـەورە فەرمویەتـی : چـی کەسـێک هەیـە لـەو کەسـە سـتەمکارتر بێـت دەڕوات وەکـو دروسـتکراوەکانی مـن دروسـت دەکات ؟! دەبـا بـڕوات میروویـەک دروسـت بـکات یـان دەنکـە تۆوێـک دروسـت بـکات یـان دەنکـە جۆیـەک دروسـت بـکات) ..

ماناکـەی ئەوەیـە:_ هیـچ کەسـێک نییـە لە کەسـی وێنەکێش (مصـور) سـتەمکارتر بێت ، چونکـە ئـەو کاتێ وێنەیەک دەکێشـێ لەسـەر ئەو شـێوەی خوای گەورە دروسـتی کردووە لە مرۆڤـەکان و ئاژەڵـەکان و شـتەکانی تـر لـە گیانـداران ، ئـەوا بووەتە کەسـێک کە هاوشـێوەی خـوا دروسـت دەکات ، ئـەو خوایـەی کـە هەمـوو شـتێکی دروسـت کـردووە ، هـەر ئەویش پـەروەردگاری هەمـوو شـتێکە ، هەر ئەو خوایەیە کە هەموو دروسـتکراوەکانی وێنەکێشـاوەو ڕوحـی بـە بەریانـدا هێناوە کـە بە هۆیانـەوە دەژین ، هەروەکـو خوای گـەورە دەفەرموێت: ﴿ خَلَقَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضَ بِٱلۡحَقِّ وَصَوَّرَكُمۡ فَأَحۡسَنَ صُوَرَكُمۡۖ ﴿٣﴾ ﴾ (التغابـن) واتـە : خـوا ئاسـمانەکان و زەویـی بەهـەق بەدیهێنـاوە وە بەجوانتریـن شـێوە وێنـەی کێشـاون: قەڵافـەت و بـەژن و بـاڵای جـوان و ڕێـك و پێـك و لـە گەڵ ئـەو هەمـوو ژیریـی و وردەکارییەدا).

خـوای گـەورە دەفەرموێـت: ﴿ هُوَ ٱللَّهُ ٱلۡخَٰلِقُ ٱلۡبَارِئُ ٱلۡمُصَوِّرُ ﴿٢٤﴾ ﴾ (الحـشر) واتـە : هـەر ئـەوە پەرسـتراوو دروسـتکەرو بەدیهێنـەر بـێ وێنـە هـەر ئـەوە وێنەکێـش و دیمـەن بەخـش ، بەهـەر شـێوەیەك خـۆی بیـەوێ نەخشـەی دەکێشـێ: جـوان، ناشـیرین، کورتـە بـاڵا، کەڵەگـەت، ڕەش پێسـت..هتد).

---

(١) أخرجه البخاري (٥٩٥٣) ومسلم (٥٥٠٩) .

ئەمجـار خـوای گـەورە تەحـەددای ئـەو وێنەکێشـانە دەکات کـە هـەوڵ دەدەن هاوشـێوەی ئـەو دروسـت بکـەن ، تەحـەددای کـردن لـەو وێنانـەی دەیکێشـن کـە بتوانـن ڕوح بـە بەریانـدا بهێنـن هەروەکـو ئـەو دروسـتکراوەی شـێوەکەیان دروسـت کـردووە ، ئەمـەش ڕوونکردنـەوەی بـێ دەسـەڵاتی و شکسـتی ئـەوانی تێدایـە لـەو هەوڵدانەیانـدا ، هەروەکـو ئـەوان چـۆن بـێ دەسـەڵات و بـێ توانـان لـە بەدیهێنـانی ئاژەڵێکـی خـاوەن ڕوح (گیانـدار) ، ئـاواش ئـەوان بـێ دەسـەڵات و بـێ توانـان لـە بەدیهێنـانی بەرووبومێـک و تۆوێـک ، (فليخلقـوا حبـة) واتـە : ئەگـەر نـا دەبـا تۆوێـک دروسـت بکـەن.

٢- ئیمامـی بوخـاری و موسـلیم لـە دایکـە عائیشـەوە- ڕەزای خـوای لـێ بێـت - ڕیوایەتیـان کـردووە کـەوا پێغەمبـەری خـوا(ﷺ) فەرمویەتـی : (أشـد النـاس عذاباً يـوم القيامـة الذيـن يُضاهـون بخلـق اللـه)[1] واتـە : سـەختترین کـەس سـزا دەدرێـت لـە ڕۆژی قیامەتـدا ئەوانـەن کـە هاوشـێوەی خـوای گـەورە دەیانەوێـت دروسـت بکـەن) .

ئەمـە هەواڵدانێکـە لـە پێغەمبـەری خـواوە(ﷺ) لەسـەر تونـدی سـزای وێنەگـرەکان لـە ڕۆژی قیامەتـداو خراپـی دەرئەنجامیـان ، هەرچەنـدە لـەم دونیایـە بەسـەلامەتی بژیـن و ناویـان لـێ نـرا (هونەرمەنـدان)و بە هەمـوو جۆرێـک هانـدران، ئـەوا دەرئەنجامێکی خراپ چاوەڕوانیانـە ، ئەگـەر تەوبـەی لـێ نەکـەن، چونکـە ئـەوان بـەو کردارەیـان هاوشـێوەی خـوا دروسـت دەکـەن ، واتـە: لەشـێوەی ئـەوەی خـوای تـاک و تەنهـاو زانـا دروسـتی کـردووە ئەوانیـش لەشـێوەی ئـەوە دروسـت دەکـەن ، لـە کاتێکـدا هـەر ئـەو (الخـلاق و العليم)ـە ، خـوای گـەورە دەفەرمووێـت: ﴿أَمْ جَعَلُوا۟ لِلَّهِ شُرَكَآءَ خَلَقُوا۟ كَخَلْقِهِۦ فَتَشَٰبَهَ ٱلْخَلْقُ عَلَيْهِمْ ۚ قُلِ ٱللَّهُ خَٰلِقُ كُلِّ شَىْءٍ وَهُوَ ٱلْوَٰحِدُ ٱلْقَهَّٰرُ ﴿١٦﴾﴾ ((الرعـد) , واتـە : یـا ئەوانـە چەنـد هاوبەشـێکیان بـۆ خـوا دانـاوە کـە وەکـو دروسـتکراوی ئەو(خوا)یەیـان دروسـت کردبـێ ئەوجـا ئـەو دروسـتکردنە لەوانـی شـێواندبێ و چەواشـە بووبـن و ئیـتر دوای ئـەوە پەرسـتبنیان؟! بڵـێ: ئـەی موحەممـەد (ﷺ) تەنهـا هـەر (اللـه) خوایـە دروسـتکەری هەمـوو شـتێك، نـەك ئـەو بتانـە ئـەوان دەیانپەرسـتن وە ئەویـش تـاك وتەنیـای دەسـەڵاتدارە ، بـە سـەرهەموو شـتێکدا).

---

(١) متفق عليه ، البخاري (٥٩٥٤) ومسلم (٥٥٠٦)

ئیمامـی (النـووي) دەربـارەی ئـەم فەرموودەیـە دەڵێـت: ((دەڵێـن : حەمـل دەکرێـت لەسـەر ئـەوەی کـەوا ئـەو وێنانـە دەکـەن بەمەبەسـتی پەرسـتنی ، ئەویـش ئـەو کەسـانەن کـە بـت دروسـت دەکـەن و هاوشـێوەکانیان، جـا ئەمـە کافـرە، ئەمـەش لەهەمـوو خەڵکـی سـزای تونـدتـرە ، وە دەڵێـن: ئـەوە ئـەو کەسـەیە ئەگـەر مەبەسـتی ماناکـەی بێـت کـە لـە فەرموودەکـەدا هاتـووە لـە هاوشـێوەی دروسـت کردنـەکانی خـوای گـەورە ، وە باوەڕیشـی وابـوو ، جـا ئەمـەش کافـرە، تونـدتریـن سـزای هەیـە کـە بـۆ کافـرەکان هەیـە، وەسـزاکەی زیاتـر دەبێـت بەزیادبـوونی کوفرەکـەی، بـەڵام ئەگـەر کەسـێک مەبەسـتی لێـی پەرسـتنی نەبـێ و هاوشـێوەی خـوا نەبـێ لەدروسـتکردندا، ئـەوە کەسـێکی فاسـقەو خـاوەنی تاوانێکی گەورەیـەو کافـر نابێـت)[1] .

شـەیخ (عبدالرحمـن بـن حسـن)-ڕەحمەتی خـوای لـێ بێـت- دەڵێـت: (جـا ئەگـەر ئەمـە بـۆ کەسـێک بێـت وێنەیـەک بـکات لەسـەر وێنـەی ئەوەی خـوا دروسـتی کـردووە لەگیانـداران، ئایـە حاڵـی کەسـێک چۆنـە کـە دروسـتکراوێکی یەکسـان کـردووە لەگـەڵ پـەروەردگاری جیهانیانـداو هاوشـێوەی دەکات بـە دروسـتکراوەکانی ، وەجۆرێـک لـە جـۆرەکانی پەرسـتنی بـۆ جـێ بەجـێ دەکات؟؟)[2] .

٣/ ئیمامـی بوخـاری و موسـلیم-ڕەحمەتی خوایـان لـێ بێـت لـە (ئیبـن عەببـاس)ەوە-ڕەزای خـوای لـێ بێـت - ریوایەتیـان کـردووەو دەڵێـت : گوێـم لـێ بـوو کـەوا پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) دەیفەرمـوو : (کل مصـور فـي النـار ، يُجعـل لـه بـكل صـورة صوَّرهـا نفـس يُعـذَّب بهـا فـي جهنـم)[3] .

مانـای ئەوەیـە: لـەڕۆژی قیامەتـدا هەمـوو وێنـەکان کـە لـە دونیـادا دروسـتی کـردوون ئامـادە دەکرێـت، وە بـۆ هـەر یەکێکیـان نەفسـێک دروسـت دەکرێـت و لەجەهەننەمـدا سـزا دەدرێـت، ئەگـەر وێنـەکان کـەم بـن یـان زۆر، ئەویـش سـزاکەی ئـەوان دەچێـژێ، بـەو پێیـەی بـۆ هەمـوو وێنەیـەک کەسـێک دروسـت دەکرێـت و لەجەهەنەمـدا سـزا دەدرێـت.

---

(١) انظر : المنهاج في شرح صحيح مسلم بن الحجاج (٧/ ٣١٩-٣٢٠) .

(٢) فتح المجيد (٢/٧٩٨) .

(٣) متفق عليه ، البخاري (٢٢٢٥) ومسلم (٥٥٠٦)

٤/ ئیمامـی بوخـاری و موسـلیم-رەحمەتی خوایـان لـێ بێـت- لـە (ئیبـن عەببـاس)ەوە- رەزای خـوای لـێ بێـت - ریوایەتیـان کـردووەو دەڵێـت : (مـن صـوَّر صـورة ، كُلِّفَ أن يُنفخَ فيها الروح يوم القيامة ، وليس بنافخ)[1].

ئەمـەش جۆرێکـی تـرە لەسـزای وێنەگـرەکان، وە ماناکـەی ئاشـکرایە ، ئەویـش ئەوەیـە کـەسی وێنەگـر هەمـوو وێنـەکان لـە دونیـادا کردوویـەتی لـە بەردەمیـدا ئامـادەی دەکـەن، ئەمجـار فەرمـانی پـێ دەکەن بـۆ هەریەکەیان ڕوحیان پیـادا بکات، ئەمەش لە کـوێ دەتوانێ لـە کاتێکـدا روح کاری پەروەردگارمانـە؟ بەڵکـو ئەمـە بـۆ سـزای ئـەوەو بـێ دەسـەڵاتی ئەوە، چونکـە تەکلیفـی شـتێکی لـێ دەکرێـت لـە توانایـدا نییـە، بۆیـە هـەردەم لەسـزاو ئـازاردا دەبێـت، جـا فەرموودەکە بەڵگەیە لەسـەر بەردەوامی سـزاکەی و دەرخسـتنی بـێ توانایی و بـێ دەسـەڵاتی ئـەوە ، کـە لـە دونیـادا هاوشـێوەی خـوای گـەورەی دروسـت دەکرد.

٥/ ئیمامـی موسـلیم – رەحمەتـی خـوای لـێ بێـت- لـە (أبـو الهیـاج)ەوە ریوایەتـی کـردووە و دەفەرموێـت: ئیمامـی عەلـی – رەزای خـوای لـێ بێـت- پێـی گوتـم : (: (ألا أبعثـك علـى مـا بعثنـي عليـه رسـول اللـه (ﷺ) أن لا تـدع صـورة إلا طمسـتها، ولا قبـرا مشـرفا إلا سـويته)[2] . واتـە : ئایـە رەوانـەت بکـەم بـۆ ئـەو کارەی پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) منـی بـۆی رەوانـە کـردووە ؟ هیـچ وێنەیـەک مەهێڵـە ئیـلا بیـدڕە و هیـچ گۆڕێکـی ئاشـکراو بـەرز مەهێڵـە ئیـلا لـە گـەڵ زەویـدا راسـتی بکـەرەوە) .

لـەم فەرمـوودەدا فەرمـان کـردن بەکوژاندنـەوەو (نەهێشـتنی) وێنـەی تێدایـە ، ئەویـش بریتییـە لـە گۆڕینـی شـێوەو شـکڵەکەیەتی، تاکـو لـەو حاڵەتـەی کـە هاوشـێوەی دروسـتکراوەکانی خـوا بـوو نەمێنـێ، هەروەهـا فەرمـانی ئـەوەشی تیادایـە بـە ڕوخانـدنی ئـەو خانووانـەی لەسـەر گـۆڕەکان دروسـتکراون هـەر لـە قوببـەو مزگـەوت و لـە نمونـەی ئەوانـە لـە دیـاردەکانی بتپەرسـتی .

لـەم فەرموودەیـەدا فەرمـان کـراوە بەنەهێشـتن و بنەبڕکـردنی دوو وەسـیلەو هـۆکار ، کـە لـە گەورەتریـن هـۆکارەکانی شـیرکەو ڕێگایەکـە بـەرەو شـیرک دەیبـات، ئەوانیـش

---

(١) متفق عليه ، البخاري (٥٩٦٣) ومسلم (٥٥٠٧).

(٢) رواه مسلم .

: وێنەکێشان و دروست کردنی خانووە لەسەر قەبرەکان، ئەمەو نمونەی ئەمانە لە گەورەترین بەرژەوەندییەکانی دینەو پاراستنی عەقیدەی موسڵمانانە.

لەم سەردەمەی ئێمەدا ئەو جۆرە وێنانە زۆربوونە ، هەروەها بەکارهێنانی و دانانی وێنەو هەڵواسینی و پارێزگاری کردنی وێنەی یادگاری ، وە لەم سەردەمەدا دروست کردنی ژوورو خانوو لەسەر گۆڕەکان زۆر بووە تاکو وای لێهاتووە بووەتە کارێکی ئاسایی، ئەمیش بەهۆی نامۆبوونی دینەوەیەو نەمان و شاردنەوەی سوننەتەو دەرکەوتنی بیدعەیە و بێ دەنگی زۆرێک لەزانایانەو تەسلیم بوونیانە بەو واقیعەی تێی کەوتوون، تا وای لێ هاتووە چاکە بووەتە خراپەو خراپە بووەتە چاکە لەزۆربەی ولاتاندا ، ولا حول ولا قوة الا بالله العلي العظيم .

بۆیە پێویستە لە سەرمان ئاگادارکردنەوەو ئامۆژگاری کردنە بۆ خواو کیتابەکەی و پێغەمبەرەکەی (ﷺ) و پێشەوایانی موسڵمانان و تێکڕای خەڵکی ، بەتایبەتی کاتێ کە بانگخوازانی گومڕایی و ئەوانەی ڕەواج بەناڕەوایی دەدەن زۆربوونە ، بۆیە پێویستە ساختەکانیان ئاشکرا بکرێت و گومڕاییەکانیان وەڵام بدرێتەوەو موسڵمانان چاوڕوون بکرێن لە خراپەیان تاوەکو ئاگادارییانبن .

خوای گەورە موسڵمان تەوفیق بدات بۆ کارکردن بە کیتابەکەی و سوننەتی پێغەمبەرەکەی(ﷺ).

پووچەڵکردنـەوەی گومـانی موشریکـەکان کـە خۆیـان پەیوەسـت کـردووە پێـوە بـۆ گونجانـدنی شـیرکەکەیان لـە تەوحیـدی (الالهیـة) :

بەهـۆی ئـەو ڕەواجدانـەی بـە گومـان و حیکایەتـەکان دەدرێـت و زۆرێـک لـە خەڵکـی پێـی گومـڕا بوونـەو بـە بەڵگـە دەیژمێـرن و پشـتی پـێ دەبەسـتن بـۆ گونجانـدنی گومڕایـی و شـیرکەکەیان ، بـەردەوام بـوون لـە سـەر ئـەو ڕێگـەی کـە لـە سـەرین ، بۆیـە پێویسـتە ئـەو سـاختانەیان ئاشـکرا بکرێـت و ناڕەواییەکـەی ڕوونبکرێتـەوە .

خـوای گـەورە دەفەرموێـت: ﴿لِّيَهْلِكَ مَنْ هَلَكَ عَنۢ بَيِّنَةٍ وَيَحْيَىٰ مَنْ حَيَّ عَنۢ بَيِّنَةٍ ﴿٤٢﴾﴾ (الانفال) واتـە : تـا ئـەوەی دەبـێ بمـرێ و تیـا بچـێ و ئـەوەش بڕیـارە بـژی و زیندەبـێ بـا هـەردوولا بەبەڵگـەی ئاشـکرابێ، واتـە: کێ موسـڵمان دەبێت، با لە سـەر بەڵگە موسـڵمان بێـت، کێـش کافـرو خوانەنـاس دەبێـت، بـا ئەویـش پـاش بەڵگـە بێـت).

جـا هەنـدێ لـەو گومانانـە هـەن کـە موشریکـەکانی ئوممەتـەکانی پێشـوو دەیانکـردە بەڵگـە، وەهەنـدێ لـەو گومانانـە موشریکـەکانی کـۆن و تـازە دەیکەنـە بەڵگـە ، لەوانـە:

گومانی یەکەم :

گومانێـک نزیکـە لـەوەی بڵێیـن هەمـوو گرووپـە موشریکـەکان تێیـدا هاوبەشـن لـە هەمـوو ئوممەتـەکان ، ئەویـش گومـانی بـە بەڵگـە هێنانـەوەی ئـەوەی کـە باوباپیریـان لەسـەری بـوون، وە ئـەوان ئـەم عەقیدەیـان لەپێشـینەکانیانەوە بـۆ پاشـینەکانیان ماوەتـەوە ، هەروەکـو خـوای گـەورە دەربارەیـان دەفەرموێـت: ﴿وَكَذَٰلِكَ مَآ أَرْسَلْنَا مِن قَبْلِكَ فِى قَرْيَةٍ مِّن نَّذِيرٍ إِلَّا قَالَ مُتْرَفُوهَآ إِنَّا وَجَدْنَآ ءَابَآءَنَا عَلَىٰٓ أُمَّةٍ وَإِنَّا عَلَىٰٓ ءَاثَٰرِهِم مُّقْتَدُونَ ﴿٢٣﴾﴾ (الزخـرف) , واتـە : (وە بـەو تـەرزەی ئەمانـە، هـەر پەیامبەرێکـی ترسـێنەرمان - لەپێشـتەوە- نـاردووە بـۆ شـارێك خۆشـگوزەرانەکانیان بەگوێیـان نەکـردووەو وتویانـە: بەڕاسـتی ئێمـە بـاوو باپیرانمـان دیتـووە لـە سـەر مەزهـەب و ئایینێـك و ئێمەیـش بـە شـوێن ئەوانـدا ئەڕۆیـن و پێڕەویـان ئەکەیـن).

ئـەم حوججەیـەش ئـەو کەسـانە پەنـای پـێ دەبـەن کـە بـێ توانـان لەهێنانـەوەی بەڵگـە بـۆ ئـەوەی بانگەشـەی بـۆی دەکات ، ئەویـش بەڵگەیەکـی بەتـاڵ و بـێ بنەمایـە، لەبـازاڕی تێڕوانینـدا هیـچ بەهـاو نرخێکـی نییـە، چونکـە ئـەو باوکانـەی ئـەوان چاویـان لـێ دەکـەن لەسـەر هیدایـەت نەبـوون، هەرکەسـیش ئـاوا بێـت ئـەوا دروسـت نییـە شـوێنی بکـەون و چاویـان لـێ بکـەن.

خـوای گـەورە لەوەڵامـی ئەوانـدا دەفەرموێـت: ﴿ ۞ قَٰلَ أَوَلَوۡ جِئۡتُكُم بِأَهۡدَىٰ مِمَّا وَجَدتُّمۡ عَلَيۡهِ ءَابَآءَكُمۡۖ ﴿٢٤﴾ ﴾ (الزخرف) واتـە : پێغەمبەرەکـەش وتوویەتـی: باشـە ئەگـەر مـن بەرنامـەو ئایینێکـی باشـترم لـەوەی باوو باپیرانتـان بـۆ هێنـان ئێوە هـەر نکوڵـی ئەکەن) .

هەروەهـا خـوای گـەورە دەفەرموێـت: ﴿ أَوَلَوۡ كَانَ ءَابَآؤُهُمۡ لَا يَعۡلَمُونَ شَيۡـٔٗا وَلَا يَهۡتَدُونَ ﴿١٠٤﴾ ﴾ (المائـدة) واتـە : کـە بـاوو باپیرانیشـیان هیچییـان نەزانیـوە و رێیـان دەرنەکـردووە، ئاخـۆ هەردوایـان بکـەون ؟)

وە دەفەرموێـت: ﴿ أَوَلَوۡ كَانَ ءَابَآؤُهُمۡ لَا يَعۡقِلُونَ شَيۡـٔٗا وَلَا يَهۡتَدُونَ ﴿١٧٠﴾ ﴾ (البقـرة) واتـە : ئەگەرچـی بـاب و باپیرانیشـیان هیچیـان لەراسـتە رێ نەزانیبـێ و هیدایـەت و رێنـما نەبووبـن؟ ئەوانـە هەرشـۆێنیان دەکـەون؟ بەڵـێ شـوێنکەوتن و چاولێگەریـی لەباتـڵ و پڕوپـووچ، بەهیـچ شـێوەیە جێگـەی قسـەوباس نیـە، کەچەنـدە کارێکـی نـاڕەواو خراپـە، بەڵکـو دەبـێ هـەر لـە ‹هـەق›و راسـتیی وحەقیقـەت پەیـڕەوی بکـرێ و هـەر ئەمـەش کارێکـی دروسـت و ڕەوایـە) .

جـا شـوێنکەوتن و چاولێکـردنی باوباپیـران کاتێـک چـاک دەبێـت ، ئەگـەر ئـەوان لەسـەر حـەق بووبـن ، هەروەکـو خـوای گـەورە دەربـارەی (یوسـف) - علیـە السـلام- دەفەرموێـت:﴿ وَٱتَّبَعۡتُ مِلَّةَ ءَابَآءِيٓ إِبۡرَٰهِيمَ وَإِسۡحَٰقَ وَيَعۡقُوبَۚ مَا كَانَ لَنَآ أَن نُّشۡرِكَ بِٱللَّهِ مِن شَيۡءٖۚ ﴿٣٨﴾ ﴾ (یوسـف) , واتـە : وە بۆخـۆم کەوتوومەتـە شـوێنی ئایینـی بـاوو باپیرانـم: (ئیبراهیم) و(ئیسـحاق) و(یەعقـووب) ، هەرکەسـێکی دیکـەش ئـاوا بـکات، هـەر ئـاوا سـەرکەوتوو دەبـێ و خـوا دەرگای زانسـتیی بـۆ واز دەکات هەرگیـز نابـێ بـۆ ئێمـەی (خانـەوادەی پێغەمبـەران و شـوێنکەوتوانیان) هیـچ شـتێك بکەینـە هاوبـەش و هاوەڵـی خـوا).

وە دەفەرموێـت: ﴿ وَٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَٱتَّبَعَتۡهُمۡ ذُرِّيَّتُهُم بِإِيمَٰنٍ أَلۡحَقۡنَا بِهِمۡ ذُرِّيَّتَهُمۡ ﴿٢١﴾ ﴾ (الطور) واتـە : وە ئـەو کەسـانەی باوەڕیـان هێناو نەوەکانیشـیان بـە ئیمانەوە پەیڕەوییـان لێکردوون زارۆو نەوەکانیشـیانمان پێگەیانـدن لەبەهەشـتدا، هەرچەنـدە کردەوەکانیشـیان شایسـتەی ئـەو پلەیـە نەبـێ، بـەڵام لەبـەر ڕێـزو حورمەتی ئـەوان).

وە گومـانی حوججـە هێنانـەوەی ئـەوەی بـاوک و باپیـران لەسـەری بـوون لەناخـی موشریکەکانـدا بـوونی هەیـەو چەقیـوە، ڕووبـەڕووی بانگـەوازی پێغەمبەرانی پـێ دەکەنەوە.

قەومـی نـوح ، کاتـێ نـوح فەرمـووی : ﴿ يَٰقَوۡمِ ٱعۡبُدُواْ ٱللَّهَ مَا لَكُم مِّنۡ إِلَٰهٍ غَيۡرُهُۥٓۚ أَفَلَا تَتَّقُونَ ﴿٢٣﴾ فَقَالَ ٱلۡمَلَؤُاْ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ مِن قَوۡمِهِۦ مَا هَٰذَآ إِلَّا بَشَرٞ مِّثۡلُكُمۡ يُرِيدُ أَن يَتَفَضَّلَ عَلَيۡكُمۡۚ وَلَوۡ شَآءَ ٱللَّهُ لَأَنزَلَ مَلَٰٓئِكَةٗۖ مَّا سَمِعۡنَا بِهَٰذَا فِيٓ ءَابَآئِنَا ٱلۡأَوَّلِينَ ﴿٢٤﴾ ﴾(المؤمنـون) واتـە :: ئـەی هۆزەکـەم! تەنهـا خـوا بپەرسـتن؛ چونکـە جگـە لـەو هیـچ پەرسـتراوێکیتری ڕاسـتەقینە بـۆ ئێـوە نیـە دە ئایـا هێشـتا ناترسـن و پارێـز ناکـەن لەپەرسـتنی غەیـری ئـەوو کۆتایـی ناهێنـن؟(٢٣) جـا گـەورە گەورەکانـی هۆزەکـەی، -کـە خوانەنـاس و بـێ بـاوەڕ بـوون- وتیـان: ئـەم (نووح)هیـش هـەر مرۆڤێکـە وەکـو ئێـوە، هیـچ پلـەو پایەیەکـی لەئێـوە زیاتـر نیـە! ئەیـەوێ خـۆی بەسـەر ئێـوەدا زاڵ بـکا، جـا کەوابـوو وریابـن! نەخەڵەتێـن سـەرباری ئـەوەش ئەگـەر خـوا ویسـتبای پەیامبەرێـك بنێـرێ، فریشـتەی ئەنـارد، نـەك ئادەمیـی، جـا کەوایـە بـا ئـەو هـەر بـۆ خـۆی بڵـێ، ئێـوەش بەگوێـی مەکـەن ئـەم قسـەو باسـە کـە نـوح ئەیـکا(داوای پێغەمبەرێتـی و یـەك خواپەرسـتی) تـا ئێسـتا ئێمـە لەبـاوو باپیرانمانـەوە نەمـان بیسـتووە ، کەوایـە باهـەر بـۆ خـۆی بڵـێ (٢٤) .) .

جـا ئـەوان ئـەوەی باوکیـان لەسـەری بـووە کردیانـە حوججەیـەک و بەرامبـەر پەیامەکـەی (نـوح)ی پێغەمبەریـان پـێ گـرت.

قەومەکـەی (صالـح) - علیـە السـلام- بە(صالح)یـان گـوت: ﴿ أَتَنۡهَىٰنَآ أَن نَّعۡبُدَ مَا يَعۡبُدُ ءَابَآؤُنَا ﴿٦٢﴾ ﴾ (هـود) واتـە : ئایـا لەپەرسـتنی پەرسـتراوەکانی باوباپیرانمـان ڕێـمان لێدەگریـت ؟)

قەومەکـەی (ئیبراهیـم) - علیه السـلام- بە(ئیبراهیـم) یان گـووت: ﴿ قَالُواْ بَلۡ وَجَدۡنَآ ءَابَآءَنَا كَذَٰلِكَ يَفۡعَلُونَ ٧٤ ﴾(الشعراء) واتـە : وتیـان: نەخێر هیچ شـتێ لەوە ناکـەن، بەڵکو باوو باپیرانی خۆمانمـان بینیـوە هـەر ئاوایـان ئەکرد بۆیە ئێمەیش ئێستا هـەروەك ئـەوان ئەکەین).

فیرعەونیـش بـە موسـای گـوت: ﴿ قَالَ فَمَا بَالُ ٱلۡقُرُونِ ٱلۡأُولَىٰ ٥١ ﴾ (طه) واتـە : ئـەی حاڵـی ئـەو هەمـوو بـەرەو گەلانـەی پێشـووە چـۆن بـووە؟! خـۆ ئـەوان خوایـان بەڕاسـتی نەپەرسـتووە؟) .

وە موشریکـەکانی عـەرەب کاتـێ (محمـد) (ﷺ) بـەوانی گـوت: بڵێـن: (لاالـە الا اللـە) ئـەوان گوتیـان: ﴿ مَا سَمِعۡنَا بِهَٰذَا فِي ٱلۡمِلَّةِ ٱلۡأٓخِرَةِ إِنۡ هَٰذَآ إِلَّا ٱخۡتِلَٰقٌ ٧ ﴾ (ص) واتـە : ئەمـەی موحەممـەد (ﷺ) دەیڵـێ بـۆ پەرسـتنی یـەك خـوا، ئێمـە لـە ئایینـی عیسـادا(علیه السـلام) نەمـان بیسـتووە ئـەم یەکخواپەرسـتیە هـەردرۆو سـاختە و هەڵبەسـتراوەو!).

گومانی دووەم :

هەروەهـا لـەو گومانـەی کـە گۆڕپەرسـتەکانی ئەمـڕۆ دەیکەنـە بەڵگـە بەگومـانی خۆیـان هـەر کەسـێ تەنهـا وتی (لا الـه الا اللـه) ئـەوە بەسـیەتی بـۆ چوونـە بەهەشـت ، هـەر چەنـدە ئـەو کەسـە هـەر کارێـک بـکات، هەرگیـز کافـر نابێـت چونکـە دەڵـێ : (لا اله الا اللـه) دەسـتیان گرتـووە بـە ڕواڵـەتی ئـەو فەرموودانـەی دەربـارەی هاتـووە کـەوا هـەر کەسـێ شـایەتمانی هێنـا : ئـەوا چیـتر ئاگـری لەسـەر حـەرام دەبێـت .

جـا بـۆ وەڵامـی ئـەم گومانـە : ئـەو فەرموودانە هـەروا بەڕەهایی نییـە ، بەڵکـو ئەوانە بە فەرمـوودەی تـر (تقیـد) کـراون، تیایانـدا هاتووە کـەوا ئەو کەسـەی دەڵێت : (لا الـه الا الله) دەبـێ بـە دڵـی باوەڕی پێـی هەبێ و کار بـە ناوەڕۆکەکەی بکات و کوفر بـکات بەوەی جگە لـە (اللـه) دەپەرسـترێت ، هەروەکـو لەفەرموودەکـەی (عتبـان)دا داهاتـووە: (فـإنَّ اللـهَ حرَّمَ عـلى النـارِ مـن قـال: لا إلـه الا اللـه ، يَبتغـي بذلـكَ وَجـه اللـه)[1] واتـە : خـوای گـەورە ئاگری حـەرام کـردووە لـە سـەر ئـەو کەسـەی بڵێـت : لا الـه الا اللـه ، مەبەسـتی لـەو قسـەدا تەنها خـوای گـەورە بێت) .

---

(١) أخرجه مسلم .

جـا ئەگـەر نـا، دووڕووەکانیـش بـە زمانیـان دەڵێـن:_ (لا الـه الا اللـه) ، کەچـی لـە پلـەی خـوارەوەی ئاگـردان ، وە تەنهـا وتنـی (لا الـه الا اللـه) سـوودی بۆیـان نەبـوو ، چونکـە ئـەوەی کـە دەلالـەتی بـۆ دەکات ئـەوان بـە دڵ باوەڕیـان پـێ نییـە.

هەروەهـا لـە (صحیـح مسـلم)دا هاتـووە کـەوا پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) فەرمویەتـی : (مـن قـال : لا الـه الا اللـه ، وکفـر بمـا یُعبـد مـن دون اللـه ، حُـرم مالـهُ ودمـهُ ، وحسـابه علی اللـه)[1] واتـە : هەرکەسـێک بڵێـت : (لا الـه الا اللـه) و بـێ بـاوەر بێـت بـەوەی لـە جگـە لـە خـوای گـەورە دەپەرسـتێت ، ئـەوا سـامان و خوێنـی حـەرام دەبێـت و لێپرسـینەوەی لەسـەر خـوای گەورەیـە) .

جـا پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) لـەم فەرمـوودەدا حەرامبـوونی سـامان و خوێنـی پەیوەسـت کـردووە بـە دوو کارەوە :

یەکەم : وتنی (لا اله الا الله) .

دووەم : کوفر کردن بەوەی جگە لە خوا دەپەرستێت.

وە تەنهـا وتنـی (لا الـه الا اللـه) بـەس نییـە، ئـەوەش بەڵگەیـە ئـەو کەسـەی دەڵێـت: (لا الـه الا اللـه) و واز لەمـردوو پەرسـتن و پەیوەسـت بـوون بـە گۆڕەکانـەوە ناهێنـێ ئـەوا سـامان و خوێنـی حـەرام نییـە.

گومانی سێ یەم :

هەروەهـا لـەو گومانانـەی دەسـتی پێـوە دەگـرن : بانگەشـەی ئـەوە دەکـەن کـەوا لـەم ئوممەتـەی (محمـد)دا (ﷺ) هەرگیـز شـیرکی تێـدا ڕوو نـادات لەکاتێکـدا ئـەوان دەڵێـن:_ [لا الـه الا اللـه محمـد رسـول اللـه].

وە ئـەو کارانـەی کـە دەیکـەن لای گـۆڕەکان لەپەرسـتنی مـردووەکان و داواکـردن لێیـان ئـەوا لای ئـەوان پێـی نالێـن شـیرک.

---

(١) أخرجه مسلم .

وە بـۆ وەڵامـی ئـەم گومانـە دەڵێیـن : پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) هەواڵـی داوە کـەوا لـەم ئوممەتـەدا هاوشـێوەی جولەکـەو گاور دەکرێـت لەوەی ئەوان لەسـەرین ، لـە ئمونەی ئەوە زانـا و ئەحبارەکانیـان بکرێنـە پـەروەردگار لەجگـە لەخـوای گـەورە، هەروەهـا پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) هەواڵـی داوە کـەوا قیامـەت هەڵناسـێت تاکـو کۆمەڵێـک لـە ئوممەتەکـەی نەچنـە نێـو ڕیـزی موشریکەکانـەوە ، هەروەهـا تاکـو چەنـد کۆمەڵێـک لەئوممەتەکـەی بت نەپەرسـتن ، جـا لـەم ئوممەتـەدا شـیرک ڕوویـداوە ، هەروەهـا ئـەو بیروبـاوەڕە ڕووخێنەرانە و گـرووپ و کۆمەڵـە گومڕایانـە کـە زۆرێـک لەخەڵکـی بـە هۆیانـەوە لـە ئیسـلام دەرچـوون لەکاتێکـدا ئـەوان دەڵێـن : [لا الـه الا اللـه محمـد رسـول اللـه].

گومانی چوارەم :

لـەو گومانانـەی کەخۆیـان پێـوە هەڵواسـیوە و خۆیـان پێـوە پەیوەسـت کـردووە بـاس و بابـەتی شـەفاعەتە، چونکـە ئـەوان دەڵێـن : ئێمـە لـە ئەولیـاو پیاوچـاکان جـێ بەجـێ کـردنی پێویسـتیەکانمان نـاوێ لـە جگـە لەخـوا، بـەڵام دەمانـەوێ لای خـوا شـەفاعەتمان بـۆ بکـەن ، چونکـە ئـەوان ئەهـلی چاکسـازین و ڕێـزو پلـەو پایەیـان لای خـوا هەیـە، ئێمـەش دەمانـەوێ خـوای گـەورە پێویسـتییەکانمان جـێ بەجـێ بـکات لەبـەر خاتـرو شـەفاعەتی ئـەوان.

وەڵامـی ئـەم گومانـە: ئەمـە هەمـان قسـەی موشریکـە کۆنەکانـە بـۆ شـیاندنی ئـەوەی لەسـەرین، کەچـی خـوای گـەورە ئـەوانی کافـر کـردووە و بـە موشریـک نـاوی بـردون ، هەروەکـو خـوای گـەورە دەفەرموێـت:﴿ وَيَعۡبُدُونَ مِن دُونِ ٱللَّهِ مَا لَا يَضُرُّهُمۡ وَلَا يَنفَعُهُمۡ وَيَقُولُونَ هَٰٓؤُلَآءِ شُفَعَٰٓؤُنَا عِندَ ٱللَّهِ ١٨ ﴾ (یونـس) واتـە : وەلـە باتـی خوایـش چەنـد شـتێکی وا دەپەرسـتن کـە: نـە دەتوانـن زیانێکیـان پـێ بگەیەنـن و نـە سـوودێکیان پـێ ببەخشـن دەشـڵێن : ئەوانـە -دەیانپەرسـتین- لای خـوا تکاکارمـان دەبـن، واتـە: بـۆ ئـەو مەبەسـتە ئێمـە ئەیانپەرسـتین) .

جـا شـەفاعەت حـەق و ڕاسـتە ، بـەڵام تەنهـا مووڵکـی خوایـە ، هەروەکـو خـوای گـەورە دەفەرموێـت ﴿ قُل لِّلَّهِ ٱلشَّفَٰعَةُ جَمِيعٗا ٤٤ ﴾ (الزمـر) واتـە : بلـێ: لێبوردن و بەخشـین و تکاو شـەفاعەت سـەرلەبەر تەنهـا بـۆ خوایـە، هیـچ کەسـێکی دیکـە شـتێکی بـە دەسـت نیـە) .

بۆیـە تەنهـا لەخـوا داوا دەکرێـت و لەمـردوو داوا ناکرێـت، چونکـە خـوای گـەورە هیـچ ڕوخسـەت و مۆڵـەتی نـەداوە بـۆ داواکـردنی شـەفاعەت نـە لـە فریشـتەو نـە لـە پێغەمبەران و نـە لـە جگـە لـەوان، چونکـە ئـەوە تەنهـا مولْکـی ئەوە_پاکـی و بـێ گـەردی بـۆ ئـەو خوایـە_ وە تەنهـا داوا لـەو دەکرێـت ، بـۆ ئـەوەی ئیـزن بـە کـەسی شـەفاعەتکار بـدات بـۆ شـەفاعەت، کارەکـە وەکـو ئـەوە نییـە کـە لای دروسـتکراوەکان هەیـە لەپێشخسـتنی شـەفاعەتکاران لایـان بـە بـێ ئیـزنی ئـەوان ، ڕەنگـە ناچار بـن بـۆ وەرگرتنی شـەفاعەتەکەیان ، لەبـەر ئـەوەی پێویسـتیان پێیانـە، هەرچەنـدە نـاڕازی بـن لـەوەی شـەفاعەتی بـۆ دەکرێـت ، چونکـە ئـەوان پێویسـتییان بـە یارمەتیـدەر و وەزیـر هەیـە، بـەڵام خـوای تـاک و تەنهـا ئـەوا هیـچ کەسـێک شـەفاعەت نـاکات لای بەئیـزنی ئـەو نەبـێ و ڕازی بـوونی لـەوەی شـەفاعەتی بـۆ دەکرێـت ، خـوای گـەورە دەفەرموێـت: ﴿ ۞ وَكَم مِّن مَّلَكٍ فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ لَا تُغۡنِي شَفَٰعَتُهُمۡ شَيۡـٔٗا إِلَّا مِنۢ بَعۡدِ أَن يَأۡذَنَ ٱللَّهُ لِمَن يَشَآءُ وَيَرۡضَىٰٓ ٢٦ ﴾ ((النجـم) واتـە : فریشـتەیەکی زۆر لـە ئاسـمانەکاندا هـەن تکایـان هیـچ کەڵـك نابەخشـێ بـۆ پەرسـتیارەکانیان، مەگـەر ئـەو بتانـەی ئێـوە چـۆن تکایـان وەرئەگیـردرێ بۆتـان ؟! مەگـەر پـاش ئـەوەی بـۆ هەرکەسـێك خـوا خـۆی بیـەوێ و ڕازی بـێ مۆڵـەت بـدات فریشـتە تـکای بـۆ بـکات، ئـەوەش بـۆ پیـاوە ڕاسـاڵ و سـاڵحەکان دەبێـت) .

گومانی پێنجەم :

هەروەهـا لـەو گومانـەی ئـەوان دەیڵێـن:_ ئەولیـاو پیاوچـاکان پلـەو پایەیـان هەیـە لای خـوا، ئێمـە داوا لەخـوا دەکەیـن لەبـەر خاتـرو پلـەو پایـەی ئـەوان!!.

وەڵامـی ئـەم گومانـە : ئیمانـداران هەمووییـان ئەولیـای خـوان ، بـەڵام دان نـان بـەوەی کـە کەسـێکی دیاریکـراو وەلی خوایـە ، ئـەوا پێویسـتی بـە بەڵگەیـەک هەیـە لـە قورئـان و فەرمـوودە ، وە هەرکەسـیش وەلی بـوونی لـە کتێـب و سـوننەتدا سـەلمێنرا ، نابـێ ئێمـە زیـادەڕەوی تێـدا بکەیـن و تەبەڕوکـی پێـوە بکەیـن، چونکـە ئـەوە وەسـیلەو هـۆکاری شـیرکە، وەخـوای گـەورەش فەرمـانی پێکردووییـن کـەوا ڕاسـتەوخۆ داوا لـەو بکەیـن ، بەبـێ ئـەوەی هیـچ نێوەنـدو واسـیتەیەک لەنێـوان ئێمـەو ئـەودا پەیـدا بکەیـن ، چونکـە ئەمـە هـەر ئـەو هـۆکارە بـوو کـە موشریکـەکان کردبوویانـە هـۆکار لەپێشـدا، کـەوا ئـەوان ئـەو

پیاوچاکانەیـان کردووەتـە شـەفاعەتکارو نێوەنـدو واسـیتەیەک لەنێـوان خۆیـان و خـوای گـەورەدا ، داوایـان لەخـوا دەکـرد بەخاتـرو نزیکـی ئـەوان لـە خـوداوە، بۆیـە خـوای گـەورە ئینـکاری ئـەو کارەی لـێ کـردن.

ڕووبەڕووبونەوەی چەند جۆرێک لەجۆرەکانی شیرکی گەورە :

شیرک دوو جۆرە : شیرکی گەورە و شیرکی بچووک.

شـیرکی گـەورە تەوحیـد ناهێڵـێ و خاوەنەکـەی لـە ئیسـلام دەردەکات ، چەندیـن جـۆری هەیـە لـە پێشـدا هەنـدێ لـەو جۆرانەمـان ڕووبەڕووبـوونەوەی لـەوەی کـە لـە دەوری ئـەو گۆڕانـە دەکرێـت ، وەچەنـد جۆرێکـی تـری شـیرکی گـەورە هەیـە ، لەوانـە :_

یەکەم : شیرک لە ترسدا:

تـرس ، هەروەکـو زانایـان پێناسـەیان کردووە:_گومـان بـردنی تـووش بـوونی ناڕەحەتییـەک بەپێـی نیشـانەیەکی گومانـدار یـان زانـراو ، ئەویـش سـێ بەشـە:

یەکـەم جـۆر : تـرسی نهێنـی : ئەویـش ئەوەیـە کـە لـە جگـە لـە خـوا بترسـێت ، وەکـو بت یـان تاغـوت یـان مـردوو یـان ئامـادە نەبوویـەک (غائـب) لـە جنۆکـە یان مـرۆڤ کـەوا تووشی شـتێکی ناڕەحـەتی بکـەن ، هەروەکـو خـوای گـەورە دەربـارەی قەومـی (هـود) -علیـه السـلام - گێڕایەتیـەوە ، کـە ئـەوان پێیـان گـوت : ﴿ إِن نَّقُولُ إِلَّا ٱعۡتَرَىٰكَ بَعۡضُ ءَالِهَتِنَا بِسُوٓءٖۗ قَالَ إِنِّيٓ أُشۡهِدُ ٱللَّهَ وَٱشۡهَدُوٓاْ أَنِّي بَرِيٓءٞ مِّمَّا تُشۡرِكُونَ ٥٤ مِن دُونِهِۦۖ فَكِيدُونِي جَمِيعٗا ثُمَّ لَا تُنظِرُونِ ٥٥ ﴾ (هـود) واتـە : و هـەر ئەمەنـدەش دەڵێیـن کەهەنـدێ لـە خواکانمـان دەسـتیان لـێ وەشـاندویت، سـەرت لـێ تێکچـووە، چونکـە بەخراپـە ناویـان دەبەیـت هـود وتـی: بێگومـان مـن خـوا بەشـایەت دەگـرم و ئێوەیـش بەشـایەت بـن کـە: بەڕاسـتی مـن لـەو بتانـە ئێـوە دەیانکەنـە هاوبەشـی خـواو ئەیانپەرسـتن بەریـی و بێـزارم (٥٤) بێگومانـم کـە جگـە لەخـوا؛ پەرسـتنی هیـچ شـتێکی تـر ڕەوا نییـە، سـا (ئێـوەو بتەکانتـان) کـۆ ببنـەوەو چەنـدە دەتوانـن نەخشـە بکێشـن بـۆ لەناوبردنـم لەپاشـانیش هیـچ مـەوداو مۆڵەتیشـم مـەدەن ئەگـەر ئەتوانـن؛ ئەوسـا چـاك بزانـن کەهێـمان لەوکاتەیشـدا مـن هیـچ باکێکـم نییـە (٥٥) .

هەروەهـا موشریکەکانـی مەککـە پێغەمبـەری خوایـان -(محمـد)(ﷺ)- بـە بتـەکان دەترسـان ، هەروەکـو خـوای گـەورە دەفەرموێـت: ﴿ وَيُخَوِّفُونَكَ بِٱلَّذِينَ مِن دُونِهِۦ ﴿٣٦﴾ ﴾ (الزمـر) واتـە : و هاوبەشـدانەران بـە جگـە لـە خـوا (بەبتـەکان) دەتترسـێنن! واتـە: لەباتـی ئـەوە کـە تەنهـا بەخـوا بترسـێنن، کەچـی لەبـەر گومڕایـی خۆیـان بەبتـەکان هەڕەشـەت لێدەکـەن و دەتترسـێنن) .

جـا تـرس لـە جگـە لـە خـوا ئـەو واقیعـەی ئەمڕۆیـە لەلایـەن گۆڕپەرسـتان و جگـە لـەوان لـە بتـەکان دەترسـن ، لێیـان دەترسـن و ئەهـلی تەوحیـدی پـێ دەترسـێنن ئەگـەر هاتـوو ئـەوان ئینـکاری پەرسـتنی ئـەو بتانەیـان کـردو فەرمـانی ئیخـلاّصی پەرسـتنیان بـۆ خـوای تـاک و تەنهـا کـرد ، ئـەم جـۆرە ترسـەش لـە گرنگتریـن جۆرەکانـی پەرسـتنە ، پێویسـتی بـە ئیخلاّصـەو تەنهـا بـۆ خـوا بێـت ، خـوای گـەورە دەفەرموێـت: ﴿ فَلَا تَخَافُوهُمْ وَخَافُونِ إِن كُنتُم مُّؤْمِنِينَ ﴿١٧٥﴾ ﴾ (ال عمـران) واتـە : جـا ئەگـەر باوەڕتـان بەهێـزە، لـەوان مەترسـن ، لەخـۆم بترسـن).

وە خـوای گـەورە دەفەرموێـت: ﴿ فَلَا تَخْشَوْهُمْ وَٱخْشَوْنِ ﴿٣﴾ ﴾ (المائـدة) واتـە : کەوابـوو لـەوان مەترسـن، و هـەر لـە مـن بترسـن و پاریـزگاری لەسـنووورەکانی مـن بکـەن) .

ئـەم ترسـەش لـە مەزنتریـن پلـەو پایـەی دینـە لـە شـکۆمەندترینیانە، جـا هـەر کەسـێ ئـەو ترسـە یـان هەندێکـی بـۆ جگـە لـە خـوا جـێ بەجـێ کـرد ، ئـەوا بـە شـیرکی گـەورە شـەریکی بـۆ خـوا دانـاوە ، پەنـا بـە خـوا.

دووەم جـۆر لـە جـۆرەکانی تـرس : کـەوا کەسـێک ئـەوەی واجیبـە لەسـەری لە کـردەوەکان لـە تـرسی هەنـدێ کەسـدا تەرکی بـکات و وازی لـێ بهێنـێ ، جا ئەمـە حەرامە، ئەوەش شـیرکی بچووکـە، هـەر ئەمەشـە لـەو ئایەتـە پیـرۆزەدا بـاس کـراوە کـەوا خـوای گـەورە دەفەرموێـت: ﴿ ٱلَّذِينَ قَالَ لَهُمُ ٱلنَّاسُ إِنَّ ٱلنَّاسَ قَدْ جَمَعُوا۟ لَكُمْ فَٱخْشَوْهُمْ فَزَادَهُمْ إِيمَٰنًا وَقَالُوا۟ حَسْبُنَا ٱللَّهُ وَنِعْمَ ٱلْوَكِيلُ ﴿١٧٣﴾ فَٱنقَلَبُوا۟ بِنِعْمَةٍ مِّنَ ٱللَّهِ وَفَضْلٍ لَّمْ يَمْسَسْهُمْ سُوٓءٌ وَٱتَّبَعُوا۟ رِضْوَٰنَ ٱللَّهِ ۗ وَٱللَّهُ ذُو فَضْلٍ عَظِيمٍ ﴿١٧٤﴾ إِنَّمَا ذَٰلِكُمُ ٱلشَّيْطَٰنُ يُخَوِّفُ أَوْلِيَآءَهُۥ فَلَا تَخَافُوهُمْ وَخَافُونِ إِن كُنتُم مُّؤْمِنِينَ ﴿١٧٥﴾ ﴾ (ال عمـران) واتـە : ئـەو هاوەڵانـەی وا خەڵکێـك پێیگوتـن: بێگومـان ئـەو خەڵکانـە بـۆ

لەناوبردنـی ئێـوە هەمـوو کۆبوونەتـەوەو ئەشـێ بترسـن و خۆتـان تـووش نەکـەن، کەچـی بەهەرەشـەکە بـڕواو وەرەیـان بەهێزتـر بـوو وتیـان: ئێمـە هـەر خوامـان بەسـە، ئەویـش چاکتریـن چاودێـرو یارمەتیـدەرە(١٧٣) ئینجـا لەئاکامـی ئەوپشـت بەسـتنەیان بەخـواوەو بەبەخشـش و نیعمەتێکـی فراوانـی خـواوە گەڕانـەوە مەدینـە و تووشـی هیـچ ناخۆشـیی و ناڕەحەتییەکیـش نەبـوون، لـەو هەرەشـانە دەیانکـرد هـەر لەڕەزامەندیـی و خۆشـنوودی خـوا دەگـەڕان خـواش خاوەنـی بەخشـش و بەهرەیەکـی زۆر گەورەیـە(١٧٤) دیـارە ئـەو هەرەشەیـە، هەرەشـەی شـەیتانەو دەیـەوێ ئێـوە بەهـاو دۆسـتانی خـۆی بترسـێنێت، جـا ئەگـەر باوەڕتـان بەهێـزە، لـەوان مەترسـن ، لەخـۆم بترسـن.(١٧٥) .

ئەمـەش هـەر ئـەو ترسـەیە کـەوا لـەو فەرموودەیـەدا باسـکراوە کـە (ابـن ماجـە) ڕیوایـەتی کـردووە لـە : (ابـو سـعید الخدری)یـەوە لـە پێغەمبـەری خـواوە (ﷺ) کـەوا فەرموویـەتی : **(لا یحقـر أحدکـم نفسـه، قالـوا : یـا رسـول اللـه(ﷺ) کیـف یحقـر أحدنـا نفسـه ؟ قـال: یـری أمـرا للـه علیـه فیـه مقـال ، ثـم لا یقـول فیـه ، فیقـول اللـه عـز وجـل لـه یـوم القیامـة : مـا منعـك أن تقـول في کـذا وکـذا ؟ فیقـول : خشـیة النـاس، فیقـول اللـه عـز وجـل : فإیـاي کنـت أحـق أن تخـشی))**[1].

سـێیەم جـۆر لـە جـۆرەکانی تـرس: تـرسی ئاسـایی (سروشـتی) ، ئەویـش ترسـە لـە دوژمـن یـان لـە شـێر یـان جگـە لەوانـە ، جـا ئەمـە نەویسـتراو نییـە ، هەروەکـو خـوای گـەورە لـە چیرۆکـی موسـادا دەفەرموێـت: ﴿ فَخَرَجَ مِنْهَا خَآئِفًا يَتَرَقَّبُ ﴿٢١﴾ ﴾ (القصص) واتـە : ئەوجـا موسـا دەسـت بەجـێ بەترسـەوە لـە شـار دەرچـوو، چاوەڕوانیـش بـوو کـە شـتێ ڕووبـدات بۆیـە بەنیگەرانـی هـەر بـەولاو بـەولای خۆیـدا دەیڕوانـی) .

بـەڵام جـۆرە یەکەمەکـە کـە تـرسی نەێنییـە، لـە مەزنتریـن جـۆرەکانی پەرسـتنە، بۆیـە پێویسـتە تەنهـا بـۆ خـوای گـەورە بێـت، هەروەهـا جـۆری دووەمیـش، کـە ئەویش لـە مافەکانی عیبادەتـەو لـە تەواوکاریەکانیـەتی.

مانـای ئـەو ئایەتـە کـە دەفەرموێـت: ﴿ إِنَّمَا ذَٰلِكُمُ ٱلشَّيْطَٰنُ يُخَوِّفُ أَوْلِيَآءَهُۥ ﴿١٧٥﴾ ﴾ واتـە: بـە ئەولیـاکانی خـۆی ئێـوە دەترسـێنن ، ﴿ فَلَا تَخَافُوهُمْ وَخَافُونِ ﴿١٧٥﴾ ﴾ ئەمـەش نەهییەکـە

---

(١) ضعیف ، صحیح وضعیف سنن ابن ماجة (٤٠٠٨) ، ضعیف الجامع (٦٣٣٢)

لەخـوداوە بـۆ ئیمانـداران کـەوا لـە جگـە لـەو نەترسـن و فەرمـانی پێکردنـە کـەوا تەنهـا لـەو بترسـن ، جـا ئەگـەر تـرس و هەمـوو جـۆرەکانی پەرسـتن تەنهـا بـۆ خـوا بێـت ، ئـەوا خـوای گـەورە ئـەوەی دەیانـەوێ پێیـان دەدات و تەئمینیـان دەکات لـەوەی لێـی دەترسـن ، خـوای گـەورە دەفەرموێـت: ﴿ أَلَيْسَ ٱللَّهُ بِكَافٍ عَبْدَهُۥ ۖ وَيُخَوِّفُونَكَ بِٱلَّذِينَ مِن دُونِهِۦ ﴿٣٦﴾ ﴾(الزمـر) واتـە : ئایـا ئـەی پێغەمبـەر(ﷺ) ! هـەر خـوا بـەس نیـە بـۆ بەنـدەی خـۆی (موحەممـەد) (ﷺ) لـە کاتـی هەمـوو خۆشـی و ناخۆشـییەکدا؟ و هاوبەشـدانەران بـە جگـە لـە خوا(بەتـەکان) دەتترسـێنن! واتـە: لەباتـی ئـەوە کـە تەنهـا بەخـوا بترسـێنن، کەچـی لەبەرگومڕایـی خۆیـان بەبتـەکان هەڕەشـەت لێدەکـەن و دەتترسـێنن) .

پێشـەوا (ابـن القیـم) - ڕەحمەتـی خـوای لـێ بێـت- دەڵێـت : (هـەر لـە فێـڵ و تەڵەکـەی دوژمنـی خـوا ئەوەیـە کـەوا ئیمانـداران بترسـێنێ لـە سـەربازو ئەولیـاکانی ، بـۆ ئـەوەی جیهادیـان نەکـەن و فەرمانیـان بـە چاکـە پـێ نەکـەن و نەهییـان لـێ نەکـەن لـە خراپـە، وە خـوای گـەورە هەواڵـی داوە کـەوا ئەمـە لـە فێڵـی شـەیتانەو لەترسـاندنی ئـەوە بـۆ ئیمانـداران ، وە نەهـی لـێ کردووێـن لێیـان بترسـین ، جـا هەرچەنـدە بەندەیـەک ئیمانەکـەی بەهێـز بێـت ، تـرسی ئەولیـای شـەیتانی لا نامێنـێ وە هەرچەنـدە ئیمانەکـەی لاواز بێـت ئـەوا تـرسی لـەوان زیـاد دەکات و بەهێـز دەبـێ)[1].

خـوای گەورە دەفەرموێـت: ﴿ إِنَّمَا يَعْمُرُ مَسَٰجِدَ ٱللَّهِ مَنْ ءَامَنَ بِٱللَّهِ وَٱلْيَوْمِ ٱلْءَاخِرِ وَأَقَامَ ٱلصَّلَوٰةَ وَءَاتَى ٱلزَّكَوٰةَ وَلَمْ يَخْشَ إِلَّا ٱللَّهَ ۖ فَعَسَىٰٓ أُو۟لَٰٓئِكَ أَن يَكُونُوا۟ مِنَ ٱلْمُهْتَدِينَ ﴿١٨﴾ ﴾ (التوبـة) واتـە : بـە ڕاسـتی هـەر بـەو کەسـە دەکـەوێ مزگەوتەکانـی خـوا ئـاوەدان بکاتـەوە کـە بـڕوای بەخـواو بـە ڕۆژیـی دوایـی هەیـە و بەجوانیـی و دروسـت هەڵدەسـێ بـە ئەنجامدانـی نوێـژو زەکات دەدات و لـە خـواش نەبێـت لـە هیـچ کەسـێ ترسـی نییـە بێگومانـبن ئەوانـە - ئـەو کـردەوە چاکانـە دەکـەن- لـە ریـزی شـارەزا کراوانـدان).

خـوای گـەورە هەواڵـی داوە کـەوا مزگەوتـەکان هـی خـوان ، هیـچ کەسـێک ئـاوەدانی ناکاتـەوە ئیلـلا ئەوانـە نەبـێ ئیمانیـان بەخـواو ڕۆژی دوایـی هەیـە، ئەوانـەی بـە دڵیـان ئیمانیـان هێنـاوەو بـە ئەندامەکانیـان کاریـان کـردووەو تەنهـا لـەو دەترسـن و لەجگـە

---

(١) إغاثة اللهفان (١٣٠/١) .

لـەو لـە کەسـی تـر ناترسـن ، جـا ئـاوەدانی مزگەوتـەکانی بۆیـان سـەلماند لەپـاش ئـەوەی لـە موشریکـەکانی نـەفی کـرد، چونکـە ئـاوەدان کردنـەوەی مزگـەوت ناکرێـت ئیللا بـە گوێڕایەڵـی و کاری چاکـە نەبـێ، وەکـەسی موشریـک هەرچەنـدە کار بـکات ، ئـەوا کـردەوەکانی... ﴿كَسَرَابٍۭ بِقِيعَةٍ يَحْسَبُهُ ٱلظَّمْـَٔانُ مَآءً حَتَّىٰٓ إِذَا جَآءَهُۥ لَمْ يَجِدْهُ شَيْـًٔا ﴿٣٩﴾﴾ (النـور) واتـە : کردەوەکانیـان- کـە لەدونیـادا دەیانکـردن- وەك سـەراب و تراویلکەیـەك وایـە لـە دووڕەوە لـە دەشـتێکی کاکـی بەکاکیـی و بیابانـدا لـە گەرمـای نیـوەڕۆدا بریسـکە بداتـەوە مرۆڤـی تینـوو لـەدووڕەوە وا دەزانێـت ئـاوە هەتـا کاتـێ دەگاتـە لای هیـچ شـتێکی دەسـت ناکـەوێ، نـە ئـاوو، نـە تـەڕی ئـاو).

هەروەهـا دەفەرموێـت: ﴿كَرَمَادٍ ٱشْتَدَّتْ بِهِ ٱلرِّيحُ فِى يَوْمٍ عَاصِفٍ ﴿١٨﴾﴾ (ابراهیـم) واتـە : هەروەکـو خۆڵەمێشـێکە کـە لەڕۆژێکـی گەردەلوولـدا لەبەرامبـەر بایەکـی تونـدا بێـت و بیبـات بـە ئاسـماندا) .

جا هەر کەسێک وابێت ، ئەوا نەبوونی لەو باشترە .

جـا مزگەوتـەکان ئـاوەدان نابـن بـە ئاوەدانێکـی ڕاسـت و دروسـت ئیللا بـە کـردەوەی چـاک نەبـێ، کـە بنیـات نرابێـت لەسـەر ئیخـڵاص و تەوحیـدو عەقیـدەی ڕاسـت و دروسـت و خاڵـی بێـت لـە شـیرک و بیدعـەو خورافـات ، وە ئاوەدانکردنـەوەی تەنهـا بـە قـوڕو زەخرەفـەو بینـای گـەورە نابـێ ، یـان دروسـتکردنی لەسـەر قەبـرەکان، چونکـە پێغەمبـەری خـوا(ﷺ) لەعنـەتی کـردووە لـەو کەسـانەی ئـەو کارە دەکـەن .

خـوای گـەورە دەفەرموێـت: ﴿وَلَمْ يَخْشَ إِلَّا ٱللَّهَ﴾، (ابـن عطیـة) دەڵێـت : (مەبەسـتی تـرسی بـە مـەزن زانیـن و پەرسـتن و گوێڕایەڵـی یـە ، وە ئەسـتەمە ، چونکـە مـرۆڤ هـەر دەترسـێ لـە شـتە بـە مەترسـییەکانی دونیـا ، مەعاویـە (ڕەزای خـوای لـێ بێـت) پەیامێکـی بـۆ دایکـی ئیمانـداران دایکـە عائیشـە (ڕەزای خـوای لـێ بێـت) نوسـی تێیـدا داوا دەکات کـە کتێبێکـی بـۆ بنوسـێت تێیـدا ئامـۆژگاری بـکات و زۆریـش قورسـی نـەکات لـە سـەری ، جـا دایکـە عائیشـە (ڕەزای خـوای لـێ بێـت) نوسراوێکـی بـۆ نوسـی و ئەمـە دەقەکەیەتـی : (بـۆ مەعاویـە : سـلام علیکـم .. أمـا بعـد : مـن گوێـم لـێ بـوو پێغەمبـەری خـوا(ﷺ) دەیفەرمـوو : (**مـن التمـس رضى اللـه بسـخط النـاس ، كفـاه اللـه مؤونـة النـاس ، ومـن**

التمـس رضی النـاس بسـخط اللـه وکلـه اللـه إلی النـاس) والسـلام) ، واتـه : هەرکەسـێ بـه دوای رازی بوونـی خـوادا بگەڕێـت هەرچەنـده تـووره بوونـی خەڵکـی تێـدا بێـت ، ئـەوا خـوای گـەوره پێویسـتی دەسـتی خەڵکـی نـاکات ، وه هەرکەسـێ بـه دوای رازی بوونـی خەڵکیـدا بگەڕێـت هەرچەنـده تووڕەبوونـی خـوای تێـدا بێـت ، ئـەوا خـوای گـەوره تەوکیلـی دەکاتـه دەسـتی خەڵکـی) [1].

هەروەهـا لـه ریوایەتێکـی تـردا هاتـووه : (**مـن التمـس رضی اللـه بسـخط النـاس رضي اللـه عنـه وأرضی عنـه النـاس ، ومـن التمـس رضی النـاس بسـخط اللـه ، سـخط اللـه علیـه وأسـخط علیـه (النـاس)**[2] واتـه : هەرکەسـێ بـه دوای رازی بوونـی خـوادا بگەڕێـت هەرچەنـده تـووڕه بوونـی خەڵکـی تێـدا بێـت ، ئـەوا خـوای گـەوره لێـی رازی دەبێـت و واش دەکات خەڵکـی لێـی رازی بێـت ، وه هەرکەسـێ بـه دوای رازی بوونـی خەڵکیـدا بگەڕێـت هەرچەنـده تووڕەبوونـی خـوای تێـدا بێـت ، ئـەوا خـوای گـەوره لێـی تـووڕه دەبێـت و خەڵکیشـی لـێ تـووڕه دەکات) .

(شـیخ الاسـلام ابـن تیمیـة) -ڕەحمەتـی خـوای لـێ بێـت- دەفەرموێـت: عائیشـه بـۆ مەعاویـەی نوسـی – وه ریوایـەت کـراوه کـه فەرموودەکـەی بـەرز کردووەتـەوه (بـه مرفوع ی هاتـووه)[3] – (**مـن أرضی اللـه بسـخط النـاس ، کفـاه مؤونـة النـاس ، ومـن أرضی النـاس بسـخط اللـه لم یغنـوا عنـه مـن اللـه شـیئاً**) واتـه : هەرکەسـێ خوای گـەورەی له خـۆی رازی کـرد هەرچەنـده تـووڕه بوونـی خەڵکـی تێـدا بێـت، ئـەوا خـوای گـەوره پێویسـتی دەسـتی خەڵکـی نـاکات ، وه هەرکەسـێ خەڵکـی لـه خـۆی رازی کـرد هەرچەنـده تووڕەبوونـی خـوای تێـدا بێـت ، ئـەوا هیـچ سـوودێکیان لـێ نابینـێ لـه لای خـوای گـەوره) .

بـەم ریوایەتـه دراوەتـه پـاڵ پێغەمبـەری خـوا(ﷺ) ، وه بـه ریوایەتـی : (**مـن أرضی اللـه بسـخط النـاس رضي اللـه عنـه وأرضی عنـه النـاس ، ومـن أرضی النـاس بسـخط اللـه عـاد حامـده مـن النـاس لـه ذامّـاً**) واتـه : هەرکەسـێ خـوای گـەورەی لـه خـۆی رازی کـرد هەرچەنـده تـووڕه بوونـی خەڵکـی تێـدا بێـت ، ئـەوا خـوای گـەوره لێـی رازی دەبێـت

---

(١) رواه أبو نعيم في (الحلية) .

(٢) رواه ابن حبان في صحيحه (٢٧٦).

(٣) (واته : فەرمویەتی پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی).

و خەڵکیشـی لـێ رازی دەکات ، وە هەرکەسـێ خەڵکـی لـە خـۆی رازی کـرد هەرچەنـدە تووڕەبوونـی خـوای تێـدا بێـت ، ئـەوا سـوپاس کردنەکـەی خەڵـک بـۆی دەبـێ بـە زەم) بـەم ریوایەتـە بـە (موقـوف) ی هاتـووە[١].

ئەمـەش لـە مەزنتریـن فیقهـە لەدینـدا ، چونکـە هـەر کەسـێ خـوای گـەورەی ڕازی کـرد لەتووڕەبـوونی ئەوانـدا، ئـەوا لـە خـوا ترسـاوە و بووەتـە بەندەیەکـی چاکـی ئـەو ، خـوای گـەورەش خـۆی چـاوی لـە پیاوچاکانـە ، خـوای گـەورەش بەسـە بـۆ بەنـدەکانی، ﴿ وَمَن يَتَّقِ ٱللَّهَ يَجۡعَل لَّهُۥ مَخۡرَجٗا ۝٢ وَيَرۡزُقۡهُ مِنۡ حَيۡثُ لَا يَحۡتَسِبُۚ ۝٣ ﴾ (الطـلاق) واتـە :.... هەرکەسـێك لـە خـوا بترسـێ و سـنووورەکانی بپارێـزێ، خـوا دەرووی خێـری لـێ ئەکاتـەوە(٢) وە ڕزق و ڕۆزی دەداتـێ لەشـوێنێکەوە کـە خۆیشـی گومانـی نەدەبـرد، واتـە: ڕێنموونـی دۆزینـەوەی ڕێـگای ژیانـی دەکات ...(٣)

خوای گەورە بێ گومان پێویستییەکانی خەڵکی دەکاتە ئەستۆی خۆی.

بـەڵام بمانـەوێ هەمـوو خەڵکـی لێـی ڕازی بێـت ، ڕەنگـە ئـەوە ڕوو نـەدات ، بـەڵام لێـی ڕازی دەبـن ئەگـەر سـەلامەت بـوون لەمەبەسـتەکان، وە ئەگـەر دەرئەنجامیـان بـۆ دەرکـەوت ، وە هەرکەسـێ خەڵکـی لـە خـۆی رازی کـرد بـە تووڕەبونـی خـوای گـەورە ، ئـەوا ئـەوان هیـچ سـوودێکی پـێ ناگەیەنـن ، وەکـو ئـەو سـتەمکارەی کـە هـەردوو دەسـتی خـۆی دەگـەزێ ، بـەڵام کـەسی ستایشـکاری بگۆڕدرێـت بەکەسـێکی زەمـکارو زەمـی بـکات، ئـەوا ئـەو کارە زۆر ڕوو دەدات ، وە لەئەنجامـدا ڕووەدات ، چونکـە دەرئەنجـام هـەر بـۆ خۆپارێزانـە (تەقواکارانـە) ، وە لـە سـەرەتادا ڕوونـادات بەپێـی ئـارەزووی ئـەوان)[٢].

جـا لـەم فەرمـوودەوە بـە هەمـوو ڕیوایەتەکانیـەوە ئـەوە ڕوون دەبێتـەوە کـەوا ئەگـەر مرۆڤێـک بـە کـردەوەکانی ڕەزابـوونی خـوای بوێـت هەرچەنـدە لەکارێکـدا کـە تووڕەبـوونی خەڵکـی تێـدا بێـت، ئـەوا دوو بەرژەوەنـدی مـەزنی دەسـت دەکـەوێ :- ڕازی بـوونی خـوای گـەورە ، ئەمجـار ڕازی بـوونی خەڵکـی ، هەرکەسـیش پێچەوانەکـەی بێـت واتـە بـە کـردەوەکانی ڕازی بـوونی خەڵکـی بوێـت لەشـتێکدا کـە تووڕەبـوونی خـوای تێـدا بێـت ،

---

(١) (واتە : دراوەتە پاڵ دایکە عائیشە).

(٢) مجموع الفتاوى لشيخ الاسلام (٥٢/١) .

ئـەوا دوو زەرەرو زیـانی تـووش دەبـێ :_ تووڕەبـوونی خـواو ئەمجـار تووڕەبـوونی خەڵکـی ، ئەمـەش بەڵگەیـە کـەوا ڕازیکـردنی خـوا هەمـوو خەیرێـک لـە خۆیـدا کـۆ دەکاتـەوە ، وە ڕازیکـردنی خەڵکـی بەشـتێک تووڕەبـوونی خـوای تێـدا بێـت ئـەوا هەمـوو خراپـەو شـەڕێکی لەخۆیـدا کۆکردووەتـەوە، داوای پارێـزگاری و سـەلامەتی لەخـوا دەکەیـن .

ئەمـە و پێویسـتە ئـەوە بزانیـن کـەوا تـرس لـە خـوای گـەورە پێویسـتە ڕەجـاو خۆشەویسـتی لەگەڵـدا بێـت ، بەشـێوەیەک کـەوا تـرس لەبـێ ئومێـدی و بـێ هیوایـی لـە ڕەحمـەتی خـواوە هەڵنەقـوڵا بێـت و نەهاتبێـت ، چونکـە کـەسی ئیمانـدار بـەرەو خـوای گـەورە دەچێـت لەنێـوان تـرس و ڕەجـادا ، بەشـێوەیەک تەنهـا ڕێـگای تـرس نەگرێتـە بـەر ، وای لـێ بـکات بـێ ئومێـد بێـت لـە ڕەحمـەتی خـواو ڕێـگای ڕەجـا نەگرێتـە بـەر تـا وای لـێ بـکات تەئمیـن بێـت لـە مەکـری خـوا ، چونکـە بـێ ئومێـدی لـە ڕەحمـەتی خـواو تەئمیـن بـوون لـە مەکـری خـوا ، دوو شـتن کـە لـە گـەڵ تەوحیـدی تـەواوو کاملـدا یـەک ناگـرن و جـودان ، خـوای گـەورە دەفەرمووێـت: ﴿ أَفَأَمِنُوا۟ مَكْرَ ٱللَّهِ ۚ فَلَا يَأْمَنُ مَكْرَ ٱللَّهِ إِلَّا ٱلْقَوْمُ ٱلْخَٰسِرُونَ ﴿٩٩﴾ ﴾ (الاعراف) واتـە : بڵێیـت لەمەکـرو هێـزو دەسـەڵات و سـزای خـوا دڵنیابـن؟ کـە چـۆن زور لەسـەرخۆ لـە بنیـان دێنـێ و خافڵیشـن خـۆ مەگـەر هـەر گـەل وهـۆزی زیانمەنـدان لـە مەکـرو تۆڵـەی خـوا دڵنیابـن)

هەروەهـا دەفەرمووێـت: ﴿ إِنَّهُۥ لَا يَاْيْـَٔسُ مِن رَّوْحِ ٱللَّهِ إِلَّا ٱلْقَوْمُ ٱلْكَٰفِرُونَ ﴿٨٧﴾ ﴾ (یوسـف) واتـە : چونکـە مەگـەر هـەر خوانەنـاس و بێبـاوەڕان لەڕەحـم و میهرەبانـی خـوا بـێ هیـواو نائومێـد بـن) .

هەروەهـا دەفەرمووێـت: ﴿ وَمَن يَقْنَطُ مِن رَّحْمَةِ رَبِّهِۦٓ إِلَّا ٱلضَّآلُّونَ ﴿٥٦﴾ ﴾ واتـە : دەبـێ کێ لەمیهرەبانـی پـەروەردگاری خـۆی نائومێـد بـێ، بـەدەر لـەڕێ لادەرەکان؟) .

(ئیسـماعیل ی کـوڕی ڕافـع) دەڵێـت:_ هـەر لـە جـۆری تەئمیـن بـوون لەمەکـری خـوا ئەوەیـە کـەوا بەندەیـەک بـەردەوام دەبێـت لەسـەر تاوانێـک چـاوەڕوان و تەمەننـای لێخـۆش بـوونی خـوا بـکات)[1] .

---

(١) رواه ابن أبي حاتم.

زانایـان دەفەرمـوون : (القنـوط) (بـێ ئومێـدی) :ـ بریتییـە لـە بـە دوور زانینـی کردنـەوەی دەرووی خەیـرو بـێ ئومێـدی و بـێ هیوایـی لێـی و ئەویـش بەرانبـەر بـە تەئمیـن بوونـە لـە مەکـری خـوا ، وە هەردووکیـان تاوانـی گـەورەن!

بۆیـە نابێـت کـەسی ئیمانـدار تەنهـا پشـت بـە تـرس ببەسـتێت تاکـو وای لـێ بـکات بـێ ئومێـدی بـکات لەڕەحمـەتی خـوا، وە تەنهـا پشـت بـە ڕەجـا ببەسـتێت تاکـو وای لـێ بـکات تەئمیـن بێـت لـە سـزای خـوا ، بەڵکـو دەبـێ کەسـێکی ترسـاوی تـکاکار بێـت ، لـە دەرئەنجامـی تاوانـەکانی بترسـێت و کار بـکات بـە پێـی گوێڕایەڵـی خـواو تـکای ڕەحمـەتی بـکات ، هەروەکـو خـوای گـەورە دەربـارەی پێغەمبـەرانی دەفەرمووێـت:﴿إِنَّهُمْ كَانُوا۟ يُسَـٰرِعُونَ فِى ٱلْخَيْرَٰتِ وَيَدْعُونَنَا رَغَبًا وَرَهَبًا ۖ وَكَانُوا۟ لَنَا خَٰشِعِينَ ﴿٩٠﴾﴾ (الانبياء) واتـە : چونکـە ئـەوان هەمووێـان لـە کاری خێـرو چاکـەدا بـەردەوام پەلـەو تالوکەیـان دەکـرد هەمیشـە لەبـەر هیـوای میهرەبانـی و ڕەحمەتـی ئێمـەدا نزایـان دەکـرد، وە لەترسـی دۆزەخ هاواریـان دەکـرد لـە ئاسـت ئێمـە هەمـوو کات خـۆ بەکـەم زان و ملکەچـی کارو فەرمانـی ئێمـە بـوون) .

هەروەهـا دەفەرمووێـت: ﴿أُو۟لَٰٓئِكَ ٱلَّذِينَ يَدْعُونَ يَبْتَغُونَ إِلَىٰ رَبِّهِمُ ٱلْوَسِيلَةَ أَيُّهُمْ أَقْرَبُ وَيَرْجُونَ رَحْمَتَهُۥ وَيَخَافُونَ عَذَابَهُۥٓ ۚ إِنَّ عَذَابَ رَبِّكَ كَانَ مَحْذُورًا ﴿٥٧﴾﴾(الإسراء) واتـە : ئەوانـەی ئـەوان دەیانپەرسـتن و هانـاو هاواریـان بـۆ دەبـەن، خۆیشـیان هەتـا بەخـواوە نزیکتربـن ، هێشـتا هـەر لـە هۆیـەك دەگەڕێـن کـە خۆیانـی زیاتـر لـە پـەروەردگار پـێ نزیـك بکەنـەوە، ئیـتر ئێـوە چـۆن ئەوانـە دەپەرسـتن ؟ـ! بـە ئومێـدی ڕەحمـەت و میهرەبانـی ئـەو (پـەروەردگار)هن و لەتۆڵـەو سزایشـی دەترسـن، بەڵـێ خـوا پەرسـتی دەبـێ لەنێـوان هیـواو ترسـدا بێـت بەڕاسـتی سـزای پـەروەردگاری تـۆ وەهـا سـەختە، دەبـێ هەمـوو کەسـێك خـۆی لـێ بپارێـزێ) .

جـا تـرس و ڕەجـا ئەگـەر لـە کەسـێکدا کۆبوونـەوە ، ئـەوا پـاڵ بـە بەنـدەوە دەنێـن بـۆ کارکـردن و ئەنجامـدانی هـۆکارە سوودبەخشـەکان ، چونکـە ئـەو لەگـەڵ ڕەجـادا گوێڕایەڵییـەکانی ئەنجامـدەدا بـە ئومێـدی پاداشـتەکەی و لەگـەڵ ترسـدا واز لـە سـەرپێچییەکان دەهێنـێ لـە تـرسی سـزاکەی ، بـەڵام ئەگـەر بـێ ئومێـد بـوو لـە ڕەحمـەتی

خـوا، ئـەوا لـە ئەنجامـدانی کاری چاکـە دەوەسـتێت، وە ئەگـەر تەمێـن بـوو لەسـزای خـواو عەزابەکـەی، ئـەوا پاڵـی پێـوە دەنێـت بـۆ ئەنجامـدانی سـەرپێچییەکان.

هەندێ لە زانایان فەرموویانە :

هەرکەسـێ ئەگـەر تەنهـا بـە خۆشەویسـتی خـوای گـەورە بپەرسـتێت ئـەوا کەسـێکی (صوفی)یـە....

وە هەرکەسێ تەنها بە ترسەوە خوای گەورە بپەرستێت ئەوا کەسێکی (حروری)یە ....

وە هەرکەسێ خوای گەورە بپەرستێت تەنها بە ڕەجاوە ئەوا کەسێکی (مورجیئە)یە....

وە هەرکەسـێ خـوای گـەورە بپەرسـتێت بـە خۆشەویسـتی و تـرس و ڕەجـاوە ئـەوە کەسـێکی (ئیمانـدار)ە...

هەروەکـو خـوای گـەورە وەصفـی باشـترین دروسـتکراوەکانی خـۆی دەکات و دەڵێـت: ﴿ أُوْلَٰٓئِكَ ٱلَّذِينَ يَدۡعُونَ يَبۡتَغُونَ إِلَىٰ رَبِّهِمُ ٱلۡوَسِيلَةَ أَيُّهُمۡ أَقۡرَبُ وَيَرۡجُونَ رَحۡمَتَهُۥ وَيَخَافُونَ عَذَابَهُۥٓۚ ﴿٥٧﴾ ﴾(الإسراء) .

کەچـی خـوای گـەورە لـە باسـی ئـەو کەسـانەی لایـەنی ترسـیان فەرامـۆش کـردووە بـەرەو سـەرپێچییەکان ڕۆیشـتن و تەمێـن بوونـە لەسـزای خـوا وەصفیـانی کـردووە بـە خەسـارەتمەند ، خـوای گـەورە دەفەرمووێـت: ﴿ أَفَأَمِنَ أَهۡلُ ٱلۡقُرَىٰٓ أَن يَأۡتِيَهُم بَأۡسُنَا بَيَٰتٗا وَهُمۡ نَآئِمُونَ ﴿٩٧﴾ أَوَأَمِنَ أَهۡلُ ٱلۡقُرَىٰٓ أَن يَأۡتِيَهُم بَأۡسُنَا ضُحٗى وَهُمۡ يَلۡعَبُونَ ﴿٩٨﴾ أَفَأَمِنُواْ مَكۡرَ ٱللَّهِۚ فَلَا يَأۡمَنُ مَكۡرَ ٱللَّهِ إِلَّا ٱلۡقَوۡمُ ٱلۡخَٰسِرُونَ ﴿٩٩﴾ ﴾ (الاعـراف) واتـە : ئاخـۆ ئـەو خەڵکـی گونـدو شـارانە ،کـە بـڕوا ناهێنـن، دڵنیـان لـەوە کـە بەشـەودا بـەڵای ئێمەیـان تـووش نابـێ و، بۆخۆشـیان هـەر لەخـەوا بـن؟ (٩٧) ئاخـۆ ئـەو خەڵکـی شـارو گوندنشـینانە ئەمیـن بـن لـەوە کـە لەدەمـی چێشـتەنگاودا سـزایان بـۆ بـێ ولـە گەرمـەی گەمـەو گاڵتەدابـن ؟ (٩٨) بڵێیـت لەمەکـرو هێـزو دەسـەڵات و سـزای خـوا دڵنیابـن؟ کـە چـۆن زور لەسـەرخۆ لـە بنیـان دێنـێ و خافڵیشـن خـۆ مەگـەر هـەر گـەل و هـۆزی زیانمەنـدان لـە مەکـرو تۆڵـەی خـوا دڵنیابـن(٩٩) .

مانـای ئایەتـەکان ئەوەیـە : خوای گـەورە کاتێ باسی حاڵی گوند نشـینەکانی کرد ، ئەوانەی پێغەمبەرانیـان بـەدرۆ خسـتەوەو ئەوانـەی کە ڕۆچووبوونـە نێو کوفرو سـەرپێچییەوە ، باسی ئـەوەی کـردووە کـەوا ئـەو کارەی کـە پاڵـی بەوانـەوە نـاوە تەئمیـن بوونـە لەمەکـری خـوای گـەورەو نەترسـان لێـی، وە مەکـری خـوای گـەورە ئەوەیـە کـە ئەگـەر بەندەیەک سـەرپێچی خـوای کـردو تـووڕەی کـرد ، ئـەوا نیعمـەت دەرژێنێـت بەسـەریدا کـەوا دەزانـێ ئـەوە لـە ئەنجامـی ڕازی بـوونی خوایـە کەچـی ئـەوە پەلکێـش کردنیانـە ، جـا ئـەو کافرانـە تەئمیـن بـوون لـە مەکـری خـوا کاتـێ بـە فەرحانی و خۆشـی پەلکێـش کـران ، وە ئەوانیش سـەرپێچی پێغەمبەرانیـان کـردو ڕۆچـوون لەنـاو سـەرپێچیدا ، تاکـو خـوای گـەورە بـە هەلاکەتـدا بردنی ، جـا ئـاگاداری ئەوانـەی پـاش ئـەوانی کـردەوە لـەو کـردەوەی ئـەوان ئەنجامیـان دا نـەوەک ئـەوەی تـووش ئـەوان بـوو تـووشی ئەمانیـش بـێ ، خـوای گـەورە دەفەرموێـت: ﴿أَوَلَمْ يَهْدِ لِلَّذِينَ يَرِثُونَ ٱلْأَرْضَ مِنۢ بَعْدِ أَهْلِهَآ أَن لَّوْ نَشَآءُ أَصَبْنَٰهُم بِذُنُوبِهِمْ ۚ وَنَطْبَعُ عَلَىٰ قُلُوبِهِمْ فَهُمْ لَا يَسْمَعُونَ ﴿١٠٠﴾﴾ (الاعراف) واتـە : ئاخـۆ ئەوانـە ئـەم زەوییەیـان بەمیـرات بـۆ دەمێنێتـەوە ، دوای لەناوبردنـی خەڵکەکـەی، نەیانزانیـوە کـە ئەگەر ویسـتمان هەبێ، لـەدوای لەناوبردنی پێشـووەکان، ئەمانیشـمان بەهـۆی گوناهەکانیانـەوە لەناودەبـردن ، هـەروەك پێشـووەکانی ئەوانمـان بەهـۆی لاسـاریی و لادانـی خویانەوە دووچارکـرد و مۆریش بەسـەر دڵیاندا دەنێین ئیـتر هیـچ پەنـدو ئامۆژگارییـەك وەرنەگـرن و نەبیسـن. بەڵکـو هـەر بـەرەو سەرکەشـی مـل بنێن) .

هەنـدێ لـە زانایـان فەرموویانـە : تـرسی عەبـد لـە سـێ کارەوە سـەرچاوە دەگرێـت ئەوانیـش:

یەکەم : زانیاری هەبێت دەربارەی ئەو تاوانەی ئەنجامی داوە و ڕادەی نابوتی تاوانەکە.

دووەم : بـاوەڕی هەبێـت بـەو هەڕەشـانە ، وە خـوای گـەورە بـۆ هـەر سـەرپێچییەک سـزایەکی دانـاوە .

سـێیەم : ڕەنگـە ئـەوەش نەزانـێ ، بۆیـە نەتوانـێ تەوبـە بـکات لـە تاوانەکـەی و ڕێگرێـک هەبێـت لەنێـوان خـۆی و تەوبـەدا.

بـەم سـێ کارە ئـەوا تـرسی بـۆ پەیـدا دەبـێ لـە پێـش تاوانەکـەی و لـە پاشـەوەی ، وە ترسـەکەی توندتـر دەبێ.

جـا پێغەمبـەران هەرگیـز بـێ هیـوا نەبوونـە بەرانبـەر بـە ڕەحمـەتی خـوا، وە هەرگیـز بـێ ئومێـد نەبوونـە لـە هـەر حاڵەتێـک لـە حاڵەتـەکان ، هەرچەنـدە بەڵاکـە تونـد بێـت و خـەم و خەفـەت زیـاد بێـت و هـۆکارەکان لاوازبـن و دەرگاکان دابخرێـن.

بـۆ نموونـە (ئیبراهیـم) کاتـێ فریشـتەکان مـوژدەی منداڵـی پـێ دەدەن هەرچەنـدە تەمـەنی گـەورە بـوو وە حاڵـەتی خێـزانی بـەو شـێوە بـوو کـە زۆر دوورە منداڵـی لێـی ببـێ، لـەو کاتـەدا دەڵێـت: ﴿ قَالَ وَمَن يَقْنَطُ مِن رَّحْمَةِ رَبِّهِۦٓ إِلَّا ٱلضَّآلُّونَ ﴿٥٦﴾ ﴾ (الحجـر) واتـە : ئیبراهیـم وتـی: دەبـێ کـێ لەمیهرەبانـی پـەروەردگاری خـۆی نائومێـد بـێ، بـەدەر لـەڕێ لادەرەکان؟ بـەڵام لەبـەر هێنـدە پیـر بوونـم سـەرم لەخـۆم سـوڕ دەمێنـێ کـە لەحاڵەتـی وادا منداڵـمان ببێـت، نـەك لەدەسـەڵاتی خـوا، هەتـا هیـوام بەرەحمەتـی خـوا نەبـێ) .

چونکـە ئـەو دەزانـێ توانـای خـوا و ڕەحمـەتی خـوا زۆر لـەوە مەزنـتر و زیاتـرە ، بـەڵام بـە فریشـتەکانی گـووت: ﴿ قَالَ أَبَشَّرْتُمُونِى عَلَىٰٓ أَن مَّسَّنِىَ ٱلْكِبَرُ فَبِمَ تُبَشِّرُونَ ﴿٥٤﴾ ﴾ (الحجـر) واتـە : ئیبراهیـم بەسـەر سـوڕمانێکەوە گوتیـی: ئایـا مـوژدەم دەدەنـێ ؟ لەحاڵێـکا پیـری زەربـەی لێـداوم ؟! جـا لەحاڵـی ئـاوادا کەمـن هێنـدە پیـر بـم مـژدەم بەچـی دەدەنـێ) .

ئەوەی گوت لەڕووی سەرسامی و بیرکردنەوە لە مەزنی توانا و ڕەحمەتی خوای گەورە.

هەروەهـا پێغەمبـەری خـوا (یعقـوب) ، کاتـێ کـە کارەکـەی تونـد بـوو وە تەنگانەکـەی زیاتـر بـوو بەجیابوونـەوە لەکـوڕەکانی ، لـەو کاتـەدا ڕەجـای بـە خـوای گـەورە زیاتـر بـوو ، وە تەماحـی بەڕەحمـەتی خـوا زیاتـر بـووە وە بـە کـوڕەکانی کـە ئامادەبـوون لای فەرمـووی: ﴿ يَٰبَنِىَّ ٱذْهَبُوا۟ فَتَحَسَّسُوا۟ مِن يُوسُفَ وَأَخِيهِ وَلَا تَا۟يْـَٔسُوا۟ مِن رَّوْحِ ٱللَّهِ ۖ إِنَّهُۥ لَا يَا۟يْـَٔسُ مِن رَّوْحِ ٱللَّهِ إِلَّا ٱلْقَوْمُ ٱلْكَٰفِرُونَ ﴿٨٧﴾ ﴾ (یوسـف) واتـە : یەعقـووب وتـی: کوڕەکانـم! بـڕۆن بـۆ میـسر، لـەوێ هەوڵـی زۆر بـدەن بـۆ جـێ پـێ هەڵگرتـی (یوسـف) و براکـەی، بەڵکـو سـۆراخێکیان بکـەن هەرگیـز نائومێدیـش مەبـن لـە ڕەحـم و بەزەیـی خـوا چونکـە مەگـەر هـەر خوانەنـاس و بێبـاوەڕان لەڕەحـم و میهرەبانـی خـوا بـێ هیـواو نائومێـد بـن).

هەروەهـا فەرمـووی:﴿ فَصَبْرٌ جَمِيلٌ عَسَى ٱللَّهُ أَن يَأْتِيَنِي بِهِمْ جَمِيعًا ﴿٨٣﴾ ﴾ (یوسـف) واتـە : دیسـانەوە منیـش تەنهـا ئـارام گرتنێکـی بـێ ناشـکوری و جوانـم بـۆ خـۆم هەڵبـژاردووە لەبەرامبـەر ئـەم تاقیکردنەوەیەشـدا هیـوادارم، ئـەو خوایـە هەمووپانـم بـۆ بهێنێتـەوەو گشـت پێکـەوە کۆببینـەوە) .

ئەمـەش پێغەمبەرمـان (محمـد)(ﷺ) خـوای گـەورە دەربـارەی دەفەرموێـت: ﴿ إِذْ أَخْرَجَهُ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ ثَانِىَ ٱثْنَيْنِ إِذْ هُمَا فِى ٱلْغَارِ إِذْ يَقُولُ لِصَٰحِبِهِۦ لَا تَحْزَنْ إِنَّ ٱللَّهَ مَعَنَا ﴿٤٠﴾ ﴾ (التوبة) واتـە : ئـەو دەمـە کـە بـێ یـاوەڕەکان - لەمەککـە- دەریـان پەڕانـدو، ناچاریـان کـرد کـۆچ بـکات بـۆ مەدینـە کـە یەکێـک بـوو لـە دوو کەسـان، واتـە: لـەو دەمـەدا کـە تەنیـا دوو کەسـبوون، (پەیامبـەر (ﷺ) و ئەبـوو بەکـر (خـوا لێـی ڕازی بێـت)) جـا خـوا لـەو کات و سـاتە تەنگـەدا ئەبووبەکـری کـردە پاڵپشـت و پشـتیوان بـۆی کـە لـە ئەشـکەوتەکەی کێـوی (سـەور)دا بـوون. کـە لـەو دەمـەدا پەیامبـەر (ﷺ) بـە هاوڕێکـەی خـۆی (ئەبـوو بەکـر)ی دەگـوت: خەمـی منـت نەبـێ و لەبـەر مـن دڵ تەنـگ مەبـە، دڵنیابـە خـوا لەگەڵمانـە).

لـەکاتی تەنگانـەدا ڕەجـای زیاتـرو زۆرتربـوو ، وە دەیفەرمـوو : (واعلـم أن الفـرج مـع الكـرب)[1] واتـە : بزانـە کـە دەروو کردنـەوە لـە پـاش کێشـە و خـەم دێـت).

خـوای گـەورە نەهـی کردووە لە بەنـدەکانی - ئەوانـەی تاوانیان زۆر بـووەو کەتنەکانیان مەزن بـووە- وا نـەکات بـە هـۆی ئەو کارانـەوە بـێ ئومێد و بـێ هیـوا بن لە ڕەحمەتی خـواو واز لەتەوبە بهێنـن ، خـوای گـەورە دەفەرموێـت:﴿ ۞ قُلْ يَٰعِبَادِىَ ٱلَّذِينَ أَسْرَفُوا۟ عَلَىٰٓ أَنفُسِهِمْ لَا تَقْنَطُوا۟ مِن رَّحْمَةِ ٱللَّهِ ۚ إِنَّ ٱللَّهَ يَغْفِرُ ٱلذُّنُوبَ جَمِيعًا ۚ إِنَّهُۥ هُوَ ٱلْغَفُورُ ٱلرَّحِيمُ ﴿٥٣﴾ وَأَنِيبُوٓا۟ إِلَىٰ رَبِّكُمْ وَأَسْلِمُوا۟ لَهُۥ ﴿٥٤﴾ ﴾(الزمـر) واتـە : ئـەی موحەممـەد!(ﷺ) لـە منـەوە بڵـێ: ئـەی بەندەکانـی مـن! ئـەی ئەوانـەی سـتەم و زیـادە ڕۆییتان لە خۆتان کـردووە! ئێوە لە ڕەحمـەت و میهرەبانی خوا بێ ئومێـد مەبـن، بەڕاسـتی خـوا لـە هەموو گوناحـێ خۆش ئەبـێ چونکە ئـەوە لێبـوردەو میهرەبان (٥٣) بگەڕێنـەوەو بـۆ لای خواوەندتـان و ملکەچـی فەرمانـی ئەوبـن .... (٥٤) .

---

(١) قال الشيخ الألباني : (صحيح) انظر حديث رقم : ٦٨٠٦ في صحيح الجامع ، بلفظ : (النصر مع الصبر و الفرج مع الكرب و إن مع العسر يسرا) .

خـوای گـەورە لـەم ئایەتـەدا نەهـی کـردووە لەبەنـدەکانی کـەوا زۆری تاوانەکانیـان وایـان لـێ بـکات واز لـە تەوبـە بهێنـن و بـێ ئومێـد بـن لـە لێخۆشـبوونی خـوا .

وە پێغەمبـەری خـوا(ﷺ) بـێ ئومێـدی لـە ڕەحمـەتی خـوا بـە یەکـێ لەتاوانە گـەورەکانی ژمـاردووە:_ لە(ابـن عبـاس)ەوە ڕیوایـەت کـراوە کـەوا پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) پرسـیاری لێکـرا دەربـارەی تاوانـە گـەورەکان؟ ئەویـش فەرمـووی : (**الاشراك بالله ، واليـأس مـن روح الله ، والامـن مـن مكـر الله**)[1] واتـە: هـاوەڵ بریـاردان بـۆ خـوای گـەورە و بـێ ئومێـدی لـە ڕەحمەتـی خـوا و تەئمیـن بـوون لـە مەکـری خـوای گـەورە) .

وە لـە (ئیـبن مەسـعود)ەوە ریوایـەت کـراوە کـەوا فەرموویەتـی: (**أكـبر الكبائـر : الاشراك بالله ، والامـن مـن مكـر الله ، والقنـوط من رحمـة الله ، واليأس مـن روح الله**)[2] واتە : (گەورەتریـن تاوانـە گـەورەکان بریتیـن لە : هـاوەڵ بریاردان بـۆ خوای گـەورە و تەئمین بوون لـە مەکـری خـوا و بـێ ئومێـدی لـە لـە ڕەحمەتی خـوا و بـێ هیوایی لـە ڕەحمەتی خـوا) .

چونکـە بـێ ئومێدبـوون لـە ڕەحمـەتی خوا : مانـای گومان خـراپ بردنە بە خـواو نەزانینە دەربـارەی فـراوانی ڕەحمـەت و لێخۆشـبوونی خـوا، هەروەهـا تەئمیـن بـوون لە مەکـری خوا : نەزانینـە بـە توانـای خـواو سـیقە بوونـە بە نەفـسی خۆی و سەرسـام بوونە بـە خۆی.

لەمەشـدا ئـاگادار کردنەوەیەکـی تێدایـە کـەوا عەبـدەکان دەبـێ هـەردەم لـە نێـوان تـرس و ڕەجـادا بـن ، جـا ئەگـەر ترسـا ئـەوا بـێ ئومێـد و بـێ هیـوا نابـێ بەڵکـو ڕەجـای ڕەحمـەتی خـوا دەکات ، وە ئەگـەر ڕەجـای هەبـوو ئـەوا چیـتر ڕۆ ناچێتـە ئـەو ڕەجایـە وای لـێ نـاکات تاکـو تەئمیـن بێـت لەسـزای خـوا.

هەنـدێ لەسـەلەف وایـان پـێ بـاش بـووە کـەوا پێویسـتە بەنـدە لـەکاتی سـاغ و سـەلامەتی دا لایـەنی ترسـەکەی بەهێـز بێـت، وە لـە کاتی نەخۆشـیدا و لـە کاتی سـەرەمەرگدا لایـەنی ڕەجاکـەی بەهێـز بێـت.

---

(١) تفسير ابن ابي حاتم (٥٢٤٢) .

(٢) المصنف / عبد الرزاق الصنعاني ، المعجم الكبير للطبراني (٨٧٨٤)

جـا هاوسـەنگ بـوونی دڵ لـە نێـوان تـرس و ڕەجـادا وا لەکەسـەکە دەکات و پاڵـی پێـوە دەنـا بـۆ ئەنجامـدانی کاری چاکـەو دوور کەوتنـەوە لەتـاوان و سـەرپێچی و تەوبەکـردنی لـە تاوانـەکان ، بـەڵام ئەگـەر ئـەو هاوسـەنگییە تێکچـوو بـەرەو لایـەک لاسـەنگ بـوو، ئـەوا چیـتر کەسـەکە کـردەوەکان لـەکار دەکـەون و ڕێـگای تەوبـە بـزر دەکات و لای گـران دەبـێ و بەهەلاکەتـدا دەیبـات.

وە ئـەوەی خـوای گـەورە بـاسی کـردووە دەربـارەی ئوممەتـەکانی پێشـوو کەوازیـان لەلایـەنی تـرس هێنـاوە ئـەوا تـووشی سـزای خـوا بـوون، جـا ئـەو باسـانە باشـترین یادخەرەوەیـە بـۆ ئیمانـداران .

ئـا ئەوەتـا قەومـی (هـوود) پێـی دەڵێـن:﴿ قَالُوا۟ سَوَآءٌ عَلَيْنَآ أَوَعَظْتَ أَمْ لَمْ تَكُن مِّنَ ٱلْوَٰعِظِينَ ﴿١٣٦﴾ إِنْ هَٰذَآ إِلَّا خُلُقُ ٱلْأَوَّلِينَ ﴿١٣٧﴾ وَمَا نَحْنُ بِمُعَذَّبِينَ ﴿١٣٨﴾ فَكَذَّبُوهُ فَأَهْلَكْنَٰهُمْ ﴿١٣٩﴾ ﴾ (الشعراء) واتـە : وتیـان: لای ئێمـە یەکسـانە ئامـۆژگاری بکەیـت، یـا نەیکـەی؟! ‹ئێمـە گرنگـی نادەینـێ و مەبەسـتمان نیـەو لێـت وەر ناگریـن›(١٣٦) چونکـە ئـەم ئایینـەی کـە تـۆ هێناوتـە، جگـە لـە درۆو دەلەسـەی پێشـینان نەبـێ، شـتێکی تـر نیـە(١٣٧) و ئێمـە هەرگیـز سـزا دراو نابیـن وەك تـۆ ئەڵێـی(١٣٨) جـا بەدرۆیـان خسـتەوەو(بڕوایان پـێ نەهێنـا) ئێمەیـش لەناومـان بـردن، ئەوەبـوو (با)یەکـی زۆر سـاردی کوشـندەمان بـۆ هەڵکـردن و لەریشـەی هێنـان .....(١٣٩)

جـا تـرس و ڕەجـا لەمەزنتریـن جـۆرەکانی پەرسـتنە ، بۆیـە پێویسـتە ئـەو دووانـە بـە ئیخڵاصـەوە بـۆ خـوا بـن، وەهـەر خەڵەڵێـک لـەو دوانـەدا هەبـوون ئـەوا خەڵەلـە لـە تەوحیـد و خـراپ بوونـی عەقیدەیـە.

دووەم : شیرک لە خۆشویستن دا (المحبة) :

لەپێشـدا وتمـان :_تـرس لـە خـوای گـەورە پێویسـتە لەگـەڵ خۆشویسـتنی خـوادا بێـت، چونکـە خـوا پەرسـتی تەنهـا بەترسـەوە ئـەوە بنەمـای مەزهـەبی (خەواریج)ـە .

جـا خۆشویسـتنی خـوای گـەورە بنەمـا و ئەصڵـی دینـی ئیسـلامە و هەمـوو کارەکان بەدەوریـدا دەسـوڕێنەوە ، چونکـە بـە خۆشویسـتنی کاملـی خـوای گـەورە ئـەوە دینـی ئیسـلام کامـڵ دەبێـت ، وە بـە کەمبوونـەوەی خۆشەویسـتی ، تەوحیـدی کەسـەکەش کـەم دەبێتـەوە .

مەبەسـتیش لـە خۆشویسـتن لێـرەدا : خۆشویسـتنی بەندایەتییـە (العبودیـة) کـە وا لـە خاوەنەکـەی بـکات ملکـەچ و زەلیـل بێـت و بـە تـەواوی گوێڕایەڵـی ببێـت و خۆشەویستەکەی پێش جگـە لـە ئـەو بخـات، جـا ئەمەیـە خۆشویسـتنی تـەواوو موخڵیصە بـۆ خـوا ، دروسـت نییـە هیـچ کەسـێکی لەگەڵـدا بەشـدار بێـت ، چونکـە خۆشویسـتن دوو بەشـە:_ خۆشویسـتنی تایبـەتی : ئەویـش خۆشویسـتنی پەرسـتنە ، کـە ئەوپـەڕی زەلیـلی و گوێڕایەڵـی خۆشەویسـتەکەی تێدایـە، ئەمـەش تایبەتـە بەخـوای گـەورە.

وەبەشی دووەم : خۆشویستنی بەشدار (مشترک) ئەویش سێ جۆرە:

جۆری یەکەم : خۆشویستنێکی سروشتی ، وەکو خۆشویستنی کەسی برسی بۆ خواردن .

جۆری دووەم : خۆشویستنی سۆز و بەزەیی (إشفاق) ، وەکو خۆشویستنی باوک بۆ منداڵەکەی.

جـۆری سـێیەم : خۆشویسـتنی هاوەمـی و دۆسـتایەتی (أُنـس و أُلـف) ، وەکـو خۆشەویسـتی شـەریکێک بـۆ شـەریکەکەی و خۆشەویسـتی هـاوڕێ بـۆ هاوڕێکـەی.

وە ئـەم خۆشویسـتنە بـە هەرسـێ جۆرەکەیـەوە بەمـەزن زانیـن و زەلیـلی لەگەڵـدا نییـە ، وەهیـچ کەسـێکیش پێـی تاوانبـار نابـێ ، وە نابێتـە بەشـدار لەگـەڵ خۆشویسـتنە تایبەتەکـەدا، بۆیـە بـوونی ئـەم جـۆرە نابێتـە شـیرک، بـەڵام پێویسـتە خۆشویسـتنە تایبەتەکە پێـشی ئـەم جـۆرە کەوتبێـت.

وە خۆشویستنی تایبـەت -(المحبـة المختصـة) - کـە بریتییـە لـە خۆشویستنی بەندایەتی (العبودیـة) ئەویـش ئەوەیـە کەخـوای گـەورە بـاسی کـردووە و دەفەرموێـت: ﴿وَمِنَ ٱلنَّاسِ مَن يَتَّخِذُ مِن دُونِ ٱللَّهِ أَندَادًا يُحِبُّونَهُمْ كَحُبِّ ٱللَّهِ ۖ وَٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓا۟ أَشَدُّ حُبًّا لِّلَّهِ ﴿١٦٥﴾﴾ (البقـرة) واتـە : هەنـدێ لـەم خەڵکـە هەیـە لەگـەڵ ئەوەشـدا تێنافکـرێ تاخـوا بەتەنهـا بپەرسـتێ ، هێشـتا چەنـد هاوتـاو چەنـد هاوبەشـێکی بـۆ دادەنـێ خۆشـیان دەوێـن وەك خۆشەویسـتی خـودا، واتـە: ئەوانیـش هـەر ئەوەنـدە بـت و بەرنامەکانیـان خـۆش دەوێ ئەوانـەش وا باوەڕیـان هێنـاوە، خوایـان لەهەمـوو شـتێك زیاتـر خـۆش دەوێ) .

پێشـەوا (ابـن القیـم) - رەحمەتـی خـوای لـێ بێـت - کاتـێ بـاسی ئـەم ئایەتـە دەکات دەفەرموێـت:_ خـوای گـەورە هەواڵـی پێداویـن کـە هەرکەسـێ لەجگـە لەخـوا شـتێکی خـۆش بوێـت هەروەکـو چـۆن خـوای گـەورەی خـۆش دەوێ ، ئـەوا لـەو کەسـانەیە کـەوا لەگـەڵ خـوای گـەورەدا هاوبـەشی بڕیـار داوە، لـە خۆشویسـتن و بـە مـەزن زانینـدا)[1].

ابـن کثـیر - رەحمەتـی خـوای لـێ بێـت - دەڵێـت : (خـوای گـەورە بـاسی حاڵـی موشریکـەکان دەکات لـە دونیـادا و ئـەوەی تووشـیان دەبێـت لـەدوا ڕۆژدا، لـە عـەزاب و سـزا ، چونکـە ئەوانـە هاوبەشـیان بڕیـاردا (أَندَادًا) واتـە : هاوشـێوە و هاوتـا ، (يُحِبُّونَهُمْ كَحُبِّ ٱللَّهِ ۖ) واتـە بەئەنـدازەی خـوا خۆشـیان دەوێ و بەمەزنیـان دەزانـن)[2] .

ئەمەی کە (ابن کثیر) - رەحمەتی خوای لێ بێت - فەرموویەتی هەر ئەوەیە کە شیخ الاسلام ابن تیمیة - رەحمەتی خوایان لێ بێت - قسەی لەسەر کردووەو باسی کردووە و هەڵیبژاردووە[3] ، هەروەکو خوای گەورە باسی ئەم یەکسان بوونەی کردووە لەوانەوە لەو ئایەتەی کە دەفەرموێت: ﴿تَٱللَّهِ إِن كُنَّا لَفِى ضَلَٰلٍ مُّبِينٍ ﴿٩٧﴾ إِذْ نُسَوِّيكُم بِرَبِّ ٱلْعَٰلَمِينَ ﴿٩٨﴾﴾ : (الشعراء) واتە : سوێند بەخوا! ئێمە لەدونیادا لەسەر لێشێواوییەکی ئاشکرادا بووین، بۆیە وا ئێستایش ئاوامان بەسەر هات(٩٧) کە ئێوەمان (ئەی بتەکان!) لەگەڵ پەروەردگاری جیهانەکاندا، یەکسان وەکویەك دەپەرست،جا وا ئەمڕۆیش ئێوە ناتوانن هیچ شتێکمان بۆ بکەن! (٩٨) .

---

(١) مدارج السالکین لابن القیم (٢٠/٣) .

(٢) تفسیر ابن کثیر (١٩٢/١) .

(٣) مدارج السالکین لابن القیم (٢١/٣) .

وە دەفەرموێـت: ﴿ثُمَّ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ بِرَبِّهِمۡ يَعۡدِلُونَ ١ ﴾ (الانعـام) واتـە : کەچـی لەگـەڵ ئەوەیشـدا ئەوانـەی کـە کافـرو بـێ بـاوەڕن، دێـن هاوبـەش بـۆ پەروەردگاریـان دادەنێـن و بتـان ئەکەنـە هاوبـەش بـۆی!؟ کـە بەراسـتیی ئەمەیشـیان لـە هەمووشـتێ زیاتـر جێگـەی سەرسـوڕمانە!) .

خـوای گـەورە دەفەرموێـت: ﴿وَٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ أَشَدُّ حُبّٗا لِّلَّهِۗ ١٦٥ ﴾ (البقـرة) واتـە: خوایـان زیاتـر خـۆش دەوێ لەوانـەی کـە هاوبەشـەکانیان خـۆش دەوێ . وەدەڵێـن : خوایـان زیاتـر خـۆش دەوێ لەخۆشەویسـتی ئەوانـە بـۆ هاوبەشـەکانیان ، ئـەم ئایەتـەش بەڵگەیـە کـەوا هەرکەسـێ شـتێکی خـۆش بوێـت وەکـو خۆشویسـتنی خـوا ئـەوا کردوویەتیـە هاوبـەش بـۆ خـوا .

شـەیخ (محمـد بـن عبدالوهـاب) - ڕەحمەتـی خـوای لـێ بێـت- دەڵێـت : بەڵگـەی ئـەوەشی تێدایـە کـەوا هەرکەسـێ کەسـێکی خـۆش بوێـت بەئەنـدازەی ئـەوەی خـوای خـۆش دەوێ ، ئـەوا شـیرکی گەورەیـە)[1] .

لەپێشـدا وتمـان: خۆشەویسـتی خـوای گـەورە کـە خۆشویسـتنی بەندایەتییـە (العبودیـة) پێویسـتە پێـش هـەر خۆشەویسـتییەک بکـەوێ کـە بەندایەتـی نییـە ، ئەویـش خۆشویسـتنێکی بەشـدارە وەکـو خۆشویسـتنی بـاوک و منـداڵ و خێـزان و سـەروەت و سـامان، چونکـە خـوای گـەورە هەڕەشـەی داوە لـەو کەسـانەی خۆشویسـتنی ئەوانـەی پێـش خۆشویسـتنی خـوا خسـتبێت ، خـوای گـەورە دەفەرموێـت: ﴿قُلۡ إِن كَانَ ءَابَآؤُكُمۡ وَأَبۡنَآؤُكُمۡ وَإِخۡوَٰنُكُمۡ وَأَزۡوَٰجُكُمۡ وَعَشِيرَتُكُمۡ وَأَمۡوَٰلٌ ٱقۡتَرَفۡتُمُوهَا وَتِجَٰرَةٞ تَخۡشَوۡنَ كَسَادَهَا وَمَسَٰكِنُ تَرۡضَوۡنَهَآ أَحَبَّ إِلَيۡكُم مِّنَ ٱللَّهِ وَرَسُولِهِۦ وَجِهَادٖ فِي سَبِيلِهِۦ فَتَرَبَّصُواْ حَتَّىٰ يَأۡتِيَ ٱللَّهُ بِأَمۡرِهِۦۗ وَٱللَّهُ لَا يَهۡدِي ٱلۡقَوۡمَ ٱلۡفَٰسِقِينَ ٢٤ ﴾ (التوبـة)

واتـە : پێیـان بڵـێ: ئـەی موحەممـەد(ﷺ): ئـەر بـاوك و کـوڕو بـراو، ژن و خێـزان و کۆمـەڵ و خێـڵ و خزمانتـان و مـاڵ و سـامانێك پەیداتـان کـردووە و بازرگانییـەك دەترسـن ڕەواجـی نەمێنـێ و مەسـکەن و خانـوو بەرەیـەك خۆشـتان دەوێـن هەریـەك لەمانەتـان

---

(١) انظر : (كتاب التوحيد) ضمن (مجموعة التوحيد) (١٤٥) .

لەخـواو لـە پەیامبەرەکـەی ولـە جیهـادو تێکوشـان لـە ڕێـی خـوادا لا خۆشەویسـت تـر بـێ چـاوەڕوان بـن هەتـا فەرمـان لـە خـواوە بەسـزاتان بـۆ دێ خوایـش ڕێنمایـی لـە شـەرع دەرچـوان نـاکات بـۆ هیـچ خێـرو چاکەیـەك) .

لـەم ئایەتـەدا خـوای گـەورە هەڕەشـەی کـردووە لەو کەسـانەی کـەوا ئەم هەشـت جۆرە خۆشەویسـتەی پێـش خۆشویسـتنی خـواو پێغەمبـەر(ﷺ) خسـتبێت و ئـەو کردەوانـەی ئـەوان خۆشـیان دەوێ ، هەڕەشـەی نـەداوە بـە خۆشویسـتنی ئـەو شـتانە، چونکـە ئەمـە مـرۆڤ خۆشـیانی دەوێ و بەدەسـت خـۆی نییـەو بەهەڵبـژاردەی خـۆی نییـە، بەڵکـو هەڕەشـەی لـەو کەسـانە داوە کـەوا خۆشویسـتنی ئەوانـەی پێـش خۆشویسـتنی خـواو پێغەمبەرەکـەی (ﷺ) خسـتبێ ، پێـش خۆشویسـتنی ئـەوەی خـواو پێغەمبەرکـەی(ﷺ) پێیـان خۆشـە ، بۆیـە پێویسـتە ئـەوەی خـوای گـەورە پێـی خۆشـە لـە عەبدەکەیـدا پێـش ئـەوە بکەوێـت کـەوا عەبـد خـۆی پێـی خۆشـەو دەیـەوێ.

جا خۆشویستنی خوا چەند نیشانەیەکی هەیە دەلالەتی بۆ دەکات:_

لەوانـە : هەرکەسـێ خـوای گـەورەی خـۆش بوێـت ئـەوا ئـەو کارو کردەوانـەی خـوا خـۆشی دەوێـت لەپێشـتر دایدەنـا لـەوەی نەفـسی خـۆی پێـی خۆشـە لـە شـەهەوات و لەزەتـەکان و سـەروەت و سـامان و منـداڵ و نیشـتیمان.

لەوانـە : هەرکەسـێ خـوای گـەورەی خـۆش بوێـت ، ئـەوا شـوێنی ئـەو پەیامـە دەکەوێت کـەوا پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) هێناویـەتی، بۆیە ئـەو کردارانـە دەکات کەوا فەرمانی پـێ کردووە و واز لـەو کردەوانـە دەهێنـێ کـەوا نەهـی لـێ کـردووە ، خـوای گـەورە دەفەرموێـت: ﴿ قُلْ إِن كُنتُمْ تُحِبُّونَ ٱللَّهَ فَٱتَّبِعُونِى يُحْبِبْكُمُ ٱللَّهُ وَيَغْفِرْ لَكُمْ ذُنُوبَكُمْ ۚ وَٱللَّهُ غَفُورٌ رَّحِيمٌ ﴿٣١﴾ قُلْ أَطِيعُوا۟ ٱللَّهَ وَٱلرَّسُولَ ۖ فَإِن تَوَلَّوْا۟ فَإِنَّ ٱللَّهَ لَا يُحِبُّ ٱلْكَٰفِرِينَ ﴿٣٢﴾ ﴾ (آل عمران) واتـە : پێیـان بڵـێ ئەی پێغەمبـەر(ﷺ) ئەگـەر ئێـوە خواتـان خـۆش ئـەوێ و ‹ ئەتانـەوێ لێـی نزیـك ببنـەوە› دەبـێ پەیـڕەوی لەشـەریعەت و بەرنامەکـەی مـن بکـەن، ئەوسـا خوایـش ئێـوەی خـۆش دەوێ ولـە هەڵـەو گوناهەکانیشـیان خۆش ئەبێـت چونکە ئەو خوایە زۆر چاوپۆشـیکارو، زۆریش دلۆقان و میهرەبانـە (٣١) بڵـێ: دەبـێ گوێڕایەڵـی خـواو پەیامبەربـن خۆئەگـەر رووبـان وەرگێـڕاو گوێڕایـەڵ نەبـوون چـاك بزانـن کـە کافـر بـوون و، خوایش بـێ باوەرانـی خۆشـناوێ(٣٢) .

هەنـدێ لـە سـەلەف وتویانـە[1] : هەنـدێ کـەس بانگەشـەی خۆشویسـتنی خوایـان دەکـرد ، خـوای گـەورە ئایەتـی خۆشویسـتنی دابەزانـدن: ﴿ قُلْ أَطِيعُوا۟ ٱللَّهَ وَٱلرَّسُولَ ۖ فَإِن تَوَلَّوْا۟ فَإِنَّ ٱللَّهَ لَا يُحِبُّ ٱلْكَٰفِرِينَ ﴿٣٢﴾ ﴾ (آل عمـران) جـا لـەم ئایەتـەدا ڕوونکردنـەوەی بەڵگـەی خۆشویسـتنی خـواو بەرهەمەکـەی و سـوودەکەی بـاس دەکات ، جـا بەڵگـەو نیشـانەکەی بریتییـە لـە: شـوێنکەوتنی پێغەمبـەری خـوا(ﷺ)، وە بەرهـەم و سـوودەکەی بریتییـە لـە: دەسـتکەوتنی خۆشەویسـتی خـوا بـۆ عەبدەکـەی و لێخۆشـبوونی تاوانـەکانی) .

- هـەر لەنیشـانەکانی ڕاسـتێتی خۆشویسـتنی عەبـد بـۆ خـوای گـەورە ئەوەیـە کـە خوای گـەورە بـاسی کـردووەو دەفەرمووێـت: ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ مَن يَرْتَدَّ مِنكُمْ عَن دِينِهِۦ فَسَوْفَ يَأْتِى ٱللَّهُ بِقَوْمٍ يُحِبُّهُمْ وَيُحِبُّونَهُۥٓ أَذِلَّةٍ عَلَى ٱلْمُؤْمِنِينَ أَعِزَّةٍ عَلَى ٱلْكَٰفِرِينَ يُجَٰهِدُونَ فِى سَبِيلِ ٱللَّهِ وَلَا يَخَافُونَ لَوْمَةَ لَآئِمٍ ۚ ﴿٥٤﴾ ﴾ (المائـدة) واتـە : ئـەی ئەوکەسـانەی باوەڕتـان هێنـاوە! هەرکەسـێکتان لەئایینـی خـۆی، واتـە: لەدینـی ئیسـلام پاشـگەز بێتـەوەو وەرگـەڕێ جـا خـوا لەمـەولا کەسـانێك دێنێـت، ئەوەنـدە بەرفەرمانـی دەبـن خۆشـی دەوێـن و ئەوانیـش ئەویـان خۆشـدەوێ و لەئاسـتی خـاوەن باوەڕانـدا، خـۆ بەکەمـزان و بەسـۆزن و بەرامبـەر بـە کافـرو بـێ بـاوەڕان، خـۆ بەگـەورەزان و سـەربڵندو دەروون بـەرزن و، تووندوتیـژو بەهەڵمەتـن بـۆ ڕەزامەنـدی خـواش تێدەکۆشـن و جەنـگ دەکـەن و لـە تەشـەرو لۆمـەی لۆمەکەرانیـش ناترسـن و باکیـان نابـێ ...) .

جا لەم ئایەتە پیرۆزەدا بۆ خۆشویستنی خوا چوار نیشانەی باس کردووە:

نیشـانەی یەکـەم : ئەوانـەی خوایـان خـۆش دەوێ زەلیلـن بەرانبـەر ئیمانـداران، بەمانای ئـەوەی بەزەییـان پیایانـدا دێتـەوەو بەڕەحـم و سـۆزن بەرانبەریـان ، عطـاء - ڕەحمەتـی خـوای لـێ بێـت- دەڵێـت : بەرانبـەر بەئیمانـدار وەکـو بـاوک دەبـن بـۆ منداڵەکـەی) .

نیشـانەی دووەم : ئـەوان بەعیززەتـن بەرانبـەر بـە کافـران، واتـە : تونـدو تیـژی و بەرزبوونـەوە بەسـەریاندا دەردەخـەن ، ملکـەچ بـوون و لاوازییـان بەرانبـەر نیشـان نـادەن.

---

(١) مدارج السالكين لابن القيم (٢٣/٣) .

نیشـانەی سـێ یـەم : ئـەوان لەڕێنـاوی خـوادا جیهـاد دەکـەن بـە نەفـس و دەسـت و سـەروەت و سـامان و زمـان ، بەمەبەسـتی بەعیـززەت ڕاگرتنـی دینـی خـواو نەهێشـتنی دوژمنـانی خـوا بـە هەمـوو ڕێگایـەک.

نیشـانەی چـوارەم : ئەوانـە لەبـەر خـوا لـە لۆمـەی لۆمـەکاران ناترسـن، بۆیـە هەرگیـز بـێ ڕێـزی و لۆمـەی خەڵکـی کاریگـەری لەسـەریان نابـێ لەبـەر هەوڵـدان و بەخشـینی ئـەوەی هەیانـە ، لەنەفـس و سـەروەت و سـامانیان بـۆ سەرخسـتنی حـەق ، چونکـە بەتـەواوەتی باوەڕیـان هەیـە بەڕاسـت و دروسـتی ئـەوەی لەسـەرین و بـە هێـزی ئیـمان و یەقینەکەیـان ، بۆیـە هـەر کەسـێک خۆشەویسـتی کەسـێک بێـت ئەگـەر لۆمـەی لۆمـەکاران ئـەو خۆشەویسـتییە بـێ هێـز بـکات بـۆ سەرخسـتنی خۆشەویسـتەکەی ئـەوا خۆشەویسـتییەکی تـەواو نییـە .

ئـەو هۆکارانـەی کـە دەبنـە هـۆی خۆشویسـتنی خـوا (دە) شـتن (ابـن القیـم) - ڕەحمەتـی خـوای لـێ بێـت- بـاسی کـردووەو دەڵێـت:

١/ خوێندنەوەی قورئان بە بیرکردنەوەو بەتێگەیشتن لەماناو مەبەستەکەی.

٢/ خۆنزیک کردنەوە لەخوای گەورە بەسوننەتەکان لەپاش فەرزەکان.

٣/ بەردەوام بوون لە زیکری خوای گەورە لەهەموو حاڵەتێکدا بەزمان و دڵ و کردار.

٤/ پێشخسـتنی ئـەوەی خـوای گـەورە پێـی خۆشـە بەسـەر ئـەوەی بەنـدە پێـی خۆشـە لەکاتـی بوونـی هـەردوو خۆشەویسـتییەکە.

٥/ تێڕامـان لەنـاو و صیفەتەکانـی خـواو ئـەوەی دەلالەتـی بـۆ دەکـەن لـە کامـل بـوون و شـکۆمەندی و هەمـوو ئـەو شـوێنەوارە چاکانـەی هەیانـە .

٦/ تێڕامـان لەنیعمەتەکانـی خـوای گـەورە ، ئاشـکراکان و پەنهانـەکان، وە بینینـی چاکـەو نیعمەتەکانـی خـوا بەسـەر بەندەکانـەوە .

٧/ دڵشکاندنەوە لەبەر دەستی خوادا و هەژاری نواندن بەرانبەری.

٨/ دووبەدووبوونـەوە لەگـەڵ خـوادا لەکاتـی دابەزینـی خـوای گـەورە لەکۆتایـی سـێ یەکی

شـەودا و خوێندنـەوەی قورئـان لـەو کاتـەدا و ئەمجـار بـە (اسـتغفار) و داوای لێخۆشـبوون و تەوبـە کۆتایـی پـێ بهێنـێ.

٩/ دانیشـتن لەگـەڵ پیاوچـاکان و چاکـەکاران و خۆشەویسـتانی خـوادا و سـوود وەرگرتـن لـە قسـەکانیان.

١٠/ دوورکەوتنـەوە لەهـەر هۆکارێـک ببێتـە هـۆی ئـەوەی دڵ و خـوای گـەورە لەیـەک جیـا بکاتـەوە لـەو کارانـەی کـە سـەرقاڵت دەکـەن.

هەروەهـا لـە شـوێنەوارەکانی خۆشویسـتنی خـوا و پێویسـتییەکانی : خۆشویسـتی پێغەمبـەری خوایـە(ﷺ) ، هەروەکـو لەو فەرمـوودەی (بوخاری و مسـلم) ڕیوایەتیان کردووە لە(ئەنـەس)ەوە کـەوا پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) فەرمویەتی : [**لا یؤمـن أحدکم حتی أکون أحب إلیـه مـن ولـده ووالـده والناس أجمعـین**][1] واتە : هیـچ یەکێک لە ئێوە ئیمانـی کامل نابێت تاوەکـو منـی خۆشـتر نەوێـت لـە منداڵەکـەی و باوکـی و هەمـوو خەڵکی).

هیـچ کەسـێک ئیمانـی کامـل نابێـت تاکـو پێغەمبـەری خـوای(ﷺ) لـە خـۆی و نزیکترین کەسـی خۆشـتر نەوێت .

وە خۆشەویسـتی پێغەمبـەری خـوا(ﷺ) شـوێنکەوتەو لەوازمـی خۆشەویسـتی خودایـە، جـا هەرکەسـێ پێغەمبـەری خـوای (ﷺ) خـۆش بوێـت ئـەوا شـوێنی دەکـەوێ ، بۆیـە هەرکەسـێ بانگەشـەی ئـەوەی کـرد کـەوا پێغەمبـەری خـوای (ﷺ) خـۆش دەوێ کەچـی جیـاوازە لەگـەڵ ئـەوەی ئـەو هێناویـەتی ، وە دەچێـت گوێڕایەڵـی خەڵکـی تـر دەکات لـە لادەران و بیدعـەکاران و سەرلێشـێواو و خڵەفـاوەکان ، وە دەچێـت بیدعـە زینـدوو دەکاتـەوەو واز لـە سـوننەت دەهێنـێ ، ئـەوە کەسـێکی درۆزنـە لـەو بانگەشـەی کـە دەیـکات لـە خۆشویسـتنی پێغەمبـەری خـوا(ﷺ) ، چونکـە هەمـوو کەسـێک گوێڕایەڵـی خۆشەویسـتەکەی دەبێـت.

جـا ئەوانـەی بیدعـە دادەهێنـن کـە جیـاوازە لەگـەڵ سـوننەتی پێغەمبـەری خـوادا(ﷺ) بـە زیندووکردنـەوەی مەولودنامـەکان و جگـە لـەوە لـە بیدعـەکانی تـر، یـان کاری وادەکـەن

---

(١) حديث صحيح : رواه البخاري ومسلم وغيرهما .

لـەوە گەورەتـرو مەزنـتر لەزیـادەڕەوی کـردن لـە پێغەمبـەری خـوادا(ﷺ) و داواکـردن لێـی و داوای فریـاد ڕەسی و هـاوار پـێ کـردن، لەگـەڵ ئەوەشـدا بانگەشـەی ئـەوە دەکـەن کـە گوایـە ئـەوان پێغەمبـەری خوایـان (ﷺ) خـۆش دەوێ، ئەمـەش گەورەتریـن درۆیـە، ئەوانـەشی وەکـو ئەوانـەن کەخـوای گـەورە دەربارەیـان دەفەرموێـت: ﴿ وَيَقُولُونَ ءَامَنَّا بِٱللَّهِ وَبِٱلرَّسُولِ وَأَطَعْنَا ثُمَّ يَتَوَلَّىٰ فَرِيقٌ مِّنْهُم مِّنۢ بَعْدِ ذَٰلِكَ ۚ وَمَآ أُو۟لَٰٓئِكَ بِٱلْمُؤْمِنِينَ ﴿٤٧﴾ ﴾(النـور) واتـە : مونافقەکانیـش بەسـەر زاری ئەڵێـن: ئێمـەش بڕوامـان بـە خـواو بەپەیامبـەر (ﷺ) هێنـاوەو گوێرایەڵیشـیمان کـردووە کەچـی هـەر دوای ئـەوە دەسـتەیەکیان، لەبڕیارەکانـی خـوا ڕوو وەر ئەچەرخێنـن و ڕازی نابـن ! ئەوانـە لـە بنەڕەتـدا بـڕوادار نیـن، بەڵکـو تەنهـا بـەدەم بڕوایـان هێنـاوەو ئەڵێـن گوێرایەڵیـن) .

چونکـە پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) نەهـی کـردووە لـەو کارانە، کەچـی ئەوان جیـاواز بوون لەنەهـی کردنەکەیـدا و سـەرپێچییان ئەنجـام دا، لـە کاتێکـدا بانگەشـەی خۆشەویسـتی ئـەو دەکـەن، کەچـی درۆشـیان کـرد ، داوا لـە خـوا دەکەیـن بمانپارێـزێ .

سێ یەم : شیرک لە پەناگرتندا (التوکل) .

(توکل) لە زماندا مانای : پشت بەستن و ڕاسپاردنە، ئەویش لەکردەوەکانی دڵە، دەڵێن: (توکلَ فی الامر) ئەگەر دڵنیا بوو لەئەنجامدانی کارەکە، وە (وکلتُ أمري الی فلان) ئەگەر پشتت پێ بەست .

وە پشـت بەسـتن بـە خـوا لـە گەورەتریـن جـۆرەکانی پەرسـتنە کـە پێویسـتە تەنهـا بـۆ خـوای گـەورە بێـت ، خـوای گـەورە دەفەرموێـت: ﴿ وَعَلَى ٱللَّهِ فَتَوَكَّلُوٓا۟ إِن كُنتُم مُّؤْمِنِينَ ﴿٢٣﴾ ﴾ (المائـدة) واتـە : و دەبـێ بـۆ سـەرکەوتنش تەنهـا پشـت بەخـوا ببەسـتن، ئەگـەر ئێـوە بـڕوای ڕاسـتەقینەتان هەیـە) .

وە پشت بەستن بە جگە لە خوا چەند بەشێکە لەوانە:

یەکـەم: پشـت بەسـتن لـەو کارانـەدا کـە هیـچ کەسـێک توانـای لەسـەر ئەنجامدانـی نییـە تەنهـا خـوا نەبـێ، وەکـو پشـت بەسـتن بـە مـردووەکان و ئامـادە نەبـووەکان (غائبیـن) و تاغوتـەکان و لـەو جۆرانـە بـۆ جـێ بەجـێ کردنـی داواکاریـیەکان ، لەسەرخسـتن و پاراسـتن و ڕزق و ڕۆزی و شـەفاعەت، جـا ئەمـە شـیرکی گەورەیـە.

دووەم : پشـت بەسـتن بـە هـۆکارە دیـارەکان ، وەکـو ئـەوەی کەسـێک پشـت ببەسـتێت بەسـوڵتانێک یـان ئەمیرێـک یـان هـەر کەسـێکی زینـدووی تـر کـە توانـای هەبێـت ، بـەو توانایـەی خـوای گـەورە پێـی بەخشـیوە بـۆ بەخشـین یـان بـۆ پاڵنـان و لادانـی ئـازارو زەرەرو نمونـەی ئەوانـە ئـەوە شـیرکی بچووکـە ، چونکـە پشـتی بەمـرۆڤ بەسـتووە .

سێیەم : پشت بەستنێک کە مرۆڤ خۆی توانای لەسەر هەیەو دەتوانێت پێی هەستێ ، وەکو کڕین و فرۆشتن ، جا ئەمە دروستە، بەڵام نابێ پشت ببەستی پێی بە دەستکەوتنی ئەوەی تەوکیلی لەسەر کراوە ، بەڵکو پشت بە خوا ببەستێت لەئاسانکردنی کارەکانی کە خۆی پێی هەڵدەستێ یان جێگرەکەی ، چونکە پشت بەستن بەکەسێک بۆ ئەنجامدانی کارێک توانای لەسەر هەبێ دروستە و لەو بەشانەیە کە هۆکارن، وە هۆکارش پشتی پێ نابەسترێت بەڵکو پشت بە خوا دەبەسترێت و کە هۆکاری هەموو هۆکارەکانەو بەدیهێنەری هۆکارو خاوەن هۆکارەکەشە .

جـا پشـت بەسـتن بەخـوا بـۆ لادان و پاڵنـانی زەرەر و زیـان و بـە دەسـتهێنانی ڕزق و ڕۆزی و لـەو شـتانەی کـەوا هیـچ کەسـێک توانـای لەسـەر نییـە تەنهـا (اللـە) نەبـێ لـە گەورەتریـن جـۆرەکانی عیبادەتـە، وەپشـت بەسـتن بـە جگـە لەخـوا لـەو کارانـەدا ئـەوا شـیرکی گەورەیـە، خـوای گـەورە دەفەرموێـت: ﴿ وَعَلَى ٱللَّهِ فَتَوَكَّلُوٓاْ إِن كُنتُم مُّؤۡمِنِينَ ﴿٢٣﴾ ﴾ (المائدة) خـوای گـەورە فەرمـانی کـردووە بەپشـت بەسـتن تەنهـا بەخـۆی و چونکـە پێـش خسـتنی (معمول)ـەکە سـوودی (حـصر)ی لـێ دەبینرێت، وە پشـت بەسـتنی بەخـوا کردووەتـە یەکێـک لەمەرجـەکانی ئیـمان و هەروەهـا کردوویەتییـە مەرجێـک لـە مەرجـەکانی ئیسـلام ، لـەو ئایەتـەی کـە دەفەرموێـت: ﴿ وَقَالَ مُوسَىٰ يَٰقَوۡمِ إِن كُنتُمۡ ءَامَنتُم بِٱللَّهِ فَعَلَيۡهِ تَوَكَّلُوٓاْ إِن كُنتُم مُّسۡلِمِينَ ﴿٨٤﴾ ﴾ (یونس) واتـە : موسـا وتـی: ئـەی گەلەکـەم ! ئەگـەر بەڕاسـتی ئێـوە باوەڕتـان بەخـوا هێنـاوە جـا دەبـێ تەنهـا پشـت بـەو ببەسـتن ئەگـەر موسـڵمان و ملکەچـی فەرمانـی ئەوبـوون) .

ئەمـەش بەڵگەیـە لەسـەر ئـەوەی : ئـەو کەسـەی پشـت بەخـوا نەبەسـتێ یـان پشـت بەجگـە لەخـوا ببەسـتێ کـە توانـای نییـە ئیـلا خـوا نەبـێ وەکـو مـردووەکان و گـۆڕەکان و بتـەکانی تـر ئـەوا نـە ئیـمانی هەیـەو نـە ئیسـلامە.

جـا پشـت بەسـتن بەخـوا یەکێکـە لەفـەرزەکان پێویسـتە تەنهـا بـۆ خـوای گـەورە بێـت، ئەویـش کۆکەرەوەتریـن جـۆرەکانی عیبادەتـە، وە بەرزتریـن و گەورەتریـن و شـکۆمەندترین پایـەکانی تەوحیـدە، لەبـەر ئـەوەی کـردەوە چاکـەکانی لێـوە پەیـدا دەبـێ، چونکـە ئەگـەر ئەو پشـتی بەخـوا بەسـت لەهەمـوو کاروبارێکـی دونیـاو دینـی ئـەو ئیخلاصەکـەی و مامەڵەکردنی لەگـەڵ خـوادا ڕاسـت و دروسـت دەبـێ.

شـیخ الاسـلام ابـن تیمیـة- ڕەحمەتـی خـوای لـێ بێـت - دەفەرمووێـت: (هیـچ کاتێـک کەسـێک تـکای لـە دروسـتکراوێک کردبێـت یـان پشـتی پـێ بەسـتبێ ئیللا لەگومانەکەیـدا -لـەو دروسـتکراوەدا- زەرەر دەکات و سـەرناکەوێ ...)[1]

وەپشـت بەسـتن بەخـوا لـە گەورەتریـن پلـەو پایەکانـە ﴿ إِيَّاكَ نَعْبُدُ وَإِيَّاكَ نَسْتَعِينُ ۝٥ ﴾ هەرگیـز تەوحیـد کامـل نابێـت بـە هەرسـێ جۆرەکەیـەوە ئیللا لەپـاش کامـل بـوونی پشـت بەسـتن بـە خـوای گـەورە .

خـوای گـەورە دەفەرموێـت:﴿ رَبُّ ٱلْمَشْرِقِ وَٱلْمَغْرِبِ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ فَٱتَّخِذْهُ وَكِيلًا ۝٩ ﴾ (المزمل) واتـە: ئـەو زاتـەی تـۆ دەیپەرسـتی پـەروەردگاری خۆرهـەڵات و خۆرئاوایـە و بێجگـە لـەو هیـچ پەرسـتراوێکی تـر بـە هـەق نیـە جـا تـۆش بـەردەوام هـەر ئـەو بکـە بەپارێـزەرو پشـتیوانی خـۆت و کاروبـارت دەسـتی ئـەو بـدە) .

ئایەتـەکان دەربـارەی فەرمـان کـردن بـەو کارە زۆرن ، خـوای گـەورە دەفەرموێـت: ﴿ وَمَن يَتَوَكَّلْ عَلَى ٱللَّهِ فَهُوَ حَسْبُهُۥٓ ۚ إِنَّ ٱللَّهَ بَٰلِغُ أَمْرِهِۦ ۝٣ ﴾ (الطلاق) واتـە : وەهـەر کەسـێك پشـت بەخـوا ببەسـتێ دوای بـەکار هێنانـی هـۆکار، ئـەوە تەنیـا خـوای بەسـەو کاروبـاری بـۆ ئاسـان دەکات چونکـە بێگومـان هەرچـی خـوا بڕیـاری لەسـەر بێـت، هـەر ئەنجامـی دەداو دەیگەیەنێتـە جـێ).

پێشـەوا ابـن القیـم - ڕەحمەتـی خـوای لـێ بێـت- دەربـارەی ئـەو ئایەتـە دەفەرموێـت: ﴿ وَعَلَى ٱللَّهِ فَتَوَكَّلُوٓا۟ إِن كُنتُم مُّؤْمِنِينَ ۝٢٣ ﴾ (المائـدة) : لـەم ئایەتـەدا خـوای گـەورە پشـت بەسـتنی بەخـوای کردووەتـە مەرجێـک لـە ئیـمان ، ئەمـەش بەڵگـەی نەمـان و

---

(١) مجموع الفتاوى (٢٩/١) .

لەناوچـوونی ئیمانـە لـە کاتی نەمـان و لەناوچـوونی ئـەودا) .

جـا هەرچەنـدە ئیـمانی بەنـدە بەهێـز بێـت ئـەوا پشـت بەسـتنەکەشی بەهێـز دەبـێ ، وە ئەگـەر ئیـمانی لاواز بـوو ئـەوا پشـت بەسـتنیشی لاواز دەبـێ، وە بەپێچەوانـەوە ئەگـەر پشـت بەسـتنەکە لاواز بـوو، ئـەوا بـێ گومـان بەڵگەیـە لەسـەر لاوازی ئیمانەکـەی .

خـوای گـەورە لـەزۆر شـوێندا لەکتێبەکەیـدا عیبـادەت و پشـت بەسـتنی بـە یەکـەوە کۆکردووەتـەوە، هەروەهـا لـە نێـوان پشـت بەسـتن و ئیمانـدا، وە لـە نێـوان پشـت بەسـتن و تەقـوادا ، وە لـە نێـوان پشـت بەسـتن و ئیسـلامدا، وە لـە نێـوان پشـت بەسـتن و هیدایەتـدا ، ئەمـەش دەردەکـەوێ کەپشـت بەسـتن ئەصڵـی هەمـوو پلـەو پایـەکانی ئیـمان و ئیحسـانەوە هەمـوو کـردەوەکانی ئیسـلام، وە پلـە و پایـەی پشـت بەسـتن هەروەکـو پایـەی سـەرە بـۆ جەسـتە، جـا هەروەکـو چـۆن سـەر ڕاسـت نابێتـەوە ئیـلا لەسـەر جەسـتە نەبـێ ئـاواش ئیـمان و پایـەکانی و کـردارەکان ڕاسـت نابنـەوە ئیـلا لەسـەر پشـت بەسـتن نەبـێ.)[1] .

هەروەهـا خـوای گـەورە پشـت بەسـتنی لەسـەر خـۆی کردووەتـە دیارتریـن صیفـاتی ئیمانـداران ، خـوای گـەورە دەفەرمووێـت: ﴿إِنَّمَا ٱلْمُؤْمِنُونَ ٱلَّذِينَ إِذَا ذُكِرَ ٱللَّهُ وَجِلَتْ قُلُوبُهُمْ وَإِذَا تُلِيَتْ عَلَيْهِمْ ءَايَـٰتُهُۥ زَادَتْهُمْ إِيمَـٰنًا وَعَلَىٰ رَبِّهِمْ يَتَوَكَّلُونَ ۝٢﴾ (الأنفـال) واتـە : باوەڕدارانـی ڕاسـتەقینەو دڵسـۆز هـەر ئەوانـەن کـە هەرنـاوی خـوا هێـنرا، دڵیـان لەبـەر گەورەیـی ئـەو دەکەوێتـە لـەرزەو، ترسـی لێدەنیشـێت هـەر کـە ئایەتەکانیشـی دەخوێنرێنـەوە بەسـەریاندا باوەڕیـان زیـادو بەهێـز دەبـێ. هـەر بـە پەروەردگاریشـیان پشـت دەبەسـتن، واتـە: پشـت و پەنایـان هـەر ئـەوە) .

واتـە: پشـتی پـێ دەبەسـتن بەدڵیـان ، وە ڕەجـا لـە هیـچ کەسـێک ناکـەن ئیـلا لـە ئـەو نەبـێ، لـە ئایەتەکەشـدا وەصفی ئیماندارانی ڕاسـتی کردووە بەسـێ پلەو پایـە لەپلەو پایەکانی ئیحسـان ئەویـش: تـرس و زیادکـردنی ئیـمان و پشـت بەسـتن تەنهـا بەخـوای گەورە.

تەوەکـول لەسـەر خـوا هەرگیـز دژی هەوڵـدان بـۆ هـۆکارەکان و دەسـت گرتـن پێـوە نییـە، خـوای گـەورە تەقدیـر کـراوەکانی پەیوەسـت کردووەتـە هۆکارەکانـەوە، جـا خـوای

---

(١) طريق الهجرتين وباب السعادتين ، ص ٣٢٧-٣٣٠ .

گـەورە فەرمـانی کـردووە بەشـوێنکەوتنی هـۆکارەکان و لەگـەڵ فەرمـان کـردن بـە تەوەکول، جـا هـۆکار گرتنەبـەر گوێڕایەڵـی خودایـە ، چونکـە خـوای گـەورە خـۆی فەرمـانی بـەوە کـردووە، ئەویـش لەکـردەوەی ئەندامەکانـە وە پشـت بەسـتنیش لـە کـردەوەکانی دڵـە، ئەویـش باوەڕهێنـان و ئیمانـە بـە خـوا ، خـوای گـەورە دەفەرموێـت: ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ خُذُواْ حِذۡرَكُمۡ ﴿٧١﴾ ﴾ (النساء) واتـە : ئـەی ئەوانـەی باوەڕتـان هێنـاوە! دەبـێ هەمـوو کات وریابـن و هۆشـی خۆتانتـان هەبـێ و ئامـادە بـن بـۆ ڕووبـەڕوو بوونـەوەی دوژمنانـی دینـی خـوا).

وە دەفەرموێـت: ﴿ وَأَعِدُّواْ لَهُم مَّا ٱسۡتَطَعۡتُم مِّن قُوَّةٖ ﴿٦٠﴾ ﴾ (الانفـال) واتـە : هەتـا بۆتـان دەکـرێ و لـە توانـاو وزەتاندایـە چـەك و جبەخانـەی جەنـگ و ئەسـپی چابوکـی سـواریی- دژی دوژمنانـی دینـی خـوا - ئامـادە بکـەن ئـەی بـاوەڕداران !)

وە دەفەرموێـت: ﴿ فَإِذَا قُضِيَتِ ٱلصَّلَوٰةُ فَٱنتَشِرُواْ فِي ٱلۡأَرۡضِ وَٱبۡتَغُواْ مِن فَضۡلِ ٱللَّهِ ﴿١٠﴾ ﴾ (الجمعة) واتـە : جـا کـە نوێژەکـە تەواوبـوو، بـڵاو ببنەوە بـەرووی زەویـدا وەداوای رزق و رۆزیـی و بەهـرەی خـوا بکـەن و هەوڵـی رۆزی بـدەن و هەمـوو هۆیەکـی رۆزی بدەنـە بـەر، بێگومـان خوایـش یارمەتـی دەرتانـە).

هەنـدێ لەزانایـان دەفەرمـوون[1]: (هەرکەسـێ تانـە بـدات لـە جووڵـە (حرکـە) -واتـە: هەوڵـدان و کەسـابەت و گرتنەبـەری هـۆکارەکان _ئـەوا تانـەی لـە سـوننەت داوە، وە هەرکەسـێ تانـە لەپشـت بەسـتن بـدات ، ئـەوا تانـەی لـە ئیـمان داوە) .

پێشـەوا (ابـن رجـب) -ڕەحمەتـی خـوای لـێ بێـت- دەڵێـت : (ئـەو کردەوانـەی بەنـدە دەیـکات سـێ بەشـن:

بـەشی یەکـەم : ئـەو گوێڕایەڵیانـەی خـوای گـەورە فەرمـانی کردووەتـە عەبـدەکانی و کردوویەتیـە هۆکارێـک بـۆ دەربازبـوون لەئاگـرو چوونـە بەهەشـتەوە، جـا ئەمـە پێویسـتە ئەنجـام بدرێـت لەگـەڵ پشـت بەسـتن بـە خـوای گـەورە تێیـداو پەنـا گرتـن پێـی، چونکـە

---

(١) ئەمە قسەی (سهل بن عبدالله)یە ، تەماشای کتێبی (الكَواشِفُ الجَلِيَّة عَنْ مَعَاني الوَاسِطِيَّة / تَأْلِيفُ : عَبدِ الْعَزِيزِ بْنِ مُحَمَّدٍ السّلمانِ) بکە.

هیـچ هـەوڵ و هێزێـک نییـە ئیـلا بـە خـوای گـەورە نەبـێ ، ئـەوەش ویسـتی لێـی بـێ هەردەبـێ و ئـەوەش ویسـتی لـێ نەبـێ ئـەوا نابـێ ، جـا هەرکەسـێ لەهـەر شـتێکدا کەمتەرخەمـی بـکات کەخـوای گـەورە واجبـی کردبـێ لەسـەری، ئـەوە شایسـتەی سـزایە لەدونیـاو دوا ڕۆژدا ، هـەم وەکـو قـەدەرو هـەم وەکـو شـەرعیش .

(یوسـف ی کـوڕی أسـباط) دەڵێـت: (دەڵێـن : هێنـدە کار بکـە وەکـو کـردەوەی کەسـێک کـە هیـچ شـتێک دەربـازی نـاکات تەنهـا کردەوەکـەی نەبـێ ، وە هێنـدە تەوەکول بکـە وەکـو تەوەکـولی کەسـێک کەهیـچ شـتێک تـووشی نابێـت ئیـلا ئـەوە نەبـێ بـۆی نـوسراوە)[1] .

بـەشی دووەم : ئـەو عادەتانـەی کەخـوای گـەورە کردوویەتیـە عـادەت لەدونیـادا فەرمانی کردووەتـە عەبـدەکانی ئەنجامـی بـدەن، وەکـو خـواردن لـەکاتی برسـێتیدا ، وە خواردنـەوە لـەکاتی تینوێتیـدا، وەچوونـە بەر سـێبەر لەکاتی گەرمیـدا، وەخۆگەرم کردنەوە لەکاتی سـەرمادا .. لـە نمونـەی ئەوانـە، جا ئەمەش پێویسـتە لەسـەر هەموو کەسـێک هـۆکارەکانی بگرێتە بەر، هەرکەسـێک کەمتەرخـەم بێـت تێیـدا لەشـتێکدا تاکو بەهـۆی واز لێ هێنانەکەیـەوە زەرەرو زیـانی پـێ بـگات لەکاتێکـدا توانـای هەیـە بـۆ بەکارهێنـانی، ئـەوە کەسـێکی کەمتەرخەمـە شایسـتەی سـزایە، بـەڵام خـوای گـەورە هەندێ لـە عەبدەکانی بەهێـز دەکات لەسـەر ئەوەی کـە جگـە لـە ئـەو ئـەو هێـزەی پـێ نابەخشـێ ، جـا ئەگـەر کەسـێک بەپێـی ئـەو هێـزەی کەخـوای گـەورە پێـی بەخشـیوە و تایبـەتی کـردووە بـەو توانایـە کار بـکات ئـەوا ئاسـاییە و هیچـی تێـدا نییـە، بۆیـە پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) ڕۆژووی (وصـال)ی دەگرت و نەهـی کرد کە هاوڕێـکانی ئـەو ڕۆژووە بگـرن و بەوانی دەگوت، : (إني لستُ كهيئتكم ، إني أُطعم و أُسـقى)[2] .واتـە : مـن وەکـو ئێـوە نیـم ، مـن خـواردن وخواردنـەوەم پـێ دەدرێت) .

زۆرێـک لەسـەلەف هێزیـان هەبـوو لەسـەر وازهێنـان لەخـواردن و خواردنـەوە کەجگـە لـەوان ئـەو هێزەیـان نەبـووە کەچـی زەرەریـشی پێـی نەدەگەیانـد، جـا هەرکەسـێ هێـزی بـوو ، وە بەپێـی هێزەکـەی خـۆی کاری کـرد ، وە ئـەو کارەی بـێ هێـزی نەدەکـرد

---

(١) أخرجه : أبو نعيم في « حلية الأولياء « ٢٣٩/٨ - ٢٤٠ .

(٢) قال الشيخ الألباني : (صحيح) انظر حديث رقم : ٧٤٧٧ في صحيح الجامع.

لەگوێرایەڵـی خـوا (واتـە: تاعەتـەکانی) ئـەوا ئاسـاییە و هیچـی تیـادا نییـە، وە هەرکەسـێ تەکلیفـی زیاتـری لەخـۆی کـرد تاکـو بـێ هێـزی کـرد لـە ئەنجامـدانی واجباتـەکانی ئـەوا ئینـکاری لـێ دەکرێـت لەسـەر ئـەو کارەی .

بەشی سێیەم: ئەوەی خوای گەورە زۆر جار لەدونیادا کردوویەتییە عادەت.....) .

تاکـو ئـەو جێگایـەی دەڵێت: (لـە فەرموودەیەکدا لە (ئبن عەبـاس)ەوە ڕیوایەت کراوە دەڵێـت: خەڵکـی یەمـەن حەجیـان دەکـرد ، کەچی تووێشـوویان لەگـەڵ خۆیانـدا نەدەهێنا و دەیانگـوت: ئێمـە پشـت بەخـوا دەبەسـتین!! ئەمجـار حەجیان دەکـرد، دەهاتن بـۆ مەککەو داوایـان لەخەڵکـی دەکـرد... جـا خـوای گەورە ئـەو ئایەتـەی دابەزانـد: ﴿وَتَزَوَّدُواْ فَإِنَّ خَيْرَ ٱلزَّادِ ٱلتَّقْوَىٰ ﴿١٩٧﴾﴾(البقرة)[1] واتە : دەسـا هەوڵ بدەن تۆشـەو زادی سـەفەری حەجتان ئامـادە بکـەن تـا لە ڕێگاوباندا دەسـت لەمـەردم پاننەکەنـەوە و، ئاتاج و مۆتـاج نەبن، بەڵام لەگـەڵ ئەوەشـدا چاکتریـن زەخیرەو تووێشـوو بۆتـان تەقـواو پارێزگارییە لە دەسـتپانکردنەوە لـە خەڵـك و دوور کەوتنـەوە لـە گوناح) .

وە پرسـیار کـرا لـە ئیمامـی ئەحمـەد دەربارەی ئـەو کەسـەی دادەنیشـێت و کار ناکات و دەڵێت : (پشـتم بەخوا بەسـتووە)؟ ئەویش فەرمووی : پێویسـتە لەسـەر خەڵکی هەموویان پشـت بەخـوا ببەسـتن ، بـەڵام پێویسـتە کار بکـەن بـۆ خۆیـان ، پێغەمبـەران بـە کـرێ کاریان دەکـرد ، پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) بـە کـرێ کاری دەکـرد ، هەروەهـا ئەبـو بەکـر و عومـەر ، وە هەرگیـز نەیـان دەگـوت : ئێمـە دادەنیشـین تاکـو خـوا رزقـمان بـدات ، خـوای گـەورە دەفەرموێـت:﴿فَٱنتَشِرُواْ فِى ٱلْأَرْضِ وَٱبْتَغُواْ مِن فَضْلِ ٱللَّهِ ﴿١٠﴾﴾ (الجمعة)[2] واتـە : بـڵاو ببنـەوە بـەرووی زەویـدا وەداوای رزق و رۆزیـی و بەهـرەی خـوا بکـەن و هەوڵـی رۆزی بـدەن و هەمـوو هۆیەکـی رۆزی بدەنـە بـەر ، بێگومـان خوایـش یارمەتـی دەرتانـە) .

ئیمامـی (الترمـذي) ڕیوایـەتی کـردووە لـە (ئەنـەس)ەوە دەڵێـت : (**قـال رجـل : یـا رسـول(ﷺ) أعقلهـا وأتـوكل أو أطلقهـا وأتـوكل قـال : اعقلهـا وتـوكل**)[3] واتـە : (کابرایـەک

---

(١) أخرجه البخاري (١٥٢٣) .

(٢) مسائل الإمام أحمد لابنه عبدالله (ص٤٤٨) .

(٣) أخرجه الترمذي (٢٥٢٢) ، قال الألباني : (حسن) تخريج المشكلة (٢٢).

وتی : ئـەی پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) حوشـترەکەم ببەسـتمەوەو پشـت بەخـوا ببەسـتم یـان بـەڕەڵای بکـەم و پشـت بەخـوا ببەسـتم ؟ فەرمـوی : بیبەسـتەوەو پشـت بەخـوا ببەسـتە).

ئەمـەش هەمـووی ئاماژەیـە بـۆ ئـەوەی کـەوا تەوەکـول جیـاواز نییـە لەگـەڵ ئەنجامدانی هـۆکاری حـەڵاڵ و دروسـتەکان بەڵکـو کۆکردنـەوە لەنێـوان هەردووکیانـدا چاکترە .

عومـەری کـوڕی خەتتـاب کۆمەڵێکـی یەمەنی بینـی، فەرمـووی: ئێوە کێـن ؟ وتیان :ئێمـە (متوکلین)یـن، واتە: پشـت بەخوا بەسـتووەکان ، وتی: بەڵکو ئێـوە (المتأکلون)نن! چونکە کـەسی (المتـوکل) ئـەو کەسـەیە کە تۆوەکـەی دەخاتە زەوییەوە و پشـت بە خوا دەبەسـتێ) [1].

چوارەم : شیرک لە گوێڕایەڵێدا:

بزانـن - خـوای گـەورە مـن و ئێـوە تەوفیـق بـدات_ کـەوا هـەر لـە جـۆرەکانی شـیرک ، گوێڕایەڵـی زانایـان و ئەمیرەکانـە لـە حـەڵاڵ کـردنی ئـەوەی خـوا حەرامـی کـردووە ، یـان حەرامکـردنی ئـەوەی خـوا حەڵاڵـی کـردووە ، خـوای گـەورە دەفەرموێـت: ﴿ ٱتَّخَذُوٓاْ أَحۡبَارَهُمۡ وَرُهۡبَٰنَهُمۡ أَرۡبَابٗا مِّن دُونِ ٱللَّهِ وَٱلۡمَسِيحَ ٱبۡنَ مَرۡيَمَ وَمَآ أُمِرُوٓاْ إِلَّا لِيَعۡبُدُوٓاْ إِلَٰهٗا وَٰحِدٗاۖ لَّآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَۚ سُبۡحَٰنَهُۥ عَمَّا يُشۡرِكُونَ ٣١ ﴾ (التوبـة) واتـە : لـە بـری خـوا مـەلاو رەبەنەکانـی خۆیانیـان کـردە خـوا ! واتـە: حەرامیـان بـۆ حەڵاڵکـردن، و فەلەکانیـش عیسـای کـوڕی مەریەمیـان کـردە خـوا ! خـۆ وا فەرمانیشـیان پێدرابـوو کـە: دەبـێ هـەر خـوای تـاك و تەنیـا بپەرسـتن کـە جگـە لەخـۆی هیـچ پەرسـتراوێکی تـر بـە هـەق نیـە خـوا لـەو شـتانە پـاك و بێخەوشـە بـێ بـاوەڕەکان دەیکەنـە هاوتـاو هاوبەشـیی) .

لەفەرموودەیەکـی (صحیـح) داهاتـووە: کـەوا پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) ئـەم ئایەتـەی خوێنـدەوە بەسـەر (عـدی کـوڕی حاتـم الطائی)دا (عـدی) وتی: **(یـا رسـول اللـه (ﷺ)! لسـنا نعبدهـم . قـال : أليـس يحلـون لكـم مـا حـرم اللـه ، فتحلونـه ، ويحرمـون مـا أحـل اللـه ، فتحرمونـه؟» قـال : بـلى ، قـال النبـي(ﷺ) : «فتلـك عبادتهـم)**[2] . واتـە : ئـەی پێغەمبـەری

---

(١) انظر : (جامع العلوم والحكم) لابن رجب حديث رقم (٤٩) .

(٢) أخرجه الترمذي رقم (٣١٠٤) .

خـوا (ﷺ) ئێمـە ئەوانمـان نەدەپەرسـت ! فەرمـووی : ئایـە ئـەو شـتەی خـوای گـەورە حەرامـی کردبـوو حەڵاڵیـان نەدەکـرد بۆتـان و ئێـوەش بـە حەڵاڵتـان دەزانـی و ئـەوەی خـوای گـەورە حەڵاڵـی کردبـوو ئـەوان حەرامیـان دەکـرد و ئێـوەش بـە حەرامتـان دەزانـی ؟ فەرمـوی بەڵـێ ، فەرمـووی : ئـەوە پەرستنیانە).

پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) تەفسـیری ئایەتەکـەی کـرد بـەوەی کـە (أحبـار) و (رهبـان) ەکانیـان کردووەتـە پـەروەردگار لـە جگـە لـە خـوا ، مانـای ئـەوە نییـە سـوژدەو کڕنۆشـیان بـۆ دەبـەن، بەڵکـو مانـای گوێڕایەڵـی کردنیـان لەگۆڕینـی حوکمـی خـواو شـەریعەتەکەی بـە حـەڵاڵ کـردنی حـەرام و حـەرام کـردنی حـەڵاڵ، وە ئـەوەشی بـە پەرسـتنیانی ژمـاردووە جگـە لـە خـوا ، چونکـە ئەوانـە خۆیانیـان دانـاوە بـە شـەریک لـە گـەڵ خـوای گـەورەدا لەشـەرع دانانـدا ، جـا هەرکەسـێ گوێڕایەڵییـان بـکات لـەو کارانـەدا، ئـەوە کـردووێ بـە شـەریکی خـوا لـە شـەرعدانان و حـەڵاڵ کـردن و حەرامکردنـدا ، ئەمـەش شـیرکی گەورەیـە، بـە بەڵگـەی ئـەو ئایەتـەی کـە لـە پێشـدا بـاس کـرا : ﴿ وَمَآ أُمِرُوٓاْ إِلَّا لِيَعۡبُدُوٓاْ إِلَٰهٗا وَٰحِدٗاۖ لَّآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَۚ سُبۡحَٰنَهُۥ عَمَّا يُشۡرِكُونَ ٣١ ﴾ (التوبة) هـەر لـە نمونـەی ئـەم ئایەتـە ئـەو ئایەتەیـە کـە خـوای گـەورە دەفەرموێـت: ﴿ وَلَا تَأۡكُلُواْ مِمَّا لَمۡ يُذۡكَرِ ٱسۡمُ ٱللَّهِ عَلَيۡهِ وَإِنَّهُۥ لَفِسۡقٞۗ وَإِنَّ ٱلشَّيَٰطِينَ لَيُوحُونَ إِلَىٰٓ أَوۡلِيَآئِهِمۡ لِيُجَٰدِلُوكُمۡۖ وَإِنۡ أَطَعۡتُمُوهُمۡ إِنَّكُمۡ لَمُشۡرِكُونَ ١٢١ ﴾(الانعام) واتـە : هـەر پەلـەوەرو حەیوانـێ لەکاتـی سـەر بڕینـدا نـاوی خـوای لـە سـەر نەهێنرابێـت ، ئێـوە لـە گۆشـتەکەی مەخـۆن بێگومـان ئـەو جـۆرە خواردنـە، تـاوان و گوناحـەو لـە ڕێگـە درچوونـە و بشـزانن کـە شـەیاتینەکان هەمیشـە شـتی پـڕوو پـووچ ئەخەنـە دڵـی دۆسـتەکانیانەوەو، دنەیـان دەدەن بـۆ ئـەوە موجادەڵـەو دەمـە قاڵیتـان لەگـەڵ بکـەن و کێشـەو گرفتـان بـۆ بنێنـەوە خـۆ ئەگـەر بـە گوێتـان کـردن لـە گوتـەو کارو بـۆ چوونەکانیانـدا، دڵنیابـن ئێوەیـش موشریـك و هاوبەشـدانەرن، چونکـە پەیـڕەوی کردنـی غەیـری بەرنامـەی خـوا ، کوفـرو هاوەڵدانانـە بـۆ خـوا).

هـەر لـەم جـۆرەش ، گوێڕایەڵـی سـەرکردەو دەسـەڵاتدارەکانە ، لەحوکـم کـردن بـە یاسـا دەسـتکردەکان (وضعي)یـەکان کـە جیـاوازە لەگـەڵ حوکمـە شـەرعییەکاندا لەحـەڵاڵ کـردنی حەرامـدا ، وەکـو حـەڵاڵ کـردنی ڕیبـاو زینـاو خواردنـەوەی مـەی و یەکسـانی ژن و پیـاو لـە

میراتـدا و حـەڵاڵ کـردنی خۆدەرخستنی ئافرەتـان و تێکـەڵ بـوون لەنێـوان هـەردوو ڕەگـەزدا یـان حـەرام کـردنی حـەڵاڵ وەکـو ڕێگرتـن لـە فـرەژنی.... و لـە نمونـەی ئەوانـە لەگۆڕینـی حوکمـی خـوا بەیاسـا شـەیتانییەکان ، جـا هەرکەسـێ لەگەڵیانـدا کـۆک بێـت و پێـی ڕازی بێت و بەبـاشی زانی ئـەوا کەسـێکی موشریـک و کافـرە پەنـا بەخـوا.

هەر لەوانە چاولێکردنی فەقیهەکان بە شـوێنکەوتنی قسـەکانیان کەجیاوازن لەگەڵ بەڵگەکاندا ئەگـەر هاتـوو لەگـەڵ ئارەزووەکانیانـدا کـۆک بێـت لـە هەندێ لـەو شـتانەی لەگـەڵ حەزەکانیاندا دەگونجـێ ، هەروەکـو هەنـدێ لـە نیوە فێرخوازەکان (متعلـم)ەکان دەیکەن کە ئەویـش گەڕانە بە دوای ڕوخسـەتەکاندا ، جـا پێویسـت و واجیـب ئەوەیە قسـەی (مجتهـد)ەکان وەرگیـرێ کە لەگەڵ بەڵگـەدا دەگونجـێ و ئـەوەی ناگونجێ فـڕێ بدرێ.

پێشـەوایان -ڕەحمـەتی خوایـان لـێ بێـت- فەرموویانـە -کـە ناوەڕۆکـی قسـەکانیان بریتییـە لـە- : (هەمـوو کەسـێک لەقسـەکانی وەردەگیرێـت و ڕەد دەکرێتـەوە ئیللا پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) نەبـێ) .

پێشـەوا (أبـو حنیفـة)- ڕەحمەتی خوای لێبێـت- دەفەرموێت: ((ئەگـەر فەرموودەیەک لە پێغەمبـەری خـوداوە(ﷺ) هـات ئـەوا بەسـەر سـەرو بە سـەر چـاو، وە ئەگـەر لەهاوەڵانەوە هـات ئـەوا بەسـەر سـەرو بەسـەر چـاو ، وە ئەگەر لـە (تابعین)ەوە هـات ئەوا ئـەوان پیاون و ئیمەیـش پیاویـن)) مەبەسـتی نمونـەی خـۆی و نمونەی پێشـەوا گەورەکانە .

هەنـدێ لەنیـوە فێرخـوازەکان (متعلـم)ەکان ئـەم قسـەییەیان بـە هـەل زانیـوە و ئیسـتغلالیان کـردووە، ئەوانـەی خۆیـان هاوشـانی ئـەو پێشـەوایانە دادەنێـن، لـە کاتێکـدا هێشـتا نەفامـن ، گومانیـشی تێـدا نییـە (أبـو حنیفـة) مەبەسـتی یەکسـان بـوونی زانـاکان نییـە لـە گـەڵ نەفامەکانـدا .

پێشـەوا مالـک- ڕەحمەتـی خـوای لێبێـت- دەفەرموێـت: (هەمووماـن قسـەی خەڵکـی ڕەد دەکەینـەوە و خەڵکیـش قسـەمان ڕەد دەکاتـەوە ، ئیللا خـاوەنی ئـەو قەبـرە نەبـێ) واتـە: پێغەمبـەری خـوا (ﷺ)) .

پێشـەوا شـافعی - رەحمەتـی خـوای لێبێـت- دەفەرموێـت: ئەگـەر فەرموودەکـە (صحیـح) بـوو ئـەوە مەزهەبەکـەی منە) .

وە دەفەرموێـت: ئەگـەر هاتـوو قسـەیەکی مـن لـە گـەڵ فەرموودەیەکـی پێغەمبـەری خـوادا (ﷺ) جیـاواز بـوو ئـەوا قسـەکەی مـن بـدەن بـە قـەد دیـواردا) .

ئیمامـی ئەحمـەد - رەحمەتـی خـوای لێبێـت- دەڵێـت: (سـەرم سـوڕ دەمێنـێ لـەو کەسـانەی ئیسـناد و دروسـتی ئیسـنادەکەیان نـاسی ، کەچـی دەچـن بـۆ لای بۆچـوونی (سـفیان) ، لـە کاتێکـدا خـوای گـەورە دەفەرموێـت:﴿ فَلْيَحْذَرِ ٱلَّذِينَ يُخَالِفُونَ عَنْ أَمْرِهِۦٓ أَن تُصِيبَهُمْ فِتْنَةٌ أَوْ يُصِيبَهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ ﴿٦٣﴾ ﴾[1] (النـور) واتـە : دەبـا ئەوانـەی سـەرپێچی لـە فەرمانـی پەیامبـەر (ﷺ) ئەکـەن، بترسـن کـە سـەرەنجام تووشـی بـەڵاو نەهاتێـك بـن یـا تووشـی سـزایەکی بەئێـش بـن).

عبداللـە ی کـوڕی عەبـاس-رەزای خـوای لەسـەر بێـت- دەڵێـت : (خەریکـە بەردتـان بەسـەردا دەبارێـت لـە ئاسـمانەوە ، مـن دەڵێـم :_ پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) فەرمـووی ! ئێـوەش دەڵێـن: ئەبـو بەکـر و عومـەر فەرمـوی ؟!)[2] .

شـەیخ عبدالرحمـن بـن حسـن - رەحمەتـی خـوای لـێ بێـت- لـە (فتـح المجیـد) دا دەفەرموێـت: (پێویسـتە لەسـەر هەمـوو (مکلف)یـک[3] ئەگـەر بەڵگەیەکـی پێگەیشـت لـە قورئـان و سـوننەتی پێغەمبـەرەوەو(ﷺ) ماناکـەی تێگەیشـت : ئیـتر واز لـە جگـە لـەو بهێنـێ و کاری پـێ بـکات ، ئیـتر هەرکەسـێک و جیاوازبـوو لەگەڵیـدا ئـەوا بـا جیاوازبێـت ..)[4] .

تاکـو ئـەو جێگایـەی دەڵێـت : (جـا پێویسـتە لەسـەر ئـەو کەسـانەی ئامـۆژگاری نەفسـی خـۆی دەکات ، ئەگـەر کتێبـی زانایـانی خوێنـدەوە و تەماشـای ناوەڕۆکەکـەی کـردو قسـەکانی ئـەوانی زانی دەبـێ بـەراوردی بـکات لەگـەڵ کیتـاب و سـوننەدا ، چونکـە پێویسـتە

---

(١) انظر : أقوال الأئمة الأربعة في النهي عن تقليدهم ، مسندة مخرجة في : (إيقاظ همم أولى الأبصار) للفلاني (ص ٥٠ الخ) وانظر : إعلام الموقعين لان القيم (٢٠٠/٢) .

(٢) أخرجه أحمد .

(٣) هەموو کەسێک کە شەرعێکی پێ سپێردراوە و داوای لێکراوە بە پێی ئەو شەرعە کار بکات .

(٤) فتح المجيد (٦٤٩/٢) .

هەمـوو (مجتهد)یـک لەزانایـان و شـوێنکەوتوانیان و ئەوانـەی خۆیـان داوەتـە پـاڵ مەزهەبەکەیـان پێویسـتە بـاسی بەڵگەکەیـان بکرێـت، وەحەقیـش لەهـەر مەسـەلەیەکدا یـەک دانەیـە ، پێشـەوایانیش لـە (ئیجتیهاد)ەکانیانـدا پاداشـت وەردەگـرن ، جـا کـەسی دادپـەروەر (مُنصِـف) تەماشـاکردنی قسـەکانیان و تێفکریـن لێـی دەکاتـە ڕێگایـەک بـۆ زانینـی مەسـەلەکان و هێنانـەوەی لـە هـزری خۆیـداو جیاکردنـەوەی ڕاستی لـە هەڵـەکان بـە پێـی ئـەو بەڵگانـەی کـە وەکـو بەڵگـە هێناویانەتـەوە ، بـەو ڕێگایـەش دەزانی کام لەزانایـان بەڵگەکـەی پێکاویـەتی و ئەمجـار شـوێنی دەکـەوێ)[1].

هەروەهـا (ڕەحمـەتی خـوای لـێ بێـت) دەربـارەی ئـەو ئایەتـە دەفەرموێـت:﴿وَإِنْ أَطَعْتُمُوهُمْ إِنَّكُمْ لَمُشْرِكُونَ ﴿١٢١﴾﴾ (الانعـام) واتـە : خـۆ ئەگـەر بـە گوێتـان کـردن لـە گوتـەو کارو بۆچوونەکانیانـدا، دڵنیابـن ئێوەیـش موشریـك و هاوبەشـدانەرن، چونکـە پەیـڕەوی کردنـی غەیـری بەرنامـەی خـوا ، کوفـرو هاوەڵدانانـە بـۆ خـوا).

دەفەرموێـت: (ئەمـەش زۆرێـک لەخەڵکـی تێـی کەوتـووە لەگـەڵ ئەوانـەی چاویـان لـێ دەکـەن، چونکـە بایـەخ بەبەڵگـە نـادات ئەگـەر جیاوازبـوو لەگـەڵ ئـەو کەسـەی ئـەم لاسـایی دەکاتـەوە ، ئەمیـش لـەم جـۆرە شـیرکەیە ، هەروەهـا تیایانـدا هەیـە زیـادەڕەوی دەکات لـەوەدا ، بـاوەڕی وایـە دەسـتگرتن بەبەڵگـەوە لـە حاڵەتێکـی وادا ئـەوا مەکروهـە یـان حەرامـە ، بۆیـە فیتنەکـە گەورەتـر دەبـێ! وەدەڵێـت: ئـەو لـە ئێمـە شـارەزاترە دەربـارەی بەڵگـەکان ...)[2] .

شـەیخ محمـد عبدالوهـاب- ڕەحمـەتی خـوای لـێ بێـت - دەفەرموێـت: (مەسـەلەی پێنجـەم:_ حاڵەتـەکان تـا ئـەو ڕادەیـە گـۆڕاوە ، تاکـو وای لێهاتـووە لای زۆرێـک پەرسـتنی (رهبـان)ەکان باشـترین کردەوەکانـە، وەپێـی دەڵێـن ویلایـەت (الولایـە) وەپەرسـتنی (احبـار)ەکان بریتییـە لـە عیلـم و فیقـە ، ئەمجـار حاڵەتەکـە گـۆڕا تاکـو وای لـێ هـات کەسـانێک دەپەرسـتێت لەجگـە لەخـوا کـە لـە پیاوچـاکان نیـن ، بەمانایەکـی تر کەسـانێک دەپەرسـتێن کـەوا لـە نەفامەکانـن...)[3]

---

(١) فتح المجيد (٦٤٩/٢) .

(٢) / فتح المجيد (٦٥٣/٢) .

(٣) انظر (كتاب التوحيد) ضمن مجموعة التوحيد (ص ١٤٨) .

هـەر لـە جـۆری کـردنی (احبـار) و (رهبـان) بـە پـەروەردگار ، گوێڕایەڵـی زانـا گومڕاکانـە لـەو داهێنانـەی لەدینـدا ئەنجامیـان داوە لەبیدعـەو خورافـات و گومڕایـی، وەکـو زیندووکردنـەوەی مەولـودی و تەریقەتـە صۆفیـەکان و تەوەسـول کـردن بـە مردووەکانـەوە و داواکـردن لێیـان لەجگـە لەخـوای گـەورە، تاکـو وای لـێ هاتـووە ئـەو زانـا گومڕایانـە شـەرعیان دارشـتووە کەخـوای گـەورە ئیـزنی پێـی نـەداوە، وەخەڵکـی نەفـام و سـادەش چاویـان لـێ دەکـەن، وە بەدینـی دەژمێـرن ، وە هەرکەسـێ ئینـکاری لـێ بـکات و بانگـەواز بـکات بـۆ شـوێنکەوتنی ئـەو ڕێبـازەی پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) هێناویـەتی ئـەوا بـە دەرچـوو لەدیـن دەیژمێـرن، یـان ئـەو کەسـێکە ڕقـی لەزانـا و پیاوچاکانـە، وای لـێ هاتـووە چاکـە (معـروف) بووەتـە خراپـە (منکـر) و خراپەش(منکر)یـش بووەتـە چاکـە (معـروف)، وەسـوننەتیش بووەتـە بیدعـەو بیدعـە بووەتـە سـوننەت ، تاوەکـو منداڵـەکان بـە ئـەوەوە گـەورە بوونـەو کـەسی گـەورەش بـە ئـەوەوە پیربـووە، ئەمـەش بەشـێکە لەغەریبـی دیـن و کەمـی بانگخـوازە چاکسـازەکانە، ولا حـول ولا قـوة الا باللـه العـلي العظیـم).

جـا ئەگـەر دروسـت نەبـێ شـوێنی ئـەو زانایانـە بکەویـن کـە لـە فیقهـدا ئیجتهادیـان کـردووە لەشـتێکدا هەڵەیـان کردبێـت لـە ئیجتیهادەکەیانـدا لـەو مەسـەلانەی کـە ئیجتیهـادی تێـدا دەکرێـت، هەرچەنـدە ئـەوان بیانوویـان هەیـەو پاداشـت وەردەگـرن لـەو هەڵەیـەی کردوویانـە بەبـێ مەبەسـت_ بەبـێ قەصـدی _ ، کەچـی حەرامـە شـوێنیان بکەویـن لـەو هەڵانـەی کردوویانـە! جـا چـۆن حـەرام نییـە لاسـایی کردنـەوەی ئـەو گومـڕاو دەججالانـە ، کەهەڵەیـان کـردووە لـەو مەسـەلانە کـە ئیجتیهـادی تێـدا دروسـت نییـەو نابـێ بکرێـت _ ئەویـش کاروبـاری عەقیدەیـە_ چونکـە عەقیـدە تەوقیفییـە، لەسـەر دەقـەکان ڕاوەسـتاوە! بـەڵام کارەکـە هەروەکـو ئەوەیـە خـوای گـەورە دەفەرموێـت ﴿وَلَقَدْ ضَرَبْنَا لِلنَّاسِ فِي هَٰذَا الْقُرْآنِ مِن كُلِّ مَثَلٍ ۚ وَلَئِن جِئْتَهُم بِآيَةٍ لَّيَقُولَنَّ الَّذِينَ كَفَرُوا إِنْ أَنتُمْ إِلَّا مُبْطِلُونَ ﴿٥٨﴾ كَذَٰلِكَ يَطْبَعُ اللَّهُ عَلَىٰ قُلُوبِ الَّذِينَ لَا يَعْلَمُونَ ﴿٥٩﴾ فَاصْبِرْ إِنَّ وَعْدَ اللَّهِ حَقٌّ وَلَا يَسْتَخِفَّنَّكَ الَّذِينَ لَا يُوقِنُونَ ﴿٦٠﴾﴾ (الـروم) واتـە : بێگومـان ئێمـە لـەم قورئانـەدا هەمـوو جـۆرە مەسـەلێکمان بـۆ هیدایەتـی ئـەو خەڵکـە هێنایـەوە لەگـەڵ ئەوەیشـدا ئەگـەر تـۆ هـەر نیشـانەیەکی دەمکوتکەریـان بـۆ بێنـی، لەوانـەی خۆیـان پیشـنیازی ئەکـەن لەباتـی خـۆ بەدەسـتەوە دان بێگومـان بـێ بـڕواکان ئەڵێـن: ئێـوە هـەر

پروپاڵانتە چین(۵۸) ئا بەو تەرزەش خوا مۆر دەنێت بەسەر دڵی ئەوانەدا کە نەزان و نەفامن و دوای ئارەزووی خۆیان ئەکەون لەباتی ئامۆژگارییەکانی تۆ (۵۹) سا تۆ ئەی موحەممەد(ﷺ) ! ئارامت هەبێت لەسەر ئازاریان، بەراستیی بەڵێنی خوا حەقە و دێتەدی، بەسەر خستنت بەسەر دوژمنەکانتدا و پایەداری ئایینەکەت ئەوانەی بڕواو یەقینیان بەڕۆژی قیامەت و زیندوو بوونەوە نییە قەڵس و قەلەقت نەکەن، لەڕاگەیاندنی ئایینەکەت و لەخشتەت بەرن و لەڕێ بتترازێنن(٦٠) .

جگە لەو کۆمەڵەی کەخنکاون لە لاسایی کردنی کوێرانەدا لە (اصول) و (فروع) دا، بەتەنیشت ئەوانەوە کۆمەڵێکی تر هەن پێچەوانەی ئەوانن ، وا دەبینن کەوا ئیجتیهادکردن واجیبە لەسەر هەموو کەسێک ، هەرچەندە کەسێکی نەفام بێت و نەزانێ بە جوانی قورئان بخوێنێتەوەو هیچ شتێک دەربارەی عیلم نەزانێ، وە تەماشاکردنی کتێبە فیقهییەکان بەحەرام دەزانن ، دەیانەوێ خەڵکی نەفام حوکمەکان لەکیتاب و سوننەتەوە دەربهێنن!! ئەمەش زیادەڕەوییەکی زۆر ناشرینە ، مەترسی ئەو کۆمەڵە کەسانە لەسەر ئوممەتی ئیسلامی هیچی کەمتر نییە لە مەترسی کۆمەڵی یەکەم ، ئەگەر زیاتریش نەبێ، وە باشترین کار نێوەند بوون و میانڕەوییە، بە شێوەیەک لاسایی فەقیهەکان نەکەینەوە بەشێوەیەکی کوێرانە، وەبێ نیاز نەبین لە قسەکانیان بە شێوەیەک واز لەقسەکانیان بهێنین کە لەگەڵ کیتاب و سوننەدا دەگونجێ ، بەڵکو سودیان لێ وەردەگرین و پشتیان پێ دەبەستین لە تێگەیشتنی کیتاب و سوننەدا ، چونکە بەڕاستی ئەوە سامانێکی عیلمی و پشتیوانێک و بەهایەکی فیقهی مەزنە ، ئەوەی لەگەڵ بەڵگەدا کۆکە ئەوا وەریدەگرین و ئەوەی لەگەڵ بەڵگەدا ناکۆکە ئەوا وەری ناگرین ، هەروەکو چۆن پێشینە چاکەکان ئەو کارەیان دەکرد، بەتایبەتی لەم سەردەمەدا ، کەوا هیممەتەکان کەم بوونەتەوەو نەفامی تێدا بڵاوبووەتەوە، جا ئەوەی پێویستە نێوەند بین بەبێ کەمتەرخەمی و زیادەڕەوی وبەبێ تووندڕەوی و کورت رەوی، داوا لەخوای گەورە دەکەین موسڵمانە گومڕاکان هیدایەت بدات و ئیمام و سەرکردەکان دامەزراو بکات لەسەر حەق هەر خۆی (سمیع) و (مجیب)ـە.

جـا هەروەکـو چـۆن دروسـت نییـە گوێڕایەڵـی زانایـان بکرێـت لـە حەڵاڵکـردنی حـەرام و حەرامکـردنی حەڵاڵـدا، ئـاواش دروسـت نییـە گوێڕایەڵـی سـەرکردەو ئەمیـرەکان بکرێـت لـە حوکـم کـردن لەنێـوان خەڵکیـدا بەجگـە لەشـەریعەتی ئیسـلامی، چونکـە پێویسـتە داوەری بکرێـت بـۆ لای کیتـاب و سـوننەتی پێغەمبەرەکـەی (ﷺ) لەهەمـوو مشـت و مـڕو ناکۆکییـەک و هەمـوو کاروبارێکـی ژیانـدا ، چونکـە ئـەوە مانـاو مەبەسـتی عبودییـەت و تەوحیـدە، چونکـە شـەرع دانـان تەنهـا حەقـی خـوای گەورەیـە ، هەروەکـو خـوای گـەورە دەفەرموێـت: ﴿ أَلَا لَهُ ٱلْخَلْقُ وَٱلْأَمْرُ ﴿٥٤﴾ ﴾ (الاعـراف) واتـە : هـەر خـۆی داوەرە (حَکَـم) و داوەریـش (حُکم)یـش هـەر بـۆ لای ئـەو دەگەڕێتـەوە .

خـوای گـەورە دەفەرموێـت ﴿ وَمَا ٱخْتَلَفْتُمْ فِيهِ مِن شَيْءٍ فَحُكْمُهُۥٓ إِلَى ٱللَّهِ ﴿١٠﴾ ﴾ :(الشـوری) واتـە : ئـەوی کێشـەو جیاوازیتـان تێیـدا بـوو، لەبـارەی بـاوەڕو بێباوەڕیـەوە ، دەبـێ حوکمەکـەی بگێڕدرێتـەوە بـۆلای خـوا) .

هەروەهـا خـوای گـەورە دەفەرموێـت: ﴿ فَإِن تَنَٰزَعْتُمْ فِى شَىْءٍ فَرُدُّوهُ إِلَى ٱللَّهِ وَٱلرَّسُولِ إِن كُنتُمْ تُؤْمِنُونَ بِٱللَّهِ وَٱلْيَوْمِ ٱلْءَاخِرِ ۚ ذَٰلِكَ خَيْرٌ وَأَحْسَنُ تَأْوِيلًا ﴿٥٩﴾ ﴾ (النسـاء) واتـە : ئینجـا ئەگـەر لەشـتێکدا کێشـەو ناکۆکیتـان بـوو جـا بیگێرنـەوە بـۆ لای خـواو پەیامبـەر(ﷺ)، واتـە: بـا تەنهـا قورئـان و سـوننەت داوەرو حەکەمتـان بـن. ئەگـەر باوەڕتـان بەخـواو بـەرۆژی دوایـی هەیـە، دەبـێ ئاوابێـت ئـەو گێرانـەوەی کێشـەو هەرایـە بـۆ لای قورئـان و سـوننەت، جوانـترو چاکـترە بۆتـان، چاکتریـن رەفتاریشـە بـۆ داهاتووتـان).

جا داوەری کردن بۆ لای شـەرعی خوا تەنها مەبەسـت لێی بەدەسـت هێنانی دادپەروەری نییـە، بەڵکـو ئـەوە بـە پلـەی یەکـەم خواپەرسـتییەو تەنهـا حەقی خودایـە و عەقیدەیـە ، جا هەرکەسـێ داوەری ببـات بـۆ جگـە لەشـەرعی خـوا لە هەمـوو سیسـتەم و یاسـا مرۆییەکان، ئـەوا دانـەری ئـەو یاسـایانەو ئـەو داوەرانـەی حوکمـی پـێ دەکـەن کردوویەتییـە شـەریکی خـوای گـەورە لە تەشریعدا، خـوای گەورە دەفەرموێـت: ﴿ أَمْ لَهُمْ شُرَكَٰٓؤُا۟ شَرَعُوا۟ لَهُم مِّنَ ٱلدِّينِ مَا لَمْ يَأْذَنۢ بِهِ ٱللَّهُ ﴿٢١﴾ ﴾ (الشـوری) واتـە : ئاخـۆ ئەوانـە ڕێگەی خواناسـین دەگرن، یا خۆ چەنـد هاوبەشـێك بـۆ خـوا دادەنێـن چەنـد یاسـاو بەرنامەیەکیـان بـۆ داهێنابن لـە ئایین کە بەهیـچ شـێوەیە خـوا مۆڵەتـی نەدابـن، خـۆ شـتی وا نەبـووە ؟!) .

هەروەهـا دەفەرموێـت: ﴿وَإِنْ أَطَعْتُمُوهُمْ إِنَّكُمْ لَمُشْرِكُونَ ﴿١٢١﴾﴾ (الانعـام) واتـە : خـۆ ئەگـەر بـە گوێتـان کـردن لـە گوتـەو کارو بۆچوونەکانیانـدا، دڵنیابـن ئێوەیـش موشریـك وهاوبەشـدانەرن) .

خـوای گـەورە نـەفی ئیـمانی کـردووە لـەو کەسـانەی داوەری دەبـەن بـۆ لای جگـە لەشـەرعی خـوا ، خـوای گـەورە دەفەرموێـت: ﴿أَلَمْ تَرَ إِلَى ٱلَّذِينَ يَزْعُمُونَ أَنَّهُمْ ءَامَنُوا۟ بِمَآ أُنزِلَ إِلَيْكَ وَمَآ أُنزِلَ مِن قَبْلِكَ يُرِيدُونَ أَن يَتَحَاكَمُوٓا۟ إِلَى ٱلطَّٰغُوتِ وَقَدْ أُمِرُوٓا۟ أَن يَكْفُرُوا۟ بِهِۦ وَيُرِيدُ ٱلشَّيْطَٰنُ أَن يُضِلَّهُمْ ضَلَٰلًۢا بَعِيدًا ﴿٦٠﴾ وَإِذَا قِيلَ لَهُمْ تَعَالَوْا۟ إِلَىٰ مَآ أَنزَلَ ٱللَّهُ وَإِلَى ٱلرَّسُولِ رَأَيْتَ ٱلْمُنَٰفِقِينَ يَصُدُّونَ عَنكَ صُدُودًا ﴿٦١﴾ فَكَيْفَ إِذَآ أَصَٰبَتْهُم مُّصِيبَةٌۢ بِمَا قَدَّمَتْ أَيْدِيهِمْ ثُمَّ جَآءُوكَ يَحْلِفُونَ بِٱللَّهِ إِنْ أَرَدْنَآ إِلَّآ إِحْسَٰنًا وَتَوْفِيقًا ﴿٦٢﴾ أُو۟لَٰٓئِكَ ٱلَّذِينَ يَعْلَمُ ٱللَّهُ مَا فِى قُلُوبِهِمْ فَأَعْرِضْ عَنْهُمْ وَعِظْهُمْ وَقُل لَّهُمْ فِىٓ أَنفُسِهِمْ قَوْلًۢا بَلِيغًا ﴿٦٣﴾ وَمَآ أَرْسَلْنَا مِن رَّسُولٍ إِلَّا لِيُطَاعَ بِإِذْنِ ٱللَّهِ ۚ وَلَوْ أَنَّهُمْ إِذ ظَّلَمُوٓا۟ أَنفُسَهُمْ جَآءُوكَ فَٱسْتَغْفَرُوا۟ ٱللَّهَ وَٱسْتَغْفَرَ لَهُمُ ٱلرَّسُولُ لَوَجَدُوا۟ ٱللَّهَ تَوَّابًا رَّحِيمًا ﴿٦٤﴾ فَلَا وَرَبِّكَ لَا يُؤْمِنُونَ حَتَّىٰ يُحَكِّمُوكَ فِيمَا شَجَرَ بَيْنَهُمْ ثُمَّ لَا يَجِدُوا۟ فِىٓ أَنفُسِهِمْ حَرَجًا مِّمَّا قَضَيْتَ وَيُسَلِّمُوا۟ تَسْلِيمًا ﴿٦٥﴾﴾(النساء) واتـە : ئـەرێ ئەوانـەت نەدیـوە وا دەڵێـن باوەڕیـان بـەو بەرنامـەو قورئانەیـە دابەزێـنراوە بـۆت هەیـە و بـەو پەیامـەش پێـش تـۆ دابەزێـنراوە بـاوەڕ دەکـەن دەیانـەوێ بـۆ بڕینـەوەی داواو کێشـەکانیان بچنـە لای تاغـووت و بەرنامـە شـەیتانییەکان؟! لەکاتێکـدا فەرمانیـان پێدرابـوو بـەو بەرنامـە شـەیتانیانە بـاوەڕ نەکـەن و کارنەکـەن و شـەیتانیش دەیـەوێ گومڕایـان بـکات بەگومـڕا کردنێکـی یەکجـار دووڕو بـێ سـنوور(٦٠) کاتێکیـش بـەو دووڕووانـە بگوتـرێ: وەرنـە لای ئـەم بەرنامـەو شـەریعەتە خـوا دایبەزانـدووەو، وەرنـە لای ئـەم پەیامبـەری خوایـە(ﷺ)، تـا کێشـەکەتان بـۆ ببڕێتـەوە کەچـی دووڕووەکان دەبینـی بەتونـدی رووت لێوەردەگێـڕن و، قەتیـش بـەو بەرنامـەو بڕیـارەی تـۆ رازی نابـن!(٦١) جاکاتـێ -بەهـۆی ئەوکـردەوە خراپەیانـەوە وە بەرخۆیانیانـداوە - نەهامەتییەکیـان تـووش دەبـێ پاشـان بـە هـاوار هـاوار دێنـەلات و سـوێند بەخـوا دەخـۆن کـە ئێمـە لەبردنـی کێشـەو ئازاوەکانمـان بـۆ لای غەیـری موحەممـەد(ﷺ) تەنهـا چاکسـازیی و بڕینـەوەی

کێشـەو ئاژاوەکانمـان مەبەسـت بـووە، بەرژەوەنـدی وا داوای کـردووە(٦٢) ئـا ئەوانـە کەسـانێکن خـوا ئەزانـێ چ مەبەسـت و نیازێـک لەدڵیانداییـە جـا تۆیـش پشـتگوێیان بخـەو لێیـان گـەڕێ و پۆزشـیان لـێ وەرمەگـرە و بەجوانیـی ئامۆژگارییـان بکـە، بـا لـەوە زیاتـر درۆو دەلەسـەو فڕوفێـل نەکـەن وە بـە وتەیەکـی جـەرگ بڕانـە لەگەڵیـان بـدوێ، بەشـێوەیەك کـە هیـچ قسـەیان نەمێنـێ و خـۆ بـدەن بەدەسـتەوەو لـەدرۆو دەلەسـە دەسـت هەڵبگـرن(٦٣) وە هەرکەسـێکمان بـە پەیامبەرێتـی ناردبێـت، تەنیـا هـەر بـۆ ئـەوە بـووە کـە دەبـێ بەفەرمانـی خـوا گوێرایەڵیـی بکـرێ، واتـە: گشـت پەیامبـەران لەسـەر بڕیـاری خـوا دەبـێ بـە گوێیـان بکـرێ، دیـارە موحەممەدیـش (ﷺ) یەکـێ لـەو پەیامبەرانەیـەو، دەبـێ گوێڕایەڵـی بـن و ئەگـەر ئـەو دووڕوانـە وەختـێ سـتەمیان لـە خۆیـان کـرد، بـەوە کێشـەکانیان بـردە لای تاغووتـەکان هاتبنایـە لای تـۆ ئـەی موحەممـەد (ﷺ) و داوای لێبوردنیـان لەخـوا کردبـا و پەیامبەریـش (واتـە: تـۆی پێغەمبـەر(ﷺ)) داوای لێبوردنـت بـۆ کردبـان بێگومـان خوایـان بـە تەوبـە وەرگـرو میهرەبـان دەسـت دەکـەوت.(٦٤) نەخێـر وەك ئـەوە نییـە دووڕووەکان دەیزانـن، سـوێندبێ بەپـەروەردگارت ئـەی پێغەمبـەر(ﷺ) نابنـە بـاوەڕدار تـا بـۆ یەکلاکردنـەوەی کێشـەکانی نێوانیـان تـۆ دەکەنـە داوەر و ئەوسـاش بەرامبـەر بـەو بڕیـارەی تـۆ داوتـە، هیـچ تەنگیەکیـان دەسـت نەکـەوێ لەدەروونیانـدا و بەچاکیـش تەسـلیم و ملکـەچ بـن (٦٥) .

جـا هەرکەسـێ بانگەوازی بـۆ داوەری کـردنی یاسـا مرۆییـەکان کـرد، ئـەوا شـەریکی بـۆ خـوای گـەورە دانـاوە لـە گوێڕایەڵـی و تەشریعـدا، وە هەرکەسـێ حوکـم بـکات بەجگـە لـەوەی خـوای گـەورە دایبەزانـدووەو وا ببینـێ ئـەوە چاکـترە یـان یەکسـانە لەگـەڵ ئـەوەی خـوای گـەورە دایبەزانـدووە و لەشـەرعەکەی ، یـان دروسـتە حوکـم بکرێـت بـەوە، ئـەوە کافـرە بـە خـوای گـەورە ، هەرچەنـدە بانگەشـەی ئـەوە بـکات کە ئیمانـدارە، چونکـە خوای گـەورە ئینـکاری کـردووە لـەو کەسـانەی دەچـن داوەری دەکـەن بـۆ جگـە لەشـەرعی خـواو بـە درۆیانـی خسـتووەتەوە بـەوەی کـە بانگەشـەی ئیـمان دەکـەن، چونکـە ئـەو ئایەتـە : (یَزۡعُمُونَ) نـەفی ئیـمان لـە خـۆی دەگرێـت.

چونکـە ئـەم وشـەیە زۆر جـار دەگوترێـت بـۆ کەسـێک بانگەشـەی شـتێک بـکات و تێیدا درۆزن بێـت، هەروەهـا چونکـە داوەری کـردن بـۆ یاسـاکان داوەری کردنـە بـۆ (تاغوتـەکان) ، لـە کاتێکـدا خـوای گـەورە فەرمانی کـردووە بە کوفرکـردن بە تاغوتـەکان، هەروەهـا کوفر کردن بـە تاغـوتی کردووەتـە ڕوکنـی تەوحیـد، هەروەکو خـوای گـەورە دەفەرموێـت:﴿ فَمَن يَكْفُرْ بِٱلطَّٰغُوتِ وَيُؤْمِنۢ بِٱللَّهِ فَقَدِ ٱسْتَمْسَكَ بِٱلْعُرْوَةِ ٱلْوُثْقَىٰ ﴿٢٥٦﴾ ﴾(البقرة) واتـە : ئینجـا هـەر کەسـێك بـاوەڕی بـە ‹تاغـوت› نەبێـت، دیـارە تاغـووت ئـەو کەسـەیە کـە لـە سـنووری خـوا دەرچـێ و بەرنامـە چەوتـەکان قبـووڵ کا، جـا هـەر کـەس خـۆی لـەو جـۆرە شـتانە دوورگـرت و بـاوەڕی بەخـوا هێنـا ئـەوە بێگومانـە دەسـتی بـە هەنـگڵ و بـە هۆکارێکی پتـەوو قایمـەوە گرتـووە) .

جـا هەرکەسـێ داوەری بەیاسـا مرۆییـەکان کـرد، ئـەوا کەسـێکی یەکتاپەرسـت نییـە، چونکـە لـە تەشریـع و گوێڕایەڵیـدا شـەریکی دانـاوەو کوفـری بەتاغـوت نەکـردووە کـە فەرمانـان پێکـراوە کوفـری پـێ بکەیـن و گوێڕایەڵـی شـەیتانی کـردووە ، هەروەکـو خـوای گـەورە دەفەرموێـت: ﴿ وَيُرِيدُ ٱلشَّيْطَٰنُ أَن يُضِلَّهُمْ ضَلَٰلًۢا بَعِيدًا ﴿٦٠﴾ ﴾(النساء) واتـە : شـەیتانیش دەیـەوێ گومڕایـان بـکات بەگومـڕا کردنێکـی یەکجـار دووڕو بـێ سـنوور) .

خـوای گـەورە هەواڵـی پێداویـن کـەوا دووڕووەکان کاتـێ بانـگ دەکرێـن بـۆ داوەری کـردن بـۆ شـەرعی خـوا ئـەوا نـاڕازی دەبـن و پشـتی لـێ دەکـەن ، خـوای گـەورە دەفەرموێـت: ﴿وَإِذَا قِيلَ لَهُمْ تَعَالَوْا۟ إِلَىٰ مَآ أَنزَلَ ٱللَّهُ وَإِلَى ٱلرَّسُولِ رَأَيْتَ ٱلْمُنَٰفِقِينَ يَصُدُّونَ عَنكَ صُدُودًا ﴿٦١﴾ ﴾ (النساء) واتـە : کاتێکیـش بـەو دووڕووانـە بگوتـرێ: وەرنـە لای ئـەم بەرنامـەو شـەریعەتە خـوا دایبەزانـدووەو، وەرنـە لای ئـەم پەیامبـەری خوایـە(ﷺ) تـا کێشـەکەتان بـۆ ببڕێتـەوە کەچـی دووڕووەکان دەبینـی بەتونـدی ڕووت لێوەردەگێـڕن و، قەتیـش بـەو بەرنامـەو بڕیـارەی تـۆ ڕازی نابـن!) .

هەروەهـا هەواڵـی پێدایـن ئـەوان خراپـەکاری و فەسـاد بـە چاکسـازی دادەنێـن ، لەبەر شکسـتی فیتـرەت و بۆگەنـی دڵیـان ، خـوای گـەورە دەفەرموێـت: ﴿ وَإِذَا قِيلَ لَهُمْ لَا تُفْسِدُوا۟ فِى ٱلْأَرْضِ قَالُوٓا۟ إِنَّمَا نَحْنُ مُصْلِحُونَ ﴿١١﴾ أَلَآ إِنَّهُمْ هُمُ ٱلْمُفْسِدُونَ وَلَٰكِن لَّا يَشْعُرُونَ ﴿١٢﴾ ﴾ (البقـرة) واتـە : وەکاتـێ پێیـان بگوتـرێ: گێـرە شـێوێنی و ئاشـووب و خراپـەکاری لـەم وڵات و زەویـەدا مەکـەن دەڵێـن: هەرگیـز ئێمـە گێـرە شـێوێن و ئاژاوەچـی نیـن، بەڵکـو ئێمـە

هەرچاکسـازو ڕێکخـەری کاری چـاك و بـاش بووینـە ! بۆیـە خـوای گـەورە لـەم ئایەتـەی دواییـەدا بەدرۆیـان دەخاتـەوەو دەفەرمـوێ:(١١) وشـیاربن ! کـە بـە ڕاسـتی هـەر ئەوانـن موفسـید و خراپـەکارو گێرەشـێوێن بـەڵام بەهـۆی لـووت بەرزییانـەوە بەخۆیـان نازانـن و هەسـتیش ناکـەن کـە ئەنجامـی ئـەو درۆیانـە هـەر دەرئەکـەوێ !(١٢)

جـا داوەری کـردن بـۆ لای جگـە لـە خـوا لـە کـردەوەی دووڕووەکانـە ، ئەویـش لەگەورەتریـن خراپـەکاری و فەسـادە لەزەویـدا.

پێشەوا (ابن القیم) - ڕەحمەتی خوای لێ بێت - دەربارەی ئەم ئایەتە دەڵێت : زۆربەی ڕاڤەوانان (مفسرین) فەرموویانە:- فەساد و خراپەکاری تێدا ئەنجام مەدەن بەسەرپێچی و بانگەوازکردن بۆ گوێڕایەڵی کردنی جگە لە خوا لەپاش ئەوەی خوای گەورە چاکی کردووە بە ناردنی پێغەمبەران و ڕوونکردنەوەی شەریعەت و بانگەوازکردنی بۆ گوێڕایەڵی خوا ، چونکە پەرستنی جگە لەخوا و داواکردن لە جگە لە ئەو و هاوەڵ بڕیاردان بۆی لە گەورەترین خراپەکارییە لە زەویدا دەکرێت ، بەڵکو خراپەکاری زەوی لە ڕاستیدا بریتییە لە شیرک و جیاوازی کردنی فەرمانەکانی ، جا شیرک و بانگەواز بۆ جگە لە خوا و دانانی پەرستراوێکی جگە لە ئەو و گوێڕایەڵی کردنی کەسێک و شوێنکەوتنی کەسێکی تر جگە لە پێغەمبەری خوا (ﷺ) بریتییە لە گەورەترین فەساد لە زەویدا، وە هەرگیز چاکسازی لەزەویدا نییەو چاکسازی لە ئەهلەکەیدا نییەو نابێ ئیللا بەوە نەبێ خوای گەورە تەنها پەرستراوو گوێڕایەڵکراو (مطاع) بێت ، وە بانگەوازکردن بۆی و نەک بۆ جگە لەو ، وە تەنها گوێڕایەڵی و شوێنکەوتنی پێغەمبەر (ﷺ) دەبێ ، جگە لە ئەو بەشێوەیەک پێویستە گوێڕایەڵی بکرێت ئەگەر فەرمانی کرد بە گوێڕایەڵی پێغەمبەر (ﷺ) ، بەڵام ئەگەر فەرمانی کرد بەسەرپێچی و جیاواز لە گەڵ شەریعەتەکەیدا ئەوا هەرگیز گوێی لێ ناگیرێت و گوێڕایەڵی ناکرێت ، وە هەرکەسێ ئەگەر بەجوانی تەماشای حاڵی ئەم جیهانە بکات ، ئەوا دەبینێ هەر چاکسازییەک لەزەویدا هەیە ، ئەوا هۆکارەکەی تەوحیدی خوای گەورەو پەرستنی ئەوو گوێڕایەڵی کردنی پێغەمبەرەکەیەتی (ﷺ)، وە هەموو خراپەو فیتنەو بەڵا و گرانی و دەسەڵاتداربوونی دوژمنانی خواو جگە لەوانە لەجیهاندا هەیە ، هۆکارەکەی جیاوازی کردنە لەگەڵ پێغەمبەری خواداو (ﷺ) بانگەوازکردنە بۆ جگە لەخواو پێغەمبەرەکەی (ﷺ))[1] .

---

(١) بدائع الفوائد (١٤/٣-١٥) .

هـەر حوکمێـک کەجیـاواز بێـت لەگـەڵ حوکمـی خـوادا ئـەوا خـوای گـەورە بەنەفامـی (جاهـلی) نـاوی بـردووە ، خـوای گـەورە دەفەرمووێـت: ﴿أَفَحُكْمَ ٱلْجَٰهِلِيَّةِ يَبْغُونَ ۚ وَمَنْ أَحْسَنُ مِنَ ٱللَّهِ حُكْمًا لِّقَوْمٍ يُوقِنُونَ ۝٥٠﴾ (المائـدة) واتـە : ئاخـۆ ئەمانـە دەیانـەوێ، داب و یاسـای جاهیلیەتـی بـەر لـە ئیسـلام زیندوبکەنـەوە و بریـارو حوکمـی خـوا، وەلانێـن وەك ئـەوان؟! جـا دەبـێ بڕیـارو حوکمـی کـێ جوانـترو باشـتر بێـت ، لەحوکـم و فەرمانـی خـوا بـۆ ئەوانـە کـە هیـچ شـك و گومانێکیـان نییـەو، ئەهلـی یەقینـن؟) .

ابـن کثـیر – رەحمەتـی خـوای لێ بێت - دەفەرموێـت: خوای گەورە ئینـکاری کردووە لەو کەسـانەی لـە حوکمـی خـوا دەردەچن ، ئـەو حوکمەی کە هەمـوو خەیرێکی لە خـۆ گرتووە، وە نەهـی دەکات لـە هەمـوو خراپەیـەک، وە لایـداوە لـە جگـە لـە خـۆی لە بۆچوونـەکان و ئـارەزووەکان و دەسـتەواژەکان کـە خەڵکـی (پیـاوان) دایـان رێـژاوە بەبـێ پشـت بەسـتن بـە شـەریعەتی خـوا ، هەروەکـو چـۆن سـەردەمی نەفامـی حوکمیـان پـێ دەکـرد لـە نەفامـی و گومڕایـی کـە بە ئارەزووی خۆیـان دایدەنێن ، هەروەکو چۆن تەتـارەکان حوکمیان پێ دەکرد لـەو (سیاسـە)تانەی کـە لـە جەنگیز خانـەوە وەریان گرتبوو ، کە (یاسـق)ی بـۆ دانابوون ، کە ئەویـش بریتـی بوو لـە کیتابێک کۆمەڵێک حوکمـی تێدابوو کە لە شـەریعەتە جیاوازەکانەوە وەری گرتبـوو ، لـە یەهودییـەت و نەصڕانییـەت و میللـەتی ئیسـلامی ، وەچەندیـن حوکمـی تێدایـە کـە تەنهـا لـە بۆچـوون و ئـارەزووی خۆیـەوە هێناویـەتی ، بۆیـە لـە نەوەکانیـدا بـوو بـە شـەرعێک ، دەیانخسـتە پێـش حوکـم بـە قوڕئان و سـوننەت ، جا هەرکەسـێ ئـەو کارەی کـرد ئـەوا کافـرە ، پێویسـتە کوشـتاری لەگەڵـدا بکرێـت تاکـو دەگەڕێتـەوە بۆ حوکمـی خواو پێغەمبەرەکـەی (ﷺ) و بـە جگـە لـەوە حوکـم نەکات نـە لە کەمداو نـە لـە زۆردا.....)[1] اە .

هـەر لـە نمونـەی ئـەو یاسـایەی دەربـارەی تەتـارەکان باسـی کـرد و حوکمیـدا بـە کوفری کەسـێک ئەگـەر بیکاتـە جێگـرەوەی شـەریعەتی ئیسـلامی ، ئـەو یاسـا دەسـتکردانە ئەمـڕۆ کـە کراونەتـە سـەرچاوەی ئەحکامـەکان و لەپێنـاوی ئـەودا شـەریعەتی ئیسـلامی پووچـەڵ کراوەتـەوە ، ئیللا لـەو بوارانـە نەبـێ کەپێـی دەڵێـن : (الاحـوال الشـخصیة) .

---

(١) تفسير القرآن العظيم لابن كثير في تفسيره لسورة (المائدة) آية (٥٠) .

وە بەڵگەش لەسـەر کوفـری ئـەو کەسـەی ئـەو کارانـە دەکات چەندیـن ئایەتـە لەوانـە: خـوای گـەورە دەفەرموێـت: ﴿ وَمَن لَّمْ يَحْكُم بِمَآ أَنزَلَ ٱللَّهُ فَأُو۟لَٰٓئِكَ هُمُ ٱلْكَٰفِرُونَ ﴿٤٤﴾ ﴾ (المائدة) واتـە : هەرکەسێك بـەو کتێب وبەرنامە خـوا ناردوویەتی حوکم و بڕیـار نەدات، ئیتر لەبەرئـەوە بـێ کـە بەکـەم و کورتیـی بزانـێ، یـان هەر بـڕوای پێ نەبـێ، دیارە هەرکەسـێکی وا لەوکافـرو بـێ باوەڕانـە لەچوارچێـوەی دینـی خـوا دەچێتـە دەرێ).

هەروەهـا خـوای گـەورە دەفەرموێـت: ﴿ فَلَا وَرَبِّكَ لَا يُؤْمِنُونَ حَتَّىٰ يُحَكِّمُوكَ فِيمَا شَجَرَ بَيْنَهُمْ ﴿٦٥﴾ ﴾ (النسـاء) واتـە : نەخێـر وەك ئـەوە نییـە دووڕووەکان دەیزانـن، سـوێندبێ بەپـەروەردگارت ئـەی پێغەمبـەر(ﷺ) نابنـە بـاوەڕدار تـا بـۆ یەکلاکردنـەوەی کێشـەکانی نێوانیـان تـۆ دەکەنـە داوەر).

خـوای گـەورە دەفەرموێـت: ﴿ أَفَتُؤْمِنُونَ بِبَعْضِ ٱلْكِتَٰبِ وَتَكْفُرُونَ بِبَعْضٍ ۚ فَمَا جَزَآءُ مَن يَفْعَلُ ذَٰلِكَ مِنكُمْ إِلَّا خِزْىٌ فِى ٱلْحَيَوٰةِ ٱلدُّنْيَا ۖ وَيَوْمَ ٱلْقِيَٰمَةِ يُرَدُّونَ إِلَىٰٓ أَشَدِّ ٱلْعَذَابِ ۗ وَمَا ٱللَّهُ بِغَٰفِلٍ عَمَّا تَعْمَلُونَ ﴿٨٥﴾ ﴾ (البقـرة) واتـە : باشـە! چـۆن ڕەوای هەقـە باوەڕتـان بـە بەشـێکی بەرنامەکـەی تـەورات هەبـێ و بـە بەشـێکی تـری کافربـن و حاشـای لێبکـەن؟! هەرگیـز شـتی وا ناگونجێـت دیـارە هەرکەسـێکتان کارو ڕەفتـاری ئـاوا بـکاو، پەیمانـی خـۆی هەڵوەشـێنێتەوە، هـەر لـەم ژیانـی دنیایـەدا ریسـواو زەلیـل دەبـێ و لـە ڕۆژی قیامەتیشـدا بەتونـدی جەزرەبـە و سـزا دەدرێـن هەرگیـز خـواش لـە هیـچ کارو کردوەیەکـی ئێـوە بـێ ئـاگاو خافـڵ نیـە. کەوابـوو چـۆن ئێـوە بـێ شـەرمانە ڕەفتـاری ئـاوا دەکـەن..؟!).

هەروەکو لە پێشدا وتمان : پێویستە حوکم بە شەریعەت بکرێت وەکو عەقیدەو دینێک کە بۆ خوا دینداری پێ بکرێت ، نەک تەنها لەبەر داواکردن و بەرقەراربوونی عەدالەت .

بەڵکـو پێویسـتە لەسـەر عەبـدەکان حوکمـی خـوا قبـوڵ بکـەن، جـا ئەگـەر لەسـەر خـۆی بێـت یـان بـۆ خـۆی بێـت، یـان لەگـەڵ ئارەزووەکەیـدا گونجـا یـان نەگونجـا ،خـوای گـەورە دەفەرموێـت: ﴿ فَلَا وَرَبِّكَ لَا يُؤْمِنُونَ حَتَّىٰ يُحَكِّمُوكَ فِيمَا شَجَرَ بَيْنَهُمْ ثُمَّ لَا يَجِدُوا۟ فِىٓ أَنفُسِهِمْ حَرَجًا مِّمَّا قَضَيْتَ وَيُسَلِّمُوا۟ تَسْلِيمًا ﴿٦٥﴾ ﴾ (النسـاء) واتـە : نەخێـر

وەك ئـەوە نییـە دووڕووەکان دەیزانـن، سـوێندبێ بەپـەروەردگارت ئـەی پێغەمبـەر (ﷺ) نابنـە بـاوەڕدار تـا بـۆ یەکلاکردنـەوەی کێشـەکانی نێوانیـان تـۆ دەکەنـە داوەر و ئەوسـاش بەرامبـەر بەوبڕیـارەی تـۆ داوتـە، هیـچ تەنگیەکیـان دەسـت نەکـەوێ لەدەروونیانـدا و بەچاکیـش تەسـلیم و ملکـەچ بـبن).

هەروەهـا خـوای گـەورە دەفەرموێـت: ﴿ وَمَا كَانَ لِمُؤْمِنٍ وَلَا مُؤْمِنَةٍ إِذَا قَضَى ٱللَّهُ وَرَسُولُهُۥٓ أَمْرًا أَن يَكُونَ لَهُمُ ٱلْخِيَرَةُ مِنْ أَمْرِهِمْ ﴾ (الاحزاب) واتـە : بـۆ هیـچ پیـاوو ژنێکـی بـڕوادار نیـە کاتـێ خواو پەیامبەرەکـەی (ﷺ) بڕیـاری کارێکیـان دا سەرپشـککرانیان بۆهەبـێ لـە کارەکەیانـدا، واتـە: بۆیـان نیـە خۆیـان بارێـك هەڵبژێـرن، بەڵکـو دەبێـت بـێ سـەرلێکردنەوە فەرمانبـەردارو ملکـەچ بـن) .

خـوای گـەورە دەفەرموێـت:﴿ فَإِن لَّمْ يَسْتَجِيبُوا۟ لَكَ فَٱعْلَمْ أَنَّمَا يَتَّبِعُونَ أَهْوَآءَهُمْ ۚ وَمَنْ أَضَلُّ مِمَّنِ ٱتَّبَعَ هَوَىٰهُ بِغَيْرِ هُدًى مِّنَ ٱللَّهِ ﴾ (القصص) واتـە : خـۆ ئەگـەر وەڵامیـان نەدایتـەوە نەیانتوانـی نامەیەکیـتر بێنـن ئـەوە بزانـە کـە ئەوانـە هـەر پەیـڕەوی لـە ئـارەزووی خۆیـان ئەکـەن چ کەسـێ گومڕاتـرە لـەو کەسـەی پەیـرەوی هـەواو ئـارەزووی خـۆی کـردووە، بـێ ئـەوەی هیـچ ڕێنوێنێکـی لەخـواوە هەبـێ..؟ بەراسـتی خـواش ڕێنوێنـی گەلـی سـتەمکاران نـاکات).

لـە (عبداللـە ی کـوڕی عمـر) ەوە -ڕەزای خـوای لـێ بێـت- هاتـووە کـەوا پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) فەرموویەتـی : **(لا يؤمن أحدكم حتى يكون هواه تبعا لما جئت به)**[1] .

ابـن رجـب دەفەرموێـت: (مانـای فەرموودەکـە: هیـچ کەسـێک نابێتە کەسـێکی ئیماندار ، خاوەنـی ئیمانێکـی کامـل ی واجیـب لەسـەری ، تاکـو خۆشویسـتنی نەبێتـە شـوێنکەوتەی ئـەوەی پێغەمبـەری خـوا(ﷺ) هێناویـەتی لـە فەرمانـەکان و نەهییـەکان و جگـە لەوانـە، ئـەوەی ئـەو فەرمـانی پێکـردووە ئـەم خـۆشی دەوێ ، ئـەوەی ئـەو نەهـی لێکـردووە ئـەم ڕقـی لێـی بـێ، بـەم مانایـە چەندیـن ئایـەت لەچەندیـن جێگا هاتـووە لـە قورئانـدا، خـوای گـەورە زەمـی ئـەو کەسـانە دەکات کـە ڕقیـان لەوەیـە خـوا خـۆشی دەوێ و ئەوەیـان

---

(١) أخرجه ابن ابي عاصم في السنة برقم (١٥) (ص١٢) ، قال الشيخ الالباني : (سنده ضعيف) مشكاة المصابيح ([٢٨] - ١٦٧)

پـێ خۆشـە کـە خـوا ڕقـی لێیـەتی ، هەروەکـو چـۆن خـوای گـەورە دەفەرموێـت:﴿ ذَٰلِكَ بِأَنَّهُمُ ٱتَّبَعُواْ مَآ أَسۡخَطَ ٱللَّهَ وَكَرِهُواْ رِضۡوَٰنَهُۥ فَأَحۡبَطَ أَعۡمَٰلَهُمۡ ﴿٢٨﴾ ﴾(محمـد) واتـە : ئـەو تۆڵەیەشـیان بـەو جـۆرە، بەهـۆی ئەوەوەیـە کـە بەڕاسـتی شـوێنی شـتێ کەوتـن خـوا تـووڕە دەکات، وە لـەوەش ڕقیـان دەبـووەوە کـە دەبووێـە هـۆی ڕەزامەنـدی و خۆشـنوودی خـوای گـەورە ئینجـا خوایـش کارو کردەوەکانیانـی پووچـەڵ کـردەوە) .

تـا ئـەو جێگەیـەی دەڵێـت : (خـوای گـەورە وەصفـی موشریکـەکانی کـردووە بـە شـوێنکەوتنی ئـارەزوو لەچەندیـن جێـگادا لـە کتێبەکەیـدا ، خـوای گـەورە دەفەرموێـت:﴿ فَإِن لَّمۡ يَسۡتَجِيبُواْ لَكَ فَٱعۡلَمۡ أَنَّمَا يَتَّبِعُونَ أَهۡوَآءَهُمۡۚ وَمَنۡ أَضَلُّ مِمَّنِ ٱتَّبَعَ هَوَىٰهُ بِغَيۡرِ هُدٗى مِّنَ ٱللَّهِۚ إِنَّ ٱللَّهَ لَا يَهۡدِي ٱلۡقَوۡمَ ٱلظَّٰلِمِينَ ﴿٥٠﴾ ﴾(القصص).

هەروەهـا بیدعـەکان لەپێشخسـتنی ئـارەزوو بەسـەر شـەرعدا پەیـدا دەبـێ، بۆیـە بـە خاوەنەکانیـان دەگوترێـت: (اهـل الأهـواء) ئـارەزوو پەرسـتان ، هەروەهـا سـەرپێچییەکان لەبـەر پێشخسـتنی ئـارەزوو بەسـەر خۆشویسـتنی خـوادا دروسـت دەبـێ و خۆشویسـتنی ئـەوەی خـۆشی دەوێ ، هەروەهـا خۆشویسـتنی کەسـەکان وا پێویسـتە بـە پێـی ئـەوە بێـت پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) هێنابێتـی ، بۆیـە پێویسـتە لەسـەر ئیمانـدار ئـەو کەسـانەی خۆشـبوێت کـە خـوای گـەورە خـۆشی دەوێ لـە فریشـتەکان و پێغەمبـەران و صدیقـەکان و شـەهیدەکان و پیاوچـاکان بەگشـتی...)[1]

---

(١) انظر (جامع العلوم والحكم) للحافظ ابن رجب حديث رقم (٤١) (ص ٥٠٩ - ٥١١) .

چەند کاروبارێک کە لەگەڵ تەوحیددا جیاوازە :

ئەمـەو چەندیـن شـتی تـر هەیـە لـە گـەڵ تەوحیـددا ناکۆکـەو خاوەنەکـەی بـەرەو هەڵگەڕانـەوە لـە ئیسـلام دەبـات ، لەوانـە گومـان خـراپ بـردن بـە خـوای گـەورە و گاڵتەکـردن بـە شـتێک نـاوی خـوای گـەورەی تێـدا بێـت :

یەکەم: گومان خراپ بردن بە خوای گەورە:

جـا گومـان خـراپ بـردن بـە خـوای گـەورە زۆر ترسـناکە، چونکـە گومـانی بـاش بـردن بـە خـوا لـە پێویسـتییەکانی تەوحیـدە، وە گومـان خراپ بردن بەخـوا لەگەڵ تەوحیـددا جیاوازە .

خـوای گـەورە وەصفـی دووڕووەکانی کـردووە کـەوا ئـەوان گومـانی ناهـەق بەخـوا دەبـەن ، خـوای گـەورە دەفەرمووێـت: ﴿يَظُنُّونَ بِٱللَّهِ غَيْرَ ٱلْحَقِّ ظَنَّ ٱلْجَٰهِلِيَّةِ ۖ يَقُولُونَ هَل لَّنَا مِنَ ٱلْأَمْرِ مِن شَىْءٍ ۗ قُلْ إِنَّ ٱلْأَمْرَ كُلَّهُۥ لِلَّهِ ﴿١٥٤﴾﴾ (آل عمـران) واتـە : گومانـی ناهەقیـان بەخـودا دەبـرد وەکـو گومانـی سـەردەمی جاهیلیـەت و ئەیانـوت: ئایـا ئێمـە لـەم کارە هیچـمان هەیـە؟ واتـە: ئێمـە بـەزۆر هێنراویـن، چونکـە ئەگـەر بـەرای ئێمـە بوایـە ئـەوا ئێمـە لەمەدینـە دەماینـەوەو، دەرنەدەچوویـن و ئـەم حاڵەشـمان تـووش نەدەبـوو ڵێـان بڵـێ ئـەی پێغەمبـەر!(ﷺ) کەبـێ شـك گشـت کارێ هـەر بەدەسـتی خوایـە، سـەرکەوتن و سـەرنەکەوتن، هیـچ کەسـێك بـۆی نییـە لەخۆیـەوە فەرمـان بـدات، دەسـا تـۆش تەنهـا فەرمانـی سەرشـانی خـۆت جێبەجـێ بکـەو گوێیـان بـۆ مەگـرە).

وە لە ئایەتێکی تردا هەواڵی پێداوین کەوا ئەوان گومانی خراپ بە خوا دەبەن، خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَيُعَذِّبَ ٱلْمُنَٰفِقِينَ وَٱلْمُنَٰفِقَٰتِ وَٱلْمُشْرِكِينَ وَٱلْمُشْرِكَٰتِ ٱلظَّآنِّينَ بِٱللَّهِ ظَنَّ ٱلسَّوْءِ ۚ عَلَيْهِمْ دَآئِرَةُ ٱلسَّوْءِ ۖ وَغَضِبَ ٱللَّهُ عَلَيْهِمْ وَلَعَنَهُمْ وَأَعَدَّ لَهُمْ جَهَنَّمَ ۖ وَسَآءَتْ مَصِيرًا ﴿٦﴾﴾(الفتح) واتە : وە بۆ ئەوەش سزای پیاوان و ژنانی دووڕوو و موشریك بدات لەدونیاو لەقیامەتدا، ئێشیان پێ بگەیەنێت ئەوانەی کە گومانی خراپیان دەربارەی خوا دەبردو پێیان وابوو کە: خوا پەیامبەرەکەی خۆی سەر ناخات و موشریکان لە بنیان دێنن ئەوانە خراپیان بەسەردێت (دیارە ئەمە دوعای شەڕە لێیان) و تووڕەیە لێیان و، نەفرینی لێکردوون و لەسۆزی خۆی دووری خستوونەتەوە و دۆزەخیشی بۆ ئامادە کردوون وە دۆزەخیش چ جێگایەکی بەدە) .

پێشـەوا (ابـن القیـم) - ڕەحمەتـی خـوای لـێ بێـت - لـە تەفسـیری ئایـەتی یەکەمـدا فەرموویـەتی: (ئـەم گومانـە تەفسـیر کـراوە بـەوەی خـوای گـەورە پێغەمبەرەکـەی (ﷺ) سـەر ناخـات و کارەکـە نامێنـێ و لەنـاو دەچـێ ، هەروەهـا تەفسـیر کـراوە کـەوا ئـەوەی تـووشی ئـەوان هـات بـە قـەدەری خـواو حیکمەتـی ئـەو نەبـووە ، جـا تەفسـیر کـراوە بەئینـکار کردنـی حیکمـەت و ئینـکار کردنـی قـەدەرو ئینـکاری ئـەوەی خـوای گـەورە کاری پێغەمبەرەکـەی(ﷺ) تـەواو بـکات و دینەکـەی سـەربخات بەسـەر هەمـوو دینەکانـدا، ئەمـەش گومـانی خراپـە کـە دووڕووەکان و موشریکـەکان گومانیـان بەخـوا دەبـرد لەسـورەتی (الفتـح)دا، ئەمـەش گومـانی خراپـە، چونکـە ئـەوە گومانێکـە و لایەقـی خـوای گـەورە نییـەو لایەقـی حیکمـەت و سـتایش و بەڵێنـی ڕاسـتی ئـەو نییـە ، هەرکەسـێ وابزانـێ کەخـوای گـەورە ناهـەق زاڵ دەکات بەسـەر حەقـدا بـەزاڵ بوونێکـی بـەردەوام تـاوای لـێ بێـت حەقەکـە لەگەڵیـدا لەنـاو بچێـت و نەمێنـێ، یـان ئینـکاری بـکات لـەوەی ئـەوەی ڕووێـداوە بـە قـەزاو قـەدەری خـوای گـەورە نییـە ، یـان ئینـکاری ئـەوەی کـرد کـە قەدەرەکـەی بـۆ حیکمەتێکـی تۆکمـە نەبـێ کـە لایـەق و شایسـتەی سـتایش و حەمـدی ئـەو بێـت، بەڵکـو ئـەوە تەنهـا لەبـەر ویسـتێک بـووە ، جـا ئـەوە گومانـی ئەوانەیـە کـە کوفریـان کـرد ، بۆیـە وەیـل بـۆ ئـەو کەسـانە کـە کوفریـان کـرد بـە ئاگرێـک ، زۆربـەی خەڵکـی گومـانی ناهـەق بەخـوا دەبـەن بەگومانێکـی خـراپ بـەوەی تایبەتـە بـە خۆیـان و بـەوەی لەگـەڵ جگـە لەخۆیـان دەکـرێ، وەهیـچ کەسـێک لـەوە سـەلامەت نابـێ ئیللا کەسـێک خـوای ناسـی بێـت و نـاوو صیفاتـەکانی خـوای ناسـی بێـت کـە واجبـی حیکمـەت و سـتایشی ئـەو دەکات ، بۆیـە بـا کەسـی ژیـر و ئامۆژگاریـکار وریـای خـۆی بێـت لەمـەدا ، بـا تەوبـە بـکات و بگەڕێتـەوە بـۆ لای خـوا ، بـا داوای لێخۆشـبوون بـکات لـە خـوای گـەورە لـەو گومـان خـراپ بردنـە بـە خـوای گـەورە .

ئەگـەر بپشـکنیت ئەوانـەی دەتـەوێ بیپشـکنیت ، دەبینـی ئینـکاری و عینـادی هەیـە بەرامبـەر بەقـەدەر و لۆمـەی دەکات ، وەپێشـنیاری ئـەوە دەکات جیـاواز بێـت لەگـەڵ ئـەوەی ڕووێـداوە ، وەبـاوەڕی وایـە کـە ئەبوایـە وابوایـەو وابوایـە ، جـا هەیـە بـە زۆری و هەیـە بـە کەمـی ، جـا تـۆش خـۆت بپشـکنە بزانـە تـۆ لـەوە سـەلامەتی ؟[1]

---

(١) زاد المعاد للحافظ ابن القيم (٣/٢٢٨-٢٣٥) .

فان تنج منها تنج من ذي عظيمة والا فإني لا أخالك ناجيا[1]

ابـن القیـم -ڕەحمەتـی خـوای لـێ بێـت- دەفەرمووێـت: (جـا هـەر کەسـێ گومـانی ئـەوە ببـات کەخـوای گـەورە پێغەمبەرەکـەی (ﷺ) سـەرناخات کارەکـەی بـۆ تـەواو نـاکات، وەپشـتگیری خـۆی و حزبەکـەی نـاکات و سـەریان ناخـات و زاڵیـان نـاکات بەسـەر دوژمنانیانـداو دەریـان ناخـات ، وەخـوای گـەورە دینەکـەی و کیتابەکـەی سـەر ناخـات ، وەشـیرک زاڵ دەکات بەسـەر تەوحیـددا و ناهـەق بەسـەر هەقـدا زاڵ بوونێکـی بـەردەوام تا لەگەڵیـدا تەوحیـدو حـەق نامێنـن و لەنـاو دەچـن ، لەپـاش ئـەوە هەرگیـز هەڵناسـێتەوە، ئـەوە گومـانی خراپـی بەخـوای گـەورە بـردووە، وەخـوای گـەورەی داوەتـە پـاڵ ئـەوەی کەجیـاواز لەگـەڵ کەمـال و شـکۆمەندی صیفاتیـدا، چونکـە سـتایش و عیـززەت و حیکمەت و خوداوەندێتـی خـوا بـەوە ڕازی نابێـت ، ڕازی نابـێ کـە حزبەکـەی و سـەربازەکانی زەلیـل بـن ، وەسـەرکەوتنی جێگـرو زاڵ بـوونی بـەردەوام بـۆ دوژمنـانی لـە موشریکـەکان و لادەرەکان ، جـا هەرکەسـێ ئـەوە گومـانی بێـت بـە خـوا ، ئـەوا ئـەوی نەناسـیوە و نـاوەکانی نەناسـیوە و صیفەتـەکان و کەمـالی خـوای نەناسـیوە .

هەروەهـا ئـەو کەسـەی ئینـکاری ئـەوە بـکات کـەوا ئـەوە بەقەزای خـوا ڕوویـداوە، ئەوا ئـەوی نەناسـیوەو پەروەردگارێتـی خـوای نەناسـیوە ، مولـک و مـەزنی ئەوی نەناسـیوە .

هەروەهـا هەرکەسـێ ئینـکاری ئـەوەی کـرد کـەوا خوای گـەورە ئـەوەی تەقدیـر کردووە بـە بـێ حیکمەتێـک و مەبەسـتێکی چـاک و تۆکمـە کـە تێیـدا شایسـتەی حەمـد و ستایشـە ، وە گومانـی ئـەوە دەبـات ئـەوەی کـە ڕوویـداوە ئـەوا لـە تەنهـا ویسـتێکەوە ڕوویـداوە کـە دووڕە لـە هـەر حیکمەتێـک و مەبەسـتێکی داواکـراو کـە لای ئـەو خۆشەویسـترە لـە لەدەسـتدانی ، وە ئـەو هۆکارانـەی ئـەو پێـی ناخۆشـە و بـەرەو ئـەوە دەیبـات بـە هیـچ شـێوەیەک تەقدیرەکـەی لـە حیکمـەت دەرناچێـت ، بـەرەو ئـەوە دەیبـات کـە لای ئـەو خۆشـە ، هەرچەنـدە لای ئـەو ناخـۆش بێـت ، بۆیـە لـە خـۆرا تەقدیـری نەکـردووە و بـە بـێ هـوودە ویسـتی لەسـەر نەبـووە و بـە ناهەقـی دروسـتی نەکـردووە، ﴿ وَمَا خَلَقْنَا ٱلسَّمَآءَ وَٱلْأَرْضَ وَمَا بَيْنَهُمَا بَٰطِلًا ۚ ذَٰلِكَ ظَنُّ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ ۚ فَوَيْلٌ لِّلَّذِينَ كَفَرُوا۟ مِنَ ٱلنَّارِ ﴿٢٧﴾ ﴾ (ص) واتـە : ئـەوە

---

(١) البيت للفرزدق .

کـە بـە بێهـوودە دروسـتمان کردبـن ، گومـان و بۆچوونـی بـێ بـڕواو خوانەناسـانە سـزاو تیاچـوون بـۆ بـێ بڕوایـان لەنـاو ئاگـری دۆزەخـدا.)

جـا زۆربـەی خەڵکـی گومانـی ناهـەق بـە خـوای گـەورە دەبـەن ، گومانـی خـراپ ، لـەوەی کـە تایبەتـە بـە خۆیانـەوە و لـەوەی بـە جگـە لـە خۆیـان دەیـکات وە هیـچ کەسـێک لـەوە سـەلامەت نابێـت ئیـللا کەسـێک نەبێـت کـە خـوای گـەورەی ناسـیبێت ، وە نـاو و صیفەتەکانـی ناسـیبێت ، وە پێویسـتییەکانی حیکمـەت و ستایشـی ناسـی بێـت .

هەرکەسـێک بێئومێـد و بـێ هیـوا بـوو لـە ڕەحمەتـی خـوای گـەورە ئـەوا گومانـی خراپـی پێـی بـردووە.

هەرکەسـێک بـە جائیـزی دانـا لەسـەر خـوا کـە سـزای ئەولیاکانـی بـدات هەرچەنـدە ئـەوان چاکـەکار و دڵسـۆز و نیازپاکـن و یەکسـانیان دەکات لـە گـەڵ دوژمنانـی خۆیـدا ئـەوا گومانـی خراپـی بـە خـوا بـردووە .

وە هـەر کەسـێک گومانـی وابێـت کـە خـوای گـەورە واز لـە خەڵکـی دەهێنـێ و بـە جێیـان دەهێڵـێ بـە بـێ هیـچ فەرمـان و نەهییـەک و هیـچ پێغەمبەرێکیـان بـۆ ڕەوانـە نـاکات و کیتابەکانـی بـە سـەردا دانابەزێنێـت ، بەڵکـو بەجێیـان دەهێڵێـت وەکـو ئـاژەڵ ، ئـەوا گومانـی خراپـی بـە خـوای گـەورە بـردووە .

وە هەرکەسـێک گومـان وابێـت کـەوا خـوای گـەورە بەندەکانـی لـە پـاش مردنیـان کۆناکاتـەوە بـۆ پاداشـت و سـزا لـە خانـەو ماڵێکـدا کـە پاداشـتی چاکـەکاران بـە هـۆی چاکەکەیانـەوە دەدرێتـەوەو کەسـی خراپـەکار بـە هـۆی خراپەکەیـەوە و بـۆ دروسـتکراوەکانی هەمـوو ئـەوەی ئـەوان تێیـدا ناکـۆک بـوون ڕوونـی دەکاتـەوە و بـۆ هەمـوو خەڵکـی راسـتی گوفتارەکانـی و راسـتی پێغەمبەرەکـەی (ﷺ) دەردەکەوێـت و هـەر ئـەوەش دەردەکەوێـت کـەوا دوژمنانـی خـوا درۆزن بوونـە ، ئـەوا گومانـی خراپـی بـە خـوای گـەورە بـردووە .

وە هەرکەسـێک گومانـی وابێـت کە خوای گەورە کردەوە چاکەکانـی بزر دەکات ئەوانەی کـە تەنهـا لەبـەر خاتـری خـوای گـەورە ئەنجـام دراون لـە جێبەجـێ کردنـی فەرمانەکانیدا و

خـوای گـەورە پووچەڵـی دەکاتـەوە بە بـێ هۆیەک لە بەندەکـەوە بووبێت و ئەم بەندە سـزا دەدرێـت بـە هـۆی شـتێکەوە ئەم نەیکـردووەو دەسـتی تێـدا نەبـووە و هەڵبـژاردەو توانا و ئیـرادەی ئـەم نەبـووە لـە رووداندا ، بەڵکـو لەسـەر کردەوەکانی خـۆی سـزای دەدات ، یان گومانـی وابێـت خـوای گـەورە پشـتی دوژمنـە درۆزنەکانـی دەگرێـت بـە ئـەو موعجیزانـەی کـە پشـتی پێغەمبەرانـی پـێ دەگرێـت ، وە لەسـەر دەسـتی ئـەوان رووە دەدات بـۆ ئـەوەی بەندەکانـی گومـڕا بـبن ، وە هەمـوو کارێـک لای ئـەو چاکـە ، تەنانەت سـزای ئەو کەسـانەی کـە تەمەنـی خۆیـان لـە گوێڕایەڵیـدا بەسـەر بـردووە ، ئـەوا بـە هەتـا هەتایـی دەیانکاتە ناو دۆزەخـەوە لـە (أسـفل السـافلين)دا ، وە ئـەو کەسـەی هەموو تەمەنـی لـە دوژمنایەتی خوا و دوژمنایەتـی پێغەمبـەران و دینەکەیـدا بەسـەر بـردووە ، ئـەوا بـەرزی دەکاتـەوە بـۆ (أعلى عليين) وە هـەردوو کارەکـە لـە چاکیـدا لای ئـەو وەکـو یەکـن ، وە نازانرێـت لـە رووندانی یەکێکیـان و رووداندا ئـەوی تـر ئیـلا بە هەواڵێکی راسـتەوە نەبێـت ، ئەگەر نـا تەنها عەقڵ ناتوانێـت حوکـم بـدات بـە خراپـی یەکێکیان و باشـی ئـەوی تریان ، ئـەوا گومانـی خراپی بە خـوای گەورە بـردووە .

وە هەرکەسـێ گومانـی وابێـت کـەوا خـوای گـەورە هەواڵـی پێداویـن دەربـارەی خـۆی و صیفاتەکانـی و کارەکانـی بـە شـێوەیەک لـە رواڵەتـدا نـارەواو لێکچوانـدن و هاوشـێوەبوونە و وازی لـە حـەق هێنـاوە و هەواڵـی دەربـارەی پـێ نەداویـن ، بەڵکـو بـە چەنـد هێمایەکـی دوور هێـمای بـۆ داناوە و بـە چەنـد ئاماژەیەکـی نـاروون ئامـاژەی بـۆ کـردووە و رووندانـی نەکردووەتـەوە و هەمـوو کات بـە هاوشـێوەو لێکچوانـدن و نـارەوا باسـی کـردووە و دەیـەوی خەڵکـی هـزر و بیـر و هـۆش و هێزیـان مانـدوو بکـەن لـە لادانـی قسـەکانیدا لـە جێگـەی خۆیـدا ، وە بـە شـێوەیەک تەئویلـی بکـەن کـە خـۆی بـەو شـێوەیە تەئویلـی نەکـردووە ، وە چەنـد رایـەک و ئیحتمالێکـی نەویسـتراویان پێویسـتە و چەنـد تەئویلاتێـک لەخـۆ دەگرێـت کـە لـە لوغـز و مەتەڵـەوە نزیکـترن لـەوەی کـە لـە رووندکردنـەوە و ئاشـکراکردنەوە نزیـک بێـت ، وە بـۆ ناسـینی نـاو و صیفاتەکانـی خـوای گـەورە داوای لێکـردوون پشـت بـە عەقـڵ و بۆچوونـی خۆیـان ببەسـتن نـەک بـە کیتابەکەی ، وە خـوای گـەورە ئـەوەی لێیـان دەوێـت کـە قسـەکانی خـۆی بـە پێـی ئـەو دوانـدن و زمانـە خۆیـان لێـی تێنەگـەن ، هەرچەنـدە خـوای گـەورە دەتوانێـت کـە حەقیـان بـۆ روون

بکاتـەوە کـەوا پَویسـتە بۆیـان ڕوون بکاتـەوە و ڕزگاریـان بـکات لـەو وشـەو دەسـتەواژانەی کـە دەیانخاتـە نێـو باوەڕێکـی نـاڕەواوە، جـا خـوای گـەورە ئـەو کارەی نەکـرد ، بەڵکـو بـە ڕێگایەکـی تـردا ئەوانـی بـرد کـە ڕێـگای هیدایـەت و ڕوونکردنـەوە نییـە ، جـا هەرکەسـێ بـاوەڕی وابێـت ئـەوا گومانـی خراپـی بـە خـوای گـەورە بـردووە .

جـا ئەگـەر ئـەو وتـی : نەیتوانیـوە حـەق دەربڕێـت بـە دەسـتەواژەیەکی ڕوون کـە خـۆی و پێشـینی ئـەو دەریـان بڕیـوە ، ئـەوا گومانـی بـێ توانایـی بـە توانـای خـوا بـردووە ، وە ئەگـەر بڵێـت : ئـەو دەتوانێـت ، کەچـی ڕوونـی نەکردووەتـەوە ، وە لـە ڕوونکردنـەوەو ئاشـکراکردنی حەقـەوە لایـداوە بـۆ ئـەوەی کـە گومـان بێـت بەڵکـو بـۆ ئـەوەی خەڵکـی بخاتـە نـاو نـاڕەوا و باوەڕێکـی پووچەڵـەوە ، ئـەوا گومانـی خراپـی بـە حیکمـەت و ڕەحمەتـی خـوای گـەورە بـردووە .

هەرکەسـێک گومانـی وابـوو کـەوا ئـەو و پێشـینەکانی حەقیـان دەربریـوە بـە ڕوونییەک بـە بـێ خـوا و پێغەمبەرەکـەی (ﷺ) وە هیدایـەت و حـەق لـە قسـەکانیاندایە ، بـەڵام قسـەکانی خـوای گـەورە ئـەوا لـە ڕواڵەتەکەیـدا تەنهـا شـوبهاندن و لێکچـوون و گومڕایـی وەردەگیرێـت ، وە ڕواڵەتـی قسـەی موشریـک و سەرسـامەکان حـەق و هیدایەتـە ، ئـەوە لـە خراپتریـن گومـان بردنەکانـە .

هەمـوو ئەوانـە لەوانـەوە دەردەچێـت کـە گومانـی خـراپ بـە خـوا دەبـەن ، وە لەوانەن کـە گومانـی ناحـەق بـە خـوا دەبـەن ، گومانـی نەفامانـە ....)[1] لێـرەدا قسـەکانی (ابـن القیـم) تـەواو دەبێـت لـە ڕوونکردنـەوەی ئەوانـەی کـە گومانـی ناحـەق بـە خـوا دەبـەن ، گومانـی نەفامـی ، وە هەرکەسـێ دەیەوێـت زیاتـر بـۆی ڕوون ببێتـەوە ئـەوا بـا بگەڕێتـەوە بـۆ کتێبـی (زاد المعـاد) ، خـوای گـەورە پشـت و پەنامانـە .

دووەم : گاڵتەکردن بەشتێک ناوی خوای گەورەی تێدا بێت :

پێویسـتە لەسـەر موسـڵمان ڕێـز لەکیتابەکـەی خـواو سـوننەتی پێغەمبەرەکـەی (ﷺ) و زانایـانی موسـڵمانان بگرێـت، وە حوکمـی گاڵتەکـردن بەشـتێک نـاوی خـوای تێـدا بێـت یـان

---

(١) انظر : زاد المعاد (٣/٢٢٩-٢٣١) .

قورئـان یـان پێغەمبەرەکـەی(ﷺ) بزانێـت ، بـۆ ئـەوەی کـەسی موسـڵمان ئـاگاداری ئـەوە بێـت، چونکـە هـەر کەسـێ گاڵتـە بـکات بـە نـاوی خـوا یان بـە قورئـان یـان بـە پێغەمبەری خـوا (ﷺ) یـان بەشـتێک لـە سـوننەت، ئـەوا کوفـری کـردووە بـە خـوای گـەورە، چونکـە پەروەردگارێتـی و پەیامەکـەی بەکـەم زانیـوە، ئەمـەش جیـاوازە لەگـەڵ تەوحیـددا ، ئـەو کارەش کوفـرە بـە کـۆڕای زانایـان.

خـوای گـەورە دەفەرمووێـت: ﴿ وَلَئِن سَأَلْتَهُمْ لَيَقُولُنَّ إِنَّمَا كُنَّا نَخُوضُ وَنَلْعَبُ ۚ قُلْ أَبِاللَّهِ وَءَايَٰتِهِۦ وَرَسُولِهِۦ كُنتُمْ تَسْتَهْزِءُونَ ﴿٦٥﴾ لَا تَعْتَذِرُوا۟ قَدْ كَفَرْتُم بَعْدَ إِيمَٰنِكُمْ ۚ ﴿٦٦﴾ ﴾ (التوبـة) واتـە : ئەگـەر لێیـان بپرسـیت: سـەبارەت بـە گاڵتـە کـردن بەخـواو ئایەتەکانـی و پێغەمبـەری خـوا(ﷺ) ئەڵێـن: بەڕاسـتمان نەبـووەو، بەڵکـو تەنهـا گاڵتـەو گەپـمان دەکـرد. پێیـان بڵـێ: ئایـا گاڵتەتـان بەخـواو ئایەتەکانـی و بـە پێغەمبەرەکـەی(ﷺ) کردبـوو؟ واتـە: هـەر وتەیەکـی کوفـرو ناشـیرین و ناقـۆڵا لـەدەم دەرچێـت، بێگومانـە مرۆڤـی پـێ کافـر دەبێـت(٦٥) بڵـێ: بڕوبیانـووی بێجـێ مەهێننـەوە، چونکـە پـاش ئـەوە باوەڕتـان هێنـا، کافربوونـەوە ...(٦٦) .

وە هـۆکاری دابەزینـی ئـەم دوو ئایەتـە پیـرۆزە ئەوەیـە ، کـە ئـەو گاڵتەکردنـەی ڕوویـداوە لـە لایـەن دووڕووەکانـەوە لـە هەنـدێ لـە غەزاکانـدا بەرانبـەر بـە پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) و هاوڕێـکانی ، (ابـن جریـر) و جگـە لـەو ریوایەتیـان کـردووە لـە (ابـن عمـر و محمـد بـن کعـب و زیـد بـن أسـلم و قتـادە)وە (فەرموودەکانیـان هەندێکـی تێکەڵـی هەندێکـی دەبێـت) :

کابرایـەک لـە غـەزوەی تەبوکـدا وتـی : (مـا **رأینـا مثـل قرائنـا هـؤلاء أرغـب بطونـاً ولا أكـذب ألسـناً ولا أجـبن عنـد اللقـاء- يعنـي : رسـول اللـه (ﷺ) وأصحابـه القـراء - فقـال لـه عـوف بـن مالـك : كذبـت ، ولكنـك منافـق ، لأخـبرن رسـول اللـه (ﷺ) فذهـب عـوف الى رسـول اللـه (ﷺ) ليخـبره ، فوجـد القـرآن قـد سـبقه**)) واتـە : هیـچ کەسـێکمان نەبینـوە وەکـو ئـەو قورئـان خوێنانـە لـە هەمـوو کەسـێک زیاتـر حەزیـان لـە پڕکردنـی سـکیان بێـت و لـە هەمـوو کەسـێک درۆزنتربـن و لـە هەمـوو کەسـێک ترسـنۆکتربن لـە کاتـی ڕووبەڕووبونـەوەدا -مەبەسـتی پێغەمبـەر(ﷺ) و هاوەڵانـی بـوو- عـوف ی کـوڕی مالـک

وتـی : درۆ دەکەیـت بـەڵام تـۆ کەسـێکی دووڕوویـت ، دەبـێ ئـەم هەواڵـە بگەیەنمـە پێغەمبـەری خـوا (ﷺ)، جـا (عـوف) ڕۆیشـت بـۆ لای پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) بـۆ ئـەوەی هەواڵەکـەی پـێ بگەیەنـێ ، بینـی قورئـان پێشـی کەوتـووە و لـەو بـارەوە دابەزیـوە) .

جـا ئـەو کابرایـە هـات بـۆ لای پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) لـە کاتێکـدا ئـەو سـواری وشـترەکەی بـوو بـوو وە بـە ڕێ کەوتبـوو ، وتـی : ئـەی پێغەمبـەری خـوا (ﷺ)، ئێمـە تەنهـا گاڵتـە و گەپـمان دەکـرد و ئـەو قسـانەمان دەکـرد تەنهـا بـۆ ئـەوەی دووری ڕێـگای پـێ ببرێـن .

قـال ابـن عمـر : كأني أنظـر إليـه متعلقـاً بنسـعة ناقـة رسـول اللـه (ﷺ) وإن الحجـارة تنكـب رجليـه وهـو يقـول : يـا رسـول اللـه (ﷺ)، إنمـا كنـا نخـوض ونلعـب ،فيقـول لـه رسـول اللـه (ﷺ) : ﴿أَبِٱللَّهِ وَءَايَٰتِهِۦ وَرَسُولِهِۦ كُنتُمۡ تَسۡتَهۡزِءُونَ ٦٥ لَا تَعۡتَذِرُواْ قَدۡ كَفَرۡتُم بَعۡدَ إِيمَٰنِكُمۡۚ ٦٦﴾ (التوبـة) .

عبداللـه ی کـوری عومـەر دەڵێـت : هـەر دەڵێـی ئێسـتا لـە پێـش چاومـە ، کابـرا خـۆی پەیوەسـت کردبـوو بـە ڕەشـمەی حوشـترەکەی پێغەمبـەری خـوداوە(ﷺ) ، بـەردەکان پێیـان بریـندار دەکـردو دەیگـوت : ئـەی پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) ئێمـە گاڵتـەو گەپـمان دەکـرد ، کەچـی پێغەمبـەری خـوا(ﷺ) دەیفەرمـوو: ﴿أَبِٱللَّهِ وَءَايَٰتِهِۦ وَرَسُولِهِۦ كُنتُمۡ تَسۡتَهۡزِءُونَ ٦٥ لَا تَعۡتَذِرُواْ قَدۡ كَفَرۡتُم بَعۡدَ إِيمَٰنِكُمۡۚ ٦٦﴾ (التوبـة) .[1]

جـا لـەم دوو ئایەتـە پیـرۆزەدا لەگـەڵ ڕووبەڕووبونەوەی هـۆی دابەزینیـان بەڵگەیەکـی ڕوونـە لەسـەر کوفـری ئـەو کەسـەی گاڵتـە بەخـوا یـان پێغەمبەرەکـەی (ﷺ) یـان بـە ئایەتـەکانی خـوا یـان بـە سـوننەتی پێغەمبەرەکـەی(ﷺ) یـان هـاوەڵانی پێغەمبـەری خـوا(ﷺ) دەکات، چونکـە هەرکەسـێ ئـەو کارە بـکات ئـەوا پەروەردگاریتـی و پەیامـی خـوای بەکـەم زانیـوە ، ئـەوەش جیـاوازە لەگـەڵ تەوحیـدو عەقیـدەدا ، هەرچەنـدە مەبەسـتی حەقیقـەتی گاڵتـە پـێ کـردن نەبـێ .

---

(١) أخرجه ابن جرير الطبري برقم (١٦٩٢٧) وأخرجه ابن أبي حاتم وأبو الشيخ وابن مردويه كما في الدر المنثور للسيوطي (٢٣٠/٤) .

جـا هـەر لـەم باسـەوە ، گاڵتەکـردن بەعیلـم و ئەهـلی عیلـم و پێـز لـێ نەگرتنیـان یـان قسـەکردن پێیـان لەبـەر ئـەو عیلمـەی هەڵیانگرتـووە، ئـەو کارە کوفـرە ، هەرچەنـدە مەبەسـتی حەقیقـەتی گاڵتەپێکـردن نەبـێ ، چونکـە ئەوانـەی کـە ئـەو ئایەتانـەی دەربارەیـان دابـەزی هاتـن و دانیـان بـەوەدا نـا کـە لەوانـەوە ڕوویـداوە داوای لێبوردنیـان کـردو وتیـان : ﴿ إِنَّمَا كُنَّا نَخُوضُ وَنَلْعَبُ ﴿٦٥﴾ ﴾ واتـە : مەبەسـتمان گاڵتەکـردن و بەدرۆخسـتنەوە نەبـوو، بەڵکـو مەبەسـتمان یـاری کـردن بـوو ، یاریکردنیش پێچەوانـەی ڕاسـتییە ، جـا خـوای گـەورە لەسـەر زاری پێغەمبەرەکـەی(ﷺ) هەواڵـی بـەوان دا کـەوا ئـەو بیانووەیـان هیـچ سـوودیان پـێ ناگەیەنـێ لای خـوا، وە ئـەوان کوفریـان کـرد لەپـاش ئیمانەکەیـان بـەم قسـەیان کـە گاڵتەیـان پێـوە کـرد، وە ئـەو بیانووەیـان لـێ وەرنەگـرت کـە بـە ڕاسـتیان نەبـووە لەقسـەکەیاندا ، بەڵکـو مەبەسـتیان گاڵتـە کـردن بـوو، وە لـە وەڵامـی ئەوانـدا هیـچ قسـەیەکی نەگـوت تەنهـا ئـەو ئایەتـەی بەسـەریاندا دەخوێنـدەوە: ﴿ أَبِاللَّهِ وَءَايَٰتِهِۦ وَرَسُولِهِۦ كُنتُمْ تَسْتَهْزِءُونَ ﴿٦٥﴾ لَا تَعْتَذِرُوا۟ قَدْ كَفَرْتُم بَعْدَ إِيمَٰنِكُمْ ﴿٦٦﴾ ﴾ (التوبـة).

چونکـە ئـەم باسـە گاڵتـەو یاریکـردنی تێـدا جـێ نابێتـەوە ، بەڵکـو پێویسـتە لەسـەرت ڕێـز لـەو شـتانە بگریـت و بەمەزنیـان بزانیـت ، وە بـا بەڕانبـەر ئایەتـەکانی خـوا زەلیـل و ملکـەچ بێـت ، لەبـەر ئیـمانی بەخـواو پێغەمبەرەکـەی(ﷺ) و بەمـەزن زانینـی ئایەتـەکانی ، وە ئـەو کەسـەی گاڵتەیـان پـێ دەکات ئـەوا بەکەمیـان دەزانـێ.

شەیخ محمد بن عبدالوهاب -ڕەحمەتی خوای لێ بێت- دەڵێت :

(قسـەی ڕوون و ئاشـکرا لـە باسـی گاڵتەکردنـدا ئەمـە و نمونـەی ئەمانەیـە ، بـەڵام کاری ڕوون و ئاشـکرا وەکـو درێژکردنـەوەی لێـوەکان و دەرکـردنی زمـان یـان چـاو قرپانـدن کەزۆرێـک لەخەڵکـی دەیکـەن لـەکاتی فەرمـان کـردن بـۆ نوێـژو زەکات، جـا چۆنـە ئەگـەر ئـەوە تەوحیـد بێـت؟)[1] .

وە لـە نمونـەی ئەوانـە گاڵتەکـردن بـەو سـوننەتە سـابت و جێگیرانـەی لـە پێغەمبـەری خـواوە (ﷺ) هاتـووە ، هەروەکـو ئـەوەی گاڵتـە دەکات بـە بەردانـەوەی ڕیـش و

(١) انظر (روضة الأفكار والأفهام) لحسين بن غنام ، و انظر (مؤلفات الشيخ الامام المجدد) (٦٥/٣) قسم الفتاوى .

کورتکردنـەوەی سـمێڵ و یـان گاڵتەکـردن بەسـیواک یـان جگـە لەوانـە ، هەروەهـا وەکـو گاڵتەکـردن بەفەرمـان کـردن بەچاکـەو نەهـی کـردن لـە خراپـە.

(ابن اسـحاق) دەفەرموێت: (کۆمەڵێک لە دووڕووەکان هەبوون ، لە ناویاندا (وەدیعەی کـوڕی سـابت) لـە تیـرەی (بنـی امیه بن زید بـن عمرو بن عـوف) وە پیاوێک لە (أشـجع) کە هاوپەیمانـی (بنـی سـلمه) بـوو ، پێیان دەگوت: (مخشي بـن حمیر) ئاماژەیان بـۆ پێغەمبەری خـوا (ﷺ) دەکـرد کاتی ئـەو بـەرەو تەبـوک بـەڕێ کـەوت ، هەندێکیـان بـە هەندێکـی تریان گـوت: وا دەزانـن ڕووبەڕووبوونـەوەی (بنـی الاصفر) واتـە: ڕۆمەکان وەکو کوشـتاری عەرەبە لـە نێـو یەکـتردا؟ سـوێند بـە خـوا دەتانبینیـن تـۆزاوی بوونەو بـە حەبلـەوە بەسـتراونەتەوە! وەکـو ئـەوەی ترسـێک بخەنـە نێـو دڵـی ئیماندارانـەوە، (مخـشي بـن حمیـر) گـوتی: سـوێند بەخـوا پێـم خۆشـە داوەری بکرێـم و هەریەکەمـان سـەد شـەلاقی لـێ بدرێـت ، وە ئێمـە خۆمـان بـۆ ئـەوە ئامادە دەکرد کـە قورئانمان بەسـەردا دابـەزێ لەبەر ئەو قسـەیەی کردتان.

پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) بـە عەمـاری کـوڕی یـاسری گـوت (هەروەکـو پێـم گەیشـتووە) : بگـەرە ئـەو کۆمەڵـە، چونکـە ئـەوان سـوتان، پرسـیاریان لـێ بکـە لـەوەی گوتیـان ، جـا ئەگـەر نکۆڵییـان لـێ کـرد، ئـەوا بڵـێ: بەڵـێ ئـاواو ئاواتـان گـوت).

عەمـار ڕۆیشـت بـۆ لایان ، بەوانی گـوت ، ئەوانیش هاتن بـۆ لای پێغەمبەری خواو (ﷺ) داوای لێبوردنیـان دەکـرد، وەدیعـە کـوڕی سـابت گـوتی : (لەکاتێکـدا پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) سـوار بوو) وئەویش ڕەشـمەی وڵاخەکەی گرتبوو دەیگوت: ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئێمە تەنهـا گاڵتـە و گەپـمان دەکرد، (مخشی بـن حمیر) گوتی: ئەی پێغەمبـەری خوا (ﷺ): (قعد بي اسمي واسم ابي) جا ئەو ئایەتەی خوای گەورە دەفەرموێت:﴿ إِن نَّعۡفُ عَن طَآئِفَةٖ مِّنكُمۡ ﴾ مەبەسـت لێـی (مخـشي بـن حمیر)ـە، نـاوی نـرا عبدالرحمـن ، داوای لەخـوا کـرد کـەوا بـە شـەهیدی بکوژرێـت و شـوێنەکەی نەزانرێـت ، جـا لـە ڕۆژی (الیمامـة) دا کـوژراو هیـچ شـوێنەوارێکی نەدۆزرایەوە)[1].

---

(١) انظر (كتاب السيرة لابن هشام) (٢/ ٥٢٤) .

شیخ الاسلام ابن تیمیة - ڕەحمەتی خوای لێ بێت- دەڵێت :

خـوای گـەورە هەواڵـی پێدایـن کـەوا ئـەوان کوفریـان کـرد لەپـاش ئیمانەکەیـان هەرچەنـدە ئـەوان گوتیـان : ئێمـە ئـەو قسـە کوفرەمـان کـرد بەبـێ ئـەوەی مەبەسـتمان بێـت و باوەڕمـان پێـی هەبـێ، بەڵکـو ئێمـە تەنهـا گاڵتـە و گەپـمان دەکـرد ، ئـەوەشی ڕوونکـردەوە کـەوا گاڵتـە کـردن بـە ئایەتـەکانی خـوا کوفـرە، ئەمـەش لەهیـچ کەسێکەوە ڕوونـادات ئیـلا کەسـێک نەبـێ سـنگی کراوەتـەوە بـۆ ئـەو جـۆرە قسـانە، چونکـە ئەگـەر ئیـمان لەدڵیـدا بوایـە ، ئـەوا ڕێـگای لـێ دەگـرت لـە وتنـی ئـەو قسـەیە، قورئانیـش ئـەوە ڕوونـدەکاتـەوە کـەوا ئیـمان هێنـان بـەدڵ کارکـردنی ئاشـکرای ئەندامـەکان پێویسـت دەکات بـە پێـی خـۆی ، وەکـو ئـەو ئایەتـەی کەدەفەرموێـت:﴿ وَيَقُولُونَ ءَامَنَّا بِٱللَّهِ وَبِٱلرَّسُولِ وَأَطَعْنَا ثُمَّ يَتَوَلَّىٰ فَرِيقٌ مِّنْهُم مِّنۢ بَعْدِ ذَٰلِكَ ۚ وَمَآ أُو۟لَٰٓئِكَ بِٱلْمُؤْمِنِينَ ﴿٤٧﴾ وَإِذَا دُعُوٓا۟ إِلَى ٱللَّهِ وَرَسُولِهِۦ لِيَحْكُمَ بَيْنَهُمْ إِذَا فَرِيقٌ مِّنْهُم مُّعْرِضُونَ ﴿٤٨﴾ وَإِن يَكُن لَّهُمُ ٱلْحَقُّ يَأْتُوٓا۟ إِلَيْهِ مُذْعِنِينَ ﴿٤٩﴾ أَفِى قُلُوبِهِم مَّرَضٌ أَمِ ٱرْتَابُوٓا۟ أَمْ يَخَافُونَ أَن يَحِيفَ ٱللَّهُ عَلَيْهِمْ وَرَسُولُهُۥ ۚ بَلْ أُو۟لَٰٓئِكَ هُمُ ٱلظَّٰلِمُونَ ﴿٥٠﴾ إِنَّمَا كَانَ قَوْلَ ٱلْمُؤْمِنِينَ إِذَا دُعُوٓا۟ إِلَى ٱللَّهِ وَرَسُولِهِۦ لِيَحْكُمَ بَيْنَهُمْ أَن يَقُولُوا۟ سَمِعْنَا وَأَطَعْنَا ۚ وَأُو۟لَٰٓئِكَ هُمُ ٱلْمُفْلِحُونَ ﴿٥١﴾ ﴾(النـور) واتـە : مونافقەکانیـش بەسـەر زاری ئەڵێـن: ئێمـەش بڕوامـان بـە خـواو بەپەیامبـەر(ﷺ) هێنـاوە و گوێرایەڵیشـیمان کـردووە کەچـی هـەر دوای ئـەوە دەسـتەیەکیان، لەبڕیارەکانـی خـوا ڕوو وەر ئەچەرخێنـن و ڕازی نابـن ! ئەوانـە لـە بنەڕەتـدا بـڕوادار نیـن، بەڵکـو تەنهـا بـەدەم بڕوایـان هێنـاوەو ئەڵێـن گوێرایەڵیـن(٤٧) کاتێکیـش بانـگ بکرێـن بـۆلای بڕیارەکانـی خـواو پەیامبەرەکـەی ئـەو(ﷺ) تـا لەنێوانیانـدا داوەری بکـەن کەچـی دەسـتەیەکیان ، کـت وپـڕ ڕوو وەر ئەگێـڕن و ئامـادە نابـن(٤٨) وە ئەگـەر سـوور بزانـن ،ئـەو سـوود و قازانجـە بـۆ ئـەوان دەبـێ و، بـەوان دەدرێ، بەپەلـە دێنـە لای و ملکەچـی ئەبـن و، ڕازی دەبـن بەبڕیـاری پەیامبـەر (ﷺ)(٤٩) مەگـەر نەخۆشـی نیفـاق و دووڕوویـی لـە دڵیانـدا هەیـە، یاخـود دوو دڵ و بەگومانـن ، سـەبارەت بەپەیامبەرێتـی موحەممـەد (ﷺ) یاخـود ئەترسـن - لەکاتـی بڕیارەکانـدا - خـواو پەیامبەرەکـەی (ﷺ) سـتەم و ناهەقییەکیـان لـێ بکـەن؟ بۆیـە ئـاوا گوێرایـەڵ نابـن ؟!! نـا.. بەڵکـو ئـەوان لەبنەڕەتـا خۆیـان سـتەمکارن ، دڵیـان نەخۆشـە، ئەگینـا چـاك ئەزانـن کـە پەیامبـەر (ﷺ) زۆر دادپـەروەرووو دادگـەرە(٥٠) ئـەوە حاڵـی

دوو رووەکان بـوو، بـەڵام وتـەو گوفتـاری بڕوادارەکانیـش کاتـێ بانـگ دەکرێـن بـۆ لای خـواو پێغەمبەرەکـەی (ﷺ) بـۆ ئـەوەی لەنێوانیانـدا داوەری بـکا هـەر ئەمەیـە کـە ئەڵێـن: ئـەوا بیسـتمان و گوێرایەڵیشـین. واتـە: ئەگـەر ئەوانیـش بـڕوادار بوونایـە، دەبـوو هـەر ئاوایـان بووتایـە ئائەوانـە - کـە بـۆ ڕەزامەنـدی خـوا پەلـە ئەکـەن- سـەرفرازی راسـتەقینەی دونیـاو قیامەتـن(٥١)

نـەفی ئیـمانی کـرد لـەو کەسـانەی پشـت لـە گوێڕایەڵـی پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) دەکـەن، هەواڵـی پێدایـن کـەوا ئیمانـداران ئەگـەر بانـگ بکرێـن بـۆ لای خـواو پێغەمبەرەکـەی (ﷺ) بـۆ ئـەوەی داوەری بکـەن لەنێوانیانـدا ، ئـەوا دەبیسـن و گوێڕایـەڵ دەبـن، جـا ڕوونی کـردەوە کـەوا ئەمانـە لـە پێویسـتییەکانی ئیمانـە....))[1] اە

لـە ئەمـەوە کوفـری ئـەو کەسـە دەزانرێـت کـە شـەریعەتی ئیسـلامی بەکـەم دەزانـن و وەصفـی دەکـەن کـەوا ئـەم شـەریعەتە بۆ ئەم سـەردەمە ناشـێت، وە سـنووڕە شـەرعییەکان تونـدی و وەحشـیەتی تێدایـەو ئیسـلامی سـتەمی لەئافـرەت کـردووە، جگـە لـەو قسـانە کەقسـەی کوفـرو ئیلحـادن، داوا لەخـوا دەکەیـن بمانپارێـزێ و سـەلامەتمان بـکات.

چەنـد کاروبارێـک هـەن هەنـدێ کـەس دەیکـەن کـە جۆرێکـن لەشـیرک یـان لەڕێـگاو هـۆکاری شـیرکن:

چەنـد شـتێک هـەن لـە نێـوان شـیرکی گـەورەو شـیرکی بچوکـدان، بەپێـی دڵـی ئـەو کەسـەی پێـی هەڵدەسـتێ و ئـەو کارو قسـانەی کـە ئەنجامـی دەدات ، وە هەنـدێ لـە خەڵکـی تێـی کەوتـوون ، جـاری وا هەیـە لەگـەڵ عەقیـدەدا جیـاوازن ، یـان ڕوونیەکـەی لێـڵ دەکات ، کـە بـە ڕۆژی ڕۆشـن ئەنجـام دەدرێـت و لـە ئاسـتی گشـتی ئەکرێـت و ڕووەدات ، وە هەنـدێ لەخەڵکـی عـەوام تێـی کەوتـوون ، لەبـەر کاریگـەر بوونیـان بـە دەججـاڵ و فێڵبـازو جادووبـازەکان ، جـا پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) ئـاگاداری کردینـەوە لێـی ، لـەو کارانە:_

---

(١) كتاب الإيمان الكبير : لشيخ الإسلام أحمد بن عبدالحليم ابن تيمية ، والذي يقع في مجموع الفتاوى (٥/٧-٤٦٠)

یەکەم : لەبەرکردنی ئەڵقەو دەزوو و لەو جۆرە شتانە بە مەبەستی لادانی بەڵا یان خۆپاراستن لێی :

ئـەوەش لـە کارو کـردەوەی نەفامییـە ، ئەویـش لـە جـۆری شـیرکی بچووکـە ، ڕەنگـە بـەرز ببێتـەوە بـۆ شـیرکی گـەورە ، بـە پێـی دڵـی ئـەو کەسـەی لەبـەری کـردووە تاکـو چەنـد بـاوەڕی پێـی هەیـە :

لـە (عمـران ی کـوڕی حصیـن)ەوە ریوایەت کـراوە کەوا پێغەمـەری خـوا (ﷺ) کابرایەکی بینـی ئەڵقەیەکـی لـە دەسـتدا بـوو کـە لـە زەرتـک (یـان لـە مسـی زەرد) دروسـتکرابوو فەرمـووی : ئەمـە چییـە؟ وتی : بـە هـۆی ژان و بـاوە (الواهنـة: ئازارێکـە تووشـی بـاڵ و شـان و دەسـتەکان دەبێـت) فەرمـووی :(**انْزِعْهَـا فَإِنَّهَـا لاَ تَزِيـدُكَ إِلاَ وَهْنًـا ، فَإِنَّـكَ لَـوْ مِـتَّ وَهِـيَ عَلَيْـكَ مَـا أَفْلَحْـتَ أَبَـداً**)[1] واتـە : فرێیـدە، چونکـە ئـەوە تەنهـا سسـت و لاوازیـت (ژان و بـا)ت لـە سـەر زیـاد دەکات چونکـە ئەگـەر تـۆ بمریـت ئـەوەت لـە دەسـتدابێت ئـەوا هەرگیـز رزگارت نابێـت).

دووەم : هەڵواسینی (تەمیمە) :

بریتییـە لـە چەنـد موورووێـەک کـەوا عـەرەب هەڵیاندەواسـییە منداڵەکانیانـەوە ، بـە مەبەسـتی پاراسـتنیان لـە چـاو، وە مەبەسـتیان لەناوەکـەی ئەوەیـە کـەوا خـوای گـەورە مەبەسـتەکەیان بـۆ تـەواو بـکات (واتـە ئیتمامـی بـکات) .

جـا جـاری وا هەیـە ئـەو تەمیمانـە لـە ئێسـک دروسـت کـراون یـان مـووروو یـان نوسـین و لـەو جۆرانـە ئەمـەش دروسـت نییـە .

جـاری وا هەیـە ئـەو هەڵواسراوانـە لـە قورئانـە ، جـا ئەگـەر هەڵواسراوەکـە قورئـان بـوو ئـەوا زانایـان جیـاوازن کـە ئایـە دروسـتە یـان دروسـت نییـە؟

ڕای پەسـەند ئەوەیـە کـە دروسـت نییـە ، لەبـەر داخسـتنی دەرگای بەهانـە و بیانـوو (سـد الذریعـة) چونکـە سەردەکێشـێ بـۆ هەڵواسـین جگـە لـە قورئـان ، هەروەهـا چونکـە هیـچ (مخصص)یـک بـۆ ئـەو دەقانـەی نەهاتـووە کـە ڕێگـرن لەهەڵواسـینی تەمیمـە، هەروەکـو فەرموودەکـەی ابـن مسـعود کـە دەڵێـت: گوێـم لێبـوو پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) فەرموویەتـی

---

(١) أخرجه أحمد (٤٤٥/٤) وابن ماجه (٣٥٣١) بإسناد ضعيف وأنظر السلسلة الضعيفة (١٠٢٩)

: **(إن الرقـى والتمائـم والتولـة شرك)**[1] وە لـە (عقبـە بـن عامـر)ەوە هاتـووە لـە پێغەمبـەری خـواوە(ﷺ) کـەوا فەرموویەتـی **(مـن علـق تميمـة فقـد اشرك)**[2] .

جا ئەم دەقانە گشتین (عام)ن هیچ (مخصص)یان نییە .

سێیەم : تەبەڕوک کردن بەدارو بەردو شوێنەوار و بیناکانەوە :

(التبرک) واتە: داواکردنی بەرەکەت و تکاکردن و باوەڕبوون پێی لەو شتانەدا.

وە حوکمـی تەبـەڕوک بـەم شـتانە ئەوەیـە: کـەوا ئەوانـە شـیرکی گـەورەن، چونکـە پەیوەسـت بوونـە بـە جگـە لـە خـوا لـە داواکـردن و بەدەسـتهێنانی بەرەکـەت ، بـت پەرسـتەکان داوای بەرەکەتیـان دەکـرد لـە بتەکانیـان، جـا تەبـەڕوک کـردن بـە گـۆڕی پیاوچـاکان وەکـو تەبـەڕوک کردنـە بـە (لات) ، و تەبـەڕوک کـردن بـە دارو بـەردەوە وەکـو تەبـەڕوک کردنـە بـە (العـزى) و (منـاة)ەوە .

لـە (أبـو واقـد الليثي)یـەوە هاتـووە دەفەموێـت : ((**خَرَجْنَـا مَـعَ رَسُـولِ اللَّـهِ (ﷺ) إِلَى حُنَـيْنٍ ، وَنَحْـنُ حدثـاء عَهْـدٍ بِكُفْـرٍ وللمشركـين سِـدْرَةٌ يَعْكِفُـونَ عندهـا ، وينوطـون بهـا اسـلحتهم ، يقـال لهـا : ذات أنـواط ، فَمَرَرْنَـا بسـدرة ، فَقُلْنَـا : يَـا رَسُـولَ اللَّـهِ (ﷺ) اجْعَـلْ لَنَـا ذَاتَ أَنْـوَاطٍ كَـمَا لَهُـمْ ذَاتُ أَنْـوَاطٍ ، فقـال رسـول اللـه (ﷺ) : اللَّـهُ أَكْـبَرُ إنهـا السـنن ، قُلْتُـمْ وَالَّـذِي نَفْـسِي بِيَـدِهِ كَـمَا قَالَـتْ بَنُـو إِسْرَائِيـلَ لِمُـوسَى ((اجْعَـلْ لَنَـا إِلَهًـا كَـمَا لَهُـمْ آلِهَـةٌ قَـالَ إِنَّكُـمْ قَـوْمٌ تَجْهَلُـونَ)) لَتَرْكَـبُنَّ سُـنَنَ مَـنْ كَانَ قَبْلَكُـمْ))**[3] .

چوارەم : سیحر (جادوو) :

لـە زمانەوانیـدا بریتییـە لـە : ئـەو شـتانەی کـە هۆکارەکـەی شـاراوەیە ، پێـی دەڵێـن (سـیحر) چونکـە بـە هـۆی چەنـد شـتێکی شـاراوەوە ڕووەدات کـە چـاوەکان درکـی پـێ ناکـەن ، ئەوانیـش بریتیـن لـە چەنـد نوشـتەو ڕوقیـە و دەواو دوکـەڵ و قسـەیەک کـە دەگوترێـت ، هەندێکیـان کاریگەرییـان دەبـێ لەسـەر دڵـەکان و جەسـتەکان ، بۆیـە

---

(١) رواه أحمد (٣٦١٥) وأبو داود (٣٨٨٣) وابن ماجة (٣٥٣٠) .

(٢) أخرجه أحمد (١٧٥٥٨) والترمذي (٢١٨٥) .

(٣) رواه الترمذي وصححه .

نەخـۆش دەخـەن و دەکـوژن و جیـاوازی و دووبەرەکـی لـە نێـوان ژن و پیـاودا ڕوو دەدات ، جـا کاریگەرییەکـەی بـە ئیزنـی خـوا دەبـێ (الكوني القدري) ئـەو کارانـەش کاروبارێکـی شـەیتانییە ، زۆر جـار ڕوو نـادات و پێـی نـاگات ئیللـا بـە شـیرک و خـۆ نزیککردنـەوە نەبـێ بـۆ ڕوحـە پیسـەکان بـە شـتێک پێـی خـۆش بێـت ، بـە پەناگرتـن بـە فێڵکـردن لـە بەکارهێنانیـدا بەشـەریک کـردن پێـی ، بۆیـە شـەرع لـە گـەڵ شـیرکدا بـاسی کـردووە ، جـا ئەویـش بەشـێکە لـە شـیرک لـە دوو ڕووەوە:_

یەکـەم : بەکارهێنانـی شـەیتانەکانی تێدایـەو پەیوەسـت بـوون بەوانـەوەو جـاری وا هەیـە خۆیـان لێیـان نزیـک دەکاتـەوە بـە شـتێک پێیـان خۆشـە بـۆ ئـەوەی خزمەتـی بکـەن .

دووەم : بانگەشـەی زانینـی غەیـب کردنـی تێدایـە ، ئەمـەش بانگەشـەی بەشـداربوونی خـوای گەورەیـە لـەو کارەدا، ئەمـەش کوفـرو گومڕاییـە .

خـوای گـەورە دەفەرموێـت: ﴿وَلَقَدْ عَلِمُواْ لَمَنِ ٱشْتَرَىٰهُ مَا لَهُۥ فِي ٱلْآخِرَةِ مِنْ خَلَٰقٍ ۚ﴾(البقـرە) واتـە : کـە ئـەو کارە ناپەسەندەشـیان ئەکـرد، وە نەبـێ لـەڕووی نەزانینـەوە بێـت، بەڵکـو ئەو(جولەکانـە) چـاك دەشـیانزانی ئـەو کەسـەی کرێـاری جادووگەریـی بـێ، لـەڕۆژی دواییـدا هیـچ کەڵـك وسـوودێکی پـێ نـاگاو لەبەهـرەی خـوا بـێ بەشـە) .

لـە (ابـو هریـرة)وە ریوایـەت کـراوە کـەوا پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) فەرموویـەتی : **(اجْتَنِبُـوا السَّـبْعَ الْمُوبِقَـاتِ ». قَالُـوا : يَـا رَسُـولَ اللَّـهِ(ﷺ) وَمَـا هُـنَّ ؟ قَـالَ : « الـشِّرْكُ بِاللَّـهِ وَالسِّـحْرُ وَقَتْـلُ النَّفْـسِ الَّتِـى حَـرَّمَ اللَّـهُ إِلا بِالْحَـقِّ وَأَكْلُ الرِّبَـا وَأَكْلُ مَـالِ الْيَتِيـمِ وَالتَّـوَلِّى يَـوْمَ الزَّحْـفِ وَقَـذْفُ الْمُحْصَنَـاتِ الْغَافِـلاَتِ الْمُؤْمِنَـاتِ)** [1] . واتـە : دوور بکەونـەوە لـە حـەوت بـە هەلاکـەت بەرەکـە . وتیـان : ئـەی پێغەمبـەری خـوا(ﷺ) ئەوانـە چیـن ؟ فەرمـووی : هاوەڵبریـاردان بـۆ خـوا و سـیحر و کوشـتنی ئـەو نەفسـەی خـوای گـەورە کوشـتنی حـەرام کـردووە ئیللـا بـە حەقـی خـۆی نەبێـت و خواردنـی ریبـا و خواردنـی سـەروەت و سـامانی هەتیـوان و هەڵاتـن لـە ڕۆژی ڕووبـەروو بوونـەوەدا و تۆمەتبارکردنـی ئافرەتانـی ئیمانداراندا بـێ ئـاگا بـە زینـا (واتـە : بوختیانیـان بـۆ بکرێـت) .

---

(١) أخرجه البخاري (٢٧٦٦) ، ومسلم (٨٩) .

پێنجەم : کەهانەت (فاڵچێتی) :

ئەوێش بریتییە لە بانگەشەی زانینی عیلمی غەیب ، وەکو هەواڵدان بەوەی کە لە زەویدا چی ڕووەدات ، لەگەڵ پشت بەستن بە هۆکارێک ، ئەوێش گوێگرتنە لە ئاسمانەکاندا ، بەو شێوەی جنۆکەکان لەئاسمانەکاندا قسەیەک لەقسەکانی فریشتەکان دەدزن، ئەمجار دەیداتە گوێی فاڵچییەکەوە ، ئەویش سەد درۆی لەگەڵدا دەکات ، جا خەڵکی باوەڕی پێ دەکات بەهۆی ئەو وشەیەوە .

جا خوای گەورە خۆی تاک و تەنهایە لەزانینی عیلمی غەیبدا ، جا هەرکەسێ کەسێک بەشدار بکات لەو کارە فاڵچێتییە یان جگە لەوە ، یان باوەڕکردن بەهەر کەسێ بانگەشەی ئەوە بکات، ئەوا کەسێکی کردووەتە شەریک لەگەڵ خوای گەورەدا لە شتێککدا کە تایبەتمەندی خوایە ، هەروەها خواو پێغەمبەرەکەی (ﷺ) بەدرۆ خستۆتەوە .

زۆربەی ئەو فاڵچییانە کە پەیوەستن بە شەیتانەکانەوە دوور نین لە شیرک و خۆنزیککردنەوە لەو واسیتانەی کەپەنایان پێ دەگرێت لە بانگەشەی زانینی عیلمی غەیب .

جا فاڵچێتی شیرکە لە (ربوبیة)تدا لەو ڕووەوە کەبانگەشەی بەشداربوونی خوای تێدایە لەزانستێکدا کە تایبەتە بە خۆیەوە ، وەشیرکە لە(الالوهیة)تدا لەڕووی خۆ نزیککردنەوە بۆ جگە لەخوا .

پێشەوا (مسلم) لە (صحیح)ەکەیدا ریوایەتی کردووە لە هەندێ لە خێزانەکانی پێغەمبەرەوە(ﷺ) کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی : (**مَنْ أَتَى عَرَّافًا فَسَأَلَهُ عن شئ ، لَمْ تُقْبَلْ لَهُ صَلاَةٌ أَرْبَعِينَ ليلة**)[1] واتە : هەرکەسێک بچێت بۆ لای فاڵچییەک و پرسیاری لێ بکات دەربارەی شتێک ، ئەوا چل شەو نوێژی لێ وەرناگیرێت).

لە (ئەبو هورەیرە)وە ریوایەت کراوە لە پێغەمبەری خواوە(ﷺ) هاتوە : (**من أتى كاهنا أو عرافاً فصدقه بما يقول فقد كفر بما أُنزل على محمد**(ﷺ))[2] واتە :

---

(١) رواه مسلم (٥٧٨٢) .

(٢) رواه ابو داود والحاكم والبيهقي (١٦٤٩٦).

هەرکەسێک بچێت بۆ لای فاڵچییەک و باوەڕی بە قسەکانی کرد ئەوا کوفری کردووە بەوەی دابەزیوەتە سەر (محمد) (ﷺ) واتە : بە قورئان) .

جا ئەوەی کە پێویستە و پێویستە لێی ئاگادارببن کاروباری ساحیرو فاڵچی و جادووبازەکانە ئەوانەی لە زەویدا فەساد بڵاو دەکەنەوە و چاکسازی ناکەن :

هەندێکیان خۆیان وەکو پزیشکێک دەردەخەن کە نەخۆش چارە دەکەن ، ئەوەش لەڕاستیدا عەقیدە خراپ دەکات و فەسادی دەکات ، بە شێوەیەک فەرمان بە نەخۆشەکە دەکات کە بۆ جگە لەخوا سەر ببڕێت یان تەلەسمی شیرکی و جادووی شەیتانی بۆ دەنوسێت .

وە هەندێکیان خۆی دەردەخات بە شێوەی کەسێک هەواڵ دەربارەی شتی غەیبی و جێگای شتە ونبووەکان دەدات ، بە شێوەیەک کەسێکی نەفام دێت و پرسیاری لێ دەکات دەربارەی شتە ونبووەکەی ، ئەویش هەواڵ دەدات دەربارەی جێگاکەی ، یان بۆی ئامادە دەکات بە هۆی شەیتانەکانەوە.

وەهەندێکیان خۆی دەردەخات بەشێوەی وەلی و کەخاوەنی کەرامەت و شتی نا ئاساییە، وەکو چوونە ناو ئاگرو لە خۆدان بەچەک و مارگرتن ... جگە لەوانە ، ئەویش لە راستیدا کەسێکی دەججال و جادوو بازو وەلی شەیتانە .

وە هەر هەموو ئەو کۆمەڵانە فێڵی دەوێت و دەیەوێت خۆی بەشێوەیەک ئاشکرا بکات بەمەبەستی خواردنی سامانی خەڵکی و تێکدانی عەقیدەیان، بۆیە پێویستە لەسەر موسڵمانان ئاگاداری ئەوانە بن و خۆیانی لێ دووربکەنەوە ، وە پێویستە لەسەر دەسەڵاتدارەکان تەوبەیان پێ بکەن و داوایان لێ بکرێت کە تەوبە بکەن (واتە : إستتابة) ، ئەگەر تەوبەیان کرد باشە ، ئەگەر نا ئەوا دەکوژرێت، لەبەر ئەوەی موسڵمانان لە خراپەو فەسادیان بکەونە ئیسراحەتەوە، وە هەروەکو جێ بەجێ کردنی حوکمی خوا لەواندا ، لە (صحيح البخاري) دا هاتووە لە (بجالەی کوڕی عبدە)وە فەرموویەتی: عومەری کوڕی خەتتاب نوسراوێکی نووسی کەوا : (**اقْتُلُوا كُلَّ سَاحِرٍ** و

ساحرة ، قال : فَقَتَلْنَا ثَلَاثَةَ سَوَاحِرَ[1] واتە : هەموو ساحیرێکی پیاو یان ئافرەت بکوژن دەڵێت : ئێمەش سێ ساحیرمان کوشت) .

وە لە (جندب) ەوە هاتووە لە پێغەمبەری خواوە(ﷺ) کەوا فەرموویەتی: (**حد الساحر ضربه بالسيف**)[2] واتە : حەددی کەسی ساحیر بریتییە لە لێدانی بە شمشێر).

شەشەم : التطير (ڕەشبینی) .

ئەویش بریتییە لە ڕەشبینی بە باڵندەو ناوو گفت و جێگاو کەس و جگە لەوانە ، جا هەرکەسێ ویستی کارێک لە کارەکانی دین یان دونیا ئەنجام بدات، ئەمجار شتێک بینی یان بیست کە پێی ناخۆش بوو ، ئەوا یەکێ لەم دوو کارە شوێنەواری لەسەری دەبێت : یان دەگەڕێتەوە لەو کارەی ویستی ئەنجامی بدات وەکو ڕەشبینییەکِ و کاریگەر دەبێ بەو شتەی بینی یان بیستی، جا دڵی پەیوەست دەبێتە ئەو کارە خراپەوە، ئەوەش کاریگەری لەسەر ئیمانەکەی دەبێ، وە خەڵەل دەگەیەنێتە تەوحید و پشت بەستنەکەی بە خواوە، وە یا خود لەو کارە ناگەڕێتەوە کە ویستی ئەنجامی بدات ، بەڵام شتێک لە دڵیدا دەمێنێتەوە لەو ڕەشبینیە لە خەم و ئازارو پەژارەو وەسوەسەو لاوازی .

جا پێویستە لەسەر هەرکەسێ شتێ لەو شێوەی لە دڵی خۆیدا بینی : هەوڵبدات بۆ لەخۆ دوورخستنەوەی پەنا بەخوا بگرێت و پشت بەخوا ببەستێت و بڕوا بۆ کارەکەی خۆی و بڵێت: (**اللهم لا يأتي بالحسنات إلا أنت ، ولا يدفع السيئات إلا أنت ، ولا حول ولا قوة إلا بك**)[3] .

جا ڕەشبینی (التطير) نەخۆشییەکی کۆنە ، خوای گەورە لەباسی ئوممەتە کافرەکاندا باسی کردووە، وە ئەوان (ڕەشبینی)یان دەکرد بە باشترین دروستکراوی خوا کە ئەوانیش پێغەمبەران و شوێنکەوتوانە ئیماندارەکانیانن ، هەروەکو چۆن خوای گەورە دەربارەی فیرعەون و قەومەکەی باسی کردووە، ئەوان ئەگەر تووشی خراپەیەک بهاتبایەن

---

(١) أخرجه أبو داود (٣٠٤٣) .

(٢) أخرجه الترمذي (١٤٦٤) .

(٣) ضعيف : سلسلة الأحاديث الضعيفة والموضوعة (١٦١٩) .

:﴿ يَطَّيَّرُواْ بِمُوسَىٰ وَمَن مَّعَهُۥٓ ﴾ (الاعـراف) واتـه : لەمووسـاو لـەو خەڵکـەی لەگەڵیـا بـوون، ڕەشـبین دەبـوون) .

هەروەهـا خـوای گـەورە دەربـارەی قەومـی (صالـح) فەرموویەتـی کـەوا بـە (صالـح) یـان گـوت:﴿ ٱطَّيَّرْنَا بِكَ وَبِمَن مَّعَكَ ﴾ (النمـل) واتـه : کەچـی دوای ئـەو هەمـوو ئامۆژگاریەیـان وتیـان: ئێمـەش تـۆو و ئەوکەسـەش کەلەگـەڵ تـۆن، بەمایـەی شـوم و بـەدکاری دەزانیـن، واتـه: ئـەم گرانیـی و قـات و قڕیـی و نەگبەتیـە هەرلەنێـو چاوانـی ئێـوەی ئەناسـین).

هەروەهـا خـوای گـەورە دەربـارەی (اصحـاب القریـة) دەڵێـت کـە ئـەوان بـە پێغەمبـەرانی خوایـان گـوت :﴿ قَالُوٓاْ إِنَّا تَطَيَّرْنَا بِكُمْ لَئِن لَّمْ تَنتَهُواْ لَنَرْجُمَنَّكُمْ وَلَيَمَسَّنَّكُم مِّنَّا عَذَابٌ أَلِيمٌ ﴾ ((یـس) واتـه : جـا گوندنشـینەکان کاتـێ پەکیـان کـەوت و قسـەیان نەمـا وتیـان: ئێمـە پێـو قەدەمـی ئێـوە بەنەگبـەت دەزانیـن ئـەوەی راسـتی بـێ ئەگـەر کۆتایـی بـەم قسـانەش نەهێنـن دڵنیابـن بـەردە بارانتـان ئەکەیـن و سـزایەکی سـەخت و دەردناکتـان دەدەیـن)

هەروەکـو چـۆن خـوای گـەورە باسی کـردوە دەربـارەی موشریکـەکان کەوا ئـەوان (تطیر) یـان دەکـرد بـە (محمـد) (ﷺ) خـوای گـەورە دەفەرموێـت: ﴿ وَإِن تُصِبْهُمْ سَيِّئَةٌ يَقُولُواْ هَٰذِهِۦ مِنْ عِندِكَ ﴾(النسـاء) واتـه : خـۆ ئەگـەر ناخۆشـیەکیان تـووش بـوو بـە پێغەمبـەر (ﷺ) ئەڵێـن: ئەمـە لەلایـەن تـۆوە بـوو، واتـه: نەهامەتـی و شـوومی تۆیـە!!) .

ئـا بـەم شـێوە دینـی موشریکـەکان یەکـە ، بەشـێوەیەک دڵ و عەقڵیـان شکسـتی خـواردووە ، بۆیـە گومـانی خراپیـان دەبـرد بـە کەسـانێک کـە سـەرچاوەی خەیـرن ، کـە ئەوانیـش پێغەمبـەرانی خـوان، ئـەوەش ڕووی نـەداوە تەنهـا لەبـەر ئـەوەی گومڕایـی زاڵ بـووە بەسـەر نەفسـەکەیانداو فیترەتیـان شکسـت خـواردووە ، ئەگـەر نـا ، خەیـرو شـەڕ هەمـووی بەقـەزاو قـەدەری خـوا ڕوو دەدەن، وە بەپێـی حیکمـەت و عیلمـی خـۆی ڕوو دەدەن وەکـو فەزڵـی خـوای گـەورە، جـا خەیـر هەمـووی لـە فەزڵـی خوداوەیـەو پاداشـتی لەسـەر ئەنجامـدانی کاری گوێڕایەڵـی ، وە شـەڕ لـە دادپـەروەری خوایـەو سـزایە کـە لەسـەر

ئەنجامـدانی کاری سـەرپێچی دەبێـت : خـوای گـەورە دەفەرموێـت:﴿ مَّآ أَصَابَكَ مِنْ حَسَنَةٍ فَمِنَ ٱللَّهِ ۖ وَمَآ أَصَابَكَ مِن سَيِّئَةٍ فَمِن نَّفْسِكَ ۚ ﴿٧٩﴾ ﴾ (النساء) واتـە : هەرخۆشـیی و چاکەیەکـت تـووش بـوو لەخواوەیـە وهـەر ناخۆشـیی و خراپەیەکیشـت تـووش بـوو لەخۆتەوەیـە، واتـە: بەرهەمـی کـرداری دەسـتی خۆتـە، خـۆت بەخۆتـی ئەکەیـت).

جـا رەشـبینی (التطـیر) شـیرکە، چونکـە پەیوەسـت بوونـە بـە جگـە لـە خـوا ، وە باوەڕبـوون بـەڕوودانی زەرەرو زیانێـک لـە دروسـتکراوێک کـە خـاوەنی زەرەرو قازانجێـک نییـە بـۆ خۆیـشی، هەروەهـا لەبـەر ئـەوەی شـەیتان وەسوەسـەی خـۆی دەخاتـە دڵـی ئەوانـەوە، وە لەبـەر ئـەوەی ئـەوە لـە دڵێکـەوە ڕووەدات کـە تـرسی تێـدا بێـت ، ئەویـش جیـاوازە لەگـەڵ پشـت بەسـتن بەخـواوە.

ئەمـەش ئـەو فەرموودەیەیـە کـە پێغەمبـەری خـوا(ﷺ) ئـاگاداری کردینەوە لە رەشـبینی (التطـیر)، ئیمامـی بوخـاری و موسـلیم ریوایەتیـان کـردووە لـە پێغەمبـەری خـواوە (ﷺ) کـەوا فەرموویەتـی : **(لا عـدوى ، ولا طـيرة ، ولا هامـة ، ولا صفـر)**[1] .

هەروەهـا پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) فەرموویەتـی : **(لا عـدوى ولا طـيرة و يعجبنـي الفـأل قالـوا : ومـا الفـأل ؟ قـال : (الكلمـة الطيبـة)**[2] .

هەروەهـا لـە (ئیـبن مەسـعود)ەوە هاتـووە کـەوا پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) فەرموویەتـی : **(الطـيرة شرك ، الطـيرة شرك)**[3] .

وە لـە (صحیـح مسـلم)دا هاتـووە لـە (معاویـە بـن الحکـم) کـەوا بـە پێغەمبـەری خـوای(ﷺ) فەرمـوو : **(ومنـا أنـاس يتطـيرون ؟ قـال : ذلـك شيء يجـده أحدكـم في نفسـه ، فـلا يصدنكـم)**[4]

جـا پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) ئـاگاداری کردینـەوە کـەوا زیـان و ڕەشـبینی رەشـبینی بـە (الطـیرة)ەوە ، ئـەوا لـە نەفـس و عەقیـدەی کەسـەکە خۆیەوەیـە نـەک لـەوەی کە(طـیرة)

---

(١) متفق عليه ، البخاري (٥٧٠٧) ومسلم (٥٧٥٠) .

(٢) متفق عليه ، البخاري (٥٧٧٦) ومسلم (٥٧٦٢) .

(٣) أخرجه أحمد (٣٦٨٧) وأبو داود (٣٩١٠) والترمذي (١٦١٨) وابن ماجة ((٣٥٣٨) .

(٤) أخرجه مسلم (٥٧٧٤) .

پـێ کـردووە، جـا گومانەکـەی و تـرس و شـیرکەکەی ئـەوە وای کـردووە کـە (تطـیر) بـکات و لێـی بگەڕێتـەوە وەکـو کاریگەرییـەک بـەوەی بینـی یـان بیسـتی .

جـا پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) خراپـی (ڕەشـبینی) بـۆ ئوممەتەکـەی ڕوون کـردەوەو بـۆ ئـەوانی ئاشـکرا کـرد، بـۆ ئـەوەی بزانـن کەخـوای گـەورە هیـچ نیشـانەیەکی بـۆ ئـەوان لەسـەر (تطـیر) دانەنـاوە، وەهیـچ دەلالەتێکـی تێـدا نییـە ، وەهیـچ پشـکێک کـە ببێتـە هـۆکار لـەوەی لێـی بترسـن و خۆیـانی لـێ ئـاگادار بکەنـەوە، جـا بـا دڵیـان ئـارام بێـت و نەفسـیان سـوکنایی بێـت بـۆ وەحدانییـەتی خـوای گـەورە، کـە پێغەمبـەرانی بـۆ ئـەو وەحدانییەتـە نـاردووەو کتێبـەکانی بـۆ ئـەو مەبەسـتە دابەزانـدووە و ئاسـمانەکان و زەوی لـەو پێنـاوەدا دروسـت کـردووە، وە پەیوەسـت بـوونی دڵەکانیـان بـە شـیرکەوە بچڕانـد ، جـا هەرکەسـێ دەسـت بـە تەوحیـدەوە بگـرێ و پشـت بـە پەتـە بتەوەکـەی خـوای گـەورە بگـرێ و پشـت بـە خـوا ببەسـتێت ، ئـەوا تـرسی (طـیرة)ی نامێنـێ لەپێـش ئـەوەی خـۆی جێگیـر بـکات و دڵەڕاوکێـی نامێنـێ پێـش کامـل بـوون.

(عکرمـة) دەڵێـت: لای (ابـن عبـاس) دانیشـتبوین، لـەو کاتـەدا باڵندەیـەک تێپـەڕی دەیقیژانـد، کابرایـەک لـە قەومەکـە وتی: خەیـر خەیـر، ابـن عبـاس گـوتی : نـە خەیـرەو نەشـەڕە)[1] .

یەکسـەر بـە بـێ دواکەوتـن ئینـکاری لـەو کارەی کـرد ، بـۆ ئـەوەی هیـچ بـاوەڕ بەکاریگەربـوونی ئـەوە نـەکات لەخەیـرو شـەڕدا، هەروەهـا هەمـوو درسـتکراوەکانی تـر، هیـچ خەیرێـک لەگـەڵ خۆیـدا ناهێنـێ و هیـچ شـەڕێک لەخـۆی دوور ناخاتـەوە .

لـەو فەرمـوودەی کـە دەفەرموێـت: (ویعجبنـی الفـأل) ئەمجـار خۆیـشی ڕوونی کـردەوە کـە مەبەسـتی وشـەیەکی چاکـە، جـا (فـأل) ی پـێ خۆشـە ، چونکـە ئـەوە گومـان بـاش بردنـە بـە خـوای گـەورە، وە عەبدیـش فەرمـانی پێکـراوە کـەوا گومـانی بـاش بـە خواکـەی خـۆی ببـات ، وە(تطـیر)ش گومـانی خـراپ بردنـە بـە خـوا و گومـانی تـووش بـوونی بەڵایـە، جـا لێـرەوە جیـاوازی لەحوکمەکەیانـدا پەیـدا دەبێـت ، چونکـە خەڵکـی ئەگـەر ئومێـدی باشـیان بـە خـوا بـرد ئـەوا دڵیـان پەیوەسـت دەبێـت پێـوە، وە پشـتی پـێ دەبەسـتن ، بـەڵام

---

(١) الجامع لأحكام القرآن / لشمس الدين القرطبي: تفسير سورة الاعراف ، تأويل مختلف الحديث لابن قتيبة .

ئەگـەر ئومێـدو ڕەجایـان پچڕانـد بـە خـواوە ، ئـەوا دەبێتـە شـەڕو خراپـەو پەیوەسـت بـوون بەجگـە لـە خـواوە.

پێشـەوا (ابـن القیـم) دەفەرموێـت: لـە پێخۆشـبوونی (فـأل) و خۆشویسـتنیدا بـە هیـچ جۆرێـک شـیرک نییـە، بەڵکـو ئـەوە کارێکـە لـە سروشـتەوە دەبێـت و پێویسـتییەکی فیتـرەتی مرۆڤایەتییـە، کـە لادەدات بـۆ لای ئـەو شـتانەی لەگەڵیانـدا دەگونجـێ و بـۆی دەشـێت، هەروەکـو چـۆن پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) لـە دونیـادا ئافـرەت و بـۆنی خـۆشی لا خـۆش بـووە، هەروەهـا حەلـواو هەنگوینـی لا خـۆش بـووە ، وە دەنـگ خـۆشی لـە قورئـان و بانگـدان و گوێگرتنـی لا خۆشەویسـت بـووە، وە ئەخلاقـی بـەرزو ڕەوشـتی جـوانی لا خۆشەویسـت بـووە، بەگشـتی هەمـوو کارێکـی کەمـاڵ و خەیـری لا خۆشەویسـت بـووەو ئـەو ڕێگایانـەش کەبـۆی دەچێـت.

خـوای گـەورە لـە غەریـزەی خەڵکیـدا وایکـردووە کـە بیسـتنی نـاوی خۆشـیان لا خـۆش بێـت و خۆشـیان بوێـت و نەفسـیان مەیـلی بـۆی هەبێـت ، هەروەهـا لـەو ناوانـەدا مورتـاح بـوون و دڵخـۆش دەبـن کاتـێ نـاوی (فـلاح و سـلام و نجـاح و تهنئـة وبـشری و الفـوز و الظفـر) دەبیسـن ، جـا ئەگـەر ئـەم ناوانـە بـدەن لەگوێیـەکان ئـەوا نەفسـەکان پێـی شـاد دەبـن و سـنگەکان پێـی فـراوان دەبـن و دڵـەکان پێـی بـە هێـز دەبـن و ئەگـەر پێچەوانەکـەی ببیسـن و دژی ئـەو حاڵەتانـە پێویسـت دەکات ، بۆیـە پێـی دڵگـران دەبـێ و شـوێنەواری تـرس و دڵتەنگـی و (طـیرة) بـە دوای خۆیـدا جـی دەهێڵـێ لـەوەی کـە مەبەسـتی بـوو و عەزیمـەتی لەسـەری بـووە، ئـەوا زەرەرو زیانێـک لـە دونیـادا بـە دوای خۆیـدا بەجـێ دەهێڵـێ و کـەم بـوون لـە ئیمانـداو کەوتنـە نـاو شـیرکەوە...) [1]اە

لـە فەرموودەیەکـدا کـە ئیمامـی ئەحمـەد ڕیوایەتـی کـردووە لـە (ابـن عمـرو)ەوە -ڕەزای خـوای لـێ بێـت- ، لـە پێغەمبـەری خـواوە(ﷺ) : (**مـن ردتـه الطـیرة عـن حاجتـه فقـد اشرك)قالـوا : فـما كفـارة ذلـك؟ قـال : أن تقـول : اللهـم لا خـیر إلا خـیرك ولا طـیر إلا طـیرك ولا إلـه غـیرك**)[2] .

---

(١) مفتاح دار السعادة (٢٤٤/٢) .

(٢) أخرجه أحمد (٧٠٤٥) .

جـا ئـەم فەرمـوودە ئـەو مانایـە لـە خـۆی دەگرێـت کـەوا (الطـیرة) زیـان بـەو کەسـانە ناگەیەنـێ کـە ڕقـی لێیـەتی و بەڕێـی خۆیـدا بـڕوات، بـەڵام ئەگـەر کەسـێک ئیخڵاصی پشـت بەسـتنی بـۆ خـوا نەبـێ و دای بەدەسـت شـەیتانەوە لـەو شـتەدا ئـەوا ڕەنگـە سـزا بدرێـت بـە کەوتنـە نێـو ئـەو شـتانەوە کـە پێـی ناخۆشـە، چونکـە پشـتی کـردووە لـە واجبـی ئیـمان هێنـان بەخـوای گـەورە.

داوا لـە خـوا دەکەیـن منـەتی خـۆی برژێنـی بەسـەرماندا لـە ئیـمان و پشـت بەسـتن بـە زاتی خـۆی بـە قسـمەتمان بـکات و دوورمـان بکاتـەوە لـە ڕێـگای خراپـەو شـیرک هـەر خـۆی (سـمیع) و (مجیب)ـە.

حەوتەم : التنجیم (ئەستێرەناسی)

ئەمـەش هەروەکـو هەنـدێ لەوانـەی لێکۆڵینەوەیـان کـردووە دەڵێـن : بریتییە لـە کردنە بەڵگـەی حاڵەتـە گەردوونییـەکان لەسـەر ڕووداوەکانی زەوی، وەکـو کاتـەکانی هەڵکـردنی بـا و هاتنـی بـاران و دەرکەوتنـی گەرمـی و سـاردی و گۆڕینـی نرخـەکان یـان ڕووداتی نەخـۆشی یـان مـردن یـان بەختیـاری و بەدبەختـی ، ئەمـەش پێـی دەڵێـن : (علـم التأثیر) .

ئەمەش دوو جۆرە:

جـۆری یەکـەم : کـەسی ئەسـتێرەناس بانگەشـەی ئـەوە بـکات کـەوا ئەسـتێرەکان خـودی خۆیـان بکـەرن و خۆیـان کار و ڕووداوەکان هەڵدەبژێـرن و ڕووداوەکان بـە کاریگـەری ئـەوان ڕوو دەدەن، ئەمـەش کوفـرە بـە کـۆڕای زانایـان، چونکـە ئەمـە باوەڕبوونـە بـەوەی کـەوا دروسـتکارێکی تـر جگـە لـە خـوا هەیـە، وە کەسـێک لـە مولکەکەیـدا کارەکان بەڕێوە دەبـات و ڕایدەپەڕێنـێ بـە بـێ ویسـت و تەقدیـری خـوای گـەورە.

جـۆری دووەم : کردنـە بەڵگەی ڕێڕەوی ئەسـتێرەکان و کۆبوونەوەو جیابوونەوەیان لەسـەر ڕووداتی ڕووداوەکان، ئەمەش گومان لە حەرام بوونیدا نییە ، چونکە بەشـێکە لە بانگەشـەکردنی زانینـی عیلمـی غەیـب و جۆرێکـە لـە سـیحر، هەروەکـو پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) فەرموویـەتی: ((**مـن اقتبـس شـعبة مـن النجوم ، فقد اقتبس شـعبة من السـحر ، زاد مـا زاد**))[1]

---

(١) أخرجه أحمد (٢٨٤١) وأبو داود (٣٩٠٥) واسناده صحيح وابن ماجة (٣٧٢٦) وصححه النووي والذهبي .

سـیحریش حەرامـە بـە پێـی قورئـان و سـوننەت و کـۆڕای زانایـان ، وە هەواڵـدان دەربـارەی ڕووداوی ئاینـدە لـە ڕێگـەی بـە بەڵگـە کردنـی ئەسـتێرەکان لـە بانگەشـەی زانینـی عیلمـی غەیبـە کـە خـوای گـەورە تەنهـا خـۆی دەیزانـێ.

جـا ئـەوە بانگەشـەی بەشـداری کـردنی خـوای گەورەیـە بـە زانینـی ئـەوەی کـە تەنهـا خـۆی دەیزانـێ، یـان بـاوەڕ کـردن بـە کەسـێک بانگەشـەی ئـەوە بـکات ، ئەمـەش جیـاوازە لەگـەڵ تەوحیـددا، چونکـە ئـەم بانگەشـە پووچـەڵ و ناڕەوایـی تێدایـە .

(الخطـابي) دەفەرموێـت: ئەسـتێرەناسی کـە نەهـی لێکـراوە ئەوەیـە کە ئەستێرەناسـەکان بانگەشـەی زانینـی دەکـەن لەزانینـی بونـەوەرەکان و ڕووداوەکان کـە لـە کاتی ئاینـدەدا ڕووددەن (کاتی هەڵکـردنی بـا و هاتنـی بـاران و گـۆڕانی نرخـەکان) وە ئـەو کارانـەی وەکـو ئەوانـە ، بانگەشـەی ئـەوە دەکـەن درک بـە زانینـی دەکـرێ بـە ڕێـڕەوەی ئەسـتێرەکان و لەڕۆیشـتن و کۆبوونـەوەو جیابوونەویـان، بانگەشـەی ئـەوە دەکـەن کـە کاریگەریـان هەیـە لەسـەر جیهانـی خـوارەوە (السـفليات) ، ئەمـەش حوکـم دانـە لەسـەر غەیـب ، وەبانگەشـەی عیلمێکـە کـە خـوای گـەورە تەنهـا بـۆ خـۆی دەیزانـێ ، وە هیـچ کەسـێک غەیـب نازانـێ تەنهـا خـۆی نەبـێ) [1].

ئیمامـی بوخـاری لـە (صحیح)ەکەیـدا ریوایەتـی کـردووە و دەفەرموێـت: (قەتـادە) فەرموویەتـی : ((**خلـق اللـه هـذه النجـوم لثـلاث : زينـة للسـماء ورجومـاً للشـياطين وعلامـات يهتـدى بهـا ، فمـن تـأول فيهـا غـير ذلـك ، أخطـأ وأضـاع نصيبـه وتكلـف مـا لا علـم بـه ...**)) [2]

هەروەهـا (الخطيـب) لـە بوخـاری یـەوە ڕیوایـەتی کـردووە کـەوا فەرموویـەتی: ((**وإن أناسـا جهلـة بأمـر اللـه قـد أحدثـوا في هـذه النجـوم كهانـه، مـن أعـرس بنجـم كـذا وكـذا كان كـذا وكـذا، ومـن سـافر بنجـم كـذا وكـذا كان كـذا وكـذا، ولعمـري مـا مـن نجـم إلا يولـد بـه الأحمـر والأسـود و الطويـل والقصـير ، والحسـن والدميـم، ومـا علـم هـذه**

---

(١) انظر (معالم السنن) .

(٢) ذكره البخاري معلقاً مجزوماً به في كتاب بدء الخلق باب (٣) (٣٥٥/٦) ووصله عبد بن حميد وعبدالرزاق وابن جرير وابن المنذر في نفاسيرهم كما في (الدر المنثور) للحافظ السيوطي (٣٢٨/٣) .

النجوم، وهـذه الدابـة، وهـذا الطائـر بـشيء مـن هـذا الغيـب ولـو أن أحـدا علـم الغيـب لعلمـه آدم الـذي خلقـه اللـه بيـده ، وأسـجد لـه ملائكتـه وعلمـه أسـماء كل شيء ...)[1]

واتـه : وه هەنـدێ کەسی ناشـارەزا بەفەرمانـەکانی خوا لەم ئەسـتێرانەدا فاڵچێتی(کەهانە) یـان داهێنـاوە: هەرکەسـێ ژن بهێنـێ بـه ئـەو ئەسـتێرەو ئـەو ئەسـتێرە ئـەوا ئـاوا دەبـێ و ئـاوا دەبـێ ، وە هەرکەسـێ سـەفەری کـرد بـه ئـەو ئەسـتێرە و ئـەو ئەسـتێرەیە ئـەوا ئـاوا دەبـێ و ئـاوا دەبـێ ، سـوێند بـێ .. هیـچ ئەسـتێرەیەک نییـە ئیـللا کەسـێکی پـێ لەدایـک دەبـێ سـوورو ڕەش و درێـژو کـورت و جـوان و ناشریـن، وەعیلمـی ئـەم ئەسـتێرەیەو ئـەم زینـدەوەرەو ئـەم باڵندەیـە بەهیـچ شـێوەیەک لەغەیـب نییـە، جـا ئەگـەر کەسـێک غەیبـی بزانیبایـە ، ئـەوا ئـادەم دەیـزانی کەخـوای گـەورە بەدەسـتی خـۆی دروسـتی کـرد و فەرمـانی کـردە فریشـتەکانی سـوجدەیان بـۆ بـرد و هەمـوو نـاوەکانی فێرکـرد ...))

دەڵێـم: هەروەهـا لـەو جـۆرە خورافاتـە ناڕەوایانـەی کـە دەججالـەکان ڕەواجـی پـێ دەدەن لەهەنـدێ لـە ڕۆژنامـەو گۆڤارەکانـدا لەبـاسی بەخـت و خـۆش بەختـی و بەدبەختی ، هەمـوو ئەوانـە پەیوەسـت دەکەنـە حیسـاباتی بـورج و ئەسـتێرەکانەوە و هەنـدێ کەسـی سـادە باوەڕیـان پـێ دەکـەن.

شـەیخ عبدالرحمـن بـن حسـن -ڕەحمـەتی خـوای لـێ بێـت- لـە کتێبـی (فتـح المجیـد) دا دەفەرمـوێ:_ ((ئەگـەر وتـرا : کـەسی فاڵچـی ڕەنگـە ڕاسـت بـکات ، دەڵێیـن: ڕاسـتی ئـەو وەکـو ڕاسـتی کاهینـە، لەیـەک وشـەدا ڕاسـت دەکات بـەڵام لەسـەد وشـەدا درۆ دەکات ، وە ڕاسـتەکەی لەعیلمـەوە نەهاتـووە، بەڵکـو ڕەنگـە لەگـەڵ قەدەرێکـدا ڕێـک بکەوێـت و ببێتـە فیتنەیـەک بـۆ ئـەو کەسـەی باوەڕیـان پـێ دەکات) [2].

دەڵێت: ((وەچەندین فەرموودە هاتووە لە پێغەمبەرەوە (ﷺ) دەربارەی پووچەڵکردنەوەی عیلمی ئەستێرەناسی (التنجیم) ، وەکو ئەو فەرمودەیەی کە دەفەرموێت: (من أقتبس شعبة من النجوم ، فقد أقتبس شعبة من السحر زاد ما زاد)[3]

---

(١) انظر (فتح لمجید) (٥٣٠/٢) .

(٢) انظر (فتح لمجید) (٥٣٠/٢) .

(٣) تقدم تخریجه .

وە لـە (رجـاء بـن حیـوة) وە هاتـوە کـەوا پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) فەرموویەتـی : (إن مـما أخـاف عـلى أمتـي : التصديـق بالنجـوم ، والتكذيـب بالقـدر ، وحيـف الأئمـة) [١].

بـەڵام سـوود وەرگرتـن لـە ئەسـتێرەکان بـۆ زانینـی ڕێـگاکان لەسـەفەرەکاندا لـە وشـکانی و دەریاکانـدا، ئەمـە ئاسـاییەو هیچـی تێـدا نییـە، ئەویـش یەکێکـە لـە نیعمەتـەکانی خـوا ، خـوای گـەورە دەفەرموێـت:﴿ وَهُوَ ٱلَّذِى جَعَلَ لَكُمُ ٱلنُّجُومَ لِتَهْتَدُوا۟ بِهَا فِى ظُلُمَٰتِ ٱلْبَرِّ وَٱلْبَحْرِ ﴿٩٧﴾ ﴾ (الانعام) واتـە: بـۆ ئـەوەی ڕێـگا و لای مەبەسـتەکانتان بزانـن، مەبەسـتی ئـەوە نییـە لـە ڕێگایانـەوە عیلمـی غەیب بزانێـت هەروەکو چـۆن هەنـدێ لەفاڵچییـەکان وادەزانن.

(الخطـابي) دەفەرموێـت: (بـەڵام بـە بەڵگەکردنـی ئەسـتێرەکان بـۆ زانینـی ڕووی قیبلـە ، ئەوانـە چەنـد ئەسـتێرەیەکن خەڵکـی شـارەزا لـە پێشـەوایان دەیزانـن و دیاریـان کـردووە، ئەوانـەی کەگومانمـان نییـە لەبایەخدانیـان بەکاروبـاری ئـەم دینـە، وەشـارەزا بوونیـان دەربـارەی ، وە ڕاسـتگۆیی ئـەوان دەربـارەی ئـەوەی گوتویانـە ، وەکـو ئـەوەی دەیبینـن لەبەردەسـتی کەعبـەدا ، وە لـەکاتی ئامادەنەبـوون لای کەعبـەدا ئـاوا دەیبینـن، جـا ئیدراکـی ئـەوان دەلالـەت لێـی بـە بینینـە (المعاينـة) ، وە ئیدراکـی ئێمـە بەرانبـەر بـەوە وەرگرتنـی هەواڵـی ئەوانـە، ئەگـەر هاتـوو لامـان تۆمەتبـار نەبـوون لـە دینەکەیانـدا و کەمتەرخـەم نەبـوون لـە زانسـتەکەیاندا))[٢] .

(ابـن رجـب) دەفەرموێـت: ((ئـەوەی ڕێـگای پێـدراوە بـۆ فێربـوونی عیلمـی (التسـيير) نـەک عیلمـی (التأثـير) چونکـە ئـەوە _ واتـە عیلمـی (التأثـير) _ نارەوایـەو حەرامـە چ کەمەکـەی یـا زۆرەکـەی، بـەڵام عیلمـی (التسـيير) فێـر بـوونی ئـەوەی پێویسـتە لـە ڕێنمویی کـردن و زانینـی قیبلـەو ڕێـگاکان، ئـەوە دروسـتە لای جمهـوری زانایـان ...))[٣] اە

هەروەهـا زانینـی جێـگای خـۆرو مانـگ بـۆ زانینـی قیبلـەو کاتـەکان نوێـژو وەرزەکان و زانینـی کاتی لادانـی خـۆر لـە ناوەڕاسـتی ئاسـمانەوە بـۆ لای ڕۆژئـاوا .

---

(١) أخرجه عبد بن حميد وأخرج أحمد نحوه من حديث جابر بن سمرة برقم (٢١١٢١) .

(٢) انظر معالم السنن للخطابي (٤/٢٣٠) .

(٣) انظر (فضل علم السلف على علم الخلف) للحافظ ابن رجب (ص ٣٤-٣٥) بتصرف .

الخطابی دەفەرموێت: ((ئەستێرەناسی کە درکی پێ دەکرێت لەڕێگای بینین و هەواڵەوە کـە لـە ڕێگایـەوە کاتی لادانـی خۆر لە ناوەڕاستی ئاسـمانەوە بۆ لای ڕۆژئـاوا (زەوال) و ڕووی قیبلـەی پـێ دەزانرێـت ، ئـەوا ئەم بەشـە ئەو نەهییـە نایگرێتـەوە ، بۆیە زانینی سـێبەرەکان هیـچ شـتێک نییـە تەنهـا ئـەوە نەبێت کەوا سـێبەرەکە بـەردەوام لە کـەم بوونداییـە ، جا ڕۆژ بـەرز دەبێتـەوە بـۆ ناوەڕاسـتی ئاسـمان بـەرەو ئاسـۆی ڕۆژهـەڵات ، وە ئەگـەر لـە زیادبوندا بێـت ئـەوا ڕۆژ لـە ناوەڕاسـتی ئاسـمانەوە دادەبەزێـت بـەرەو ئاسـۆی ڕۆژئـاوا، ئـەم زانسـتە دەتوانرێـت درکـی پـێ بکرێـت لـە ڕێـگای بینینـەوە ، هەرچەنـدە خاوەنـی ئـەو زانسـت و پیشـەیە بـە ڕێـی دەخـەن بـەوەی کـە چەنـد ئامێرێکیـان داهێنـاوە جێگـرەوەی ئەوەیـە کە مـرۆڤ خۆی تەماشـا بـکات و وردبێتـەوە ...)[1].

ئیمامـی (ابـن المنـذر) ڕیوایـەتی کـردووە کـەوا (مجاهـد) ئاسـایی بـووە لای کەسـێک فێـری جێـگاکانی مانـگ فێـر بێـت (منـازل القمـر)[2] .

لەپـاش هەمـوو ئەوانـە، جـا عەقیـدەی کـەسی موسـڵمان بەنرختریـن شـتە کـە هەیبـێ ، چونکـە بـەو عەقیدەیـە ڕزگاربـوون و بەختـەوەری دەسـت دەکـەوێ ، بۆیـە پێویسـتە سـوور بێـت لەسـەر دوور کەوتنـەوە لـەوەی زیـانی پـێ دەگەیەنـێ لەشـیرک و خوڕافـات و بیدعـەکان، بـۆ ئـەوەی بەپوختـی و ڕووناکـی بمێنێتـەوە، ئەویش بە دەسـتگرتن بـە قورئان و سـوننەت و ئـەوەی پێشـینە چاکـەکان لەسـەری بـوون دەبێـت ، ئەویـش هەرگیز نابـێ ئیللا بـە فێربـوونی ئـەم عەقیدەیـە نەبـێ، هەروەهـا زانینـی دژەکـەی لە عەقیـدە لارو لوێـرەکان ، بەتایبـەتی لـە ڕۆژێکـی وەک ئەمڕۆدا کە لە ڕیزی موسـڵمانانداکەسـانێک هەن شـارەزاییەکی تەواویـان هەیـە لـەدرۆو جـادوو و گۆڕپەرسـتی و داواکـردن لەگـۆڕەکان بـۆ جـێ بەجـێ کـردنی پێداویسـتەکانیان و لادان و نەهێشـتنی کێشـەکانیان، هەروەکـو موشریکـە کۆنـەکانی لەسـەر بـوون یـان توندتر ، لـەوە زیاتر دانانی سـەیدەکان و خاوەنی تەریقەتـە صۆفییەکان بە پـەروەردگار جگـە لە خوا دەپەرسـتێن ، بۆ شـوێنکەوتوانیان شـەریعەتێک دادەڕێژن لەدینداکەخـوای گـەورە ئیـزنی لەسـەری نـەداوە. فـلا حـول ولا قـوة الا باالله .

---

(١) انظر (معالم السنن) (٢٣٠/٣) .

(٢) الدر المنثور - السيوطي ،

٨/ الاستسقاء بالانواء .(داوای باران بارین و چاوەروانکردنی بە پێی بورجەکان)

بریتییـە لـەوەی کـە بـاران بدرێتـە پـاڵ دەرکەوتنـی ئەسـتێرە یـان ئاوابـوونی ، هەروەکـو ئـەو شـێوەی سـەردەمی نەفامـی ، باوەڕیـان وابـوو کـەوا دەرکەوتنـی ئەسـتێرە یـان ئاوابـوونی کاریگـەری هەیـە لەسـەر بـاران بارین، دەڵێـن : بەهـۆی ئـەو بورجـەوە بارانمـان بـۆ دەبـارێ ، مەبەسـتیان ئـەو ئەسـتێرەیە، وەپێـی دەڵێـن : (نـوء) کـە ئەویـش دەرکەوتنـی ئەسـتێرەیە لەوشـەی (نـاء، ینـوء)ەوە هاتـووە : ئەگـەر هەسـتاو دەرکـەوت ، بۆیـە دەڵێـن : ئەگـەر فـلان ئەسـتێرە دەرچـێ ئـەوا بـاران دەبارێـت .

جـا مەبەسـت لـە (أنـواء) لای ئـەوان بیسـت و هەشـت جێگاکـەی مانگـە، لەهەمـوو سـیازدە شـەودا یەکێکیـان ئـاوا دەبێـت لـەکاتی دەرکەوتنـی شـەبەقداو بەرانبەرەکـەی دەردەکـەوێ، جـا هەمـوو تـەواو دەبـێ بەتـەواو بـوونی سـاڵی مانگـی (السـنة القمریـة) ، جـا عـەرەب لەسـەردەمی نەفامیـدا باوەڕیـان وابـوو لـەکاتی دەرکەوتنـی ئـەو ئەسـتێرە لەشـەبەقداو ئاوابـوونی بەرانبەرەکـەی بـاران دەبـارێ، ئەمـەش پێـی دەڵێـن : (الاستسـقاء بالأنـواء) ئـەوەش واتـە: دانـە پاڵـی بـاران بارین بـۆ ئـەو دەرکەوتنانـە.

ئەمـەش یەکێکـە لـەو بیروبـاوەڕە نەفامیانـەی کە ئیسـلام هاتووە بۆ پووچـەڵ کردنەوەو نەهـی کـردن لێـی، چونکـە بـاران بارین و بـاران نەبارین دەگەڕێتەوە بـۆ ئیـرادەو تەقدیرو حیکمـەتی خـوای گـەورە، وەدەرکەوتنـی هیـچ ئەسـتێرەیەک کاریگـەری لەسـەر نییـە، خوای گـەورە دەفەرموێـت: ﴿ * فَلَآ أُقۡسِمُ بِمَوَٰقِعِ ٱلنُّجُومِ ﴿٧٥﴾ وَإِنَّهُۥ لَقَسَمٞ لَّوۡ تَعۡلَمُونَ عَظِيمٌ ﴿٧٦﴾ إِنَّهُۥ لَقُرۡءَانٞ كَرِيمٞ ﴿٧٧﴾ فِي كِتَٰبٖ مَّكۡنُونٖ ﴿٧٨﴾ لَّا يَمَسُّهُۥٓ إِلَّا ٱلۡمُطَهَّرُونَ ﴿٧٩﴾ تَنزِيلٞ مِّن رَّبِّ ٱلۡعَٰلَمِينَ ﴿٨٠﴾ أَفَبِهَٰذَا ٱلۡحَدِيثِ أَنتُم مُّدۡهِنُونَ ﴿٨١﴾ وَتَجۡعَلُونَ رِزۡقَكُمۡ أَنَّكُمۡ تُكَذِّبُونَ ﴿٨٢﴾ ﴾ (الواقعة) واتـە : سـوێند بەجـێ و شـوێنی ئەسـتێرەکان(٧٥) وە ئـەوەش ئەگـەر بزانـن سـوێندێکی گەورەیـە، چونکـە دەڵاڵەتـی تێدایـە لەسـەر قودرەتی خـوا(٧٦) بەڕاسـتی ئەوەی وەحیـت بۆ کـراوە قورئانێکی بەفـەرە(٧٧) لەنامەیەکـی پارێزراودایـە، واتە:(لـوح المحفـوظ)(٧٨) کـەس دەسـتی لێنـادات، فریشـتەکان نەبێـت(٧٩) لەلایـەن پـەروەردگاری جیهانەکانـەوە دابەزێنراوەتە خـوارەوە(٨٠) ئایـا ئێـوە هـەر بـەم قورئانـە بـاوەڕ ناکـەن ؟!(٨١) وە ئێـوە شـوکرانەی رۆزیەکەتـان دەگێڕن بەکوفرانـی نیعمـەت و ئەڵێـن بەهـۆی فلانـە ئەسـتێرەوە بـاران دەبـارێ !.(٨٢).

جـا مەبەسـت لـە : ﴿وَتَجْعَلُونَ رِزْقَكُمْ أَنَّكُمْ تُكَذِّبُونَ ﴿٨٢﴾﴾ واتـە: ئـەو بارانـەی کەڕزقـی خوایـەو دایبەزانـدووە بدرێنـە پـاڵ ئەسـتێرە، بـەوەی بگوترێـت : بەهـۆی فـلان (نـوء) ەوە بارانمـان بـۆ بـاری، ئەمـەش گەورەتریـن درۆ و بوهتانـە، هەروەکـو لـە (عەلی)یـەوە ریوایـەت کـراوە کـەوا پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) فەرموویەتـی : (وَتَجْعَلُونَ رِزْقَكُمْ) دەڵێـت : سوپاسـگوزاریتان (أَنَّكُمْ تُكَذِّبُونَ) دەڵێـن : بـە هـۆی (نـوء)ی فلانـەوە بارانمـان بـۆ بـاری و بـە هـۆی فـلان ئەسـتێرەوە)[1] .

شـەیخ عبدالرحمـن بـن حسـن -ڕەحمـەتی خـوای لـێ بێـت- دەفەرموێـت: (ئەمـە لەپێشـترینیانە لـەوەی تەفسـیری ئایەتەکـەی پـێ کـردووە، ئـەوەش لـە (عـلی و ابـن عبـاس و قتـادة و الضحـاك و عطـاء الخراسـانی و جگـە لەوانـەوە) ڕیوایـەت کـراوە، ئـەوەش قسـەی جمهـوری موفەسـیرەکانە)[2] اهـ

لـە (ابـو مالـک الاشـعري) یـەوە هاتـووە کـەوا پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) فەرموویـەتی : (أربـع في أمتـي مـن أمـر الجاهليـة، لا يتركونهـن: الفخـر بالاحسـاب، و الطعـن في الانسـاب، والاستسـقاء بالنجـوم، والنياحـة)[3] واتـە : چـوار -ئـاکار - لـە ئوممەتەکەمـدا هـەن لـە کاروبـاری -سـەردەمی - نەفامیـن وازی لـێ ناهێنـن : شـانازی کـردن بـە ڕەچەڵەکـەوەو تانـەدان لـە نـەژادو داوای بارانکـردن لـە ڕێگـەی ئەسـتێرەکانەوەو شـیوەنکردن) .

جـا مەبەسـت لـە : (الجاهليـة) لێـرەدا سـەردەمی پێـش ڕەوانەکـردنی پێغەمبـەری خوایـە (ﷺ) جـا هەرشـتێک جیـاواز بێـت لـەوەی کـە پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) هێناویـەتی ئـەوە نەفامـی و جاهلییەتـە .

شـیخ الاسـلام ابـن تیمیـة -ڕەحمـەتی خـوای لـێ بێـت- لەمانـای ئـەم فەرموودەیـەدا دەفەرموێـت: هەواڵـی پێداویـن کـەوا هەنـدێ لەکاروبـاری سـەردەمی نەفامـی هـەن هەمـوو خەڵکـی وازی لـێ ناهێنـن ، وەکـو زەمێـک بـۆ ئـەو کەسـانەی وازی لـێ ناهێنـن

---

(١) أخرجه أحمد (٨٤٩) والترمذي (٣٣٠٦) والضياء في المختارة وابن ابي حاتم وابن جرير في تفسيريهما كما في (الدر المنثور) .

(٢) فتح المجيد (٥٣٦/٢) .

(٣) صحيح : أخرجه مسلم (٢١٥٧).

ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە هەر کار و بار و کردەوەیەک لەسەردەمی نەفامی بێت ئەوا شتێکی نەویستراوە لە دینی ئیسلامدا ، ئەگەر نا دانە پاڵی ئەو کارە خراپانە بۆ جاهلییەت هیچ زەمێکی تێدا نەبوو، ئاشکراشە کە ئەو کارانە دراوەتە پاڵ جاهلییەت ئەوا زەمی تێدایە ، ئەمەش وەکو ئەو ئایەتەیە کە دەفەرموێت: ﴿ وَلَا تَبَرَّجْنَ تَبَرُّجَ ٱلْجَٰهِلِيَّةِ ٱلْأُولَىٰ ﴿٣٣﴾ ﴾ ((الأحزاب) جا ئەمە زەمی دەرخستنی جوانی ئافرەتانی تێدایە و زەمی حاڵەتی سەردەمی جاهلییەتی یەکەمی تێدایە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە نابێ خۆمان بەوان بشوبهێنین بەگشتی .....))[1] اە.

وە مەبەست لە : (الاستسقاء باالنجوم) لەم فەرمودەیەدا مانای ئەوەیە کە باران بدرێتە پاڵ (نوء) ، ئەویش ئاوابوون و کەوتنی ئەستێرەیە، بەوەی بڵێن:_ بارانمان بۆ باری بە هۆی فلان و فلان ئەستێرەوە .

جا حوکمی (الاستسقاء بالانواء) کەوا ئەگەر ئەو کەسە باوەڕی وابوو کاریگەری هەیە لەسەر باران بارین ئەوا شیرک و کوفری گەورەیە، ئەمەش ئەوە بوو کە ئەهلی جاهلییەت باوەڕیان پێی هەبوو، بەڵام ئەگەر باوەڕی بە کاریگەری ئەستێرە نەبوو، وەتەنها خوای گەورە خۆی کاریگەری لەسەر هەیە ، بەڵام عادەتی وابوو کەلەکاتی کەوتن و ئاوابوونی ئەستێرەیەک باران بوونی دەبێ، جا ئەمە ناگاتە شیرکی گەورە ، بەڵکو شیرکی بچووکە، چونکە حەرامە باران بدرێتە پاڵ ئەستێرە، هەرچەندە لەڕێگای (مجاز)ەوە بێت ، وەکو داخستنی ئەو دەرگایە (سداً للذريعة) .

ئیمامی بوخاری و موسلیم ریوایەتیان کردووە لە (زید ی کوڕی خالد)ەوە- رەزای خوای لێ بێت- دەڵێت : پێغەمبەری خوا (ﷺ) نوێژی بەیانی لە(حدیبیة) بۆ کردین لە پاش بارانێک شەو باریبوو ، جا کە لە لەنوێژەکەی بووەوە رووی لە خەڵکی کرد و فەرمووی: **(هل تدرون ماذا قال ربكم ؟) قالوا : الله ورسوله أعلم ، قال : (قال : أَصْبَحَ من عِبَادِي مُؤْمِنٌ بِي وَكَافِرٌ ، فَأَمَّا من قال : مُطِرْنَا بِفَضْلِ اللَّهِ وَرَحْمَتِهِ ، فَذَلِكَ مُؤْمِنٌ بِي وَكَافِرٌ بِالْكَوْكَبِ ، وَأَمَّا من قال: مطرنا بِنَوْءِ كَذَا وَكَذَا فَذَلِكَ كَافِرٌ بِي وَمُؤْمِنٌ بِالْكَوْكَبِ)**[2]

---

(١) اقتضاء الصراط المستقيم (٢٣٥/١) .

(٢) متفق عليه : أخرجه البخاري (٨١٠) ومسلم (٧١) .

مەبەسـت لـە (أَصْبَحَ مـن عِبَـادِي مُؤْمِـنٌ بِي وَكَافِـرٌ) جـا تەفسـیری کـەسی ئیمانـداری کـردووە بـەوەی کـە بـاران دەداتـە پـاڵ فـەزڵ و ڕەحمـەتی خـواو تەفسـیری کـەسی بـێ باوەڕی کـردووە بـەوەی کەبـاران دەداتـە پـاڵ ئەسـتێرە ، ئەمـەش بەڵگـەی ئـەوەی تێدایـە کـەوا دروسـت نییـە کردارەکانـی خـوای گـەورە بدرێتـە پـاڵ هیـچ کەسـێکی تـر، ئـەوەش کوفـرە، جـا ئەگـەر بـاوەڕی وابـوو کـەوا ئەسـتێرە کاریگـەری هەیـە لەسـەر بـاران بارێـن ئـەوا کوفـری گەورەیـە، چونکـە ئـەوە شـیرکە لـە (الربوبیـة)دا وە کـەسی (مـشرک) یـش کافـرە ، بـەڵام ئەگـەر بـاوەڕی وانەبـوو کـەوا ئەسـتێرەکان کاریگەرییـان لەبـاران بارینـدا هەیـە ، بەڵکـو (مجـازاً) دایـە پـاڵ ئەسـتێرەکان ئـەوا حەرامـەو شـیرکی بچووکـە، چونکـە نیعمەتێـک لەنیعمەتـەکانی خـوای داوەتـە پـاڵ جگـە لەئـەو .

(القرطبـی) -ڕەحمـەتی خـوای لـێ بێـت- فەرموویـەتی : ((لـە پێشـدا لـە نـاو عەرەبـدا ئەگـەر ئەسـتێرەیەک دەرکەوتایـە لـە ڕۆژهەڵاتـەوەو یەکێـک لەڕۆژئـاواوە ئاوابوایـە و لەوکاتـەدا بـاران ببارییایـە یـان (با)یـەک هەڵـی بکردایـە ، ئـەوا هەندێکیـان دەیاندایـە پـاڵ ئـەو ئەسـتێرەیەی دەرکـەوت و هەندێکیـان دەیاندایـە پـاڵ ئـەوەی ئاوابـووە وەکـو دانـە پاڵـی بەدیهێنـان و دروسـتکردن، وە ئـەو قسـەیەیان دەکـرد کـە لەفەرموودەکـەدا هاتـووە، بۆیـە شـەرع نەهـی لـەو قسـەیە کـرد، بـۆ ئـەوەی هیـچ کەسـێک بـاوەڕی وەکـو بـاوەڕی ئـەوان نەبێـت و هیـچ کەسـێک گفتیـشی وەکـو ئـەوان نەبـێ....))

ئیمامـی (مسـلم) لە(صحیح)ەکەیـدا ڕیوایـەتی کـردووە دەربـارەی هـۆی دابەزینـی ئـەو ئایەتانـە: ﴿ ۞ فَلَآ أُقۡسِمُ بِمَوَٰقِعِ ٱلنُّجُومِ ﴿٧٥﴾ ﴾ (تاوەکـو ئایەتـی ٨٢) لـە (ابـن عبـاس) ەوە -ڕەزای خـوای لـێ بێـت- دەڵێـت: (هەندێکیـان وتیـان : (نـوء) ی فـڵان و فـڵان ڕاسـتی کـرد، بۆیـە خـوای گـەورە ئـەم ئایەتانـەی دابەزانـد : ﴿ ۞ فَلَآ أُقۡسِمُ بِمَوَٰقِعِ ٱلنُّجُومِ ﴿٧٥﴾ ﴾ تاکـو ئـەو ئایەتـە کـە دەفەرموێـت: ﴿ وَتَجۡعَلُونَ رِزۡقَكُمۡ أَنَّكُمۡ تُكَذِّبُونَ ﴿٨٢﴾ ﴾ [1].

جـا بـاران بارێـن لەخواوەیـە، وە بـە تواناو هێزو دەسـەڵاتی خوایـە ، هیچ دروسـتکراوێک دەسـتی تێدا نییە، هەروەکـو خوای گەورە دەفەرموێـت:﴿ أَفَرَءَيۡتُمُ ٱلۡمَآءَ ٱلَّذِي تَشۡرَبُونَ ﴿٦٨﴾ ءَأَنتُمۡ أَنزَلۡتُمُوهُ مِنَ ٱلۡمُزۡنِ أَمۡ نَحۡنُ ٱلۡمُنزِلُونَ ﴿٦٩﴾ ﴾(الواقعـة) واتـە : ئـەی سـەرنجی ئەو ئاوەتـان نەداوە

---

(١) أخرجه مسلم (٢٣١) .

ئەیخۆنـەوە(٦٨) ئایـا ئێـوە داتانبەزانـدووە لـە هەورەکان؟یـان ئێمـە دایدەبەزێنین؟(٦٩)

جـا هەرکەسـێ بـاران بارینـی دایـە پـاڵ ئەسـتێرەکان یـان ڕووداوە سروشـتییەکان وەکـو دابەزینـی پاڵـە پەسـتۆو کـەش و هـەوا ، ئـەوا درۆی کـردووەو بوهتـانی کـردووەو ئەمـەش شـیرکی گەورەیـە، بـەڵام ئەگـەر بـاوەڕی وابـێ کـە دابەزێنەرەکـەی تەنهـا خوایـە، بـەڵام ئـەو دانـە پاڵـە مەجـازی بێـت ئـەوا حەرامـەو کوفـری بچووکـە، چونکـە نیعمەتـەکانی داوەتـە پـاڵ جگـە لەخـوا ، وەکـو ئـەو کەسـەی بڵێـت : بەهـۆی (نـوء) ی فـلان و فلانـەوە بارانمـان بـۆ بـاری، کەمتەرخەمـی کـردن لـەم باسـەدا چەنـدە زۆرە لەسـەر زاری هەنـدێ لـە ڕۆژنامەنوسـەکان و میدیـاکاران، بۆیـە پێویسـتە لەسـەر کـەسی موسـڵمان ئـاگاداری ئـەوە بێـت ، خـوای گـەورە مۆفەقـمان بـکات ، ولا حـول ولا قـوة الا باالله العـلی العظیـم .

٩/ دانە پاڵی نیعمەتەکان بۆ جگە لە خوا

لەپێشـدا بـاسی حوکمـی دانـە پاڵـی بـاران بـۆ (انـواء) و (استسـقاء) مـان کـرد، ئێسـتاش قسـە لەسـەر حوکمـی دانـە پاڵـی نیعمەتـەکان بەگشـتی بـۆ جگـە لەخـوا دەکەیـن .

دانپێدانـان بـە فەزڵـی خـواو نیعمەتـەکانی و هەسـتان بەشـوکر کردنـی بەشـێکە لـە ناوەڕۆکـی عەقیـدە، چونکـە هەرکەسـێ نیعمەتـەکان بداتـە پـاڵ جگـە لەخاوەنەکـەی _ کەخـوای گەورەیـە_ ئـەو کوفـری کـردووەو شـیرکی کـردووە بـەو دانـە پاڵـەی بـۆ جگـە لەخـوا .

خـــوای گـــەورە دەفەرمووێـــت: ﴿يَعۡرِفُونَ نِعۡمَتَ ٱللَّهِ ثُمَّ يُنكِرُونَهَا وَأَكۡثَرُهُمُ ٱلۡكَٰفِرُونَ ٨٣﴾ (النحـل) واتـــە : نیعمـــەت و بەخششـــی خـــوا دەناســـن و پاشـــانیش نکووڵیـــی دەکـــەن و زۆربەشـــیان کافـــرو بـــێ بـــاوەڕن !).

هەنـدێ لـە موفەسـیرەکان فەرموویانـە : دەزانـن کـە نیعمەتـەکان لەلایـەن خوداوەیـە، وەخـوای گـەورە خـۆی نیعمەتـەکانی بەسـەریاندا ڕژانـدووە، بـەڵام ئـەوان ئینـکاری لـەوە دەکـەن، باوەڕیـان وایـە کـەوا ئـەوان لەبـاو باپیرانیانـەوە بۆیـان ماوەتـەوە ، وەهەندێکیـان دەڵێـن:_ ئەگـەر فـلان نەبوایـە ئـەوا ئـاواو ئـاوا ڕووی نـەدەدا، وەهەندێکیـان دەڵێـن: ئەمـە بەشـەفاعەتی خواکەمانـە)) .

ئـا بـەم شـێوەیە هەرکەسـەو نیعمەتـەکان دەداتـە پـاڵ ئەو کەسـەی بەمـەزنی دەزانێ لە باووباپیـرو خوداوەندەکانیـان و کەسـەکان ، کەچـی سـەرچاوە ڕاسـت و دروسـتەکەیان لەبیر کـردووە، وە ئـەو کەسـەی سـەرچاوەی حەقیقـەتی نیعمەتەکانـە ، کـە تەنها خـوای گەورەیە.

هەروەهـا هەندێکیـان نیعمـەتی ڕۆیشـتنی لەدەریـاداو سـەلامەت بـوون لـەو ترسـانەی دێتـە ڕێگایـان دەیدەنـە پـاڵ (بـا)و زیرەکـی کەشـتیوانەکە، دەڵێـت : (با)یەکـی چـاک بـوو وە کەشـتیوانەکەش زیـرەک و لێهاتـوو بـوو.

هـەر لـە نمونـەی ئەوانـە کەدێتـە سـەر زاری زۆرێـک لەخەڵکـی بـەوە دەسـتکەوتنی نیعمەتـەکان دوور خسـتنەوەی خراپـە و کێشـەکان دەدەنـە پـاڵ هـەوڵ و تێکۆشـانی حکومەتـەکان یـان تاکـەکان یـان پێشـکەوتنی زانسـت ، بـۆ نمونـە دەڵێـن :- پێشـکەوتنی پزیشـکی زاڵ بـووە بەسـەر نەخۆشـییەکاندا یـان لەناویـان بـردووە و نەیانهێشـتووە، وە بـە هـەوڵ و تێکۆشـانی فـلان هـەژاری و نەخوێنـدەواری نەمـاوە، ئـا لـە نمونـەی ئـەو گفتانـەی کـەوا پێویسـتە لەسـەر کـەسی موسـڵمان لێـی دوور بکەوێتـەوەو خـۆی لـێ بپارێـزێ بـە ئـەو پـەڕی خۆپاراسـتن ، وە پێویسـتە هەمـوو نیعمەتـەکانی بداتـە پـاڵ خـوای تـاک و تەنهـا و تەنهـا سـوپاسی ئـەو بـکات ، ئـەوەی کـە لەسـەر دەسـتی هەنـدێ خەڵکـی دەکرێـت چ تاکـەکان یـان کۆمەڵـەکان لەهەوڵـدان و تێکۆشـان ، ئـەوە تەنهـا هۆکارێکـە کـەوا ڕەنگـە بەرهەمـی هەبـێ یـان بەرهەمـی نەبـێ، ئەوانیـش بەئەنـدازەی هەوڵەکانیـان سـوپاس دەکرێـن ، بـەڵام دروسـت نییـەو نابـێ دەسـتکەوتنی ئەنجامـەکان بدرێتـە پـاڵ هیـچ کەسـێک تەنهـا خـوای گـەورە نەبـێ .

جـا خـوای گـەورە لەکتێبەکەیـدا بـاسی کۆمەڵـێ کـەسی کـردووە کـە نکۆڵییـان لەنیعمەتـەکانی خـوا دەکـرد بەسـەریانەوە ، وە ئـەو سـەروەت و سـامان و نیعمەتانەیـان داوەتـە پـاڵ جگـە لەخـوا، یـان لـە بـەر ئـەوەی شایسـتەی ئـەوەن یـان بـۆ شـارەزایی و زانیـاری و لێهاتوویـان.

خـوای گـەورە دەربـارەی مـرۆڤ دەفەرمـوێت: ﴿ وَلَئِنْ أَذَقْنَٰهُ رَحْمَةً مِّنَّا مِنۢ بَعْدِ ضَرَّآءَ مَسَّتْهُ لَيَقُولَنَّ هَٰذَا لِي وَمَآ أَظُنُّ ٱلسَّاعَةَ قَآئِمَةً وَلَئِن رُّجِعْتُ إِلَىٰ رَبِّيٓ إِنَّ لِي عِندَهُۥ لَلْحُسْنَىٰ ۚ فَلَنُنَبِّئَنَّ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ بِمَا عَمِلُوا۟ وَلَنُذِيقَنَّهُم مِّنْ عَذَابٍ غَلِيظٍ ﴿٥٠﴾ ﴾ (فصلت) واتـە : وە ئەگـەر لـە دوای

ئـەو زیانـەی پێـی گەیشـتبوو ، هەرخۆشـییەکی پـێ بچێژیـن: دارایـی و تەندروسـتیی بدەینـێ زۆر بەمتمانـەوە دەڵـێ: ئەمـە هـی خۆمـە، لەبەرشـیاوی خـۆم دەسـتم کەوتـووە، واتـە: لەخـوای ناناسـێ! و پێشـم وایـە قیامـەت بەرپـا نەبێـت، و گریـمان ئەگـەر گێڕدرامـەوە بـۆ لای پـەروەردگارم، واتـە: ‹وەك ئێـوە ئەڵێـن قیامـەت هـات و بەرپابـوو! ئـەوە بێگومـان پاشـەرۆژی باشـترم بـۆ هەیـە لـە لای خـوا جـا خـوا هۆشـیاریان دەکاتـەوەو ئەفەرمـوێ: جـا بێگومـان ئەوانـەی وا بـێ بـڕوان و ئـەو جـۆرە قسـانەش ئەکـەن، ئێمـە کـردارو رەفتـارە ناشـیرینەکانیان لـێ ئـاگادار دەکەیـن و بێگومـان سـزایەك، لـە جـۆری سـزایەکی دژواریـان پـێ دەچێژیـن) .

جـا مەبەسـت لـە : ﴿هَٰذَالِي﴾ واتـە: ئـەوەی ڕوویـداوە بـە زانسـت و زانیـاری خـۆم ڕوویـداوە ، منیـش شـایەنی ئـەوەم، نـەک ئـەوە فـەزڵ و نیعمـەتی خوایـە، نـەک بەهـەوڵ و توانـای عەبدەکەیـە .

خـوای گـەورە دەربـارەی قـارون دەفەرموێـت کـە گەنجینـەی مـەزنی پێـدا بـوو ، ئەویـش جـەور و سـتەمی لـە قەومەکـەی کـرد، جـا ئامۆژگاریـکاران ئامۆژگاریـیان کـردو فەرمانیـان پێکـرد کـە دان بەنیعمەتـەکانی خـوادا بنـات و سوپاسـگوزاری ئـەو بێـت ، کەچـی ئـەو لـە خۆبایـی بـوو ئەمجـار وتی:﴿ قَالَ إِنَّمَآ أُوتِيتُهُۥ عَلَىٰ عِلْمٍ عِندِيٓ ﴿٧٨﴾ ﴾ (القصص) واتـە : ئـەو مـاڵ و سـامانە کەمـن هەمـە هەمـووی بـە هـۆی زانیاریـی و زانسـتیی خۆمـەوە پێـم دراوە، واتـە: مـن هـەر خـۆم شایسـتەی ئـەوەم) .

واتـە: ئـەم هەموو گەنجینانەم دەسـت کەوتووە بەهۆی زیرەکی و شـارەزایی خۆمەوە بە شـێوازەکان و بوارەکانی کەسـابەت ، نەک ئەوە فەزڵێک بێت لەخواوە ، بۆیە دەرئەنجامەکەی خراپتریـن دەرئەنجـام بـوو و سـزاکەی تونـدتریـن سـزا بـوو، خـوای گـەورە خـۆی و ماڵەکـەی ڕۆچوانـدە بـن زەوییـەوە بەهـۆی ئـەوەی نیعمەتـەکانی خـوای ئینـکار کـردو دایـە پـاڵ جگە لەخـواو هەمـوو ئەوانـەش بەهۆی تواناو دەسـەڵاتی خۆیـەوە بووە .

چەنـد شایسـتەترن ئەوانـەی لـەم سـەردەمەی خۆمانـدا مەغـرور بوونـە بەهـۆی ئەوەی کەداهێنـان وتواناکانیـان کەخـوای گـەورە بـەوانی بەخشـیوە وەکـو تاقیکردنەوەیـەک بۆیـان، جـا شـوکری نیعمەتـەکانی خوایـان نەکـرد ، شـانازی و فەخریـان بەهـەوڵ توانـای خۆیانـەوە

کـرد ، وەلـە سـەر زەویـدا بەبـێ حـەق جـەور و سـتەمیان کـرد وەدەسـتدرێژییان کـردووە بەسـەر بەنـدەکانی خـوادا، ئەوانـە چەنـدە شایستەترن بـە سـزا!!

پێـش ئـەوان قەومـی (عـاد) بـە هێـزو توانـای خۆیـان مەغـرور بـوون، هەروەکـو خـوای گـەورە دەربارەیـان دەفەرمووێـت:﴿ فَأَمَّا عَادٌ فَٱسْتَكْبَرُوا۟ فِى ٱلْأَرْضِ بِغَيْرِ ٱلْحَقِّ وَقَالُوا۟ مَنْ أَشَدُّ مِنَّا قُوَّةً ۖ أَوَلَمْ يَرَوْا۟ أَنَّ ٱللَّهَ ٱلَّذِى خَلَقَهُمْ هُوَ أَشَدُّ مِنْهُمْ قُوَّةً ۖ وَكَانُوا۟ بِـَٔايَـٰتِنَا يَجْحَدُونَ ﴿١٥﴾ فَأَرْسَلْنَا عَلَيْهِمْ رِيحًا صَرْصَرًا فِىٓ أَيَّامٍ نَّحِسَاتٍ لِّنُذِيقَهُمْ عَذَابَ ٱلْخِزْىِ فِى ٱلْحَيَوٰةِ ٱلدُّنْيَا ۖ وَلَعَذَابُ ٱلْـَٔاخِرَةِ أَخْزَىٰ ۖ وَهُمْ لَا يُنصَرُونَ ﴿١٦﴾ ﴾ (فصلت) واتـە : ئینجـا عـاد «گەلـی هـود» بەناڕەوا لەسـەر زەویـدا لەخۆبایی بـوون و سـەرپێچییان کـردو یاخیـی بوون، ئازاری هـودو بڕوادارانیان دا ! گوتیـان: کێ لەئێمە بەهێزتـرە ،تـا بتوانـێ سـزامان بـدات ؟! ئـەی ئایـان نەیانزانیـوە کـە ئـەو خوایـە وا ئەوانـی دروسـتکردووە، لـەوان بەهێزتـرە؟ دیارە بـە ئایەتەکانی ئێمە نکووڵی و حاشـایان کرد !! (١٥) جـا ئێمـەش (با)یەکـی تونـدی بەدەنگـمان ناردە سـەریان کـە: هـەر بەشریخـەو دەنگەکەی زۆربەیـان مـردن لەچەنـد رۆژێکـی تـووش و شـوومدا، تاهـەر لەم ژیانـی دنیایەدا سـزایەکی ئابڕووبەریـان پـێ بچێژیـن بێگومـان سـزای پاشـە رۆژیـش سـەخت تـرو ئابـڕوو بەرتـرە و یارمەتیـش نادرێـن بـۆ رزگار بوونیان).

فەرمـوون ئەمـە چیرۆکێکـە کـەوا پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) بـۆی گێڕاینەتـەوە دەربـارەی کۆمەڵێکـی پێـش خۆمـان ،خـوای گـەورە تاقییانی کـردەوەو نیعمەتی خـۆی ڕژاند بەسـەریاندا جـا هەندێکیـان نکۆڵییـان لەنیعمەتـەکانی خـوا کـرد و ئـەو سـەروەت و سـامانەی داوە پـاڵ میراتـەوە لەبـاوو باپیرانیانـەوە، خـوای گـەورە لـەوان تـووڕە بـوو، وە تیایانـدا هەبـوو دانی نا بـە فەزڵـی خـوا و سـوپاسی نیعمەتـەکانی خـوای کـرد، بۆیـە خـوای گـەورە لێیـان ڕازی بـوو .

لە (ابو هریرة)وە ڕیوایەت کراوە کەوا ئەو گوێی لەپێغەمبەری خوا (ﷺ) بووە فەرموویەتی:

((إن ثلاثة في بني إسرائيل : أبرص وأقرع وأعمى ، فأراد الله عز وجل أن يبتليهم ، فبعث إليهم ملكا ، فأتى الأبرص ، فقال له: أي شيء أحب إليك ؟ قال : لون حسن ، وجلد حسن ، ويذهب عني الذي قد قذرني الناس ، قال : فمسحه فذهب عنه قذره، وأعطي لونا حسنا ، وجلدا حسنا ، ثم قال الملك للأبرص : فأي المال أحب إليك ؟ قال : الإبل ، فأعطي ناقة عشراء)) ثم قال الملك: ((بارك الله لك فيها ، فأتى

الأقـرع ، فقـال : أي شيء أحـب إليـك ؟ قـال : شـعر حسـن ، ويذهـب عنـي هـذا الـذي قـد قـذرني النـاس ، قـال : فمسـحه فذهـب عنـه وأعطـي شـعرا حسـنا ، قـال : فـأي المـال أحـب إليـك ؟ قـال : البقـر ، قـال : فأعطـي بقـرة حامـلا ، فقـال : بـارك اللـه لـك فيهـا ، فـأتى الأعمـى ،فقـال : أي شيء أحـب إليـك ؟ قـال : أن يـرد اللـه إلي بـصري فأبـصر بـه النـاس ، قـال : فمسـحه فـرد اللـه إليـه بـصره ، ثـم قـال الملـك للأعمـى: فـأي المـال أحـب إليـك ؟ قـال الغنـم : فأعطـي شـاة والـدا ، فأنتـج هـذان وولـد هـذا ، فـكان لهـذا واد مـن الإبـل ، ولهـذا واد مـن البقـر ، ولهـذا واد مـن الغنـم ، ثـم إنـه أتى الأبـرص في صورتـه وهيئتـه ، فقـال : رجـل مسـكين قـد انقطعـت بي الحبـال في سـفري ، فـلا بـلاغ لي اليـوم إلا باللـه ثـم بـك ، أسـألك بالـذي أعطـاك اللـون الحسـن ، والجلـد الحسـن ، والمـال ، بعـيرا أتبلـغ عليـه في سـفري ، فقـال : الحقـوق كثـيرة ، فقـال :كأني أعرفـك ، ألم تكـن أبـرص يقـذرك النـاس ، فقـيرا فأعطـاك اللـه عـز وجـل المـال ؟ فقـال : إنمـا ورثـت هـذا المـال كابـرا عـن كابـر)) ، فقـال : إن كنـت كاذبـا فصـيرك اللـه إلى مـا كنـت ، وأتى الأقـرع في صورتـه ، فقـال لـه مثـل مـا قـال لهـذا ، ورد عليـه مثـل مـا رد عـلى هـذا ، فقـال : إن كنـت كاذبـا فصـيرك اللـه إلى مـا كنـت ، قـال : وأتى الأعمـى في صورتـه وهيئتـه ، فقـال : رجـل مسـكين وابـن سـبيل انقطعـت بي الحبـال في سـفري ، فـلا بـلاغ لي اليـوم إلا باللـه ، ثـم بـك ، أسـألك بالـذي رد عليـك بـصرك شـاة أتبلـغ بهـا في سـفري ، فقـال : قـد كنـت أعمـى فـرد اللـه إلي بـصري ، فخـذ مـا شـئت ،ودع مـا شـئت ، فواللـه لا أجهـدك اليـوم شـيئا أخذتـه للـه ، فقـال : أمسـك مالـك ، فإنمـا ابتليتـم ، فقـد رضي عنـك، وسـخط عـلى صاحبيـك))[1] واتـه : سـێ کـەس هەبـوون لـه بەنـی ئیسرائیلـدا ، گەڕێـک و کەچەڵێـک و نابینایـەک ، خـوای گـەورە ویسـتی تاقیـان بکاتـەوە ، بۆیـە فریشـتەیەکی بـۆ ڕەوانـە کـردن و ئەویـش هـات بـۆ لای کابـرای گـەڕ و پێـی گـوت : چـی شـتێک لای تـۆ لـه هەمـوو شـتێک خۆشەویسـترە ؟(واتـه: ئـاوات بخـوازە) گوتـی : ڕەنگێکـی جـوان و پێسـتێکی جـوان و ئـەوەی کـه بـه هۆیـەوە خەڵکـی بێـزم لـێ دەکەنـەوە لـه سـەرم نەمێنـی و چـاک ببمـەوە ، گوتـی : بـه دەسـتەکانی سـڕی و ئەویـش چـاک بـووەوەو بێزێکـەی نەمـا و ڕەنگێکـی جـوان و پێسـتێکی جوانـی پـێ بەخـشرا ، گوتـی : : حـەز لـه چـی جـۆرە سـامانێک دەکەیـت ؟ وتـی : وشـتر ، وشـترێکی ئاوسـی پـێ

---

(١) متفق عليه ، البخاري (٣٤٦٤) ومسلم (٧٣٥٧) .

درا (عـشراء : ئـەو وشـترانەیە کـە دە مانـگ یـان هەشـت مانـگ بـە سـەر ئـاوس بوونیانـدا تێپەڕیـوە) ئەمجـار فریشـتەکە گوتـی : خـوای گـەورە بەرەکـەت بخاتـە سـامانەکەتەوە))

ئەمجـار چـوو بـۆ لای کابـرای کەچـەڵ و گوتـی: چـی شـتێک لای تـۆ لـە هەمـوو شـتێک خۆشەویسـترە؟ گوتـی: قژێکـی جـوان و ئـەوەی کـە بـە هۆیـەوە خەڵکـی بێـزم لـێ دەکەنـەوە نەمێنـێ ، ئەویـش بـە دەسـتەکانی سـڕی و ئەویـش چـاک بـووەوەو قژێکـی جوانـی پـێ بەخـشرا ، گوتـی : : حـەز لـە چـی جـۆرە سـامانێک دەکەیـت ؟ گوتـی : مانـگا (چێـل) ، گوتـی : ئەویـش مانگایەکـی ئاوسـی پـێ درا و گوتـی : خـوای گـەورە بەرەکـەت بخاتـە نـاو سـامانەکەتەوە .

ئەمجـار چـوو بـۆ لای کابـرای نابینـا و گوتـی : چـی شـتێک لای تـۆ لـە هەمـوو شـتێک خۆشەویسـترە؟ گوتـی : خـوای گـەورە چاوەکانـم بـۆ بگێڕێتـەوە و خەڵکـی پـێ ببینـم ، گوتـی : ئەویـش سـڕی و خـوای گـەورە چاوەکانـی بـۆ گەڕانـدەوە .

ئەمجـار فریشـتەکە بـە کابـرای نابینـای گـوت : حـەز لـە چـی جـۆرە سـامانێک دەکەیت ؟ گوتـی : مـەڕ ، گوتـی : ئەویـش مەڕێکـی ئاوسـی پێدا .

ئـەو دووانـەی پێشـوو بەرهەمییـان زیـادی کـرد و ئەویـتر بێچـووی زۆری بـوو ، پاشـان ئەمیـان پـڕ دۆڵێـک وشـتری بـوو وە ئەمیـش پـڕ دۆڵێـک مانـگای بـوو وە ئەویـش پـڕ دۆڵێـک لـە مـەڕ .

پاشـان هـات بـۆ لای کابـرای گـەڕ لـە شـێوە و وێنـەی خـۆی ، گوتـی : کابرایەکـی هـەژارم و هەمـوو ڕێگاکان لـە سـەفەرەکەمدا لێبـڕاوە و هێـچ دااڵدەیەکـم نییـە تەنهـا لای خـوا و ئەمجـار لای تـۆ نەبێـت، بۆیـە داوات لـێ دەکـەم لـە بـەر خاتـری ئـەو کەسـەی ئـەو ڕەنگـە جوانـە و ئـەو پێسـتە جوانـە و ئـەو سـامانەی پێـداوی کـە وشـترێکم پـێ بـدە بـۆ ئـەوەی لـە سـەفەرکەمدا بـە کاری بهێنـم ، ئەویـش گوتـی: خەڵکـی ڕەواتـر زۆرن ، وتـی : دەڵێـی مـن تـۆ دەناسـم ؟ ئایـا تـۆ کەسـێکی گـەڕ نەبوویـت و خەڵکـی بێـزی لێـت دەکـردەوە ، هـەژار بوویـت و خـوا پێـی بەخشـی ؟ گوتـی : بەڵکـو مـن ئـەم سـامانەم لـە باوباپیـرە گـەورە بەرێزەکانـەوە و ئەوانیـش لـە گـەورە بەرێزەکانـەوە بـۆم بـە جـێ مـاوە ، گوتـی : ئەگـەر درۆ دەکەیـت ئـەوا خـوای گـەورە بتگێڕێتـەوە سـەر حاڵـی جـاران)) .

ئەمجـار هـات بـۆ لای کابـرای کەچـەڵ لەسـەر شـێوەی خـۆی ، ئـەوەی کـە بـە کابـرای پێشـوو گـوت بـە ئەمیشـی گـوت ، ئەویـش وەکـو کابـرای پێشـوو وەڵامـی دایـەوە ، ئەویش گوتـی : ئەگـەر درۆ دەکەیـت ئـەوا خـوای گـەورە بتگێڕێتـەوە سـەر حاڵـی جـاران .

ئەمجـار هـات بـۆ لای کابـرای نابینـا لەسـەر شـێوە و دیمەنـی خـۆی گوتـی : کابرایەکـی هـەژار و ڕێبـوارم و هەمـوو ڕێگاکانـم لێبـڕاوە لـە سـەفەرکەمدا و هێـچ دااڵدەیەکـم نییـە تەنهـا لای خـوا و ئەمجـار لای تـۆ نەبێـت بۆیـە داوات لـێ دەکـەم لـە بـەر خاتـری ئـەو کەسـەی کـە چاوەکانـی بـۆ گێڕایـەوە مەڕێکـم پـێ بـدە بـۆ ئـەوەی لـە سـەفەرکەمدا بـە کاری بهێنـم ، ئەویـش گوتـی : مـن کەسـێکی نابینـا بـووم و خـوای گـەورە چاوەکانـی بـۆ گەڕاندمـەوە بۆیـە هەرچـی دەبـەی ببـە و هەرچـی بـە جـێ دەهێڵـی ئـەوا بـە جێـی بهێڵـە سـوێند بـە خـوا هەرگیـز ڕێـگات لـێ ناگـرم لـە بـەر خـوا هەرچـی ببـەی ، بۆیـە فریشـتەکە گوتـی : دەسـت بـە سـامانی خۆتـەوە بگـرە ، بزانـە کـە ئێـوە تاقیکرانـەوە ، جـا خـوای گـەورە لـە تـۆ ڕازی بـوو وە لـە دوو هاوەڵەکـەت پەسـت بـوو)) .

ئەمـە فەرموودەیەکـی مەزنـە چەنـد عیبرەتێکـی تێدایـە، دوو کەسـە یەکەمەکـە نکۆڵییـان لەنیعمەتـەکانی خـوا کـرد، نەیاندایـە پـاڵ خـوای گـەورە، وە ڕێگربـوون لەپێـدانی حەقـی خـوا تێیـدا، بۆیـە تووڕەبـوونی خوایـان تـووش بـوو، وەنیعمەتـەکانی لـێ سـەندرایەوە ، بـەڵام ئەویـتر دانی نـا بەنیعمەتـەکانی خـواداو دایـە پـاڵ ئـەو و حەقـی خـوای تێیـدا دا ، بۆیـە شایسـتەی ڕازی بـوونی خـوا بـوو، خـوای گـەورە ماڵەکـەشی بـۆ هێڵایـەوە لەبـەر ئـەوە هەسـتا بەشـوکری نیعمەتـەکانی.

ابـن القیـم دەفەرموێـت: ((ئەصـل و بنەمـای سوپاسـگوزاری بریتییـە لەدانپیادانـان بەنیعمەتـەکانی ئـەوەی نیعمـەتی پـێ بەخشـیون لـەڕووی ملکەچـی بـۆ ئـەو و زەلیـلی و خۆشەویسـتی ، جـا هەرکەسـێ بەنیعمەتەکـەی نەزانـێ بەڵکـو بـێ ئاگابـوو لێـی، ئـەوا سوپاسـگوزاری نەبـووە، وە هەرکەسـێ بەنیعمەتـەکانی زانی و ئـەو کەسـەی نەناسی کـە نیعمەتەکـەی پـێ بەخشـیوە ئـەوا بەهەمـان شـێوە شـوکری نەکـردووە ، وە هەرکەسـێ بـە نیعمەتەکـەی زانی و ئـەو کەسـەی نـاسی نیعمەتەکـەی پـێ بەخشـیوە ، بـەڵام نکۆڵـی لێکـرد هەروەکـو ئـەوەی نکۆڵـی لەنیعمەتەکـەو ئـەو کەسـەی نیعمەتەکـەی پـێ بەخشـیوە بکات

ئەوە کوفری پێ کردووە. وە هەرکەسێ بەنیعمەتەکەی زانی و ئەو کەسەش کەنیعمەتەکەی پێ بەخشیوەو دانی پێدا ناوەو نکۆڵی لێ نەکردووە بەڵام ملکەچی نەبووەو خۆشی نەویستوو و پێی ڕازی نەبوو و لێی ڕازی نەبووە ئەوا بە هەمان شێوە شوکری نەکردووە، وە هەرکەسێ زانی و ئەو کەسەی ناسی کەپێی بەخشیوە و دانی پێدا ناوە و ملکەچی بووەو خۆشیویستوو و پێی ڕازی بوو و لێی ڕازی بووە، وە لە خۆشەویستی و گوێڕایەڵی ئەودا بەکاری هێناوە، ئەمە ئەو کەسەیە سوپاسگوزاریەتی ، بۆیە لە شوکردا پێویستی بە عیلمی دڵە، وە کارێک شوێنی عیلم بکەوێت، ئەویش بریتییە لەلادان بەرەو لای ئەو کەسەی نیعمەتی پێ بەخشیوەو خۆشویستنی و ملکەچ بوون بۆی....)[1] .

شیرکی بچووک :

شیرکی بچووک تەوحید کەم دەکاتەوەو خەلەلی تێ دەکات، چەند شتێک هەیە شیرکی بچووکن ، خوا و پێغەمبەرەکەی (ﷺ) ئاگاداری کردینەتەوە، وەکو پاراستنی عەقیدەو تەوحید چونکە تەوحید کەم دەکەنەوە، ڕەنگە خاوەنەکەشی بەرەو شیرکی گەورە ببات.

خوای گەورە دەفەرموێت:﴿ فَلَا تَجْعَلُوا۟ لِلَّهِ أَندَادًا وَأَنتُمْ تَعْلَمُونَ ﴿٢٢﴾ ﴾ (البقرة) واتە : جاکەوابوو ئێوەش چاك بیپەرستن و، هیچ جۆرە هاوبەشێکی بۆ دامەنێن و تەنها یاساو بەرنامەکەی ئەو وەرگرن دەخۆ خۆیشتان چاك دەزانن کە ئەوجۆرە بتانە هیچیان بەدەست نیەو، تەنها خوای گەورەیە ڕۆزیی و دارایی و سامانتان دەداتێ).

ئیبن عەبباس – ڕەزای خوا لە خۆی و باوکی بێت- دەربارەی ئەم ئایەتە دەفەرموێت: (الانداد) بریتییە لەو شیرکانەی کە سوکترە لە خشەی مێروو لە لە سەر بەردێکی ڕەش لە تاریکە شەودا، ئەویش ئەوەیە کە بڵێت : سوێند بە خوا و سوێند بە ژیانی تۆ ئەی فلان و سوێند بە ژیانی من ، وە بڵێیت : ئەگەر ئەم سەگە نەبوایە ئەوا دز دەهاتە سەرمان ، وە ئەگەر ئەو مراوییە لە ماڵماندا نەبوایە ئەوا دز دەهاتە سەرمان ، وە قسەی کەسێک بە هاوەڵەکەی دەڵێت : (ما شاء الله وشئت) وە قسەی کەسێک : ئەگەر خوا و فلان نەبوایە ، فلان کەسی تێدا مەکە ، ئەمە هەمووی شیرکی تیادایە))[2] .

---

(١) مدارج السالكين لابن القيم (٢٤٢/٢) .

(٢) رواه ابن ابي حاتم ، ذكر ذلك السيوطي في تفسيره (الدر المنثور) سورة البقرة ، آية (٢٢).

جـا ئیـبن عەببـاس -ڕەزای خـوای لـێ بێـت- ڕوونی کـردەوە کـەوا ئـەم شـتانە بەشـێکن لـە شـیرک وە مەبەسـتیش لێـی شـیرکی بچووکـە، وە ئایەتەکـەش گشـتگیرە شـیرکی گـەورەو شـیرکی بچـووک دەگرێتـەوە، جـا ئیـبن عەببـاس ئـاگاداری کردینـەوە بـەو شـتانە ، بـە بچووکەکـەی (کـە ئەویـش شـیرکی بچووکـە)و لـە بەرزەکـەی (کـە ئەویـش شـیرکی گەورەیـە) ، چونکـە ئـەم گفتارانـە بەسـەر زاری زۆرێـک لەخەڵکیـدا دێـت یـان لەبـەر نەفامـی و یـان لەبـەر کەمتەرخەمـی.

لە نمونەی ئەو شتانە:

١/ سوێند خواردن بەجگە لە خوا :

ئـەوەش شـیرکە، هەروەکـو ئەمیـری ئیمانـداران (عومـەری کـوڕی خەتتـاب) ڕیوایـەتی کـردووە لـە پێغەمبـەری خـواوە (ﷺ) کـەوا فەرمویـەتی: ((**مـن حلـف بغـير اللـه فقدكفـر أو أشرك**)[1]. واتـە: هـەر کەسـێ سـوێند بـە غەیـری خـوا بخـوات ئـەوا کوفـری کـردووە یـان شـیرکی بـۆ خـوای گـەورە ئەنجـام داوە.)

مەبەسـت لـە: (فقـد كفـر أو أشرك) ڕەنگـە ئەمـە گومانێـک بێـت لـە (ڕاوی)یەکـەوە، وەڕەنگـە ئـەو (أو) بەمانـای (و) بێـت ، جـا دەبێتـە (كفـر و أشرك) واتـە: کوفـرو شـیرکی کـردووە، جـا کوفرەکـە لـە کوفـری گـەورە کەمـترو بچووکـترە هەروەکـو چـۆن شـیرکەکە شـیرکی بچووکـە.

ئەمـڕۆ لەنـاو خەڵکیـدا سـوێند خـواردن بـە جگـە لەخـوا زۆر بـووە، وەکـو ئـەوەی سـوێند بەئەمانـەت دەخـوات، یـان سـوێند بـە پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) دەخـوات ، یـان دەڵێـت :- سـوێند بەژیـانی مـن و ژیـانی تـۆ ئـەی فـلان کـەس، چەنـد زۆرن ئـەو گفتارانـە، وەچەندیـن فەرموودەمـان بیسـتووە لـەو بـارەوە کەنەهـی دەکات لـە سـوێند خـواردن بەجگـە لەخـواو بەکوفـر یـان بەشـیرکی دادەنـا ، چونکـە سـوێند خـواردن بەشـتێک بەمەزن زانینـی ئـەو شـتەیە، جـا ئـەوەی پێویسـتە بەمـەزن بزانرێـت و سـوێندی پـێ بخوردرێـت ئـەوە تەنهـا خوایـە، وە سـوێند خـواردن بـە جگـە لـە خـوا شـیرکەو تاوانێکـی گەورەیـە.

---

(١) (٣٦) (صحيح الجامع الصغير: ٦٢٠٤).

(ئیـبن مەسـعود) فەرموویەتـی : (**لأن أحلـف باللـه كاذبـاً أحـب إلي مـن أن أحلـف بغـيره صادقـاً**)[١] واتـە : ئەگـەر سـوێند بـە خـوا بخـۆم لـە کاتێکـدا تێیـدا درۆزن بـم ، پێـم خۆشـترە لـەوەی کـە سـوێند بخـۆم بـە جگـە لـە خـوا و تێیـدا راسـتگۆ بـم).

ئاشکراشـە سـوێند خـواردن بەخـوا ئەگـەر بـە درۆوە بێـت ئـەوا یەکێکـە لـە تاوانـە گـەورەکان، بـەڵام شـیرک _کەسـوێند خواردنـە بەجگـە لەخـوا_ گەورەتـرە لەتاوانـە گـەورەکان، هەرچەنـدە شـیرکەکەش شـیرکی بچـووک بێـت .

بۆیـە پێویسـتە لەسـەر کـەسی موسـڵمان ئـاگاداری ئەمـە بێـت ، وە شـوێن عـاداتی نەفامـی و جاهـلی نەکـەوێ، پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) فەرمویـەتی : (**مـن كان حالفـاً فليحلـف باللـه أو ليصمـت**)[٢] واتـە : هەرکەسـێک سـوێندی خـوارد ئـەوا بـا سـوێند بەخـوا بخـوات یـان بـێ دەنـگ بێـت) .

هەروەهـا پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) فەرموویەتـی : (**لا تحلفـوا بآبائكـم**)[٣] واتـە: سـوێند بـە باوکتـان مەخـۆن) .

جگـە لـەوەو چەندیـن دەقـی تـر هەیـە کـە فەرمانمـان پـێ دەکات ئەگـەر ویسـتمان سـوێند بخۆیـن ئـەوا تەنهـا سـوێند بەخـوا بخۆیـن و بەجگـە لـە ئـەو سـوێند نەخۆیـن .

وە پێویسـتە ئەگـەر کەسـێک سـوێندیان بـە خـوا بـۆ خـوارد ئـەوا ڕازی بێـت، هەروەکـو پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) فەرموویـەتی: (**مـن حلـف باللـه فليصـدق ومـن حُلـف لـه باللـه فلـيرض ومـن لم يـرض فليـس مـن اللـه**) .

---

(١) أخرجه ابو نعيم في الحلية والطبراني في الكبير وعبدالرزاق في مصنفه .

(٢) متفق عليه ، البخاري (٦١٠٨) ومسلم (٤٢٣٣).

(٣) متفق عليه ، البخاري (٣٨٣٦) ومسلم (٤٢٣٥).

٢/ شیرک لە گفتارو وشەکاندا :

هـەر لـە جۆرەکانـی شـیرکی بچـووک شـیرک لـە وشـەو گفتەکانـدا هەیـە ، وەکـو ئەوەی بڵێـت: (مـا شـاء اللـه وشـئت) .

ئیمامـی ئەحمـەد و (النسـائي) ریوایەتیـان کـردووە لـە (قتیلـة)وە کـەوا کابرایەکـی جولەکـە هاتـە خزمـەت پێغەمبـەری خـوا(ﷺ) و پێـی فەرمـوو : ((**إنكـم تشركـون ! تقولـون : مـا شـاء اللـه وشـئت وتقولـون : والكعبـة ، فأمرهـم النبـي إذا أرادوا أن يحلفـوا أن يقولـوا : ورب الكعبـة ، وأن يقولـوا : ماشـاء اللـه ثـم شـئت**)[1] واتـە : ئێـوە شـیرک بڕیـار دەدەن ، دەڵێـن : (**مـا شـاء اللـه وشـئت**) وە دەڵێـن : سـوێند بـە کەعبـە ، جـا پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) فەرمانـی پـێ کـردن ئەگـەر ویسـتیان سـوێند بخـۆن ئـەوا بڵێـن : سـوێند بـە پـەروەردگاری کەعبـە و بڵێـن : (**ماشـاء اللـه ثـم شـئت**) .

هەروەهـا ئیمامـی (النسـائي) لـە (ئیـبن عەبـباس)ەوە ریوایەتـی کـردووە کـەوا کابرایـەک بـە پێغەمبـەری خـوای (ﷺ) فەرمـوو : (**مـا شـاء اللـه وشـئت**) پێغەمبـەری خـوا(ﷺ) فەرمـووی : (**أجعلتنـي للـه نـدا ؟! قـل : مـا شـاء اللـه وحـده**)[2] واتـە : منـت کـرد بـە هاوتـای خـوا ؟ بڵـێ : خـوای تـاک و تەنهـا ویسـتی لەسـەر بـوو) .

جـا ئـەو دوو فەرموودەیـەو ئەوانـەی دەربـارەی ئـەو مانایـە هاتـوون بەڵگـەن لەسـەر نادروسـتی وتنـی: (ماشـاء اللـه وشـئت) و لـە نمونـەی ئـەو گفتارانـە وەکـو : (لـولا اللـه و أنـت) (مـا لي الا اللـه و أنـت) چونکـە (عطـف) لەزمـانی عەرەبیـدا بـە پیتـی (واو) یەکسـان بـوون دەگرێتـەوە لەنێـوان ئـەو دوانـەی (عطـف) یـان لەسـەر یـەک کـردووە، ئەمـەش شـیرکە، جـا پێویسـتە بەپیتـی (ثـم) عطـف لەسـەر یـەک بکرێـن و بگوترێـت : ماشـاء اللـه ثـم شـئت ، یـان: ثـم شـاء فـلان، (لـولا اللـه ثـم انـت) یـان: ثـم فـلان (مـالی الا اللـه ثـم انـت) چونکـە (عطـف) بـە (ثـم) ڕیزبەنـدی (تەرتیـب) و لـەدوای یەکبـوون لـە خۆدەگرێـت، وە ویسـتی بەنـدەکان لەپـاش ویسـتی خـوای گـەورە دێـت، نـەک یەکسـان بێـت لەگـەڵ ئـەودا، هەروەکـو خـوای گـەورە دەفەرموێـت:﴿ وَمَا تَشَآءُونَ إِلَّآ أَن يَشَآءَ ٱللَّهُ

---

(١) أخرجه أحمد (٢٧٦٣٣) والنسائي (٣٧٨٢) .

(٢) أخرجه أحمد (١٨٣٩) والنسائي (٩٨٨) وابن ماجة (٢١١٧) .

رَبُّ ٱلْعَٰلَمِينَ ﴿٢٩﴾ ﴾ (التكوير) واتـە: وە ئێـوە ئـارەزووی ئیسـتیقامە ناکـەن، مەگـەر خـوای خاوەنـی جیهانـەکان ئـارەزووی بـکات، جـا کەوابـوو داوای یارمەتـی هـەر لـەو بکـەن و خۆشـتانی بەتـەواوی بـۆ ڕێـك بخـەن، تـا خوایـش پشـتیوانتان بـێ و ڕێنماییتـان بـکا، ئەگینـە خـوا بـەزۆر هیـچ کەسـێك ناهێنێتـە ژێـر بـار) .

جـا ویسـتی بەنـدەکان شـوێنکەوتەی ویسـتی خوایـە، جا عەبـدەکان هەرچەنـدە خاوەنی ویسـت و مەشـیئەتن_بە جیـاواز لەگـەڵ گـرووی جەبرییـە_ جـا ویسـتەکەی شـوێنکەوتەی ویسـتی خوایـە، وەهەرگیـز ناتوانـێ شـتێکی بوێـت ئیـللا مەگـەر خـوای گـەورە ویسـتی لـێ بووبێـت، بەجیـاواز لەگـەڵ (قـەدەری و موعتەزیلـەکان و جگـە لـەوان) کـە بـۆ بەنـدەکان ویسـتێک دەسـەڵێنن بەجیـاواز لەگـەڵ ئـەوەی خـوای گـەورە ویسـتی لەسـەر بێـت، پاکـی و بێگـەردی بـۆ خـوای گـەورە لـەوەی دەیڵێـن .

٣/شیرک لەنیەت و مەبەستەکاندا.

هـەر لەجـۆرەکانی شـیرکی بچـووک شـیرک لەنیـەت و مەبەسـتەکاندا ، ئەویـش کەپێـی دەڵێـن شـیرکی شـاراوە وەکـو: ڕووپامایـی (ڕیـا) ئەویـش دوو جـۆرە:_

أ/ ڕووپامایـی (ڕیـا) : ئـەو وشـەیە لـە وشـەی (رؤیـة)ەوە وەرگیـراوە، مەبەسـتیش لێـی دەرخسـتنی پەرسـتش و عیبادەتەکانـە، بەمەبەسـتی ئـەوەی خەڵکـی ببینـێ و سوپاسـی خاوەنەکـەی بکـەن.

جیـاوازی لەنێـوان (ریـاء) و (السـمعة)دا ئەوەیـە : (ریـاء) ئەوەیـە کـە دەبینرێـت لەکـردەوەکان وەکـو نوێـژ، وە(السـمعة) ئەوەیـە کەدەبیسـترێت وەکـو خوێندنـەوەی قورئـان و ئامـۆژگاری و زیکـر.

هـەر هەمـوو ئەوانـەش دەگرێتـەوە کـە مرۆڤـەکان بـاسی کـردەوەکانی خۆیـان بکـەن و هەواڵـی لەبـارەوە بـدەن .

خوای گەورە دەفەرموێت:﴿ قُلْ إِنَّمَآ أَنَا۠ بَشَرٌ مِّثْلُكُمْ يُوحَىٰٓ إِلَيَّ أَنَّمَآ إِلَٰهُكُمْ إِلَٰهٌ وَٰحِدٌ ۖ فَمَن كَانَ يَرْجُواْ لِقَآءَ رَبِّهِۦ فَلْيَعْمَلْ عَمَلًا صَٰلِحًا وَلَا يُشْرِكْ بِعِبَادَةِ رَبِّهِۦٓ أَحَدًۢا ﴿١١٠﴾ ﴾((الكهف) واتە : پێیان بڵێ ئەی پێغەمبەر (ﷺ) !ـ منیش تەنها هەر مرۆڤێکم وەک ئێوە، وەحیم بۆ دەکرێ کە: بڵێم بەڕاستی تەنیا یەک خواو پەرستراو هەیە، تەنها خواو پەرستراوێکی یەکتایە ئینجا هەرکەسێك لەئێوە ئومێدی بەگەیشتنی دیداری پەروەردگاری خۆی هەبێ لەدواڕۆژدا با کاری چاك وکردەوەی دروست ئەنجام بدات وە لە پەرستنی پەروەردگاری خۆیدا هیچ کەسێك نەکاتە هاوتاو هاوبەشیی و رووپامایی نەکات، چونکە خوا تەنها دڵسۆزیی وئیخلاس وەرئەگرێ، نە ڕییاو رووپامایی وشیرك و هاوبەش دانان) .

پێشەوا ابن القیم -ڕەحمەتی خوای لێ بێت- لەمانای ئایەتەکەدا دەفەرموێت: (واتە: هەروەکو چۆن خوای گەورە تاک و تەنهایەو هیچ خوایەکی تر نییە جگە لە ئەو، ئاواش پێویستە عیبادەتەکان تەنها بۆ ئەو بێت تاک و تەنهایەو هیچ شەریکێکی نییە، جا هەر وەکو چۆن خوای گەورە تاک و تەنهایە لەخوداوەندێتیدا ئاواش پێویستە بەتاک و تەنها بزانرێت لە(عبودیە)تدا، جا کردەوەی چاک ئەوەیە کەپوخت و پاڵفتەیە لەهەر جۆرە (ریاء)یەک و بە سوننەت بەسترابێتەوە ....)[1]

خوای گەورە هەڕەشەی داوە لەڕیاکاران بە(وەیل)، خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ فَوَيْلٌ لِّلْمُصَلِّينَ ﴿٤﴾ ٱلَّذِينَ هُمْ عَن صَلَاتِهِمْ سَاهُونَ ﴿٥﴾ ٱلَّذِينَ هُمْ يُرَآءُونَ ﴿٦﴾ وَيَمْنَعُونَ ٱلْمَاعُونَ ﴿٧﴾ ﴾(الماعون) واتە : ئینجا سزای سەخت بۆ نوێژ خوێنەکان(٤) ئەوانەی لەنوێژەکانیاندا غافڵ و بێئاگان،واتە: بەدڵ نوێژەکانیان ناکەن و لەماناو مەبەستەکەی بیر ناکەنەوە، لەپێش چاو خەڵکەوە دەیکەن بەڵام ئەر هەر خۆیانبن نایکەن، ناشزانن فەلسەفەی نوێژکردن چیە(٥) لە نوێژەکانیاندا رووپامایی دەکەن، واتە: لەبەر ئەوە نوێژ دەکەن پێیان بڵێن نوێژ خوێنن !(٦) وە هەموو جۆرە یارمەتییەکیش لە خەڵکی دەگرنەوەو کۆتایی و درێغی دەکەن(٧) .

---

(١) الجواب الكافي لمن سأل عن الدواء الشافي المسمى بـ (الداء والدواء) ص ٢٠٢ .

هەروەهـا خـوای گـەورە هەواڵـی پێداویـن کـەوا (ریـاء) لەصیفـاتی دووڕووەکانـە ، ئەوەتـا دەفەرموێـت: ﴿ إِنَّ ٱلْمُنَٰفِقِينَ يُخَٰدِعُونَ ٱللَّهَ وَهُوَ خَٰدِعُهُمْ وَإِذَا قَامُوٓاْ إِلَى ٱلصَّلَوٰةِ قَامُواْ كُسَالَىٰ يُرَآءُونَ ٱلنَّاسَ وَلَا يَذْكُرُونَ ٱللَّهَ إِلَّا قَلِيلًا ﴿١٤٢﴾ ﴾ (النساء) واتـە : بێگومـان دووڕووە دەغەڵـەکان بەخەیاڵـی خاویـان دەیانـەوێ فێـڵ لەخـوا بکـەن و بیخەڵەتێنـن! ئەوبـەڕە ملکەچـی و بەرفەرمانەشـیان هـەر بـۆ ئەوەیـە، بـەڵام خـوا خەڵەتێنـەرو تەفـرەدەری ئەوانـە، فڕوفێڵەکانیـان زۆر بـە ئاسـانی پووچـەڵ دەکاتـەوەو سـەرناگرن هەرکـە دەچـن بـۆ نوێـژ کردنیـش دەبینـی بـە تەوەزەڵـی راسـت ئەبنـەوە و هەڵدەسـن، چونکـە بەتەمـای پاداشـت و خۆشـنوودی خـوا نیـن، لەبەرامبـەر خەڵکـدا رووپامایـی دەکـەن و بـۆ رووبینـی نوێـژ ئەکـەن! تـا پێیـان نەڵێـن کافـرن زۆر کەمیشـیان یـادی خـوا دەکـەن).

لە(أبـو هریـرة)ەوە، ڕیوایـەت کـراوە کـەوا پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) فەرموویـەتی: ((**قـال اللـه تبـارك و تعـالى : أنـا أغنـى الـشركاء عـن الـشرك ، مـن عمـل عمـلاً أشرك فيـه معي غيري ، تركتـه و شركـه**))[1] واتـە: مـن لـە هەمـوو شـەریکەکان بـێ نیـاز تـرم لـە شـەریک ، کەسـێ کردەوەیـەک بـکات و جگـە لـە منـی تێـدا بەشـدار بـکات ئـەوا لـە گـەڵ شـەریکەکەیدا بـە جێیـان دەهێڵـم)).

مەبەسـتی ئەوەیـە: هەرکەسـێ مەبەسـتی لەکردەوەکانیـدا جگـە لەخـوا بێـت لـە دروسـتکراوەکان ئـەوا لەگـەڵ شـیرکەکەیدا بەجێـی دەهێڵـم، وە لـە ڕیوایەتێکـی تـردا کە(ابـن ماجـە) ڕیوایـەتی کـردووە: ((**فأنـا منـه بـرئ ، وهـو للـذي أشرك**))[2] واتـە : ئـەوا مـن لێـی بەریـم و ئەویـش بـۆ ئەوەیـە کـە بـە شـەریکی زانیـوە))

ئیـبن ڕەجـەب -ڕەحمـەتی خـوای لـێ بێـت- دەفەرموێـت: ((بزانـە کـە کـردەوەکان بـۆ جگـە لەخـوا چەنـد جۆرێکـن، هەنـدێ جـار ڕیایەکـی پوخـت و ئاشـکراو بـێ خەوشـە وەکـو حاڵـی دووڕووەکان، هەروەکـو چـۆن خـوای گـەورە دەفەرموێـت: ﴿ وَإِذَا قَامُوٓاْ إِلَى ٱلصَّلَوٰةِ قَامُواْ كُسَالَىٰ يُرَآءُونَ ٱلنَّاسَ ﴿١٤٢﴾ ﴾ (النسـاء) ئەمـەش ڕیایەکـی پوخـت و ئاشـکراو بـێ خەوشـە ، نزیکـە لـەوەی لـە کـەسی ئیمانـدارەوە ڕوو نـەدات لـە فەرزەکانیـدا وەکـو

---

(١) رواه مسلم (٧٤٠٠) .

(٢) رواه ابن ماجة (٤٢٠٢) .

نوێـژو ڕۆژوو، ڕەنگـە هەنـدێ جـار ڕوو بـدات لـەکاتی (صدقـە) و حەجـی واجیـب و جگـە لەوانـە لـەو کـردەوە ئاشـکرایانە یـان ئەوانـەی کـە سـوودەکەی بـۆ کەسـانی تـر دەبێـت، جـا لـەو کارانـەدا ئیخـلاص تێیـدا نـاوازە و دەگمەنـە ، ئـەم کـردەوەش موسـڵمان گومـانی تێـدا نییـە کـە پوچەڵکـەرەوەی کردەوەکانـە، خاوەنەکـەشی شـایەنی تووڕەبـونی خـوای گـەورە و سـزاکەیەتی، وە هەنـدێ جـار کـردەوەکان بـۆ خوایـە بـەڵام ڕووپامایـی تێـدا بەشـدار دەبـێ، جـا ئەگـەر هـەر لەبنەڕەتـدا بەشـداربوو تێیـدا ئـەوا ئـەو دەقـە ڕاسـت و دروسـتانە هاتـوون بـۆ پووچـەڵ بوونـەوەی، بـەڵام ئەگـەر کردەوەکـە تەنهـا بـۆ خـوا بـوو بـەڵام لەپاشـدا ڕِیـای تێکـەڵ بـوو، جـا ئەگـەر هـات بەسـەریدا ئەمجـار ئـەو لەکۆڵـی خـۆی کـردەوە (لەمێشـکی خـۆی دەریکـرد) ئـەوا زیـانی پـێ ناگەیەنـێ بەبـێ جیـاوازی لەنێـوان زانایانـدا، بـەڵام ئەگـەر بـەردەوام بـوو لەگەڵیـدا، ئایـە کردەوەکـەی پووچـەڵ دەبێتـەوە یـان نـا، یـان پاداشـت دەدرێتـەوە لەسـەر ئەصڵـی نیەتەکـەی؟

ئـەم باسـە جیـاوازی نێـوان زانایـانی پێشـینی تێدایـە ، لـە ئیمامـی (احمـد و ابـن جریـر) ەوە هاتـووە ئەوەیـان لاپەسـەندە کـە کردەوەکـە پووچـەڵ نابێتـەوەو لەسـەر نیەتـە یەکەمەکـەی (ئەصڵەکـەی) پاداشـت دەدرێتـەوە، ئەمـەش لـە (الحسـن)و جگـە لەئـەوەوە ڕِیوایـەت کـراوە....)[1]

بۆیـە پارێـزگاری لەکردەوەکانتـان بکـەن لەتێکـەڵ بـوونی بەشـیرک زیاتـرو زۆرتـر لـەوە نەفـسی خۆتـان لـە دوژمنەکانتـان دەپارێـزن و زۆرتـر و زیاتـر لـەوەی کـە سـەروەت و سـامانەکانتان لـەدز دەپارێـزن چونکـە مەتـرسی شـیرک زۆر گـەورەو مەزنـە.

داوا لەخـوا دەکەیـن مـن و ئێـوەش سـەلامەت بـکات و ئیخلاصـمان بەقسـمەت بـکات لەقسـەو کردەوەکانماندا.

ب/ دونیا ویستی مرۆڤ لەکردەوەکانیدا :

دونیـا ویسـتی مـرۆڤ لەکردەوەکانیـدا جۆرێکـە لەجـۆرەکانی شـیرک لەنیـەت و مەبەسـتدا، خـوای گـەورە لەکیتابەکەیـدا ئـاگاداری کردوینەتـەوە ، وە پێغەمبـەری خـواش

---

(١) جامع العلوم والحكم لابن رجب ص ٢٤-٢٥.

(ﷺ) لەسـوننەتەکەیدا ئـاگاداری کردووینەتـەوە، ئەویـش بریتییـە لـەوەی کـەوا مـرۆڤ لەکردەوەیەکـدا کەمەبەسـتی لێـی خـوای گەورەیـەو تەمـاح و مەبەسـتێک لەمەبەسـتەکانی دونیـای تێکـەڵ بـکات، ئەمـەش شـیرکەو نـەفی لـە کەمـالی تەوحیـد دەکات و کـردەوەکان پووچـەڵ دەکاتـەوە.

خـوای گـەورە دەفەرموێـت: ﴿مَن كَانَ يُرِيدُ ٱلْحَيَوٰةَ ٱلدُّنْيَا وَزِينَتَهَا نُوَفِّ إِلَيْهِمْ أَعْمَٰلَهُمْ فِيهَا وَهُمْ فِيهَا لَا يُبْخَسُونَ ﴿١٥﴾ أُو۟لَٰٓئِكَ ٱلَّذِينَ لَيْسَ لَهُمْ فِى ٱلْءَاخِرَةِ إِلَّا ٱلنَّارُ ۖ وَحَبِطَ مَا صَنَعُوا۟ فِيهَا وَبَٰطِلٌ مَّا كَانُوا۟ يَعْمَلُونَ ﴿١٦﴾﴾ (هـود) واتـە : هەرکەسـێك تەنهـا ژیانـی ئـەم دونیایـەو جوانیـی و زەرق و بەرقـی ئـەوی بـوێ و، پاشـەڕۆژ پشـتگوێ بخـا ئـەوا ئێمـەش هـەر لـەم دونیایـەدا بەتێروتەسـەلی پاداشـی گشـت هـەوڵ و کـردەوە چاکەکانیـان -وەك سـەردانی خزمـان و..هتـد- دەدەینـەوە، بەتەندروسـتیی و ئاسـوودەیی و رۆزیـی و نـاوو شـۆرەتی دنیـا هیچیشـیان لـێ کەمناکرێتـەوە(١٥) ئەوانـە لـەدوا ڕۆژدا -جگـە لەئاگـر- هیـچ بـەش و بەهرەیەکیـان نییـە و هـەر هـەوڵ و چاکەیەکیشـیان لەدونیـادا کردبـێ ، گشـتی بەفیـڕۆو بێهـوودە دەچێـت و باتـڵ و ناحـەق و ناڕەوایـە ئـەوەی کردیـان).

مانـای ئـەو دوو ئایەتـە پیـرۆزە :_ خـوای گـەورە هەواڵـی داوە کـەوا هەرکەسـێ مەبەسـتی بەکـردەوەکانی دەسـتکەوتنی تەنهـا تەماحێکـی دونیایـی بێـت، ئـەوا خـوای گـەورە پاداشـتی کـردەوەکانی لەدونیـادا بـۆ دابیـن دەکات بەتەندروسـتی و خۆشـحاڵی و سـامان و مـاڵ و منـداڵ، ئەمـەش پەیوەسـتە بـە مەشـیئەتەوە، هەروەکـو خـوای گـەورە لەئایەتێکـی تـردا فەرموویـەتی: ﴿عَجَّلْنَا لَهُۥ فِيهَا مَا نَشَآءُ لِمَن نُّرِيدُ ﴿١٨﴾﴾ ((الاسراء) جـا ئەوانـە لـەدوا ڕۆژدا هیـچ شـتێکیان دەسـت ناکـەوێ تەنهـا ئاگـر نەبـێ، چونکـە ئەوانـە ئـەو کارەیـان نەکـردووە کەڕزگاریـان بـکات لێـی ، وە +کردەوەکانیـان لـەدوا ڕۆژدا پووچەڵـەو هیـچ پاداشـتیان دەسـت ناکـەوێ چونکـە ئـەوان خۆیـان نەیانویسـتووە.

قەتـادە دەڵێـت: (**یقـول تعـالى : مـن كانـت الدنیـا همـه ، وطلبـه ونیتـه وحاجتـه جـازاه اللـه بحسـناته في الدنیـا ، ثـم یفـضي إلى الآخـرة ولیـس لـه فیهـا حسـنة یعطـى بهـا جـزاء ، أمـا المؤمـن فیجـازى بحسـناته في الدنیـا ، ویثـاب علیهـا في الآخـرة**)[1]

---

(١) أخرجه ابن جرير في تفسير سورة الاسراء آية (١٨) رقم (٢٢١٧٠) .

شـەیخ (محمـد بـن عبدالوهـاب) -ڕەحمـەتی خـوای لـێ بێـت- دەفەرموێـت: (لـە سـەلەفەوە لەمانـای ئایەتەکـەدا جـۆرەکانی ئـەو کردەوانـەی ئەمـڕۆ ئەنجامـی دەدەن و ماناکـەی نازانـن باسـکراوە:

جـۆری یەکـەم : ئـەو کـردەوە چاکانـەی کـە زۆرێـک لـە خەڵکـی دەیکـەن مەبەسـتیان تەنهـا خـوای گەورەیـە لەصەدەقـەو نوێـژو گەیانـدنی پەیوەنـدی خزمایـەتی و چاکەکـردن بەرانبـەر خەڵکـی و وازهێنـان لەسـتەم و ئـەو جـۆرە شـتانە کەخەڵکـی دەیکـەن ، یـان وازی لـێ دەهێنـن تەنهـا لەبـەر خـوای گـەورە ، بەڵام لـەو کردەوەیـدا چـاوەڕوانی پاداشـت ناکات لـەدوا ڕۆژدا، بەڵکـو دەیـەوێ خـوای گـەورە بـەو کردەوانـەی سـەروەت و سـامانەکەی بپارێـزێ و زیـادی بـکات یـان کـەس و کارو منداڵەکـەی بپارێـزێ یـان بـەردەوام بـوونی نیعمەتـەکانی بەسـەرییەوە، مەبەسـتی داواکـردنی بەهەشـت و هەڵاتـن لەئاگـر نییـە، جـا ئـەم کەسـە پاداشـتی کـردەوەکانی لەدونیـادا پـێ دەدرێـت وە لـە دواڕۆژدا هیـچ پشـکێکی نییـە، ئـەم جـۆرەش ئیـبن عەبـباس بـاسی کـردووە.

جـۆری دووەم: ئەمەیـان لەجـۆری یەکـەم گەورەتـرو ترسـناکترە، ئـەوەش هـەر ئەوەیـە کـە (مجاهـد) بـاسی کـردووە ، کـەوا ئایەتەکـە دەربـارەی دابەزیـوە، ئەویـش بریتییـە لـەوەی کەسـەکە کـردەوەی چـاک ئەنجـام دەدات و نییـەت و مەبەسـتی ڕوپامایـی خەڵکـی یـەو چـاوەڕوانی پاداشـت نییـە لـەدوا ڕۆژدا.

جـۆری سـێ یـەم : کـردەوەی چـاک ئەنجـام بـدات تەنهـا بەمەبەسـتی دەسـتکەوتنی سـەروەت و سـامان، وەکـو ئـەوەی حـەج دەکات لەپێنـاو پارەیەکـدا کەدەسـتی بکـەوێ، یـان هیجـرەت دەکات لەپێنـاوی مەبەسـتێکی دونیایـی یـان لەپێنـاوی ئافرەتێکـدا بیخوازێت ، یـان جیهـاد دەکات لەپێنـاوی دەسـتکەوتنی غەنیمەتـدا، ئـەم جـۆرەش لەتەفسـیری ئایەتەکـەدا باسـکراوە، هەروەهـا وەکـو ئـەوەی کەسـێک فێـر دەبێـت لەپێنـاوی فێرکردنـی کـەس و کارەکـەی یـان کەسـابەتیان یـان سـەرکردایەتیان، یـان فێـری قورئـان دەبـێ و بـەردەوام دەبـێ لەسـەرنوێژەکانی چونکـە فەرمانبـەری مزگەوتێکـە، هەروەکـو لەواقیعـدا لـەو جـۆرە زۆر دەبینیـن.

جـۆری چـوارەم : کـردەوە بـکات بەگوێڕایەڵـی خـوای گـەورەو بـە ئیخڵاصـەوە بـۆ خـوای تـاک و تەنهـا بـێ شـەریک، بـەڵام لەسـەر کردەوەیەکـە کافـری دەکات و لـە ئیسـلام دەری بـکات، وەکـو جولەکـەو گاورەکان ئەگـەر هاتـوو خودایـان پەرسـت یـان صەدەقەیـان بەخـشی یـان ڕۆژوویـان گـرت تەنهـا لەپێنـاوی خـوای گـەورەو دوا ڕۆژدا ، هەروەهـا وەکـو زۆرێـک لـەم ئوممەتـە کـە کوفـرو شـیرکیان تێدایـە بەگشـتی لـە ئیسـلام دەریـان دەکات ئەگـەر گوێڕایەڵییـان کـرد بـە گوێڕایەڵییـەک تەنهـا مەبەسـتیان خـوا بـوو ، وە پاداشـتی خوایـان دەویسـت لـەدوا ڕۆژدا، بـەڵام ئـەوان لەسـەر کردەوەیەکـن کـە لـە ئیسـلام دەریـانی کـردووەو ڕێگـر دەبێـت لـە وەرگرتنـی کردەوەکانیـان، ئـەم جـۆرەش (انـس بـن مالـک) و جگـە لـەو باسـیان کـردووە لەبـاسی ئایەتەکـەدا، وە سـەلەف زۆر لێـی دەترسـان)[1] اە

جـا ئـەو دوو ئایەتـە هەرچـوار جۆرەکـە لەخـۆ دەگرێـت ، چونکـە گفتەکـەی (لفظ)ەکە گشتگیرە.

بۆیـە کارەکـە زۆر ترسـناکە، پێویسـت دەکات کـەسی موسـڵمان لێـی بـە ئـاگا بێـت لـەوەی کـە لـە کردەوەیەکـدا بـۆ دواڕۆژ تەماحێکـی دونیایـی هەبـێ.

لـە (صحيح البخاري) دا هاتـووە هەرکەسـێ مەبەسـتی دونیـا بێـت و هەمـوو کێشـەی ئـەو بێـت، ئـەوا دەبێتـە بەنـدەی ئـەو شـتە:_

لـە (أبـو هریـرة)ەوە هاتـووە کـەوا پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) فەرموویـەتی : ((**تعـس عبدالدینـار ، تعـس عبـد الدرهـم ، تعـس عبـد الخمیصـة**[2] **، تعـس عبدالخمیلـة**[3] **: إن أعطـي رضي و إن لم یعـط سـخط ، تعـس و انتکـس ، وإذا شـیك فـلا انتقـش**))[4] واتـە :- کەسـاس و چـارەڕەش بـوو بەنـدەی دینـار ، کەسـاس و چـارەڕەش بـوو بەنـدەی دەرهـەم ، کەسـاس و چـارەڕەش بـوو بەنـدەی (الخمیصـة) ، کەسـاس و چـارەڕەش بـوو بەنـدەی

---

(١) تاریخ نجد لابن غنام ص ٤٠٢ - ٤٠٣ .

(٢) بریتییە لە جۆرە پۆشاکێک کە ڕەنگی ڕەشە و لێوارەکانی دەزووی پێدا شۆڕ بووتەوە ، یان : جلێکی چوار گۆشەی خەت خەتاوی ڕەنگاو ڕەنگ.

(٣) ڕاخەرێکی جوان و قەشەنگە .

(٤) أخرجه البخاري كتاب الجهاد و السير ، باب الحراسة في الغزو في سبيل الله (٢٨٨٦ ، ٢٨٨٧) من حديث أبي هريرة (رضي الله عنه) .

(الخميلـة) ئەگـەر پێـی بـدرێ ئـەوا رازی دەبێـت و ئەگـەر پێـی نـەدرێ ئـەوا پەسـت دەبێـت ، کەسـاس و سـەرەوژێر بـوو ، ئەگـەر درکێـک چـوو بـە لەشـیدا ئـەوا کەسـێک نابینێتـەوە بـۆی دەربهێنـێ)) .

مانـای (تعـس) لەزمانەوانیـدا بەمانـای (کـەوت) دێـت ، وە مەبەسـت لێـی لێـرەدا واتـە بەهەلاکەتـدا چـوو، پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) بەعەبـدی ئـەو شـتانە نـاوی بـردووە، چونکـە مەبەسـتی ئـەو ئـەو شـتانەیە لـە کردەوەکانیـدا ، جا هەرکەسـێ مەبەسـتی جگە لەخـوا بوو، ئـەوا کردوویەتییـە شـەریکێک لـە خواپەرسـتنی ئـەودا، هەروەکـو حاڵـی زۆرێکـی خەڵکـی.

جـا پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) لـەم فەرموودەیـەدا دوعـای کـردووە لـەو کەسـانەی دونیـا دەکەنـە مەبەسـتی خۆیـان بـە بەدبەختـی و شکسـت خـواردن و تووشـبون بەبـێ دەسـتەڵاتییەک کـە نەتوانـێ درێکێکیـش لەجەسـتەی خـۆی دەربهێنێـت ، بۆیـە هەرکەسـێ ئـەم صیفەتـە ناشرینـە لەخۆیـدا بـەدی کـرد ئـەوا شـوێنەواری ئـەم دوعایـە لـە خۆیـدا بـەدی دەکات ، بۆیـە دەکەوێتـە نـاو ئـەوەی زەرەری دونیـاو دواڕۆژی خـۆی تێـدا بێـت.

شـیخ الاسـلام ابـن تیمیـة -ڕەحمـەتی خـوای لـێ بێـت- دەفەرمووێـت: ((پێغەمبـەری خوا (ﷺ) نـاوی نـاوە (عبدالدینـار و الدرهـم) و (عبدالقطیفـة[1] و عبدالخمیصـة) وە دوعـای لـێ کـردوون تێیـدا بە(لفـظ)ی هـەواڵ (خەبـەر)، ئەویـش ئـەو فەرمودەیـە کـە دەفەرموێـت: (تعـس و انتکـس ، وإذا شـيك فـلا انتقـش) ئەمـەش حاڵـی ئـەو کەسـەیە تـووشی شـەڕێک دەبێـت و ناتوانێـت لێـی دەرچێـت و لێـی دەربـاز بێـت، چونکـە بەدبەخـت و ڕیسـوا بـووە، جـا نـە داواکـراوی دەسـتکەوتووەو نـە رزگاری بـووە لـە خراپـە، ئەمـەش حاڵـی ئـەو کەسـەیە کـە عەبـدی سـەروەت و سـامانە، وەصفـی کـراوە بـەو شـێوەیەی کـەوا: (إن أعطـي رضي و إن منـع سـخط) ، هەروەکـو خـوای گـەورە دەفەرموێـت: ﴿ وَمِنْهُم مَّن يَلْمِزُكَ فِي ٱلصَّدَقَٰتِ فَإِنْ أُعْطُواْ مِنْهَا رَضُواْ وَإِن لَّمْ يُعْطَوْاْ مِنْهَآ إِذَا هُمْ يَسْخَطُونَ ﴿٥٨﴾ ﴾ (التوبـة) واتـە : لـە دوو ڕووەکانـدا هەیـە عەیبـدارت دەکا لـە دابەشـکردنی سـەدەقەداو بـە دڵـی ئـەو نیـە! خـۆ ئەگـەر بەشـی خۆیانیـان لێبدرایـە دڵشـادو ڕازی دەبـوون و ئەگـەر بەشـیان نەدرابـا لێـی، دەبینـی بەخێرایـی تـوڕەو قەڵـس دەبـن و ڕقـت لـێ هەڵدەگـرن،

---

(١) القطيفة : پۆشاکێکی چنراوی لووس و پووسی تووکنە ، یان قەدیفە .

وەك ئـەو کابرایـە لەخۆیـەوە ئـەو قسـانەی تـووڕدا!) .

ڕازی بوونیـان بـۆ جگـە لـە خوایـەو پەسـت بوونیـان بـۆ جگـە لـە خوایـە، ئەمـەش حاڵـی ئـەو کەسـانەیە کـە پەیوەسـتن بـە دەسـتەڵاتێکەوە یـان وێنەیەکـەوە یـان لـە نمونـەی ئەوانـە لـە هـەواو ئـارەزووەکان، ئەگـەر دەسـتی کـەوت ئـەوا ڕازی دەبـێ، وە ئەگـەر دەسـتی نەکـەوت ئـەوا پەسـت دەبـێ، ئـەم کەسـە بەنـدەی ئـەو شـتەیە کەخـۆشی دەوێ و بەنـدەی ئارەزووەکەیـەتی ، ئەویـش کۆیلـەی ئـەوە ، چونکـە کۆیلایـەتی و بەندایـەتی لەڕاسـتیدا بریتییـە لەکۆیلایـەتی و بەندایـەتی دڵ ، جـا ئـەوەی کـە دڵ دەکاتـە کۆیلـەو بەنـدە ، ئـەوە عەبـدی ئـەوە....)[1]

تاکـو ئـەو جێگایـەی دەڵێـت : (ئـا بـەم شـێوەیە ئـەو کەسـەی سـامانی دەوێـت ، ئـەوە دەیکاتـە کۆیلـەو بەنـدەی ئـەو، ئـەم کارانـەش دوو جـۆرن:

یەکـەم: هەندێکیـان ئەوەیـە کـە بەنـدەکان پێویسـتیان پێیەتـی هەروەکـو پێویسـتی بەخـواردن و خواردنـەوەو خێـزان و مـاڵ و نمونـەی ئەوانـە هەیـە ، جـا ئەمـە لـە خـوا داوا دەکرێـت، وە لـەو مەسـەلەدا چاوەڕوانـی خـوا دەکات و دەگەڕێتـەوە بـۆ لای ئـەو، وە سـامانەکەی بـەکار دەهێنـێ لەپێویسـتییەکانیدا وەکـو چـۆن گوێدرێژەکـەی بـەکار دەهێنـێ کـە سـواری دەبـێ و ڕاخەرەکـەی کـە لەسـەری دادەنیشـێ بەبـێ ئـەوەی بەندایەتـی بـکات ببێتـە کەسـێکی (هلـوع).

دووەم : هەندێکیـان بەنـدە پێویسـتی پێـی نییـە، ئەمـە پێویسـتە دڵـی خـۆی پەیوەسـت نـەکات پێـوە، چونکـە ئەگـەر دڵـی پەیوەسـت کـرد پێـوە ئـەوا دەبێتـە بەنـدەی ئـەو، وە ڕەنگـە ببێتـە بەنـدەی جگـە لەخـواو پشـت بەجگـە لەخـوا ببەسـتێ، چیتـر لـە دڵیـدا بەندایەتـی خـوا نامێنـێ ، وە حەقیقەتـی پشـت بەسـتن بەخـوا لەدڵیـدا نامێنـێ، بەڵکـو بەشـێک لەپەرسـتنی جگـە لەخـوا لەدڵیدایـە ، وە بەشـێک لەپشـت بەسـتن بەجگـە لەخـوا لـە دڵیدایـە، ئەمـەش شایسـتەترین کەسـە کـە ئـەو فەرمـوودە دەربـارەی هاتـووە : (تعـس عبدالدینـار ، تعـس عبـد الدرهـم ، تعـس عبـد الخمیصـة ، تعـس عبدالخمیلـة) ئەمـە بەنـدەی ئـەو شـتانەیە، هەرچەنـدە لەخـوا داوای بـکات، ئەگـەر خـوای گـەورە پێـی

---

(١) مجموع الفتاوى لشيخ الاسلام (١٠/١٨٠-١٨١) .

ببەخشـێ ئـەوا ڕازی دەبـێ وە ئەگـەر پێـی نەبەخشـێ ئـەوا تـووڕە دەبـێ ، جـا بەڕاسـتی بەنـدەی خـوا ئـەو کەسـەیە کـە ئـەوەی خـوا پێـی ڕازییـە ئەمیـش پێـی ڕازییـە، وە پەسـت دەبـێ لـەوەی خـوای گـەورە پێـی پەسـت دەبـێ ، وە ئـەوەی خۆشـی دەوێ کـە خـواو پێغەمبەرەکـەی (ﷺ) خۆشـیان دەوێ و ڕقـی لەوەیـە کـە خـواو پێغەمبەرەکـەی(ﷺ) ڕقیـان لـێ دەبێتـەوە، وە دۆسـتایەتی خۆشەویسـتانی خـوا دەکات و دوژمنایەتـی دوژمنانـی خـوا دەکات، ئەمـە ئـەو کەسـەیە کـە ئیمانەکـەی کامـل بـووە...)[1] لێـرەدا قسـەکانی تـەواو دەبـێ -ڕەحمەتـی خـوای لـێ بێـت - .

منیـش دەڵێـم: هـەر لـە نموونـەی ئەوانـەی بەنـدەی سـەروەت و سـامانن ، ئەوانـەی کـە مامەڵـەی حـەرام و کەسـابەتی پیـس ئەنجـام دەدەن بـە بیانـووی خۆشویسـتنی مـادده، وەکـو ئەوانـەی مامەڵـە دەکـەن بەڕیبـا_ لەگـەڵ بانکـەکان و جگـە لـە بانکـەکان، هەروەهـا ئەوانـەی کـە پـارە وەردەگـرن لەڕێـگای بەرتیـل و قومـارو لەڕێـگای غـەش کـردن لەمامەڵەکانیانـدا و خراپـەکاری و دەمپیسـی لـە کاتـی مشـت و مـڕ و ناکۆکیـدا ، لـە کاتێکـدا دەزانـن کـە ئـەم کەسـابەتە حەرامـە، بـەڵام خۆشویسـتنی سـەروەت و سـامان چـاوی ئـەوانی کوێـر کـردووەو کـردوونی بەکۆیلـەی خـۆی، وایـان لـێ هاتـووە داوایـان دەکـەن و هەوڵـی بـۆ دەدەن بەهـەر ڕێگایـەک بێـت .

داوا لەخـوا دەکەیـن بمانپارێـزێ و بـرا موسـڵمانەکان لەڕەزیـلی و ئـارەزوو و سەرسـام بوونـی هـەر خـاوەن ڕایـەک بەڕایەکـەی خۆیـەوە.

---

(١) مجموع الفتاوى لشيخ الاسلام (١٠/ ١٨٩-١٩٠) .

٤/ جوێندان بەڕۆژگار و لەو جۆرانە:

هـەر لـەو شـتانەی کـەوا هەنـدێ کـەس دەیکـەن بەحوکمـی عـادەت، ئەویـش لـە تەوحیـد کـەم دەکاتـەوە و زیـان بەعەقیـدە دەگەیەنـێ : جوێندانـە بـەڕۆژگارو جوێندانـە بـە (بـا)و لـەو شـێوانە کـە زەمەکـە دەدرێتـە پـاڵ دروستکراوەکان لـە کاتێکـدا لـە ڕاسـتیدا خۆیـان هیـچ ڕۆڵێکیـان تێـدا نییـە، بۆیـە ئـەم زەمـە لەحەقیقەتـدا دەگەڕدرێتـەوە بـۆ خـوا ، چونکە هـەر ئەو دروسـتکارو هەمـوو بڕیـارێ بەدەسـت ئـەوە.

خـوای گـەورە دەربـارەی موشریکـەکان دەڵێـت: ﴿ وَقَالُوا۟ مَا هِىَ إِلَّا حَيَاتُنَا ٱلدُّنْيَا نَمُوتُ وَنَحْيَا وَمَا يُهْلِكُنَآ إِلَّا ٱلدَّهْرُ ۚ وَمَا لَهُم بِذَٰلِكَ مِنْ عِلْمٍ ۖ إِنْ هُمْ إِلَّا يَظُنُّونَ ﴿٢٤﴾ ﴾ (الجاثیة) واتـە : هاوبەشـدانەرەکان وتیـان: جگـە لـەم ژیانـی دونیایەمـان، شـتێکی تـر لـە گـۆڕدا نیـە، بـۆ خۆمـان ئەژیـن و ئەمریـن، واتـە: دەسـتەیەك ئەژیـی و دەسـتەیەك ئـــــەمرێ، ئیـتر دوای ئـەوە نەزینـدوو بوونـەوە هەیـە، نـە لێپرسـینەوە !! وە هـەر سروشـت و زەمـان و ڕۆژگارە دەمانمرێنـی و لەناومـان دەبـات. ئەوانـەش ئـەو قسـە ئەکـەن، هیـچ جـۆرە زانسـتێکیان لـەو بـارەوە نیـە، هـەر لـە خۆیانـەوە ئـەو قسـەیە دەکـەن ،واتـە: ئـەوەی دەیڵێـن لـە ڕێـی زانسـتەوە نیـە بەڵکـو تەنهـا گومـان ئەبـەن، گومـان بـەو لاوە هیـچ دڵنیاییەکیـان نییـە).

جـا ئـەوان زیندووبوونەوەیـان بەدرۆخسـتەوە، ﴿ وَقَالُوا۟ مَا هِىَ إِلَّا حَيَاتُنَا ٱلدُّنْيَا ﴾ ئـەوەی ئێمـەی تێدایـن، هیـچ ژیانێکـی تـر نییـە جگـە لـە ئـەو، ﴿ نَمُوتُ وَنَحْيَا ﴾ واتـە: کۆمەڵێکـی تێـدا دەمرێـت و کۆمەڵێکـی تـر تێیـدا دەژێـت ، ئەمـەش لەوانـەوە ئینـکار کـردنی بـوونی دروسـتکارێکە کارەکانی بەدەسـت بێـت ، وە گەڕانـەوەی ڕووداوەکانـە بـۆ سروشـت ، بۆیـە وتیـان : ﴿ وَمَا يُهْلِكُنَآ إِلَّا ٱلدَّهْرُ ﴾ واتـە: هیـچ شـتێک لەناومـان نابـات تەنهـا هاتـن و ڕۆیشـتنی ڕۆژگارو شـەوگار نەبـێ، جـا هەڵاکەتیـان داوە پـاڵ ڕۆژگارو وەکـو زەمکردنـێ بـۆ ڕۆژگار، وە ئـەم قسـەیەیان گوتـووە لـە ڕووی نەفامییـەوە، نـەک لـە ڕێـگای عیلـم و بەڵگـەوە، چونکـە بەڵگـە ئـەم قسـەیە ڕەد دەکاتـەوەو پوچەڵـی دەکاتـەوە ، بۆیـە خـوای گـەورە وەڵامیـان دەداتەوەو دەڵێـت : ﴿ وَمَا لَهُم بِذَٰلِكَ مِنْ عِلْمٍ ۖ إِنْ هُمْ إِلَّا يَظُنُّونَ ﴿٢٤﴾ ﴾ وە هەر قسـەیەک لەسـەر عیلـم و بەڵگە بنیـات نەنرابێـت ئەوە قسـەیەکی پووچەڵەو ڕەد کراوەیە.

هەمـوو بەڵگـەکان دەلالـەت دەکەن لەسـەر ئـەوەی کـە ئـەوەی لەگەردوونـدا ڕووەدات دەبـێ کەسـێکی دانـاو بەتوانـاو بەڕێوەبـەری هەبـێ، کەئەویـش خـوای تـاک و تەنهایـە، جـا هەرکەسـێک جوێـن بـەڕۆژگار بـدات و ڕووداوەکان بداتـە پاڵـی ، ئـەوا بەشـدارە لەگـەڵ موشریـک و دەهرییەکانـدا لـەم وەصفـە ناشرینـەدا ، هەرچەنـدە لـە ئەصـل و بنەمـای بیروباوەڕەکەیانـدا لەگـەڵ ئەوانـدا یـەک نەبـێ.

لـە هـەردوو کتێبـی (صحیـح) و جگـە لەوانـدا هاتـووە لـە (أبـو هریـرة)وە -ڕەزای خـوای لـێ بێـت- دەڵێـت : پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) فەرموویـەتی : (**قـال اللـه تعـالى: يؤذينـي ابـن آدم ، يسـب الدهـر وأنـا الدهـر ، أقلـب الليـل والنهـار**)[1] وە لـە ریوایەتێکـدا هاتـووە : (**لا تسـبوا الدهـر ، فـإن اللـه هـو الدهـر**)[2] .

جـا فەرموودەکـە دەلالـەت دەکات لەسـەر ئـەوەی هـەر کەسـێ جوێـن بـەڕۆژگار بـدات، ئـەوا ئـازاری خـوای گـەورەی داوە، چونکـە بـە جوێنـدان ڕووبـەڕووی بەڕێوەبـەری ڕووداو و واقیـع و دروسـتکارەکەی دەبێتـەوە، ڕۆژگار جێگایەکـە و دروسـتکراوێکە و خـۆی بەڕێـوە دەبـرێ ، خـودی خـۆی هیچـی بەدەسـت نییـە لەبەڕێوەبردنـدا، بۆیـە خـوای گـەورە دەفەرموێـت: (**وأنـا الدهـر ، أقلـب الليـل والنهـار**) جـە مەبەسـت لـە : (**أقلـب الليـل والنهـار**) تەفسـیری (**وأنـا الدهـر**)ـە ، هەروەهـا ئـەوەی کـە دەفەرموێـت: (**فـإن اللـه هـو الدهـر**) واتە خـوای گـەورە خـۆی بەڕێوەبـەرە کـەڕۆژگارو جگـە لـەڕۆژگار بەڕێـوە دەبـات، ئـەو کەسـەی جوێـن بـەڕۆژگار دەدات ئـەوا جوێـن بـەو کەسـە دەدات کەدروسـتی کـردووە، ئەویـش خوای گەورەیـە، پاکـی و بێگـەردی بـۆ ئـەو .

هەنـدێ لەسـەلەف گوتویانـە: عـارەب لەسـەردەمی جاهلییەتـدا لەڕەوشـتیاندا زەمکردنی ڕۆژگار هەبـوو، واتـە: جوێنیـان پـێ دەدا لـە کاتـی دابەزینـی بـەڵا و کێشـەدا (نـەوازل)دا ، جـا ئەگـەر هاتـوو تـووشی تەنگانەو بـەڵا بهاتایـەن دەیانگـوت: ڕۆژگار ئەوانی لەنـاو بردووە، دەیـان گـووت: (یـا خیبـة الدهـر)[3] ، جـا ئـەو کردەوانەیـان دەدایـە پـاڵ ڕۆژگارو جوێنیـان پـێ دەدا، لـە کاتێکـدا تەنهـا بکەریـش خـوای گەورەیـە، ئەگـەر ئـەو تەنگانـەی توشـیان بوو

---

(١) متفق عليه : البخاري (٤٨٢٦) ، ومسلم ((٥٨٢٤) .

(٢) أخرجه مسلم (٥٨٢٧) .

(٣) (واتە : ئای زەمانە چۆن بێ ئومێد و بێ هیوات کردین) ڕەنگە ئەو دەستەواژە نزیک بێت لێیەوە .

دەیاندایـە پـاڵ ڕۆژگار، ئـەوا جوێنیان بە خـوا داوە، چونکە لەحەقیقەتدا بکـەر تەنها خوایە .

شـەیخ عبدالرحمـن بـن حسـن -ڕەحمـەتی خـوای لـێ بێـت- دەفەرموێـت:_ ئیـبن حـەزم و ئەوانـەی ڕێچکـەی ئەویـان گرتـوە لەگـرووی (الظاهریـة) هەڵەیـان کـردووە کاتـێ کـە (الدهـر) یـان بـە یەکێـک لـە نـاوە پیـرۆزەکانی خـوا ژمـاردووە، بەبەڵگـەی ئـەو فەرموودەیـە)[1] جـا فەرموودەکـە خـۆی ماناکـەی ڕوونکردووەتـەوە بـەوەی کـە دەڵێـت: (أقلـب اللیـل و النهـار)، ئـەو دیـو ئـەو دیـو کـردنی بریتییـە لەبەڕێوەبـردنی خـوای گـەورە تیایـدا لـەوەی خەڵکـی پێیـان خۆشـەو ڕقیـان لێیـەتی)[2] .

ئـەوەی لایەقـی کـەسی موسـڵمانە خـۆی بـەدوور بگرێـت لـەو جـۆرە گفتانـە، هـەر چەنـدە بـاوەڕی وابێـت کـە خـوای گـەورە بەڕێـوەی دەبـات، بـەڵام خـۆ دوورخسـتنەوە لێـی دوور خسـتنەوەیە لەخـۆ چوانـدن بەکافـران ، هەرچەنـدە لەگفـت و وشـەکاندا بێـت، لەوەشـدا پارێـزگاری عەقیـدەی تێدایـە و بـە ئـەدەب بوونـە لەگـەڵ خـوای گـەورەدا .

هـەر لـە جـۆر و جنـسی جوێنـدان بـەڕۆژگار جوێندانـە بـە (بـا) ، نەهـی کـردن لێـی هاتـوە لەفەرموودەیەکـدا کـە (الترمـذی) ریوایەتـی کـردووەو بـە (صحیـح)ی زانیـوە لـە (أُبي بـن کعـب)ەوە -ڕەزای خـوای لـێ بێـت- کـەوا پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) فەرموویـەتی : (**لا تسـبوا الریـح فـإذا رأیتـم مـا تکرهـون فقولـوا : اللهـم إنـا نسـألك مـن خـیر هـذه الریـح وخـیر مـا فیهـا وخـیر مـا أمـرت بـه ونعـوذ بـك مـن شر هـذه الریـح وشر مـا فیهـا وشر مـا أمـرت بـه** .)[3] واتـە : جنێـو بـە (بـا) مـەدەن جـا ئەگـەر شـتێکتان بینـی پێتـان ناخـۆش بـوو ئـەوا بڵێـن : ئـەی خودایـە ئێمـە داوای چاکـەی ئـەم (با)یـەت لێدەکەیـن و چاکـەی ئـەوەی تێیدایـە و چاکـەی ئـەوەی فەرمانـت پێـی کـردووە و پەنـات پێدەگریـن لـە خراپـەی ئـەم (با)یـە و خراپـەی ئـەوەی تێیدایـە و خراپـەی ئـەوەی فەرمانـت پێـی کـردووە) .

ئەویـش چونکـە (بـا) بـە فەرمـان و بەڕێوەبـردنی خـوا هـەڵ دەکات، چونکـە هـەر ئـەو هێنایـە بـوون و فەرمـانی پـێ دەکات ، جـا جوێنـدان بـە (بـا) جوێندانـە بـە بکەرەکـەی ،

---

(١) انظر : تفسیرالقرآن العظیم لابن کثیر

(٢) انظر : فتح المجید (٧٠٨/٢)

(٣) (الصحیحة : ٢٧٥٦)

ئەویـش خـوای گەورەیـە، هەروەکـو لـە پێشـدا لەبـاسی جوێنـدان بـە ڕۆژگار باسـمان کـرد، چونکـە جوێنـدان بە(بـا)و جوێنـدان بـە ڕۆژگار دەگەڕێتـەوە بـۆ جوێنـدان بـە دروسـتکار کـە ئـەم بوونـەوەرە بەڕێـوە دەبـات.

ئەمجـار پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) ڕێنموویـی کـردوون کاتـێ شـتێک دەبینـن کـە پێیـان ناخۆشـە و لـە گـەڵ (بـا)دا دێـت بـەوەی بگەڕێنـەوە بـۆ لای دروسـتکارەکەی و ئـەو کەسـەی فەرمـانی پـێ کـردووە ، بـۆ ئـەوەی داوای خەیرەکـەی بکـەن وخەیـری ئـەوەی تێیدایـە، وە خۆیـان بدەنـە پـاڵ خـوای گـەورە لەخراپـەی و خراپـەی ئـەوەی تێیدایـە ، هیـچ نیعمەتێـک بەدەسـت نایـەت ئیـلا بەگوێڕایەڵـی خـواو سوپاسـگوزاری ئـەو نەبـێ ، وە هیـچ بەڵایـەک لەکـۆڵ نابێتـەوە ئیـلا بەخۆدانـە پـاڵ خـواو پەناگرتـن بـەو نەبـێ .

وە جوێنـدان بـەم دروسـتکراوانە، ئـەوا چەندیـن خراپـەی تێدایـە، لەوانـە: جوێنـدان بەشـتێکە کەشـایەنی ئـەو جوێندانـە نییـە، چونکـە ئەوانـە تەنهـا دروسـتکراوێکن و بەڕێـوە دەبرێـن، هەروەهـا:- جوێنـدان بـەم شـتانە شـیرک لەخـۆ دەگرێـت ، چونکـە ئـەو کاتـێ جوێنیـان پـێ دەدا گومـانی وایـە ئەوانـە زیـان دەبەخشـن و زەرەر دەگەیەنـن جگـە لەخوای گـەورە، هەروەهـا لەوانـە : ئـەم جوێندانـە دەکەوێتـە سـەر ئـەو کەسـەی ئـەو کارانـەی ئەنجـام داوە کـە ئەویـش خوایـە .

جـا ئەگـەر بەنـدە لـە کاتی هەڵکـردنی (بـا)دا ئـەوەی گـوت کـە پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) ڕێنمویـی کـردووە بـەوەی کـە فەرموویـەتی: **(إذا رأيتـم مـا تكرهـون فقولـوا : اللهم إنا نسـألك مـن خـير هـذه الريـح وخـير مـا فيهـا وخـير مـا أمـرت بـه ونعـوذ بـك مـن شر هـذه الريـح وشر مـا فيهـا وشر مـا أمـرت بـه)** ئـەوا خـۆی داوەتـە پـاڵ خـواو پشـتی بـە ئـەو بەسـتووە کەئـەو دروسـتکاری (با)یـەو هـەر ئـەو بەڕێـوەی دەبـا، ئەمـەش ئـەو بیروبـاوەڕە ڕاسـت و دروسـتەیە کەجیـاوازە لەگـەڵ بیروبـاوەڕی سـەردەمی نەفامـی و جاهلییـەت.

ئـا بـەم شـێوەیە موسـڵمان دەبـێ وابـێ هـەردەم و هەمـوو کات لەگـەڵ ڕووداوەکانـدا، دەیگێڕێتـەوە بـۆ دروسـتکارەکەی ، داوای خەیـرو چاکەکـەی دەکات و خراپـەو شـەڕەکەی لـێ دوور بکاتـەوە، وەلۆمەکـەی ناخاتـە سـەری و جوێنـی پـێ بـدات و بەجگـە لە تەفسـیرە ڕاسـت و دروسـتەکەی خـۆی تەفسـیری بـۆ بـکات، بـا ئـەوە بزانـێ کـە ئـەوەی تـووشی

دەبـێ لـەو ڕووداوانـەی کـە پێـی ناخۆشـە ، ئەوانـە تەنهـا بـە تەقدیـری خـوا دەبـێ و بەهـۆی تاوانەکانیانـەوە تـووشی بـووە ، هەروەکـو خـوای گـەورە دەفەرموێـت: ﴿ وَمَآ أَصَٰبَكُم مِّن مُّصِيبَةٍ فَبِمَا كَسَبَتْ أَيْدِيكُمْ وَيَعْفُواْ عَن كَثِيرٍ ﴿٣٠﴾ ﴾(الشـوری) واتـە : وەهـەر بەڵایەکتـان تـووش بـوو، ئـەوە بەهـۆی کـردەوەی خۆتانەوەیـە لـە زۆرێـك لـە گوناهەکانیشـتان ئەبـووردێ و لـە سـەری سـزاتان نـادا، ئەگەرچـی شایسـتەی سـزایش بـن) .

هەروەهـا خـوای گـەورە دەفەرموێـت:﴿ ٱللَّهُ ٱلَّذِى يُرْسِلُ ٱلرِّيَٰحَ فَتُثِيرُ سَحَابًا ﴿٤٨﴾ ﴾ (الـروم) واتـە : ئـەو خـوا دەسـەڵاتدارەیە ئـەو بایانـە ئەنێـرێ ئەوانیـش هەورەکـە دەبزوێنـن) .

خـوای گـەورە دەفەرموێـت: ﴿ وَتِلْكَ ٱلْأَيَّامُ نُدَاوِلُهَا بَيْنَ ٱلنَّاسِ ﴿١٤٠﴾ ﴾ (آل عمـران) واتـە : ئێمـە ئـەم رۆژگارەی سـەرکەوتن و تێکشـکانە، لەنێـو مەردمـدا دەستاودەسـتی پێدەکەیـن ، رۆژێ بـۆ ئێوەیـەو، رۆژێکیـش بـۆ ئـەوان).

خـوای گـەورە دەفەرموێـت:﴿ يُقَلِّبُ ٱللَّهُ ٱلَّيْلَ وَٱلنَّهَارَ ۚ إِنَّ فِى ذَٰلِكَ لَعِبْرَةً لِّأُوْلِى ٱلْأَبْصَٰرِ ﴿٤٤﴾ ﴾ (النـور) واتـە : بێگومـان هـەر خوایـە شـەوو رۆژ تـاو تـوێ و ئاڵـو گـۆڕ ئـەکات، جـارێ درێـژ، جارێکیـش کـورت، دەمـێ سـارد، دەمـێ گـەرم ، بێگومـان لـەو ئاڵوگۆڕەشـدا پەنـدو ئامۆژگارییەکـی زۆر هەیـە بـۆ خـاوەن بینایـی و ئاقـڵان، بـۆ ئەوانـەی وا بەوردیـی سـەیر ئەکـەن و، بەوردیـش بیـر ئەکەنـەوە).

جـا کارەکان هەمـووی دەگەڕێتـەوە بـۆ لای خـوا، پێویسـت و واجیـب ئەوەیـە لـە هـەردوو حاڵەتەکـەدا سوپاسـگوزاری بێـت، لـە حاڵـەتی تەنگانـەو لـە حاڵـەتی خۆشـیدا، وە گومـانی باشی پـێ ببـات، وە گەڕانـەوە بـۆ لای بـە تەوبـەو پەشـیمانی، هەروەکـو خـوای گـەورە دەفەرموێـت: ﴿ وَبَلَوْنَٰهُم بِٱلْحَسَنَٰتِ وَٱلسَّيِّـَٔاتِ لَعَلَّهُمْ يَرْجِعُونَ ﴿١٦٨﴾ ﴾ (الاعـراف) واتـە : بـە خۆشـیی و ناخۆشـیی تاقییمانکردنـەوە تـا بەڵکـو بگەڕێنـەوە بـۆلای خـوای خوَیـان و واز لـە کوفـر بێنـن) .

خـوای گـەورە دەفەرموێـت:﴿ وَلَقَدْ أَخَذْنَآ ءَالَ فِرْعَوْنَ بِٱلسِّنِينَ وَنَقْصٍ مِّنَ ٱلثَّمَرَٰتِ لَعَلَّهُمْ يَذَّكَّرُونَ ﴿١٣٠﴾ ﴾ (الأعـراف) واتـە : بەڕاسـتی بەگرانیـی و وشـکە سـاڵیی و کـەم بوونـی بەروبـووم و، میوەجـات و داهـات، قارمـان لـە دەسـتەو بەسـتەی فیرعـەون گـرت

تـا بەشـکو داچڵەکێـن و بـە خەبـەر بێنـەوەو پەنـد وەرگـرن) .

ئەمـە تەفسـیری ڕاسـت و دروسـتە بـۆ ڕووداوەکان کـەسی ئیمانـدار دەزانـێ ئـەوەی کەتـووشی بـووە و پێـی ناخۆشـە ئـەوە بەهـۆی تاوانەکانیـەوە بـووە ، جـا لۆمەکـە دەخاتـە ئەسـتۆی خـۆی، نـەک بیخاتـە سـەر ڕۆژگار، وە نایخاتـە سـەر (بـا)، بەڵکـو تەوبـە دەکات و دەگەڕێتـەوە بـۆ لای خـوا، بـەڵام کـەسی کافـرو فاسـق یـان نەفـام ئـەوا لۆمەکـە دەخاتـە سـەر ئـەو دروسـتکراوانەو لێپرسـینەوە لـە گـەڵ خۆیـدا نـاکات، وە تەوبـە نـاکات و لەتاوانـەکانی ناگەڕێتـەوە و پەشـیمان نابێتـەوە ، هەروەکـو شـاعیر دەڵێـت:

يا دهر ويحك ما أبقيتَ لي أحداً ... إذ أنت والد سوءٍ تأكل الولدا

هەروەها یەکێکی تر دەڵێت[1] :

قبحاً لوجهك يا زمانُ فإنه ... وجهُ له من كل قبحٍ بُرقعُ

داوا لەخوا دەکەین بمانپارێزێ و چاوڕوونمان بکات لە دینەکەیدا.

٥/ گوتنی (لو) (واتە : ئەگەر) لە هەندێ حاڵەتدا:

هـەر لـەو وشـەو گفتانـەی کەنابـێ بگوترێـت چونکـە خەلـەل بەعەقیـدە دەگەیەنـێ ، وە بەتایبەتیـش نەهـی دەربـارەی هاتـووە:_ وشـەی (لـو) ، واتـە: (ئەگـەر) لەهەنـدێ حاڵەتـدا ، لەکاتێکـدا کـە مـرۆڤ تـووشی ناخۆشـییەک بێـت یـا تـووشی موصیبەتێـک بێـت ، ئـەوا نابـێ بڵێـت: ئەگـەر ئـەوەم بکردایـە، ئـاوا ڕووی نـەدەدا، یـان: ئەگـەر مـن ئـەو کارەم نەکردایـە ئـاوا ڕووی نـەدەدا، چونکـە ئـەوە هەسـت بـە بـێ ئارامـی لـێ دەکرێـت ، وە بـە داخ بـوون بەرانبـەر بەشـتێک کەناکرێـت لێـی بگێڕدرێتـەوەو جارێکـی تـر بەدەسـتی بهێنـێ ، هەسـتیش بـەوە دەکرێـت کـە ئـەم وشـانە لاوازی ئیـمان بەقـەزاو قـەدەری تێـدا بـەدی دەکرێـت، هەروەهـا ئـازاردانی نەفـس و زاڵ بـوونی شـەیتانی تێدایـە بەسـەر مرۆڤـەوە بـە وەسوەسـەو خـەم و پـەژارە.

---

(١) ئەم بەیتە شیعرە هی (المتنبي)یە .

جـا ئـەوەی پێویسـت و واجیبـە لـە پـاش دابەزینـی هـەر موصیبەتێـک تەسـلیمی قـەدەر ببیـن و ئـارام بگریـن لـە سـەر ئـەوەی کـە تـووشی مرۆڤـەکان دەبێـت ، لەگـەڵ ئەنجامـدانی ئـەو کارانـەی کەخەیـری لـێ دەسـت دەکەوێـت و خـۆی دەپارێـزێ لەشـەڕ و خراپـە بـە بـێ هیـچ لۆمەیـەک.

خـوای گـەورە زەمـی ئـەو کەسـانەی کـرد کـە لـە کاتی ڕووداتی ئـەو موصیبەتـەی کەتـووشی موسـڵمانان بـوو لەجەنگـی (ئوحـود)دا دەفەرموێـت:﴿ يَقُولُونَ لَوْ كَانَ لَنَا مِنَ ٱلْأَمْرِ شَيْءٌ مَّا قُتِلْنَا هَٰهُنَا ﴿١٥٤﴾ ﴾ (آل عمـران) واتـە : بـۆ نموونـە دەڵێـن: ئەگـەر ئێمـە شـتێکمان بەدەسـت بوایـە، هەرگیـز نەدەهاتیـن بـۆ دەرەوەی مەدینـە و لێرەیـش بەکوشـت نەدەچوویـن).

ئەمـە قسـەی هەنـدێ لـە دووڕووەکانە کە لـە ڕۆژی (ئوحود)دا وتیان ، کاتێ موسـڵمانان تـووشی ئـەو موصیبەتـە بـوون، ئەوەیـان گـوت وەکو بەرهەڵسـتی قـەدەرو سەرزەنشـتکردنی پێغەمبـەری خـواو (ﷺ) موسـڵمانان ، کاتـێ دەرچـوون بـۆ ڕووبەڕووبونـەوەی دوژمنـان ، خـوای گـەورە وەڵامـی ئـەوانی دایـەوەو فەرمـووی :﴿ قُل لَّوْ كُنتُمْ فِي بُيُوتِكُمْ لَبَرَزَ ٱلَّذِينَ كُتِبَ عَلَيْهِمُ ٱلْقَتْلُ إِلَىٰ مَضَاجِعِهِمْ ﴿١٥٤﴾ ﴾ (ال عمـران) واتـە : ئـەی پێغەمبـەر! پێیـان بڵـێ: ئەگـەر ئێـوە لەماڵـی خۆشـتان بووبـان و نەهاتنایـە گۆڕەپانـی جەنگـەوە، هێـمان ئەوانـەی وا کوشـتنیان لەسـەر نـووسراوە، دەهاتنـە جێـی تەخـت بوونـی لاشـەیان و لـەوێ مەرگیشـیان تـووش دەبـوو، واتـە: لەقـەدەری خـوای گـەورە دەرچوونیـان نەدەبـوو).

واتـە: ئەمـە قەدەرێکـەو لەلایـەن خـواوە تەقدیـر کـراوە، بۆیـە دەبـێ ڕووبـدات، هیـچ شـتێک ڕێگـری لـێ نـاکات لـە خۆشـاردنەوە لـە ماڵەکانـدا، جـا وتنـی (لـو) لەپـاش دابەزینی موصیبـەت هیـچ سـوودی نییـە تەنهـا خـەم و پـەژارەو لاوازبـوون و ئـازاری نەفـس نەبـێ، لەگـەڵ کاریگـەری لەسـەر عەقیـدە بەشـێوەیەک ئـەوە نیشـان دەدات کـە خاوەنەکـەی تەسـلیمی قـەدەر نەبـووە بـە تـەواوی.

ئەمجـار خـوای گـەورە دەربـارەی ئـەو دووڕووانـە قسـەیەکی تـری فەرمـوو ، ئەویـش ئەوەیـە کـە دەفەرموێـت: ﴿ ٱلَّذِينَ قَالُوا۟ لِإِخْوَٰنِهِمْ وَقَعَدُوا۟ لَوْ أَطَاعُونَا مَا قُتِلُوا۟ ﴿١٦٨﴾ ﴾ (ال عمـران) واتـە : ئـەو کەسـانە کـە بۆخۆیـان دانیشـتبوون و نەچـوو بوونـە جەنـگ و بەبـراو کـەس

و کاری شەهیدەکانیشـیان دەوت: ئەگـەر بەگوێـی ئێمەیـان کردبـاو، نەڕۆشـتنابان بـۆ جەنـگ، نەدەکـوژران! وەکـو ئێمـە نەچووێـن و نەکوژرایـن) .

هەروەهـا ئەمـەش لەسـەر زاری هەنـدێ لەدووڕووەکانـەو وتـراوە لـە ڕۆژی ئوحـوددا، دەگێڕنـەوەو دەڵێـن کـەوا (عبداللـە بـن أُبي) بـووە و بەرهەڵسـتی لەقـەدەر دەکـردو دەیگـوت: ئەگـەر بـە ڕاوێـژی ئێمەیـان بکردایـە بەدانیشـتن و دەرنەچـوون، ئـەوا لەگـەڵ کوژراوەکانـدا ئەوانیـش نەدەکـوژران، خـوای گـەورە وەڵامـی ئـەوانی دایـەوەو فەرمـووی :﴿قُلْ فَٱدْرَءُواْ عَنْ أَنفُسِكُمُ ٱلْمَوْتَ ﴿١٦٨﴾﴾ (ال عمـران) واتـە: ئەگـەر دانیشـتن و دەرنەچـوون خاوەنەکـەی دەپارێـزێ لەکوشـتن و مـردن ئـەوا پێویسـتە ئێـوە نەمـرن، وەمردنیـش هـەر دەبـێ پێتـان بـگات لەهـەر کوێیەکـەوە بێـت، ئـەوا ئـەو کاتـە لەخۆتانی دوور بکەنـەوە ئەگـەر ڕاسـت دەکـەن لـەو بانگەشـەتان کـە دەیکـەن لـەوەی کـە هـەر کەسـێک گوێڕایەڵیتـان بـکات لەکوشـتن پارێـزراو دەبێـت.

(شـیخ الاسـلام ابـن تیمیـة) کاتـێ باسی ئـەم قسـەیەی (ابـن أُبي) دەکات، دەڵێـت: کاتـێ جەنگـی ئوحـود بەسـەر چـوو کۆتایـی پـێ هـات، وتی: وازی لـەڕای مـن و ڕای خـۆی هێنـاوەو ڕای منداڵـەکان (گەنجـەکان)ی وەرگـرت (بەقسـەی ئـەوانی کـرد) _یـان وشـەیەک لـەو شـێوەیە_ خەڵکێکـی زۆر لـە گەڵیـدا تووشـی شکسـت هاتـن ، زۆربەیـان هێشـتا لـە پێـش ئـەوە دووڕوویـان نەکردبـوو ، جـا ئەوانـە موسـڵمان بـوون ، و باوەڕیـان لـە گەڵـدا بـوو ، ئەوەیـش ئـەو ڕوناکیەیـە کـە خـوای گـەورە نمونـەی لـە سـەر هێناوەتـەوە ، جـا ئەگـەر لـە پێـش ئـەو تاقیکردنـەوەو دووروویـە بمردایـەن ئـەوا لـە سـەر ئیسـلام دەمـردن ، جـا ئەوانـە لـە راسـتیدا لـە ئیمانـداران نەبوونـە ، ئەوانـەی کـە تاقیکرانـەوەو لـە سـەر تاقیکردنەوەکـە دامـەزراو بـوون ، و نـە لـە دووڕووەکان بـوون کـە لـە ئیـمان هەڵگەڕانـەوە لـە تاقیکردنەوەکـە .....))[1].

شـایەت و مەبەسـت لـەوە، وتنـی وشـەی (لـو) لـەکاتی موصیبەتـدا لەڕەوشـت و ئـاکاری دووڕووەکانـە کەباوەڕیـان بەقـەزاو قـەدەر نییـە.

---

(١) انظر : (مجموع الفتاوى) لشيخ الاسلام (٢٨٠/٧-٢٨١)

بۆیـە پێویسـت و واجـب لەسـەر کـەسی ئیمانـدار دوورکەوتنەوەیـە لەوتنـی ئـەم وشـەیە کاتـێ تـووشی میحنەتێـک یـان ناخۆشـییەک دەبـێ، وەخـۆی لادا و بـڕوات بـۆ لای ئـەو وشـانە(ئەو وشـانە بڵێـت) کەباشـن و ڕازی بـوونی تێـدا بـەدی دەکرێـت ، بـەوەی خـوای گـەورە تەقدیـری کـردووەو ئارامـی لەسـەر بگرێـت و چـاوەڕوانی پاداشـت لەخـوا بـکات، ئەوانـەش چەنـد وشـەیەکن کـە پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) ڕێنمویـی بـۆ کردووێـن لـەو فەرموودەیـەی کـە ئیمامـی (مسـلم) ڕیوایـەتی کـردووە لـە (ابـو هریـرة)ەوە -ڕەزای خـوای لـێ بێـت- کـەوا پێغەمبـەری خـوا(ﷺ) فەرموویـەتی: (**المؤمـن القـوي خـير وأحـب إلى اللـه تعـالى مـن المؤمـن الضعيـف ، وفي كل خـير احـرص عـلى مـا ينفعـك ، واسـتعن باللـه -عـز وجـل- ولا تعجـز ، وإن أصابـك شـئ فـلا تقـل : لـو أني فعلـت كان كـذا و كـذا ولكـن قـل : قـدر اللـه ومـا شـاء فعـل ، فـإن لـو تفتـح عمـل الشـيطان**)[1]واتە : ئیمانـداری بەهێـز باشـتر و خۆشەویسـترە لای خـوای گـەورە لـە ئیمانـداری بێهێـز ، وە لـە هەموویـدا خەیـر و چاکـە هەیـە ، سـوورِبە لەسـەر ئـەوەی سـوودی بـۆت هەیـە و پەنـا بـە خـوا بگـرە و تەمبـەڵ و تـەوەزەل مەبـە و ئەگـەر شـتێکت تـووش هـات ئـەوا مەڵـێ : ئەگـەر ئـەوە و ئـەوەم بکردبایـە ، بەڵکـو بڵـی : خـوای گـەورە ئـەوەی ویسـتی لێبـوو و تەقدیـری بـوو کـردی ، چونکـە وشـەی ئەگـەر (لـو) دەرگاو کارەکانـی شـەیتان دەکاتـەوە) .

جـا پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) ڕێنموویـی کردووێـن بـۆ ئەنجامـدانی هـۆکارەکان کـە موسـڵمان سـوودی لـێ دەبینێـت لەدونیـاو دوا ڕۆژدا لـەوەی کەخـوای گـەورە بـۆ بەنـدەکانی داینـاوە لـە هـۆکارە (واجـب و مسـتحب و مبـاح)ەکان، وەبەندەکـەش لـەکاتی ئەنجامـدانی هۆکارەکەیـدا پەنـا بەخـوا دەگرێـت، بـۆ ئـەوەی هۆکارەکـەی کامـل و تـەواو بێـت و سـوودی لـێ ببینێـت، چونکـە خـوای گـەورە خـۆی هـۆ و هۆکارەکەشـی دروسـت کـردووە، جـا کۆکردنـەوە لەنێـوان ئەنجامـدانی هـۆکارو پشـت بەسـتن بەخـوا تەوحیـدە، ئەمجـار نەهـی لـێ کردیـن لەبـێ توانایـی و بـێ دەسـەڵاتی، ئەویـش وازهێنانـە لـە ئەنجامـدانی هـۆکارە سـوود بەخشـەکان ، هـەر ئەویـش دژی سـووربوونە لەسـەر ئـەوەی سـوود دەبەخشـێ، جـا ئەگـەر سـوور بـوو لەسـەر ئـەوەی کەسـوودی هەیـەو هۆکارەکـەی ئەنجامـدا، ئەمجـار بەجیـاواز لـەوەی کەدەیـەوێ و ویسـتی لـێ بـوو ڕوویـدا یـان تـووشی

---

(١) (مسلم:١٨٤ ، ٦٧١٦)

ئـەوە هـات کەپێـی ناخۆشـە، ئـەوا بـا نەڵێـت :_ ئەگـەر مـن ئـەو کارەم بکردایـە ئـەوا ئـاواو ئـاوا ڕووی دەدا، چونکـە ئـەم وشـەیە هیـچ سـوودی نییـە، بەڵکـو دەرگا بـۆ کارو کـردەوەی شـەیتان دەکاتـەوە، وەپەشـیمانی و لۆمـەی قـەدەری لـێ دەوەشـێتەوە ، ئەوێـش جیـاوازە لەگـەڵ ئارامگرتـن و ڕازی بوونـدا، وە ئارامگرتنیـش واجبیـە و ئیـمان بـە قـەدەر فـەرزە.

ئەمجـار پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) ڕێنمویـی کردیـن بـۆ وتنـی وشـەیەکی سـوودبەخش کـە ئیـمان بەقـەدەر لەخـۆ دەگرێـت، ئەویـش ئەوەیـە کـە بڵێـت: (قـدر اللـه ومـا شـاء فعـل) ، چونکـە ئـەوەی خـوای گـەورە تەقدیـری کـردووە دەبـێ ڕووبـدات، پێویسـت و واجبیـش ئەوەیـە تەسـلیمی قەدەرەکـە ببیـن، ئـەوەش خـوا ویسـتی لـێ بـووە کردوویـەتی، چونکـە کـردەوەکانی تەنهـا لـە حیکمەتـەوە سـەرچاوە دەگـرن.

پێشـەوا (ابـن القیـم) -ڕەحمـەتی خـوای لـێ بێـت- فەرموویـەتی: (بەنـدە ئەگـەر تەقدیـر لەسـەر کراوەکـەی لەدەسـت دەرچێـت ئـەو دوو حاڵـەتی هەیـە:_ حاڵـەتی بـێ توانایـی و بـێ دەسـەڵاتی : ئەویـش کاری شـەیتانە، ئـەو بـێ دەسـەڵاتییە بـەرەو وتنـی (لـو) دەیبـات و هیـچ سـودێکیشی نییـە، بەڵکـو ئـەوە کلیـلی لۆمـەو لۆمەکاریـە.

وەحاڵـەتی دووەم: تەماشـاکردنی تەقدیـر لەسـەرکراوەکەو تێبینـی کـردنی، وە ئـەوەش ئەگـەر تەقدیـری بوایـە و ڕووی بدایـە ئـەوا لەدەسـتی دەرنەدەچـوو، وەهیـچ کەسـێکیش زاڵـی نەدەخسـت بەسـەریدا.

جـا پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) ڕێنمویـی کردووێـن بـۆ ئـەوەی سـوودی هەیـە لـەکاتی دەسـتکەوتنی داواکراوەکـەو لـەکاتی لەدەستدانیشـیدا)[1]

وە نەهـی لـێ کردویـن لـە وتنـی وشـەی (لـو) ، هەواڵیـشی پێداویـن کـە ئـەو کارە دەرگای کاروکـردەوەی شـەیتان دەکاتـەوە ، بەهـۆی ئـەو پەشـیمانییەی لەسـەر ئـەوەی لەدەسـتی دەرچـووە و حـەسرەت و خەمبارنـو لۆمـەی قـەدەر ، بۆیـە تاوانبـار دەبـێ بـە هـۆی ئـەو کارەیـەوە ، ئەویـش لـەکارو کـردەوەی شـەیتانە، ئەمـەش تەنهـا نـەک لەبـەر

---

(١) انظر (شفاء العليل)لابن القيم (٩٧/١) .

وتنـی وشـەی (لـو)، بەڵکـو بەهـۆی ئـەو کارانـە کـە بـە دڵـی لەگەڵیـدا گرێـی داوە، کەئەویـش جیـاوازە لەگـەڵ کەمـالی ئیمانـدا، دەرگای کـردەوەی شـەیتانش دەکاتـەوە.

جـا ئەگـەر وتـرا: پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) ئـەم وشـەیەی فەرمـووەو بـەکاری هێنـا کاتـێ فەرمـانی کـردە هـاوەڵانی بـە پوچەڵکردنـەوەی حـەج و گـۆڕانی بـۆ عەمـرە، خۆیـشی پوچەڵـی نەکـردەوە چونکـە خـۆی قوربانـی (هـدی) لـە گـەڵ خۆیـدا هێنابـوو.

وەڵامەکـە ئەوەیـە: ئـەو فەرموودەیـە کـە دەفەرموێـت: (**لـو اسـتقبلت مـن أمـري مـا اسـتدبرت مـا سـقتُ الهـدي**)[1] هەواڵێکـە دەربـارەی ئاینـدە ، بەرهەڵسـتی لەسـەر قـەدەری تێـدا نییـە، بەڵکـو ئـەوە هەواڵێکـە بـۆ هـاوەڵانی کـەوا ئـەو ئەگـەر اسـتقبالی ئیحرامـی بکردایـە بـۆ حـەج ئـەوا (هـدی) لەگـەڵ خـۆی نەدەهێنـا و بـۆ عەمـرە ئیحرامـی دەکـرد، ئـەم قسـەی کاتـێ فەرمـوو کەبەهـاوەڵانی فەرمـوو حەجەکەیـان پوچـەڵ بکەنـەوە بـۆ عەمـرە، وەکـو هانـدان و دڵنەوایـی کردنیـان، کاتـێ بینـی ئـەوان ڕاوەسـتان لەجـێ بەجـێ کـردنی فەرمانەکەیـدا، ئەمـە لـەو جـۆرە نییـە کـە نەهـی لـێ کـراوە، بەڵکـو ئەمـە هەواڵێکـە بـەوانی دا کەئەنجامـی دەدا لەئاینـدەدا ئەگـەر جارێکـی تـر ڕووبداتـەوە، وەهیچ جیاوازییـەک نییـە لەنێـوان زانایانـدا بـۆ دروسـتی ئـەو کارە، بەڵکـو نەهـی کـراوە لەسـەر ئـەوە لـە کاتی بەرهەڵسـتی قـەدەر ، واللـە اعلـم .

ئـەو فەرموودەیـەی کـە ابوهریـرە ڕیوایـەتی کـردووە هەرگیـز هیـچ عەبدێـک بـێ نیـاز نابـێ لێـی، ئەویـش سـەڵماندنی قـەدەر لەخـۆ دەگـرێ و سـەڵماندنی هەوڵـی خۆی و هەسـتان بەپەرسـتن و بەندایـەتی کـردنی.

شـیخ الاسـلام ابـن تیمیـە لـە مانـای ئـەم فەرمـوودەدا دەفەرموێـت: (بـێ توانـاو بـێ دەسـەڵات مەبـە بەرانبـەر بـەوەی فەرمـانی پـێ کـراوە و مەترسـەو خەمبـار مەبـە لـەوەی تەقدیـری لەسـەر کـراوە)[2] .

---

(١) متفق عليه : البخاري (٧٢٢٩) ومسلم (٢٩٢٣) .

(٢) انظر : مجموع الفتاوى لشيخ الاسلام (٣٨/١٦).

ئارام گرتن و پلەو پایەی لەعەقیدەدا:

لـە پێشـدا بـاسی نەهـی کردنمـان کـرد لـە وتنـی (ئەگـەر - لـو) کاتـێ کەسـێک تـووشی موصیبەتێـک دەبـێ، وەپێویسـت و واجـب لەسـەری بریتییـە لەئارامگرتـن و چـاوەڕوانی پاداشـت لای خـوای گـەورە.

ئیـمام ئەحمـەد -ڕەحمـەتی خـوای لـێ بێـت- دەفەرموێـت: خـوای گـەورە نـەوەت جـار بـاسی ئارامگرتنـی کـردووە لـە کیتابەکەیـدا).

وە لـە فەرموودەیەکـی (صحیـح) دا هاتـووە:_ (الصـبر ضیـاء)[1] واتـە : ئارامگرتـن ڕووناکییـە).

عومـەری کـوڕی خەتتـاب فەرموویـەتی: (وجدنـا خـیر عیشـنا فِي الصبر)[2] واتە: خۆشـترین ژیـانی خۆمـان لەئارامگرتندا دەسـت کەوتـووە (دۆزیوەتەوە))

عـەلی کـوڕی ئەبـو تالّیـب -ڕەزای خـوای لـێ بێـت= دەفەرموێـت: (پلـەو پایـەی ئارامگرتـن لەئیمانـدا وەکـو پلـەو پایـەی سـەرە لەجەسـتەدا) ئەمجـار دەنگـی بـەرز کـردەوەو فەرمـووی:_ ئـەو کەسـەی صەبـری نەبـێ ئیمانیـشی نییـە) .

ئیمامـی بوخـاری و مسـلم ڕیوایەتیـان کـردووە لـە پێغەمبـەری خـواوە (ﷺ) : (**مـا أُعطی أحـدٌ عطـاء أوسـع مـن الصـبر**)[3] واتـە : (هیـچ کەسـێک هیـچ بەخششـێکی پـێ نـەدراوە چاکـترو فراوانـتر بێـت لـە ئارامگرتـن).

وشـەی (صَـبْر) یـش لـە وشـەی (صَـبَرَ)ەوە هاتـووە : ئەگـەر حەبـسی بـکات و ڕێگـری لێ بـکات، ئەویـش حەبسـکردنی نەفسـە لەتـرس (جـزع) وەحەبـس کردنـی زمانـە لەشـکایەت و تووڕەبـوون، وەحەبـسی ئەندامەکانـە لـە لەخـۆدان و خۆدادڕیـن .

ئەویش سێ جۆرە:

---

(١) أخرجه مسلم (٥٣٣) وأحمد (٢٣٢٩٠) .

(٢) ذكره البخاري من قول عمر معلقاً مجزوماً بهووصله أحمد وابن المبارك والحاكم وابو نعيم .

(٣) متفق عليه : البخاري (١٤٦٩) ومسلم (٢٤٢١) .

- ئارامگرتن لەسەر ئەنجامدانی ئەوەی خوای گەورە فەرمانی پێ کردووە.

- ئارامگرتن لەسەر وازهێنان لەوەی خوای گەورە نەهی لێ کردووە.

- ئارامگرتن لەسەر ئەوەی خوای گەورە تەقدیری لەسەر کردووە لەموصیبەتەکان.

خـوای گـەورە دەفەرموێـت:﴿ مَآ أَصَابَ مِن مُّصِيبَةٍ إِلَّا بِإِذْنِ ٱللَّهِۗ وَمَن يُؤْمِنۢ بِٱللَّهِ يَهْدِ قَلْبَهُۥ ﴿١١﴾ ﴾(التغابن) واتـە : وهـەر بـەڵاو ناخۆشـییەك پێـش بێـت، بـێ فەرمـان و بڕیـاری خـوای کارزان نابێـت، واتـە: ئیـرادەو ویسـتی ئـەوی لەگەڵـە، کەوابـوو خۆتـان تەنهـا تەسـلیمی ئیـرادەو ویسـتی خـوا بکـەن وهەرکەسـێك بـاوەڕی بەخـوا هەبێـت، ئەویـش دڵـی هیدایـەت دەکاو دایدەمەزرێنێـت لەئارامیـی و خۆگرتـن لـە بەرامبـەر هـەر بـەڵاو نەهامەتیـەك پێـش بێـت).

(عەلقەمـە) دەڵێـت: (ئـەوە کابرایەکـە تـووشی موصیبەتێـک دەبـێ، دەزانـێ ئـەوە لەلایـەنی خوداوەندەوەیـە ، بۆیـە ڕازی دەبـێ و تەسـلیم دەبـێ)[1] .

جگە لە ئەو لە مانای ئایەتەکەدا گوتویانە:

(واتـە: هەرکەسـێ تـووشی موصیبەتێـک هـات، زانی ئـەوە لەتەقدیـری خوداوەیـەو ئارامـی گـرت و چـاوەڕوانی پاداشـتی دەکـرد لـە لایـەنی خـوداوەو تەسـلیمی قـەزاو قـەدەر بـوو ، ئـەوا خـوای گـەورە هیدایـەتی دڵـی دەدا، وەلـە جێـی ئـەوە خـوای گـەورە هیدایەتێکـی پـێ دەبەخشـێ لەدڵیـداو یەقینێکـی ڕاسـتی پـێ دەبەخشـێ، ڕەنگـە هەنـدێ جـار قەرەبـووی ئـەوەی بـۆ بکاتـەوە کەلێـی سـەندووە).

(سـعیدی کـوڕی جبیـر) دەفەرموێـت: ﴿ وَمَن يُؤْمِنۢ بِٱللَّهِ يَهْدِ قَلْبَهُۥ ﴿١١﴾ ﴾ واتـە: (اسـترجاع) دەکات و دەڵێـت : ﴿ إِنَّا لِلَّهِ وَإِنَّآ إِلَيْهِ رَٰجِعُونَ ﴿١٥٦﴾ ﴾ (البقـرة).

وە لـەو ئایەتـە پیـرۆزەدا بەڵگـەی ئـەوەی تێدایـە کـە کـردەوەکان لـە ئیمانـن، هەروەها ئارامگرتنیـش هـۆکاری هیدایـەتی دڵەکانـە، وەکـەسی ئیمانـدار پێویسـتی بـە ئارامگرتنـە لەهەمـوو کات و سـاتێکدا:_

---

(١) أخرجه عبدالرزاق والطبري والفريابي وعبد بن حميد .

-پێویستی پێی دەبێ لە گەڵ نەفسی خۆیدا بەرانبەر بەفەرمانەکانی خواو نەهییەکانی، بە ئیلزام کردنی نەفسی خۆی بە دەستگرتن پێوە .

-پێویستی بە ئارامگرتن دەبێ لەکاتی بانگەوازکردن بۆ لای خوا لەوەی تووشی دەبێ لەو ڕێگایەدا لەئازارو ناڕەحەتی، خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ ٱدۡعُ إِلَىٰ سَبِيلِ رَبِّكَ بِٱلۡحِكۡمَةِ وَٱلۡمَوۡعِظَةِ ٱلۡحَسَنَةِۖ وَجَٰدِلۡهُم بِٱلَّتِي هِيَ أَحۡسَنُۚ إِنَّ رَبَّكَ هُوَ أَعۡلَمُ بِمَن ضَلَّ عَن سَبِيلِهِۦ وَهُوَ أَعۡلَمُ بِٱلۡمُهۡتَدِينَ ١٢٥ وَإِنۡ عَاقَبۡتُمۡ فَعَاقِبُواْ بِمِثۡلِ مَا عُوقِبۡتُم بِهِۦۖ وَلَئِن صَبَرۡتُمۡ لَهُوَ خَيۡرٞ لِّلصَّٰبِرِينَ ١٢٦ وَٱصۡبِرۡ وَمَا صَبۡرُكَ إِلَّا بِٱللَّهِۚ وَلَا تَحۡزَنۡ عَلَيۡهِمۡ وَلَا تَكُ فِي ضَيۡقٖ مِّمَّا يَمۡكُرُونَ ١٢٧ ﴾ (النحل) واتە : ئەی پێغەمبەر (ﷺ) ! ئەی ئیماندار! هەر بەژیرانەو نەرم و قسەی خۆش و حیکمەت و ئامۆژگاری شیرین و جوان، خەڵک بۆ ڕێگای پەروەردگارت بانگ بکە، بەراستی پەروەردگاریشت باشتر بەحاڵی ئەوە دەزانێت کە لەڕێی ئەو لایداوە و زاناتریشە بەحاڵی ئەو کەسانە ڕێنوێنن و لەسەر ڕێی راستن. (١٢٥) وەئەگەر تۆڵەتان کردەوە ، بادار بە داربێو، سەرەڕۆیی وزیادە ڕەوی تێدا نەبێ. دڵنیاشبن ئەگەر ئێوە خۆ ڕابگرن و تۆڵە نەکەنەوە، ئەگەرچی هەقیشتان بێت تۆڵە بکەنەوە دیارە کاری وا بۆ خۆ ڕاگران و ئارامگران باشترە تا تۆڵە وەرگرتنەوە، بەمەرجێ بتوانن شەڕو خراپە لەخۆتان دوور بخەنەوەو، بیشزانن دەبێتە سەرکەوتن بۆتان(١٢٦) خۆ ڕاگربەو ئارامت هەبێ لەتۆڵە وەرگرتنەوەدا، کە دیارە بەئارام بوونیشت، هەر بەکۆمەك و فەرمانی خوا دەبێت، هەر ئەو دەتوانێ یارمەتیت بدا بۆ خۆڕاگرتن، ئەگینە کێ دەتوانێ نەفسی ڕام بکاو دایمرکێنێت؟ وە لەبەر ئەوانەش کە بڕوا ناهێنن خەم و خەفەت مەخۆ و لە فڕوفێڵیان دڵتەنگ و سەخڵەت مەبە، چونکە تۆ تەنها ڕاگەیاندنت لەسەرە، ئیتر باوەڕ بهێنن یانا، تۆ بەرپرس نابیت(١٢٧)) .

وە پێویستی بە ئارامگرتنە لە کاتی فەرمان کردن بە چاکە و نەهی کردن لە خراپە لەسەر ئەو ئازارانەی کە لە لایەن خەڵکییەوە توشی دەبێت ، خوای گەورە دەربارەی لوقمان دەفەرموێت: ﴿ يَٰبُنَيَّ أَقِمِ ٱلصَّلَوٰةَ وَأۡمُرۡ بِٱلۡمَعۡرُوفِ وَٱنۡهَ عَنِ ٱلۡمُنكَرِ وَٱصۡبِرۡ عَلَىٰ مَآ أَصَابَكَۖ إِنَّ ذَٰلِكَ مِنۡ عَزۡمِ ٱلۡأُمُورِ ١٧ ﴾ واتە : ئەی کوڕە بچکۆلەو شیرینەکەم!

هەمیشـە نوێژەکانـت بـە تەواویـو بەچاکـی بەجێبهێنـە فەرمـان بەچاکـە بـدەو وریّ لـە گوناهـو خراپـە بگـرە لەسـەر هەرئـەو بـەڵاو نەهامەتییـەی تووشـت دەبـێ خۆراگربـە بێگومـان ئـەو کارانـە - بـۆم باسـکردیت - لـەوکارە پەسـەندو گرنگانەیـە خـوا دەیەوێـن).

کـەسی ئیمانـدار پێوسـتی بـە ئارامیـە بـۆ ڕووبەڕوبونـەوەی ئـەو موصیبەتانـەی کـە بەسـەریدا دێـت، بـەوەی بزانێـت ئەوانـە هەمـوو لەلایـەن خوداوەندەوەیـە ، بۆیـە ڕازی دەبـێ و تەسـلیمی دەبـێ، وە حەبـسی نەفـسی خـۆی دەکات لـە نارِحـەتی و تورِەیـی کەرِەنگـە هەنـدێ جـار بەسـەر زارو ئەندامەکانـدا دێـت ، ئەمـەش کـرۆک و ناوەرِۆکـی عەقیدەیـە ، چونکـە ئیـمان بـە قـەدەر یەکێکـە لەشـەش پایەکـەی ئیـمان ، بەرهەمەکـەش ئـارام گرتنـە لەسـەر موصیبەتـەکان، جـا هـەر کەسـێک ئـارام نەگـرێ لەسـەر موصیبەتەکان ئـەوا بەڵگـەن لەسـەر بەدەسـتدانی ئـەم پایـە یـان لاوازی لای ئـەو ، ئەمجـارە ڕووبـەرووی موصیبەتـەکان دەبێتـەوە بـە تورِەبـون و بێـزاری ، جـا پێغەمبـەری خـواش (ﷺ) هەواڵـی پێداویـن کـەوا ئەمـە کوفـرە ، خەلـەل بـە عەقیـدەی ئیسـلامی دەگەیەنـێ :

لـە صەحیحـی موسـلیم دا هاتـوە لـە ابـو هریـرەوە- ڕەزای خـوای لێبێـت- کـەوا پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) فەرمویـەتی: ((**اثنتـان في النـاس هـما بهـم كفـر : الطعـن في النسـب، والنياحـة عـلى الميـت**)[1] واتـە: دوو ئـاکار لـە نـاو خەڵکیـدا هـەن کـەوا کوفریـان تێدایـە : تانـەدان لـە نـەژادو شـیوەنکردن لـە سـەر مـردوو) .

جـا ئـەم دوو ئـاکارە لە ئاکارەکانی کوفـرن ، چونکە ئەوانە لە کارو کردەوەی جاهیلیەتن ، بەڵام مانای ئەوە نیە هەرکەسـیک هەسـتا بە ئەنجامدانی لقێک لە لقەکانی کوفر ئەوا دەبێتە کافرێکی ڕەهـا ، جیـاوازی هەیـە لـە نێـوان ئـەو (کوفـر) ی کـە (ال)ی مەعریفـەی پێـوە ببێـت وەکـو ئەو فەرمودەیـەی کـە پێغەمبەری خـودا (ﷺ) دەفەرموێت: ((**ليس بين العبد وبين الكفـر أو الشرك الا تـرك الصـلاة**)[2] واتـە : هیچ شـتێک لـە نێوان بەنـدە و کوفردا یان شـیرکدا نییە تەنهـا وازهێنان لە نوێـژ نەبـێ) وە لەنێـوان ئـەو (کوفر)ەی کە (نکرة)یـە هەروەکو لەم فەرمودەیـەدا هاتوە.

---

(١) صحيح : أخرجه مسلم (٢٢٤) .

(٢) أخرجه مسلم (٢٤٣) والنسائي (٤٦٤) وابن ماجه (١٠٨٠) والدارمي (١٢٠٥).

لـه هـەردوو کتێبی(صحیـح)دا هاتـوه: (**لیـس منـا مـن ضرب الخـدود وشـق الجیـوب ودعـا بدعـوی الجاهلیـة**)[1] .

مەبەسـت لـەو فەرمودەیـە: (ودعـا بدعـوی الجاهلیـة) ابـن القیـم دەفەرمـوێ : (بانگـەواز کـردن بـه بانگەشـەی جاهـلی وەک بانگەشـەکردن بـۆ عشـیرەت و دەمارگیـری ، هـەر لـه نمونـەی ئەوانـه دەمارگیریـەی بـۆ مەزهەبـەکان و تاقمـەکان و شـێخەکان وە فەزڵـدانی هەندێکیـان بەسـەر ئـەوانی تـردا ، بانگەوازیـان بـۆ ئـەو دەکات و دۆسـتایەتی و دوژمنایـەتی لەسـەر ئـەوە دەکات ، جـا هەمـوو ئەوانـه لـه بانگەشـەی جاهیلیەتـه ..).

خـوای گـەورە موصیبـەت دەهێنـێ بەسـەر بەنـدەکانی خۆیدا لەبـەر چەنـد حیکمەتێکی مـەزن، لەوانـه بـه هـۆی ئـەو موصیبەتانـەوە خـوای گـەورە لـه تاوانـەکانی خـۆش دەبێـت ، هەروەکـو لەفەرمودەکـەی (ئەنـەس) دا هاتـوە کـەوا پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) فەرمویـەتی : (**إذا أراد اللـه بعبـده الخـیر عجـل لـه العقوبـة في الدنیـا ، وإذا أراد بعبـده الـشر أمسـك عنـه بذنبـه حتـی یـوافي بـه یـوم القیامـة**)[2] .

شـەیخ الاسـلام ابـن تیمیـه - رەحمـەتی خـوای لـێ بێـت - دەفەرموێـت: موصیبەتـەکان نیعمەتـن ، چونکـه دەبنـه هـۆی لێخۆشـبونی تاوانـەکان ، وە پێویسـتی بـه صەبـر گرتنـه ، ئـەوەش پاداشـتی لەسـەر دەدرێتـەوە، گەڕانـەوە بـۆ لای خـوا و زەلیـلی نوانـدن بەرانبـەری و پشـت کـردن لـه خەڵکـی لـه خـۆ دەگرێـت ، جگـه لەوانـه لـه چەندیـن بەرژەوەنـدی مـەزنی تـر ، خـودی بەڵاکـه دەبێتـه هـۆی لێخۆشـبونی خـوای گـەورە لـه تاونـەکان و گوناهـەکان ، ئەمـەش لـه گەورەتریـن نیعمەتەکانـه ، جـا موصیبەتـەکان نیعمـەت و رەحمەتـن لـه حەقـی هەمـوو خەڵکیـدا ، ئیـلا ئـەوە نەبـێ کـه خاوەنەکـەی بـه هۆَیانـەوە بکەوێتـه نـاو تـاوانی گەورەتـرەوە کـه لەپێـش ئـەوە ئەنجامـی دەدا ، بۆیـه ئـەوە دەبێتـه شـەڕو خراپـه بەسـەریەوە لـەڕووی ئـەوە تـوشی هاتـوە لـه دینەکەیـدا ، چونکـه هەنـدێ خەڵکـی هـەن ئەگـەر تـوشی هـەژاری یـان نەخـۆشی یـان ئـازار بـن چەندیـن نیفـاق و ناڕەحـەتی و نەخـۆشی دڵ و کوفـری ئاشـکرا و وازهینـان لـه هەنـدێ فەرمـان پێکـراوەکان

---

(١) متفق علیه : البخاري (١٢٩٧) ومسلم (٢٨٢) .

(٢) أخرجه الترمذي (٢٤٠١) واحمد بنحوه (١٦٩٢٩) .

و ئەنجامـدانی حەرامکـراوەکانی لـێ دەوەشـێتەوە کـە دەبێتـە هـۆی زیـان گەیانـدن بـە دینەکـە ، ئـەم کەسـە سـەلامەت بونەکـەی باشـتر بـوو بـۆی بـە هـۆی ئـەوەی ئـەو شـتانەی لـە ئەنجامـی موصیبەتەکـەدا توشـبوە ، نـەک لـەڕووی خـودی موصیبەتەکـە خۆیـەوە ، هەروەهـا هەرکەسـێک موصیبەتەکـە ببێتـە هـۆی ئارامگرتـن و گوێڕایەڵـی ئەوە لە ڕاسـتیدا لـە هەقـی ئـەودا نیعمەتێکـە ، ئـەوە لـە ڕووی ئـەوەی کـە کاری خـوای گـەورە ڕەحمەتێکـە بـۆ خەڵکـی ، خـوای گـەورەی لەسـەر سـوپاس دەکـرێ ، جـا هـەر کەسـێک تـوشی بەڵایـەک هاتـوو ئارامـی لەسـەر گـرت ، ئـەوا ئـەو ئـارام گرتنـە نیعمەتێکـە لـە دینەکەیـدا ، وە لـە پـاش ئـەوەی بـە هۆیـەوە لـە تاوانـەکانی خـۆش دەبێـت ڕەحمـەتی دەس کـەوت ، وە سـتایشی خـوای گـەورەی بـە دەسـت هێنـا ، خـوای گـەورە دەفەرمووێـت: ﴿ أُوْلَٰٓئِكَ عَلَيۡهِمۡ صَلَوَٰتٞ مِّن رَّبِّهِمۡ وَرَحۡمَةٞۖ ﴿١٥٧﴾ ﴾(البقرة) هەروەهـا لێخۆشـبونی گوناهـەکان و بەرزبونـەوەی پلـەکانی دەسـت کـەوت ، جـا هەرکەسـێک هەسـتا بـە ئـارام گرتنـی پێویسـت و واجـب ، ئـەوەی دەسـت دەکەوێـت) .

هەروەهـا لـە حیکمەتـەکانی خـوای گـەورە لـە ڕودانی موصیبەتـدا تاقیکردنـەوەی بەندەکانێتـی لـە کاتی ڕودانیـدا ، کـێ ئـارام دەگـرێ و ڕازی دەبـێ و کـێ ناڕەحـەت دەبـێ و تـوڕە دەبـێ ، هەروەکـو پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) دەفەرمـوێ : (**إن عظم الجزاء مع عظم البلاء ، و إن الله إذا أحب قوما ابتلاهم، فمن رضي فله الرضا ، و من سخط فله السخط**)[1] .

وە ڕازی بـوون (الـرضی) :بریتیـە لـەوەی کـە بەنـدە هەمـوو کارو بـارەکانی خـۆی تەسـلیمی خـوای گـەورە بـکات و گومـانی بـاش بـە خواکـەی خـۆی ببـات و چـاوەڕوانی پاداشـتەکەی بـکات .

وە تـوڕە بونیـش (السـخط) : بریتیـە لـە حـەز نەکـردن لـە شـتێک و ڕازی نەبـوون پێـی ، واتـا : هـەر کەسـێک تـووڕە ببـێ لـەوەی خـوای گـەورە تەدبیـری کـردوە ، ئـەوا تووڕەبونـی خـوای گـەورە بـە دەسـت دەهێنـێ .

---

(١) أخرجه الترمذي وحسنه (٢٤٠١) وابن ماجه (٤٠٣١) واحمد بمعناه (٢٤٠٣٢) .

هـەر لـەم فەرمودەیـەدا ئەوەمـان بـۆ ڕوون دەبێتـەوە کـەوا سـزا لـە (جنـس) و جـۆری کارەکەیـە، هەروەهـا سـەلماندنی ڕازی بـوونی خـوای گـەورەی تێیـدا بـە شـێوەیەکی لایـەق و شایستەی ئـەو بـێ هەروەکـو ئـەو سـیفەتەکانی تـر، هەروەهـا ڕوون کردنـەوەی حیکمـەتی خـوای گـەورەی تێدایـە لـە ڕوودانی موصیبەتـەکان بەسـەر بەندەکانیـدا، هەروەهـا سـەلماندنی قـەزاو قـەدەری تێدایـە، وە موصیبەتـەکان بـە پێـی قـەزاو قـەدەری خـوای گـەورە ڕووەدەن، هەروەهـا دروسـتی ئـارام گرتـن لـە کاتی موصیبەتەکانـدا، وەگەڕانـەوە بـۆلای خـوا، وە پشـت بەسـتن بـە خـوای تـاک و تەنهـا لـەکاتی هەمـوو کێشـەیەکدا و دورخسـتنەوەی هەمـوو خراپەیـەک.

خـوای گـەورە فەرمـانی کـردوە بـە پشـت بەسـتن بـە ئـارام گرتـن و نوێـژ بەرانبـەر بـەو شـتانەی کـە ڕووبـەڕوی مرۆڤـەکان دەبێتـەوە لـەم ژیانـەدا لـە ناڕەحـەتی و کێشـەکان ، چونکە لـە پـاش ئـەوە خەیـرو چاکـە و ئەنجامـی چاکـی تێدایـە ، هەروەهـا هەواڵـی پێداویـن کـە خـوای گـەورە لـە گـەڵ ئارامگرانداییـە بـە سەرخسـتن و نـەصرەت و پشـتگیری کـردن ، خـوای گـەورە دەفەرموێـت:﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱسْتَعِينُواْ بِٱلصَّبْرِ وَٱلصَّلَوٰةِۚ إِنَّ ٱللَّهَ مَعَ ٱلصَّٰبِرِينَ ﴿١٥٣﴾ ﴾ (البقرة) واتـە: (ئـەی گەلـی خـاوەن بـاوەڕ! پەنـا بەرنـە بـەر خۆراگریـی و نوێـژ ، هەتـا لەسـەر قۆناغـە گرژەکانـی ژیانتـان خـۆڕا گربـن، ، بێگومـان خـوا لەگـەڵ ئارامگرانـەو، لەگـش گروفتێـکا پشـتگیریانەو سـەریان دەخـا)

کـە بەڵگەیـە لەسـەر گرنگـی ئـارام گرتـن، وە پێوسـتی ئیمانـدار بـەو شـتە ، ئەمیـش یەکێکـە لـە پێداویسـتیەکانی عەقیـدە .

داوا لـە خـوا دەکەیـن ئـارام گرتنـمان بـە نسـیب بـکات وە وامـان لـێ بـکات چـاوەڕوانی پاداشـت کـردن لـەو بکەیـن ، وە تەوفیـق و هیدایەتمـان بـە قیسـمەت بـکات .

ڕونکردنـەوەی چەنـد وتـەو گفتێـک کـە دروسـت نیـە لـە هەقـی خـوای گـەورە بگوترێـت چونکـە لەکارخسـتنی صیفەتـەکانی تێدایـە :

خـوای گـەورە -بـەرزو پیـرۆزی بـۆ ئـەو- مەزنـە ، پێویسـت و واجبـە بـە مـەزن دابنرێـت ، جـا چەنـد وشـەیەک هەیـە کـە دروسـت نیـە لـە حەقـی خـوادا بگوترێـت ، لەبـەر بـە مـەزن ڕاگرتنـی ئـەو ، وە لـە شـەرعدا نەهـی دەربـارەی هاتـوە لـە وتنـی ئـەو وشـەو

گوفتانـه ، جـا لـه نمونـەی ئـەم گفتانـه :

نابـێ بگوترێـت (السـلام عـلى اللـه) واتـا : سـڵاو لـه خـوا ، چونکـه (السـلام) دوعایـه بـۆ موسـڵمان بـه داواکـردنی سـەلامەت و پارێزبـون لـه خراپـەکاری ، وه خـوای گـەورە ئـەوەی لـێ داوا دەکرێـت وه داوای بـۆ ناکرێـت ، وه دوعـای لا دەکرێـت و نـەک دوعـای بـۆ بکرێـت ، چونکـه ئـەو دەوڵەمەنـد و بـێ نیـازه ، ئـەوەی لـه زەوی و ئاسـمانەکاندا هەیـه هەمـووی هـی ئـەوه و موڵکـی ئـەوه ، ئەویـش سـەلامەته لـه هەمـوو عەیـب و کـەم و کوڕییـەک ، هـەر خـۆی سـەلامەتی دەدات و دەیبەخشـێ ، ئەو(السلام)ـــه و (السـلام)یش هـەر لـه ئەوەوەیـه .

لـه کتێبـی (صحیـح)دا هاتـوه لـه (ابـن مسـعود)ەوه -ڕەزای خـوای لێبێـت- دەفەرمـوێ : **کنـا إذا کنـا مـع رسـول اللـه(ﷺ) في الصـلاة قلنـا: السـلام عـلى اللـه مـن عبـاده ، السـلام عـلى فـلان وفـلان فقـال النبـي: لا تقولـوا : السـلام عـلى اللـه فـإن اللـه هـو السـلام)**[1].

واتا : خوای گەورە سەلامەته له هەموو کەم و کوڕییەک .

پێشـەوا (ابـن القیـم) -ڕەحمـەتی خـوای لێبێـت- دەفەرموێـت[2] : (وشـەی (السـلام) چاوگە(مصدر)ـــه ، ئەویـش یەکێکـه لـه وشـەو گفتـەکانی دوعـا) دارشـتن و هەواڵـدان لـه خۆدەگرێـت ، جـا لایـەنی هەواڵدانەکـەی پێچەوانـەی لایەنـی دارشـتنەکەیەتی)[3] ، ئەوەیش بـه مانـای ئەو(السـلام) ـــەیه کـه داواکـراوه لـه کاتـی سـڵاوکردندا).

تـا ئـەو جێگەیـەی دەڵێـت : (ئـەم پێگـه و جێگـه کاتـێ پێگـەو جێگـەی داواکـردنی سـەلامەتیه کـه ئەویـش گرنگتریـن شـته لای هەرکەسـێک ، بـۆ داواکـردنی لەسـەر شـێوازی ناوێـک لـه نـاوەکانی خـوا هێناویەتیـەوه ، ئەویـش (السلام)ـــه ، کـه سـەلامەتی لـێ داوا دەکرێـت ، جـا دوو مانـا لـه خـۆ دەگرێـت:

یەکەمیان : زیکری خوای گەورە.

---

(١) متفق علیه : البخاري (٨٣٥) ومسلم (٨٩٥) .

(٢) انظر : بدائع الفوائد (١٣٧/٢) .

(٣) انظر : بدائع الفوائد (١٣٩/٢) .

دووەمیان : داواکردنی سەلامەتی ، کە ئەویش مەبەستی هەموو موسڵمانێکە.)[١]

- هەروەهـا لـەو وشـەو گفتانـەی کەنابـێ لـە حەقـی خـوای گـەورەدا بگوترێـت : (اللهـم اغفـر لي إن شـئت) واتـا : خودایـە لێـم خۆشـبە ئەگـەر ویسـتت لێیـەتی) چونکـە داواکـردنی هـەر پێداویستیەک لـە خـوای گـەورە پەیوەسـت ناکرێـت بـە ویسـتەوە بەڵکـو دەبێـت جەزمـی لەسـەر بکرێـت .

لـە کتێبـی (الصحیـح) لـە (ابـو هریـرە) وە هاتـووە -ڕەزای خـوای لێبێـت- کـەوا پێغەمبـەری خـوا(ﷺ) فەرمویـەتی : (**لا یقـل أحدکـم : اللهـم اغفـر لي إن شـئت اللهـم ارحمنـي إن شـئت و لیعـزم المسـألة فـإن اللـه لا مکـره لـه**)[٢] ولـە ریوایەتەکـەی (مسـلم) دا هاتـووە : (و لیعظـم الرغبـة فـإن اللـه لا یتعاظمـه شيء أعطـاه)

جا نەهی کردن لەو مەسەلەیە لەبەر دوو شتە :

یەکـەم : خـوای گـەورە هیـچ کەسـێک نیـە ناچـاری بـکات بـۆ ئەنجامدانـی هـەر کارێـک ، بەڵکـو ئـەوەی بیـەوێ دەیـکات بـە جیـاواز لەگـەڵ عەبدەکانیـدا ، چونکـە عەبـد ڕەنگـە کارێـک بـکات کەچـی ناچـارە لـە کردنیـدا ، بـەڵام ئەنجامـی دەدات لـە ترسـی یـان ڕەجـای کەسـێک ، بـەڵام خـوای گـەورە وانییـە .

دووەم : پەیوەسـت کردنـی داواکـە بـە ویسـتیەوە دەلالـەت دەکا لەسـەر ئـەوەی بـێ باکـە لەداواکردنەکـەو کەمـی حـەزو ویسـتی کەسـەکە بـۆ ئـەو شـتە ، ئەگـەر ڕوویـدا باشـە ، ئەگـەر نـا ، ئـەوا بـێ نیـازە لێـی ، ئەمـەش بەڵگەیـە لەسـەر نەنواندنـی زەلیلـی و هـەژاری بـۆ لای خـوا.

لـە ڕیوایەتێکـی تـردا لە(مسـلم) دا هاتـوە فەرمـان دەکات بـە مـەزن زانینـی داواکـە ، چونکـە خـوای گـەورە هیـچ شـتێک بەگـەورە نازانێـت کـە دەیبەخشـێت واتـە : هیـچ شـتێک لای ئـەو گـەورە نیـەو بەرانبـەری بـێ توانـا بێـت، وە هیـچ شـتێک لای ئـەو گـەورە نییـە وە هەرچەنـدە لـە نەفـسی دروسـتکراوەکانیدا گـەورە بێـت ، ئەویـش لەبـەر تـەواوی

---

(١) انظر : بدائع الفوائد : (١٤٣/٢) .

(٢) متفق علیه : البخاري (٦٣٣٨) ومسلم (٦٧٥٤) .

فـەزڵ و کەرەمـی خوایـە و فـراوانی و زۆری دەوڵەمەندیەکەیەتـی ، ئـەو شـتی گـەورە دەبەخشـێت وە هیـچ شـتێک ڕێگـری لـێ نـاکات : ﴿ إِنَّمَآ أَمۡرُهُۥٓ إِذَآ أَرَادَ شَيۡـًٔا أَن يَقُولَ لَهُۥ كُن فَيَكُونُ ﴿٨٢﴾ ﴾ (یـس) واتـە : بەراسـتی هەرکاتـێ ویسـتی شـتێ بـەدی بهێنـێ هـەر ئەوەیـە کەپێـی بفەرمـێ ببـە ! ،ئەویـش دەسـت بەجـێ دەبێـت) .

- هەروەهـا لـەو وتـەو گفتانـەی کـە لـە حـەق خـوای گـەورەدا ناگوترێـت : سـوێند خـواردن لەسـەر خـوای گـەورە ئەگـەر هاتـوو لـە رووی (حجـر)ەوە بێـت ، لەسـەر ئـەوەی کـەوا ئـەو کارە چاکـە نـاکات .

لـە (جنـدب بـن عبداللـه) هاتـوە- ڕەزا و ڕەحمـەتی خـوای لـێ بێـت- فەرمویـەتی : پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) فەرمویەتـی : (**إن رجـلا قـال : واللـه لا يغفـر اللـه لفـلان ، و إن اللـه قـال : مـن ذا الـذي يتـألى عـليَّ أن لا أغفـر لفـلان ؟! فـإني قـد غفـرت لفـلان ، و أحبطـت عملـك**)[1] .

وشـەی (تـألي) لـە وشـەی (الاليَّـة) وە هاتـووە کـە ئەویـش مانـای (سـوێند)ە ، وە مانـای (يتـألي) سـوێند دەخـوات ، وە مەبەسـت لـە: (مـن ذا الـذي) ئەمـە بـۆ (اسـتفهام انكاري)یـە .

وە ئـەم پیـاوە بـێ ئـەدەبی نوانـد بەرامبـەر بـە خـوا ، وە حوکمـی بەسـەریدا دا ، وە یـەکلای کـردەوە کـە خـوای گـەورە لـەو تاوانبـارە خـۆش نابـێ ، هەروەکـو ئـەوەی حوکمـی بەسـەر خـوادا دابـێ ، ئەمـەش لـە بەڵگـەی نەفامـی خۆیـەتی بەرانبـەر بـە مەقامـی پەروەردگاریـەتی خـوا ، وە لـە خۆبایـی بـووە بـە خـۆی و کـردەوەکانی ، وە خـۆی دەنوێنـێ بـە کارەکانی ، بۆیـە بـە پێچەوانـەی مەبەسـتەکەی خـۆی مامەڵـەی لەگەڵـدا کـرا ، وە بـە هـۆی ئـەوەوە خـوای گـەورە لـە تاوانـەکانی ئـەو تاوانبـارە خـۆش بـوو ، وە هەمـوو کـردەوەکانی پوچـەڵ کـردەوە بەهـۆی ئـەو وشـە خراپـەوە کـە گـوتی ، هـەر چەنـدە ئـەو کەسـێکی خوانـاس (عابـد) بـوو .

---

(١) أخرجه مسلم (٦٦٢٤) .

ئەبـو هورەیـرە دەفەرموێـت: (**تكلـم بكلمـة أوبقـت دنيـاه وآخرته**)[١]واتە : بە وشـەیەک دوا ، دونیـا و قیامەتـی خـۆی بـە هەلاکەتـدا برد).

لـە فەرمودەکـەدا بەڵگـەی واجبێتـی بـە ئـەدەب بـونی تێدایـە بەرانبـەر بـە خـوای گـەورە لـە وتـن و کـردەوەدا ، وە حـەرام بـونی خۆنوانـدن بەرانبـەر بـە خـوا و لـە خۆبایـی بـوون و بـە کـەم زانینـی کەسـانی تـری تێدایـە ، وە حـەرام بـونی سـوێند خـواردن لەسـەر خـوا ئەگـەر هاتـوو لـە رووی (حجـر)ەوە بـوو بەسـەر خـوداوە کـەوا ئـەو کارە خەیـرە بەرانبـەر بـە عەبدەکانـی نـاکات .

بـەڵام ئەگـەر سـوێند خـواردن لەسـەر خـوای گـەورە لـە رووی گومـانی باشـەوە بـوو ، وە ئومێـدی رەجـا و تـکای خەیـرە لـە ئـەوەوە ، ئـەوا ئـەم کارە دروسـتە ، هەروەکـو لـە فەرمودەیەکـدا هاتـووە : (**إن مـن عبـاد اللـه مـن لـو أقسـم عـلى اللـه لأبـره**)[٢] .

هەروەهـا لـە فەرمودەکـەی (جنـدب) دا رووندکردنـەوەی ترسـناکی زمـان و واجـب بـونی خۆپاراسـتن لێـی تێدایـە .

لـە(معـاذ)ەوە هاتـوە دەڵێـت : (**قلـت : يـا رسـول اللـه(ﷺ) ! وإنـا لمؤاخـذون بمـا نتكلـم بـه ؟ قـال : (ثكلتـك أمـك يـا معـاذ ! وهـل يكـب النـاس في النـار عـلى وجوههـم (أو قـال : عـلى مناخرهـم) إلا حصائـد ألسـنتهم ؟!**)[٣] .

لـەو بەڵگانـەی پێشـوەوە بۆمـان دەردەکەوێـت کـەوا پێویسـتە خـۆ بپارێزیـن لـەو وشـەو گفتانـەی دەیڵێیـن ، وە خـۆ دوور خسـتنەوە لـەو وشـانە کـە بـێ ئـەدەبی تێدایـە لـە گـەڵ خـوای گـەورەدا ، چونکـە ئەمـە عەقیـدە تێـک دەدات و تەوحیـد کـەم دەکاتـەوە ، بۆیـە نابێـت بگوترێـت: (السـلام عـلى اللـه) چونکـە خـوای گـەورە خـۆی (السـلام) ـــە ، هەروەهـا چونکـە (السـلام) کـردن لـە کەسـێک دوعـا کردنـە بـە سـەلامەت بـوون بـۆ ئـەو کەسـە ، وە خـوای گـەورەش داوای لـێ دەکرێـت نـەک داوای بـۆ بکرێـت ، وە نابـێ بگوترێـت : خوایـە لێـم خۆشـبە و ڕەحمـم پـێ بکـە ئەگـەر ویسـتت لەسـەرێتی ... لـە

---

(١) أخرجه موقوفاً ابو داود (٤٩٠١) واحمد مرفوعاً (٨٢٧٥) .

(٢) متفق عليه : البخاري (٢٧٠٣) ومسلم (٤٣٥٠) .

(٣) اخرجه احمد (٢٢٤١٨) والترمذي وصححه (٢٦٢١) وابن ماجه (٣٩٧٣) .

نمونـەی ئەوانـە ، بەڵکـو هەمـوو دوعایـەک لـە ڕووی (جـزم) ەوە دەکرێـت ، بەبـێ ئـەوەی پەیوەسـتی بکـەی بـە ویسـتەوە، چونکـە خـوای گـەورە هـەر شـتێکی بوێـت دەیـکات ،وە هیـچ کەسـێک نیـە ناچـاری بـکات ، وە نابـێ سـوێند بخورێـت لەسـەر خـوای گـەورە کـە ڕەحـم لـە فـڵان کـەس نـاکات و لـە فـڵان کـەس خـۆش نابـێ ، چونکـە ئەمـە ڕێگـری کردنـە لـە ڕەحمـەتی خـوا و گومـان خـراپ بردنـە بـە خـوای گـەورە ، هەروەهـا نابـێ بگوترێـت : (ماشـاء اللـە وشـاء فـلان) ، بەڵکـو دەبێـت بگوترێـت : (ماشـاء اللـە ثـم فـلان) ،چونکـە (عطـف) کـردن بـە پیتـی (واو) بەشـدار بـوونی هـەردوولا وەکـو یـەک لـە خـۆ دەگرێـت ، وە هیـچ کەسـێکیش بەشـداری لـە گـەڵ خـوای گـەورەدا نـاکات و یەکسـانی ئـەو نیـە لـە هـەر کارێـک لـە کارەکانـدا ، بەڵام(عطـف) بـە (ثـم) ئـەوا ڕێزبەنـدی لـە دوای یـەک لـە خـۆ دەگرێـت ، ئـەو کاتـە ویسـتی دروسـتکراوەکان دەبێتـە شـوێنکەوتەی ویسـتی خـوای گـەورە و لـە پـاش ئـەو دەبێـت ، وە بەشـدار ئـەو نیـە .

هەمـوو ئەمانـە کـەسی موسـڵمان دڵنیـا دەکاتـەوە کـە پێویسـتە لـە سـەری دیراسـەتی عەقیـدە بـکات و خـۆ شـارەزا بـکات لـەوەی راسـتی دەکاتەوە و ئـەوەی خەڵەڵی تێـدەکات ، تاکـو ببێتـە چاوروونییـەک بـۆ ئەنجامـدانی کارەکانی و نەکەوێتـە نـاو کارێکـی حەرامـەوەوەو کەچـی بەخـۆی نەزانێت.

خـوای گـەورە هەمـوو لایـەک تەوفیـق بـدات بـۆ عیلمێکـی سـوود بەخـش و کاری چاکـە .

سێیەم / تەوحیدی ناوو صیفاتەکان

لـە پێشـدا بـاسی ئەوەمـان کـرد کـەوا تەوحیـد سـێ جـۆرە : توحیـدی پەروەردگاریـەتی (توحیـد الربوبیـة) و تەوحیـدی خوداوەندێتـی (توحیـد الالوهیـة) و تەوحیـدی نـاو و صیفاتـەکان (توحیـد الاسـماء والصفـات) .

لـە باسـەکانی پێشـودا بـاسی دوو جـۆرە یەکەمەکەمـان کـرد ، کـە ئەوانیـش (توحیـد الربوبیـة) و (توحیـد الالوهیـة) ، چونکـە هـەر جۆرێـک لـەو جۆرانـە کۆمەڵێـک لـە مرۆڤـەکان نکۆڵییـان لێکـردوە .

جـا تەوحیـدی (الربوبیـة) کۆمەڵـی (المعطلـة) نکۆڵیـان لـێ کـرد ، ئەوانـەی کـە ئینـکاری بـونی خوایـان دەکـرد ، وەکـو دەهرییـەکان و مولحیـدەکان ، هەروەهـا شـیوعیەکانی سـەردەمی خۆمـان، هەرچەنـدە ئـەو نکۆڵیـەی ئـەوان لـە ڕاسـتیدا بـە هـۆی فیزلیـەوە بـووە ، ئەگـەر نـا ، ئـەوان لـە ناخـی خۆیانـدا و لـە نەفسی خۆیانـدا دانیـان پێـدا نـاوە ، چونکـە هەرگیـز نابـێ و مەعقـول نیـە بـوونی (مخلـوق) بـە بـێ بـوونی (خالـق) .

وە بـەشی دووەم / بریتییـە لـە تەوحیـدی (الالوهیـة) زۆربـەی خەڵکـی نکۆڵیـان لێکـردوە ، ئـەم تەوحیـدەی کـە خـوای گـەورە بـەو مەبەسـتە پێغەمبـەرانی نـاردوەو کتێبـەکانی دابەزاندوەو بـۆ بانگـەواز کـردن بـۆی ، موشریکـەکانی کـۆن و تـازە نکۆڵیـان لـێ کـردوە وە نکۆڵـی کردنیان لە پەرسـتنی دار و بـەردو بـت و قەبـرو گـۆڕ و پەرسـتنی شـێخەکانی صۆفیـەت خـۆی دەبینێتـەوە بـەوەی کـە باوەڕیـان وایـە زەرەر و قازانـج لەوانـدا هەیـە بەبـێ خـوای گـەورە لەوانـەی کـە خۆیـان داوەتـەوە پـاڵ ئیسـلام بـە درۆ و بوهتانـەوە .

بـەشی سـێیەم/ ئەویـش تەوحیـدی نـاو و صیفەتـەکانی خوایـە ، واتـا سـەلماندنی ئـەوەی خـوای گـەورە بـۆ خۆی سـەلماندویەتی یـان پێغەمبەرەکـەی (ﷺ) بۆی سـەلماندوە لـە صیفاتە کامـل و تـەواوەکان، وە نـەفی ئـەو صیفەتانـە بکرێـت کـە خـوای گـەورە نـەفی بـۆ خـۆی کـردوە یـان پێغەمبەرەکـەی(ﷺ) نـەفی لێکـردوە لـە صیفەتـە کـەم و کورتیـەکان ، بـە پێـی ئـەو ئایەتـەی کـە خـوای گـەورە دەفەمـوێ:﴿ لَيْسَ كَمِثْلِهِۦ شَىْءٌ ۖ وَهُوَ ٱلسَّمِيعُ ٱلْبَصِيرُ ﴿١١﴾ ﴾ (الشـوری) واتـە : هیـچ شـتێك نیـە لەوێنـەی ئـەو (خوا)یـە ،نـە لەزاتیـا، نـە لـە سـیفاتیا، نـە لـە کرداریـا، بـۆ خـۆی تەنیایـەو، لەهەمـوو شـتێك، بـێ نیـازەو، هەمـو شـتێکیش

نیازمەنـدە بـەو ئەویشـە بیسـەری بینـا، بەئاگایـە بـە وتـەی بەندەکانـی، بینایـە بـۆ کاروکردارێـان) .

ئـەم بەشـە جەهەمییـەکان نکۆڵیـان لـێ کـردووە ، هەروەهـا قوتابیەکانیـان لـە موعتەزیلـە و ئەشـعەرییەکان ، ئەویـش لـە ڕاسـتیدا بەشـێکە لـە تەوحیـدی (الربوبیـة) ، بـەڵام کاتێـک ئەوانـەی نکۆڵیـان لێدەکـرد زۆر بـوون و گومانیـان بـۆ دروسـت کـردو ڕەواجیـان پێـدا ، ئـەوا بـووە لێکۆڵینەوەیەکـی تایبـەت و کـرا بـە بـە شـێکی سـەربەخۆ ، وەچەندیـن کتێبـی لەسـەر نـوسراوە :-

- ئیمام ئەحمەد کتێبێکی بە ناوبانگی نوسی لە ڕەدی جەهەمییەکاندا.

-وە عبدالله ی کوڕی ئەحمەد کتێبی (السنه)ی نوسی .

-عبدالعزیز الکنانی کتێبی (الحیدة)ی نوسی کە ڕەدی (بشر المریسی) تێدا دەداتەوە.

-ابو عبدالله المروزی کتێبی (السنة)ی نوسی.

-عثمان بن سعید کتێبی (الرد علی بشر المریسی) نوسی .

-پێشەواوی پێشەوایان (محمد بن خزیمة) کتێبی (التوحید)ی نوسی .

-وە جگـە لـەوان چەندەهـا کتێبیـان نوسـییەوە وەکـو شـەیخ الاسـلام (ابـن تیمیـە) و قوتابییەکـەی (ابـن القیـم) چەنـد ڕەددیکیـان نـوسی لەسـەر ئـەوان و ئەوانـەی لـە پـاشی ئـەوان هاتـن ڕێـگا و بەرنامەکـەی ئەوانیـان گرتـە بـەر ، بۆیـە سـوپاس بـۆ خـوای گـەورە لەسـەر ڕووبەڕووبونەوەی حـەق و لەناوبـردن و نەهێشـتنی ناڕەوایـی و باتـڵ .

ئـەوەی بزانرێـت یەکـەم کەسـانێک نکۆڵیـان لـە صیفـات کـرد هەنـدێ لـە موشریکـە عەرەبـەکان بـوو ئەوانـەی کـە خوای گـەورە دەربارەیـان دەفەرموێـت: ﴿كَذَٰلِكَ أَرۡسَلۡنَٰكَ فِيٓ أُمَّةٖ قَدۡ خَلَتۡ مِن قَبۡلِهَآ أُمَمٞ لِّتَتۡلُوَاْ عَلَيۡهِمُ ٱلَّذِيٓ أَوۡحَيۡنَآ إِلَيۡكَ وَهُمۡ يَكۡفُرُونَ بِٱلرَّحۡمَٰنِ ٣٠﴾ (الرعد) واتـە : هـەر وەکـو پەیامبەرانـی پێشـوومان نـاردە لای قـەوم و نەتـەوەی خۆیـان، تۆیشـمان نـاردە لای ئـەو ئوممەتـە کەبـەر لـەوان چەندیـن هـۆزو ئوممەتـی تربـوون و تێپەڕیـن تـا ئـەم قورئانـەی کـە بـە وەحـی بۆمـان ناردویـت بۆیانـی بخوێنیتـەوەو، لـە

سەرلێشـێواوی بییانگێڕیتـەوە کەچـی ئـەوان بەهـۆی تـاوان و بتپەرسـتنەوە، نکوولـی پەرسـتنی خـوای بەبەزەیـی دەکـەن!)

وە هـۆی دابەزینـی ئـەم ئایەتـە ئـەوە بـوو کاتـێ کـە قورەیـش بیسـتیان پێغەمبـەری خـوا(ﷺ) باسـی (الرحمـن)ی دەکـرد، ئینکاریـان لێکـرد ، خـوای گـەورە دەربارەیـان ئـەو ئایەتـەی دابەزانـد ، ﴿وَهُمۡ يَكۡفُرُونَ بِٱلرَّحۡمَٰنِ﴾ (ص)

(ابـن جریـر) دەیگێڕێتـەوە کـەوا ئـەوە لـە (صلح الحدیبیـة) دا بـوو کاتـێ نوسـەرەکە نـوسی (بسـم اللـه الرحمـن الرحیـم) قورەیـش وتیـان : ئێمـە (الرحمـن) ناناسـین)[1] .

هەروەهـا (ابـن جریـر) ریوایـەتی کـردوە لـە (ابـن عبـاس) ەوە کـەوا پێغەمبـەری خـوا(ﷺ) لـە سـوژدەدا دەیفەرمـوو : یـا رحمـن ! یـا رحیـم !) موشریکـەکان وتیـان : ئـەم کابرایـە بانگەشـەی ئـەوە دەکات کـەوا تەنهـا داوا لـە یـەک کـەس دەکات کەچـی ئێسـتا داوا لـە دووان دەکات ، جـا خـوای گـەورە ئـەم ئایەتـەی دابەزانـد ﴿قُلِ ٱدۡعُواْ ٱللَّهَ أَوِ ٱدۡعُواْ ٱلرَّحۡمَٰنَۖ أَيّٗا مَّا تَدۡعُواْ فَلَهُ ٱلۡأَسۡمَآءُ ٱلۡحُسۡنَىٰۚ﴾(الإسراء) ,واتـە : پێیـان بڵـێ: لەنـزاو دوعاکانتانـدا ئـەر نـاوی پیـرۆزی (اللـه) بـەرن؛ وەیـان هـاوار بـە هـەر یەکـێ لەسـیفەتە پیرۆزەکانـی ئـەو بکـەن، بـۆ نموونـە: وەکـو (الرحمـن) هـەر یەکـەو قەبوولـە جـا ئێـوەش بەهـەر نـاوو سـیفەتێکەوە، لـەو نـاوو سـیفەتانە بۆخـۆی دیاریکـردون دەتوانـن داوای لـێ بکـەن و هـاواری بـۆ بـەرن ، چونکـە نـاوی پیـرۆزی خـوا زۆرن).

وە خـوای گـەورە لـە سـورەتی (الفرقـان)دا دەفەرمویـت: ﴿وَإِذَا قِيلَ لَهُمُ ٱسۡجُدُواْ لِلرَّحۡمَٰنِ قَالُواْ وَمَا ٱلرَّحۡمَٰنُ﴾ (الفرقـان) واتـە : وە ئەگـەر بـە بـت پەرسـتەکان گوترابـا: کـە کڕنـووش ببـەن بـۆ خـوای بەخشـندە و بـە بەزەیـی و ملکەچـی ئەوبـن یاخـی دەبـوون و دەیانگـوت: (ڕەحـمان) کێیـە؟! ئێمـە ناینـاسـین!)

جـا ئەوانـە سـەلەف و پێشـینی جەهەمییـە و ئەشـعەرییەکانن لـە ئینـکار کردنـی نـاوو سـیفەتەکانی خـوا ، بەراسـتی خراپتریـن سـەلەفن بـۆ خراپتریـن خەلـەف: ﴿أَفَتَتَّخِذُونَهُۥ وَذُرِّيَّتَهُۥٓ أَوۡلِيَآءَ مِن دُونِي وَهُمۡ لَكُمۡ عَدُوُّۢۚ بِئۡسَ لِلظَّٰلِمِينَ بَدَلٗا﴾ (الكهف) واتـە : ئایـا ئیـتر

---

(١) انظر : جامع البيان للطبري (٢٠٣٩٦) .

ئێـوە شـەیتان و زارۆو نەوەکانـی لەباتـی مـن (خـوا) دەکەنـە دۆسـت و پشـتیوانی خۆتـان؟ کەسـێك ئـەو هەمـوو کارە ناپەسـەندانەی لـێ وەشـابێتەوە، ئێسـتا چـۆن دەکرێ بەپشـتیوان لەحاڵێـکا کـە ئەوان(خـۆی و نـەوەی) دوژمنـی ئێـوەن و، هەمیشـە دژایەتیتـان دەکـەن ئای چ گۆڕینەوەیەکـی خراپـە گـوێ رایەڵیـی کردنـی ناهەقیـکاران بـۆ شـەتیان لەباتـی خـوا !)

هەروەهـا پێغەمبـەران و شـوێنکەوتوانیان -بەتایبـەتی محمـد(ﷺ) و هاوەڵـە بەڕێـزەکان و ئەوانـەی شـوێنیان کەوتونـە بـە چاکـە ، ئەوانـە وەصفـی خـوای گـەورە دەکـەن بـەوەی وەصفـی خـۆی کـردوە وە هەروەهـا نـەفی ئـەو سـیفاتانە دەکـەن کـە خـۆی نـەفی کـردوەو ئینـکاری لـەو کەسـانە دەکـەن کـە جیـاوازن لـە گـەڵ ئـەم بەرنامـە و مەنهەجـەدا .

ئیمامـی (عبدالـرزاق) ریوایـەتی کـردوە لە (معمـر)ەوە لە (طـاووس)ەوە لە (باوکـی)ەوە لە (ابـن عبـاس)ەوە کـەوا کەسـێکی بینـی هەڵچـوو کاتـێ فەرمودەیەکـی لـە پێغەمبـەرەوە(ﷺ) بیسـت دەربـارەی صیفـات ، وەکـو ئینـکاری کردنێـک لـەو کارە ، وتی : ئەوانە لەچی دەترسـن؟ ناسـکی و نەرمـی دەبینێـت لـە (موحکەمـەکان)دا و لـە(متشـابهەکان)دا بەهەلاکەتـدا دەچن ؟)[1] ئامـاژە دەکات -رەزای خـوای لـێ بێت - بۆ ئەو کەسـانەی ئامادەی مەجلیسـەکانی دەبن لە تێکڕای خەڵکی ، بەوەی ئەوان ئەگەر دەقەکانی سـیفاتیان بیسـت ، کە لە دەقە مەحکەمەکانە ، ئـەوا ترسـێک بـە دڵیانـدا دێـت و هەڵدەچـن وەکـو ئـەوەی ئینکاری لـێ بکەن ، ئـەوان وەکو ئەو کەسـانەن کە خـوای گەورە دەربارەیـان دەفەرموێـت:﴿ فَأَمَّا ٱلَّذِينَ فِى قُلُوبِهِمْ زَيْغٌ فَيَتَّبِعُونَ مَا تَشَٰبَهَ مِنْهُ ٱبْتِغَآءَ ٱلْفِتْنَةِ وَٱبْتِغَآءَ تَأْوِيلِهِۦ ﴿٧﴾ ﴾ (ال عمران) واتـە : ئینجـا ئەوانـەی لە دڵیانـدا لادان و چەوتـی هەیـەو، هەمیشـە ئامـادەن بـۆ فیتنەنانـەوە هەرلـە (موتەشابیە)ـەکان دەگەڕێـن و، هـەر لـەوان پەیـڕەوی ئەکـەن و، بەئـارەزووی خۆیـان تەفسـیریان ئەکـەن بـە مەبەسـتی گێرە شـێوێنی و لادانـی خەڵکـی لـە ڕێـگای ڕاسـت و خوڵقاندنـی گومـان بۆیـان وە یـان هەرچۆنێك دڵیـان حـەز بـکا، مانایـان بکەن و، تەفسـیرو لێکدانـەوەی هەڵەیان بۆ هەڵبەسـتن، بـەو ناوەوە کـە هەرخۆیـان خەمخـۆری قورئانـن و دەیپارێزن!)

واز لـە (محکـم) دەهێنـن و شـوێنی (متشـابە) دەکـەون و باوەڕیـان بـە هەندێکـی قورئـان هەیـە و بـێ بـاوەڕن بەرانبـەر هەندەکـەی تـر.

وە دەقەکانی صیفات لە مەحکەمەکانن نەک لە متشـابهەکان ، موسـڵمانان دەیخوێننەوە و دیراسـەتی دەکەن ، وە لە ماناکەی تێدەگەن ئینکاری هیچ شـتێکی ناکەن .

وەکیـع دەڵێـت : گەیشـتینە (الاعمـش) و (سـفیان) و باسـی ئـەم فەرمودانەیـان دەکـرد (واتـە فەرمـودەکانی سـیفات) وە ئینکاریـان لـێ نەدەکـرد...) اهــ .

ئەوانـەی ئینـکاری لـێ دەکـەن موبتدیعەکانـن لـە جەهمییـە و موعتەزیلـە و ئەشـعەریەکان، ئەوانـەی لەسـەر رێـگاو بەرنامـەی موشریکـەکانی قورەیـش دەڕۆن، ئەوانـەی کوفـر بـە (الرحمـن) دەکـەن و لـە نـاوەکانی خـوا لادەدەن ، خـوای گـەورە دەفەرموێـت:﴿ وَلِلَّهِ ٱلْأَسْمَآءُ ٱلْحُسْنَىٰ فَٱدْعُوهُ بِهَا ۖ وَذَرُوا۟ ٱلَّذِينَ يُلْحِدُونَ فِىٓ أَسْمَٰٓئِهِۦ ۚ سَيُجْزَوْنَ مَا كَانُوا۟ يَعْمَلُونَ ﴿١٨٠﴾ ﴾ (الاعـراف) واتـە : ناوەکانـی خـوا هەمـوو جـوان و پڕشـکۆن دەسـا ئێوەیـش هـەر بـەو ناوانـەوە بانگـی بکـەن، لاڵـەو نـزاو داوا هـەر بەوانـە بکـەن لەوانـە گەڕێـن دەس وەردەدەن لەناوەکانـی خـواو بـەدەس ئەنقەسـت دەیانگـۆڕن، واتـە: لەمانـاو مەبەسـت لایـان دەدەن، یـان نـاوی تـری بـۆ دادەنێـن! دڵنیابـە ئەوانـە بـە تۆڵـەی کـردەوەی خۆیـان ئەگـەن).

خـوای گـەورە نـاوە پیـرۆزەکانی بـۆ خـۆی سـەڵماندوە وە فەرمـانی پـێ کردویـن کـە بانگی پـێ بکەیـن ، جـا ئەگـەر وابـێ لەسـەر قسـەی ئـەوان ، ئایـا چـۆن داوا دەکرێـت بـە شـتێک کـە نـاوی ئـەو نەبـێ و ماناکـەی نەزانرێـت ؟ وە هەرەشـەی کـردوە لـە وانـەی لادەدەن لـە ناوەکانیـدا و نـەفی لـێ دەکـەن یـان تەئویـلی دەکـەن لەمانـای راسـتەکەی خـۆی لایـدەدا، بـەوەی کـە سـزایان دەدات لەسـەر کردەوەکەیـان بـە تۆڵـەو سـزایەکی سـەخت ، هەروەهـا وەصفـی ئەوانـەی کـردوە بـە (کوفـر) لـەو ئایەتـەی کـە دەفەرموێـت:﴿ وَهُمْ يَكْفُرُونَ بِٱلرَّحْمَٰنِ ﴿٣٠﴾ ﴾(الرعـد) بۆیـە زۆرێـک لـە ئەهـلی سـوننە جەهمیـەکان بـە کافـر دەزانـن.

ئیمامی ابن القیم- ڕەحمەتی خوای لێ بێت- دەفەرموێت:[1]

ولقد تقلد كفرهم خمسون في*** عشر من العلماء في البلدان

واللالكائي الامام حكـاه عنـ*** ـهم بل حكاه قبله الطبراني

---

(١) انظر : (شرح نونية ابن القيم) لابن عيسى الشقري (٢٩٠/١) .

واجب بونی ڕێزگرتن لە ناوە پیرۆزەکانی خوای گەورە:

خـوای گـەورە دەفەرموێـت: ﴿وَلِلَّهِ ٱلْأَسْمَآءُ ٱلْحُسْنَىٰ فَٱدْعُوهُ بِهَا ۖ وَذَرُوا۟ ٱلَّذِينَ يُلْحِدُونَ فِىٓ أَسْمَٰٓئِهِۦ ۚ سَيُجْزَوْنَ مَا كَانُوا۟ يَعْمَلُونَ ﴿١٨٠﴾﴾ (الاعـراف) واتـە : ناوەکانـی خـوا هەمـوو جـوان و پڕشـکۆن دەسـا ئێوەیـش هـەر بـەو ناوانـەوە بانگـی بکـەن، لاڵـەو نـزاو داواهـەر بەوانـە بکـەن ، لەوانەگەڕێـن دەس وەردەدەن لەناوەکانـی خـواو بـەدەس ئەنقەسـت دەیانگـۆڕن، واتـە: لەمانـاو مەبەسـت لایـان دەدەن، یـان نـاوی تـری بـۆ دادەنێـن! دڵنیابـە ئەوانـە بـە تۆڵـەی کـردەوەی خۆیـان ئەگـەن.)

هەروەهـا خـوای گـەورە دەفەرموێـت: ﴿ٱللَّهُ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ ۖ لَهُ ٱلْأَسْمَآءُ ٱلْحُسْنَىٰ ﴿٨﴾﴾ (طـه) واتـە : زاتێکـە بێجگـە لـە خـۆی هیـچ پەرستراوێك نیـە شـیاوی پەرسـتن بێـت گشـت نـاوە جوانـەکان، هەرهـی ئـەون) .

خـوای گـەورە هەواڵـی پێداویـن کـە نـاوەکانی پیـرۆزن ، واتـا (حِسـان) لـە پیـرۆزی و بێگەردیـدا گەیشـتوەتە ئـەو پـەڕی ، بۆیـە هیـچ ناوێـک لـەو چـاک تـر نیـە لەبـەر ئـەوەی دەلالـەت دەکات بـۆ سـیفاتی کامـڵی وشـکۆمەندی بـێ کـەم و کوڕی ،جـا ناوەکانی باشـترین و پیرۆزتریـن ناوەکانـن و لـە هەمـوو کاملـترن ، وە نـاوەکانی خـوای گـەورە (تەوقیفیـە) ، بۆیـە نابـێ و دروسـت نیـە بۆمـان هیـچ ناوێکـی بنێیـن ئیـلا بـەوەی خـۆی نـاوی نـاوە یـان پێغەمبەرەکـەی(ﷺ) نـاوی لـێ نـاوە.

مەبەسـت لـە : ﴿فَٱدْعُوهُ بِهَا﴾ واتـا بـەو ناوانـە داوای لـێ بکـەن و تەوەسـوڵی پـێ بکـەن ، واتـا بـەو ناوانـە لـە خوانزیـک ببنـەوە ، هەروەکـو چـۆن دەڵێیـت : (اللهـم أغفـر لي وأرحمنـي إنـك أنـت الغفـور الرحیـم) واتـە : ئـەی خودایـە لێـم خۆشـبە و بەزەیتـش پێمـدا بێتـەوە هـەر تـۆ لێبـوردەوە بەبەزەییـت .

وە نـاوەکانی خـوای گـەورە زۆرن ، جـا بەژمارەیـەک سـنوردار ناکرێـت ، لـەو ناوانـە هـەن تەنهـا خـوای گـەورە لـە عیلمـی خۆیـدا شـاردۆیەتیەوە ، بۆیـە هیـچ کەسـێک لـەو ناوانـە نازانێـت نـە فریشـتەیەکی نزیککـراو وە نـە پێغەمبەرێکـی نێـردراوە ، هـەروەک لـە فەرمودەیەکـی (صحیـح)دا هاتـوە : (**أسـألك بـكلِّ اسـم هـو لـك سـمَّيت بـه نفسـك، أو**

أنزلتـه في كتابـك، أو علَّمتـه أحـداً مـن خلقـك، أو اسـتأثرت بـه في علـم الغيـب عنـدك)[1] واتـه : داوات لێدەکـم بـه هەمـوو نـاوەکان کـه هـی تۆیـه ، خۆتـت پێـی ناونـاوه ، یـان لـه کتێبەکەتـدا دادبەزانـدووە یـان یەکێـک لـه دروسـت کراوەکانـی خۆتـت فێـر کـردووە یـان لـه عیلمـی غەیبـدا لای خـۆت هێشـتوەتەوە) .

پێشـەوای (ابـن القیـم) -ڕەحمـەتی خـوای لێبێـت- دەفەرمووێـت: خـوای گەورە نـاوەکانی کردوەتـه سـێ بەشـەوە : بەشـێکی نـاوی خـۆی نـاوە و فریشـتەکانی یـان جگـه لـەوانی فێرکـردوە ئەوانـەی خـۆی ویسـتی لێـی بـوە ، لـه کتێبەکەیـدا بـاسی نەکـردوە ، وە بەشـێکی لـه کیتابەکەیـدا بـاس کـردوە عەبـدەکانی دەیزانـن وە ئـەوانی فێرکـردوە ، وە بەشـێکی لـه عیلمـی غەیبـی خۆیـدا هێشـتوەتەوە ، هیـچ کەسـێک لـه دروسـت کـراوەکانی لێـی ئـاگادار نەکردوەتـەوەو ئـەوانی فێـر نەکـردوە)[2].

مەبەسـت لـەو ئایەتـه : ﴿ وَذَرُوا۟ ٱلَّذِينَ يُلْحِدُونَ فِىٓ أَسْمَٰٓئِهِۦ ﴾ واتـه : پشـتیان لـێ بکـەن و وازیـان لـێ بهێنـن ، چونکـه خـوای گـەورە خـۆی سـزایان دەداتـەوە ، بۆیـه دەفەرمووێـت: ﴿ سَيُجْزَوْنَ مَا كَانُوا۟ يَعْمَلُونَ ﴾

وە مانـای ﴿ يُلْحِدُونَ فِىٓ أَسْمَٰٓئِهِۦ ﴾ واتـا : لێـی لادەدەن لـه نـاو و حەقیقەتەکـەی خـۆی و لـه مانـا حـەق و سـابتەکەی خـۆی کـه هەیەتـی، وە لادان لـه نـاوەکانی خـوای گـەورە چەنـد جۆرێکـه لەوانـه :[3]

١/ لـه ناوەکانـی خـوادا نـاوی بتەکانـی لـێ بنێـن وەک ناونانیـان (اللات) لـه (الالـه) هاتـوە و (العـزی) لـه (العزیـز)ەوە هاتـوە ، وە بـه بتـەکان دەڵێـن (الالـه) .

٢/ نـاو لێنانـی خـوای گـەورە بـەوەی شـایەنی ئـەو نییـه ، وەکـو چـۆن گاورەکان نـاوی دەنێـن (أب) واتـه : بـاوک ، وە فەیلەسـوفەکان نـاوی دەنێـن : (موجبـاً بذاتـه) یـا (علـة فاعلـة بالطبـع) .

---

(١) أخرجه أحمد (٣٧١٢) .

٣/ وەصفـی خـوای گـەورە بکرێـت کـە خـوای گـەورە بـەرزو پیـرۆزە لـەو نـاوە چونکـە کـەم و کـوڕی تێدایـە نەقصـی خـوای گـەورە لـە خـۆ دەگرێـت ، وەکـو قسـە خراپەکـەی جولەکـەکان کـە دەڵێـن: خـوا فەقیـرە ، وە لـە رۆژی شـەممەدا پشـووی داوە ، وە دەڵێـت : خـوا دەسـتی گرتوەتـەوە (مغلولـة) .

٤ / لـە کارخسـتنی نـاوە پیرۆزەکانـی خـوا لـە ماناکانـی خـۆی و نکۆڵـی کـردن لـە حەقیقەتەکـەی ، وەکـو قسـەی جەهەمییـەکان شـوێنکەوتوانیان کـە دەڵێـن : ئەوانـە کـە تەنهـا وشـەیەکن هیـچ صیفـات و مانایـەک لـە خـۆ ناگرێـت ، بـۆ نمونـە نـاوی خـوا دەنێـن (السـمیع و البصیـر) بـەڵام دەڵێـن : نـە دەبیسـتێ و نـە دەبینـێ ، ئەمـەش گەورەتریـن ئیلحـادی تێدایـە بـە پێـی عەقـڵ و شـەرع ، ئەمـەش بەرانبـەر بـە ئیلحـادی موشـریکەکانە ، چونکـە موشـریکەکان نـاو و صیفاتـی خوایـان بەخشـیە خواکانیـان ، کەچـی ئەوانـە نـاو و صیفاتەکانـی خوایـان لـە کارخسـت و کەمالیـان لـێ دامالّـی .

جـا ئـەوەی واجـب و پێویسـتە سـەلماندنی نـاوەکانی خوایـە و باوەڕبـوون بـەوەی صیفاتـەکانی دەلالـەتی بـۆ دەکات لـە صیفـاتی کەمـال و شـکۆمەندی ، بەبـێ لادان (تحریـف) و لەکارخسـتن (تعطیـل) و بـە بـێ چۆنیەتی(تکییـف) و بـە بـێ لێکچوانـدن (تمثیـل) بـە پێـی ئـەو ئایەتـە کـە دەفەرموێـت: ﴿لَيْسَ كَمِثْلِهِۦ شَيْءٌ ۖ وَهُوَ ٱلسَّمِيعُ ٱلْبَصِيرُ ﴿١١﴾﴾(الشـوری).

جـا ئـەوەی واجـب و پێویسـتە رێزگرتنـە لـە نـاوەکانی خـوا بـەوەی نـاوی جگـە لـە ئـەو بـە نـاوەکانی ئـەوەوە نەنرێـت ، ئەویـش لـە بـەر جـێ بەجـێ کـردنی کەمالـی تەوحیـدە .

لـە (أبـو شریـح) ەوە ریوایـەت کـراوە کـەوا ئـەو کونییەکـەی (ابـو الحکـم) بـوو ، پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) فەرمـوی : (**إن اللـه هـو الحکـم وإلیـه الحکـم ، فقـال : إن قومـي کانـوا إذا اختلفـوا في شيء أتـوني فحکمـت بینهـم فـرضي کلا الفریقـین . قـال : مـا أحسـن هـذا! فـما لـك مـن الولـد؟ قلـت : شریـح و مسـلم وعبـد اللـه ، قـال : فمـن أکبرهـم؟ قـال : شریـح . قـال : فأنـت أبـو شریـح**) [1].

---

(١) اخرجه ابو داود (٤٩٥٥)والنسائي (٥٤٠٢) .

جـا پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) کونییەکـەی گـۆڕی لەبـەر ڕێزگرتـن لە نـاوەکانی خـوا ، چونکە خـوای گـەورە تەنهـا خۆی(حکم)ـــە بـە ڕەهایـی ، خـوای گـەورە دەفەرموێـت:﴿وَٱللَّهُ يَحۡكُمُ لَا مُعَقِّبَ لِحُكۡمِهِۦۚ وَهُوَ سَرِيعُ ٱلۡحِسَابِ ﴿٤١﴾﴾ (الرعـد) واتـە : و هەرحوکـم و بڕیـارێ خـوا دەیـدا هیـچ کەسێك دەسـەڵات و توانـای نیـە ڕێگـری بـکاو ڕەتـی بکاتـەوە) .

هـەر ئەویـش حەکەمـە لـە دونیـاو دوارۆژدا ، لـە دونیـادا حوکـم دەکات لـە نێـوان خەڵکیـدا بـەو وەحیـەی کـە دابەزاندوەتـە سـەر پێغەمبـەرانی ، وە لـە ڕۆژی قیامەتـدا بـە عیلمەکـەی خـۆی حوکـم دەکات لـەوەی جیـاوز بـون لەسـەری ، وە حەقـی سـتەملێکراو لـە سـتەمکاران دەسـێنی .

وە لـە فەرمودەکـەدا بەڵگـەی ئـەوەی تێدایـە کەدروسـت نیـە ناوبنرێـت بـەو ناوانـەی کـە تایبەتـن بـە خۆیـەوە ، وەڕێگـری کـردن لـەوەی کـە گومـان دەبرێـت ڕێـزی لـێ ناگیرێـت ، وەکـو کونیـەی (ابـو الحکـم) و لـەو جـۆرە .

هەروەهـا نمونـەی ڕێزگرتـن لـە نـاوەکانی خـوا ئەوەیـە کـە کەسـێک بـە کۆیلەکـەی نەڵێـت : عبـدي و أمتـي ، چونکـە ئـەوە گومـانی بەشـدار بـونی(الربوبیـة) ی تێدایـە .

وە لـە(الصحیـح)دا هاتـوە لـە ابـو هریـرە - ڕەزای خـوای لێبێـت- کـەوا پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) فەرمویـەتی : (**لا یقـل أحدکـم : أطعـم ربـك وضـئ ربـك و لیقـل : سـیدي و مـولاي و لا یقـل أحدکـم : عبـدي و أمتـي و لیقـل : فتـاي و فتـاتي و غلامـي**)[1] .

جـا پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) نەهـی کـرد لـەو وشـەو گوفتانـە (ربـك ، عبـدي ، امتـي) چونکـە گومـانی بەشـداری کـردنی تێدایـە لەگـەڵ خـودا ، لەبـەر (سـد الذریعـة) وە بـۆ یەکلایـی کردنـەوەی بـاسی شـیرک، ئەمجـار ڕێنمایـی خاوەنەکـەی کـرد کـە بڵێـت: فتـاي و فتـاتي - وە کۆیلـەش بڵێـت :-سـیدي و مـولاي .

هەروەهـا لـە ڕێزگرتنـی نـاوەکانی خـوای گـەورە بـەوە دەبێـت کـە داوای هیـچ کەسـێک ڕەت نەکاتـەوە کـە بەنـاوی خـوداوە داوای شـتێکیان لـێ کـرد.

---

(١) متفق علیه : البخاري (٢٥٥٢) ومسلم (٥٨٣٨) .

لـه (ابـن عمـر) ەوه -رەزای خـوا لـه خـۆی باوکـی بێـت - دەفەرموێـت پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) فەرمویـەتی: (**مـن أسـتعاذ باللـه فأعیـذوه ومـن سـأل باللـه فأعطـوه**)[1] .

چونکـه ڕێگـری کـردن لـەو کەسـەی بەنـاوی خـواوە داوا دەکات بەڵگـەی ڕێزنەگرتنـی خـوای گەورەیـە ، وە لـه پێدانیـدا بەڵگـەی بـه مـەزن زانینـی خـواو خـۆ نزیـک کردنـەوە لـه ئـەوی تێدایـه .

هەروەهـا لـه ڕێزگرتـن لـه نـاوەکانی خـوای گـەورە کـه داوای لـێ ناکرێـت لەبـەر خاتری زاتی خـۆی ئیلـلا بەهەشـت نەبـێ لەبـەر شـکۆمەند زانینـی خـواو ڕێزگرتنـی و بـه مـەزن زانینـی.

لـه (جابـر)ەوە -رەزای خـوای لێبێت-هاتـووە کـەوا پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) فەرمویـەتی: (**لا یُسـأل بوجـه اللـه إلا الجنـة**)[2] بۆیـه داوا ناکرێـت بـه رووی خـوای گـەورەوە لـه ئمونەی شـتی بـێ ڕێـزی پێداویستیەکانی ئـەم دونیایـه ، بەڵکـو داوای ئـەو پـەڕی داواکاریـەکانی لـێ دەکرێـت کـه ئەویـش بەهەشـتە ، یـان ئـەو شـتەی کـه وەسـیلەیە بـۆ بەهەشـت و لـه بەهەشـت نزیکـی دەکاتـەوە ، لەوتـن و کـردەوە.

هەروەهـا لـه ڕێزگرتـن لـه نـاوەکانی خـوا ئەوەیـه کـه زۆر سـوێندی پـێ نەخورێـت خـوای گـەورە دەفەرموێـت:﴿ وَٱحۡفَظُوٓاْ أَيۡمَٰنَكُمۡ ﴿٨٩﴾ ﴾ (المائدة) واتـه : دەسـا سـوێندەکانتان ڕاگـرن و بیانپارێـزن، بەناچـاری نەبێـت مەیانشـکێنن).

ابـن عبـاس دەفەرموێـت: (مەبەسـتی ئەوەیـه : سـوێند مەخـۆن ، چونکـه زۆر سـوێند خـواردن بەڵگـەی بـه کـەم زانینـی خـوای گەورەیـه ، وە بـه مـەزن نەزانینـی ئـەوە ، ئەویـش جیـاوازە لـه گـەڵ کەمالـی ئـەو تەوحیـدە واجیبـەدا))

هەروەهـا لـه (سەڵمان)ـەوە هاتـوە کـەوا پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) فەرمویـەتی: ((**ثلاثـة لا یکلمهـم اللـه و لا یزکیهـم ، و لهـم عـذاب ألیـم : أشـیمط زانٍ ، وعائـل مسـتکبر ، و رجـل جعـل اللـه بضاعتـه ، فـلا یشـتري إلا بیمینـه ، و لا یبیـع إلا بیمینـه**))[3]

---

(١) أخرجه أحمد (٥٣٦٥)وابو داود (١٦٧٢) والنسائي (٢٥٦٦) .

(٢) أخرجه ابو داود (١٦٧١) .

وەمانـای (**جعـل اللـه بضاعتـه**) واتـا: سـوێند خـواردنی بەخـوای گـەورەی کردوەتـە کەرەسـتەی دەسـتی خـۆی ، ئەمـەش هەڕەشـەیەکی تونـدی تێدایـە لەسـەر زۆر سـوێند خـواردن ، چونکـە ئـەوە بەڵگەیـە لەسـەر بـە سـووک زانینـی حەقـی خـوای گـەورە و ڕێزنەگرتنـی نـاوەکانی .

هەروەهـا لـە بـە شـکۆمەندزانین و مـەزن زانینـی خـوای گـەورە ئەوەیـە کـەوا نەکرێتـە شـەفاعەتکار بـە سـەر دروسـت کراوەکانیـەوە ، چونکـە ئـەوە بـە کـەم زانینـی خـوای گـەورەی تێدایـە ، چونکـە ئـەوەی شـەفاعەتی بـۆ دەکەیـن کەمـترە لـەوەی شـەفاعەتی لا دەکەیـت .

ئیمامـی شـافعی -ڕەحمـەتی خـوای لێبێـت- دەفەرموێـت: شـەفاعەت دەبێـت لای کەسـێک بکرێـت کـە لـەو بەرزتـر بێـت ، پـاک و بێگـەردی بـۆ خـوا .

کابرایەکـی دەشـتەکی هـات بـۆ لای پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) شـکایەتی گرانی و لـە ناوچونی سـەروەت و سـامانەکەی دەکـرد وە داوای لـێ کـرد کـە داوای بـاران بارێـن بـکات لـە خـوای گـەورە ، وتی : (فإنـا نستشـفع باللـه علیـك ، وبـك علی اللـه) واتـا : ئێمـە داوای شـەفاعەت دەکەیـن لـە خـوا لەسـەر تـۆ و داوای شـەفاعەت دەکەیـن لـە تـۆ لەسـەر خـوا . پێغەمبەری خـوا(ﷺ) فەرمـووی : (سـبحان اللـه ! سـبحان اللـه!) بـەردەوام تسـبیحاتی دەکـرد تاوەکـو ئەوەیـان لـە دەم و چـاوی هاوەڵەکانیـدا بینـی ، ئەمجـار فەرمـووی : (ویحـك أتـدري مـا للـه) إن شـأن اللـه أعظـم مـن ذلـك ، إنـه لا یستشـفع باللـه عـلی أحـد مـن خلقـه) [1]جـا شـەئن و پایـەی خـوای گـەورە مەزنـە هـەر ئەویشـە کـە شـەفاعەتی لا دەکرێـت و تەنهـا بـە ئیـزنی خـۆی.

بەرنامەو مەنهەجی ئەهلی سوننەو جەماعە لە ناو و صیفەتەکاندا:

مەنهەجـی پێشـینە چاکـەکانی ئەهـلی سـوننەو جەماعـە کـە هـەر ئـەوان کۆمەڵـە رزگار بووەکـەن دەربـارەی نـاو و صیفاتەکانـی سـەلماندیەتی ، هەروەکـو لـە کیتـاب و سـوننەدا هاتـوە ، لەگـەڵ باوەربـوون بـەوەی کـە دەلالـەتی لەسـەر دەکات ئەویـش لەسـەر رواڵەتێتـی ، وە لـە سـەلماندنیدا بـە هیـچ شـێوەیەک لێکچـون لـە گـەڵ دروستکراوەکانیدا لـە خۆناگرێـت و لازمـی نـاکات ، بـەرز و پیـرۆز بێـت خـوای گـەورە لـەوەی دەیڵێـن ، چونکـە سـیفاتەکانی خـوای گـەورە تایبەتـن بـە خۆیـەوەو لایەقـی ئـەوەو سـیفاتەکانی دروسـت کراوەکانیـش تایبەتـن بـە خۆیانـەوە و لایەقـی خۆیانـە ، بـە هیـچ شـێوەیەک لەیەکچـون لـە نێـوان ئـەو دوو سـیفەتەدا نییـە ، هەروەکـو چـۆن بەهیـچ شـێوەیەک لـە یەکچـون لـە نێـوان زاتی خـوای گـەورە و زاتی دروسـتکراوەکاندا نیـە .

جـا مەزهـەبی ئەهـلی سـوننە و جەماعـە لـەو شـتەدا بنیـات نـراوە لەسـەر بنەمـای سـەلیم و بنمیچـی راسـت ئـەم بنەمایـەش بریتیـن لـە :-

یەکـەم/ نـاو و صیفاتەکانـی خـوای گـەورە تەوقیفیـن ، بەمانـای ئـەوەی هیـچ نـاو و سـیفاتێ بـۆ خـوای گـەورە ناسـەلمێنن ئیللا ئـەوە نەبـێ کـە خـوای گـەورە خـۆی بـۆ خـۆی سـەلماندویەتی لـە کیتابەکەیـدا یـان پێغەمبـەری خـوا(ﷺ) بـۆی سـەلماندوە لـە سـوننەتەکەیدا ، وەهیـچ شـتێک ناسـەلمێنن بـە پێـی عەقـڵ و بیـرو بۆچونـی خۆیـان ، وە هیـچ شـتێک نەفـی ناکـەن لـە نـاو و سـیفاتەکانی خـوا ئیللا ئـەوە نەبـێ کـە خـوای گـەورە خـۆی نەفـی کـردوە لـە کیتابەکـەی خۆیـدا یـان پێغەمبەرەکـەی(ﷺ) نەفـی لـێ کـردوە لـە سـوننەتەکەیدا ، نەفـی لـێ ناکـەن بـە پێـی عەقـڵ و بیـرو بۆچونـی خۆیـان ، ئـەوان لـە کیتـاب و سـوننە تێناپـەڕن و ئـەوەی لـە کیتـاب وسـوننەدا نەهاتبـێ لـە نەفـی و سـەلماندنا وەکـو(عـرض) و (جسـم) و(جوهـر) ئـەوان لـەوەدا دەوەسـتن ، بـە پێـی ئـەم بنەمـا مـەزن و گەورەیـە .

دووەم /ئـەوەی خـوای گـەورە وەصفـی خـۆی کـردوە یـان پێغەمبەرەکـەی(ﷺ) وەصفـی کـردوە ، ئـەوە حەقـە لەسـەر رواڵەتـی خـۆی ، بـە هیـچ شـێوەیەک (لغـز) و(أحجیـە)ی تێدا نیـە ، بەڵکـو ماناکـەی بـەو شـێوە دەزانرێـت بـە پێـی مەبەسـتی قسـەکەر لـە قسـەکانیدا

، جا ئەهلی سوننە وشەو گوفتەکانی سیفات و ماناکەی دەسەلمێنن ، بە هیچ شێوەیەک ئەوەی خوای گەورە وەصفی خۆی کردوە یان پێغەمبەرەکەی(ﷺ) وەصفی کردوە لە ئایەت و لە فەرمووەدە (متشابهەکان) نیە تاوەکو ماناکەی (تفویض) بکرێت ،چونکە کەسێک وابزانێت کە دەقەکانی سیفات لەوانەیە کە ماناکەی لێی تێناگەیەن وای لێ دەکات کە ببێتە قسەی ئەعجەمیەک کە لێی تێناگەیەن، لە کاتێکدا خوای گەورە فەرمانی پێ کردوین کە لەمانای هەموو قورئان تێبگەین ، وە هانی داوین کە لێی حاڵی بین و لێی تێبگەین ، جا ئەگەر هاتوو دەقەکانی سیفات لەوانە بێت کە ماناکەی تێناگەین ئەوا وادەکات کە خوای گەورە فەرمانی پێ کردوین کە لە شتێک تێبگەین کە هەرگیز لێی تێناگەین وە فەرمانی پێ کردوین بە باوەڕهێنان بە شتێک کە روونی نەکردوەتەوە بۆمان بەرزو پیرۆز بێت خوای گەورە لەو شتە .

کەواتە، مانای سیفاتەکانی خوای گەورە دیار و ئاشکران پێویستە باوەڕمان پێیان هەبێت، بەڵام چۆنیەتیکەی لای ئیمە نادیار و نەزانراوە ، هیچ کەسێک نایزانێت تەنها خودا نەبێت ، بۆیە ئیمامی (مالک بن انس) دەفەرموێت: کاتێک پرسیاری لێ کرا دەربارەی ئەو ئایەتەی کە دەفەرموێت:﴿ ٱلرَّحۡمَٰنُ عَلَى ٱلۡعَرۡشِ ٱسۡتَوَىٰ ۝٥ ﴾ (طه) چۆن ئیستیوای کرد؟ فەرمووی : ئیستیواکە دیار و ئاشکرایە ، چۆنیەتیەکەی نەزانراوە ، ئیمان هێنان پێی واجبە ، پرسیار کردن دەربارەی بیدعەیە)[1] .

ئەوەی ئیمامی مالک فەرمووی لە ئیستیوادا بنەمایە بۆ هەموو سیفاتەکان ، ئەویش قسەی هەموو ئەهلی سوننە و جەماعەیە ، هەرکەسێک (تفویض) بداتە پاڵ سەلەف و گوایە ئەوان ناو و سیفاتەکانیان (تفویض) کردووە ، وەمانای دەقەکانی بکاتە جۆری (المتشابه) کە تەنها خوای گەورە خۆی عیلمی بە ماناکەی هەیە ، ئەوە درۆی بەدەم سەلەفەوە کردوە ، چونکە قسەکانی ئەوان جیاوازە لەگەل قسەی ئەم درۆزنەدا .

---

(١) أخرجه البيهقي (٥١٦) [illegible]

سێیەم/ سـەلەف صیفاتەکانـی خـوای گـەورە دەسـەلمێنن، سـەلماندنێک بـە بـێ لێکچـون ، بـە هیـچ شـێوەیەک صیفاتەکانـی بـە دروسـتکراوەکان ناشـوبهێنن، چونکـە خـوای گـەورە هیـچ شـتێک لـە وێنـەی نییـە ، وە هاوکوفـی نیـە، وە هاوشـێوەی نیـە ، وە هاونـاوی نیـە (سـمی) ، چونکـە لێکچواندنـی سـیفاتەکان و هاوشـێوەکردنی بە سـیفاتی دروسـتکراوەکانی بانگەشـەی زانینـی چۆنیەتیەکـەی تێدایـە، وە چۆنیەتیەکـەی نەزانـراوە لای ئێمـە هەروەکـو چۆنیەتـی زاتـی خـوا ، چونکـە شـارەزا بـوون و زانینـی چۆنیەتـی صیفـەت پێویسـت دەکات کـە چۆنیەتـی وەصفکراوەکـە بزانرێـت ، وەخـوای گـەورەش هیـچ کەسـێک چۆنیەتـی زاتـی ئـەو نازانێـت ئیـلا خـۆی نەبـێ .

وە قسـەکردن دەربـارەی سـیفاتەکانی بەشـێکە لـە قسـەکردن دەربـارەی زاتی ، هەروەکـو چـۆن خـوای گـەورە خـاوەنی زاتێکـە بـە هیـچ زاتێـک ناشـوبهرێنرێت وە بـە هیـچ زاتێـک نـاکات ، ئـاواش خـاوەنی چەنـد سـیفەتێکە بـە هیـچ سـیفەتێکی دروسـت کـراوەکان ناشـوبهێنرێت:﴿ لَيۡسَ كَمِثۡلِهِۦ شَيۡءٞۖ وَهُوَ ٱلسَّمِيعُ ٱلۡبَصِيرُ ﴿١١﴾ ﴾ (الشـوری) واتـا : هیـچ کەسـێک بـە ئـەو ناشـوبهێنرێت نـە لـە زاتیـدا و نـە لـە سـیفاتیدا و نـە لەکارەکانیـدا ، بۆیـە پێویسـتە ئیـمان بهێنیـن بـەوەی خـوای گـەورە وەصفـی خـۆی کـردوە ، چونکـە هیـچ کەسـێک نیـە شـارەزای سـیفاتی خـوای گـەورە بێـت و عیلمـی دەربـارەی هەبێـت وەکـو خـۆی:﴿ قُلۡ ءَأَنتُمۡ أَعۡلَمُ أَمِ ٱللَّهُ ﴿١٤٠﴾ ﴾ (البقـرة) واتـە : بڵـێ- ئـەی موحەممـەد(ﷺ) ! باشـە خـوا چاکـتر دەزانـێ یـان ئێـوە؟) جـا ئـەو لـە هەمـوو کەسـێک زیاتـر علمـی دەربـارەی خـۆی و جگـە لـە خـۆی هەیـە .

هەروەهـا پێویسـتە ئیـمان بـەوە بهێنیـن کـە پێغەمبـەری خـوا(ﷺ) وەصفـی کـردوە ، چونکـە هیـچ کەسـێک نییـە شـارەزای سـیفاتی خـوا بێـت لـە پـاش خـوای گـەورە وەکـو پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) کـە خـوای گـەورە لـە حـەق ئـەودا فەرمویـەتی :﴿ وَمَا يَنطِقُ عَنِ ٱلۡهَوَىٰٓ ﴿٣﴾ إِنۡ هُوَ إِلَّا وَحۡيٞ يُوحَىٰ ﴿٤﴾ ﴾(النجـم) واتـە : وە قسـەو گوفتاری(پێغەمبـەر) (ﷺ) لـەڕووی هـەواو هەوەسـەوە نیـە، جاکەسـێ ئاوابـێ چـۆن ڕێگـە ون ئـەکات ؟!(٣) ئـەو قورئانـەی کـە ئـەو دەی لێـت، جگـە لـەوە کەبـە وەحیـی بـۆی دەنێـرێ، هیچیـتر نیـە، واتـە: ئـەم قورئانـە هـەر لەلایـەن خواوەیـە(٤))

بۆیـە پێویستە لەسـەر هەمـوو (مکلف)ـێک ئیـمان بهێنـێ بـەوەی خـوای گـەورە خـۆی وەصفـی خـۆی کـردوە یـان پێغەمبەرەکـەی(ﷺ) وەصفـی کـردوە ، وە خـوای گـەورە بـە پاکـو بێگـەردی رابگرێـت لـەوەی سـیفاتەکانی بـە سـیفاتی دروسـتکراوەکان بشـوبهێنێ .

هەرکەسـێک قسـەی کەسـێکی پێـش قسـەی خـواو پێغەمبەرەکـەی(ﷺ) کـردو جورئـەتی بەرانبـەر بـە خـوا کـرد ، بـەوەی نـەفی ئـەو سـیفەتانە بـکات کـە خـوای گـەورە بـۆ خـۆی سـەلماندویەتی لـە سـیفەتە مەزنـەکان و ئـەوەی پێغەمبەرەکـەی (ﷺ) وەصفـی کـردوەو بڵێـت: ئـەوەی کـە وەصفـی خۆتـت کـردوەو پێغەمبەرەکـەت (ﷺ) وەصفـی تـۆی کـردوە لایەقـی تـۆ نیـەو کـەم و کـورتی تێدایـە لـە فـڵان و فـڵان شـتدا ، ئـەوا مـن تأویـلی دەکـەم و ئیلغـای دەکەمـەوە و لـە جیـاتی ئەوانـە لەخـودی خۆمـەوە سـیفاتی تـر دەهێنـم ، هەروەکـو هەندێکیـان دەڵێـن :

وَكُلُّ نَصّ أوهمَ التشبيها أوِّلهُ أو فَوِّضْ وَرُمْ تنزيها

مـن ناگەڕێمـەوە بـۆ کیتابەکـەت و سـوننەتی پێغەمبەرەکـەت (ﷺ) لـەو شـتەدا ، چونکـە گومـانی لێکچوانـدنی تێـدا بـەدی دەکرێـت ، بەڵکـو دەگەڕێمـەوە بـۆ بنەمـاکان (المتکلمیـن) و قسـەی جەهەمـی و موعتەزیلـە و ئەشـعەری و ماتریدییـەکان!! ئایـا ئـەم کەسـە -ئـەی بەنـدەکانی خـوا - کەسـێکی ئیمانـدارە بەخـوا و کیتابەکـەی و سـوننەتی پێغەمبەرەکـەی(ﷺ) ؟ ئایـا ئـەم کەسـە خواکـەی خـۆی بـە مـەزن زانیـوە ؟ سبحانك هـذا بهتـان عظیـم .

چـوارەم / هەروەهـا ئەهلـی سـوننە و جەماعـە سـیفاتەکانی خـوای گـەورە دەسـەلمێنن کـە خـۆی وەصفـی خـۆی کـردوە یـان پێغەمبەرەکـەی(ﷺ) وەصفـی کـردوە بـەو شـێوەیە کـە لایـەق زاتـی خـۆی بێـت و بـە دروسـتکراوەکانی ناشـوبهێنن ، ئـەوان بـە پاکـی و بێگـەردی دەیزانـن لـە هەمـوو عەیـب و کـەم و کوڕیـەک بـە شـێوەیەک سـەر نەکێشـێ بـۆ (تعطیـل) لەکارخسـتن بـە تەئویـل کردنـی ماناکـەی یـان لادانـی (تەحریـف کردنـی) وشـەکانی لـە ماناکـەی و دەلالەتەکـەی خـۆی لابـدەن بـە حوججـەی پاکـو بێگـەرد راگرتـن ، جـا مەزهەبـی ئـەوان ناوەنـدە لـەو مەسـەلەدا لەنێـوان (تشـبیە) و(تعطیـل) دا واتـا لـە نێـوان لێکچوانـدن و لـە کارخسـتندا ، خۆیـان بـە دوور دەگـرن لـە (تعطیـل) لـە مەقامـی پـاک و بێگـەرد راگرتـن و خۆیـان بـە دوور دەگـرن لـە (تشـبیە) لـە مەقامـی سـەلماندن .

پێنجـەم / ڕێـگای ئەهلـی سـوننە و جەماعـە لـە هـەر سـیفەتێکدا کـە دەیسـەلمێنن و ئـەوەی نەفـی لـێ دەکـەن لـە هـەر نەقـص و کـەم و کوڕیـەک بریتیـە لـە ڕێـگای کیتـاب و سـوننەت ، ئەویـش بریتیـە لـە(ئیجمـال) لـە نەفـی دا و (تەفصیـل) لـە سـەلماندندا ، هەروەکـو خـوای گـەورە دەفەرموێـت: ﴿لَيۡسَ كَمِثۡلِهِۦ شَيۡءٞۖ وَهُوَ ٱلسَّمِيعُ ٱلۡبَصِيرُ ١١﴾ (الشـوری) جـا لـە نەفیـدا بـە ئیجمالـی باسـی کـرد ئەویـش ئـەو ئایەتەیـە : ﴿لَيۡسَ كَمِثۡلِهِۦ شَيۡءٞ﴾ وەلـە سـەلماندندا تفصیلـی پێیـدا ئەویش ئەو ئایەتەیـە ﴿وَهُوَ ٱلسَّمِيعُ ٱلۡبَصِيرُ﴾.

وە هەمـووو نەفیـەک لـە صیفـاتی خـوای گـەورەدا ئـەوا سـەلماندنی کەمـال لـە خـۆ دەگرێـت ، وە تەنهـا نەفیەکـی (محـض) نییـە، چونکـە تەنهـا نەفیەکـی (محـض) هیـچ مەدحێکـی تێـدا نیـە چونکـە ئـەوە نەبونـی (محـض) ە ، وە نەبونـی هیـچ شـتێک نییـە .

لـە نمونـەی نەفییـەک کـە سـەلماندنی کەمـالی لـە خـۆ گرتبیـت ، ئـەو ئایەتەیـە کـە دەفەرموێـت:﴿وَلَا يَظۡلِمُ رَبُّكَ أَحَدٗا ٤٩﴾ (الکهـف) واتـە : پەروەردگاریشـت ناهەقیـی و سـتەم لـە هیـچ کەسـێك نـاکات، بەناهـەق سـزای کـەس نـادات، پاداشـتی چاککارانیـش کـەم ناکاتـەوە) واتـا لەبـەر کەمـالی دادپـەروەری خـوای بـەرز و دلۆڤـان .

وە ئـەو ئایەتەیـە : ﴿وَلَا يَـُٔودُهُۥ حِفۡظُهُمَاۚ ٢٥٥﴾ (البقـرة) واتـە : وە ڕاگرتـن و پاراسـتنی ئاسـمانەکان و زەویـی بۆخـوا گـران و سـەخت نییـە) واتـا : لەبـەر کەمـالی هێـز و توانـای .

وە ئـەو ئایەتەیـە : ﴿لَا تَأۡخُذُهُۥ سِنَةٞ وَلَا نَوۡمٞۚ﴾ واتـە : نەخـەوە نووچکـە دای ئەگـرێ و نەخـەو دەیباتـەوە) واتـە : لەبـەر کەمـالی زیندوویەتـی و قەییومیـەتی .

ئـا بـەم شـێوەیە هـەر نەفییـەک دەربـارەی خـوای گـەورە ، ئـەوا سـەلماندنی دژی نەفـی لێکراوەکـە لەخـۆ دەگرێـت لـە بـەر کەمـال و شـکۆمەندی .

داوا لـە خـوای گـەورە دەکەیـن چاوڕوونمـان بـکات لـە دینەکەیـدا و کاربکەیـن بـە گوێڕایەڵـی ئـەوو ناسـینی حـەق و کارکـردن پێـی .

بەرنامـە و مەنهەجی جەهەمـی و قوتابیەکانیان لە ناو و صیفاتەکانی خوادا .

پێویستە لەسـەر کەسی موسـڵمان ناو و سـیفاتەکانی خوای گەورە بسەلمێنێ بە شێوەیەکی لایـەق و شایستەی مـەزن و شـکۆمەندی خـوای گـەورە بێـت بـە پێـی ئـەوەی لـە کیتـاب و سـوننەتدا هاتـوە ، چونکـە ئەمـە بەشـێکە لـە ئیـمان بـە خـوای گـەورە ، ئەویـش مەزهـەبی ئەهـلی سـوننە و جەماعەتـە ، کـە تەنهـا کیتابەکـەی خـواو سـوننەتەکەی پێغەمبەریان (ﷺ) کردوەتـە بەڵگەو سـەرچاوە لەو شـتەدا ، بـە پێچەوانەی ئەوەی جەهەمییـەکان و قوتابیەکانی لەسـەرین لـە موعتەزیلـە و ئەشـعەرییەکان ئەوانـە کـە نـەفی ئـەو نـاو و سـیفاتانە دەکـەن کـە خـوای گـەورە بـۆ خـۆی سـەلماندویەتی ، یـان نـەفی هەندێکیـان دەکـەن و هەندێکـی تـر دەسـەلمێنن بـە حوکمـدانی خۆیـان ، وە سـەرچاوەی ئـەوان لـەو شـتەدا عەقلـە کەمەکـەی خۆیانـە یـان ئـەوەی پێشـەوا گومڕاکانیـان بڕیاریـان لەسـەرداوە ، جیـاوازی زۆرە لـە نێـوان ئەوانـەی کـە بەڵگەیـان کیتـاب و سـوننەت بێـت و ئەوانـەی بیرو هۆشـە لاوازەکـەی خۆیان بکەنـە بەڵگـە ، هەروەکـو چـۆن یەکێکیـان دەڵێـت[1] :

وَكُلُّ نَصّ أوهمَ التشبيها أوِّلهُ أو فَوِّضْ وَرُمْ تنزيها

ئەمـە هەڵسـوکەوتیانە لەگـەڵ دەقـەکانی کیتـاب و سـوننەتدا لـە بابـەت و بـەشی نـاوو سـیفەتەکانی خـوا ، تەئویلیـش بریتیـە لـە لادان و صەرفکـردنی ئـەو دەقانـە کـە دەلالـەت دەکات لـەو مانـا پـڕ شـکۆیە بۆ ئـەو مانایانەی کـە ئەقڵەکانیـان بڕیاریان لەسـەرداوە لە بیرو بۆچـون نـەزۆک و پوچەڵەکەیـان، وە ئـەوەی عەقڵیـان درکی پێ نـاکات ، (تفویض)ی دەکەن و باوەڕیـان بـە جیـاواز لـەوە دەلالەتی بـۆ دەکات هەیە ، پاک و بێگەردی بـۆ تۆ ئەی خودایە ! چەنـد مـەزن و گـەورەی تـۆ !! چەنـد هێـدی و لەسـەر خـۆی بەرانبـەر بـە عەبدەکانـت!! ئەوانـە نـەفی ئـەو سـیفەتە کەمـال و شـکۆمەندانەیان کـرد کـە تۆ بـۆ خۆتت سـەلماندوە ، وە جیـاواز بـوون لـە گـەڵ کیتابەکەتـدا ، وە ئـەوەی بـە عەقڵـی خۆیانـدا هاتوە و دێـت و پێشی دەخـەن لەگـەل ئـەوەی لـە کتێبەکەتـدا هەیـە ، نـاو و سـیفەتەکانی تۆیـان نـەفی کـردوە وە حوججیـەت و هیدایەتیـان لـە کتێبەکەتـدا نـەفی کرد.

---

(١) من ابيات الجوهرة للقاني .

پێشـەوای (ابـن القیـم)- ڕەحمـەتی خـوای گـەورەی لێبێـت -دەربـارەی ئەوانـە دەفەرموێـت: هەرکەسـێک گومـان وا ببـات کـە خـوای گـەورە هەواڵـی داوە دەربـارەی خـۆی و سـیفەتەکانی و کارەکانی بـەوەی کـە ڕواڵـەتی (باطـل) و لێکچوانـدن و شـوبهاندنە ، وە وازی لـە حـەق هێنـاوەو هەواڵـی پێنەداوێـن ، بەڵکـو بـە چەنـد هێمایەکـی دوور دایناوەو ئامـاژەی پێکـردوە بـە چـەن ئاماژەیـەک (لغـز) بـاسی کـردوە وبـە صەراحـەت بـاسی نەکـردوە هەمـوو کاتێـک بـە لێکچوانـدن و شـوبهاندنی(باطـل) باسـی کـردووە ، وە ئـەوەی ویسـتوە لـە بەنـدەکانی کـە بیـرو هـۆش و هێـزی خۆیـان مانـدوو بکـەن و تەحریفـی قسـەکان بکـەن لـە جێگای خـۆی و تەئویـلی بکـەن بـە جگـە لـە تەئویلەکـەی خـۆی ، وە چەندیـن لایـەنی احتـمالاتی خراپـی و تەئویـلاتی بـۆ دەهێنێتـەوە کـە زیاتـر لـە(لغـز) و(أحجـە) دەکات لـەوەی کـە لـە ڕوونکردنـەوەو ئاشـکراکردن بـکات ، وە بـۆ زانینـی نـاوو سـیفاتەکان یبگەڕێنـەوە بـۆ عەقـڵ و بۆچـونی خۆیـان نـەک کتێبەکـەی خـوا ، بەڵکـو ئـەوەی لێیـان دەوێـت کـەوا قسـەکانی بـەو شـێوەیە لەیـەک بدەنـەوە کـە لـە زمـان و دواندنەکەیانـدا لێـی تێناگـەن ، هەرچەنـدە دەتـوانێ حەقەکەیـان بـۆ ڕوون بکاتـەوە کـە پێویسـتە ڕوون بکرێتـەوە و رزگاریـان بـکات لـەو شـتانەی کـە دەیانخاتـە نـاو بیـرو بـاوەڕی پوچەڵـەوە ، کەچـی نەیکـردوە ، بەڵکـو ڕێگایەکـی تـری بـۆ ئـەوان گرتەبـەر کـە جیـاوازە لـە گـەڵ ڕێـگای هیدایـەت و ڕوونکردنـەوە ، هەرکەسـێ گومـانی وابێـت ئـەوا بـە گومـانی خـراپ گومـانی بەخـوا بـردوە ، چونکـە ئەگـەر بڵێـت : ئـەو توانـای نییـە لـە دەربڕینـی حـەق بـە وشـەی ڕوون و ئاشـکرا کـە ئـەوان و پێشـینەکانیان دەڕیـان بڕیـوە ، ئـەوا گومـانی بێتوانایـی خـوای بـردوە ، وە ئەگـەر وتی : ئـەو توانـای هەبـوە بـەڵام ڕوونی نەکردووەتـەوە بـە ڕوون کردنـەوەو ئاشـکراکردنی حـەق لایـدا بـۆ ئـەوەی گومـان بێـت ، بەڵکـو خەڵکـی دەخاتـە نێـو (باطـل) ێکـی ئاشـکراو بیـرو باوەڕێکـی خراپـەوە ، ئـەوا بـە گومـانی خـراپ گومـانی بـە حیکمـەت و ڕەحمـەتی خـوا بـردوە ، هەرکەسـێک گومـان ببـات کـە خـۆی و پێشـینەکانی حەقیـان دەربڕیـوە بـە صەراحـەت جگـە لـە خـواو پێغەمبەرەکـەی(ﷺ) ، وە هیدایـەت و حـەق لـە قسـەی ئـەوان و دەربرینەکانیانـدایـە ، بـەڵام قسـەی خـوای گـەورە ، ئـەوا لـە ڕواڵەتیـدا تەنها شـوبهاندن و لێکچوانـدن و گومڕایـی وەردەگیرێـت ، وە ڕواڵـەتی قسـە سەرسـامەکان بریتیـە لـە حـەق و هیدایـەت ئەمـە لـە خراپتریـن گومانـە بەخـوای گـەروە ...))

تـا ئـەو جێگـەی دەڵێـت : ((... هەرکەسـێ گومـانی ئـەوە ببـات کـە خـوای گـەورە نەبیسـتن و نەبینیـن و نەعیلـم و نـە ئیـرادەو نـە قسـەیەک کـە بیڵێـت ، وە ئـەو لەگـەڵ هیـچ کەسێکدا قسـەی نەکـردوە ، وە هەرگیـز قسـەش نـاکات ، هیچـی نەگوتـوە وە هیچش نالێـت ، وە هیـچ فەرمانێـک و نەهیەکـی نیـە ، ئـەوە بـە گومـانی خـراپ گومـانی بـە خـوا بـردوە ، وە هەرکەسـێک گومـانی ئـەوە ببـات کـە خـوای گـەورە لەسـەروی ئاسـمانەکانەوە نیـە و لەسـەر عەرشـەکەی خـۆی نیـە و بـە جـودا لـە دروسـت کـراوەکانی ،وە نسـبەتی زاتی خـۆی بـۆ عەرشـەکەی - هەروەکـو نسـبەتی بـۆ خـواری خوارەوەیـە -، ئـەوە بـە خراپتریـن گومـان گومـانی بەخـوا بـردووە ...))[1] لێـرەدا قسـەکانی تـەواو دەبێـت رەحمەتـی خـوای لـێ بێـت.

مەبەسـتی بـەو قسـانە ئـەو کەسـانەیە کـە نـەفی ئـەو سـیفاتە کەمالانـە دەکـەن کـە خـوای گـەورە بۆخـۆی سـەلماندویەتی لـە جەهەمـی و موعەتەزیلـەو ئەشـعەرییەکان ، ئاشکراشـە هەرکەسـێ نـەفی سـیفاتی کەمـال بـکات بـۆ خـوای گـەورە ئـەوا سـیفاتە کـەم و کوڕیەکانـی بـۆ سـەلماندوە لـە دژەکانی ، پاکـی و بێگـەردی بـۆ خـوای گـەورە لـەوەی کـە سـتەمکاران دەیڵێـن .

ئەمجـار لـەو قسـانەی ئەوانـدا ئـەوە دەگەینـێ کـە ئـەو گومڕایانـە شـارەزاترو زاناتـرن بـە خـوای گـەورە و بـەوەی شایسـتەیەتی ، چونکـە ئـەوان نـەفی ئـەو سـیفاتانەیان لێـی کـرد کـە خـۆی بـۆ خـۆی سـەلماندویەتی ، بـە بانگەشـەی ئـەوەی ئـەو سـیفاتانە لایەقـی ئـەو نیـن ، ئایـە چـی گومڕاییـەک لـەوە مەزنـترە ؟؟ وە چـی جورئەتێـک هەیـە لەسـەر خـوا لـەم جورئەتـە گەورەتـر بێـت ؟؟

هەروەهـا ئـەوە دەگەیەنـێ کـەوا ئـەوان شـارەزاترو زاناتـر بـن دەربـارەی خـوای گـەورە لـە پێغەمبـەری خـوا(ﷺ) ، چونکـە پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) ئـەو سـیفەتانەی بـۆ خـوا سـەلماندوە ئەوانیـش نەفیـان کـردوەو دەڵێـن : ئـەو سـیفەتانە لایەقـی خـوای گـەورە نیـن ! ئایـە چـی گومڕاییـەک هەیـە لـەم گومڕاییـە گەورەتـرو مەزنـتر بێـت ئەگـەر ئـەوان عەقڵیـان هەبێـت !؟ چـۆن دەبێـت ئـەو نەفامـە گومڕایانـە زاناتـر بـن دەربـارەی خـوای

---

(١) انظر : زاد المعاد (٣/ ٢٣١-٢٣٢) .

گـەورە لـە خـۆی زیاتـر ؟ - پاکـی و بێگـەردی بـۆ خـوای گـەورە لـەوەی دەیڵێـن- ، لـە کاتێکـدا خـوای گـەورە دەفەرموێـت: ﴿يَعْلَمُ مَا بَيْنَ أَيْدِيهِمْ وَمَا خَلْفَهُمْ وَلَا يُحِيطُونَ بِهِۦ عِلْمًا ﴿١١٠﴾﴾(طه) واتـە : خوابـە هەمـوو ئەوشـتانە دەزانێـت کـە ئـەوان پێشـیان خسـتووە و کردویانـە لـە دونیـاودا، وە هەروەهـا بەوشـتانەش چـاك دەزانێـت کـە لـەرۆژی دواییـدا چاوەرێیانـە، واتـە: ئـاگای لـە هەمـوو شـتێکیانە ئـەوان بەزانیـن عیلـم ناتوانـن دەورە بـدەن بـە بەرێوەبـردن و حیکمەتـی خـوا)

هیـچ کەسـێک نییـە لـە دروسـتکراوەکانی زاناتـرو شـارەزاتر بێـت دەربـارەی خـوای گـەورە و ئـەوەی شایسـتەیەتی و ئـەوەی لایەقێتـی وەکـو پێغەمبـەری خـوا(ﷺ) .

ئـەوەی وای کـردوە لـە جەهەمییـە و شـوێن کەوتوانیـان کـە نـەفی سـیفاتی خـوای گـەورە بکـەن بریتیـە لـە ناشـارەزاییان دەربـارەی خـوای گـەورە و خراپـی تێگەشـتنیان ، چونکـە ئـەوان گومانیـان وایـە لەسـەلماندنی ئـەو سـیفەتانەی خـوای گـەورە بـۆ خـۆی سـەلماندوەو ئەوانـەی پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) بـۆی سـەلماندوە ، پێویسـت دەکات بـە لێکچـون و شـوبهاندن، چونکـە ئـەو سـیفەتانە لـە دروسـتکراوەکاندا دەبینـن ، وە هیـچ جیاوازیـەک ناکـەن لـە نێـوان سـیفاتی دروسـتکارو سـیفاتی دروسـتکراوەکاندا ، وەهیـچ شـتێک تێنەگەیشـتون لـە سـیفاتی (خالـق)دا ئیللا ئـەوە نەبـێ کـە لـە سـیفاتی (مخلـوق) ـەکاندا تێگەیشـتون ، نەیانزانیـوە کـە سـیفاتی دروسـتکار تایبەتـن بـە خـۆی و لایەقـی ئەون وە صیفـاتی دروسـتکراوەکانیش تایبەتـن بـە خۆیـان لایەقـی خۆیانـە ، وە هیـچ لێکچـون و شـوبهاندنێک نیـە لـە نێـوان سـیفاتی دروسـتکارو سـیفاتی دروسـتکراوەکاندا ، هەروەکـو چـۆن هیـچ لێکچـون و شـوبهاندنێک نییـە لـە نێـوان زاتی دروسـتکار و زاتی دروسـتکروەکاندا ، هەروەکـو خـوای گـەورە دەفەرموێـت: ﴿لَيْسَ كَمِثْلِهِۦ شَىْءٌ ۖ وَهُوَ ٱلسَّمِيعُ ٱلْبَصِيرُ ﴿١١﴾﴾ (الشـوری) .

جـا بیسـتن و بینینـی بـۆ خـۆی سـەلماند و لێکچـون و شـوبهاندنی لەگـەڵ شـتەکاندا نـەفی کـردوە، ئەمـەش بەڵگـەی ئەوەیـە کـە سـەلماندنی سـیفەتەکان هیـچ شـوبهاندنێک لـە نێـوان دروسـتکار و دروسـتکراوەکان لـە خـۆ ناگرێـت .

ئەمـەش ئـەو بنەمایەیـە کـە ئەهـلی سـوننەو جەماعـە لەسـەری رۆیشـتون لـە سـەلماندنی نـاو سـیفەتەکانیدا ، ئـەوەی بـۆ خـۆی سـەلماندویەتی ئەمانیـش سـەلماندویانە بەبـێ لێکچونێـک وە بـە پـاک رایـان گرتـوە لـەو سـیفەتانەی بـە پـاک رایگرتـوە بـۆ خـۆی بەبـێ لـە کارخسـتن (تعطیـل).

بـەڵام جەهەمـی و قوتابیەکانیـان لە موعتەزیلەو ئەشـعەریەکان ، ئـەوان مەزهەبەکەیان بنیـات نـاوە لەسـەر بنەمایەکـی پـووچ کە لـە خۆیانەوە ئـەو ئەصلەیان بنیات نـاوە ، ئەویش بریتـە لـەوەی کـە سـەلماندنی ئـەم سـیفەتانە شـوبهاندن لە خـۆ دەگرێـت ، بۆیە لـە بەرانبەر ئـەو دەقانـە دەربـارەی هاتـون یەکێـک لـەم دوو کارە ئەنجـام دەدەن : یـان تەئویلی دەکەن و لەسـەر رواڵەتەکـەی خـۆی لایـدەدەن ، وە یـان (تفویـض)ی دەکـەن لەگـەڵ باوەڕبـوون بـەوەی کـە رواڵەتەکـەی مەبەسـت نییـە، بۆیە هۆنـەری عەقیدەکەیـان دەڵێت:

وَكُلُّ نَصّ أوهمَ التشبيها أوِّلهُ أو فَوِّضْ وَرُمْ تنزيها

پاک و بێگەردی بۆ تۆ ئەی پەروەردگارا ! لە قسەی ئەو ستەمکارو جاحدانە دەیڵێن .

لەگـەڵ ئەوەشـدا خـوای گـەورە حـەق لەسـەر زاری هۆنەرەیـان درکانـد کاتـێ دەڵێـت: (وَكُلُّ نَـصّ أوهـمَ التشـبيها) ئـەوەی روون کـردەوە کـە مەزهەبەکەیـان لەسـەر (وەهـم) بنیـات نـراوە نـەک لەسـەر حـەق ، چونکـە ئـەوان گومانیـان وابـوو کـە ئـەو دەقانـە مانـای شـوبهاندن لـە خـۆ دەگرێـت ، بۆیـە رۆیشـتن تەئویلیـان کـرد .

ئایـە - بەنـدەکانی خـوا - گومـان لەگـەڵ دەقەکانـدا بەرانبـەر دەکرێتـەوە و عەقیـدەی لەسـەر بنیـات دەنـرێ ؟

چونکـە پلـەی (وەهـم) لـە پلـەی گومـان (ظـن) کەمـترە ، خـوای گـەورە دەربـارەی گومـان (ظـن) دەفەرمووێـت: ﴿وَإِنَّ ٱلظَّنَّ لَا يُغۡنِي مِنَ ٱلۡحَقِّ شَيۡـًٔا ﴿٢٨﴾﴾ (النجـم) واتـە : لەکاتێکـدا گومانیـش مـرۆڤ لەڕاسـتی بـێ نیـاز نـاکاو جێـی حەقیقـەت ناگرێتـەوە.)

وەڵامـی لادەرەکان لـە مەنهەجـی سـەلەف لـە نـاوو سـیفەتەکانی خـوا لـە گـرووی (مشـبهە) و (معطلـة) .

لادەرەکان لـە مەنهەجـی سـەلەف لـە نـاو سـیفاتەکانی خـوا دوو گروپـن : (مشـبهة) و (معطلـة) .

١- المشبهة :

ئەوانـەی خـوای گەورەیـان بـە دروسـتکراوەکانی شـوبهاندوە وە سـیفاتی خـوای گەورەیان لـە (جنـس) و جـۆری سـیفاتی دروسـتکراوەکان ژمـاردووە ، بۆیـە پێیـان دەڵێـن (المشـبهة) ، یەکـەم کـەس کـە ئـەم قسـەیەی گـوت (هشـام بـن الحکـم الرافـضي) و (بیـان بـن سـمعان التمیمـی)بـوو کـە گروپـی (البیانیـە)ی دەدرێتـە پـاڵ ، کـە یەکێکـە لـە گروپـە شـیعە زیـادەڕەوەکان ، جـا (المشـبهە)کان زیادەڕەویـان کـرد لـە سـەلماندنی سـیفاتەکاندا ، تاکـو وایـان لـێ هـات شـتی وایـان سـەلماند کـە خـواو پێغەمبەرەکـەی(ﷺ) نەفیـان کـردوە ، لـە جـۆرە سـیفاتێک لایەقـی خـوای گـەورە نیـە لـە سـیفاتی نەقـص و کـەم و کـوڕی ، بـەرز و پیـرۆزی بـۆ خـوای گـەورە لـەو قسـانەی دەیکـەن ، هەروەهـا لەوانـە (هشـام بـن سـالم الجوالیقـي) و (داود الجـواربي) .

خـوای گـەورە لـە قورئانەکەیـدا نـەفی شـوبهاندنی کـردووە لـە لەگـەڵ دروسـتکراوەکانیدا ، وە نەهـی لـێ کردویـن بـە نمونـە هێنانـەوە بـۆی ، خـوای گـەورە دەفەرمووێـت: ﴿لَيۡسَ كَمِثۡلِهِۦ شَيۡءٞۖ ١١ ﴾ (الشـوری) واتـە : هیـچ شـتێك نیـە لـە وێنـەی ئـەو (خوا)یـە ،نـە لەزاتیـا، نـە لـە سـیفاتیا، نەلـە کردارییـا، بـۆ خـۆی تەنیایـەو، لەهەمـوو شـتێك، بـێ نیـازەو، هەمـو شـتێکیش نیازمەنـدە بـەو) .

و ﴿هَلۡ تَعۡلَمُ لَهُۥ سَمِيّٗا ٦٥ ﴾ (مریـم) واتـە : ئاخـۆ ئـاگات لێیـە هـاو ناوێکـی هەبـێ؟ دیـارە چـاك دەزانـی، کەبـێ وێنـەو بـێ هاوبەشـە).

﴿وَلَمۡ يَكُن لَّهُۥ كُفُوًا أَحَدُۢ ٤ ﴾ (الاخـلاص) واتـە : و هەرگیـز هیـچ کەسـێك هاوشـێوەو هاوتـای نیـە و، کەسـێ ناتوانـێ بـەر هەڵسـتی بـکات) .

﴿فَلَا تَضۡرِبُواْ لِلَّهِ ٱلۡأَمۡثَالَۚ ٧٤ ﴾(النحـل) واتـە : جـا ئیـتر ئێـوە نموونـەو شـەریك بـۆ خـوا مەهێننـە ئـاراوە، چونکـە ئـەو بـێ شـەریك و بـێ وێنەیـە) .

جـا هـەر کەسـێک صیفاتـەکانی خـوای گـەورەی بـە صیفاتـەکانی دروسـتکراوەکانی شـوبهاند ئـەوە لـە راسـتیدا عەبـدی خـودا نیـە ، بەڵکـو بتێـک دەپەرسـتێ لـە مێشـکی خۆیـدا وێنـەی کێشـاوە و بەبیـری خـۆی پەیکەرێکـی بـۆ داتاشـیوە ،جـا ئـەوە لـە راسـتیدا لـە بـت پەرسـتانە ، نـەک لـە خـوا پەرسـتان .

پێشەوا ابن القیم دەفەرموێت:

لسنا نشبه وصفه بصفاتنا ان المشبه عابد الاوثان

وە هەرکەسـێ صیفـاتی خـوای گـەورە بـە صیفـاتی دروسـتکراوەکانی بشـوبهێنێت ئـەوا خـۆی بـە گاورەکان شـوبهاندوە ئەوانـە کـە مەسـیحی کـوری مەریـەم دەپەرسـتن .

پێشەوا ابن القیم دەڵێت :[1] -

من مثل الله العظيم بخلقه فهو النسيب لمشركٍ نصراني

(نعیـم بـن حـماد) کـە شـەیخی بوخاریـیـە (ڕەحمـەتی خـوا لـە هەردووکیـان بێـت) دەفەرموێـت: هەرکەسـێک خـوای گـەورە بـە دروسـتکراوەکانی بشـوبهێنێت ئـەوا کوفـری کـردووە ، وە هەرکەسـێک نـەفی ئـەو صیفاتانـە بـکات کـە خـوای گـەورە وەصفـی خـۆی پێ کـردووە یـان پێغەمبەرەکـەی(ﷺ) وەصفـی کـردووە ، ئـەوا کوفـری کـردووە، وە هەرگیـز لـە وەصفکـردنی خـوا بـۆ خـۆی یـان پێغەمبەرەکـەی (ﷺ) کـە وەصفـی ئـەوی کـردووە هیـچ شـوبهاندنێک نیـە .

٢- المعطلة : -

ئەوانـە نـەفی ئـەو صیفاتـە کەمالەیـان لـە خـوای گـەورە کـرد کـە خـۆی وەصفـی خـۆی کـردووە یـان پێغەمبەرەکـەی(ﷺ) وەصفـی خـۆی کـردووە ، چونکـە بـەرای ئـەوان سـەلماندنی ئـەو صیفاتانـە شـوبهاندن و بـە جەسـتەکردن لـە خـۆ دەگـرێ، جـا ئـەوان لـە پێچەوانـەی رایەکـەی (مشـبهە)ن .

---

(١) انظر نونية ابن القيم .

جـا مەزهـەبی (تعطیـل) لـە قوتابیـانی جولەکـەو موشریکـەکان و (صابئـە) گومڕاکانـەوە وەرگیـراوە .

یەکـەم کـەس کـە بۆچـوونی (تعطیـل)ی لـە ئیسـلامدا بـڵاو کـردەوە (جعـدی کـوڕی درهـم) بـوو لەسـەرەتای سـەدەی دووەم ، وە ئـەم مەزهەبە پیس و چەپەڵـە (جهم ی کوڕی صفـوان) لـەوەوە وەریگـرت و بـڵاوی کـردەوە ،وە گروپـی (الجهمیـە) لـە ئـەوەوە هاتـووە، ئەمجـار ئـەم مەزهەبـە گواسـترایەوە بـۆ موعتەزیلـە و ئەشـعەرییەکان ، ئەمـە سـەنەدی مەزهەبەکەیانـە ، دەگەڕێتـەوە بـۆ جوولەکـە و صابئـە و موشریـک و فەیلەسـوفەکان ، ئەوانیـش لـەم (تعطیل)ـەدا جیـاوازن:-

جەهمییەکان : ناو و صیفاتەکان نەفی دەکەن.

موعتەزیلەکان : ناوەکان بەبێ هیچ مانایەک دەسەلمێنن و صیفاتەکان نەفی دەکەن .

ئەشـعەرییەکان : نـاوەکان و تەنهـا حـەوت صیفـات دەسـەلمێنن ، ئەویـش :عیلـم و حەیات و توانـا و ئیـرادە وبیسـتن و بینیـن و کـەلام ، کەچـی ئـەو صیفاتەکانـی تـر نەفـی دەکـەن .

وە شـوبهەی هەمـوو ئەوانـەی کـە نـەفی ئـەو صیفاتانـە دەکـەن ئەوەیـە کەوا سـەلماندنی ئـەو صیفاتانـە بـەرای ئـەوان شـوبهاندن و بەجەسـتەکردن لـە خـۆ دەگرێـت ، چونکـە هیـچ وەصفکراوێـک بـەو شـێوە نابینرێـت ئیللا ئـەو جەسـتانە نەبـێ ، خـوای گـەورەش : ﴿لَيۡسَ كَمِثۡلِهِۦ شَيۡءٞۖ ١١﴾ (الشـوری) بۆیـە پێویسـت دەکات نـەفی صیفاتـەکان بکـەن و لـە کاریـان بخـەن ، وەکـو پـاک راگرتنێکـی خـوای گـەورە لـەو لێکچواندنـە بـەرای ئـەوان ، بۆیـە لای ئـەوان ئـەو کەسـانەی ئـەو صیفاتانـە بسـەلمێنن بە(مشـبهە) نـاو دەبرێـن .

وە بەرانبـەر بـەو دەقانـەی کـە دەلالـەت دەکات بـۆ سـەلماندنی بـە دوو هەڵوێسـت راوەسـتاون

هەڵوێسـتی یەکـەم : ئیـمان هێنـان بـە وشـەکان و (تفویض)کـردنی ماناکانیـان ، بـەوەی بێدەنـگ دەبـن لـە تەفسـیرکردنیدا و (تفویـض)ی دەکـەن بـۆ لای خـوای گـەورە ، لەگـەڵ نەفیکـردنی دەلالەتەکـەی لەسـەر هـەر صیفاتێـک ، وە ئـەم ڕێگایـەش ناویـان لێنـاوە ڕێـگای سـەلەف و بـە ڕێـگای سـەلەفی دەزانـن ، وە دەڵێـن، ئەمـە سـەلامەتترە .

هەڵوێستی دووەم: لادانی ئـەم دەقانـە لـەو مانایانـەی دەلالەتـی بـۆ دەکـەن بـۆ چەنـد مانایـەک خۆیـان دایـان هێنـاوە ، ئەمـەش پێـی دەڵێـن ڕێـگای تەئویـل ، وە نـاوی لـێ نـاوە ڕێـگای خەلـەف ، وەدەڵێـن : ئـەو زاناتـر و مەحکـەم تـرە .

وە بـۆ وەڵام دانـەوەی گومانەکانیـان دەڵێیـن : گومـان لـەوەدا نیـە کـە لێکچوانـدن قورئـانی پیـرۆز نـەفی لـێ کـردووە بـۆ خـوای گـەورە ، وەکـو ئـەو ئایەتـەی دەڵێـت : ﴿ لَيۡسَ كَمِثۡلِهِۦ شَيۡءٞۖ وَهُوَ ٱلسَّمِيعُ ٱلۡبَصِيرُ ﴿١١﴾ ﴾ (الشورى) . وە دەفەرموێت: ﴿ هَلۡ تَعۡلَمُ لَهُۥ سَمِيّٗا ﴿٦٥﴾ ﴾ (مریـم) وە دەفەرموێـت:﴿ وَلَمۡ يَكُن لَّهُۥ كُفُوًا أَحَدُۢ ﴿٤﴾ ﴾ (الاخلاص. وە دەفەرموێـت:﴿ فَلَا تَجۡعَلُواْ لِلَّهِ أَندَادٗا وَأَنتُمۡ تَعۡلَمُونَ ﴿٢٢﴾ ﴾(البقـرة) .واتـە : جاکەوابـوو ئێـوەش چـاك بیپەرسـتن و، هیـچ جـۆرە هاوبەشـێکی بۆدامەنێـن و، تەنهـا یاسـاو بەرنامەکـەی ئـەو وەرگـرن دەخـۆ خۆیشـتان چـاك دەزانـن کـە ئەوجـۆرە بتانـە هیچیـان بەدەسـت نیـەو، تەنهـا خـوای گەورەیـە ڕۆزیـی و دارایـی و سـامانتان دەداتـێ،) وە دەفەرموێـت:﴿ فَلَا تَضۡرِبُواْ لِلَّهِ ٱلۡأَمۡثَالَۚ ﴿٧٤﴾ ﴾ (النحـل) .

بـەڵام لەگـەڵ ئـەوەی نـەفی شـوبهاندنی خـۆی کـردووە لەگـەڵ دروسـتکراوەکاندا ئـەوا صیفـاتی کەمالـی بـۆ خـۆی سـەلماندووە ، هەروەکـو دەفەرموێـت: ﴿ لَيۡسَ كَمِثۡلِهِۦ شَيۡءٞۖ وَهُوَ ٱلسَّمِيعُ ٱلۡبَصِيرُ ﴿١١﴾ ﴾ (الشـورى) جـا لـەم ئایەتـە پیـرۆزەدا لـە نێـوان نـەفی شـوبهاندنی و لەگـەڵ سـەلماندنی هـەردوو صیفـەتی بیسـتن و بینینـی بـۆ خـۆی کۆکردوەتـەوە ، ئـەوەش بەڵگەیـە کـە سـەلماندنی صیفـات بـە هیـچ شـێوەیەک شـوبهاندن لـە خۆناگرێـت ، چونکـە هیـچ (تلازم)ێـک لـە نێوانیانـدا نیـە .

ئـا بـەم شـێوەیە لـە زۆربـەی ئایەتـە پیـرۆزەکانی قورئـانی پیـرۆزدا سـەلماندنی صیفـات لەگـەڵ نـەفی کـردنی شـوبهاندن ، شـان بەشـانی یـەک دەبینیـن ، ئەمـەش مەزهـەبی پێشـینە چاکەکانـە ، صیفاتـەکان دەسـەلمێنن وە شـوبهاندن و لێکچوانـدن نـەفی دەکـەن .

وە هەرکەسـێ بـاوەڕی وابـێ کەسـەلماندنی صیفاتـەکان لایەقـی خـوای گـەورە نییـە ، چونکـە ئـەوە شـوبهاندن لـە خـۆ دەگرێـت ، ئـەوا خـراپ تێگەیشـتنی بـەرەوە ئـەو کارە بردوویـەتی ، چونکـە وا تێگەیشـتووە کەسـەلماندنی صیفاتـەکان شـوبهاندن لـە خـۆ دەگرێـت

و لازمـی دەکات ، جـا ئـەم تێگەیشـتنە هەڵەیـە بـەرەو نـەفی ئـەو صیفاتـە بردویەتـی کـە خـوای گـەورە بـۆ خـۆی سـەڵماندویەتی، بۆیـە ئـەم کەسـە نەفامـە لەسـەرتاوە خـۆی صیفاتـەکانی شـوبهاند و ئەمجـار لـە کاریخسـت ، وە بەرانبـەر خـوای گـەورە ئـەو کارەی کـردووە کەلایەقـی زاتی ئـەو نییـە لەسـەرتاو لـە کۆتاییشـدا ، جـا ئەگـەر دڵـی پـاک بوایـە لـە بۆگەنـی شـوبهاندن ، ئـەوا هـەر لەسـەرەتاوە تێدەگەیشـت کـەوا صیفاتـەکانی خـوای گـەورە ئـەو پـەری کامـل و شـکۆمەندن کـە گومـانی شـوبهاندن و لێکچوانـدن ناهێڵـێ لـە نێـوان صیفـاتی دروسـتکراوەکان و صیفـاتی دروسـتکاردا ، ئـەو کات دڵەکـەی ئامـادە دەبـوو بـە ئیـمان هێنـان بـە صیفاتـەکانی خـوای گـەورە بـە شـێوەیەک لایـەق ئـەو بێـت ، لەگـەڵ پاکڕاگرتنـی خـوای گـەورە لـە شـوبهاندن بـە دروسـتکراوەکان ، بـەڵام هەرکەسـێ وا گومـان ببـات کـە صیفاتـەکانی خـوای گـەورە بـە صیفـاتی دروسـتکراوەکان دەشـوبهێنرێت ، ئـەوا ئـەو کەسـە خـوای گـەورەی نەناسـیوە وە قـەدری خـوای گـەورەی نەزانیـوە ، بۆیـە کەوتوتـە نـاو کێشـەی (تعطیـل)ەوە ، وای لێهاتـووە بـەو کەسـانەی کـە صیفاتـە کاملـەکانی خـوا دەسـەڵێنن و پـاک رایدەگـرن لـە صیفـاتی نەقـص و کـەم و کـوڕی بـە پێـی قورئـان و سـوننەت وای لێهاتـووە بـەوان دەڵێـن: (المشـبهه) و (المجسـمة) ، بـە پێـی ئـەو تێگەیشـتنە گوماناوییـەی خـۆی کـە صیفـاتی خـوای گـەورە بـە صیفـاتی دروسـتکراوەکانی دەشـوبهێنێت ، وە نازانـێ ئـەم صیفاتانـە لایـەق تـرن بـە خـوای گـەورە ،جـا ئـەو لەسـەرەتاوە شـوبهاندنی ئەمجـار (تعطیـل)ی کـرد، ولا حـول ولا قـوة الا باللـه العـلي العظیـم .

پێشـەوای پێشـەوایان (إمـام الأئمـة) و سـەرخەری سـوننەت (نـاصر السـنه) ابوبکـر محمـد بـن خزیمـه -ڕەحمـەتی خـوای لێبێـت- لـە ڕەدی جەهمـی و قوتابییەکانیانـدا ئەوانـەی وا دەزانـن کـە سـەڵماندنی صیفاتـەکانی خـوای گـەورە شـوبهاندن لـە خـۆ دەگرێـت دەڵێـت: (لێـرەدا پوختـەی قسـەکانی بـاس دەکەیـن دەربـارە ئـەم بابەتـە) :

دەفەرمووێـت: جەهمییـەکان (لەعنـەتی خوایـان لێبێـت) دەربـارەی ئەهـلی سـوننەو شـوێنکەوتوانی ئەسـەر (فەرمـودەکان) ، ئەوانـەی قسـەی قورئانەکـەی پەروەردگاریـان و سـوننەتی پێغەمبـەری خـوا(ﷺ) دەکـەن ، ئەوانـەی کـە صیفاتـەکانی خـوای گـەورە دەسـەڵێنن بـەوەی وەصفـی خـۆی کـردووە لـە مەحکەمـی قورئانەکەیـدا ، کـە جێگـرە لـە نێـوان هـەردوو دەفەکەیـدا ، وە لـە سـەر زاری پێغەمبـەری خـوا(ﷺ) کـە گواسـتراوەتەوە

لـە کەسـی (عـدل)ەوە ئەوانیـش لـە کەسـانی (عـدل)ەوە تـا دەگاتـە پێغەمبـەری خـوا(ﷺ) دەڵێـن : ئـەوان (مشـبهە)ن، چونکـە ئـەوان ناشـارەزان و تێناگـەن لـە کیتابەکـەی خـوا و سـوننەتی پێغەمبەرمـان(ﷺ) و کەمـی شـارەزاییان لـە زمـانی ئەوانـەی بـە زمـانی ئـەوان قسـەمان لەگەڵـدا کـراوە...)

تـا ئـەو جێگەیـەی دەڵێـت: (ئێمـــەو هەمـوو زانایانمـــان لـە هـــەموو وڵاتەکانـدا دەڵێـن: پەرستراوەکەمان خـاوەنی (وجه)ـە هەروەکـو لـە مەحکەمـی قورئانەکەیـدا بـاسی کـردووە، بـە (جـلال) و (الاکـرام) وەصفـی کـردوە وە حوکمـی مانـەوەی داوە بەسـەریدا (البقـاء) ، وە نـەفی تیاچـونی لـێ کـردووە ، وە دەڵێـن : (وجـە)ی پەروەردگارمـان هێنـدە روناکـی و رۆشـنایی و بەهـای هەیـە ئەگـەر حیجابەکـەی لەسـەر لابدرێت ، ئەوا (سـبحات) رووی خـوای گـەورە هەمـوو ئەوانـە دەسـوتێنێت کـە چـاوی بـری پـێ دەکات ...[1]

وە دەڵێـن : بـەنی ئـادەم رووەمەتیـان هەیـە کـە خـوای گـەورە تیاچـونی لەسـەر نوسـیوە و دەڵێـن: رووەمـەتی بـەنی ئـادەم دروسـتکراو و تـازەن (داهێـنراون) ، لـە پێشـدا نەبـووە، خـوای گـەورە هێنایـە بـوون لـە پـاش ئـەوە دروسـتکراوە نەبـوو ، هێنایـە بـوون پـاش ئـەوەی بـوونی نەبـوو، وە رووەمـەتی هەمـوو بـەنی ئـادەم لـە نـاو دەچـن و نامێنـن ، هەموویـان دەمـرن و پاشـان دەبنـە خـۆڵ ، ئەمجـار خـوای گـەورە جارێکـی تـر دروسـتی دەکاتـەوە لـە پـاش ئـەوەی بووبوونـە خـۆڵ ، ئەمجـار یـان بـەرەو بەهەشـتێکی خـۆش دەرۆن یـان بـۆ ئاگرێکـی سـەخت و بەئـازار .

ئایـە ئـەی ژیـرەکان دێتـە عەقڵـی هیـچ خـاوەن عەقڵێکـدا کـە زمـانی عـەرەبی تێبـگات و دوانـدنی بزانێـت وە لـە شـوبهاندن بزانێـت : ئایـا ئـەم رووە بـەو رووە دەشـوبهێت ، ئایـە لێـرەدا -ئـەی عاقڵـەکان- هیـچ شـوبهاندنێک هەیـە لـە نێـوان رووی خـوای گـەورە دا کـە وەصفـمان کـردو رووئمـان کـردەوە وەصفەکـەی هـەر وەکـو چـۆن لـە قورئـان و سـوننەتدا هاتـووە لەگـەڵ رووی بـەنی ئـادەم کـە باسـمان کـرد و وەصفـمان کـرد ،... جـا ئەگـەر شـوبهاندن بوایـە لەلایـەن زانایانمـان ، ئـەوا هەمـوو کەسـێک دەیگـوت :-بـەنی ئـادەم رووی هەیـە و بـەراز و مەیمـون و شـێر و گوێدرێـژ و وشـتر و مـار و دوپشـکەکان و جگـە لەوانـە

---

(١) كما في حديث ابي موسى اخرجه مسلم (٤٤٤) .

رووڕیـان هەیـە ، ئـەوا رووی بـەنی ئادەمـی بـە بـەراز و مەیمـون و سـەگەکان و جگـە لەوانـەی باسـمان کـرد شـوبهاندووە ، وە باوەڕناکـەم کـە ژیرتریـن جەهەمـی (معطلـة) ئەگـەر بەرێزترین کـەس پێـی بڵێـت : رووەمـەتی تـۆ بـە رووەمـەتی بـەراز و مەیمـون و سـەگ و گوێدرێـژو قاتـر و نمونـەی ئەوانـە دەچێـت ئیللا تـووڕە دەبـێ ...)

تـا ئـەو جێگایـەی دەڵێـت - رەحمەتـی خـوای لـێ بێـت - : - جـا ئەگـەر ئـەوەی کـە باسـمان بـەو شـێوەی وەصفـمان کـرد ، ئـەوا لای خـاوەن عەقڵـەکان و ئەوانـەی دەتوانـن شـتەکان لەیـەک جیابکەنـەوە سـابت دەبێـت کـەوا هەرکەسـێ ئەهـلی فەرمـوودە ئەوانـەی قسـەی قورئانەکـەی خـواو سـوننەتی پێغەمبەرەکەیـان(ﷺ) دەکەن بـە (تشـبیە) تۆمەتباریان بکـەن ، ئـەوا قسـەی پووچـەڵ و درۆ و بوهتـانی کـردووە، وە جیـاوازە لەگـەڵ کیتـاب و سـوننەدا وە لـە زمـانی عـەرەبی دەرچـوە...) .

تـا ئـەو جێگەیـەی دەڵێـت :- وە گروپـی (المعطلـة) لـە جەهەمییـەکان ئینـکاری هەمـوو صیفەتێکـی خـوای گـەورە دەکـەن کـە وەصفـی خـۆی کـردوە لـە مەحکەمـی قورئانەکەیـدا ، یـان لەسـەر زاری پێغەمبەرەکـەی(ﷺ) ، لەبـەر نەفامـی و ناشـارەزاییان بـە عیلـم ، چونکـە ئەوەیـان بـە دی کـردووە کـە خـوای گـەورە لـە قورئانەکەیـدا چەنـد ناوێکـی لـە نـاوی صیفاتـەکانی بـۆ هەنـدێ لـە دروستکراوەکانی بـەکار هێنـاوە ، بۆیـە گومـانی ئەوەیـان کـرد لەبـەر نەفامیـان بـە عیلـم کـەوا هەرکەسـێ وەصفـی خـوای گـەورە بـکات بـەو صیفەتـەی کـە خـوای گـەورە وەصفـی خـۆی کـردوە ئـەوا بـە دروسـتکراوەکانی شـوبهاندویەتی .

جـا گـوێ بگـرن ئـەی خـاوەن عەقڵـەکان نەفامـی ئـەو (معطلة)ـانە چەنـد روون و ئاشـکرایە :

دەڵێـم : مـن ئـەوەم بینیـوە کـە خـوای گـەورە وەصفـی خـۆی کـردوە لـە چەندیـن جێـگا لـە کیتابەکەیـدا ،بەنـدە ئیمانـدارەکانی ئـاگادار کردووەتـەوە کـە ئـەو بیسـەر و بینـەرە ، فەرمویـەتی :﴿ وَهُوَ ٱلسَّمِيعُ ٱلْبَصِيرُ ﴿١١﴾ ﴾ (الشـوری) وە بـاسی مرۆڤـی کـردووە و فەرموویـەتی:﴿ فَجَعَلْنَٰهُ سَمِيعًۢا بَصِيرًا ﴿٢﴾ ﴾(الانسـان) واتـە : ئینجـا ژنـەواو بینامـان کـرد بـۆ ئـەوەی ئایەتەکانمـان بەگوێـی خـۆ ببیسـێ، بەڵگەکانـی دەسـەڵاتمان بەچـاوی خـۆی ببینـێ، بەشـکو مـل رابکێشـێ بـۆ حەقیقـەت و ڕاسـتی) .

وە ئـاگاداری کردوینەتـەوە کـە ئـەو دەبینـێ ، فەرمویـەتی: ﴿وَقُلِ ٱعۡمَلُواْ فَسَيَرَى ٱللَّهُ عَمَلَكُمۡ وَرَسُولُهُۥ وَٱلۡمُؤۡمِنُونَۖ ١٠٥﴾ (التوبـة) واتـە : ئـەی پێغەمبـەر! بـە هەمـوو ئـەو خەڵکـە بڵـێ: کاری خۆتـان بکـەن، بێگومانـبن کـە خـوای گـەورەو، پێغەمبەرەکەیـی و، موسـڵمانان بەرهەمـی کردەوەکانتـان دەبینـن ، واتـە: هـەر شـتێ بکـەن خـوا پێغەمبـەرو ئیماندارانـی لـێ بەئـاگا دەکات، هـەر چەنـد بەدزیـی و بەنهێنیـش بیکـەن) وە بـە موسـا و هـارونی فەرمـوو: ﴿إِنَّنِي مَعَكُمَآ أَسۡمَعُ وَأَرَىٰ ٤٦﴾ (طـه) واتـە : بەڕاسـتی مـن لەگـەڵ ئێـوەم هەمـوو شـتێك ئەبیسـم و هەمووشـتێکیش ئەبینـم) ئـەوەی فێرکردیـن کـە خـوای گـەورە کـردەوەکانی بـەنی ئـادەم دەبینـێ و پێغەمبەرەکەشـی (ﷺ) کـە مرۆڤـە ئەویـش کردەوەکانیـان دەبینـێ ، وە دەفەرمووێـت: ﴿أَلَمۡ يَرَوۡاْ إِلَى ٱلطَّيۡرِ مُسَخَّرَٰتٖ فِي جَوِّ ٱلسَّمَآءِ ٧٩﴾ (النحـل) واتـە : ئاخـۆ سـەیری باڵندەیـان نەکردبێـت، کـە چـۆن لەکـەش و هـەوای ئاسـماندا رامکـراون بـۆ فڕیـن و گـەڕان) هەروەهـا بـەنی ئـادەم باڵنـدەکانی ئاسـمان دەبینـن .

خـوای گـەورە دەفەرمووێـت: ﴿وَٱصۡنَعِ ٱلۡفُلۡكَ بِأَعۡيُنِنَا وَوَحۡيِنَا ٣٧﴾ (هـود) واتـە : دەبـێ لەبەرچـاو خۆمانـەوەو بەپێـی سروش و فەرمانـی خۆمـان کەشـتیەك دروسـت بکەیـت و خەڵکـە موسـڵمانەکەی سـوار بکەیـت)

وە دەفەرمووێـت:﴿وَٱصۡبِرۡ لِحُكۡمِ رَبِّكَ فَإِنَّكَ بِأَعۡيُنِنَا ٤٨﴾(الطـور) واتـە : خۆگربە لەبەرامبەر بەجێهێنانـی بڕیارەکانـی پەروەردگارتـەوە ئـەی موحەممـەد(ﷺ)! بـە وێڵکردنیـان چونکـە بەڕاسـتی تـۆ لەبـەر چاودێـری ئێمەدایـت، فێڵیـان زیانـت لێنـادات .)

خـوای گـەورە چـاوی بـۆ خـۆی سـەلماندووە ، هەروەهـا بـۆ بـەنی ئـادەم چـاوی سـەلماندووە، دەفەرمووێـت:﴿تَرَىٰٓ أَعۡيُنَهُمۡ تَفِيضُ مِنَ ٱلدَّمۡعِ ٨٣﴾ (المائـدة) واتـە : ئەبینی ئەسرێـن لەچاویـان دەڕژێ و، دڵیـان ترسـی خـوای لێدەنیشـێ و بەکوڵدەگریـن).

جـا خـوای گـەورە هەواڵـی پێداویـن کـە خـۆی چـاوی هەیـە و بـەنی ئادەمیـش چاویـان هەیـە .

وە خـوای گـەورە بـە ئیبلیـس فەرمـوو -لەعنەتـی خـوا لـە ئیبلیـس بێـت- :﴿ مَا مَنَعَكَ أَن تَسْجُدَ لِمَا خَلَقْتُ بِيَدَيَّ ﴿٧٥﴾ ﴾ (ص) واتـە : ئـەرێ ئیبلیـس! چـی رێـی لـە تـۆ گـرت کڕنـووش بـەری بـۆ ئـەوەی کـە بـەدوو دەسـتەی خـۆم دروسـتم کـردووە ؟)

وە فەرمویـەتی :﴿ بَلْ يَدَاهُ مَبْسُوطَتَانِ يُنفِقُ كَيْفَ يَشَاءُ ﴿٦٤﴾ ﴾ (المائدة) واتـە : نەخێـر دەسـتی خـوا نەبـەسراوە، وەکـو ئـەوان دەڵێـن، بەڵکـو هـەردوو دەسـتی خـوا هەمیشـەو بـەردەوام وەڵاو گوشـادن هەرچۆنێـك خـۆی بییـەوێ، دەیبەخشـێ) .

جـا خـوای گـەورە بـۆ خـۆی دوو دەسـتی سـەڵماندوە وە هەواڵـی پێدایـن کـە بـەنی ئـادەم دوو دەسـتیان هەیـە .

جـا ئایـە لای ئـەو فاسـقانە ئـەوە پەیوەسـت دەکات : هەرکەسـێ شـتێکی سـەڵماند کـە خـوای گـەورە بـۆ خـۆی سـەڵماندووە ئـەوا دروسـتکارەکەی بـە دروسـتکراوەکانی شـوبهاندووە؟ پەنـا بەخـوا ئەمـە شـوبهاندن بێـت هەروەکـو ئـەوان بانگەشـەی بـۆ دەکـەن لەبـەر نەفامییـان بـە عیلـم ...)[1] لێـرەدا قسـەکەی تـەواو دەبێـت .

ئەمـە ئـەو وەڵامەیـە کـە پێشـەوای پێشـەوایان (محمـد بـن خزیمـە) وەڵامـی جەهمیـەکان و قوتابیەکانیانـی پـێ داوەتـەوە. ئـەوەش وەڵامێکـی تونـدە ، ناتوانـن وەڵامی بدەنـەوە ، هەروەهـا گـەورە زانایـان وەڵامـی ئەوانیـان داوەتـەوە ، لـە نمونـەی ئەوانـە: ئیمامـی ئەحمـەدو (شـیخ الاسـلام ابـن تیمیـە) و پێشـەوا (ابـن القیـم) ، ئێسـتاش بـەردەوام وەڵامـەکانی ئـەوان لەبەردەسـتی ئەهـلی سـوننە و جەماعەدایـە سـوپاس بـۆ خـوا .

لێـرەدا نمونەیـەک لـە وەڵامـی شـیخ الاسـلام ابـن تیمیـە بـاس دەکەیـن بەرانبـەر بـە کۆمەڵێـک لەوانـەی کـە باوەریـان وابـوو ئـەو دەقانـەی لـە قورئـان و سـوننەدا هاتـوون دەربـارە صیفاتـەکانی خـوای گـەورە لەبـەشی (المتشـابە)ن کـە خـوای گـەورە عیلمەکـەی لای خـۆی شـاردوەتەوە هیـچ کەسـێک ماناکـەی نازانێـت تەنهـا خـۆی نەبـێ ، ئـەم دەقانـە بـە قسـەی ئـەوان لەسـەر روالّـەتی خـۆی نییـە ، چونکـە روالّەتەکـەی لای ئـەوان شـوبهاندنە ، بەڵکـو مانایەکـی هەیـە کـە هیـچ کەسـێک نایزانـێ تەنهـا خـوای گـەورە نەبـێ ، بۆیـە

---

(١) كتاب التوحيد لابن خزيمة (١/٥٣-٦٠) .

ماناکـەی (تفویـض) دەکـەن بـۆ لای خـوا ، وە بانگەشـەی ئـەوە دەکـەن کـەوا ئەمـە ڕێـگای سـەلەفە ، بـەڵام ئـەوان درۆیـان بـە دەم سـەلەفەوە کـرد و قسـە ئەوتۆیـان داوەتـە پاڵیـان کـە ئـەوان لێـی بەرێـن ، چونکـە عەقیـدەی سـەلەف بریتیـە لـە سـەلماندنی صیفـاتی خـوای گـەورە هەروەکـو لـە کیتابەکـەی سـوننەتی پێغەمبەرکەیـدا(ﷺ) هاتـووە ، ئەویـش لـە سـەر ڕواڵتـی خۆیـەتی و تەفسـیری ماناکـەی دەکـەن بـە شـێوەیەک لایەقـی خـوای گـەورە بێـت ، وە (تفویـض) ی ناکـەن ، بەڵکـو ئـەوە لای ئـەوان لـە ئایەتـە مەحکەمەکانـە نـەک لـە ئایەتـە (متشـابە) ـەکان.

-ڕەحمـەتی خـوای لـێ بێـت- دەفەرموێـت:- بـەڵام لەسـەر قسـەی گەورەکانیـان (واتـە : ئەوانـەی نـەفی صیفـات دەکـەن): مانـای ئـەم دەقانـە هیـچ کەسـێک نایزانـێ تەنهـا خـوا نەبـێ ، وە ئـەو مانایـەی کـە خـوای گـەورە مەبەسـتێتی ئـەوە بریتییـە لـەوەی لـە مانـا ڕواڵەتەکـەی خـۆی لابدەیـت ، جـا بـە قسـەی ئـەوان بێـت ئـەوا پێغەمبـەران و نێـردراوان مانـای ئـەو دەقانەیـان نەزانیـوە کـە دابەزیوەتـە سـەریان ، وە فریشـتە و پێشـینە یەکەمەکانیـش نەیانزانیـوە ، جـا ئـەو کاتـە ، خـوای گـەورە وەصفـی خـۆی کـردووە لـە قورئانەکەیـدا یـان زۆربـەی ئـەوەی خـوای گـەورە وەصفـی خـۆی کـردووە پێغەمبـەران مانایـان نەزانیـوە ، بەڵکـو کۆمەڵـە قسـەیەک دەکـەن کـە ماناکـەی نازانـن ..))

تـا ئـەو جێگـەی - ڕەحمـەتی خـوای لـێ بێـت- دەڵێـت :(ئاشـکرایە کـە ئـەم قسـانە تانەیـە لـە قورئـان و پێغەمبـەران ، جـا ئەگـەر خـوای گـەورە قورئـانی دابەزاندبـێ و هەواڵـی پێداویـن کـە کردوویەتیـە هیدایـەت و ڕوونکردنەوەیـەک بـۆ خەڵکـی ، وە فەرمـانی کردوەتـە پێغەمبەرەکـەی(ﷺ) کـە بـەرووی بیگەیەنێـت ، وە ئـەوەی دابەزیوەتـە سـەریان بـۆ خەڵکـی ڕوون بکاتـەوە ، وە فەرمـانی کـردوە بـە تێگەشـتن و تێڕامانـی قورئـان ، لـە گـەڵ ئەمەشـدا پیرۆزتریـن شـت کـە تیایدایـە ئەوەیـە کـە خـوای گـەورە بـاسی صیفـاتی خـۆی تێـدا کـردوە ، یـان ئـەوەی کـە دروسـتکاری هەمـوو شـتێکە ، ئەویـش زانایـە بـە هەمـوو شـتێک یـان ئـەوەی فەرمـان و نەهییـە ، وە بەڵێـن و هەڕەشـەکان ، یـان ئـەوەی هەواڵـی داوە دەربـارەی ڕۆژی دوایـی ، هیـچ کەسـێک ماناکـەی نازانێـت ، هیـچ لـێ تێناگەیـن ، وە پێغەمبەریـش(ﷺ) بـۆ خەڵکـی ڕوون نەکردووەتـەوە ئـەوەی دابەزیوەتـە سـەریان و ئـەو گەیاندنـە (بەلاغـە) ئاشـکرایەی نەگەیانـدووە .

ڕەحمـەتی خـوای لـێ بێ لـە نەفی کردنی ئەم قسـەیە لە سـەلەفەوە دەفەرموێـت: ناوەکانی خـوای گـەورەو صیفاتـەکانی یـان هەندێکـی بخەینـە نێـو جـۆری (المتشـابە)ەوە کـە خـوای گـەورە ماناکـەی لای خـۆی شـاردبێتەوە ، ئەوا دەڵێیـن : چی بەڵگەیەک هەیە لەسـەر ئەوە ؟ مـن هیچ کەسـێک ناناسـم نە لە سـەلەفی ئەم ئوممەتـە وە نە لەپێشـەوایان وە نە ئەحمەدی کـوری حەنبـەل و نـە جگـە لـەو کـەوا ئەوانەیـان کردبێتـە بەشـێک لـە (المتشـباە)کە ئـەو ئایەتـە بیگرێتـەوە (واتـە : ئـەو ئایەتـە کـە دەفەرموێـت:﴿ هُوَ ٱلَّذِىٓ أَنزَلَ عَلَيْكَ ٱلْكِتَٰبَ مِنْهُ ءَايَـٰتٌ مُّحْكَمَـٰتٌ هُنَّ أُمُّ ٱلْكِتَٰبِ وَأُخَرُ مُتَشَٰبِهَـٰتٌ ۝٧ ﴾ (ال عمـران) وە نـەفی ئـەوەی کردبـێ هیـچ کەسـێک ماناکـەی بزانێـت ، وایـان کـردووە کـە نـاو و صیفاتـەکانی خـوا وەکـو قسـەی ئەعجەمـی بێـت کـە لێـی تێناگەیـن ، بەڵکـو چەنـد وشـەیەکیان وتـوە کـە مانـای تەواویـان هەیـە ، دەربـارەی فەرمـوودەکانی صیفـات وتویانـە :-بـە رێـی دەخەیـن هەروەکـو چـۆن هاتـووە ، وەنەهییـان کـردووە لـە تەئویـلاتی جەهەمیـەکان وە ڕەدیان داوەتـەوە و پوچەڵیان کردوەتـەوە ، کـە ناوەڕۆکەکـەی لەکارخسـتنی (تعطیـل) کـردنی ئـەو دەقانە لە خـۆ دەگرێت کـە دەلالـەتی لـە سـەر دەکات ، وە دەقـەکانی ئیمامی ئەحمەدو پێشـەوایانی پێـش ئەو ڕوونن کـەوا ئـەوان تەئویلاتـەکانی جەهەمیەکانیـان پوچـەڵ کردوەتـەوە ، دان دەنێن بـەو دەقانەی کـە ماناکـەی دەلالـەتی بـۆ دەکات ، ئەمـە یەکدەنگـی پێشـەوایانە کـەوا ئـەوان مانـای ئەمـە دەزانـن، وە بـێ دەنـگ نەبوون لە ڕوونکردنەوە و تەفسـیرکردنیدا ، بەڵکـو ڕوون دەکرێتەوە و تەفسـیر دەکرێـت بـە یەکدەنگـی زانایـان ، بەبێ تەحریـف کردنی لە جێگاکـەی خۆی ، یان ئیلحـاد لـە ناو و ئایەتـەکانی خـوادا))[1] .

ئەمـە ئـەو ڕایەیـە کـە شـیخ الاسـلام ابـن تیمیـە -ڕەحمـەتی خـوای لـێ بێـت- ئیقـراری لەسـەر کـردووە ، وە لـە پێشـەوایان و سـەلەفەوە گێڕاویەتیـەوە ، کـەوا ئـەوان دەقـەکانی صیفـات لـە (متشابە)ـەکان ناژمێـرن کـە ماناکـەی تێنەگـەن و پێویسـتە (تفویـض) بکرێـت ، بەڵکـو مانـای ئـەم دەقانەیـان دەزانی و تەفسـیریان دەکـرد ، بەڵکـو ئـەوەی کـە (تفویـض) دەکرێـت زانیاریـە دەربـارەی چۆنیەتیەکـەی ، هەروەکـو ئیمامـی مالـک و جگـە لـە ئـەو فەرمویانـە :(ئیسـتوا ماناکـەی زانـراوە وە چۆنیەتیەکـەی نەزانـراوە ئیـمان هێنـان پێـی واجبـە و پرسـیارکردن دەربـارەی بیدعەیـە)) .

---

(١) مجموع الفتاوى (١٣/٢٩٤-٢٩٥) .

پێشـەوا (ابـن کثـیر) -ڕەحمـەتی خـوای لێبێـت- دەفەرموێت:((ئـەو ئایەتـەی کـە دەفەرموێـت: ﴿ ثُمَّ ٱسۡتَوَىٰ عَلَى ٱلۡعَرۡشِۖ ﴾ (الاعـراف٥٤ ، یونـس/٣) خەڵکـی لـەم باسـەدا چەندیـن قسـەیان هەیـە ئێـرە جێگـە بـاسی کـردنی هەمـووی نیـە ، بەڵکـو لێـردا ڕێـگای مەزهـەبی پێشـینە چاکـەکان دەگرینـە بـەر ڕێـگای مالـک و ئەوزاعـی و (ثـوری) و (لیـث بـن سـعد) و شـافعی و ئەحمـەد و اسـحاق بـن راهوبـە و جگـە لـەوان لـە پێشـەوایانی موسـڵمانان لـە کـۆن و نوێـدا ، ئەوێـش بریتیـە لـەوەی بەڕێـی دەخەیـن هەروەکـو چـۆن هاتـووە ، بەبـێ چۆنیـەتی و شـوبهاندن و لـە کارخسـتن (تعطیـل) ، وە ئـەوەی ئاشـکرایە و دێـت بـە مێشـکی (مشبه)ـەکاندا لـە نـەفی کـردن دەربـارەی خـوا ، چونکـە خـوای گـەورە هیـچ شـتێک لـە دروسـتکراوەکانی بـە ئـەو ناشـوبهێنرێت ، ﴿ لَيۡسَ كَمِثۡلِهِۦ شَيۡءٞۖ وَهُوَ ٱلسَّمِيعُ ٱلۡبَصِيرُ ﴾ (الشـوری) بەڵکـو باسـەکە وەکـو ئەوەیـە پێشـەوایان فەرمویانـە ، لەوانـە (نعیـم بـن حـماد الخزاعـی) شـەیخی بوخـاری ، دەفەرموێـت: هەرکەسـێ خـوای گـەورە بـە دروسـتکراوەکانی بشـوبهێنێت ئـەوا کوفـری کـردوە ، وە هەرکەسـێ نکۆڵـی لـەوە بـکات کـە خـوای گـەورە وەصفـی خـۆی پـێ کـردووە ئـەوا کوفـری کـردووە ، وە بـە هیـچ شـێوەیەک لـەوەی خـوای گـەورە وەصفـی خـۆی کـردووە و پێغەمبەرەکـەی(ﷺ) وەصفـی کـردووە شـوبهاندنی تێـدا نیـە، جـا هەرکەسـێ ئـەوەی لـە ئایەتـە صریحـەکان و هەواڵـە راسـت و دروسـتەکاندا هاتـووە بـەو شـێوەیەی کـە لایەقـی خـوای گەورەیـە سـەلماندی و هـەر کـەم و کووریەکـی لـە خـوا نـەفی کـرد ئـەوا ڕێـگای هیدایـەتی گرتوتـە بـەر...))[1].

ئەمـە مەزهـەبی سـەلەفە لـە نـاو و صیفاتەکانـی خـوادا ، ئەوێـش بریتیـە لـە سـەلماندنی هەروەکـو چـۆن لـە کیتاب و سـوننەدا هاتووە ، بەبـێ شـوبهاندنی بە صیفاتی دروسـتکراوەکان ، وە بەبـێ (تعطیـل) و نـەفی کـردنی ، بەڵکـو دەیسـەلمێنێت بـە بـێ شـوبهاندن ، پـاک ڕاگرتنـی خـوای گـەورە بەبـێ (تعطیـل) بـە پێی ئـەو ئایەتـە :﴿ لَيۡسَ كَمِثۡلِهِۦ شَيۡءٞۖ وَهُوَ ٱلسَّمِيعُ ٱلۡبَصِيرُ ﴾ (الشـوری) هەرکـەسی مەزهـەبی (تفویـض) بداتـە پـاڵ سـەلەف ، ئـەوا درۆی کـردووە و بوهتـانی بـۆ کـردوون و تۆمەتباریـانی کـردووە بـە شـتێک کـە ئـەوان لێـی بەرین .

داوا لە خوا دەکەین بمانپارێزێ و لێمان خۆش بێ .

---

(١) تفسیر القران العظیم لابن کثیر (٢١١/٢) .

بنەمای ٢

باوەڕهێنان بە فریشتەکان

باوەڕهێنـان بـە فریشـتەکان یەکێکـە لـە شـەش پایـەکانی ئیـمان ، هەروەکـو لـە فەرمودەکـەی (جبریـل) دا هاتـووە ،کـە فەرمویـەتی (ﷺ) : (الإیمـان أن تؤمـن باللـه ، وملائکتـه ، وکتبـه ، ورسـله ، والیـوم الآخـر ، وتؤمـن بالقـدر خـیره وشره)[1] واتـە : ئیـمان بریتیـە لـەوەی بـاوەڕ بهێنیـت بـە خـوای گـەورە و فریشـتەکانی و کتێبـە ئاسـمانییەکان و هەمـوو پێغەمبـەران و رۆژی دوایـی و وە باوەڕیـش بـە قـەزاو قـەدەر بهێنیـت چ خەیـر بێـت یـان شـەڕ).

وە لـە زۆربـەی ئایەتـەکانی قورئـانی پیـرۆزدا باوەڕهێنـان بـە فریشـتەکان لەگـەڵ باوەڕهێنـان بـە خـوای گـەورەدا هاتـووە ، هەروەکـو خـوای گـەورە دەفەرموێـت:﴿ كُلٌّ ءَامَنَ بِٱللَّهِ وَمَلَٰٓئِكَتِهِۦ وَكُتُبِهِۦ وَرُسُلِهِۦ ﴿٢٨٥﴾ ﴾ (البقـرة) واتـە : هەمووشـیان بڕوایـان هێنـاوە بـە تـاك وتەنیایـی خـواو، فریشـتەکانی، کتێبەکانیـی ، پەیامبەرەکانـی) .

وە دەفەرموێـت:﴿ ۞ وَلَٰكِنَّ ٱلْبِرَّ مَنْ ءَامَنَ بِٱللَّهِ وَٱلْيَوْمِ ٱلْءَاخِرِ وَٱلْمَلَٰٓئِكَةِ وَٱلْكِتَٰبِ وَٱلنَّبِيِّـۧنَ ﴿١٧٧﴾ ﴾ (البقـرة) واتـە : بەڵکـو چاکـەی راسـت و دروسـت ئەمەیـە کـە بـاوەڕی راسـتەقینەی بەخـواو بـەرۆژی دوایـی و بەفریشـتەو بەکتێبـی ئاسـمانی و بەپەیامبەرانـی خـوا هەبـێ) .

وە ئیـمان بـە فریشـتەکان چەنـد شـتێک لە خـۆ دەگرێـت لەوانـە باوەڕهێنان بـە بونیان ، هەروەهـا ئـەوان بەنـدەی خـوان و رێـزدارن (مکرمـون)، خـوای گـەورە ئەوانـی دروسـت کـردوە بـۆ پەرسـتن و جێبەجـێ کـردنی فەرمانـەکانی ، و ئیـمان هێنـان بـە جۆرەکانیـان و

---

(١) أخرجه مسلم .

وەصفەکانیـان و کارەکانیـان کـە جـێ بـە جێـی دەکـەن ، هەروەکـو لـە کیتـاب و سـوننەدا هاتـووە ، وە ئیـمان هێنـان بـە فـەزڵ و پلـە و پایەیـان لـە لای خـوای گـەورە .

وە لـە (صحیـح مسـلم)دا هاتـوە : خـوای گـەورە ئـەوانی لـە روناکـی (نـور) دروسـت کـردووە .

وە بەڵگـەش لـە سـەر فـەزڵ و شـەرەفیان ئەوەیـە : کـە خـوای گـەورە ئـەوانی داوەتـە پـاڵ خـۆی وەکـو دانـە پاڵـی تەشریـف (ڕێـز لـێ گرتـن) ، وەکـو ئـەوەی کـە خـوای گـەورە دەفەرمووێـت: ﴿ إِنَّ ٱللَّهَ وَمَلَٰٓئِكَتَهُۥ يُصَلُّونَ عَلَى ٱلنَّبِيِّ ﴿٥٦﴾ ﴾ (الأحـزاب) واتـە : بەڕاسـتی خـواو فریشـتەکانی دروود و سـەڵەوات لەسـەر پێغەمبـەر (ﷺ) دەدەن، خـوا بەزەیـی و میهرەبانـی خـۆی ئەڕێـژێ بەسـەریا، فریشـتەکانیش داوای پایـە بەرزیـی و لێبوردنـی بـۆ دەکـەن)

وە دەفەرموێت: ﴿ كُلٌّ ءَامَنَ بِٱللَّهِ وَمَلَٰٓئِكَتِهِۦ ﴿٢٨٥﴾ ﴾ (البقرة)

وەدەفەرموێت : ﴿ وَمَن يَكۡفُرۡ بِٱللَّهِ وَمَلَٰٓئِكَتِهِۦ ﴿١٣٦﴾ ﴾ (النساء)

وە دەفەرموێـت:﴿ مَن كَانَ عَدُوّٗا لِّلَّهِ وَمَلَٰٓئِكَتِهِۦ ﴿٩٨﴾ ﴾ (البقـرة) واتە : هەرکەسـێك دژومنـی خـواو فریشـتەکانی بێـت) .

وە خـوای گـەورە شـایەتی خـۆی لـە گـەڵ شـایەتی ئەوانـدا باسـکردوە وە درووەدی ئەوانی لەگـەڵ درووەدی خۆیـدا بـاس کـردووە ، وەکـو ئـەوەی دەفەرموێـت: ﴿ شَهِدَ ٱللَّهُ أَنَّهُۥ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ وَٱلۡمَلَٰٓئِكَةُ ﴿١٨﴾ ﴾ (آل عمـران) واتـە : خـوا لەڕێگـەی دروسـتکراوەکانیەوە شـایەتی دەدا - خۆهـەر خـۆی بەسـە بـۆ شـایەتی- پاشـان فریشـتەو زاناکانیـش شـایەتی دەدەن کـە: بێجگـە لەخـۆی هیـچ پەرسـتراوێکی شـیاوی راسـتەقینە نییـە) .

وەدەفەرموێت: ﴿ إِنَّ ٱللَّهَ وَمَلَٰٓئِكَتَهُۥ يُصَلُّونَ عَلَى ٱلنَّبِيِّ ﴿٥٦﴾ ﴾ (الأحزاب)

خـوای گـەورە وەصفـی ئـەوانی کـردوە بـە (کـرم و الاکـرام) خـوای گـەورە دەفەرموێـت: ﴿ بِأَيۡدِي سَفَرَةٖ ﴿١٥﴾ كِرَامِۭ بَرَرَةٖ ﴿١٦﴾ ﴾ (عبـس) واتـە : بەدەسـتی فریشـتەی بااڵێـۆزو نوێنـەری شـارەزا گەیەنـراون (١٥) بەڕێـزو پلـە بـەرزو فەرمانبـەردارن(١٦).

وە دەفەرموێـت: ﴿ وَإِنَّ عَلَيْكُمْ لَحَٰفِظِينَ ۝١٠ كِرَامًا كَٰتِبِينَ ۝١١ ﴾ (الانفطـار) واتـە : لەکاتێکـدا -کـە ئێـوە ئەوەنـدەش لاسـارو یاخییـن- دەسـتەیەك لـە فریشـتەی چاودێـر و پارێزەرتـان لەسـەر دانـراوە، هەرچـی بکـەن ئەینووسـن) .

وە دەفەرموێـت: ﴿ بَلْ عِبَادٌ مُّكْرَمُونَ ۝٢٦ ﴾(الأنبياء) واتـە : بەڵکـو کۆمەڵـە بەندەیەکـی ڕێـزداری ئـەون و، خـوا خـۆی هەڵـی بـژاردوون و، زۆریـش پـاك و بێخەوشـن) .

وە وەصفیـان دەکات بـە بـەرزی و نزیکـی ، هەروەکـو خـوای گـەورە دەفەرموێـت:﴿ لَا يَسَّمَّعُونَ إِلَى ٱلْمَلَإِ ٱلْأَعْلَىٰ وَيُقْذَفُونَ مِن كُلِّ جَانِبٍ ۝٨ ﴾ (الصافـات) واتـە : و ئـەو جنۆکـە و شـەیتانانە، ناتوانـن لـە فریشـتەی باڵانشـین کوڵـە بکـەن و گـوێ بـۆ قسـەو وتوێژیـان بگـرن و هەرکاتێکیـش ویسـتیان بـەرەو ئاسـمان بچـن و، بیانـەوێ گـوێ لـە فریشـتەکان بگـرن، لـە گشـت لاوە بەئەسـتێرەی گـڕدار ڕاودەنرێـن و، ڕەت دەکرێنـەوەو، تیربـاران دەکرێـن) .

خـوای گـەورە دەفەرموێـت: ﴿ يَشْهَدُهُ ٱلْمُقَرَّبُونَ ۝٢١ ﴾ (المطففـين) واتـە : فریشـتە نزیکەکانـی خـوا دەیکەنـەوەو ئەیبینـن و ئامـادەی ئەبـن، واتـە: نامـەی کـردەوەکان لای فریشـتەکان هەڵگیـراوە)

وە بـاسی هەڵگرتنـی عـەرش و دەورەدانی دەکات لـە لایـەن ئەوانـەوە ، هەروەکـو خـوای گـەورە دەفەرموێـت: ﴿ ٱلَّذِينَ يَحْمِلُونَ ٱلْعَرْشَ وَمَنْ حَوْلَهُۥ ۝٧ ﴾ ((غافـر) واتـە : ئـەو فریشـتانەی عەرشـی خـوا هەڵدەگـرن و ئەوانـەی کەبـەدەوری ئـەودان) .

﴿ وَتَرَى ٱلْمَلَٰٓئِكَةَ حَآفِّينَ مِنْ حَوْلِ ٱلْعَرْشِ ۝٧٥ ﴾(الزمـر) واتـە : دەبینـی کە فریشـتەکانیش بـەدەوری عەرشـدا ئەڵقەیـان داوە) .

وە بـاس دەکات کـەوا ئـەوان لای ئـەون و دەیپەرسـتن و تەسـبیحاتی دەکـەن هەروەکـو خـوای گـەورە دەفەرموێـت:﴿ إِنَّ ٱلَّذِينَ عِندَ رَبِّكَ لَا يَسْتَكْبِرُونَ عَنْ عِبَادَتِهِۦ وَيُسَبِّحُونَهُۥ وَلَهُۥ يَسْجُدُونَ ۝٢٠٦ ﴾ (الأعـراف) واتـە : ئـەو فریشـتانەی کـەلای پەروەردگارتـن و نزیکـن لـە میهرەبانـی ئـەوەوە هەرگیـز خـۆ بـە گـەورە نازانـن و سـەر پێچـی لـە پەرسـتنی ئـەو ناکـەن وەك هاوبـەش دانـەرەکان نیـن کـە دەعیـە نەهێڵـێ بپەرسـتن لـە هەر شـتێ شایسـتەی ئەو

نەبێ بەپاك و خاوێن ڕایئەگرن و، تەنها بەگەورەیی ئەو قایل دەبن هەر بۆ ئەویش سوژدەو کرنووش ئەبەن و، تەنها ئەو دەپەرستن، دەسا ئێوەش وابن) .

وە دەفەرموێت:﴿ فَإِنِ ٱسْتَكْبَرُوا۟ فَٱلَّذِينَ عِندَ رَبِّكَ يُسَبِّحُونَ لَهُۥ بِٱلَّيْلِ وَٱلنَّهَارِ وَهُمْ لَا يَسْـَٔمُونَ ﴿٣٨﴾ ﴾ (فصلت) واتە : ئینجا ئەگەر ئەوان لەخۆبایی بوون، کرنووش بەرن بۆ خوا جا ئەو (فریشتانە) کە لەنزیکی پەروەردگارتەوەن، شەوو ڕۆژ هەر تەسبیحاتی ئەو ئەکەن هیچ کات لەکاری خۆیان ماندوو و وەڕەز نابن.)

ئەوان بە پێی کارەکانیان کە ئەنجامی دەدەن چەند جۆرێکن :-

تیایاندا هەیە هەڵگری عەرشی خوان ، خوای گەورە دەفەرموێت:﴿ ٱلَّذِينَ يَحْمِلُونَ ٱلْعَرْشَ وَمَنْ حَوْلَهُۥ ﴿٧﴾ ﴾ (غافر)

وە دەفەرموێت: ﴿ وَٱلْمَلَكُ عَلَىٰٓ أَرْجَآئِهَا ۚ وَيَحْمِلُ عَرْشَ رَبِّكَ فَوْقَهُمْ يَوْمَئِذٍ ثَمَٰنِيَةٌ ﴿١٧﴾ ﴾ (الحاقة) واتە : وەفریشتەکانیش لە سەر لێواری ئاسماندان وەلەو ڕۆژەدا هەشت فریشتە عەرشی پەروەردگاری تۆ بەبان سەریانەوە هەڵ دەگرن.)

وە تیایاندا هەیە لە نزیککراوەکانن ، هەروەکو خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ لَّن يَسْتَنكِفَ ٱلْمَسِيحُ أَن يَكُونَ عَبْدًا لِّلَّهِ وَلَا ٱلْمَلَٰٓئِكَةُ ٱلْمُقَرَّبُونَ ﴿١٧٢﴾ ﴾(النساء) واتە : مەسیح هەرگیز لەوە حاشای نەکردووە کە عەبدو بەندەی خوایە، بەڵکو شانازی کردووە بەندەی خوابێ و قەت خۆی بەگەورەو زل نەزانیوە لەئاستی بەندایەتی خوادا، هەروەها ئەو فریشتانەی نزیکن بەخواشەوە) .

وە تیایاندا هەیە تەوکیل کراوە بە بەهەشتەکان و ئامادەکردنی بۆ خاوەنەکانیان .

وە تیایاندا هەیە تەوکیل کراون بە ئاگرو سزادانی دانیشتوانەکەی ، ئەونایش (الزبانیه)ن وە لە پێشیانەوە نۆزدە دانەن وە خازنەکەی (مالک)ە ، کە ئەویش لە پێش ئەوانیترەوەیە ، هەروەکو خوای گەورە دەفەرموێت:﴿ عَلَيْهَا تِسْعَةَ عَشَرَ ﴿٣٠﴾ ﴾ (المدثر) واتە : نۆزدە فریشتەی بەسەرەوەن بۆ سەرپەرستیی و چاودێری و بەڕێوە بردنی دۆزەخ) .

﴿ وَنَادَوْاْ يَٰمَٰلِكُ لِيَقْضِ عَلَيْنَا رَبُّكَ ﴿٧٧﴾ ﴾ (الزخـرف) واتـه : ئەوجـا هانـا دەبـەن بـۆ دەرگاوانـی دۆزەخ و بانـگ دەکـەن: ئـەی مالیـك ! بـا پـەروەردگارت بڕیـار بـدات بۆمـان بەمـردن ،تـا لـەو سـزایە رزگار ببیـن.)

﴿ وَقَالَ ٱلَّذِينَ فِي ٱلنَّارِ لِخَزَنَةِ جَهَنَّمَ ٱدْعُواْ رَبَّكُمْ يُخَفِّفْ عَنَّا يَوْمًا مِّنَ ٱلْعَذَابِ ﴿٤٩﴾ ﴾ (غافر) واتـه : ئەوانـەی لەنێـو ئاگـردان بـە فریشـتە دەرگاوانەکانـی دۆزەخ ئەڵێـن: لەپەروەردگارتـان بخـوازن، کـە تەنهـا رۆژێـك سـزای دۆزەخـمان لـێ سـووك بـکات)

﴿ عَلَيْهَا مَلَٰٓئِكَةٌ غِلَاظٌ شِدَادٌ لَّا يَعْصُونَ ٱللَّهَ مَآ أَمَرَهُمْ وَيَفْعَلُونَ مَا يُؤْمَرُونَ ﴿٦﴾ ﴾ (التحریـم) واتـه : کۆمەڵـە فریشـتەیەکی زبـرو تونـدو تیـژ بەسـەریەوەن، هـەر چەنـدە داوای بەزەییـان لێبکـرێ کەڵکـی نیـە نافەرمانـی خـوا ناکـەن لـە هەرشـتێك فرمانیـان پێبـکا وهـەر فرمانێکیشـیان پـێ بسـپێرێ ، بـە خێرایـی ئەنجامـی دەدەن.)

وە تیایانـد هەیـە تەوکیـل کـراون بـە پاراسـتنی بەنـی ئـادەم لـە دونیـادا ، خـوای گـەورە دەفەرموێـت: ﴿ لَهُۥ مُعَقِّبَٰتٌ مِّنۢ بَيْنِ يَدَيْهِ وَمِنْ خَلْفِهِۦ يَحْفَظُونَهُۥ مِنْ أَمْرِ ٱللَّهِ ﴿١١﴾ ﴾(الرعـد) واتـه : ئەو(خوا)یـە کۆمەڵێـك فریشـتەی هەیـە کەیـەك لـە دوای یـەك دێـن، لەپێشـیەوەو لەپشـتیەوە ئامـادەن و پارێزگاریـی دەکـەن بەفەرمانـی خـوا) .

واتـه : فریشـتەی لـە گەڵدایـە دەیپارێـزن لـە پێـش و لـە پاشـییەوە ، جـا ئەگـەر قـەدەری خـوا هـات ئـەوا وازی لـێ دەهێنـن.

وە تیایانـد هەیـە کـە تەوکیـل کـراون بـە نوسـینی کـردەوەکانی بـەنی ئـادەم و تۆمـار کردنـی ، خـوای گـەورە دەفەرموێـت:﴿ إِذْ يَتَلَقَّى ٱلْمُتَلَقِّيَانِ عَنِ ٱلْيَمِينِ وَعَنِ ٱلشِّمَالِ قَعِيدٌ ﴿١٧﴾ مَّا يَلْفِظُ مِن قَوْلٍ إِلَّا لَدَيْهِ رَقِيبٌ عَتِيدٌ ﴿١٨﴾ ﴾ (ق) واتـه : کاتـێ کـە دوو فریشـتەکە کردەوەکانـی وەردەگـرن لـەلای راسـت و چەپیـەوە چاودێـرن و دانیشـتوون، واتـە: یەکێکیـان لـەلای راسـتەوە دانیشـتووەو ئەویشـیان لـەلای چەپـەوە.(١٧) هـەر وتەیەکـی لـەدەم دەردەچێـت، فریشـتەی چاودێـری ئامـادە ،لەلایەتـی دەینووسـێ.(١٨)

خوای گەورە دەفەرموێت:﴿ وَإِنَّ عَلَيْكُمْ لَحَٰفِظِينَ ۝١٠ كِرَامًا كَٰتِبِينَ ۝١١ ﴾ (الانفطار).

پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەفەرموێت: (**يتعاقبون فيكم ملائكة بالليل والنهار**)[1]

جـا لەگـەڵ مرۆڤەکانـدا فریشـتە هـەن کـە لـە شـتە زیانبەخشـەکان دەیانپارێـزن وە فریشـتە هـەن کـە کردەوەکانیـان تۆمـار دەکـەن و ئـەو کردەوانـەی لەوانـەوە ئەنجـام دەدرێـت .

وە تیایانـدا هەیـە توکیـل کـراوە بـە (رەحـم) و کاروبـاری (نطفـة) هەروەکـو لـە فەرمودەکـەی (ابـن مسـعود) دا هاتـووە -رەزای خـوای لـێ بێـت- : (**إِنَّ أَحَدَكُمْ يُجْمَعُ خَلْقُهُ فِي بَطْنِ أُمِّهِ أَرْبَعِينَ يَوْمًا نطفة ثُمَّ يَكُونُ عَلَقَةً مِثْلَ ذَلِكَ ، ثُمَّ يَكُونُ مُضْغَةً مِثْلَ ذَلِكَ ، ثُمَّ يُرْسِلُ اللَّهُ تَعَالَى إِلَيْهِ الْمَلَكَ فَيَنْفُخُ فِيهِ الرُّوحَ، وَيُؤْمَرُ بِأَرْبَعِ كَلِمَاتٍ : يكتب رِزْقِهِ وَأَجَلِهِ وَعَمَلِهِ وَشَقِيٌّ أَمْ سَعِيدٍ**)[2] .

وە هەنـدێ لـە فریشـتەکان تەوکیـل کـراون بـە گیـان کێشـان ، خـوای گـەورە دەفەرموێـت:﴿ حَتَّىٰٓ إِذَا جَآءَ أَحَدَكُمُ ٱلْمَوْتُ تَوَفَّتْهُ رُسُلُنَا وَهُمْ لَا يُفَرِّطُونَ ۝٦١ ﴾(الأنعام) واتـە : جاکـە وەختـی مردنـی یەکێکتـان هـات فریشـتەکانمان گیانـی دەکێشـن خـۆ لەجێبەجـێ کردنـی فەرمانەکانـی خـوادا، هەرگیـز کۆتایـی و سسـتی ناکـەن)

هەروەهـا خـوای گـەورە دەفەرموێـت:﴿ *قُلْ يَتَوَفَّىٰكُم مَّلَكُ ٱلْمَوْتِ ٱلَّذِى وُكِّلَ بِكُمْ ثُمَّ إِلَىٰ رَبِّكُمْ تُرْجَعُونَ ۝١١ ﴾ (السجدة) واتـە : بـەو بـێ باوەڕانـە بڵـێ: ئـەو فریشـتەیەی گیـان کێشـانتانی پـێ سـپێرراوە، گیانتـان دەکێشـێ و دەمـرن. ئـەم ئایەتـە وا ئەگەیەنێـت کـە فریشـتەی گیانکێشـان یـەك فریشـتە بێـت، لـە پاشـان هـەر بـۆ لای پەروەردگارتـان دەگەڕێنـەوەو پـاداش و تۆڵـە وەردەگـرن.) .

جـا فریشـتەی مـردن (ملـک المـوت) یارمـەتی دەری هەیـە لـە فریشـتەکان گیـانی بەنـدەکان دەردەکـەن تاکـو دەگاتـە گـەروو (حلقـوم) ئەمجـار (ملـک المـوت) وەری دەگـرێ و دەری دەهێنـێ .

---

(١) متفق عليه : البخاري (٥٥٥) ومسلم (١٤٣٠) .

(٢) متفق عليه : البخاري (٣٢٠٨) ومسلم (٦٦٦٥) .

مەبەسـت لـەوە ئەوەیـە کـە خـوای گـەورە بـۆ جیهـانی سـەرەوە و جیهـانی خـوارەوە چەندیـن فریشـتەی تەوکیـل کـردووە کـە کاروباریـان بەرێـوە دەبـەن بـە ئیـزنی ئـەو و فەرمـانی ئـەو و ویسـتی ئـەو ، هەروەکـو خـوای گـەورە دەفەرموێـت ﴿لَا يَسْبِقُونَهُۥ بِٱلْقَوْلِ وَهُم بِأَمْرِهِۦ يَعْمَلُونَ ﴿٢٧﴾﴾ (الأنبياء) واتـە : هەرگیـز ئـەو فریشـتانە قسـەی خۆیـان پێشـی قسـەی ئـەو ناخـەن، واتـە: شـتێك ناڵێـن لەگـەڵ فەرمایشـتی خـوادا دژبێـو نەگونجێـت وهـەر بەپێـی فەرمانـی ئـەو کار ئەکـەن).

خـوای گـەورە دەفەرموێـت: ﴿لَّا يَعْصُونَ ٱللَّهَ مَآ أَمَرَهُمْ وَيَفْعَلُونَ مَا يُؤْمَرُونَ ﴿٦﴾﴾ (التحريم) واتـە : نافەرمانـی خـوا ناکـەن لـە هەرشـتێك فرمانیـان پێبـکا وهـەر فرمانێکیشـیان پـێ بسـپێرێ، بـە خێرایـی ئەنجامـی دەدەن) .

بۆیـە جـاری وا هەیـە خـوای گـەورە بەڕێوەبـردن دەداتـە پـاڵ فریشـتەکان لەبـەر ئـەوە ئـەوان راسـتەوخۆ کارەکان ئەنجـام دەدەن، ﴿فَٱلْمُدَبِّرَٰتِ أَمْرًا ﴿٥﴾﴾(النازعات) وە هەنـدێ جـار بەرێوەبـردن دەداتـە پـاڵ خـۆی: ﴿يُدَبِّرُ ٱلْأَمْرَ ﴿٥﴾﴾ (السجدة) واتـە : ئـەو خوایەیـە کەلـە سـەرووی ئاسـمانەوە بـۆ زەویـی، کارو بـاری خەڵـك دەبـر دەکات).

جـا فریشـتەکان نێـردراوی خـوای گـەورەن لـە دروسـتکراوەکان و فەرمانەکانیـدا ، وە نـاوی (الملـک) پەیامبـەر لـە خـۆ دەگرێـت ، چونکـە لـە وشـەی (الالوکـە)ەوە هاتـوە کـە مانـای (پەیـام)ە ، خـوای گـەورە دەفەرموێـت:﴿جَاعِلِ ٱلْمَلَٰٓئِكَةِ رُسُلًا أُو۟لِىٓ أَجْنِحَةٍ مَّثْنَىٰ وَثُلَٰثَ وَرُبَٰعَ ﴿١﴾﴾ (فاطر) واتـە : بگێـڕی فریشـتەکان بەنێـردراو بـۆ گەیاندنـی پەیامـی خـۆی بـە پەیامبـەران فریشـتەکانی خاوەنـی دوو بـاڵ و سـێ بـاڵ و چـوار بـاڵ، لەئاسـمانەوە بـەو باڵانـە بـەرەو رووی زەویـی دێـن و ئەگەڕێنـەوە. واتـە: خـاوەن توانایەکـی وەهـان، هـەر چۆنـێ بیانـەوێ کار بکـەن ئەیکـەن).

خـوای گـەورە دەفەرموێـت:﴿وَٱلْمُرْسَلَٰتِ عُرْفًا ﴿١﴾﴾ (المرسلات) جـا ئـەوان پەیامبـەرانی خـوان لـە جـێ بـە جـێ کـردنی کاروبـاری گەردوونـی کـە زەوی و ئاسـمانەکانی پـێ بەرێـوە دەبـات .

ئەوانیـش پەیامبـەرانی خـوان لـە بەرێوەبـردنی کاروبـاری دینـی کـە دایدەبەزێنێتـە سـەر پەیامبەرانیـان لـە مرۆڤـەکان ، خـوای گـەورە دەفەرمووێـت: ﴿ يُنَزِّلُ ٱلْمَلَٰٓئِكَةَ بِٱلرُّوحِ مِنْ أَمْرِهِۦ عَلَىٰ مَن يَشَآءُ مِنْ عِبَادِهِۦٓ أَنْ أَنذِرُوٓاْ أَنَّهُۥ لَآ إِلَٰهَ إِلَّآ أَنَا۠ فَٱتَّقُونِ ﴿٢﴾ ﴾ (النحل) واتـە : خـوا بەفەرمانـی خـۆی فریشـتەی وەحـی (جبریـل) بـەسروش و وەحیـەوەو بـە فەرمانـی پەیامبەریەتیـی، دەنێـرێ بـۆ سـەر هەرکەسـێك لـە بەندەکانـی کـە خـۆی بیـەوێ و بەشـیاوی بزانێـت. وەحییـان بـۆ دەکاو پێیـان دەڵـێ: کـە خەڵـك لەسـزا بترسـێنن و، ئاگاداریـان بکـەن کـە جگـە لـە مـن هیـچ پەرستراوێك بەهـەق نییـە جـا کەواتـە لەسـنووورەکانم پارێـز بکـەن و، قسـەم مەشـکێنن) .

خـوای گـەورە دەفەرمووێـت:﴿ ٱللَّهُ يَصْطَفِى مِنَ ٱلْمَلَٰٓئِكَةِ رُسُلًا وَمِنَ ٱلنَّاسِ ۚ إِنَّ ٱللَّهَ سَمِيعٌۢ بَصِيرٌ ﴿٧٥﴾ ﴾ (الحج) واتـە : خوانەناسـان پێیـان وابوو:کـە هـەر لەنـاو ئادەمـزادا پەیامبـەر هەیـە! بۆیـە فەرمـووی: خـوا لـە فریشـتە (وەکـو جوبرەئیـل)و، لـە مـرۆڤ هەڵدەبژێـرێ ودەیکاتـە نوێنـەر. بـە راسـتی خـوا زۆر بیسـندەی، بینایـە ئەزانـێ ئەوانـە چـی ئەڵێـن و چـی ئەکـەن) .

وە لـە هەموویـان مەزنـتر (الجبریل)ـە ئەویـش ئەمینـی وەحییـە، هەروەکـو خـوای گـەورە دەفەرمووێـت: ﴿ وَإِنَّهُۥ لَتَنزِيلُ رَبِّ ٱلْعَٰلَمِينَ ﴿١٩٢﴾ نَزَلَ بِهِ ٱلرُّوحُ ٱلْأَمِينُ ﴿١٩٣﴾ عَلَىٰ قَلْبِكَ لِتَكُونَ مِنَ ٱلْمُنذِرِينَ ﴿١٩٤﴾ بِلِسَانٍ عَرَبِىٍّ مُّبِينٍ ﴿١٩٥﴾ ﴾ (الشعراء) واتـە : بێگومـان ئـەو قورئانـە نێـرراوی پـەروەردگاری جیهانەکانـە (١٩٢) جوبرەئیلـی دەسـتپاك و ئەمیـن هێنایـە خـوارێ (١٩٣) بـۆ سـەردڵی تـۆ، تـا ببیتـە یەکـێ لەترسـێنەران و خەڵکـی پـێ بترسـێنی(١٩٤) ئەمەیـش بەزمانێکـی عەرەبیـی روون و ئاشـکرا دابەزێـنراوە، واتـە: بەزمانـی قورەیشـە، تـا هیـچ بڕوبیانوویەکیـان نەمێنـێ.(١٩٥) .

خـوای گـەورە دەفەرمووێـت:﴿ قُلْ نَزَّلَهُۥ رُوحُ ٱلْقُدُسِ مِن رَّبِّكَ بِٱلْحَقِّ ﴿١٠٢﴾ ﴾ (النحل) واتـە : لـە وەڵامیانـدا بڵـێ: (روح القـدس)ی (جوبریل)ـە کـە لـەلای پەروەردگارتـەوە بەحـەق ودادگەرانـە دایبەزانـدووە).

خـوای گـەورە توانایەکـی بەخشـیوەتە فریشـتەکان کـە خۆیـان بچوێنـن بـە شـێوەی جیـاواز ، ئـەوان هاتـن بـۆ لای (ابراهیـم و لـوط) لـە سـەر شـێوەی میـوان ، وە (جبریـل) دەهـات بـۆ لای پێغەمبـەری خـوا(ﷺ) لـە سـەر شـێوەی جیـاواز ، هەنـدێ جـار لەسـەر شـێوە (دحیـە الکلبـی) دەهـات[1] ، وە هەنـدێ جـار لەسـەر شـێوەی دەشـتەکییەک دەهات بـۆ لای[2] ، وە هەنـدێ جـار لـە سـەر شـێوە دروسـتکراوەکەی خـۆی دەهـات بـۆ لای ، ئەمـەش دوو جـار رووێـداوە ، ئەویـش لەبـەر ئـەوەی مرۆڤـەکان ناتوانـن فریشـتە لەسـەر شـێوەی خۆیـان ببینـن، بۆیـە کاتـێ موشریکـەکان پێشـنیازی ئەوەیـان کـرد کـە خـوای گـەورە فریشـتەیان بـۆ بنێـرێ ، خـوای گـەورە فەرمـووی : ﴿ وَقَالُواْ لَوْلَآ أُنزِلَ عَلَيْهِ مَلَكٌۖ وَلَوْ أَنزَلْنَا مَلَكًا لَّقُضِيَ ٱلْأَمْرُ ثُمَّ لَا يُنظَرُونَ ۝٨ وَلَوْ جَعَلْنَٰهُ مَلَكًا لَّجَعَلْنَٰهُ رَجُلًا وَلَلَبَسْنَا عَلَيْهِم مَّا يَلْبِسُونَ ۝٩ ﴾(الأنعـام) واتـە: دەشـیانگوت: ئـەرێ بۆخـوا لەئاسـمانەوە فریشـتەیەکی بـۆ نەنـاردە خـوارەوە و، شـایەتی پێغەمبەرێتـی بـۆ بـدات، ئەگـەر راسـت دەکات دەڵـێ پەیامبـەرم دیـارە ئەگـەر ئێمـە فریشـتەمان بـۆ ئـەو کارە ناردبـاو، ئەوانیـش وەکـو بـاوی خۆیـان باوەڕیـان نەهێنابـا، بێگومـان کار لـەکار دەتـرازاو سـزایان بـۆ دەهـات پاشـانیش مۆڵـەت نەئـەدران تەنهـا چـاو تروکانێکیـش بژییـن(٨) گریـمان ئەگـەر وەك خۆیـان پێشـنیاریان کـرد گێڕابامـان بەفریشـتەیەك لەباتـی ئـەوە کەپەیامبـەر مرۆڤـە هـەر دەبـوو لەشـکڵ و سـیمای پیاوێکـمان دانابـا، چونکـە ئەگـەر لـە بیچمـی فریشـتەدا بێتەلایـان، هەرگیـز قەبووڵـی ناکـەن و ئەوسـاش ئـەوەی وائێسـتا لێیـان تێکـەل بـووەو دەڵێـن پێغەمبـەر ئەبـێ فریشـتەبێت، هـەر هەمـان رەخنـە دەگرنـەوەو لێیـان تێـك دەچێـت، کەوابـوو پێغەمبـەر هەردەبـێ بەشـەربێت(٩)

واتـە : ئەگـەر بـۆ مرۆڤـەکان فریشـتەیەکمان رەوانـە بکردایـە وە کـو پەیامبـەر ئـەوا لەسـەر شـێوەی پیاوێـک دەبـوو ، بـۆ ئـەوەی بتوانـێ قسـەیان لـە گەڵـدا بـکات و سـودی لـێ وەرگـرن ، چونکـە هەمـوو جۆرێـک (جنسـێک) سـوکنایی بـە جۆرەکـەی (جنسـەکەی) خـۆی دێـت و لەجگـە لـە جۆرەکـەی (جنسـەکەی) خـۆی هەڵـدێ.

خوای گەورە تەوفیقمان بدات ..

---

(١) احمد (٥٨٥٧) ورواه البخاري مرسلا (٣٦٣٣) ومسلم مرسلا (٦٢٦٥) .

(٢) متفق عليه .

بنەمای ٣

ئیمان هێنان بە کتێبەکان

ئیـمان هێنـان بـە کتێبـەکانی خـوای گـەورە یەکێکـە لـە بنەمـا و ئەرکانـەکانی ئیـمان ، ئیـمان هێنـان پێـی بریتـی یـە لـە باوەڕپێکردنێکـی بتـەو و تـەواو کـەوا ئەوانـە حـەق و راسـتن ، ئەویـش کەلامـی خوایـە ، هیدایـەت و روناکـی و کیفایـەتی تێدایـە بـۆ ئەوانـەی دابەزیوەتـە سـەریان ، ئیمانمـان بەوانـە هەیـە کـەوا خـوای گـەورە نـاوەکانی باسـکردوە ئەویـش قورئـان و تـەورات و ئینجیـل و زەبـورە ، وە ئەوانـەشی کەنـاوی نەهێنـاوەو بـاسی نەکـردوە ، ئێمـە دەزانیـن خـوای گـەورە چەندیـن کتێبـی هەیـە هیـچ کەسـێک نایزانـێ تەنهـا خـۆی نەبـێ .

وە دابەزانـدنی کتێـب لـە ڕەحمـەتی خودایـە بـۆ بەنـدەکانی لەبـەر پێویسـتی مرۆڤایـەتی بـۆی ، چونکـە عەقڵـی مرۆڤـەکان سـنوردارن ، وردەکارییـەکانی قازانـج و زەرەر نازانێـت ، هەرچەنـدە جیـاوازی لـە نێـوان قازانـج و زەرەردا دەکات بـە ئیجمالی ، وە عەقڵـی مرۆڤایەتی شـەهەوات زاڵ دەبـێ بەسـەریدا ، وە هـەواو ئـارەزوەکان یـاری پـێ دەکـەن ، جـا ئەگـەر مرۆڤایـەتی بدرێتـە دەسـت عەقڵـە کەمەکـەی خۆیـەوە ، ئـەوا گومـڕا دەبـێ و بـزر دەبـێ .

جـا حیکمـەتی خـوای گـەورەو ڕەحمەتەکـەی وایکـردوە کـەوا ئـەو کیتابانـە دابەزێنێتـە سـەر پێغەمبـەرە هەڵبژێردراوەکانـی ، بـۆ ئـەوەی بـۆ خەڵکـی روون بکەنـەوە ئـەوەی ئـەم کتێبانـە دەلالـەت بـۆ دەکات ، وە هەمـوو ئـەو ئەحکامـە راسـت و دادپەروەرانـەو ئامۆژگارییـە سوودبەخشـانەو فەرمانـەکانی و نەهیـەکانی کـەوا کەفیلـە بـۆ چاکسـازی مرۆڤایـەتی .

خـوای گـەورە کاتـێ باوکـی مرۆڤایـەتی (ئـادەم)ی لـە بەهەشـت دەرکـرد فەرمـووی : ﴿فَإِمَّا يَأْتِيَنَّكُم مِّنِّي هُدًى فَمَن تَبِعَ هُدَايَ فَلَا خَوْفٌ عَلَيْهِمْ وَلَا هُمْ يَحْزَنُونَ ﴿٣٨﴾﴾ (البقـرة) واتـە : ئەوسـا هەرکـە لەلایـەن منـەوە ڕێ نیشـاندرێکتان بـۆ هـات ، دەبـێ پەیـڕەوی

لـێ بکـەن جـا هەرکەسـێك پەیـرەوی لـە هیدایـەت و ڕێ نیشـاندەری منـی کـرد ئیـتر نەهیـچ تـرس و بیمێکیـان دەبـێ و نـە چـاو لەدوایـش دەبـن وخەفـەت بخـۆن بـۆ پاشـە ڕۆژیـان، واتـە: نـە لـە هاتنـی قیامـەت دەترسـن، وە نەخەفـەت دەخـۆن بـۆ ئـەوەی لـە دنیـادا لەدەسـتیان چـووە) .

وەدەفەرمویـت: ﴿ يَٰبَنِيٓ ءَادَمَ إِمَّا يَأۡتِيَنَّكُمۡ رُسُلٞ مِّنكُمۡ يَقُصُّونَ عَلَيۡكُمۡ ءَايَٰتِي فَمَنِ ٱتَّقَىٰ وَأَصۡلَحَ فَلَا خَوۡفٌ عَلَيۡهِمۡ وَلَا هُمۡ يَحۡزَنُونَ ٣٥ ﴾ (الأعـراف) واتـە : ئـەی ڕۆڵەکانـی ئـادەم! هـەر کـە پەیامبەرانـێ لـە خۆتـان دێتـە لاتـان و ئایاتەکانـی منتـان بـۆ دەخوێننـەوە، دەبـێ هەمـوو بـە قسـەیان بکـەن ئینجـا هـەر کەسـێکتان پارێزکاربـێ و کاروبـاری چـاك بـکا ئیـتر نـە تـرس و بیمێکیـان لـە سـەر دەبـێ بـۆ قیامەتیـان ونـە دڵ زویـرو خەفەتباریـش دەبـن بـۆ دونیایـان) .

خەڵکی بەرانبەر بە کتێبە ئاسمانیەکان بوونەتە سێ بەشەوە :

- بەشـێکیان هەموویانـی بـە درۆ خسـتەوە، ئەوانیـش دوژمنـانی پێغەمبەرانـن لـە بـێ بـاوەڕان و موشریـک و فەیلەسـوفەکان .

-بەشـێکیان باوەڕیـان بـە هەمـووی هێنـاوە ، ئەوانیـش ئیماندارانـن ، ئەوانـەی ئیمانیـان بـە هەمـوو پێغەمبـەران و ئـەوەی بۆیـان دابەزیـوە هێنـاوە ، هەروەکـو خـوای گـەورە دەفەرمویـت: ﴿ ءَامَنَ ٱلرَّسُولُ بِمَآ أُنزِلَ إِلَيۡهِ مِن رَّبِّهِۦ وَٱلۡمُؤۡمِنُونَۚ كُلٌّ ءَامَنَ بِٱللَّهِ وَمَلَٰٓئِكَتِهِۦ وَكُتُبِهِۦ وَرُسُلِهِۦ ٢٨٥ ﴾(البقرة) واتـە : ئـەم پەیامبـەرەو، ئـەو ئیماندارانـەی لەگەڵیـا باوەڕیـان هێنـاوەو لێیـان ڕوونـە کـە ئـەو بەرنامەیـە لـە لای پەروەردگاریانـەوە هاتۆتـە خـوارێ ڕاسـتەو دروسـت وهەمووشـیان بڕوایـان هێنـاوە بـە تـاك وتەنیایـی خـواو، فریشـتەکانی، کتێبەکانیـی ، پەیامبەرەکانـی) .

-بەشـێکیان ئیمانیـان بـە هەنـدێ لـە کیتابـەکان هێنـاوە و کوفریـان بە هەندێکـی کردوە ، ئەوانیـش جولەکـەو گاورەکان و ئەوانـەی ڕێـگای ئەونایـان گرتوەتـە بـەر ، ئەوانـەی کـە دەڵێـن:﴿ نُؤۡمِنُ بِمَآ أُنزِلَ عَلَيۡنَا وَيَكۡفُرُونَ بِمَا وَرَآءَهُۥ وَهُوَ ٱلۡحَقُّ مُصَدِّقٗا لِّمَا مَعَهُمۡۗ ٩١ ﴾ (البقـرة) واتـە : دەڵێـن: هەرچـی بـۆ خۆمـان هاتـووە بـاوەڕی پێدەکەیـن ، واتـە: تەنهـا بـە

تـەورات بـڕوا دێنیـن ئیـتر جگـە لـەو بـاوەڕ بەهیـچ کتێبێکـی تـر ناکـەن ، هـەر چەنـدە پشـتگیریی لـە کتێبەکـەی خۆشـیان بـکات، واتـە: قورئـان و ئینجیـل ناسـەلمێنن، لەحاڵێکـدا کـە هەرئەو(قورئانـە)ش ڕاسـت ودروسـتە وتەوراتەکـەی ئەوانیـش دەچەسـپێنێ) .

بەڵکـو ئەوانـە باوەڕیـان بـە هەنـدێ لـە کتێبـەکانی خۆیـان هێنـاوەو کوفریـان بـە هەندێکـی کـردووە هەروەکـو خـوای گـەورە دەربارەیـان دەفەرمـوێ: ﴿ أَفَتُؤْمِنُونَ بِبَعْضِ ٱلْكِتَٰبِ وَتَكْفُرُونَ بِبَعْضٍ ۚ فَمَا جَزَآءُ مَن يَفْعَلُ ذَٰلِكَ مِنكُمْ إِلَّا خِزْىٌ فِى ٱلْحَيَوٰةِ ٱلدُّنْيَا ۖ وَيَوْمَ ٱلْقِيَٰمَةِ يُرَدُّونَ إِلَىٰٓ أَشَدِّ ٱلْعَذَابِ ۗ وَمَا ٱللَّهُ بِغَٰفِلٍ عَمَّا تَعْمَلُونَ ﴿٨٥﴾ ﴾ (البقـرة) واتـە : باشـە! چـۆن ڕەوای هەقـە باوەڕتـان بـە بەشـێکی بەرنامەکـەی تـەورات هەبـێ و بـە بەشـێکی تـری کافربـن و حاشـای لێبکـەن؟! هەرگیـز شـتی وا ناگونجێـت دیـارە هەرکەسـێکتان کارو ڕەفتـاری ئـاوا بـکاو، پەیمانـی خـۆی هەڵوەشـێنێتەوە، هـەر لـەم ژیانـی دنیایـەدا ریسـواو زەلیـل دەبـێ و لـە ڕۆژی قیامەتیشـدا بەتونـدی جەزرەبـە و سـزا دەدرێـن هەرگیـز خـواش لـە هیـچ کاروکردوەیەکـی ئێـوە، بـێ ئـاگاو خافـڵ نیـە. کەوابـوو چـۆن ئێـوە بـێ شـەرمانە ڕەفتـاری ئـاوا دەکـەن..؟!).

گومانیـشی تێـدا نیـە باوەڕهێنـان بـە هەندێکـی کیتـاب یـان هەنـدێ لـە کیتابـەکان و کوفرکـردن بـە بەشـەکەی تـر ئـەوە کوفـرە بـە هەمـووی ، چونکـە پێویسـتە ئیـمان بـە هەمـوو کیتابـە ئاسـمانیەکان و بـە هەمـوو پێغەمبـەران بهێنیـن ، چونکـە ئیـمان پێویسـتە گشـتگر بێـت ، هیـچ بـەش بـەش و جیـاوازی تێـدا نیـە ، خـوای گـەورەش زەمـی ئـەو کەسـانەی کـردووە کـە جیـاوازی و دوبەرەکیـان کـردووە لـە کیتابەکەیانـدا ، هەروەکـو خـوای گـەورە دەفەرمـوێ : ﴿ وَإِنَّ ٱلَّذِينَ ٱخْتَلَفُوا۟ فِى ٱلْكِتَٰبِ لَفِى شِقَاقٍۭ بَعِيدٍ ﴿١٧٦﴾ ﴾ (البقـرة) واتـە : و بەراسـتیی ئەوانـەش لەسـەر ئـەم کتێبـە ئیختیـلاف وجیـاوازی و ناکۆکییـان هەیـە، واتـە: جوولەکـەو گاور، چونکـە هـەر ئـەوان بـوون کـە هـەر شـتێکیان بـەدڵ بووبـا دەریاندەخسـت وهەرشتێکیشـیان بـەدڵ نەبووبـا دەیانشـاردەوە لەدژایەتـی و دووبەرەکییەکـی ناجـۆرو دوور و درێـژدان و هەرگیـز هـەق وراسـتیی نادۆزنـەوە، بۆیـە شایسـتەی دۆزەخـن.)

وە هـۆکاری کوفـری ئـەو کەسـەی کوفـر بـە کیتابـەکان دەکات یـان بـە هەنـدێ لـە کیتابـەکان یـان بـە هەنـدێ لەیـەک کیتـاب ئـەوە شـوێنەکەوتەی ئـارەزووە و گومـانی درۆینەیـە، وە بـە قسـەی خۆیـان ئەوانیـش عەقـڵ و بۆچـون و قیـاسی عەقڵیان هەیـە ، ناوی خۆیانیـان نـاوە بـە دانـا و فەیلەسـوف، گاڵتـە بـە پێغەمبـەران و شـوێنکەوتوانیان دەکـەن ، وە بـە نەفـام وەصفیـان دەکـەن ، هەروەکـو خـوای گـەورە دەفەرموێـت:﴿ فَلَمَّا جَآءَتْهُمْ رُسُلُهُم بِٱلْبَيِّنَٰتِ فَرِحُواْ بِمَا عِندَهُم مِّنَ ٱلْعِلْمِ وَحَاقَ بِهِم مَّا كَانُواْ بِهِۦ يَسْتَهْزِءُونَ ﴿٨٣﴾ ﴾ (غافـر) واتـە : جاکاتـێ پەیامبەرەکانیـان بـە بەڵگـەی ئاشـکراوە هاتنـە لایـان کەچـی لـە باتـی باوەڕهێنانیـان، ئـەوان بـەو ئەنـدازە زانیارییەکەمـەی خۆیـان خۆشـحاڵ بـوون، هەرچەنـدە ڕێگەیـان پـێ دەرنەئەکـرد و ئـەو سـزایەی ئـەوان گاڵتەیـان پـێ ئەکـرد هاتـە سـەریان و دەورەیـدان) .

بـەڵام شـوێنکەوتەی پێغەمبـەران، باوەڕیـان بـە هەمـوو کیتابێـک هەیـە کـە خـوای گـەورە دایبەزانـدووە، هیـچ جیـاوازی لـە نیوانیانـدا ناکـەن .

وە ئیـمان هێنـان بـە کیتابـەکانی پێشـوو ئیمانێکـی (مجمـل)ە، ئەویـش بـە دانپێدانـان بە دڵ و زمـان دەبـێ ، بـەڵام ئیـمان بـە قورئـان ، ئـەوە ئیمانێکـی (مفصل)ـە ، بـەو شـێوەیە دەبـێ دانی پێـدا بنێـت بـە دڵ و زمـان و شـوێنکەوتنی ئـەوەی تێدایـە ، وە حوکـم کـردن پێـی لـە هەمـوو بچـووک و گەورەیـەک ، وە ئیـمان هێنـان بـەوەی کـە کەلامـی خوایـە و دابەزێـنراوە و دروسـت کـراو نییـە ، لـە ئـەوەوە دەسـتی پێکـردووە و بـۆ لای ئـەو دەگەڕێتـەوە .

حیکمـەتی خـوای گـەورە وای خواسـتوە کـە کیتابـەکانی پێشـوو بـۆ کاتێکـی دیـاری کـراو و کاتێکـی سـنوردار بـووە ، وە پاراسـتنی خسـتوەتە ئەسـتۆی ئەوانـەی کـە پاراسـتنیان خرایـە ئەسـتۆ لـە مرۆڤـەکان ، هەروەکـو خـوای گـەورە دەفەرموێـت: ﴿ إِنَّآ أَنزَلْنَا ٱلتَّوْرَىٰةَ فِيهَا هُدًى وَنُورٌ ۚ يَحْكُمُ بِهَا ٱلنَّبِيُّونَ ٱلَّذِينَ أَسْلَمُواْ لِلَّذِينَ هَادُواْ وَٱلرَّبَّٰنِيُّونَ وَٱلْأَحْبَارُ بِمَا ٱسْتُحْفِظُواْ مِن كِتَٰبِ ٱللَّهِ وَكَانُواْ عَلَيْهِ شُهَدَآءَ ﴿٤٤﴾ ﴾ (المائـدة) واتـە : ئێمـە تەوراتمـان نـاردە خـوارێ، بـێ شـك بـۆ هەمـوو خێـرو چاکەیـەك، ڕێنمایـی و ڕووناکایـی تێدایـە هەمـوو ئـەو پەیامبەرانـەی (بەنـی ئیسرائیـل) -کـە بەرفەرمـان و ملکەچـی بڕیـاری

خوابـوون- هـەر بـەو تەوراتـە داوەریـی مووسـاییەکانیان دەکـرد، واتـە: ئێسـتا جوولەکـە لەرێـی راسـت لایانـداوە و زانـا خوانـاس و شـەرع زانەکانیشـیان هـەروا و ئەوانـەش کـە پارێـزگاری تەوراتیـان پـێ سـپێررا بـوو پـاش نـەوەی یەکـەم کەنەهێڵـن تێکـەو لێکـە بکـرێ و شـایەتیش بـوون لەسـەری ودەیانزانـی راسـت و هەقـە، نـەك وەکـو ئێـوە ئـەی یەهـوودی سـەردەم! کـە تەوراتتـان گـۆڕی و حوکمتـان پێنەکـرد!) .

بـەڵام قورئـانی پیـرۆز، خـوای گـەورە بـۆ هەمـوو نـەوەکان دایبەزانـدووە لـە هەمـوو ئوممەتـەکان و لـە هەمـوو وەڵاتـەکان تاکـو رۆژی قیامـەت ، وە پاراسـتنی خسـتوەتە ئەسـتۆی خـۆی، چونکـە ئیـش و کاری ئـەم کیتابـە هەرگیـز تـەواو نابـێ ئیللا بـە تـەواو بـوونی ژیـانی مرۆڤایـەتی لەسـەر زەوی نەبـێ ، خـوای گـەورە دەفەرمـوێ :﴿إِنَّا نَحْنُ نَزَّلْنَا ٱلذِّكْرَ وَإِنَّا لَهُۥ لَحَٰفِظُونَ ۝٩﴾ (الحجـر) واتـە: بەڕاسـتی ئێمـە خۆمـان ئـەم قورئانەمـان ناردۆتـە خـوارێ و، هـەر خۆیشـمانین ئـاگادارو پارێزەریـی و، لەدوژمنـان ئەپارێزیـن و ناهێڵیـن زێـدو کەمـی تێـدا بکـەن، بۆیـە ئـەوە چەندیـن سـەدە هـات و چـوو، لەگـەڵ ئـەو هەمـوو دژو نەیارانـەدا ، کەسـێك نەیتوانیـوە تەنهـا پیتێکـی بگـۆڕێ، یـان لێـی لابـات.)

خـوای گـەورە دەفەرمـوێ :﴿لَّا يَأْتِيهِ ٱلْبَٰطِلُ مِنۢ بَيْنِ يَدَيْهِ وَلَا مِنْ خَلْفِهِۦ ۖ تَنزِيلٌ مِّنْ حَكِيمٍ حَمِيدٍ ۝٤٢﴾(فصلت) واتـە : هەرگیـز رەفتـارو گوفتـاری هیـچ و پووچـی تێنایـەت، نەلەپێـش خـۆی و، نەلـە پـاش خۆی چـوون لەلایەن خوایەکی قسـە لەجێ و هەمیشـە سوپاسـکراوەوە نێررراوە).

وە پێویسـتە ئـەم قورئانـە بکرێتە داوەر و حوکمـی پێ بکرێت لە هەمـوو جیاوازییەکاندا ، وە پێویسـتە هەمـوو دووبەرەکییـەکان بـۆ لای ئـەو بگێردرێتـەوە ، وە خـوای گـەورە حوکم کـردن بـۆ جگـە لـەم کیتابـە بـە حوکـم کـردن بـۆ (طاغـوت) ژمـاردووە ، خـوای گـەورە دەفەرموێـت:﴿أَلَمْ تَرَ إِلَى ٱلَّذِينَ يَزْعُمُونَ أَنَّهُمْ ءَامَنُوا۟ بِمَآ أُنزِلَ إِلَيْكَ وَمَآ أُنزِلَ مِن قَبْلِكَ يُرِيدُونَ أَن يَتَحَاكَمُوٓا۟ إِلَى ٱلطَّٰغُوتِ وَقَدْ أُمِرُوٓا۟ أَن يَكْفُرُوا۟ بِهِۦ ۝٦٠﴾ (النساء) واتـە : ئـەرێ ئەوانـەت نەدیـوە وا دەڵێـن باوەڕیـان بـەو بەرنامـەو قورئانەیـە دابەزێـنراوە بـۆت هەیـە و بەوپەیامـەش پێـش تـۆ دابەزێـنراوە بـاوەڕ دەکـەن دەیانـەوێ بـۆ بڕینـەوەی

داواو کێشـەکانیان بچنـە لای تاغـووت و بەرنامـە شـەیتانییەکان؟! لەکاتێکـدا فەرمانیـان پێدرابـوو بەوبەرنامـە شـەیتانیانە بـاوەڕ نەکـەن و کارنەکـەن).

الطاغوت : لەسەر وەزنی (فعلوت)ە لە (طغیان) ەوە هاتووە ، ئەویش سنور بەزاندنە.

خـوای گـەورە زەمـی ئـەو کەسـانەی کـردوە کـە بانگەشـەی ئیـمان هێنـان بـە هەمـوو کیتابـەکان دەکـەن ، لـە کاتێکـدا واز دەهێنـن لـە حوکـم کـردن و گەڕانـەوە بـۆ کیتـاب و سـوننە، وە دەچـن حوکـم دەبـەن بـۆ لای هەنـدێ لـە (طاغوت)ـەکان، پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) دەفەرموێـت: (**وما حكم قوم بغير ما أنزل الله ، إلا وقع بأسهم بينهم**)[1] واتـە : وە هـەر کاتێـک قەومێـک حوکـم بکـەن بـە جگـە لـەوەی خـوای گـەورە دابەزانـدووە -واتـە : قورئـان و سـوننەت- ، ئیـللا دوو بەرەکـی و ناکۆکـی دەکەوێتـە نێوانیـان) .

ئەمـەش لـە گەورەتریـن هـۆکارەکانی گـۆڕانی دەوڵەتـەکان و هەڵگیرسـاندنی فیتنـە و دوو بەرەکـی نێـوان گەلانـە ، چونکـە ئیـمان هێنـان بـە کیتـاب پێویسـت دەکات حوکـم بگێڕیتـەوە بـۆ لای ئـەو ، جـا هەرکەسـێ بانگەشـەی ئـەوەی کـرد کـەوا ئیمانـی بـە کیتـاب هەیـە و حوکـم دەگێڕێتـەوە بـۆ لای جگـە لـە ئـەو ، ئـەوە جیـاوازە لەگـەڵ بانگەشـەکەی خۆیـدا ، کیتـاب ناکرێتـە بـەش بەشـەوە ، پێویسـتە هەمـووی جـێ بەجـێ بکرێـت ، وە کار بەهەمـووی بکرێـت ، لـە هەمـوو بوارەکانـدا ، لـە بیروبـاوەردا ، لـە پەرسـتنەکاندا ، لـە مامەڵەکانـدا ، لـە بـاری کەسـایەتیدا ، وە تاوانـەکان و حـەددەکان و لـە ئـاداب و رەوشـتەکاندا .

خـوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَمَن لَّمْ يَحْكُم بِمَآ أَنزَلَ ٱللَّهُ فَأُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلْكَٰفِرُونَ ﴿٤٤﴾﴾ (المائـدة) واتـە : هەرکەسـێك بـەو کتێـب وبەرنامـە خـوا ناردوویەتـی حوکـم و بڕیـار نـەدات، ئیـتر لەبەرئـەوە بـێ کـە بەکـەم و کورتیـی بزانـێ، یـان هـەر بـڕوای پـێ نەبـێ، وە یـان لەبـەر هـەر هۆیەکـی تربـێ، دیـارە هەرکەسـێکی وا لەوکافـرو بـێ باوەڕانـە لەچوارچێـوەی دینـی خـوا دەچێتـە دەرێ. (ئیـبن عەبـاس)ـ دەڵـێ: ئایەتـی: ﴿وَمَن لَّمْ يَحْكُم بِمَآ أَنزَلَ ٱللَّهُ فَأُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلْكَٰفِرُونَ ﴿٤٤﴾﴾ مانـای ئەوەیـە کـە: هەرکەسـێ

---

(١) اخرجه ابن ماجه (٤٠١٩) .

ئینـکاری و نکوولّـی هەرشـتێ لە(مـا أنـزل اللـه) بـکا، پێـی کافـر دەبێـت، بـەڵام ئەوکەسـە کەبـاوەڕی پێـدەکاو، حوکمیشـی پێنـاکا، دەبێتـە پیاوێکـی ناهەقیـکارو فاسـیق).

خـوای گـەورە دەفەرموێـت: ﴿ وَمَن لَّمْ يَحْكُم بِمَآ أَنزَلَ ٱللَّهُ فَأُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلظَّٰلِمُونَ ﴿٤٥﴾ ﴾(المائدة) واتـە : و هەرکەسـێك بەپێـی ئـەو بەرنامەیـە خـوا ناردوویەتـی داوەریـی و بڕیارنـەدات بـێ سـۆ لـە ڕیـزی سـتەمکاران وسـنووردەرچووان دەبـن.

خـوای گەورە دەفەرموێـت: ﴿ وَمَن لَّمْ يَحْكُم بِمَآ أَنزَلَ ٱللَّهُ فَأُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلْفَٰسِقُونَ ﴿٤٧﴾ ﴾ (المائدة) واتـە : و ئەوکەسـانەش بەوبەرنامـە -خـوا ناردوویەتـی- بڕیـارو حوکـم نـەدەن، دیـارە یاخیـی و ناپـاك و لەسـنوور دەرچـوون).

خـوای گـەورە دەفەرموێـت: ﴿ فَلَا وَرَبِّكَ لَا يُؤْمِنُونَ حَتَّىٰ يُحَكِّمُوكَ فِيمَا شَجَرَ بَيْنَهُمْ ثُمَّ لَا يَجِدُوا۟ فِىٓ أَنفُسِهِمْ حَرَجًا مِّمَّا قَضَيْتَ وَيُسَلِّمُوا۟ تَسْلِيمًا ﴿٦٥﴾ ﴾ (النساء) واتـە : نەخێـر وەك ئـەوە نییـە دووڕووەکان دەیزانـن، سـوێندبێ بەپـەروەردگارت ئـەی پێغەمبـەر نابنـە بـاوەڕدار تـا بـۆ یەکلاکردنـەوەی کێشـەکانی نێوانیـان تـۆ دەکەنـە داوەر و ئەوسـاش بەرامبـەر بەوبڕیـارەی تـۆ داوتـە، هیـچ تەنگیەکیـان دەسـت نەکـەوێ لەدەروونیانـدا و بەچاکیـش تەسـلیم و ملکـەچ بـبن).

جـا نـەفی ئیمانـی کـرد بـە نەفیەکـی دڵنیایـی (مؤکـد) و بـە سـوێند خـواردن بەرانبـەر بـەو کەسـەی داوەری ناگێڕێتـەوە بـۆ لای پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) لـە کاتی دووبەرەکیـدا ، لەگـەڵ سـنگ فـراوانی و ملکـەچ بـوون بـۆ حوکمـی خـوا ، هەروەکـو چـۆن وەصفـی ئەوانـەی کـردووە کـە حوکـم ناکـەن بـەوەی خـوای گـەورە دابەزانـدووە بـە کوفـر و سـتەم و فسـق ، هەرچەنـدە بانگەشـەی ئیـمان و داد و دادپـەروەری بـکات ، تیاچـوون بـۆ ئـەو کۆمەڵـەی کیتابەکـەی خوایـان گۆڕیوەتـەوە بـە چەنـد یاسـایەکی دەسـتکردی طاغـوتی ، لـە کاتێکـدا ئـەوان بانگەشـەی ئیـمان دەکـەن . فـلا حـول ولا قـوة الا باللـه العـلي العظیـم .

بنەمای ٤

باوەڕهێنان بە پێغەمبەران

باوەڕهێنـان بـە پێغەمبـەران یەکێکـە لـە بنەمـاکانی ئیـمان ، چونکـە ئـەوان نێوەنـدەن لـە نێـوان خـواو دروسـتکراوەکانیدا لەگەیانـدنی پەیامەکـەی و ئیقامـەی حوججـە لەسـەر دروسـتکراوەکانی، وە ئیـمان هێنـان پێیـان واتـە : بەراسـت زانینـی پەیامەکەیـان و دان نـان بـە پێغەمبەرایەتیـان ، وە ئـەوان راسـتگۆن لـەوەی کـە دەربـارەی خـوای گـەورە هەواڵیـان داوە ، ئـەوان بـە جـوانی پەیامەکانیـان گەیانـدوە و بـۆ خەڵکـی رووونیـان کردووەتـەوە کـە هیـچ کەسـێک ناتوانـێ لێـی بـێ ئاگابێـت .

وە بەڵگە لەسەر واجب بوونی ئیمان هێنان بە پێغەمبەران زۆرن ، لەوانە :

خـوای گـەورە دەفەرمووێـت: ﴿ * وَلَٰكِنَّ ٱلْبِرَّ مَنْ ءَامَنَ بِٱللَّهِ وَٱلْيَوْمِ ٱلْءَاخِرِ وَٱلْمَلَٰٓئِكَةِ وَٱلْكِتَٰبِ وَٱلنَّبِيِّـۧنَ ﴿١٧٧﴾ ﴾(البقـرة) واتـە : بەڵکـو چاکـەی راسـت و دروسـت ئەمەیـە کـە بـاوەڕی راسـتەقینەی بەخـواو بـەرۆژی دوایـی و بەفریشـتەو بەکتێبـی ئاسـمانی و بەپەیامبەرانـی خـوا هەبـێ).

وە دەفەرمووێـت: ﴿ كُلٌّ ءَامَنَ بِٱللَّهِ وَمَلَٰٓئِكَتِهِۦ وَكُتُبِهِۦ وَرُسُلِهِۦ ﴿٢٨٥﴾ ﴾ (البقـرة) واتـە : وهەمووشـیان بڕوایـان هێنـاوە بـە تـاك وتەنیایـی خـواو، فریشـتەکانی، کتێبەکانیـی ، پەیامبەرەکانـی)

وە دەفەرمووێـت: ﴿ إِنَّ ٱلَّذِينَ يَكْفُرُونَ بِٱللَّهِ وَرُسُلِهِۦ وَيُرِيدُونَ أَن يُفَرِّقُوا۟ بَيْنَ ٱللَّهِ وَرُسُلِهِۦ وَيَقُولُونَ نُؤْمِنُ بِبَعْضٍ وَنَكْفُرُ بِبَعْضٍ وَيُرِيدُونَ أَن يَتَّخِذُوا۟ بَيْنَ ذَٰلِكَ سَبِيلًا ﴿١٥٠﴾ أُو۟لَٰٓئِكَ هُمُ ٱلْكَٰفِرُونَ حَقًّا ﴿١٥١﴾ ﴾(النسـاء) واتـە : بێگومانـە ئەوانـەی وادڵیـان دژی خـواو پێغەمبەرەکانیەتـی و دەشـیانەوێ لەنێـوان خـواو پێغەمبەرەکانییـدا فـەرق و جیـاوازی

دانێـن و دەڵێـن: ئێمـە بـاوەڕ بەهەندێکیـان دەکەیـن، هەندێکیشـیان بەجێـی بـاوەڕ نازانیـن و دەشیانەوێ لـەو نێوانـەدا ڕێگەیـەك بـۆ خۆیـان دیاری بکـەن (١٥٠) بـێ دوودڵی، ئەمانـە کافـرو خـوا نەناسـن، چونکـە ئـەو داوایەیـان ناپەسـەندە، وە بـڕوا بـوون بەخـوا، بەگشـت فەرمـان و بڕیارەکانیشـی دەبـێ، ئەگینـە ئـەو داوایـە، داخوازییەکـی بێهـوودەو بـێ ناوەڕۆکـە ...(١٥١)

خـوای گـەورە لـەم ئایەتانـەدا ئیـمان هێنـان بـە پێغەمبـەران و بـە خـۆی و فریشـتەکان و کیتابـەکانی پێکـەوە بـاس کـردوە ، وحوکمـی کوفـری داوە بەسـەر ئـەو کەسـانەی جیـاوازی دەکـەن لـە نێـوان خـوا و پێغەمبەرانیـدا ، ئیـمان بـە هەندێکـی دەهێنـێ و کوفـر بـە هەندێکـی دەکات .

وە ڕەوانەکـردنی پێغەمبـەران نیعمەتێکـە لـە خـوداوە بـۆ مرۆڤایـەتی ، چونکـە پێویسـتی مرۆڤایـەتی بـۆ ئـەوان زۆر زەرووڕە و پێویسـتە ، چونکـە ژیـان ڕێـک ناخرێـت و دینەکەمـان راسـت نابێتـەوە ، ئیـلا بـەوان نەبـێ ، ئـەوان (واتـە مرۆڤـەکان) پێویسـتیان بـە پێغەمبەرانـە زیاتـر لـەوەی کـە پێویسـتیان بـە خـواردن و و خواردنەوەیـە ، چونکـە خـوای گـەورە پێغەمبـەرانی کردووەتـە نێوەندێـک لـە نێـوان خـۆی و دروسـتکراوەکانیدا ، بـۆ ئـەوەی خوایـان پـێ بناسـێنن و ئـەوەی زیـان و قازانجـی بۆیـان هەیـە ڕوونـی دەکەنـەوە ، وە ڕوونکردنـەوەی شـەریعەتەکان و فەرمانـەکان و نەهییـەکان و حەڵاڵـەکان ، وە ڕوونکردنـەوەی ئـەوەی خـوای گـەورە پێـی خۆشـە و ئـەوەی پێـی ناخۆشـە ، هیـچ ڕێگایـەک نیـە بـۆ زانینـی ئـەو شـتانە ئیـلا لـە ڕێـگای پێغەمبەرانـەوە نەبـێ ، چونکـە عەقـڵ ڕوونکردنـەوەی ئـەو کارانـە نازانێـت و درکـی پـێ نـاکات ، هەرچەنـدە ڕەنگـە درک بـکات بـە زەرورەتی بـوونی ئەوانـە بـە گشـتی .

خـوای گـەورە دەفەرموێـت: ﴿ كَانَ ٱلنَّاسُ أُمَّةً وَٰحِدَةً فَبَعَثَ ٱللَّهُ ٱلنَّبِيِّـۧنَ مُبَشِّرِينَ وَمُنذِرِينَ وَأَنزَلَ مَعَهُمُ ٱلْكِتَٰبَ بِٱلْحَقِّ لِيَحْكُمَ بَيْنَ ٱلنَّاسِ فِيمَا ٱخْتَلَفُوا۟ فِيهِ ۚ ﴿٢١٣﴾ ﴾ (البقرة) واتـە : لەسـەرەتاوە هەمـوو خەڵـك یـەك دەسـتەو یـەك بـەرە بـوون، گشـت لەسـەر ئاینێکـی پـاك و ڕاسـت و دروسـت بـوون، بەبـێ یەکـتر نەئەژیـان، ئەبـو هـاوکاری یەکتریـان بکردایـە، کەچـی وردە وردە لەئەنجامـدا جیاوازیـی وناکۆکـی کەوتـە نێوانیانـەوەو

لێکـترازان ئینجـا خـوا پەیامبەرانـی نـارد مـوژدە دەربـن (بـە پاداشـت، بـۆ ئەوانەیـان بڕوایـان هەیـە) ترسـێنەریش بـن (بـۆ ئەوانەیـان، جیاوازیـی و ناکۆکـی دەکـەن) وە کتێـب ونامـەی هـەق و ڕاستیشـی لەگـەڵ نـاردن؛ وا دەرئەکـەوێ کـە هـەر پەیامبـەرەی نامـەی تایبەتـی خـۆی پێبـووە، ئیـتر قەوارەکـەی زۆر بووبێـت، یـان کـەم، نووسرابێتـەوە یـان نـا تـا ئـەوەی بوویـە کێشـەی نێوانیـان و ناکۆکیـی و دووبەرەکییـان تێیـدا هەبـوو، بۆیـان شـی بکاتـەوە، واتـە: نابـێ حوکمـی لابەلایـی بـۆ خـۆی بڕیـار بـداو هـەق و ناهـەق تێکـەڵ بـکا بەڵکـو پێویسـتە یاسـایەکی خوایـی ئـەو کارە بـکاو، هـەق وناهـەق لێـک بکاتـەوە) .

وە پێویسـتی خەڵکـی بـۆ پەیامـەکان گەورەتـر و مەزنـترە لـە پێویسـتی نەخـۆش بـۆ پزیشـک ، چونکـە لـە کاتی نەبـوونی پزیشـکدا ئەوپـەڕی جەسـتە زەرەر دەکات ، بـەڵام لـە کاتی نەبـونی پەیامـەکان زەرەر بـە دڵـەکان دەگەیەنـێ ، وە مانـەوەی ئەهـلی زەوی بەنـدە بـە مانـەوەی شـوێنەواری پەیامـەکان لـە ناویانـدا ، جـا ئەگـەر شـوێنەورای ئـەو پەیامـە لـە زەویـدا نەمـا ئـەوا خـوای گـەورە قیامـەت هەڵدەسـێنێ .

ئـەو پێغەمبەرانـەی کـە ناویـان باسـکراوە لـە قورئانـدا پێویسـتە ئیـمان بـە خـودی خۆیـان بهێنـن، ئەوانیـش بیسـت و پێنـج پێغەمبـەرن ، هـەژدە دانەیـان خـوای گـەورە ناویـانی هێنـاوە لـەو ئایەتـەی کـە دەفەرموێـت:﴿ وَتِلْكَ حُجَّتُنَآ ءَاتَيْنَٰهَآ إِبْرَٰهِيمَ عَلَىٰ قَوْمِهِۦ ۚ نَرْفَعُ دَرَجَٰتٍ مَّن نَّشَآءُ ۗ إِنَّ رَبَّكَ حَكِيمٌ عَلِيمٌ ﴿٨٣﴾ وَوَهَبْنَا لَهُۥٓ إِسْحَٰقَ وَيَعْقُوبَ ۚ كُلًّا هَدَيْنَا ۚ وَنُوحًا هَدَيْنَا مِن قَبْلُ ۖ وَمِن ذُرِّيَّتِهِۦ دَاوُۥدَ وَسُلَيْمَٰنَ وَأَيُّوبَ وَيُوسُفَ وَمُوسَىٰ وَهَٰرُونَ ۚ وَكَذَٰلِكَ نَجْزِى ٱلْمُحْسِنِينَ ﴿٨٤﴾ وَزَكَرِيَّا وَيَحْيَىٰ وَعِيسَىٰ وَإِلْيَاسَ ۖ كُلٌّ مِّنَ ٱلصَّٰلِحِينَ ﴿٨٥﴾ وَإِسْمَٰعِيلَ وَٱلْيَسَعَ وَيُونُسَ وَلُوطًا ۚ وَكُلًّا فَضَّلْنَا عَلَى ٱلْعَٰلَمِينَ ﴿٨٦﴾ ﴾ (الانعام) واتـە : ئەمـە چەنـد بەڵگەیـەك بـوون نیشـانی ئیبراهیـمان داو سـەرمان خسـت بـە سـەر گەلـە بـت پەرسـتەکەیدا کێیشـمان ئارەزووبـێ وەکـو ئیبراهیـم (علیـه السـلام) پلەوپایـەی بـەرز دەکەینـەوەو سـەری دەخەیـن بەسـەرگەلەکەیدا بێگومانـە کـە پـەروەردگارت زۆر کارجـوان و، زۆریـش زانایـە، خـۆی چـاك دەزانـێ چـی بـکات (٨٣) ئیبراهیمـش پـاش ئـەوە هیـوای منالّـی نەمابـوو، ئیسـحاق و یەعقوبمـان پێبەخشـی و

بـە پەیامبەرێتـی شـەرەفمەند بـوون وەکـو ئەفەرمـوێ: هەمووشـیانمان ڕێنمایـی ڕێـی ڕاسـت کردوبوونـە پیغەمبـەر بـەر لـە ئیبراهیمیـش نووحـمان ڕێنمایـی کـردو بوویـە پێغەمبـەر لـە نـاو زارۆڵـەو نەوەکانـی ئیبراهیمشـدا داودو سـولەیمان و ئەیـوب و یوسـف و موسـاو هـارون یشـمان شـارەزاکردن و بوونـە پێغەمبـەر ئێمـە هـەر ئـاوا پاداشـی چاکـە کاران دەدەینـەوە (٨٤) زەکەریـاو یەحیـاو عیسـاو ئیلیاسیشـمان شـارەزاو ڕێنماکـردو بوونـە پیغەمبـەر، هەمووشـیان لەپیـاو خاسـانی خوابـوون (٨٥) ئیسـماعیل و ئەلیەسـەع و یونـس و لووتیـش هەروەهـا وە هەمووشـیانمان زیاتـر لەگشـت خەڵکـی سـەرزەویی ڕێـزو قـەدر لێنـان (٨٦) .

وە ئەوانیتر کە ژمارەیان حەوت دانەیە لە چەند ئایەتێکی تردا باسکراون .

وە ئەوانـەی کـە ناویـان نەهاتـووە لـە قورئانـدا ، پێویسـتە ئیمانیـان پـێ بهێنیـن بـە ئیجمالـی ، خـوای گـەورە دەفەرموێـت:﴿ وَلَقَدۡ أَرۡسَلۡنَا رُسُلٗا مِّن قَبۡلِكَ مِنۡهُم مَّن قَصَصۡنَا عَلَيۡكَ وَمِنۡهُم مَّن لَّمۡ نَقۡصُصۡ عَلَيۡكَۗ ﴿٧٨﴾ ﴾ (غافـر) واتـە : سـوێند ئەخـوم کـە بەڕاسـتی لەپێـش تۆشـدا پەیامبەرێکـی زۆرمـان نـاردوون، هەریـەك بـۆلای گەلـی خـۆی داسـتانی هێندێکیانمـان لەقورئانـدا بـۆ بـاس کردوویـت، هەندێکیشـیانمان بۆبـاس نەکردوویـت.) .

وە دەفەرموێـت: ﴿ وَرُسُلٗا قَدۡ قَصَصۡنَٰهُمۡ عَلَيۡكَ مِن قَبۡلُ وَرُسُلٗا لَّمۡ نَقۡصُصۡهُمۡ عَلَيۡكَۚ ﴿١٦٤﴾ ﴾ (النسـاء) واتـە : چەنـد پێغەمبەرێکـی تریشـمان نـاردووە، هێندێکیانمـان لەقورئانـدا بـۆ بـاس کردوویـت و پێغەمبـەر گەلێکـی تریـش هـەن ، کـە لەقورئانـدا بـۆم بـاس نەکردویـت) .

لێـرەدا مەسـەلەیەک هەیـە پێویسـتی بـە ڕوونکردنەوەیـە ، ئەویـش جیـاوازی یە لـە نێوان (النبـی) و (الرسول)ـە، جـا جیـاوازە لەنێوانیاندا لەسـەر رای پەسـەند ئەوەیە :

کـەوا (الرسـول) مرۆڤێکـی نێـرە وەحـی بـۆ کـراوە بـە شـەرعێک و فەرمـانی پێکـراوە بـە گەیانـدنی .

وە (النبـی) مرۆڤێکـی نێـرە وەحـی بـۆ کـراوە بـە شـەرعێک و فەرمـانی پـێ نەکـراوە بـە گەیانـدنی .

وە هەریـەک لـە (النبـی) و (الرسـول) وەحیـان بـۆ کـراوە ، بـەڵام (نبـی) ڕەنگـە ڕەوانـە بکرێـت بـۆ قەومێکـی ئیمانـدار بـە شـەریعەتی پێشـوو وەکـو پێغەمبـەرانی بـەنی ئیسرائیـل ، فەرمانیـان دەکـرد بە شـەریعەتی تـەورات ،وە ڕەنگە وەحی بکرێت بـۆ یەکێکیان بە وەحێکی تایبـەت لـە بابەتێکـی دیاریکـراودا ، بـەڵام (الرسـول) ئـەوا ڕەوانـە دەکرێـن بـۆ قەومێکی بێ بـاوەڕ ، بانگیـان دەکـەن بۆ تەوحیـدی خوای گەورە و پەرسـتنی ئەو ، ئـەوان ڕەوانە دەکرێن بـۆ میللەتێکـی نەیـارو هەندێکیـان بە درۆیـان دەخەنەوە ، وە (الرسـول) لە (النبی) باشـترە .

وە (رسول)ـــەکانیش جیـاوازن لـە فەزڵـدا ، خـوای گـەورە دەفەرموێـت :﴿ ۞ تِلْكَ ٱلرُّسُلُ فَضَّلْنَا بَعْضَهُمْ عَلَىٰ بَعْضٍ ﴿٢٥٣﴾ ﴾ (البقـرة) واتـە : ئێمـە بـە هەمـوو ئـەم پەیامبەرانـە ،کـە تـۆش یەکێکیانـی، شـان و شـەوکەت و پلـەی تایبەتیمانـداوە، لەگـەڵ ئەوەشـدا هەندێکیـان لەهەندێکـی تریـان ،لەپلـەو پایـەی پەیامبەریەتیـدا بەرزتـرن، چونکـە ئـازارو بێزاریـان لەوانـی تـر پـتر دیتـووە) .

وە باشـترین پێغەمبـەران (اولـو العـزم) کـە ئەوانیـش پێنجـن: نـوح و ئیبراهیـم و موسـا و عیسـا و محمـد (ﷺ) ،ئەوانـەن کـە باسـکراون لـەو ئایەتـەدا کـە دەفەرموێـت: ﴿ وَإِذْ أَخَذْنَا مِنَ ٱلنَّبِيِّـۧنَ مِيثَٰقَهُمْ وَمِنكَ وَمِن نُّوحٍ وَإِبْرَٰهِيمَ وَمُوسَىٰ وَعِيسَى ٱبْنِ مَرْيَمَ ۖ وَأَخَذْنَا مِنْهُم مِّيثَٰقًا غَلِيظًا ﴿٧﴾ ﴾ (الاحـزاب) واتـە : ئـەو کاتـە وەبیـر بێنـە کـە ئێمـە پەیمانمـان لەپێغەمبەرانـی پێشـتۆ وەرگـرت کـە: هەڵسـن بەئەرکـی سەرشـانی خۆیـان و بـە باشـی بەرنامەکـەی خـوا ڕابگەیەنـن و بەتایبەتـی لەتـۆ -ئـەی موحەممـەد(ﷺ) ! -و لە(نـوح و ئیبراهیـم و موسـاو عیسـای کـوڕی مەریـەم- سـڵاویان لـە سـەر بێـت) و بـۆ ئەمـەش پەیمانێکـی بتـەوو تونـدو مەحکەمـمان لـی وەرگرتـن).

خوای گـەورە دەفەرموێت: ﴿ ۞ شَرَعَ لَكُم مِّنَ ٱلدِّينِ مَا وَصَّىٰ بِهِۦ نُوحًا وَٱلَّذِىٓ أَوْحَيْنَآ إِلَيْكَ وَمَا وَصَّيْنَا بِهِۦٓ إِبْرَٰهِيمَ وَمُوسَىٰ وَعِيسَىٰٓ ۖ ﴿١٣﴾ ﴾(الشـوری) واتـە : هـەر ئـەو دیـن و ئایینـەی بە(نـووح و ئیبراهیـم و مووسـاو عیسـا)ی (ئولولعـەزم) و لێبـڕاوو نەبـە زاومـان سـپارد، کردمانـە دیـن و ئاییـن بـۆ ئێوەش(ئـەی ئوممەتـی ئیسـلام!) واتـە: پێغەمبەران هەمـوو یەک ئامانـج و یـەک مەبەسـتیان بـووە، یـەک دیـن و یـەک بیروباوەڕیـان بـووە، ئەگەرچـی هێندێ جیاوازییـان هەبووبـێ لەشـەریعەت و بەرنامەیانـدا) .

وە باشـترینی (ئولولعـزم) هـەردوو (خلیل)ـەکەن ئیبراهیـم و محمـد(ﷺ) ، وە باشـترین هـەردوو خەلیلەکـە محمـدە(ﷺ).

وە پێغەمبەرایـەتی فـەزڵ و هەڵبـژاردەی خوایـە ، هەروەکـو خـوای گـەورە دەفەرموێـت:﴿ ٱللَّهُ يَصۡطَفِي مِنَ ٱلۡمَلَٰٓئِكَةِ رُسُلٗا وَمِنَ ٱلنَّاسِۚ ﴿٧٥﴾ ﴾ (الحـج) واتـە : خوانەناسـان پێیـان وابوو:کـە هـەر لەنـاو ئادەمـزادا پەیامبـەر هەیـە! بۆیـە فەرمـووی: خـوا لـە فریشـتە (وەکـو جوبرەئیـل)و، لـە مـرۆڤ هەڵدەبژێـرێ وەدەیکاتـە نوێنـەر.)

وە پێغەمبەرایـەتی هەوڵێـک نییـە عەبـد بـە دەسـتی بهێنـێ بـە هـەوڵ و تێکۆشـانی و ئەنجامـدانی جـۆرەکانی پەرسـتن و چوونـە نێـو سـەختترین گوێڕایەڵیەکانـەوە و خـۆ راهاوردن لـە پاککردنـەوەی نەفـس و پاککردنـەوە ئەخـلاق، هـەروەک فەیلەسـوفەکان دەیڵێـن ، کـەوا دروسـتە و دەبێـت پێغەمبەرایـەتی بەدەسـت بهێنرێـت. چونکـە ئـەوان بانگەشـەی ئـەوە دەکـەن کـەوا هەرکەسـێ بـەردەوام بێـت لەسـەر (المشـاهدات) لـە پـاش کامـل بوونـی روالـەت و ناخـی (ظاهـر و باطـن) بـە خۆپاکراگرتـن و (ریاضـة)، ئـەوا ئاوێنـەی ناخـی (باطنـي) پـاک دەبێتـەوە و چـاوی دڵ و ناخـی دەکرێتـەوە وە هێنـدە شـتی بـۆ ئامـادە دەکرێـت کـە بـۆ جگـە لـە ئـەو ئامـادە ناکرێـت .

جا پێغەمبەرایەتی لای فەیلەسوفەکان سێ تایبەتمەندی هەیە :

یەکـەم : هێـزی عیلمـی ، بـە شـێوەیەک عیلمـی دەسـت دەکەوێـت بـە بـێ فێربـوون بەڵکـو لـە رێـگای هێـزەوە.

دووەم : هێـزی (التخیـل) بـە شـێوەیەک لـە نەفسـی خۆیـدا چەنـد شـێوەیەکی نورانـی داهەدەنێـت و قسـەی لـە گەڵـدا دەکات و گوێـی لـە دواندنـی ئـەوان دەبـێ .

سـێیەم : هێـزی کاریگـەری لەنـاو خەڵکیـدا ، ئەویـش کـە پێـی دەڵێـن : (التصـرف فـی هیولـی العالـم) .

ئەم صیفاتانە لای ئەوان لە رێگای هەوڵدانەوە بە دەست دەهێنرێت.

بۆیـە، هەنـدێ لـە صۆفیـەکان داوای پێغەمبەرایەتیـان کـردووە ،چونکـە لای ئـەوان

هەوڵێکـە هەوڵـی بـۆ دەدەن رەنگـە بتوانـن پێـی بگـەن ، ئەمـەش قسـەیەکی پوچەڵـە ئـەو ئایەتـە رەدی دەداتـەوە کـە دەفەرموێـت:﴿ قَالُوا۟ لَن نُّؤْمِنَ حَتَّىٰ نُؤْتَىٰ مِثْلَ مَآ أُوتِىَ رُسُلُ ٱللَّهِ ۘ ٱللَّهُ أَعْلَمُ حَيْثُ يَجْعَلُ رِسَالَتَهُۥ ﴿١٢٤﴾ ﴾ (الأنعام) واتـە : دەڵێـن: تـا ئـەو بەڵگانـە بـە پەیامبەرانـی خـوا دراون، بەئێمەیـش نەدرێـن، هەرگیـز بـاوەڕ ناکەیـن خـۆ خـوا خـۆی باشـتر دەزانـی، پەیامـی خـۆی لـە کـوێ دابنـێ و، چ کەسـێ بـکات بـە پەیامبـەر) .

خـوای گـەورە دەفەرموێـت:﴿ ٱللَّهُ يَصْطَفِى مِنَ ٱلْمَلَٰٓئِكَةِ رُسُلًا وَمِنَ ٱلنَّاسِ ﴿٧٥﴾ ﴾ (الحج) واتـە : خوانەناسـان پێیـان وابوو:کـە هـەر لەنـاو ئادەمـزادا پەیامبـەر هەیـە! بۆیـە فەرمـووی: خـوا لـە فریشـتە (وەکـو جوبرەئیـل)و، لـە مـرۆڤ هەڵدەبژێـرێ وەدەیکاتـە نوێنـەر.) .

جـا پێغەمبەرایـەتی هەڵبـژاردەی خوایـە بـە پێـی حیکمـەتی خـۆی و عیلمـی خـۆی چـی کەسـێکی بـۆ دەشـێت ، وە بـە هیـچ شـێوەیەک هەوڵـدان نییـە لـە لایـەن عەبـدەوە .

راسـتە پێغەمبـەران چەنـد ئاکارێکـی تایبەتیـان هەیـە جیـاوازن لەگـەڵ جگـە لـە خۆیـان ، بـەڵام نـەک بـەو شـێوەیەی فەیلەسـوفە گومـڕاکان دەیڵێـن .

بەڵگەکانی پێغەمبەرایەتی (دلائل النبوة) :

بەڵگەکانی پێغەمبەرایەتی ئەو بەڵگانەن کە لە ڕێگایەوە پێغەمبەرایەتی پێغەمبەری راستگۆ دەناسرێت، وە هەر لە ڕێگایەوە درۆی ئەو کەسانەی بانگەشەی پێغەمبەرایەتی دەکەن دەزانرێت ئەوانەی بە درۆوە خۆیان بە پێغەمبەر دەزانن ، چونکە ئەم بابەتە زۆر گرنگە.

وە بەڵگەکانی پێغەمبەرایەتی زۆر و جۆرا و جۆرن و سنوردار نین :

لەوانە : المعجزة ، (اسم فاعل)ـە لە (عجز) ەوە هاتووە کە بەرانبەری (قدرة) یە واتە : توانا.

لـە (قامـوس)دا هاتـووە ، (معجـزة) ی پێغەمبـەر ئەوەیـە کە نەیـارەکانی ناتوانـن بیهێنن لە کاتی ڕووبەڕوبونـەوەدا (تحـدی) ، وە پیتـی (هـأ) تێیـدا بـۆ (مبالغـە) یـە ، ئەویـش بریتیـە لـە کارێکـی نائاسـایی ، خـوای گەورە لەسـەر دەسـتی ئەو کەسـانە دەیـکات کە بـۆ پێغەمبەرایەتی هەڵیان دەبژێرێت ، بۆ ئەوەی بەڵگە بێت لەسـەر راسـتگۆیی و راسـت و دروسـتی پەیامەکەی.

وە (معجـزە)ی پێغەمبـەران زۆرن ، لەوانـە ئەو وشـتەی کە خوای گـەورە دای بە (صالح) بـۆ ئـەوەی ببێتـە حوججـە بـۆ قەومەکـەی ، وە دارەکـەی گوێرییـە مـار وەکـو ئایەتێـک بـۆ (موسـا)، وە چاککردنـەوەی ئەوانـە بـە زگماکـی کوێربـوون و گـەڕی و زینـدوو کردنـەوەی مـردوو تـا ببێتـە ئایەتێـک بـۆ (عیسـا) ، وە لەوانـە موعجیـزەکانی پێغەمبەرمـان (محمد)(ﷺ) ئەوانیـش زۆرن لـە هەموویـان مەزنـتر قورئانی پیـرۆزە ، ئەویش موعجیزەیەکـی نەمرە و هەر دەمێنێتـەوە ، کـە خـوای گـەورە تەحـەدای جنۆکە و مرۆڤایـەتی پێکـردووە ، وە لەوانە ئیسرا و میعـراج و لـەت بـوونی مانـگ و تەسـبیحات کردنی بەرد لەناو دەسـتیدا ، وە سـۆزو حەنینی بنەدارەکـە بـۆی ، وە هەواڵـدانی دەربـارەی رووداوەکانی ئاینـدەو رابوردوو.

وە بەڵگـەکانی پێغەمبەرایـەتی تەنهـا لـە (معجـزە) حـەصر نەکـراوە هەروەکـو (متکلـم)ەکان دەیڵێـن، بەڵکـو زۆرن و جـۆراو جـۆرن .

لەوانـە هەواڵـدان بـە ئوممەتەکانیـان بەسـەرکەوتنیان و شـەرمەزاری و دۆڕانـدنی دوژمنانیـان و مانـەوەی دەرئەنجـام بـۆ ئـەوان ، جـا ئـەو هەواڵانـەی پێـدان وەکـو خـۆی رووێـدا ، وە هیـچ یەکێـک لەوانـە پـاش نەکـەوت و رووی نەدابێـت ، هـەروەک رووێـدا بـۆ : نـوح و هـود و صالـح و شـعیب و ئیبراهیـم و لـوط و موسـا و پێغەمبەرمـان محمـد(ﷺ) ، هەروەکـو چـۆن خـوای گـەورە لـە کیتابەکەیـدا بـاسی کـردووە .

هەروەهـا لەوانـە : ئـەوەی ئـەوان هێناویانـە لـە شـەریعەتەکان و هەواڵـەکان لەوپـەڕی ئیحکام و تۆکمە و ئاشـکراکردنی راسـتیەکان و هیدایەتی خەڵکی ، ئەمەش دڵنیامان دەکاتەوە کـە ئمونـەی ئـاوا تەنها لە کەسـێکەوە دەردەچێت کە لەهەموو کەسـێک زاناتـر و چاکتربێت.

هەروەهـا لەوانـە : خـوای گـەورە پشـتگیریان دەکات بـە پشـتگیرییەکی بـەردەوام ، ئـەوەش ئاشـکرایە لـە سـونەتی خـوای گـەورە پشـتگیری کـەسی درۆزن نـاکات چـۆن پشـتگیری کـەسی راسـتگۆ دەکات ، بەڵکـو دەبـێ ئابـڕووی کـەسی درۆزن ببـات ، رەنگـە خـوای گـەورە مۆڵەتیـان بـدات ئەمجـار بـە هەلاکەتیانـدا دەبـات .

هـەر لەوانـە : رێگاکەیـان یـەک رێگایـە لـەوەی کـە فەرمـان دەکـەن بـە خـوا پەرسـتی

، وە کارکـردن بـە گوێرایەڵـی ئـەو و باوەڕهێنـان بـە رۆژی دوایـی و باوەڕبـوون بـە هەمـوو کیتابـەکان و پێغەمبـەران ، بۆیـە ناکرێـت هیـچ یەکێـک لـەوان دەرچێـت لـەوەی رێـک کەوتـون لەسـەری ، ئـەوان پاشـینەکانیان پێشـینەکانیان بەراسـتی دەخەنـەوەو بـە راسـتیان دەزانـن و پێشـینەکانیان مـوژدە دەدەن بـە هاتنـی پاشـینەکانیان ، هەروەکـو چـۆن مەسـیح و ئەوانـەی پێـش ئـەو مـوژدەی هاتنـی (محمد)یـان داوە(ﷺ) و هەروەهـا چـۆن محمـد(ﷺ) هەمـوو پێغەمبـەرانی پێـش خـۆی بەراسـت زانیـوە.

هـەر لـە بەڵگـەکانی پێغەمبەرایـەتی پشـتگیری خـوای گـەورە بـۆ پێغەمبـەران، هـەر لـە سـوونەت و عـادەتی خـوای گـەورە ئـەوە زانـراوە کـە پشـتگیری کـەسی درۆزن نـاکات هەروەکـو چـۆن پشـتگیری کـەسی راسـتگۆ دەکات ، بەڵکـو کـەسی درۆزن شـەرمەزار دەکات و سـەری ناخـات ، بەڵکـو دەبـێ بـە هەڵاکەتیـا ببـات، وە ئەگـەر پادشـایەکی سـتەمکاری دەسـەڵاتداری سەرسـەخت، ئـەوا ئـەو بانگەشـەی پێغەمبەرایـەتی نەکـردووە و درۆی بـە ناوی خـواوە نەکـردووە ، بەڵکـو ئـەوە سـتەمکارە خـوای گـەورە زاڵی کردووە بەسـەر سـتەمکارێکی تـری وەکـو خۆیـدا، هەروەکـو خـوای گـەورە دەفەرمووێـت: ﴿وَكَذَٰلِكَ نُوَلِّي بَعْضَ ٱلظَّٰلِمِينَ بَعْضًۢا بِمَا كَانُوا۟ يَكْسِبُونَ ﴿١٢٩﴾﴾ (الأنعام) واتـە: و هـەروەك جنیـی و ئادەمیـی کەڵـك لـە یەکـتر وەردەگـرن و، جنیـەکان ئادەمییـەکان دەچەوسـێننەوەو زاڵدەبـن بەسـەریاندا، هـەر ئاوایـش هەنـدێ لـە سـتەمکاران دەخەینـە ژێـر دەسـەڵاتی بڕێکـی تریـان و ریسـواو سەرشـۆڕیان دەکـەن، پاشـانیش یەکـتر لەنـاو ئەبـەن بـە هـۆی ئـەو کارە ناپەسـەندانەوە دەیانکردن)

بـە جیـاواز لەگـەڵ ئـەوەی کـە دەڵێـت : خـوای گـەورە ئـەوی رەوانـە کـردووە ، لـە کاتێکـدا ئـەو درۆزنـە ، ئـەوا ئـەم کەسـە خـوای گـەورە بـە پشـتگیرییەکی بـەردەوام پشـتگیری نـاکات ، بەڵکـو رەنگـە ماوەیـەک مۆڵـەتی بـدات ئەمجـار بـە هەڵاکەتـدا دەیبات.

جیاکردنـەوەی کـەسی راسـتگۆ و درۆزن چەنـد رێگایەکـی هەیـە ئەگـەر بانگەشـەی پێغەمبەرایـەتی نەبێـت ، ئـەی چۆنـە ئەگـەر بانگەشـەی پێغەمبەرایـەتی بێـت ؟؟

ئاشکراشـە ئـەو کەسـەی بانگەشـەی پێغەمبەرایـەتی دەکات یـان لـە هەمـوو خەڵکـی چاکـترو کامـل تـرە، وە یـان لـە هەمـوو کـەس نوقصـان تـرە، بۆیـە یەکێـک لـە گـەورەکانی

(ثقیف)بـە پێغەمبـەری خـوای گـوت(ﷺ) کاتی تەبلیغـی ئـەوانی کـردو بانگـی کـردن بـۆ ئیسـلام، پێـی گـوت: سـوێند بەخـوا تەنهـا یـەک وشـەیەکت پـێ نالێـم، ئەگـەر تـۆ کەسـێکی راسـتگۆ بیـت ئـەوا تـۆ لـە چـاوی منـدا زۆر لـەوە گەورەتـری کـە وەڵامـت بدەمـەوە، وە ئەگـەر کەسـێکی درۆزن بیـت، ئـەوا تـۆ زۆر لـەوە کەمـتری مـن وەڵامـت بدەمـەوە)) جـا چـۆن باشـترین و کاملتریـن کـەس لەگـەڵ کەمتریـن و سـوکترین خەڵکیـدا تێکـەڵ دەبـن و جیاناکرێنـەوە؟

وە هیـچ کەسـێک لەوانـەی بانگەشـەی پێغەمبەرایەتیـان کـردوە لـە درۆزنـان ئیـلا نەفامـی و درۆ و خراپـەکاری و زاڵ بـوونی شـەیتان بەسـەریدا لـێ دەرکەوتـووە کـە درۆکەی ئاشـکرا بێـت بـۆ هەرکەسـێ کەمتریـن توانـای جیاکردنـەوەی هەبـێ .

وە هیـچ کەسـێک بانگەشـەی پێغەمبەرایـەتی نەکـردووە لـە راسـتگۆیان ئیـلا لەسـەر دەسـتی هێنـدە عیلـم و راسـتگۆیی و چاکـەو جـۆرەکانی خەیـرات دەرکەوتـووە کـە راسـتگۆیەکەی ئاشـکرا بێـت بـۆ هەرکەسـێ کـە کەمتریـن توانـای جیاکردنـەوەی هەبـێ ، چونکـە پێغەمبـەر هـەواڵ دەدا بەخەڵکـی دەربـارەی چەنـد باسـێک و فەرمانیـان پـێ بـکات دەربـارەی چەنـد فەرمانێـک و پێویسـتە چەنـد کارێـک بـکات ، وەکەسـی درۆزن لـە خـودی ئـەوەی فەرمـانی پـێ دەکات و ئـەوەی هـەواڵ دەدات دەربـارەی و کارێ دەکات کـە درۆکـەی روون دەبێتـەوەو ئاشـکرا دەبێـت لـە چەنـد رووبەکـەوە.

رەنگـە کەسـێک پرسـیار بـکات دەربـارەی جیـاوازی نێـوان بەڵگـەکانی پێغەمبەرایـەتی و کارە نائاسـایی سـاحیر و کاهینـەکان و داهێنانـە سەرسـورهێنەرەکانی ئەمـرۆ ؟

وە بـۆ وەڵامـی ئـەم پرسـیارە دەڵێیـن : چەندیـن جیـاوازی زۆر هەیـە لـە نێـوان بەڵگـەکانی پێغەمبەرایـەتی و کارە نائاسـایی سـاحیر و کاهیـن و داهێنانە پیشەسـازییەکان :

لەوانـە: هەواڵـی پێغەمبـەران هەرگیـز خیـلاف و هەڵـەی تێـدا نابێـت ، بـە جیـاواز لەگـەڵ قسـەی کاهیـن و ئەستێرەناسـەکاندا ، چونکـە زۆربـەی قسـەی ئـەوان درۆیـە ، هەرچەنـدە ئەگـەر هەنـدێ جـار لـە هەنـدێ شـتدا راسـتیان کـرد ، بـە هـۆی ئـەوەی کـە کاهینـەکان دەسـتیان دەکەوێـت لـە رێـگای شـەیتانەکانیانەوە بـە گوێگرتـن لە ئاسـمانەکان.

هـەر لەوانـە : سـیحر و کاهینـی و داهێنـان کاروبارێکـی زانـراو و ئاسـایین ، مرۆڤـەکان دەتوانـن بـە دەسـتی بهێنـن بـە هەوڵـدان و فێربـوون، هەرگیز لەو جـۆرە دەرناچێـت کە لە توانـاکانی جنۆکـە و مرۆڤەکانـدا بێـت ، وە دەکرێت بەرانبەری هەبێـت و بکرێت وەکو خۆی ، بـە جیـاواز لەگەڵ ئایەتـەکانی پێغەمبەرانـدا ، چونکە ئەوە هیچ جنۆکـەو مرۆڤێک نایتوانێ، هەروەکـو خـوای گـەورە دەفەرموێـت: ﴿ قُل لَّئِنِ ٱجْتَمَعَتِ ٱلْإِنسُ وَٱلْجِنُّ عَلَىٰٓ أَن يَأْتُوا۟ بِمِثْلِ هَٰذَا ٱلْقُرْءَانِ لَا يَأْتُونَ بِمِثْلِهِۦ وَلَوْ كَانَ بَعْضُهُمْ لِبَعْضٍ ظَهِيرًا ﴿٨٨﴾ ﴾ (الإسراء) واتـە : بڵـێ: ئەگـەر هەمـوو مـرۆڤ و جینییـە ڕەوانبێـژو بیـر تیژو وریـاو زیرەکـەکان کۆببنەوە بۆ ئـەوەی وێنەی ئـەم قورئانـە بهێنـن هەرگیـز ناتوانـن وێنـەی ئـەو بهێنـن، ئەگەرچـی هەندێکیان پاڵپشـت و هـاوکاری هەندێکیـان بـن بـۆ ئەنجامدانـی ئـەو کارە !)

جـا ئایەتـەکانی پێغەمبـەران هیـچ کەسـێک توانـای لەسـەر نییـە ، بەڵکـو خـوای گـەورە خـۆی دەیکاتـە ئایـەت و نیشـانەیەک بـۆ مەبەسـتی راسـتگۆیی ئـەوان، وەکـو لەتبـونی مانـگ و گۆڕینـی دارەسـتەکەی موسـا بـە مـار و تەسـبیحات کردنـی بـەرد بـە دەنگێـک ببیسـترێت، وە سـۆز و حەنینـی بنەدارەکـە و زۆر بـوونی ئـاوو خـواردنی کـەم ، ئەمـە هیـچ کەسـێک توانای لەسـەر نییـە تەنهـا خـوا نەبـێ .

هـەر لەوانـە : پێغەمبـەران کەسـانی ئیمانـدارو موسـڵمانن ، خـوای گـەورە دەپەرسـتن بەتـاک و تەنهـا بـەوەی فەرمانیـان پێکـراوە ، وە هەمـوو ئەوانـەی لـە لایـەن پێغەمبەرانەوە هاتـووە بـە راسـتی دەزانـن ، بـەڵام سـاحیر و کاهینـەکان و ئەوانـەی بـە درۆوە بانگەشـەی پێغەمبەرایەتـی دەکـەن ، هـەردەم کەسـانی موشریکـن و هەنـدێ لـەوەی خـوای گـەورە دایبەزانـدووە بـە درۆی دەزانـن .

هـەر لەوانـە فیتـرەت و عەقـڵ هاوڕایـە لەگـەڵ ئـەوەی کـە پێغەمبـەران هێناویـان، بـەڵام سـاحیر و کاهیـن و دەججـال و درۆزنـەکان ، ئـەوا ئـەوان جیـاوازن لەگـەڵ بەڵگـە بیسـتراو وعەقڵـی و فیتریـیـەکان.

هەر لەوانە : ئەوەی پێغەمبەران هێناویانە هاتووە بۆ ئەوەی عەقڵ و فیترەت کامل بکات ، بەڵام ساحیر و کاهین و درۆزنەکان شتانێک دەهێنن کە عەقڵ و فیترەت تێک دەدات .

هـەر لەوانـە : موعجیـزاتی پێغەمبـەران لـە لایـەن خۆیانـەوە بەدەسـت ناهێنرێـت ،

بەڵکـو خـوای گـەورە ئەنجامـی دەدات وەکـو ئایەتێـک و نیشـانەیەک بـۆ ئـەوان ، وەکـو لەتبـوونی مانـگ و گۆڕینـی داردەسـت بـە مـار و هێنـانی ئەم قورئانـە و هەواڵـدان دەربارەی غەیـب کـە تایبەتـە بـە خـوای گـەورە و تەنهـا خـۆی دەیزانـێ ، جـا کاروبـاری ئایەتـەکان دەگەڕێنـەوە بـۆ لای خـوا ، نـەک بـۆ هەڵبـژاردەی دروسـتکراوەکان ، هەروەکـو خـوای گـەورە بـە پێغەمبەرەکـەی (ﷺ) دەڵێـت کاتـێ داوایـان لێکـرد ئایەتێکیـان بـۆ بهێنیـێ ، فەرمـووی: ﴿ وَقَالُوا۟ لَوْلَآ أُنزِلَ عَلَيْهِ ءَايَٰتٌ مِّن رَّبِّهِۦ ۖ قُلْ إِنَّمَا ٱلْـَٔايَٰتُ عِندَ ٱللَّهِ وَإِنَّمَآ أَنَا۠ نَذِيرٌ مُّبِينٌ ﴿٥٠﴾ ﴾ (العنكبوت) واتـە : تـۆش پێیـان بڵـێ: هەمـوو بەڵگـەو نیشـانەکان هـەر لای خـوان و بەدەسـتی ئـەون، مـن هیـچ شـتێکم بەدەسـت نیـە ومـن هـەر بیدارکـەرەوەو ترسـێنەرێکی ئاشـکرام)

بـەڵام کارە نائاسـایی سـاحیر و کاهینـەکان و داهێنانـە پیشەسـازیەکان ئەوا بـە کردەوەی دروسـتکراوەکان ئەنجـام دەدرێت .

وە جیـاوازی لـە نێـوان ئایەتـەکانی پێغەمبـەران و کاری نائاسـایی کاهینـەکان زۆر و ئاشـکران، هەرکەسـێ زیاتـری دەوێ ئـەوا بـا بگەڕێتـەوە بـۆ کتێبـی (النبـوات) لـە دانـانی شـیخ الاسـلام (ابـن تیمیـە) ڕەحمـەتی خـوای لێبێـت .

موعجـیزەی قورئـــان :

مەزنتریـن موعجیـزەی پێغەمبەرمـان (محمـد)(ﷺ) بریتیـە لـە قورئـانی پیـرۆز ، چونکـە هەمـوو پێغەمبەرێـک موعجیزەکـەی هەیـە بـە پێـی حاڵـی قەومەکـەی دەبـێ ، بۆیـە کاتـێ سـیحر بـەڵاو بویـەوە لـە نـاو قەومەکـەی فیرعەونـدا ، موسـا داردەسـتەکەی هێنـا کە لەسـەر شـێوەی ئـەوەی سـاحیرەکان دەیانکـرد ، بـەڵام ئـەوەی ئـەوانی هەمـوو لەنـاو بـرد بۆیـە سەرسـام بـوون و زانیـان ئـەوەی موسـا هێناویـەتی حەقـە و سـیحر نیـە ، هەروەکـو خـوای گـەورە دەفەرموێـت:﴿ فَأُلْقِىَ ٱلسَّحَرَةُ سُجَّدًا ﴿٤٦﴾ قَالُوٓا۟ ءَامَنَّا بِرَبِّ ٱلْعَٰلَمِينَ ﴿٤٧﴾ رَبِّ مُوسَىٰ وَهَٰرُونَ ﴿٤٨﴾ ﴾ (الشعراء) واتـە : ئیـتر جادووبـازەکان هـەر هەمووییـان ، کاتـێ ئەوەیـان بینـی خۆیـان بۆنەگیـراو سـوژدەو کرنووشـیان برد بـۆ خوا، چونکە بۆیـان دەرکەوت کـە ئەو کارەی مووسـا(علیه السـلام) مۆجیزەیـە، نـەك جـادوو، (٤٦) بە راشـکاوی وتیـان: ئێمـە باوەڕمان بە پـەروەردگاری جیهانـەکان هێنـا (٤٧) پـەروەردگاری مووسـاو هـاروون (٤٨).

وە خـودی ئـەوە بـۆ جگـە لـە موسـا رووی نـەداوە ، بـەڵام ئـەو سـەردەمەی کە عیسـا ی تێیـدا دەژیـا پزیشـکی لـە ناویانـدا بـڵاو بوویـەوە ، مەسـیح ئـەوەی هێنـا کـە پزیشـکەکانی سەرسـام کـرد ، لـە زینـدوو کردنـەوەی مـردوو ، وە چاککردنـەوەی کوێـری زگماکـی و گـوڵی لـەو دەردە سـەختە ، ئەمجـار لـە قـوڕ لەسـەر شـێوی باڵنـدەی دروسـت کـرد بـە ئیـزنی خـوای گـەورە ، بۆیـە عەقڵـی پزیشـکەکانی سەرسـام کـرد ، هەموویـان ملکەچـی ئـەوە بـوون کـە ئـەوە لـە لایـەن خواوەیـە ، کاتـێ عـەرەب خـاوەنی ئـەو پـەری زمـان پـاراوی و رەوانبێـژی و قسـەزانی و وتاربێـژی بـوون ، خـوای گـەورە موعجیـزەی پێغەمبەرمـانی (محمـد)(ﷺ) کـردە قورئـانی پیـرۆز کـە ﴿ لَّا يَأْتِيهِ ٱلْبَٰطِلُ مِنۢ بَيْنِ يَدَيْهِ وَلَا مِنْ خَلْفِهِۦ ۖ تَنزِيلٌ مِّنْ حَكِيمٍ حَمِيدٍ ﴿٤٢﴾ ﴾ (فصلت) واتـە : هەرگیـز رەفتـارو گوفتـاری هیـچ و پووچـی تێنایـەت، نەلەپێـش خـۆی و، نەلـە پـاش خـۆی چـوون لەلایـەن خوایەکـی قسـە لەجـێ و هەمیشـە سوپاسـکراوەوە نێـرراوە) .

ئەویـش موعجیزەیەکـی نەمـرو بەردەوامـە بـۆ هەمـوو سـەردەمەکان ، خـوای گـەورە خـۆی ئـەم موعجیـزە (رووبـەی) هەڵبـژارد و بـۆ کۆتـا پەیامـەکانی ئاسـمان بـۆ هەمـوو خەڵکـی .

جـا قورئـان ئـەو موعجیزەیەیـە لـە بـەر دەسـتی هەمـوو نەوەکاندایـەو دەیخوێننـەوە ، دەزانـن ئـەوە قسـەی خـوای گەورەیـە و قسـەی مرۆڤـەکان نییە ، خـوای گـەورە تەحەددای جنۆکـە و مرۆڤـی پـێ کـرد لـە نمونـەی ئـەو بهێننـەوە، یـان دە سـورەتی وەکـو ئەوە ، یـان بە تەنهـا سـورەتێک ، هیـچ کەسـێک لـەوان نەیتـوانی هـەر لـە رەوانەکـردنی (محمـد)ەوە(ﷺ) تاکـو ئـەم سـەردەمە و تـا هەتایـە وەکـو ئـەم کیتابـە بهێنـن ، یـان وەکـو سـورەتێک لـەو قورئانـە ، هەرچەنـدە لـە کاتی بـوونی ئـەو هەمـوو دوژمنـە زۆرە بـۆ پێغەمبـەری خـواو(ﷺ) دینـی ئیسـلام لـە هەمـوو سـەردەمەکانی مێـژوودا .

خـوای گـەورە دەفەرمووێـت: ﴿ وَإِن كُنتُمْ فِى رَيْبٍ مِّمَّا نَزَّلْنَا عَلَىٰ عَبْدِنَا فَأْتُوا۟ بِسُورَةٍ مِّن مِّثْلِهِۦ وَٱدْعُوا۟ شُهَدَآءَكُم مِّن دُونِ ٱللَّهِ إِن كُنتُمْ صَٰدِقِينَ ﴿٢٣﴾ فَإِن لَّمْ تَفْعَلُوا۟ وَلَن تَفْعَلُوا۟ فَٱتَّقُوا۟ ٱلنَّارَ ٱلَّتِى وَقُودُهَا ٱلنَّاسُ وَٱلْحِجَارَةُ ۖ أُعِدَّتْ لِلْكَٰفِرِينَ ﴿٢٤﴾ ﴾ (البقـرة) واتـە : ئەگـەر

سـەبارەت بـەو قورئانـەی ئێمـە ناردووماندتـە سـەر بەنـدەی خۆمـان موحەممـەد(ﷺ) ئێـوە دوودڵ و بەگومانـن: ئاخـۆ راسـتە یـان نـا؟ سـا دەی هـەوڵ بـدەن هیـچ نەبـێ بچووکتریـن سـوورەتێك وەك ئـەو بێنـن بـۆ ئـەوەش شـایەدو هاوباوەڕەکانتـان، ئەوانـەی وا لەکاتـی تەنگانـەدا پەنایـان پیدەبـەن -بێجگـە لەخـوا- بانـگ بکـەن ئەگـەر ئێـوە ڕاسـت دەکـەن کـە دەڵێـن موحەممـەد(ﷺ) خـۆی هەڵیبەسـتووە، خـۆ ئێوەیـش خۆشـخوان و ڕەوانبێـژن دەسـا فەرمـوون وەك کورتتریـن سـوورەتی بێنـن (٢٣) خـۆ ئەگـەر هیچتـان بـۆ نەکـرا، کـە هەرگیـز هیچیشـتان بـۆ ناکـرێ دەسـا وەرن بـاوەڕ بێنـن وخۆتـان بپارێـزن لـەو ئاگـرەی کـە دەسـتەچیلەو هەڵگیرسـێنەرەکەی جەسـتەی ئادەمیـی و بـەردە، ددان بەوەیشـدا بنێـن کـە ئـەم قورئانـە لەلایـەن خواوەیـە، ئەگینـا دەبنـە سـووتەمەنی ئـەو ئاگـرەی کـە ئێسـتا بـۆ کافـران و بـێ بـاوەڕان ئامادەکـراوە. (٢٤) .

جـا تەحەددیاکـە بەردەوامـە تاکـو ڕۆژی قیامـەت بەبەڵگـەی ئـەو ئایەتـە : ﴿فَإِن لَّمْ تَفْعَلُوا۟ وَلَن تَفْعَلُوا۟﴾ .

خـوای گـەورە دەفەرموێـت:﴿أَمْ يَقُولُونَ تَقَوَّلَهُۥ ۚ بَل لَّا يُؤْمِنُونَ ﴿٣٣﴾ فَلْيَأْتُوا۟ بِحَدِيثٍ مِّثْلِهِۦٓ إِن كَانُوا۟ صَٰدِقِينَ ﴿٣٤﴾﴾ (الطور) واتـە : یـان خـۆ ئەڵێن:(محمـد)(ﷺ) ئـەو قورئانـەی لەسـەر خـوا هەڵبەسـتووە؟! نـا، بەڵکـو ئەوانـە باوەڕناهێنـن، بۆیـە بـێ باکانـە ئـەو توانجانـە دەگـرن. ئینجـا خـوا هەمـوو بەدگومانیەکیـان ڕەت ئەکاتـەوە ئەفەرمـوێ: (٣٣) جابـا قسـەیە وێنـەی ئـەو قورئانـە بێنـن، ئەگـەر ڕاسـتیان دەکـرد لـەو وتەیانـدا کـە ئەیانـوت موحەممـەد(ﷺ) خـۆی ئـەم قورئانـەی هەڵبەسـتووە(٣٤) .

شـیخ الاسـلام ابـن تیمیـە دەفەرموێـت: ((ئـەم تەحەددایـە لـە شـاری مەککـە بـوو ، چونکـە سـوورەتی یونـس و هـود و الطـور لـە سـوورەتە مەککیەکانـە ، ئەمجـار جارێکیـتر تەحەددیاکـەی دووبـارە کـردەوە لـە مەدینـە لـە پـاش کۆچکـردن ، خـوای گـەورە لە سـوورەتی (البقـرة)دا فەرموویەتـی _لـە کاتێکـدا مەدەنییـە- (﴿وَإِن كُنتُمْ فِى رَيْبٍ مِّمَّا نَزَّلْنَا عَلَىٰ عَبْدِنَا فَأْتُوا۟ بِسُورَةٍ مِّن مِّثْلِهِۦ وَٱدْعُوا۟ شُهَدَآءَكُم مِّن دُونِ ٱللَّهِ إِن كُنتُمْ صَٰدِقِينَ ﴿٢٣﴾ فَإِن لَّمْ تَفْعَلُوا۟ وَلَن تَفْعَلُوا۟ فَٱتَّقُوا۟ ٱلنَّارَ ٱلَّتِى وَقُودُهَا ٱلنَّاسُ وَٱلْحِجَارَةُ ۖ أُعِدَّتْ لِلْكَٰفِرِينَ ﴿٢٤﴾﴾ (البقـرة)

جا لێرەدا دوو بابەتی باسکردووە :

یەکـەم : ئـەو ئایەتـەی کـە دەفەرمووێـت: ﴿فَإِن لَّمْ تَفْعَلُوا۟ وَلَن تَفْعَلُوا۟ فَٱتَّقُوا۟ ٱلنَّارَ﴾ دەڵێـت: جـا ئەگـەر ئـەو کارەتـان نەکـرد ، ئـەوا دەزانـن حەقـە ، بۆیـە لـە خـوا بترسـن کـە بـە درۆی بخەنـەوە و تووشـی سـزایەکی سـەخت بـن کـە بـۆ (مکـذب)ەکان ئامـادەی کـردووە .

دووەم/ ئـەو ئایەتـەی کـە دەفەرموێـت: ﴿وَلَن تَفْعَلُوا۟﴾ (لـن) بـۆ نەفـی ئایندەیـە (داهاتـوە)، ئـەوەی سـەلماند کـە لـە داهاتووشـدا ناتوانـن بـە تەنهـا سـورەتێکیش بهێنـن لـە نمونـەی ئـەو ، هەرەکـو هەواڵـی پێداویـن .

خـوای گـەورە فەرمـانی کردووەتـە پێغەمبەرەکـەی(ﷺ) لـە سـورەتی (سـبحان)[1]دا بڵێـت : کـە سـورەتێکی مەککیـە بـە باسی ئیسرا دەسـتی پـێ کردووە ، لـە کاتێکدا ئەو لـە مەککە بوو بـە دەقـی قورئان وە خەبەری (متواتـر) :﴿قُل لَّئِنِ ٱجْتَمَعَتِ ٱلْإِنسُ وَٱلْجِنُّ عَلَىٰٓ أَن يَأْتُوا۟ بِمِثْلِ هَٰذَا ٱلْقُرْءَانِ لَا يَأْتُونَ بِمِثْلِهِۦ وَلَوْ كَانَ بَعْضُهُمْ لِبَعْضٍ ظَهِيرًا ﴿٨٨﴾﴾ (الاسراء) واتـە : بڵـێ: ئەگـەر هەمـوو مـرۆڤ و جینییـە ڕەوانبێـژو بیـر تیژو وریـاو زیرەکـەکان کۆببنەوە بۆ ئـەوەی وێنەی ئـەم قورئانـە بهێنـن هەرگیـز ناتوانـن وێنـەی ئـەو بهێنـن، ئەگەرچـی هەندێکیان پاڵپشـت و هـاوکاری هەندێکیـان بـن بـۆ ئەنجامدانی ئـەو کارە !)

فەرمـانی پێکـرد کـە ئـەم هەواڵـە بگەیەنێتـە هەمـوو خەڵکـی ، وەکـو موعجیزەیـەک بۆیـان و بـێ توانـان لـە هێنانیـدا ، ئـەوەی یەکلاکـردەوە کـە ئەگـەر هەموویـان کـۆ ببنـەوە ناتوانـن وەکـو ئـەم قورئانـە بهێنـن هەرچەنـدە ئەگـەر کۆبونـەوە و هـاوکاری یەکتربـوون ، ئـەم تەحەددایـەش بـۆ هەمـوو خەڵکییـە ، هەمـوو ئەوانـەی کـە قورئانیـان بیسـتووە ئەمەیـان بیسـتوە ، خەڵکـی تایبـەت و عـەوام ، ئـەوەش زانـرا لەگـەڵ ئەوەشـدا بەرەنگاربیـان نەکـرد و نەیـان تـوانی سـورەتێکی وەکـو ئـەوە بهێنـن ، لـەو ڕۆژەوە خـوای گـەورە ڕەوانـەی کـردووە تاکـوو ئەمـڕۆ کارەکـە هەروەکـو ئـەو کاتـە وایـە ، ئـەوەش زانـراوە کـە خەڵکـی هەموویـان کافـر بـوون لـە پێـش ئـەوەی ڕەوانـە بکرێـت ، کاتێکیـش

---

(١) سورةتي الاسراء .

ڕەوانـە کـرا خەڵکیکـی کـەم شـوێنی کەوتـن ، وە کافـرەکان لـە هەمـوو کـەس زیاتـر سـوور بـوون لەسـەر پوچـەڵ کردنـەوەی قسـەکانی ، هەوڵیـان دەدا بـە هەمـوو ڕێگایـەک بکرێـت ، هەنـدێ جـار دەڕۆیشـتن بـۆ لای ئەهـلی کیتـاب دەربـارەی بابـەتی غەیـب پرسـیاریان لـێ دەکـرد و تاکـو پرسـیاری لـێ بکـەن ، هەروەکـو چـۆن پرسـیاریان لێکـرد دەربـارەی چیرۆکـی یوسـف و ئەوانـەی ئەشـکەوتەکە و ذو القرنیـن ، کـۆ دەبونـەوە لـە پـاش کۆبوونـەوە ، بـۆ ئـەوەی یەکدەنـگ بـن لەسـەر ئـەوەی کـە پێـی دەڵێـن ، وایـان لـێ هـات نمونەیـان لەسـەر دەهێنایـەوە ، وە دەیـان شـوبهاند بـە کەسـێک وەکـو ئـەو نیـە ، لەگـەڵ بـوونی ئـەو هەمـوو جیاوازییـە ، هەنـدێ جـار دەیانگـووت شـێتە (مجنـون) وە هەنـدێ جـار دەیانگـوت (ساحر و کاهـن و شـاعر).. لـە نمونـەی ئەوانـە لـە چەندیـن قسـە کـە ئـەوان خۆیـان بـاش دەیانـزانی و جگـە لـەوان لەوانـەی کـە ژیـرن و گوێیـان لـەو قسـانە بوایـە دەیانـزانی ئـەوە قسـە هەڵواسـین و بوهتانـە ، جـا ئەگـەر تەحـەددای ئـەوانی کـرد جـار لـە دای جـار ، ئەویـش بانگەشـەکەیانی پوچـەڵ دەکـردەوە ، ئاشـکرایە ئەوانـە ئەگـەر بیانتوانایـە ئـەوا دەیانکـرد، لەبـەر بـوونی پێویسـتیەکی زۆر پێویسـت و (مؤکـد) ، ئەگـەر توانایـان هەبوایـە ، ئـەوا پێویسـت دەبـوو بیانکردایـە ، ئەمجـار ئـەم قسـەیە وایـە بـۆ هەمـوو خەڵکـی سـەر زەوی ، لـەوەی کـە وەکـو ئـەم قورئانـە بهێنـن چ بـە فێـڵ بێـت یـان بـە بـێ فێـڵ ، ئەمـەش ڕوونـتر و ڕەوان بێژتـرە لـەو ئایەتانـەی کـە جۆرەکـەی دووبـارە دەبێتـەوە ، وەکـو زینـدوو کردنـەوەی مـردوو ، چونکـە ئەمـە هیـچ کەسـێک هاوشـێوەی نەهێنـاوە ، جـا پێشخسـتنی ئـەم تەحەددایـە لەسـەرەتای بانگەوازەکـەی لـە کاتێکدایـە ئـەو لـە مەککەیـە و شـوێنکەوتوانی کەمـە ، کـە هەواڵێـک بـدات و یەکلایـی بکاتـەوە کـەوا ئەگـەر هەمـوو جنۆکـە و مرۆڤـەکان کۆبوونـەوە لەسـەر ئـەوەی وەکـوو ئـەم قورئانـە بهێنـن ئـەوا ناتوانـن لـە نمونـەی ئـەوە بهێنـن لـەو سـەردەمەدا و لـە هەمـوو سـەردەمەکان پـاش ئەویـش ، ئەمـەش ناکرێـت و نابـێ ئیللا بـە یەقینێـک و جەزمێکـی بتـەو بـۆی ، ئەگـەر نـا ، لـە گـەڵ شـەک و گومانـدا هیـچ کەسـێک ئـەوە ناڵێـت ئەگـەر بترسـێت درۆکـەی ئاشـکرا بێـت و ئابـڕووی بچێـت و خەڵکـی پاشـگەز ببنـەوە لـە باوەڕهێنـان پێـی ، بـەڵام ئەگـەر جەزمـی هەبـێ بـەوە و یەقینـی پێـی هەبـێ ، ئـەوەش نابـێ ئیللا بـەوە نەبـێ کـە خـوای گـەورە ئـاگاداری کردووەتـەوە بـەو کارە ، وە لـە زانسـتە ئاسـاییەکاندا

نییـە کـەوا کەسێک بزانـێ کـە هەمـوو خەڵکـی ناتوانـن وکـو قسـەکەی ئـەو بهێنـن ، ئیـلا ئەگـەر ئـەو زانایـە بزانێـت ئـەوە لـە دەرەوەی توانـای مرۆڤەکانـە ، وە زانیـاری دەبـارەی ئەمـەش بەڵگەیـە کـەوا شـتێکی (معجزە)یـە)[1].

جـا قورئـانی پیـرۆز موعجیزەیـە لە چەنـد رووبەکەوە ، لـە رووی (لفظ) و وشەسـازیەوەو لـە رووی رستەسـازی (نظـم)و رێکخسـتنەوە وە لـە رووی رەوانبێژیـەوە (بلاغە) لـە دەلالەتی وەشـەکان بـۆ ماناکـەی ، وە لـە رووی ماناکانیـەوە کـە فەرمـانی پێکـردووە ، وە مانـاکانی کـە هەواڵـی داوە دەربـارەی خـوای گـەورە و نـاو و صیفاتـەکانی و فریشـتەکانی و جگـە لەوانـە ، وە لـە رووی مانـاکانی یـەوە کـە هەواڵـی داوە دەربـارەی غەیبـی ئاینـدەو غەیبـی رابـردوو ، وە لـەرووی ئـەوەی هەواڵـی داوە دەربـارەی زیندووبونـەوە ، وە لـەرووی ئـەوەی رووبی کردووەتـە لـە بەڵگـە یەقینییـەکان.

عصمة الانبیـاء:

مەبەسـت لـە (عصمـة) لێـرەدا پاراسـتنی پێغەمبـەرانی خـوا لـە تـاوان و سـەرپێچیەکان لـە لایـەن خـوای گـەورەوە .

شـیخ الاسـلام ابـن تیمیـە -ڕەحمـەتی خـوای لێبێـت- لـەم باسـەدا باسـی جیاوازییەکـە دەکات و ئەمجـار ڕا پەسـەندەکە ڕوونـدەکاتـەوە و دەفەرمووێـت: (پێغەمبـەران مەعصومـن لـەو هەواڵانـەی دەیـەن دەربـارەی خـوای گـەورە و گەیانـدنی پەیامـەکانی بـە یەکدەنگـی ئـەم ئوممەتـە، بۆیـە پێویسـتە ئیـمان بهێـنرێ بـە هەمـوو ئـەوەی لە لایـەن خوای گـەورەوە هێناویانـە، هەروەکـو خـوای گـەورە دەفەرمووێـت:﴿ قُولُوٓاْ ءَامَنَّا بِٱللَّهِ وَمَآ أُنزِلَ إِلَيۡنَا وَمَآ أُنزِلَ إِلَىٰٓ إِبۡرَٰهِـۧمَ وَإِسۡمَٰعِيلَ وَإِسۡحَٰقَ وَيَعۡقُوبَ وَٱلۡأَسۡبَاطِ وَمَآ أُوتِيَ مُوسَىٰ وَعِيسَىٰ وَمَآ أُوتِيَ ٱلنَّبِيُّونَ مِن رَّبِّهِمۡ لَا نُفَرِّقُ بَيۡنَ أَحَدٖ مِّنۡهُمۡ وَنَحۡنُ لَهُۥ مُسۡلِمُونَ ١٣٦ فَإِنۡ ءَامَنُواْ بِمِثۡلِ مَآ ءَامَنتُم بِهِۦ فَقَدِ ٱهۡتَدَواْۖ وَّإِن تَوَلَّوۡاْ فَإِنَّمَا هُمۡ فِي شِقَاقٖۖ فَسَيَكۡفِيكَهُمُ ٱللَّهُۚ وَهُوَ ٱلسَّمِيعُ ٱلۡعَلِيمُ ١٣٧ ﴾ (البقرة) واتـە : ئـەی بـڕوادارانی! بڵێـن: ئێمـە باوەڕمـان بەخـواو بەو(قورئان)ـە بۆمـان دابەزیـوە هەیـە وە بـەو بەرنامەیـە کـە بـۆ (ئیبراهیـم و ئیسـماعیل و ئیسـحاق و یەعقـووب و نەوەکانیـان)

---

(١) مجموع الفتاوى (٢٨٩/١٠) .

نێـردراوە و بـەو کتێبـەش بـە مووسـاو بەعیسـا دراوە و بـەو پەیامـەش بەهەمـوو پەیامبەرانـی تـر دراوە لەلایـەن پەروەردگاریانـەوە هیـچ فـەرق وجیاوازییەکیـش، ناخەینـە نێـوان هیـچ کامێکیانـەوە، واتـە: باوەڕمـان بـە هەمـوان هەیـەو، وەبـە تەنیـاش ملکەچـی فەرمانەکانـی ئەویـن، واتـە: هەرفەرمانـێ بەسـەرماندا بـدا، ئامادەیـن و سوپاسیشـی دەکەیـن (١٣٦) جـا ئـەر ئـەو خـاوەن نامانـەو، خەڵکانـی تـر، وەکـو ئێـوە باوەریـان هێنـا، مانـای وایـە کـە بەڕاسـت و ڕەوان کەوتونەتـە سـەر ڕێـی راسـت و ڕێنمابـوون خۆئـەر لەهـەق پشـتیان هەڵکـردو باوەڕیـان نەهێنـا، دیـارە کـە لەهـەق و راسـتیی لایانـداوەو لـە دژایەتیـدان ئەوسـا تـۆش ئـەی موحەممـەد(ﷺ)! هـەر خـوات بەسـە و، لەئـازارو بێزاریـان دەتپارێـزێ وزاڵـت دەکات بەسـەریاندا، وزۆریـش بیسـەرو فرەزانـە، واتـە: بەهەمـوو سرپـەو چرپەیەکیـان ئـاگادارە (١٣٧) .

خـوای گـەورە دەفەرموێـت :﴿ * وَلَٰكِنَّ ٱلْبِرَّ مَنْ ءَامَنَ بِٱللَّهِ وَٱلْيَوْمِ ٱلْـَٔاخِرِ وَٱلْمَلَٰٓئِكَةِ وَٱلْكِتَٰبِ وَٱلنَّبِيِّـۧنَ ﴿١٧٧﴾ ﴾ (البقـرة) واتـە : بەڵکـو چاکـەی راسـت و دروسـت ئەمەیـە کـە بـاوەڕی راسـتەقینەی بەخـواو بـەرۆژی دوایـی و بەفریشـتەو بەکتێبـی ئاسـمانی و بەپەیامبەرانـی خـوا هەبـێ).

خـوای گـەورە دەفەرموێـت:﴿ ءَامَنَ ٱلرَّسُولُ بِمَآ أُنزِلَ إِلَيْهِ مِن رَّبِّهِۦ وَٱلْمُؤْمِنُونَ ۚ كُلٌّ ءَامَنَ بِٱللَّهِ وَمَلَٰٓئِكَتِهِۦ وَكُتُبِهِۦ وَرُسُلِهِۦ لَا نُفَرِّقُ بَيْنَ أَحَدٍ مِّن رُّسُلِهِۦ ۚ وَقَالُوا۟ سَمِعْنَا وَأَطَعْنَا ۖ غُفْرَانَكَ رَبَّنَا وَإِلَيْكَ ٱلْمَصِيرُ ﴿٢٨٥﴾ ﴾ (البقـرة)[1] واتـە : ئـەم پەیامبـەرەو، ئـەو ئیماندارانـەی لەگەڵیـا باوەڕیـان هێنـاوەو لێیـان ڕوونـە کـە ئـەو بەرنامەیـە لـە لای پەروەردگاریانـەوە هاتۆتـە خـوارێ راسـتەو دروسـت وهەمووشـیان بڕوایـان هێنـاوە بـە تـاك وتەنیایـی خـواو، فریشـتەکانی، کتێبەکانیـی ، پەیامبەرەکانـی دەشـڵێن: ئێمـە هیـچ فـەرق و جیاوازیـەك لەنێـوان پێغەمبەرانـی خـوادا ناکەیـن ، بڕوامـان هەیـە کـە هەمـوو خـوا ناردوونـی، وەهەریەکەشـیان بـە بەرنامـەی خۆیـەوە هاتـووە، واتـە: ئێمـە وەك جوولەکـەو گاورەکان ناکەیـن ، بڕوامـان بـە هەندێکیـان ببـێ و، بـە هەندێکیـان بـاوەڕ نەکەیـن و ئەڵێـن: وتـەی خوامـان بیسـت و گوێرایەڵـی فەرموودەکانـی خوایـن، سـاتۆش ئـەی

---

(١) انظر : مجموع الفتاوى (١٠/٢٨٩-٢٩٠)

پەروەردگارمـان! ‹هەرچـی بفەرمـووی ئامادەیـن، داوای لـێ بوردنـت لـێ دەکەیـن، دەسـا تۆیـش لێـمان خـۆش ببـە ئـەی پەروەردگارمـان! چاکیـش دەزانیـن کـە سـەرەنجام گەڕانەوەشـمان تەنهـا بـۆ لای تۆیـە. بەڵـێ.. بـەو شـێوەیە موسـڵمانی کامـڵ: گـوێ بیسـتە، گوێرایەڵـە، ددان بـە ناتەواویـی و هەڵەکانـی خۆیـدا ئەنـێ، بۆیـە لەخـوا داوای لێبـوردن دەکات و لـە پاشـە رۆژ دەترسـێت.)

دەڵێـت : (ئـەم عیصمەتـە جێگـرە بـۆ پێغەمبـەران ئەوەیـە کەمەبەسـتی پێغەمبەرایـەتی و پەیامەکـە بەدەسـت دەهێنێـت ، چونکـە پێغەمبـەر (النبـی) ئـەو کەسـەیە کـە هـەواڵ دەربـارەی خـوای گـەورە دەدات، وە نێردراویـش (الرسـول) ئـەو کەسـەیە کـە خـوای گـەورە ڕەوانـەی کـردووە، وە هەمـوو (رسـول) یـک (نبـی) یـە، بـەڵام هەمـوو (نبـی) یەک (رسـول) نییـە، وەعیصمـەت لـەوەی لەلایـەن خـوداوە دەیگەیەنـن جێگـرو سـابتە، وەلـەوەدا هیـچ هەڵەیـەک نییـە بـە کۆدەنگـی موسـڵمانان...)) [1]

تـا ئـەو جێگەیـەی دەڵێـت: (بـەڵام ئـەو عیصمەتـەی کـە لـە جگـە لـەوەی پەیوەنـدی بەگەیانـدنی پەیامـەوە هەبـێ ، ئـەوا خەڵکـی تێیـدا ناکۆکـن:- ئایـە ئـەو سـابتە بـە عەقـڵ یـان بـە بیسـتن ؟ وە ناکۆکـن لـە عیصمەتـدا لـە تاوانـە گـەورەکان و بچووکـەکان یـان لـە هەندێکیـدا؟ یـان عیصمـەت ئەوەیـە لـە دانپێدانـانی نـەک لـە ئەنجـام دانی ؟ بەڵکـو نابـێ بـاس عیصمـەت بکرێـت تەنهـا لـە گەیاندنـدا نەبـێ ؟ وە ئایـە عیصمـەت واجبـە لـە کوفـرو تاوانـەکانی پێـش ڕەوانەکـردنی بـە پێغەمبـەر یـان نـا ؟

ئـەو قسـەیەی کـە جمهـوری زانایانـی لەسـەرە ، ئەویـش ئەوەیـە کـە لەگـەڵ ئەسـەرەکانەوە کۆکـە کـە لـە سـەلەفەوە هاتـوون: سـەلماندن و ئیسـپاتی عیصمـەت لـە داننـان لـە سـەر تاوانـەکان بـە ڕەهایـی، وە ڕەدی ئـەو کەسـانە کـە دەڵێـت : دروسـتە ئـەوان دانیـان پێـدا نابـێ ، وە حوججـەی ئەوانـەی دەڵێـن بەعیصمـەت ئەگـەر لێـرەدا بـاس بکرێـت بەڵگەیـە لەسـەر ئـەم قسـەیە ، وەحوججـەی ئەوانـەی نـەفی دەکـەن بەڵگـە نییـە لەسـەر ئەنجـام دانی تاوانێـک کـە پێغەمبـەران دانیـان پێـدا نابـێ، ئەوانـەی کـە دەڵێـن بـە عیصمـەت بەڵگەیـان ئەوەیـە کـە چاولێکردنیـان دروسـتە لـەوەی کەدانیـان پێـدا نابـێ

---

(١) المصدر السابق : (٢٩٠/١٠) .

بەبـێ ئـەوەی کـە نەهییـان لـێ کـردووە و لێـی گەڕاونەتـەوە ، هەروەکـو چـۆن فەرمـان و نەهـی پێویسـتە گوێڕایەڵـی کـردنی لـەوەی کـە نەسـخ نەکراوەتـەوە ، بـەڵام ئـەوەی کـە نەسـخ کراوەتـەوە لـە فەرمـان و نەهـی، ئـەوا نابـێ بکرێتـەوە یەکێـک لـە فەرمانـەکان یـان لـە نەهـی لـێ کـراوەکان ، چ جـا واجـب بوونـی شـوێنکەوتنی و گوێڕایەڵـی کـردنی لـەوەدا ، هەروەهـا ئـەوەی کردوویانەتـە بەڵگـە لـەوەی کـە تاوانـەکان لـە گـەڵ کەمالـدا جیـاوازن ، یـان ئـەو کەسـەی کـە نیعمەتـەکان لـە سـەریان گەورەتـرە ئـەوا خراپـترە، یـان ئـەوە پێویسـت بـە گـۆڕان دەکات ، یـان لـە نموونـەی ئەوانـە لـە بەڵگـە عەقڵیـەکان ، جـا ئەمـە لـە کاتێکـدا دەبـێ کـە لەسـەر ئـەوە بـەردەوام بێـت و نەگەڕێتـەوە لێـی، ئەگـەر نـا ، تەوبـەی (نصـوح) کـە خـوای گـەورە وەری دەگـرێ خاوەنەکـەی بـەرز دەکاتـەوە بـۆ جێگەیـەک لـە پێشـتر بەرزتـر بێـت ، هەنـدێ لـە سـەلەف ووتویانـە: داود (علیـه السـلام) لـە پـاش تەوبەکـەی باشـتر بـوو لـەوەی پێـش (خطیئة)کـەی، یەکێکـی تـر دەڵێـت: ئەگـەر تەوبـە خۆشەویسـترین شـت نەبوایـە لای خـوای گـەورە ، بەرێزترێـن دروسـتکراوی خـۆی پـێ تاقـی نەدەکـردەوە، وە لـە کتێبـی (صحیـح)دا فەرمـوودەی تەوبـە سـابت بـووە و هاتـووە: (للـه أفـرح بتوبـة عبـده مـن رجـل نـزل منـزلا ....)[1] فەرموودەکـە ...) [2]

تـا ئـەو جێگەیـەی دەڵێـت: لـە کیتـاب و سـوننەی (صحیـح) و ئـەو کتێبانـەی پێـش قورئـان دابەزیـوە لـە گـەڵ ئـەم قسـەیەدا یەکدەنگـن کـە لـە ژمـاردن نایـەت ، ئەوانەشـی کـە ڕەدی ئەمەیـان داوەتـەوە چەنـد تەئویلێکیـان هێنـاوە وەکـو تەئویـلانی (جهمیـة و قدریـة و دهریـة)کان بـۆ دەقـەکانی نـاو و صیفاتـەکان و دەقـەکانی قـەدەرو دەقـەکانی زیندووبوونـەوە، ئەمیـش هـەر لـە جـۆری تەئویـلاتی (القرامطـة الباطنیـة) یـە کـە بـە (اضطـرار) دەزانـرێ پووچەڵـن ، ئـەوەش لـە بابـەتی تەحریفـی وشـەکانە لـە جێگـەی خـۆی، ئەوانـە مەبەسـتیان مـەزن ڕاگرتنـی پێغەمبەرانـە کـە چـی دەکەوێتـە نێـو ئـەوەی بەدرۆیان بخەنـەوە، وە دەیانـەوێ ئیمانیـان پـێ بهێنـن کەچـی دەکەونـە نێـو کوفـرەوە .

ئەمجـار عیصمـەتی ئاشـکرا بـە بەڵگـەی شـەرع عەقـل و ئیجـماع - ئەویـش عیصمەتـە لـە تەبلیغـدا (گەیاندنـدا) ، ئـەوە سـوودی لـێ نابینـن، ئەگـەر بێـت و دان نەنێیـن بـەو

---

(١) متفق علیه : البخاري (٦٣٠٨) ومسلم (٦٨٩٠) .

(٢) مجموع الفتاوى : (٢٩٢/١٠-٢٩٣) .

پێیـەی پێغەمبـەرانی هێناویانـە ، بەڵکـو دان دەنێیـن بـە وشـەیەکە کەماناکەیـان تەحریـف کـردووە یـان تێیـدا وەکـو نەخوێنـدەوار بـوون ئەوانـەی کـە تێناگـەن لـە کیتـاب ئیـلا هیـوا و ئومێدیـان هەیـە ، وە ئـەو عیصمەتـەی کـە بانگەشـەی بـۆ دەکـەن ئەگـەر سـابت و جیگیـر بوایـە، ئـەوا سـوودیان لـێ نەدەبینـی، وە هیـچ پێویسـتیەکیان پێـی نیـە لای ئـەوان ، چونکـە ئـەوە پەیوەسـتە بـە جگـە لـەوان ، نـەک بـەوەی فەرمانیـان پێکـراوە کـە ئیـمانی پـێ بهێنـن، یەکێـک لـەوان قسـە دەکات لـە سـەر پێغەمبـەران بەبـێ بەڵگەیـەک لـە لایـەن خـوداوە، وە واز دەهێنـن لـەوەی کـە پێویسـتە لەسـەری لـە بـە ڕاسـت زانینـی پێغەمبـەران و گوێڕایەڵـی کردنیـان، هـەر بـە هـۆی ئەوەشـەوە بەختـەوەری بەدەسـت دەهێنـێ، وە بـە پێچەوانەکـەی بەدبەختـی بـە دەسـت دەهێنـێ، خـوای گـەورە دەفەرموێـت: ﴿فَإِنَّمَا عَلَيْهِ مَا حُمِّلَ وَعَلَيْكُم مَّا حُمِّلْتُمْ ۖ﴾ (النـور) واتـە : خـۆ ئەگـەر ڕوویـان وەرگێـڕا و راسـتیان نـەوت، ئـەوە بەڕاسـتی زیانتـان هـەر بەخۆتـان گەیانـدووە، چونکـە ئـەو پەیامبـەرە تەنهـا ئەرکـی ڕاگەیاندنـی پەیامـی خـوای لەسـەرە ئێـوەش بەرپرسـی ئەرکـی سـەرشـانی خۆتـان دەبـن و، تۆڵـەی یاخیبوونتـان و سـەرپێچیتان لـە گوێڕایەڵیـی و فەرمانبەرداریـی پێغەمبـەر- وەك (ئیـبن عەبـاس) ئەڵـێ- لـە سـەر خۆتـان دەکـەوێ).

خـوای گـەورە هیـچ شـتێکی لـەو جـۆرە بـاس نەکـردووە لـە قورئانـدا لـە پێغەمبەرێـک لـە پێغەمبەرانـەوە، ئیـلا تەوبـەو ئیسـتغفاری لـە گەڵـدا بـاس کـردووە:-

وەکـو قسـەکەی ئـادەم و خێزانەکـەی:﴿ قَالَا رَبَّنَا ظَلَمْنَا أَنفُسَنَا وَإِن لَّمْ تَغْفِرْ لَنَا وَتَرْحَمْنَا لَنَكُونَنَّ مِنَ الْخَاسِرِينَ ﴿٢٣﴾ ﴾ (الاعـراف) واتـە: وتیـان: پەروەردگارمـان ! تاوانـی خۆمانبـوو، هەرخۆشـمان بووین سـتەممان لـە خۆمانکـردو فەرمانەکەتمـان شـکاند و ئێسـتاش ئەگـەر لێمانخـۆش نەبـی و میهرەبانیـمان لەگـەڵ نەکەیـت دەچیینـە ریـزی زیانمەندانـەوە.)

وە قسـەکەی نـوح :﴿ قَالَ رَبِّ إِنِّي أَعُوذُ بِكَ أَنْ أَسْأَلَكَ مَا لَيْسَ لِي بِهِ عِلْمٌ ۖ وَإِلَّا تَغْفِرْ لِي وَتَرْحَمْنِي أَكُن مِّنَ الْخَاسِرِينَ ﴿٤٧﴾ ﴾ (هـود) واتـە : ئینجـا نـوح پەشـیمان بـووەوەو بەپەلـە گەڕایـەوە لای خـواو وتـی: ئـەی پـەروەردگارم! پەنـات پێدەگـرم کـە: جارێکـی تـر داوای هـەر شـتێکت لێبکـەم کـە زانیاریـم پێـی نەبـێ ئێسـتاش ئـەر تـۆ لێمخـۆش نەبـی و بەزەییـت پێـما نەیەتـەوە، لـە زیانمەنـدان دەبـم).

وە قسـەکەی ابراهیـم الخلیـل ﴿رَبَّنَا ٱغۡفِرۡ لِي وَلِوَٰلِدَيَّ وَلِلۡمُؤۡمِنِينَ يَوۡمَ يَقُومُ ٱلۡحِسَابُ ﴿٤١﴾﴾(ابراهیـم) واتـە : ئـەی پەروەردگارمـان! هـەم لەخـۆم و هـەم لەدایکـم و بابـم و لەگشـت باوەڕدارانیـش خـۆش ببـە لـەو ڕۆژەدا حیسـاب و لێکۆڵینـەوە بەڕپـا دەبـێ.)

وە دەفەرموێـت:﴿وَٱلَّذِيٓ أَطۡمَعُ أَن يَغۡفِرَ لِي خَطِيٓـَٔتِي يَوۡمَ ٱلدِّينِ ﴿٨٢﴾﴾ (الشعراء) واتـە: هـەر ئەویشـە بەتەمـام لـەڕۆژی سـەڵاو پاداشـتدا لەهەڵـەو گوناهەکانـم ببـورێ) .

وە قسـەکەی موسـا : ﴿أَنتَ وَلِيُّنَا فَٱغۡفِرۡ لَنَا وَٱرۡحَمۡنَا وَأَنتَ خَيۡرُ ٱلۡغَٰفِرِينَ ﴿١٥٥﴾ * وَٱكۡتُبۡ لَنَا فِي هَٰذِهِ ٱلدُّنۡيَا حَسَنَةٗ وَفِي ٱلۡأٓخِرَةِ إِنَّا هُدۡنَآ إِلَيۡكَۚ ﴿١٥٦﴾﴾ (الاعـراف) واتـە : تەنهـا هـەر ئەتـۆی سەرپەرسـت و گەورەمـان دەسـا تـۆش لێـمان خـۆش ببـەو، بەزەییـت پیمانـدا بێتـەوە باشـترین بەخشـێنەر هـەر ئەتـۆی (۱۵۵) لـەم دونیایـەو لـەو دونیایـە، ژیانێکـی خـۆش و چاکـمان بـۆ بنووسـە، بێگومـان ئێمـە بـۆلای تـۆ گەڕاینـەوە).

وە دەفەرموێـت: ﴿قَالَ رَبِّ إِنِّي ظَلَمۡتُ نَفۡسِي فَٱغۡفِرۡ لِي فَغَفَرَ لَهُۥٓۚ إِنَّهُۥ هُوَ ٱلۡغَفُورُ ٱلرَّحِيمُ ﴿١٦﴾﴾(القصـص) واتـە : موسـا پەشـیمان بوویـەوەو وتـی: پـەروەردگاری مـن! بـە راسـتی مـن سـتەمم لـە خۆمکـرد، سـاتۆیش لێـم ببـورە و بمبەخشـە جاخوایـش لێـی خۆشـبوو، چونکـە دەسـت ئەنقەسـت لێـی نەدابـوو بەراسـتی ئـەو خوایـە زاتێکـی زۆر لێبـوردەی میهرەبـان و دڵاوایـە) .

وە دەفەرموێـت: ﴿فَلَمَّآ أَفَاقَ قَالَ سُبۡحَٰنَكَ تُبۡتُ إِلَيۡكَ وَأَنَا۠ أَوَّلُ ٱلۡمُؤۡمِنِينَ ﴿١٤٣﴾﴾ (الأعـراف) واتـە : ئینجـا کـە بەهۆشـهاتەوە وتـی خوایـا! پـاك وخاوێنـی و بێخەوشـی هـەر بـۆ تۆیـە، هـەر شـتێکیش تـۆ لەکـەدار بـکا، دوور ڕاتەگـرم لێیـی و، پەشیمانیشـم لـە داواکـەم ومـن یەکەمیـن کەسـم لەنـاو بەنـی ئیسرائیلییـە بڕواداڕەکانـدا ئیمانـم بـە گەورەیـی و دەسـەڵاتی تۆیـە.).

وە قسـەی خـوای گـەورە دەربـارەی داود: ﴿فَٱسۡتَغۡفَرَ رَبَّهُۥ وَخَرَّ رَاكِعٗا وَأَنَابَۖ ﴿٢٤﴾ فَغَفَرۡنَا لَهُۥ ذَٰلِكَۖ وَإِنَّ لَهُۥ عِندَنَا لَزُلۡفَىٰ وَحُسۡنَ مَـَٔابٖ ﴿٢٥﴾﴾ (ص) واتـە : ئنجـا- سـەبارەت بـەو

هەڵەیـەی کـردی- بەپەلـە داوای لێبوردنـی لـە پـەروەردگاری خـۆی کـردو بەسـوژدەدا کـەوت و گەڕایـەوە بـۆ لای خـوا بـە تەوبـە (٢٤) ئینجـا ئێمەیـش زوو بۆمـان پۆشـی. بێگومـان ئـەو لای ئێمـە نزیکییـەك و خـۆش جێگەیەکـی بـۆ هەیـە لـە بەهەشـتدا (٢٥).

وە قسـەی خـوای گەورە دەربـارەی سـلیمان:﴿ قَالَ رَبِّ ٱغۡفِرۡ لِي وَهَبۡ لِي مُلۡكٗا لَّا يَنۢبَغِي لِأَحَدٖ مِّنۢ بَعۡدِيٓۖ إِنَّكَ أَنتَ ٱلۡوَهَّابُ ﴿٣٥﴾ ﴾(ص) واتـە : سـولەیمان زۆر زوو پەشـیمان بوویـەوەو وتی: پـەروەردگاری مـن! بمبەخشـەو حوکـم و دەسـەڵاتێکی وایشـم پێببەخشـە کـە لـەدوای مـن گیـری هیـچ کەسـێك نەکەوێـت ،تـا ببێتـە موعجیـزەو نیشـانەی پەیامبەرێتیـم، وەك ئـەوە کـە هەرپەیامبـەرەی ،موجیـزەی خـۆی هەبـووە بێگومـان هـەر ئەتـۆی بەخشـندە).

بـەڵام (یوسـف الصدیـق) خـوای گـەورە بـاس هیـچ تاوانێکـی ئـەو نـاکات ، بۆیـە خـوای گـەورە بـاسی تاوانێکـی نەکـردووە ئیسـتغفاری لـە پاشـەوە هاتبـێ، بەڵکـو فەرمویـەتی :﴿ كَذَٰلِكَ لِنَصۡرِفَ عَنۡهُ ٱلسُّوٓءَ وَٱلۡفَحۡشَآءَۚ إِنَّهُۥ مِنۡ عِبَادِنَا ٱلۡمُخۡلَصِينَ ﴿٢٤﴾ ﴾ (یوسـف) واتە : ئـا بـەو شـێوەیە بەهـۆی ئیمانـی دامەزراویـەوە لەبـەردەم ئـەو کارە زۆرخراپـەدا خـۆی راگـرت بـۆ ئـەوەی لەئایبنەدەشـدا لەهەمـوو خراپـەو کارێکـی ناشـیاوو دزێـو لای بدەیـن چونکـە ئـەو (یوسـف) بەندەیـەك بـوو لەبەنـدە پـاك و هەڵبژێـر راوەکانـی خۆمـان).

خـوای گـەورە هەواڵـی پێداویـن کـە خـۆی خراپـەو فەحشـای لـێ دوور کردووەتـەوە ، ئەمـەش بەڵگەیـە کـە هیـچ خراپـەو فاحیشـەیەکی لـێ نەوەشـاوەتەوە، بـەڵام ئـەو ئایەتەی کـە دەفەرموێـت: ﴿ وَلَقَدۡ هَمَّتۡ بِهِۦۖ وَهَمَّ بِهَا لَوۡلَآ أَن رَّءَا بُرۡهَٰنَ رَبِّهِۦۚ ﴿٢٤﴾ ﴾ (یوسـف) واتـە : ئەمـە سـوێندی بێـت شـاژن بەتـەواوی نیـازی خراپـی بـە (یوسـف) کـردو، بەتـەواوی لێبـڕاو بڕیاریـدا کـە: ئـەو کارەی لەگـەڵ بـکات، بۆیـە پەلامـاری دایە!(یوسـف)یش گیـری خـوارد بەدەسـتیەوەو ئامۆژگارییەکـی زۆری کـرد، بـەڵام هـەر وازی لێنەهێنـا، خۆئـەر بەڵگـەو نیشـانەیەکی پـەروەردگاری نەهاتبایـە پێـش چـاوی، دووچـار دەبـوو، بـەڵام خـوا پەنایـدا لـەو کارە نەشـیاوە) .

جـا (هَـم) ناوێکـی (جنس)ـە دوو جـۆر لـە خۆدەگرێـت، هەروەکـو ئیمامـی أحمـد فەرموویـەتی: ((الهَـم نوعـان: هـمٌّ خطـرات و هـمٌّ إصرار)

وە لـە کتێبـی (صحیـح) دا هاتـووە لـە پێغەمبـەری خـوداوە(ﷺ) : (**إن العبـد إذا هـم بسـيئة ، لم تكتـب عليـه . وإذا تركهـا ، كتبـت لـه حسـنة ، وإن عملهـا كتبـت لـه سـيئة واحـدة وإن تركهـا مـن غـير أن يتركهـا للـه لم تكتـب لـه حسـنة ، ولا تكتـب عليـه سـيئة**)[1] .

وە یوسـف (هَـم) بـەڵام (هـم) یـەک لـە پێنـاوی خـوای گـەورەدا وازی لـێ هێنـا، بۆیـە خـوای گـەورە خراپـەو فەحشـای لـێ دوورخسـتەوە لـە بـەر نیـاز پاکـی و ئیخلاصەکـەی ، جـا ئەگـەر ئـەو پاڵنـەرەی دەبێتـە هـۆی تـاوان بریتـی بـێ لـە (هـم) ، بـەڵام ئیخـلاصی بەرامبـەر گـرت کـەوای لێکـرد دڵەکـە لـە سـەر تـاوان لادات لەبـەر خـوای گـەورە ، جـا یوسـف هیـچ شـتێکی لـێ نەوەشـایەوە ئیـلا چاکەیـەک نەبـێ کـە پاداشـتی لەسـەر دەدرێتـەوە، خـوای گـەورە دەفەرموێـت: ﴿إِنَّ ٱلَّذِينَ ٱتَّقَوۡاْ إِذَا مَسَّهُمۡ طَٰٓئِفٞ مِّنَ ٱلشَّيۡطَٰنِ تَذَكَّرُواْ فَإِذَا هُم مُّبۡصِرُونَ ٢٠١﴾ (الاعـراف)[2] واتـە : بێگومـان ئەوانـەی کـە لـە شـیرك و کاری ناشـەرعیی پارێـز دەکـەن هـەر کـە وەسوەسـەو خەتەراتێکیـان لـە شـەیتانەوە پـێ دەگا بەخێرایـی دادەچڵەکێـن و بیـر ئەکەنـەوەو لەسـەر رێگـەی خـوا پێدادەگـرن دەبینـی-زۆر زوو- چاویـان ئەکرێتـەوەو لەگوناهـان دەگەڕێنـەوە) .

تاکـو دەڵێـت: ((بـەم شـێوەیە وەڵامـی گومانـی ئـەو کەسـە دەردەکەوێـت کـە دەڵێـت: خـوای گـەورە هیـچ پێغەمبەرێـک ڕەوانـە نـاکات ئیـلا کەسـێک لـە پێـش پێغەمبەرایـەتی مەعصـوم بێـت، هەروەکـو چـۆن گرووپێـک لـە کۆمەڵـی (الرافضـة) و جگـە لـەوان دەڵێـن، هەروەهـا ئـەو کەسـەی دەڵێـت:- خـوای گـەورە هیـچ پێغەمبەرێـک ڕەوانـە نـاکات ئیـلا کەسـێک نەبـێ پێـش پێغەمبەرایـەتی ئیمانـدار بـوو بێـت، چونکـە ئەوانـە گومانیـان وایـە کە تاوانـەکان کەمکردنـەوەی کەسـەکەیە هـەر چەنـدە تەوبـەشی لێکـرد، ئەمـەش سـەرچاوەی هەڵەکەیانـە، هـەر کەسـێ گومـانی وابێـت کـەوا خـاوەنی تـاوان لـە گـەڵ تەوبـەی نەصوحـدا کەسـێکی نوقصانـە، ئـەوە هەڵـەی کـردووە هەڵەیەکی مـەزن، چونکە زەم و تۆڵـە کە تووشی تاوانبـاران دەبـێ بـە هیچ شـێوەیەک تـووشی کەسی تەوبـەکار نایـەت ئەصڵەن، بـەڵام ئەگەر تەوبەکـەی پێـش خسـت ئـەوا تـووشی هیچ نابـێ، ئەگـەر تەوبەکەی دواخسـت، ئـەوا ڕەنگە لـە نێـوان تاوانەکـەو تەوبەکـە تـووشی زەم و تۆڵەیـەک ببێت کە بە گوێرەی حاڵـی ئەو بێت .

---

(١) متفق عليه : البخاري (٦٤٩١) ومسلم (٣٣٦) .

(٢) مجموع الفتاوى : (١٠/٢٩٥-٢٩٦) .

پێغەمبـەران هەرگیـز تەوبەیـان دوانەدەخسـت، بەڵکـو پەلەیـان بـۆ دەکـرد، پێشـبڕکێیان بـۆ دەکـرد، دوایـان نەدەخسـت و سـوور نەدەبـوون لـە سـەر تـاوان، بەڵکـو ئـەوان مەعصومـن لـەو کارە، وە هەرکەسـێ لـەوان ماوەیەکـی کـەم دوای خسـتبێت، ئـەوا خـوای گـەورە تـووشی ئیبتلایەکـی دەکات کـە ببێتـە هـۆی لێخۆشـبوونی، هەروەکـو ئـەوەی بەسـەر (یونـس) دا هـات، ئەمـە لەسـەر رای مەشـهور کـە ئـەو ئیبتلایـە لـە پـاش پێغەمبەرایـەتی بـووە، بـەڵام ئـەوەی دەڵێـن: ئـەو ئیبتلایـەی لـە پێـش پێغەمبەرایـەتی بـووە، ئـەوا پێویسـت بەمـە نـاکات، وە کـەسی تەوبـەکار لـە کوفـرو تاوانـەکان ڕەنگـە باشـتربێت لـە کەسـێک نەکەوتبێتـە نـاو کوفـرو تاوانـەوە، جـا ئەگـەر هاتـوو ڕەنگـە باشـتر بێـت، ئـەوا کـەسی باشـتر شایسـتەترە بـە پێغەمبەرایـەتی لـەو کەسـەی کـە وەکـو ئـەو چاکەیـەی نیـە، خـوای گـەورە هەواڵـی پێداویـن دەربـارەی بـراکانی (یوسـف) بـەوەی هەواڵـی داوە دەربـارەی تاوەنەکانیـان، ئەوانیـش (اسـباط)ن کـە خـوای گـەورە هەواڵـی دەربارەیـان داوە .

خـوای گـەورە دەفەرموێـت:﴿ * فَـَٔامَنَ لَهُۥ لُوطٞۘ وَقَالَ إِنِّي مُهَاجِرٌ إِلَىٰ رَبِّيٓۖ ﴿٢٦﴾ ﴾ (العنکبـوت): واتـە: (لـووط)ی بـرازای ئیبراهیـم ، پـاش ڕزگار بوونـی ئیبراهیـم لـە ئاگرەکـە بـاوەڕی هێنـا پێـی (ئیبراهیـم) یـش دوای ئـەوە نائومێـد بـوو لـە قەومەکـەی پێـی وتـن: بێگومـان مـن بـۆ لای پـەروەردگارم کـۆچ ئەکـەم و (سـەوادولعێراق) جـێ دێڵـم و، بـەرەو فەلەسـتین و شـام ئـەڕۆم).

(لوط) ئیمانی بە ئیبراهیم هێنا، ئەمجار خوای گەورە ڕەوانەی کرد بۆ قەومی لوط.

خـوای گـەورە لـە چیرۆکـی (شـعیب) دا دەفەرموێـت: ﴿ * قَالَ ٱلۡمَلَأُ ٱلَّذِينَ ٱسۡتَكۡبَرُواْ مِن قَوۡمِهِۦ لَنُخۡرِجَنَّكَ يَٰشُعَيۡبُ وَٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ مَعَكَ مِن قَرۡيَتِنَآ أَوۡ لَتَعُودُنَّ فِي مِلَّتِنَاۚ قَالَ أَوَلَوۡ كُنَّا كَٰرِهِينَ ﴿٨٨﴾ قَدِ ٱفۡتَرَيۡنَا عَلَى ٱللَّهِ كَذِبًا إِنۡ عُدۡنَا فِي مِلَّتِكُم بَعۡدَ إِذۡ نَجَّىٰنَا ٱللَّهُ مِنۡهَاۚ وَمَا يَكُونُ لَنَآ أَن نَّعُودَ فِيهَآ إِلَّآ أَن يَشَآءَ ٱللَّهُ رَبُّنَاۚ وَسِعَ رَبُّنَا كُلَّ شَيۡءٍ عِلۡمًاۚ عَلَى ٱللَّهِ تَوَكَّلۡنَاۚ رَبَّنَا ٱفۡتَحۡ بَيۡنَنَا وَبَيۡنَ قَوۡمِنَا بِٱلۡحَقِّ وَأَنتَ خَيۡرُ ٱلۡفَٰتِحِينَ ﴿٨٩﴾ ﴾(الأعـراف) : واتـە: پیـاوە ناودارەکانـی گەلەکـەی شـوعەیب - ئەوانەیـان کـە لەنـاو گەلەکەیانـدا نـاودارو دیـاری بـوون و خۆیـان بەگـەورەو مـەزن دەزانـی- وتیـان: شـوعەیب! بێگومانبـە ئێمـە تـۆش و ئەوانـەش وا لەگـەڵ تـۆ بڕوایـان هێنـاوە لەشـارو وڵاتەکەمانـدا دەر دەکەیـن وەیـان دەبـێ بگەڕێنـەوە سـەردین و ئایینـی

ئێمـە، واتـە: ئێـوە تەنهـا هـەر ئـەم دوو ڕێگایەتـان بـۆ هەیـە: یـا بەجـێ هێشـتنی زێـدی خۆتـان، یـان گەڕانـەوە بـۆ نێـو دیـن و ئایینـی ئێمـە شـوعەیب گوتـی: باشـە! ئەگـەر پێشـمان ناخۆشـبێ، ئێـوە هـەر بـەزۆر لەدیـن وەرمـان دەگێـڕن و ، لەنیشـتمان دەرمـان دەپەڕێنـن؟!(٨٨) ئەگـەر بگەڕێینـەوە ناودیـن و ئایینـی ئێـوە، بـێ سـۆ درۆمـان لەسـەر خـوا هەڵبەسـتووە، کەخۆمـان بەئیمانـدار دادەنـاو، لەشـیرك کەنارمـان دەگـرت بەتایبەتـی پـاش ئـەوە کـە خـوا ڕزگاری کردیـن لێـی و هەرگیـز بۆمـان ڕەوا نییـەو شـیاو نییـە بگەڕێینـەوە نێـو ئـەو ئایینـن و بەرنامەیـە مەگـەر خـوای پەروەردگارمـان حەزبـکاو، لەمیهرەبانـی خـۆی بێبەشـمانکات، دیـارە ئـەوکات دەسـەڵاتمان نییـە زانسـتی پەروەردگارمـان هەمـوو شـتێکی گرتۆتـەوە، ئـاگای لەئێسـتاو لـە ڕابوردوویـە پشـتمان تەنهـا هـەر بەخـوا بەسـتووە، پەروەدگارمـان! تـۆ لـە نێـوان ئێمـەو هۆزەکەمانـدا بەهـەق و دروسـت داوەریـی بکـەو، هـەق وناهـەق لێـك بکـەوەو، زاڵـمان بکـە بەسـەریاندا تـۆ لەهەمـوو داوەرێـك چاکتریـت ، بڕیـاری تـۆ دووڕە لەسـتەم، گـرێ کوێرەکانـی ژیانمـان هـەر بەتـۆ دەکرێنـەوە (٨٩)

خـوای گـەورە دەفەرموێـت: ﴿وَقَالَ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ لِرُسُلِهِمۡ لَنُخۡرِجَنَّكُم مِّنۡ أَرۡضِنَآ أَوۡ لَتَعُودُنَّ فِي مِلَّتِنَاۖ ١٣﴾(ابراهیم) واتـە: وە ئەوانەی کە کافـرو بێ باوەڕبوون بەپەیامبەرەکانی خۆیانیـان گـوت: ئەمـە سـوێندی بێـت لـەم وڵات و سـەر زەوییەمانـدا دەرتـان دەکەیـن یـان دەبـێ واز لـەو دینـە بێنـن و، بگەڕێنـەوە بۆ دیـن و بیروبـاوەڕی ئێمە).

کەواتـە ئەگـەر زانـرا پەنـد و دەرس بـە پێـی کەمـالی کۆتاییەکەیـە نـەک بـە کـەم وکورتـی سـەرەتاکەی، ئـەم کەمالـەش بـێ گومـان بەتەوبـەو داوای لێخۆشـبوون بەدەسـت دەهێنرێـت ، وە پێویسـتە هەمـوو بەندەیـەک تەوبـە بـکات، ئەویـش واجـب و پێویسـتە لەسـەر پێشـینەکان و پاشـینەکان، هەروەکـو خـوای گـەورە دەفەرموێـت:﴿لِّيُعَذِّبَ ٱللَّهُ ٱلۡمُنَٰفِقِينَ وَٱلۡمُنَٰفِقَٰتِ وَٱلۡمُشۡرِكِينَ وَٱلۡمُشۡرِكَٰتِ وَيَتُوبَ ٱللَّهُ عَلَى ٱلۡمُؤۡمِنِينَ وَٱلۡمُؤۡمِنَٰتِۚ وَكَانَ ٱللَّهُ غَفُورٗا رَّحِيمٗا ٧٣﴾ (الأحزاب) واتـە: بـۆ ئـەوەی لـە ئاکامـدا - بـە هـۆی پشـتگوێ خسـتن و سـەرپێچی و خیانـەت لـەو سـپاردەیە -خـوا سـزای پیـاوان و ژنانـی دووڕوو هاوبەشـدانەران بـدات و تەوبـەش لـە پیـاوان وژنانـی بـڕوادار- بـە هـۆی پاراسـتنی ئـەو

سپاردەیەو گوێڕایەڵی و تاعەتەیان- وەربگرێت. دیارە خوایش هەمیشە لێبوردەیە، دلۆقان و میهرەبانە قەڵەمی لێبوردن بەسەر گوناهانداا دێنێ.).

خوای گەورە هەواڵی تەوبەی ئادەم و نوح و ئەوانەی پاش ئەوان پێداوین تاکو کۆتا پێغەمبەر (محمد) (ﷺ)، وە کۆتا ئایەتێک یا لە کۆتا ئایەتەکان کە دابەزیوەتە سەری ئەو ئایەتەیە کە دەفەرموێت:﴿ إِذَا جَآءَ نَصۡرُ ٱللَّهِ وَٱلۡفَتۡحُ ۝١ وَرَأَيۡتَ ٱلنَّاسَ يَدۡخُلُونَ فِي دِينِ ٱللَّهِ أَفۡوَاجٗا ۝٢ فَسَبِّحۡ بِحَمۡدِ رَبِّكَ وَٱسۡتَغۡفِرۡهُۚ إِنَّهُۥ كَانَ تَوَّابَۢا ۝٣ ﴾ (النصر)[1] واتە: هەرکە کۆمەکی خواهات و دەرگای سەرکەوتن و زاڵبوون کرایەوە، واتە: مەککەت لەبت و بتپەرستیی ئازاد کردو زاڵبوویت بەسەر دوژمنانی دین و گەل و وڵاتدا (١) ودیتت خەڵکی پۆل پۆل دێنە ناو دین و ئایینی خواوە، بەتایبەتی عەرەبەکان، پاش ئەو خۆگرتن و ململانێیە(٢) ئەوسا تۆبش زۆر بەدڵنیاییەوە پەروەردگاری خۆت بەپاك و بێخەوش راگرە، واتە: لەسەر ئەو نازو نیعمەت و بەهرە گەورەیە پێی بەخشیویت هەمیشە سوپاسی بکە و لەبەرامبەر هەندێ حاڵەت و بارودۆخ، کە بەسەر خۆت و هاوەڵانتدا دێت، داوای لێبوردنی لێبکە، وەیان نەوەك بەهۆی ئازاد کردنی شاری مەککەوە خۆبایی بوون سەر هەڵبدا، واتە: ئەگەرچی تۆ هەرگیز لەخۆبایی نابیت، چونکە تۆ پەروەردە کراوی دەستی خوایت، بەڵام با هاوەڵانیشت دەرس لەتۆوە وەرگرن بەڕاستی ئەو خوایە زۆر تەوبە وەرگرو چاوپۆشیکارە(٣) .

ئەمجار باسی چەندین دەقی کردووە دەربارەی ئیستغفاری پێغەمبەری خوا(ﷺ) ، ئەمجار فەرمووی: (وە دەقەکانی کیتاب و سوننە لەم بابەتە زۆر و ئاشکران، وە ئەو قسەو شوێنەوارانەی کە لە هاوەڵان و شوێنکەوتوان و زانایانی موسڵمانانەوە هاتوون زۆرن ، بەڵام نەیاران تەئویلی ئەم دەقانە دەکەن لە جۆری تەئویلاتی جەهەمی و (باطنیة)کان ، هەروەکو ئەوانەی لەم بابەتەدا کردویانە ، وە تەئویلاتەکانیان ئەگەر هەرکەسێ بە جوانی لێی تێفکرێ بۆی ڕوون دەبێتەوە کە پووچەڵن ، لە بابەتی تەحریف وشەکانە لە جێگەی خۆی، وەکو چۆن تەئویلی ئەم ئایەتەیان کرد کە

---

(١) مجموع الفتاوى : (١٠/٣٠٩-٣١٠) .

دەفەرموێـت:﴿لِّيَغْفِرَ لَكَ ٱللَّهُ مَا تَقَدَّمَ مِن ذَنۢبِكَ وَمَا تَأَخَّرَ ۝٢﴾ (الفتح) واتـە: تاخـوا لەو شـتانەی -کـە سـەبارەت بـە پلـەو پایـەی بـەرزی تـۆ- وەك گونـاە وانـە، خـۆش ببێـت، چ گوناهـی رابـردوو، وە چ گوناحەکانـی دوا رۆژو ئاینـدەت).

پێشـینەکە (المتقـدم) تاوانەکـەی ئادەمـە و پاشـینەکان (المتأخـر) تـاوانی ئوممەتەکەیـەتی ، پووچەڵـی ئـەم قسـەش ئاشـکرایە)) [1]

هەروەهـا دەڵێـت: ((جمهـوری زانایـان ئەوانـەی کـە دەڵێـن دروسـتە تاوانـە بچوکـەکان لـەوان بوەشـێتەوە دەڵێـن: ((ئـەوان مەعصومـن لـە داننـان بـە تاوانەکانـدا ، ئـەو کاتـە، کەواتـە بـە هیـچ شـتێک وەصفـی ئەوانـی نەکـردووە ئیلـلا بەشـتێک کـە کەمـالی ئـەوانی تێدایـە، چونکـە کـردەوەکان بـە پێـی کۆتاییەکەیەتـی ، وە قسـەی نەیارانیـش لازمـی دەکات کـە پێغەمبـەر تەوبـە نـاکات و ناگەڕێتـەوە بـۆ لای خـوا ...)) مەبەسـتەکە تـەواو بـوو .

دەتوانین پوختەی ئەم باسە لەم چەند خاڵەدا کۆ بکەینەوە:

عیصمەتـی پێغەمبـەران هەندێکیـان یەکدەنگـی لەسـەری هەیـە لـە سـەرەتاو کۆتاییەکـەی، وە هەندێکـی جیـاوازی هەیـە لەسـەری سـەرەتاکەی نـەک کۆتاییەکـەی، رووبکردنـەوەی ئـەم بابەتـەش لەمـەدا دەردەکـەوێ :-

١- زانایـان یەکدەنگـن لەسـەر عیصمەتـی ئـەوان لـەوەی هەواڵیـان داوە دەربـارەی خـوای گـەورەو گەیاندنـی پەیامەکانـی ، چونکـە ئـەم عیصمەتـە ئەوەیـە کـە مەبەسـتی پەیـام و پێغەمبەرایەتیەکـەی پـێ ڕووەدات .

٢- جیـاوازن لـە عیصمەتـی ئـەوان لەسـەر سـەرپێچەکان ، هەندێکیـان دەڵێـن مەعصومـن لەسـەرپێچیەکان بـە ڕەهایـی، گـەورەو بچووکـەکان، چونکـە پلـەی پێغەمبەرایەتـی دەیپارێـزێ لـەوەی بکەوێتـە نێـو تاوانـەوەو سـەرپێچی خـوای گـەورە بـکات بە ئەنقەسـت، چونکـە ئێمـە فەرمانمـان پێکـراوە چاویـان لـێ بکەیـن، ئـەوەش وا دەکات کـەوا ناکرێـت بکەونـە نێـو تاوانـەوە بـە کردارەکانیـان، چونکـە فەرمـان کـردن بەچاولێکردنیـان پێویسـتی دەکات کـەوا هەمـوو کردەوەکانیـان گوێڕایەڵـی بێـت، وە ئـەو ئایـەت و فەرموودانـەی لـەو

---

(١) مجموع الفتاوى : (١٠/٣١٣-٣١٤) .

بارەیـەوە هاتـووە کـە ئـەو جـۆرە دەسـەلمێنێ تەئویلـی دەکـەن، بـەڵام جمهـوری زانایـان دەڵێـن: دەکرێـت تاوانـە بچووکـەکان ئەنجـام بـدەن ، بەبەڵگـەی ئـەوەی لـە قورئـان و فەرموودەکانـدا هاتـووە، بـەڵام ئـەوان سـوور نەبـوون لەسـەری، تەوبـەی لـێ دەکـەن و لێـی دەگەڕێنـەوە، هەروەکـو لـە پێشـدا بـە درێـژی باسـکرا، کەواتـە ئـەوان مەعصومـن لەسـەر سـوور بـوون لەسـەر تـاوان ، وە چاولێکردنیـان بـە تەوبەکردنەکانیـان دەبێـت لەوانـەدا .

دینی پێغەمبەران یەک دینە:

دینی پێغەمبەران یەک دینە، هەر چەندە شەریعەتەکانیان جیاوازبێت :

خوای گـەورە دەفەرموێـت:﴿ ۞شَرَعَ لَكُم مِّنَ ٱلدِّينِ مَا وَصَّىٰ بِهِۦ نُوحًا وَٱلَّذِيٓ أَوۡحَيۡنَآ إِلَيۡكَ وَمَا وَصَّيۡنَا بِهِۦٓ إِبۡرَٰهِيمَ وَمُوسَىٰ وَعِيسَىٰٓۖ أَنۡ أَقِيمُواْ ٱلدِّينَ وَلَا تَتَفَرَّقُواْ فِيهِۚ ١٣ ﴾ (الشـوری) واتـە: هـەر ئـەو دیـن و ئایینـەی بە(نـووح و ئیبراهیـم و مووسـاو عیسـا)ی (ئولولعـەزم) و لێبـڕاوو نەبـە زاومـان سـپارد، کردمانـە دیـن و ئاییـن بـۆ ئێوەش(ئـەی ئوممەتـی ئیسـلام!) واتـە: پێغەمبـەران هەمـوو یـەك ئامانـج و یـەك مەبەسـتیان بـووە، یـەك دیـن و یـەك بیروباوەڕیـان بـووە، ئەگەرچـی هێنـدێ جیاوازییـان هەبووبـێ لەشـەریعەت و بەرنامەیانـدا، کـە پەرتـەوازەو کۆمـەڵ کۆمـەڵ مەبـن تێیـدا، واتـە: دەبـێ هەمـوو بەڕێـك و پێکـی ڕێبـازی ئـەو ئایینـە ڕاگـرن و دەسـت لـە یەکتاپەرسـتیی قایـەم کـەن و دەسـتی لێبـەر نـەدەن، و کێشـەو ناکۆکیـی و جیاوازیتـان تێیدانەبـێ).

خـوای گـەورە دەفەرموێـت:﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلرُّسُلُ كُلُواْ مِنَ ٱلطَّيِّبَٰتِ وَٱعۡمَلُواْ صَٰلِحًاۖ إِنِّي بِمَا تَعۡمَلُونَ عَلِيمٞ ٥١ وَإِنَّ هَٰذِهِۦٓ أُمَّتُكُمۡ أُمَّةٗ وَٰحِدَةٗ وَأَنَا۠ رَبُّكُمۡ فَٱتَّقُونِ ٥٢ ﴾(المؤمنـون) واتـە: وتمـان: ئـەی پەیامبـەران! هـەر لەخۆراکـی پـاك و حـەڵاڵ بخـۆن و بـەردەوام کاری چـاك ئەنجـام بـدەن، واتـە: پەیامبەرانمـان گشـت بـەو جـۆرە ڕێنمایـی کـردوون، کەواتـە ئوممـەت و گەلەکەیشـیان دەبـێ هـەروا ڕەفتـار بکـەن بێگومـان مـن زانـاو ئـاگادارم بـەو کارو کردەوەیـە ئێـوە دەیکـەن(٥١) وە بەڕاسـتی هـەر ئەمەشـە ئاییـن و بەرنامـەی تـاك و تەنهـای ئێـوە ئـەی پەیامبـەران کەهـەر یـەك ئاییـن و یـەك بەرنامەیـە بـۆ بانـگ کردنـی خەڵکـی بـۆ پەرسـتنی یـەك تاکەخـوا، هەرچەنـد لەهەنـدێ ئەحکامـی

فەرعیـدا جـۆرە جیاوازییـەك هەبێـت، بـەڵام لەعەقیـدەو ئایدۆلۆژیـدا هەموویـان یەکـن ومـن پـەروەردگاری ئێـوەم، جـا کەوایـە هۆشـیار بـن، لەسـەرپێچی و نافەرمانـی مـن خۆبپارێـزن) .

پێغەمبەری خوا(ﷺ) دەفەرموێت: (**إنا معاشر الأنبياء ديننا واحد ، والانبياء إخوة لعلات**)[1]

وە دینـی پێغەمبـەران دینـی ئیسـلامە، کـە خـوای گـەورە هیـچ دینێکـی تـر وەرناگـرێ جگـە لـەو دینـە ، ئەویـش تەسـلیم بوونـە بـۆ خـوای گـەورە بـە تەوحیـدو ملکـەچ بـوون بـۆی بـە گوێڕایەڵـی، وە ئیخـلاصی و خۆڕزگارکـردن لـە شـیرک و ئەهلەکـەی :

خـوای گـەورە دەربـارەی (نـوح) دەڵێـت :﴿ وَأُمِرْتُ أَنْ أَكُونَ مِنَ ٱلْمُسْلِمِينَ ﴿٩١﴾ ﴾ (النمـل) واتـە: فەرمانـم پێکـراوە کـە لەموسـڵمانان بـم و تەنهـا بـۆ ئـەو ملـم کـەچ بکـەم).

وە دەربـارەی ئیبراهیـم فەرموویـەتی : ﴿ إِذْ قَالَ لَهُۥ رَبُّهُۥٓ أَسْلِمْ ۖ قَالَ أَسْلَمْتُ لِرَبِّ ٱلْعَٰلَمِينَ ﴿١٣١﴾ ﴾(البقـرة) واتـە: ئـەو دەمـە کەپـەوەردگاری هەڵبـژاردو پێـی فەرمـوو: دەبـێ ملکەچـی بڕیـارو فەرمانـی مـن بـی و، خـۆ تەسـلمیی ئێمـە بکەیـت، ئەوجـا ئەویـش گوتـی: وا خـۆم تەسـلیم و ملکەچـی فەرمانەکانـی پـەروەردگاری جیهـان کـردو، تەنیـا رووڵـەو دەکـەم.)

وە دەربـارەی موسـا فەرموویـەتی:﴿ وَقَالَ مُوسَىٰ يَٰقَوْمِ إِن كُنتُمْ ءَامَنتُم بِٱللَّهِ فَعَلَيْهِ تَوَكَّلُوٓا۟ إِن كُنتُم مُّسْلِمِينَ ﴿٨٤﴾ ﴾ (یونـس) واتـە: موسـا وتـی: ئـەی گەلەکـەم ! ئەگـەر بەڕاسـتی ئێـوە باوەڕتـان بەخـوا هێنـاوە جـا دەبـێ تەنهـا پشـت بـەو ببەسـتن ئەگـەر موسـڵمان و ملکەچـی فەرمانـی ئەوبـوون).

وە دەربـا رەی مەسـیح فەرموویـەتی :﴿ وَإِذْ أَوْحَيْتُ إِلَى ٱلْحَوَارِيِّـۧنَ أَنْ ءَامِنُوا۟ بِى وَبِرَسُولِى ۖ قَالُوٓا۟ ءَامَنَّا وَٱشْهَدْ بِأَنَّنَا مُسْلِمُونَ ﴿١١١﴾ ﴾ (المائـدة) واتـە: ئـەی عیسـا! بیـری ئـەو بەخششـەیش بکـەوە کـە دڵسـۆزەکانتم تێگەیانـد دەبـێ بڕواتـان بـە مـن هەبـێ و بەپەیامبەرەکەشـم، واتـە: پشـتیوانی لـێ بکـەن و باوەڕتـان پێـی هەبێـت وتیـان:

---

(١) اخرجه البخاري (٣٤٤٣) .

خوایـە! باوەڕمـان هێنـا تۆشـایەت بـە ، کـە ئێمـە هـەر موسـڵمان و گوێڕایەڵـی تۆیـن).

هەروەهـا خـوای گـەورە دەربـارەی پێغەمبـەرانی پێشـوو وە دەربـارەی تـەورات فەرمویـەتی:﴿ يَحۡكُمُ بِهَا ٱلنَّبِيُّونَ ٱلَّذِينَ أَسۡلَمُواْ لِلَّذِينَ هَادُواْ ﴾(المائـدة) واتـە: هەمـوو ئـەو پەیامبەرانـەی (بەنـی ئیسرائیـل) -کـە بـەر فەرمـان و ملکەچـی بڕیـاری خوابـوون- هـەر بـەو تەوراتـە داوەریـی مووسـاییەکانیان دەکـرد، واتـە: ئێسـتا جوولەکـە لەرێـی راسـت لایانـداوە) .

وە خـوای گـەورە دەربـارەی شـاژنەکەی (سـبأ) فەرموویـەتی :﴿ رَبِّ إِنِّي ظَلَمۡتُ نَفۡسِي وَأَسۡلَمۡتُ مَعَ سُلَيۡمَٰنَ لِلَّهِ رَبِّ ٱلۡعَٰلَمِينَ ﴾ (النمـل) واتـە: ئـەی پـەروەردگاری مـن ! بێگومـان مـن تائێسـتا سـتەمم لەخـۆم کـردووە، کـە خـۆرم پەرسـتووە، وەلـە ئیسـتاوە لەگـەڵ سـولەیماندا ملکـەچ و تەسـلمیی خـوای پـەروەردگاری جیهانـەکان بـووم).

جـا ئیسـلام دینـی هەمـوو پێغەمبەرانـە ، ئەویـش بریتیـە لـە تەسـلیم بـوون بـۆ خـوای گـەورە، جـا هەرکەسـێ تەسـلیم خـواو جگـە لـەو ئـەو بێـت ئـەوە موشریکـە، وە هەرکەسـێ تەسـلیمی ئـەو نەبـێ ئـەوە کەسـێکی خۆبەزلزانـە و فیزلـە، وە هەمـوو موشریـک و خـۆ بەزلزانێـک لـە پەرسـتنی خـوا کافـرن .

وە تەسـلیم بـوون بـۆ خـوای گـەورە پەرسـتنی خـوای گـەورە بـە تەنهـا و گوێڕایەڵـی کـردنی ئـەو لـە خـۆ دەگرێـت، ئەویـش بـەو شـێوە دەبـێ کـە گوێڕایەڵـی بکرێـت لـە هەموو کاتێکـدا بـە ئەنجامـدانی ئـەوەی فەرمـانی پێکـردووە لـەو کاتـەدا ، جـا ئەگـەر لەسـەرەتای ئیسـلامدا فەرمانـی کـردە ڕووکردنـە (بیـت المقـدس) ، ئەمجـار لـە پـاش ئـەوە فەرمـان کـرد بـە ڕووکردنـە کەعبـە، جـا هـەردوو فەرمانەکـە -کاتـێ فەرمـانی پێکـرا - بەشـێک بـوو لـە ئیسـلام ، کەواتـە دیـن بریتیـە لـە گوێڕایەڵـی، وە هەریـەک لـەو دوو کارە خواپەرسـتیە ، بـەڵام هەنـدێ لـە شـێوەکانی ئـەو کارانـە جیـاوازن ، ئەویـش ڕووکردنـی کـەسی نوێـژەرە، ئـا بـەم شـێوەیە دینـی پێغەمبـەران هەمـووی یەکـە، هەرچەنـدە شـەریعەت و مەنهـەج و ڕووکـردن و مەناسـیکەکانیان جیاوازبێـت، ئـەوە ڕێگـر نیـە کـەوا دینەکەیـان یەکێـک بێـت، هەروەکـو چـۆن ڕێگـر نەبـووە لـە شـەریعەتی یـەک پێغەمبـەردا ، هەروەکـو نمونەمـان هێنایـەوە لەسـەر ڕووکردنـە (بیـت المقـدس) لـە سـەرەتاوە ئەمجـار ڕووکردنـە (کەعبـە) لـە

جـاری دووەمـدا لـە شـەریعەتی (محمـد) دا(ﷺ) .

جـا دینـی پێغەمبـەران یـەک دینـە، هـەر چەنـدە شـەریعەتەکانیان جـۆراو جـۆر و جیـاواز بێـت، جـاری وا هەیـە خـوای گـەورە لـە کاتێکـی دیـاری کـراودا شـەرعێک دادەڕێـژێ لەبـەر حیکمەتێـک، پاشـان لـە کاتێکـی تـردا شـەریعەتێکی تـر دادەڕێـژێ لەبـەر حیکمەتێـک ، جـا کارکـردن بـە (منسـوخ) لـە پێـش نەسـخ کـردنی گوێڕایەڵـی خوایـە، وە لـە پـاش نەسـخ کردنەکـە پێویسـتە کار بـە (ناسخ)ـەکە بکرێـت، جـا هەرکەسـێ دەسـتی بـە (منسوخ)ـەکەوە گـرت و وازی لـە (ناسخ)ـەکە هێنـا ، ئـەوا لەسـەر دینـی ئیسـلام نیـە، وە شـوێنکەوتەی هیـچ پێغەمبەرێـک نییـە، بۆیـە جولەکـەو گاورەکان کوفریـان کـرد ، چونکـە دەسـتیان بەشـەرعێکی گـۆڕاوی (منسوخ)ـەوە گرتـووە .

خـوای گـەورە بـۆ هـەر ئوممەتێـک شـەرعێک دادەڕێـژێ کـە شـیاوی حـاڵ و کاتەکەیـان بێـت، وە کەفیـلی چاکسـازی ئەوانـی تێـدا بێـت، بەرژەوەندیـەکانی ئـەو ئوممەتـەی تێـدا بـەدی بکرێـت ، ئەمجـار خـوای گـەورە ئـەو شـەریعەتە نەسـخ دەکاتـەوە لەبـەر تـەواو بـوونی ئەجەلەکـەی ، تـا ئـەو کاتـەی خـوای گـەورە (محمـد)ی(ﷺ) ڕەوانـە کـرد کـە کۆتـا پێغەمبـەرە بـۆ هەمـوو خەڵکـی سـەر زەوی ، وە بـۆ هەمـوو سـەردەمەکان تـا ڕۆژی قیامـەت، وە شـەریعەتێکی بـۆ داڕێـژا کـە گشـتگیر بێـت و بـە کەڵکـی هەمـوو کات و شـوێنێک بێـت ، ناگۆڕدرێـت و نەسـخ ناکرێتـەوە، بۆیـە خەڵکـی سـەر زەوی هیـچ شـتێکیان بـۆ نیـە ئیللا شـوێنکەوتن و ئیـمان هێنـان پێـی نەبـێ ، خـوای گـەورە دەفەرمووێـت:﴿ قُلْ يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ إِنِّى رَسُولُ ٱللَّهِ إِلَيْكُمْ جَمِيعًا ﴿١٥٨﴾ ﴾ (الأعـراف) واتـە : پێغەمبـەر! بڵـێ: ئـەی خەڵکینـە! چـاك بزانـن کـە: مـن پەیامبـەرو نێـردراوی خـوام بـۆلای سـەرجەم ئێـوە ، نـەك تەنهـا بـۆ لای هەندێکتـان).

خـوای گـەورە دەفەرموێـت:﴿ وَمَآ أَرْسَلْنَٰكَ إِلَّا كَآفَّةً لِّلنَّاسِ بَشِيرًا وَنَذِيرًا ﴿٢٨﴾ ﴾ (سـبأ) واتـە : ئێمـە هـەر بۆیـە تۆمـان نـارد ئـەی موحەممـەد(ﷺ)! کـە بـۆ تـەواوی خەڵکانـی جیهـان، ببیتـە مـوژدەدەرو ترسـێنەر.)

خـوای گـەورە دەفەرموێـت: ﴿وَمَآ أَرۡسَلۡنَٰكَ إِلَّا رَحۡمَةٗ لِّلۡعَٰلَمِينَ ١٠٧﴾ (الأنبياء) واتـە: ئێمـە هـەر بۆیـە تۆمـان نـارد کـە رەحمـەت و بەزەیـی و میهرەبانییـەك بیـت بـۆ هەمـوو جیهانیـان تادەسـتیی تـەواوی مـەردوم بـەرەو هیدایـەت و رێگـەی بەختیاریـی بگریـی، دیـارە هـەر تەنهـا ئەوانـەش بەهرەمەنـد ئەبـن پێـت کـە خۆشـیان ئامـادە بـن بـۆ بیسـتنی بانگەوازەکـەت) .

خـوای گـەورە دەفەرموێـت: ﴿مَّا كَانَ مُحَمَّدٌ أَبَآ أَحَدٖ مِّن رِّجَالِكُمۡ وَلَٰكِن رَّسُولَ ٱللَّهِ وَخَاتَمَ ٱلنَّبِيِّـۧنَ ٤٠﴾(الاحـزاب) واتـە : موحەممـەد (ﷺ) باوکـی هیـچ پیاوێکتـان نییـە، نـە زەیـدو نـە کەسـی دیکەتـان هەتـا حـەرام بێـت ژنـی بـە کوڕکـراوی خـۆی- پـاش تەڵاقدانـی- مارەبـکات، بەڵکـو ئـەو پەیامبـەری خوایـەو دواهەمینـی پەیامبەرانـە، کۆتایـی زنجیـرەی پەیامبەرانـی پێهاتـووە).

وە ئـەو ئایەتانـەی خـوای گـەورە دایبەزاندووەتـە سـەر پێغەمبەرەکـەی (محمـد) (ﷺ) دواندنی هەمـوو خەڵکی تێدایـە لە جنۆکەو مرۆڤـەکان، هەرچەندە ڕەگەزەکانیـان جیاوازبێت، وە بەهیـچ شـێوەیەک عـەرەبی تایبـەت نەکـردووە بـە حوکمێـک لـە حوکمـەکان ، بەڵکـو ئەحکامـەکانی پەیوەسـت کـردووە بـە نـاوی کافـرو ئیمانـدارو موسـڵمان و دووڕوو و چاکەکارو خراپـەکارو سـتەمکارو (محسـن) و جگـە لەوانـە کـە ناویان لـە قورئـان و فەرمـوودەدا هاتووە ، جـا لـە قورئـان و فەرمـوودەدا نەهاتـووە تایبەتمەنـد کـردنی عـەرەب بـە حوکمێک لـە حوکمە شـەرعیەکان ، بەڵکـو حوکمەکانی پەیوەسـت کـردووە بەو صیفەتانەوە کە خوای گەورە خۆشـی دەوێ و ئەوانـەی ڕقـی لێیـەتی، وە دابەزاندنی قورئان بە زمانی عـەرەبی لەبەر تەبلیغ و گەیاندنە، چونکـە لـە سـەرەتاوە قەومەکـەی خـۆی تەبلیـغ کـرد ، ئەمجـار لـە ڕێـگای ئەوانـەوە هەمـوو ئوممەتـەکانی تـری ئـاگادار کـردەوە ، خـوای گـەورە لـە سـەرەتاوە فەرمـانی پێکـرد بـە ئـاگادار کردنـەوەی قەومەکـەی خـۆی ، ئەمجار نزیکترین و ئەمجار نزیکتریـن ، هەروەکو چۆن فەرمانی کـرد بـە جیهـاد کردن لە گەڵ نزیکتریـن ئەمجار نزیکترین، ئەمەش تایبەتمەندکـردنی نیە ، بەڵکو تـەدەروج کردنـە لـە گەیانـدن و تەبلیغدا .

جـا مەبەسـت ئەوەیـە کـە دینـی پێغەمبـەران هەمـووی یەکـە، بریتیـە لـە ئیخـلاصی پەرسـتن تەنهـا بـۆ خـوا ، وە نەهـی کردن لە شـیرک و فەسـاد، هـەر چەندە شـەریعەتەکەیان

جـۆراو جۆربێـت بەپێـی پێویسـتی و (ظـروف) ، تـا ئـەو کاتـەی بـە (محمـد) (ﷺ) کۆتاییـان پـێ هـات، ئـەو کەسـەی کـە پەیامەکـەی هەمـوو خەڵکـی گرتـەوە، وە تاکـو کۆتایـی دونیـا دەڕوات، بەهیـچ شـێوەیەک گـۆڕان و نەسـخی بەسـەردا نایـەت، ئـەم دینـەش بەکەڵکـی هەمـوو کات و شـوێنیەک دەگونجـێ و بـۆ بەرژەوەنـدی ئەوان باشـە، وە هیـچ پێغەمبەرێک لـە پـاش ئـەو نییـە تا کۆتـا زەمـان، ئەویـش فەرمـان دەکات بـەوەی پێغەمبـەرانی پێش خۆی فەرمانیـان پێکـردووەو لـە ئیـمان و ئیخـلاصی خواپەرسـتی بەپێـی ئـەو شـەرعەی داڕێـژراوە لـە ئەحکامـەکان، ئەویـش پشـت ڕاسـتکەرەوەی قسـەی بـرا پێغەمبەرەکانیـەتی، وە بـرا پێغەمبەرەکانیـشی مـوژدەی ئەمیـان داوە، بـە تایبـەتی نزیکتریـن پێغەمبـەر لەسـەردەمی ئەمـەوە کـە ئەویـش عیسـای کـوڕی مەریەمـە، کاتـێ بـە قەومەکـەی خـۆی گـوت:﴿ وَإِذْ قَالَ عِيسَى ٱبْنُ مَرْيَمَ يَٰبَنِيٓ إِسْرَٰٓءِيلَ إِنِّي رَسُولُ ٱللَّهِ إِلَيْكُم مُّصَدِّقًا لِّمَا بَيْنَ يَدَيَّ مِنَ ٱلتَّوْرَىٰةِ وَمُبَشِّرًۢا بِرَسُولٍ يَأْتِي مِنۢ بَعْدِى ٱسْمُهُۥٓ أَحْمَدُ ۖ ﴾ (الصف) واتـە : ئـەی نەوەکانـی یەعقـوب! بێگومـان مـن پێغەمبـەرو نێـرراوی خـوام بـۆلای ئێـوە ددانیـش بـەو تەوراتـەدا دەنێـم لـە بەردەسـتمدایە مزگێنیـش بـە هاتنـی پەیامبەرێـک دەدەم - کەپـاش خـۆم دێ - ناوی(ئەحمەد)ـە).

وە لـە کتێبـەکانی پێشـوودا وەصفـی ئـەم پێغەمبـەرەو(ﷺ) تایبەتمەندیـەکانی ڕوونکراوەتـەوە کـە لەوپـەڕی ڕوونی ئاشـکرایی دایـە، هەرچەنـدە خەڵکێـک لـە جولەکـەو گاورەکان نکۆڵییـان لێکـرد بـە هـۆی حەسـوودی و فیزلیـەوە، هەروەکـو خـوای گـەورە فەرموویـەتی : ﴿ ٱلَّذِينَ ءَاتَيْنَٰهُمُ ٱلْكِتَٰبَ يَعْرِفُونَهُۥ كَمَا يَعْرِفُونَ أَبْنَآءَهُمْ ۖ وَإِنَّ فَرِيقًا مِّنْهُمْ لَيَكْتُمُونَ ٱلْحَقَّ وَهُمْ يَعْلَمُونَ ﴿١٤٦﴾ ﴾(البقـرة) واتـە : ئەوانـە کتێـب و نامەمـان پێـداون چـاك ئـەو (پەیامبەر)ـە دەناسـن و، هەرچیشـی لەگـەڵ خـۆی هێنـاوە دەزانـن راسـتە، هەرچۆنـێ منـداڵ و کوڕانـی خۆیـان دەناسـن. بەراسـتیی دەستەیەکیشـیان نکوولـی ئـەو هەقـە دەکـەن و راسـتیی دەشـارنەوە وچاکیـش شـارەزان و دەزانـن کـە: هـەق و راسـتیی کامەیـە ؟ بـەڵام لەبـەر ئێرەیـی وعینـادی خۆیـان بـاوەڕ ناهێنـن!).

خودایـە ڕێـگای حەقـمان پیشـان بـدەو شـوێنکەوتنی بەنسـیبمان بکـەو ڕێـگای ناحەقـمان پیشـان بـدەو دوورکەوتنـەوەی بـە نسـیبمان بکـە .

باسی تایبەتمەندییەکانی پێغەمبەر (محمد) (ﷺ) بەگشتی :

پێغەمبـەری خـوا(ﷺ) خـاوەنی چەنـد تایبەتمەندییەکـە کـە لـە پێغەمبـەرەکانی تـردا نییـە و چەنـد تایبەتمەندیـەک کـە لـە ئوممەتەکەیـدا نییـە ، لەوانـە :

۱- ئـەو دواییـن پێغەمبـەرە(ﷺ) ، خـوای گـەورە دەفەرموێـت:﴿ مَّا كَانَ مُحَمَّدٌ أَبَآ أَحَدٍ مِّن رِّجَالِكُمْ وَلَٰكِن رَّسُولَ ٱللَّهِ وَخَاتَمَ ٱلنَّبِيِّـۧنَ ﴿٤٠﴾ ﴾ (الأحزاب) واتـە : موحەممـەد(ﷺ) باوکـی هیـچ پیاوێکتـان نییـە، نـە زەیـدو نـە کەسـی دیکەتـان هەتا حـەرام بێت ژنـی بە کوڕکـراوی خۆی- پـاش تەڵاقدانـی- مارەبـکات، چونکـە کـچ وکـوڕی ئـەو ئاشـکران و بێ لـەوان کەسـیتر نابێتە کـچ وکـوڕی، بۆیـە دەتوانـێ ژنەکـەی زەیـد مـارە بـکات بەڵکـو ئـەو پەیامبـەری خوایـەو دواهەمینـی پەیامبەرانـە، کۆتایـی زنجیـرەی پەیامبەرانـی پێهاتـووە).

وە پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) دەفەرموێـت: (**أنـا خاتـم النبيـين، لا نبـي بعـدي**) واتـە: مـن کۆتـا پێغەمبـەرم ، هیـچ پێغەمبەرێـک لـە پـاش مـن نییـە) .

۲- ئـەو خاوەنـی پلـەو پایـە بـەرزو مەحمـودە (المقـام المحمـود) ئەویـش بریتیـە لـە شـەفاعەتە گـەورەو مەزنەکـە، هەروەکـو خـوای گـەورە دەفەرموێـت:﴿ عَسَىٰٓ أَن يَبْعَثَكَ رَبُّكَ مَقَامًا مَّحْمُودًا ﴿٧٩﴾ ﴾ (الإسراء) واتـە : بـە ئومێـد بـە پـەروەردگارت بتنێرێتـە شـوێن و جێگایەکـی پەسـەندو بەرێزەوە(مەقامـەل مەحمـوود) پێشـینان و پاشـینانیش سوپاسـت بکـەن ،ئـەو جێگایـەش پێیدەڵێن:(الشـفاعة العظمـی) لـەوێ تـکا بـۆ هەمـوو موسـڵمانان بەگشـتیی دەکرێـت).

هەروەهـا چـۆن لـە فەرمـوودە درێژەکـەی (الشـفاعه) دا هاتـووە کـە بوخـاری و مسـلم رِیوایەتیـات کـردووەو (صحیح)ـــە : ((**أن اللـه يَجْمَـعُ اللَّـهُ يَـوْمَ الْقِيَامَـةِ الْأَوَّلِـينَ وَالْآخِرِيـنَ فِي صَعِيـدٍ وَاحِـدٍ ، فَيَقُـولُ بَعْـضُ النَّـاسِ لِبَعْـضٍ : أَلَا تَـرَوْنَ مَـا أَنْتُـمْ فِيـهِ؟ أَلَا تَـرَوْنَ مَـا قَـدْ بَلَغَكُـمْ ؟ أَلَا تَنْظُـرُونَ مَـنْ يَشْـفَعُ لَكُـمْ إِلَى رَبِّكُـمْ؟ فَيَأْتُـونَ آدَمَ ، ثـم نُوحًـا ، ثـم إِبْرَاهِيـمَ ، ثـم مُـوسَى (عليه السلام) ، ثـم عِيـسَى ، ثـم مُحَمَّـدٍ (ﷺ)، فكلهـم يقـول : اذْهَبُـوا إِلَى غَـيْرِي ، إلا محمـداً (ﷺ)، فإنـه يقـول : أنـا لهـا ، فيخـر سـاجداً إلى أن يـؤذن لـه بالشـفاعة ، وبهـذا يظهـر فضلـه عـلى جميـع الخلـق وأختصاصـه بهـذا المقـام**)

واتـە : خـوای گـەورە لـە رۆژی قیامەتـدا خەڵکـی پێشـینان و پاشـینان هەمـوو لـە یـەک شـوێندا کۆدەکاتـەوە، هەندێکیـان بـە هەندێکـی تریـان دەڵێـن : ئایـا نابینـن ئێـوە لـە چ حاڵێکـدان؟ ئایـا نابینـن چـی یەخـەی پـێ گرتـوون؟ ئایـا ناگەڕێـن بـە دوای کەسـێکدا لـە لای خـوا شـەفاعەتتان بـۆ بـکات؟ دەچـن بـۆ لای ئـادەم (عليه السلام) ئەمجـار نـوح، ئەمجـار ئیبراهیـم، ئەمجـار موسـا ، ئەمجـار عیسـا، ئەمجـار محمـد(ﷺ) ، هـەر هەمووێـان دەڵێـن: بچـن بـۆ لای یەکێکیـتر ، ئیلـلا محمـد(ﷺ) نەبێـت، ئـەو دەڵێـت: مـن بـۆ ئـەو کارە ، ئەوێـش دەچێتـە سـوژدە ، تاکـو مۆڵەتـی شـەفاعەتی پـێ دەدرێـت، ئـا بـەم شـێوەیە فەرزڵـی دەردەکەوێـت بـە سـەر هەمـوو خەڵکیـدا و تایبەتمەنـدی بـەم مەقامـە) .

٣- گشـتگیری پەیامەکـەی بـۆ جنۆکـەو مرۆڤـەکان (الثقلیـن) ، خـوای گـەورە دەفەرمـوێ: ﴿ قُلْ يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ إِنِّى رَسُولُ ٱللَّهِ إِلَيْكُمْ جَمِيعًا ﴿١٥٨﴾ ﴾ (الأعـراف) .

وە دەفەرموێ :﴿ وَمَآ أَرْسَلْنَٰكَ إِلَّا كَآفَّةً لِّلنَّاسِ ﴿٢٨﴾ ﴾ (سبأ).

وە دەفەرمـوێ: ﴿ تَبَارَكَ ٱلَّذِى نَزَّلَ ٱلْفُرْقَانَ عَلَىٰ عَبْدِهِۦ لِيَكُونَ لِلْعَٰلَمِينَ نَذِيرًا ﴿١﴾ ﴾ (الفرقـان) واتـە : بڵنـدو گەورەیـە، پیـرۆزو بەپیتـە ، ئـەو خوایـەی کـە فورقـان و جیاکـەرەوەی راسـت لـە ناڕاسـتی نـاردە سـەر بەنـدەی خـۆی موحەممـەد(ﷺ) واتـە: قورئـان تـا ببێتـە هـۆی بێدارکـەرەوەو ترسـێنەر بـۆ جیهانەکانـی پـەری و ئادەمـزاد، لەسـزای خـوا) .

وە دەفەرموێ :﴿ وَمَآ أَرْسَلْنَٰكَ إِلَّا رَحْمَةً لِّلْعَٰلَمِينَ ﴿١٠٧﴾ ﴾ (الأنبياء)

وە دەفەرمـوێ : ﴿ وَإِذْ صَرَفْنَآ إِلَيْكَ نَفَرًا مِّنَ ٱلْجِنِّ يَسْتَمِعُونَ ٱلْقُرْءَانَ فَلَمَّا حَضَرُوهُ قَالُوٓا۟ أَنصِتُوا۟ ۖ فَلَمَّا قُضِىَ وَلَّوْا۟ إِلَىٰ قَوْمِهِم مُّنذِرِينَ ﴿٢٩﴾ ﴾ (الأحقـاف) واتـە : وە بیـر بێنـە ئـەو کاتـە ئـەی موحەممـەد(ﷺ) - وەک حاکـم ئەڵـێ- کـە نۆکـەس لـە جنۆکەکانمـان نـاردە لات تـا گـوێ رابگـرن لـە قورئـان کاتـێ گەیشـتن و ئامـادەی قورئـان خوێندنەکـە بـوون لەنـاو یەکـتردا وتیـان: گـوێ بگـرن و بـێ دەنـگ بـن، جـا کەوابـوو (ئـەی قورەیـش) بـۆ ئێـوە زۆر نەنگـە کـە بـڕوا ناهێنـن پێـی ئینجـا کـە خوێندنـی قورئانەکـە تەواوبـوو، خێـرا گەڕانـەوە بـۆ لای قەومەکەیـان بـە ترسـاندنیان لـە سـزای خـوا).

ئەمەش یەکدەنگی زانایانی لەسەرە .

وە ئـەو ئایەتانـەی خـوای گـەورە دایبەزاندووەتـە سـەر (محمـد) (ﷺ) دواندنی هەمـوو خەڵکـی تێدایـە لـە جنۆکـەو مرۆڤـەکان، چونکـە پەیامەکـەی گشـتییە بـۆ جنۆکـەو مرۆڤـە، هەرچەنـدە هەنـدێ لـەو ئایەتانـە هـۆکاری دابەزینـی لـە نـاو عەرەبـدا بـووبێ هەبـووە، ئـەوا هیـچ ئایەتێـک نییـە تایبـەت بێـت بـە هۆکارێکـی دیـاری کـراوەوە کـە بـە هۆیـەوە دابەزیـوە بـە کـۆڕای زانایـانی موسـڵمانان، هیـچ یەکێـک لـە موسـڵمانان نەیگوتـوە: ئایەتـەکانی (طـلاق) یـان (ظهـار) یـان (اللعـان) وە یـان (حـەددی دزیکـرن) و (المحاربیـن) ... جگـە لەوانـە تایبەتـە بـە کەسـێکی دیاریکـراوەوە کـە هـۆکاری دابەزینـی ئایەتەکـە بـووە .

مەبەسـت لێـرەدا هەنـدێ لـە ئایەتـەکانی قورئـان هەرچەنـدە هۆکارەکـەی چەنـد کاروبارێـک بـووە لـە نـاو عەرەبـدا بـووبێ هەبـووە، ئـەوا حوکمـی ئایەتـەکانی گشـتی یـە، ئـەوەی ئایەتەکـە لـە خـۆ دەگرێـت دەیگرێتـەوە لـە وشـە و مانـادا، لـە هـەر جۆرێـک بێـت ، (محمـد)ش(ﷺ) ڕەوانـە کـراوە بـۆ مـرۆڤ و جنۆکـە، بانگەوازەکـەی گشـتگیرە بـۆ مـرۆڤ و جنۆکـە، بـە هەمـوو ڕەگەزکانـەوە، بۆیـە نابـێ گومـان وا ببرێـت کـە عـەرەب تایبەتمەندکـراوە بـە حوکمێـک لـە حوکمـەکان، بەڵکـو حوکمـەکان پەیوەسـت کـراوە بـە نـاوی موسـڵمان و کافـرو ئیمانـدار و مونافـق و چاکـەکارو خراپـەکارو (محسـن) و سـتەمکار و جگـە لەوانـە لـەو ناوانـەی لـە قورئـان و فەرمـوودەدا باسـکراوە، وە نـە لـە قورئـان و نـە لـە فەرموودەکانـدا هاتـووە تایبەتمەنـد کـردنی عـەرەب بـە حوکمێـک لـە حوکمـە شـەرعیەکان، بەڵکـو ئەحکامـەکانی پەیوەسـت کـردووە بـەو صیفاتـەوە کـە خـوای گـەورە خـۆشی دەوێ و ئەوانـە کـە ڕقـی لـێ دەبێتـەوە، جـا فەرمـانی بـەوە کـردووە کـە خـوای گـەورە خـۆشی دەوێ و هانـی خەڵکـی بـۆ داوە بـە پێـی توانـا، وە نەهـی لـەوە کـردووە کـە خـوای گـەورە ڕقـی لێـی دەبێتـەوەو باسـەکەی یەکلاکردووەتـەوە بەپێـی توانـا، بەهیـچ شـێوەیەک عـەرەبی تایبەتمەنـد نەکـردووە بـە جۆرێـک لـە جـۆرەکانی حوکمـە شـەرعیەکان، چونکـە بانگەوازەکـەی بـۆ هەمـوو خەڵکیـە، بـەڵام قورئـان بـە زمـانی ئـەوان دابەزیـوە، بەڵکـو بـە زمـانی قوڕەیـش لەبـەر گەیانـدنی، چونکـە ئـەو لـە سـەرەتاوە قەومەکـەی ئـاگادار کـردەوە، ئەمجـار لـە ڕێـگای ئەوانـەوە دینەکـەی گەیانـدە هەمـوو ئوممەتـەکانی تـر، وە فەرمـانی پێکـرد لـە سـەرەتاوە ئـاگاداری قەومەکـەی خـۆی بکاتـەوە، ئەمجـار بـە تەبلیغـی

نزیکتریـن ئەمجـار نزیکتریـن کـەس لـە خۆیـەوە، هەروەکـو چـۆن فەرمـانی کـرد بـە جیهـاد کـردنی نزیکتریـن کـەسی ئەمجـار نزیکتریـن .

جـا هەروەکـو چـۆن ڕەوانـە کرابـوو بـۆ مرۆڤـەکان، هـەر ئـاواش ڕەوانـە کـراوە بـۆ جنۆکـە، جنۆکـەکان گوێبیسـتی ئـەو بـوون لـە کاتی قورئـان خوێندنـدا، ئەمجـار گەڕانـەوە بۆ لای قەومەکەیـان بـۆ ئاگادارکردنەوەیـان، هەروەکـو چـۆن خـوای گـەورە هەواڵـی پێداویـن، ئەمـەش موسـڵمانان لەسـەری یەکدەنگـن .

خـوای گـەورە لـە قورئانـدا بـاسی دوانـدنی مـرۆڤ و جنۆکـەی کـردووە کـە ئـەم بنەمایـە ڕوونـدەکاتـەوە، وەکـو ئـەو ئایەتـەی کـە دەفەرموێـت: ﴿ يَٰمَعۡشَرَ ٱلۡجِنِّ وَٱلۡإِنسِ أَلَمۡ يَأۡتِكُمۡ رُسُلٞ مِّنكُمۡ ﴿١٣٠﴾ ﴾ (الأنعـام) واتـە : ئـەی کۆمەڵـی جنیـی و ئادەمیـی! مەگـەر هـەر لـە خۆتـان (لەئادەمیـی) چەنـد پەیامبەرێکتـان بـۆ نەهاتـن)

خـوای گـەورە هەواڵـی پێداویـن دەربـارەی جنۆکـە کـە ئـەوان وتویانـە:﴿ وَأَنَّا مِنَّا ٱلصَّٰلِحُونَ وَمِنَّا دُونَ ذَٰلِكَۖ كُنَّا طَرَآئِقَ قِدَدٗا ﴿١١﴾ ﴾ (الجـن) واتـە : وە بەڕاسـتی ئێمـە کەسـانی چـاك و باشـمان تیـا هـەن، وە لـە خـوار چاکانەوەشـمان تێـدا هـەن ، ئێمـە جـاران ڕێبـاز گەڵێکـمان گرتبـووە بـەر، واتـە: هـەر دەسـتەیەکمان لەسـەر ڕێگـە و ڕێبازێـك بووێـن و کـەس خەتـی کەسـی نەئەخوێنـدەوەو هیـچ کەسـێك گوێـی بـۆ ئـەوی تـر نەدەگـرت، تـا ئیسـلام هـات، ئیـتر پـاش ئـەوە وا ئێسـتە لەهەوڵـی یەکگرتنداین.).

واتـە: چەنـد مەزهەبێکـی جیـاواز ، موسـڵمانان و کافـران، ئەهـلی سـوننەو ئەهـلی بیدعـە و هەروەهـا وتیـان:﴿ وَأَنَّا مِنَّا ٱلۡمُسۡلِمُونَ وَمِنَّا ٱلۡقَٰسِطُونَۖ ﴿١٤﴾ ﴾ (الجـن) واتـە : وە بێگومـان لـە نـاو ئێمـەدا پـاش بیسـتنی قورئـان کەسـانی موسـڵمان هەیـە، وە کەسـانی لـە ڕێ لادەریشـمان تێدایـە، واتـە: وەك ئێـوە بووینـە دووبـەش، بـڕوادارو، بـێ بـڕوا).

(القاسـط) واتـە : سـتەمکار، دەڵێـن (قسـط) : ئەگـەر سـتەمی کـرد وە دەڵێـن: (أقسـط) : ئەگـەر دادپـەروەری کـرد .

شـیخ الاسـلام ابـن تیمیـە دەفەرموێـت: (پێویسـتە لەسـەر هەمـوو کەسـێک بزانێـت کـە خـوای گـەورە (محمـد) ی(ﷺ) ڕەوانـە کـردووە بـۆ هەمـوو جنۆکـەو مرۆڤـەکان، وە پێویسـت

و واجبـی کـردووە لەسـەریان کـە ئیـمانی پـێ بهێنـن و بـەوەی هێناویـەتی و بـە گوێڕایەڵـی کـردنی، وە ئـەوەی خـواو پێغەمبەرەکـەی(ﷺ) بـە حەڵاڵیـان دانـاوە ئەویـش بـە حەڵاڵـی بزانـێ، وە ئـەوەی خـواو پێغەمبەرەکـەی(ﷺ) بـە حەرامیـان دانـاوە ئەویـش بـە حەرامـی بزانـێ، وە ئـەوەی خـواو پێغەمبەرەکـەی(ﷺ) خۆشـیان دەوێ ئەمیـش خـۆشی بوێـت، وە ئـەوەی خـواو پێغەمبەرەکـەی(ﷺ) رقـی لێیەتـی ئەویـش رقـی لێیبـێ ، وە هەمـوو ئەوانـەی ئیقامـە حوججەیـان لـە سـەر کـراوە بـە پەیامەکـەی (محمـد) (ﷺ) لـە مـرۆڤ و جنۆکـەو ئیـمانی پێـی نەهێنابێـت، ئـەو شایسـتەی تۆڵـەی خـوای گەورەیـە، هەروەکـو چـۆن نموونـەی ئـەو لـە کافـران شایسـتەن ، ئەوانـەی کـە پێغەمبەریـان بـۆ ڕەوانەکـراوە، ئەمـەش بنەمایەکـە یەکدەنگـی لەسـەرە لـە نێـو هـاوەڵان و شـوێنکەوتوانی ئـەوان بـە چاکـەو پێشـەوایانی موسـڵمانان و هەمـوو کۆمەڵـەکانی موسـڵمانان لـە ئەهـلی سـوننەو جەماعـە و جگـە لـەوان ڕەزای خـوا لـە هەموویـان بێـت))[1]

٤- هەروەهـا لـە تایبەتمەندیەکانـی پێغەمبـەر(ﷺ) قورئانـی پیـرۆزە کـە جنۆکـەو مـرۆڤ ملکەچـی ئیعجازەکـەی بـوون، وە دانیـان نـا بـەوەی کـە ناتوانـن لـە نموونـەی کورتتریـن سـورەتی بهێننـەوە ئەهلـی زمـان پـاراوی و ڕەوانبێـژی لـە هەمـوو دینـەکان، وە لـە پێشـدا بـە درێـژی بـاس ئـەوە کـرا .

٥- هەروەهـا لـە تایبەتمەندیەکانـی پێغەمبـەر(ﷺ) بەرزبوونـەوەو میعـراج کردنـی بـۆ ئاسـمانە بـەرزەکان، تاکـو (سـدرة المنتهـی) تاکـو ئاسـتێک کـە دەنگـی قەڵەمەکانـی دەبیسـت ، وە ئەوەنـدە نزیـک بـووەوە بـە ئەنـدازەی دوو کـەوان یـان کەمتـر .

وە لەو تایبەتمەندیانەی ئەو کە لە ئوممەتەکەیدا نییە، ئەوا (القرطبی) لە تەفسـیرەکەیدا دەفەرموێـت: ((خـوای گەورە پێغەمبەرەکـەی(ﷺ) بە چەند ئەحکامێکی شـەرعی تایبەتمەند کـردووە هیـچ کەسـێک بەشـدار نییـە لـە گەڵیدا لـە بابەتی فـەرزو حـەڵاڵ و حەرامـدا، وەکو تایبەتمەندیـەک و جیاوازییـەک لـە گـەڵ ئوممەتەکەیدا، هەروەها وەکو بەخششـێک بۆ ئەو، وە بـە پلـەو پایەیـەک تایبەتمەندکـراوە، بۆیە چەند شـتێکی لەسـەر فەرز کراوە لەسـەر جگە لـە خـۆی فـەرز نەکـراوە ، وە چەنـد شـتێکی لەسـەر حـەرام کـراوە کـە بـۆ جگە لـەو حەرام

---

(١) مجموع الفتاوى (١٩/٩-١٠) .

نەکـراوە، وە چەنـد شـتێکی بـۆ حەڵاڵ کـراوە بۆ جگە لەو حـەڵاڵ نەکراوە، تیایانـدا هەیە کۆ دەنگـی لـە سـەرە و تیایاندا هەیـە جیاوازی لە سـەرە))[1] .

ئەمجـار بـاسی ئـەم تایبەتمەندیانـە دەکات، لەوانـە، شـەونوێژی، دەڵێـن: شـەونوێژی لەسـەر ئـەو (واجـب) بـووە تاکـو کۆچـی دوایـی کـرد ، بـە بەڵگـەی ئـەو ئایەتـە :﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلۡمُزَّمِّلُ ۝١ قُمِ ٱلَّيۡلَ إِلَّا قَلِيلٗا ۝٢ ﴾(المزمل) واتـە : ئـەی کاڵا لـە بـاڵا پێچـاو! ئـەی ئـەو کەسـەی لـەرزت لـێ هاتـووەو خۆتـت داپۆشـیوە ! ئـەی پێغەمبـەر !(١) شـەو هەسـتە واز لەخۆپێچانـەوە بێنـەو گـوڕ بەخـۆت بـدە و نوێـژ بکـە مەگـەر کەمێکـی شـەو نەبـێ بـۆ خـەوو حەوانـەوەت(٢)

وە ئـەوەی هاتـووە لـە دەقـە پیرۆزەکانـدا کـە لـە سـەرەتاوە (واجـب) بـووە لەسـەری پاشـان نەسـخ کرایـەوە بـەو ئایەتـە کـە دەفەرموێـت: ﴿ وَمِنَ ٱلَّيۡلِ فَتَهَجَّدۡ بِهِۦ نَافِلَةٗ لَّكَ ۝٧٩ ﴾ (الاسراء) واتـە : وە لەبەشـێکی شەویشـدا خـۆت مانـدوو بکـە بـە شـەونوێژەوە و قورئانـی زۆری تیـا بخوێنـە، ئەمـەش بەهرەیەکـی تایبەتـەو، دراوە بەتـوَو زیـادە لەفەرزەکانیشـە).

هەروەهـا لەوانـە: ئـەو ئەگـەر کارێـک لـە کارەکانی بکردایـە جێگیـری دەکـرد ، هـەر لەوانـە، حـەرام بـوونی زەکات لەسـەر خـۆی و کـەس و کارەکـەی ، هـەر لەوانـە ئـەو ڕۆژووی (وصـال) ی بـۆ دروسـت بـووە (حـەڵاڵ بـووە)، وە چـوار ژن زیاتـری بـۆ حـەڵاڵ بـووە، هـەر لەوانـە خـوای گـەورە کوشـتاری لـە مەککـە بـۆ ئـەو حـەڵاڵ کـرد ، هـەر لەوانـە ئـەو سـامانەکەی بـە میـرات نابـرێ ، هـەر لەوانـە مانـەوەی هاوسـەرگیریەکەی لـە پـاش مـردنی ، وە ئەگـەر ژنێـک تـەڵاق بـدات، ئـەوا حـەرام بـوونی لەسـەر دەمێنێتـەوە، چیـتر مـارە ناکرێـت ، جگـە لەوانـە چەندیـن تایبەتمەنـدی پێغەمبەرایـەتی هـەن.

لێـرەدا باسـی سـێ لـە مەزنتریـن تایبەتمەندیـەکانی پێغەمبەرمـان (محمـد)(ﷺ) دەکەیـن: ئەویـش: ئیـسراو میعراجـە، وە گشـتگیری پەیامەکـەی و کۆتاهێنـان بـە پێغەمبەرایـەتی بـە ئـەو(ﷺ) .

---

(١) الجامع لاحكام القران للقرطبي .

١- ئیسـراو میعـراج :

خـوای گـەورە دەفەرموێـت: ﴿ سُبْحَانَ ٱلَّذِىٓ أَسْرَىٰ بِعَبْدِهِۦ لَيْلًا مِّنَ ٱلْمَسْجِدِ ٱلْحَرَامِ إِلَى ٱلْمَسْجِدِ ٱلْأَقْصَا ٱلَّذِى بَٰرَكْنَا حَوْلَهُۥ لِنُرِيَهُۥ مِنْ ءَايَٰتِنَآ ۚ إِنَّهُۥ هُوَ ٱلسَّمِيعُ ٱلْبَصِيرُ ﴿١﴾ ﴾ (الاسراء) واتـە : پاکـەو خاوێنـە لەهەرشـتێکی ناپەسـەندو خـراپ، ئـەو خوایـەی کـە شـەوڕەوی بەبەنـدەی خـۆی (موحەممـەد) (ﷺ) کـرد لەبەشـێکی زۆر کەمـی شـەوێکدا لەمزگەوتـی (حەرام)ـەوە لەمەککـەدا بـۆ مزگەوتەکـەی ئەولاتـر (بیت المقـدس) لەفەلەسـتیندا، کە ئـەو رۆژە کاروانیی بەچەندیـن رۆژ ئەوجـا دەیگەیشـتێ !! ئـەو مزگەوتـەی ئێمـە دەوروبەریـمان پیـرۆزو پیتدارکـرد بەجۆرەهـا نیعمـەت و میـوەو میوەجـات و، کردیشـمانە بـارەگای پەیامبـەران ، تـا هەنـدێ لـە نیشـانەکانی دەسـەلّات و توانایـی خۆمانـی پـێ نیشـان بدەین لەو شـەوڕەوێەدا چونکـە هەرئـەوە زۆر بیسـندە بـۆ قسـەو گوفتـاری مـەردم، زۆر بینـاو بەئـاگا، بەئەحوالّـی گشـت مرۆڤـەکان، دەزانـێ لەدنیـاو لەقیامەتـدا شایسـتەی چیـن).

(الحافـظ ابـن کثیر) -ڕەحمـەتی خـوای لـێ بێـت- لـە تەفسـیری ئـەم ئایەتـە پیـرۆزەدا دەفەرموێـت: ((خـوای گـەورە تەمجیـدی خـۆی دەکات (خۆی بـەرز ڕادەگرێـت) وە شـەئنی خۆی مەزن دەکات، لەبەر توانای بەسـەر ئەو شـتانەی کە هیچ کەسـێکی تر توانای بەسـەردا نییـە ، جـا هیـچ خوایەکـی تـر لە گەڵیدا نییـە، وە هیـچ پەروەردگارێکی تر جگە لـە ئەو نییە، ﴿ ٱلَّذِىٓ أَسْرَىٰ بِعَبْدِهِۦ ﴾ واتـە: محمـد(ﷺ) ﴿ لَيْلًا ﴾ واتـە: لە شـەودا ﴿ مِّنَ ٱلْمَسْجِدِ ٱلْحَرَامِ ﴾ ئەویـش مزگـەوتی مەککەیە، ﴿ إِلَى ٱلْمَسْجِدِ ٱلْأَقْصَا ﴾ ئەویش (بیت المقدس)ـــە کە لە شـاری (ایلیـا) یـە کانـگاو مەعـدەنی پێغەمبەران هەر لـە ئیبراهیمەوە ، بۆیە هـەر هەموویانی لەوێ بـۆی کۆکرایـەوە ، لـە مـاڵ و جێگـەی خۆیاندا پێشـنوێژی بۆ کـردن، ئەویش بەڵگەیـە کە ئەو پێشـەوای مەزن و سـەرکردەی لە پێشـی هەموویانە، صەڵات وسـەلامی خوای گەورە لە سـەر هەموویان بێت، ﴿ ٱلَّذِى بَٰرَكْنَا حَوْلَهُۥ ﴾ واتە: لە کشـتوکاڵ و بەروبومەکاندا، ﴿ لِنُرِيَهُۥ ﴾ واتە: محمـد(ﷺ) ﴿ مِنْ ءَايَٰتِنَآ ﴾ واتـە: گـەورەکان ، هەروەکـو خـوای گـەورە دەفەرموێـت: ﴿ لَقَدْ رَأَىٰ مِنْ ءَايَٰتِ رَبِّهِ ٱلْكُبْرَىٰ ﴿١٨﴾ ﴾(النجـم) واتـە : بەراسـتی پێغەمبـەر گەلێـك بەڵگـەو نیشـانەی گـەورە گـەورەی پـەروەردگاری خـۆی لـە سـەفەرەکەیدا - وەك (سـدرة المنتهـی) و (بیـت المعمـور) و بەهەشـت و دۆزەخ و..هتـد- بینـی.)

﴿ إِنَّهُۥ هُوَ ٱلسَّمِيعُ ٱلْبَصِيرُ ﴾ واتـه بیسـەری قسـەی بەندەکانیەتی ، ئیمانـدارو کافرەکانیان، ڕاسـتگۆو درۆزنەکانیـان، دەیانبینێـت ، بـۆ هەریەکـەو ئـەوەی شایسـتەی بێـت پێـی دەدا لـه دونیـاو دواڕۆژدا)[1] اهـ .

(المعـراج) لەسـەر وەزنی (مفعـال) لـه وشـەی (العروج)ـــەوە هاتـووە ، واتـه: ئـەو ئامێـرەی کـه پێـی بـەرز دەبێتـەوە ، ئەویـش لـه جێـی پەیژەیـه، بـەڵام هیـچ کەسـێک شـێوەکەی نازانێـت تەنهـا خـوا نەبـێ .

وە حوکمـی ئـەوەش وەکـو حوکمـی ئـەو شـتە غەیبـەکانی تـرە، باوەڕمـان پێـی هەیـە، وە خۆمـان خەریـک ناکەیـن بـه چۆنیەتیەکەیـەوە .

ئـەوەی ڕای پێشـەوایانی فەرمـوودەی لـه سـەرە کـه ئیسرا یەکجـار بـووە و لـه مەککـەو لـه پـاش ڕەوانەکـردنی بـه پێغەمبـەرو لـه پێـش هیجرەتەکـەی بـه سـاڵێک بـووە، وە دەڵێـن: سـاڵێک و دووماڵـگ بـووە، (ابـن عبدالبر) باسـی کـردووە[2] .

شێوازو سیفەتی ئیسراو میعراج کە لە دەقەکانەوە وەرگیراوە :

(الحافـظ ابـن کثـیر) لە تەفسـیرەکەیدا دەفەرموێت: (حەق و ڕاسـتی ئەوەیە کـه بە ئاگایی نـەک بـه خەوتـووی ئیسرای پێکـراوە ، لـه مەککـەوە بـۆ (بیـت المقـدس) ، بەسـواری (بـراق) بـووە ، کاتـێ گەیشـتە لای دەرگای مزگەوتەکـه، وڵاخەکـەی لـه نزیـک دەرگاکـه بەسـتەوەو چـووە ژوورەوە ، ئەمجـار دوو ڕکات (تحیـة المسـجد) ی کـرد لـه قیبلـەی مزگەوتوکـه ، ئەمجار (معراج)ەکەیـان بـۆ هێنـا ، ئەویـش وەکـو پەیژەیـه، دەرەجـی هەیـه و پێـی بـەرز دەبێتـەوە، ئەمجـار بـەرەو ئاسـمانی دونیـا بـەرز بـووە، ئەمجـار بـۆ حـەوت ئاسـمانەکەی تـر ، وەلـه هـەر ئاسـمانێک نزیکـەکان پێشـوازییان لێکـرد، وە سـڵاوی لـه پێغەمبـەران کـرد ئەوانـەی کـه لـه ئاسـمانەکاندا بـوون هـەر یەکـه بەپێـی پلـەو پایـەی خـۆی ، تاکـو بەتەنیشـت (موسـا) دا تێپـەڕی لـه ئاسـمانی شەشـەم بـوو، (ئیبراهیـم) لـه حەوتـەم، ئەمجار جێگـەو پێگـەی ئەوانیشی تێپەڕانـد ، (صـەلات و سـەلامی خـوای گـەورە لـه سـەر خـۆی و ئـەوان و هەمـوو پێغەمبـەران

---

(١) تفسير القران العظيم لابن كثير .

(٢) جوامع الانوار للسفاريني .

بـێ) تاوەکـو گەیشـتە ئاسـتێک کـە دەنگی قەڵەمـەکانی دەبیسـت (واتـە: قەڵەمـەکانی قەدەر) بـەوەی کـە دەبێـت ، وە (سـدرة المنتهـی) ی بینـی، وە لـە فەرمانی خـوا مەزنییەکـی زۆر مەزن و گـەورە دایپۆشـی لـە نوێنـی ئاڵتۆنـی و هەمـە جـۆرە ، و فریشـتەکان دایپۆشـی ، وە لـەوێ جبریـلی لەسـەر شـێوەی خـۆی بینـی، شـەش سـەد باڵـی هەیـە، وە پشـتی بـەرز و سـەوزی بینـی بـەر ئاسـۆی گرتبـوو ، وە (بیت المعمـور) ی بینی، ئیبراهیـم (الخلیل) بنیاتنـەری کەعبەی سـەر زەوی، پشـتی دابـوو پێـوە، چونکـە ئـەوە کەعبـەی ئاسـمانە، هەمـوو ڕۆژێـک حەفتـا هـەزار فریشـتە دەچنـە ژوورەوە و خـوا پەرسـتی تێـدا دەکـەن، ئەمجـار بـۆی ناگەڕێنـەوە تـا ڕۆژی قیامـەت، بەهەشـت و ئاگـری بینـی، لـەوێ پەنجـا نوێـژی لەسـەر فـەرز کـرا، ئەمجـار سـووک کرایـەوە بـۆ پێنـج نوێـژ ، وەکـو ڕەحمەتێـک لـە ئـەوەوە و بەزەییـەک بـە بەنـدەکانی، ئەمـەش بەڵگـەی بایەخدانێکـی مـەزنی نوێـژی تێدایـە بـەو پـەڕی ڕێـزو شـەرەف ، ئەمجـار دابـەزی بـۆ (بیـت المقـدس) وە پێغەمبەرانیـش لـە گەڵیـدا دابەزیـن ، پێـش نوێـژی بـۆ کـردن کاتـێ کاتی نوێـژ هـات، وە ڕەنگـە نوێـژی بەیـانی ئـەو ڕۆژە بێـت ، هەنـدێ کـەس دەڵێـن لـە ئاسـمان پێـش نوێـژی بـۆ کـردن، بـەڵام ئـەوەی لـە ڕیوایەتەکانـەوە دەردەکـەوێ لـە (بیـت المقـدس) پێـش نوێـژی بـۆ کـردن، لـە هەندێکیـدا ئەوەیـە کە لـە سـەرەتای چوونـە ژوورەوەی بـووە، بـەڵام ئـەوەی ئاشـکرایە لـە پـاش گەڕانـەوەی بـووە، چونکـە کاتێـک هەریەکـە کـە بەجێگاکەیانـدا تێدەپـەڕی ، پرسـیاری یەکـە بـە یەکـەی لـە جبریـل دەکـرد، ئەویـش هەواڵـی دەربارەیـان دەدا، ئەمـەش لایەقـە، چونکـە ئـەو لـە سـەرەتاوە داواکـراو بـووە بـۆ لای خـوای گـەورە، بـۆ ئـەوەی ویسـتی خـوای لە سـەر بـوو فـەرزی بـکات لەسـەر خـۆی و ئوممەتەکەی ، ئەمجـار کـە ئـەو کارە تـەواو بـوو کـە بـۆی هاتبیـوو ، خـۆی و بـرا پێغەمبـەرەکانی کۆبوونەوە لـە (بیـت المقـدس)، ئەمجـار شـەرەف و فەزڵـی دەرکـەوت بـە پێشخسـتنی لـە ئیمامەتـدا ، ئـەوەش بـە ئاماژەیـەک لـە جبریلـەوە بـۆ ئـەو کارە ، ئەمجـار لـە (بیـت المقـدس) دەرچـوو، وە سـواری (بـراق) بـوو بـە تاریکـی گەڕایـەوە بـۆ مەککـە، واللـە سـبحانە و تعـالی اعلـم))[1]

---

(١) تفسیر القرآن العظیم لابن کثیر .

ئایە ئیسرا بە جەستە و ڕوحی بووە یان تەنها بە ڕوحی بووە ؟

زانایـان لـەوەدا جیـاوازن، ئایـە ئیسراکـە بـە جەسـتەو ڕوحـی بـووە یـان تەنهـا بـە ڕوحـی بـووە بـۆ سـەر دوو ڕای جیـاواز :

زۆربـەی زانایـان لەسـەر ئـەوەن کـە بەجەسـتەو روح ئیـسرای پێکـراوە و بـە ئاگابـووە و نـەک خەوتـوو بێـت، بەڵگـەش لەسـەر ئـەوە ئـەو ئایەتەیـە کـە خـوای گـەورە فەرمویـەتی :﴿سُبْحَانَ ٱلَّذِیٓ أَسۡرَىٰ بِعَبۡدِهِۦ لَيۡلٗا مِّنَ ٱلۡمَسۡجِدِ ٱلۡحَرَامِ إِلَى ٱلۡمَسۡجِدِ ٱلۡأَقۡصَا ٱلَّذِي بَٰرَكۡنَا حَوۡلَهُۥ ١ ﴾ (الاسراء) .

جـا تەسـبیح کـردن لـە کاروبـارە مەزنەکانـدا دەکرێـن، جـا ئەگـەر خـەو بوایـە، ئـەوە شـتێکی گـەورە نەبـوو، وە بـە مـەزن دانەدەنـرا، کافـرەکانی قورەیـش دەسـت پێشـخەر نەدەبـوون بـە درۆخسـتنەوەی، وە کۆمەڵێـک لـە موسـڵمانان لـە دیـن هەڵنەدەگەڕانـەوە ، هەروەهـا وشـەی (العبـد) بریتیـە لـە جەسـتەو ڕوح بەیەکـەوە، خـوای گەورەدەفەرمووێـت ﴿ أَسۡرَىٰ بِعَبۡدِهِۦ لَيۡلٗا ﴾ .

هەروەهـا خـوای گـەورە فەرمویـەتی: ﴿وَمَا جَعَلۡنَا ٱلرُّءۡيَا ٱلَّتِيٓ أَرَيۡنَٰكَ إِلَّا فِتۡنَةٗ لِّلنَّاسِ ٦٠ ﴾ (الاسراء) واتـە : ئـەو شـتانەش لـە شـەو ڕەوییەکـەدا نیشـانمان دایـت و بەچاودیـتن، هـەر بـۆ تاقیکردنـەوەی خەڵکـی بـوو: ئاخـۆ کـێ بـڕوا دێنـێ و دەترسـێ، کێـش بـڕوا ناهێنـێ و ناترسـێ ؟) ابـن عبـاس فەرموویـەتی: (ئـەو بینینـە بینینـی چـاو بـووە کـە پێغەمبـەری خـوا(ﷺ) بینـی لـەو شـەوەی ئیـسرای پێکـرا)[1] .

هەروەهـا خـوای گـەورە دەفەرموێـت: ﴿مَا زَاغَ ٱلۡبَصَرُ وَمَا طَغَىٰ ١٧ ﴾ (النجـم) واتـە : وە چـاوی پێغەمبـەر(ﷺ) کلا نەبـوو لـەوەی دیتـی، تەجاوزیشـی نەکـرد لـەوەی بـۆی دیاریکرابـوو، بەڵکـو هـەر تەماشـای ئـەوەی دەکـرد) وە (البـصر) لـە ئامێـرەکانی زاتـە نـەک لـە ئامێـرەکانی ڕوح، هەروەهـا هەڵگرتنـی لەسـەر (بـراق) کـە ئەویـش وڵاخێکی سـپی بـوو دەدرەوشـایەوە ، ئەمـەش بـۆ جەسـتە دەبـێ نـەک بـۆ ڕوح، چونکـە بـۆ جوڵانـەوەی پێویسـتی بـە شـتێک نیـە سـواری بێـت .

---

(١) أخرجه البخاري من قول ابن عباس (٤٧١٦) .

ئەوانیـتر دەڵێـن: ئیـسرا بـە پێغەمبـەری خـوا(ﷺ) کـرا بـە ڕوح نـەک بـە جەسـتەی، ئـەم قسـەیە ابـو اسـحاق گواسـتویەتیەوە لـە عائیشـە و معاویـەوە، وە لـە (الحسـن البـصری) یـەوە هەمـان قسـە گواسـتراوەتەوە .

مەبەسـتیش لـەم قسـەیە ئـەوە نیـە کـە ئیـسرا بـە خـەو بـووە، بەڵکـو ڕوحەکـە زاتی خـۆی ئیـسرای پێکـرا، لـە جەسـتەکە جیابـووەوە ئەمجـار گەڕایـەوە بـۆی، ئەمـەش یەکێکـە لـە تایبەتمەندیـەکانی، چونکـە جگـە لـە ئـەو هیـچ کەسـێکی تـر ڕوحەکـەی بـەرز نابێتـەوە بـۆ ئاسـمان ئیـلا لـە پـاش مـردنی نەبـێ .

مەبەسـتیش لـە خـەو (منـام) ئـەوەی کـە کـەسی خەوتـوو دەیبینـێ ڕەنگـە نمونەیـەک بێـت بـۆ زانیـن لـە سـەر شـێوە هەسـت پێکراوەکـەی ، دەبینـی کـە بـەرز دەکرێتـەوە بـۆ ئاسـمان و پێـی دەچێـت بـۆ مەککـە، وە ڕوحەکـەی بـەرز نەبووەتـەوە و نەڕۆیشـتووە، بەڵکـو فریشـتە خـەو (رؤیـا) نمونـەی بـۆ هێناوەتـەوە، وە جیاوازیـش لـە نێـوان هـەردوو کارەکـەدا ئاشـکرایە .

وە بەڵگـەی ئەوانـەی کـە دەڵێـن: ئیـسرا بـە ڕوحـی بـووە نـەک بەجەسـتەی ئەوەیـە کـە لـە ڕیوایـەتی (شریـک ابـن ابی نمـر) ەوە هاتـووە لـە (أنـس) ەوە: (**ثـم اسـتیقظت، فـاذا انـا فِي الحجـر...**)[1] واتـە: (ئەمجـار هەسـتام، بینیـم وا لـە (حجـر) دام .....) .

بۆ وەڵامی ئەمەش دوو وەڵام دراوەتەوە:

یەکێکیـان: ئەمـە بـە یەکێـک لـە هەڵەکانـی (شـریک) دەژمێردرێـن، فەرموودەناسـان (شـریک)یان بـە هەڵـە خسـتووەتەوە لـە هەنـدێ لـە وشـەکانی فەرمـودەی ئیسـرادا .

دووەم: (اسـتیقاظ) ماناکـەی بـەوە لـە یـەک دەدرێتـەوە : گواسـتنەوە لـە حاڵەتێکـەوە بـۆ حاڵەتێکـی تـر .

(ابن كثير) دەفەرموێت: ((ئەم تێگەیشتنە باشتر لە بە هەڵە دانانەکە، والله اعلم ...))

---

(١) اخرجه البخاري (٧٥١٧) .

تـا ئـەو جێگەیـەی دەڵێـت: (ئێمـە نکۆڵـی لـەوە ناکەیـن ڕووداوی خـەو لـە پێـش ئیـسرا هەروەکـو ئـەوەی ڕوویـداوە لـە پـاش ئـەوە، چونکـە ئـەو هیـچ خەوێکـی نەدەبینـی ئیللا وەکـو بەرەبەیـان ڕوویـدەدا، نموونـەی ئەمـەش باسـکرا لـە فەرمـوودەی (بـدء الوحـي)، کـەوا ئـەوە لـە پێشـدا دەیبینـی هەروەکـو ئـەوەی ڕوویـدەدا لـە پێـش ڕووداوی، بـۆ ئـەوەی ئـەوە ببێتـە بابـەتی دڵنەوایـی و دامەزرانـدن و دڵنەوایـی و دەسـتپێکێک ... واللـە اعلـم))

ئایا میعراج دووبارە بووەتەوە ؟

(ابـن کثـیر) دەفەرموێـت - لـە پـاش ئـەوەی ئـەو فەرموودانـەی لـەم بـارەوە هاتـووە دەیگێرێتـەوە- : ((ئەگـەر ڕاوەسـتین لـە سـەر کـۆی ئـەو فەرموودانـەی لـەو بـارەوە هاتـووە (صحیـح)و (حسـن) و (ضعیـف)ەکان، ناوەڕۆکـی ئەوەمـان بـۆ دەردەکەوێـت کـە یەکدەنگـن لـە سـەر ئـەوەی کـەوا پێغەمبـەری خـوا(ﷺ) ئیـسرای پێکـرا لـە مەککـەوە بـۆ (بیـت المقـدس)، ئەویـش یەکجـار بـووە، هـەر چەنـدە دەسـتەواژەی ڕاوییـەکان لـە گەیاندنیـدا جیـاواز بـن ، یـان هەندێکـی چەنـدی لـێ زیـاد کـردووە یـان کەمـی کـردووە، ئـەوا هەڵـە دەکرێـت و دروسـتە لـە جگـە لـە پێغەمبـەران .

هـەر کەسـێ هەریـەک لـەو ڕیوایەتانـەی کـە جیـاوازە لـەوی تـر بـە ئیسرایەکـی تایبەتی داناوە بۆیە چەند ئیسرایەکی سـەلماندوە، ئەوە دووری خسـتووەتەوە و شـتی نامۆی هێناوە.

وە هەنـدێ لـە زانایـانی (متأخریـن) وای بـۆ دەچـن کەجارێـک تەنهـا لـە مەککـەوە ئیـسرای پێکـرا بـۆ (بیـت المقـدس) و جارێـک تەنهـا لە مەککـەوە بـۆ ئاسـمان، وە جارێکیش بـۆ (بیـت المقـدس) و لەوێـوە بـۆ ئاسـمان، وە بـەم قسـەیە خۆشـحاڵ بـووە و وای زانیـوە شـتێکی بەدەسـت هێنـاوە کـە لـە ئیشـکالاتەکان دەربـاز دەبێـت، ئەمـەش زۆر دوورە، لـە هیـچ کەسـێک لـە سـەلەفەوە نەگواسـتراوەتەوە، ئەگـەر ئـەم چەنـد جـارە هەبوایـە ئـەوا پێغەمبـەری خـوا(ﷺ) هەواڵـی دەدایـە ئوممەتەکـەی، خەڵکـی ئـەو چەنـد جـارو دووبـارە بوونەوەیـان دەگواسـتەوە[1] .

---

(١) انظر : تفسیر القران العظیم لابن کثیر .

وە هەنـدێ لـە صۆفییـەکان وای بـۆ دەچـن کـە ئـەم میعراجـە (٣٠) سی جـار ڕوویـداوە ، وە هەندێکیـان دەڵێـن: سـی و چـوار جـار بـووە ، یەکێکیـان بەجەسـتە پیرۆزەکـەی بـووە و ئەوانیـتر بـە ڕوحـی .

وە دەڵێـن: ئیـسرا دوو جـار بـووە، جارێکیـان بـە ئـاگا بـووە و جارێـک بـە خـەو[1] !! خـاوەنی ئـەم ڕایـەش دەیانـەوێ جەمـع بکـەن لـە نێـوان فەرموودەکـەی (شریـک) و ئـەو فەرمـوودەی (ثـم اسـتیقظت) و لـە نێـوان ئـەو هەمـوو ڕیوایەتەکانـدا.

وە هەندێکیـان دەڵێـن: بەڵکـو دووجـار بـووە: جارێـک پێـش وەحـی و جارێـک لـە پـاش وەحـی، وە هەندێکیـان دەڵێـن:- بەڵکـو سـێ جـار بـووە، جارێـک لـە پێـش وەحـی و دووجـار لـە پـاش وەحـی، وە هـەر جـارەی لـە وشـەکانیدا لێیـان تێـک بچـێ، ئـەوا جارێکـی بـۆ زیـاد دەکـەن بـە مەبەسـتی تەوفیـق کردنـی) .

ابـن القیـم دەڵێـت: سـەیرە ئـەو کەسـانەی وا دەزانـن چەنـد جارێـک بـووە، چـۆن گومـان دەبـەن کـەوا لـە هەمـوو جارێکـدا پەنجـا نوێـژی لـە سـەر فـەرز دەکات ئەمجـار دێـت و دەچـێ لـە نێـوان پـەروەدگارو موسـادا تاکـو ببێتـە پێنـج نوێـژ، دەڵێـت : أمضیـت فریضتـي وخففـت عـن عبـادي .... ئەمجـار جارێکـی تـر پەنجـا نوێـژ فـەرز دەکات دیسـان لێـی کـەم دەکاتـەوە تاکـو پێنـج) [2].

ابـن کثـیر دەڵێـت: ((هەنـدێ لـە ڕاوییـەکان هەندێـک لـە هەواڵـەکان کـەم دەکاتـەوە کـە دەیزانـن یـان لـە بیـری دەچێت ، یان باسی شـتێک دەکات کـە گرنگتره لای ئەو ، یـان هەندێ جار بـە درێـژی باسـی دەکات و باسـی هەمـووی دەکات، یـان هەندێ جار تەنها باسـی ئـەوە دەکات کـە بـۆ بەرانبەرەکـەی سـوود بەخشـترە ، جا هەر کەسـێ هەر ڕیوایەتـەی ئیسرا کـراوە و بە تەنها بیژمێرێت، هەروەکو لە هەندێکیانەوە هاتووەو لە پێشـدا باسـکرا ، ئەوا زۆر دوور کەوتووەتەوە، چونکـە هەمـوو ڕیوایەتـەکان سـەلام کـردن لـە پێغەمبـەرانی تێدایە و لـە هەموویدا بـە یەکتریان دەناسـێنێ، وە لە هەموویدا نوێژەکانی لە سـەر فەرز دەکات، ئایە چۆن دەبێت بانگەشـەی چەند جـارەی بکرێـت ؟ ئەمەش لـەو پەڕی دووری و ئەسـتەمیدایە والله أعلـم...))

---

(١) انظر : لوامع الانوار للسفاريني (٢٨٩/٢) .

(٢) انظر : زاد المعاد لابن القيم (٤٢/٣) .

٢- گشـتگیری پەیامەکـەی (محمـد) (ﷺ) و رەدی ئـەو کەسـانە نکۆڵـی لـێ دەکـەن .

کۆمەڵێـک لەجولەکـە و گاورو ئەوانـەی لاسـایی ئـەوان دەکەنـەوە دەڵێـن: (محمـد) (ﷺ) بـۆ عـەرەب نێـردراوە نـەک بـۆ ئەهـلی کیتـاب ، خۆیـان پەردەپـۆش دەکـەن بـەو قسـەیە و دەڵێـن : ئەگـەر دینەکـەی ئـەو حـەق بێـت ،ئـەوە بـە هەمـان شـێوە دینەکـەی ئێمـەش حەقـە، وە ڕێـگاکان بـەرەو لای خـوای گـەورە جـۆراو جـۆرن، وە ئـەو کارە بـە مەزهـەبی ئیمامـەکان دەشـوبهێنن ، جـا هەرچەنـدە یەکێـک لـە مەزهەبەکانـت لـە بابەتێکـدا لا پەسـەند بێـت ئـەوا ئـەو مەزهەبەکانـی تـر کافـر نیـن.

ئـەم قسـەیە لـەو پـەڕی پووچەڵیدایـە، چونکـە ئەگـەر ئـەوان باوەڕیـان بەپەیامەکـەی کـرد ، ئـەوا لازمـی دەکات لەسـەریان بـاوەڕ بـە هەمـوو قسـەکانی بکـەن ، چونکـە ئـەو دەڵێـت : کـەوا پێغەمبـەری خودایـە بـۆ هەمـوو خەڵکـی، وە پێغەمبەریـش درۆ نـاکات، بۆیـە پێویسـتە بـاوەڕی پـێ بکـرێ و بەڕاسـت بزانرێـت، وە پێغەمبـەری خـوا(ﷺ) نێـردراوەکانی خـۆی دەنـارد و نـوسراوەکانی ڕەوانـە دەکـرد بـۆ هەمـوو وڵاتـەکانی سـەر زەوی بـۆ کیـسرا وقەیصـەرو نەجاشـی و مقەوقـەس و هەمـوو پادشـاکانی دەوروبـەر بانگیـان دەکات بـۆ ئیسـلام ، ئەمجـار کوشـتاری لـە گـەڵ ئەهـلی کیتـاب دا و بەدیلگرتنـی دیلەکانیـان وحەڵاڵکـردنی خوێنیـان و فەرزکـردنی (جزیـە) لەسـەریان ، کارێکـی ئاشـکرایە بـە متواتـری هاتـووە و کارێکـی پێویسـت بـووە ، ئـەو بانگـەوازی موشریکەکانـی کـرد بـۆ ئـەوەی ئیـمانی پـێ بهێنـن، هەروەهـا بانگـەوازی ئەهـلی کیتـابی کـرد بـۆ ئـەوەی ئیـمانی پـێ بهێنـن ، وە جیهـادی لەگـەڵ ئەهـلی کیتابـدا کـرد هەروەکـو چـۆن جیهـادی لـە گـەڵ موشریکەکانـدا کـرد ، جیهـادی لـە گـەڵ (بـەنی قینقـاع) و (بـەنی نضـیر) و(بـەنی قریظـة) و (ئەهـلی خیـبر)دا کـرد ، هەمـوو ئەوانـەش جولەکـە بـوون ، وەدیـل و ژنەکانیـانی بەدیـل گـرت و سـامانەکەیانی کـردە غەنیمـە، وە بـە خـودی خـۆی و سریەکانـی غـەزووی گاورەکانی کـرد لەسـاڵی تەبوکـدا ، تاکـو لـە کوشـتاری ئەوانـدا (زیـد بـن حارثـة) و(جعفـر) جگـە لـەوان لـە کـەس و کارەکـەی خـۆی کـوژران ، وە جزیـەی فـەرز کـردە سـەر گاورەکانی (نجـران) ، هەروەهـا خەلیفـە راشـدیەکان لـە پـاش ئـەو جیهادیـان لەگـەڵ ئەهـلی کیتابـدا

کـردو کوشـتاریان لەگـەڵ ئەوانـەدا کـرد کـە کوشـتاریان لەگەڵـدا کـرا و جزیـەی فـەرز کـردە سـەر ئەوانـەی ملکـەچ بـوون و نەجەنـگان.

ئـەم قورئانـە - کـە هەمـوو کەسـێک دەزانێـت ئـەو کتێبەیـە کـە (محمـد)(ﷺ) لەلایـەن خـوداوە هیناوێتـی- پـڕە لـە بانگـردنی ئەهـلی کیتـاب بـۆ ئـەوەی شـوێنی بکـەون ، وە ئـەو کەسـەی شـوێنی نەکەوێـت بـە کافـری دەزانێـت و لەعنـەتی لـێ دەکات ، هەروەکـو چـۆن زەمکـردن و بـە کافـر زانینـی ئەوانـەی شـوێنی نەکەوتـن لـە موشریکـەکان هاتـووە ، هەروەکـو خـوای گـەورە دەفەرموێـت:﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ أُوتُواْ ٱلۡكِتَٰبَ ءَامِنُواْ بِمَا نَزَّلۡنَا مُصَدِّقٗا لِّمَا مَعَكُم ﴿٤٧﴾ ﴾ (النساء) واتـە : ئـەی ئەوانـەی لەپێشـەوە کتێـب و نامەتـان پێـدراوە بـاوەڕ بێنـن بـەم قورئانـەی دامانبزاندوَتـە خـوارەوە کـە ددان دەنـێ بـەو کتێبـەی ئێـوەدا) وە لـە قورئانـدا چەندەهـا جـار ﴿ يَٰٓأَهۡلَ ٱلۡكِتَٰبِ ﴾ ، ﴿ يَٰبَنِيٓ إِسۡرَٰٓءِيلَ ﴾ هاتـووە کـە ناتوانرێـت بژمێردرێـت ئیللا لـە پـاش مانـدوو بـوون نەبێـت ، خـوای گـەورە دەفەرموێـت: ﴿ لَمۡ يَكُنِ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ مِنۡ أَهۡلِ ٱلۡكِتَٰبِ وَٱلۡمُشۡرِكِينَ مُنفَكِّينَ حَتَّىٰ تَأۡتِيَهُمُ ٱلۡبَيِّنَةُ ﴿١﴾ ﴾ (البينـة) واتـە : بـێ بـاوەڕەکان لەخـاوەن نامـەو هاوبـەش دانـەران دەسـت بەرداریـان نەبـوون لـە کوفریـان .....)).

وە نمونەی ئەمەش لە قورئاندا زۆرە .

خـوای گـەورە دەفەرموێـت:﴿ قُلۡ يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ إِنِّي رَسُولُ ٱللَّهِ إِلَيۡكُمۡ جَمِيعًا ٱلَّذِي لَهُۥ مُلۡكُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِ ﴿١٥٨﴾ ﴾ (الاعـراف) واتـە : ئـەی پێغەمبـەر! بڵـێ: ئـەی خەڵکینـە! چـاك بزانـن کـە: مـن پەیامبـەرو نێـردراوی خـوام بـۆلای سـەرجەم ئێـوە ، مـن ئـەو خوایـە ناردوومـی کـە دەسـەڵاتداریتی تـەواوی ئاسـمانەکان و زەویـی تەنهـا هـی ئـەوە) .

خـوای گـەورە دەفەرموێـت:﴿ وَمَآ أَرۡسَلۡنَٰكَ إِلَّا كَآفَّةٗ لِّلنَّاسِ ﴿٢٨﴾ ﴾ (سبأ) واتـە : ئێمـە هـەر بۆیـە تۆمـان نـارد ئـەی موحەممـەد(ﷺ)! کـە بـۆ تـەواوی خەڵکانـی جیهـان).

وە لـە چەندیـن ڕیوایەتـەوە هاتـوە کـەوا پێغەمبـەری خـودا(ﷺ) فەرمویـەتی : (فُضلتُ عـلى الأنبيـاء بخمـس) لـە یەکێـک لەوانـەی باسی کـرد : (كان النبـي يُبعـث الى قومـه خاصـة

وبعثـتُ الى النـاس عامـة)[1] بەڵکـو بـە متواتـری هاتـوە کـەوا خـوای گـەورە ئـەوی ڕەوانـە کـردوە بـۆ جنۆکـە و مـرۆڤ.

کەواتـە بـە (اضطـرار) و بەگواسـتنەوەی (متواتـر) زانـرا کـە (تواتـر)ی کـردوە هەروەکـو چـۆن دەرکەتنـی بانگەوازەکـەی (متواتـرە) ، کـەوا ئـەو بانگـەوازی ئەهـلی کیتـابی کـردوە بـۆ ئـەوەی بـاوەڕی پـێ بهێنـن ، وە ئـەو حوکمـی کوفـری داوە بەسـەر ئـەو کەسـانەی باوەڕیـان پـێ نەهێنـاوە ، وە ئـەو فەرمـانی کـردووە بـە کوشـتاریان تاکـو موسـڵمان دەبـن یـان جزیـە بـدەن بەدەسـت خۆیـان و بـە ملکەچـی ، پێغەمبـەری خـوا(ﷺ) کوشـتاری لەگـەڵ کـردن بەخـودی خـۆی و سریـەکانی ، وە جزیـەی لەسـەر فـەرز کـردن و کوشـتاری کـردن و دیلـەکانی ئـەوانی گـرت و سـەروەت و سـامانەکانی ئـەوانی کـردە غەنیمـە ، ئابڵوقـەی (بـەنی قینقـاع) داو ئەمجـار جێگەیـانی چـۆڵ کـردو ڕۆیشـتن بـۆ (اذرعـات) ، وە بـەنی (نَضیر) ی ئابڵۆقـەداو جێگەیـانی چـۆڵ کـردو ئەوانیـش ڕۆیشـتن بـۆ (خەیبـەر) ، بـەو بۆنەیـەوە خـوای گـەورە سـورەتی (الحـشر)ی دابەزانـد ، ئەمجـار ئابڵۆقـەی (بـەنی قریظـة)ی دا کاتـێ پەیمانەکەیـان شـکاندو پیـاوەکانی کوشـت و ژنەکانیـان بەدیـل گـرت و ماڵەکەیـانی بـرد ، خـوای گـەورە ئـەو باسـەی لەسـورەتی ((الأحـزاب) باسـکردووە ، کوشـتاری لەگـەڵ ئەهـلی خەیبـەردا کـردو تاکـو ڕزگاری کـردوە ئـەوەی کوشـتی و لـە پیاوەکانیـان کوشـتی و ئـەوەی بەدیـل گـرت لـە ژنەکانیـان بەدیـل گرتـی و زەویەکەیـانی دابـەش کـرد بەسـەر موسـڵمانانداا ، خـوای گـەورە لـە سـورەتی (الفتـح) دا باسـی کـردووە.

وە جزیـەی فـەرز کـردە سـەر گاورەکانـدا ، هـەر دەربـارەی ئـەوان خـوای گـەورە سـورەتی (ال عمـران)ی دابەزانـد ، وە لـە سـاڵی تەبوکـدا غـەزای گاورەکانی کـرد ، وە سـورەتی (البراءة) خـوای گـەورە دەربـارەی ئـەوان دابەزانـد ، وە بەگشـتی لـە سـورەتە مەدەنیەکانـدا وەکـو (البقـرة وال عمـران و النسـاء و (المائـدة) جگـە لەوانـە لـە سـورەتە مەدەنیەکانـدا بانگـەوازی ئەهـلی کیتـاب دەکات و لەگـەڵ ئەوانـدا دەدوێ کـە هێنـدە زۆرن لێـرەدا بـاس ناکرێـت .

---

(١) متفق عليه : البخاري (٣٣٥) ومسلم (١١٦٣) .

ئەمجـار خەلیفەکانـی لەپـاش ئـەو (ابوبکـر و عمـر) ئەوانـەی لەگەڵیانـدا بـوون لـە کۆچـەران و پشـتیوانان ، کـە دەزانـرێ ئـەوان لـە هەمـوو کـەس زیاتـر شـوێنکەوتەی ئـەون و لـە هەمـوو کـەس زیاتـر گوێرایەڵـترن بـۆ فەرمانـەکانی و پارێزگارترێـن کەسـن بـۆ پەیمانەکـەی ، ئـەوان غـەزای (روم) یـان کـرد هەروەکـو چـۆن غـەزای (فـارس) یـان کـرد ، کوشـتاریان لەگـەڵ ئەهـلی کیتابـدا کـرد هەروەکـو چـۆن کوشـتاریان لەگـەڵ مەجوسـدا کـرد ، بۆیـە کوشـتاریان لـە گـەڵ ئەوانـەدا کـرد کـە کوشـتاریان لەگـەڵ کـردن ، وە جزیـەی لەسـەر ئەوانـە دانـا کـە بەدەسـتی خۆیـان دایـان و بـە ملکەچـی یـەوە .

وە لـە فەرمـوودە (صحیح)ـەکاندا هاتـووە کـە پێغەمبـەری خـوا(ﷺ) فەرموویـەتی : (**وَالَّـذِی نَفْـسِي بِيَـدِهِ لاَ يَسْـمَعُ بِي مِـنْ هَـذِهِ الأُمَّـةِ يَهُـودِيٌّ وَلاَ نَـصْرَانِيٌّ ثُـمَّ لا يُؤْمِـنُ بِي إِلاَّ دخـل النَّـارِ**)[1] واتـە : سـوێند بـەو کەسـەی گیانـی منـی بـە دەسـتە هیـچ کەسـێک پەیامبەرێتـی منـی بیسـتبێت لـەم ئوممەتـە ، جولەکـە یـان گاور و ئەمجـار بـاوەڕ نەهێنـی بـەوەی مـن هێناومـە ئیـلا دەچێتـە ئاگـرەوە) .

سـعیدی کـوڕی جبیـر دەفەرموێـت: پشـت راسـتکردنەوەی ئـەوە لـە کیتابەکـەی خـوادا هەیـە: ﴿ وَمَن يَكْفُرْ بِهِۦ مِنَ ٱلْأَحْزَابِ فَٱلنَّارُ مَوْعِدُهُۥ ﴿١٧﴾ ﴾ (هـود) واتـە : و هـەر کەسـیش لـە کۆمەڵەکانـی تـری دنیـا، حاشـای لـێ بـکاو بـاوەڕی پێنەهێنـێ بێگومانـە کـە ئاگـری دۆزەخ جێیەتـی).

وە مانای فەرمودەکە بە متواتری لە ئەوەوە هاتووە ئاشکرایە بە (اضطرار) .

جـا ئەگـەر کارەکـە ئاوابێـت ، پێویسـت و لازمـی دەکات کـە ئـەو پێغەمبـەرە(ﷺ) بـۆ هەمـوو کۆمەڵـەکان ، ئـەو دانی بـەوەدا نـاوە کـە ئـەو پێغەمبـەری خوایـە(ﷺ) بـۆ ئەهـلی کیتـاب و جگـە لـەوان، جـا ئـەو پێغەمبـەری خوایـە(ﷺ) درۆ نـاکات ، وە کوشـتاری لـە لەگـەڵ خەڵکیـدا نـاکات لـە سـەر گوێرایەڵـی کـردنی بـە بـێ فەرمـانی خـوا ، وە هەرگیـز خوێـن و مـاڵ وسـامانیان حـەڵاڵ نـاکات بەبـێ ئیـزنی خـوای گـەورە ،جـا هەرکەسـێ بانگەشـەی ئـەوە بـکات کـە خـوای گـەورە فەرمانـی پێکـردووە و لـە کاتێکـدا خـوای گـەورە فەرمانـی پـێ نەکـردووە ئـەوا کەسـێکی درۆزن و سـتەمکارە ، ﴿ وَمَنْ أَظْلَمُ مِمَّنِ ٱفْتَرَىٰ عَلَى ٱللَّهِ

---

(١) صحيح : أخرجه مسلم .

﴿كَذِبًا أَوْ قَالَ أُوحِيَ إِلَيَّ وَلَمْ يُوحَ إِلَيْهِ شَيْءٌ ﴿٩٣﴾﴾ (الأنعام) واتـە : دەبـێ َچ کەسـێك لـەوە ستەمکار تربـێ کـە لـە سـەر خـوا درۆ هەڵبەسـێ و بڵـێ: خـوا هیـچ شـتێکی بەوەحـی نەناردوَتـە خـوارێ، نەتـەورات، نەقورئـان!! یـان بڵێـت: مـن لـە لای خـواوە وەحـێ و سروشـم بـۆ کـراوە وەکـو (موسـەیلەمەو ئەسـوەدی عەنسـی) کەبـی َشـەرمانە داوای پێغەمبەرێتـی دەکـرد! لەراستیشـدا هیـچ شـتێکی بـۆ وەحـی نەکـراوە).

لـە گـەڵ ئـەوەی کەسـێکی سـتەمکارو درۆزنـەو لـە مەزنترینـی ئەوانـەن کـە بـەرزی و گەورەیـی و فەسـادیان لەسـەر زەویـدا دەوێ ، ئـەوا لـە پادشـا سـتەمکارو (جەبـارەکان) خراپـترە ، چونکـە پادشـا سـتەمکارەکان کوشـتاری خەڵکـی دەکـەن لـە سـەر گوێڕایەڵـی کردنیـان ، وە نااڵێـن : ئێمـە نێـردراوی خوایـن بـۆ ئێـوە ، هـەر کەسـێک گوێڕایەڵیـمان بـکات دەچێتـە بەهەشـتەوە و هەرکەسـێک سـەرپێچیمان بـکات دەچێتـە ئاگـرەوە ، بەڵکـو فیرعـەون و نموونـەی ئـەو بەشـێک نیـن لـەم باسـە ، وە ئـەم باسـە هیـچ کەسـێک ناگرێتـەوە ئیـلا پێغەمبەرێکـی ڕاسـتگۆ یـان کەسـێکی درۆزن بانگەشـەی پێغەمبەرایـەتی بـکات وەکـو (مسـیلمە)و (االسـود) و نموونـەی ئەوانـە.

جـا ئەگـەر زانـرا ئـەو پێغەمبـەرە(ﷺ) ، پێویسـت و لازمـی دەکات کـەوا هەرشـتێک دەربـارەی خـوای گـەورە بڵـێ حـەق و راسـتە ، وە ئەگـەر پێغەمبـەری خـوا بێـت ئـەوا گوێڕایەڵـی کـردنی واجبـە لـەوەی فەرمانـە پـێ دەکات .

هەروەکـو خـوای گـەورە دەفەرموێـت:﴿وَمَآ أَرْسَـلْنَا مِن رَّسُولٍ إِلَّا لِيُطَـاعَ بِإِذْنِ ٱللَّهِ ﴿٦٤﴾﴾ (النساء) واتـە : وە هەرکەسـێکمان بـە پەیامبەرێتـی ناردبێـت، تەنیـا هـەر بـۆ ئـەوە بـووە کـە دەبـێ بەفەرمانـی خـوا گوێڕایەڵیـی بکـرێ، واتـە: گشـت پەیامبـەران لەسـەر بڕیـاری خـوا دەبـێ بەگوێیـان بکـرێ، دیـارە موحەممەدیـش (ﷺ) یەکـێ لـەو پەیامبەرانەیـەو، دەبـێ گوێڕایەڵـی بـن).

وە ئەگـەر هەواڵـی دا کـەوا ئـەو پێغەمبـەری خوایـە(ﷺ) بـۆ ئەهـلی کیتـاب ، وە پێویسـتە لـە سـەریان گوێڕایەڵـی ئـەو بکـەن ، ئـەوە کارێکـی حـەق و راسـتە .

وە هـەر کەسـێک دانی بـەوەدا نـا کـە ئـەو پێغەمبـەری خوایـە(ﷺ) ، وە ئینـکاری ئـەوەی کـرد کـە ئـەو نێـردراوە بـۆ ئەهـلی کیتـاب ، ئـەوە وەکـو ئـەو کەسـەیە بڵـێ : مـوسی پێغەمبـەری خوایـە، وە واجـب نەبـوو لـە سـەر بچێتـە شـام و بـەنی ئیسرائیـل لـە (مـصر) دەرکات ، وە خـوای گـەورە فەرمـانی پـێ نەکـردووە بـەو کارە ، وە ئـەو فەرمانـی پـێ نەکـراوە دەربـارەی (السـبت) و تـەوراتی بەسـەردا دانەبەزانـدوە وە لەسـەر (طـور) قسـەی لەگەڵـدا نەکـرد ، هەروەهـا وەکـو ئـەوەی بڵێـت: عیسـا پێغەمبـەری خوایـە ، بـۆ بـەنی ئیسرائیـل ڕەوانـە نەکـراوە ، وە پێویسـت نەبـوو لـە سـەر بـەنی ئیسرائیـل گوێڕایەڵـی بکـەن ، وە ئـەو سـتەمی لـە جولەکـە کـردووە ، وە لـە نموونـەی ئـەو قسـانە کـە کوفرتریـن قسـەن دەکرێـن ، بۆیـە خـوای گـەورە دەفەرموێـت:﴿إِنَّ ٱلَّذِينَ يَكۡفُرُونَ بِٱللَّهِ وَرُسُلِهِۦ وَيُرِيدُونَ أَن يُفَرِّقُواْ بَيۡنَ ٱللَّهِ وَرُسُلِهِۦ وَيَقُولُونَ نُؤۡمِنُ بِبَعۡضٖ وَنَكۡفُرُ بِبَعۡضٖ وَيُرِيدُونَ أَن يَتَّخِذُواْ بَيۡنَ ذَٰلِكَ سَبِيلًا ١٥٠ أُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلۡكَٰفِرُونَ حَقّٗاۚ وَأَعۡتَدۡنَا لِلۡكَٰفِرِينَ عَذَابٗا مُّهِينٗا ١٥١﴾ (النساء) واتـە : بێگومانـە ئەوانـەی وادڵیـان دژی خـواو پێغەمبەرەکانیەتـی و دەشـیانەوێ لەنێـوان خـواو پێغەمبەرەکانییـدا فـەرق و جیـاوازی دانێـن و دەڵێـن: ئێمـە بـاوەڕ بەهەندێکیـان دەکەیـن، هەندێکیشـیان بەجێـی بـاوەڕ نازانیـن و دەشـیانەوێ لـەو نێوانـەدا ڕێگەیـەک بـۆ خۆیـان دیـاری بکـەن(١٥٠) بـێ دووڵـی، ئەمانـە کافـرو خـوا نەناسـن، چونکـە ئـەو داوایەیـان ناپەسـەندە، وە بـڕوا بـوون بەخـوا، بەگشـت فەرمـان و بڕیارەکانیشـی دەبـێ، ئەگینـە ئـەو داوایـە، داخوازییەکـی بێهـوودەو بـێ ناوەڕۆکـە وە ئێمـە سـزایەکی ئابڕوبەرمـان بـۆ ئـەو خوانەنـاس و کافرانـە، ئامـادە کـردووە(١٥١).

٣- کۆتایی هێنان بە پەیامەکانی خوا بەناردنی (محمد) (ﷺ) .

خـوای گـەورە کۆتایـی بـە پێغەمبەرایـەتی هێنـا بـە پێغەمبەرایـەتی (محمـد) (ﷺ) ، خـوای گـەورە دەفەرموێـت: ﴿ مَّا كَانَ مُحَمَّدٌ أَبَآ أَحَدٍ مِّن رِّجَالِكُمْ وَلَٰكِن رَّسُولَ ٱللَّهِ وَخَاتَمَ ٱلنَّبِيِّـۧنَ ﴿٤٠﴾ ﴾ (الأحـزاب) واتـە : موحەممـەد(ﷺ) باوکـی هیـچ پیاوێکتـان نییـە، بەڵکـو ئـەو پەیامبـەری خوایـەو دواهەمینـی پەیامبەرانـە، کۆتایـی زنجیـرەی پەیامبەرانـی پێهاتـووە).

وە پێغەمبـەری خـواش(ﷺ) دەفەرموێـت: ((**أنـا خاتـم النبيـين ، لا نبـي بعـدي**) واتـە : مـن کۆتـا پێغەمبـەرم ، هیـچ پێغەمبەرێـک لـە پـاش مـن نییـە) .

هـەر لـە خۆیـدا بەڵگـەی کۆتـا هێنـانی (مرسلین)ـە چونکـە کۆتایـی هێنـان بـە (عـام) لازمـی کۆتـا هێنـان بـە (خـا(ص) دەکات .

وە مانـای کۆتاهێنانـی پێغەمبەرایەتـی بـە پێغەمبەرایـەتی (محمـد)(ﷺ) ئەوەیـە کـە هیـچ پێغەمبەرایەتیـەک دەسـت پـێ نـاکات وە هیـچ شـەریعەتێک دانارێـژرێ لـە پـاش پێغەمبەرایـەتی (محمـد)(ﷺ) و شـەرعەکەی ، بـەڵام دابەزینـی عیـسی لـە کۆتـا زەمانـدا ، نـەفی ئـەو باسـە نـاکات ، چونکـە عیسـا ئەگـەر دابـەزی ، بـە شـەریعەتەکەی پێغەمبەرمـان (محمـد) (ﷺ) خواپەرسـتی دەکات نـەک بـە شـەریعەتەکەی پێشـووی خـۆی ، چونکـە ئـەو شـەریعەتە مەنسـوخە ، بۆیـە خـوا پەرسـتی نـاکات ئیـللا بـەم شـەرعە نەبـێ لـە ئەصلـەکان و فەرعەکانـدا ، بۆیـە دەبێتـە خەلیفـەی پێغەمبەرمـان(ﷺ) و حاکمێکـە لـە حاکمـەکانی میللەتەکـەی لـە نێـوان ئومەتەکـەی دا .

ئـەم پێغەمبـەرە(ﷺ) دواییـن پێغەمبـەرە بـە باشـترین کیتـاب و تەواوتریـن شـەریعەت وباشـترین میللـەت و کاملتریـن دیـن پەوانـە کـراوە .

شـەریعەتێکی هێنـاوە کافییـە بـۆ پێداویسـتی هەمـوو خەڵکـی لـە هەمـوو کات و شـوێنێکدا تاکـو ڕۆژی قیامـەت ، وە پێغەمبەرایـەتی پـێ تـەواو کـرا ، بۆیە هیـچ پێغەمبەرێک لـە پـاش ئـەو نیـە .

لـه هـەردوو کتێبـی (صحیـح) داو جگـه لـەوان هاتـووه لـه فەرمـودەی (جابـر بـن عبداللـه) وه کـه پێغەمبـەری خـوا(ﷺ) فەرمویـەتی : (**ومثلي ومثل الأنبياء كمثل رجل بنى داراً فأكملها وأحسنها ، إلا موضع لبنة ، فجعل الناس يدخلون و يعجبون منها ويقولون : لولا موضع اللبنة**)[١] **زاد مسلم (فجئت فختمت(الأنبياء)**[٢] .

هەروەهـا لـه هـەردوو کتێبـی (صحیـح)دا هاتـوه لـه فەرمـوودەی (أبوهریـرە)ەوە -رەزای خـوای لێبێـت- وەکـو مانـای ئـەم فەرموودەیـە ، وە تیایـدا هاتـوە: (**فجعل الناس يطوفون به ويقولون : هلا وضعت اللبنة ، فأنا اللبنة ، وأنا خاتم النبيين**)[٣] .

پێغەمبـەری خـوا(ﷺ) دەفەرموێـت: (**كانت بنو إسرائيل تسوسهم الأنبياء ، كلما هلك نبي خَلَفه نبي ، وإنه لا نبي بعدي ، وسيكون خلفاء**)[٤]

لـه (جابـر بـن سـمرە) ەوە ریوایـەت کـراوە ، دەفەرموێـت: (**رأيت خاتماً في ظهر رسول الله(ﷺ) كأنه بيضة حمام**)[٥]

(الحافـظ) ابـن الحجـر لـه (الفتـح)دا دەفەرموێـت: (القرطبـی فەرموویـەتی : ((فەرموودە سـابتەکان یەکـن لەسـەر ئـەوەی (خاتـم النبـوة) شـتێکی ئاشـکرای سـوور بـووە لەسـەر شـانی چەپـی ، ئەندازەکـەی ئەگـەر بـە بچـوک دانرایـە بـە ئەنـدازەی هێلکـەی کۆترێـک بـووە و ئەگـەر بـە گـەورە دانرایـە بـە ئەنـدازەی کـۆی مشـتێک بـووە ، واللـه اعلـم))[٦]

زانایان دەفەرموون : نهێنی لەوەدا ئەوەیە کەوا دڵی مرۆڤ لە ئەو لایەوەیە .

السـهیلی دەڵێـت : ((دانـانی (خاتـم النبـوة) لای شـانی ، چونکـە ئـەو مەعصومـە لـە وەسوەسـەی شـەیتان ، ئـەو جێگەیـەش شـەیتان لێـوەی دەچێتـە ژوورەوە)) .

---

(١) متفق عليه : البخاري (٣٥٣٤) ومسلم (٥٩٢٢) .
(٢) صحيح مسلم (٢٢/٥٩) .
(٣) متفق عليه : البخاري (٣٥٣٥) ومسلم (٥٩٢٠) .
(٤) متفق عليه : البخاري (٣٤٥٥) ومسلم (٤٧٥٠) .
(٥) اخرجه مسلم (٦٠٣٨) .
(٦) انظر : فتح الباري (٦٨٨/٦) .

الحافظ ابن كثير دەفەرموێت: (هەر لە ڕەحمەتی خوای گەورە بۆ بەندەکانی ڕەوانەکردنی (محمد)ـە(ﷺ) بۆیان ، ئەمجار لە تەشریف کردنی بۆیان پێغەمبەران و نێردراوانی پێ کۆتا هێنا، وە دینە حەنیفەکەی پێ کامل کرد ، خوای گەورە هەواڵی داوە لە کیتابەکەیداو پێغەمبەرەکەی(ﷺ) لە سوننەتە متواترەکاندا کەوا هیچ پێغەمبەرێک لە پاش ئەو نایەت ، بۆ ئەوەی بزانن هەرکەسێک بانگەشەی ئەم مەقامەی کرد لە پاش ئەو ئەوە درۆزنە و أفاک و دەججال و گومڕاو گومڕاکەرە ، هەرچەندە خۆی خڵافان و شەعوەزەی کردو جۆرەکانی سیحرو تەلەسم و (نیرنجیات) هێنا ، ئەوا هەمووی (محال) و گومڕاییە بەلای خاوەن عەقڵەکانەوە ، هەروەکو چۆن خوای گەورە لە سەر دەستی (الاسود العنسی) لە یەمەن و (مسیلمه الکذاب) لە یەمامە ڕویدا لە حاڵەتە فاسدەکان و قسە سارەدەکان ، کە هەموو خاوەن عەقڵێک دەیزانێت ئەو دووانە درۆزن و گومڕان لەعنەتی خوایان لێ بیت ، هەروەها هەرکەسێک بانگەشەی ئەوە بکات تا ڕۆژی قیامەت ، تا کۆتاییان پێ دەهێنریت بە مەسیحی دەججال ، هەریەکە لەو درۆزنانە خوای گەورە لەگەڵیدا شتی وادروست دەکات کە زانایان و ئیمانداران شایەتی درۆی ئەوە دەدەن کە هێناویەتی .

ئەمەش لەوپەڕی میهرەبانی خوای گەورەیە بە دروست کراوەکانی ، ئەوان بە زەرورەتی ئەو واقیعە (واتە : درۆزنەکان) فەرمان بەچاکە ناکەن و نەهی ناکەن لە خراپە ، ئیللا لەبەر خۆپاراستن نەبێت ، یان لە بەر ئەوەی مەبەستێکیان هەیە ، هەروەها ئەوان لەوپەڕی خراپەدان لە قسەو کرداریاندا ، هەروەکو خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ هَلۡ أُنَبِّئُكُمۡ عَلَىٰ مَن تَنَزَّلُ ٱلشَّيَٰطِينُ ۝٢٢١ تَنَزَّلُ عَلَىٰ كُلِّ أَفَّاكٍ أَثِيمٍ ۝٢٢٢ ﴾ (الشعراء) واتە : ئایا پێتان بڵێم شەیتانەکان بۆلای کێ دێن؟(٢٢١) ئەوان بۆلای پیاوێکی زۆر درۆزن و بوختانچی و گوناهکاردا دەبەزن ،وەك خۆتان ئەیانناسن، نەك بۆلای موحەممەد(ﷺ) کەچەندە ڕاستگۆ و دەستپاکە(٢٢٢) .

ئەمەش بە جیاواز لەگەڵ حاڵی پێغەمبەراندا ، چونکە ئەوان لەوپەڕی ڕاستگۆیی و ژیری و سەقامگیری و دادپەروەریدان لەوەی کە دەیڵێن و فەرمانی پێ دەکەن و نەهی لێ دەکەن ، لە گەڵ ئەوەی پشتگیریان لێ دەکرێ بەکاری نا ئاسایی و بەڵگەی ڕوون و ئاشکرا و بورهانی ئاشکرا، صەلاوات و سەلامی خوای گەورە لە سەر یان بێت هەردەم و بەردەوام تا مانەوەی زەوی و ئاسمانەکان)[1].

---

(١) تفسير القران العظيم لابن كثير .

وە خەڵکی پێویستی بە هاتنی پێغەمبەر نیە لە پاش (محمد)(ﷺ) ، لە بەر کامل بوونی شەرعەکەی و تەواو کردنی هەموو پێداویستیەکانی مرۆڤایەتی.

وە ئایە چی پێویستیەک هەیە بە ناردنی پێغەمبەرێکی تازە لە پاش (محمد)(ﷺ) ؟

ئەگەر بڵێین: ئەم ئوممەتە فاسد بووە، جا کارکردن بۆ چاککردنی پێویستی بەهاتنی پێغەمبەرێکی تازەیە .

دەڵێین : ئایە لەم دونیایەدا پێغەمبەر ڕەوانە کراوە تەنها لە بەر چاکسازی تاکو لەم سەردەمەدا ڕەوانە بکرێت تەنها لە بەر ئەم مەبەستە ؟

هیچ پێغەمبەرێک ڕەوانە نەکراوە ئیللا بەمەبەستی ئەوەی وەحی بۆ بکرێت ، وە پێویست بە وەحی ناکات ئیللا بۆ گەیاندنی پەیامێکی نوێ یان تەواوکردنی پەیامێکی پێشوو ، یان بۆ پاککردنەوەی لە تەڵخی تەحریف و گۆڕان ، کاتێ هەموو ئەم پێداویستیانە نەبوو بۆ وەحی لە بەر پارێزگاری قورئان و سوننەتی (محمد) (ﷺ) و کامل بوونی دین لەسەر دەستی ئەو ، ئەوە ئێستا پێویست بە پێغەمبەران ناکات ، بەڵکو ئەوە بۆ چاکسازەکانە -(مصلح)ـەکانە-))[1]

خوای گەورە ئەوەی پێ ڕاگەیاندوین و ئاشکرای کرد کە بە (محمد) (ﷺ) کۆتایی بە پێغەمبەران و نێردراوەکان هێناوە لەو ئایەتەی کە دەفەرموێت: ﴿ مَّا كَانَ مُحَمَّدٌ أَبَآ أَحَدٍ مِّن رِّجَالِكُمْ وَلَٰكِن رَّسُولَ ٱللَّهِ وَخَاتَمَ ٱلنَّبِيِّـۧنَ ۗ وَكَانَ ٱللَّهُ بِكُلِّ شَىْءٍ عَلِيمًا ﴿٤٠﴾ ﴾ (الاحزاب)

جا روون و ئاشکرایە کە پێچەوانە وەرناگرێت کەوا بەردەوام بوونی مانەوەی قورئان ، کە ئەو شەریعەت و ئەحکامانەی کە بنەماکانی پێداویستی مرۆڤایەتی تەشریعی لە خۆگرتووە و هەمووی پارێزراوە ، هەروەکو ئەو کاتەی دابەزیوەتە سەر (محمد) (ﷺ) لەگەڵ بەردەوام مانەوەی ژیاننامەی پێغەمبەری خواو(ﷺ) سوننەتەکانی کە ڕوون کەرەوەی ماناکانی قورئان کە (صحیح) و سابتن ئەویش هەروەکو ئەوەیە کە پێغەمبەری خوا(ﷺ) لە ناوماندا بێت بە زیندووی.

---

(١) بە دەستکارییەکی کەمەوە لە کتێبی (الرد علی القادیانیة) .

خـوای گـەورە دەفەرموێـت: ﴿فَإِن تَنَٰزَعۡتُمۡ فِي شَيۡءٖ فَرُدُّوهُ إِلَى ٱللَّهِ وَٱلرَّسُولِ ٥٩﴾ (النساء) واتـە : ئینجـا ئەگـەر لەشـتێکدا کێشـەو ناکۆکیتـان بـوو جـا بیگێرنـەوە بـۆلای خـواو پەیامبـەر ، واتـە: باتەنهـا قورئـان و سـوننەت داوەرو حەکەمتـان بـن).

وە گەڕانـەوە بـۆ لای خـوا گەڕانەوەیـە بـۆ کیتابەکـەی ، وە گەڕانـەوە بـۆ لای پێغەمبـەر(ﷺ) لـە پـاش مـردنی گەڕانـەوە بـۆ سـوننەتەکەی .

بەوشێوە، جیهان وای لێ هاتووە بێ نیازە لە هاتن و ڕەوانەکردنی پێغەمبەران و ناردنی نێردراو و تازەکردنەوەی شەریعەتەکان بۆ خەڵکی نییە لە پاش (محمد) (ﷺ) ، چونکە ئەگەر خوای گەورە پێغەمبەران و نێردراوان ڕەوانە بکات ئەوا هیچ شتێک ناکەن ، وە هیچ شتێک زیاد ناکەن لەوەی پێغەمبەرمان (محمد)(ﷺ) هێناوێتی لە بنەماکانی عەقیدەو شەریعەتدا ، خوای گەورە دینەکەی کامل کردووەو شەریعەتەکەی تەواوکردووە ، خوای گەورە دەفەرموێت:﴿ٱلۡيَوۡمَ أَكۡمَلۡتُ لَكُمۡ دِينَكُمۡ وَأَتۡمَمۡتُ عَلَيۡكُمۡ نِعۡمَتِي وَرَضِيتُ لَكُمُ ٱلۡإِسۡلَٰمَ دِينٗاۚ ٣﴾ (المائدة) واتە: وا لەئەمڕۆوە بەرنامەو ئایینەکەتانم بەپایان گەیاند، واتە: لەبارەی ئاقیدەو جیهادەوە، لەبارەی حەڵاڵ وحەرامەوە، هەموو شتێکم بۆ تەواوکردن وە نیعمەت و بەخششی خۆمم بۆ تەواوکردن سەرم خستن بەسەر دوژمنانتاناو ڕێنماییم کردن بۆ ڕێگەی ڕاست، ئیتر نەپێویست بە پێغەمبەرێ تر هەیەو، نە قورئانێکی دیکە ئیسلامیشم بەبەرنامەو ئایین بۆ هەڵبژاردن و، نابێ هیچ کاتێك لێی لابدەن و خۆکلا بکەن).

وە ئەگـەر مەبەسـت لەنـاردنی پێغەمبـەران بریتـی بێـت لـە بڵاوکردنـەوەی ئـەم پەیامەو بانگەوازکـردنی خەڵـک بـۆی ، ئـەوە کاری زانایـانی موسـڵمانە ، جـا ئـەوان لـە سـەریانە بـەم کارە هەسـتن بـە گەیانـدی ئـەم بانگـەوازە بـۆ خەڵکـی .

جـا هەرکەسـێ بانگەشـەی ئـەوە بـکات کـە لە پـاشی (محمـد) (ﷺ) کۆتای بـە پێغەمبەران نەهاتـووە ، یـان ئـەو بانگەشـەیە بەڕاسـت بزانێـت ، ئـەوە کەسـێکی هەڵگەڕاوەیـە لـە دینـی ئیسـلام، بۆیـە ، هـاوەڵان حوکمیـان داوە بـە سـەر ئـەو کەسـانەی بانگەشـەی پێغەمبەرایەتیان کـرد لـە پـاش (محمـد)(ﷺ) بـە هەڵگەڕانـەوە لـە دیـن ، وە کوشـتاریان لـە گـەڵ خۆیـان و شـوێنکەوتوەکانیاندا کـردووە ناویـان نـا بە هەڵگـەڕاوەکان ، ئەمـەش بەیەکدەنگی و ئیجماعی زانایـانی موسـڵمانانی لـە سـەرە لە پیشـین و پاشـینەکان.

حیکمەت لە کۆتایی هێنانی پێغەمبەرایەتی بە (محمد) (ﷺ)

پێغەمبەرایەتـی (محمـد)(ﷺ) کۆتایـی هێنـان بـوو بەپێغەمبەرایـەتی ، چونکـە ئـەو ڕەوانـە کـراوە بـۆ هەمـوو خەڵکـی تاکـو هەسـتانی قیامـەت ، هەروەکـو خـوای گـەورە دەفەرموێـت: ﴿ وَمَآ أَرۡسَلۡنَٰكَ إِلَّا كَآفَّةٗ لِّلنَّاسِ بَشِيرٗا وَنَذِيرٗا ٢٨ ﴾(سبأ)

خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ وَمَآ أَرۡسَلۡنَٰكَ إِلَّا رَحۡمَةٗ لِّلۡعَٰلَمِينَ ١٠٧ ﴾(الأنبياء)

خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ تَبَارَكَ ٱلَّذِي نَزَّلَ ٱلۡفُرۡقَانَ عَلَىٰ عَبۡدِهِۦ لِيَكُونَ لِلۡعَٰلَمِينَ نَذِيرًا ١ ﴾ (الفرقان)

خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ قُلۡ يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ إِنِّي رَسُولُ ٱللَّهِ إِلَيۡكُمۡ جَمِيعًا ١٥٨ ﴾ (الأعراف)

جـا ئەگـەر پەیامەکـەی بـۆ هەمـوو خەڵکـی بێـت ، بۆیـە دەبـێ شـەریعەتەکەی کامـل و گشـتگیر بێـت بـۆ بەرژەوەندیـەکانی مرۆڤـەکان ، پێویسـت نـاکات بـە شـەریعەتێکی تـر و ڕەوانـە کردنـی پێغەمبەرێکـی تـر ، هەروەکـو خـوای گـەورە دەفەرموێـت: ﴿ ٱلۡيَوۡمَ أَكۡمَلۡتُ لَكُمۡ دِينَكُمۡ وَأَتۡمَمۡتُ عَلَيۡكُمۡ نِعۡمَتِي وَرَضِيتُ لَكُمُ ٱلۡإِسۡلَٰمَ دِينٗاۚ ٣ ﴾(المائدة)

خـوای گـەورە دەفەرموێـت: ﴿ وَنَزَّلۡنَا عَلَيۡكَ ٱلۡكِتَٰبَ تِبۡيَٰنٗا لِّكُلِّ شَيۡءٖ وَهُدٗى وَرَحۡمَةٗ وَبُشۡرَىٰ لِلۡمُسۡلِمِينَ ٨٩ ﴾(النحل) واتـە : و ئـەم قورئانەشـمان بـۆ ناردیـت ئـەی پێغەمبـەر! تاهەمـوو شـتێك ڕوون بکاتـەوە و ببێتـە ڕێنمایـی و ڕەحمـەت و مـژدە بـۆ موسـڵمانان، واتـە: ئـەم قورئانـە هەمـوو پێویسـتییەکی ئادەمـزادی تێدایـە، ئـەر بـەوردی پەیـڕەوی بکـەن، قـەت تووشـی هەڵـەو پەڵـە نابـن).

خـوای گـەورە دەفەرموێـت: ﴿ وَأَنزَلۡنَآ إِلَيۡكَ ٱلۡكِتَٰبَ بِٱلۡحَقِّ مُصَدِّقٗا لِّمَا بَيۡنَ يَدَيۡهِ مِنَ ٱلۡكِتَٰبِ وَمُهَيۡمِنًا عَلَيۡهِ ٤٨ ﴾(المائـدة) واتـە : ئـەم کتێبەی(قورئان)یشـمان، هـاوڕێ لەگـەڵ هەمـوو ڕاسـتییەکدا نـاردە خـواڕێ بـۆت تەسـدیقی ئـەو کتێبانـەش دەکات بـەر لـە خـۆی هاتـوون و چاودێـرو پارێـزەرو شایەتیشـە بۆیـان، ئەمینـداری هەمـوو کتێبەکانـی بـەر لەخۆیەتـی، ئـەم هـەر شـتێکی بەراسـت، یـان ناراسـت دانـا، هـەر ئەوەیـە)

شـەیخ (ابـو الاعـلی المـودودي) لـە (الـرد عـلی القادیانیـة) دەفەرموێـت: (ئەگـەر ئێمـە بەجـوانی بـە دواداچونـی بـۆ بکەیـن (واتـە : قورئـان) بـۆ ئـەوەی بزانیـن ئـەو هۆکارانـە چیـن کـە لەبـەر ئـەوە پێداویسـتی هەبـووە بـۆ نـاردنی پێغەمبەرێـک بـۆ هـەر ئوممەتێـک لـە ئوممەتـەکانی سـەر زەوی، ئـەوا دەزانیـن ئـەم هۆکارانـە چـوار دانـەن :

١- ئـەو ئوممەتـە لـە پێشـدا هیـچ پێغەمبەرێکـی لـە لایـەن خـوداوە بـۆ ڕەوانـە نەکرابـوو، وە زانیـاری و ڕێنمایـی هیـچ پێغەمبـەری ئوممەتێکـی تـری پـێ نەگەیشـت بـوو .

٢- لـە پێشـدا پێغەمبەرێکـی بـۆ ڕەوانـە کرابـوو ، بـەڵام ڕێنماییەکانـی نەمـاوە یـان دەسـتی لەبیرچوونـەوە و تەحریـف یـاری پـێ کـردووە ، تاوەکـو خەڵـک نەیـان دەتوانـی بەشـێوەیەکی تـەواو و ڕاسـت و دروسـت شـوێنی بکـەون .

٣- لەپێشـدا پێغەمبـەری بـۆ ڕەوانـە کرابـوو ، بـەڵام ڕێنمایـەکان گشـتگیر نەبـووە بـۆ ئەوانـەی لەپـاش ئـەوان دێـن کـە بـۆ پێداویسـتی سـەردەمەکەیان بـەس بێـت ، بۆیـە پێویسـتی کـرد بەهاتنـی پێغەمبەرانـی تـر بـە مەبەسـتی تەواوکردنـی دینەکـە .

٤- لـە پێشـدا پێغەمبەرێکـی بـۆ ڕەوانـە کـرا بـوو بـەڵام واپێویسـتی کـردووە کـەوا پێغەمبەرێکـی تـر لـە گەڵیـدا ڕەوانـە بکرێـت بـە مەبەسـت بـە ڕاسـت زانیـن و پشـتگیری کردنـی .

هـەر هۆکارێـک لـەو چـوار هـۆکارە لـە پـاش پێغەمبەرمـان (محمـد) (ﷺ) نەمـاوە ، جـا بۆیـە نـە ئوممـەتی ئیسـلامی و نـە هیـچ ئوممەتێکـی تـر لـە جیهانـدا پێویسـتی بەهاتنـی پێغەمبەرێکـی نـوێ نیـە لـە پـاش (محمـد)(ﷺ) .

وە قورئـانی پیـرۆز ئـەو کارەی گرتوەتـە ئەسـتۆ کـەوا هاتنـی پێغەمبەری خـوا (محمد)(ﷺ) بـۆ هەمـوو خەڵکیەو بـۆ ڕێنمویی هەموو خەڵکی یـە ، خوای گـەورە فەرمویەتی: ﴿قُلْ يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ إِنِّي رَسُولُ ٱللَّهِ إِلَيْكُمْ جَمِيعًا ﴿١٥٨﴾﴾ (الأعراف) واتـە : ئـەی پێغەمبـەر(ﷺ)! بڵـێ: ئـەی خەڵکینـە! چـاك بزانـن کـە: مـن پەیامبـەرو نێردراوی خـوام بۆلای سـەرجەم ئێـوە) .

هەروەهـا ، مێـژوی شارسـتانیەت لـە جیهانـدا دەلالـەت دەکات بـۆ ئـەوەی کـە حاڵـی ئـەم جیهانـە هـەر لـە کاتـی ڕەوانـە کردنـی پێغەمبـەری خـوداوە(ﷺ) بـەردەوام ئامادەیـە

بەشـێوەیەک دەتوانرێـت بانگەوازەکـەی بگاتـە هـەر پارچەیـەک لـە پارچـەکانی سـەر زەوی ، وە بـۆ هـەر ئوممەتێـک لـە ئوممەتـەکان ، بۆیـە پێویسـت نـاکات بـە پێغەمبەرێکـی نـوێ بـۆ هـەر ئوممەتێـک لـە ئوممەتـەکانی جیهـان یـان پارچەیـەک لـە پارچـەکانی سـەر زەوی ، جـا بۆیـە بـەم پێیـە هـۆکاری یەکـەم نەمـا .

هەروەها ئەوەی قورئان شایەتی بۆ دەدات ، وە پشتگیری لێ دەکات ئەو هەموو کتێب و فەرمودانەو سیرە یە : کەوا ئەو ڕێنمایانەی پێغەمبەرمان هێناوێتی هێشتا زیندووە و پارێزراوەو لە سەر شێوە و حەقیقەتەکەی خۆی ، هەرگیز دەستی لە بیرچوونەوەو تەحریف و گۆڕان یاری پێ نەکردووە ، وە ئەو کیتابەش کە هێناویەتی ، هیچ پیتێک لە پیتەکانی تەحریف و کەم و زیادی توش نەبووە ، وە ناکرێتیش بە هیچ شێوەیەک ڕوو بدات تا ڕۆژی قیامەت ، بەڵام ئەم هیدایەتەی کە بەخشیویەتی یە خەڵکی بە قسەو کردارەکانی ، ئێمە تاوەکو ئەمڕۆ شوێنەوارەکەی بە زیندوویی و پارێزراوی دەبینین هەروەکو ئەوەی خودی پێغەمبەری خوا(ﷺ) لە پێشمان دایەو لە سەردەمی ئەو داین ، بەم پێیە هۆکاری دووەمیش نەما .

ئەمجـار ئـەم قورئـان ئـەوەی ئاشـکرا کـردووە کـەوا خـوای گـەورە دینەکـەی کامـل کـردووە لـە ڕێـگای (محمـد)ەوە(ﷺ) ، بـەم پێیـە هـۆکاری سـێیەمیش نەمـا .

ئەمجـار ئەگـەر پێویسـتی بکردایـە پێغەمبەرێـک ڕەوانـە بکرێـک لـە گـەڵ پێغەمبەرمان (محمـد)(ﷺ) بـە مەبەسـتی پشـتگیری و بەڕاسـت زانینـی ، ئـەوا خوای گەورە لە سـەردەمی خۆیـدا ڕەوانـەی دەکـرد ، بـەم پێیە هـۆکاری چوارەمیـش نەما.

جا چی هۆکارێکی تایبەت هەیە لە پاش نەمانی ئەم چوا هۆکارە ؟

کەرامـاتی ئەولیـــا :

لەپێشـدا بـاسی نیشـانەکانی پێغەمبەرمـان کـرد ، جیـاوازی نێوانـی و کارە نـا ئاسـایی ساحیرو کاهینـەکان و شـتە سەرسـامە داهێـنراوە تـازەکان کـرد ، وە باسـی شـوێنەوارەکەش کـرا ، ئەمجـار – ان شـاء اللـه- بـاسی کەرامـەتی ئەولیـا دەکەیـن ، چونکـە پەیوەندیەکـی بتـەوی لـە گـەڵ نیشـانەکانی پێغەمبەرانـدا هەیـە ، وە جیـاوازی نێوانیـان و نێـوان کارە نائاسـایی سـیحرو جادووبـازەکان ڕوون دەکەینـەوە ، دەڵێیـن :

ئەولیـای خـوای گـەورە کەسـە ئیمانـدارو لـە خواترسـەکانن ، هەروەکـو خـوای گـەورە دەفەرموێـت: ﴿أَلَآ إِنَّ أَوْلِيَآءَ ٱللَّهِ لَا خَوْفٌ عَلَيْهِمْ وَلَا هُمْ يَحْزَنُونَ ﴿٦٢﴾ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَكَانُواْ يَتَّقُونَ ﴿٦٣﴾﴾(یونس) واتـە : چـاك بزانـن و هۆشـیاربن ! کـە دۆسـتەکانی خـوا - دوا ڕۆژ- هـیچ تـرس و بیمێکیـان لەسـەرنیە و دڵ زویـرو خەفەتباریـش نابـن بـۆ دونیـای پـاش خۆیـان(٦٢) دۆسـتی خـوا ئەوانـەن کـە: بـاوەڕی کاملیـان هێنـاوەو، هەمیشـەش لـە خـوا دەترسـن و، خۆدەپارێـزن لـە هـەر شـتێ: پێویسـتە خۆپارێـزی لێبکـەن ، بەردەوامیـش بـە پێـی فەرمانـی خـواو پەیامبـەر کاردەکـەن(٦٣) .

جـا هەمـوو کەسـێکی ئیمانـداری لـە خواتـرس ئـەوا وەلی خوایـە بەئەنـدازەی ئیـمان و لەخواترسـانەکەی، ڕەنگـە لـە سـەر دەسـتی خـوای گـەورە کاری نائاسـایی ئاشـکرا بـکات ، ئەویـش ئەوەیـە کـە پێـی دەڵێـن: کەرامـات .

جـا (کەرامـات): کارێکـی نائاسـاییە خـوای گـەورە لەسـەر دەسـتی پیاوچـاکان ئاشـکرای دەکات لـە شـوێنکەوتوانی پێغەمبـەران ، وەکـو ڕێزگرتنێکیـان لـە لایـەن خـوداوە ، بەهـۆی بەرەکـەتی شـوێنکەوتنیان بـۆ پێغەمبـەران .

وە هەمـوو وەلییـەک کەرامـەتی لـێ دەرناکـەوێ ، بەڵکـو بـۆ هەندێکیـان دەردەکـەوێ ، یـان لـە بـەر بەهێـزی ئیمانەکەیەتـی یـان لەبـەر پێویسـتی خـۆی ، یـان بـۆ ئیقامـە حوججـە لەسـەر نەیارەکـەی لـە حەقـدا ، وە ئـەو ئەولیایانـە کـە کەرامەتیـان لـێ دەرنەکەوتـوە بەڵگـەی کـەم و کوڕییـان نییـە ، هەروەهـا ئەوانـەی لێیـان دەرکەوتـووە بەڵگـەی ئـەوە نییـە کـە لـەوانی تـر باشـتر بـن .

وە کەرامـاتی ئەولیـا حەقـە بـە یەکدەنگـی ئیجماعـی پێشـەوایانی ئیسـلام و سـوننە وجەماعـە ، وە قورئـانی پیـرۆزو سـوننەتە (صحیح)ـەکان دەلالـەتی بـۆ دەکـەن ، بـەڵام ئەهـلی بیدعـە لـە موعتەزیلـەو جەهمییـەکان شـوێنکەوتوانیان نکۆڵـی لـێ دەکـەن ، ئـەم ئینـکارەش لـە شـتێکدایە کـە لـە قورئانـدا وسـوننەتدا سـابتە ، لـە قورئـانی پیـرۆزدا چیرۆکـی (اصحـاب الکهـف) و چیرۆکـی (مریـم) هاتـووە وە لـە سـوننەتی (صحیـح) باس لـە دابەزینی فریشـتە دەکات لـە سـەر شـێوەی (ظلـة) بەمەبەسـتی گوێگرتـن لـە خوێندنـەوەی (اسـید بـن حضـیر)[1] ، وە سـڵاوکردنی فریشـتە لـە (عمـران بـن حصیـن)[2] ... وەهـموونـە لـە سـەر ئـەوە زۆرە ، وە هەرکەسـێ دەیـەوێ زیاتـر شـارەزای ئـەم مەسـەلەیە بێـت ، ئـەوا بـا بگەڕێتـەوە بـۆ کتێبـی (الفرقـان بـین اولیـاء الرحمـن واولیـاء الشـیطان) لـە نوسـینی شـیخ الاسـلام ابـن تیمیـة -ڕەحمـەتی خـوای لـێ بـێ- .

وە لـە بـاسی کەرامـاتی ئەولیـا تێکـەڵ بوونێکـی زۆ لای خەڵکـی ڕوێـداوە ، کۆمەڵێـک خەڵـک ئینکاریـیـان لـێ کـردووەو بـە گشـتی نەفیـان کـرد ، ئەوانیـش جەهمیـەو موعتەزیلـەو ئـەوانی شـوێنیان کەوتـوون ، بۆیـە لەگـەڵ دەقەکانـدا جیـاواز بـوون ، خۆیـان بـە زلـزانی بەرامبـەر بـە واقیـع ، وە کۆمەڵێکـی تـر زیادەڕەویـان کـرد لـە سـەلماندنیدا ، ئەوانیـش خەڵکـی عـەوام و زانایـانی گومـڕان ، جـا کەرامەتیـان بـۆ کەسـانی خراپەکارو فاسـق و کەسـانێک کـە ئەولیـای خـوا نیـن سـەلماند ، بەڵکـو لـە ئەولیـای شـەیتانن، وە پشـتیان لـەوەدا بەسـتووە بـە چەنـد حیکایەتێکـی درۆو خـەوو کاری نائاسـایی شـەیتانییەکان ، بۆیـە بانگەشـەی کەرامەتیـان کـردووە بـۆ سـاحیرو دەججالـەکان لـە شـەیخەکانی تەریقـەتی صۆفیـەکان و خلّافـاوەکان ، تاکـو کار گەیشـتە ئـەوەی بیانپەرسـتن جگـە لـە خـوا بـە زیندوویـی و بـە مردوویـی، وە مەرقەدیـان لـە سـەر گۆڕەکانیـان دروسـت کـردووە ئەوانـەی کـەوا دەزانـن ویلایەتیـان هەیـە و چەنـد جـار درۆی گەورەیـان بـۆ ڕێکخـراوە ، هەڵسـوکەوتکردن لـە گـەردوون و جیبەجـێ کـردنی پێداویسـتیەکانی ئەوانـەی داوایـان لـێ دەکـەن داوەتـە پاڵیـان ، وە داوای مەدەدیـان لـێ دەکـرێ ، وە هاواریـان پـێ دەکـەن و ناویـان نـاوە بـە قوتـب و غـەوس، بـە هـۆی ئـەو کەرامـەت و حیکایەتـە درۆینـەوە ،

---

(١) متفق عليه : البخاري (٥٠١٨) ومسلم (٢٩٦٤) .

(٢) أخرجه مسلم (٢٩٦٤) .

بانگەشـە کـردنی کەرامـەت بووەتـە ڕێگایـەک بـۆ پەرسـتنی ئەوانـەی دەدرێتـە پاڵیـان ، ڕەنگـە جـاری وا هەبـووە سـیحرو دەجـەل و جـادوو نـاو دەنێـن بـە کەرامـەت ، چونکـە جیـاوازی ناکـەن لـە نێـوان کەرامـەت و حـاڵاتی شـەیتانی ، وە جیـاوازی ناکـەن لـە نێـوان ئەولیـای خـواو ئەولیـای شـەیتان ، ئەگـەر نـا ، ئاشـکرایە تەنانـەت ئەگـەر سـەلمێندرا کـەوا کەسـێک وەلی خوایـە بـە دەقێکـی قورئـان یـان بـە دەقێکـی سـوننەت و لـە سـەر دەسـتی کەرامـەتی لـێ دەرکـەوت لـە لایـەن خـوداوە ، ئـەوا نابێـت و دروسـت نیـە بپەرسـترێت جگـە لـە خـوا ، وە نابـێ تەبەڕوکـی پـێ بکرێـت بـە خـۆی یـان بـە قەبرەکـەی ، چونکـە پەرسـتن تەنهـا حەقـی خـوای گەورەیـە .

وە چەنـد جیاوازییـەک هەیـە لـە نێـوان کەرامـەتی ئەولیـاو کارە نائاسـایی جادووبـاز و سـاحیرو دەججالـەکان :-

- لەوانـە : کەرامـەتی ئەولیـا هۆکارەکـەی تەقـواو کاری چاکەیـە ، بـەڵام کاری جـادوو بـازەکان هۆکارەکـەی کوفـرو خراپـەو فاسـقی یـە .

- هـەر لەوانـە : کەرامـەتی ئەولیـا پشـتی پـێ دەبسـترێت بـۆ چاکـەو تەقـوا ، یـان بـۆ کاری حـەڵاڵ (مبـاح) ، بـەڵام کاری جادووبـازو دەججالـەکان پشـتی پـێ دەبەسـترێت بـۆ کاری حـەرام و وەکـو شـیرک وکوفـرو کوشـتنی خەڵـک.

-وە لەوانـە : کەرامـەتی ئەولیـا بەهێـز دەبێـت بەزیکـری خـوای گـەورەو یەکتاپەرسـتی ، بـەڵام کارە نائاسـایی سـاحیرو جادووبـازەکان پوچـەڵ دەبێتـەوە یـان لاواز دەبـێ لـە کاتی زیکـری خـواو خوێنـدنی قورئـان و یەکتاپەرسـتی .

لێـرەدا ڕوون بویـەوە کـەوا لـە نێـوان کەرامـەتی ئەولیـا و درۆی دەججالەکانـدا چەنـد جیاوەزییـەک هەیـە حـەق و ناحـەق لـە یـەک جیادەکاتـەوە .

هەروەکـو باسـمان کـرد ، ئەولیـای ڕاسـتی خـوای گـەورە ئـەو کەراماتانـەی لەسـەر دەسـتیان دەردەکەوێـت ئیسـتغلالی ناکـەن و وەکـو هەلێـک نایقۆزنـەوە بـۆ ئـەوەی خۆیـان دەرخـەن و فێـڵ بکـەن لـە خەڵکـی بـە مـەزن و گـەورە تەماشـایان بکـەن ، بەڵکـو خۆبەکـەم زانیـن و خۆشەویسـتی خـوا و ڕووکردنـە خواپەرسـتی زیـاد دەکات ، بـە جیـاوازی

لـە گـەڵ دروزن و دەججالەکانـدا ، ئەوانـە ئیسـتغلالی ئـەو کارە شـەیتانیانە دەکـەن کـە لـە سـەر دەسـتیان دەردەکـەوێ بـۆ ئـەوەی خەڵکـی بـۆ لای خۆیـان ڕاکێشـن و بەمەزنیـان بزانـن و لێیـان نزیـک ببنـەوەو جگـە لـە خـوا بیانپەرسـتن ، تاکـو وای لـێ هاتـووە هەریـەک لەوانـە بـۆ خۆیـان تەریقەتێکـی تایبـەتی بـۆ خـۆی دروسـت کـردووە و جەماعـەتی بەنـاو خۆیـەوە دروسـت کـردووە، وەکـو (الشـاذلي) و (رەفاعـی) و (نەقشـەبەندی) و... تاکـو ئـەو دوای تەریقەتـە صۆفیـەکانی تـر .

دەرئەنجام ئەوەیە کە خەڵکی لە بابەت و باسی کەراماتدا بوونەتە سێ بەشەوە :

بەشـێکیان زیادەڕەویـان کـرد لـە نـەفی کردنیـدا ، تاکـو ئینـکاری ئەوەیـان کـرد کـە لـە کیتـاب و سـوننەدا هاتـووە و سـابت بـووە لـە کەراماتی ڕاسـت کـە لـە سـەر دەسـتی ئەولیـای خـوا دەردەکەوێـت .

وە بەشـێکیان زیادەڕەوییـان کـرد لـە سـەلماندنی کەراماتـدا ، تاوەکـو باوەڕیـان وابـوو کـەوا ئـەو سـیحرو دەجـەل و جـادووە کەراماتـن ، وە ئیسـتغلالیان کـرددوە وەکـو هۆکارێکـی شـیرک و پەیوەسـت بـوون بـە خاوەنەکانیانـەوە لـە مـردوو و زینـدووەکان، تاکـو بـە هۆیـەوە شـیرکی گـەورە پەیـدا بـوو لـە گۆڕپەرسـتی و بـە پیـرۆز زانینی کەسـەکان و زیـادەڕەوی کردنیـان ، لـە بـەر ئـەو کەرامـات و خورافاتانـە .

بـەشی سـێیەم -ئەوانیـش ئەهـلی سـوننە و جەماعەتـن- کـە نێوەنـدن لـە بابـەت و بـاسی کەراماتـدا لـە نێـوان (زیـادەڕەوی) و (کورتـرەوی) دا ، ئـەوەی لـە کیتـاب و سـوننەدا سـەلمێندراوە ئەمانیـش دەیسـەلمێنن ، وە زیادەڕەویـان نەکـردووە لـە خاوەنەکانیانـدا ، وە خۆیـان پەیوەسـت نەکـردوە پێیانـەوە لـە جگـە لـە خـوا، وە باوەڕیـان وا نییـە لەوانـەدا کـەوا ئـەوان باشـترن لـە جگـە لـە خۆیـان ، بـە ڵکـو کەسـانێک هـەن کـە ئەولیـای خـوان و لـەوان باشـترن و کەچـی کەراماتیـان لـێ دەرنەکەوتـووە ، وە نـەفی ئەوەیـان کـردووە کـە لـە گـەڵ کیتـاب و سـوننەدا جیـاوازە لـە دەجـەل ودرۆ و جـادو فێـڵ ، وە باوەڕیـان وایـە کـەوا ئـەوە لـە کارو کـردەوەی شـەیتانە ، ئـەوە لـە کەراماتی ئەولیـا نیـە، بۆیـە سـوپاس وسـتایش بـۆ خـوای گـەورە لەسـەر ڕوون کردنـەوەی حـەق و ئاشـکرا کـردنی ناحـەق:﴿لِّيَهْلِكَ مَنْ هَلَكَ عَنۢ بَيِّنَةٍ وَيَحْيَىٰ مَنْ حَيَّ عَنۢ بَيِّنَةٍ ۗ وَإِنَّ ٱللَّهَ لَسَمِيعٌ عَلِيمٌ ﴿٤٢﴾﴾ الأنفـال) واتـە : و

تائـەوەی دەبـێ بمـرێ و تیـا بچـێ و، ئـەوەش بڕیـارە بـژی و زیندەبـێ بـا هـەردوولا بەبەڵگـەی ئاشـکرابێ، واتـە: کـێ موسـڵمان دەبێـت، بـا لـە سـەر بەڵگـە موسـڵمان بێـت، کێـش کافـرو خوانەنـاس دەبێـت، بائەویـش پـاش بەڵگـە بێـت. بێگومـان خـوا وتەکانتانـی دەبیسـت کـە: چـۆن دەپارێنـەوە، بـە کردەوەکانیشـتاندا دەزانـێ شـیاوی سەرخسـتنن، بۆیـە لـە بـەدردا سەریخسـتن.)

بەشی ٥

ئیمان بە ڕۆژی دوایی

سێ باس لە خۆ دەگرێت :

باسی یەکەم :

ئیمان بە نیشانەکانی قیامەت



کاتێ ڕۆژی دوایی چەند نیشانەیەکی پێش دەکەوێت کە بەڵگەیە بۆ نزیکی ڕوودانی پێی دەڵێن : (نیشانەکانی قیامەت) ، لێرەدا وا دەگونجێ باسی گرنگترینیان بکەین ، چونکە ئیمان هێنان پێی واجبە ، ئەویش بەشێکە لە ناوەڕۆکی عەقیدە .

خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ ٱقۡتَرَبَتِ ٱلسَّاعَةُ وَٱنشَقَّ ٱلۡقَمَرُ ۝١ ﴾ (القمر) واتە : ڕۆژی قیامەت نزیك بوتەوە، مانگیش لەتبووە) .

هەروەها خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ فَهَلۡ يَنظُرُونَ إِلَّا ٱلسَّاعَةَ أَن تَأۡتِيَهُم بَغۡتَةٗۖ فَقَدۡ جَآءَ أَشۡرَاطُهَاۚ ۝١٨ ﴾ (محمد) واتە : ئایا ئەمانە مەگەر چاوەڕێی هاتنی قیامەت ناکەن لەناکاو دەرگایان لێ بگرێت؟! خۆ بێگومان هەندێ لە نیشانەکانی قیامەت هاتوونە پێش و دەرکەوتوون).

واتە : نیشانەکانی ، تاکی وشەی (أشراط) وشەی (شرَط) بە خوێندنەوەی (فتحة) لە سەر (راء)ەکە ، واتە نیشانە .

ئیمامـی (البغـوي) -ڕەحمەتـی خـوای لـێ بێـت- دەفەرمووێـت: (وە هاتـن و ڕەوانـە کردنـی پێغەمبـەر (ﷺ) یەکێکـە لـە نیشـانەکانی قیامـەت)[1] .

خـوای گـەورە دەفەرمووێـت:﴿ وَمَا يُدْرِيكَ لَعَلَّ ٱلسَّاعَةَ قَرِيبٌ ﴿١٧﴾ ﴾ (الشـورى) واتـە : تـۆ چـی ئەزانـی؟ لەوانەیـە هاتنـی قیامـەت نزیـك بێـت، جاکەواتـە هەمیشـە کارو کـرداری چـاك ئەنجـام بـدە).

خـوای گـەورە دەفەرمووێـت: ﴿ هَلْ يَنظُرُونَ إِلَّا ٱلسَّاعَةَ أَن تَأْتِيَهُم بَغْتَةً وَهُمْ لَا يَشْعُرُونَ ﴿٦٦﴾ ﴾ (الزخرف) واتـە : ئایـا ئەوانـە جگـە لـە هاتنـی ڕۆژی قیامـەت چاوەڕوانـی چـی تـر ئەکـەن کـە کتوپـڕ لێیـان ڕووەدەداو پێـش دێـت ؟ هەسـتیش بەخـۆ ناکـەن تـا پەشـیمان ببنـەوە).

جا لەبەر ئەوەی ڕوودانی قیامەت زۆر نزیکە ، خوای گەورە وەکو سبەی ناوی هێناوە :

خـوای گـەورە دەفەرمووێـت:﴿ وَلْتَنظُرْ نَفْسٌ مَّا قَدَّمَتْ لِغَدٍ ﴿١٨﴾ ﴾ (الحشر) واتـە : وەبـا هەرکەسـە سـەرنج بـداو بزانـێ چ شـتێکی بـۆ سـبەینێ(قیامەت) پێشخسـتووە لـە کـردەوەی چـاك ؟).

وە (الغد) واتە سبەینێ واتە ئەو ڕۆژەی لە پاش ئەمڕۆ دێت کە تۆی تێدای .

خـوای گـەورە دەفەرمووێـت: ﴿ إِنَّهُمْ يَرَوْنَهُۥ بَعِيدًا ﴿٦﴾ وَنَرَىٰهُ قَرِيبًا ﴿٧﴾ ﴾ (المعـارج) واتـە: بـە ڕاسـتی ئـەوان ئـەو ڕۆژە بـەدوور دەبینـن !(٦) و ئێمـەش بەنزیکـی ئەبینیـن، چونکـە بـۆ ئێمـە هیچـی تێناچێـت(٧) .

لـە فەرموودەیەکـدا کـە ئیمامـی (الترمـذي) ڕیوایەتـی کـردووە و بـە (صحیـح)ی زانیـوە لـە فەرمـوودەی (ئەنـەس)ەوە کـەوا پێغەمبـەری خـوا(ﷺ) فەرمویەتـی : (**بعثـت أنـا والسـاعة كهاتـين**) واتـە : ڕەوانەکـردن و هاتنـی مـن و قیامـەت وەکـو ئـەم دووانەیـە) پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) ئامـاژەی بـە هـەردوو پەنجـەی شـایەتمان و پەنجـەی ناوەڕاسـت کـرد[2].

---

(١) انظر : لوامع الأنوار للسفاريني (٦٥/٢).

(٢) متفق عليه : البخاري (٦٥٠٤) ومسلم (٧٣٣٠) .

وە لـە فەرموودەیەکـدا کـە بوخـاری و موسـلیم ریوایەتیـان کـردووە لـە فەرمـوودەی (ابـن عمـر)ەوە کـەوا پێغەمبـەری خـوا(ﷺ) فەرمویەتـی : (**إنمـا أجلکـم فیمـن مـضی قبلکـم مـن الأمـم مـن صـلاة العـصر الی مغـرب الشـمس**) [١]

وە لـە (لفظ)ێکـی تـردا هاتـووە : (**إنمـا بقاؤکـم فیـما سـلف قبلکـم مـن الأمـم کـما بـین صـلاة العـصر الی غـروب الشـمس**)[٢]

جـا لەبـەر ئـەوەی کاروبـاری قیامـەت بابەتێکـی سـەختە ، بۆیـە بایەخـدان پێـی لـە بابەتەکانـی تـر زیاتـر هاتـووە ، وە هـەر لەبـەر ئـەوە پێغەمبـەری خـوا(ﷺ) نیشـانەکانی بـە زۆری بـاس کـردووە، هەروەهـا دەربـارەی ئـەو فیتنانـەی لـە پێـش قیامـەت دێـن هەواڵـی پێداویـن ، ئۆممەتەکـەی لێـی ئـاگادار و وریاکردووەتـەوە ، بـۆ ئـەوەی خۆیانـی بـۆ ئامـادە بکـەن .

بـەڵام کاتـی هاتنـی ، ئـەوە لـەو کاروبارانەیـە کـە خـوای گـەورە تەنهـا خـۆی زانیـاری دەربـارەی دەزانـێ و لـە بەندەکانـی خـۆی شـاردووەتەوە لەبـەر بەرژەوەنـدی خۆیـان ، بـۆ ئـەوەی هـەردەم لـە ئامادەباشـیدا بـن بـۆی ، هەروەکـو چـۆن هاتنـی ئەجەلـی هـەر یەکێکـی شـاردووەتەوە ، بـۆ ئـەوەی هـەردەم خـۆی بـۆ ئامـادە بـکات و لـە چاوەروانیـدا بێـت و تەمـەڵ و سسـت نەبـێ لـە کارکردنـدا .

زانـای پایـەدار (السـفاريني) دەفەرمـوێـت: (ئـەوەش بزانـە کـە نیشـانەکانی قیامـەت دەکرێـت بـە سـێ بەشـەوە :

بەشـێکی دەرکـەوت و رۆیشـت ، ئەویـش نیشـانە دوورەکانـە ، وە بەشـێکی دەرکەوتووە و نەرۆیشـتووە بەڵکـو بـەردەوام لـە زیادبووندایـە، وە بەشـی سـێیەم : ئەویـش نیشـانە گەورەکانـە کـە لـە پاشـی یەکسـەر قیامـەت دێـت ، ئەوانیـش یـەک لـە دوای یەکـن وەکـو مـووروەکان کـە دەزووەکـەی دەبڕێـت .

---

(١) أخرجه البخاري (٣٤٥٩) .

(٢) اخرجه البخاري (٥٥٧) .

جا یەکەمەکە : مەبەستم ئەوانەی کە دەرکەوتن و رۆیشتن :

لەوانە : دەرکەوتنی پێغەمبەری خواو(ﷺ) کۆچی دوایی و رزگار کردنی (بیت المقدس) .

وە لەوانـە کوشـتنی ئەمیـری ئیمانـداران عوسـمانی کـوڕی عەففـان -رەزای خـوای لـێ بێـت- ، (حذیفـة) -رەزای خـوای لـێ بێـت- دەفەرمووێـت: (أول الفـتن قتـل عثـمان ....) واتـە: (یەکەمـی فیتنـەکان کوشـتنی عوسـمانە ....) .

ئەمجـار باسـی بەناوبانگتریـن جەنگەکانـی کردووە کە لە نێـوان موسـڵمانان رووویداوە لە پـاش ئـەوە و دەرکەوتنـی کۆمەڵـە گومڕاکان وەکـو خەواریج و (رافضـة) ، ئەمجار فەرمووی :

لەوانە : دەرکەوتنی چەندین درۆزن و دەججال هەر یەکە بانگەشەی پێغەمبەرایەتی دەکات.

وە لەوانە : نەمانی مۆڵکی عەرەب ، هەروەکە ئیمامی (الترمذي) ریوایەتی کردووە.

وە لەوانە: زۆربوونی سەروەت و سامان، بوخاری و موسلیم و جگە لەوان ریوایەتیان کردووە.

وە لەوانە زۆربوونی زەمینە لەرزە و رۆچوون و مەسخ و قذف ...

وە جگـە لەوانـە هەروەکـو پێغەمبـەری خـوا(ﷺ) هەواڵـی پێداویـن لـە نیشـانەکانی قیامەتـە کـەوا دەرکەوتـن و رۆیشـتن و نەمـان .

بەشی دووەم : نیشانە ناوەندەکان :

ئەوانـەن کـەوا دەرکەوتـن و هێشـتا لەنـاو نەچـوون ، بەڵکـو زیـاد دەکات و لـە زۆربوونداییـە ، ئەوانـەش زۆرن :

لەوانـە ئـەو فەرموودەیـەی کـە پێغەمبـەری خـوا(ﷺ) دەفەرموێـت: (**لا تقـوم السـاعة حتـى يكـون أسـعد النـاس بالدنيـا لكـع ابـن لكـع**)[1] وەمانـای : لکـع : واتـە : کۆیلـەو گەمـژە و بـێ ڕێـزە ، وە مانـای ئـەوەی : قیامـەت هەڵناسـێت تاکـو کەسـی بـێ ڕێـز و گەمـژە و لـەو جۆرانـە دەبنـە سـەرۆکی خەڵکـی .

---

(١) رواه أحمد والترمذي والضياء المقدسي .

هەروەهـا لـە نیشـانەکانی : ئـەو فەرموودەیەیـە کـە دەفەرموێـت: (**یـأتي عـلى النـاس زمـان الصابـر فیهـم عـلى دینـه کالقابـض عـلى الجمـر**)[1] واتـە : رۆژگارێـک بـە سـەر خەڵکیـدا دێـت کەسـی ئارامگـر تیایـدا لەسـەر دینەکـەی وەکـو ئـەو کەسـەیە کـە ئاسـکڵی بـە دەسـتەکانی گرتبێـت) .

هەروەهـا دەفەرموێـت: (**لا تقـوم السـاعة حتـى یتباهـى النـاس في المسـاجد**)[2] واتـە : قیامـەت هەڵناسـێت تاوەکـو خەڵکـی شـانازی بـە مزگەوتەکانـەوە دەکـەن).

هەروەهـا دەفەرموێـت: (**یکـون في آخـر الزمـان عبـاد جهـال و قـراء فسـقة**)[3] واتـە : لـە کۆتـا زەمانـدا کەسـانی عابـدی نەفـام و قورئـان خوێنـی فاسـق هـەن) .

لەوانـە : کـەوا مانگـی یـەک شـەوە ببینرێـت دەردەکەوێـت ، دەڵێـن : دوو شـەوەیە ، لەبـەر گەورەیـی ، مانـای فەرموودەکـە ئیمامـی (الطبراني) لـە ئیـبن مەسـعودەوە ریوایەتـی کـردووە ، وەلـە (لفظ)یکـدا هاتـووە : (**مـن أشراط السـاعة انتفـاخ الأهلة**) واتـە : گەورەیی.

وە لەوانە : مزگەوتەکان دەکرێنە رێگا ...)

تاکـو ئـەو جێگایـەی دەڵێـت : لەوانـە کـە لـە (صحیـح البخـاری)دا و جگە لـەودا هاتووە لـە فەرمـوودەی (ئەنـەس) ەوە کـەوا فەرموویەتـی : ئایـە فەرموودەیەکتـان بـۆ بگێڕمـەوە کـە لـە پێغەمبـەری خـوداوە(ﷺ) بیسـتوومە و هیـچ کەسـێکی تـر بۆتـان ناگێڕێتـەوە ، گوێـم لـێ بـوو پێغەمبـەری خـوا(ﷺ) دەیفەرمـوو : (**إن مـن أشراط السـاعة : أن یرفـع العلـم ، ویکـثر الجهـل ،ویکـثر الزنـا ویکـثر شرب الخمـر ، ویقـل الرجـال ، ویکـثر النسـاء حتـى یکـون لخمسـین امـرأة القیـم الواحـد**)) واتـە : لـە نیشـانەکانی قیامـەت : زانسـت و زانیـاری بـەرز دەبێتـەوە و نەفامـی زۆر دەبێـت و زینـا زۆر دەبێـت و مـەی خواردنـەوە زۆر دەبێـت و پیـاوان کـەم دەبنـەوە تاوەکـو وای لـێ دێـت کـە پەنجـا ئافـرەت تەنهـا یـەک پیـاو دەیانبـات بەڕیـوە).

---

(١) رواه الترمذي .

(٢) رواه احمد وابو داود وابن حبان وابن ماجه.

(٣) رواه ابو نعیم والحاکم .

وە لـە (الصحیـح) دا هاتـووە لـە فەرمـوودەی (أبـو هریـرە) ەوە -رەزای خـوای لـێ بێـت- دەڵێـت: (**بینـما النبـي (ﷺ) في مجلـس یحـدث القـوم ، جـاءه أعـرابيٌ ، فقـال : متـی السـاعة ؟ فمـضی رسـول اللـه (ﷺ) یحـدث، وقـال بعـض القـوم : سـمع مـا قـال ، فکـره مـا قـال ، وقـال بعضهـم : بـل لم یسـمع حتـی إذا قـضی حدیثـه ، قـال: ((أیـن السـائل عـن السـاعة ؟)) قـال: هـا أنـا یـا رسـول اللـه(ﷺ). قـال(ﷺ): ((فـإذا ضیعـت الأمانـة فانتظـر السـاعة)). قـال : کیـف إضاعتهـا ؟ قـال : إذا وسـد الأمـر إلی غـیر أهلـه فانتظـر السـاعة**) واتـە : لـە کاتێکـدا کـەوا پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) لـە نێـو هاوەڵانیـدا بـوو قسـەی بـۆ ئـەوان دەکـرد کابرایەکـی دەشـتەکی هـات بـۆ لای و فەرمـووی : کـەی قیامـەت دێـت ؟)) کەچـی پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) لەسـەر باسـەکەی خـۆی رۆیشـت و وڵامـی نەدایـەوە بۆیـە هەنـدێ لـە خەڵکەکـە فەرموویـان : ئـەوەی کابـرا فەرمـووی بیسـتی و پێـی ناخـۆش بـوو ، وە هەندێکیـان فەرموویـان : بەڵکـو ئـەو قسـەکەی نەبیسـت، تاکـو لـە قسـەکانی بـووەوە ئەمجـار فەرمـووی : کـوا ئـەو کەسـەی پرسـیاری قیامەتـی دەکـرد ؟ فەرمـووی : ئەوەتـا لێـرەم ئـەی پێغەمبـەری خـوا(ﷺ) .. پێغەمبـەری خـوا(ﷺ) فەرمـووی : ئەگـەر سـپاردە فەوتـا و بـزر بـوو ئـەوا چاوەروانـی قیامـەت بکـە .. ئەمجـار فەرمـووی:- ئـەی پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) فەوتـان و بـزر بوونـی چـۆن دەبێـت ؟ پێغەمبـەری خـوا(ﷺ) فەرمـووی : ئەگـەر کار درا بـە دەسـتی کەسـانێکەوە شایسـتەی ئـەو جێگەیـە نەبـوون ئـەوا چاوەڕوانـی قیامـەت بکـە)) .

بەشـی سـێیەم لـە نیشـانەکانی قیامـەت : نیشـانە گـەورەکان کـە لـە پـاش ئەوانـە یەکسـەر قیامـەت دێـت[1]:

لەونـەی کـە بـاس کـراوە : دەرکەوتنـی مەهـدی و مەسـیحی دەججـال و دابەزینـی عیسـای کـوڕی مەریـەم و دەرچوونـی یەئجـوج و مەئجـوج و روخانـی کەعبـە و دوکـەڵ و بـەرز بوونـەوەی قورئـان و هەڵاتنـی رۆژ لـە رۆژ ئـاواوە و دەرکەوتنـی گیانـدارەکـە (دابـة) و دەرکەوتنـی ئاگرێـک لـە عەدەنـەوە و ئەمجـار فووکـردن بـە کەڕەنـادا فووکردنـی تـرس ، ئەمجـار فـووی (صعـق) و هەلاکەتـی خەڵکـی ئەمجـار فـووی زیندووبوونـەوە).

---

(١) انظر : (لوامع الانوار) للسفاريني .

هـەر چۆنێـک بێـت کارەکـە زۆر مەزنـە و ئێمەیـش بـێ ئاگایـن وە ئـەو نیشـانانە زۆربـەی دەرکەوتـوون، بۆیـە داوا لـە خـوا دەکەیـن دامەزراومـان بـکات لەسـەر دینەکـەی و لـە سـەر ئیسـلام بمانمرێنێـت و لـە خراپـەی فیتنـەکان بمانپارێزێـت ، ئاشـکراو نادیـارەکان .

ئەمـەش لـە نیشـانەکانی پێغەمبەرایەتـی و موعجیزەکانـی پێغەمبـەرە ، چونکـە هەواڵـی داوە دەربـارەی چەندیـن کاری ئایندەیـی کـە خـوای گـەورە خـۆی ئـاگاداری کردووەتـەوە ، جـا ئـەوەی هەواڵـی پێداویـن رووێـداوە ، ئەمـەش ئیمانـی بەنـدەکان بـە هێزتـر دەکات .

هـەر لـەو هەواڵدانـە رەحمەتێکـی گەورەیـە بـۆ بەندەکانـی ، بـۆ ئـەوەی ئاگادارێـن لێـی و خۆیانـی بـۆ ئامـادە بکـەن ، وە لـەو کارەدا چـاوروون بـن ، جـا صـەڵات و سـەلام لەسـەر ئـەم پێغەمبـەرە بەرێـزە کـە بـە جوانتریـن شـێوە بـۆی رووبکردینـەوە ئێمەیـش شـایەتی لەسـەر ئـەو ئـاگادار کردنـەوە دەدەیـن .

یەکـەم نیشـانە لـەو نیشـانانە : دەرکەوتنـی مەهـدی و ئەمجـار دەرکەوتنـی دەججـال و ئەمجـار دابەزینـی (مەسیح)ـە (علیـه الصلاة والسلام) ئەمجـار نیشـانەکانی تـر یـەک لە دوای یـەک دێـت .

١/ دەرکەوتنی مەهدی :

لـە پێشـدا باسـی نیشـانە گەورەکانمـان کـرد بـە گشـتی ، ئێسـتاش بـە درێـژی باسـی هـەر یەکـە لـەو نیشـانانە دەکەیـن ، یەکەمیـان : دەرکەوتنـی مەهـدی :

لـە (عبداللـە)ی کـوڕی (مسـعود)ەوە ریوایـەت کـراوە کـەوا پێغەمبـەری خـوا(ﷺ) فەرمویەتـی : (**لا تنقـضي الأيـام ولا يذهـب الدهـر حتـى يملـك العـرب رجـل مـن أهـل بيتي يواطـئ اسـمه اسـمي**))[1] واتـە : ئـەم دونیایـە دوایـی نایـەت تاوەکـو کابرایـەک حوکمـی عـەرەب نـەکات لـە ئەهلـی بەیـت و بنەماڵـەی منـە و نـاوی وەکـو نـاوی منـە).

زانـای پایەبـەرز (السـفارینی) دەفەرمووێـت: (چەندیـن ریوایـەت و فەرمـوودە دەربارەی مەهدی هاتـوون)[2] .

---

(١) رواه احمد وابو داود والترمذي بأسانيد صحيحة ، وقال الترمذي : هذا حديث حسن صحيح .

(٢) انظر : لوامع الانوار للسفاريني .

شـیخ الاسـلام ابـن تیمیـه -ڕەحمەتـی خوای لـێ بێـت- دەفەرمووێـت: (ئـەو فەرموودانەی کـه دەکرێنـه حوججـه دەربـارەی دەرکەوتنـی مەهـدی هەمـوو فەرمـوودی (صحیـح)ن ، کـه أبـو داود و الترمـذي و أحمـد و جگـه لـەوان ڕیوایەتیـان کـردووه) اه

وە نـاوی مەهـدی : (محمـد) ی کـوڕی (عبداللـه) یـه لـه نـەوەی (الحسـن) ی کـوڕی (علـی) کـوڕی (أبـو طالـب)ە -ڕەزای خوایـان لەسـەر بێـت- ، لـه کۆتـا زەمانـدا دەردەکەوێـت ، لـه کاتێکـدا زەوی پـڕ بـووه لـه سـتەم و زۆرداری جـا ئەویـش پـڕی دەکات لـه دادپـەروەری.

دەڵێم : خەڵکی له باسی مەهدیدا بوونەتە دوو بەش و ناوەندێکەوە :

لایەنـی یەکـەم : کەسـانێک نکۆڵـی لـه دەرکەوتنـی مەهـدی دەکـەن لـه نمونـەی هەنـدێ لـه نوسـەرانی ئـەم سـەردەمە کـه هیـچ شـارەزاییان نییـه لـه دەقـەکان و قسـەی زانایـان بەڵکـو تەنهـا پشـت بـه بۆچـوون و عەقڵـی خۆیـان دەبەسـتن .

لایەنـی دووەم : کەسـانێک زیـادەڕەوی دەکـەن لـه کاروبـاری مەهـدی کـه لـه کۆمەڵـه گومڕاکانـن ، تـا گەیشـتە ئـەو ڕادەیـەی هـەر کۆمەڵـەی بـه سـەرکردەکەیان دەڵێـن : ئـەوە مەهـدی چـاوەڕوان کـراوە. جـا (الرافضـة) بانگەشـەی ئـەوە دەکـەن کـه پێشـەوا چـاوەڕوان کراوەکـه ئەوەیـه کـه چاوەڕوانـی دەرچوونـی دەکـەن لـه (سرداب)ەکـەوە ، وە نـاوی لـێ دەنێـن : (محمـدی کـوڕی الحسـن العسـکری) چووەتـەو نـاو سردابەکـه لـه سـامەرڕا پێـش زیاتـر لـه هـەزار سـاڵ کـه هێشـتا منداڵێکـی بچـووک بـوو ، ئەوانیـش چاوەڕوانـی دەرکەوتنـی دەکـەن .

وە (الفاطمیـة) : بانگەشـەی ئـەوە دەکـەن کـه سـەرکردەکەیان مەهـدی یـه .. ئـا بـەم شـێوەیە ، هـەر کەسـێک بیـەوێ خـۆی زاڵ کات بـه سـەر خەڵکیـدا و ئـەوان هەڵخەڵەتێنـی ئـەوا بانگەشـەی مەهـدی چـاوەڕوان کـراو دەکات ، هەروەکـو چـۆن کەسـێک درۆ و فێڵـی بوێـت لـه صۆفییـەکان بانگەشـەی ئـەوە دەکات کـه ئـەو لـه ئەهلـی بەیتـه و سـەیدە .

بـەڵام لایەنـی ناوەنـد لـه باسـی مەهدیـدا : ئەهلـی سـوننه و جەماعـەن کـه دەرکەوتنی مەهـدی دەسـەڵێنن بـه پێـی ئـەو دەقـه راسـت و دروسـتانەی دەربـارەی هاتـووە ، لـه

بـارەی نـاو و نـاوی باوکـی و رەچەڵەکـی و سـیفات و کاتـی دەرکەوتنـی ، لـەو فەرموودانەی دەربـارەی هاتـوون زیاتـر تێناپـەڕن وە بـۆ دەرکەوتنـی چەنـد نیشـانەیەک هەیـە کـە زانایـان باسـیان کـردووە .

زانـای پایەبـەرز (السـفارینی) دەڵێـت : (قسـەی زۆر دەربـارەی مەهـدی هاتـووە ، تەنانـەت دەڵێـن : مەهـدی نییـە تەنهـا عیسـا نەبێـت ، راسـتەکەش ئەوەیـە کـە ئەهلـی حـەق لـە سـەرین : مەهـدی عیسـا نییـە ، ئەویـش دەردەچێـت پێـش دابەزینـی عیسـا ، وە چەندیـن ریوایـەت هاتـووە دەربـارەی دەرچوونـی تاکـو گەیشـتووەتە پلـەی (متواتـر)ی مەعنـەوی ، ئـەوەش لـە نـاو زانایانـی ئەهلـی سـوننەدا بـڵاو بووەتـەوە ، تاوەکـو بـە یەکـێ لـە بیروباوەڕەکانیـان دەژمێردرێـت ..))[١]

تاکـو ئـەو جێگایـەی دەڵێـت : ((وە چەندیـن ریوایـەت لـە هاوەڵانـەوە و جگـە لەوانـەوە هاتـووە -رەزای خوایـان لـێ بێـت- بـە چەندیـن ریوایـەت و هەروەهـا لـە شـوێنکەوتوانەوە ئەوانـە لـە پـاش ئـەوان هاتـوون کـە عیلمـی (القطعـي) دەسـەلمێنی ، جـا ئیـمان بـە دەرکەوتـن و دەرچوونـی واجبـە، هەروەکـو چـۆن لای زانایـان دانـی پێدانـراوە و لـە کتێبەکانـی عەقیـدەی ئەهلـی سـوننە و جەماعـەدا نـوسراوە)[٢].

ئەمجـار (السـفارینی) لـە رووونکردنـەوەی ژیاننامەکەیـدا دەڵێـت : ((زانایـان دەفەرموون : بـە سـوننەتەکەی پێغەمبـەری خـوا(ﷺ) کار دەکات و هیـچ کەسـێکی خەوتـوو بـە خەبـەر ناهێنێتـەوە و لەسـەر سـوننەت کوشـتار دەکات ، هیـچ سـوننەتێک بـە جـێ ناهێڵـێ ئیللا جـێ بـە جێـی دەکات (زینـدووی دەکاتـەوە) وە هیـچ بیدعەیـەک ناهێڵـێ ئیللا لـە نـاوی دەبـات (دەیمرێنـێ) ، حوکـم بـە دیـن دەکات لـە کۆتازەمانـدا هەروەکـو چـۆن پێغەمبـەری خـوا(ﷺ) کـردی ، خـاچ (صەڵیب) دەشـکێنێت و بـەراز دەکوژێـت و موسـڵمانان دەگێڕێتەوە بـۆ خۆشەویسـتی و نیعمەتەکەیـان ، زەوی پـڕ دەکات لـە دادپـەروەری هەروەکـو چـۆن -لـە پێشـدا- پـڕ بـوو بـوو لـە زۆر و سـتەم)[٣] .

---

(١) انظر : لوامع الانوار (٨٤/٢) .

(٢) انظر : لوامع الانوار (٨٤/٢) .

(٣) انظر : لوامع الانوار (٧٥/٢) .

وە هـەر لـە بـارەی وەصفـی ئـەوەوە دەڵێـت : (ئەمجـار پیاوێـک لـە ئەهلـی بەیتـی پێغەمبـەری خـوا(ﷺ) دەردەچێـت نـاوی مەهـدی یـە خاوەنـی ژیاننامەیەکـی پاکـە ، شـارەکەی قەیصـەر غـەزا دەکات ، ئەویـش کۆتـا ئەمیـرە لـە ئوممەتـی (محمـد) (ﷺ) ، لـە سـەردەمی ئـەودا دەججـال دەردەچێـت و عیسـای کـوڕی مەریـەم دادەبەزێـت).

دەڵێـت : (وە لـە شـەیخ (مرعـی) گواسـتراوەتەوە لـە کتێبـی (فوائـد الفکـر)[1] لـە (ابـو الحسـن محمـد بـن الحسـین)ەوە ، کـەوا دەفەرموێـت: چەندیـن فەرمـوودە بـە متواتـری هاتـووە و ریوایەتـەکان زۆر بوونـە لـە پێغەمبـەری خـوداوە (ﷺ) دەربـارەی هاتنـی مەهـدی ، ئـەو کەسـێکە لـە ئەهلـی بەیتـی پێغەمبـەری خـوا(ﷺ) و حـەوت سـاڵ دەسـەڵات دەگرێتـە دەسـت و زەوی پـڕ دەکات لـە دادپـەروەری و لـە گـەڵ عیسـادا دەردەچێـت و یارمەتـی ئـەو دەدات بـۆ کوشـتنی دەججـال لـە درەگای (لـد) لـە خاکـی فەڵەسـتین ، وە پێـش نوێـژی دەکات بـۆ ئـەم ئوممەتـە لـە کاتێکـدا عیسـا لـە پشـتییەوە نوێـژ دەکات ، واتـە : یـەک نوێـژ ، ئەویـش نوێـژی بەیانییـە)[2] اە

ئـەوە ئـەو مەهـدی یەیـە کـە پێغەمبـەری خـوا(ﷺ) هەواڵـی دەربـارەی داوە و سـیفاتە جیاوازەکانـی و کاتـی دەرچـوون و ژیاننامەکـەی بـاس کـردووە .

کۆمەڵێکـی گومـڕا زۆر زوو بانگەشـەی مەهـدی یـان کـرد ، لـە کاتێکـدا صیفاتەکانـی لەوانـدا کـۆ نەبـووەوە ، بەڵکـو تەنهـا مەبەسـتیان هەڵخەڵەتاندنـی کەسـی سـادە بـووە ، وە ئیسـتغلال کردنـی ئـەو کەسـایەتییە لـە بـەر تەماحـی شـەخصی خۆیـان ، بۆیـە خـوای گـەورە درۆکەیانـی ئاشـکرا کـرد و قسـە پووچەکەیانـی شـەرمەزار کـرد ، هەرگیـز سەرسـام مەبـە ، چونکـە کۆمەڵێـک خەڵکـی تـر بانگەشـەی پێغەمبەرایەتییـان کـرد ، درۆیـان بـە نـاو خـواوە کـرد ، ﴿ وَمَنْ أَظْلَمُ مِمَّنِ ٱفْتَرَىٰ عَلَى ٱللَّهِ كَذِبًا أَوْ قَالَ أُوحِيَ إِلَيَّ وَلَمْ يُوحَ إِلَيْهِ شَيْءٌ ﴿٩٣﴾ ﴾ (الأنعـام) واتـە : دەبـێ چ کەسـێك لـەوە سـتەمکارتر بـێ کـە لـە سـەر خـوا درۆ هەڵبەسـێ و بڵـێ: خـوا هیـچ شـتێکی بەوەحـی نەناردوَتـە خـوارێ، نەتـەورات، نەقورئـان!! یـان بڵێـت: مـن لـە لای خـواوە وەحـی و سروشـم بـۆ کـراوە وەکـو (موسـەیلەمەو ئەسـوەدی

---

(١) اسمه كاملا (فوائد الفكر في الامام المهدي المنتظر) ولا يزال مخطوطاً .

(٢) (٨٦/٢) .

عەنسـی) کەبـی شـەرمانە داوای پێغەمبەرێتیـان دەکـرد! لەراستیشـدا هیـچ شـتێکی بـۆ وەحـی نەکـراوە).

داوا لـە خـوا دەکەیـن حەقـمان بە حەق نیشـان بـدات و شـوێنکەوتنی بکاتە قسـمەتمان ، وە ناحەقـمان بـە ناحـەق نیشـان بـدات و دوور کەوتنـەوە لێـی بکاتـە قسـمەتمان ، وە لـە خراپـەی پێشـەوایانی گومڕایـی و فێڵبـازان و درۆزنـان بمانپارێـزێ ، والحمـد للـه رب العالمیـن .

٢/ دەرچوونی دەججال :

مەسـیحی دەججـال و فیتنەبـەری درۆزن مەسـیحی گومڕایـی ، پەنـا بـە خـوای گـەورە دەگریـن لـە فیتنەکـەی ، هەمـوو پێغەمبـەران ئوممەتەکانـی خۆیانیـان لـێ ئـاگادار کردووەتـەوەو وصفەکەیـان روون کردووەتـەوە ، وە پێغەمبەرمـان (محمـد)(ﷺ) لـە هەمـوو کەسـێک زیاتـر ئـاگاداری کردینەتـەوە و وەصفەکـەی بـۆ روون کردووینەتـەوە بـە چەنـد سـیفاتێک کـە بـە هیـچ شـێوەیەک شـاراوە نییـە .

لە (الترمذي) دا هاتووە کەوا ئەو لە (خوراسان)ەوە دەردەچێت[1] .

وە لـە (صحیـح مسـلم)دا هاتـووە لـە ئەنـەس ەوە رەزای خـوای لـێ بێـت کـەوا پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) فەرموویەتـی : (یتبـع الدجـال مـن یهـود أصبهـان سـبعون ألفـاً علیهـم الطیالسـة)[2]

وە پێـی دەڵێـن مەسـیح چونکـە چـاوی سـڕاوەتەوە، وە دەڵێـن: چونکـە هەمـوو سـەر زەوی دەبڕێـت.

وە پێـی دەڵێـن : الدجـال ، لـە (دجـل)ەوە هاتـووە واتـە : تێکەڵکـردن ، دەڵێـت : دَجَـلَ : ئەگـەر تێکەڵیکـرد و ئاڵـۆزی کـرد وە (دجّـال) لـە سـەر وەزنـی (فعّال)ـە کـە یەکێکـە لـە وەزنەکانـی (مبالغـە) واتـە : درۆ و خەڵەتانـدن زۆر دەکات .

ئەویش لە سەردەمی مەهدی دا دەردەچێت.

---

(١) اخرجه الترمذي (٢٢٤٢) .

(٢) اخرجه مسلم (٧٣١٨)

زانـای پایەبـەرز (ابـن کثـیر) -ڕەحمەتـی خـوای لـێ بێـت- دەڵێـت : ئەمجـار مۆڵەتـی پـێ دەدرێـت (واتـە : دەججـال) بـە دەرچـوون لـە کۆتـا سـەردەمدا ، لـە سـەرەتاوە لەسـەر شـێوەی پادشـایەکی زۆردار دەردەکەوێـت ، ئەمجـار بانگەشـەی پێغەمبەرایەتـی دەکات ، ئەمجـار بانگەشـەی خوایەتـی دەکات ، جـا لەسـەر ئـەوە خەڵکـی نەفـام لـە بەنـی ئـادەم و خەڵکـی سـادە و سـاوێلکە شـوێنی دەکـەون ،وە ئەوانـەی خـوای گـەورە هیدایەتـی داون لـە بەندەکانـی خـوا و حیزبـە خۆپارێزەکـەی جیـاواز و ناکـۆک دەبـن لـە گەڵێـدا ، جـا دەسـت دەگرێـت بـە سـەر وڵاتەکانـدا وڵات وڵات و قـەڵا قـەڵا و هەرێـم هەرێـم و کـورە کـورە ، وە هیـچ وڵاتێـک نامێنـێ لـە وڵاتـەکان ئیـلا پـێ دەخاتـە سـەری بـە پـێ و ئەسـپەکانی تەنهـا مەککـە و مەدینـە نەبێـت)[1]

وە مـاوەی مانـەوەی لەسـەر زەویـدا چـل ڕۆژە ، ڕۆژێکـی وەکـو سـاڵێکە و ڕۆژێکـی وەکـو مانگێکـە و ڕۆژێکـی وەکـو هەفتەیەکـە و ئـەو ڕۆژەکانـی تـر وەکـو ڕۆژی ئاسـاییە ، وە تێکـڕای ئـەو ماوەیـە دەکاتـە سـاڵێک و دوو مانـگ و نیـو ، خـوای گەورە لەسـەر دەسـتی خـۆی شـتی نائاسـایی دروسـت کـردووە کـە بـە هۆیانـەوە خەڵکێـک خـۆی بیـەوێ گومـڕا دەکات و ئیمانـداران دامـەزراو دەکات ، بۆیـە ئیمانیـان لـە گـەڵ ئیمانەکەیانـدا زیاتر دەکات و هیدایەتیـان بـە سـەر هیدایەتەکەیـان زیاتـر دەبێت ، وە دابەزینی عیسـای کـوڕی مەریەم مەسـیحی ڕێنمویی -صەڵات و سـەلامی خوای لەسـەر بێت- لە ڕۆژگاری مەسـیحی دەججال مەسـیحی گومڕاییـدا دەبێـت ، بۆیە ئیمانداران لەسـەری کـۆ دەبنەوە ، بەنـدە خۆپاریزەکانی خـوا لـە دەوری کۆ دەبنەوە ، جا عیسـای مەسـیح لە گـەڵ ئەواندا شـوێنی دەججال دەکەون لـە کاتێکـدا ئـەو بـەرەو (بیـت المقـدس) ڕۆیشـتووە ، بۆیـە دەججـال لـە دەسـتی هەڵـدێ ، ئەویـش شـوێنی دەکەوێـت و لـە دەرگای (لد) پێـی دەگات ، بە خەنجەرەکـەی دەیکوژێـت ، و پێـی دەڵێـت : مـن دەبـێ لێدانێـک لە تۆ بـدەم کە لە دەسـتم دەرناچێت ، کاتـێ دەججال ڕووبـەرووی دەبێتـەوە ، دەتوێتـەوە هەروەکـو چۆن خـوێ لە ئاودا دەتوێتـەوە ، پێی دەگات و بـە حەربەکـەی دەیکوژێـت ، لـە دەرگای (لـد) ، جـا مردنـی لـەوێ دەبێـت _نەفەرەتـی خـوای لـێ بێـت- هەروەکـو چـۆن چەندیـن فەرمـوودەی لـە چەندیـن ڕووەوە بـە (صحیح)

---

(١) كما في الحديث المتفق عليه : البخاري (١٨٨١) ومسلم (٧٣١٦) .

ی لـەو بـارەوە هاتـووە)). لێرەدا قسـەکەی ابـن کثیر تـەواو دەبێـت[1] ، کە بە کورتی باسـی چیرۆکـی دەججـال دەکات و کـە لـەو بارەوە ئەو دەقە راسـتانە هاتووە ئەویـش پوختەیەکی باش و سـوود بەخشـە .

ئـەو بەڵگانـەی هاتـوون دەربـارەی دەججـال و فیتنەکـەی : هەرکەسـێ وەڵامـی بداتەوە ئـەوا فەرمـان دەکاتـە ئاسـمان باران دەبارێنـێ ، فەرمـان دەکات زەوی کشـت وکاڵ دەڕوێنێ و دەرێـدەکات و خۆیـان و ئاژەڵەکانیـان لێـی دەخـۆن ، وە کاتـێ ئاژەڵەکانیـان دەگەڕێتـەوە بـە قەڵـەوی و بـە شـیرێکی زۆرەوە ، وە هەرکەسـیش وەڵامـی نەداتـەوە و فەرمانەکـەی بگێڕێتـەوە ئـەوا تووشـی گرانـی و قـات و قـڕی و مردنـی ئاژەڵەکانیـان و کەمی سـەروەت و سـامان و نەفـس و بەرهەمەکانیـان ، وە گەنجینەکانـی زەوی شـوێنی دەکەوێـت هەورەکـو مێـش هەنـگ ، وە هـەر ئەویـش گەنجێـک دەکوژێـت و ئەمجـار زینـدووی دەکاتـەوە .

هەمـوو ئەوانـە تاقیکردنەوەیـە ، خـوای گـەورە بەندەکانـی خـۆی پـێ تاقیدەکاتـەوە لـە کۆتـا زەمانـدا ، بۆیـە خەڵکێکـی زۆر گومـڕا دەبـن ، ئەمـەو هەرچەنـدە وایـە لای خـوای گەورە زۆر سـووک و ئاسـانە ، نوقصانـە و نەقصەکەشـی رووەن و ئاشـکرایە و خـراپ و سـتەمکارە ، هەرچەنـدە ئـەوەی پێیەتـی لـەو هەمـوو کارە نائاسـاییە ، لـە نێـو هـەردوو چاویـدا نـوسراوە (کافـر) ئەوەشـی لـە سـەر دەسـتی ڕوو دەدات تاقیکردنەوەیەکـە خـوای گـەورە بەندەکانـی تاقیدەکاتـەوە ، ئەویـش تاقیکردنەوەیەکـی ترسـناکە ، هیـچ کەسـێکی لـێ دەربـاز نابێـت تەنهـا کەسـی خـاوەن ئیـمان و یەقیـن نەبێـت .

وە لەبـەر ترسـناکی تاقیکردنەوەکـەی و فیتنەکـەی هەمـوو پێغەمبـەران ئوممەتـی خۆیانیـان لـێ ئـاگادار کردووەتـەوە ، وە لـە هەموویـان زیاتـر پێغەمبـەری خـوا (محمـد) (ﷺ) ئوممەتەکـەی خـۆی لـێ ئـاگادار کردووەتـەوە .

لـە (أبـو عبیـدە)ی کـوڕی (الجـراح)ەوە -ڕەزای خـوای لـێ بێـت- ریوایـەت کـراوە دەڵێـت : گوێـم لـێ بـوو پێغەمبـەری خـوا(ﷺ) فەرموویەتـی : (**إنـه لم یکـن نبـي بعـد نـوح إلا وقـد أنـذر الدجـال قومـه وإني أنذرکمـوه**)[2] واتـە : هیـچ پێغەمبەرێـک نەهاتـووە لـە

---

(١) انظر : النهاية في الفتن والملاحم .

(٢) رواه احمد وابو داود والترمذي ، واخرج مسلم نحوه (٧٢٩٠) .

پـاش نـوح ئیـلا ئـاگاداری قەومەکـەی خـۆی کردووەتـەوە لـە دەججـال و منیـش ئاگادارتان دەکەمـەوە لێـی) .

وە پێغەمبـەری خـوا(ﷺ) فەرمانـی کردووەتـە ئوممەتەکـەی بـە پەنـا گرتـن لـە خـوا لـە فیتنـەی دەججـال لـە کۆتایـی هەمـوو نوێژێکـدا، لـە (أبـو هریـرە)ەوە ریوایـەت کـراوە دەفەرموێـت: پێغەمبـەری خـوا(ﷺ) فەرموویەتـی : (**إذا فـرغ أحدكـم مـن التشـهد الآخـر، فليتعـوذ باللـه مـن أربـع : مـن عـذاب جهنـم، ومـن عـذاب القـبر، ومـن فتنـة المحيـا والمـمات، ومـن شر المسـيح الدجـال**)[1] واتـە :- ئەگـەر یەکێکتـان دواییـن تەحیاتـی تەواوکرد ئـەوا بـا پەنـا بگرێـت بـە خـوا لـە چـوار شـت : لـە سـزای دۆزەخ و لـە سـزای نـاو گـۆڕ و لـە فیتنـەی ژیـان و مـردن و لـە خراپـەی (المسـيح الدجـال)) .

وە چەندیـن فەرمـوودە هاتـووە بـە متواتـری و لـە چەنـد رووەیەکـەوە لـە سـەلماندنی دەرچوونـی دەججـال و روونکردنـەوەی فیتنەکـەی و و خۆدانـە پـاڵ خـوای گـەورە لـە فیتنـەی ئـەو ، وە ئەهلـی سـوننەو جەماعـە کـۆڕان لەسـەر دەرچوونـی دەججـال لـە کۆتـا زەمانـدا ، ئەوەیـان لـە باسـەکانی عەقیـدەدا باسـکردووە ،جـا هـەر کەسـێ نکۆڵـی لـە دەرچوونـی بـکات ، ئـەوە جیـاوازە لـە لـە گـەڵ ئـەو هەمـوو بەڵگـە متواترانـەدا هاتـووە ، وە جیـاواز و ناکۆکـە لـە گـەڵ ئـەو بەرنامـەی ئەهلـی سـوننە و جەماعـە لەسـەرین .

وە هیـچ کەسێـک نکۆڵـی لێ نەکردووە ئیلا هەندێ لە بیدعـەکاران نەبێ وەکو خەواریج و جەهەمییـە و هەنـدێ لـە موعتەزیلـە و هەنـدێ لـە نوسـەرە تازەکانـی ئـەم سـەردەمە کە خۆیـان داوەتـە پـاڵ عیلم و بانگەشـەی دەکـەن ، وە هیـچ بەڵگەیەکیان پێ نییـە کە بەرگری لـێ بکـەن بەرانبـەر بـەو هەمـوو دەقـە متواترانـە جگە لـە عەقـڵ و ئارەزوویـان نەبێت ، جا نمونـەی ئەوانـە هیـچ عیبرەتێـک نییە نـە لە خۆیـان و نە لە قسـەکانیاندا .

ئـەوەی پێویسـتە لـە سـەر کەسـی ئیمانـدار : ئیـمان هێنـان بـەوەی هاتـووە لـە خـواو پێغەمبـەری خـواوە(ﷺ) و باوەرهێنـان بـەوەی دەلالەتـی بـۆ دەکات ، وەنەبێتـە یەکێـک لەوانـەی خـوای گـەورە دەربارەیـان دەفەرموێـت: ﴿ بَلْ كَذَّبُوا۟ بِمَا لَمْ يُحِيطُوا۟ بِعِلْمِهِۦ وَلَمَّا يَأْتِهِمْ تَأْوِيلُهُۥ ﴿٣٩﴾ ﴾ (یونـس) واتـە : نەخێـر، کـە باوەڕیـش ناهێنـن هـی ناتـەواوی قورئـان

---

(١) رواه مسلم واحمد ، وهو في : صفة الصلاة: ١٨٢)

نیـە بەڵکـو بـەدرۆی دەزانـن و لـە مانـاو مەبەسـتەکانی تێنەگەیشـتوون وهێشـتا ڕاستییشـیان بـۆ دەرنەکەوتـووە، واتـە: ئەنجامـی هەڕەشـەکانی قورئانیـان بـۆ پێـش نەهاتـووە، هـەق بـوو چاوەڕوابـن و پەلەنەکـەن)

چونکـە مانـاو ناوەڕۆکـی ئیـمان بـە خـواو پێغەمبەرەکـەی(ﷺ) بریتییـە لـە تەسـلیم بـوون بـەوەی هاتـووە لەوانـەوە و ئیـمان هێنـان پێـی ، هەرکەسـش ئـەوە نـەکات ئـەوە شـوێنی ئـارەزووی کەوتـووە بـە بـێ هیـچ هیدایەتێـک لـە خـواوە .

داوای پاراسـتن و سـەلامەتی لـە گومـان و شـیرک و کوفـر و نیفـاق و بەدرەوشـتی لـە خـوا دەکەیـن و دڵـمان لـە سـەر رێـگا راسـتەکە لا نـەدا لـە پـاش ئـەوەی رێنمویـی کردووێـن .. والحمـد للـه رب العالمیـن .

٣/ دابەزینـی عیسـای کـوڕی مەریـەم -صـەڵات و سـەلامی خـوای لەسـەر بێـت- .

دابەزینـی عیسـای کـوڕی مەریـەم هەروەکـو قورئـان دەڵالەتـی بـۆ دەکات لـە هەمـان کاتـدا پێغەمبـەری خـوا(ﷺ) هەواڵـی پـێ داویـن ، کـە هەرگیـز هیـچ قسـەیەک لـە خـۆوە نـاکات و چەندیـن فەرمـوودە لـەو بـارەوە بـە متواتـری هاتـووە ، وە زانایانـی سـەلەف و خەلـەف یـەک دەنـگ و کـۆڕان لەسـەر ئـەوە ، وە ئەوەیـان بـە یەکـێ لـە بەشـەکانی بیروبـاوەڕو ئیـمان ژمـاردووە .

(السـفارینی) دەفەرموێـت: وە دابەزینـی (واتـە عیسـا) -صـەڵات و سـەلامی خـوای لەسـەر بێـت- جێگـرو سـابتە لـە کیتـاب و سـوننە و ئیجماعـی ئـەم ئوممەتـەدا :-

ئـەوەی کـە لـە کیتابـدا هاتـووە ، ئـەو ئایەتەیـە کـە خـوای گـەورە فەرموویەتی :﴿ وَإِن مِّنْ أَهْلِ ٱلْكِتَٰبِ إِلَّا لَيُؤْمِنَنَّ بِهِۦ قَبْلَ مَوْتِهِۦ ﴿١٥٩﴾ ﴾ (النساء) واتـە : کاتـێ عیسـا لەئاسـمان دێتـە خـوارێ، گشـت خـاوەن کتێبـەکان بـەر لەمەرگـی عیسـا بـڕوای پێدێنـن).

واتـە : ئیـمان بـە عیسـا دەهێنـن پێـش مردنـی عیسـا ، ئەویـش لـە کۆتـا زەمانـدا کاتێک لە ئاسـمانەوە دادەبەزێـت، تاکـو هەمـووان دەبنـە یـەک میللـەت ، ئەویـش میللەتـی ئیبراهیـم (حنیفـاً) و (مسـلماً) ....)

تاکـو ئـەو جێگەیـەی دەڵێـت : ئـەوەی لـە سـوننەدا هاتـووە : لـە هـەردوو کتێبـی (صحیـح) و جگـە لەوانـدا هاتـووە لـە ئەبـو هورەیـرەوە فەرموویەتـی : پێغەمبـەری خـوا(ﷺ) فەرموویەتـی : (**والـذي نفسي بيده ليوشكن أن ينـزل فيكـم عيسى بـن مريـم حكمـاً عـدلاً فيكسـر الصليـب ويقتـل الخنزيـر ويضـع الجزيـة ويفيـض المـال حتـى لا يقبلـه أحـد**)[1] واتـە : سـوێند بـەو کەسـەی نەفسـی منـی بـە دەستە ، وا خەریکـە عیسـای کـوڕی مریـم (علیه السلام) دادەبەزێـت و دەبێـت بـە فەرمانڕەواییەکـی دادپـەروەر ، خـاچ دەشـکێنی و بـەراز دەکوژێـت و سـەرانە هەڵدەگرێـت سـەروەت و سـامان زۆر دەبێـت و خەڵکـی بـۆ بانـگ دەکات کەچـی کـەس وەری ناگرێـت) .

وە لـە (مسـلم)دا هاتـووە هـەر لـە ئەبـو هورەیـرەوە : (**واللـه ، لينزلـن ابـن مريـم حكماً عـدلاً فيكـسر الصليـب ..**)[2] واتـە : سـوێند بە خوا ، بـە دڵنیاییەوە کوری مەریـەم دادەبزێت دەبێتـە فەرمانڕەواییەکـی دادپـەروەر و خـاچ دەشـکێنێت ..) هەر بەو شـێوەی پێشـەوە .

هەروەهـا ئیمامـی (مسـلم) لـە جابـر ی کـوڕی عبداللـە وە ریوایەتـی کـردووە دەفەرموێـت: پێغەمبـەری خـوا(ﷺ) فەرمویەتـی : (**لا تـزال طائفـة مـن أمتـي يقاتلـون عـلى الحـق ظاهريـن الى يـوم القيامـة ، فينـزل عيـسى بـن مريـم ، فيقـول أميرهـم : تعـال صـل بنـا ، فيقـول: لا ، إن بعضكـم عـلى بعـض امـراء ، تكرمـة اللـه لهـذه الأمـة**)[3] واتـە : بـەردەوام کۆمەڵێـک لـە ئوممەتەکـەم لـە سـەر حـەق سـەرکەوتوانە دەجەنگـن تـا رۆژی قیامـەت ، عیسـای کـوڕی مەریـەم (علیه السلام) دادەبەزێـت جـا فەرمانڕەواکەیـان پێـی دەڵێـت : وەرە پێـش نوێژیـمان بـۆ بکـە ، پێغەمبـەر عیسـا (علیه السلام) دەفەرموێـت: نـا ، بـە راسـتی ئێـوە هەندێکتـان فەرمانـڕەوان بـە سـەر هەندێکـی ترتانـەوە ، ئەمـە رێزێکـی خواییـە لـەم ئوممەتـە ناویەتـی)) .

هەروەها ئیجماع : هەموو ئەم ئوممەتە ئیجماعیان کردووە لە سەر دابەزینی ، وە هیچ کەسیک لە ئەهلی شەریعە لێی ناکۆک و جیاواز نین ، بەڵکو تەنها فەیلەسوف و مولحیدەکان نکۆڵیان لێکردووە یان کەسانێک کە هەرگیز بایەخ بە جیاوازییەکەیان نادرێت .

---

(١) متفق عليه : البخاري (٢٢٢) ومسلم (٣٨٧) .

(٢) اخرجه مسلم (٣٨٩) .

(٣) اخرجه مسلم (٣٩٣) .

وە ئیجـماع لەسـەر ئەوەیـە کـە ئـەو دادەبەزێـت و بـە شـەریعەتەکەی (محمـد) (ﷺ) حوکـم دەکات ،نـەک بـە شـەریعەتێکی تـازەو سـەربەخۆوە لـە کاتـی دابەزینـی لـە ئاسـمانەوە ، هەرچەنـدە ئـەو پێغەمبـەرەو بـە پێغەمبـەر وەصـف دەکرێـت ، وە کارەکـە لە دەسـتی مەهـدی وەردەگرێـت ، وە مەهـدی دەبێتـە یەکێـک لە هـاوەڵان و شـوێنکەوتوانی هەروەکـو ئـەودوای هاوەڵانـی مەهـدی)) لێـرەدا قسـەکانی (السـفارینی) تـەواو دەبێـت -رەحمەتـی خـوای لـێ بێـت -[1].

شـیخ الاسـلام ابـن تیمیـە -رەحمەتـی خـوای لـێ بێـت- دەفەرمووێـت: (عیسـا زینـدووەو لـە ئاسـمانەو هێشـتا نەمـردووە ، وە ئەگـەر لـە ئاسـمانەوە دابـەزی ، بـە هیـچ شـتێک حوکـم نـاکات ئیـلا بـە کیتـاب و سـوننە نەبێـت ، نـەک بـە شـتێک جیـاواز بێـت لـەوە).

هەروەهـا دەڵێـت : عیسـا _صـەڵات و سـەلامی خـوای لەسـەر بێـت- زینـدووە ، وە لـە فەرمـوودەی (صحیـح)دا هاتـووە لـە پێغەمبـەری خـواوە(ﷺ) کـەوا فەرموویەتـی : (**ینـزل فیکـم ابـن مریـم حکمـاً عـدلاً وإمامـاً مقسـطاً ، فیکسـر الصلیـب ، ویقتـل الـخنزیـر ، ویضـع الـجزیـة**)) واتـە : عیسـای کـوڕی مریـم (علیه السلام) دادەبەزێـت و دەبێـت بـە فەرمانڕەواییەکـی دادپـەروەر و پێشـشـەوایەکی داپـەروەر ، خـاچ دەشـکێنی و بـەراز دەکوژێـت و سـەرانە هەڵدەگرێـت)

هەروەهـا لـە فەمووەیەکـی (صحیـح)دا هاتـووە : ((**أنه ینـزل علی المنـارة البیضاء شرق دمشـق و یقتـل الدجـال**))[2] واتـە : لەو کاتەدا (عیسی)ی کوڕی مەریەم(علیه السلام) لە ئاسـمانەوە دادەبەزێـت بـۆ لای منارەیەکی سـپی رۆژهەڵاتی (دیمەشـق) و دەججـال دەکوژێـت) .

وە هەرکەسـیش روحەکـەی لـە جەسـتەی جیـا ببێتـەوە ئـەوا جەسـتەکەی لە ئاسـمانەوە دانابەزێـت، وە ئەگـەر زینـدوو بکرێتـەوە ئـەوا لـە قەبرەکـەی راسـت دەبێتەوە .

وە ئـەو ئایەتـەی کـە دەفەرمـــوێت: ﴿إِنِّي مُتَوَفِّيكَ وَرَافِعُكَ إِلَيَّ وَمُطَهِّرُكَ مِنَ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ ۝٥٥﴾ (آل عمـران) واتـە : بەراسـتیی مـن دەتبەمـەوە بـۆلای خـۆم و هەتـا رۆژێ ئەتگەیەنمـە کاتـی دیاریکـراوی ئاسـایی بـۆ ژیانـت دەمێنـی و ئەوسـا ئەمرێنـم،

---

(١) انظر : لوامع الانوار (٢/٩٤-٩٥) .

(٢) اخرجه مسلم (٧٢٩٩) .

و لـەلای خۆیشـم جێـی بـەرزت دەبـێ و سـەرت دەخـەم بـۆ ئاسـمان بـۆ لای خـۆم. وە لەبـەدکاری ئەوانـە کەباوەڕیـان نەهێنـاوە پاکـت دەکەمـەوە، واتـە: ڕزگارت دەبـێ و ناهێڵـم زیانـت پێبگەیەنـن).

ئەمـەش بەڵگەیـە لەسـەر ئـەوەی مەبەسـتی مـردن نییـە ، چونکـە ئەگـەر مەبەسـتی مـردن بوایـە ئـەوا عیسـا هەروەکـو ئـەودوای ئیمانـداران دەبـوو ، چونکـە خـوای گـەورە ڕوحـی ئیمانـداران دەکێشـێ و بـە ئاسـمانەوە بـەرزی دەکاتـەوە ، بۆیـە بـەوە دەزانرێـت کـەوا لـەوەدا هیـچ تایبەتمەندییەکـی نییـە ، هەروەهـا ئـەو ئایەتـەی کـە دەفەرموێـت: ﴿وَمُطَهِّرُكَ مِنَ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟﴾ جـا ئەگـەر ڕوحەکـەی لـە جەسـتەکەی جیابوایەتـەوە ، ئـەوا جەسـتەکەی لەسـەر زەوی دەمایـەوە هەروەکـو ئـەودوای پێغەمبـەران.

خـوای گـەورە لـە ئایەتێکـی تـردا دەفەرموێـت: ﴿وَمَا صَلَبُوهُ وَلَٰكِن شُبِّهَ لَهُمْ ۚ وَإِنَّ ٱلَّذِينَ ٱخْتَلَفُوا۟ فِيهِ لَفِى شَكٍّ مِّنْهُ ۚ مَا لَهُم بِهِۦ مِنْ عِلْمٍ إِلَّا ٱتِّبَاعَ ٱلظَّنِّ ۚ وَمَا قَتَلُوهُ يَقِينًۢا ﴿١٥٧﴾ بَل رَّفَعَهُ ٱللَّهُ إِلَيْهِ ۚ﴿١٥٨﴾﴾ (النساء) واتـە : کەچـی نـە تواناییـان بیکـوژن و نـە توانیشـیان لەقەنـارەی بـدەن، وەکـو خۆیـان کردیانـە هـەرا، بەڵکـو سـەریان لـێ تێکچـوو بـوو، پیاوێکیـان دێـت لەبیچـم و شـکڵدا وایـان زانی(عیسـا)یەو لەقەنارەیـان دا وە ئەوانـەی دەربـارەی ئـەو کێشـەیانە، لەدوودڵیـدان هیـچ زانسـتیەکیان بـەوە نییـە، جگـە لەشـوێنکەوتی گومـان نەبـێ، بۆیـە دەفەرمـووێ: بەیەقیـن و بێگومـان نەیانکوشـتووە(١٥٧) بەڵکـو خـوای گـەورە بـەرەو خـۆی بـەرزی کـردەوە...).

جـا ئـەو ئایەتـەی کـە دەفەرموێـت: ﴿بَل رَّفَعَهُ ٱللَّهُ إِلَيْهِ ۚ﴾ ئـەوە ڕوون دەکاتـەوە کـەوا جەسـتە و ڕوحـی بـەرز کردووەتـەوە ، هەروەکـو لـە فەرموودەیەکـی (صحیـح)دا هاتـووە کـەوا بـە جەسـتەو ڕوحـی دادەبەزێـت ، چونکـە ئەگـەر مەبەسـتی مردنـی ئـەو بوایـە ئـەوا دەیەفەرمـوو : (ومـا قتلـوه ومـا صلبـوه بـل مـات) .

بۆیـە هەندێـک لـە زانایـان فەرموویانـە ﴿إِنِّى مُتَوَفِّيكَ﴾ واتـە : ڕوحـت دەکێشـم ، واتـە ڕوح و جەسـتەت دەکێشـم ،دەڵێیـت : (توفیـت الحسـاب واسـتوفیته) وە گفتـی (توفـی) مەبەسـتی وەفاتـی ڕوح نییـە بـە بـێ جەسـتە و وەفاتـی هەردووکـی پێکـەوە ئیللا بـە

قەرینەیەکی جیا نەبێت ، جاری وا هەیە مەبەست لە وەفات خەوتنە ، خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ٱللَّهُ يَتَوَفَّى ٱلْأَنفُسَ حِينَ مَوْتِهَا وَٱلَّتِي لَمْ تَمُتْ فِي مَنَامِهَا ﴿٤٢﴾﴾(الزمر) واتە: هەر خوایە کە گیانەکانی خەڵکی دەکێشێ لە کاتی مردنی خاوەنەکانیاندا و ئەو گیانانەش کە خاوەنەکانیان نەمردوون و لەخەودان، هەر بۆ خۆی گیانیان دەکێشێ) .

خوای گەورە دەفەرموێت:﴿وَهُوَ ٱلَّذِي يَتَوَفَّىٰكُم بِٱلَّيْلِ وَيَعْلَمُ مَا جَرَحْتُم بِٱلنَّهَارِ ﴿٦٠﴾﴾(الأنعام) واتە : هەر ئەو خوایە کە بەشەودا دەتانخەوێنێ و هەستان لێدەسێنێ و، وەك مردووتان لێدێت وبەرۆژیشدا هەر تاوانێ بکەن پێیدەزانێ)[1]

(القاضي عياض) -رەحمەتی خوای لێ بێت- دەفەرموێت: (دابەزینی عیسا و کوشتنی دەججال لە لایەن ئەوەوە حەق و راستییە لای ئەهلی سوننە ، بە بەڵگەی ئەو هەموو فەرموودە (صحیح)انە لەو بارەوە هاتووە ، وە نە لە عەقل و نە لە شەرعدا هیچ شتێک نییە کە پووچەڵی بکاتەوە ، بۆیە سەلماندنی پێویستە ، وە هەندێ لە موعتەزیلە و جەهمییەو ئەوانەی هاودەنگی ئەوانن نکۆڵییان لێکرد ، بە بانگەشەی ئەوەی ئەو فەرموودانە هەموو رەد دەکرێنەوە لە بەر ئەو ئایەتەی کە دەفەرموێت: ﴿وَخَاتَمَ ٱلنَّبِيِّـۧنَ ﴿٤٠﴾﴾ (الأحزاب) وە بەڵگەی ئەو فەرموودەیەی کە دەفەرموێت: (لا نبي بعدي) وە بە بەڵگەی ئیجماعی موسڵمانان کەوا هیچ پێغەمبەرێک لە پاش (محمد)(ﷺ) نییە و شەریعەتەکەی تاهەتایە و تا رۆژی قیامەت دەمێنێتەوە و هیچ شەریعەتێکی تر نەسخی ناکاتەوە . ئەم بەڵگە هێنانەوە فاسدە ، چونکە مەبەست لە دابەزینی عیسا ئەوە نییە کە ئەو وەکو پێغەمبەرێک دابەزێت کە شەرعێکی تازەی پێ بێت و شەرعەکەمان نەسخ بکاتەوە ، وە لەو فەرموودانە و جگە لەوانە هیچ بەڵگەیەک نییە لەو بارەوە ، بەڵکو فەرموودەی (صحیح) لێرە و لە پێشەوەش هاتووە لە کتێبی ئیمان و جگە لە کتێبی ئیمان کە ئەو دادەبەزێت وەکو فەرمانرەوایەکی دادپەروەر بە شەرعەکەی خۆمان حوکم دەکات و ئەو کاروبارانەی لە شەرعەکەی ئێمەدا هەیە و خەڵکی وازی لێ هێناوە ئەو زیندووی دەکاتەوە ...)اە

---

(١) انظر : مجموع الفتاوى (٤/ ٣٢١) .

دەڵێـم : وە لـەم سـەردەمەی ئێمـەدا هەنـدێ نوسـەری نەفـام و نیـوە زانـا هـەن نکۆڵـی لـە دابەزینـی عیسـا دەکـەن ، بـە پشـت بەسـتن بـە عەقـڵ و بۆچوونـی خۆیـان وە تانـە لـە فەرمـوودە (صحیـح)ەکان دەدەن ، یـان بـە چەنـد تەئویلێکـی نـاڕەواو پـووچ تەئویلـی دەکـەن ، بۆیـە پێویسـتە لـە سـەر کەسـی موسـڵمانان بـاوەڕ بـەوە بـکات کـە لـە لایـەن پێغەمبـەری خـواوە(ﷺ) هاتـووە و بـە (صحیـح)ی لـە ئـەوەوە ریوایـەت کـراوەو ئیعتقادیشـی پێـی هەبێـت ، چونکـە ئـەوە بەشـێکە لـە ئیـمان بـە غەیـب کـە خـوای گـەورە پێغەمبەرەکـەی(ﷺ) لـێ ئـاگادار کردووەتـەوە .

زانـای پایەبـەرز (السـفارینی) -ڕەحمەتـی خـوای لـێ بێـت - دەفەرمووێـت: (وە دان دەنێـت بـە شـەریعەتەکەی پێغەمبەرمـان (محمـد)(ﷺ) ، چونکـە ئـەو پێغەمبەرێکـە(ﷺ) بـۆ ئـەم ئوممەتـە هـەر وەکـو لـە پێشـدا باس کـرا ، جـا ئـەو ئەحکامەکانـی ئەم شـەریعەتە فێـر بـووە بـە فەرمانـی خـوای گـەورە لـە ئاسـمان لـە پێـش ئـەوەی دابەزێـت ...)[1]

دەڵێـت: (وە هەنـدێ لـە زانایـان بانگەشـەی ئـەوە دەکـەن کـەوا بـە دابەزینـی عیسـای کـوڕی مەریـەم تەکلیـف نامێنـێ و بـەرز دەبێتەوە ، ئـەم قسـەیەش ڕەتکراوەیە (مـەردودە) ، بـە بەڵگـەی ئـەو هەمـوو هەواڵانـەی لـە بارەیـەوە هاتـووە کـەوا ئـەو دان دەنێـت بـە ئەحکامەکانـی ئـەم شـەریعەدا و نوێـی دەکاتـەوە ، چونکـە ئەمـە کۆتـا شـەریعەتەو پێغەمبەرمـان (محمـد)(ﷺ) کۆتـا پێغەمبـەرە(ﷺ)، وە دونیـاش بەبـێ تەکلیـف نامێنێتـەوە چونکـە مانـەوەی ئـەم دونیایـە بـە پێـی تەکلیفەکانـە ، تاکـو ئـەو کاتـەی لەسـەر زەویـدا هیـچ کەسـێک نامێنـێ بڵێـت : (اللـە اللـە)[2] .

دەڵێـت : (بـەڵام ماوەکـەی و وەفاتەکـەی ، ئـەوا لـە فەرمـوودەی ئەبـو هورەیـرەوە هاتـووە کـە لـە (الطبراني) و (ابـن عسـاکر)دا هاتـووە ، پێغەمبـەری خـوا(ﷺ) فەرموویەتـی : (**ینـزل عیـسی ابـن مریـم فیمکـث فِي النـاس أربعـین سـنة**)[3] واتـە : عیسـای کـوڕی مەریـەم دادەبەزێـت و لـە نـاو خەڵکیـدا بـۆ مـاوەی چـل سـاڵ دەمێنێتـەوە) .

---

(١) لوامع الانوار (٤/ ٩٥) .

(٢) (القرطبي) لة (التذكرة)دا باسي كردووة .

(٣) اخرجه الطبراني في الكبيروابن عساكر .

وە ئیمامـی ئەحمـەد و ئیـبن ئەبـی شـەیبە و ئەبـو داود و ئیـبن جەریـر و ئیـبن حبـان ریوایەتیـان کـردووە : ئـەو چـل سـاڵ دەمێنێتـەوە و ئەمجـار کۆچـی دوایـی دەکات و موسـڵمانان نوێـژی لـە سـەر دەکـەن و لـە تەنیشـت پێغەمبەرمـان (محمـد) دەنێـژن)[1][2]

٤/ دەرچوون و دەرکەوتنی یەئجوج و مەئجوج

قسـە دەکەیـن دەربـارەی یەئجـوج و مەئجـوج لـە ژێـر ڕۆشـنایی کیتابەکـەی خـوا و سـوننەتی پێغەمبەرەکـەی(ﷺ) لـە کاتـی باسـی ئـەم ڕووداوە گـەورەدا ، چونکـە ئیـمان هێنـان و باوەڕهێنـان پێـی پێویسـت و واجیبـە لەسـەر موسـڵمانان.

وە دەرچوونـی یەئجـوج و مەئجـوج لـە کیتـاب و سـوننەو ئیجماعـی ئوممەتـدا سـەلمێندراوەو سـابت بـووە ، ئیمامـی (السـفارینی) - ڕەحمەتـی خـوای لـێ بێـت- باسـی ئـەوەی کـردووە [3].

ئـەوەی لـە قورئانـدا هاتووە ، لـەو ئایەتەی خوای گەورەدا هاتـووە : ﴿ حَتَّىٰٓ إِذَا فُتِحَتۡ يَأۡجُوجُ وَمَأۡجُوجُ وَهُم مِّن كُلِّ حَدَبٖ يَنسِلُونَ ٩٦ وَٱقۡتَرَبَ ٱلۡوَعۡدُ ٱلۡحَقُّ فَإِذَا هِيَ شَٰخِصَةٌ أَبۡصَٰرُ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ يَٰوَيۡلَنَا قَدۡ كُنَّا فِي غَفۡلَةٖ مِّنۡ هَٰذَا بَلۡ كُنَّا ظَٰلِمِينَ ٩٧ ﴾ (الأنبياء) واتـە : دونیـاش بـەردەوام دەبێـت تـا ئـەو کاتـەی دەرگا- بەربەسـتەکەی زوالقرنیـن- لـە تیـرەی (یاجـوج و ماجـوج) ئەکرێتـەوەو بڵاو ئەبنـەوە، کە ئـەوەش نیشـانەی نزیکبوونەوەی کۆتایـی دونیایـە، جـا ئەوانیـش لەهەمـوو بەرزایـی وکـون و کەلێنێکـەوە بـە پرتـاو دادەپـڕن و دەر دەچـن (٩٦) ئەوسـا ئیـتر بەڵێنـە ڕاسـت و دروسـتەکەش «بـۆ هاتنـی قیامـەت» نزیـك دەبێتـەوە، واتـە: هـەر یاجـوج و ماجـوج لـەو جێگای خۆیانـە هاتنـە دەرێ، ئـەوە ئیـتر قیامەتیـش نزیکـە ئەوسـا ئیـتر چـاوی ئـەو کەسـانەی خوانەنـاس و بێ بـڕوان ئەبڵـەق ئەبێ و، لەجێـی خـۆی ناجووڵـێ، واتـە: لەبـەر نارەحەتـی ئـەو ڕۆژە چاویان بـۆ ناتروکـێ هاواریان لـێ بـەرز ئەبێتـەوە و ئەڵێـن: ئەی تیاچـووە خۆمان! بەڕاسـتی ئێمە لە غەفڵـەت و بێئاگاییدا بووین لـەم ڕۆژە نـەك هـەر غافـڵ بووین، بەڵکـو سـتەمکاریش بووین لـە خۆمان) .

---

(١) اخرجه ابوداود (٤٣٢٤) .

(٢) انظر : لوامع الانوار (٩٨/٢) .

(٣) انظر : لوامع الانوار (١١٤/٢) .

هەروەهـا خـوای گـەورە لـە چیرۆکـی (ذي القرنـین) دەفەرموێـت: ﴿ثُمَّ أَتۡبَعَ سَبَبًا ﴿٩٢﴾ حَتَّىٰٓ إِذَا بَلَغَ بَيۡنَ ٱلسَّدَّيۡنِ وَجَدَ مِن دُونِهِمَا قَوۡمًا لَّا يَكَادُونَ يَفۡقَهُونَ قَوۡلًا ﴿٩٣﴾ قَالُواْ يَٰذَا ٱلۡقَرۡنَيۡنِ إِنَّ يَأۡجُوجَ وَمَأۡجُوجَ مُفۡسِدُونَ فِي ٱلۡأَرۡضِ فَهَلۡ نَجۡعَلُ لَكَ خَرۡجًا عَلَىٰٓ أَن تَجۡعَلَ بَيۡنَنَا وَبَيۡنَهُمۡ سَدّٗا ﴿٩٤﴾ قَالَ مَا مَكَّنِّي فِيهِ رَبِّي خَيۡرٞ فَأَعِينُونِي بِقُوَّةٍ أَجۡعَلۡ بَيۡنَكُمۡ وَبَيۡنَهُمۡ رَدۡمًا ﴿٩٥﴾ ءَاتُونِي زُبَرَ ٱلۡحَدِيدِۖ حَتَّىٰٓ إِذَا سَاوَىٰ بَيۡنَ ٱلصَّدَفَيۡنِ قَالَ ٱنفُخُواْۖ حَتَّىٰٓ إِذَا جَعَلَهُۥ نَارٗا قَالَ ءَاتُونِيٓ أُفۡرِغۡ عَلَيۡهِ قِطۡرٗا ﴿٩٦﴾ فَمَا ٱسۡطَٰعُوٓاْ أَن يَظۡهَرُوهُ وَمَا ٱسۡتَطَٰعُواْ لَهُۥ نَقۡبٗا ﴿٩٧﴾ قَالَ هَٰذَا رَحۡمَةٞ مِّن رَّبِّيۖ فَإِذَا جَآءَ وَعۡدُ رَبِّي جَعَلَهُۥ دَكَّآءَۖ وَكَانَ وَعۡدُ رَبِّي حَقّٗا ﴿٩٨﴾ * وَتَرَكۡنَا بَعۡضَهُمۡ يَوۡمَئِذٖ يَمُوجُ فِي بَعۡضٖۖ وَنُفِخَ فِي ٱلصُّورِ فَجَمَعۡنَٰهُمۡ جَمۡعٗا ﴿٩٩﴾ وَعَرَضۡنَا جَهَنَّمَ يَوۡمَئِذٖ لِّلۡكَٰفِرِينَ عَرۡضًا ﴿١٠٠﴾﴾ (الكهف) واتـە : دیسـانەوە پـاش رامکردنـی وڵاتـی خۆرهـەڵات ڕێگەیەکـی تـرو هۆیەکـی تـری گرتەبـەر بـەرەو باکـوور(٩٢) تـا گەیشـتە نێـوان دووکێـوی گـەورە لەخـواروو دوو کێوەکـەدا خەڵکانێکـی دییـت بێجگـە لـە دوو دەسـتەکەی تـر لەوانـە بـوو لەهیـچ قسـەیەك تێنەگـەن، واتـە: خەڵکێکـی زمانـنـەزان وکـەودەن و دوور لـە شارسـتانییەت بـوون (٩٣) وتیـان: ئـەی زولقەرنەیـن! بەڕاسـتی یاجـوج وماجـووج لـەم وڵاتـەدا بەدفـەڕوو خراپـەکارن. ئاخـۆ ئەگونجـێ ئێمـە بـاج وخەرجیـی ودیاریـیەکـت بـۆ کۆبکەینـەوە کـە لەنێـوان ئێمـەو ئەوانـدا بەربەسـتێك دروسـت بکەیـت، تائـەوان نەتوانـن شـاڵاومان بۆبێنـن(٩٤) زولقەرنەیـن وتـی: ئـەو زانیاریـی ومـاڵ و سـامان و دارایـی ودەسـەڵاتەی کـە پـەروەردگارم پێیـداوم چاکـترە لـەوەی ئێـوە ئەمدەنـێ سـامان پێویسـت نییـە، بەڵکـو ئێـوە بەهێـزی بـازووی خۆتـان یارمەتیـم بـدەن ئەوسـا لەنێـوان ئێـوەو ئەوانـدا بەربەسـتێکی ئەسـتوور دروسـت دەکـەم(٩٥) دەسـالەتە ئاسـنی گـەورەم بـۆ بێنـن و کەڵەکـەی بکـەن ئەوانیـش ئاسـنیان لەسـەریەك کەڵەکـە کـرد تـا دیواریکـی دروسـتکردو ئـەم بـەرو ئەوبـەری کێوەکـەی پڕکـرد ئەوجـا وتـی: بەدەوریـدا ئاگـر هەڵکـەن وخۆشـیکەن وبیدەمێنـن ئەوانیـش کارەکەیـان ئەنجامـدا تـا پارچـە ئاسـنەکان هەمـوو بوونـە ئاگـرو سـووربوونەوە ئینجـا وتـی: ئێسـتا مسـی قـاڵ و تـواوەم بـۆ بێنـن بـا سـەریا بیرێـژم، ئەوانیـش داواکەیـان جێبەجـێ کـردو، ئەمیـش ئاسـنەکەی گوشـیی و بـوو بەیـەك پارچـەو سـەدێکی قایمـی دروسـتکرد(٩٦) ئیـتر گێرەشێوینە(مفسد)ـەکان نەیانتوانـی سـەرکەونە سـەری لەبـەر ئەسـتووریی و بەرزیـی نەشـیانتوانی لەخـوارەوە

کونیکەن لەبەرقایمی و مەحکەمی(٩٧) ئینجا زولقەرنەین وتی: ئەم دەسەڵات و بەربەستە رەحمەت و میهرەبانییەك بوو لەلایەن پەروەردگارمەوە پێی بەخشیوم، ئەگینا ئەوکارە لەتوانای منداا نیە ئینجا هەرکاتێ بەڵێنی بەرەڵڵابوونیان لەلایەن پەروەردگارمەوە بەجێ گەیشت کەکاتی نزیکبوونەوەی رۆژی قیامەتە ئەو بەربەستە وێران ئەکات وئەیکوتێ بەسەریەکاو وردو خاشی دەکا خۆ بێگومانیشە بەڵێنی پەروەردگاری من راست ودروستە و، هەر وەدی دێ.(٩٨) وەلەو رۆژە بەدواوە وازمان لێهێنان تاوەکو شەپۆل ئەدەن وبەیەکدا دێن وەك شەپۆلی دەریا، یاخود وازمان لێهێناون بۆ ئەو رۆژەی کەبەربەستەکە دەشکێت، ئەوانیش بەپەلەو بە کۆمەڵ دێنەدەرێ، کەئەوەیش یەکێکە لەنیشانەکانی رۆژی قیامەت. لەوەو دوا لەنەفخەی دووەمدا فوو بەشەپوردا ئەکرێ وهەموو کۆئەکەینەوە بۆحیساب و کیتاب.(٩٩) وە لەو رۆژەدا دۆزەخ بەشێوەیەکی زۆر قورس و ناڕەحەت بۆکافرو بێبڕوایان دەخەینە ڕوو وهەمووشیانی تێ دەخەین(١٠٠) .

ئەم بەربەست و بەندەوە لە ئاسن دروستکراوە لە نێوان دوو شاخدا ، (ذو القرنین) بنیاتی ناوە ، بووەتە بەربەستێکی ئەستوور بەربەستی ئەو کۆمەڵە خراپەکارە دەکات لە زەوی لە ئازاردانی خەڵکی و بڵاوکردنەوەی فەساد لە زەویدا ، جا ئەگەر ئەوە کاتە دیاری کراوە هات بۆ ڕووخانی بەنداوەکە ، ئەوا خوای گەورە لە گەڵ زەویدا یەکسانی دەکاتەوە ، ئەمەش بەڵێنێکە و دەبێ جی بە جێ ببێ و روبدات ، جا ئەگەر ڕووخا ، دەردەچن بۆ خەڵکی لە کاتێکدا ئەوان بە پرتاو دەردەچن ، واتە : بە خێرایی ڕێ دەکەن لە هەموو کەلێنێکەوە ئەمجار فووکردن بە کەڕەنادا نزیکە لەو کاتەوە .

وە بەڵگەش لە سوننەت لە (صحیح مسلم)دا هاتووە لە فەرموودەی (النواس بن سمعان) - ڕەزای خوای لێ بێت- لە پێغەمبەری خوداوە(ﷺ) کە فەرموویەتی : **(إن الله تعالى يوحي الى عيسى بن مريم عليه السلام بعد قتله الدجال : إني قد أخرجت عباداً لي لا يدان لأحد في قتالهم ، فحرز عبادي الى الطور ، وَيَبْعَثُ اللَّهُ يَأْجُوجَ وَمَأْجُوجَ وَهُمْ مِنْ كُلِّ حَدَبٍ يَنْسِلُونَ ،فَيَمُرُّ أَوَلُهُمْ عَلَى بُحَيْرَةِ طَبَرِيَّةَ ، فَيَشْرَبُونَ مَا فِيهَا ، وَيَمُرُّ آخِرُهُمْ ، فَيَقُولُونَ : لَقَدْ كَانَ بِهَذِه مَاءٌ ، ويحصرون**

عیـسى وأصحابـه حتـى يكـون رأس الثـور لأحدهـم خـيراً مـن مائـة دينـار.....))[1] واتـه : لـەو کاتـەدا خـوای گـەورە وەحـی دەنێـرێ بـۆ عیسـای کـوڕی مەریـەم (عليه السلام) لـه پـاش کوشـتنی دەججـال پێـی دەفەرموێـت: مـن بەنـدە گەلێکـی خۆمـم -کـه (یەئجـوج ومەئجـوج)ە- دەرخسـتون، کـه کـەس توانـای جەنـگ کردنـی نییـه بەرامبـەر ئـەوان ، لـه بەرئـەوە بەنـدە موسـڵمانەکانم بـدە پـاڵ کێـوی (طـور) و لـەوێ بیـان شـارەوەو پەنایـان بـدە ، خـوای گـەورە یەئجـوج و مەئجـوج رەوانـە دەکات جـا لـه هەمـوو کەلێنێکـەوە بـه پرتـاو دەردەچـن ، سـەرەتاکەیان بـه سـەر دەریاچـەی (الطبريـة) دا تێدەپەڕێـت ، ئـەوەی تێیدایـه دەیخۆنـەوە ، کاتـێ کـه کۆتاییەکەیـان تێدەپەڕێـت دەڵێـن : جـاران لێـرەدا ئـاو هەبـوە ، ئەمجـار پَغەمبـەری خـوا عیسـا و هاوڕێکانـی ئابڵۆقـه دەدرێـن تاوەکـو سـەری گایـەک بـۆ یەکێکیـان باشـترە لـه سـەد دینـار...))

وە لـه فەرموودەیەکـدا هاتـووە کـه (حذيفـة) -ڕەزای خـوای لـێ بێـت- ریوایەتـی کـردوە لای (الطبراني) هاتـووە : (**ويمنعهـم اللـه مـن مكـة والمدينـة وبيـت المقـدس**) واتـه : وە خـوای گـەورە ڕێگریـان لـێ دەکات لـه مەککـه و مەدینـه و قـودس).

ئیمامـی النـووی -ڕەحمەتـی خـوای لـێ بێـت- دەفەرموێـت: ((ئـەوان لـه نـەوەی ئـادەم و حـەوان لای زۆربـەی زانایـان)[2]

وە پێشـەوا (ابـن عبـد البر) -ڕەحمەتـی خـوای لـێ بێـت- دەفەرموێـت: (ئیجـماع هەیـه لەسـەر ئـەوەی ئـەوان لـه نـەوەی (یافـث) ی کـوڕی (نـوح)ن)[3].

زانـای پایـەدار (السـفارینی) -ڕەحمەتـی خـوای لـێ بێـت- دەفەرموێـت: (ابـن کثیر دەفەرموێـت: یەئجـوج و مەئجـوج دوو کۆمـەڵ و گرووپـی (تـورک)ن لە نـەوەی (ئادەم)ن)

ئەمجـار فەرمـووی : ئـەوان لـه نـەوەی (نـوح)ن -صـڵات و سـەلامی خـوای لەسـەر بێـت- لـه سـلالەتی (یافـث) بـاو باپیـری تـورک)[4].

---

(١) مسلم (٧٢٩٩) .

(٢) حكاه عنهما السفاريني في (لوامع الانوار) (١١٥/٢).

(٣) انظر : النهاية في الفتن والملاحم (١٥٥/١) .

(٤) انظر: النهاية ...(٦٥١/١) .

پێغەمبـەری خـوا(ﷺ) هەواڵـی نزیکـی دەرچوونـی پێداوێـن و ئـاگاداری کردوینەتـەوە ، پێغەمبـەری خـوا(ﷺ) -هەروەکـو لـە هـەردوو کتێبـی (صحیـح)دا هاتـووە- لـە ئەبـو هورەیـرەوە -رەزای خـوای لـێ بێـت- فەرموویەتـی : (**فتـح الیـوم مـن ردم یأجـوج و مأجـوج مثـل هذه**)[1] واتـە : ئەمـڕۆ لـە بەربەسـتەکەی یەئجـوج و مەئجـوج بـە ئەنـدازەی ئەمـە کرایـەوە))

وە لـە هـەردوو کتێبـی (صحیـح)دا هاتـووە لـە فەرمـوودەی (زینـب ی کچـی جحـش) ەوە -رەزای خـوای لـێ بێـت- دەفەرموێـت: (**أن رسـول اللـه (ﷺ) نـام عندهـا ، ثم أسـتیقظ محمـراً وجهـه وهـو یقـول: ((لا الـه الا اللـه ، ویـل للعـرب مـن شر قـد أقـترب ، فتـح الیـوم مـن ردم یأجـوج و مأجـوج مثـل هـذه)) و حلَّـق بـین أصبعـه**)[2] واتـە : پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) شـەوێکیان لای ئـەو خـەوت ، ئەمجـار لـە خـەو هەسـتا و رووخسـاری سـوور ببـوەوە و دەیفەرمـوو : ((لا الـه الا اللـه ، تیاچـون و فەوتـان بـۆ عـەرەب لـە خراپـەی رۆژێـک کـە نزیـک بوەتـەوە لێیـان ، ئەمـڕۆ لـە بەربەسـتەکەی یەئجـوج و مەئجـوج بـە ئەنـدازەی ئەمـە کرایـەوە)) جـا پێغەمبـەری خـوا(ﷺ) بـە هـەردوو پەنجـەی ئەڵقەیەکـی دروسـت کـرد)) .

وە سـیفات و جەسـتەیان ، ئیمامـی (ابـن کثـیر) -رەحمەتـی خـوای لـێ بێـت- دەفەرموێـت: (ئـەوان شـێوەیان لـە خەڵکـی نـەوەی خۆیـان دەکـەن لـە تـورک ، (الغتـم) ، مەغـول ، کـە چاوەکانیـان بچـووک و لـووت پـان و بچـووک و قژیـان سـوور و زەردە.

هـەر کەسـێک بانگەشـەی ئـەوە بـکات کـەوا ئـەوان وەکـو دارەخورمـان یـان درێژتـرن و تیایانـدا هەیـە کورتـە بـاڵان هەروەکـو شـتێکی بـێ نرخـن ، وە تیایانـدا هەیـە دوو گوێـی گەورەیـان هەیـە کـە یەکێکـی دەدەن بـە سـەر خۆیانـدا ئەویـتر دەخەنـە ژێریـان ، ئـەوا ئـەو کەسـە تەکلیفـی لـە خـۆی کـردووە لـە شـتێکدا زانیـاری دەربـارەی نەبێـت وە دەربـارەی شـتێک قسـەی کـردووە کـە بەڵگـەی لەسـەر نییـە[3] .

---

(١) البخاري (٣٣٤٧) ومسلم (٢٨٨١) .

(٢) البخاري (٣٣٤٦) ومسلم (٢٨٨٠) .

(٣) انظر : النهاية في الفتن والملاحم (٤٥١/١).

وە ئـەوەی روو دەدات لـە ئـازار و فەسـاد کـە لـە زەویـدا بـڵاوی دەکەنـەوە و کۆتاییەکەیـان ، ئـەوە بەڵگـە هەیـە لەسـەری هەروەکـو ئیمامـی ئەحمـەد ریوایەتـی کـردووە لـە فەرمـوودەی (ابـو سـعید الخدری)یـەوە کـەوا فەرموویەتـی : گوێـم لـێ بـوو پێغەمبـەری خـوا(ﷺ) فەرموویەتـی : ((**يفْتَـحُ يَأْجُـوجُ وَمَأْجُـوجُ فيَخْرُجُـونَ عـلى النـاس ، كـما قـال اللـه عـز وجـل:** ﴿وَهُـم مِّن كُـلِّ حَدَبٍ يَنسِلُونَ ﴿٩٦﴾﴾(الأنبياء) **فَيَغْشَـوْنَ الآرْضَ وَيَنْحَـازُ الْمُسْـلِمُونَ عَنْهُـمْ إلى مَدَائِنِهِـمْ وَحُصُونِهِـمْ وَيَضُمُّـونَ إلَيْهِـمْ مَوَاشِـيَهُمْ وَيَشْرَبُـونَ مِيَـاهَ الآرْضِ حتـى ان بَعْضَهُـمْ لَيَمُـرُّ بِالنَّهَـرِ فَيَشْرَبُـونَ مـا فيـه حتـى يَتْرُكُـوهُ يَبَسـاً حتـى ان مـن بَعْدَهُـمْ لَيَمُـرُّ بِذَلِـكَ النَّهَـرِ فيقـول قـد كان هاهنـا مَـاءٌ مَـرَّةً حتـى إذا لم يَبْـقَ مِـنَ النـاس الا أَحَـدٌ فِي حِصْـنٍ أو مَدِينَـةٍ قـال قَائِلُهُـمْ هَـؤُلآءِ أَهْـلُ الآرْضِ قـد فَرَغْنَـا منهـم بقـى أَهْـلُ السَّـمَاءِ قـال ثُـمَّ يَهُـزُّ أَحَدُهُـمْ حَرْبَتَـهُ ثُـمَّ يرمـي بهـا إلى السَّـمَاءِ فَتَرْجِـعُ مُخْتَضِبَـةً دَمـاً لِلْبَـلآءِ وَالْفِتْنَـةِ فَبَيْنَـا هُـمْ عـلى ذلـك إذْ بَعَـثَ اللـه دُوداً فِي أَعْنَاقِهِـمْ كَنَغَـفِ الجـرار الـذي يَخْـرُجُ فِي أعناقهـم فيصيحـون مَـوْتَى لآ يُسْـمَعُ لهـم حِسًّـا فيقـول الْمُسْـلِمُونَ الا رَجُـلٌ يـشري نَفْسَـهُ فَيَنْظُـرَ مـا فَعَـلَ هـذا الْعَـدُوُّ قـال فَيَتَجَـرَّدُ رَجُـلٌ منهـم لِذَلِـكَ مُحْتَسِـباً لِنَفْسِـهِ قـد أَظَنَّهَـا عـلى أَنَّـهُ مَقْتُـولٌ فَيَنْـزِلُ فَيَجِدُهُـمْ مَـوْتَى بَعْضُهُـمْ عـلى بَعْـضٍ فينـادي يـا مَعْـشَرَ الْمُسْـلِمِينَ أَلآ أَبْـشِرُوا فـان اللَّـهَ قـد كَفَاكُـمْ عَدُوَّكُـمْ فَيَخْرُجُـونَ مـن مَدَائِنِهِـمْ وَحُصُونِهِـمْ وَيُسَرِّحُـونَ مَوَاشِـيَهُمْ فـما يَكُـونُ لهـا رعـي الا لُحُومُهُـمْ فَتَشْـكَرُ عنـه كَأَحْسَـنِ مـا تَشْـكَرُ عـن شيء مِـنَ النَّبَـاتِ أَصَابَتْـهُ قَـطُّ**))[1]

ئیمامـی (ابـن کثـیر) دەفەرموێـت: (ئـا بـەم شـێوەیە ئـیبن ماجـە ریوایەتـی کـردووە لـە فەرمـوودەی (یونـس بـن بکیـر) لـە (محمـد بـن اسـحاق)ەوە ، بـە سـەنەدێکی (جیـد)[2]) .

هەنـدێ لـە نوسـەرەکانی ئـەم سـەردەمە نکۆڵیـان لـە بوونـی یەئجـوج و مەئجـوج و بوونـی بەربەسـت کـردووە ، هەندێکیـان دەڵێـن : یەئجـوج و مەئجـوج بریتییـە لـە هەمـوو وڵاتـە کافـرە پێشـکەوتووەکانی جیهـان لـە بـواری پێشەسـازیدا !!

---

(١) اخرجه احمد (١١٧٥٤) وابن ماجه (٤٠٧٩) .

(٢) انظر هذا الآثار في تفسير هذه الآية في (الدر المنثور) للسيوطي .

گومانیـش تێـدا نییـە ئەمـە بـە درۆ خسـتنەوەی ئەوەیـە لـە قورئانـدا هاتـووە ، وە بـە درۆخسـتنەوەی ئـەو فەرمـوودە راسـت و دروسـتانەیە کە لـە پێغەمبەری خـواوە (ﷺ) هاتوە ، یـان تەئویـل کردنـی بە شـتێک کە هەڵیناگرێت ، گومانیشـی تێـدا نییە ئەو کەسـەی کەوا هەر شـتێک لـە قورئـان و فەرمـوودە راسـت و دروسـتەکان کە لـە پێغەمبـەری خـواوە(ﷺ) هاتووە بـە درۆی بخاتـەوە ئـەوە کەسـێکی کافـرە ، هەروەهـا بـە هـەر شـتێک تەئویلی بـکات کە ئەو تەئویلـە هەڵنەگـرێ ، ئـەوەش کەسـێکی گومڕایـە و لێـی دەترسـین تووشـی کوفـر ببێت .

ئەوانـە تەنانـەت هیـچ شـوبهەیەکیانیش نییـە پشـتی پـێ ببەسـتن، تەنهـا ئـەو گومانـە نەبێـت کـە دەڵێـن: زەوی هـەر هەمـووی ئاشـکرا کـراوە و جێـگای یەئجـوج و مەئجـوج و بەندراوەکەیـان نەدۆزییـەوە.

وەڵامـی ئەوەیـش بریتییـە لـە : ئـەوەی کـە ئـەو (مکتشـف)انە یەئجـوج و مەئجـوج و بەندراوەکەیـان نەدۆزیوەتـەوە ئـەوە بەڵگـە نییـە لەسـەر نەبوونیـان ، بەڵکـو ئـەوە بەڵگـەی بـێ دەسـەڵاتی و بێتوانایـی مرۆڤـەکان نیشـان دەدات کە ناتوانن درک بە هەموو دەسـەڵاتی خـوای گـەورەدا بکـەن ، وە رەنگـە خـوای گـەورە بینینـی ئەوانـی لەسـەر ئـەوان لادابێـت ، یـان شـتێکی کردووەتـە هـۆکار بـۆ ئـەوەی پێـی نەگـەن ، خـوای گـەورە توانـای بـە سـەر هەمـوو شـتێکدا هەیـە ، وە هەموو شـتێکی ئەجەلێکی خۆی هەیـە ، هەروەکو خوای گەورە دەفەرموێـت: ﴿ وَكَذَّبَ بِهِۦ قَوْمُكَ وَهُوَ ٱلْحَقُّ ۚ قُل لَّسْتُ عَلَيْكُم بِوَكِيلٍ ﴿٦٦﴾ لِّكُلِّ نَبَإٍ مُّسْتَقَرٌّ ۚ وَسَوْفَ تَعْلَمُونَ ﴿٦٧﴾ ﴾ (الأنعام) واتـە : وقورەیشـی هـۆزت (ئـەی پێغەمبـەر!) ئەم(قورئان)هیـان بـە درۆدانـاو، بڕوایـان پێنەکـرد، خـۆ دیاریشـە کـە هەرقورئان ڕاسـت و دروسـتە پێیـان بڵێ: خۆ مـن بەرپـرس و چاودێـری ئێوە نیم، تا بـەزۆر بڕواتان پـی بێنم(٦٦) هەمـووکارو هەواڵێکیش لای خـوا کاتـی خـۆی هەیـەو، ئەمـڕۆ یاسـبەینێ هـەر پێشـدێت، ئەوسـا هەمـوو ڕاسـت و ناراسـتێك دەرئەکـەوێ لەئایینـدە شـدا چـاك ئەزانـن کـە ئاوایـە.(٦٧)

ئاخـۆ چـی شـتێک چـاوی ئەوانـەی پێشـینی کوێـر کـرد و بـێ توانایـی ئەوانـی نیشـاندا لـە گەنجینەکانـی زەوی کـە زانایانـی ئـەم سـەردەمە دۆزیویانەتـەوە وەکـو نـەوت و جگە لـە نەوت ئیللا ئـەوە نەبێـت خـوای گـەورە بـۆ هەمـوو شـتێک کات و ئەجەلێکـی دیـاری کـراوی دانـاوە ؟! خـوای گـەورە پشـت و پەنامـان بێـت .

٥/ دەرچـوونی گیاندارەکـە (الدابة) .

خـوای گـەورە باسـی دەرچوونی (دابـە)ی کردوو لـەو ئایەتەی کـە دەفەرموێت:﴿ *وَإِذَا وَقَعَ ٱلْقَوْلُ عَلَيْهِمْ أَخْرَجْنَا لَهُمْ دَآبَّةً مِّنَ ٱلْأَرْضِ تُكَلِّمُهُمْ أَنَّ ٱلنَّاسَ كَانُوا۟ بِـَٔايَـٰتِنَا لَا يُوقِنُونَ ﴿٨٢﴾ ﴾ (النمـل) : واتـە : کاتـێ کـە فەرمانـی سـزای ئەوانـە دراو، بڕیاریـش درا کـە قیامـەت بێـت ئـەوا لـە سـکی زەوییـدا (دابـة الأرض)یـان بـۆ دەردەهێنیـن قسـەیان لەگـەڵ ئـەکاو ئەڵـێ: بەڕاسـتی زۆربـەی ئـەم خەڵکـە باوەڕیـان بەئایەتەکانـی ئێمـە نەهێنـاو یەقینیـان پێیـان نەبـوو.)

ئیمامـی (ابـن کثـیر) لـە (النهایـة)دا دەفەرموێـت: (ئیـبن عەبـباس و الحسـن و قەتـادە دەفەرمـوون: ﴿تُكَلِّمُهُمْ﴾ واتـە : قسـەیان لـە گەڵـدا دەکات بـە قسـەکردن ، هەروەهـا ئیـبن جەریـر قسـەکردنەکەی پەسـەند کـردووە و پێیـان دەڵێـت : ﴿أَنَّ ٱلنَّاسَ كَانُوا۟ بِـَٔايَـٰتِنَا لَا يُوقِنُونَ﴾ ئەمـەش لـە (علـی و عطـاء) ەوە ریوایـەت کـراوە)[1].

ابن كثير دەڵێت : (في هذا نظر) لە ئەمەشدا قسە هەیە .

ئەمجـار دەڵێـت : (وە لـە ئیـبن عەباسـەوە هاتـووە : ﴿تُكَلِّمُهُمْ﴾ (تجرحهـم) بـە مانـای ئـەوەی لـە نێـو چاوانـای کافـر دەنوسـێت کافـر و لـە نێـو چاوانـی ئیمانـدار دەنوسـێت ئیمانـدار ، وە هـەر لـە ئـەوەوە (تخاطبهـم وتجرحهـم) ئـەم قسـەیە هـەردوو مەزهەبەکـە رێـک دەخـات ، ئەمـەش قسـەیەکی بـە هێـز و چاکـە هـەردوو مەزهەبەکـە لـە خـۆ دەگرێـت ، واللـه أعلـم)[2].

هەروەهـا لـە تەفسـیرەکەیدا دەفەرموێـت: (ئـەم دابەیە لە کۆتـا زەمانـدا دەردەچێت لە کاتـی خـراپ بوونـی خەڵکـی ، لـە کاتـی وازهێنانیان بـۆ فەرمانەکانی خوا ، کاتـێ دینی حەق دەگـۆڕن ، ئـەو کاتـە خـوای گـەورە دابەیەکیـان لـە زەوییـەوە بـۆ دەردەکات ، دەڵێـن : لـە مەککـەوە ، وە دەڵێـن: لـە جگـە لـە مەککـەوە ، لە گـەڵ خەڵکیدا قسـە دەکات).

---

(١) انظر : النهاية في الفتن والملاحم لابن كثير .

(٢) انظر : تفسير القران العظيم لابن كثير .

ئیمامـی (القرطبـي) لـه تەفسـیرەکەیدا دەفەرموێـت: ئـەو ئایەتـەی کـه دەڵێـت : ﴿وَقَعَ ٱلْقَوْلُ عَلَيْهِمْ﴾ زانایـان جیـاوازن لـه مانـای ﴿وَقَعَ ٱلْقَوْلُ﴾ و دەربـارەی دابـه ، دەڵێـن : مانـای ﴿وَقَعَ ٱلْقَوْلُ عَلَيْهِمْ﴾ تـووره بوونـی خـوا لـه سـەریان واجیـب و پێویسـت بـوو ، ئەمـه قەتـادە فەرموویەتـی ، وە موجاهیـد دەڵێـت : واتـه : حـق القـول علیهـم بانهـم لا یؤمنـون ، وە ابـن عمـر و ابـو سـعید الخـدری دەڵێـن : ئەگـەر فەرمانیـان بـه چاکـه و نەهییـان لـه خراپـه نەکـرد ، ئـەوا تـووره بوونـی خوایـان لـه سـەر واجـب دەبـێ ، وە عبداللـه بـن مسـعود دەڵێـت : ﴿وَقَعَ ٱلْقَوْلُ﴾ ئەویـش بـه مردنـی زانایـان و نەمانـی عیلـم و بـەرز بوونـەوەی قورئـان دەبێـت ، عبداللـه دەفەرموێـت: قورئـان زۆر بخوێننـەوە پێـش ئـەوەی بـەرز ببێتـەوە دەڵێـن : ئـەم مەصحەفانـه بـەرز دەکرێتـەوە ، ئـەی چۆنـه ئـەوەی لـه سـنگی پیاوانـدا هەیـه ؟ دەڵێـت : شـەوێکی بەسـەردا دێـت کـه زۆژ دەبێتـەوە قفـرا و (لا الـه الا اللـه) یـان لـه بیـر دەچێتـەوە ، و ئەمجـار دەچنـه سـەر قسـەی نەفامـی و شـیعرەکانیان ئەویـش ئـەو کاتەیـه کـه تـورە بوونـی خـوا واجیـب دەبێـت لەسـەریان.[1]

ئەمجـار چەنـد قسـەیەکی تـر بـاس دەکاتـەوە لـه مانـای ئـەو ئایەتـه ﴿وَقَعَ ٱلْقَوْلُ عَلَيْهِمْ﴾ ئەمجـار دەڵێـت : دەڵێـم : وە هەمـوو قسـەکان ئەگـەر بیـری لـێ بکرێتـەوە دەگەڕێنـەوە بـۆ یـەک مانـا، بەڵگـەش لەسـەر ئـەوە کۆتایـی ئایەتەکەیـه : ﴿أَنَّ ٱلنَّاسَ كَانُوا۟ بِـَٔايَـٰتِنَا لَا يُوقِنُونَ﴾ وە بـه ﴿أَنَّ ٱلنَّاسَ﴾ خوێندراوەتـەوە واتـه بـه فەتحـه لەسـەر هەمزەکـه.

لـه (صحیـح مسـلم)دا هاتـووە لـه ئەبـو هورەیـرەوە فەرموویەتـی: پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) فەرموویەتـی : (**ثَـلَاثٌ إِذَا خَرَجْـنَ ﴿لَا يَنفَعُ نَفْسًا إِيمَـٰنُهَا لَمْ تَكُنْ ءَامَنَتْ مِن قَبْلُ أَوْ كَسَبَتْ فِىٓ إِيمَـٰنِهَا خَيْرًا ﴿١٥٨﴾﴾ طُلُـوعُ الشَّـمْسِ مِـنْ مَغْرِبِهَـا وَالدَّجَّـالُ وَدَابَّـةُ الْأَرْضِ**) واتـه : سـێ شـت هـەن ئەگـەر دەرکەوتـن ئـەوا چیـتر باوەڕهێنـان سـوودی نییـه بـۆ کەسـێک پێشـتر بـاوەڕی نەهێنابێـت یـان بـه باوەڕەکـەی خـۆی چاکـەی نەکردبێـت: هەڵاتنـی زۆژ لـه زۆژئـاواوە و دەججـال و زینـدەوەرە سـەیرەکەی زەوی))

---

(١) انظر : الجامع لاحكام القران للقرطبي .

زانایـان جیـاوازن لـه دیـاری کردنـی ئـەم دابەیـه و سـیفەتی و لـه کوێـوه دەردەچێـت، بـه جیاوازییەکـی زۆر کـه لـه کتێبـی (التذکـرة)[١]دا بـه درێـژی باسـمان کـردووه))[٢]

لـه (حذیفـة ی کـوڕی اسـید الغفاری)یـەوه هاتـووه، دەڵێـت : (**طلـع النبـی ﷺ علینـا ، ونحـن نتذاکـر، فقـال ﷺ : « مـا تذاکـرون ؟» قالوا: نذکر السـاعة ، فقـال ﷺ : « إنها لن تقوم حتـی تـرون قبلهـا عـشر آیـات))** وذکـر منهـا **(والدابـة)**[٣] واتـه : - پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) بە سـەری کردینـەوه لـه کاتێکـدا ئێمـه گفتوگـۆ و قسـەمان دەکـرد ، جـا فەرمـووی :- دەربارەی چـی گفتوگـۆ دەکـەن و باسـی چـی دەکـەن ؟ ئێمـەش لـه وڵامـدا وتمـان : باسـی قیامـەت دەکەیـن ، فەرمـووی : - قیامـەت هەڵناسـێت تـا لـه پێشـدا دە نیشـانە نەبینن ئەمجار باسـی کـرد و فەرمـووی : - لەوانـەی کـه باسـی کـرد (زینـدەوەرێکـی سـەیر (دابـه)) .

لـه (صحیـح مسـلم)[٤] دا هاتـوه لـه فەرمـوودەی (ابـو هریـرە)ەوە کـەوا پێغەمبـەری خـوا(ﷺ) فەرموویەتـی: ((**بَـادِرُوا بِالأَعْـمَال سـتاً : طلـوع الشـمس مـن مغربهـا والدجـال والدابـة** ...)) واتـه : بـه کـردەوەی چاکـه پێشـبرکێ بکـەن پێـش شـەش شـت : دەرچوونـی رۆژ لـه رۆژئـاواوه و دەججـال و دابـه ...))

هەروەهـا لـه (صحیـح مسـلم) دا هاتـوه لـه فەرمـوودەی (ابـو هریـرە)ەوە کـەوا پێغەمبـەری خـوا(ﷺ) فەرموویەتـی: ((**بَـادِرُوا بِالعْمَـل سـتاً : الدجـال والدخـان ودابـة الأرض**...)) واتـه : بـه کـردەوەی چاکـه پێشـبرکێ بکـەن پێـش شـەش شـت : دەججـال ودوکـەڵ و دابەکـەی زەوی ...))

ئیمامـی (مسـلم) لـه (صحیح)[٥]ەکەیـدا ریوایەتـی کـردوه لـه فەرمـوودەی (عبداللـه ی کـوڕی عمـرو)ەوە کـەوا : لـه پێغەمبـەری خـواوه (ﷺ) فەرموودەیەکـم لەبـەر کـردووه هەرگیـز لـه بیـرم ناچێتـەوه ، گوێـم لـێ بـوو پێغەمبـەری خـوا(ﷺ) دەیفەرمـوو: ((**إِنَّ أَوَّلَ الْآيَـاتِ خُرُوجًـا : طُلُـوعُ الشَّـمْسِ مِـنْ مَغْرِبِهَـا ، وَخُـرُوجُ الدَّابَّـةِ عَـلَى النَّـاسِ ضُحًـى ، وَأَيُّهُـمَا**

---

(١) التذكرة للقرطبي .

(٢) الجامع لاحكام القران الكريم .

(٣) رواه احمد وابو داود الطيالسي ومسلم واهل السنن وقال الترمذي : هذا حديث حسن صحيح .

(٤) أخرجه مسلم كتاب ((الإيمان)) باب (الحث على المبادرة بالأعمال قبل تظاهر الفتن)) (١١٨) .

(٥) / أخرجه مسلم (٢٩٤١) (٧٣٠٩) .

مَـا كَانَـتْ قَبْـلَ صَاحِبَتِهَـا ، فَالْأُخْـرَى عَـلَى إِثْرِهَـا قَرِيبًـا)) واتـە : یەکەمیـن نیشـانەیەک دەردەچێـت هەڵاتنـی ڕۆژە لـە ڕۆژئـاواوە و دەرچوونـی دابەکەیـە بـۆ سـەر خەڵکـی لـە چێشـتەنگاودا ، هەرکامەیـان پێـش ئەویـان بـوو ئـەوی تریشـی بـە شـوێندا نزیکـە) .

ابـن کثـیر -ڕەحمەتـی خـوای لـێ بێـت- دەفەرمووێـت: (واتـە : یەکـەم نیشـانەو ئایەتێـک کـە ئاسـایی نییـە ، هەرچەنـدە دەججـال و دابەزینـی عیسـا لـە ئاسـمانەوە پێـش ئـەوە بـووە ، هەروەهـا دەرچوونـی یەئجـوج و مەئجـوج ، هەمـوو ئەوانـە کاروبارێکـی ئاسـایین ، چونکـە ئەوانـە مرۆڤـن ، بینینـی ئـەوان و نمونـەی ئـەوان ئاسـاییە ، بـەڵام دەرچوونـی دابـە لـە سـەر شـێوەیەکی نائاسـایی و قسـەکردنی لـە گـەڵ خەڵکیـدا و نیشـانە کردنـی ئـەوان بـە ئیـمان و کوفـر ، ئەمـە کارێکـە لـە کاری ئاسـایی و عـادەت بـە دەرە ، ئەمـەش یەکـەم ئایەتـی سـەر زەوییـە ، هەروەکـو چـۆن دەرچوونـی ڕۆژ لـە ڕۆژئـاواوە بـە جیـاواز لـە عادەتـی خـۆی یەکـەم ئایەتـی ئاسـمانی)[1]

وە کاری ئـەم دابەیـە هەروەکـو لـە فەرموودەکانـدا هاتـووە : ئـەو خەڵکـی نیشـانە دەکات بـە ئیمانـدار یـان کافـر[2] ، جـا کەسـی ئیمانـدار دەموچـاوی وەکـو مانگـی چـواردە دەدرەوشـێتەوە و لـە نێـو چاوانـی دەنوسـێت : ئیمانـدار ، بـەڵام کەسـی کافـر ئـەوا نوکتەیەکـی ڕەش دەدا بـە نێـو چاوانیـدا و لـە نێـو چاوانیـدا دەنوسـێت کافـر .

وە لـە ڕیوایەتێکـی تـردا هاتـووە : دەگات بـە کەسـی ئیمانـدار و نیشـانەیەک دەدا بـە نێوچاوانیـدا و بـەو نوکتەیـە ڕوومەتـی سـپی دەبێتـەوە ، وە کەسـی کافـر بـە نوکتەیەکـی ڕەش ڕوومەتـی نیشـانە دەکات و ڕوومەتـی پـێ ڕەش دەبێتـەوە ، وە خەڵکـی لـە سـەروەت و سـاماندا بەشـدار دەبـن و لـە شـارەکاندا هاوڕێتـی یەکـتر دەکـەن و کەسـی ئیمانـدار کەسـی کافـر دەناسـێت و بـە پێچەوانـەوە ، تەنانـەت کەسـی ئیمانـدار بـە کەسـی کافـر دەڵێـت : ئـەی کافـر حەقەکـەی خـۆم بـدەرەوە .

وە صیفەتـی دابـە ، شـەیخ (عبدالرحمـن بـن نـاصر السـعدی) لـە تەفسـیرەکەیدا دەفەرموێـت: (وە ئـەم دابەیـە بەناوبانگەیـە کـە لـە کۆتـا زەمانـدا دەردەچێـت و دەبێتـە

---

(١) النهاية في الفتن والملاحم لابن كثير (١٦٥/١) .

(٢) اخرجه احمد(١٠٣٦٦) والترمذي(٣٢٠٠) وابن ماجه (٤٠٦٦)

یەکێـک لـە نیشـانەکانی قیامـەت ، هەروەکـو چـۆن چەندیـن فەرمـوودە لـە سـەری هاتووە ،وە خـوای گـەورەو پێغەمبەرەکـەی (ﷺ) باسـی چۆنییەتـی ئـەم دابەیـان نەکـردووە ، بەڵکو باسـی شـوێنەوارەکەی کـردووە کـە مەبەسـت لێـی ئەوەیـە ، ئـەوەش یەکێکـە لـە ئایەتاکانی خـوا ، لـە گـەڵ خەڵکیـدا بـە شـێوەیەکی نائاسـایی قسـە دەکات کاتـی قسـە کاتـی تـووڕە بوونـی خـوا واجیـب دەبێـت لەسـەر خەڵکـی وەکاتـی میـرا دەکـەن لـە ئایەتاکانـی خـوادا ، بۆیـە دەبێتـە بەڵگـە و حوججەیـەک بـۆ ئیمانـدران و دەبێتـە حوججەیـەک لەسـەر ئەوانەی نکۆڵـی دەکـەن ..)[1]

وە هەنـدێ لەوانـەی ئـەم سـەردەمە ئینـکاری لـە دەرچوونـی ئـەم دابەیـە دەکـەن ، وە ئەوەیـان بـە دوور زانـی و هەندێکیـان بـە چەنـد تەئویلێکـی بەتـاڵ تەئویلیـان کـردووە ، وە هیـچ حوججەیەکیـان بـۆ قسـەکانیان نییـە تەنهـا ئـەوە نەبێـت عەقڵـی ئـەوان پـەی بـەوە نابـات .

جـا واجیـب و پێویسـت لەسـەر کەسـی ئیمانـدار باوەڕهێنـان و تەسـلیم بوونـە بـۆ ئـەوەی لـە خـواو پێغەمبەرەکەیـەوە (ﷺ) هاتـووە ، چونکـە ئەمـە بەشـێکە لـە ئیـمان هێنـان بـە غەیـب کـە خـوای گـەورە ئیماندارانـی بـەو سـیفەتە مـەدح کـردووە ، داوا لـە خـوای گـەورە دەکەیـن هیدایەتمـان بـدات بـۆ ناسـینی حـەق و کار کـردن پێـی .

٦/ دەرچوونی رۆژ لە رۆژئاواوە :

خـوای گـەورە دەفەرمووێـت: ﴿ هَلۡ يَنظُرُونَ إِلَّآ أَن تَأۡتِيَهُمُ ٱلۡمَلَٰٓئِكَةُ أَوۡ يَأۡتِيَ رَبُّكَ أَوۡ يَأۡتِيَ بَعۡضُ ءَايَٰتِ رَبِّكَۗ يَوۡمَ يَأۡتِي بَعۡضُ ءَايَٰتِ رَبِّكَ لَا يَنفَعُ نَفۡسًا إِيمَٰنُهَا لَمۡ تَكُنۡ ءَامَنَتۡ مِن قَبۡلُ أَوۡ كَسَبَتۡ فِيٓ إِيمَٰنِهَا خَيۡرٗاۗ قُلِ ٱنتَظِرُوٓاْ إِنَّا مُنتَظِرُونَ ١٥٨ ﴾ (الأنعـام) واتـە : ئاخـۆ ئەوانـە کـە تەوبـە ناکـەن و ناگەڕێنـەوە لای خـوا، تەنیـا چاوەڕوانـی ئەمـە ناکـەن کتوپـڕ فریشـتەی گیانکێشـان بێتـە لایـان وگیانیـان بکێشـێ؟ یـان پـەروەردگارت لـە وێسـتگەی قیامەتـدا بێتـە لایـان بـۆ داوەریـی نێوانیـان ؟ یـان نیشـانەکانی پـەروەردگارت بڕێکیـان - بەرلـە هاتنـی ڕۆژی دوایـی وەك خـۆر هەڵاتـن لـە خۆرئـاواوە- بێـن وسـەرهەڵبدەن و دەرگای تەوبەیـان لـێ

---

(١) تيسير كريم الرحمن لابن سعدي .(ص٥٥٩)

دابخرێـت خـۆ ئـەو ڕۆژە کـە هێندێکـی نیشـانەکانی پـەروەردگارت دێـن وسـەرهەڵدەدەن ئیـتر هـەر کەسـێك بەرلـەوە بـاوەڕی نەهێنابـێ و، ئـەوڕۆژە بـاوەڕ بهێنـێ، هیـچ قازانجێکـی لێنـاکات یـان بییـەوێ لەوماوەیـەدا چاکەیـەك بەدەسـت بهێنێـی، هەمیسـان بێسـوود دەبێـت، کەوابـوو بەرلـەو ڕۆژە بـاوەڕ بهێنـن و، کارێکـی باشـیش وە دەسـت بخـەن بـۆ خۆتـان بڵـێ: دەسـا ئێـوە چـاوەڕوان بـن هەتـا ئـەوڕۆژە دێـت، جـا خۆتـان دەبینـنـەوە ئـەوا ئێمـەش بـۆ خۆمـان چاوەڕوانیـن.)

ئیمامـی ابـن کثـیر -ڕەحمەتـی خـوای لـێ بێـت- لـە (النهایـة)دا دەفەرمووێـت: ئیمامـی بوخـاری لـە تەفسـیری ئـەم ئایەتـەدا فەرموویەتـی: **حدثنـا مـوسی بـن اسـماعیل حدثنـا عبدالواحـد حدثنـا عـمارة حدثنـا ابـو زرعـة حدثنـا ابـو هریـرة قـال : قـال رسـول اللـه(ﷺ) : ((لا تَقُـومُ السَّـاعَةُ حَتَّـى تَطْلُـعَ الشَّـمْسُ مِـنْ مَغْرِبِهَـا ، إذا رآهـا النـاس آمـن مـن عليهـا فـذاك حـين { لآ يَنفَـعُ نَفْسًـا إِيمَانُهَـا لَـمْ تَكُـنْ آمَنَـتْ مِـن قَبْـلُ)) (١٥٨) (الأنعـام))** واتـە : قیامـەت هەڵناسـێت تاوەکـو ڕۆژ لـە ڕۆژئـاواوە هەڵدێـت ، جـا ئەگـەر خەڵکی ئەوەیـان بینی ئـەوا هەمـووان ئیـمان دەهێنـن جـا ئـەوە ئـەو کاتەیـە کـە ((**لآ يَنفَـعُ نَفْسًـا إِيمَانُهَـا لَـمْ تَكُـنْ آمَنَـتْ مِـن قَبْـلُ**)) واتـە: ((باوەڕهێنـان بـۆ هیـچ کەسـێک سـوودی نییـە ، ئەگـەر پێشـتر بـاوەڕی نەهێنابێـت))[1] [2].

ئیمامـی (السـفارینی) -ڕەحمەتـی خـوای لـێ بێـت- دەفەرموێـت: (زانایـان – ڕەحمەتی خوایـان لـێ بێـت – فەرموویانـە: دەرچوونـی ڕۆژ لـە ڕۆژ ئـاواوە سـابت و جێگـرە لـە سـوننەتە ڕاسـت و دروسـتەکان و هەواڵـە ئاشـکراکاندا هاتـووە، بەڵکـو لـەو کیتابـەی کـە دابەزیوەتـە سـەر پێغەمبـەری نێـردراو (ﷺ) :

خـوای گـەورە دەفەرموێـت: ﴿يَوْمَ يَأْتِى بَعْضُ ءَايَـٰتِ رَبِّكَ لَا يَنفَعُ نَفْسًا إِيمَـٰنُهَا لَمْ تَكُنْ ءَامَنَتْ مِن قَبْلُ أَوْ كَسَبَتْ فِىٓ إِيمَـٰنِهَا خَيْرًا﴾ (الأنعـام)

هەمـوو موفەسـیرەکان -یـان زۆربەیـان- دەفەرمـوون: کـەوا مەبەسـت لێـی دەرچوونی ڕۆژە لـە ڕۆژئـاواوە، وە پوختـەی باسـەکەو مەبەسـت لـەو ئایەتـە پیـرۆزە: کەوا هەرکەسـێ

---

(١) متفق عليه : البخاري (٤٦٣٥) ومسلم (٣٩٤) . ورواه احمد وابو داود وابن ماجه .

(٢) انظر : النهاية في الفتن والملاحم لابن كثير .

ئیمانەکـەی راسـت و جێگـر نەبێـت لـە کاتـی دەرچوونـی ڕۆژ لـە ڕۆژ ئـاواوە ، ئـەوا چیـتر ئیـمان نوێکردنەوەکـەی سـوودی لـێ نابێنێـت ، وە هیـچ کردەوەیەکـی چاکـە بیـکات سـوودی لـێ نابینێـت ، چونکـە ئـەو ئیمانـەی بـزر کـردووە کـە بنەمایـە بـۆ جگـە لـە خـۆی لـە کردەوەکانـی تـر ، بۆیـە ئـەو ئیمانـە تازەیـەی سـوودی لـێ نابینێـت ، وە هیـچ کـردەوەی لـە پێـش ئـەوە ئەنجامـی دابێـت ، لـە چاکەکـردن و کـرداری بـاش لـە گەیاندنـی پەیوەنـدی خزمایەتـی و کۆیلـە رزگارکـردن و ڕێزگرتنـی میـوان و جگـە لەوانـە کـە لـە ڕەوشـتە بەرزەکانـە چونکـە لەسـەر بنەمـا نەبـووە ، خـوای گـەورە دەفەرموێـت:﴿ مَّثَلُ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ بِرَبِّهِمۡۖ أَعۡمَٰلُهُمۡ كَرَمَادٍ ٱشۡتَدَّتۡ بِهِ ٱلرِّيحُ فِي يَوۡمٍ عَاصِفٖۖ ﴾ (إبراهيم) واتـە : مەسـەل و نمونـەی کارو کـردەوەی ئەوانـەی کـە بـە پەروەردگاریـان کافـرو بـێ بـاوەڕن، هەروەکـو خۆڵەمێشـێکە کـە لەڕۆژێکـی گەردەلوولـدا لەبەرامبـەر بایەکـی تونـدا بێـت و بیبـات بـە ئاسـماندا)) .

وە ئەو ئیمانە نوێیە لەو کاتەدا وەرگیراو نییە .

ئیمامـی (بوخـاری و موسـلیم)[1] ڕیوایەتیـان کـردوە لـە فەرمـوودەی (ابـو هریـرە) وە کـەوا خۆشەویسـت (ﷺ) فەرموویەتـی : ((**لَا تَقُـومُ السَّـاعَةُ حَتَّـى تَطْلُـعَ الشَّـمْسُ مِـنْ مَغْرِبِهَـا ، فَـإِذَا طَلَعَـتْ مِـنْ مَغْرِبِهَـا آمَـنَ النَّـاسُ كُلُّهُـمْ أَجْمَعُـونَ ، فَيَوْمَئِـذٍ** : ﴿ لَا يَنفَعُ نَفْسًا إِيمَٰنُهَا ﴾ (الأنعام) واتـە : قیامـەت هەڵناسـێت تاوەکـو ڕۆژ لـە ڕۆژئـاواوە هەڵدێـت ، جـا ئەگـەر لـە ڕۆژئـاواوە هـەڵات ئـەوا هەمـوو خەڵکـی بـاوەڕ دەهێنـن بـەڵام ئـەو کاتـە .... ((باوەڕهێنـان بـۆ هیـچ کەسـێک سـوودی نییـە)) [2].

ئیمامـی ابـن کثـیر -ڕەحمـەتی خـوای لـێ بێـت- دەفەرموێـت:- وە لـە فەرمـوودەی کـە ئیمامـی احمـدو الترمـذی وابـن ماجـە ریوایەتیـان کـردووە والنسـائی بـە (صحیـح)ی زانیـوە لـە ڕێـگای (عاصـم بـن ابـی النجـود) لـە (زر ابـن حبیـش) ەوە لـە (صفـوان بـن عسـال) ، گوێـم لـێ بـوو پێغەمبـەری خـوا(ﷺ) فەرمـووی : (**إن اللـه فتـح باباً قبـل المغـرب عرضـه سـبعون (أو قـال : أربعـون) عامـاً للتوبـة ، ثـم لا يغلـق حتـى تطلـع الشـمس مـن**

---

(١) / أخرجه البخاري (٤٦٣٥ ، ٤٦٣٦) و مسلم (١٥٧) .

(٢) لوامع الانوار (١٣٣/٢) .

مغربها)[1] واتـه : خـوای گـەورە دەرگایەکـی کردووەتـەوە لـە لای رۆژئـاواوە پانییەکـەی حەفتـا سـاڵە (یـان وتـی : چـل) بـۆ تەوبەکـردن ، ئەمجـار ئـەو دەرگایـە داناخرێـت تاکـو رۆژ لـە رۆژئـاواوە دەرنەچێـت).

جـا ئـەم فەرمـوودە (متواتر)ـانە لـە گـەڵ ئـەو ئایەتـە پیـرۆزەدا بەڵگەیـە لـە سـەر ئـەوەی هـەر کەسـێ ئیـمان بهێنـێ و تەوبـە بـکات لـە پـاش هەڵاتنـی ڕۆژ لـە ڕۆژئـاواوە ئـەوا لێـی وەرناگیـرێ، ئـەوەش -واللـه اعلـم - چونکـە لـە نیشـانەکانی قیامەتـە و لـەو نیشـانانەیە لەسـەر نزیـک بوونـەوەی ، بۆیـە وەکـو ڕۆژی قیامـەت هەڵسـوکەوتی لـە گەڵـدا دەکرێـت، هەوەکـو خـوای گـەورە دەفەرمووێـت: ﴿ هَلۡ يَنظُرُونَ إِلَّآ أَن تَأۡتِيَهُمُ ٱلۡمَلَٰٓئِكَةُ أَوۡ يَأۡتِيَ رَبُّكَ أَوۡ يَأۡتِيَ بَعۡضُ ءَايَٰتِ رَبِّكَۗ يَوۡمَ يَأۡتِي بَعۡضُ ءَايَٰتِ رَبِّكَ لَا يَنفَعُ نَفۡسًا إِيمَٰنُهَا لَمۡ تَكُنۡ ءَامَنَتۡ مِن قَبۡلُ أَوۡ كَسَبَتۡ فِيٓ إِيمَٰنِهَا خَيۡرٗاۗ قُلِ ٱنتَظِرُوٓاْ إِنَّا مُنتَظِرُونَ ١٥٨ ﴾ (الأنعـام)

خـوای گـەورە دەفەرمووێـت: ﴿ فَلَمَّا رَأَوۡاْ بَأۡسَنَا قَالُوٓاْ ءَامَنَّا بِٱللَّهِ وَحۡدَهُۥ وَكَفَرۡنَا بِمَا كُنَّا بِهِۦ مُشۡرِكِينَ ٨٤ فَلَمۡ يَكُ يَنفَعُهُمۡ إِيمَٰنُهُمۡ لَمَّا رَأَوۡاْ بَأۡسَنَاۖ سُنَّتَ ٱللَّهِ ٱلَّتِي قَدۡ خَلَتۡ فِي عِبَادِهِۦۖ وَخَسِرَ هُنَالِكَ ٱلۡكَٰفِرُونَ ٨٥ ﴾(غافـر) واتـه : ئینجـا کاتـێ سـزا و تۆڵـەی تونـدی ئێمەیـان دی ودڵنیـا بـوون کـە رزگارنابـن وتیـان: وا ئێسـتا بڕوامـان بـە خـوای تـاك و تەنیـا هێنـا بـە تەنیـا باوەڕیشـمان نەمـا بـەو بتانـەی کـە پێشـتر کردبوومانـن بـە شـەریك و هاوەڵـی خـوا(٨٤) ئینجـا ئیمانەکەیـان سـوودی پێنـەدان، کاتـێ سـزاکەی ئێمـە یـان دی، چونکـە کار لـە کار تـرازا بـوو و، ئیـتر لـەو کاتەیشـدا دەرگای پەشـیمانی دادەخـرێ ، ئەمـە ئـەو سـوننەت و بـاوەی خوابـوو کەلـە بەندەکانیـدا تێپـەڕی، واتـە: بەدەرێژایـی ڕۆژگار خـوا سـوننەتی وابـووە، هـەر قەومێـك لـە کاتـی دیتنـی سـزادا بـاوەڕی هێنابـێ لێـی وەرنەگیـراوەو سـوودی نەبـووە بـۆی لـەو کاتـەدا کافـرەکان زیانمەندبـوون، چونکـە ئاشـکرا بـوو و زانـرا کـە سـوودیان لـە هیـچ شـتێ وەرنەگـرت، نەلەبتـەکان، نەلـە ئـەو هەمـوو پیلانەیـان.)

خـوای گـەورە دەفەرمووێـت: ﴿ فَهَلۡ يَنظُرُونَ إِلَّا ٱلسَّاعَةَ أَن تَأۡتِيَهُم بَغۡتَةٗۖ فَقَدۡ جَآءَ أَشۡرَاطُهَاۚ فَأَنَّىٰ لَهُمۡ إِذَا جَآءَتۡهُمۡ ذِكۡرَىٰهُمۡ ١٨ ﴾ (محمـد) واتـه : ئایـا ئەمانـە مەگـەر چاوەڕێـی هاتنـی

---

(١) اخرجه احمد (١٨٢٧٩) والترمذي (٣٥٤٤) وابن ماجه (٤٠٧٠)

قیامـەت ناکـەن لەنـاکاو دەرگایـان لـێ بگرێـت؟! خـۆ بێگومـان هەنـدێ لـە نیشـانەکانی قیامـەت هاتوونـە پێـش و دەرکەوتـوون، جـا ئـەو کاتـە کـە قیامەتیـان هـات ئیـتر ئیـمان هێنـان و بـاوەڕ کردنیـان چ کەڵکێکـی ئەبـێ؟!))[١]

هەروەهـا لـە (تەفسیر)ـەکەیدا فەرمویـەتی :- ﴿لَا يَنفَعُ نَفْسًا إِيمَٰنُهَا لَمْ تَكُنْ ءَامَنَتْ مِن قَبْلُ﴾ واتـە : ئەگـەر لـەو ڕۆژەدا کـەسی کافـر ئیـمانی هێنـا ئـەوا لێـی وەرناگیـرێ، بـەڵام ئەگـەر کەسـێ لـە پێـش ئـەوە ئیمانـدار بێـت، جـا ئەگـەر چاکسـاز بێـت لـە کردەوەکانیـدا ئـەوا لـە خەیرێکـی گەورەدایـە ، وە ئەگـەر چاکسـاز نەبـێ و ئـەو ڕۆژە تەوبـەی کـرد ئـەوا تەوبەکـەی لـێ وەرناگیـرێ، هەروەکـو چـۆن چەندیـن فەرمـوودە بەڵگـەن لەسـەری ، مانای ئـەو ئایەتـەش ﴿ أَوْ كَسَبَتْ فِىٓ إِيمَٰنِهَا خَيْرًا ﴾ هـەر بـەو شـێوە وەردەگیـرێ واتـە: هیـچ کردەوەیەکـی چاکـی لـێ وەرناگیـرێ ئەگـەر لـە پێـش ئـەوەدا کاری بـاشی نەکردبـێ))[٢]

ئیمامـی البغـوی دەفەرموێـت:﴿يَوْمَ يَأْتِى بَعْضُ ءَايَٰتِ رَبِّكَ لَا يَنفَعُ نَفْسًا إِيمَٰنُهَا لَمْ تَكُنْ ءَامَنَتْ مِن قَبْلُ﴾ واتـە: چیـتر ئیـمان سـوودی لـێ نابینـن لـە کاتی دەرکەوتنـی ئایەتەکەدا کـە ناچاریان دەکات بـۆ ئیـمان ﴿ أَوْ كَسَبَتْ فِىٓ إِيمَٰنِهَا خَيْرًا ﴾ مەبەسـتی : ئیـمانی کافـر و تەوبـەی فاسـق وەرناگیـرێ)[٣] .

ئیمامـی (القرطبـی) -ڕەحمـەتی خـوای لـێ بێـت- لـە (تەفسـیرەکەیدا) دەفەرموێـت: (زانایـان فەرموویانـە :- هیـچ نەفسـێک سـوود لـە ئیـمان هێنـان نابینێـت لـە کاتی دەرکەوتنـی ڕۆژ لـە ڕۆژئـاواوە ، چونکـە ترسـەکە هێنـدە گەیشـتوەتە دڵیـان کـە لـە گەڵیـدا هەمـوو شـەهوەتێک لـە شـەهوەتەکانی نەفـس دەکوژێنێتـەوە ، وە هەمـوو هێزێـک لـە هێـزەکانی جەسـتە نامێنـێ ، خەڵکـی هەمـوو وای لـێ دێـت لەبـەر یەقینیـان بەنزیکـی قیامـەت لـە حاڵـەتی کەسـێکدا دەبـن کـە لەسـەرەمەرگدایە لـە بـەر نەبـوونی ئـەو پاڵنەرانـەی کـە دەبنـە هـۆی جـۆرەکانی سـەرپێچی و نەمـانی لـە نـاو جەسـتەیاندا، جـا هەرکەسـێ لـەم حاڵتـەدا تەوبـەی کـرد، ئـەوا تەوبەکـەی وەرناگیـرێ، هەروەکـو چـۆن تەوبـەی کەسـێک وەرناگیـرێ لـە

---

(١) انظر : النهاية في الفتن والملاحم لابن كثير .

(٢) تفسير القران العظيم .

(٣) معالم التنزيل للبغوي .

کاتی سـەرەمەرگدا بێـت ، پێغەمبـەری خـوا(ﷺ) دەفەرموێـت (((**إِنَّ اللَّـهَ يَقْبَـلُ تَوْبَـةَ الْعَبْـدِ مَـا لَـمْ يُغَرْغِـرْ**))[1] واتـە : خـوای گـەورە تەوبـەی بەندەکانـی وەردەگرێـت ئەگـەر روحەکـە نەگاتـە گـەروو) واتـە: تاکـو ڕوحەکـەی نگاتـە سـەر قورگـی، ئـەو کاتـەش کاتی (المعاینـە) یـە ، کـە جێـگای خـۆی لـە بەهەشـتدا یـان لـە ئاگـردا دەبینـێ، جـا ئەو کەسـەی کـە هەڵاتنـی ڕۆژ لـە ڕۆژئـاواوە دەبینـێ هـەر وەکـو ئـەو کەسـەیە)[2] .

هەرچۆنێـک بێـت ، ئەمـە ڕووداوێکـی زۆر مەزنـە ، ترسـێکی تۆقێنـەرە، کـە ئیـزن دەدرێ بـە گۆڕینـی سیسـتەمی گـەردوون ، نزیکـی هەسـتانی قیامـەت ، بەڵگـەی مـەزنی و گەورەیـی و توانـای خـوای گـەورەی تێدایـە ، ئـەم خـۆرە (ڕۆژە) دروسـتکراوە و کەسـێک بەرێـوەی دەبـات ، خەلـەلی تـێ دەکەوێـت بەئیـزنی خـوای گـەورە .

داوا لـە خـوای گـەورە دەکەیـن ئیمانێکـی صـادق و یەقینێکـی سـوود بەخشـمان پـێ ببەخشـێ کەپـاڵ بنـات بـۆ کـردەوەی چـاک و ئامادەکـردنی توێشـووی سـودبەخش بـۆ ڕۆژی قیامـەت لـە پێـش ئـەوەی ئـەم هەلەمـان لـە دەسـت بچێـت و ئەجـەل کۆتایـی پـێ بێنێـت ، خـوای گـەورە پشـت و پەنامانـە ، والحمـد للـه رب العالمیـن .

حەشرکردنی خەڵکی بۆ خاکی شام :

ئیمامـی ابـن کثیر لـە (النهایـة)دا دەفەرموێـت:- لـە هـەردوو کتێبـی (صحیـح)دا هاتـووە لـە فەرمـوودەی (وهیـب) ەوە لـە (عبداللـه بـن طـاووس)ەوە لـە (باوکیـەوە) لـە (ابوهریـرە) ەوە، دەفەرموێـت: پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) فەرمویـەتی : (**یُحـشر النّـاسُ عـلی ثـلاثِ طرائـقَ: راغبـین وراهبـین، واثنـان عـلی بعـیر، وثلاثـةٌ عـلی بعـیر، وأربعـةٌ عـلی بعـیر، وعـشرةٌ عـلی بعیر، ویَحـشرُ بقیتَهـم النّـارُ، تقیـلُ معهـم حیـثُ قالُـوا، وتبیـتُ معهـم حیـثُ باتُـوا، وتصبـحُ معهم حیـث أصبحُـوا، وتُمـسي معهـم حیـثُ أمسُـوا**)[3] .

ئەمجـار چەندیـن فەرمـوودەی بـەم مانایـە هێناوەتـەوە ، ئەمجـار فەرمـووی : ئـەم فەرموودانـە بەڵگـەن لەسـەر ئـەوەی کـەوا ئـەم حـەشرە حـەشری ئەوانەیـە کـە بوونیـان

---

(١) اخرجه احمد(٦١٦٠) والترمذي(٣٥٤٦) وابن ماجه (٤٢٥٣)

(٢) الجامع لاحكام القران للقرطبي .

(٣) متفق عليه : البخاري (٦٥٢٢) ومسلم (٧١٣١) .

هەیـە لـە کۆتایـی دونیـادا لـە هەمـوو بەشـەکانی سـەر زەوی بـۆ جێگایـەک ، ئەویـش خاکـی شـامە، ئـەوان لە سـەر سـێ شـێوە دەبـن، بەشـێکیان پۆشـتەو سـوارن، وە بەشـێکیان هەنـدێ جـار ڕێ دەکـەن و هەنـدێ جـار سـوار دەبن، ئەوانیش لەسـەر پشـتی یەک وشـترن ، هەروەکـو لـە فەرموودەکـەی ((الصحیحیـن) دا باسـکرا، (**واثنـان عـلی بعـیر، وثلاثـةٌ عـلی بعیر....**)تاکـو ئـەو جێگەیـەی دەڵێـت : (**وعـشرة عـلی بعـیر یعتقبونـه مـن قلـة الظهـر ...**) هەروەکـو فەرموودەکـەدا باسـکرا ، هەروەهـا تەفسـیری لـە فەرموودەیەکـی تـردا هاتـووە: (**تحـشرُ بقیتَهـم النّـارُ**) ئەویـش لـە قوڵایـی عەدەنـەوە دەردەچێـت ، دەورەی خەڵکـی لـە پشـتەوە دەگـرێ ، خەڵکـی دەدا لـە بـەر لـە هەمـوو لایەکـی سـەر زەوییـەوە بـۆ زەوی مەحشـەر ، هەرکەسـێ دوا بکـەوێ ئاگرەکـە دەیسـوتێنێ، ئەمانـەش هەمـوو بەڵگـەن کـەوا ئـەم ڕوداوانـە لـە کۆتازەمانـدا ڕووەدەن ، چونکـە ئەوەتـا خـواردن و خواردنـەوەو سـواربوون و لەسـەر پشـتی (وڵاخ) جگـە لـەو دەبـێ ، هەروەهـا ئەوانـەی دوادەکـەون ئاگـر بـە هەلاکەتیـان دەبـات ، چونکـە ئەگـەر ئەمـە لـە پـاش فووکـردنی زیندووبونـەوە بوایـە، ئـەوا مـردن و سـەر پشـتی وڵاخ و خـواردن وخواردنـەوە نەدەمـا))[1]

وە لـە چەندیـن فەرمـودەی تـردا هاتـووە بەڵگـەن لـە سـەر ئـەوەی کـەوا لـە کۆتـا زەمانـدا ئاگرێـک لـە قـوڵای عەدەنـەوە دەردەچێـت ، خەڵکـی بـەرەو مەحشـەر دەبـات :

لەوانـە ئـەو فەرموودەیـەی کـە (احمـد) و (مسـلم) و خـاوەنی (سـنن)ەکان ڕیوایەتیـان کـردووە: (**تخـرج نـار مـن قعـر عـدن ، تسـوق(أو : تحـشر) النـاس ، تبیـت معهـم حیـث باتـوا و تقیـل معهـم حیـث قالـوا**)[2]

وە لـە (عبداللـە بـن عمـر) ەوە هاتـووە دەفەرموێـت: پێغەمبـەری خـوا(ﷺ) :- فەرموویـەتی : (**سـتخرج نـار مـن حضرمـوت (أو مـن نحـو حضرمـوت) قبـل یـوم القیامـة تحـشر (النـاس) قالـوا: یـا رسـول اللـه(ﷺ) فـما تأمرنـا؟ قـال: علیکـم بالشـام**)[3]

---

(١) النهاية في الفتن والملاحم لابن كثير .

(٢) اخرجه مسلم (٧٢١٦) واحمد (١٥٥٥٨) وابو داود (٤٣١١) والترمذي (٢١٨٣) وابن ماجه (٤٠٤١) .

(٣) اخرجه احمد (٤٥٣٦) والترمذي (٢٢٢٢) وابن حبان (٧٣٠٥) .وقال الترمذي : هذا حديث حسن صحيح غريب .

السـفارینی دەفەرموێـت: ((زانایـان جیـاوازن لـە بـاسی حـەشری خەڵکیـدا لـە ڕۆژهەڵاتـەوە بـۆ ڕۆژئـاوا ، ئایـە ئـەوە ڕۆژی قیامەتـە یـان پێـش قیامەتـە ؟ القرطبـی والخطـابی دەفەرمـوون و(القـاضي عیـاض) بـە تـەواوی زانیـوە : ((ئـەم حـەشرە لـە پێـش ڕۆژی قیامـەت دەبێـت ، بـەڵام حـەشر لـە گۆڕەکانـەوە ئـەوە بـەو شـێوەیە کـە لـە فەرموودەکـەی (ابـن عبـاس)دا هاتـووە بـە (مرفـوع)ی هەروەکـو لـە هـەردوو کتێبـی (صحیـح) و جگـە لەوانـەدا هاتـووە :- **(إنکـم تحـشرون حفـاة عـراة غـرلا ..)**[1]..)[2]

تاکـو ئـەو جێگایـەی دەڵێـت : (وە (القـاضي عیـاض) قسـەکەی (القرطبـي والخطـابي) سـەر خسـتووە کـەوا فەرمودەکـەی ابـو هریـرە : **(تقیـل معهـم وتبیـت معهـم وتصبـح وتمـسي ..)**[3] پشـتگیری ئـەوە دەکات کـەوا حـەشر لـە دونیادایـە بـۆ شـام ، چونکـە ئـەم وەصفانـە تایبەتـن بـە دونیـاوە)[4].

هەروەهـا دەفەرموێـت: ((ئیمامـی قرطبـی لـە (تذکرة)ـە[5] کەیـدا بـاسی کـردووە کـەوا حـەشر چـوار دانەیـە :

دوو حەشر لە دونیادا و دوو حەشر لە دوا ڕۆژدا هەیە ، جا ئەو دووانەی لە دونیادایە :-

ئـەوەی باسـکراوە لـە سـورەتی (الحشر)ئەویش حـەشری جولەکەیـە بۆ شـام ، پێغەمبەری خـوا(ﷺ) بـەوانی گـوت : **(اخرجـوا ، قالـوا :إلى أیـن ؟ قـال : الى أرض المحـشر ، ثـم أجـلى آخرهـم عمـر بـن الخطـاب رضي اللـه عنـه مـن جزیـرة العـرب)** واتـە: دەرچـن، وتیـان: بـۆ کـوێ؟ فەرمـووی: بـۆ زەوی مەحشـەر ، ئەمجـار دواییـن کەسـیان عومـەری کـوڕی خەتتـاب لـە نیمچـە دورگـەی عـەرەب دەری کـردن .

وە حەشری دووەم : ئەوەی باسکراوە لە نیشانەکانی قیامەتدا ، ئاگرێک لە ڕۆژهەڵاتەوە خەڵکی حەشر دەکات بۆ ڕۆژئاوا ، هەروەکو لە فەرموودەکەی (انس) و عبدالله بن سلام دا هاتووە [6].

---

(١) متفق علیه : البخاري (٦٥٢٧) ومسلم (٧١٢٧) .
(٢) لوامع الانوار (١٥٥/٢) .
(٣) تقدم تخریجه .
(٤) لوامع الانوار (١٥٦/٢) .
(٥) التذکرة (ص٢٢٥) .
(٦) اخرجه البخاري (٣٣٢٩) .

و لـه فەرموودەکـەی (ابـن عمـر)دا هاتـووە بـه (مرفـوع) ی : ((**تبعـث نـار عـلى أهـل المـشرق ، فتحشرهـم إلى المغـرب ، تبيـت معهـم حيـث باتـوا ، وتقيـل معهـم حيـث قالـوا ، ويكـون لهـا مـا سـقط منهـم وتخلـف ، وتسـوقهم سـوق الجمـل**).

ابـن حجـر دەفەرموێـت: (ئـەوەی کـه هاتـووە ئـەو ئاگـرە لـه قوولّایـی عەدەنـەوە دەردەچێـت جیـاواز نییـه لـه گـەڵ حـەشری خەڵکـی لـه ڕۆژهەلّاتـەوە بـۆ ڕۆژئـاوا، چونکـه سـەرەتای دەرچـوونی لـه عەدەنـەوە دەبـێ، جـا ئەگـەر دەرچـوو، ئـەوا بـه هەمـوو زەویـدا بـلّاو دەبێتـەوە .

مەبەسـت لێـی گشـتگیری حەشرەکەیـه ، نـەک تایبـەت بـه ڕۆژهـەلّات و ڕۆژئـاوا ، یـان لـه پـاش بـلّاو بوونەوەیـەتی سـەرەتای حەشرکـردنی ئەهـلی ڕۆژهەلّاتـه[1].

(القرطبـي) دەفەرموێـت: ئـەوەی کـه لـه دواڕۆژدا ڕوو دەدەن ، حـەشری مردووەکانـه لـه گۆڕەکانیانـەوە لـه پـاش زیندووبوونـەوەی هەمـووان ، خـوای گـەورە دەفەرموێـت: ﴿ وَحَشَرْنَٰهُمْ فَلَمْ نُغَادِرْ مِنْهُمْ أَحَدًا ﴿٤٧﴾ ﴾ (الكهـف)

وە حەشریان بۆ بەهشت ودۆزەخ)[2])[3].

وە لەسەر قسەی هۆنەر دەڵێت :

وآخِرُ الآياتِ حَشرُ النارِ كما أتى في مُحكمِ الأخبارِ

دەڵێـت: (وآخـر الآيـات) ئایەتـه مـەزن و نیشـانه گـەورەکان، (حـشر النـار) بـۆ خەڵکـی لـه ڕۆژهەلّاتـەوە بـەرەو ڕۆژئـاوا، وە لـه یەمەنـەوە بـۆ جێـی کۆچـی ئیبراهیـم کـه ئەویـش خاکی شـامه، هەروەکـو ئـەوە بـه جـوانی دەبینـی لە هەواڵـه مەحکـەم و شـوێنەوارە ڕاسـتەکاندا)[4] .

ئەمجـار بـاسی ئـەو فەرموودانـەی کـردووە دەربـارەی دەرچـوونی لـه یەمەنـەوەو لـه قوڵایـی عـەدەنی (أبیـن)ەوە هاتـووە ، ئەمجـار حـەشری خەڵکـی دەکات لـه ڕۆژهەلّاتـەوە

---

(١) فتح الباري لابن حجر .

(٢) التذكرة للقرطبي .

(٣) لوامع الانوار (١٥٤/٢) .

(٤) لوامع الانوار (١٤٩/٢) .

بەرەو ڕۆژئاوا ، ئەمجار حەشریان دەکات بۆ زەوی شام، ئەمجار بۆ ئەوەی کۆ بکاتەوە لە نێوان ئەوانەدا دەڵێت: ئاگرەکە دوو ئاگرە ، یەکێکیان : خەڵکی حەشر دەکات لە ڕۆژهەڵاتەوە بەرەو ڕۆژئاوا، وە دووەمیان: لە یەمەنەوە دەردەچێت خەڵکی بەرەو مەحشەر دەبات کە ئەویش خاکی شامە .

دەڵێت: (ئەگەر لە عیلمی خوادا تەنها یەک ئاگر نەبوایە، ئەوا کۆکردنەوە لە نێوان فەرموودەکەدا ((ئاگرێک لە پێش ڕۆژی قیامەت دەردەچێت لە (حضرموت) ەوە خەڵکی ڕاپێچ دەکات)) وە لە (لفظ)ێکی تردا : ((ئاگرێک لە قوڵایی عەدەنەوە دەردەچێت خەڵکی بەرەو مەحشەر دەبات)) وە ئەو فەرموودەی : ((ئاگرێک خەڵکی حەشر دەکات لە ڕۆژهەڵاتەوە بەرەو ڕۆژئاوا))[1]

بەوەی کە بڵێین : شام کە مەحشەری ڕۆژئاوایە بە نیسبەت ڕۆژهەڵاتەوە ، کەوا بوو سەرەتای دەرچوونەکەی لە قوڵایی عەدەنەوە دەبێت لە یەمەن، جا ئەگەر دەرچوو، ئەوا بە ڕۆژهەڵاتدا بڵاودەبێتەوە، ئەمجار خەڵکی حەشر دەکات بەرەو ڕۆژئاوا کە ئەویش شامە و هەر ئەویش مەحشەرە .

وە وشەی (أبین) : لە سەر وەزنی (أحمر)ە ناوی ئەو پادشایەیە کە بنیاتی ناوە.

لە کتێبی (النهایة)ی ابن الأثیر دا هاتووە: (عدن أبین) : شارێکی ناسراوی یەمەنە، دراوەتە پاڵ (أبین) لە سەر وەزنی (أبیض)، ئەویش کابرایەک بووە لە (حمیر) (عدن بها) واتە: تیایدا نیشتەجێ بووە))[2] واللە أعلم .

---

(١) تقد تخریج هذه الاحادیث کلها وما في معناها .

(٢) لوامع الانوار (١٥٠/٢) .

النفخ فی الصور والصعق (فووکردن بە کەڕەنادا) :

چەنـد جارێـک لـە قورئـانی پیـرۆزدا باسـی فووکـردن بـە کەڕەنـادا هاتـووە ، وە باسـی ئـەو رووداوانـەی کـە لـەو کاتـەدا رووەدات کـراوە.

شـیخ الاسـلام ابـن تیمیـة- ڕەحمـەتی خـوای لێبێـت - دەفەرموێـت: قورئـان باسـی سـێ فووکـردنی کـردووە :فووکـردنی ترسـاندن (نفخـه الفـزع) ، خـوای گـەورە لـە سـورەتی(النمـل)دا باسـی کـردووە ، لـەو ئایەتـەی کـە دەفەرموێـت: ﴿ وَيَوْمَ يُنفَخُ فِي ٱلصُّورِ فَفَزِعَ مَن فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَمَن فِي ٱلْأَرْضِ إِلَّا مَن شَآءَ ٱللَّهُ ۚ وَكُلٌّ أَتَوْهُ دَٰخِرِينَ ﴿٨٧﴾ ﴾(النمـل) واتـە : ئـەو ڕۆژە وەبیربێنـە ئـەی موحەممەد(ﷺ)!کـە فـوو ئەکـرێ بەشـەپوورەدا بۆمراندنـی هەمـوان. جـا هەرکـەس لەئاسـمانەکان و لەزەویـدا هەیـە تـرس و بیمێکـی زۆر دای دەگـرێ و هەمـوو ئەمـرن، جگـە لەوانـە کـە ویسـتی خـوا وایـە نەترسـن و بمێنـن ‹لەنێـو فریشـتەو پەیامبـەران و شـەهیدان› ئیـتر دوای زینـدوو کردنـەوە هەمـوو بەملکەچـی و بەزەلیلـی دێنـەلای ئـەو).

وە فووکـردنی ڕاچڵەکانـدن و هەسـتانەوە (الصعـق و القیـام) ،خـوای گـەورە بـاسی ئـەو دووانـەی کـردوە لـە سـورەتی (الزمـر)دا ، لـەو ئایەتـەی کـە دەفەرموێـت: ﴿ وَنُفِخَ فِي ٱلصُّورِ فَصَعِقَ مَن فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَمَن فِي ٱلْأَرْضِ إِلَّا مَن شَآءَ ٱللَّهُ ۖ ثُمَّ نُفِخَ فِيهِ أُخْرَىٰ فَإِذَا هُمْ قِيَامٌ يَنظُرُونَ ﴿٦٨﴾ ﴾ (الزمـر) واتـە : هەرکـە لەلایـەن ئیسرافیلـەوە فـوو بەشـەپوورەدا کـرا ئیـتر ئـەو کاتـە هەمـوو ئەوانـەی کـە لەئاسـمانەکان و زەویـدان مەگـەر کەسـێك خـوا خـۆی بیـەوێ نەمرێـت، وەکـو هەڵگرانـی عـەرش و.. هتـد لەپاشـان بـۆ جارێکـی تـر کـە فـوی پیاکـرا ئەوجـا لـە نـاکاو تـەواوی دروسـتکراوەکان لەگۆڕەکانیانـدا هەڵئەسـنەوە و چاوەڕوانـن چییـان پێبکـرێ).

بـەڵام ئـەو بەدەرهێنانـە (الاسـتثناء)ە ئـەوا ئەوانـە دەگرێتـەوە کە لـە بەهەشـتدان لە(حور العیـن)، چونکـە بەهەشـت مـردنی تیـادا نیـە، جگـە لەوانیـش دەگرێتـەوە ، وە ناکرێـت جـەزم بکرێـت بـە هەمـوو ئەوانـەی خـوای گـەورە (اسـتثناء)ی کـردوەو ، چونکـە خـوای گـەورە لـە کتێبەکەیـدا بەڕەهایـی باسی کردوە ، وە لـە فەرمودەیەکی (صحیح) دا هاتووە کەوا پێغەمبەری

خـوا(ﷺ) فەرمویەتـی: **إن النـاس يصعقـون يـوم القيامـة ، فأكون أول من يفيـق ، فأجد موسى آخـذاً بسـاق العـرش فـلا أدري هـل أفـاق قبـلي أم كان ممـن أسـتثناه اللـه**)) واتـە : هەمـوو خەڵکـی دەمـرن لـە ڕۆژی قیامەتـدا مـن یەکـەم کـەس دەبـم بـە ئاگادێمـەوە ، کەچـی دەبینم موسـا لـە تەنیشـتی عەرشـەوە ئیـتر نازانـم لـە نێـو ئەوانـەدا بوو کـە مـردن و پێش من بـە ئاگا هاتـەوە یـان لـەو کەسـانەیە کـە خوای گـەورە لـەو بڕیارە بـە دەری خسـتوون) .

ئەم (صعقه) دەڵێن :چوارەمە ، وە دەڵێن : ئەوا لەوانەیە کە لە قورئاندا باس کراوە...)[1]

السفارینی دەفەرموێت: بزانە کەوا فووکردن بە کەڕەنادا سێ فووکردنە :

فووکـردنی ترسـاندن (نفخـه الفـزع) : ئەویـش ئـەو فووکردنەیـە کـە بـە هۆیـەوە ئـەم جیهانـە دەگۆڕدرێـت ، وە سیسـتەمەکەی تێکدەچێـت ، ئەویـش ئـەو فووکردنەیـە کـە خـوای گـەورە ئامـاژەی پێکـردووە:﴿ وَمَا يَنظُرُ هَٰٓؤُلَآءِ إِلَّا صَيۡحَةٗ وَٰحِدَةٗ مَّا لَهَا مِن فَوَاقٖ ١٥ ﴾ (ص) واتـە : ئـەم بێباوەڕانـی مەککەیـەش، هـەر چاوەنـۆڕی نەعرەتـەو دەنگێکـی گەورە(واتـە: نەفخـەی زینـدوو کردنـەوە) دەکـەن و، ئیـتر بـە ڕۆژەکـەی خۆیـان دەگـەن هەرکـە هاتیـش دووبـارە بونـەوە نیـە). واتـە: لـە گەڕانـەوە .

وە دەفەرموێـت ﴿ وَيَوۡمَ يُنفَخُ فِي ٱلصُّورِ فَفَزِعَ مَن فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَمَن فِي ٱلۡأَرۡضِ إِلَّا مَن شَآءَ ٱللَّهُۚ ٨٧ ﴾ (النمـل)

(الزمخـشري) لـە (الكشـاف)دا تەفسـیری ئـەو (المسـتثنى) یـەی کـردوە بەوانـەی خـوای گـەورە دڵـی ئـەوانی سـابت و دامـەزراو کـردوە لـە فریشـتەکان ، ئەوانیـش جبریـل و میکائیـل و ئیسرافیـل و ملـک المـوت[2] ، وە دەڵێـن جگـە لەوانـە ، ئـەو ترسـەش ڕوودەدات بـە هـۆی تـرسی ئـەو فووکردنەیـە ...)[3]

تاکـو ئـەو جێگایـەی دەڵێـت: فووکـردنی دووەم : فووکـردنی (الصعـق) ـــە ،ئەویـش لەناوچوونـی هەمـوو شـتێکی تێدایـە ،خـوای گـەورە دەفەرموێـت: ﴿ وَنُفِخَ فِي ٱلصُّورِ

---

(١) مجموع الفتاوى لابن تيمية .

(٢) الكشاف للزمخشري .

(٣) / لوامع الانوار (١٦١/٢).

فَصَعِقَ مَن فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَمَن فِي ٱلۡأَرۡضِ إِلَّا مَن شَآءَ ٱللَّهُ ﴿٦٨﴾ ﴾ (الزمـر) وه تەفسـیری (الصعـق) ی بـه مـردن کـردووه ...))

تـا ئـەو جێگایـەی دەڵێـت : وە(الصـور) کەڕەنایەکـه لـه روناکـی (نـور) ، رووحـی دروسـتکراوەکانی تێدەکرێـت [1]، مجاهـد فەرمویـەتی : وەکـو بوقـه ، ئیمامـی بوخـاری بـاسی کـردووە[2] . هەروەهـا ئیمامـی (الترمـذي) ریوایـەتی کـردوه لە(عبداللـه بـن عمرو بـن العا(ص) ـەوە : ((**جـاء أعـرابي إلى النبـي (ﷺ) فقـال : مـا الصـور ؟ قـال : ((قـرن ينفـخ فيـه))**[3] واتـا : کابرایەکـی دەشـتەکی هـات بـۆ لای پێغەمبـەر خـوا (ﷺ) و فەرمـووی : ئایـا (الصـور) چییـه ؟ ئەویـش فەرمـووی : کەڕەنایەکـه فـووی پێـدا دەکرێـت)) .

ئینجـا فەرمـووی: فووکـردنی سـێیەم : فووکـردنی زیندووبونەوەیـه ، لـه قورئـانی پیـرۆزدا بەڵگـەی لەسـەر هاتـووە و لـه فەرمودەکانـدا ئامـاژەی پێکـراوە ، وەکـو ئـەوەی خـوای گـەورە دەفەرمووێـت: ﴿ وَنُفِخَ فِي ٱلصُّورِ فَإِذَا هُم مِّنَ ٱلۡأَجۡدَاثِ إِلَىٰ رَبِّهِمۡ يَنسِلُونَ ﴿٥١﴾ ﴾ (یـس) واتـه : خەڵکـی بەنەفخـەی یەکـەم هەمـوو ئەمرێـن و پاشـان بـۆ جـاری سـێیەم فـوو بـه شـەیپوردا ئەکرێـت، ئەوسـا کتوپـڕ بەپەلـه لـه گۆڕەکانیـان هەمـوو دێنـەدەرێ و دەبرێـن بـۆ لای دادگای پەروەردگاریـان بـۆ پـاداش و تۆڵـه).

خـوای گـەورە دەفەرمووێـت: ﴿ ثُمَّ نُفِخَ فِيهِ أُخۡرَىٰ فَإِذَا هُمۡ قِيَامٞ يَنظُرُونَ ﴿٦٨﴾ ﴾ (الزمـر) واتـه : لەپاشـان بـۆ جارێکـی تـر کـه فـوی پیاکـرا ئەوجـا لـه نـاکاو تـەواوی دروسـتکراوەکان لەگۆڕەکانیانـدا هەڵئەسـنەوە و چاوەڕوانـن چییـان پێبکـرێ).

خـوای گـەورە دەفەرمووێـت: ﴿ فَإِذَا نُقِرَ فِي ٱلنَّاقُورِ ﴿٨﴾ فَذَٰلِكَ يَوۡمَئِذٖ يَوۡمٌ عَسِيرٌ ﴿٩﴾ عَلَى ٱلۡكَٰفِرِينَ غَيۡرُ يَسِيرٖ ﴿١٠﴾ ﴾ (المدثـر) واتـه : ئینجـا کاتـێ فـوو دەکـرێ بەصـووردا بـۆ زینـدوو بوونـەوە(٨) جـا ئـەو رۆژە، رۆژێکـی زۆر گـران و سـەخته(٩) لـه سـەر خوانەنـاس و بـێ بڕوایـان سـووك و ئاسـان نیـه، چونکـه لێپرسـینەوەو حیسـاب و لێکۆڵینـەوە هەیـه.(١٠).

---

(١) التذكرة للقرطبي(ص٢٠١) .

(٢) ذكره البخاري عن مجاهد معلقاً مجزوماً به .

(٣) اخرجه احمد (٦٨٠٥) والترمذي (٢٤٣٥) وقال : حديث حسن .

خـوای گـەورە دەفەرموێـت: ﴿ وَٱسۡتَمِعۡ يَوۡمَ يُنَادِ ٱلۡمُنَادِ مِن مَّكَانٖ قَرِيبٖ ۝٤١ يَوۡمَ يَسۡمَعُونَ ٱلصَّيۡحَةَ بِٱلۡحَقِّۚ ذَٰلِكَ يَوۡمُ ٱلۡخُرُوجِ ۝٤٢ ﴾ (ق) واتـە : گـوێ ڕاگـرە ئـەی پێغەمبـەر! بـۆ ئـەو هەواڵـەی پێـت دەدەیـن لـە ئەحوالّـی قیامـەت، ڕۆژێـك (ئیسرافیل)بانـگ دەکا لـە شـوێنێکی نزیـك بەخەڵـك هەمووتـان دەرچـن لـە گۆڕەکانتـان بـۆ حـەشر(٤١) ئـەو ڕۆژە کـە هەمـوو ئـەو (صیحـە)و هاوارەیـان بـە هـەق گـوێ لێدەبـێ ئائـەو ڕۆژە، ڕۆژی لەگـۆڕ دەرچوونـە بـۆ حـەشرو پـاداش و تۆڵـە (٤٢) .

ڕاڤەکارانـی قورئـان (مفسریـن) دەفەرمـوون : بانگەوازکارەکـە کـە (ئیسرافیل)ـە فـوو بـە کەڕەنـادا دەکات و بانـگ دەکات : ئـەی ئێسـک و پروسـکە ڕزیـوەکان ، ئـەی گۆشـتە پارچـە پارچـە کـراوەکان ، ئـەی پارچـە بـڵاوە پـێ کـراوەکان ، خـوای گـەورە فەرمانتـان پـێ دەکات کـۆ ببنـەوە بـۆ یـەکلا کردنـەوەی دادوەری ، وە دەڵێـن: (ئیسرافیـل) فـوو دەکات و (جیبرائیـل) بانـگ دەکات ، وە جێـگا نزیکەکـە بەردەکـەی (بیـت المقـدس)ە .

کۆمەڵێـک لـە (مفـسرەکان) فەرموویانـە : نێـوان هـەردوو فووکردنەکـە چـل سـاڵە ، هەندێـک لـە زانـاکان دەفەرمـوون : ڕیوایەتـەکان یـەک دەنگـن لەسـەر ئـەوە .

وە لـە (مسـلم) دا هاتـوە لـە (ابـو هریـرە)وە ئەویـش لـە پێغەمبـەری خـواوە(ﷺ) : ((**مـا بـین النفختـین أربعـون)) قالـوا : یـا أبـا هریـرة ، أربعـون یومـاً ؟ قـال : أبیـتُ ، قالـوا : أربعـون شـهراً ؟ قـال : أبیـتُ، قالـوا : أربعـون سـنة ؟ قـال : أبیـتُ**))[1] واتـە : لـە نێـوان هـەردوو فووکردنەکـەدا چـل هەیـە ... فەرموویـان ئـەی (أبـو هریـرە) چـل ڕۆژە ؟ فەرمـووی : نەمویسـت پرسـیار بکـەم . فەرمویـان : چـل مانگـە ؟ فەرمـووی : نەمویسـت پرسـیار بکـەم . فەرمویـان : چـل سـاڵە؟ فەرمـووی: نەمویسـت پرسـیار لـە پێغەمبـەری خـوا(ﷺ) بکـەم دەربـارەی ئـەوە)) .

وە مەبەسـت لـە قسـەکەی ابـو هریـرە (أبیـت) سـێ مانـا دەبەخشـێ : یەکەمیـان ڕێـم لـێ گیـراوە ئەوەتـان بـۆ ڕوون بکەمـەوە ،وە دەڵێـن : پرسـیارم لـە پێغەمبـەری خـوا(ﷺ) نەکـردوە ، وە دەڵێـن : لـە بیـرم چـووە ، وە دەڵێـن :نهێنـی ئـەو کارە هیـچ کەسـێک

---

(١) متفق علیه : البخاري (٤٩٣٥) ومسلم (٧٣٤٥) .

نازانێـت ئیـلـا خـوا نەبێـت ، چونکـە ئـەوە لـە نهێنـی یەکانـی پەروەردگارێتـی یـە)[1] .

وە لـە فەرمـوودە دریژەکـەی ابـو هریـرە کـە (ابـن جریـر) و (الطـبراني) و (ابـو یعـلی) لە(مسـند)ەکەیدا و (البیهقی)لـە (البعـث)دا و (ابـو مـوسی المدینـی) و جگـە لـەوان ریوایەتیـان کـردوە دەڵێـن: پێغەمبـەری خـوا(ﷺ) فەرموویـەتی : (إِنَّ اللَّـهَ تَبَـارَكَ وَتَعَـالَى لَـمَّا فَـرَغَ مِـنْ خَلْـقِ السَّـمَاوَاتِ وَالأَرْضِ خَلَـقَ الصُّـورَ فَأَعْطَـاهُ إِسْرَافِيـلَ ، فَهُـوَ وَاضِعُـهُ عَـلَى فِيـهِ ، شَـاخِصٌ إِلَى الْعَـرْشِ بِبَـصَرِهِ يَنْتَظِـرُ مَتَـى يُؤْمَرُقَـالَ : قُلْـتُ: يَـا رَسُـولَ اللـهِ(ﷺ) ، مَـا الصُّـورُ ؟ قَـالَ : قَـرْنٌ قَـالَ : فَكَيْـفَ هُـوَ ؟ قَـالَ : عَظِيـمٌ قَـالَ : وَالَّـذِي بَعَثَنِـي بِالْحَـقِّ إِنَّ أَعْظَـمَ دَارَةٍ فِيـهِ كَعَـرْضِ السَّـمَاوَاتِ وَالأَرْضِ ، يُنْفَـخُ فِيـهِ ثَـلاَثَ نَفْخَـاتٍ : الأُولَى : نَفْخَـةُ الْفَـزَعِ ، وَالثَّانِيَـةُ: نَفْخَـةُ الصَّعْـقِ ، وَالثَّالِثَـةُ : نَفْخَـةُ الْقِيَـامِ لِـرَبِّ الْعَالَمِـينَ ، يَأْمُـرُ اللَّـهُ إِسْرَافِيـلَ بِالنَّفْخَـةِ الأُولَى ، فَيَقُـولُ : انْفُـخْ نَفْخَـةَ الْفَـزَعِ ، فَيَنْفُـخُ نَفْخَـةَ الْفَـزَعِ ، فَيْفَـزَعُ أَهْـلُ السَّـمَاوَاتُ وَالأَرْضُ إِلاَّ مَـنْ شَـاءَ اللَّـهُ ، فَيَأْمُـرُهُ فَيَمُدُّهَـا وَيُطِيلُهَـا فَـلاَ يَفْـتَرُ ، وَهِـيَ الَّتِـي تَقُـولُ : ﴿وَمَا يَنظُرُ هَٰٓؤُلَآءِ إِلَّا صَيْحَةً وَٰحِدَةً مَّا لَهَا مِن فَوَاقٍ ﴿١٥﴾﴾ ، فَتَسِـيرُ الْجِبَـالُ سَـيْرَ السَّـحَابِ فَتَكُـونُ سَرَابًـا ، وَتَرْتَـجُّ الأَرْضُ بِأَهْلِهَـا رَجًّـا ، فَتَكُـونُ كَسَـفِينَةٍ مُوبَقَـةٍ فِي الْبَحْـرِ تَضْرِبُهَـا الأَمْـوَاجُ تَكْفَؤُهَـا بِأَهْلِهَـا ، كَالْقِنْدِيـلِ الْمُعَلَّـقِ بِالْعَـرْشِ تُرَجِّحُـهُ الأَرْوَاحُ أَلاَ وَهُـوَ الَّـذِي يَقُـولُ اللَّـهُ ، عَـزَّ وَجَـلَّ : ﴿يَوْمَ تَرْجُفُ ٱلرَّاجِفَةُ ﴿٦﴾ تَتْبَعُهَا ٱلرَّادِفَةُ ﴿٧﴾﴾ فَيَمِيـدُ النَّـاسُ عَـلَى ظَهْرِهَـا فَتَذْهَـلُ الْمَرَاضِـعُ ، وَتَضَـعُ الْحَوَامِـلُ ، وَيَشِـيبُ الْوِلْـدَانُ ، وَتَطِـيرُ الشَّـيَاطِينُ هَارِبَـةً مِـنَ الْفَـزَعِ حَتَّـى تَـأْتِيَ الأَقْطَـارَ ، فَتَلْقَاهَـا الْمَلاَئِكَـةُ تَـضْرِبُ وُجُوهَهَـا ، فَتَرْجِـعُ ، ثُـمَّ تُوَلُّـونَ مُدْبِرِيـنَ مَـا لَكُـمْ مِـنَ اللـهِ مِـنْ عَاصِـمٍ ، يُنَـادِي بَعْضُهُـمْ بَعْضًـا ، وَهُـوَ الَّـذِي يَقُـولُ اللَّـهُ ، عَـزَّ وَجَـلَّ : ﴿يَوْمَ ٱلتَّنَادِ ﴿٣٢﴾ يَوْمَ تُوَلُّونَ مُدْبِرِينَ مَا لَكُم مِّنَ ٱللَّهِ مِنْ عَاصِمٍ ۗ وَمَن يُضْلِلِ ٱللَّهُ فَمَا لَهُۥ مِنْ هَادٍ ﴿٣٣﴾﴾ ، فَبَيْنَـا هُـمْ عَـلَى ذَلِـكَ إِذْ تَصَدَّعَـتِ الأَرْضُ بِدْعَـيْنِ مِـنْ قُطْـرٍ إِلَى قُطْـرٍ ، فَـرَأَوْا أَمْـرًا عَظِيـمًا لَـمْ يَـرَوْا مِثْلَـهُ ، وَأَخَذَهُـمْ مِـنْ ذَلِـكَ مِـنَ الْكَـرْبِ وَالْهَـوْلِ مَـا اللَّـهُ بِـهِ عَلِيـمٌ ، ثُـمَّ تُطْـوَى السَّـمَاءُ فَـإِذَا هِـيَ كَالْمُهْـلِ ، ثُـمَّ انْشَـقَّتِ السَّـمَاءُ ، وَانْتَـثَرَتْ نُجُومُهَـا ، وَخُسِـفَ شَمْسُـهَا وَقَمَرُهَـا قَـالَ رَسُـولُ اللـهِ (ﷺ) : الأَمْـوَاتُ لاَ يَعْلَمُـونَ بِـشَيء مِـنْ ذَلِـكَ قَـالَ أَبُـو هُرَيْـرَةَ : يَـا رَسُـولَ اللـهِ(ﷺ)، مَـنِ اسْـتَثْنَى اللَّـهُ حِـينَ يَقُـولُ

---

(١) لوامع الانوار (١٦٤/٢)

:﴿ إِلَّا مَن شَآءَ ٱللَّهُ ﴿٦٨﴾ ﴾ قَـالَ : أُولَئِـكَ الشُّـهَدَاءُ ، وَإِنَّمَـا يَصِـلُ الْفَـزَعُ إِلَى الأَحْيَـاءِ ، وَالأَحْيَـاءُ عِنْـدَ رَبِّهِـمْ يُرْزَقُـونَ ، وَقَاهُـمُ اللَّـهُ فَـزَعَ ذَلِـكَ الْيَـوْمُ ، وَأَمَّنَهُـمْ مِنْـهُ ، وَهُـوَ عَـذَابُ اللـهِ يَبْعَثُـهُ اللَّـهُ عَـلَى شِرَارِ خَلْقِـهِ ، قَـالَ : وَهُـوَ الَّـذِي يَقُـولُ اللَّـهُ : ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ ٱتَّقُواْ رَبَّكُمْ ۚ إِنَّ زَلْزَلَةَ ٱلسَّاعَةِ شَيْءٌ عَظِيمٌ ﴿١﴾ يَوْمَ تَرَوْنَهَا تَذْهَلُ كُلُّ مُرْضِعَةٍ عَمَّآ أَرْضَعَتْ وَتَضَعُ كُلُّ ذَاتِ حَمْلٍ حَمْلَهَا وَتَرَى ٱلنَّاسَ سُكَٰرَىٰ وَمَا هُم بِسُكَٰرَىٰ وَلَٰكِنَّ عَذَابَ ٱللَّهِ شَدِيدٌ ﴿٢﴾ ﴾ فَيَمْكُثُـونَ فِي ذَلِـكَ الْبَـلاَءِ مَـا شَـاءَ اللَّـهُ إِلاَّ أَنَّـهُ يَطُـولُ ، ثُـمَّ يَأْمُـرُ اللَّـهُ تَعَـالَى إِسْرَافِيـلَ بِنَفْخَـةِ الصَّعْـقِ، فَيَقُـولُ : انْفُـخْ نَفْخَـةَ الصَّعْـقِ ، فَيَصْعَـقُ أَهْـلُ السَّـمَاوَاتِ وَالأَرْضِ)[1]

داوا لـه خـوا دەکەیـن کـەوا هیدایەتمـان بـدات بـۆ سـەر رێـگا راسـتەکەی و بمانگێـرێ لەوانـەی (الفـزع الاکـبر) خەمباریـان نـاکات وە فریشـتەکان پێشـوازیان لـێ دەکـەن و دەڵێـن : ئەمـە ئـەو رۆژەیـە کـە بەڵێنتـان پـێ درابـوو .

دووەم / ئیمان هێنان بە رۆژی دوایی :

پێـی دەڵێـن : (رۆژی دوایـی) لەبـەر دواکەوتنـی لـە دونیـا ، وە عەقـڵ و فیـرەت دەلالـەتی بـۆ دەکات ، هەروەکـو بـە ئاشـکرایی لـە هەمـوو کتێبـە ئاسـمانیەکاندا هاتـوە ، پێغەمبـەران و نێـردراوان خەڵکیـان لی ئـاگادار کردوەتـەوە ، خـوای گـەورە لـە کتێبـە پیرۆزەکەیـدا هەواڵـی پێداویـن وە بەڵگـەی لەسـەر هێناوەتـەوە ، وە لـە زۆربـەی سـوورەتەکانی قورئانـدا رەددی ئەوانـەی داوەتـەوە کـە نکۆڵـی لـێ دەکـەن.

وە دانپێدانـان بـە پـەروەردگاردا شـتێکی گشـتییە لـە بـەنی ئادەمـدا ، ئەویـش کارێکـی فیتریـیـە، هەمووپـان دان دەنێـن بـە پـەروەردگاردا ، ئیللا ئەوانـە نەبێـت کـە عینـادن وەکـو فیرعـەون ، بـە جیـاواز لەگـەڵ ئیـمان بـە ڕۆژی دوایـی ، چونکـە ئـەوە خەڵکێکـی زۆر ئینـکاری لـێ دەکـەن .

جـا لەبـەر ئـەوەی (محمـد)(ﷺ) کۆتا پێغەمبەرە ، هاتنی ئـەو و رۆژی دوایی هێندە نزیکە وەکـو ئـەم دوو پەنجەیـە (واتـا: پەنجـەی شـایەتمان و پەنجـەی ناوەڕاسـت) ، بۆیـە بـە درێژی بـاسی دوا ڕۆژی ڕوون کردوەتـەوە بـە شـێوەیەک لـە هیـچ کتێبی پێغەمبەرێکی تـردا نیە .

---

(١) اخرجه ابن جرير (٣٠٢٣٦) والطبراني وابو يعلى والبيهقي وابو موسى المديني .

وە بەڵگەکان لە قورئانی پیرۆزدا لەسەر زیندوبونەوە جۆراو جۆرن :

هەندێـک جـار بـاسی ئەوانـە دەکات کـە لـە دونیـادا مرانـدنی و ئەمجـار زینـدووی کردنـەوە ، هەروەکـو چـۆن بـاسی قەومەکـەی موسـا دەکات ئەوانـەی وتیـان: ﴿أَرِنَا ٱللَّهَ جَهۡرَةً ﴿١٥٣﴾﴾(النساء)واتـە: دەبـێ بەئاشـکرا خوامـان پـێ نیشـان بدەیـت) فەرمـووی: ﴿فَأَخَذَتۡكُمُ ٱلصَّٰعِقَةُ وَأَنتُمۡ تَنظُرُونَ ﴿٥٥﴾ ثُمَّ بَعَثۡنَٰكُم مِّنۢ بَعۡدِ مَوۡتِكُمۡ ﴿٥٦﴾﴾ (البقرة) واتـە : ئینجـا لـەو دەمـەدا هـەورە تریشـقە گرتنیـی و خۆیشـتان بەچـاو تەماشـاتان دەکـرد (٥٥) پاشـان دوای ئـەو مەرگەتـان زیندووومـان کردنـەوە) .

هەروەهـا دەربـارەی ئەوانـەی کـە : ﴿۞ ٱلَّذِينَ خَرَجُواْ مِن دِيَٰرِهِمۡ وَهُمۡ أُلُوفٌ حَذَرَ ٱلۡمَوۡتِ فَقَالَ لَهُمُ ٱللَّهُ مُوتُواْ ثُمَّ أَحۡيَٰهُمۡۚ ﴿٢٤٣﴾﴾(البقرة) واتـە : ئـەرێ تـۆ ئەوانـەت نەدیـت کـە بەهـەزاران کەسـبوون و ترسـی مـەرگ وای لێکـردن وڵات ونیشـتمانی خۆیـان بەجـێ بهێڵـن و لـە جیهـاد -بەبیانـووی (تاعـوون) ەوە-هەڵبێـن؟! خوایـش پێـی فەرمـوون دەسـا بمـرن! ئەوانیـش هەمـوو مـردن پاشـان لەسـەر داوای پێغەمبەرەکەیـان زینـدووی کردنـەوە).

هەروەهـا دەربـارەی ئیبراهیـم کاتێـک فەرمـووی : ﴿رَبِّ أَرِنِي كَيۡفَ تُحۡيِ ٱلۡمَوۡتَىٰۖ ﴿٢٦٠﴾﴾ (البقـرة) واتـە : ئـەی پـەروەردگاری مـن! نیشـانم دە- بـا بەچـاوی سـەر ببینـم- کـە تۆچـۆن مـردووان زینـدوو ئەکەیتـەوە؟) .

هەروەهـا چـۆن هەواڵـی دەربـارەی (المسیح) داوە کـەوا مـردووی زینـدوو دەکـردەوە بـە ئیـزنی خـوای گـەورە ، وە دەربـارەی (اصحـاب الکهـف) کـەوا ئـەوان لـە دوای سـێ سـەد و نـۆ سـاڵ زینـدوو بونەتەوە.

وە هەندێ جار بە دروسـت کردنی یەکەم (النشـأه الاولی) بەڵگە دەهێنێتەوە ، جا دووبارە کردنـەوەی سـووکتر و ئاسـانتر لە دەسـت پێکردنەکـەی ، هەروەکو خوای گـەورە دەفەرموێ :﴿إِن كُنتُمۡ فِي رَيۡبٖ مِّنَ ٱلۡبَعۡثِ فَإِنَّا خَلَقۡنَٰكُم مِّن تُرَابٖ ﴿٥﴾﴾ (الحج) واتـە : ئـەر ئێـوە لەزیندوبوونـەوە دوودڵ و بەگومانـن ، وەرن تەماشـایەکی سـەرەتاو بنەڕەتـی دروسـتبوونی خۆتـان بکـەن و چاکیـش بزانـن :ئێمـە ئەسـڵتان(ئادەم)مان، لـە گڵ دروسـتکردووە) .

خوای گەورە دەفەرموێ : ﴿ قُلْ يُحْيِيهَا ٱلَّذِىٓ أَنشَأَهَآ أَوَّلَ مَرَّةٍ ۖ ﴾ (یس) واتە : تۆ بڵێ: ئەی موحەممەد(ﷺ) هەرئەو کەسە کە هەوەڵجار دروستیکردوون زیندوشتان ئەکاتەوە) .

خـوای گـەورە دەفەرمـوێ : ﴿ فَسَيَقُولُونَ مَن يُعِيدُنَا ۖ قُلِ ٱلَّذِى فَطَرَكُمْ أَوَّلَ مَرَّةٍ ۚ ﴾ (الإسراء) واتـە: بەسەرسـامییەوە دەڵێـن: دەباشـە! کـە ئێمـە بووینـە بـەردو ئاسـن، کـێ دەتوانـێ جارێکیـتر بمانگێڕێتـەوە بـۆ ژیـان و زیندوومـان کاتـەوە؟ بڵـێ: هـەر ئەوزاتـەی کەیەکەمجـار ئێـوەی بەدیهێنـا بـێ بناغـە، هـەر ئـەوەش زیندووتـان دەکاتـەوە).

خـوای گـەورە دەفەرمـوێ : ﴿ وَهُوَ ٱلَّذِى يَبْدَؤُا۟ ٱلْخَلْقَ ثُمَّ يُعِيدُهُۥ وَهُوَ أَهْوَنُ عَلَيْهِ ۚ ﴾ (الـروم) واتـە : ئـەو خوایـەش لەسـەرەتاوە گشـت ئـەو خەڵکـە بەدیدێنـێ، لەپاشـان دوای مـردن و تیاچـوون وەك خـۆی لێدەکاتـەوەو زینـدووی دەکاتـەوە وە ئـەوەش بـۆ ئـەو ئاسانتریشـە لەجـاری یەکـەم، چونکـە جـاری دووەم لەسـەر بنـەڕەت و بناغەیـەك دروسـتی ئەکاتـەوە، دیـارە ئـەم ئاسـانیی و نائاسـانیە بەپێـی توانـا و ژیریـی مرۆڤـە، ئەگەرنـا هەمـوو شـتێك بـۆ خـوا وەك یەکـە) .

وە هەنـدێ جـار دروسـت کـردنی ئاسـمانەکان و زەویـەکانی کردوەتـە بەڵگـە ، چونکـە دروسـت کـردنی مەزنـترە لـە گەڕانـەوەی مرۆڤـەکان ، هەروەکـو دەفەرموێـت:﴿ أَوَلَمْ يَرَوْا۟ أَنَّ ٱللَّهَ ٱلَّذِى خَلَقَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضَ وَلَمْ يَعْىَ بِخَلْقِهِنَّ بِقَٰدِرٍ عَلَىٰٓ أَن يُحْۦِۦَ ٱلْمَوْتَىٰ ۚ ﴾ (الأحقـاف) واتـە : ئایـا ئـەو بـێ بڕوایانـە نەیانزانیـوە کـە ئـەو خوایـەی ئاسـمانەکان و زەوی دروسـت کـردو بەهـۆی دروستکردنیشـیانەوە بـێ هێـز نەکەوتـوو مانـدوو نەبـوو بەتوانایـە کـە مـردوەکان زینـدوو بکاتـەوە؟)

هەنـدێ جـار بـە پـاک راگرتنـی خـوای گـەورە لـە کاری بـێ هـوودە دەکاتـە بەڵگـە ، هەروەکـو دەفەرموێـت: ﴿ أَفَحَسِبْتُمْ أَنَّمَا خَلَقْنَٰكُمْ عَبَثًا وَأَنَّكُمْ إِلَيْنَا لَا تُرْجَعُونَ ﴾ (المؤمنـون) واتـە : ئایـا پێتـان وابـوو بـە گەمـەو بـێ هـودە دروسـتمان کـردوون و قەتیـش بـۆلای ئێمـە ناهێنرێنـەوە بـۆ تۆڵـەو پـاداش؟!).

خـوای گـەورە دەفەرمـوێ : ﴿ أَيَحْسَبُ ٱلْإِنسَٰنُ أَن يُتْرَكَ سُدًى ﴿٣٦﴾ أَلَمْ يَكُ نُطْفَةً مِّن مَّنِىٍّ يُمْنَىٰ ﴿٣٧﴾ ثُمَّ كَانَ عَلَقَةً فَخَلَقَ فَسَوَّىٰ ﴿٣٨﴾ فَجَعَلَ مِنْهُ ٱلزَّوْجَيْنِ ٱلذَّكَرَ وَٱلْأُنثَىٰٓ ﴿٣٩﴾ أَلَيْسَ ذَٰلِكَ بِقَٰدِرٍ عَلَىٰٓ أَن يُحْۦِىَ ٱلْمَوْتَىٰ ﴿٤٠﴾ ﴾(القيامة) واتـە : ئایـا ئادەمیـی وادەزانـێ وازی لێدەهێـنرێ وزینـدوو ناکرێتـەوەوە پـاداش و تۆڵـە نیـە.؟!(٣٦) ئاخـۆ ئـەو نوتفـەو ئاوێکـی کـەم نەبـوو لـە مەنـی پیـاو دەرێژرایـە نـاو منداڵدانـەوە؟ ئـەی بۆچـی وازوو گـۆڕا؟! (٣٧) دوایـی بـووە خوێنێکـی مەیـوو خۆهەڵواسـەر، وەك زەروو. ئینجـا خـوا دروسـتی کـردو لە جوانترین شـێوە رێکـی خسـت و گەشـەی کـردو رۆحی وەبـەر کردو، زۆر بەڕێـك و پێکی لـە جوانترین وێنەدا بەدیهێنـا، دەبـۆ بیـر ناکاتـەوە ؟(٣٨) جـا هـەر لەو دڵۆپـە ئاوە جووتـێ نێرو مێی(کـوڕ وکچ) بـە دیهێنـا بەدەسـەڵاتی خـۆی.. جـا کەسـێك ئـاوا دروسـتکرابێت، چـۆن یەکەم دروسـتکەری ئـەو ناتوانـێ بـۆ جارێکـی تـر زینـدووی بکاتـەوە، وەك ئەفەرمـووێ (٣٩) ئایـا خوایەکـی باڵادەسـتی وا ناتوانـێ بۆجارێکـی تـر مـردووەکان زینـدو بکاتـەوە ؟(٤٠)

جاخەڵکـی لـەم دونیایـەدا چاکـەکار و خراپـەکارن ، رەنگـە بمـرن و کەسـێک لـەوان پاداشـتی کـردەوەکانی نەدرابێتـەوە ، بۆیـە پێویسـتە و دەبـێ ماڵێکـی تـر هەبێـت دادپـەروەری تێـدا جێبەجـێ بکرێـت لـە نێـوان خەڵکیـدا ، هەرکەسـێک پاداشـتی کـردەوەکانی خـۆی وەربگرێـت .

جـا ئیـمان هێنـان بـە رۆژی دوایـی یەکێکـە لـە پایـەکانی ئیـمان ، هەروەکـو چـۆن لـە چەنـد ئایەتێکـی قورئـانی پیـرۆزدا دەلالـەتی لەسـەر کـراوە :

هەندێـک جـار ئیـمان هێنان پێـی لەگەڵ شـەش روکنەکەی تردا باس کـردوە کە ئەویش : ئیـمان بەخـواو فریشـتەکانی و کتێبەکانـی و پێغەمبـەرانی و رۆژی دوایـی ، هەروەکـو لـە فەرمودەکـەی (عمـر)دا هاتـوە لـە پرسـیارەکانی (جبریل)دا لـە پێغەمبەری خـوا(ﷺ) .

وە هەنـدێ جـار ئیـمان هێنـان پێـی لەگـەڵ ئیـمان هێنـان بـە خـوای گـەورەدا بـاس کـردوە ، هەروەکـو ئـەوەی خـوای گـەورە دەفەرمـوێـت :﴿ قَٰتِلُوا۟ ٱلَّذِينَ لَا يُؤْمِنُونَ بِٱللَّهِ وَلَا بِٱلْيَوْمِ ٱلْءَاخِرِ ﴿٢٩﴾ ﴾ (التوبـة) واتـە : لەگـەڵ ئەوانەشـدا بجەنگێـن ،ئـەی بـڕوادارانی، کـە بەخـواو، بـە ڕۆژی دوایـی بـێ بـاوەڕن) .

خـوای گـەورە دەفەرموێـت : ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ لَا تُبۡطِلُواْ صَدَقَٰتِكُم بِٱلۡمَنِّ وَٱلۡأَذَىٰ كَٱلَّذِي يُنفِقُ مَالَهُۥ رِئَآءَ ٱلنَّاسِ وَلَا يُؤۡمِنُ بِٱللَّهِ وَٱلۡيَوۡمِ ٱلۡأٓخِرِ ﴿٢٦٤﴾ ﴾ (البقرة) واتـە : ئـەی ئەوانـەی باوەڕتـان هێنـاوە! پاداشـتی سـەدەقەو بەخشـشـەکانتان بـە هـۆی منەتنـان و ئـازار گەیاندنـەوە بەفیـڕۆ مـەدەن و باتـڵ مەکەنـەوە وەکـو کەسـێك مەکـەن کـە بـەڕوو پامایـی وڕیاکاریـی ماڵـی خـۆی دەبەخشـێت وئیـمان و بـڕواش بـە خـواو بـەڕۆژی دوایـی نییـە)

خـوای گـەورە چەندیـن نـاوی لـەم ڕۆژە نـاوە، لەبـەر مـەزنی کارەکـەو ئاگـەدار کردنـەوەی بەنـدەکان، بـۆ ئـەوەی لێـی بترسـن:

خـوای گـەورە نـاوی نـاوە ڕۆژی دوایـی (الیـوم الاخـر) ، چونکـە لـە پـاش ئـەوە ڕۆژێکـی تـر نییـە ، وە نـاوی نـاوە ڕۆژی هەسـتانەوە (یـوم القیامـة) ، چونکـە خەڵکـی لـەو ڕۆژەدا هەڵدەسـتنەوە بـۆ لای خـوای گـەورە ، وە نـاوی نـاوە (الواقعـة و الحاقـة و القارعـة و الراجفـة و الصاخـة و الآزفـة و الفـزع الأکـبر ویـوم الحسـاب و یـوم الدیـن و الوعـد الحـق ....) هەمـوو ئەوانـە چەنـد ناوێکـن دەلالـەت دەکـەن لەسـەر مـەزنی ئـەو ڕۆژەو تونـدی و زۆری ترسـەکەی ، وە ئـەوەی خەڵکـی تـوشی دەبـێ لـە تەنگانـەو تـرس ، ئـەوە ڕۆژێکـە چـاوەکان ئەبڵـەق دەبـن ، دڵـەکان لـە جێـگای خۆیـان دەفـڕن ، تاکـو دەگەنـە قورگـەکان : ﴿ يَوۡمَ يَفِرُّ ٱلۡمَرۡءُ مِنۡ أَخِيهِ ﴿٣٤﴾ وَأُمِّهِۦ وَأَبِيهِ ﴿٣٥﴾ وَصَٰحِبَتِهِۦ وَبَنِيهِ ﴿٣٦﴾ لِكُلِّ ٱمۡرِيٕ مِّنۡهُمۡ يَوۡمَئِذٖ شَأۡنٞ يُغۡنِيهِ ﴿٣٧﴾ ﴾ (عبس) واتـە : لـەو ڕۆژەدا بـرا لەبـرای خـۆی ڕادەکا(٣٤) وە لەدایـك و باوکیـی(٣٥) و لەژنـی و لـە کوڕەکانـی (٣٦) چونکـە هەرکەسـێك لێیـان سـەرگەرمی کارو کێشـەی خۆیەتـی و نـای پەرژێتـە سـەر ئـەوی تـر(٣٧) .

خـوای گەورە دەفەرموێت : ﴿ يَوۡمَ تَكُونُ ٱلسَّمَآءُ كَٱلۡمُهۡلِ ﴿٨﴾ وَتَكُونُ ٱلۡجِبَالُ كَٱلۡعِهۡنِ ﴿٩﴾ وَلَا يَسۡـَٔلُ حَمِيمٌ حَمِيمٗا ﴿١٠﴾ يُبَصَّرُونَهُمۡۚ يَوَدُّ ٱلۡمُجۡرِمُ لَوۡ يَفۡتَدِي مِنۡ عَذَابِ يَوۡمِئِذِۭ بِبَنِيهِ ﴿١١﴾ وَصَٰحِبَتِهِۦ وَأَخِيهِ ﴿١٢﴾ وَفَصِيلَتِهِ ٱلَّتِي تُـٔۡوِيهِ ﴿١٣﴾ وَمَن فِي ٱلۡأَرۡضِ جَمِيعٗا ثُمَّ يُنجِيهِ ﴿١٤﴾ ﴾ (المعـارج) واتـە : ئـەو ڕۆژە ئاسـمان وەك مسـی تـواوە، یـان وەك ڕەنگـی ڕۆن زەیتونـی لـێ دێ(٨) وکێوەکانیـش وەك خوریـی شـیکراوەی ڕەنـگاو ڕەنگیـان لێـدێ و ئەبنـە گـەردو ئەنیشـنە ئاسـمان (٩) هیـچ دۆسـت و خزمێکـی نزیـك لەحاڵـی دۆسـت و خزمـی خـۆی ناپرسـێ، لەبـەر خەریکبوونـی بەحاڵـی خۆیـەوە(١٠) بەیەکـتر نیشـان دەدرێـن و یەکتریـش دەناسـن، تاوانبـار حـەز

دەکات بـۆ ڕزگار بوونـی خـۆی لەسـزای ئـەو ڕۆژە بریتـی بـدات بـە کوڕەکانیـی (١١) و هاوسـەرەکەیی و، براکـەی(١٢) وە بـەو عێلـەی لـە خـۆی دەگـرت و پەنـای دەدا(١٣) وە ئـەوەی لـە سـەرزەوی هەیـە هەیـە گشـتی بـدا لـە پاشـا ڕزگاری بـکات. خـۆڕزگاری نابـێ، ئەگەرچـی ئەوانەیـش بکاتـە بڕێتـی بـۆ خـۆی (١٤) .

ئیـمان هێنـان بـەم ڕۆژە وا لـە مرۆڤـ دەکات کار بـکات و خـۆی بـۆ ئامـادە بـکات ، هەروەکـو خوای گـەورە دەفەرمووێـت: ﴿ فَمَن كَانَ يَرْجُوا۟ لِقَآءَ رَبِّهِۦ فَلْيَعْمَلْ عَمَلًا صَٰلِحًا وَلَا يُشْرِكْ بِعِبَادَةِ رَبِّهِۦٓ أَحَدًۢا ﴿١١٠﴾ ﴾ (الكهف) واتـە : ئینجـا هەرکەسـێك لەئێـوە ئومێـدی بەگەیشـتنی دیـداری پـەروەردگاری خـۆی هەبـێ لـەدواڕۆژدا بـا کاری چـاك و کـردەوەی دروسـت ئەنجـام بـدات وە لـە پەرسـتنی پـەروەردگاری خۆیـدا هیـچ کەسـێك نەکاتـە هاوتـاو هاوبەشـیی و ڕووپامایـی نـەکات، چونکـە خـوا تەنهـا دڵسـۆزیی وئیخـلاس وەرئەگـرێ، نەڕییـاو ڕووپامایـی وشـیرك و هاوبـەش دانـان).

خـوای گـەورە دەفەرمـوێ :﴿ وَٱسْتَعِينُوا۟ بِٱلصَّبْرِ وَٱلصَّلَوٰةِ ۚ وَإِنَّهَا لَكَبِيرَةٌ إِلَّا عَلَى ٱلْخَٰشِعِينَ ﴿٤٥﴾ ٱلَّذِينَ يَظُنُّونَ أَنَّهُم مُّلَٰقُوا۟ رَبِّهِمْ وَأَنَّهُمْ إِلَيْهِ رَٰجِعُونَ ﴿٤٦﴾ ﴾ (البقـرة) واتـە : بـۆ گەیشـتن بـە ئاواتەکانتـان پەلامـار بدەنـە نوێـژو خۆڕاگرتـن. واتـە: بیرکردنـەوە لەپاداشـتی ئارامگرتـن و لـە پاڕانـەوەو لاڵانـەوە لەنوێـژدا، دەبێتـە هـۆی سـەرکەوتنتان، جـا کەوابـوو دەبـێ ئارامتـان ببـێ و درێـژە بەنوێـژەکان بـدەن بیگومـان نویـژ خوێنـدن و خۆڕاگرتـن لەسەرشـانی چـاکان و لـە خواترسـان نەبـێ ئەرکێکـی زۆر قـورس و گـەورەو گرانـە(٤٥) ئەوانەیـش ئەوکەسـانەن کـە سـوور دەزانـن و بیروبـڕوای پتەویـان هەیـە کـە: لـەرۆژی سـەڵادا دەچنـە خزمەتـی پـەروەردگاری خۆیـان و بـاوەڕی بتەویشـیان هەیـە کـە تەنهـا بـۆلای ئـەو دەگەڕینـەوەو؛ لای ئەویـش بـەری کێڵگـەی خۆیـان دەچنـەوە(٤٦)

خـوای گـەورە دەفەرمـوێ :﴿ يُوفُونَ بِٱلنَّذْرِ وَيَخَافُونَ يَوْمًا كَانَ شَرُّهُۥ مُسْتَطِيرًا ﴿٧﴾ وَيُطْعِمُونَ ٱلطَّعَامَ عَلَىٰ حُبِّهِۦ مِسْكِينًا وَيَتِيمًا وَأَسِيرًا ﴿٨﴾ إِنَّمَا نُطْعِمُكُمْ لِوَجْهِ ٱللَّهِ لَا نُرِيدُ مِنكُمْ جَزَآءً وَلَا شُكُورًا ﴿٩﴾ إِنَّا نَخَافُ مِن رَّبِّنَا يَوْمًا عَبُوسًا قَمْطَرِيرًا ﴿١٠﴾ فَوَقَىٰهُمُ ٱللَّهُ شَرَّ ذَٰلِكَ ٱلْيَوْمِ وَلَقَّىٰهُمْ نَضْرَةً وَسُرُورًا ﴿١١﴾ ﴾ (الانسـان) واتـە : لـە دونیـادا هـەر شـتێ نـەزر بکـەن و بڕیـاری لـە سـەر بـدەن لـە کارێکـی چاکـە، وەفـای پـێ دەکـەن

و پێـی هـەڵ ئەسـن، بـێ کـەم و کورتـی. وە لـە رۆژێـك ئەترسـن کـە زیانەکـەی بـە هەمـوو شـوێنێکدا بـڵاو دەبێتـەوە(٧) ونـان و خـۆراك لـە گـەڵ حـەزو پێویسـتیان بـۆی، دەدەنـە خەڵکانـی بـێ نـەواو هەتیـوو دیـل(٨) و دەڵێـن: ئێمـە ئـەم خۆراکەتـان تەنهـا لەبەرخـواو بـۆ بەدەسـتهێنانی رەزامەنـدی ئـەو پێدەبەخشـین هیـچ پـاداش و سوپاسـێکمان لێتـان نـاوێ، بـێ شـك دەبـێ هەمـوو خێرخوازێـك هـەر ئاوابێـت(٩) وە دەڵێـن: بەراسـتی ئێمـە لەرۆژێکـی زۆر تـرش و تـاڵ و سـەخت و قـورس لەپەروەردگارمـان دەترسـین (١٠) جـا خـوا لـە زیانـی ئـەو رۆژە دەیانپارێـزێ و روو گەشـی و شـادمانیان پـێ دەبەخشـێ (١١)

هەروەهـا باوەڕبـوون بـەم رۆژە وا لـە خاوەنەکـەی دەکات خۆڕاگـر بێـت لـەکاتی رووبەڕووبونـەوەی دوژمنانـداو ئارامگرتـن لـەکاتی تەنگانـەدا ، هەروەکـو خـوای گـەورە لـە چیرۆکـی (طالـوت) و سـەربازەکانیدا بـاسی کـردوە کاتێ رووبـەرووی دوژمنەکانیـان بوونەوە لـە کاتێکـدا ژمارەیـان لـەوان زۆرتـر بـوو وە لـە پـاش ئـەوەی لـە رووبـاری تاقیکردنـەوە پەڕینـەوەو هیـچ یەکێـک لـەوان سـەرکەوتوو نەبـوو ئیـلا کەمێکیـان نەبـێ ،خـوای گـەورە دەفەرمووێـت: ﴿ فَلَمَّا فَصَلَ طَالُوتُ بِٱلْجُنُودِ قَالَ إِنَّ ٱللَّهَ مُبْتَلِيكُم بِنَهَرٍ فَمَن شَرِبَ مِنْهُ فَلَيْسَ مِنِّي وَمَن لَّمْ يَطْعَمْهُ فَإِنَّهُۥ مِنِّيٓ إِلَّا مَنِ ٱغْتَرَفَ غُرْفَةًۢ بِيَدِهِۦ فَشَرِبُوا۟ مِنْهُ إِلَّا قَلِيلًا مِّنْهُمْ فَلَمَّا جَاوَزَهُۥ هُوَ وَٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ مَعَهُۥ قَالُوا۟ لَا طَاقَةَ لَنَا ٱلْيَوْمَ بِجَالُوتَ وَجُنُودِهِۦ قَالَ ٱلَّذِينَ يَظُنُّونَ أَنَّهُم مُّلَٰقُوا۟ ٱللَّهِ كَم مِّن فِئَةٍ قَلِيلَةٍ غَلَبَتْ فِئَةً كَثِيرَةًۢ بِإِذْنِ ٱللَّهِ ۗ وَٱللَّهُ مَعَ ٱلصَّٰبِرِينَ ﴿٢٤٩﴾ ﴾ (البقرة) واتـە : ئینجـا کـە تالـووت و ئەوانـەی باوەڕیـان لەگەڵیـا هێنابـووو لـە چەمەکـە پەڕینـەوەو، لەتاقیکردنەوەکـە دەرچـوون ، وتیـان: ئەمـڕۆ لەبـەر زۆری ئەوانـەو کەمـی ئێمـە، لـە وزەو توانامانـدا نیـە بەرامبـەر بـە جالـووت و لەشـکرەکەی بوەسـتین و بجەنگێیـن ئەوانەیـان یەقینیـان بـوو بـە دیـداری خـوا دەگـەن گوتیـان: گەلـێ جـار بەفەرمانـی خـوا کۆمەڵێکـی کـەم بەسـەر کۆمەڵێکـی زۆردا سـەرکەوتوون، واتـە: زاڵبـوون وسـەرکەوتن بەژمـارەی زۆر و کـەم نیـە، بەڵکـو هـەر بەئیـرادە و فەرمانـی خوایـە خـوا هەمیشـە لـە گـەڵ دەسـتەی بـە ئـارام و خۆڕاگرانـە، هـەردەم پشـتگیرییانە)

هەروەها ئیمان نەهێنان بەم رۆژە وا لە خاوەنەکەی دەکات کوفر و سەرپێچی و ستەم و دوژمنکاری بکات ، خراپە و فەسادی لێ بوەشێتەوە ، خوای گەورە دەفەرموێت:﴿ إِنَّ ٱلَّذِينَ لَا يَرْجُونَ لِقَآءَنَا وَرَضُوا۟ بِٱلْحَيَوٰةِ ٱلدُّنْيَا وَٱطْمَأَنُّوا۟ بِهَا وَٱلَّذِينَ هُمْ عَنْ ءَايَٰتِنَا غَٰفِلُونَ ۝٧ أُو۟لَٰٓئِكَ مَأْوَىٰهُمُ ٱلنَّارُ بِمَا كَانُوا۟ يَكْسِبُونَ ۝٨ ﴾ (یونس) واتە : بێگومان ئەوانەی وا لەڕۆژی قیامەتدا ئومێدو بڕوایان بەدیدارو لێقای ئێمە نییە و بۆخۆشیان بەم ژیانی گێتیە- لە باتی دوا ڕۆژ- ڕازیین و پێی دڵنییان ، واتە: وا پاڵیان پێوەداوە، وا دەزانن هەتا هەتایە تێیدا دەمێننەوە! و ئەوانەش کە لەنیشانەو ئایەتەکانی ئێمە بێ ئاگان(٧) جێ وشوێنی ئەوانە گشت هەر ئاگری دۆزەخە بە هۆی ئەو کارە خراپانەوە لەدنیادا کردویانن(٨)

خوای گەورە دەفەرموێ : ﴿ يَٰدَاوُۥدُ إِنَّا جَعَلْنَٰكَ خَلِيفَةً فِى ٱلْأَرْضِ فَٱحْكُم بَيْنَ ٱلنَّاسِ بِٱلْحَقِّ وَلَا تَتَّبِعِ ٱلْهَوَىٰ فَيُضِلَّكَ عَن سَبِيلِ ٱللَّهِ ۚ إِنَّ ٱلَّذِينَ يَضِلُّونَ عَن سَبِيلِ ٱللَّهِ لَهُمْ عَذَابٌ شَدِيدٌۢ بِمَا نَسُوا۟ يَوْمَ ٱلْحِسَابِ ۝٢٦ ﴾ (ص) واتە : ئەی داود! بەڕاستی ئێمە تۆمان کردە جێنشین لەسەر زەوییدا بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری مەردم دەسا تۆیش بەشێوەیەکی پەسەندو بەهەق و دادگەرانە لەنێوان خەڵکدا بڕیاربدەو حوکم بکە، و شوێن هەواو ئارەزوو مەکەوە لە حوکم کردندا تا بەو هۆیەوە لەڕێگای خوا گومڕات بکات بێگومان ئەو کەسانەی کەلە ڕێی خوا لادەدەن و گومڕا ئەبن سزاو جەزرەبەی توندو سەختیان بۆ هەیە بەهۆی ئەوەی کەڕۆژی حیساب و پاداشت و تۆڵەیان لەبیرکردووە)

خوای گەورە دەفەرموێ :﴿ إِنَّهُمْ كَانُوا۟ لَا يَرْجُونَ حِسَابًا ۝٢٧ وَكَذَّبُوا۟ بِـَٔايَٰتِنَا كِذَّابًا ۝٢٨ ﴾ (النبأ) واتە : چونکە بەڕاستی ئەوانە لەدنیادا بەتەمای لێپرسینەوەی ئەمڕۆژە نەبوون(٢٧) بەڵکو زۆر بەتوندیش ئایەتەکانی ئێمەیان بەدرۆ ئەخستەوە و، بەدرۆیان دەزانین(٢٨)

خوای گەورە دەفەرموێ : ﴿ أَرَءَيْتَ ٱلَّذِى يُكَذِّبُ بِٱلدِّينِ ۝١ فَذَٰلِكَ ٱلَّذِى يَدُعُّ ٱلْيَتِيمَ ۝٢ وَلَا يَحُضُّ عَلَىٰ طَعَامِ ٱلْمِسْكِينِ ۝٣ ﴾ (الماعون) واتە : ئاخۆ دیتت ئەو کەسەی کەچۆن ڕۆژی جەزا بەدرۆ دەخاتەوە، ئەزانی ئەو کەسە کێیەو سیفەتەکانی چیین..؟(١) جا ئەوکەسە بێ بڕوایەکی وایە زۆر بەتوندی پاڵ بەهەتیوەوە دەنێ

و پیـا هەڵدەشـاخێ، لەباتـی ئـەوە دڵنەوایـی بـکات(٢) هـەر وەك خۆیشـی ئاوایـە، دنەوهانـی کەسـیش نـادات لەسـەر بەخشـین و خواردەمەنـی دان بەهـەژاران و بـێ نـەواو نـەداران(٣)

خـوای گـەورە فەرمـانی کـردوە بـە خۆپاراسـتن لـەو ڕۆژەو خـۆ ئامادەکـردن بـۆی بـە کـردەوەی چـاک تاوەکـو لـە ترسـەکانی ڕزگاری بێـت ، خـوای گـەورە دەفەرموێـت: ﴿ وَٱتَّقُواْ يَوۡمٗا تُرۡجَعُونَ فِيهِ إِلَى ٱللَّهِۖ ثُمَّ تُوَفَّىٰ كُلُّ نَفۡسٖ مَّا كَسَبَتۡ وَهُمۡ لَا يُظۡلَمُونَ ٢٨١ ﴾(البقـرة) واتـە : خەڵکینـە! لـە سـزای ڕۆژێـك بترسـن کـە هەمووتـان تێیـدا ئەهێنرێنـەوە بـۆ لای خـوا ، لـە پاشـان هەمـوو کەسـێك پاداشـی کارو کـردەوەی خـۆی بەتـەواوی دێتـەوە ڕێـی ستەمیشـیان لـێ ناکـرێ ‹کـەم و کورتیـی لـە چاکەکانیانـدا ناکـرێ، زیادیـش لـە گوناهەکانیانـدا، نـادرێ بەکۆڵیانـدا) .

خـوای گـەورە دەفەرمـوێ : ﴿ وَٱتَّقُواْ يَوۡمٗا لَّا تَجۡزِي نَفۡسٌ عَن نَّفۡسٖ شَيۡـٔٗا وَلَا يُقۡبَلُ مِنۡهَا عَدۡلٞ وَلَا تَنفَعُهَا شَفَٰعَةٞ وَلَا هُمۡ يُنصَرُونَ ١٢٣ ﴾ (البقـرة) واتـە : وە لـەو ڕۆژە خـۆ بپارێـزن کـە: ڕۆژی نەفسـی نەفسـییەو هەرکـەس بۆخۆیەتـی وهیـچ بارمتـە وبریتیەکیـش لەباتـی هیـچ کەسـێك وەرناگیـردرێ وە هیـچ تـکاو پارانەوەیەکیـش بەهانـای کـەس نایـەو سـوودی نابێـت ئەگـەر بەبـێ بـاوەڕ مردبـێ وە لـە هیـچ لایەکیشـەوە یارمەتیـی نادرێـن و کۆمـەك ناکرێـن)

خـوای گـەورە دەفەرمـوێ :﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ ٱتَّقُواْ رَبَّكُمۡ وَٱخۡشَوۡاْ يَوۡمٗا لَّا يَجۡزِي وَالِدٌ عَن وَلَدِهِۦ وَلَا مَوۡلُودٌ هُوَ جَازٍ عَن وَالِدِهِۦ شَيۡـًٔاۚ إِنَّ وَعۡدَ ٱللَّهِ حَقّٞۖ فَلَا تَغُرَّنَّكُمُ ٱلۡحَيَوٰةُ ٱلدُّنۡيَا وَلَا يَغُرَّنَّكُم بِٱللَّهِ ٱلۡغَرُورُ ٣٣ ﴾ (لقمان) واتـە : ئەی خەڵکینە! خۆتان لەسـەرپێچی پەروەردگار بپارێـزن و فەرمانەکانـی جێبەجـێ بکـەن و لێـی بترسـن و لـەو ڕۆژەش بترسـن کـە هیـچ باوکـێ هیچـی لـەدەس نایـە بـۆ کوڕی خـۆی و هیـچ منداڵێکیـش هیچـی پێناکرێ بـۆ باوکی خـۆی. واتـە: تـکاو لاڵـەو پارانەوە لـەو ڕۆژەدا بەکـردەوەی چـاك نەبێـت کەڵکێکـی نیە، بۆیە تەنانەتـی منداڵیـش فریـای باوکـی خـۆی ناکەوێـت ، بێگومـان بەڵێنـی خـوا بەهاتنـی ڕۆژی قیامـەت ڕاسـتە ، وریابـن! ژیانـی ئـەم دونیایـە فریوتـان نـەدات ، نەفـس و شـەیتانیش بـە مۆڵەتدانـی خـوا چەواشـەو سـەرگەردانتان نـەکاو فریوتـان نـەدا)

ئیـمان بـه ڕۆژی دوایـی واتـه بـاوەڕت هەبێـت بـه هەمـوو ئەوانـەی لـه پـاش مـردن ڕووەدەن ، وەک سـزای نـاو گـۆڕ و خۆشـییەکەی ، هەروەهـا بـه زیندووبونـەوە لـه پـاش ئـەوە ، وە لێپرسـینەوەو تـەرازوو ، وە پاداشـت و تۆڵـە ، وە بەهەشـت و دۆزەخ ، وە بەهەمـوو ئەوانـەی خـوای گـەورە ڕۆژی قیامـەتی پـێ وەصـف کـردوە.

وەنـاوی نـراوە (یـوم الآخـر) چونکـه لـه دونیـا دوا دەکەوێـت ، وە لـه قورئانـدا چەندیـن نـاوی هاتـوە لەوانـه :

١- یوم البعث[١] / چونکه زیندووبونەوەو ژیانی تێدایه له پاش مردن .

٢- یوم الخروج[٢] /چونکه خەڵکی تێدا له گۆڕەکانیانەوە دەردەچن بۆ ژیانێکی تر.

٣- یوم القیامه[٣] /چونکه خەڵکی تێدا هەڵدەستن بۆ لێپرسینەوە .

٤- یوم الدین/[٤] چونکه ئیدانەی خەڵکی و پاداشت دانەوەیان لەسەر کارەکانیانی تێدایه.

٥- یوم الفصل /[٥]چونکه یەکلاکردنەوەی نێوان خەڵکی تێدایه به دادپەروەری .

٦- یـوم الحـشر[٦]/ چونکـه کۆکردنـەوەی دروسـتکراونەکان و حەشرکردنیـان تێدایـه لـه شـوێنی لێپرسـینەوەی.

٧- یوم الجمع/[٧] چونکه خوای گەورە خەڵکی تێدا کۆدەکاتەوە بۆ پاداشت و سزا .

٨- یـوم الحسـاب/ [٨] چونکـه لێپرسـینەوەی خەڵکـی تێدایـه لەسـەر کردەوەکانیـان کـه لەدونیـادا ئەنجامیـان داوە.

---

(١) وَقَالَ الَّذِينَ أُوتُوا الْعِلْمَ وَالإِيمَانَ لَقَدْ لَبِثْتُمْ فِي كِتَابِ اللَّهِ إِلَى يَوْمِ الْبَعْثِ فَهَذَا يَوْمُ الْبَعْثِ وَلَكِنَّكُمْ كُنْتُمْ لاَ تَعْلَمُونَ (٥٦) الروم

(٢) يَوْمَ يَسْمَعُونَ الصَّيْحَةَ بِالْحَقِّ ذَلِكَ يَوْمُ الْخُرُوجِ (٤٢)ق

(٣) لاَ أُقْسِمُ بِيَوْمِ الْقِيَامَةِ (١) القيامة

(٤) مَالِكِ يَوْمِ الدِّينِ (٤) الفاتحة

(٥) إِنَّ يَوْمَ الْفَصْلِ كَانَ مِيقَاتًا (١٧)النبأ

(٦) يَوْمَ تَشَقَّقُ الأَرْضُ عَنْهُمْ سِرَاعًا ذَلِكَ حَشْرٌ عَلَيْنَا يَسِيرٌ (٤٤)ق

(٧) وَكَذَلِكَ أَوْحَيْنَا إِلَيْكَ قُرْآنًا عَرَبِيًّا لِتُنْذِرَ أُمَّ الْقُرَى وَمَنْ حَوْلَهَا وَتُنْذِرَ يَوْمَ الْجَمْعِ لاَ رَيْبَ فِيهِ فَرِيقٌ فِي الْجَنَّةِ وَفَرِيقٌ فِي السَّعِيرِ (٧)الشورى

(٨) وَقَالُوا رَبَّنَا عَجِّلْ لَنَا قِطَّنَا قَبْلَ يَوْمِ الْحِسَابِ (١٦)ص

٩- يوم الوعيد[١]/ چونکه هەڕەشەی خوای گەورەی بۆ کافرەکان تێدا دێتە دی .

١٠- يوم الحسرة[٢]/ چونکه حەسرەت و پەشیمانی کافرەکانی تێدایە.

١١- يوم الخلود[٣]/ چونکه ژیان لەم ڕۆژەدا ژیانێکی هەتا هەتاییە .

١٢- الـدار الاخـرة /[٤]چونکـە لـە پـاش ماڵـی دونیـا دێـت ، ئەویـش ئـەو ماڵەیـە کـە دەمێنێتـەوە لـە پـاش ئـەوە گواسـتنەوەی تـر نییـە بـۆ ماڵێکـی تـر .

١٣- دار القـرار[٥]/ چونکـە جێگیربوونێکـی بەردەوامـی تێدایـە بـە بـێ لـە ناوچـوون و گواسـتنەوە .

١٤- دار الخلد[٦] / چونکه مانەوە تیایدا مانەوەیەکی هەتا هەتاییە .

١٥- الواقعة/[٧] چونکه بە دڵنیاییەوە ڕووەدات .

١٦- الحاقـة/[٨] چونکـە زاڵ دەبێـت و سـەردەکەوێت بەسـەر هەمـوو کەسـێکی مجـادل و نەیـار دا کـە نـاڕەوان.

١٧- القارعة[٩]/ چونکه زەنگ دەدات لە بیستن و دڵەکان بە ترسەکەی .

١٨- الغاشية/[١٠] چونکه ئەو هەموو بورانەوەی تێدایە لە لایەن جنۆکە و مرۆڤەوە .

١٩- الطامـة/ [١١] چونکـە زاڵ دەبێـت و سـەردەکەوێت بەسـەر جگـە لـە خـۆی لـە کێشـەو ناڕەحەتیەکانـی تـر.

---

(١) وَنُفِخَ فِي الصُّورِ ذَلِكَ يَوْمُ الْوَعِيدِ (٢٠)ق

(٢) وَأَنْذِرْهُمْ يَوْمَ الْحَسْرَةِ إِذْ قُضِيَ الْأَمْرُ وَهُمْ فِي غَفْلَةٍ وَهُمْ لاَ يُؤْمِنُونَ (٣٩)مريم

(٣) ادْخُلُوهَا بِسَلاَمٍ ذَلِكَ يَوْمُ الْخُلُودِ (٣٤)ق

(٤) وَمَا هَذِهِ الْحَيَاةُ الدُّنْيَا إِلاَّ لَهْوٌ وَلَعِبٌ وَإِنَّ الدَّارَ الْأَخِرَةَ لَهِيَ الْحَيَوَانُ لَوْ كَانُوا يَعْلَمُونَ (٦٤)العنكبوت

(٥) يَا قَوْمِ إِنَّمَا هَذِهِ الْحَيَاةُ الدُّنْيَا مَتَاعٌ وَإِنَّ الْأَخِرَةَ هِيَ دَارُ الْقَرَارِ (٣٩)غافر

(٦) ذَلِكَ جَزَاءُ أَعْدَاءِ اللَّهِ النَّارُ لَهُمْ فِيهَا دَارُ الْخُلْدِ جَزَاءً بِمَا كَانُوا بِآيَاتِنَا يَجْحَدُونَ (٢٨)فصلت

(٧) إِذَا وَقَعَتِ الْوَاقِعَةُ (١) الواقعة

(٨) الْحَاقَّةُ (١) مَا الْحَاقَّةُ (٢) وَمَا أَدْرَاكَ مَا الْحَاقَّةُ (٣) الحاقة

(٩) الْقَارِعَةُ (١) مَا الْقَارِعَةُ (٢) وَمَا أَدْرَاكَ مَا الْقَارِعَةُ (٣) القارعة

(١٠) هَلْ أَتَاكَ حَدِيثُ الْغَاشِيَةِ (١)الغاشية

(١١) فَإِذَا جَاءَتِ الطَّامَّةُ الْكُبْرَى (٣٤)النازعات

٢٠- الازفـة/[١] واتـا نزیکـه ، بـەو نـاوه ناونـراوه وەکـو ئاماژەیـەک بـه نزیکیەکـەی بـه نیسـبەت تەمـەنی دونیـاوه.

٢١- یوم التغابن[٢]/ چونکه ئەهلی بەهەشت ئەهلی ئاگر دەکەن.

٢٢- یـوم التنـاد/[٣] چونکـه هەمـوو خەڵکـی بـه پێشـەواکەی خۆیانـەوه بانـگ دەکرێـن ، وه هەندێکیـان بانگـی هەندەکـەی تریـان دەکـەن ، ئەهـلی بەهەشـت بانگـی ئەهـلی ئاگـر دەکـەن ، وه ئەهـلی ئاگـر بانگـی ئەهـلی بەهەشـت دەکـەن ، وه ئەهـلی (الاعراف)یـش بانـگ دەکـەن .

مـــــردن:

لە پێشهاتەکانی رۆژی دوایی مردنه ، ئەویش قیامەتی بچوکه.

وه قیامـەتی بچـوک: بریتیـه لـه مـردنی هـەر کەسـێک لـه کاتی تـەواو بـوونی ئەجەلەکـەی ، وه بـەو مردنـه لـه دنیـاوه دەگوازرێتـەوه بـۆ ئاخیـرەت .

خـوای گـەورە بـاسی مـردنی بـۆ بەنـدەکانی کـردوه و یادیـانی خسـتوەتەوه ، بـۆ ئـەوەی خۆیـانی بـۆ ئامـاده بکـەن بـه ئەنجامـدانی کـردەوەی چـاک و تەوبەکـردن لـه کاره خراپـەکان و چونکـه ئەگـەر هـات (واتـه : مـردن) کۆتایـی بـه کـردەوەی مرۆڤـەکان دێـت ، ئەویـش هەرگیـز دواناکـەوێ ، خـوای گـەورە دەفەرموێـت: ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ لَا تُلۡهِكُمۡ أَمۡوَٰلُكُمۡ وَلَآ أَوۡلَٰدُكُمۡ عَن ذِكۡرِ ٱللَّهِۚ وَمَن يَفۡعَلۡ ذَٰلِكَ فَأُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلۡخَٰسِرُونَ ٩ وَأَنفِقُواْ مِن مَّا رَزَقۡنَٰكُم مِّن قَبۡلِ أَن يَأۡتِيَ أَحَدَكُمُ ٱلۡمَوۡتُ فَيَقُولَ رَبِّ لَوۡلَآ أَخَّرۡتَنِيٓ إِلَىٰٓ أَجَلٖ قَرِيبٖ فَأَصَّدَّقَ وَأَكُن مِّنَ ٱلصَّٰلِحِينَ ١٠ وَلَن يُؤَخِّرَ ٱللَّهُ نَفۡسًا إِذَا جَآءَ أَجَلُهَاۚ وَٱللَّهُ خَبِيرُۢ بِمَا تَعۡمَلُونَ ١١ ﴾ (المنافقون) واتـه : ئـەی ئەوانـەی باوەڕتـان هێنـاوه! مـاڵ و منداڵتـان لەیـادی خـوا غافڵتـان نەکـەن، هەرکەسـێك کاری وابـکات!

---

(١) وَأَنْذِرْهُمْ يَوْمَ الْآزِفَةِ إِذِ الْقُلُوبُ لَدَى الْحَنَاجِرِ كَاظِمِينَ مَا لِلظَّالِمِينَ مِنْ حَمِيمٍ وَلاَ شَفِيعٍ يُطَاعُ (١٨)غافر

(٢) يَوْمَ يَجْمَعُكُمْ لِيَوْمِ الْجَمْعِ ذَلِكَ يَوْمُ التَّغَابُنِ وَمَنْ يُؤْمِنْ بِاللَّهِ وَيَعْمَلْ صَالِحًا يُكَفِّرْ عَنْهُ سَيِّئَاتِهِ وَيُدْخِلْهُ جَنَّاتٍ تَجْرِي مِنْ تَحْتِهَا الْأَنْهَارُ خَالِدِينَ فِيهَا أَبَدًا ذَلِكَ الْفَوْزُ الْعَظِيمُ (٩) التغابن

(٣) وَيَا قَوْمِ إِنِّي أَخَافُ عَلَيْكُمْ يَوْمَ التَّنَادِ (٣٢)غافر

ئەوانـەن زیانمـەن و دۆڕاو ، چونکـە فـەزڵ و بـاوی دونیایـان بەسـەر پاشـەڕۆژدا داوە(٩) لـەو مـاڵ و سـامانەی کردوومانـە ڕۆزیتـان ببەخشـن پێـش ئـەوەی مـردن یەخەتـان پێبگـرێ ئەوسـا بڵـێ: ئـەی پەروەردگارەکـەم! خۆزگـە مردنـی منـت بـۆ ماوەیەکـی نزیـك دواخسـتبا ئینجـا ماڵـم دەبەخشـی و لەسـاڵحان و چاکـە خـوازان دەبـووم(١٠) و خـۆ هەرکەسـێك ئاکامـی تـەواو بـوو، هەرگیـز خـوا دوای ناخـات، جـا کەوابـوو پێـش ئـەوە ئـەو خۆزگـە بێجێگەیـە بخـوازن فریـای خۆتـان بکـەون و خـواش بەئاگایـە بـەو کاروکـردەوە ئێـوە دەیکـەن، وە بەپێـی ئـەوەش پـاداش و تۆڵەتـان ئـەدات(١١)

خـوای گـەورە دەفەرموێـت: ﴿ كُلُّ نَفْسٍ ذَآئِقَةُ ٱلْمَوْتِ ﴿٣٥﴾ ﴾(الانبياء) واتـە : هەمـوو گیانێـك تامـی مـردن هەردەچێـژێ و دەمـرێ).

مردن قیامەتی بچوکە ، وە قیامەتی (الساعة) ئەوە قیامەتی گەورەیە .

شـیخ الاسـلام ابـن تیمیـة -ڕەحمـەتی خـوای لێبێـت- دەفەرموێـت: خـوای گـەورە لەیـەک سـورەتدا بـاسی قیامـەتی گـەورە و بچـوک دەکات ، وەکـو سـورەتی (الواقعـة) ، لەسـەرەتادا بـاسی قیامـەتی گـەورەی کـردوە ، وەخەڵکـی دەبنـە سـێ بەشـەوە ، هەروەکـو خـوای گـەورە دەفەرموێـت: ﴿ إِذَا وَقَعَتِ ٱلْوَاقِعَةُ ﴿١﴾ لَيْسَ لِوَقْعَتِهَا كَاذِبَةٌ ﴿٢﴾ خَافِضَةٌ رَّافِعَةٌ ﴿٣﴾ إِذَا رُجَّتِ ٱلْأَرْضُ رَجًّا ﴿٤﴾ وَبُسَّتِ ٱلْجِبَالُ بَسًّا ﴿٥﴾ فَكَانَتْ هَبَآءً مُّنۢبَثًّا ﴿٦﴾ وَكُنتُمْ أَزْوَٰجًا ثَلَٰثَةً ﴿٧﴾ ﴾(الواقعـة) واتـە : کاتـێ ڕووداوە گەورەکـە(ڕۆژی قیامـەت) ڕوویـدا، کـە هەرپێـش دێـت(١) بـۆ ڕوودانـی هیـچ درۆیـەك نیـە، تـا بـڕوا بەهاتنـی نەکـرێ(٢) نزمکـەرەوەی بەدبەختانـە، بەرزکـەرەوەی بەختیارانـە ، واتـە: خەڵکـی دەبێتـە دوو دەسـتەوە ، هەندێکـی ریسـواو خەجاڵـەت، ئـەوی تریشـی پایەبڵنـدو سـەربەرز(٣) وەختـێ زەوی بەلـەرزە خـرا بەلـەرزە خرانێکـی تونـد(٤) و کێوەکانیـش هەپـرووون هەپـرووون کـران، وەك سـوورمە داڕێـزران(٥) ئینجـا بوونـە تۆزێکـی بـڵاوە بـوو(٦) و ئەوکاتـە (قیامـەت هـات) ئێـوە بوونـە سـێ دەسـتەوە، ئیـتر تـەواوی ڕاسـتیەکان دەرئەکـەون و هەمـوو کەسـێك پاداشـت و تۆڵـەی خـۆی وەرئەگرێتـەوە(٧)

ئەمجـار لـە کۆتایـی سـورەتەکەدا بـاسی قیامـەتی بچوکی کـردوە کـە مردنـە ، وە ئەوانیش دەبنـە سـێ جـۆر و کۆمەڵـەوە لـە پـاش مـردن ، خـوای گـەورە دەفەرموێـت: ﴿ فَلَوْلَآ إِذَا

بَلَغَتِ ٱلْحُلْقُومَ ﴿٨٣﴾ وَأَنتُمْ حِينَئِذٍ تَنظُرُونَ ﴿٨٤﴾ وَنَحْنُ أَقْرَبُ إِلَيْهِ مِنكُمْ وَلَٰكِن لَّا تُبْصِرُونَ ﴿٨٥﴾ فَلَوْلَآ إِن كُنتُمْ
غَيْرَ مَدِينِينَ ﴿٨٦﴾ تَرْجِعُونَهَآ إِن كُنتُمْ صَٰدِقِينَ ﴿٨٧﴾ فَأَمَّآ إِن كَانَ مِنَ ٱلْمُقَرَّبِينَ ﴿٨٨﴾ فَرَوْحٌ وَرَيْحَانٌ وَجَنَّتُ
نَعِيمٍ ﴿٨٩﴾ وَأَمَّآ إِن كَانَ مِنْ أَصْحَٰبِ ٱلْيَمِينِ ﴿٩٠﴾ فَسَلَٰمٌ لَّكَ مِنْ أَصْحَٰبِ ٱلْيَمِينِ ﴿٩١﴾ وَأَمَّآ إِن كَانَ مِنَ
ٱلْمُكَذِّبِينَ ٱلضَّآلِّينَ ﴿٩٢﴾ فَنُزُلٌ مِّنْ حَمِيمٍ ﴿٩٣﴾ وَتَصْلِيَةُ جَحِيمٍ ﴿٩٤﴾ (الواقعة) واتـه : جـا بـۆ چ
کاتێ گیانی یەکێکتان گەیشتە گەروو(٨٣) و ئێوەیش لەو کاتەدا سەیری ئەکەن چۆن
گیانی دەرئەچێ ؟(٨٤) و ئێمە نزیکترین لێیەوە لە ئێوە ، وە زاناترین بە حاڵی لە
ئێوە ، بەڵام ئێوە فریشتەکان نابینن چۆن ئامادە بوون بۆ گیان کێشانیان جا ئگەر
ئێوەن دروستکەر - وەک خۆتان نکوولی هەق ئەکەن - بۆچی گیانی ئەو مردووە
ناگێڕنەوە؟! (٨٥) دەبا ئەگەر پاداشتی کردەوەکانتان نادرێتەوە وەک ئێوە پێتان وایە !
.(٨٦) گیانەکەی بۆ دەگێڕنەوە ئەگەر راست ئەکەن زیندووبوونەوە نییە و لێپرسینەوە
نییە، دیارە کە هەرگیز ئەو دەسەڵاتەتان نییە ، جا چاک بزانن کە ئەبێ هەر خوا
ئەوە بکات و بڕوایشی پێ بێنن (٨٧) ئینجا ئەگەر مردووەکە لە نزیکخراوەکان بێت
(٨٨) ئەوە ئیسراحەت و رزق و رۆزییەکی چاک و بەهەشتی بەرینی بۆ هەیە (٨٩) خۆ
ئەگەر لە یارانی لای راست بێت (٩٠) فریشتەکان پێیان ئەڵێن :- لە لایەن یارانی لای
راستەوە سڵاوت لێ بێ (٩١) بەڵام ئەگەر لە دەستەی بێ باوەڕان و گومڕایان بێ
(٩٢) ئەوە میوانداره لە ئاوێکی کوڵ بە کوڵ (٩٣) و خرانە نێو ئاگری بۆ هەیە (٩٤)

وە لە کاتی مردندا بە فەرمانی خوای گەورە رووحی مرۆڤ لە جەستەی دەردەهێنرێ.

خوای گەروە ئەو رووح دەرهێنانەی داوەتە پاڵ خۆی لەو ئایەتەی کە دەفەرموێت:
﴿ ٱللَّهُ يَتَوَفَّى ٱلْأَنفُسَ حِينَ مَوْتِهَا ﴿٤٢﴾ ﴾(الزمر) واتـه : هـەر خوایـە کـە گیانەکانـی
خەڵکی دەکێشێ لە کاتی مردنی خاوەنەکانیاندا)

وا داویەتیە پاڵ فریشتەکان لەو ئایەتەی کە دەفەرموێت:﴿ حَتَّىٰٓ إِذَا جَآءَ أَحَدَكُمُ
ٱلْمَوْتُ تَوَفَّتْهُ رُسُلُنَا وَهُمْ لَا يُفَرِّطُونَ ﴿٦١﴾ ﴾ (الانعام) واتـه : جاکە وەختی مردنی یەکێکتان
هـات فریشـتەکانمان گیانـی دەکێشـن خـۆ لەجێبەجـێ کردنـی فەرمانەکانـی خـوادا،
هەرگیـز کۆتایـی و سسـتی ناکـەن)

وا داویەتیـە پـاڵ (ملـک المـوت) لـەو ئایەتـەی کـە دەفەرموێـت:﴿ *قُلْ يَتَوَفَّىٰكُم مَّلَكُ ٱلْمَوْتِ ٱلَّذِى وُكِّلَ بِكُمْ ﴿١١﴾ ﴾ (السجدة) واتـە : بـەو بـێ باوەڕانـە بڵـێ: ئـەو فریشـتەیەی گیـان کێشـانتانی پـێ سـپێرراوە، گیانتـان دەکێشـێ و دەمـرن).

هیـچ دژ بەیەکێـک نییـە لـە ئایەتەکانـدا وە دانـە پاڵـەکان لـەم ئایەتانـەدا هەریەکـەو بـە پێـی خۆیـەتی ، خـوای گـەورە خـۆی فەرمـان دەکات بـە مـردن و تەقدیـری کـردوە ، جـا مـردن بـە قـەزا و قـەدەر وفەرمـانی خـوا دەبێـت ، بۆیـە مـردن دراوەتـە پـاڵ خـوای گـەورە لەبـەر ئـەو هۆیـە ، (ملـک المـوت) خـۆی هەڵدەسـتێ بـە ئەنجامـدان و دەرهێنـانی لـە جەسـتە ، ئینجـا فریشـتەکانی ڕەحمـەت یـان فریشـتەکانی عـەزاب لێـی وەردەگـرن و خۆیـان کارو بارەکـەی دەبـەن بەرێـوە، بۆیـە هەریەکـە بەپێـی خـۆی گیـان کێشـانەکەی دراوەتـە پـاڵ .

وەفاتی خەوتن و وەفاتی مردن .

ئـەو ڕووحـەی کـە جەسـتە بەرێـوە دەبـات و لـە کاتی مردنـدا لێـی جیـا دەبێتـەوە هـەر ئـەو ڕوحەیـە کـە فووکراوەتـە جەسـتەکەدا ، ئەویـش ئـەو (نفس)ـە یـە کـە لـەکاتی مردنـدا لێـی جیـا دەبێتـەوە .

پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) کاتـێ خـەوی لێکـەوت لـە کاتی نوێـژدا فەرمـوی : (**إن الله قبض أرواحنا حيث شاء وردها حيث شاء**) . **وقال له بلال : يا رسول الله(ﷺ) ! أخذ بنفسي الذي أخذ بنفسك**)[1].

وە خـوای گـەورە دەفەرموێـت :﴿ ٱللَّهُ يَتَوَفَّى ٱلْأَنفُسَ حِينَ مَوْتِهَا وَٱلَّتِى لَمْ تَمُتْ فِى مَنَامِهَا ۖ فَيُمْسِكُ ٱلَّتِى قَضَىٰ عَلَيْهَا ٱلْمَوْتَ وَيُرْسِلُ ٱلْأُخْرَىٰٓ إِلَىٰٓ أَجَلٍ مُّسَمًّى ﴿٤٢﴾ ﴾ (الزمـر) واتـە : هـەر خوایـە کـە گیانەکانـی خەڵکـی دەکێشـێ لـە کاتـی مردنـی خاوەنەکانیانـدا و ئـەو گیانانـەش کـە خاوەنەکانیـان نەمـردوون و لەخـەودان، هـەر بۆخـۆی گیانیـان دەکێشـێ ئینجـا ئـەو گیانانـە ڕادەگـرێ بڕیـاری مەرگـی خاوەنەکانیانـی داو، ئیـدی ناگەڕێتـەوە لاشـەکانیان گیانەکانـی دیکـەش بـەرەڵا دەکاو نایانمرێنـێ تـا کاتێکـی

---

(١) اخرجه مالك(١٨٤) واحمد (٢٢٩٨٥) .

دیاریکـراو دەژیـن بـە راسـتی لـەوەدا بەڵگـە و نیشـانەی بەهێـز هەیـە بـۆ خەڵکێـك تێفکـرێ و بیـر لـە دەسـەڵات و توانـای خـوا بکاتـەوە) .

(ابـن عبـاس) و زۆربـەی مفـسرەکان دەڵێـن : دووجـار رۆحەکـەی دەکێشـێ ، رۆح کێشـانی مـردن و رۆح کێشـانی خەوتـن ، ئەمجـار لـە خەوتنـدا ئـەو رۆحـە دەکێشـێ کـە دەمرێـت و ئەویـتر دەگێرێتـەوە بـۆ کاتێکـی دیاریکـراوی خـۆی کاتـی مـردن) .

لـە هـەردوو کتێبـی (صحیـح)دا هاتـوە لـە پێغەمبـەری خـوداوە(ﷺ) کـەوا ئەگـەر بخەوتایـە دەیفەرمـوو : ((**باسـمك ربي وضعـتُ جنبـي ، وبـك أرفعـهُ ، إذا أمسـكت نفـسي فارحمهـا، وإن أرسـلتها فاحفظهـا بمـا تحفـظ بـه عبـادك الصالحـين**)[1] واتـە : بـە نـاوی تـۆوە ئـەی پـەروەردگارا ... تەنیشـتم دادەنێـم و هـەر بەنـاوی تـۆوە بـەرزی دەکەمـەوە ، ئەگـەر نەفسـەکەمت گرتـەوە ئـەوا بەزەییـت پێیـدا بێتـەوە و ئەگـەر ناردتـەوە ئـەوا بپپارێـزە بـەوەی کـە بەنـدە چاکەکارەکانـی خـۆت دەپارێزێـت) .

ئەمـە یەکێکـە لـەو دوو رایەی لەسـەر ئایەتەکـە هاتوە ، ئەویش (الممسـکه) و (المرسـله) هـەردوو وەفـات دەکـەن بـە وەفـاتی خەوتـن ، جـا هەرکەسـێ ئەجەلەکـەی تـەواو بـوو لای خـۆی دەیگرێتـەوە و نایگێرێتـەوە بـۆ جەسـتەکەی ، وە هەرکەسـێ ئەجەلەکـەی تـەواو نەبـێ ، ئـەوا دەیگێرێتـەوە بـۆ جەسـتەکەی بـۆ ئـەوەی تـەواو بێـت .

رای دووەم : (الممسـکه) ئـەوا ئـەو کەسـەیە کـە بـە وەفـاتی مـردن لەسـەرەتاوە دەمرێت و (المرسـله) ئەوەیـە کـە بـە وەفـاتی خەوتـن وەفـات بـکات ، جـا ماناکـە لەسـەر ئـەم قسـەیە: خـوای گـەروە (نفـس) ی مـردوو دەمرێنێـت ودەیگرێتـەوە و لـە پێـش رۆژی قیامـەت نایگێرێتـەوە ، وە (نفس)ـی خەوتـوو دەمرێنێـت و ئەمجـار دەیگێرێتـەوە بـۆ جەسـتەکەی بـۆ ئـەوەی ئەجەلەکـەی تـەواو بـکات و بـە وەفاتەکـەی تـر دەیمرێنێـت .

خـوای گـەورە دەفەرمووێـت:﴿ وَهُوَ ٱلَّذِى يَتَوَفَّىٰكُم بِٱلَّيْلِ ﴿٦٠﴾ ﴾ (الأنعـام) واتـە : هـەر ئەوخوایـە کـە بەشـەودا دەتانخەوێنـێ و هەسـتان لێدەسـێنێ و وەك مردووتـان لێدێـت).

---

(١) متفق عليه : رواه البخاري (٦٣٢٠) ومسلم (٦٨٣٠) .

حەقیقـەتی ڕۆح:

شـیخ الاسـلام ابـن تیمیـة -ڕەحمـەتی خـوای لێبێـت- دەفەرموێـت: مەزهـەبی هـاوەڵان و شـوێنکەوتوانیان بـە چاکـە و هەمـوو پێشـینی ئـەم ئوممەتـەو پێشـەوایانی سـوننە ئەوەیـە کـەوا ڕوح خـودی خـۆی جودایـە ، لەجەسـتە جیادەبێتـەوە و خۆشـگوزەران دەبـێ و سـزا دەدرێـت ، ئـەو جەسـتە نیـە و بەشـێک نیـە لەبەشـەکانی ، جا لەبەر ئـەوەی ئیمامـی ئەحمەد دەقێکـی لەسـەر ئەمـە هەیـە هەروەکـو چـۆن جگـە لـەو دەقی لەسـەر هەیـە لە پێشـەوایان ، هـاوەڵانی هیـچ جیاوازیەکیـان لـەوەدا نیـە) .

وە لـە جێگایەکـی تـردا دەفەرموێـت: (لـە راسـتیدا ڕۆح پێکنەهاتـوە لـە (الجواهـر الفـردة) وە لـە مـاددە و شـێوە (وێنـە) پێکنەهاتـوە ، وە لـە جـۆری ئـەو جەسـتە نـاسراو و بینراوانـەش نییـە ، بـەڵام ئامـاژە کـردن بـۆی ، ئـەوا ئامـاژەی بـۆ دەکرێـت ، بـەرز دەبێتـەوە و دادەبەزێـت ، وە لـە جەسـتە دەردەچێـت و تسـیل منـە هەروەکـو چەندیـن بەڵگـەی لـە سـەر هاتـووە و شـاهیدە عەقڵێـکان دەلالەتـی بـۆ دەکـەن ، بـەڵام پرسـیاری کەسـێک کـە دەڵێـت : جێگـەی و شـوێنی لـە جەسـتەدا کوێیـە؟ ئـەوا ڕۆح هیـچ تایبەتییەکـی بـە جەسـتەوە نییـە ، بەڵکـو ئـەو دێـت و دەچێـت لـە جەسـتەدا هەروەکـو ژیـان کـە لـە هەمـوو جەسـتەدایە ، چونکـە ژیـان مەرجـدارە بـە ڕۆحـەوە ، جـا ئەگـەر ڕۆح لـە جەسـتەدا بێـت ئـەوا ژیانـی تێدایـە ، وە ئەگـەر لێـی جیـا بـووەوە ئـەوا ژیانیشـی لـێ جیـا دەبێـتەوە)[1] .

ڕۆح دروستکراوە :

شـیخ الاسـلام ابـن تیمیـة - ڕەحمـەتی خـوای لێبێـت- دەفەرموێـت: ڕۆحـی بـەنی ئـادەم دروسـتکراوەو داهێـنراوە بـە یەکدەنگـی پێشـینی ئـەم ئوممەتـەو پێشـەوایان و هەمـوو ئەهـلی سـوننە ، وە ئـەم کۆدەنگیـەی زانایـان کـەوا دروسـتکراوە چەندیـن پێشـەوا لـە پێشـەوایانی موسـڵمانان باسـیان کـردووە)[2].

---

(١) انظر : مجموع الفتاوى لشيخ الاسلام (٣٠٢/٩) .

(٢) انظر : مجموع الفتاوى لشيخ الاسلام (٢١٦/٤) .

هەروەهـا قوتابیەکـەی ابـن تیمیـە زانـای پایەبـەرز (ابـن القیـم) دەفەرموێـت: وە بەڵگـەی ئـەوەی کـە دروستکراوە لـە چەنـد رووێەکەوەیـە (ئەمجـار بـاسی دوازدە روو لـەو رووانـەی کـردوە) لەوانـە[1]:

ئـەو ئایەتـەی خـوای گـەورە کـە دەفەرموێـت: ﴿ٱللَّهُ خَٰلِقُ كُلِّ شَيۡءٖ ﴾ (الرعـد) جـا ئـەم گفتـە (لفظ)ـە گشـتییە ، بەهیـچ شـێوەیەک تایبەتمەندکـردنی تێـدا نیـە ، وە سـیفەتەکانی خـوای گـەورە ناگرێتـەوە ، چونکـە ئـەو بەشـێکە لـە (مسـمی) ناوەکـەی ، جـا خـوای گـەورە ئـەو خوایەیـە کـە وەصفکـراوە بـە چەنـد سـیفاتێکی کەمـال ، خـوای گـەورە خـۆی بـە زات و صیفاتەکانیـەوە دروسـتکارە و جگـە لـەو دروسـتکراوە .

هـەر لەوانـە :ئـەو ئایەتـە کـە دەفەرموێـت:﴿وَقَدۡ خَلَقۡتُكَ مِن قَبۡلُ وَلَمۡ تَكُ شَيۡـٔٗا ﴾ (مریـم) واتـە : خـۆ لەپێـش یەحیاشـدا خۆتـم هـەر لەنەبـوون دروسـتکردو هیـچ شـتێ نەبوویـت، واتـە: هەروەکـو تـۆم لەنەبوونـەوە بـەدی هێنـا، هەرئـاواش دەتوانـم (یەحیـا)ت بـۆ بەدیبێنـم) .

جـا ئەمـە دواندنـە بـۆ رۆح و جەسـتەکەیەتی نـەک تەنهـا بـۆ جەسـتەکەی ، چونکـە جەسـتە خـۆی بەتەنهـا تێنـاگات و نادوێنرێـت و تێنافکـرێ ، بەڵکـو ئـەوەی تێـدەگات و دەدوێنرێـت رۆحـە.

هـەر لەوانـە ئـەو ئایەتـەی کـە دەفەرموێـت: ﴿وَلَقَدۡ خَلَقۡنَٰكُمۡ ثُمَّ صَوَّرۡنَٰكُمۡ ثُمَّ قُلۡنَا لِلۡمَلَٰٓئِكَةِ ٱسۡجُدُواْ لِأٓدَمَ ﴾ (الأعـراف) واتـە : سـوێند بـە خـوا ئێوەمان(باوکـە ئـادەم) لـە قـۆڕ دروسـتکرد پاشـان بـەو شـکڵە جوانەیـە وێنـەو نیگارتانمـان کێشـا پاشـان بـە فریشـتەکانمان وت: گشـتتان کڕنووشـی ڕێـز بـۆ ئـادەم بـەرن).

ئـەم هەواڵـەش یـان رۆح و جەسـتەکانمان دەگرێتـەوە ، هەروەکـو چـۆن جمهـوری زانایـان دەڵێـن، یاخـود تەنهـا رۆح دەگرێتـەوە لـە پێش دروسـتبوونی جەسـتەکان ، هەروەکو چـۆن هەنـدێ کـەس دەڵێـن ، جـا بـە پێـی هـەردوو راکـە ئەمـە ڕوون و ئاشـکرایە لەسـەر دروسـتکردنی رۆحـەکان .

---

(١) الروح لابن القيم (٥١٥/٥٠٧/٢) .

هـەر لەوانـە ئـەو دەقانـەی کـە بەڵگـەن لەسـەر ئـەوەی مـرۆڤ بەگشـتی بەنـدەن ، وە ئـەم بەندایەتیـە تەنهـا جەسـتەی ناگرێتـەوە بـە بـێ رۆحەکـەی ، بەڵکـو بەندایـەتی ئەصڵەن هـی رۆحـەو بەندایـەتی جەسـتە شـوێنکەوتەیەتی ، هەروەکـو چـۆن لـە ئەحکامەکانـدا شـوێنی دەکەوێـت ، هـەر رۆحـە کـە جەسـتە دەجوڵێنێتـەوە و بـەکاری دەهێنـێ ، هـەر ئەویـش شـوێنکەوتەیەتی لـە بەندایەتیـدا.

هـەر لەوانـە خـوای گـەورە دەفەرمووێـت: ﴿ هَلۡ أَتَىٰ عَلَى ٱلۡإِنسَٰنِ حِينٞ مِّنَ ٱلدَّهۡرِ لَمۡ يَكُن شَيۡـٔٗا مَّذۡكُورًا ۝١ ﴾ (الانسـان) واتـە : بێگومـان ماوەیـەك لـە رۆژگار بەسـەر ئادەمیـدا هاتـووە ئـەو هیـچ شـتێك نەبـوو، تـا بـاس و خواسـێکی وای ببـێ و، لـە بوونـەوەردا ناوێکـی هەبێـت.. ئیـتر یـان هێشـتا هـەر لەپشـتی باوکیـا بـووە، یـان لـەم ئـەرزەدا پێـی بڵێیـت ئادەمیـی هـەر وجـودی نەبـووە، کەسـیش بـە بیریـدا نەهاتـووە. جـا کەوابـوو ئـەی ئادەمیـی داچڵەکـێ و خـوای خـۆت بەهـەق بناسـە).

جـا ئەگـەر رۆح کـۆن بوایـە ، ئـەوا مـرۆڤ شـتێک دەبـوو بـاس و خواسـێکی بوایـە ، بەڵکـو ئـەو مرۆڤـە بـە رۆح نـەک بـە جەسـتەکەی.

هەروەهـا ئـەو فەرمودەیـەی کـە (ابـو هریـرە) ریوایـەتی کـردوە لـە (صحیح البخـاری) و جگـە لـە ئـەودا هاتـووە لـە پێغەمبـەری خـوداوە (ﷺ) : (**الأرواح جنـود مجنـدة ، فـما تعـارف منهـا ائتلـف ، ومـا تناکـر منهـا اختلـف**))[1] واتـە : رۆحەکانیـش سـەربازی راهێـنراون ، ئەوانەیـان یەکـتری ناناسـن لـە یـەک دوور دەکەونـەوە ، ئەوانـەی هاوڕەوشـت و هاوبیـرن پێکـەوە دەگونجێـن ، ئەوانەشـیان سروشـت و بیروباوەریـان بـە یـەک ناخـوات لـە یەکـتر دوور دەکەونـەوە و جیـاواز دەبـن) .

وە (سەربازە راهێنراوەکان) ناکرێت ئیللا دەبێ دروستکراو بن.

هەروەهـا لەوانـە رۆح وەصـف دەکرێـت بـە وەفـات و کێشـان و گرتنـەوە و نـاردن ، ئەمـەش کارو بـاری دروسـتکراوێکی داهێـنراوە (المربـوب) .)

---

(١) اخرجه مسلم (٦٦٥٠) والبخاري معلقا مجزوما به (٣٣٣٦) .

چۆنیەتی ڕۆح کێشان و دەرئەنجامی لە پاش وەفات کردنی:

ڕوونکردنـەوەی چۆنێتـی وەفـات و دەرئەنجامـی ڕۆح لـە پـاش وەفـات کردنـی لـە فەرمـوودە درێژەکـەی (الـبراء بـن عـازب) دا هاتـووە کـە ئەمـەش دەقەکەیـەتی:

لـە (بـراء بـن عازب)ـەوە هاتـووە کـەوا فەرمویـەتی: (**كنا في جنازة في بقيع الغرقد ، فأتانا النبي فقعد وقعدنا حوله كأن على رؤوسنا الطير ، وهو يلحد له ، فقال : أعوذ بالله من عذاب القبر (ثلاث مرات)** . واتـە : بـە مەبەسـتی ناشـتنی جەنازەیـەک لـە (بقیـع الغرقـد) بووین ، پێغەمبـەری خـوا(ﷺ) هـات بـۆ لامـان و دانیشـت و ئێمەیـش لـە دەوری ئـەو دانیشـتین هەروەکـو ئـەوەی باڵنـدە لەسـەر سـەرمان نیشـتبێتەوە ، لـە کاتێکـدا خەریکـی هەڵکەندنـی گۆڕەکـە بـوون ، فەرمـووی : پەنـا دەگـرم بـە خـوای گـەورە لـە عەزابـی نـاو گـۆڕ (سـێ جـار) .

ئەمجـار فەرمـووی : ((**إن العبد المؤمن إذا كان في إقبال من الآخرة وانقطاع من الدنيا ، نزلت إليه الملائكة ، كأن على وجوههم الشمس ، معهم كفن من أكفان الجنة، وحنوط من حنوط الجنة ، حتى يجلسوا منه مد البصر، ثم يجيء ملك الموت حتى يجلس عند رأسه فيقول: يا أيتها النفس الطيبة أُخرجي إلى مغفرة من الله ورضوان**)) واتـە :- دڵنیابـن کـەوا بەنـدەی ئیمانـدار ئەگـەر کاتـی ئـەوەی هـات لـە دونیـا دەرچێـت و ڕوو لـە دوا ڕۆژ بـکات ئـەوا لـە ئاسـمانەوە چەنـد فریشـتەیەکی بـۆ دادەبـەزن ڕوویـان وەکـو ڕۆژ وایـە ، ئـەو فریشـتانە کفنیـان پێیـە لـە کفنەکانـی بەهەشـت و بۆنـی خۆشـیان پێـە لـە بۆنـە خۆشـەکانی بەهەشـت ، تاکـو لای دادەنیشـن بـە قـەد ئـەوەی چـاو بـڕ دەکات ، ئەمجـار فریشـتەی گیـان کێشـان دێـت بـۆ لای و تـا لای سـەری دادەنیشـێت و دەڵێـت : - ئـەی نەفسـە پاکەکـە دەرچـۆ بـۆ لێبـوردن و ڕەزامەنـدی خـوای گـەورە)) .

دەڵێـت : ((**فتخرج تسيل كما تسيل القطرة من في السِّقَاء ، فيأخذها، فإذا أخذها لم يدعوها في يده طرفة عين حتى يأخذوها، فيجعلوها في ذلك الكفن، وفي ذلك الحنوط، ويخرج منها كأطيب نفحة مسك وجدت على وجه الأرض**)) واتـە :- جـا نەفسـەکەی دەردەچێـت هەروەکـو ئـەوەی کـە دڵۆپـە ئاوێـک لـە دەمـی شـەربەیەکەوە بە

سـووک و ئاسـانی دێتـە خـوارەوە ، ئەمجـار دەیبـات ، وە کاتـێ بـردی ئـەوا بـە ئەنـدازەی چـاو پروکانێکـش ناهێڵـن بـە دەسـتییەوە بێـت تاوەکـو دەیبـەن ، ئەمجـار دەیکەنـە نێـو ئـەو کفـن و بۆنـە خۆشـەوە کـە بـۆی ئامـادە کـراوە وە بۆنێکـی خۆشـی لێـوە دەردەچێـت وەکـو خۆشـترین بۆنـی میسـک کـە لەسـەر ئـەم زەوییـەدا بۆنکـراوە)) .

دەفەرموێـت: ((**فیصعـدون بهـا فـلا یمـرون عـلی مـلأ مـن الملائکـة إلا قالـوا: مـا هـذا الـروح الطیـب؟ فیقولـون: فـلان ابـن فـلان، بأحسـن أسـمائه التـي کانـوا یسـمونه بهـا في الدنیـا ،حتـی ینتهـوا بهـا إلی السـماء الدنیـا، فیسـتفتحون لـه ،فیفتـح لهـم، فیشـیعه مـن کل سـماء مقربوهـا إلی السـماء التـي تلیهـا، حتـی ینتهـي إلی السـماء السـابعة، فیقـول اللـه عـز وجـل: اکتبـوا کتـاب عبـدي في علیـین وأعیـدوه إلی الأرض، فـإني منهـا خلقتهـم، وفیهـا أعیدهـم، ومنهـا أخرجهـم تـارة أخـری، فتعـاد روحـه في جسـده ،فیأتیـه ملـکان، فیجلسـانه فیقـولان لـه : مـن ربـك؟ فیقـول: ربي اللـه، فیقـولان لـه: مـا دینـك؟ فیقـول دینـي الإسـلام، فیقـولان لـه: مـا هـذا الرجـل الـذي بعـث فیکـم؟ فیقـول هـو رسـول اللـه(ﷺ) ، فیقـولان لـه : ومـا علمـك ؟ فیقـول: قـرأت کتـاب اللـه فأمنـت بـه وصدقـت، فینـادي منـاد مـن السـماء: أن صـدق عبـدي فأفرشـوه مـن الجنـة، وألبسـوه مـن الجنـة، وافتحـوا لـه باباً إلی الجنـة، فیأتیـه مـن روحهـا وطیبهـا ،ویفسـح لـه في قـبره مـد بـصره ، ویأتیـه رجـل حسـن الوجـه حسـن الثیـاب، طیـب الریـح، فیقـول: أبـشر بالـذي یـسرك، هـذا یومـك الـذي کنـت توعـد، فیقـول لـه: مـن أنـت؟ فوجهـك الوجـه الـذي یجـيء بالخـیر؟ فیقـول: أنـا عملـك الصالـح ، فیقـول: رب أقـم السـاعة، حتـی أرجـع إلی أهـلي ومـالي**)) واتـە : - ئەمجـار بـەرزی دەکەنـەوە و بـە لای هیـچ کۆمەڵێکـی فریشـتەدا تێناپـەڕن ئیـللا دەڵێـن :- ئـەم رۆحـە پاکـە کێیـە ؟ ئەوانیـش دەڵێـن :- ئەمـە فـلان ی کـوڕی فلانـە ، بـە جوانتریـن و خۆشـترین ئـەو ناوەی کـە لـە دونیـادا بانگیـان دەکـرد تاکـو دەگەنـە ئاسـمانی دونیـا ، ئەمجـار داوای ئـەوە دەکـەن دەرگایـان بـۆ بکرێتـەوە و پاشـان دەرگایـان بـۆ دەکرێتـەوە ، جـا لە هەر ئاسـمانێک نزیکەکانیـان لـە خـوداوە شـوێنی دەکـەون تاوەکـو دەگەنـە ئاسـمانەکەی تر ، تاکـو دەگەنە ئاسـمانی حەوتـەم ، ئەمجـار خـوای گـەورە دەفەرموێـت:- نـاو و نـوسراوی بەندەکـەم لـە (علییـن)دا بنووسـن و بیگەڕێنـەوە بـۆ زەوی ، چونکـە مـن لـە زەوییـەوە دروسـتیانم کـردووە و هـەر بـۆ ئەوێیـش دەیانگێڕمـەوە و لەوێیشـەوە جارێکـی تـر دەریـان دەهێنـم

، ئەمجـار روحەکـەی دەگەڕێننـەوە بـۆ لای جەسـتەکەی ، وە دوو فریشـتە دێـن بـۆ لای و دایدەنیشـێنن پێـی دەڵێـن :- پـەروەردگاری تـۆ کێیـە ؟ ئەویـش دوڵێـت :- پـەروەردگاری مـن (الله)یـە ، ئەوانیـش پێـی دەڵێـن :- ئایـا دینەکـەت چـی دینێکـە ؟ ئەویـش دەڵێـت:- دینـی مـن ئیسـلامە ، ئەوانیـش پێـی دەڵێـن :- ئـەو پیـاوە کـە لـە ناوتانـدا رەوانـە کرابـوو کێیـە ؟ ئەویـش دەڵێـت :- ئـەوە پێغەمبـەری خودایـە (ﷺ)، ئەمجـار پێـی دەڵێـن :- ئـەی زانسـتەکەت چییـە ؟ ئەویـش دەڵێـت :- کتێبەکـەی خـوای گـەورەم خوێنـدەوە و بـاوەڕم پـێ هێنـاو بـە راسـتم زانیـوە ، بۆیـە بانگکارێـک لـە ئاسـمانەوە بانـگ دەکات و دەڵێـت :- کـەوا بەندەکـەم راسـتی فەرمـوو ئـەوا لـە بەهەشـتەوە جێـگای بـۆ راخـەن وە لـە پۆشـاکی بەهەشـتی لـە بەرکـەن وە لـە بەهەشـتەوە دەرگایەکـی بـۆ بکەنـەوە ، جـا بۆیـە لـە بـۆن و بەرامـی بەهەشـتی پـێ دەگات ، وە قەبرەکـەی بـۆ فـراوان دەکرێـتەوە بـە ئەنـدازەی ئـەوەی چـاو بـڕ دەکات ، ئەمجـار کابرایەکـی ڕوو خۆشـی جلوبـەرگ پـاک و جـوان و بـۆن خـۆش دێـت بـۆ لای و پێـی دەڵێـت :- مـوژدە بـێ لێـت بـەو شـتەی کـە دڵخۆشـت دەکات ، ئەمـە ئـەو ڕۆژەیـە کـە پەیمانـت پـێ درا بـوو ، ئەویـش دەڵێـت :- تـۆ کێیـت ؟ چونکـە ڕووت ئـەو ڕووەیـە کـە چاکـەی لـە گـەڵ خۆیـدا هێنـا بێـت ؟ ئەویـش دەڵێـت :- مـن کـردەوە چاکەکانتـم ، ئەویـش دەڵێـت : پـەروەردگارا ! قیامـەت هەڵسـێنە تاکـو بگەڕێمـەوە نـاو کـەس و کار و ماڵەکـەم)) .

دەڵێـت : (**وإن العبـد الكافـر إذا كان في انقطـاع مـن الدنيـا، وإقبـال مـن الآخـرة، نـزل إليـه مـن السـماء ملائكـة سـود الوجـوه، معهـم المسـوح ، فيجلسـون منـه مـد البـصر ، ثـم يجـيء ملـك المـوت حتـى يجلـس عنـد رأسـه، فيقـول: أيتهـا النفـس الخبيثـة اخرجـي إلى سـخط مـن اللـه وغضـب، فتفـرق في جسـده فينتزعهـا كـما ينتـزع السـفود مـن الصـوف المبلـول، فيأخذهـا، فـإذا أخذهـا لم يدعوهـا في يـده طرفـة عـين حتـى يجعلوهـا في تلـك المسـوح، ويخـرج منهـا كأنـتن ريـح جيفـة وجـدت عـلى وجـه الأرض، فيصعـدون بهـا فـلا يمـرون بهـا عـلى مـلأ مـن الملائكـة إلاَّ قالـوا: مـا هـذه الـروح الخبيثـة؟! فيقولـون: فـلان ابـن فـلان بأقبـح أسـمائه التـي كان يسـمى بهـا في الدنيـا حتـى ينتهـي بهـا الى السـماء الدنيا ، فيسـتفتح لـه، فـلا يفتـح لـه**)) واتـە :- بـەڵام بەنـدەی بـێ بـاوەڕ ئەگـەر کاتـی ئـەوەی هـات لـە دونیـا دەرچێـت و ڕووبکاتـە دوارۆژی ئـەوا لـە ئاسـمانەوە چەنـد فریشـتەیەک

دەموچـاو ڕەش بـۆ لای دادەبـەزن کفنـی ئاگرینیـان پێیـە ، وە لـە لایـدا دادەنیشـن بـە قـەد ئـەوەی چـاو بـڕ دەکات ئەمجـار فریشـتەی گیـان کێشـان دێـت بـۆ لای و لـە ژوور سـەری دادەنیشـێت و پێـی دەڵێـت :- ئـەی نەفسـە پیسـەکە دەرچـۆ بـۆ پەستی و تووڕەیـی خـوای گـەورە ، ئەمجـار ئەویـش روحەکـەی بـە لاشـەیدا بـەش بـەش دەبێـت ئەوانیـش رایدەکێشـن هەروەکـو چـۆن (شیشـی گۆشـت برژانـدن) بـە نـاو خـوری تـەڕدا رابکێشرێـت ،ئەمجـار دەیبـات ، جـا ئەگـەر بـردی ئـەوا چاوتروکانێکـش بـە دەسـتیەوە نایهێڵـن تـا دەیخەنـە نـاو ئـەو کفنـی ئاگرینـەوە جـا بۆنێکـی لێـوە دەردەچێـت وەکـو پیسـترین و ناخۆشـترین بـۆن کـە لەسـەر زەویـدا بۆنکرابێـت ، پاشـان بـەرزی دەکەنـەوە و بـە لای هیـچ کۆمەڵێکـی فریشـتەدا تێناپـەڕن ئیللا دەڵێـن :- ئـەم روحـە پیسـە کێیـە ؟ دەڵێـن :- فلانـی کـوڕی فلانـە .. بـە ناخۆشـترین ناوەکانـی کـە پێـی بانـگ دەکـرا لـە دونیـادا ، تـا دەگەنـە ئاسـمانی دونیـا ، جـا داوای ئـەوە دەکـەن دەرگایـان بـۆ بکرێتـەوە کەچـی دەرگایـان بـۆ ناکرێتـەوە) .

ئەمجـار پێغەمبـەری خـوا(ﷺ) ئـەم ئایەتـەی خوێنـدەوە : ﴿ لَا تُفَتَّحُ لَهُمْ أَبْوَٰبُ ٱلسَّمَآءِ وَلَا يَدْخُلُونَ ٱلْجَنَّةَ حَتَّىٰ يَلِجَ ٱلْجَمَلُ فِى سَمِّ ٱلْخِيَاطِ ۚ ﴾ (الأعـراف) واتـە : هەرگیـز دەروازەکانـی ئاسـمان بـۆ ڕۆحیـان و بـۆ کار و کردەوەیـان ناکرێتـەوە و ناشـچنە بەهەشـتەوە ، هەتـا وشـتر نەچـێ بـە کونـی دەرزی دروومانـدا ، واتـە : خـۆ هەرگیـز ئەمـە دەسـت نـادات کەواتـە ئەوانیـش دەسـت نـادات بچنـە بەهەشـت) .

((**فیقـول اللـه عـز وجـل: اکتبـوا کتابـه فـي سـجین فـي الأرض السـفلی، فتطـرح روحـه طرحـاً**)) واتـە:- خـوای گـەورە دەفەرموێـت:- نـاو و نوسراوەکـەی لـە (سـجین) دا بنووسـن و لـە زەوی ژێـرەوە ئەمجـار ڕوحەکـەی بـە فرێـدان فرێـی دەدەنـە خـوارەوە) ئەمجـار پێغەمبـەری خـوا(ﷺ) ئـەو ئایەتـەی خوێنـدەوە کـە دەفەرموێـت:- ﴿ وَمَن يُشْرِكْ بِٱللَّهِ فَكَأَنَّمَا خَرَّ مِنَ ٱلسَّمَآءِ فَتَخْطَفُهُ ٱلطَّيْرُ أَوْ تَهْوِى بِهِ ٱلرِّيحُ فِى مَكَانٍ سَحِيقٍ ﴿٣١﴾ ﴾ (الحـج) واتـە : وە هەرکەسـێک هـاوەڵ و هاوبـەش بـۆ خـوا دابنێـت وەکـو ئەوەیـە لـە ئاسـمانەوە بەربێتـەوە « بـۆ قوڵایـی زەوی « کتوپـڕ هـەر لـە هـەواوە مـەل و پەلـەوەر لـە سـەری ئامـادە بێـت و بیفڕێنـێ و پارچـە پارچـەی بـکات یاخـود بایەکـی بەهێـز و قـورس ببـا بـۆ جێگایەکـی

دوور و چەپـەک و ملـی بشـکێنێ ، ئـەوە نموونـەی کەسـێکە هـاوەڵ بـۆ خـوا دابنـێ چونکـە لـە ئاسـۆی بـەرزی بـاوەڕەوە ئەکەوێتـە چاڵـی هـەرە خـواری تیـا چوونـەوە و جێگـەی قایمـی خـۆی لـە دەسـت داوە و پەلـەوەر سـەری تـێ ئەکـەن))

((**قـال : فتعـاد روحـه في جسـده ويأتيـه ملـكان فيجلسـانه فيقـولان لـه: مـن ربـك؟ فيقـول: هـاه.. هـاه.. لا أدرى، فيقـولان لـه: مـا دينـك؟ فيقـول: هـاه.. هـاه.. لا أدرى، فيقـولان لـه: مـا هـذا الرجـل الـذي بُعِـثَ فيكـم؟ فيقـول: هـاه.. هـاه.. لا أدرى، فينـادي منـادٍ مـن السـماء: أن كـذب فأفرشـوه مـن النـار وافتحـوا لـه بابـا إلى النـار ، فيأتيـه مـن حرهـا وسـمومها، ويضيـق عليـه قـبره حتـى تختلـف فيـه أضلاعـه، ويأتيـه رجـل قبيـح الوجـه، قبيـح الثيـاب، منـتن الريـح، فيقـول: أبـشر بالـذى يسـوؤك، هـذا يومـك الـذي كنـت توعـد فيقـول: مـن أنـت فوجهـك الوجـه يجـئ بالـشر؟ فيقـول: أنـا عملـك الخبيـث، فيقـول: رب لا تقـم السـاعة**))[1] واتـە :- فەرمـووی :- ئەمجـار روحەکـەی دەگێرنـەوە بـۆ لای جەسـتەکەی ، پاشـان دوو فریشـتە دێـن بـۆ لای و دایدەنیشـێنن و پێـی دەڵێـن :- پـەروەردگاری تـۆ کێیـە ؟ ئەویـش دەڵێـت :- هـاه ..هـاه .. نازانـم ، ئەوانیـش دەڵێـن :- ئـەی دینەکـەت چ دینێکـە ؟ ئەویـش دەڵێـت :- هـاه .. هـاه .. نازانـم ، ئەوانیـش دەڵێـن :- ئـەو پیـاوەی کـە لـە ناوتانـدا ڕەوانـە کـرا کـێ بـوو ؟ ئەویـش دەڵێـت :- هـاه .. هـاه .. نازانـم .. ئەمجـار بانگکەرێـک لـە ئاسـمانەوە بانـگ دەکات :- کـەوا درۆی کـرد و لـە ئاگـر جێگایەکـی بـۆ ڕابخـەن وە دەرگایەکـی لـە دۆزەخـەوە بـۆ بکەنـەوە ، جـا لـە گەرمـی و ناخۆشـی بۆنـی دۆزەخـی بـۆ دێـت ، وە گۆڕەکـەی لەسـەر تەنـگ دەبێتـەوە و دێتـە یـەک تـا پەراسـۆکانی تێـک دەچـن و دەچـن بـە نـاو یەکـدا ، ئەمجـار کابرایەکـی ڕوو ناشـیرین دێـت بـۆ لای جلوبەرگێکـی پیسـی لـە بەردایـە و بۆنێکـی بۆگەنـی لـێ دێـت ، پێـی دەڵێـت :- مـوژدە بێـت بـۆ ئـەو شـتەی کـە دڵتەنگـت دەکات ئەمـە ئـەو ڕۆژەیـە کـە پەیمانـت پـێ دراو بـوو ، ئەویـش دەڵێـت :- تـۆ کێیـت ؟ ڕووت بـە ئـەو ڕووە دەکات کـە شـەڕ و خراپـەی لـە گـەڵ خۆیـدا هێنابێـت ؟ ئەویـش دەڵێـت :- مـن کـردەوە خراپەکانـی تـۆم ، ئەویـش دەڵێـت :- پـەروەردگارا قیامـەت هەڵمەسـێنە))

---

(١) رواه احمد(١٨٧٣٣) وابو داود (٤٧٥٣) والحاكم(١١٤) وابو عوانة وابن حبان في (صحيحيهما) والنسائي (٢٠٠٠) وابن ماجه (١٥٤٨) .

ڕاڤەکاری (الطحاویـە) دەفەرموێـت: هەمـوو ئەهـلی سـوننە و فەرموودەناسـان لەگـەڵ ناوەڕۆکـی ئـەم فەرمـودەدان وە چەنـد (شواهد)ـێکی لـە (صحیـح)دا هەیە)[1].

شـیخ الاسـلام ابـن تیمیـة -ڕەحمەتـی خـوای لـێ بێـت- فەرمویـەتی : ئـەو فەرمودەیەی کـە بـاس کـراوە دەربـارەی ڕۆح کێشـانی ئیمانـدارەوە هاتـووە کـەوا بـەرز دەبێتـەوە بـۆ ئـەو ئاسـمانەی کـە خـوای گـەورەی تێدایـە ، ئـەم فەرمودەیـە (معروف)ـە و (جیـد الاسـناد) ـە، وە مەبەسـت لـەوەی کـە (خـوای گـەورەی تێدایـە) وەکـو ئـەو ئایەتەیـە کـە دەفەرموێـت: ﴿ءَأَمِنتُم مَّن فِي ٱلسَّمَآءِ أَن يَخۡسِفَ بِكُمُ ٱلۡأَرۡضَ فَإِذَا هِيَ تَمُورُ ١٦ أَمۡ أَمِنتُم مَّن فِي ٱلسَّمَآءِ أَن يُرۡسِلَ عَلَيۡكُمۡ حَاصِبٗاۖ فَسَتَعۡلَمُونَ كَيۡفَ نَذِيرِ ١٧﴾ (الملك)[2] واتـە : ئایـا دڵنیـان لـەو (خوایـە)ی کـە لـە سـەرووەوەیە ئـەی بتپەرسـتان! بەناخـی زەوییـدا بتانباتـە خـوارەوە و قووتتـان بـدات، وەك (قـاروون)ی قووتکـرد؟ ئینجـا ئـەو حەلـە بەهەمیشـە زەویـی بێـت و بچـێ و بجوڵێـت، کەوابـوو هەرگیـز لەدەسـەڵاتی خـوای بەبەزەیـی دڵنیـا مەبـن، چونکـە هەرکاتـێ قـاری لێگرتـن دەیگـرێ(١٦) یـان لـەو زاتـەی لـە سـەرەوەیە دڵنیـان، کـە وردە زیختـان بەسـەردا ببارێنـێ..؟ ئیمامـی موفەسـیرین (ئیـبن جەریـری تەبـەری) لەمانـای (.. مـن فی السـماء ...) دا دەڵێـت: مەبەسـت بـەو (زاتـە) لەئاسـمانە هەرزاتـی خـوا خۆیەتـی، وەك ئەهلـی سـوونەت و جەماعـەت بـە تێکـڕا ئـەو بڕیارەیـان داوە! ئەوجـا ئەزانـن تۆڵـەی مـن چۆنـە(١٧)

زانـای پایـەدار (ابـن القیـم) دەفەرموێـت: ڕۆحـەکان جیـاوازن لە(مسـتقر) ـەکانیاندا لە بەرزەخـدا بـەو پـەڕی جیـاوازی :

هەندێکیـان وان لـە بەرزتریـن جێـگا بەرزەکانـدا لـە (مـلأ الاعـلی) ئەویـش ڕۆحـی پێغەمبەرانـە ، ئەوانیـش جیـاوازن لـە پلـە و پایەیانـدا ، هەروەکـو چـۆن پێغەمبـەری خـوا(ﷺ) لـە شـەوی ئیـسرادا ئەوانـی بینـی.

وە هەندێـک لـەو ڕۆحانـە لـە (حواصـل)ی باڵنـدەی سـەوزدان ، لـە بەهەشـتدا بـە ویسـتی خـۆی دێـت و دەچێـت ، ئەویـش ڕۆحـی هەنـدێ لـە شـەهیدانە نـەک هەمووییـان

---

(١) انظر : شرح الطحاوية للقاضي ابن ابي العز (٥٧٦/٢) .

(٢) انظر : مجموع الفتاوى لشيخ الاسلام (٢٧١/٤) .

، بەڵکـو هەندێـک لـە شـەهیدان هـەن ڕۆحەکـەی بەنـد دەکرێـت لـە چونـە بەهەشـت لەبـەر قەرزێـک لەسـەرێتی یـان شـتێکی تـر ، وە هەندێکیـان لـە پێـش دەرگای بەهەشـتدا بەنـد دەکرێـن ، وە هەندێکیـان لـە گۆڕەکەیـدا بەنـد دەکرێـت وەکـو فەرمودەکـەی (صاحـب الشـملە) کـە پێـش دابـەش کـردنی غەنیمـە بردویـەتی ئەمجـار شـەهید بـوو ، خەڵکـی وتیـان : مـوژدەی بەهەشـت بـۆ خـۆی ، پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) فەرمـووی : (**والـذی نفـسي بیـده، إن الشَّـمْلَة التـي غلهـا ،لتشـتعل علیـه نـاراً في قـبره**))[1] واتـە :- سـوێند بـەو کەسـەی گیانـی منـی بـە دەسـتە ئـەو کاڵایەکـی بـرد لـە دەسـتکەوتەکان پێـش ئـەوەی دابـەش بکرێـت وە ئەوەیشـە بووەتـە ئاگـر و دەیسـوتێنێ لـە گۆڕەکەیـدا)) .

هەندێکیـان جێگـەی دەرگای بەهەشـت دەبـێ ، هەروەکـو لـە فەرمودەکـەی (ابـن عبـاس) دا هاتـوە دەفەرموێـت: پێغەمبـەری خـوا(ﷺ) فەرموویەتـی : (**الشـهداء علـی بـارق نهـر ببـاب الجنـة في قبـة خـضراء یخـرج علیهـم رزقهـم مـن الجنـة بکـرة وعشـیا**)[2].

وە هەندێکیـان لـە زەویـدا بەنـد دەکرێـن و بـەرز ناکرێنـەوە بـۆ (الملأ الاعـلی) ، چونکـە هـەر خـۆی ڕۆحێکـی (سـفلی أرضي) بـووە ، جا نەفسـە زەمینیەکان کـۆ نابنەوە لەگەڵ نەفسـە ئاسـمانیەکاندا هەروەکـو چـۆن لـە دونیـادا لەگـەڵ یەکـدا کۆنەبونـەوە، جـا ئـەو نەفسـەی لـە دونیـادا ئایـن و خۆشەویسـتی و یـادی خـوای گـەورە و خـۆ نزیـک کردنـەوەی لـێ دەسـت نەکەوتبـێ، بەڵکـو ئـەوە ڕۆحێکی (سـفلی أرضي)ـە ، لە پـاش جیابونەوەی لە جەسـتەکەی لە هیـچ جێگایـەک نابـێ ئیـللا لـەوێ نەبـێ ، هەروەهـا (النفـس العلویه) کە لـە دونیـادا هەوڵی خۆشەویسـتی خـوای گـەورەی دەداو یـادی ئەوی دەکرد و خۆی نزیک دەکـردەوە لەو ، لە کاتی جیابونـەوەی لـە جەسـتەکەی لەگـەڵ (الارواح العلویـه) دا دەبێـت کـە لایـەق و شـایەنی ئەوە، جـا هەمـوو کەسـێک لەگـەڵ ئەو کەسـەدایە کە خـوشی دەوێت لـە بـەرزەخ و ڕۆژی قیامەتدا، خـوای گـەورە نەفسـەکان بەیـەگ دەگەینـێ و هەندێکیـان لەگـەڵ ئـەوانی تـردا لـە بـەرزەخ و ڕۆژی دوایی هەروەکو لە فەرمودەکەی پێشـوودا باسـکرا لە، وە کەسی ئیماندار لەگەڵ (النسـیم الطیـب) دا کـۆ دەکرێتـەوە ، واتـە : ڕۆحە پاکەکان ، جا ڕۆحەکان لە پـاش جیابونەوەیان خۆیان دەگەیەننـە هاوشـێوەکانیان و خوشـکان و هاوکارەکانیـان ، جـا لـەوێ پێکـەوە دەبن .

---

(١) متفق علیه : البخاري (٢٤٣٤) ومسلم (٣٠٦) .

(٢) اخرجه احمد .

وە هەنـدێ لـەو رۆحانـە لـە تەنـووری زینـاکارە پیـاو و ئافرەتەکانـدا دەبـن ، وە هەنـدێ لـە رۆحـەکان لـە رووبـاری خوێنـدا دەبـن مەلـەی تێـدا دەکـەن و بـەرد قـوت دەدەن .

جـا رۆحـە بەختیـار و بەدبەختـەکان یـەک جێگایـان نیـە ، بەڵکـو هەنـدێ رووح لـە (اعـلی العلییـن) وە هەنـدێ رووح لـە (أرضي سـفلی) لـە زەوی بـەرز نابێتـەوە))[1] .

دەڵێـت : ئەگـەر بـە وردی بڕوانیتـە سـوننەت و فەرمـوودەکان فەزڵـی بایەخدانـت بەقسـمەت بـوو ، حوججـەی ئـەوە دەزانی ، وە هەرگیـز گومـانی ئـەوە مەبـە کـە لـە فەرمـوودە راسـت و دروسـتەکان دژ یەکـی تێدایـە ، بەڵکـو هـەر هەمـووی حوججەیـە و هەندێکـی هەندەکـەی تـر پشـت راسـت دەکاتـەوە ، بـەڵام کێشـەکە تێگەیشـتنە وە ناسـینی نەفـس و ئەحاکمەکانێتـی وە ئـەوەش شـەئنێک و باسـێکی هەیـە کـە جیـاوازە لەشـەئن و باسـی جەسـتە..)).

تـا ئـەو جێگـەی دەڵێـت : ئـەوە دابـەش دەبێـت بـۆ (المرسـلە ومحبوسـە) و (العلویـە والسـفلیە) وە لەپـاش جیابونـەوە تەندروسـت و نەخۆشـی هەیـە ، وە ئـازار و خـۆش گـوزەرانی و ئـازاری زۆر هەیـە ، زۆر زیاتـر لـەوەی کاتـێ پەیوەسـت بـوە بـە جەسـتەکەیەوە ، حەبـس و ئـازار و عـەزاب و نەخـۆشی و پەشـیمانی هەیـە ، وە لـەزەت و پشـوودان و خۆشـگوزەرانی هەیـە[2].

ئایا رۆح و نەفس یەک شتن؟ یان دوو شتی جیاوازن؟[3]

زانایـان جیـاوازن لـەوەدا ، هەنـدێ کـەس دەڵێـن : هەردوکیـان یـەک شـتن ئەویـش قسـەی جمهـوری زانایانـە ، وە هەنـدێ کـەس دەڵێـت : جیـاوازن ، وە لێکۆڵینـەوە لـە باسـەکەدا ئەوەیـە کـە وشـەی (روح و نفـس) بـۆ چەنـد مانایـەک دەگوترێـت ، جـاری وا هەیـە ماناکەیـان یـەک شـتن و جـاری وا هەیـە ماناکەیـان جیـاوزە .

---

(١) الروح لابن القيم (٤٣١/١) .

(٢) الروح لابن القيم (٤٣٣/١) .

(٣) الروح لابن القيم (٢/ ٦٥٨) .

جا نەفس بۆ چەند شتێک دەوترێ :

لەوانـە (الـروح) دەڵێـن : (خرجـت نفسـە) واتـا : نەفسـی دەرچـوو ، مەبەسـتی روحـی دەرچـوو ، خـوای گـەورە دەفەرموێـت: ﴿أَخۡرِجُوٓاْ أَنفُسَكُمُۖ ﴿٩٣﴾﴾ (الأنعـام) واتـە : دەگیانـی خۆتـان لەجەسـتەتان دەربهێنـن).

لەوانـە (الـذات) دەڵێـن : رأیـت زیـداً نفسـە وعینـە ، واتـا : زەیـد نەفـسی خۆیـم بینـی . واتـا : زاتی خـۆی ، خـوای گـەورە دەفەرموێـت: ﴿فَسَلِّمُواْ عَلَىٰٓ أَنفُسِكُمۡ ﴿٦١﴾﴾ (النـور) واتـە : سـڵاو لەخۆتـان و یەکـتری بکـەن).

وە لەوانـە (الـدم) واتـە : خوێـن ، دەڵێـن : (سـالت نفسـە) واتـە :خوێنـی رژا ، هـەر لـە نمونـەی ئـەوە قسـەی فەقیهـەکان : (مـا لـە نفـس سـائلة) و (مـا لیـس لـە نفـس سـائلة) هەنـدێ لـە نمونـە ئـەوە دەڵێـن: (نفسـت المـرأة) ئەگـەر بکەوێتە بـێ نوێژیەوە ، وە (نفسـت) :اذا نفسـها ولدهـا) ، هـەر لـە ئـەو مانایـەوە دەڵێـن : (النفسـاء) .

شیخ الاسلام ابن تیمیة دەفەرموێت: (دەڵێن نەفسەکان سێ جۆرن ئەویش :

١- النفـس الأمـارة بالسـوء: ئەویـش ئـەو جۆرەیـە کـە شـوێنکەوتنی ئارەزووەکـەی زاڵ دەبێـت بـە سـەریدا بـە ئەنجامدانـی تـاوان و سـەرپێچی .

٢- النفـس اللوّامـة :ئەویـش ئـەو نەفسـەیە کـە تـاوان دەکات و تەوبـە دەکات ، خەیـر و شـەڕی تێدایـە بـەڵام هـەر کاتێـک خراپەیـەک بـکات ئـەوا تەوبـە دەکات و دەگەڕێتـەوە ، بۆیـە پێـی دەڵێـن (لوامـة) چونکـە لۆمـەی خاونەکـەی دەکات لەسـەر خراپـەکان ، (ولا تتلـوم) واتـا : متـردده لـە نێـوان خەیـر و شـەڕدا.

٣- النفـس المطمئنـة : ئـەو نەفسـەیە کـە خەیـرو چاکـەی خـۆش دەوێ ، وە رقـی لـە خراپـە و شـەڕە ، ئـەوەش بوەتـە ڕەوشـت و عادەتـی .

ئـەم سـیفات و حاڵەتانـە بـۆ یـەک زاتـن چونکـە ئـەو نەفسـەی کـە هـی هەمـوو مرۆڤێکـە یـەک نەفسـە))

وە (روح) بۆ چەند مانایەک دەگوترێت ، لەوانە :

القـرآن : کـە خـوای گـەورە وەحـی کـردوە بـۆ پێغەمبەرەکـەی (ﷺ) ، خـوای گـەورە دەفەرموێـت: ﴿ وَكَذَٰلِكَ أَوْحَيْنَآ إِلَيْكَ رُوحًا مِّنْ أَمْرِنَا ۚ ﴾ (الشـوری) واتـە : هـەروەك بـۆ پەیامبەرانـی پێشـین وەحیـمان کـرد، ئاوایـش ئـەم قورئانەمـان بـۆ تـۆ وەحـی کـرد، بەبڕیـارو فەرمانـی خۆمـان و، رۆح و گیـان و ئەقـڵ دەژێنێتـەوە) .

وە بـە (جبریـل) دەگوترێـت : (روح) ، خـوای گـەورە دەفەرموێـت: ﴿ نَزَلَ بِهِ ٱلرُّوحُ ٱلْأَمِينُ ﴿١٩٣﴾ ﴾ (الشـعراء) واتـە : جوبرەئیلـی دەسـتپاك و ئەمیـن هێنایـە خـوارێ) .

وە بـە (وەحـی) کـە وەحـی دەکات بـۆ پێغەمبـەران و نێـردراوانی ، خـوای گـەروە دەفەرموێـت: ﴿ يُلْقِى ٱلرُّوحَ مِنْ أَمْرِهِۦ عَلَىٰ مَن يَشَآءُ مِنْ عِبَادِهِۦ ﴿١٥﴾ ﴾ (غافـر) واتـە : وەحـی بەفەرمانـی خـۆی دەکا بـۆ هەرکەسـێك خـۆی بیـەوێ لـە بەندەکانـی) .

وە پێـی دەگوترێـت : (روح) چونکـە بەهۆیـەوە ژیانێکـی سـوود بەخـش بەدەسـت دەهێنێـت، چونکـە ژیـان بـە بـێ ئـەوە هیـچ سـوودێک بـە خاوەنەکـی ناگەیەنـێ ، وە بـە(روح) دەڵێـن : (روح) چونکـە ژیـانی جەسـتەی تێدایـە.

هەروەهـا بـەو بایـەی کـە دەچێتـە ژووری جەسـتەوەو لێـی دەردەچێـت پێـی دەڵێـن : (روح) .

هەروەهـا بـەوەی لـە پێشـدا باسـکرا دەگوترێـت (روح) ، ئەویـش ئەوەیـە بـە جیابونـەوەی کەسـەکە دەمرێـت ، ئەمیـش بـەم پێیـە هەمـان مانـای وشـەی (نفس)ـە ، وە ماناکەیـان یەکـە ، وە لـەوەدا جیـاوازن کـە بـە جەسـتەو خوێـن دەگوترێـت (نفـس) ، بەڵام بـەو دوانـە ناگوترێـت : (روح)، واللـە اعلـم .

سێیەم/ فیتنەی قەبرو عەزاب و خۆشیەکەی

ئیـمان هێنـان بـە ڕۆژی دوایـی واتـا ئیـمان هێنـان بەهەمـوو ئـەوەی پێغەمبـەری خـوا(ﷺ) هەواڵـی داوە کـە پـاش مـردن ڕوودەدات ، جـا لەوانـە ئیـمان بـە فیتنـەی قەبـر و عـەزابی قەبـر و خۆشـیەکانی ، ئەویـش چونکـە لـە نێـوان ئـەو مردنـەی کـە کۆتایـی ژیـانی یەکەمـی پـێ دێـت و لـە نێـوان زیندووبونـەوە کـە ژیـانی دووەم دەسـت پێـدەکات (یـان بـە دەسـتەواژەیەکی تـر لـە نێـوان قیامـەتی بچـووک و قیامـەتی گـەورەدا) ماوەیـەک هەیـە کـە قورئـانی پیـرۆز نـاوی لێنـاوە (بـەرزەخ) ، هەروەکـو خـوای گـەورە دەفەرمووێـت:﴿ حَتَّىٰٓ إِذَا جَآءَ أَحَدَهُمُ ٱلْمَوْتُ قَالَ رَبِّ ٱرْجِعُونِ ﴿٩٩﴾ لَعَلِّيٓ أَعْمَلُ صَٰلِحًا فِيمَا تَرَكْتُ كَلَّآ إِنَّهَا كَلِمَةٌ هُوَ قَآئِلُهَا وَمِن وَرَآئِهِم بَرْزَخٌ إِلَىٰ يَوْمِ يُبْعَثُونَ ﴿١٠٠﴾ ﴾ (المؤمنون) واتـە : خوانەناسـان هـەر درێـژە بـەکاری خـراپ و بـێ بڕوایـی خۆیـان ئـەدەن تـا کاتـێ مـردن یەخـەی یەکـە بەیەکەیـان دەگرێـت و ئەحواڵـی ئاخیرەتـی بـۆ ئاشـکرا دەبـێ ئەوسـا ئەڵـێ: پـەروەردگارم! بمگێـڕەوە بـۆ دنیـا(٩٩) بەشـکو ئـەو کارە چاکـەی کاتـی خـۆی لەدەسـتم چـووە بیکـەم ، نەخێـر! هەرگیـز ئـەو داخوازیـە جێبەجـێ نابێـت، ئەوەیـش هـەر قسـەیەو- ئـەو بەناچـاری- دەیـکات وەتـا ڕۆژێ زینـدوو دەکرێنـەوە لەمپەرێکـی زۆر گەورەیـان لەپێشـدایەو ناتوانـن بگەڕێنـەوە بـۆ دنیـا.(١٠٠) .

وە (بەرزەخ) لە زماندا :ئەو نێوەندەیە (حاجز) ـە یە لەنێوان دوو شتدا .

وە لەم بەرزەخەدا نمونەیەک لە پاداشتی ژیانی دوایی تێدایە ، ئەویش یەکەم ماڵە لە ماڵەکانی دواڕۆژ ، هەر لەوێدا پرسیاری دوو فریشتەکەی تێدایە ئەمجار عەزاب یان خۆشگوزەرانی .

پرسیاری دوو فریشتەکە:

وە پێـی دەڵێـن : (فیتنـەی قەبـر) ، بریتییـە لـە تاقیکردنـەوەی مـردوو کاتـێ دوو فریشـتەکە پرسـیاری لێدەکـەن

چەنـد فەرموودەیـەک بـە (متواتـر)ی هاتووە لـە پێغەمبەری خـواوە(ﷺ) دەربـارەی ئەم فیتنەیـە لـە فەرمـودەی (البراء بـن عـازب و انـس بن مالـك و ابو هریـرة) و جگـە لەوان .

ئەمـەش هەمـوو کەسـێک دەگرێتـەوە تەنهـا پێغەمبـەران نەبێـت ، چونکـە لەوانـدا جیـاوازی هەیـە، هەروەهـا جیـاوازی هەیـە لەوانـەی کـە تەکلیفیـان لەسـەر نیـە وەکـو منـداڵ و شـێتەکان ، دەڵێـن : تاقـی ناکرێنـەوە ، چونکـە تاقیکردنـەوە بـۆ (مکلـف)ـەکانە، وە دەڵێـن : تاقـی دەکرێنـەوە.[1]

وە حوججـە و بەڵگـەی ئەوانـە کـە دەڵێـن : پرسـیاریان لـێ دەکرێـت ، ئەوەیـە کـە دروسـتە نوێـژ لەسـەریان بکرێـت و دوعایـان بـۆ بکرێـت و داوا لـە خـوا بکرێـت کـە لـە عـەزابی قەبـر و فیتنـەی قەبـر بیانپارێزێـت ، هەروەکـو (امـام مالـک) گێڕاویەتیـەوە لـە (موطأ)ـەکەیدا لـە ابـو هریـرەوە ، کـەوا پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) نوێـژی کـرد لەسـەر جەنـازەی منداڵێـک ، گوێیـان لـێ بـوو لـە دوعاکەیـدا دەیفەرمـوو : (اللهـم قـە عـذاب القـبر) واتـە : خودایـە لـە عەزابـی قەبـر بیپارێـزە .

هەروەهـا ئەوەیـان کردوەتـە حوججـە کـە (عـلی بـن معبـد) ریوایـەتی کـردوە لـە عائیشـەوە ، کـە جەنـازەی منداڵێکـی بچوکیـان بـە تەنیشـتەوە تێپەڕانـد ، عائیشـە دەسـتی بـە گریانـد کـرد ، پێـی گوتـرا: ئـەی دایکـی ئیمانـداران چـی شـتێک تـۆی گریانـد ؟ فەرمووی : ئـەم منداڵـە ، بـۆی گریـام و بەزەییـم پێـدا هاتـەوە لـە گـۆڕ گوشـین .

دەڵێـن: خـوای گـەورە عەقڵیـان بـۆ کامـل دەکات ، بـۆ ئـەوەی پایـەی خۆیـان بزانـن ،ئەمجـار ئیلهامـی وەڵامیـان پـێ دەدرێـت لـەوەی پرسـیاریان لـێ دەکرێـت ، دەڵێـن : چەندیـن بەڵگـە هاتـوە لەسـەر ئـەوەی کـەوا ئەوانـە لـە ئاخیرەتـدا پرسـیاریان لـێ دەکرێت ، (الاشـعری) لـە ئەهـلی سـوننەو فەرمـوودەوە گێڕاویەتیـەوە ، جـا ئەگـەر لـە ئاخیرەتـدا تاقیکرانـەوە ، ئـەوا هیـچ رێگـر نیـە لـە تاقیکردنەوەیـان لـە گۆڕەکانیانـدا .

وە ئەوانـەی دەڵێـن : پرسـیاریان لـێ ناکرێـت ، بەڵگەیـان ئەوەیـە ئـەم پرسـیارە بـۆ کەسـێکە کـە تێگەشـتبێت لـە (رسـول و المرسـل) ، ئەمجـار پرسـیاری لـێ دەکرێـت : ئایـا ئیـمانی بـە پێغەمبـەر(ﷺ) هێنـاوە و گوێڕایەڵـی کـردوە یـان نـا ؟

---

(١) انظر : مجموع الفتاوى لشيخ الاسلام (٤/٢٧٧-٢٨١) والروح لابن القيم (١/٣٦٦-٣٦٩) .

بـەڵام ئـەو منداڵـەی بـە هیـچ شـێوەیەک لـە شـێوەکان ناتوانـێ شـتەکان جیابکاتـەوە لە یەکـتر، ئایـا چـۆن پێـی دەگوترێـت: ئایـا چـی دەڵێیـت دەربـارەی ئـەو پیـاوەی کـە ڕەوانـە کـرا بۆتـان ؟ هەرچەنـدە ئەگـەر لـە قەبرەکەشـدا عەقڵـی بـۆ گێڕایـەوە ، ئـەوا پرسـیاری لـێ ناکرێـت دەربـارەی شـتێک کـە ناتوانێـت لێـی تێبـگات و عیلمـی پێـی هەبێـت ، وە هیـچ سـودێک لـەم پرسـیارەدا نیـە ، ئەمـەش جیـاوازە لـە تاقیکردنەوەیـان لـە ئاخیرەتـدا ، ئـەوا خـوای گـەورە پێغەمبەرێکیـان بـۆ دەنێرێـت ، فەرمانیـان پـێ دەکات بـە گوێڕایەڵـی کـردنی ، لـە کاتێکـدا خـاوەنی عەقڵـی خۆیانـن ،جـا هەرکەسـێک لـەوان گوێڕایەڵـی کـرد ئـەوا رزگاری دەبـێ ، هەرکەسـش سـەرپێچی کـردن ئـەوا دەخرێتـە ئاگـرەوە ، ئـەوە تاقیکردنەوەیەکـە بە فەرمانێـک فەرمانیـان پـێ دەکرێـت ئـەو کاتـە ئەنجامـی دەدەن ، نـەک ئـەوە پرسـیارێک بێـت دەربـارەی کارو بارێکـی رابـردووە لـە دونیـادا لـە گوێڕایەڵـی یـان سـەرپێچی ، وەکـو پرسـیاری دوو فریشـتەکە لـە قەبـردا .

وەڵامـی بەڵگـەی یەکەمیـان داوەتـەوە و دەڵێـن : فەرمودەکـەی (ابـو هریـرە) مەبەسـت لـە عـەزابی قەبـر تێیـدا سـزادانی منداڵەکـە نیـە لەسـەر وازهێنـان لـە گوێڕایەڵـی یـان ئەنجامـدانی سـەرپێچی بەهیـچ شـێوەیەک ، چونکـە خـوای گـەورە بـە هیـچ شـێوەیەک سـزای کەسـێک نـادات لەسـەر تاوانێـک نەیکردبێـت ، بەڵکـو مەبەسـت لـە عـەزابی قەبـر ڕەنگـە ئـەو ناڕەحـەتی و ئـازارە بێـت کـە تـوشی مـردوو دەبێـت بـە هـۆی جگـە لـە خۆیـەوە ، هەرچەنـدە تۆڵەیـەک نەبـێ لەسـەر کارەکـەی خـۆی ، هـەر لـەو باسـە پێغەمبـەری خـوا(ﷺ) دەفەرموێـت: (إن الميت ليعذب ببكاء أهله عليه)[1] واتـە : کەسـی مـردووە ئـازار دەچێـژێ بـە هـۆی گریانـی کـەس وکارەکـەی بەسـەریەوە) .

واتـا : ئـازار دەکێشـێ و پێـی ناڕەحـەت دەبێـت ، نـەک ئـەو سـزا دەدرێـت بـە هـۆی تـاوانی زینـدووەوە: ﴿وَلَا تَزِرُ وَازِرَةٌ وِزْرَ أُخْرَىٰ ﴿١٦٤﴾﴾(الأنعام) واتـە : و هیـچ کەسـێك بـاری گوناهـی هیـچ کەسـێکی تـر هەڵناگـرێ.)

---

(١) متفق عليه : أخرجه البخاري (١٢٨٦) ومسلم (٢١٧٤) .

ئەمیـش وەکـو ئـەو فەرمودەیـە کـە پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) دەفەرموێـت: (السـفر قطعـة مـن العـذاب)[1] واتـە : سـەفەر بەشـێکە لـە عـەزاب) جـا عـەزاب گشـتگیرترە لـە سـزا (عقوبـە) ، گومانیـشی تێـدا نیـە کـە لـە گـۆڕدا هێنـدە ئـازار و خـەم و پەشـیمانی هەیـە کـە کاریگـەری دەبـێ لەسـەر منداڵەکـە و پێـی ئـازار دەخـوات و ناڕەحـەت دەبێـت ، بۆیـە دروسـتە بـۆ ئـەو کەسـەی نوێـژ دەکات لەسـەری کـەوا داوا لـە خـوای گـەورە بـکات لـەو عەزابـە بپارێزێـت ، واللـە اعلـم .

زانایـان جیـاوازن لەسـەر ئـەوەی ، ئایـا ئـەو پرسـیارەی نـاو قەبـر گشـتیە لـە حەقـی موسـڵمانان و دووڕووەکان و کافـرەکان ؟ یـان تایبەتـە بـە موسـڵمانان و دووڕوو ؟[2]

دەڵێـن : تایبەتـە بـە کـەسی موسـڵمان و دووڕوو نـەک کـەسی کافـری بێبـاوەڕی درۆزن ، وە دەڵێـن : پرسـیاری نـاو قەبـر گشـتیە بـۆ کافـر و موسـڵمان ، ئەمـەش ئەوەیـە کـە کیتـاب و سـوننەت دەلالـەتی لەسـەر دەکات ، وە بـە دەرهێنـانی کافـر لەمـەدا بەهیـچ شـێوەیەک بەڵگـە نایگرێتـەوە .

هەروەهـا جیـاوازن ، ئایـا پرسـیارکردن لـە گـۆڕدا تایبەتـە بـەم ئوممەتـە یـان بـۆ ئـەم ئوممەتـەو جگـە لـەم ئوممەتـەش ؟ بـۆ سـێ را[3]:

رای یەکـەم : ئەمـە تایبەتـە بـەم ئوممەتـەوە ، چونکـە ئوممەتـەکانی پێـش ئێمـە پێغەمبەرکانیـان پەیامیـان بـۆ دەهێنـن ، جـا ئەگـەر رازی نەبـوون ، ئـەوا پێغەمبەرانیـان لێیـان جیـا دەبونـەوەو سـزایەکی سـەختی بەپەلەیـان بـۆ دەهـات ، بـەڵام کاتـێ خـوای گـەورە (محمد)ـــی(ﷺ) ڕەوانـە کـرد بـە ڕەحمـەت و ئیمامێـک بـۆ هەمـوو خەڵکـی ، هەروەکـو خـوای گـەورە دەفەرموێـت: ﴿وَمَآ أَرۡسَلۡنَٰكَ إِلَّا رَحۡمَةٗ لِّلۡعَٰلَمِينَ ١٠٧﴾ (الأنبياء) واتـە : ئێمـە هـەر بۆیـە تۆمـان نـارد کـە ڕەحمـەت و بەزەیـی و میهرەبانییـەك بیـت بـۆ هەمـوو جیهانیـان تادەسـتیی تـەواوی مـەردوم بـەرەو هیدایـەت و ڕێگـەی بەختیاریـی بگریـی)

---

(١) أخرجه البخاري (١٨٠٤) ومسلم (١٩٢٧) .

(٢) الروح لابن القيم (٣٥٧/١)

(٣) الروح لابن القيم (٣٦٣/١) .

بـەو بۆنـەوە عـەزابی لێگرتنـەوە ، وە شمشـێری پێـدرا ، بـۆ ئـەوەی هەرکەسـێک دێتـە نـاو دینـی ئیسـلامەوە ئـەوا لـە تـرسی شمشـێرەکە ببێتـە موسـڵمان ، ئەمجـار ئیـمان لـە دڵێـدا دەچەسـپێت ، مۆڵەتیـان پـێ درا ، ئـا لـەوەوە بابـەتی دووڕووی دروسـت بـوو ، ئـەوان کوفریـان دەشـاردەوەو ئیمانیـان ئاشـکرا دەکـرد ، بۆیـە ئـەوان خۆیـان شـاردبوەوە لـە نـاو موسـڵمانادا ، کاتـێ مـردن ، خـوای گـەورە فیتنـەی قەبـری بـۆ دانـان بـۆ ئـەوەی نهێنیەکانیـان دەربـکات بـەو پرسـیارە .

ئەوانـەی خـاوەنی ئـەم قسـەیەن ئـەو فەرمودەیـەی پێغەمبـەری خوایـان(ﷺ) کردوەتـە حوججـە کـە دەفەرموێـت: (**إن هـذه الأمـة تُبْتَـلَى في قبورهـا**) واتـە: ئـەم ئوممەتـە لـە گۆڕەکەیـدا تاقـی دەکرێنـەوە) وە بـەو فەرموودەیـەی کـە دەفەرموێـت: (**أوحـي إليَّ أنكـم تفتنـون في قبوركـم**) واتـە : وەحیـم بـۆ کـراوە کـەوا لـە گۆڕەکانتانـدا تاقیدەکرێنـەوە) ، ئەمـەش ئاشـکرایە لـە تایبەتەمەندکردنـی بـەم ئوممەتـەوە ، وە قسـەی دوو فریشـتەکە بەڵگەیـە لەسـەری کـە دەڵێـن: (مـا کنـت تقـول في هـذا الرجـل الـذي بعـث فيكـم؟) .

رای دووەم : پرسیاری ناو قەبر بۆ ئەم ئوممەتەو جگە لەم ئوممەتەیە.

خـاوەنی ئـەم رایـە وەڵامـی بەڵگـەکانی رای یەکەمیـان داوەتـەوە بـەوەی کـە بەڵگـە نیـە بـە تایبەتکـردنی پرسـیار کردنەکـە بـۆ ئـەم ئوممەتـە جگـە لـە ئوممەتـەکانی تـر ، وە مەبەسـت لـە (هـذه الامـة) یـان مەبەسـت خەڵکیـە ، واتـا بـەنی ئـادەم هەروەکـو خـوای گـەورە فەرمویـەتی : ﴿وَمَا مِن دَآبَّةٍ فِي ٱلْأَرْضِ وَلَا طَٰٓئِرٍ يَطِيرُ بِجَنَاحَيْهِ إِلَّآ أُمَمٌ أَمْثَالُكُم ﴿٣٨﴾﴾ (الأنعـام) واتـە : گشـت رەوکـەر و گیانلەبەرێکـی ئـەم زەوییـە هەمـوو بالّندەیەکیـش کـە بـە دوو بـاڵان دەفـڕێ هەمـوو ئەمانـە چەنـد ئوممەتێکـن وەکـو ئێـوە دروسـتکراوی خوَمانـن و یاسـای تایبەتیـمان دانـاوە بـۆ ژیانیـان و موتاجمانـن).

وە هـەر جۆرێـک لە جـۆرەکانی گیانداران پێـی دەگوترێت : (ئوممەت) ، وە ئەگەر مەبەسـتی ئوممەتەکـەی (محمـد) (ﷺ) ببێـت هیـچ بەڵگـەی نەفی کـردنی پرسـیاری ئوممەتەکانی تـری تێدا نیـە، چونکـە ئـەو هەواڵـە دەدرێـت پێیـان کـە ئـەوان پرسـیاریان لێدەکرێـت لـە گۆڕەکانیانـدا ، هەروەهـا فەرمـودەی: (**أوحـي إليَّ أنكـم تفتنـون في قبوركـم**) تەنهـا هەواڵێکـە نـەفی کـردنی ئوممەتـەکانی تـری تێـدا نیە .

رای سێیەم : لـەم مەسـەلەدا راوەسـتین ، چونکـە بەڵگـەکان لـەوەدا (محتمـل) ـە نەک (قطعـي) بێـت لـە تایبەتکردنـدا ، واللـە اعلـم.

شێوازی پرسیاری دوو فریشتەکە بە پێی ئەو فەرمودانەی لەو بارەیەوە هاتووە:

لـە فەرموودەکـەی (الـبراء بـن عـازب) دا هاتـووە کـەوا پێغەمبـەری خـوا(ﷺ) فەرموویـەتی: **(فتعـاد روحـه (يعنـي : الميـت) في جسـده ، فيأتيـه ملـكان)** واتـە : ئەمجـار روحەکـەی بـۆ دەگێڕێتـەوە (واتـە : مردووەکـە) بـۆ جەسـتەکەی ، ئەمجـار دوو فریشـتە دێـن بـۆ لای).

لـە هـەردوو کتێبـی (صحیـح)دا هاتـووە لـە فەرمـوودەی (قتـادە) وە لـە (ئەنـەس) ەوە ، کـەوا پێغەمبـەری خـوا(ﷺ) فەرموویـەتی : **(إن الميـت إذا وضـع في قـبره ، وتـولى عنـه أصحابـه ، وانـه ليسـمع خفـق نعالهـم أتـاه ملـكان، فيقعدانـه ، فيقـولان لـه : مـا كنـت تقـول في هـذا الرجـل محمـد(ﷺ)؟ فأمـا المؤمـن فيقـول : أشـهد أنـه عبداللـه و رسـوله(ﷺ)))** واتـە : کاتـێ کـە مـردوو دەخرێتـە نـاو گۆڕەکەیـەوە ، وە هاوەڵانـی بـە جێیـان هێشـت ، ئـەو گوێبیسـتی تەقـەی نەعلەکانیـان دەبێـت ، وە دوو فریشـتە دێـن بـۆ لای و دایدەنیشـێنن پێـی دەڵێـن :- ئـەو پیـاوە (محمـد)(ﷺ) کـە لـە ناوتانـدا رەوانـە کـرا کێیـە ؟ ئەویـش دەڵێـت :- شـایەتی دەدەم کـە ئـەوە بەنـدە و پێغەمبەری خودایـە (ﷺ).)).

دەڵێـت : (**فيقـول : انظـر الى مقعـدك مـن النـار ، قـد أبدلـك اللـه بـه مقعـداً مـن الجنـة) قـال رسـول اللـه(ﷺ) : (فيراهـما جميعـا) قـال : (فأمـا الكافـر والمنافـق ، فيقـولان لـه : مـا كنـت تقـول في هـذا الرجـل ؟ فيقـول : لا أدري ، كنـت أقـول مـا يقـول النـاس ، فيقـولان لـه : لا دريـت ولا تليـت ، ثـم يـضرب بمطـراق مـن حديـد بـين اذنيـه ، فيصيـح صيحـة فيسـمعها مـن عليهـا غـير الثقلـين)**[1]

وە لـە فەرموودەیەکـی تـردا لـە (صحیـح ابی حاتـم) دا هاتـوە: (**أتـاه ملـكان أسـودان أزرقـان ، يقـال: لأحدهـما المنكـر وللآخـر النكـير)**[2] .

---

(١) متفق عليه : أخرجه البخاري (١٣٧٤) ومسلم (٧١٤٥) .

(٢) اخرجه الترمذي (١٠٧٢) .

وە لـە فەرمودەیەکـی تـردا لـە (المسـند) و (صحیـح ابی حاتـم) دا هاتـووە لـە (ابـو هریـرە)وە کـە پێغەمبـەری خـوا(ﷺ) فەرمویـەتی : **(إن المیـت إذا وضـع في قـبره ، إنه یسـمع خفـق نعالهـم حـین یولـون عنـه ، فـإن کان مؤمنـا کانـت الصـلاة عنـد رأسـه وکان الصیـام عـن یمینـه وکانـت الـزکاة عـن شـماله وکان فعـل الخیـرات مـن الصدقـة والصـلاة والمعـروف والإحسـان إلى النـاس عنـد رجلیـه ، فیـؤتى مـن قبـل رأسـه فتقـول الصـلاة : مـا قبـلي مدخـل ، ثـم یـؤتى عـن یمینـه فیقـول الصیـام : مـا قبـلي مدخـل ، ثـم یـؤتى عـن یسـاره فتقـول الـزکاة : مـا قبـلي مدخـل ، ثـم یـؤتى مـن قبـل رجلیـه فیقـول فعـل الخیـرات مـن الصدقـة والمعـروف والإحسـان إلى النـاس : مـا قبـلي مدخـل ، فیقـال لـه : اجلـس فیجلـس ، قـد مثلـت لـه الشـمس وقـد دنـت للغـروب فیقـال لـه: أرأیتـك هـذا الـذي کان قبلکـم مـا تقـول فیـه ؟ ومـاذا تشـهد علیـه ؟فیقـول : دعـوني حتـى أصـلي ، فیقولـون : إنـك سـتفعل أخبرنـا عـما نسـألك عنـه .....)**[1]

ئەو فەرموودانەو ئەوانەی بەم مانایە هاتوون بەڵگەن لەسەر چەند مەسەلەیەک لەوانە :

١- پرسـیارەکە لـەو کاتـەدا روو دەدات کـە مردوەکـە دەخرێتـە نـاو قەبرەکـە ، لەمەشـدا رەددی ئەهلـی بیدعـەی تێدایـە وەکـو (ابوالهذیـل) و (المریسـي) تێدایـە کـە دەڵێـن : پرسـیارەکە لـە نێـوان هـەردوو فووکردنەکـەدا دەبـێ.

٢- ناونانـی دوو فریشـتەکە بـە (منکـر و نکیـر) ئەمـەش رەددی ئـەو کەسـانەی تێدایـە لـە (معتزلـە) کـەوا دەڵێـن: دروسـت نیـە ناویـان بنرێـت بـەو نـاوە ، وە تەئویلـی ئـەو نـاوە دەکـەن کـە لـە فەرموودەکـەدا هاتـووە بـەوەی مەبەسـت لـە (المنکـر) واتـە : مردووەکـە زمانـی قـورس دەبێـت و دەچێـت بـە یەکدا ئەگـەر پرسـیاری لێکـرد و (النکیر) سەرزەنشـت کـردن و ئازاردانیەتـی لـە لایـەن فریشـتەکانەوە .

٣- رۆحـی مردوەکـە بـۆی دەگێرێتـەوە لە قەبرەکەیـدا لەکاتی پرسـیارکردندا ، وە دادەنیشـێ و دەهێنرێتـە قسـەکردن ، ئەمیـش رەددی (أبـی محمـد بـن حـزم)ی تێدایـە کـە نەفـی لـەو کارە دەکات، ئیـلا مەگـەر مەبەسـتی نەفـی ئـەو ژیانـەی کردبێ کـە لە دوونیـادا دەناسـرێت ، ئەوا ئـەم قسـەیە راسـتە ، چونکـە گەڕانـەوەی رۆح بۆ جەسـتەی مردوەکـە وەکو گەڕانـەوەی نیە لە

---

(١) اخرجه احمد وابن حبان.

کاتـی ژیانـی ئـەم دونیایە ، هەرچەنـدە ئەوە رەنگە کاملتر بێ لە چەنـد رووبەکەوە ، هەروەکو چـۆن دروسـت کردنـی دوارۆژ وەکو ئەم دروسـت کـراوە نیە ، هەرچەندە ئـەو کاملترە ، بەڵکو هەمـوو جێگایـەک لـەم دونیایـەو بـەرزەخ و قیامەت چەنـد حوکمێکی تایبەت بـە خۆی هەیە ، بۆیـە ، پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) هەواڵـی پێداوین کەوا مـردوو قەبرەکەی بۆ فـراوان دەکرێتەوە و پرسـیاری لێدەکرێـت ...لـە نمونـەی ئەوانـە ، هەرچەنـدە خۆڵەکـەی سـەری ناگۆڕدرێت ، جا رۆحـەکان دەگەڕێتـەوە بۆ جەسـتەی مردووەکە و لێـی جیادەبێتەوە .

پەیوەستێکانی رۆح بە جەستەوە:

رۆح بۆ جەستە چەند پەیوەستی و پەیوەندیەکی جۆراوجۆری هەیە کە ئەمانەن :

رۆح بۆ جەستە پێنج جۆر پەیوەستی هەیە کە حوکمەکانیان جیاوازن :[1]

یەکەم/ پەیوەست بونی لەگەڵیدا لە سکی دایکدا کە کۆرپەلەیە .

دووەم/ پەیوەست بوونی لەگەڵیدا لە پاش دەرچونی بۆ سەر زەوی .

سـێیەم/ پەیوەسـت بونـی لـە گەڵیـدا لەکاتـی خەوتنـدا ، لەگەڵیـدا پەیوەسـت بونێکـی هەیـە لـە رووبەکـەوەو جیابونـەوە لـە رووبەکـی تـرەوە .

چـوارەم/ پەیوەسـت بـوون لـە گەڵیـدا لـە بەرزەخـدا ، ئـەو هەرچەنـدە لێـی جیادەبێتـەوە لێـی دادەماڵـێ و ئـەوا بەشـێوەیەکی گشـتی لێـی جیانابێتـەوە، بەشـێوەیەک هیـچ ئاوڕدانەوەیەکـی بـۆ نەهێڵـێ فەرمـوودەکان بەڵگـەن لەسـەر ئـەوەی کـە بـۆی دەگەڕێتەوە لـە کاتـی پرسـیاری دوو فریشـتەکەدا ، وە کاتـی سـڵاو کردنـی موسـڵمانان لێـی وە ئـەم گەڕانـەوەش تایبەتـە ، واجـب و پێویسـتی ژیانـی جەسـتەی تێـدا نیـە لـە پێـش قیامـەت .

پێنجـەم/ پەیوەسـت بوونـی لەگەڵیـدا لـە رۆژی زیندوبونـەوەی جەسـتەکاندا ، ئەویـش کاملتریـن پەیوەسـت بونـە لەگـەڵ جەسـتەدا ، وەهیـچ نیسـبەتێکی تیدانیـە لـە جۆرەکانـی پەیوەسـت بوونەکانـی پێشـوو، چونکـە ئـەوە پەیوەسـت بونێکـە بەهیچ شـێوەیەک جەسـتە لەگەڵیـدا رازی نابـێ بـە مـردن ، یـان خەوتـن یـان تێکچـون .

---

(١) الروح لابن القيم (١/ ٢٦٣) .

سـزای گـۆڕ و خۆشیەکانی :

مەزهـەبی سـەلەف و پێشـەواکانی ئەوەیـە کـە مـردوو ئەگـەر بمرێـت لـە خۆشـیدا دەبێـت یـان لـە عەزابـدا ، ئـەوەش تـوشی جەسـتە و رۆحەکـەی دەبێـت ، وە رۆح لـە پـاش جیابوونـەوە لـە جەسـتەکەی لـە خۆشـیدا دەبێـت یـان لـە عەزابـدا ، ئەویـش هەنـدێ جـار پەیوەسـت دەبێـت بـە جەسـتەوە وە لەگەڵیـدا تـوشی خـۆشی یـان عـەزاب دەبێـت ، جـا ئەهلـی سـوننەو جەماعـە یەکدەنگـن لەسـەر ئـەوەی کـەوا نەفـس لەخۆشـید دەبێـت و عـەزاب دەدرێـت بەجیـا لـە جەسـتە وە عـەزاب دەخـوات یـان لەخۆشـیدا دەبێـت کـە پەیوەسـتە بـە جەسـتەوە وە جەسـتەش پەیوەسـتە بـە ئـەوەوە، لـەم کاتـەدا خـۆشی و عـەزاب توشـیان دەبـێ کاتـێ پێکـەوەن ، هەروەکـو چـۆن بەسـەر رۆحـدا دەبێـت بـە تەنهـا و جیـاواز لـە جەسـتە ، ئایـا خـۆشی و عـەزاب لەسـەر جەسـتە دەبـێ بەبـێ رۆح ؟ئەمـە دوو رای ناوبانگـی لەسـەرە لـەلای ئەهـلی سـوننە و فەرمـوودە و ئەهـلی کـەلام.[1]

بەڵگەی عەزابی قەبر و خۆشیەکەی لە قورئانی پیرۆزدا :

خـوای گـەورە دەفەرمووێـت:﴿ وَلَوْ تَرَىٰٓ إِذِ ٱلظَّٰلِمُونَ فِى غَمَرَٰتِ ٱلْمَوْتِ وَٱلْمَلَٰٓئِكَةُ بَاسِطُوٓا۟ أَيْدِيهِمْ أَخْرِجُوٓا۟ أَنفُسَكُمُ ۖ ٱلْيَوْمَ تُجْزَوْنَ عَذَابَ ٱلْهُونِ بِمَا كُنتُمْ تَقُولُونَ عَلَى ٱللَّهِ غَيْرَ ٱلْحَقِّ وَكُنتُمْ عَنْ ءَايَٰتِهِۦ تَسْتَكْبِرُونَ ﴿٩٣﴾ ﴾ (الأنعام) واتـە : و ئەگـەر لـەو کاتـەدا کە سـتەمکاران لـە نارەحەتی و پەلەقـاژەی مەرگـدان ببینـی چـۆن گرفتاربـوون فریشـتەی گیانکێشـانیش دەسـتیان لێدەکەنـەوەو لێیـان دەدەن و پێیـان دەڵێـن: دەگیانـی خۆتـان لەجەسـتەتان دەربهێنـن وبینێرنـە لای قـارو تورەیـی خـوای گـەورە، دیـارە ئەوانیـش بۆیـان دەرنایـەو، فریشـتەکانیش لەپشـتەوە تێیـان دەسرەوێنـن پێشـیان دەڵێـن: وا ئەمـڕۆش بەئەوپـەڕی سەرشـۆڕیی و ریسـواییەوە جەزرەبـەو تۆڵـە دەدرێـن چونکـە لـە دنیـادا لەسـەرخوا درۆتـان هەڵدەبەسـت و قسـەی نابەجێتـان دەکـرد ولەبەرامبـەر ئایەتەکانیشـیەوە خۆتـان بـەزل دەزانـی) .

ئـەم دواندنـەش بـۆ ئەوانـە لـەکاتی مردنـدا ، جـا فریشـتەکان - کـە راسـتگۆن- هەواڵیـان داوە کـەوا ئـەوان لـەو کاتـەدا سـزای عەزابێکـی سـوک دەدرێنـەوە ، ئەگـەر دوا بکەوێـت

---

(١) الروح لابن القيم (١/ ٢٨١) .

بـۆ کاتی نەمـانی دونیـا ئـەوا تـەواو نەدەبـوو پێیـان بگوترێـت : ﴿ ٱلْيَوْمَ تُجْزَوْنَ ﴾ ئەمـەش بەڵگەیـە لەسـەر ئـەوەی مەبەسـت لێـی عـەزابی قەبـرە .

خـوای گـەورە دەفەرموێـت: ﴿ فَذَرْهُمْ حَتَّىٰ يُلَٰقُوا۟ يَوْمَهُمُ ٱلَّذِى فِيهِ يُصْعَقُونَ ﴿٤٥﴾ يَوْمَ لَا يُغْنِى عَنْهُمْ كَيْدُهُمْ شَيْـًٔا وَلَا هُمْ يُنصَرُونَ ﴿٤٦﴾ وَإِنَّ لِلَّذِينَ ظَلَمُوا۟ عَذَابًا دُونَ ذَٰلِكَ وَلَٰكِنَّ أَكْثَرَهُمْ لَا يَعْلَمُونَ ﴿٤٧﴾ ﴾ (الطور) واتـە : جـا کەوابـوو وازیـان لێبێنـە تـا ئەگـەن بـەو رۆژەی لەناودەبرێـن و دەکوژرێـن(٤٥) ئـەو رۆژە فێڵەکەیـان فریایـان ناکـەوێ وهیـچ کەڵکیـان پێناگەیەنـێ و بێنیازیـان نـاکا وەلـە هیـچ لایەکـەوە یارمەتیـش نادرێـن(٤٦) وە بێگومـان بـۆ ئەوانـەی سـتەمکاربوون، سـزایەك هەیـە لەدنیـادا، بەرلـە هاتنـی قیامـەت ، بـەڵام زۆربەیـان نازانـن ئـەو سـزایە.(٤٧)

ئەمـەش رەنگـە عەزابیـان بێـت بـە کوشـتن و جگـە لـەوە لـە دونیـادا ، وەیـان مەبەسـتی عەزابیـان بێـت لـە بەرزەخـدا ، ئەمـەش دیارتـر و ئاشـکراترە ، چونکـە زۆربەیـان مـردن و لـە دونیـادا عـەزاب نـەدران ، رەنگـە بڵێـن -کـە دیارتـرە :- هەرکەسـێک لـەوان بمرێـت لـە بەرزەخـدا سـزا دەدرێـت ، وە هەرکەسـێک بمێنێـت لـە دونیـادا عـەزاب دەدرێـت بـە مـردن یـان جگـە لـە ئـەو ، ئـەوەش هەڕەشـەیە بـە عـەزابی ئـەوان لـە دونیـاو بەرزەخـدا .

هـەر لەوانـە ئـەو ئایەتەیـە کـە دەفەرموێـت: ﴿ فَوَقَىٰهُ ٱللَّهُ سَيِّـَٔاتِ مَا مَكَرُوا۟ وَحَاقَ بِـَٔالِ فِرْعَوْنَ سُوٓءُ ٱلْعَذَابِ ﴿٤٥﴾ ٱلنَّارُ يُعْرَضُونَ عَلَيْهَا غُدُوًّا وَعَشِيًّا ۚ وَيَوْمَ تَقُومُ ٱلسَّاعَةُ أَدْخِلُوٓا۟ ءَالَ فِرْعَوْنَ أَشَدَّ ٱلْعَذَابِ ﴿٤٦﴾ ﴾ (غافر) واتـە : ئینجـا خـوا ئیماندارەکـەی پاراسـت لـە فـرت و فێڵیـان ئەوسـزا بەدوتونـدەش دارو دەسـتەکەی فیرعەونـی داگـرت، واتـە: لەدەریاکـەدا نوقمکـران (٤٥) لـە سـەر ئاگـر رادەنوێنرێـن بەبەیانـی و نیـوەڕۆ بـەدواوە، ئەمـەش هـەر لەگـۆڕەوە تـا قیامـەت ، و رۆژێکیـش قیامـەت بەرپـا دەبێـت، خـوا بـە بەفریشـتەکان دەفەرمـوێ: ئـال و شـوێنکەوتوانی فیرعـەون بخەنـە نـاو سـەختترین سـزاوە (٤٦)

بـاسی عـەزابی دووماڵـی کـردووە بـە ئاشـکرا کـە هیـچ ئیحتیمالێکـی تـر لـە خـۆ ناگرێـت ، ئەمـەش بەڵگەیـە لەسـەر سـەلماندنی عـەزابی قەبـر .

خـوای گـەورە دەفەرموێـت : ﴿ فَلَوْلَآ إِذَا بَلَغَتِ ٱلْحُلْقُومَ ﴿٨٣﴾ وَأَنتُمْ حِينَئِذٍ تَنظُرُونَ ﴿٨٤﴾ وَنَحْنُ أَقْرَبُ إِلَيْهِ مِنكُمْ وَلَٰكِن لَّا تُبْصِرُونَ ﴿٨٥﴾ فَلَوْلَآ إِن كُنتُمْ غَيْرَ مَدِينِينَ ﴿٨٦﴾ تَرْجِعُونَهَآ إِن كُنتُمْ صَٰدِقِينَ ﴿٨٧﴾ فَأَمَّآ إِن كَانَ مِنَ ٱلْمُقَرَّبِينَ ﴿٨٨﴾ فَرَوْحٌ وَرَيْحَانٌ وَجَنَّتُ نَعِيمٍ ﴿٨٩﴾ وَأَمَّآ إِن كَانَ مِنْ أَصْحَٰبِ ٱلْيَمِينِ ﴿٩٠﴾ فَسَلَٰمٌ لَّكَ مِنْ أَصْحَٰبِ ٱلْيَمِينِ ﴿٩١﴾ وَأَمَّآ إِن كَانَ مِنَ ٱلْمُكَذِّبِينَ ٱلضَّآلِّينَ ﴿٩٢﴾ فَنُزُلٌ مِّنْ حَمِيمٍ ﴿٩٣﴾ وَتَصْلِيَةُ جَحِيمٍ ﴿٩٤﴾ (الواقعـة)[1]).

لێـرەدا بـاسی ئەحکامـەکانی ڕۆحـی کـردووە لـە کاتی مردنـدا ، لەسـەرەتای سـورەتەکەدا بـاسی ئەحکامـەکانی کـردووە لـە ڕۆژی قیامەتـدا ، چونکـە ئـەوە گرنگـترە و لـە پێشـترەو بـۆ باسـکردن ، وە لـەکاتی مردنـدا کردوویەتـی بـە سـێ بەشـەوە ، هەروەکـو چـۆن لـە دوا ڕۆژدا کردوییەتـی بـە سـێ بەشـەوە.

بەڵگەکانی عەزابی قەبر لە سوننەتەکانی پێغەمبەرەوە(ﷺ):

ئەگـەر بـە وردی تەماشـای فەرمـودەکانی عـەزابی قەبـر و خۆشـیەکانی بکەیـت ، دەبینـی شـیکردنەوەو تەفسـیری ئـەو بەڵگانەیـە کـە لـە قورئانـدا هاتـووە، وە فەرمـودەکانی عـەزابی قەبـر زۆرن و (متواتـر)ن لـە پێغەمبـەری خـوداوە(ﷺ) لەوانـە :-

١- ئـەوەی لـە هـەردوو کتێبـی (صحیـح)دا هاتـووە لـە (ابـن عباس) ـەوە کـەوا پێغەمبەری خـوا(ﷺ) بـە تەنیشـت دوو قەبـرەوە تێپـەڕی و فەرمـووی: ((**إنهمـا ليعذبـان ومـا يعذبـان فـي كبيـر ، أمـا أحدهمـا ، فـكان لا يسـتبريء مـن البـول ، وأمـا الأخـر فـكان يمشـي بالنميمـة) ثـم دعـا بجريـدة ، فشـقها نصفيـن ، فقـال : لعلـه يخفـف عنهمـا مـا لـم ييبسـا**)) واتـە :- ئێسـتا ئـەم دوو گـۆڕە سـزا دەدرێـن ، وە لەسـەر شـتێکی گـەورەش سـزا نادرێـن - مەبەسـتی ئەوەیـە کـە وازلێهێنانـی زۆر گـەورە نییـە ئەگینـا بەڵـێ ئەویـش گەورەیـە وەکـو تـاوان - پاشـان فەرمـووی :- جـا یەکێکیـان خـۆی لـە میـز پـاک نەدەکـردەوە و ئەویتریـان لـە کۆششـکردندا بـوو بـۆ قسـە هێنـان و بـردن) ئەمجـار داوای کـرد سـەعافی دارەخورمایەکیـان بـۆ هێنـا ، کـردی بـە دوو لەتـەوە ، فەرمـووی : بەڵکـو -سـزاکە - سـووک ببێتـەوە لەسـەریان تـا وشـک نەبونەتـەوە) .

---

(١) لە پێشدا تەفسیری ئەم چەند ئایەتە کراوە .

٢- لـه (صحیـح مسـلم)دا هاتـووه لـه (زیـد بـن ثابـت) ـەوه دەفەرموێـت: (**بینمـا رسـول اللـه(ﷺ) فـي حائـط لبنـی النجـار علـی بغلتـه ونحـن معـه ، إذ حـادت بـه ، فـكادت تلقیـه ، فـإذا أقبـر سـتة، أو خمسـة أو أربعـة ، فقـال: ((مـن یعـرف أصحـاب هـذه القبـور؟)) قـال رجـل: أنـا !، قـال: ((فمتـی مـات هـؤلاء ؟)) قـال: ماتـوا فـي الإشـراك ، فقـال : ((إن هـذه الأمـة تُبْتَلَـی فـي قبورهـا ، فلـولا أن لا تدافنـوا لدعـوت اللـه أن یُسْـمِعَكُم مـن عـذاب القبـر الـذي أسـمع منـه...**)) واتـه :- لـه كاتێكـدا پێغەمبـەر خـوا (ﷺ) لـه نزیكـی باخچەیەكـی بەنـی نەجـار بـوو لەسـەر وڵاخەكـەی ، وە ئێمـەش لـه گەڵێـدا بووین لـه نـاكاو لێـی تـرازا و خەریـک بـوو فرێـی بداتـه خـوارەوە (واتـه :- خەریـک بـوو وڵاخەكـه پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) فرێـی بداتـه سـەر زەوییەكـه كاتـێ لـه نـاكاودا ترسـا) زیـد دەڵێـت : لەوێـدا چەنـد گۆڕێـک هەبـوو شـەش یـان پێنـج یـان چـوار بـوو ، فەرمـووی :- كـێ خاوەنـی ئـەم گۆڕانـه دەناسـێت ؟ كابرایـەک فەرمـووی : - مـن دەیناسـم ئـەی پێغەمبـەری خـوا (ﷺ)، ئەویـش فەرموویـی :- كەواتـه ئەوانـه كـەی مـردوون ؟ كابـرا فەرمـووی : لـه كاتێكـدا مـردوون كـه هاوەڵیـان بـۆ خـوا دادەنـا (واتـه لـه سـەردەمی هاوەڵدانانـدا و پێـش هاتنـی ئیسـلام) پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) فەرمـووی : - ئـەم ئوممەتـه لـه گۆڕەكەیانـدا تاقیدەكرێنـەوە وە ئەگـەر ئێـوە مردووتـان نەناشـتبایە ئـەوا داوام لـه خـوا دەكـرد كـه دەنگـی سـزای گۆڕەكانتـان ببیسـتایە لـەوەی كـه مـن دەیبیسـیم)) .

٣- لـه (صحیـح مسـلم) و هەمـوو (سنن)ـەكاندا هاتـووه لـه (ابـو هریـرە)ەوە كـەوا پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) فەرموویەتـی: (**إذا فـرغ أحدكـم مـن التشـهد الآخـر، فلیسـتعذ باللـه مـن أربـع، یقـول: اللهـم إنـي أعـوذ بـك مـن عـذاب جهنـم، ومـن عـذاب القبـر، ومن فتنـة المحیـا والممـات، ومـن شـر فتنـة المسـیح الدجـال**)[1] واتـه :- ئەگـەر یەكێكتـان دواییـن تەحیاتـی تەواوكـرد ئـەوا بـا پەنـا بگرێـت بـه خـوا لـه چـوار شـت ، بڵێـت : - ئـەی خودایـه .. مـن پەنـات پێدەگـرم لـه سـزای دۆزەخ و لـه سـزای نـاو گـۆڕ و لـه فیتنـەی ژیـان و مـردن و لـه خراپـەی فیتنـەی (المسـیح الدجـال) .))

٤- لـه هـەردوو كتیبـی (صحیـح)دا هاتـووه لـه (ابـو ایوب)ـەوە دەڵێـت : (**خـرج النبـي(ﷺ) وقـد وجبـت الشـمس ، فسـمع صوتـاً ، فقـال : یهـود تعـذب فـي قبورهـا)**

---

(١) (صفة الصلاة: ١٨٢)

واتـە : پێغەمبـەری خـوا(ﷺ) دەرچـوو لـە کاتێکـدا رۆژ ئاوابـوو بـوو ،گوێـی لـە دەنگێـک بـوو ، فەرمـووی : جولەکەیـە لـە قەبرەکانیانـدا عـەزاب دەدرێـن) .

٥- هەروەهـا لـە هـەردوو کتێبـی (صحیـح) دا هاتـووە لـە دایکـە (عائیشـە) ەوە دەڵێـت : (**دخلـت علـيَّ عجـوز مـن عجائـز يهـود المدينـة ، فقالـت: إن أهـل القبـور يعذبـون فـي قبورهـم ، قالـت : فكذبتهمـا ، ولـم أنعـم أن أصدقهـا ، قالـت: فخرجـت و دخل عليَّ رسـول اللـه(ﷺ) ، فقلـت لـه : يـا رسـول اللـه(ﷺ) إن عجـوزاً مـن عجائـز يهـود أهـل المدينـة دخلـت ، فزعمـت أن أهـل القبـور يعذبـون فـي قبورهـم ؟ قـال : صدقـت ، إنهـم يعذبـون عذابـاً تسـمعه البهائـم كلهـا ، قالـت: فمـا رأيتـه بعـد فـي صـلاة إلا يتعـوذ مـن عـذاب القبـر**)) واتـە : پیرەژنێـک لـە جولەکەکانـی شـاری مەدینـە هاتـە ژوورەوە بـۆ لام ، گوتـی : ئەهلـی گۆڕسـتان لـە قەبرەکانیانـدا سـزا دەدرێـن ، منیـش ئـەوم بـە درۆ خسـتەوەو ،پێـم خـۆش نەبـوو بـاوەڕی پـێ بکـەم ، دەڵێـت : ئـەو دەرچـوو ئەمجـار پێغەمبـەری خـوا(ﷺ) هاتـە ژوورەوە ، پێـم گـوت : ئـەی پێغەمبـەری خـوا(ﷺ) پیرەژنێـک لـە جولەکەکانـی شـاری مەدینـە هـات بـۆ لام و گوتـی : ئەهلـی گۆڕسـتانەکان لـە قەبرەکانیانـدا سـزا دەدرێـن ؟ فەرمـووی : راسـت دەکات ، ئـەوان سـزا دەدرێـت بـە سـزایەک کـە هەمـوو ئاژەڵـەکان دەیبیسـن ، دەڵێـت : لـە پـاش ئـەوە پێغەمبـەری خـوام(ﷺ) نەبینـی ئیللا لـە نوێژەکانیـدا پەنـای دەگـرت بـە خـوای گـەورە لـە عەزابـی قەبـر)[1] .

ئاگاداریەکی گرنگ:

سـزای قەبـر و پرسـیاری دوو فریشـتەکە هەمـوو مردوویـەک تـوشی دەبـێ ، هەرچەنـدە نەنێژرێـت، جـا ئـەوە ناوێکـە بـۆ عـەزابی بـەرزەخ و خۆشـیەکەی ، ئەویـش لـە نێـوان دونیـاو دوارۆژدایـە ، خـوای گـەورە دەفەرموێـت : ﴿وَمِن وَرَآئِهِم بَرۡزَخٌ إِلَىٰ يَوۡمِ يُبۡعَثُونَ ١٠٠﴾ (المؤمنـون) واتـە : وەتـا رۆژێ زینـدوو دەکرێنـەوە لەمپەرێکـی زۆر گەورەیـان لەپێشـدایەو ناتوانـن بگەڕێنـەوە بـۆ دنیـا، واتـە: هەرگیـز ناگەڕێنـەوەو هـەر لەسزاشـدا دەبـن) .

وە نـاوی لێـنراوە عـەزابی قەبـر لەبـەر زۆری رووداتی ناشـتن لـە قەبـردا ، ئـەوەی لـە سـێ دارە دەرێـت و سـوتاو و خنـکاو و ئـەوەی درێنـدە و باڵنـدەکان دەیخـۆن ئەوانـش بەشـێک

---

(١) متفق عليه : أخرجه البخاري (٦٣٦٦) ومسلم (١٣٢١) .

لـە عـەزاب و خـۆشی بەرزەخیـان هەیـە بـە پێـی کردەوەکانیـان ، هەرچەنـدە هـۆکارەکانی عـەزاب و خۆشـیەکانی و شـێوازەکانیان جیـاواز بێـت .

هەنـدێ لەوانـەی پێشـوو گومانیـان وابـوو ئەگـەر جەسـتە بـە ئاگـر بسـتوێنرێت و بکرێتـە خۆڵەمێـش و هەندێـک لـە دەریـادا بـڵاو بکرێتـەوەو و هەندێـک لـە وشـکانیداو لـە رۆژێکـی بایەکـی تونـدا بەبـادا بکرێـت ئـەوا رزگاری دەبـێ لـەوە ، بۆیـە ئامـۆژگاری کـوڕەکانی کـرد ئـەو کارەی پـێ بکـەن ، خـوای گـەورە فەرمـانی کـردە دەریـا ئـەو بەشـەی تێـدا بـووە کـۆی کـردەوە، وە فەرمـانی کـردە وشـکانی ئـەو بەشـەی تێـدا بـوو کـۆی کـردەوە ، ئەمجـار گـوتی :-هەسـتە ، یەکسـەر لەبەردەسـتی خـوادا راسـت بـووەوە ، پرسـیاری لـێ کـرد: چـی وای لێـت کـرد ئـەو کارە بکـەی ؟ وتی :تـرسی تـۆ ئـەی پـەروەردگارا ، تـۆش باشـتر دەزانی ، بۆیـە خـوای گـەورە رەحمـی پێکـرد[1] ، جـا عـەزابی بـەرزەخ و خۆشـیەکەی لێـی تێنەپـەڕی بـۆ ئـەم بەشـانەشی کـە بـەو شـێوەی لـێ هاتبـوو .

تەنانـەت ئەگـەر مردوویـەک هەڵبواسرێـت بەسـەر دارەکان و لەرۆژێکـی بـادا ، ئـەوا جەسـتەکەی بـەشی خـۆی تـوشی عەزابی بـەرزەخ دەبـێ وە ئەگەر پیـاو چاکێک لەنـاو (أتون)ی ئاگـردا بنێژرێـت، ئـەوا جەسـتەی بەشی خـۆی لە خۆشـیەکانی بەرزەخـی بەردەکەوێـت ، خوای گـەورە ئاگرەکـە دەکاتە سـاردی و سـەلامەتی بـۆ ئەم کەسـە ، وە هەواکە لەسـەر ئەویتر دەکاتە ئاگـر و(سـموم) ، جـا توخمەکانی ئەم جیهانـە و ماددەکانی ملکەچی خوای گـەورەن و ملکەچی دروسـتکارەکەین و بەویسـتی خۆی تەصەروفاتی پێ دەکات ، وە هەر شـتێک ویسـتی لەسـەر بێـت سـەرپێچی نـاکات، بەڵکـو لە ژێـر فەرمانیـدا دەبێـت ، ویسـتەکە ملکەچـی تواناکەیەتی ، هیـچ ڕێگرێـک نیـە رۆحەکـە بگێڕێتـەوە بۆ کـەسی لەسـێدارەدراو و خنـکاو و سـوتاو ، ئێمەش هەسـتی پـێ ناکەیـن ، چونکـە ئـەو گەڕانـەوە جۆرێکی تـرە و شـێوەکەی نەزانـراوە لای ئێمە ، ئـەو کەسـەی کـە بوراوەتـەوە و سـەرخۆش و (المبهـوت) زینـدون و رۆحەکەیان لـە گەڵیاندایە کەچـی هەسـت بـە ژیانیـان ناکەیـت ، ئـەو کەسـەی بەشـەکانی پـەرت و بڵاوبووەتـەوە هیـچ ڕێگرییەک نیە لەسـەر ئەو کەسـەی کە توانای بەسـەر هەموو شـتێکدا هەیە پەیوەندی بخاتە نێـوان رۆحەکـەی و ئـەو بەشـانەوە ، هەرچەنـدە دووریەک یان نزیکیەک لـە نێوانیاندا هەبێ ، وە لـەو بەشـانەدا هەسـت بـە جۆرێـک لـە جـۆرەکانی ئازار یـان لـەزەت دەکەن.

---

(١) متفق عليه : أخرجه البخاري (٧٥٠٦) ومسلم (٦٩١٤) .

جـا ئەگـەر خـوای گـەورە هەسـت و ئیدراکـی بەخشـیبێتە (جـماد)ەکان (بـێ گیانـەکان) ، تەسـبیحاتی خـوای گـەورە دەکـەن و لـە تـرس ئـەودا بـەردەکان بەردەبنـەوە ، چیـاکان و دارەکان سـوجدەی بـۆ دەبـەن ، بـەردو ئـاو و رووەکـەکان تەسـبیحاتی ئـەو دەکـەن ، هەروەکـو خـوای گـەورە دەفەرموێـت: ﴿ وَإِن مِّن شَيْءٍ إِلَّا يُسَبِّحُ بِحَمْدِهِ وَلَٰكِن لَّا تَفْقَهُونَ تَسْبِيحَهُمْ ﴿٤٤﴾ ﴾ (الإسراء) واتـە : هەمـوو شـتێك هـەر هـاواری تـاك و تەنیایـی ئـەو ئەکـەن؛ پارانـەوەو تەسـبیحات و حەمـدی ئـەو دەڵێـن، واتـە: هەمـوو نیازمەنـدی ئـەون، ئـەو بێنیـازە لـە هەمـوو بـەڵام ئێـوە لەپاکانـەو تەسـبیحاتیان تێناگـەن چونکـە عەقـڵ و ژیریتـان ناخەنـە کار بـۆ تێگەیشـتن) .

جـا ئەگـەر ئـەو شـتانە هەسـتیان تێـدا هەبێـت ، ئـەوا ئـەو جەسـتانەی کـە ڕۆح و ژیانیـان تێدایـە لـە پێشـترن ، خـوای گـەورە عەبـدەکانی خـۆی کردووەتـە شـایەت لـەم دونیایـەدا بـۆ گەڕانـەوەی ژیانێکـی کامـل بـۆ جەسـتەکان لـە پـاش ئـەوەی ڕۆحەکـەی لـێ جیابوەتـەوە ئەمجـار قسـەی کـردو ڕێـی کـرد و خـواردی و خواردییـەوەو هاوسـەرگیری کـردو منداڵـی بـوو: ﴿ * أَلَمْ تَرَ إِلَى الَّذِينَ خَرَجُوا مِن دِيَارِهِمْ وَهُمْ أُلُوفٌ حَذَرَ الْمَوْتِ فَقَالَ لَهُمُ اللَّهُ مُوتُوا ثُمَّ أَحْيَاهُمْ ﴿٢٤٣﴾ ﴾ (البقـرة) واتـە : ئـەڕێ تـۆ ئەوانـەت نەدیـت کـە بەهـەزاران کەسـبوون و، ترسـی مـەرگ وای لێکـردن وڵات ونیشـتمانی خۆیـان بەجـێ بهێڵـن و لـە جیهـاد -بەبیانـووی (تاعـوون) هوە-هەڵبێـن؟! خوایـش پێـی فەرمـوون دەسـا بمـرن! ئەوانیـش هەمـوو مـردن ، پاشـان لەسـەر داوای پێغەمبەرەکەیـان زینـدووی کردنـەوەو، گیانـی جیهـادی کـردەوە بـە بەریانـاو پەلاماریانـداو خۆیـان ڕزگار کـردەوە).

خـوای گـەورە دەفەرموێـت: ﴿ أَوْ كَالَّذِي مَرَّ عَلَىٰ قَرْيَةٍ وَهِيَ خَاوِيَةٌ عَلَىٰ عُرُوشِهَا قَالَ أَنَّىٰ يُحْيِي هَٰذِهِ اللَّهُ بَعْدَ مَوْتِهَا ۖ فَأَمَاتَهُ اللَّهُ مِائَةَ عَامٍ ثُمَّ بَعَثَهُ ۖ قَالَ كَمْ لَبِثْتَ ۖ قَالَ لَبِثْتُ يَوْمًا أَوْ بَعْضَ يَوْمٍ ﴿٢٥٩﴾ ﴾ (البقـرة) واتـە : یـان دەنگوباسـی ئـەو کەسـەت بیسـتووە کەبەقـەراخ ئاواییەکـی وێرانـدا (بیـت المقـدس) رابـردوو دیتـی، کـە دارو بـەردی هەمـوو بەسـەریەکا کەووتـووەو چـۆڵ و وێرانەیـەو دیوارەکانیشـی بـە میچەکەیـەوە تەپیـوە؟ ئەوسـا بەسەرسـوڕمانێکەوە ‹لـە بەرخۆیـەوە› وتـی: ئاخـۆ خـوا دوای وێرانبوونـی ئـەم گونـدەو، مردنـی خەڵکەکـەی چـۆن دەتوانـێ ئەمـە زینـدوو ئـاوەدان بکاتـەوە؟ ئینجـا

خـوا بۆمـاوەی سـەد سـاڵ مراندیـی وبـێ گیـان کـەوت، پاشـان زینـدووی کـردەوە، تـا بەچـاو دەسـەڵاتی ئـەو (خوا)یـە ببینـێ خـوا لەسـەر زاری فریشـتە لێپرسـی و فەرمـووی: ئـەرێ تـۆ چەنـدەت پێچـووە بـە مردوویـی؟ لەوەڵامـدا وتـی: وا ئەزانـم رۆژێـك یـا کەمتریـش لـە رۆژێـك ماومەتـەوە، زانـاکان دەڵێـن: ئـەو رۆژە کەمـردو بـێ گیـان کـەوت کاتـی چێشـتەنگاو بـوو، جاکاتێکیـش زینـدووی کـردەوەو هەڵیسـاند کاتـی خۆرئـاوا بـوو، بۆیـە ئەویـش ئـەو وەڵامـەی دایـەوە).

وە لـە نمونـەی بـەنی ئیسرائیـل کـە بـە موسـایان فەرمـووو:﴿ لَن نُّؤْمِنَ لَكَ حَتَّىٰ نَرَى ٱللَّهَ جَهْرَةً ﴿٥٥﴾ ﴾ (البقرة) واتـە : ئـەی لەبیرتانـە کـە حەفتـا کەسـتان لەگـەڵ مووسـادا چوونـە کێـوی (تـوور) بـۆ داوای لێبـوردن لەتاوانـی گوێرەکـە پەرسـتن، کەچـی بـە مووسـاتان گـوت: هەتـا بەئاشـکراو بەچـاوی خۆمـان خـوا نەبینیـن، هەرگیـز بـڕوا ناکەیـن ئـەم کتێبـەت لەلایـەن خـواوە بـۆ هاتبێـت؟!) .

خـوای گـەورە ئـەوانی مرانـد و ئەمجـار زینـدووی کردنـەوە لـە پـاش مردنـی ئـەوان ، هەروەهـا وەکـو (اصحـاب الکهـف) وە چیرۆکەکـەی ئیبراهیـم لەگـەڵ چـوار باڵندەکـەدا ، جـا ئەگـەر خـوای گـەورە ژیانێکـی تـەواوی بـۆ ئـەم جەسـتانە گەڕانـدەوە لـە پـاش سـاردبوونەوە بـە مردنیـان ، ئایـە چـی ڕێگرییـەک هەیـە لەسـەر توانـای کـە ژیـانی بـۆ بگێڕێتـەوە لـە پـاش مـردنی کـە فەرمانـەکانی خـۆی بەسـەردا جێبەجـێ بـکات و بیهێنێتـە قسـەکردن و عـەزابی بـدات یـان لـە خۆشـیدا بێـت بـە هـۆی کردەوەکانییـەوە ، ئایـا نکۆڵـی کـردن لـەوە تەنهـا بـە درۆ خسـتنەوە و جحـود - و عینـادی نییـە ؟؟

ئەوانـەی نکۆڵـی لـە عـەزابی قەبـر و خۆشـیەکەی دەکـەن و گومانەکانیـان و وەڵامدانەوەیـان[1]:-

مولحیـد و زەندیقـەکان ئینکاریـان لـە عـەزابی قەبـر و خۆشـیەکانی کـردووە ، وتیـان :ئێمە کـە قەبرەکـە هەڵدەدەینـەوە بـە هیـچ شـێوەیەک فریشـتە نابینیـن لـە مـردووەکان بـدەن ، وە مـارو ئەژدیهـا و ئاگـری بڵێسـەدار نابینیـن ، ئایـە چـۆن تـا چـاو بـڕ دەکات فـراوان دەبێتـەوە یـان تەنـگ دەبێتـەوە لەسـەری و ئێمـە هـەر بـەو حاڵەتـەی خـۆی دەیبینیـن و

---

(١) الروح لابن القيم (١/ ٣٠٧) .

رووبەروەکـەی هـەر وەکـو خۆیـەتی چـۆن چاڵـمان کردبـوو وە بـە هیـچ شـێوەیەک زیـادی نەکـردوەو کەمـی نەکـردوە ؟ ئایـا چـۆن قەبـر دەبێتـە باخێـک لـە باخـەکانی بەهەشـت یـان چاڵێـک لـە چاڵـەکانی دۆزەخ ؟

بۆ ئەو گومانە لە چەند رووبەکەوە وەڵامی دەدەینەوە :-

یەکـەم : حاڵـی بـەرزەخ لـە کاروبـارە غەیبیەکانـە کـە پێغەمبـەران هەواڵیـان دەربـارەی داوە، وە هەواڵەکانیـان شـتێکی ئەسـتەم نیـە لەسـەر عەقڵـەکان ئەصڵـەن ، بۆیـە پێویسـتە بـاوەڕ بـە هەواڵەکانیـان بکـرێ.

دووەم : ئەو ئاگر و سەوزیەی کە لە قەبردا هەیە وەکو ئاگری ئەم دونیا و باخاتی ئەم دونیایە نیە، کەسێک بیەوێ ببینێ هەروەکو چۆن ئاگر و سەوزی دونیا دەبینێ ، بەڵکو ئەوە لە جۆری ئاگر و سەوزی دوارۆژە ، ئەویش توندترە لە ئاگری دونیا ، ئەهلی دونیا هەستی پێ ناکەن ، خوای گەورە خۆی ئەو خاک و بەردە دەپارێزێ کە لەسەر و ژێرەوەیەتی ، تاکو وای لێدێت لە پشکۆکانی دونیا گەرمتر بێت ، وە ئەگەر ئەهلی دونیا دەستی لێبدەن هەستی پێ ناکەن ، وەتوانای خوای گەورە لەوە فراوانتر و سەرسوڕهێنەرترە .

وە ئەگـەر خـوای گـەورە ویسـتی لـێ بـوو هەنـدێ لەبەنـدەکانی عـەزابی قەبـر ببینـن ئـەوا پیشـانیان دەدات ، لـە جگـە لـە ئەو دەیشـارێتەوە ، چونکە ئەگـەر هەموو بەنـدەکان ئەوەیان ببینیایـە ، ئـەوا چیـتر حیکمـەتی تەکلیـف کردن و ئیـمان هێنان بـە غەیب نەدەمـا ، وە خەڵکی مـردووی خۆیـان نەدەنێـژا ، هەروەکـو لە هـەردوو کتێبی (صحیـح)دا هاتوە لـە فەرمودەیەکدا کـە پێشـتر باسـکرا ، دەفەرمـوێ : (**فلـولا أن لا تدافنـوا لدعوت اللـه أن يُسْـمِعَكُم مـن عذاب القـبر الـذي أسـمع**)) واتـە :- ئەگـەر وا نەبوایـە کە ئێـوە مردووتان نەناشـتبا ئـەوا داوام لە خوا دەکـرد کـە دەنگـی سـزای گۆڕەکانتان ببیسـتایە لەوەی کـە من دەیبیسـیم)) .

وە کاتـێ ئـەو حیکمەتـە لـە سـەر ئـاژەڵان نەبـوو ، ئـەوە دەیبیسـن و هەسـتی پـێ دەکـەن ، هەروەکـو چـۆن بەسـەر وڵاخەکـەی پێغەمبـەری خـودا (ﷺ) رووێـدا خەریـک بـوو فرێـی بـدات ، کاتـێ بـە تەنیشـت ئـەو کەسـەدا تێپـەری کـە لـە قەبرەکەیـدا عـەزاب دەدرا ، جـا بینینـی ئـەم ئاگـرە لـە قەبـردا وەکـو بینینـی فریشـتە و جنۆکەکانـە ، هەنـدێ جـار خـوای گـەورە ویسـتی لێبێـت هەنـدی کـەس دەیبینـن .

ئایـا چـۆن ئینـکاری دەکات کەسـێک خـوای گـەورەی ناسـیبێت و دان بـە توانایـدا بنێـت کـە چەنـد رووداوێـک رووبـدات چـاوی هەنـدێ لـە دروسـتکراوەکانی لەسـەر لابـدات لـە بـەر حیکمەتێکـی خـۆی و رەحمەتێـک بۆیـان ئـەو کارە نـاکات ، چونکـە ئـەوان توانـای بینیـن و بیسـتنی ئەوەیـان نیـە وەبەنـدە بینیـن و بیسـتنیان زۆر لـەوە لاوازتـرە کـە بتوانـێ عـەزابی قەبـر ببینـێ ، وە نهێنـی ئـەم مەسـەلەیە ئەوەیـە کـەوا ئـەم فـراوان بوونـەو ئـەم تەنگـی و رووناکـی و سـەوزایی و ئاگـرە لەجـۆر و جنـسی ئـەوە نیـە کـە لـەم جیهانـەدا نـاسراوە و زانـراوە

خـوای گـەورە ئـەو شـتانەی لـەم دونیـادا هەیـە پێشـانی بـەنی ئادەمـی داوە ، بـەڵام ئـەوەی لـە کاروبـاری دوارۆژە ئـەوا پـەردەی بەسـەریدا داوە ، بـۆ ئـەوەی دان پێدانـان و ئیـمان هێنـان پێـی ببێتـە هۆکارێـک بـۆ بەختەوەریـان ، جـا ئەگـەر ئـەو پـەردە لادرا ، ئـەوا دەبینرێـت بـە چـاو ، ئەگـەر مردوویـەک لەنـاو خەڵکیـدا دابنرێـت ، هیـچ رێگرییـەک نییـە لـەوەی دوو فریشـتەکە بێـن بـۆ لای و پرسـیاری لێبکـەن بەبـێ ئـەوەی ئامادەبـوان هەسـت بـەوە بکـەن ، ئەویـش وەڵامـی دوو فریشـتەکە بداتـەوە بەبـێ ئـەوەی قسـەکانی ببیسـن ، وە لێـی دەدەن بـە بـێ ئـەوەی ئامادەبـوان لێدانەکـەی ببینـن ، ئەوەتـا یەکـێ لـە ئێمـە دەخـەوێ بـە تەنیشـت کەسـێکی بەئـاگاوە ، لەخەوەکـەدا لێـی دەدەن و ئـازار دەکێشـێ و کەسـە بـە ئاگاکـە بـە هیـچ شـێوەیەک ئـاگای لـەو لێـدان و ئـازارە نیـە .

شـێخ الاسـلام ابـن تیمیـة – رەحمەتـی خـوای لـێ بێـت - دەفەرمووێـت: فەرمـوودەکانی عـەزابی قەبـر و مەسـەلەی (نکیـر و منکـر) زۆرن و (متواتـر)ن لـە پێغەمبـەری خـواوە(ﷺ) ، وەکـو ئـەوەی لـە هـەردوو کتێبـی (صحیـح) دا هاتـووە لـە (ابـن عبـاس)ەوە کـەوا پێغەمبـەری خـوا(ﷺ) بـە تەنیشـت دوو قەبـردا تێپـەڕی و فەرمـووی : ((**إنهـما ليعذبـان ومـا يعذبـان في كبـير ، أمـا أحدهـما فـكان لا يسـتتر مـن البـول ، وأمـا الأخـر فـكان يمـشي بالنميمـة ، ثـم دعـا بجريـدة رطبـة ، فشـقها نصفـين ، ثـم غـرز في كل قـبر واحـدة ، فقالـوا : يـا رسـول اللـه(ﷺ) ! لم فعلـت هـذا ؟ قـال : لعلـه يخفـف عنهـما مـا لم ييبسـا**)) واتـە :- ئێسـتا ئـەم دوو گـۆڕە سـزا دەدرێـن ، وە لەسـەر شـتێکی گـەورەش سـزا نادرێـن – مەبەسـتی ئەوەیـە کـە وازلێهێنانـی زۆر گـەورە نییـە ئەگینـا بەڵـێ ئەویـش گەورەیـە وەکـو تـاوان – پاشـان فەرمـووی :- جـا یەکێکیـان خـۆی لـە میـز پـاک نەدەکـردەوە و ئەویتریـان

لـە کۆششـکردندا بـوو بـۆ قسـە هێنـان و بـردن ، ئەمجـار داوای کـرد سـەعافێکی تـەڕی دارەخورمایـان بـۆ هێنـا ، کـردی بـە دوو لەتـەوە ، ئەمجـار هـەر پارچـەی لـە سـەر قەبرێـک ناشـت ، وتیـان : ئـەی پێغەمبـەری خـوا(ﷺ) بـۆ ئـەو کارەت کـرد؟ فەرمـووی : بەڵکـو سـووک ببێتـەوە لەسـەریان تـا وشـک نەبونەتـەوە) .

وە لـە (صحیـح مسـلم) هەمـوو (سـنن)ەکاندا هاتـووە لـە ابـو هریـرەوە کـەوا پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) فەرموویـەتی: (**إذا فـرغ أحدكـم مـن التشـهد الأخـير، فليقـل : أعـوذ باللـه مـن أربـع : مـن عـذاب جهنـم، ومـن عـذاب القـبر، ومـن فتنـة المحيـا والمـمات، ومـن شر فتنـة المسـيح الدجـال**)[1] واتـە :- ئەگـەر یەکێکتـان دواییـن تەحیاتـی تەواوکـرد ئـەوا بـا بڵێـت : پەنـا دەگـرم بـە خـوا لـە چـوار شـت : - لـە سـزای دۆزەخ و لـە سـزای نـاو گـۆڕ و لـە فیتنـەی ژیـان و مـردن و لـە خراپـەی فیتنـەی (المسـیح الدجـال) .))[2] .

ئەمجـار شـەیخ چەندیـن فەرمـوودەی لـەم بـارەوە هێناوەتـەوە ، تاکـو ئـەو جێگایـەی دەڵێـت: (چەندیـن فەرمـودە بـە (متواتـر)ی هاتـووەن لـە پێغەمبـەری خـواوە(ﷺ) دەربـارەی سـەلماندنی عـەزابی قەبـرو خۆشـیەکانی بـۆ ئـەو کەسـەی ئەهـلی ئـەوە بـن ، هەروەهـا پرسـیاری دوو فریشـتەکە ، بۆیـە پێویسـتە بـاوەڕی پـێ بکرێـت ئیـمانی پـێ بهێنرێـت ، دەربـارەی چۆنیەتیەکـەی قسـە نەکەیـن ، چونکـە عەقـڵ ناتوانێـت لەسـەر چۆنیەتیەکـەی بوەسـتێت ، چونکـە لـەم دونیایـەدا شـێوەی زانـراو نیـە و نمونـەی نیـە ، شـەرعیش شـتێک ناهێنـێ بـەوەی کـە لای عەقـڵ ئەسـتەم بێـت ، بـەڵام رەنگـە شـتێک بهێنێـت کـە عەقڵـەکان سەرسـام بـکات ،جـا گەڕانـەوەی رۆح بـۆ جەسـتە بـە هیـچ شـێوەیەک لـەو ناسراوانـەی ئـەم دونیایـە نیـە ، بەڵکـو رۆحەکـەی بـۆ دەگێڕێتـەوە کەوەکـو ئـەو گەڕانـەوە نـاسراوەی ئـەم دونیـا نیـە...)

تاکـو ئـەو جێگەیـەی دەڵێـت: (بزانـە کـە عـەزابی قەبـر عـەزابی بەرزەخە ، هەر کەسـێک بمرێـت و شایسـتەی عـەزاب بێـت ، ئـەوا پشـکی خـۆی بەردەکەوێـت ، بخرێتە نـاو قەبرەوە یـان نەخرێـت ، دڕنـدەکان بیخـۆن یـان بسـوتێنرێت تاکـو دەبێتـە خۆڵەمێـش و بەبـادا

---

(١) (صفة الصلاة: ١٨٢)

(٢) مجموع الفتاوى لشيخ الاسلام (٢٨٧/٤) .

بکرێـت ، یـان لـە سـێدارە بدرێـت یـان لـە دەریـادا بخنکێـت ، ئـەوا لـەو عەزابـە دەگاتـە رۆح و جەسـتەکەی هەروەکـو چـۆن دەگاتـە کەسـێ لـە گۆڕنـراو ، وە ئـەو فەرموودانـەی دەربـارەی دانیشـاندنی و تێـک چـوونی پەراسـوەکانی لـە نمونـەی ئەوانـە، ئـەوا پێویسـتە وەکـو مەبەسـتی پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) لێـی تێبگەیـن ، بەبـێ زیـادە ڕەوی و کـورت ڕەوی ، مانـای قسـەکەی لێـک نەدەینـەوە بەشـێوەیەک ئـەو مانایـە هەڵنەگرێـت وە کـورت ڕەوی نەکرێـت لـە مەبەسـتەکەی و ئـەوەی مەبەسـتێتی لـە هیدایـەت و ڕوونکردنـەوە ،چەندیـن کـەس بەهـۆی فەرامۆشـکردنی ئـەوەو لادان لێـی تـوشی گومڕایـی و لادان لـە ڕاسـتی بـوە کـە تەنهـا خـوا خـۆی دەیزانێـت...)) .

دەڵێـت:- (کورتـەی باسـەکە ئەوەیـە کـەوا مااڵـەکان سـێ دانـەن :مااڵـی دونیـا و مااڵـی بـەرزەخ و مااڵـی جێگـر بـوون ، خـوای گـەورە بـۆ هـەر یەکێکیـان چەنـد ئەحکامێکـی دانـاوە کـە تایبەتـن بـە خـۆی وە ئـەم مرۆڤـەی لـە جەسـتە و نەفـس دروسـت کـردوە ، وە ئەحکامەکانـی دونیـای بەسـەر جەسـتەکاندا دانـاوەو ڕۆحـەکان شـوێنکەوتەی ئـەون ، وە ئەحکامەکانـی بەرزەخـی لەسـەر ڕۆحـەکان دانـاوەو جەسـتەکان شـوێنکەوتەی ئـەون ،جـا ئەگـەر ڕۆژی حـەشری جەسـتەکان و هەسـتانی خەڵکـی لـە گۆڕەکانیـان هـات ، ئـەوا حوکـم و عـەزاب و خۆشـیەکان لەسـەر جەسـتە و ڕۆحـەکان دەبـن.

جـا ئەگـەر بـە وردی لـەم مانایـە ڕابمێنـێ ، ئـەوا بـۆت دەردەکەوێـت قەبـر باخێکـە لـە باخـەکانی بەهەشـت یـان چاڵێکـە لـە چاڵـەکانی دۆزەخ لـە گـەل عەقڵـدا کـۆک و گونجـاون ، ئەوەشـە حەقـە و هیـچ گومانێکـی تێـدا نیـە ، بـەوە ئیمانـداران بـە غەیـب جیادەکرێنـەوە لـە جگـە لـە خۆیـان .

دەبـێ ئـەوەش بزانرێـت کـەوا ئـەو ئاگـرەی لـە قەبردایـە و ئـەو خۆشـیەی تێدایـە لـە جـۆری ئاگـر و خۆشـیەکانی دونیـا نیـە ، هەرچەنـدە خـوای گـەورە ئـەو بـەردو گڵـەی لەسـەریەتی و ئـەوەی لـە ژێریـەتی دەپارێزێـت ، هەتاکـو وای لێدێـت لـە پشـکۆکانی دونیـا گەرمـتر بێـت ، کەچـی ئەهـڵی ئـەم دونیایـە ئەگـەر دەسـتی لـێ بـدەن هەسـتی پـێ ناکـەن ، بەڵکـو لـەوە سـەیرتر ئەگـەر دوو پیـاو بـە تەنیشـت یەکـەوە بنێژرێـن ، ئەمیـان لـە چاڵێـک لـە چاڵـەکانی ئاگردایـە ئەویـتر لـە باخێـک لـە باخـەکانی بەهەشـتدایە ، وە گەرمـی

ئاگـری ئـەم ناگاتـە هاوسـێکەی بەهیـچ شـێوەیەک و خۆشـی ئـەم ناگاتـە هاوسـێکەی ، وەتوانـای خـوای گـەورە لـەوە فراوانـتر و سەرسـوڕهێنەرترە ، بـەڵام نەفسـەکان حەزیـان لـە بـە درۆ خسـتنەوەی ئەوەیـە کـە شـارەزایان لێـی نیـە و لێـی نازانـن .

خـوای گـەورە لـەم دونیایـە هێنـدە شـتی پیشـان داویـن لـە شـتە سەرسـوڕهێنەرەکانی توانـای خـۆی کـە زۆر لـەوە زیاتـرە ، ئەگـەر خـوای گـەورە ویسـتی لێبێـت پیشـانی هەنـدێ لـە بەنـدەکانی بـدات ئـەوا لـە جگـە لـەوان دەیشـارێتەوە ، وە ئەگـەر خـوای گـەورە ئـەوەی پیشـانی هەمـوو بەنـدەکان بدایـە ئـەوا حیکمـەت لـە تەکلیـف و ئیـمان هێنـان بـە غەیـب نەدەمـاوە و خەڵکـی نەدەنێـژران ، هەروەکـو لـە فەرمودەیەکـدا لـە (الصحیـح) دا هاتـووە کـەوا پێغەمبـەری خـوا(ﷺ) فەرمویـەتی: ((**فلـولا أن لا تدافنـوا لدعـوت اللـه أن يُسْـمِعَكُم مـن عـذاب القـبر مـا أسـمع**)) واتـە :- ئەگـەر وا نەبوایـە کـە ئێـوە مردووتـان نەناشـتبا ئـەوا داوام لـە خـوا دەکـرد کـە دەنگـی سـزای گۆڕەکانتـان ببیسـتایە لـەوەی کـە مـن دەیبیسـیم)) .

هۆکارەکانی عەزابی قەبر :

زانـای پایـە بـەرز (السـفارینی) دەفەرمووێـت: ئـەو هۆکارانـەی کـە خـاوەن قەبـرەکان عـەزابی لەسـەر دەدرێـت دەکرێنـە دوو بەشـەوە : (مجمـل و مفصـل) :

ئـەوەی (مجمل)ـە ، ئـەوان عـەزاب دەدرێـن کـە خـوا ناناسـن ، گوێڕایەڵـی نەکـردنی فەرمانـەکانی و ئەنجامـدانی سـەرپێچی ، خـوای گـەورە هیـچ رۆحێـک عـەزاب نـادات و کـە ئـەوی ناسـی بـێ و خۆشیویسـتبێ و فەرمانـەکانی جێبەجـێ کردبـێ و خـۆی دورخسـتبێتەوە لـە نەهیـەکانی و هیـچ جەسـتەیەک کـە ئـەو رۆحـەی تێـدا بووبێـت ، چونکـە عـەزابی قەبـرو عـەزابی دواڕۆژ شـوێنەواری تورەبـون و پەسـتی خـوای گەورەیـە لەسـەر عەبدەکـەی ، جـا هـەر کەسـێک خـوای گـەورە تـورە بـکات و پەسـتی بـکات لـە دونیـادا بـە ئەنجامـدانی نەهیـەکانی تەوبـە نـەکات و لەسـەر ئـەوە بمرێـت ، ئـەوا تـوشی عـەزابی بـەرزەخ دەبێـت بـە ئەنـدازەی تـوورە بـونی خـوای گـەورە لێـی و پەسـتی لەسـەری ، جـا کـەم و زۆر .

وە ئـەوەی (مفصل)ـە ئـەوا پێغەمبـەری خـوا(ﷺ) هەواڵـی پێداویـن دەربـارەی ئـەو دوو پیـاوە کـە بینـی لـە قەبرەکەیانـدا عـەزاب دەدرێـن: جـا یەکێکیـان خـۆی لـە میـز پـاک

نەدەکـردەوە و ئەویتریـان لە کۆششـکردندا بوو بۆ قسـە هێنان و بـردن ، ئەمجار باسی ئەوەی کـرد کـە عـەزاب دەدرێـت بەهـۆی ئەوەی بە بێ دەسـتنوێژ (پـاک و خاوێنی) نوێـژی دەکرد ، وە ئەو کەسـەی بە تەنیشـت سـتەم لێکراوەکەوە تێپەڕی سـەری نەخسـت ، وە ئەو کەسـەی کـە قورئـان دەخوێنـێ و شـەوانە لەسـەری دەخـەوێ و بـە رۆژ کاری پـێ نـاکات ، وە عـەزابی پیـاوو ژنـە زینـاکارەکان و ئەوانـەی سـوو دەخـۆن ، وە ئەوانەی کە سـەریان قـورس دەبێت لە کاتی نوێـژی بەیانیانـدا ، وە عـەزابی ئەوانـەی کـە زەکات نـادەن ، وە ئەوانـەی کـە ئاگری فیتنە لـە نـاو خەڵکیـدا هەڵدەگیرسـێنن وە سـتەمکارەکان و خۆبەزل زانـەکان و ریـاکارەکان .[1]

مولحیـد و زەندیقـەکان ئینکاریـان لـە عـەزابی قەبـر و خۆشـیەکانی کـردوە بـە پشـت بەسـتن بـە عەقڵـی خۆیـان و هەسـتەکانیان چونکـە ئـەوان هیـچ لەوانـە نابینـن))

وەڵامـی ئـەوان دەدەینـەوە بـەوەی کـە عـەزابی قەبـر لـە عیلمـی غەیبـە کـە تێیـدا پشـت بـە دەقـە (صحیح)ـەکان دەبەسـترێ ، نـە عەقـڵ و نـە فیکـر هیـچ رۆڵێکـی تێـدا نیە وە حاڵاتـی دوا رۆژ بـە حاڵاتـی دونیـا (قیـاس) ناکرێـت وە درک نەکـردنی مـرۆڤ بـۆ شـتێک لـە شـتەکان بەڵگـەی نەبـونی نیـە، واللـە اعلـم .

چـوارەم / زیندوبونـەوە:

بزانـە کـە زیندووبونـەوە لـە قەبرەکانـدا بەڵگـەی کیتـاب و سـوننە و عەقـڵ و فیتـرەتی سـەلامەت لەسـەری هەیـە ، خـوای گـەورە لـە کتێبەکەیـدا باسی کـردوە و بەڵگەی لەسـەری هێناوەتـەوە رەددی ئەوانـەی داوەتـەوە کـە نکۆڵیـان لـێ کـردوە لـە زۆربـەی ئایەتـەکانی قورئـانی پیـرۆزدا ، جـا هەمـوو پێغەمبـەران ئوممەتەکانیـان لـێ ئـاگادار کردوەتـەوەو ، لەوانـەی کـە نکۆڵیـان لـێ کـردوە داوایـان لێیـان کـردوە کـە ئیـمانی پـێ بهێنـن .

جـا لەبـەر ئـەوەی پێغەمبەرمـان (محمـد)(ﷺ) دواییـن پێغەمبـەرە(ﷺ) وە لـەو کاتـەدا رەوانـە کـراوە لـە گـەڵ هاتنـی قیامەتـدا وەکـو ئـەم دوو پەنجەیـە (واتـای پەنجـەی شـایەتمان و ناوەڕاسـت) وایـە ، بۆیـە بـاسی دوارۆژی بـە جـوانی روون کردوەتـەوە بـە شـێوەیەک لە هیچ کتێبـی پێغەمبـەرانی پێشـوودا نیـە .

---

(١) لوامع الانوار ، وانظر الروح لابن القيم (٣٤٠/١).

وە قیامـەتی گـەورە زانـراوە لای هەمـوو پێغەمبـەران هـەر لـە ئادەمـەوە بـۆ نـوح و ئیبراهیـم و موسـا و عیسـا و جگـە لـەوان .

خـوای گـەورە هەواڵـی قیامـەتی داوە لـەو کاتـەوە ئادەمـی دابەزانـد ، خـوای گـەورە فەرمویـەتی: ﴿ وَقُلْنَا ٱهْبِطُوا۟ بَعْضُكُمْ لِبَعْضٍ عَدُوٌّ ۖ وَلَكُمْ فِى ٱلْأَرْضِ مُسْتَقَرٌّ وَمَتَٰعٌ إِلَىٰ حِينٍ ﴿٣٦﴾ ﴾ (البقـرة) واتـە : ئێمەیـش پێمانگوتـن؛ مـادەم ئـەو پارێزەتـان شـکاند، ئیـتر لێرەجێتـان نابێتـەوەو، دەبـێ هەمووتـان لـە بەهەشـت دابەزنـە خـوارەوە، هەندێکیشـتان ببنـە دوژمنـی هەندێکتـان، وزەویـش هەتـا ماوەیەکـی دیاریکـراو بـۆ مردنتـان، نیشـتنگەو جێگـەی ژیـان و سـوود وەرگتنتانـە) .

هەروەهـا دەفەرموێـت: ﴿ قَالَ فِيهَا تَحْيَوْنَ وَفِيهَا تَمُوتُونَ وَمِنْهَا تُخْرَجُونَ ﴿٢٥﴾ ﴾ (الاعـراف) واتـە : خـوا فەرمـووی: لـەوێ دەژیـن و و لەوێـش دەمـرن و لەوێـش دەردەهێنرێـن بـۆ وەرگرتنـی پاداشـت و تۆڵـەی ڕۆژی حەشرتـان) .

وە ئیبلیـسی نەفـرەت لێکـراوە وتـی: ﴿ قَالَ رَبِّ فَأَنظِرْنِىٓ إِلَىٰ يَوْمِ يُبْعَثُونَ ﴿٣٦﴾ قَالَ فَإِنَّكَ مِنَ ٱلْمُنظَرِينَ ﴿٣٧﴾ إِلَىٰ يَوْمِ ٱلْوَقْتِ ٱلْمَعْلُومِ ﴿٣٨﴾ ﴾ (الحجـر) واتـە : ئیبلیـس وتـی: ئـەی پـەروەردگاری مـن ! مـەودام بـدە تـا ڕۆژێ خەڵکـی زینـدوو دەکرێنـەوە، بـۆ ئـەوە تۆڵـە لەئـادەم و نەوەکانـی بکاتـەوە(٣٦) خوایـش فەرمـووی: دەتـۆ لـە مۆڵەتدراوانیـت(٣٧) تـا ڕۆژی دیاریکـراو بـۆ لەناوچوونـی هەمـوو گیانلەبـەران، واتـە: ڕۆژی (نەفخـەی یەکـەم)(٣٨) .

وە نـوح بـە قەومەکەی خـۆی فەرمـوو :﴿ وَٱللَّهُ أَنۢبَتَكُم مِّنَ ٱلْأَرْضِ نَبَاتًا ﴿١٧﴾ ثُمَّ يُعِيدُكُمْ فِيهَا وَيُخْرِجُكُمْ إِخْرَاجًا ﴿١٨﴾ ﴾ (نـوح) واتـە : وە خـوای تـاك و تەنیایـە ئێـوەی لـە توخمەکانـی زەوی ڕووانـدونـی بەڕووانـدن وەك ڕووەك و گیـا(١٧) پاشـان - دوای مردنتـان- ئەتانگێڕێتـەوە بـۆ نـاوی و لەوێ بەفەرمانی خۆی ئەشـاردرێنەوە و ئەتانهێنێتـەوە دەرێ ، لە زەوی بەدەرهێنان، واتـە: زیندووتـان ئەکاتـەوەو بەدادگەرانـەش پـاداش و تۆڵەتـان دەسـت ئەکەوێتـەوە(١٨)

وە ئیبراهیم فەرمووی:﴿ وَٱلَّذِىٓ أَطْمَعُ أَن يَغْفِرَ لِى خَطِيٓـَٔتِى يَوْمَ ٱلدِّينِ ﴿٨٢﴾ ﴾ (الشعراء) واتە : هەر ئەویشە بەتەمام لەڕۆژی سەڵاو پاداشتدا لەهەڵەو گوناهەکانم ببوردێ ئیبراهیم لەپاش سەناکردنی پەروەردگاری، ئیتر دێتە سەر مەبەستەکەیی و داوای چەند شتێکی زۆر گرنگی لێدەکات) .

وە خـوای گـەورە بـە موسـای فەرمـوو:﴿ إِنَّ ٱلسَّاعَةَ ءَاتِيَةٌ أَكَادُ أُخْفِيهَا لِتُجْزَىٰ كُلُّ نَفْسٍ بِمَا تَسْعَىٰ ﴿١٥﴾ فَلَا يَصُدَّنَّكَ عَنْهَا مَن لَّا يُؤْمِنُ بِهَا وَٱتَّبَعَ هَوَىٰهُ فَتَرْدَىٰ ﴿١٦﴾ ﴾ (طه) واتـە : دیارەکە بەیەقیـن رۆژی قیامـەت وابەڕێـوەو هەردێـت (أكاد أخفيها) (قەتـادە) ئەڵـێ: (واتـە: مـن دەمـەوێ تەنانەتـی لـە خۆشـمی بشـارمەوە، چ جـای لـە فریشـتەو لـە پێغەمبەرانیـش، واتە: جـارێ بـۆ هیـچ کەسـێك ئاشـکرا نەبێـت). ئـەو رۆژە دێ، هەتـا هەمـوو کەسـێ لـە بەرامبەر هـەوڵ و تێکۆشـانی خۆیـەوە پـاداش و تۆڵـەی دەسـکەوێ(١٥) جا ئەی موسـا! ئەو کەسـەی بـڕوای بەهاتنـی نیـەو شـوێنی هـەواو ئـارەزووی خـۆی کەوتـووە، وریابـە بـا ڕێگریـت نـەکا لەبـڕوا پێبوونـی، ئەوسـا تیـا بچیـت.(١٦) .

وە مـوسی لـە دوعاکەیـدا فەرمـووی : ﴿ * وَٱكْتُبْ لَنَا فِي هَٰذِهِ ٱلدُّنْيَا حَسَنَةً وَفِي ٱلْآخِرَةِ إِنَّا هُدْنَآ إِلَيْكَ ﴿١٥٦﴾ ﴾ (الاعـراف) واتـە : لـەم دونیایـەو لـەو دونیایـە، ژیانێکـی خـۆش و چاکـمان بـۆ بنووسـە، بێگومـان ئێمـە بـۆلای تـۆ گەڕاینـەوە).

خـوای گـەورە هەواڵـی ئـەوەی داوە کـە کافـرەکان کاتێـک دەخرێنـە ئاگـرەوە دان دەنێـن بـەوەی کـە پێغەمبەرەکانیـان ئـەوانی بـۆ ئـەم رۆژە ئـاگادار کردوەتـەوە ، هەروەکـو خـوای گـەورە دەفەرموێـت: ﴿ أَلَمْ يَأْتِكُمْ رُسُلٌ مِّنكُمْ يَتْلُونَ عَلَيْكُمْ ءَايَٰتِ رَبِّكُمْ وَيُنذِرُونَكُمْ لِقَآءَ يَوْمِكُمْ هَٰذَا ۚ قَالُوا۟ بَلَىٰ وَلَٰكِنْ حَقَّتْ كَلِمَةُ ٱلْعَذَابِ عَلَى ٱلْكَٰفِرِينَ ﴿٧١﴾ ﴾ (الزمـر) واتـە : ئایـا لـە خۆتـان پەیامبەرانتـان بـۆ نەهاتبـوون کـە ئایەتەکانـی پەروەردگارتـان بەسـەرا بخوێننـەوە؟ وە لـە ئاکامـی گەیشـتنی ئـەم رۆژەش هۆشـیارتان بکەنـەوە تـاکارو کـردەوەی ئـاوا نەکـەن؟ پێـی لـێ ئەنێـن و دەڵێـن: بەڵـێ پەیامبـەران هاتنـە لامـان و تێیانگەیاندیـن، ئەبـوو بەگوێـمان بکردنایـە، بـەڵام بەهـۆی لاری خۆمانـەوە فەرمانـی سـزای خـوا بڕیـاردرا لـە سـەر کافـران).

جـا هەمـوو پێغەمبـەران ئـاگاداری قەومەکـەی خۆیانیـان کردوەتـەوە بـەوەی کـە دواینەکەیـان(ﷺ) ئـاگاداری ئوممەتەکـەی خـۆی کردوەتـەوە .

خـوای گـەورە هەواڵـی ئـەوەی داوە کـەوا مـردووەکان لـە قەبرەکانیـان هەڵدەسـتن کاتێـک فـوو بکرێتـە کەڕەنـادا فووکـردنی سـێیەم ، خـوای گـەورە دەفەرموێـت:﴿ ثُمَّ نُفِخَ فِيهِ أُخْرَىٰ فَإِذَا هُمْ قِيَامٌ يَنظُرُونَ ﴿٦٨﴾ ﴾ (الزمـر) واتـە : لەپاشـان بـۆ جارێکـی تـر کـە فـوی پیاکـرا ئەوجـا لـە نـاکاو تـەواوی دروسـتکراوەکان لەگۆڕەکانیانـدا هەڵئەسـنەوە و چاوەڕوانـن چییـان پێبکـرێ).

خـوای گـەورە دەفەرموێـت: ﴿ وَنُفِخَ فِي ٱلصُّورِ فَإِذَا هُم مِّنَ ٱلْأَجْدَاثِ إِلَىٰ رَبِّهِمْ يَنسِلُونَ ﴿٥١﴾ ﴾(یـس) واتـە : خەڵکـی بەنەفخـەی یەکـەم هەمـوو ئەمرێـن و پاشـان بـۆ جـاری سـێیەم فـوو بـە شـەیپوردا ئەکرێـت، ئەوسـا کتوپـڕ بەپەلـە لـە گۆڕەکانیـان هەمـوو دێنـەدەرێ و دەبرێـن بـۆ لای دادگای پەروەردگاریـان بـۆ پـاداش و تۆڵـە).

(السـفارینی) دەڵێـت : لـە تەفسـیری (الثعلبـی)دا هاتـوە لـە ابـو هریـرەوە لە تەفسـیری سـورەتی (زمـر)دا لـە پێغەمبـەری خـوداوە(ﷺ) فەرمویـەتی: ((**إن اللـه يرسـل مطـراً عـلى الأرض ، فينـزل عليهـا أربعـين يومـاً، حتـى يكـون فوقهـم اثنـي عـشر ذراعـاً ، فيأمـر اللـه تعـالى الأجسـاد أن تنبـت كنبـات البقـل، فـإذا تكاملـت أجسـادهم كـما كانـت، قـال اللـه عـز وجـل: ليحيـا حملـة العـرش، ليحيـا جبريـل وميكائيـل واسرافيـل و عزرائيـل ، ثـم يأمـر اللـه إسرافيـل فيأخـذ الصـور ، فيضعـه عـلى فيـه ، ثـم يدعـو الأرواح فيـؤتى بهـا تتوهـج أرواح المسـلمين نـوراً، والاخـرى ظلمـة، فيقبضهـا جميعـاً، ثـم يلقيهـا في الصـور ، ثـم يأمـر أن ينفـخ نفخـة البعـث، فتخـرج الأرواح كأنهـا النحـل قـد مـلأت مـا بـين السـماء والأرض، ثـم يقـول اللـه تعـالى : وعـزتي وجـلالي ليرجعـن كل روح إلى جسـده، فتدخـل الأرواح مـن الخياشـيم ، ثـم تمـشي مـشي السـم في اللديـغ، ثـم تنشـق الأرض عنهـم سراعـاً ، فأنـا أول مـن تنشـق عنـه الأرض، فتخرجـون منهـا إلى ربكـم تنسـلون**[1]...) .

بوخـاری و مسـلم ریوایەتیـان کـردوە لـە فەرمـودەی ابـو هریـرەوە: ((**ينـزل مـن السـماء مـاء ، فَيَنْبُتُـونَ كَـمَا يَنْبُـتُ الْبَقْـلُ ليـس مـن الإنسـان شـئ إلا يبـلى إلا عظـماً واحـداً ، وهـو عجـب الذنـب ، ومنـه يركـب الخلـق يـوم القيامـة**))[2] واتـە : خـوای گـەوەر لـە ئاسـمانەوە

---

(١) اخرجه الثعلبي في تفسيره والسيوطي في الدر المنثور .

(٢) متفق عليه : أخرجه البخاري (٤٩٣٥) ومسلم (٧٣٤٠) .

بـاران دەبارێنێـت ، ئەمجـار شـین دەبنـەوە هەروەکـو چـۆن روەک شـین دەبێتـەوە ، هیـچ شـتێک لـە لاشـەی مرۆڤـدا نامێنێتـەوە تەنهـا یـەک ئێسـک نەبێـت کـە ئەویـش (عجـب الذنـب)ـە ، لـەو ئێسـکەوە دیسـان مرۆڤـەکان لـە رۆژی قیامەتـدا بەدیدەهێنرێنـەوە)).

لـە ریوایەتـەکانی (مسـلم) دا هاتـوە: (((**إن في الإنسـان عظـماً لا تأكلـه الأرض أبـداً ، منـه يركـب الخلـق يـوم القيامـة ، قالـوا : أي عظـم هـو يـا رسـول اللـه(ﷺ) ؟ قـال : عجـب الذنـب**)[1]) واتـە : لـە جەسـتەی مرۆڤـدا ئێسـێک هەیـە کـە هەرگیـز زەوی نایخـوات ، لـەو ئێسـکەوە دیسـان مرۆڤـەکان لـە رۆژی قیامەتـدا بەدیدەهێنرێنـەوە، وتیـان : ئـەی پێغەمبـەری خـوا(ﷺ) ئـەوە چـی ئێسـکێکە ؟ فەرمـووی : عجـب الذنـب).

زانایان دەفەرموون : (عجب الذنب) ئەو ئێسکەیە کە دەکەوێتە خواروی (صلب)ـەوە [2].

وە لـە فەرمـودەدا هاتـوە کـەوا ئـەو وەکـو تۆمـی (خردل)ـە ، جەسـتەی مـرۆڤ لـەوەوە شـین دەبێتـەوە[3] . موشریکـەکان بـە دووریـان زانی گەڕانـەوەی خەڵکـی بـۆ ژیانێکـی تـر لـە پـاشی مـردن ، جـا ئینـکاری زیندوبونەوەیـان کـرد ، خـوای گـەورە فەرمـانی کـردە پێغەمبەرەکـەی(ﷺ) کـە سـوێند بخـوا لەسـەر رووداوی وە ئـەوەش دێـت و هیـچ دەربازبوونێکـی لـێ نیـە ، دەفەرموێـت: ﴿ وَقَالَ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ لَا تَأۡتِينَا ٱلسَّاعَةُۖ قُلۡ بَلَىٰ وَرَبِّي لَتَأۡتِيَنَّكُمۡ عَٰلِمِ ٱلۡغَيۡبِ ۝٣ ﴾ (سـبأ) واتـە : و ئەوانـەی خوانەنـاس و بـێ بڕوابـوون و نکوولّـی زیندووبوونەوەیـان دەکـرد وتیـان: هەرگیـز ڕۆژی قیامەتمـان بـۆ نایـە، واتـە: بەهیـچ شـێوەیەك قیامـەت نیـە ! ئـەی پێغەمبـەر! بڵـێ: بەڵـێ سـوێندم بەپـەروەردگارم هەربۆتـان پێـش دێـت، لـە لایـەن خـوای زانـای گشـت نادیـار)

خـوای گـەورە دەفەرموێـت:﴿ ۞وَيَسۡتَنۢبِـُٔونَكَ أَحَقٌّ هُوَۖ قُلۡ إِي وَرَبِّيٓ إِنَّهُۥ لَحَقّٞۖ وَمَآ أَنتُم بِمُعۡجِزِينَ ۝٥٣ ﴾ (یونس) واتـە : بـێ بـاوەڕەکان دەپرسـن: ئایـا ئـەوی هەواڵـت پێدایـن لـە سـزا ڕاسـتەودێتە دی؟ پێیـان بڵـێ: بەڵـێ راسـتەو پەیـدا دەبێـت سـوێند بـە پـەروەردگارم و ئێوەیـش ناتوانـن خـوا دەستەوسـان بکـەن و، لەدەسـتی رابکـەن و خۆقوتـار بکـەن)

---

(١) اخرجه مسلم (٧٣٤٢) .

(٢) لوامع النوار (١٦٦/٢) .

(٣) اخرجه احمد (٧٣٤٢) .

خـوای گـەورە دەفەرموێـت: ﴿ زَعَمَ ٱلَّذِينَ كَفَرُوٓاْ أَن لَّن يُبۡعَثُواْۚ قُلۡ بَلَىٰ وَرَبِّي لَتُبۡعَثُنَّ ثُمَّ لَتُنَبَّؤُنَّ بِمَا عَمِلۡتُمۡۚ وَذَٰلِكَ عَلَى ٱللَّهِ يَسِيرٞ ٧ ﴾ (التغابن) واتـە : ئەوانـەی کافـرو بـێ بـڕوا بـوون گوتیـان : هەرگیـز پـاش مـردن زینـدوو ناکرێنـەوە! پێیـان بڵـێ ئـەی پێغەمبـەر! بەڵـێ سـوێند بـە پـەروەردگارم بێگومـان لـە گۆڕەکانتانـدا دەر ئەهێنرێـن و زینـدوو ئەکرێنـەوە پاشـان لەهـەر کارو کردەوەیـەك ئەنجامتـان داوە ئـاگادار دەکرێـن، لەگـەورەو لـە بچـووك، و هـەر بـەوەش پاداشـت دەدرێنـەوە ئەوەیـش بـۆ خـوا کارێکـی ئاسـانە، چونکـە ئێـوە خۆتـان ئەزانـن کـە لەسـەرتاوە شـتێك نەبـوون و وجوودتـان نەبـوو، پاشـان دروسـتیکردن و بـوون، باشـە ئیـتر چـۆن ناتوانـێ زیندووتـان بکاتـەوە؟!

وەهەواڵـی داوە لـە سـەر نزیـک بـوونی دەفەرموێـت: ﴿ ٱقۡتَرَبَتِ ٱلسَّاعَةُ وَٱنشَقَّ ٱلۡقَمَرُ ١ ﴾ (القمـر) واتـە : ڕۆژی قیامـەت نزیـك بۆتـەوە، مانگیـش لەتبـوو) .

وە دەفەرموێـت: ﴿ ٱقۡتَرَبَ لِلنَّاسِ حِسَابُهُمۡ وَهُمۡ فِي غَفۡلَةٖ مُّعۡرِضُونَ ١ ﴾ (الانبیـاء) واتـە : کاتـی حیسـاب و لێپرسـینەوەی مـەردم لـە کاروکردەوەیـان نزیـك بۆتـەوە وئەوانیـش لـە خەفڵەتـان لـەو ڕۆژە، ڕوو دەسـووڕێنن و گوێیـان لـێ نیـەو، لـەوە داناچڵەکێـن کـە خـوا پێیـان ئـەکات) .

وە زەمـی ئـەو کەسـانەی کـردوە کـە زیندوبونـەوە بـە درۆ دەخەنـەوە ، دەفەرموێـت: ﴿ قَدۡ خَسِرَ ٱلَّذِينَ كَذَّبُواْ بِلِقَآءِ ٱللَّهِ وَمَا كَانُواْ مُهۡتَدِينَ ٤٥ ﴾ (یونـس) واتـە: ئەوانـەی کـە باوەڕیـان بەلیقـاو دیـداری خـوا نەکـرد، دڵنیابـن زیانبـارو ڕەنجـەڕۆن و ڕێیشـیان دەر نەکـرد لەدنیـادا) .

وە دەفەرموێـت: ﴿ أَلَآ إِنَّ ٱلَّذِينَ يُمَارُونَ فِي ٱلسَّاعَةِ لَفِي ضَلَٰلِۭ بَعِيدٍ ١٨ ﴾ (الشـوری) واتـە : هۆشـیار بـن! بەڕاسـتی ئەوانـەی وا لـە بـارەی ڕۆژی دوایـی شـەڕە قسـەو دەمـە دەمـێ ئەکـەن، لەبزربـوون و گومڕاییەکـی زۆر سـەخت و دوور لەهەقـدان، واتـە: زۆر سەرلێشـێواو سـەرگەردانن).

وە دەفەرموێـت: ﴿ وَنَحۡشُرُهُمۡ يَوۡمَ ٱلۡقِيَٰمَةِ عَلَىٰ وُجُوهِهِمۡ عُمۡيٗا وَبُكۡمٗا وَصُمّٗاۖ مَّأۡوَىٰهُمۡ جَهَنَّمُۖ كُلَّمَا خَبَتۡ زِدۡنَٰهُمۡ سَعِيرٗا ٩٧ ذَٰلِكَ جَزَآؤُهُم بِأَنَّهُمۡ كَفَرُواْ بِـَٔايَٰتِنَا وَقَالُوٓاْ أَءِذَا كُنَّا عِظَٰمٗا وَرُفَٰتًا

أَءِنَّا لَمَبْعُوثُونَ خَلْقًا جَدِيدًا ﴿٩٨﴾ * أَوَلَمْ يَرَوْا أَنَّ اللَّهَ الَّذِي خَلَقَ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضَ قَادِرٌ عَلَىٰ أَن يَخْلُقَ مِثْلَهُمْ وَجَعَلَ لَهُمْ أَجَلًا لَّا رَيْبَ فِيهِ فَأَبَى الظَّالِمُونَ إِلَّا كُفُورًا ﴿٩٩﴾ ﴾ (الاسراء) واتـه : لـەڕۆژی قیامەتیشـدا بەدەمـەو ڕوویـی و کوێـری و لاڵـی و کـەڕی هەمـوو کـۆ دەکەینـەوەو حەشـەریان دەکەیـن، چـوون لەدنیـادا هەقیـان نەبیسـتووە، هەقیـان نەدیتـووە لەوێـش هـەر نابینـاو کـەڕو لاڵ دەبـن. هـەر جارێکیـش بڵێسـەی ئاگرەکـە کـەم و کـز بـوو، دووبـارە نیلـی دەدیـن و هەڵـی دەگیرسـێنینەوە و زیاتـری دەکەیـن بۆیـان (٩٧) بـا ئـەو سـزاو تۆڵەیـە جەزایـان بێـت، چونکـە بڕوایـان بـە ئایـەت و بەڵگەکانـی ئێمـە نەبـوو ، دەیانگـوت: باشـە! ئەگـەر ئێمـە بووینـە ئێسـکە ڕزیـوو پارچـە پارچـەو پەڕاگەنـدە بووین و ڕزاین؟ ئـەڕێ دەکـرێ جارێکـی تـر سـەرلەنوێ زینـدوو بکرێینـەوە ؟(٩٨) ئاخـۆ نابینـن و تـێ نافیکرێـن کـە هـەر ئـەو خوایـەی ئاسـمانەکان و زەویـی دروسـتکردووە.. هەرئەویـش بەتوانایـەو دەسـەڵاتی هەیـە بـۆ جارێکـی تـر دروسـتیان بکاتـەوە، خـۆ بـۆ یەکەمجـار بێناغـە و بێبنەمایـەك بەدییهێنـاون، دڵنیابـن ئێسـتا زۆر بەئاسـانتر دەتوانـێ دروسـتیان بکاتـەوە، دیـارە کـە بـۆ زیندووبوونـەوەو گەڕانەوەیـان بـۆلای خۆمـان، ڕۆژو ماوەیەکـی تایبەتییـمان بـۆ دیاریکـردوون و، هیـچ گومانێکیـش لەهاتنـی ئـەو ڕۆژەدا نییـەو، بەڕێـك و پێکـی هەموویشـیان لەوکاتـەدا زینـدوو دەکرێنـەوە، کەچـی لەگـەڵ ئـەو گشـت بەڵگانـەدا، هێـمان سـتەمکارو بـێ بڕوایـان، هـەر نکوڵـی و ململانـێ دەکـەن !(٩٩)

دەفەرمـوێ : ﴿ وَقَالُوا أَإِذَا كُنَّا عِظَامًا وَرُفَاتًا أَإِنَّا لَمَبْعُوثُونَ خَلْقًا جَدِيدًا ﴿٤٩﴾ ﴾ (الاسراء) واتـه : ئەوانـەی باوەڕیـان بەزیندووبوونـەوە نەبـوو بەسـەر سـوڕمانێکەوە گوتیـان: ئایـا کاتـێ ئێمـە بووینـە ئێسـکە ڕزیـوو پارچەپارچـە بووین و پوایـن لەگـۆڕدا ئاخـۆ سـەر لەنـوێ زینـدوو دەکرێینـەوەو دروسـت دەبینـەوە ؟)

خـوای گـەورە وەڵامـی ئەوانـی دایـەوە و فەرمـووی:﴿ * قُلْ كُونُوا حِجَارَةً أَوْ حَدِيدًا ﴿٥٠﴾ أَوْ خَلْقًا مِّمَّا يَكْبُرُ فِي صُدُورِكُمْ ۚ فَسَيَقُولُونَ مَن يُعِيدُنَا ۖ قُلِ الَّذِي فَطَرَكُمْ أَوَّلَ مَرَّةٍ ۚ فَسَيُنْغِضُونَ إِلَيْكَ رُءُوسَهُمْ وَيَقُولُونَ مَتَىٰ هُوَ ۖ قُلْ عَسَىٰ أَن يَكُونَ قَرِيبًا ﴿٥١﴾ يَوْمَ يَدْعُوكُمْ فَتَسْتَجِيبُونَ بِحَمْدِهِ وَتَظُنُّونَ إِن لَّبِثْتُمْ إِلَّا قَلِيلًا ﴿٥٢﴾ ﴾ (الاسراء) واتـه : پێیـان بڵـێ: حـەز دەکـەن ببنـە بـەرد، یـان

ئاسـن- کـە هـەردوو بەرەواڵـەت لەژیاننـەوە دوورن- ئـەو کاتـەش هەرخـوا زیندووتـان دەکاتـەوە، چونکـە خـوای گـەورە هیچـی لەدەسـت دەرناچێـت(٥٠) یـان ببنـە شـتێك و دوورسـتکراوێکی تـر کـە لەخەیاڵـی ئێـوەدا زۆر سـەخت و زۆر گەورەبێـت، وەك ئاسـمان و زەویـی.. واتـە: ببنـە هەرشـتێ خـوا هـەر دەتامرێنـێ و زیندووتـان دەکاتـەوەو تۆڵەتـان لێدەسـێنێت بەسەرسـامییەوە دەڵێـن: دەباشـە! کـە ئێمـە بووینـە بـەردو ئاسـن، کـێ دەتوانـێ جارێکیـتر بمانگێڕێتـەوە بـۆ ژیـان و زیندووومـان کاتـەوە ؟ بڵـێ: هـەر ئـەو زاتـەی کـە یەکەمجـار ئێـوەی بەدیهێنـا بـێ بناغـە، هـەر ئـەوەش زیندووتـان دەکاتـەوە. ئەوسـا لـەڕووی ئینکاریـیـەوە دەسـت دەکەنـە سـەرە لەقـێ و دەڵێـن: باشـە ئـەو زینـدوو بوونەوەیـە کـەی دەبێـت ؟! پێیـان بڵـێ: لەوانەیـە هاتنـی نزیـك بێـت، دیـارە هـەر شـتێکیش لەهاتنـدا بێـت، نزیکـەو هەرپێشـدێت(٥١) ڕۆژێ کـە خـوای گـەورە بانگتـان لێـدەکات بـۆ زیندووبوونـەوە؛ ئێوەیـش بـەدەم سوپاسـەوە دەسـت بەجـێ وەڵامـی ئەدەنـەوەو زیدووودەبنـەوەو ناتوانـن دوابکـەون و واگومـان دەبـەن کـە لەدنیـادا تەنهـا کاتێکـی زۆر کـەم ماونەتـەوەو ژیـاون.(٥٢)

ڕاڤەکاری (الطحاویـة) لـە ڕاڤـەی ئـەم ئایەتـە پیـرۆزەدا فەرمویـەتی :((تێفکـرە لـەوەی وەڵامیـان درایـەوە بـۆ هـەر پرسـیارێک بـە درێـژی ، ئـەوان لەسـەرەتاوە وتیـان : ﴿ وَقَالُوٓاْ أَءِذَا كُنَّا عِظَٰمٗا وَرُفَٰتًا أَءِنَّا لَمَبۡعُوثُونَ خَلۡقٗا جَدِيدٗا ﴿٤٩﴾ ﴾ (الاسراء) لـە وەڵامـی ئـەم پرسـیارەدا پێیـان گوتـرا: ئەگـەر ئێـوە وا دەزانـن دروسـتکارو پەروەردگارتـان نیـە ، ئایـا بـۆ نەبونـە دروسـتکروایێک کـە مـردن لـە نـاوی نابـات وەکـو بـەرد و ئاسـن و ئـەوەی لـەوە گەورەتـرە لـە سـنگتاندا ، ئەگـەر وتتـان : ئێمـە هـەر بـەم شـێوەیە دروسـتکراوین مانـەوەی هەتـا هەتـای قبـوڵ نـاکات ، ئایـا چـی شـتێک هەیـە بکەوێتـە نێـوان دروسـتکارو خواتـان و نێـوان دوبـارە دروسـتکردنەوەتان بـە شـێوەیەکی تـازە ؟

وە بـۆ حوججەکـە ڕوویەکـی تـری هەیـە : (مانایەکـی تـری هەیـە) ئەویـش ئەوەیـە : ئەگـەر ئێـوە بـەرد و ئاسـن و دروسـتکراوێکی گەورەتـر لـەوان بوایـەن ، ئـەوا ئـەو لـە توانایدایـە لـە ناوتـان ببـات خـود و زاتی ئێـوە لـە حاڵەتێکـەوە بگۆڕێتـە حاڵەتێکـی تـر ، کـێ دەتوانێـت تەصـەروف بـکات لـەم جەستانەدا لەبـەر تونـد و تۆڵـی بـە لەنـاو بـردن و نەمـان ، ئایـا چـی شـتێک ڕێگـرە لێـی لـە شـتێک لـەوە کەمـتر ، ئەمجـار هەوالـی دا کـەوا

ئـەوان پرسـیارێکی تـر دەکـەن و دەڵێـن ﴿مَن يُعِيدُنَا﴾ واتـە کـێ دەمـان گێڕێنێتـەوە ئەگـەر جەسـتەمان نەمـا و لەنـاو چـوو ؟ ئـەوا وەڵامیـان درایـەوە بـەو ئایەتـە: ﴿قُلِ ٱلَّذِى فَطَرَكُمْ أَوَّلَ مَرَّةٍ﴾ کاتـێ کـە حوججەیـان نەمـا ، ئەمجـار ڕۆیشـتن بـۆ پرسـیارێکی تـر ئەویـش ئەوەیـە ﴿مَتَىٰ هُوَ﴾؟ خـوای گـەورە وەڵامـی دانـەوە فەرمـووی: ﴿قُلْ عَسَىٰٓ أَن يَكُونَ قَرِيبًا﴾[1].

پێنجەم/ باوەڕ بەوەی لە ڕۆژی قیامەتدا ڕوودەدەن :

ئیمامـی (السـفارینی) دەفەرموێـت: ((بزانـە ڕۆژی ڕاوەسـتان تـرسی گـەورە و تەنگانەی سـەختی تێدایـە ، جگـەرەکان دەتوێنێتـەوە ، منداڵە شـیرە خـۆرەکان دەترسـێنێ و منداڵەکان پیـر دەکات، ئەویـش حەقـە و جێگـرە ، لـە کیتـاب و سـوننەتدا بەڵگـە لەسـەری هاتـووە ، ئیجماعـی زانایـانی لەسـەرە، ئەویـش ڕۆژی قیامەتـە .

وە جیـاوازی لەسـەر هـۆی ناونـانی ئـەو ڕۆژە هەیـە بـە ڕۆژی قیامـەت ، دەڵێـن: چونکـە خەڵکـی لـە گـۆڕەکانیـان هەڵدەسـتن و ڕاسـت دەبنـەوە ،خـوای گـەورە دەفەرموێـت: ﴿يَوْمَ يَخْرُجُونَ مِنَ ٱلْأَجْدَاثِ سِرَاعًا ﴿٤٣﴾﴾ (المعـارج) واتـە : ئـەو ڕۆژەی کەلـە گـۆڕەکانیـان بەپەلـە دێنـە دەرەوە بـۆ لای ئیسرافیـل).

وە دەڵێـن : لەبـەر بـونی کارو بـاری مەحشـەر و ڕاوەسـتان و لـەو جـۆرە شـتانەی تیادایـە ، وە دەڵێـن : لەبـەر هەسـتانی خەڵکـی بـۆ پـەروەردگاری هەمـوو جیهانیـان ، هەروەکـو (مسـلم) لـە (صحیح)ـەکەیدا ئـەو فەرمـودەی ڕیوایـەت کـردووە لـە (ابـن عمـر)ەوە لـە پێغەمبـەری خـوداوە (ﷺ): ﴿يَوْمَ يَقُومُ ٱلنَّاسُ لِرَبِّ ٱلْعَٰلَمِينَ ﴿٦﴾﴾(المطففین) واتـە : ئـەو ڕۆژەی هەمـوو خەڵکـی بـە پێـوە دەوەسـتن بـۆ حوکـم و فەرمانـی خواوەنـدی جیهانـەکان) .

دەڵێـت: ئـەو ڕۆژە ئەوەنـدە سـەختە و خەجاڵـەت هێنـەرە، هەریەکەیـان لەنێـو ئارەقـی خۆیـدا تـا بنـە گوێـی ون ئەبـێ) .

---

(١) شرح العقيدة الطحاوية لابن ابي العز (٥٩٣/٢) .

تـا ئـەو جێگـەی دەڵێـت : ئیمامـی ئەحمـەد و ابـو یعـلی ابـن حبان لـە (صحیح)ـەکەیدا ریوایەتیـان کـردووە لـە (ابـو سـعید الخـوری)یـەوە لـە پێغەمبـەری خـوداوە(ﷺ) ، کـەوا فەرمویـەتی :﴿ فِي يَوْمٍ كَانَ مِقْدَارُهُۥ خَمْسِينَ أَلْفَ سَنَةٍ ۝٤ ﴾ (المعـارج) واتـە : لەرۆژگارێکـدا کەماوەکـەی پەنجـا هـەزار سـاڵە لای موشریـك وبـێ بـاوەڕەکان ..)

فقیـل : مـا أطـول هـذا الیـوم! قـال النبـي(ﷺ): والـذي نفسـي بیـده إنـه لیخفـف عـلى المؤمـن حتـى یکـون أخـف علیـه مـن صـلاة مکتوبـة)[1] وتیـان :- ئـای لـەو رۆژە چەنـدە درێـژە ! پێغەمبـەری خـوا(ﷺ) فەرمـووی : سـوێند بـەو کەسـەی گیانـی منـی بـە دەسـتە هێنـدە سـووک دەکرێتـەوە لەسـەر کەسـی ئیمانـدار تـا وای لـێ دێـت سـووکتر دەبێـت لەسـەری لـە ئەنـدازەی نوێژێکـی فەرزکـراو) .

وە دەڵێـن: بۆیـە پێـی دەڵێـن (یـوم القیامـة) لەبـەر هەسـتان و وەسـتانی فریشـتەکانْ و جبریـل لـەو رۆژەدا : خـوای گـەورە دەفەرمـوێـت:﴿ يَوْمَ يَقُومُ ٱلرُّوحُ وَٱلْمَلَٰٓئِكَةُ صَفًّا ۝٣٨ ﴾ (النبـأ)[2] واتـە : لـەو ڕۆژەدا کـە ڕۆح (جوبریـل) و فریشـتەکان بەڕیـز ڕائەوەسـتن و مـل کەچـن) .

تاکـو دەڵێـت: (بوخـاری و مسـلم ریوایەتیـان کـردوە لـە ابـو هریـرەوە لـە پێغەمبـەری خـوداوە(ﷺ): (**یعـرق النـاس یـوم القیامـة حتـى یذهـب في الأرض عرقهـم سـبعین ذراعـا وإنـه یلجمهـم حتـى یبلـغ آذانهـم)**[3] وە لـە هەنـدێ (لفـظ)دا هاتـووە : (**سـبعین عامـاً**) .

ئیمامـی (مسـلم) لـە (مقـداد)ەوە گێڕاویەتییـەوە دەڵێـت : گوێـم لـێ بـوو پێغەمبـەری خـوا(ﷺ) دەیفەرمـوو : (**إذا کان یـوم القیامـة أدنیـت الشـمس مـن العبـاد ، حتـى تکـون قیـد میـل أو اثنـین ، فتصهرهـم الشـمس ، فیکونـون في العـرق بقـدر أعمالهـم ، فمنهـم مـن یأخـذه إلى عقبیـه ، و منهـم مـن یأخـذه إلى رکبتیـه و منهـم مـن یأخـذه إلى حقویـه و منهـم مـن یلجمـه إلجامـا)**[4] واتـە : ئەگـەر رۆژی قیامـەت هـات خـۆر (رۆژ) لـە

---

(١) ضعیف : ضغیف الترغیب والترهیب (٢٠٩٥) .

(٢) لوامع الانوار (١٦٨/٢) .

(٣) أخرجه البخاري (٦٥٣٢) ومسلم (٢٨٦٣) .

(٤) لوامع الانوار (١٧٠/٢) .

خەڵکی نزیک دەبێتەوە ، تاوەکو بە ئەندازەی میلێک یان دوو میل ، خۆرەکە ئەوان دەتوێنێتەوە ، جا ئارەقەکە بە ئەندازەی کردەوەکانیان دەبێت ، جا هەندێکیان تاوەکو گوێزنگەکانیانە ، هەندێکیان تاوەکو ئەژنۆیان ، هەندێکیان تا ناوکیان ، هەندێکشیان ئارەقە بە تەواوی لەغاوی کردوون).

وە لەم رۆژە سەختەدا خەڵکی توشی چەند کارو بارێکی سەخت و دژوار دەبنەوە لەوانە :-

الحساب (لێپرسینەوە):

حیساب : بریتیە لە ناساندنی خەڵکی (دروستکراوەکان) بە ئەندازەی سزای کردەوەکانیان و یادخستنەوەیان بەوەی لە بیریان چوە لە لایەن خوای گەورەوە ، خوای گەورە دەفەرموێت:﴿ يَوْمَ يَبْعَثُهُمُ ٱللَّهُ جَمِيعًا فَيُنَبِّئُهُم بِمَا عَمِلُوٓاْ أَحْصَىٰهُ ٱللَّهُ وَنَسُوهُ ۚ ﴾ (المجادلة) واتە: رۆژێك خوا پێشینان و پاشینان، هەموو زیندوو دەکاتەوە ئینجا بە هەموو ئەو کاروکردەوانە کردوویانن ئاگاداریان دەکات خوا ئاماری کردووەو نووسیویەتی لەسەریان، ئەوان لەبیریان چۆتەوە) .

خوای گەورە دەفەرموێت :﴿ وَيَقُولُونَ يَٰوَيْلَتَنَا مَالِ هَٰذَا ٱلْكِتَٰبِ لَا يُغَادِرُ صَغِيرَةً وَلَا كَبِيرَةً إِلَّآ أَحْصَىٰهَا ۚ وَوَجَدُواْ مَا عَمِلُواْ حَاضِرًا ۗ وَلَا يَظْلِمُ رَبُّكَ أَحَدًا ﴿٤٩﴾ ﴾(الكهف) واتە : و دەڵێن: ئەی تیاچوونی خۆمان ! ئەمە چ نامەیەکە؟ هەموو شتێك گەورەو بچوك، شوردو درشتی لەخۆیدا جێکردۆتەوەو ئەژماردوویەتێ ؟! ئەوسا پاداشتی کارو کردەوەکانی خۆیان بە حازری دەبینن و وەری دەگرن پەروەردگاریشت ناهەقیی و ستەم لە هیچ کەسێك ناکات، بەناهەق سزای کەس نادات، پاداشتی چاککارانیش کەم ناکاتەوە).

خوای گەورە دەفەرموێت :﴿ فَمَن يَعْمَلْ مِثْقَالَ ذَرَّةٍ خَيْرًا يَرَهُۥ ﴿٧﴾ وَمَن يَعْمَلْ مِثْقَالَ ذَرَّةٍ شَرًّا يَرَهُۥ ﴿٨﴾ ﴾(الزلزلة) واتە : ئینجا هەرکەسێك کێشی وردیلەیەك چاکەی ئەنجامدابێت، پاداشەکەی دەبینێتەوە(٧) و کەسێکیش کێشی وردیلەیەك شەرو خراپەی کردبێت ، تۆڵەکەی دەبینێتەوە، مەگەر خوا قەڵەمی عەفوو بێنی بەسەریا(٨)

هـەر لـە بەشـێکی لێپرسـینەوە تۆڵەسـەندنەوەیە (قصـا(ص) لـە نێـوان عەبدەکانـدا ، بۆیـە تۆڵـەی سـتەملێکراو لـە سـتەمکار دەسـێنێتەوە ، هەروەکـو لـە (صحیـح مسـلم) و (سـنن الترمـذي)دا هاتـووە لـە فەرمـوودەی ابـو هریـرەوە کـەوا پێغەمبـەری خـوا(ﷺ) فەرمویـەتی: ((**لتـؤدن الحقـوق إلى أهلهـا يـوم القيامـة ، حتـى يقـاد للشـاة الجلحـاء ، مـن الشـاة القرنـاء**)) واتـە : دەبێـت هەمـوو مافـەکان بگێڕنـەوە بـۆ خاوەنەکانیـان لـە رۆژی قیامەتـدا ، تەنانـەت مـەڕی بـێ شـاخ مافـی خـۆی لـە مـەڕی شـاخدار دەسـێنێتەوە)) .

وە لێپرسـینەوە جیـاوازە ، تیایانـدا هەیـە لێپرسـینەوەکەی گـران و سـەختە و تیایانـدا هەیـە لێپرسـینەوەکەی سـوک و ئاسـانە .

شـیخ الاسـلام ابـن تیمیـە -ڕەحمەتـی خـوای لـێ بێـت- دەفەرمووێـت: ((خـوای گـەورە خەڵکـی موحاسـەبە دەکات ، دوو بـە دوو دەبێتـەوە لەگـەڵ عەبـدە ئیماندارەکەیـدا ، وا لـە بەندەکـەی دەکات دان بـە تاوانەکانیـدا بنێـت ، هەروەکـو چـۆن لـە کیتـاب و سـوننەدا وصـف کـراوە ، بـەڵام کافـرەکان ئـەو موحاسـەبە ناکرێـن ، موحاسـەبەی کەسـێک چاکـە و خراپـەی بکێشرێـت ، چونکـە ئەوانـە چاکەیـان نییـە ، بـەڵام کردەوەکانیـان حیسـاب دەکرێـت و دەژمێردرێـت ، لەسـەری ڕادەوسـتێنرێت ، ئەوانیـش دانی پێـدا دەنێـن))[1].

وە یەکـەم شـت عەبـد موحاسـەبەی لەسـەر دەکرێـت نوێژەکەیـەتی ، وە یەکـەم شـت لـە نێـوان خەڵکیـدا داوەری لەسـەر بکرێـت خوێنـە[2] ، هەروەکـو لـەو فەرمـوودەدا هاتووە کـە ئیمامـی (الترمـذي) ریوایـەتی کـردوە و بـە (حسـن) ی زانیـوە وا (ابـو داوود و الحاکـم) ریواتیـان کـردووە (الحاکـم)بـە (صحیـح) ی زانیـوە لـە (ابـو هریـرە) ەوە لـە پێغەمبـەری خـوداوە(ﷺ) کـەوا فەرمویـەتی: ((**إن أول مـا يحاسـب بـه العبـد يـوم القيامـة الصـلاة ، يقـول ربنـا عـز و جـل لملائكتـه و هـو أعلـم : انظـروا في صـلاة عبـدي أتمهـا أم نقصهـا ؟ فـإن كانـت تامـة كتبـت لـه تامـة و إن كان انتقـص منهـا شـيئا قـال : انظـروا هـل لعبـدي مـن تطـوع ؟ فـإن كان لـه تطـوع قـال : أتمـوا لعبـدي فريضتـه ثـم تؤخـذ الأعـمال عـلى ذاكـم**).)) واتـە : یەکـەم شـتێک کـە لـە رۆژی قیامەتـدا بەنـدەکان لێپرسـینەوەیان لەسـەر

---

(١) مجموع الفتاوى (١٤٧/٣) .

(٢) متفق عليه : أخرجه البخاري (٦٥٣٣) ومسلم (٤٣٥٧) .

بکرێـت نوێـژە ، خـوای پـەروەردگار بـە فریشـتەکانی دەفەرموێـت -لەکاتێکـدا خـۆی باشـتر دەزانێـت- : تەماشـای نوێـژی عەبدەکـەم بکـەن بزانـە تـەواوە یـان کـەم و کورتـی هەیـە ؟ جـا ئەگـەر تـەواو بـوو ئـەوا بـە تـەواوی دەنوسرێـت و ئەگـەر کـەم وکورتـی تیـادا هەبـوو ، دەفەرموێـت: تەماشـای نوێـژی عەبدەکـەم بکـەن بزانـە لـە نوێـژی سـوننەتی تیادایـە (تطـوع) ؟ جـا ئەگـەر نوێـژی سـوننەتی هەبـوو دەفەرموێـت: نوێـژە فەرزەکانـی عەبدەکەم لـە سـوننەتەکەی بـۆ تـەواو بکـەن ،ئەمجـار کردەوەکانـی لەسـەر ئـەوە وەردەگیرێـت)) .

هەروەهـا (النسـائی) لـە ابـن مسـعودەوە ریوایەتـی کـردووە لە پێغەمبـەری خـوداوە (ﷺ) کـەوا فەرموویـەتی: **(أول مـا يحاسـب عليـه العبـد الصـلاة))**[1] واتـە : یەکـەم شـتێک کـە بەنـدەکان لێپرسـینەوەیان لەسـەر دەکرێـت نوێـژە)) .

اعطاء الصحائف (پێدانی دەفتەری کردەوەکان) :

(الصحائـف) : ئـەو کتێبانـەن کـە فریشـتەکان نوسـیویانە ، ئـەوەی مـرۆڤ لـە ژیـانی دونیـادا ئەنجامـی داوە لـە کـردەوەکانی وتـن و کـردن هەموویـان ژمـاردووە .

خـوای گـەورە دەفەرموێـت: ﴿ وَكُلَّ إِنسَٰنٍ أَلْزَمْنَٰهُ طَٰٓئِرَهُۥ فِى عُنُقِهِۦ ۖ وَنُخْرِجُ لَهُۥ يَوْمَ ٱلْقِيَٰمَةِ كِتَٰبًا يَلْقَىٰهُ مَنشُورًا ﴿١٣﴾ ٱقْرَأْ كِتَٰبَكَ كَفَىٰ بِنَفْسِكَ ٱلْيَوْمَ عَلَيْكَ حَسِيبًا ﴿١٤﴾ ﴾ (الإسراء) واتـە : ئیـتر هەمـوو مرۆڤێـک کردەوەکەیـمان -خێـرو شـەڕ کـە لـە شـەوو رۆژ دا کردنـی- ئاوێزانـی ملـی کـرد، واتـە: لـە قیامەتـدا نامـەی هەمـوو کاروکـردەوەی مـرۆڤ وەک (تـەوق)و ملوانکـە دەکرێتـە ملـی و، هـەر بـە پێـی ئـەوەش لەقیامەتـدا پـاداش و تۆلّـە وەردەگرێتـەوە، وە لـەڕۆژی قیامەتـدا نامەیەکـی- کـە کردەوەکانـی تیانـووسراوە- بـۆ دەردێنیـن و ئەویـش بەکراوەیـی دەگا بەونامەیـە و لێـی تێـدەگات(١٣) پێـی دەگوتـرێ: دەسـا بـۆ خـۆت نامـەی کردەوەکانـت بخوێنـەوە، ئەمـڕۆ ئیـتر هـەر تـۆ خـۆت حیسـاب لەگـەڵ خـۆت بکێشـەو پێویسـت بەکەسـی تـر نـاکا، ئەوجـا ئەویـش خوێنـدەوار بـێ، یـا نـە، بـۆ خـۆی کارنامەکـەی دەخوێنێتـەوەو، بـاش لـە ئەنجـام و جـێ وشـوێنی خـۆی تێـدەگات (١٤) .

---

(١) أخرجه الترمذي في أبواب الصلاة ، باب ما جاء أن أول ما يحاسب به العبد يوم القيامة الصلاة (٤١٣) ، والنسائي كتاب الصلاة ، باب المحاسبة على الصلاة (١ / ٢٣٢) ، وابن ماجه ، كتاب إقامة الصلاة ، باب أول ما يحاسب به العبد الصلاة (١٤٢٥) ، وأحمد (٢/ ٢٩٠ ، ٤٢٥) ، وصححه الألباني في ((الصحيحة)) (١٣٥٨) من حديث أبي هريرة (رضي الله عنه) .

زانایان دەفەرمون : طائره : واته کردەوەکانی .

وه تیایانـدا هەیـه کتێبەکـەی به دەسـتی راسـتی دەدرێتـێ و وه تیایاندا هەیـه کتێبەکەی بـه دەسـتی چەپـی دەردرێتـێ ، خـوای گـەوره دەفەرموێـت:﴿ فَأَمَّا مَنْ أُوتِيَ كِتَٰبَهُۥ بِيَمِينِهِۦ فَيَقُولُ هَآؤُمُ ٱقْرَءُوا۟ كِتَٰبِيَهْ ﴿١٩﴾ إِنِّى ظَنَنتُ أَنِّى مُلَٰقٍ حِسَابِيَهْ ﴿٢٠﴾ فَهُوَ فِى عِيشَةٍ رَّاضِيَةٍ ﴿٢١﴾ فِى جَنَّةٍ عَالِيَةٍ ﴿٢٢﴾ قُطُوفُهَا دَانِيَةٌ ﴿٢٣﴾ كُلُوا۟ وَٱشْرَبُوا۟ هَنِيٓـًٔۢا بِمَآ أَسْلَفْتُمْ فِى ٱلْأَيَّامِ ٱلْخَالِيَةِ ﴿٢٤﴾ ﴾(الحاقة) واتـه : ئینجـا ئـەو کەسـەی کارنامەکـەی درایـه دەسـتی راسـتیی-که ئـەوەش نیشـانەی بەختیاریـی مرۆڤـه- جا(لەخۆشـیی و شـادیدا)بەدەنگی بـەرز ئەڵـێ: هـا ئەوەتـه نامەکـەم بگـرن و بیخوێننـەوه (١٩) چونکـه بەراستی مـن لـه دنیـادا ئەمزانـی و یەقینـم بـوو کـه دەگـەم بـه حیسـابی خـۆم!! وا ئەمـڕۆش خـوای میهرەبـان پاداشـتی بەچاکـه دامـەوه(٢٠) جـا ئـەوه لـه گوزەرانێکـی خـۆش و پەسـەندکراوایه(٢١) لەبەهەشـتێکی بـەرزدا(٢٢) میوەجاتـی درەختەکانـی نزیکـه لێیـەوه، واتـه: دەس ڕەسـه(٢٣) پێیـان ئەوتـرێ: بخـۆن و بخۆنـەوه بـه خۆشـی بەهـۆی ئـەوکاره جـوان و چاکانـەوه لەڕۆژگارەکانـی رابـوردوودا ئەنجامتـان دەدا.(٢٤)

ئەمجـار دەفەرموێـت:﴿ وَأَمَّا مَنْ أُوتِيَ كِتَٰبَهُۥ بِشِمَالِهِۦ فَيَقُولُ يَٰلَيْتَنِى لَمْ أُوتَ كِتَٰبِيَهْ ﴿٢٥﴾ وَلَمْ أَدْرِ مَا حِسَابِيَهْ ﴿٢٦﴾ يَٰلَيْتَهَا كَانَتِ ٱلْقَاضِيَةَ ﴿٢٧﴾ مَآ أَغْنَىٰ عَنِّى مَالِيَهْ ﴿٢٨﴾ هَلَكَ عَنِّى سُلْطَٰنِيَهْ ﴿٢٩﴾ خُذُوهُ فَغُلُّوهُ ﴿٣٠﴾ ثُمَّ ٱلْجَحِيمَ صَلُّوهُ ﴿٣١﴾ ﴾ واتـه : بـەڵام ئەوکەسـەی: کارنامەکـەی ئەدرێتـه دەسـتی چەپـی -کـه ئـەوەش نیشـانەی بەدبەختیـه- جادەڵـێ: خۆزگایـه..! نامەکەمـم پێنەدرابـا(٢٥) و نەمزانیبـا سـەرئەنجامی حیسـاب و لێپرسـینەوەم چیـه؟(٢٦) خۆزگایـه ئـەو مردنـەم بڕابایـەوه بـه یەکجـاری و زینـدووش نەکرامایەتـەوه(٢٧) دارایـی و ماڵەکـەم هیـچ کەڵکێکـی پێنەگەیانـدم بـۆ ئـەم ڕۆژەم(٢٨) ئـەو مولـك و دەسـەڵاتەی بـووم لـەدەس چـوو، نـه ڕشـتەم، نـه پلەوپایـەم، هیچیـان نەیانتوانـی تۆزقاڵەیـەك ئارامـم بکەنـەوه. ئەوسـا ئیـتر خـوا فرمـان ئـەدات بـه دەرگاوانەکانـی دۆزەخ و ئەفەرمـوێ : (٢٩) بیگـرن، جـا کەلەبچـەی بکـەن، واتـه: کـۆت و زنجیـر لـەدەس و قـاچ وملـی بئاڵێنـن(٣٠) پاشـان بیخەنـه نـاو ئاگـری دۆزەخ(٣١)

وزن الاعمال (کێشانی کردەوەکان) :

لەو کارانەی لەم رۆژەدا رووەدەن کێشانی کردەوەکانە:

خـوای گـەورە دەفەرموێـت:﴿ وَٱلْوَزْنُ يَوْمَئِذٍ ٱلْحَقُّ ۚ فَمَن ثَقُلَتْ مَوَٰزِينُهُۥ فَأُو۟لَٰٓئِكَ هُمُ ٱلْمُفْلِحُونَ ﴿٨﴾ وَمَنْ خَفَّتْ مَوَٰزِينُهُۥ فَأُو۟لَٰٓئِكَ ٱلَّذِينَ خَسِرُوٓا۟ أَنفُسَهُم بِمَا كَانُوا۟ بِـَٔايَٰتِنَا يَظْلِمُونَ ﴿٩﴾ ﴾ (الأعـراف) واتـە : وە کێشـانەو لێکدانـەوەی کاروکـردەوەی گشـت ئـەو خەڵکانـە، لـەو رۆژی قیامەتـەدا بەڕاسـتیی و دادگەرانـە دێتـە پێـش و، سـتەم لەهیـچ کەسـێش ناکرێـت ئینجـا هـەر کەسـێك تـای تـەرازووی کردەوەکانـی گـران و قـورس بێـت لای خـوا، واتـە: کاروکـردەوەی دنیـای چـاك بێـت دیـارە هـەر ئەوانـە بەختیـار و سـەرکەوتوو سـەرفرازن(٨) کەسـێکیش کـە تـای تـەرازووی کاروکـرداری سـووك و بـێ بەهابـوو، واتـە: خوانەنـاس بـوو ئەوانـەش، ئەوانـەن کـە زیانیـان بـە خـۆ گەیانـدو خۆیـان فەوتانـد چونکـە لەبەرامبـەر ئایـەت و نیشـانەکانی ئێمـەوە سـتەمیان کـردو، ڕوویـان لێوەرگێـڕان، جـا ئێسـتاش خۆمـان ئەزانیـن چیـان پـێ ئەکەیـن.(٩)

خـوای گـەورە دەفەرموێـت:﴿ وَنَضَعُ ٱلْمَوَٰزِينَ ٱلْقِسْطَ لِيَوْمِ ٱلْقِيَٰمَةِ فَلَا تُظْلَمُ نَفْسٌ شَيْـًٔا ۖ وَإِن كَانَ مِثْقَالَ حَبَّةٍ مِّنْ خَرْدَلٍ أَتَيْنَا بِهَا ۗ وَكَفَىٰ بِنَا حَٰسِبِينَ ﴿٤٧﴾ ﴾ (الانبياء) واتـە : بێگومان رۆژی قیامـەت ئێمـە تـەرازووی بەرامبـەر دادپەروەریـی دائەنێـن و کردەوەکانیانـی پـێ ئەکێشـین ئەوسـا هیـچ کەسـێك کەمتریـن سـتەمی لێناکـرێ چ لەچـاك کاران و، چ لـە خراپـکاران تەنانـەت ئەگـەر کردەوەکانیـان بەئەنـدازەی سـەنگی دەنکـە خەرتەلەیەکیـش بێـت کـە لەبچووکیـدا کـراوە بەنموونـە ئێمـە ئەیهێنیـن و ئامـادەی ئەکەیـن، وە ئەوەنـدە بەسـە بـۆ ئێمـە کـە بـە وردی ژمێریـاری کردەوەکانیـان بیـن) .

جا کردەوەکان دەکێشرێن بە تەرازویەکی حەقیقی کە زمانێک و دوو تای هەیە .

شـیخ الاسـلام ابـن تیمیـە -ڕەحمەتـی خـوای لـێ بێـت - دەفەرموێـت: تـەرازوو ئەوەیـە کـە کـردەوەکانی پـێ دەکێشرێـت ، ئـەوەش تەنهـا مانـای دادپـەروەری (عـدل) نیـە[1] ، هەروەکـو کیتـاب و سـوننە دەلالـەتی لەسـەر دەکـەن ، وەکـو ئـەوەی خـوای گـەورە

---

(١) هةروةكو هةنديَ كةس تةرازوو تةئويل دةكةن بة دادثةروةري (عدل).

دەفەرموێـت: ﴿فَمَن ثَقُلَتْ مَوَٰزِينُهُۥ﴾ وە دەفەرموێـت: ﴿وَنَضَعُ ٱلْمَوَٰزِينَ ٱلْقِسْطَ لِيَوْمِ ٱلْقِيَـٰمَةِ﴾ .

ئەمجـار چەنـد فەرمودەیەکـی هێناوەتـەوە کـە کێشـانی کـردەوەکانی تیادایـە ، ئەمجـار دەڵێـت: ((ئەمـەو نمونـەی ئەوانـە ، ئـەوە ڕوون دەکەنـەوە کـەوا کـردوەکان دەکێشرێـن بـە تەرازوێـەک کـە لـە ڕێگایـەوە زۆری چاکـە بەسـەر خراپـەدا دەزانرێـت وە بـە پێچەوانـەوە ، ئەوێـش ئەوەیـە کـە لـە ڕێگایـەوە دادپـەروەری ڕوون دەبێتـەوە وە مەبەسـت لـە (وزن) لێـرەدا دادپەروەریـە ، وەکـو تـەرازوەکانی دونیـا ، بـەڵام چۆنیـەتی ئـەو تەرازووانـە ، ئەوێـش وەکـو چۆنیـەتی ئـەو دوای کاروبـارە غەیبیەکانـە ...)).

الصراط والمرور عليه (سیرات و تێپەڕبوون بە سەریدا):

هـەر لـەو کارانـەی لـە ڕۆژی قیامەتـدا ڕووەدەن تێپەڕبوونـە بـە سـەر سـیراتدا ، ئەوێـش بریتیـە لـە پردێـک بەسـەر پشـتی دۆزەخـەوە هەڵـواسراوەوە ، پێشـینەکان و پاشـینەکان بەسـەریدا تێدەپـەڕن ، خەڵکـی بـە پێـی کردەوەکانیـان بەسـەریدا تێدەپـەڕن ئەوێـش لـە مـوو باریکـترە ، لـە شمشـێر تیژتـرە، لـە پشـکۆ گەرمـترە، قـولاوی پێوەیـە ئـەو کەسـانە دەگرێـت کـە فەرمـانی پـێ دەکرێـت بـە گرتنیـان ، خەڵکـی بەسـەریدا بـە پێـی کردەوەکانیـان تێدەپـەڕن ، تیایانـدا هەیـە وەکـو بروسـکە تێدەپـەڕێ ، تیایانـدا هەیـە وەکـو بـا تێدەپـەڕێ ، تیایانـدا هەیـە وەکـو ئەسـپێکی چـاک تێدەپـەڕێ ، تیایانـدا هەیـە وەکـو کەسـێک هەڕوەڵـە دەکات تێدەپـەڕێ ، تیایانـدا بـە ڕێ کـردن تێدەپـەڕێ ، تیایانـدا هەیـە بـە خشـان دەخشـێت ، تیایانـدا هەیـە قـولاوەکان دەیگرێـت و فڕێـی دەداتـە نـاو ئاگـری دۆزەخـەوە ، داوا لـە خـوا دەکەیـن بمانپارێـزێ و سـەلامەتمان بـکات .

(السـفارینی) دەڵێـت: ((بـە گشـتی زانایـان یـەک دەنگـن لەسـەر سـەلماندنی سـیرات ، بـەڵام ئەهـلی حـەق دەیسـەلمێنن بـە پێـی ڕواڵەتەکـەی خـۆی کـە پردێکـە بەسـەر پشـتی دۆزەخـدا درێـژ بوەتـەوە ، لـە شمشـێر تیژتـرە و لـە مـوو باریکـترە ، وە بـەم ڕواڵەتـە (القـاضي عبدالجبـار المعتزلـی) و زۆرێـک لـە شـوێنەکەوتوانی ئینکاریـیـان لـێ کـردووە ، دەڵێـن ناکرێـت بەسـەریدا کـەس تێپـەڕێ ، وە ئەگـەر کـرا ئـەوا عـەزابی تێدایـە ، وە عەزابـش تـوشی کـەسی ئیمانـدارو چاکـەکاران نابـێ لـە ڕۆژی قیامەتـدا ، بەڵکـو مەبەسـت

رێـگای بەهەشـتە کـە لـەو ئایەتـەدا ئامـاژەی پـێ کـراوە دەفەرموێـت: ﴿سَيَهْدِيهِمْ وَيُصْلِحُ بَالَهُمْ ۝٥﴾ (محمد) ، وە ئـەو ئایەتـەی ئامـاژەی پـێ کـراوە رێـگای ئاگـرە کـە دەفەرموێـت: ﴿فَاهْدُوهُمْ إِلَىٰ صِرَاطِ الْجَحِيمِ ۝٢٣﴾ (الصافـات)، هەندێکیـان بـە بەڵگـە ئاشـکرا و موبـاح و کـردەوە خراپـەکان لێـی تێگەیشـتون ، بـۆ ئـەوەی پرسـیار دەربـارەی بکرێـت و بـە پێـی ئەوانـە تۆڵـەی لـێ دەسـێنرێت .

هەمـوو ئەوانـە نـارەوا و خورافاتـن ، لەبـەر واجببـونی گەرانـەوەی دەقـەکان بـۆ حەقیقەتەکـەی خـۆی ، وە تێپـەڕ بـوون بەسـەر سـیراتدا سـەیرتر نیـە لـە رێکـردن بەسـەر ئـاودا و فڕیـن بـە هـەوادا ، یـان وەسـتان تیایـدا ، پێغەمبـەری خـوا(ﷺ) وەڵامـی ئـەو پرسـیارەی دایـەوە دەربـارەی حـەشری کافـر بەسـەر رووێـدا بـەوە کـە توانـای خـوا ئـەوە دەکات ...))[1] اهـ .

الحوض (حەوز)

ئیمامـی (السـیوطی) دەفەرموێـت: ((بـاسی حـەوز لـە ریوایەتـی پەنجـاو ئەوەنـدە لـە هاوەڵانـەوە هاتـوە ، لەوانـە چـوار خەلیفـە راشـیدینەکە و هاوەڵـە (حافظ)ـەکان و کـە فەرمودەیـان زۆر گێڕاوەتـەوە و جگـە لـەوان رەزای خوایـان لەسـەر بێـت))[2] .

بوخـاری و موسـلیم و جگـە لـەوان ریوایەتیـان کـردووە لـە فەرمـودەی (عبداللـە بـن عمـرو بـن العـاص) دەفەرموێـت: پێغەمبـەری خـوا(ﷺ) فەرمویـەتی: **(حَـوْضِي مَسِـيرَةُ شَـهْرٍ ، وَمَـاؤُهُ أَبْيَـضُ مِـنَ اللـبن وريحـه أَطْيَـبُ مِـنَ الْمِسْـكِ وَكِيزَانُـهُ كَنُجُـومِ السَّـمَاءِ مَـنْ شَرِبَ مِنْـهُ ، لا يَظْـمَأُ أَبَـدًا)** .

ئیمامـی موسـلیم ریوایـەتی کـردوە لـە (صحیـح) ـەکەیدا لـە (انـس بـن مالـک) دەفەرموێـت: (((**بَيْنَـا رَسُـولُ اللّـهِ (ﷺ) ذَاتَ يَـوْمٍ بَـيْنَ أَظْهُرِنَـا، إِذْ أَغْفَـىَ إِغْفَـاءَةً. ثُـمّ رَفَـعَ رَأْسَـهُ مُتَبَسّـماً. فَقُلْنَـا: مَـا أَضْحَـكَكَ يَـا رَسُـولَ اللّـهِ(ﷺ)؟ قَـالَ: «أُنْزِلَـتْ عَـلَيّ آنِفـاً سُـورَةٌ».** فَقَـرَأَ: ﴿إِنَّآ أَعْطَيْنَٰكَ ٱلْكَوْثَرَ ۝١ فَصَلِّ لِرَبِّكَ وَٱنْحَرْ ۝٢ إِنَّ شَانِئَكَ هُوَ ٱلْأَبْتَرُ ۝٣﴾

---

(١) لوامع الانوار (١٩٢/٢).

(٢) البدور السافرة للسيوطي.

ثُـمّ قَـالَ: «أَتَـدْرُونَ مَـا الْكَوْثَـرُ؟» فَقُلْنَـا: اللـه وَرَسُـولُهُ(ﷺ) أَعْلَـمُ. قَـالَ: «فَإِنّـهُ نَهْـرٌ وَعَدَنِيـهِ رَبِّي عَـزّ وَجَـلّ.))وفي روايـة : ((في الجنـة - عَلَيْـهِ خَـيْرٌ كَثِـيرٌ. هُـوَ حَـوْضٌ تَـرِدُ عَلَيْـهِ أُمّتِـي يَـوْمَ الْقِيَامَـةِ. آنِيَتُـهُ عَـدَدُ النّجُـومِ. فَيُخْتَلَـجُ الْعَبْـدُ مِنْهُـمْ. فَأَقُـولُ: رَبّ، إِنّـهُ مِـنْ أُمّتِـي. فَيَقُـولُ: مَـا تَـدْرِي مَـا أَحْدَثَـتْ بَعْـدَكَ))[1] واتـه : جارێکیـان پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) لـه ناومانـدا بـوو ، سـووکه خەوێکـی کـردوو ئینجـا سـەری بـه دەم زەردەخەنـەوە بەرزکـردەوە ، ئێمـەش وتمـان : بۆچـی پێدەکەنیـت ئـەی پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) فەرمـووی : (ئـا ئێسـتا سـوورەتێکم بـۆ دابەزیـوە ، خوێندیـەوە و فەرمـووی :((﴿ إِنَّآ أَعۡطَيۡنَٰكَ ٱلۡكَوۡثَرَ ۝١ فَصَلِّ لِرَبِّكَ وَٱنۡحَرۡ ۝٢ إِنَّ شَانِئَكَ هُوَ ٱلۡأَبۡتَرُ ۝٣ ﴾)) ئینجـا فەرمـووی : ئایـا دەزانـن کەوسـەر چییـە ؟ وتمـان : خـوا و پێغەمبەرکـەی (ﷺ) باشـتر دەزانـن ، فەرمـووی : روبارێکـە پـەروەردگارم بەڵێنـی پێـداوم ، خێـری زۆری لـە سـەرە ، حەوزێکـە لـە رۆژی قیامەتـدا ئوممەتـم دێنـە سـەری ، جامەکانـی بـە ئەنـدازەی ژمـارەی ئەسـتێرەکانە ، خەڵکێـک دادەبـڕن لێیـان ، منیـش دەڵێـم : پـەروەردگار ئـەوە لـە ئوممەتـی منـە ، ئەویـش دەفەرموێـت: تـۆ نازانـی پـاش تـۆ چییـان داهێنـاوە)) .

(يختلج) واتە دوور دەکرێتەوە لە چوونە سەر حەوزەکە .

ئیمامـی (القرطبـي) دەفەرموێـت: زانایانمـان فەرمویانـە : ((هـەر کەسـێ هەڵگەڕێتـەوە لـە دینـی خـوا یـان داهێنانێکـی تـازەی تیـادا بـکات کـە خـوای گـەورە پێـی رازی نیـە وئیـزنی لەسـەر نـەداوە ، ئـەوە لـەو کەسـانەیە کـە دوور دەکرێنـەوە لـە سـەر حەوزەکـە وە لـە هەمـوو توندتـر دوور دەخرێنـەوە ئەوانـەن جیـاوازن لەگـەڵ کۆمەڵـی موسـڵمانانداوەکـو : (خـوارج) و (روافـض) و (موعتەزیلـە) بـە هەمـوو تاقمەکانیانـەوە ، جـا هەمـوو ئەوانـە دینیـان گۆڕیـوە ، هەروەهـا سـتەمکارەکان کـە زیادەڕەویـان کـردووە لـە سـتەم و زوڵـم و نەهێشـتنی حـەق و زەلیـل کـردنی ئەهلەکـەی ، وە ئەوانـەی بـە ئاشـکرا تاوانـە گـەورەکان دەکـەن ، سـەرپێچیەکان بـە کـەم دەزانـن ، وە کۆمەڵـی ئەهـلی لادان و بیدعـە ، ئەمجـار دوور خسـتنەوەکە رەنگـە هـەر لـەو کاتـەدا بێـت ، ئەمجـار نزیـک دەکرێنـەوە لـە پـاش لێبـوردن ، ئەگـەر گۆڕینەکـە لـە کردەوەکانـدا بێـت و بیروبـاوەڕ نەبێـت.....))[2]

---

(١) اخرجه مسلم (٨٩٢) .

(٢) التذكرة (٣٥٢) .

وە موعتەزیلـەکان جیـاوازن ، بـوونی حـەوز ناسـەلمێنن هەرچەنـدە لـە فەرمـوودە راسـت و دروسـت و ئاشـکراکاندا هاتـووە ، جـا هەرکەسـێ جیـاوازن بێـت لـە سـەلماندنیدا ،ئـەوا کەسـێکی (مبتـدع) ـەو لـە پێشـترە دوور بخرێتـەوە و حەقـی خۆیـەتی .

الشفاعـة (شەفـاعەت) :

شـەفاعەت لـە زمانـدا : وەسـیلەت و داواکردنـە ، وە لـە عورفـدا : داواکـردنی خەیـرو چاکـە بـۆ کەسـێکی تـر ، وە دەڵێـن ئـەوە لـە (شفع)ـەوە هاتـووە کـە دژی (وتر) ـە ، وەکو ئـەوەی بڵێـت کـەسی شـەفاعەت کار داواکـەی دەداتـە پـاڵ داوای ئـەوەی شـەفاعەتی بـۆ دەکات .

وە شـەفاعەتیش حەقـە ئەگـەر مەرجـەکانی تێـدا بـەدی کـرا ، ئەویـش ئەوەیـە کـە دەبێـت بـە ئیـزنی خـوای گـەورە بێـت و رازی بێـت لـەوەی شـەفاعەتی بـۆ دەکرێـت ، خـوای گـەورە دەفەرموێـت: ﴿ ۞ وَكَم مِّن مَّلَكٍ فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ لَا تُغۡنِي شَفَٰعَتُهُمۡ شَيۡـٔٗا إِلَّا مِنۢ بَعۡدِ أَن يَأۡذَنَ ٱللَّهُ لِمَن يَشَآءُ وَيَرۡضَىٰٓ ﴿٢٦﴾ ﴾(النجـم) واتـە : فریشـتەیەکی زۆر لـە ئاسـمانەکاندا هـەن تکایـان هیـچ کەڵـك نابەخشـێ بـۆ پەرسـتیارەکانیان، مەگـەر ئـەو بتانـەی ئێـوە چـۆن تکایـان وەرئەگیـردرێ بۆتـان ؟! مەگـەر پـاش ئـەوەی بـۆ هەرکەسـێك خـوا خـۆی بیـەوێ و رازی بـێ مۆڵـەت بـدات فریشـتە تـکای بۆبـکات، ئـەوەش بـۆ پیـاوە راسـاڵ و سـاڵحەکان دەبێـت) .

لـەم ئایەتـە پیـرۆزەدا بەڵگـەی ئـەوەی تێدایـە کـەوا شـەفاعەت سـوود ناگەیەنـێ بـە دوو مـەرج نەبـێ :

یەکـەم : ئیزنـی خـوای گـەورە بـۆ کەسـی شـەفاعەتکار کـە شـەفاعەت بـکات ، چونکـە شـەفاعەت مولکـی خـوای گەورەیـە: ﴿ قُل لِّلَّهِ ٱلشَّفَٰعَةُ جَمِيعٗاۖ ﴿٤٤﴾ ﴾ (الزمـر) واتـە : بلـێ: لێبـوردن و بەخشـین و تـکاو شـەفاعەت سـەرلەبەر تەنهـا بـۆ خوایـە، هیـچ کەسـێکی دیکـە شـتێکی بـە دەسـت نیـە) .

دووەم : رازی بێـت لـەوەی شـەفاعەتی بـۆ دەکرێـت ، بـەوەی کـە ئەهلـی تەوحیـد بێـت ، چونکـە کەسـی موشـریک سـوود لـە شـەفاعەت نابینـێ ، هەروەکـو خـوای گـەورە

دەفەرموێـت: ﴿فَمَا تَنفَعُهُمْ شَفَٰعَةُ ٱلشَّٰفِعِينَ ﴿٤٨﴾﴾ (المدثر) واتـە : ئیتـر تـکای تـکاکاران کەڵکـێ بـەوان ناگەیەنـێ، چونکـە تـکا وەك (ئیبـن کەسـیر) دەڵێـت: بـۆ ئـەو کەسـانە نابـێ کـە ئـەو خـوو و سـیفەتە ناپەسـەندانەیان هەبـێ).

بـەم پێیـە پوچـەڵ بـونی ئـەو رایەی گـۆڕ پەرستەکان لەسـەرین روون بـوەوە ، کـە داوای شـەفاعەت لـە مـردوو دەکـەن و خۆیـان نزیـک دەکەنـەوە لێیـان بـە هەمـوو جـۆرە نزیـک بونەوەیـەک ، هەروەکـو خـوای گـەورە دەربـارەی پێشـینەکانیان دەڵێـت: ﴿وَيَعْبُدُونَ مِن دُونِ ٱللَّهِ مَا لَا يَضُرُّهُمْ وَلَا يَنفَعُهُمْ وَيَقُولُونَ هَٰٓؤُلَآءِ شُفَعَٰٓؤُنَا عِندَ ٱللَّهِ ﴿١٨﴾﴾ (یونـس) واتـە : وەلـە باتـی خوایـش چەنـد شـتێکی وا دەپەرسـتن کـە: نـە دەتوانـن زیانێکیـان پـێ بگەیەنـن و، نـە سـوودێکیان پـێ ببەخشـن دەشـڵێن : ئەوانـە -دەیانپەرسـتین- لای خـوا تکاکارمـان دەبـن، واتـە: بـۆ ئـەو مەبەسـتە ئێمـە ئەیانپەرسـتین))

خـوای گـەورە دەفەرموێـت: ﴿أَمِ ٱتَّخَذُوا۟ مِن دُونِ ٱللَّهِ شُفَعَآءَ ۚ قُلْ أَوَلَوْ كَانُوا۟ لَا يَمْلِكُونَ شَيْـًٔا وَلَا يَعْقِلُونَ ﴿٤٣﴾ قُل لِّلَّهِ ٱلشَّفَٰعَةُ جَمِيعًا ۖ لَّهُۥ مُلْكُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ ﴿٤٤﴾﴾ (الزمـر) واتـە : ئاخـۆ راسـتە جگـە لەخـوا بتەکانیـان کردوَتـە تـکاکار، شـەفاعەتیان بـۆ بکـەن لای خـودا؟! پێیـان بڵـێ ئـەی پێغەمبـەر!: ئایـا ئەگـەر ئەوانـە هیچیشـیان بەدەسـت نەبـێ و لەهیچیـش تێنەگـەن، هەر دەیانپەرسـتن و دەیانکەنـە تکاکار بۆخۆیـان ؟!(٤٣) بلـێ: لێبـوردن و بەخشـین و تـکاو شـەفاعەت سـەرلەبەر تەنهـا بـۆ خوایە، هیـچ کەسـێکی دیکـە شـتێکی بە دەسـت نیـە خاوەنێتـی ئاسـمانەکان و زەوی هـەر بۆ ئەوە پاشـانیش هەمـوو هـەر بـۆ لای ئـەو دەگێڕدرێنـەوەو دادگایـی دەکرێـن(٤٤) .

جـا پێغەمبەرمـان (ﷺ) شـەفاعەتی پێـدراوە ، بۆیـە شـەفاعەت دەکات بـۆ ئەوانـەی خـوای گـەورە ئیـزنی بـدات شـەفاعەتیان بـۆ بـکات .

شـیخ الاسـلام ابـن تیمیـە - رەحمەتـی خـوای لـێ بێـت - دەفەرموێـت: (پێغەمبـەری خـوا(ﷺ) سـێ شـەفاعەتی هەیـە :

شـەفاعەتی یەکـەم : شـەفاعەت دەکات بـۆ ئەهلـی مەوقیـف تاکـو داوەری بکرێـت لـە نێوانیانـدا لـە پـاش ئـەوەی پێغەمبـەران پاشەکشـێ دەکـەن : ئـادەم و نـوح و ئیبراهیـم و

موسا و عیسای کوڕی مەریەم تاکو شەفاعەتەکە دەگاتە ئەو .

شەفاعەتی دووەم : شەفاعەت کردن بۆ ئەهلی بەهەشت بۆ ئەوەی بچنە بەهەشتەوە ، وە ئەم دوو شەفاعەتە تایبەتن بە خۆیەوە .

شەفاعەتی سێیەم : شەفاعەت کردن بۆ ئەو کەسانەی شایەنی ئەوەن بچنە ئاگرەوە ، وە ئەم شەفاعەتە بۆ ئەو و هەموو پێغەمبەران و (صدیق)ەکان و جگە لەوانە ، شەفاعەت دەکەن بۆ ئەو کەسانەی کە شایەنی ئەوەن بچنە ئاگرەوە بۆ ئەوەی نەچنە ئاگرەوە ، وە شەفاعەت دەکەن بۆ ئەوانەی کە چوونەتە ئاگرەوە لێی دەرچن)[1] .

رەحمەتی خوای لێبێت دەفەرموێت:(شەفاعەتی پێغەمبەر(ﷺ) بۆ تاوانبارانی ئوممەتەکەی یەکدەنگی لەسەرە لە نێوان هاوەڵان و شوێنکەوتوانی ئەوان بە چاکە و هەموو پێشەوایانی موسڵمانان و چوار پێشەواکەو جگە لەوانیش ، وە زۆرێک لە بیدعەکاران ئینکاریان لێ کردوە وەکو (خەواریج و موعتەزیلە و زەیدیە) ، ئەوانە دەڵێن : ئەوەی بچێتە ئاگرەوە ئەوا لێی دەرناچێت نە بە شەفاعەت نە بە جگە لە شەفاعەت ، وە لای ئەوانە هەرکەسێک بچێتە بەهەشتەوە ئەوا ناچێتە دۆزەخەوە ، وە هەرکەسێک بچێتە دۆزەخەوە ناچێتە بەهەشتەوە ، وەلای ئەوان لە کەسێکدا پاداشت و تۆڵە کۆنابێتەوە ...)[2]

تا ئەو جێگەی دەڵێت :((ئەوانەی کە ئینکاری لە شەفاعەت دەکەن حوججەیان ئەو ئایەتەیە کە خوای گەورە دەفەرموێت:﴿ وَٱتَّقُوا۟ يَوْمًا لَّا تَجْزِى نَفْسٌ عَن نَّفْسٍ شَيْـًٔا وَلَا يُقْبَلُ مِنْهَا شَفَٰعَةٌ وَلَا يُؤْخَذُ مِنْهَا عَدْلٌ ﴿٤٨﴾ ﴾ (البقرة) واتە : لەو ڕۆژە خۆپارێزن وبترسن کە کەس فریای کەس ناکەوێ و توانای هەڵگرتنی هیچ شتێکی نیە بۆی، هەتا بارو کۆڵی سووك بکات، تکاو شەفاعەت و پاڕانەوەی کەسیش بۆ کەسێتر وەرناگیرێ، واتە: ئەگەر تکا کارێکیش دەست بکەوێت، هەر لێی وەرناگیردرێ هیچ پارەو بریتی و بارەمتەیەکیشی ‹گریمان گەر هەشبێ› لێوەرناگیردرێ) .

---

(١) مجموع الفتاوى (١٤٧/٣) .

(٢) مجموع الفتاوى (١٤٨/١).

خـوای گـەورە دەفەرموێـت:﴿ مِّن قَبۡلِ أَن يَأۡتِيَ يَوۡمٞ لَّا بَيۡعٞ فِيهِ وَلَا خُلَّةٞ وَلَا شَفَٰعَةٞۗ ﴿٢٥٤﴾ ﴾ (البقـرة) واتـە : پێـش لـە هاتنـی ڕۆژێـك هیـچ کڕیـن و فرۆشـتنێکی تێـدا نییە(تـا بەمـاڵ خۆتـان بکڕنـەوە) هـەروەك هیـچ دۆسـتیی و تـکاو شـەفاعەتێك سـوودی نابـێ) .

خـوای گـەورە دەفەرموێـت:﴿ مَا لِلظَّٰلِمِينَ مِنۡ حَمِيمٖ وَلَا شَفِيعٖ يُطَاعُ ﴿١٨﴾ ﴾ (غافـر) واتـە : ئـەوکات سـتەمکاران هیـچ پشـتیوان و دۆسـتێکیان نیـە، بتوانـێ کەڵکیـان پـێ بگەیەنـێ و هیـچ تکاکارێکیشـیان نیـە، تـکای وەربگیـردرێ، هەمـوو پەیوەندییـەك دەبچـڕێ) .

خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ فَمَا تَنفَعُهُمۡ شَفَٰعَةُ ٱلشَّٰفِعِينَ ﴿٤٨﴾ ﴾ (المدثر) واتە : ئیتر تکای تکاکاران - ئەگەر بشبێت -کەڵکێ بەوان ناگەیەنێ) .

وەڵامی ئەهلی سوننە ئەوەیە : ئەمە مەبەست لێی دوو شتە :

یەکەمیـان : ئـەوە سـودی بـۆ موشریکـەکان نیـە ، هەروەکـو خـوای گـەورە دەفەرموێت: ﴿ مَا سَلَكَكُمۡ فِي سَقَرَ ﴿٤٢﴾ قَالُواْ لَمۡ نَكُ مِنَ ٱلۡمُصَلِّينَ ﴿٤٣﴾ وَلَمۡ نَكُ نُطۡعِمُ ٱلۡمِسۡكِينَ ﴿٤٤﴾ وَكُنَّا نَخُوضُ مَعَ ٱلۡخَآئِضِينَ ﴿٤٥﴾ وَكُنَّا نُكَذِّبُ بِيَوۡمِ ٱلدِّينِ ﴿٤٦﴾ حَتَّىٰٓ أَتَىٰنَا ٱلۡيَقِينُ ﴿٤٧﴾ ﴾ (المدثر) واتـە : و پێیـان ئەڵێـن: ئـەوە چـی بـوو ئێوەی بـەرەو دۆزەخ ڕاپێچکرد؟ وا ئێسـتا ئەو سـزا سـەختە دەچێـژن..؟(٤٢) ئەوانیـش لەوەڵامـدا ئەڵێـن: یەکـەم: ئێمـە لەنوێـژ خوێنـان نەبووین بـۆ پەروەردگارمـان، چونکـە بڕوامـان پێ نەبـوو. دووەم: (٤٣) و خواردنمان بەبێ نەوایان نەئەداو دەسـتگرۆییمان نـە ئەکـردن. سـێیەم: (٤٤) وە ئێمـە هەمیشـە سـەرمان لـە قسـەی نـاڕەوا دەنـا لـە گـەڵ ئەوانـەی سـەریان لـە قسـەی نـاڕەوا دەنـا (٤٥) و بڕوامان بـە ڕۆژی پاداش نەبـوو بەدرۆمان دەزانـی (٤٦) تـا مـردن یەخـەی پێگرتیـن و بەچـاوی خۆمـان دیـمان، ئێمـە هەرلەنـاو ئـەو گومڕایـی و سـەر لێشـێواوییەدا بووین (٤٧) ئیـتر تـکای تـکاکاران - ئەگەر بشـبێت -کەڵکێ بـەوان ناگەیەنـێ، چونکـە تـکا وەك (ئیـبن کەسـیر) دەڵێـت: بـۆ ئـەو کەسـانە نابـێ کـە ئـەو خـوو و سـیفەتە ناپەسـەندانەیان هەبـێ (٤٨) .

جا ئەوانە شەفاعەتی شەفاعەت کاران سودی نیە بۆیان چونکە ئەوانە کافرن.

دووەم: ئـەو شـەفاعەتەی کـە ئەهـلی شـیرک و هاوشـێوەکانیان لـە ئەهـلی بیدعـە لـە ئەهلـی کیتـاب و موسـڵمانان دەیسـەلمێنن ، وا تێدەگـەن خەڵکـی لای خـوای گـەورە ئـەو ڕێزەیـان هەیـە کـە شـەفاعەت بکـەن بەبـێ ئیـزنی خـوا ، هەروەکـو چـۆن خەڵکـی هەندێکیـان شـەفاعەت دەکـەن لای ئـەوانی تـر)[1].

بەهەشـت و دۆزەخ :

لـە ڕۆژی قیامەتـدا دوو ماڵـی گـەورەو مـەزن هەیـە کـە هەرگیـز لە نـاو ناچـن : ئەویش بەهەشـت و دۆزەخـە ، جـا بەهەشـت ماڵـی خـۆ پارێزانـە و ئاگـر ماڵـی کافرەکانـە ، خـوای گـەورە دەفەرمووێـت :﴿إِنَّ ٱلْأَبْرَارَ لَفِى نَعِيمٍ ﴿١٣﴾ وَإِنَّ ٱلْفُجَّارَ لَفِى جَحِيمٍ ﴿١٤﴾﴾ (الانفطار) واتـە : بەڕاسـتی چـاکان لـە نـاو خۆشـی بەهەشـتدان(١٣) و بێگومـان تاوانبـاران و بەدکارانیـش لـە ئاگـری دۆزەخـدان(١٤) .

ئەوانیـش دروسـتکراون ئێسـتا بونیـان هەیـە ، هەروەکـو خـوای گـەورە دەربـارەی بەهەشـت دەفەرمووێـت:﴿ * أُعِدَّتْ لِلْمُتَّقِينَ ﴿١٣٣﴾﴾ (آل عمـران) واتـە : ئامـادە کـراوە (ئـەو بەهەشـتە) بـۆ پارێـزکاران.)

وە دەربـارەی ئاگـر دەفەرمووێـت :﴿أُعِدَّتْ لِلْكَٰفِرِينَ ﴿٢٤﴾﴾ (البقـرة) واتـە : کـە ئێسـتا بۆکافـران و بـێ بـاوەران ئامادەکـراوە) .

وە جگـە لـەو دەقانـەی کـە بەڵگەن لەسـەر ئەوەی کە ئێسـتا بونیان هەیـە ، وە ئەوانیش دەمێنـن و لـە نـاو ناچـن ، هەروەکو لە مەزهەبی ئەهلی سـوننەو جەماعـەدا هەیە .

ڕاڤـەکاری (الطحاویـة) دەڵێـت :((ئـەوەی پێویسـتە بزانرێـت کـەوا خـوای گـەورە مەنعـی پاداشـت نـاکات ، ئیـللا مەگـەر هۆکارەکـەی ڕێگـری لـێ بـکات (نەبێـت) ، ئەویـش کـردەوەی چاکـە ، دەفەرمووێـت:﴿وَمَن يَعْمَلْ مِنَ ٱلصَّٰلِحَٰتِ وَهُوَ مُؤْمِنٌ فَلَا يَخَافُ ظُلْمًا وَلَا هَضْمًا ﴿١١٢﴾﴾ (طـه) واتـە: هـەر کەسـیش ئـاکارو کـردەوەی چـاك ئەنجـام بـدا لەهەمانکاتیشـدا بڕوادارێـش بێـت جـا نـە لـەوە دەترسـێت، گوناهەکانـی لەسـەر زیـاد بکرێـن ، وە نـە لـەوە چاکەکانـی کەم بکرێنـەوە.)

---

(١) مجموع الفتاوى (١٤٩/١) .

وە هیـچ کەسـێک سـزا نـادات ئیـلـلا لـە پـاش ئەنجامدانـی هـۆکاری تۆڵـە و سـزا نەبێـت ، خـوای گـەورە دەفەرموێـت:﴿ وَمَآ أَصَٰبَكُم مِّن مُّصِيبَةٍ فَبِمَا كَسَبَتْ أَيْدِيكُمْ وَيَعْفُواْ عَن كَثِيرٍ ﴿٣٠﴾ ﴾ (الشـوری) واتـە : وەهـەر بەڵایەکتـان تـووش بـوو، ئـەوە بەهـۆی کـردەوەی خۆتانەوەیـە لەزۆرێـک لەگوناهەکانیشـتان ئەبـووردێ و لـە سـەری سـزاتان نـادا، ئەگەرچـی شایسـتەی سـزایش بـن) .

خـوای گـەورە دەبەخشـێ و دەگرێتـەوە، هیـچ رێگرێـک نیـە لـەوەی دەیبەخشـێ و هیـچ بەخشـینەرێک نیـە لـەوەی بیگرێتـەوە ...))[1]

وە کـردەوە چاکـەکان هـۆکاری چوونـە بەهەشـتن ، وە کـردەوە خراپـەکان هـۆکاری چوونـە دۆزەخـن ، داوا لـە خـوا دەکەیـن بـە هەشـتمان بـە قسـمەت بـکات و پەنـای پـێ دەگریـن لـە ئاگـر ، هـەر خـۆی بیسـەر و وەڵامـدەرەوەی نزاکانـە .

---

(١) شرح العقيدة الطحاوية لابن ابي العز (٦٣١/٢) .

بنەمای ٦

باوەڕ بە قەزا و قەدەر

گومـانی تیـادا نییـە کـە سـەلماندنی قـەزا و قـەدەر و واجببـونی ئیـمان پێیـان و بـەو شـتانەی لـە خـۆی دەگرێـت لـە مەزنتریـن روکنـەکانی ئیمانـە ، هەروەکـو پێغەمبـەری خـوا(ﷺ) فەرمـووی : « أن تؤمـن باللـه ، وملائکتـه ، وکتبـه ، ورسـله ، والیـوم الآخـر ، وتؤمـن بالقـدر خـیره وشره « واتـه : بـاوەڕی تـەواو بهێنیـت بـه خـوای گـەورە و فریشـتەکانی و کتێبەکانـی و هەمـوو پێغەمبەرانـی و رۆژی دوایـی و وە باوەڕیـش بـە قـەزاو قـەدەر بهێنیـت چ چـاک بێـت یـان خـراپ) .

وە خـوای گـەورە دەفەرموێـت: ﴿إِنَّا كُلَّ شَيْءٍ خَلَقْنَاهُ بِقَدَرٍ ﴿٤٩﴾﴾ (القمـر) واتە : بەراسـتی ئێمـە هەمـوو شـتێکمان بەئەندازەیەکـی دیاریکـراو دروسـتکردووە) .

وە (القـدر) چاوگـی (قـدرت الشئ)ـە : ئەگـەر دەورەی ئەندازەکەیتـدا ، وە مەبەسـت لێی لێـرەدا: پەیوەسـت بـوونی عیلمـی خـوای گـەورە بـە بونەوەرانـەوە ، وە ئیـرادەی خـوای گەورە بـۆ شـتەکە لـە ئەزەلـەوە لـە پێـش بـەدی هێنـانی ، جـا هیـچ شـتێک رووناـدات ئیللا خـوای گـەورە زانیوێتـی و تەقدیـری بـۆ کـردوە و ویسـتی لەسـەری بـووە ، وە مەزهـەبی ئەهـلی سـونە و جەماعـە ئەوەیـە بـاوەڕ بـوون بـە قـەدەر چ خەیرەکـەی بێـت یـان شـەڕەکەی .

وە باوەڕ بوون بە قەدەر چوار پلە لە خۆ دەگرێت :

یەکـەم / باوەڕبـوون بـە عیلمـی ئەزەلـی خـوای گـەورە بـە هەمـوو شـتێک پێـش هێنانـە بـوون ، هـەر لەوانـە عیلمـی خـوای گـەورە بـە کـردەوەی بەنـدەکان لـە پێـش ئـەوەی ئەنجامـی بـدەن .

دووەم/ باوەڕبوون بەوەی خوای گەورە ئەوەی نوسیوە لە (اللوح المحفوظ) دا .

سێیەم / باوەڕبـوون بـە ویسـتی خـوای گـەورە بـۆ هەمـوو رووداوەکان و توانایەکـی تـەواو بە سـەریەوە.

چـوارەم / باوەڕبـوون بـە هێنانەبوونـی خـوای گـەورە بـۆ هەمـوو دروسـتکراوەکان ، وە تەنهـا خـۆی دروسـتکارەو جگـە لـە ئـەو دروسـتکراوە .

لـە بەڵگـەکانی پلـەی یەکـەم و دووەم : خـوای گـەورە دەفەرمووێـت: ﴿ أَلَمْ تَعْلَمْ أَنَّ ٱللَّهَ يَعْلَمُ مَا فِى ٱلسَّمَآءِ وَٱلْأَرْضِ ۗ إِنَّ ذَٰلِكَ فِى كِتَٰبٍ ۚ إِنَّ ذَٰلِكَ عَلَى ٱللَّهِ يَسِيرٌ ﴿٧٠﴾ ﴾(الحـج) واتـە : مـەر تـۆ نەتزانیـوە ئـەی مرۆڤـی ژیـر! کـە هەرچـی لەئاسـمان و زەوییدایـە کەخـوا ئـاگای لێیەتـی و دەیزانـێ؟ جاکەواتـە هـەر ئەویـش بـە تەنهـا خـوَی بەئاگایـە لەوشـتانەدا ئێـوە ئیختیلافتـان تێیـدا هەیـە. چونکـە بـە ڕاسـتی هەمـوو ئـەو شـتانە لـە نامـەی (لـوح المحفـوظ)دا تۆمـار کـراوەو ‹هیچـی لـێ زایـە نابێـت› بێگومـان ئـەوکارەش بـۆ خـوا زۆر ئاسـانە) .

وە لـە بەڵگـەکانی پلـەی سـێیەم : خـوای گـەورە دەفەرمووێـت: ﴿ وَمَا تَشَآءُونَ إِلَّآ أَن يَشَآءَ ٱللَّهُ رَبُّ ٱلْعَٰلَمِينَ ﴿٢٩﴾ ﴾ (التکویـر) واتـە : وە ئێـوە ئـارەزووی ئیسـتیقامە ناکـەن، مەگـەر خـوای خاوەنـی جیهانـەکان ئـارەزووی بـکات، جاکەوابـوو داوای یارمەتـی هـەر لـەو بکـەن و، خۆشـتانی بەتـەواوی بـۆ ڕێـك بخـەن، تـا خوایـش پشـتیوانتان بـێ و ڕێنماییتـان بـکا، ئەگینـە خـوا بـەزۆر هیـچ کەسـێك ناهێنێتـە ژێـر بـار) .

هەروەهـا خـوای گـەورە دەفەرمووێـت:﴿ إِنَّ ٱللَّهَ يَحْكُمُ مَا يُرِيدُ ﴿١﴾ ﴾(المائـدة) واتـە : بەراسـتیی خـواش هەرچۆنێکـی ویسـت، بڕیـاردەدات) .

وە لـە بەڵگـەکانی پلـەی چـوارەم : خـوای گـەورە دەفەرمووێـت: ﴿ ٱللَّهُ خَٰلِقُ كُلِّ شَىْءٍ ﴿٦٢﴾ ﴾ (الزمـر) واتـە : بەڕاسـتی خـوا بەدیهێنـەری هەمـوو شـتێکە) .

هەروەهـا خـوای گـەورە دەفەرمووێـت: ﴿ وَهُوَ ٱلْخَلَّٰقُ ٱلْعَلِيمُ ﴿٨١﴾ ﴾ (یـس) واتـە : بەڵـێ ئەتوانـێ و، هـەر ئەویشـە دروسـتکارو زانیـار) .

وە تەقدیریش دوو جۆرە :

تەقدیرێکـی گشـتی هەمـوو بونـەوەرەکان دەگرێتـەوە ، ئەویـش نـوسراوە لـە (اللـوح المحفـوظ) دا، جـا خـوای گـەورە مەقادیـری هەمـوو شـتێکی نوسـیوە تاکـو رۆژی قیامـەت ، هەروەکـو لـەو فەرمـوودەدا هاتـووە کـە (ابـو داود) لـە (سنن)ـەکەیدا ریوایـەتی کـردووە لـە (عبـادة بـن الصامـت)ەوە دەڵێـت : گوێـم لێبـوو پێغەمبـەری خـوا(ﷺ) دەیفەرمـوو : (**أول مـا خلـق اللـه القلـم ، قـال لـه : اکتـب ، قـال : ومـا اکتب؟قـال : اکتـب مقادیـر کل شـئ حتـی تقـوم السـاعة**) واتـە: یەکەمجـار خـوای گـەورە قەڵەمـی دروسـت کـرد پێـی فەرمـوو : بنووسـە ، وتـی : چـی بنووسـم ؟ فەرمـووی : مەقادیـری هەمـوو شـتێک بنووسـە تاکـو ڕۆژی قیامـەت)[1].

جا ئەم تەقدیرە گشتگیرە هەموو دروستکراوەکان دەگرێتەوە .

تەقدیرێکی (مفصل) بۆ تەقدیرە گشتی یەکە ، ئەویش چەند جۆرێکە:-

١- جـۆری یەکـەم/ تەقدیـری تەمەنـی ، هەروەکـو لـە فەرموودەکـەی (ابـن مسـعود) دا هاتـووە دەربـارەی ئـەوەی لەسـەر کۆرپەلـە دەنوسـرێت کاتـێ لـە سـکی دایکیدایـە لـە نوسـینی ئەجەلەکـەی و رزقەکـەی و کارەکەـو بەدبەختیەکـەی یـان بەختیاریەکـەی .

٢- جـۆری دووەم/ تەقدیـری سـاڵانە ، ئەویـش ئەوەیـە کـە لـە (لیلـة القـدر)دا تەقدیـر دەکرێـت لـە رووداوەکانـی سـاڵ : هەروەکـو خـوای گـەورە دەفەرموێـت:﴿ فِيهَا يُفْرَقُ كُلُّ أَمْرٍ حَكِيمٍ ۝٤ ﴾ (الدخـان) واتـە : لـەو شـەوەدا - قورئانـی تێـدا هـات- هەمـوو بەرنامـەو ئیـش و کارێکـی گرنـگ بڕیـار دەدرێ و جیـا دەکرێتـەوە) .

٣- جـۆری سـێیەم/ تەقدیـری رۆژانـە، ئەویـش ئەوەیـە کـە رووداوەکانـی رۆژی تیـادا تەقدیـر دەکرێـت وەکـو ژیـان و مـردن و عیـززەت و زەلیلی-جگـە لەوانـە: هەروەکـو خـوای گـەورە دەفەرموێـت: ﴿كُلَّ يَوْمٍ هُوَ فِي شَأْنٍ ۝٢٩ ﴾ (الرحمـن) واتـە : هەمـوو رۆژێـك و کاتێـك، وا لـە کارێـك لـە کارەکانـدا: یەکێـك دەمرێنـێ و یەکێـك لەدایـك دەبـێ، یەکێـك سـەرئەکەوێ و یەکێـك دەشـکێ..هتد) .

---

(١) اخرجه احمد (٢٣٠٨) وابو داود (٤٧٠٠) والترمذي (٢١٦٠) .

جـا پێویسـتە کەسـی موسـڵمان بـاوەڕی بـە قـەدەر هەبێـت گشـتی و وردەکاریەکـەی ، هەرکەسـێ نکۆڵـی لـە شـتێکدا بـکات ، ئـەوا کەسـێکی بێبـاوەڕە بـە قـەدەر ، وە هەرکەسـێ بـاوەڕی بـە قـەدەر نەبـێ، ئـەوا نکۆڵـی لـە روکنێـک لـە روکنـەکانی ئیـمان کـردووە، هەروەکـو ئـەوەی گروپـی (القدریـە)ی گومـڕا لەسـەرین کـە ئینـکاری لـە قـەدەر دەکـەن ، ئەوانیـش بـەم ئینـکاری کردنـە دوو بەشـن[1] :-

بـەشی یەکـەم : (القدریـة الغـلاة) ئەوانـەی ئینـکاری لـە عیلمـی خـوا دەکەن بە شـتەکان پێـش رووداتی و ئینـکاری لـەوە دەکـەن کـە لـە (اللـوح المحفـوظ) دا نـوسرا بێـت ، وە دەڵێـن : خـوای گـەورە فەرمـان دەکات و نەهـی دەکات ، ئەویـش نازانێـت کـێ گوێڕایەڵـی دەکات و کـێ سـەرپێچی دەکات، کارەکـە -لـە عیلمـی خـوای گـەورەو تەقدیریـدا نەبـووە، ئـەم کۆمەڵـەش لـە ناوچـوون و نەمـاون یـان خەریکـە لەنـاو دەچـن و نامێنـن .

بەشی دووەم : دان دەنێن بە عیلمی خوادا ، بەڵام نەفی ئەوە دەکەن کە کردەوەی عەبدەکان بەشێک بێت لە قەدەر ، وە باوەڕیان وایە کە وا خۆیان دروستی دەکەن بەسەربەخۆیی، خوای گەورە دروستی نەکردووەو نەیویستووە ، ئەمەش مەزهەبی موعتەزیلەیە.

وە بەرانبـەر بـەوان تاقمێکـی تـر هـەن کـە زیادەڕەوییـان کـرد لـە سـەلماندنی قـەدەردا تاکـو وای لـێ هاتـووە توانـا و هەڵبژاردنیـان لـە بەنـدەکان دامالێـوە ، وتیـان :- عەبـد ناچـارە بـە ئەنجامـدانی کردەوەکانـی ، بۆیـە پێییـان دەڵێـن : (الجبریـة).

وە هـەردوو مەزهەبەکـە پوچەڵـن ، لەبەربـوونی ئـەو هەمـوو بەڵگـە زۆرە ، لەوانـە : خـوای گـەورە دەفەرموێـت: ﴿لِمَن شَآءَ مِنكُمۡ أَن يَسۡتَقِيمَ ٢٨ وَمَا تَشَآءُونَ إِلَّآ أَن يَشَآءَ ٱللَّهُ رَبُّ ٱلۡعَٰلَمِينَ ٢٩﴾ (التكوير) واتـە : یاداوەرییـە بـۆ ئەوکەسـەتان بیـەوێ لـە سـەر رێـی راسـت ئیسـتیقامەی ببـێ ، واتـە: قورئـان تەنهـا کەڵکـی بـۆ ئەوجـۆرە کەسـانە دەبێـت(٢٨) وە ئێـوە ئـارەزووی ئیسـتیقامە ناکـەن، مەگـەر خـوای خاوەنـی جیهانـەکان ئـارەزووی بـکات، جاکەوابـوو داوای یارمەتـی هـەر لـەو بکـەن و، خۆشـتانی بەتـەواوی بـۆ ڕێـك بخـەن، تـا خوایـش پشـتیوانتان بـێ و ڕێنماییتـان بـکا، ئەگینـە خـوا بـەزۆر هیـچ کەسـێك ناهێنێتـە ژێـر بـار.(٢٩).

---

(١) لوامع الانوار للسفاريني (٣٠٠/١) .

چونکـە ئـەو ئایەتـە: ﴿لِمَن شَآءَ مِنكُمۡ أَن يَسۡتَقِيمَ﴾ ڕەددی گـرووی (الجبریـة) دەداتـەوە، چونکـە خـوای گـەورە ویسـتی بـۆ عەبـدەکانی سـەلماندووە، ئـەوان دەڵێـن :- ئـەوان ناچاران و هیـچ و ویسـتێکیان نییـە، وە ئـەو ئایەتـە: ﴿وَمَا تَشَآءُونَ إِلَّآ أَن يَشَآءَ ٱللَّهُ رَبُّ ٱلۡعَٰلَمِينَ﴾ ڕەددی گـرووی (القدریـة) ی تێدایـە ، ئەوانـەی کـە دەڵێـن :- ویسـتی عەبد سـەربەخۆیە لە بەدیهێنـانی کـردەوەدا بەبـێ ئـەوەی بوەسـتێت لەسـەر ویسـتی خـوا ، ئەمـەش قسـەیەکی پوچەڵـە ، چونکـە خـوای گـەورە ویسـتی عەبدەکـەی پەیوەسـت کـردووە بـە ویسـتی خۆیـەوە و بـە ئـەوەوە گرێـی داوە ، ئەمـەش مەزهـەبی ئەهـلی سـوننە و جەماعەیـە لـەم بابەتـەدا ، بۆیـە زیادەڕەوییـان نەکـردوە وەکـو ئـەم تاقمـە و کورتڕەوییـان نەکـردووە وەکـو ئەویـتر .

جـا مەزهـەبی پێشـینی ئـەم ئوممەتـە و پێشـەواکانی کـەوا هەمـوو جـۆرە گوێرایەڵیـەکان و سـەرپێچیەکان و کوفـر و فەسـاد ڕووەدەن بـە قـەزا و قـەدەری خـوا ، هیـچ دروسـتکارێکی تـر نییـە جگـە لـە ئـەو نەبـێ ، کـردەوەی عەبـدەکان دروسـتکراوی خوایـە ، خەیرەکـەی وشـەرەکەی، چاکەکـەی و خراپەکـەی ، وە عەبدیـش ناچـار نییـە لەسـەر ئەنجامدانـی کـردەوەکانی ، بەڵکـو ئـەو توانـای هەیـە بەسـەریدا و مەبەسـتی ئەنجـام دانیـەتی و بکەریـەتی .

شـیخ الاسـلام ابـن تیمیـە -ڕەحمەتـی خـوای لێبێـت- دەڵێـت: ((کـردەوەکان و قسـەکان و گوێڕایەڵیـەکان و سـەرپێچیەکان لـە عەبدەوەیـە ، بـە مانـای ئـەوەی عەبـد خـۆی پێـی هەڵدەسـتێ و بـە ویسـت و توانـای خـۆی ئەنجـام دەدرێـت ، ئەویـش وەصـف کراوە بـەوە و پێـی دەجوڵێتـەوە و حوکمەکـەی دەگەڕێتـەوە بـۆی ، ئەویـش لـە خواوەیـە بـە مانـای ئـەوەی ئـەو دروسـتی کـردووەو عەبدەکـە پێـی هەڵدەسـتی، وە کردویەتییـە کار و کەسـابەتی ئـەو ، هەروەکـو چـۆن (مسـبب)ەکان بـە هۆکارەکانـی دروسـتی دەکات ، جـا ئـەوە لـە خواوەیـە و ئـەو دروسـتی کـردووە ، وە لـە عەبـدەوە صیفەتێکـە خـۆی پێـی هەسـتاوە ، بـە توانـاو کاری خـۆی ڕودەدات ، هەروەکـو چـۆن بڵێیـن :- ئـەم بەروبومـە لـەم دارەوەیـە، و ئـەم کشـت و کاڵـە لـەم زەوییەوەیـە ،بـە مانـای ئـەوەی لـە ئـەوە دروسـت بـووە ، وە لەخواوەیـە، بـە مانای ئـەوەی ئـەو دروسـتی کـردووە، ئـەوا هیـچ دژ بـە یەکێکـی تێـدا نییـە..))

(السـفارینی) دەڵێـت : ((کورتـەی باسـەکە ئەوەیـە کـە مەزهـەبی ئەهـلی سـەلەف و لێکۆڵـەرەوانی ئەهـلی سـوننە ئەوەیـە کـەوا خـوای گـەورە توانـاو ئیـرادەو کاری عەبـدی دروسـت کـردووە، وە عەبدیـش لـە راسـتیدا بکـەری کـردەوەی خۆیـەتی و بەدیهێنـەری کـردەوەی خۆیـەتی ، وە خـوای گـەورە ئـەوی کردووەتـە بکـەرو ئەنجامـدەری کردەوەکـەی ، خـوای گـەورە دەفەرموێـت: ﴿وَمَا تَشَآءُونَ إِلَّآ أَن يَشَآءَ ٱللَّهُ﴾ (التکویـر) خـوای گـەورە ویسـتی بـۆ عەبـد سـەلماندووە ، پێـی راگەیاندووێـن کـە رووناـدەن تەنهـا بـە ویسـتی خـوا نەبـێ ، ئەمـەش ئاشـکرایە لـە قسـەی ئەهـلی سـوننە و جەماعـە لەسـەلماندنی ویسـتی عەبـد دا ، ئەویـش نابێـت تەنهـا بـە ویسـتی خـوا نەبـێ....)[1].

دەڵێـم : ئـەوەی پشـتگیری لەمـە دەکات ئەوەیـە کـەوا خـوای گـەورە خۆی عەقـڵ وتوانا و هەڵبـژاردنی بەخشـیوەتە مرۆڤـ ، وە کـردەوەکانی بـۆ نانوسرێـت یـان لەسـەری نانوسرێت ئیـلا ئەگـەر ئـەم هێزانـەی تێـدا بێـت ، کـەسی شـێت و شـێتۆکە یـان کـەسی ناچـار ئـەوا ئـەو کـردەوە و قسـانە دەیکـەن لەسـەریان نانوسرێـت ، وە پێـی سـزا نادرێـن ، ئەمـەش بەڵگەیـە کـەوا ناچـار نییـە و سـەربەخۆ نییـە بـە خـودی خۆیـەوە . واللـه المسـتعان .

بەرهەمەکانی باوەڕبوون بە قەزاو قەدەر :

لـە گەورەتریـن بەرهەمـەکانی باوەڕبـوون بـە قـەزاو قـەدەر بریتیـە لـە دروسـتی ئیـمانی کەسـەکەیە بـە کامـل بـوونی روکنـەکانی ، چونکـە باوەڕبـوون بـەوە لـە شـەش ئەرکانەکـەی ئیمانـە کـە دروسـت نابێـت ئیـلا بـەو نەبـێ، هەروەکـو کیتـاب و سـوننەت دەلالـەتی لەسـەر دەکات .

هەروەهـا لەبەرهەماکنـی باوەربـوون بـە قـەزاو قـەدەر : دڵنـارام بـوون و نەمـانی دڵەڕاوکـێ لـەم ژیانـەدا کاتی مـرۆڤ تـوشی نارەحەتیـەکانی ژیـان دەبێتـەوە ، چونکـە کاتـێ عەبـد زانی ئـەوەی کـەوا تـوشی بـووە تەقدیـر کـراوە و دەبـێ رووبـدات و هیـچ گەرانـەوەی نییـە ، وە هەسـتی بـەو فەرموودەیـەی پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) کـرد کـە دەفەرموێـت: **(واعلـم أن مـا أصابـك لم يكـن ليخطئـك ومـا أخطـأك لم يكـن ليصيبـك)**[2] واتـە : بزانـە

---

(١) لوامع الانوار (٣١٣/١) .

(٢) اخرجه ابوداود (٤٦٩٩) وابن ماجه (٧٧) ونحوه عند الترمذي (٢١٤٩) .

ئـەوەی تـووشی تـۆ بـوە نەئەبوایـە لێـت لایبدایـەو تووشـت نەبوایـە ، ئـەوەی تووشـت نەبـوو نەئەبوایـە تووشـت ببێـت).

ئـەوا لـەو کاتـەدا نەفـسی هێـدی دەبێتـەوە و دڵئـارام دەبـێ بـە خـوا ، بـە جیـاواز لەگـەڵ ئـەوەی بـاوەڕی بـە قـەزاو قـەدەر نییـە ، چونکـە ئـەو هـەردەم لـە خـەم و پەژارەدایـە ، دڵەراوکـێ بـێ تاقـەتی دەکات ، تاکـو بێـزار دەبـێ لـە ژیـان ، وە هـەوڵ دەدات خـۆی لـێ دەربـاز بـکات ، هەرچەنـدە بەخۆکوشـتن بێـت ، هەروەکـو ئاشـکرایە و دیـارە لـە زۆری لەوانـەی خۆیـان دەکـوژن بـە هـۆی هەڵاتـن لـەو واقیعـەی تێیـدان و رەشـبینیان بـە ئایندەیـان، چونکـە ئەوانـە باوەڕیـان بـە قـەزا و قـەدەر نیـە، ئـەو کردەوەیانیـش ئەنجامـی خراپـی بیـرو باوەریانـە .

لـە کاتێکـدا خـوای گـەورە دەفەرمووێـت: ﴿مَآ أَصَابَ مِن مُّصِيبَةٍ فِي ٱلْأَرْضِ وَلَا فِيٓ أَنفُسِكُمْ إِلَّا فِي كِتَٰبٍ مِّن قَبْلِ أَن نَّبْرَأَهَآ ۚ إِنَّ ذَٰلِكَ عَلَى ٱللَّهِ يَسِيرٌ ﴿٢٢﴾ لِّكَيْلَا تَأْسَوْا۟ عَلَىٰ مَا فَاتَكُمْ وَلَا تَفْرَحُوا۟ بِمَآ ءَاتَىٰكُمْ ۗ وَٱللَّهُ لَا يُحِبُّ كُلَّ مُخْتَالٍ فَخُورٍ ﴿٢٣﴾﴾ (الحديـد) واتـە : هیـچ بـەڵاو نەهامەتیەکتـان تووشـتان نابێـت نـە لەزەویـدا -وەك و قـات و قڕیـی.. هتـد - وەنـە لەخۆشـتاندا -وەك نەخۆشـیی و مـردن- مەگـەر پێـش ئـەوە بـەدی بێنیـن لـە (لـوح المحفـوظ)دا تۆمـار کـراوە ، بەڕاسـتی ئـەوەش بۆخـوا شـتێکی ئاسـانە(٢٢) ئەمـەش بۆئـەوەی خەفـەت نەخـۆن بۆئـەوەی لەدەسـتتان چـووە. واتـە: کاتـێ زانیتـان کـە هەمـوو شـتێ هـەر بەبڕیـاری خوایـە، ئیـتر دڵتـان دائەمرکێتـەوە. وە بـەوەش غەڕرامەبـن پێـمان بەخشـیون، واتـە: رژدیـی و چرووکیـی تیامەکـەن، و لەخۆبایـی مەبـن، چونکـە هەمـوو شـتێك بـە دەسـتی خۆمانـە، گومانیـش نیـە کـە ئەگـەر مـرۆڤ خـۆی نەبەسـتێت بەدەسـەڵاتی پەروەردگاریـەوە بەرگـەی هیـچ شـتێك ناگـرێ، بۆیـە ئەبـێ لەهەمـوو قۆناغەکانـی ژیانیـدا دڵـی خـۆی ببەسـتێ بەزاتـی خـواوە وە خـوا کەسـانی لـە خۆبایـی بـووو خۆهەڵکێشـێ خـۆش نـاوێ(٢٣)

خـوای گـەورە هەواڵـی پێداویـن هەمـوو ئـەو موصیبەتانـەی رووەدەن لـە زەوی و نەفسـەکاندا، هەمـوو ئەوانـە تەقدیـر کـراون و نـوسراون ، دەبـێ رووبـدەن ، هەرچەنـدە هەوڵدەیـن خۆمـانی لـێ لادەیـن ، ئەمجـار حیکمـەتی ئـەو ئاگادارکردنـەوەی بـۆ روون

کردوینەتـەوە کـەوا لەبـەر ئـەوەی دڵئارامیـمان پـێ ببەخشـێ، خـەم و پـەژارە تووشـمان نەیـەت لـەکاتی موصیبەتەکانـدا وە دڵخـۆشی نەبیـن لـەکاتی بەدەسـت هێنـانی نیعمەتەکانـدا ، دڵخۆشـییەک کـە دەرئەنجامەکەیـمان لـە بیـر ببـاتـەوە، بەڵکـو پێویسـت لەسـەرمان ئارامگرتنـە لـە کاتی موصیبتەکانـدا، وبـێ ئومیـد و بـێ هیـوا نەبیـن لـە رەحمـەتی خـوا ، وە سوپاسـگوزاری بیـن لـەکاتی خۆشـیدا ، تەئمیـن نەبیـن لـە مەکـری خـوای گـەورە وە لـە هـەردوو حاڵەتەکـەدا پەیوەسـت بیـن بـە خـوای گـەورەوە.

عکرمـە دەڵێـت: (هیـچ کەسـێک نییـە ئیللا دڵخـۆش دەبـێ و دڵتەنـگ دەبـێ ، بـەڵام دڵخۆشـیەکەتان بکەنـە شـوکرو دڵتەنگیەکەتـان بکەنـە ئارامگرتـن))[1]

ئەمـەش مانـای ئـەوە نییـە بەنـدە هـۆکارەکارەکانی خۆپاراسـتن لەشـەرو خراپـە نەگرێتـە بـەرو هـۆکارەکانی بەدەسـتهێنانی خەیـر نەگرێتـە بـەر ، تەنهـا پشـت بـە قـەزا و قـەدەر ببەسـتێت ، هەروەکـو چـۆن هەنـدێ نەفـام گومـانی وا دەبـات ، ئەمـەش لەگەورەتریـن هەڵـەو نەفامییـە ، چونکـە خـوای گـەورە فەرمـانی پێکردووین کـە هـۆکارەکان بگرینـە بـەر و نەهـی لـێ کردیـن لـە تەمەڵـی و فەرامۆشـی ، بـەڵام ئەگـەر هۆکارەکانمـان گرتـە بـەر و بەپێچەوانـەی ویسـتەکەمان رووێـدا ، ئـەوا پێویسـتە بێـزار نەبیـن چونکـە ئەمـە قـەزا تەقدیـر کراوەکەیـە ،ئەگـەر تەقدیـری جگـە لـەوە بوایـە، ئـەوە دەبـوو .

بـۆ یـە پێغەمبـەری خـوا(ﷺ) فەرموویـەتی: (احـرص عـلى مـا ينفعـك ، واسـتعن باللـه -عـز وجـل - ولا تعجـز ، وإن أصابـك شـئ فـلا تقـل : لـو أني فعلـت كـذا ، لـكان كـذا و كـذا ولكـن قـل : قـدر اللـه ومـا شـاء فعـل ، فـإن (لـو) تفتـح عمـل الشـيطان) واتـە : سـووربە لەسـەر ئـەوەی سـوودی بـۆت هەیـە و پەنـا بـە خـوا بگـرە و تەمبـەڵ و تـەوەزەل مەبـە و ئەگـەر شـتێکت تـووش هـات ئـەوا مەڵـێ : ئەگـەر ئـەوە و ئـەوەم بکردبایـە ئـەوا ئـەو کارە رووی دەدا ، بەڵکـو بڵـێ : خـوای گـەورە ئـەوەی ویسـتی لێبـوو و تەقدیـری بـوو کـردی ، چونکـە وشـەی ئەگـەر (لـو) دەرگاو کارەکانـی شـەیتان دەکاتـەوە) .

---

(١) كذا حكاه ابن كثير في تفسيره عن عكرمة واخرج نحوه عن ابن عباس : ابن ابي شيبة وعبد بن حميد وابن جرير وابن المنذر وغيرهم كما حكاه السيوطي في الدر المنثور .

لەگـەڵ ئەمەشـدا پێویسـتە عەبـد لێپرسـینەوە لەگـەڵ خۆیـدا بـکات و هەڵـەکانی چـاک بکاتـەوە ، چونکـە هیـچ شـتێک تـوشی نابێـت ئیـلا بـە هـۆی تاوانەکانیـەوە نەبێـت ، خـوای گـەورە دەفەرموێـت: ﴿ وَمَآ أَصَٰبَكُم مِّن مُّصِيبَةٍ فَبِمَا كَسَبَتۡ أَيۡدِيكُمۡ ﴿٣٠﴾ ﴾ (الشـورى) واتـە : وەهـەر بەڵایەکتـان تـووش بـوو، ئـەوە بەهـۆی کـردەوەی خۆتانەوەیـە) .

هەروەهـا لـە بەرهەمـەکانی باوەڕبـوون بـە قـەزاو قـەدەر دامـەزراو بوونـە لـەکاتی رووبـەروو بوونـەوەی کێشـەکاندا ، وە پێشـوازی کـردن لـە نارەحەتیـەکانی ژیـان بـە دڵێکـی دامـەزراوەوە بـە یەقینێکـی راسـتەوە کـە رووداوەکان نایجوڵێنـێ و رەشـەباو زریانـەکان نایجوڵێنـن، چونکـە دەزانـێ کـە ئـەم ژیانـە ماڵـی تاقیکردنـەوەو ئیبتلایـە ، هەروەکـو خـوای گـەورە دەفەرموێـت: ﴿ ٱلَّذِي خَلَقَ ٱلۡمَوۡتَ وَٱلۡحَيَوٰةَ لِيَبۡلُوَكُمۡ أَيُّكُمۡ أَحۡسَنُ عَمَلٗاۚ ﴿٢﴾ ﴾ (الملـك) واتـە : ئـەو خوایـە کـە مـردن و ژیانـی دروسـتکرد، ئەوەتـە هەنـدێ ئەژێینـێ، هەنـدێ ئەمرێنـێ، خـۆ مردنیـش گواسـتنەوەیە لەجێگایەکـەوە بـۆ جێگایەکـی تـر، پاشـان لەجێـگای دووەمـدا ژیانێکـی نـوێ دەسـت پـێ ئەکاتـەوە بـۆ ئـەوەی تاقیتـان بکاتـەوە کامەتـان کارو کـردەی چاکـترو باشـترە، پاشـانیش بەپێـی ئـەوە پـاداش وەرگرێتـەوە).

وە خـوای گەورە دەفەرموێـت:﴿ وَلَنَبۡلُوَنَّكُمۡ حَتَّىٰ نَعۡلَمَ ٱلۡمُجَٰهِدِينَ مِنكُمۡ وَٱلصَّٰبِرِينَ وَنَبۡلُوَاْ أَخۡبَارَكُمۡ ﴿٣١﴾ ﴾ (محمـد) واتـە : و بەراسـتی ئێمـە بەجیهـادو کاری قـورس تاقیتـان ئەکەینـەوە ‹تـا بزانیـن کامانەتـان جیهـادکارو خۆراگـرن ، دەرکـەوێ کـێ موجاهیـدی راسـتەقینەیەو، لەسـەر نارەحەتـی و جیهادیـش بەسـەبرو بەئارامـە هەواڵـی کاروکـردەوەی ئێوەمـان بێتـە دەسـت و تاقـی بکەینـەوەو بیخەینـە روو ‹چاکـە، یـان خـراپ.)

چەندیـن کێشـەو تەنگانـە بەسـەر پێغەمبـەری خـواو(ﷺ) هاوەڵانـدا هـات ، بـەڵام ئـەوان رووبـەرووی بوونـەوە بـە ئیمانێکـی راسـت و عەزیمەتێکـی دامـەزراوەوە ، تاکـو بەسـەرکەوتوویی لێـی تێپەرێـن ، ئـەوەش بـە هـۆی بـاوەری بتەویـان بـە قـەزاو و قـەدەرە ، هەسـتکردن بـە ئەو ئایەتـەی کە دەفەرموێـت: ﴿ قُل لَّن يُصِيبَنَآ إِلَّا مَا كَتَبَ ٱللَّهُ لَنَا هُوَ مَوۡلَىٰنَاۚ وَعَلَى ٱللَّهِ فَلۡيَتَوَكَّلِ ٱلۡمُؤۡمِنُونَ ﴿٥١﴾ ﴾ (التوبـة) واتـە : بڵێ:-ئـەی پێغەمبـەر ! قەت شـتێکمان تـووش نایـە، خـوا خـۆی لە(لوح المحفـوظ)دا بڕیـاری نەدابـێ بۆمان هـەر ئەویش بۆخـۆی گـەورەو سـەروەرمانە موسـڵمانان دەبـێ پشـت و پەنایـان هەرخـوا بێـت).

هەروەهـا لەبەرهەمـەکانی باوەڕبـوون بـە قـەزاو قـەدەر گۆڕینـی کێشـەکانە بـە دیـاری و بەخشـش و موصیبەتـەکان بـۆ پاداشـت ، هەروەکـو خـوای گـەورە دەفەرموێـت: ﴿ مَآ أَصَـابَ مِن مُّصِيبَةٍ إِلَّا بِإِذْنِ ٱللَّهِ ۗ وَمَن يُؤْمِنۢ بِٱللَّهِ يَهْدِ قَلْبَهُۥ ۚ وَٱللَّهُ بِكُلِّ شَىْءٍ عَلِيمٌ ﴿١١﴾ ﴾ (التغابن) واتـە: و هـەر بـەڵاو ناخۆشـییەك پێـش بێـت، بـێ فەرمـان و بڕیـاری خـوای کارزان نابێـت، واتـە: ئیـرادەو ویسـتی ئـەوی لەگەڵـە، کەوابـوو خۆتـان تەنهـا تەسـلیمی ئیـرادەو ویسـتی خـوا بکـەن وهەرکەسـێك بـاوەڕی بەخـوا هەبێـت، ئەویـش دڵـی هیدایـەت دەکاو دایدەمەزرێنێـت لەئارامیـی و خۆگرتـن لـە بەرامبـەر هـەر بـەڵاو نەهامەتیـەك پێـش بێـت وخـوای بەهەمـوو شـتێك ئـاگاو زانایـەو، دەزانـێ ئـەو دڵانـە لەکاتـی خۆشـی و ناخۆشـیدا چۆنـن) .

عەلقەمـە دەڵێـت : (ئـەوە کابرایەکـە تـوشی موصیبەتێـک دەبێـت ، دەزانـێ لـە لایـەن خوداوەیـە، بۆیـە رازی دەبێـت و تەسـلیمی دەبێـت) .

وە مانـای ئایەتـە پیرۆزەکـە : هەرکەسـێ تـوشی موصیبەتێـک هـات و زانی ئـەوە لـە قـەدەری خوداوەیـە، ئارامـی گـرت و چـاوەڕوانی پاداشـت بـوو وە تەسـلیمی قـەزای خـوا بـوو ، ئـەوا خـوای گـەورە هیدایـەتی دڵـی دەدات ، وە ئـەوەی لـە دونیـادا لـە دەسـتی دەرچـووە قەرەبـووی دەکاتـەوە هیدایەتێـک لـە دڵیـدا و یەقینێکـی راسـتی ، وە رەنگـە خـوای گـەورە وەکـو ئـەوەی لـێ سـەندەوە پێـی ببەخشـێتەوە یـان لـەوە چاکتـر ، ئەمـەش لـە دابەزینـی موصیبەتەکانـدا کـە لـە قـەزاو قـەدەری خوایـە ، عەبـد هیـچ رۆڵێکـی لـە دروسـتبوونیدا نیـە ، ئیـلا لـەو لایەنـەوە نەبێـت کـەوا ئـەو هـۆکار بـووە لـە دابەزینـی لـە رووی کورتـرەوی لـە حەقـی خـوای گـەورە لـە سـەری بـە ئەنجامـدانی فەرمانـەکانی و وازهێنانـی نەهیـەکانی ، بۆیـە پێویسـتە لەسـەری بـاوەر بـە قـەزاو قـەدەر بـکات ، وە هەڵـەکانی کـە بەهۆیـەوە تـوشی موصیبـەت بـووە چاکـی بکاتـەوە .

وە هەنـدێ کـەس هەڵەیەکـی گـەورە دەکـەن قـەزاو قـەدەر دەکەنـە بەڵگەی دەسـتیان لـە ئەنجامـدانی سـەرپێچیەکان و وازهێنـان لـە واجباتـەکان، وە دەڵێـن :- ئەمـە تەقدیرکـراوە لەسـەرمان، وە تەوبـەش ناکـەن لـە تاوانەکانیـان ، هەروەکـو چـۆن موشریکـەکان گوتیـان: ﴿ لَوْ شَآءَ ٱللَّهُ مَآ أَشْرَكْنَا وَلَآ ءَابَآؤُنَا وَلَا حَرَّمْنَا مِن شَىْءٍ ۚ ﴿١٤٨﴾ ﴾(الأنعام) واتـە : ئەگـەر خـوا

ویستبای کەخۆمان و باوو باپیرانمان هاوبەشی بۆ دانەنێین، قەت هاوبەشمان بۆ دا نەدەنا و هیچ شتێکیشمان لەخۆ یاساغ نەئەکرد) .

ئەمەش هەڵە تێگەیشتنە لە قەزاو قەدەر ،چونکە ئیحتیجاج ناکرێت بە قەزاو قەدەرەوە لەسەر ئەنجامدانی سەرپێچی و موصیبەتەکان ، بەڵکو ئیحتجاجیان پێ دەکرێت لەکاتی دابەزینی موصیبەتەکان ، جا ئیحتیجاج کردن بەوانەوە لەسەر ئەنجامدانی سەرپێچی شتێکی نابووتە ، چونکە وازی لە تەوبە هێناوە ، وە وازیهێناوە لە کردەوە چاکەکان کە فەرمانی پێکراوە ، وە ئیحتیجاج کردن پێیان لە کاتی موصیبەتەکاندا شتێکی باشە ، چونکە وا لە خاوەنەکەی دەکات ئارام بگرێت و چاوەروانی پاداشت بێت لە خوای گەورە .

هەروەها لە بەرهەمەکانی باوەربوون بە قەزاو قەدەر پاڵ بە مرۆڤەوە دەناتِ بۆ کارکردن و بەرهەم هێنان و هێزو شەهامەت ، بۆ نمونە کەسی تێکۆشەر لە پێناوی خوادا لە جیهادەکەی بەردەوام دەبێت و لە مردن ناترسێت ، چونکە دەزانێ هەموو کەسێک هەر دەمرێت ، وە ئەگەر مردنیش هات هەرگیز دواناکەوێ ، ئەو قەڵا و سەربازانە رێگری لێ ناکەن ، ﴿ أَيْنَمَا تَكُونُوا۟ يُدْرِككُّمُ ٱلْمَوْتُ وَلَوْ كُنتُمْ فِى بُرُوجٍ مُّشَيَّدَةٍ ۗ ﴿٧٨﴾ ﴾ (النساء) واتە : دڵنیایشبن لە هەرجێگایەکدابن، مردن پێتان دەگات ، ئیتر خۆ لادان لە خەزا ئێوە رزگار ناکات لەمردن، جاکەوابوو بۆ چ لەجیهاد هەڵدێن؟ و خۆدەدزنەوە ئەگەر لەناو کۆشک و قەڵای سەخت و قایمشدا بن هەر دەمرن، جاکەوابوو لەجەنگ رامەکەن).

خوای گەورە دەفەرموێت : ﴿ قُل لَّوْ كُنتُمْ فِى بُيُوتِكُمْ لَبَرَزَ ٱلَّذِينَ كُتِبَ عَلَيْهِمُ ٱلْقَتْلُ إِلَىٰ مَضَاجِعِهِمْ ۖ ﴿١٥٤﴾ ﴾ (آل عمران) واتە : ئەی پێغەمبەر! پێیان بڵێ: ئەگەر ئێوە لەماڵی خۆشتان بووبان و نەهاتنایە گۆڕەپانی جەنگەوە، هێمان ئەوانەی وا کوشتنیان لەسەر نووسراوە، دەهاتنە جێی تەخت بوونی لاشەیان و لەوێ مەرگیشیان تووش دەبوو، واتە: لەقەدەری خوای گەورە دەرچوونیان نەدەبوو).

ئا بەم شێوەیە کاتێ کەسی تێکۆشەر هەست دەکات بەم پاڵنەرە بەهێزە لە باوەربوون بەقەدەر ، ئەوا لە جیهادەکەی بەردەوام دەبێت تاکو بەدیهێنانی سەرکەوتن بەسەر دوژمنانداو ئەو هێزە دەمێنێتەوە بۆ ئیسلام و موسڵمانان .

هەروەهـا بـە باوەربـوون بەقـەدەر بەرهەمهێنـان زیـاد دەکات ، چونکـە کـەسی ئیماندار ئەگـەر زانی کـەوا خەڵکـی هیـچ زیانێکـی پـێ ناگەیەنـن ئیللا ئـەوە نەبـێ کەخـوای گـەورە بـۆی نوسـیوە ، وە هیـچ سـوودێکی پـێ ناگەیەنـن ئیللا ئـەوە نەبـێ کەخـوای گـەورە بـۆی نوسـیوە ، چیـتر (تـواکل) نـاکات ، و لـە دروسـتکراوەکان ناترسـێت ، وە پشـتیان پێ نابەسـتێ ، بەڵکـو تەنهـا پشـت بـە خـوا دەبەسـتێت ، وە بـەردەوام دەبێـت لـە رێـگای هەوڵـدان و کارکـردن، وە ئەگـەر تـوشی شکسـتێک بێـت ، داواکراوەکـەی بەدەسـت نەهێنـێ ، چیـتر ئـەوە سـاردی ناکاتـەوە لـە بـەردەوام بـوون لـە کۆششـدا ، وە دەرگای هیـوای لـێ نابرێـت ، وە هەرگیـز نااڵێـت:- ئەگـەر ئـەو کارەم بکردبـا ئـەوا ئـاوا رووی دەدا ، بەڵکـو دەڵێـت: (قـدر اللـه ماشـاء فعـل) ئـەوەی خـوای گـەورە تەقدیـری کردبـوو و ویسـتی لـێ بـوو رووبـدا ، بـەردەوام دەبێـت لـە رێگاکـەی و پشـت بـە خـوا دەبەسـتێت ، لەگـەڵ چاککردنـەوەی هەڵـەکانی و لێپرسـینەوەی نەفسـەکەی خـۆی ، ئابـەم شـێوە کۆمەڵگـە راسـت دەبێتـەوە و بەرژەوەندیـەکانی رێـک دەخرێـت .

خـوای گـەورە راسـتی فەرمـوو کـە دەڵێـت : ﴿وَمَن يَتَوَكَّلْ عَلَى ٱللَّهِ فَهُوَ حَسْبُهُۥٓ ۚ إِنَّ ٱللَّهَ بَٰلِغُ أَمْرِهِۦ ۚ قَدْ جَعَلَ ٱللَّهُ لِكُلِّ شَىْءٍ قَدْرًا ﴿٣﴾﴾ (الطلاق) واتـە : وە هەرکەسـێك پشـت بەخـوا ببەسـتێ دوای بـەکار هێنانـی هـۆکار، ئـەوە تەنیـا خـوای بەسـەو کاروباری بـۆ ئاسـان دەکات چونکە بێگومـان هەرچـی خـوا بڕیـاری لەسـەر بێـت، هـەر ئەنجامـی دەداو دەیگەیەنێتـە جـێ بەڕاسـتی بـۆ هەمـوو شـتێك خـوا کات و ئەندازەیەکـی دیاریکـردووە: خۆشـیی و، ناخۆشـیی، هەردووکیـان تـەواو دەبـن و ئەبڕێنـەوە).

والحمد لله الرب العالمين

کۆتـــــایی

دووبەش لە خۆ دەگرێت :

- بەشێک لە باسی دۆستایەتی و دوژمنایەتی.

- بەشێک لە باسی ئاگادارکردنەوە لە بیدعە.

بەشێک لە باسی دۆستایەتی و دوژمنایەتی (بەرائەت)

لە پاش تەواوکردنی ئەم روونکردنەوە کورتە دەربارەی بنەماکانی عەقیدەی ئیسلامی ئاماژە بۆ ئەوە دەکەین کەوا پێویستە لەسەر هەموو موسڵمانێک کەوا بەم عەقیدەیە دینداری بکات ، پێویستە لەسەری دۆستایەتی لەگەڵ ئەهلەکەیدا بکات و دژایەتی دوژمنانی بکات ، ئەهلی تەوحید و ئیخلاصی خۆش بوێت و دۆستایەتیان بکات و رقی لە ئەهلی شیرک بێت و دوژمنایەتیان بکات.

ئەویش لە ئاکاری میللەتی ئیبراهیمە و ئەوانەی لە گەڵیدا بوون ، کە فەرمانمان پێکراوە شوێنیان بکەوین، ئەوەتا خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ قَدْ كَانَتْ لَكُمْ أُسْوَةٌ حَسَنَةٌ فِيٓ إِبْرَٰهِيمَ وَٱلَّذِينَ مَعَهُۥٓ إِذْ قَالُوا۟ لِقَوْمِهِمْ إِنَّا بُرَءَٰٓؤُا۟ مِنكُمْ وَمِمَّا تَعْبُدُونَ مِن دُونِ ٱللَّهِ كَفَرْنَا بِكُمْ وَبَدَا بَيْنَنَا وَبَيْنَكُمُ ٱلْعَدَٰوَةُ وَٱلْبَغْضَآءُ أَبَدًا حَتَّىٰ تُؤْمِنُوا۟ بِٱللَّهِ وَحْدَهُۥٓ ﴿٤﴾ ﴾ (الممتحنة) واتە : بە راستی بۆ ئێوە هەیە ئەی ئیمانداران! لە ئیبراهیم و لەوانەی بڕوایان هێنابوو لەگەڵیا، سەرمەشقییەکی چاک و جوان. جا دەبێ ئێوەیش (ئەی بڕوادارەکان!) لەوان چاو بکەن و خۆتان لەبتەکان و لەو خزمە دارو بەردپەرستانە بەدوور بگرن و تەنها خواتان خۆش بوێ کاتێ بەقەومە کافرەکەیانیان وت: بەڕاستی ئێمە بێزارو بەرییەن لەخۆتان و لەو بتانە- لەجیاتی خوا- ئەیانپەرستن و بێباوەڕین پێتان وە بە هەمیشە دوژمنایەتیی و ڕکەبەرایەتیی لەنێوانماندا پەیدابووە تا باوەڕ بەخوای تاک و تەنیا دێنن و هاوبەشی بۆ دانانێن).

ئەویـش لـە ئـاکاری دینـی (محمد)ـە(ﷺ)، خـوای گـەورە دەفەرموێـت: ﴿ * يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ لَا تَتَّخِذُواْ ٱلۡيَهُودَ وَٱلنَّصَٰرَىٰٓ أَوۡلِيَآءَۘ بَعۡضُهُمۡ أَوۡلِيَآءُ بَعۡضٖۚ وَمَن يَتَوَلَّهُم مِّنكُمۡ فَإِنَّهُۥ مِنۡهُمۡۗ إِنَّ ٱللَّهَ لَا يَهۡدِي ٱلۡقَوۡمَ ٱلظَّٰلِمِينَ ٥١ ﴾ (المائدة) واتـە : ئـەی ئەوانـەی باوەڕتـان هێناوە! موسـایی و عیسـایی مەکەنـە دۆسـت و پشـتیوانتان، واتـە: نـە یارمەتیـان بـدەن و نـەداوای یارمەتیشـیان لێبکـەن، وە بەهیـچ جۆرێـک (مـوالات) و هاوکاریـی و خۆشەویسـیتان نەبـێ بۆیـان چونکـە ئەوانـە هەندێکیـان پشـتیوان و یارمەتیـدەری هەندێکیانـن و، لەبـەر ئێـوەش دەسـت لەدینـی خۆیـان هەڵناگـرن و، گشتیشـیان بـۆ ئێـوە دەبنـە یـەک دەسـتەو بەسـتەو، لـەرۆژی خۆیـدا گەلەکۆمەتـان لێدەکـەن و هەرکەسێکیشـتان دۆسـتایەتییان لەگـەڵ بـکاو، بیانـکا بەیارمەتیـدەرو دۆسـتی خـۆی، وە یـان هاوکاریـی و هاوڕێییـان بـکات بـێ شـک ئـەو کەسـە هـەر لەوانـەو بـەوان دادەنـرێ، ئەگەرچـی بەناسـنامەیش موسـڵمان بێـت بیگومـان خـوا هیدایـەت و رێنمایـی گەلـی ناهـەق و سـتەمکار نـاکات) .

ئەمـەش لـە حـەرام بـوونی دۆسـتایەتی ئەهـلی کیتابـە بـە تایبـەتی ، وە دەربـارەی حـەرام بـوونی دۆسـتایەتی کافـرەکان بـە گشـتی فەرموویەتـی:﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ لَا تَتَّخِذُواْ عَدُوِّي وَعَدُوَّكُمۡ أَوۡلِيَآءَ ١ ﴾ (الممتحنة) واتـە : ئـەی ئەوانـەی باوەڕتـان هێنـاوە! دوژمنـی مـن و دوژمنـی خۆتـان مەگرنـە دۆسـت و خۆشەویسـت، چونکـە نیشـانەی ئیـمان و بـڕوای راسـتەقینە ئەوەیـە کـە ناحـەزو دوژمنانـی دینـی خواتـان خـۆش نەوێـت) .

بەڵکـو خـوای گـەورە حەرامـی کـردووە لـە سـەر کـەسی ئیمانـدار دۆسـتایەتی کافـران بـکات ، هەرچەنـدە نزیکتریـن خەڵکـی بێـت لێیـەوە، خـوای گـەورە دەفەرموێـت:﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ لَا تَتَّخِذُوٓاْ ءَابَآءَكُمۡ وَإِخۡوَٰنَكُمۡ أَوۡلِيَآءَ إِنِ ٱسۡتَحَبُّواْ ٱلۡكُفۡرَ عَلَى ٱلۡإِيمَٰنِۚ وَمَن يَتَوَلَّهُم مِّنكُمۡ فَأُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلظَّٰلِمُونَ ٢٣ ﴾(التوبة) واتـە : ئـەی ئەوانـەی باوەڕتـان هێنـاوە! ئـەر بـاوو باپیـران و براکانتـان کوفریـان لا باشـترو چاکتربـوو لەئیـمان و بـاوەڕ، مەیانکەنـە دۆسـتی خۆتـان و خۆشەویسـتی و پەیوەندیتـان بۆیـان نەبـێ و هەرکەسـێکتان ئەوانـەی خۆشـبوێ و بیانکاتـە دۆسـت و(بیتانـە)ی خـۆی دیـارە ئـەو جـۆرە کەسـانە سـتەمکارن).

خـوای گـەورە دەفەرمووێـت: ﴿لَّا تَجِدُ قَوْمًا يُؤْمِنُونَ بِاللَّهِ وَالْيَوْمِ الْآخِرِ يُوَادُّونَ مَنْ حَادَّ اللَّهَ وَرَسُولَهُ وَلَوْ كَانُوا آبَاءَهُمْ أَوْ أَبْنَاءَهُمْ أَوْ إِخْوَانَهُمْ أَوْ عَشِيرَتَهُمْ ﴿٢٢﴾﴾ (المجادلة) واتـە : هیـچ کۆمەڵێ نابینیـت کـە بـاوەڕی بـە خـواو بـە ڕۆژەکـەی تـر ببێـت دۆسـتایەتی ئەوانـە بکـەن دژایەتـی خـواو پەیامبەرەکـەی دەکـەن! هەرچەنـدە ئەوانـە باوکیـان ، یـان کـوڕو نەوەیـان ، یـا بـراو عەشرەتیـان بـن).

زۆرێـک لـە خەڵکـی ئـەم بنەمـا مەزنـە نازنـن، تەنانـەت گوێـم لـێ بـوو هەنـدێ لەوانـەی خۆیـان داوەتـە پـاڵ عیلـم و بانگـەواز لـە یەکێـک لـە کەناڵـە عەرەبیەکانـەوە دەربـارەی گاورەکان دەڵێـت: ئەوانـە برامانـن!! بـە راسـتی ئـەو وشـەیە زۆر ترسـناکە !!

جـا هەروەکـو چـۆن خـوای گـەورە دۆسـتایەتی کافـرانی حـەرام کـردووە کـە دوژمنـی عەقیـدەی ئیسـلامین، ئـاواش دۆسـتایەتی ئیمانـداران و خۆشویسـتنیان واجب کـردوە ، خوای گـەورە دەفەرموێـت: ﴿إِنَّمَا وَلِيُّكُمُ اللَّهُ وَرَسُولُهُ وَالَّذِينَ آمَنُوا الَّذِينَ يُقِيمُونَ الصَّلَاةَ وَيُؤْتُونَ الزَّكَاةَ وَهُمْ رَاكِعُونَ ﴿٥٥﴾ وَمَن يَتَوَلَّ اللَّهَ وَرَسُولَهُ وَالَّذِينَ آمَنُوا فَإِنَّ حِزْبَ اللَّهِ هُمُ الْغَالِبُونَ ﴿٥٦﴾﴾ (المائـدة) واتـە : پشـتیوان و دۆسـتی ئێـوە ئـەی موسـڵمانان! هەرخـواو پەیامبەرەکەیـی و باوەڕدارانـن، نـەك جوولەکـەو گاورو ئەلقـە لـە گوێکانیـان ئەوانیـش ئەوانـەن بەڕێکوپێکـی نوێـژ دەکـەن و زکات دەدەن و هەمیشـەش دیـاردەی کڕنـوش و ملکەچـی بـۆ فەرمانەکانـی خوایـان پێـوە دیـارە(٥٥) و هەرکەسـێکیش دۆسـتایەتی لەگـەڵ خـواو پەیامبـەری خـواو ئەوانـەدا بـکا کـە بڕوایـان هێناوە، ئـەوا دەبنـە حیـزب و گرووپـی خـوا بێگومانیـش تەنیـاو تەنیـا حیـزب و کۆمەڵـی خـوا سـەرفرازو زاڵ و سـەرکەوتوون (٥٦) .

خـوای گـەورە دەفەرموێـت: ﴿مُّحَمَّدٌ رَّسُولُ اللَّهِ ۚ وَالَّذِينَ مَعَهُ أَشِدَّاءُ عَلَى الْكُفَّارِ رُحَمَاءُ بَيْنَهُمْ ﴿٢٩﴾﴾ (الفتـح) واتـە : موحەممـەد(ﷺ) ڕەوانـە کـراوو پەیامبـەری خوایـە، پێیـان خـۆش بێـت، یـان نـا ئـەو کەسـانەش لەگـەڵ ئـەون و شـوێنی ئەوکەوتـوون لـە بەرامبـەر بـێ بڕواکانـا ئـازاو بەهێـزن، لەنـاو خۆشـیاندا میهرەبـان و بەسـۆزو دڵ نەرمـن) .

خـوای گـەورە دەفەرموێـت: ﴿إِنَّمَا الْمُؤْمِنُونَ إِخْوَةٌ ﴿١٠﴾﴾ (الحجـرات) واتـە : بەڕاسـتی هـەر بـڕوادارانبـرای یەکـن).

جـا ئیمانـداران بـران لـه دیـن و عەقیـدەدا ، هەرچەنـدە نەسـەب و وڵات و سـەردەمیان دوور لەیـەک بـن ، خـوای گـەورە دەفەرمویـت: ﴿ وَٱلَّذِينَ جَآءُو مِنۢ بَعۡدِهِمۡ يَقُولُونَ رَبَّنَا ٱغۡفِرۡ لَنَا وَلِإِخۡوَٰنِنَا ٱلَّذِينَ سَبَقُونَا بِٱلۡإِيمَٰنِ وَلَا تَجۡعَلۡ فِي قُلُوبِنَا غِلّٗا لِّلَّذِينَ ءَامَنُواْ رَبَّنَآ إِنَّكَ رَءُوفٞ رَّحِيمٌ ١٠ ﴾ (الحشر) واتـه : ئەوانـەش لـەدوای ئەوانـەوە هاتـوون، واتـه: پـاش کۆچکـەران و یارمەتیدەرانـەوە هاتـوون ، دەڵێـن: ئـەی پەروەردگارەکەمـان ! لـه ئێمـەو لـەو برایانەمـان پێـش ئێمـه باوەڕیـان هێنـاوە خـۆش ببـه وهیـچ بوغـزو قینێـك مەخـه دڵمانـەوە بەرامبـەر بەوکەسـانە باوەڕیـان هێنـاوە ئـەی پـەروەردگاری ئێمـه! بەڕاسـتی تەنهـا ئەتـۆی بەسـۆزی میهرەبـان) .

ئیمانـدار لـه یەکـەم دروستکراوەوە تـا دواییـن کـەس هەرچەنـدە وڵاتەکەیـان لـه یـەک دوور بێـت و سـەردەمەکەیان دوور یـەک بـن ئـەوا بـران و خۆشەویسـتی یەکـن ، دواییەکەیـان چـاو لەیەکەمەکەیـان دەکات ، وە دوعـا بـۆ یەکتر دەکەن و داوای لێخۆشـبون بـۆ یەکـتر دەکـەن .

وە بۆ دۆستایەتی و دوژمنایەتی چەند دیاردەیەک هەیە کە دەلالەت لەسەری دەکات :

دیاردەکانی دۆستایەتی کافران :

لە نمونەی دیاردەکانی دۆستایەتی کافران :

١- خۆشـوبهاندن بـەوان لـه جلوبـەرگ و قسـەکردن و جگـه لەوانـه، چونکـه خۆشـوبهاندن بەوان لە جلوبەرگ و قسـەکردن و جگە لەوانە بەڵگەیە لەسـەر خۆشەویسـتی ئەو کەسـەی خـۆی دەشـوبهێنێ بـۆ ئـەو کەسـەی خـۆی پـێ شـوبهاندووە ، بۆیـە پێغەمبـەری خـوا(ﷺ) فەرموویەتی: (من تشبه بقوم فهو منهم)[1] واتە : هەرکەسـێ خۆی بە کۆمەڵێک بشـوبهێنێ ئـەوە لەوانـە) جـا بۆیـە خۆشـوبهاندن بە کافـران حەرامە لەو شـتانەی کـە تایبەتە بـەوان لە عـادات و عیبـادات و رەوشـتیان ، وەکـو ریـش تاشـین و شـوارب درێـژ کـردن و (الرطانـة) بە زمانـی ئـەوان ئیـلا لە کاتی پێویسـتدا نەبێ، وە لە شـێوەی پۆشـاک و خـواردن و خواردنەوە و جگـه لەوانە.

---

(١) اخرجه احمد (٥١١٤) وابو داود (٤٠٣١) .

٢- مانـەوە لـە وەڵاتەکەیانـدا ، وە نەڕۆیشـتن بـۆ وڵاتـی موسـڵمانان بـە هـۆی هەڵاتـن بـە دینەکەیـەوە (پاراسـتنی دینەکـە) چونکـە کۆچکـردن بـەم مانایـەو بـۆ ئـەم مەبەسـتە واجبـە لەسـەر هەمـوو موسـڵمانێک، چونکـە مانـەوە لـە وڵاتـی کوفـردا بەڵگەیـە لەسـەر دۆسـتایەتی بێبـاوەڕان ، ئـا لێـرەوە خـوای گـەورە مانـەوەی موسـڵمانی لـە نێـو کافرانـدا حـەرام کـردووە ئەگـەر توانـای هەبـوو لـە سـەر کۆچکـردن .

خـوای گەورە دەفەرموێـت: ﴿ إِنَّ ٱلَّذِينَ تَوَفَّىٰهُمُ ٱلْمَلَٰٓئِكَةُ ظَالِمِىٓ أَنفُسِهِمْ قَالُوا۟ فِيمَ كُنتُمْ ۖ قَالُوا۟ كُنَّا مُسْتَضْعَفِينَ فِى ٱلْأَرْضِ ۚ قَالُوٓا۟ أَلَمْ تَكُنْ أَرْضُ ٱللَّهِ وَٰسِعَةً فَتُهَاجِرُوا۟ فِيهَا ۚ فَأُو۟لَٰٓئِكَ مَأْوَىٰهُمْ جَهَنَّمُ ۖ وَسَآءَتْ مَصِيرًا ﴿٩٧﴾ إِلَّا ٱلْمُسْتَضْعَفِينَ مِنَ ٱلرِّجَالِ وَٱلنِّسَآءِ وَٱلْوِلْدَٰنِ لَا يَسْتَطِيعُونَ حِيلَةً وَلَا يَهْتَدُونَ سَبِيلًا ﴿٩٨﴾ فَأُو۟لَٰٓئِكَ عَسَى ٱللَّهُ أَن يَعْفُوَ عَنْهُمْ ۚ وَكَانَ ٱللَّهُ عَفُوًّا غَفُورًا ﴿٩٩﴾ ﴾ (النساء) واتـە : بێگومـان ئەوانەیـان کـە فریشـتە گیانـی کێشـان، لەکاتێکـدا ناهەقییـان لەخۆیـان کـرد، چونکـە (دار الـشرك) یـان بەجـێ نەهێشـت و کۆچیـان نەکـرد بۆنیشـتمانی ئیـمان (مەدینـە) بەرلـەوە ئەڵێـن: باشـە ئێـوە لەکوێبـوون، بۆچـی لێـرە کۆچتـان نەکـردو لەگـەڵ موشریکەکانـدا مانـەوە؟! ئەڵێـن: ئێمـە لـەو وڵاتـەی مەککـەدا بـێ دەوسـەڵات و لاوازکـرا بووین، نەمـان دەتوانـی بۆهیـچ لایـە کـۆچ بکەیـن و بەناچاریـی هـەر لـەو شـوێنە ماینـەوە فریشـتەکان ئەڵێـن: ئایـا زەویـی خـوا فـراوان و ئاوادڵـە نەبـوو تـا لـەوێ کـۆچ بکـەن و بڕۆنـە جێگایەکـی تـرو، بەئازادانـە خواپەرسـتی خۆتانتـان کردبـا؟ جـا لەقیامەتـدا ئەنـواو جێگایـان جەهەننەمـەو، ئەویـش چارەنووسـێکی نالەبـارو خراپـە(٩٧) ئـەو پیـاوو ژن و منداڵانـە نەبـێ کـە توانـای هیـچ خـۆ دەربازکردنێکیـان نییـە و شـارەزای ڕێگـەش نیـن و ڕێ دەرناکـەن(٩٨) جـا خـوا بێگومـان خـوا لەوانـە ئەبـووڕێ و خـوا هەمیشـە گونـاە پۆشـی لێبوردەیـە، لەخـاوەن بیانوانیـش بیانـوو وەردەگرێـت.(٩٩) .

خـوای گـەورە بیانـووی بـۆ هیـچ یەکێـک نەهێڵایـەوە لـە مانـەوە لـە نـاو وڵاتی کافرانـدا ئیللا لاوازەکان نەبـێ کەتوانـای هیجرەتبیـان نییـە، یـان کەسـێک لـە مانەوەیـدا بەرژەوەندیەکـی دینـی هەبێـت ، وەکـو بانگـەواز بـۆ لای خـواو بـڵاو کردنـەوەی ئیسـلام لـە وەڵاتەکەیانـدا .

٣- هەروەهـا لـە دیاردەکانـی دۆسـتایەتی کافـران سـەفەرکردنە بـۆ وەڵاتەکەیـان بـە مەبەسـتی گەشـت و گـوزار.

جـا گەشـت کـردن بـۆ وڵاتی کافـران حەرامـە ئیـلا لـە کاتی زەرورەتـدا نەبـێ ، وەکـو چارەسـەرکردن و بـازرگانی و فێربـوونی پسـپۆرە سـوود بەخشـەکان کـە بەدەسـت ناهێنرێـت ئیـلا بـە سـەفەرکردن بـۆ وڵاتی ئـەوان نەبـێ، ئـەوا دروسـتە بـە ئەنـدازەی پێویسـت ، وە ئەگـەر پێویسـتیەکە تـەواو بـوو ئـەوا واجبـە لەسـەری بگەڕێتـەوە بـۆ وڵاتی موسـڵمانان ، وە بـۆ ئـەم سـەفەرە مەرجـە کـە دینەکـەی ئاشـکرا کردبێـت شـانازی بـە ئیسـلامەکەیەوە بکات و خـۆی بـە دوور بگرێـت لـە جێـگا خراپـەکان ، وریـا بێـت لـە فێڵـی دوژمنـان، هەروەهـا دروسـتە یـان واجبـە سـەفەر بـکات بـۆ وڵاتەکەیـان ئەگـەر هاتـوو لەبـەر بانگـەواز بـوو بـۆ لای خـواو بڵاوکردنـەوەی ئیسـلام.

٤- هەروەهـا لـە دیاردەکانـی دۆسـتایەتی کافـران یارمەتـی دان و سەرخسـتنیانە بەسـەر موسـڵماناندا و مـەدح کردنیـان و ئەمـەش یەکێکـە لـە هەڵوەشـێنەروەکانی ئیسـلامەو هۆکارەکانـی هەڵگەڕانەوەیـە ، پەنـا دەگریـن بـە خـوا لـەو کارە .

٥- هەروەهـا لـە دیاردەکانـی دۆسـتایەتی کافـران: پشـت بەسـتن پێیـان و سـیقە پـێ کردنیـان و پۆسـت پێدانیـان کـە نهێنـی موسـڵمانانی تێدایـە و بکرێنـە رازگـرو راوێـژکار.

خـوای گـەورە دەفەرموێـت: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ لَا تَتَّخِذُواْ بِطَانَةً مِّن دُونِكُمۡ لَا يَأۡلُونَكُمۡ خَبَالٗا وَدُّواْ مَا عَنِتُّمۡ قَدۡ بَدَتِ ٱلۡبَغۡضَآءُ مِنۡ أَفۡوَٰهِهِمۡ وَمَا تُخۡفِي صُدُورُهُمۡ أَكۡبَرُۚ قَدۡ بَيَّنَّا لَكُمُ ٱلۡأٓيَٰتِۖ إِن كُنتُمۡ تَعۡقِلُونَ ١١٨ هَٰٓأَنتُمۡ أُوْلَآءِ تُحِبُّونَهُمۡ وَلَا يُحِبُّونَكُمۡ وَتُؤۡمِنُونَ بِٱلۡكِتَٰبِ كُلِّهِۦ وَإِذَا لَقُوكُمۡ قَالُوٓاْ ءَامَنَّا وَإِذَا خَلَوۡاْ عَضُّواْ عَلَيۡكُمُ ٱلۡأَنَامِلَ مِنَ ٱلۡغَيۡظِۚ قُلۡ مُوتُواْ بِغَيۡظِكُمۡۗ إِنَّ ٱللَّهَ عَلِيمُۢ بِذَاتِ ٱلصُّدُورِ ١١٩ إِن تَمۡسَسۡكُمۡ حَسَنَةٞ تَسُؤۡهُمۡ وَإِن تُصِبۡكُمۡ سَيِّئَةٞ يَفۡرَحُواْ بِهَاۖ وَإِن تَصۡبِرُواْ وَتَتَّقُواْ لَا يَضُرُّكُمۡ كَيۡدُهُمۡ شَيۡـًٔاۗ إِنَّ ٱللَّهَ بِمَا يَعۡمَلُونَ مُحِيطٞ ١٢٠﴾ (آل عمـران)

واتـە : ئـەی ئەوانـەی باوەڕتـان هێنـاوە! بـەدەر لەخۆتـان، کەسـێك مەگرنـە دۆسـت و مەیکەنـە جێـی رازونیـازی خۆتـان و، نهێنیەکانـی خۆتانیـان لا بدرکێنـن ، لـەکار تێکـدان و زیـان پێگەیاندنتـان، درێـغ ناکـەن و کۆڵنـادەن پێیـان خۆشـەو ئاواتیانـە ئێـوە هـەر

لـەدەردو ئـازاردا بـن جگـە لـەوەش کـە بەئاشـکرا دژایەتیتـان دەکـەن، هێـمان ئـەو رق و قینەیـەش لەدڵیانـدا دەیشـارنەوە فرەتـرو گەورەتـرە لـەوەی کەبەزاریانـدا دێ ، دڵیـان پـڕە لەپیـلان و فڕوفێـڵ بەرامبەرتـان ، ئێمـە نیشـانەو بەڵگـەی زۆرمـان بـۆ ڕۆشـنکردەوە، هەتـا بـەو ئایەتانـە دۆسـت و دوژمـن لێـك بکەنـەوە ئـەر ئێـوە تێبفکرێـن و دەرکـی ڕاسـتییەکان بکـەن، ئەزانـن کـێ بگرنـە دۆست و هـاوراز(١١٨) ئاگاداربـن ئـەی کۆمەڵـی بـاوەڕداران! ئێـوە دووڕووەکانتـان خـۆش دەوێ، کەچـی ئـەوان قـەت ئێوەیـان خـۆش نـاوێ ئێـوە باوەڕتـان بەکتێبەکـەی خۆتـان و، بەکتێبەکـەی ئەوانیـش هەیـە، کەچـی ئـەوان وانیـن ! کاتێکیـش پێتـان بگـەن - بەدووڕوویـی و ناپاکـی خۆیـان- دەڵێـن: باوەڕمـان هێنـاوە. کـە تەنیـا دەبـن و لێتـان دوور دەکەونـەوە، لەبـەر رکـی خۆیـان سـەرپەنجەیان دەگـەزن، واتـە: زۆر ڕقیـان لێتانـە ئـەی پێغەمبـەر! بڵـێ: دەك بـەو دەردو ڕقەتانـەوە بمـرن، چونکـە هەرنیعمەتـی خـۆی تـەواودەکات بـۆ موسـڵمانان بەراسـتیی خـوا بـەو نهێنیـەی ناودڵیـان زۆر زانایـە، ئەزانـێ چ پیلانێـك بەرامبـەر بەموسـڵمانان لەسـینگیاندایە (١١٩) ئەرچاکـەو، خێرێکتـان - وەکـو دەسـتکەوتی جەنگیـی، یـان سـەرکەوتن- تـووش ببـێ، پێـی ناڕەحـەت دەبـن و، خەفـەت و مەراقـی زۆری پێدەخـۆن خۆئـەر ناڕەحەتـی و ناخۆشـییەکتان تـووش ببـێ، ئـەوان پێـی کەیـف خـۆش دەبـن(١٢٠)

ئـەم ئایەتـە پیرۆزانـە (دخائـل) ی کافـرەکان ڕوون دەکاتـەوە ، وە ئـەوەی دەیشـارنەوە بەرانبـەر بـە موسـڵمانان و ئـەو پلانانـەی دەیگێـڕن دژیـان لە فێـڵ و خیانەت و خۆشـحاڵیان لـە زەرەری موسـڵمانان و گەیانـدنی ئـازار پێیـان بـە هـەر وەسـیلەیەک بێـت، وە ئـەوان ئیسـتغلالی ئـەو سـیقەیەی موسـڵمانان بـەوان دەکـەن ، بۆیـە پـلان دەگێـڕن بـۆ زیـان گەیانـدن پێیـان و زاڵ بـوون بـە سـەریاندا .

ئیمامـی ئەحمـەد ڕیوایـەتی کـردووە لـە (ابـو مـوسی اشـعری) یـەوە دەڵێـت : (**قلـت لعمـر : لي كاتـب نـصراني . قـال : مـا لـك قاتلـك اللـه ، أمـا سـمعت اللـه يقـول** : ﴿ * يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ لَا تَتَّخِذُواْ ٱلۡيَهُودَ وَٱلنَّصَٰرَىٰٓ أَوۡلِيَآءَۘ بَعۡضُهُمۡ أَوۡلِيَآءُ بَعۡضٖۚ ﴿٥١﴾ ﴾ (المائدة) **ألا أتخـذت حنيفـاً ؟ قـال : قلـت : يـا أمـير المؤمنـين ! لي كتابتـه ولـه دينـه ! قـال : لا اكرمهـم إذ أهانهـم اللـه ، ولا أعزهـم إذ أذلهـم اللـه ، ولا أدنيهـم وقـد أقصاهـم اللـه**) واتـە : بـە عومـەر م گـوت : نوسـەرێکی گاورم هەیـە . فەرمـووی : ئـەوە چیتـە خـوا بتکوژێـت ، ئـەی گوێـت

لـێ نەبـووە خـوای گـەورە دەفەرموێـت: ﴿ * يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ لَا تَتَّخِذُواْ ٱلۡيَهُودَ وَٱلنَّصَٰرَىٰٓ أَوۡلِيَآءَۘ بَعۡضُهُمۡ أَوۡلِيَآءُ بَعۡضٖۚ ﴾ ئـەی بـۆ کەسـێکی حەنیفـی (یەکتاپەرسـت) ناکەیتـە نوسـەری خـۆت ؟ دەڵێـت : وتـم : ئـەی ئەمیـری ئیمانـداران ! نوسـینەکەی بـۆ مـن و دینەکـەی بـۆ خـۆی ! فەرمـووی : ڕێزیـان لـێ مەگـرە لـە کاتێکـدا خـوای گـەورە سـووکیانی کـردووە ، بـە عیززەتیـان مەزانـە لـە کاتێکـدا خـوای گـەورە زەلیلـی کـردوون ، نزیکیـان مەکـەرەوە لـە کاتێکـدا خـوای گـەورە دووریانـی خسـتوەتەوە).

وە ئیمامـی ئەحمـەد و مسـلم ریوایەتیـان کـردووە کـە وا پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) کاتێـک دەرچـوو بـۆ بـەدر ، کابرایەکـی موشریـک شـوێنی کـەوت ، بـە پێغەمبـەری خـوادا (ﷺ) گەیشـت لـە (الحـرە) وتـی : مـن دەمـەوێ شـوێنت بکـەوم و شـتێکم دەسـت کـەوێ ، پێغەمبـەری خـوا(ﷺ) فەرمـووی : ئایـە بـاوەڕت بـە خـوا و پێغەمبەرەکـەی هەیـە (ﷺ) ؟ وتی : نەخێـر ، فەرمـووی : بگەڕێـوە ، مـن پشـت بـە موشریـک نابەسـتم)[1]

وە لـەم دەقانـەوە بۆمـان ڕوون دەبێتـەوە کـەوا حەرامـە کاروبـاری موسـڵمان بخرێتـە ژێـر دەسـتی کافـران لـە کاتێکـدا دەتوانـن لـە ڕێگایـەوە ئـاگاداری حاڵـی موسـڵمانان و نهێنیەکانیـان بـن ، وە فێڵیـان لـێ دەکـەن و زیانیـان پـێ دەگەیننـن.

هـەر لـەم بابەتەیـە ئـەوەی لـەم سـەردەمەدا ڕوویـداوە لـە هێنـانی کافـرەکان بـۆ وڵاتی موسـڵمانان (بـلاد الحرمیـن الشریفیـن) و دەکرێنـە کرێـکار و شـۆفێر و کارگـوزار و پـەروەردەکار لـە ماڵەکانـدا ، وە تێکـەڵ کردنیـان لەگـەڵ خێزانەکانـدا ، یـان تێکـەڵ کردنیـان لەگـەل موسـڵمانانداا لـە وەڵاتەکەیانـدا.

٦- هـەر لـە دیاردەکانـی دۆسـتایەتی کافـران نوسـینی بـەرواری میژوویـی ئـەوان بـە تایبەتـی ئـەو مێـژووەی تەعبیـر لـە جەژنەکانیـان دەکات وەکـو سـاڵنامەی زایینـی ، کـە ئەویـش بریتیـە لـە یـادی لـە دایـک بوونـی مەسـیح، کـە لـە خۆیانـەوە دایانهێنـاوە و لـە دینـی مەسـیحدا نیـە ، جـا بەکارهێنانـی ئـەم سـاڵنامەیە بەشـداری بوونـی ئەوانـی تێدایـە لـە زینـدوو کردنـەوەی دروشـم و جەژنەکەیـان، وە بـۆ دوور کەوتنـەوە لـەم کارە کاتـێ

---

(١) اخرجه مسلم (٤٦٧٧) .

هـاوەڵان وێسـتیان سـاڵنامەیەک بـۆ موسـڵمانان دانـەن لەسـەردەمی عومـەردا ، خۆیـان لادا لـە سـاڵنامەی کافـران، وە لـە کۆچکردنـی پێغەمبـەرەوە(ﷺ) سـاڵنامەیەکیان دانـا کـە ئەمیـش بەڵگەیـە لـە واجـب بوونـی جیاوازکردنـی کافـران لەمـەدا و لـە جگـە لەمـە، ئـەو شـتانەی کـە لـە تایبەتمەندیەیکانـی ئەوانـە . خـوا پشـت و پەنامانـە .

٧- هـەر لـە دیاردەکانـی دۆسـتایەتی کافـران بەشـداری کردنیانـە لـە جەژنەکانیانـدا یـان یارمەتـی دانیـان لـە ئەنجامدانـی یـان پیرۆزبایـی کـردن لێیـان بـەو بۆنـەوە یـان ئامادەبوون لـە مەراسـیمەکانیاندا ، وە ئـەو ئایەتـەی کـە دەفەرموێـت:﴿ وَٱلَّذِينَ لَا يَشۡهَدُونَ ٱلزُّورَ ﴿٧٢﴾ ﴾ (الفرقـان) تەفسـیر کـراوە بـە : واتـە: لـە صیفاتەکانـی (عبـاد الرحمـن) ئـەوان ئامـادەی جەژنـی کافـران نابـن.

٨- لـە دیاردەکانـی دۆسـتایەتی کافـران : مـەدح کردنـی ئەوانـە ، وە ئاماژەکـردن بـەوەی ئـەوان هەیانـە لـە پێشـکەوتن و شارسـتانیەتەن ، وە سەرسـام بـوون بـە رەوشـت و شـارەزاییەکەیان بەبـێ ئـەوەی تەماشـای عەقیـدە پووچـەڵ و دینـە فاسـدەکەیان بکرێـت.

خـوای گـەورە دەفەرموێـت:﴿ وَلَا تَمُدَّنَّ عَيۡنَيۡكَ إِلَىٰ مَا مَتَّعۡنَا بِهِۦٓ أَزۡوَٰجٗا مِّنۡهُمۡ زَهۡرَةَ ٱلۡحَيَوٰةِ ٱلدُّنۡيَا لِنَفۡتِنَهُمۡ فِيهِۚ وَرِزۡقُ رَبِّكَ خَيۡرٞ وَأَبۡقَىٰ ﴿١٣١﴾ ﴾ (طـه) واتـە : تـۆ چـاو لەومـاڵ وسـامانە مەبـڕە ئـەی پێغەمبـەر ئێمـە بەتاقمێـك لـە بێباوەڕەکانمـان داوە، ئـەوە هـەر شـکۆفەو خۆشـی ژیانـی ئـەم دنیایـەو کـەم دەوامـە چونکـە هەرویسـتومانە بـەو مـاڵ و سـامان و شـکۆفەو جوانـی دنیایـە، تاقییـان بکەینـەوە، بێگومـان ڕزق و ڕۆزی پـەروەردگاری تـۆ لەبەهەشـتدا باشـترەو پایـەدار تـرە لـەوەی ئـەوان ئەمـڕۆ لەبـەر دەسـیاندایە).

ئەمـەش مانـای ئـەوە نیـە کـەوا موسـڵمانان هـۆکارەکانی بەهێزبـوون نەگرنەبـەر لـە فێربـوونی پیشەسـازی و ئابورییەکـی حـەڵاڵ و شـێوازەکانی سـەربازی ، بەڵکـو ئـەوە پێویسـت و داوا کـراوە ، خـوای گـەورە دەفەرموێـت: ﴿ وَأَعِدُّواْ لَهُم مَّا ٱسۡتَطَعۡتُم مِّن قُوَّةٖ ﴿٦٠﴾ ﴾ (الأنفـال) واتـە : هەتـا بۆتـان دەکـرێ و لـە توانـاو وزەتاندایـە چـەك و جبەخانـەی جەنـگ و، ئەسـپی چابوکـی سـواریی- دژی دوژمنانـی دینـی خـوا - ئامـادە بکـەن ئـەی بـاوەڕداران) .

وە ئـەم شـتە سـوودبەخش و نهێنیـە گەردونیانـە لـە ئەصلـدا هـی موسـڵمانانە ، خـوای گـەورە دەفەرموێـت: ﴿ قُلْ مَنْ حَرَّمَ زِينَةَ ٱللَّهِ ٱلَّتِيٓ أَخْرَجَ لِعِبَادِهِۦ وَٱلطَّيِّبَٰتِ مِنَ ٱلرِّزْقِ ۚ قُلْ هِيَ لِلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ فِى ٱلْحَيَوٰةِ ٱلدُّنْيَا خَالِصَةً يَوْمَ ٱلْقِيَٰمَةِ ۗ ﴿٣٢﴾ ﴾ (الأعراف) واتـە : بڵـێ: کێیـە، جـل و بەرگـی جـوان و خشـڵ و ڕزق و ڕۆزیـی و بژێـوی خاوێـن و پاکـژی -کـە خـوا بـۆ بەندەکانـی ڕەوا داوە- حـەرام و یاسـاغکردووە ؟ بڵـێ ئـەو زینـەت و جوانیـە بـۆ ئـەو کەسـانەیە کـە لـەم ژیانـی دونیایـەدا باوەڕیـان هێنـاوە، واتـە: ئـەو جوانیـی و زینەتـە لـە بنەڕەتـدا هـەر شـایانی ئیمانـدارانـە، ئەگەرچـی لای مرۆڤـی ئیمانـدار دنیاکـەم بەهـاو بـێ بایەخـە، بۆیـە دەبینـی گەلـێ جـار کافـر سـەروەتی لـە موسـڵمان زۆرتـرە بـەڵام لـەڕۆژی دواییـدا هـەر تایبەتـی موسـڵمانانە) .

خـوای گـەورە دەفەرموێـت: ﴿ وَسَخَّرَ لَكُم مَّا فِى ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَمَا فِى ٱلْأَرْضِ جَمِيعًا مِّنْهُ ۚ ﴿١٣﴾ ﴾ (الجاثیـة) واتـە : هەرچـی لەئاسـمانەکان و زەویدایـە، هـەر هەمـوو خـوا بەمیهرەبانـی خـۆی بـۆ ئێـوەی ڕام کـردووە ئەسـتێرە و کێـوو دەریـاو ڕووبـارو دارو درەخـت و.. هتـد) .

خـوای گـەورە دەفەرموێـت: ﴿ هُوَ ٱلَّذِى خَلَقَ لَكُم مَّا فِى ٱلْأَرْضِ جَمِيعًا ﴿٢٩﴾ ﴾ (البقـرة) واتـە : ئـەو خوایـە کـە لـە زەوییـدا - لەبـەر سـوودو قازانجـی ئێـوە- هەموجـۆرە شـتێکی دروستکرد).

جـا پێویسـتە موسـڵمانان دەستپێشـخەربن بـۆ ئیسـتغلال کردنی ئەم شـتە سوودبەخشـانە و ئـەم ووزانـە ، وە پشـت بـە کافـران نەبەسـتن لـە بەدەسـت هێنانیـدا ، بەڵکـو دەبـێ خۆیـان کارگـە و (تەقـەنی) خۆیـان هەبـێ .

٩- هـەر لـە دیاردەکانـی دۆسـتایەتی کافـران ناونانـە بـە ناوەکانـی ئـەوان، بـە شـێوەیەک نـاوی کـوڕ و کچەکانیـان دەنێـن بـە نـاوی ئەجنەبـی یـەوە، وە واز لـە نـاوی بـاوک و دایـک و باپیـر و داپیـر و ناسـراوەکان کۆمەڵـگای خۆیـان دەهێنـن، لـە کاتێکـدا پێغەمبـەری خـوا(ﷺ) فەرموویەتـی : (خیـر الاسـماء عبداللـه و عبدالرحمـن)[1] واتـە : باشـترین ناوەکان عبداللـه و عبدالرحمـن ه) ، هـەر بەهـۆی نـاو گۆڕینـەوە، نەوەیـەک پەیـدا بـووە کەنـاوی

---

(١) سلسلة الاحاديث الصحيحة /الالباني(١٠٤٠) .

ناموّییـان هەڵگرتـووە، کـە دەبێتـە هـۆی لەیـەک جیاکردنـەوەی ئـەم نـەوە و نەوەکانـی پێشـوو، وە ناسـینی خێزانـەکان دەپچرێـت کـە بەنـاوە تایبەتەکانـی خۆیانـەوە دەناسـران .

١٠- هـەر لـە دیاردەکانـی دۆسـتایەتی کافـران داوای لێخۆشـبونە بۆیـان و ڕەحمـەت ناردنـە بۆیـان ، کەچـی خـوای گـەورە ئـەوەی حـەرام کـردووە ، خـوای گـەورە دەفەرموێـت:﴿ مَا كَانَ لِلنَّبِيِّ وَٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ أَن يَسۡتَغۡفِرُواْ لِلۡمُشۡرِكِينَ وَلَوۡ كَانُوٓاْ أُوْلِي قُرۡبَىٰ مِنۢ بَعۡدِ مَا تَبَيَّنَ لَهُمۡ أَنَّهُمۡ أَصۡحَٰبُ ٱلۡجَحِيمِ ١١٣ ﴾ (التوبـة) واتـە : نـە بـە پەیامبـەر ڕێـدراوە داوای لێبـوردن بـۆ هاوبـەش دانـەران بـکات، نـە بـە باوەڕدارانیـش ئەگـەر چـی خزمـی نزیکیشـیان بـن بەتایبەتـی پـاش ئـەوە بۆیـان دەرکەوتـووە کـە دۆزەخییـن و بـۆ کوفـر کار دەکـەن) .

چونکـە ئەمـە خۆشویسـتن و بەراسـت زانینـی ئـەوەی ئـەوان لـە سـەرین لـە خـۆ دەگرێـت .

دیاردەکانی دۆستایەتی ئیمانداران:

دیاردەکانی دۆستایەتی ئیمانداران کیتاب و سوننە رووبی کردووەتەوە ، لەوانە :-

١- کۆچکـردن بـۆ ولاتانـی موسـڵمانان و وازهێنـان و بـە جێهێشـتنی ولاتانـی کافـران ، وە کۆچکردنـش بریتیـە لـە بارکـردن و گواسـتنەوە لـە ولاتـی کافرانـەوە بـۆ ولاتـی موسـڵمانان هەڵاتـن لـەو ولاتانـە بـۆ پاراسـتنی دینەکـەی .

وە هیجـرەت کـردن بـەم مانایـەو بـۆ ئـەم مەبەسـتە واجبـەو هـەر دەمێنـێ تاکـو هەڵاتنـی رۆژ لـە رۆژئـاواوە لـەکاتی هەسـتانی قیامـەت .

پێغەمبـەری خـوا(ﷺ) خـۆی بـەری کـردووە لە هەمـوو موسـڵمانێک لە نێـو موشریکەکاندا بمێنێتـەوە[1]، جـا حەرامـە کـەسی موسـڵمان لـە ولاتی کافرانـدا بمێنێتـەوە، ئیللا مەگـەر نەتوانێ لێـی کـۆچ بـکات، یـان لـە مانەوەیـدا بەرژەوەندیەکـی دینـی هەبێـت، وەکـو بانگـەواز بۆ لای خـواو و بڵاوکردنەوەی ئیسـلام.

خـوای گـەورە دەفەرمووێـت: ﴿إِنَّ ٱلَّذِينَ تَوَفَّىٰهُمُ ٱلْمَلَٰٓئِكَةُ ظَالِمِىٓ أَنفُسِهِمْ قَالُوا۟ فِيمَ كُنتُمْ ۖ قَالُوا۟ كُنَّا مُسْتَضْعَفِينَ فِى ٱلْأَرْضِ ۚ قَالُوٓا۟ أَلَمْ تَكُنْ أَرْضُ ٱللَّهِ وَٰسِعَةً فَتُهَاجِرُوا۟ فِيهَا ۚ فَأُو۟لَٰٓئِكَ مَأْوَىٰهُمْ جَهَنَّمُ ۖ وَسَآءَتْ مَصِيرًا ﴿٩٧﴾ إِلَّا ٱلْمُسْتَضْعَفِينَ مِنَ ٱلرِّجَالِ وَٱلنِّسَآءِ وَٱلْوِلْدَٰنِ لَا يَسْتَطِيعُونَ حِيلَةً وَلَا يَهْتَدُونَ سَبِيلًا ﴿٩٨﴾ فَأُو۟لَٰٓئِكَ عَسَى ٱللَّهُ أَن يَعْفُوَ عَنْهُمْ ۚ وَكَانَ ٱللَّهُ عَفُوًّا غَفُورًا ﴿٩٩﴾﴾ (النساء) واتـە : بێگومـان ئەوانەیـان کـە فریشـتە گیانیکێشـان، لەکاتێکـدا ناهەقییـان لەخۆیـان کـرد، چونکـە (دار الـشرك) یـان بەجـێ نەهێشـت و کۆچیـان نەکـرد بۆنیشـتمانی ئیـمان (مەدینـە) بەرلـەوە ئەڵێـن: باشـە ئێـوە لەکوێبـوون، بۆچـی لێـرە کۆچتـان نەکـردو لەگـەڵ موشریکەکانـدا مانـەوە ؟! ئەڵێـن: ئێمـە لـەو وڵاتـەی مەککـەدا بـێ دەوسـەڵات و لاوازکـرا بووێـن، نەمـان دەتوانـی بۆهیـچ لایـە کـۆچ بکەیـن و بەناچاریـی هـەر لەوشـوێنە ماینـەوە ، فریشـتەکان ئەڵێـن: ئایـا زەویـی خـوا فـراوان و ئاوادانـە خواپەرسـتی خۆتانتـان کردبـا؟ جـا لەقیامەتـدا ئەنـواو جێگایـان جەحەننەمـەو، ئەویـش چارەنووسـێکی نالەبـارو خراپـە(٩٧) ئـەو پیـاوو ژن و

---

(١) اخرجه ابو داود (٢٦٤٥) والترمذي (١٦٠٨) والنسائي (٤٧٩٤) .

منداڵانە نەبێ کە توانای هیچ خۆدەربازکردنێکیان نییە و شارەزای ڕێگەش نین و ڕێ دەرناکەن(٩٨) جا خوا بێگومان خوا لەوانە ئەبوورێ و خوا هەمیشە گوناە پۆشی لێبوردەیە، لەخاوەن بیانوانیش بیانوو وەردەگرێت.(٩٩) .

٢- سەرخستنی موسڵمانان و یارمەتی دانیان بە نەفس و سامان و زمان لەوەی پێویستیان پێی هەیە لەدین و دونیایاندا ، خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ وَٱلْمُؤْمِنُونَ وَٱلْمُؤْمِنَٰتُ بَعْضُهُمْ أَوْلِيَآءُ بَعْضٍ ﴾ (التوبة) واتە : پیاوان و ژنانی باوەڕدار هەموو دۆست و خۆشەویست و یارمەتیدەری یەکن، لە گشت خۆشیی و ناخۆشیەکدا)

خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ وَإِنِ ٱسْتَنصَرُوكُمْ فِى ٱلدِّينِ فَعَلَيْكُمُ ٱلنَّصْرُ إِلَّا عَلَىٰ قَوْمٍ بَيْنَكُمْ وَبَيْنَهُم مِّيثَٰقٌ ﴾ (الأنفال) واتە : خۆ ئەگەر داوای یارمەتییان لێکردن بۆ پاراستنی ئایینەکەیان، دەبێ ئێوەش یارمەتییان بدەن و سەریانخەن بەسەر دوژمنانی هەردوولاتاندا مەگەر دژی ئەوانە لەگەڵ ئێوە هاوپەیمانن و ڕێکەوتنامەیان مۆرکردبی ئەگەر چی کافریش بن، لەو دەمەدا نابێ یارمەتییان بدەن) .

٣- ئازارکێشان بە ئازاریان و دڵخۆش بوون بە خۆشییان ، پێغەمبەری خوا(ﷺ) فەموویەتی : (**مثل المؤمنين في توادهم و تراحمهم و تعاطفهم مثل الجسد الواحد إذا اشتكى منه عضو تداعى له سائر الجسد بالسهر و الحمى**)[1] واتە : نمونەی ئیمانداران لە خۆشەویستی و بەزەیی و سۆزدارییاندا بۆ یەکتر وەکو جەستەیەک وان ئەگەر بەشێکی (ئەندامێکی) ئازاری چەشت ئەوا هەموو جەستەی - لەبەر ئەو بەشەی- شەونخۆنی دەکەن و تووشی تا دەبن) .

هەروەها دەفەرموێت: (المؤمن للمؤمن كالبنيان يشد بعضه بعضا ، و شبك بين أصابعه)[2] واتە : ئیماندار بۆ ئیماندار وەکو جەستەیەکە یەکتر بۆ لای یەکتر ڕادەکێشن (یەکتر بەهێز دەکەن) ، ئەمجار پێغەمبەری خوا (ﷺ) پەنجەکانی هەڵکێشا بە یەکتردا) .

---

(١) متفق عليه : أخرجه البخاري (٥٦٦٥) ومسلم (٢٥٨٦) .

(٢) متفق عليه : أخرجه البخاري (٤٦٧) ومسلم (٢٥٨٥) .

٤- ئامـۆژگاری کردنیـان و حەزکردنـی خەیـر و چاکـە بۆیـان و غـەش نەکـردن لێیـان و فریـو نەدانیان .

پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) فەرموویەتـی هەروەکـو لـە هـەردوو کتێبـی (صحیـح)[1] دا هاتـووە لـە فەرمـوودەی (أنـس) ەوە : ((**لا یؤمـن أحدکـم حتـی یحـب لأخیـه مـا یحـب لنفسـه**)) واتـە : هیـچ کەسـێک لـە ئێـوە ئیمانـی کامـل نییـە تاوەکـو ئـەوەی بـۆ خـۆی پێـی خۆشـە بـۆ براکەشـی پێـی خـۆش بێـت)).

وە دەفەرموێت: ((**المسـلم أخو المسـلم و لا یخذله و لا یحقره و لا یسـلمه بحسـب امرئ مـن الـشر أن یحقر أخاه المسـلم ، کل المسـلم علی المسـلم حرام ، دمـه وماله وعرضه**)

هەروەهـا دەفەرموێـت: ((**لا تباغضـوا و لا تدابـروا ولا تناجشـوا و لا یبـع بعضکـم عـلی بیـع بعـض و کونـوا عبـاد اللـه إخوانـا**))[2] .

٥- ڕێزگرتن لێیان و بەکەم نەزانییان و عەیبدار نەکردنیان، خوای گەورە دەفەرموێت:﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ لَا يَسۡخَرۡ قَوۡمٞ مِّن قَوۡمٍ عَسَىٰٓ أَن يَكُونُواْ خَيۡرٗا مِّنۡهُمۡ وَلَا نِسَآءٞ مِّن نِّسَآءٍ عَسَىٰٓ أَن يَكُنَّ خَيۡرٗا مِّنۡهُنَّۖ وَلَا تَلۡمِزُوٓاْ أَنفُسَكُمۡ وَلَا تَنَابَزُواْ بِٱلۡأَلۡقَٰبِۖ بِئۡسَ ٱلِٱسۡمُ ٱلۡفُسُوقُ بَعۡدَ ٱلۡإِيمَٰنِۚ وَمَن لَّمۡ يَتُبۡ فَأُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلظَّٰلِمُونَ ١١ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱجۡتَنِبُواْ كَثِيرٗا مِّنَ ٱلظَّنِّ إِنَّ بَعۡضَ ٱلظَّنِّ إِثۡمٞۖ وَلَا تَجَسَّسُواْ وَلَا يَغۡتَب بَّعۡضُكُم بَعۡضًاۚ أَيُحِبُّ أَحَدُكُمۡ أَن يَأۡكُلَ لَحۡمَ أَخِيهِ مَيۡتٗا فَكَرِهۡتُمُوهُۚ وَٱتَّقُواْ ٱللَّهَۚ إِنَّ ٱللَّهَ تَوَّابٞ رَّحِيمٞ ١٢ ﴾ الحجرات) واتـە : ئـەی ئەوانـەی بڕواتـان هێنـاوە! بـا هیـچ گەلـە پیاوێکتان گاڵتـەو مەسـخەرە بەگەلـە پیاوێکـی دی نـەکات لەوانەیـە گاڵتـە پێکـراوەکان (لای خـوا) لـە گاڵتەچیـەکان چاکتـر بـن وە هەروەهـا بـا کۆمەڵـە ژنـێ لـە ژنانیـش، گاڵتـە بەکۆمەڵـە ژنانێ تـر نەکـەن. چونکـە لەوانەیـە ژنـە گاڵتـە پێکـراوەکان لای خـوا لەگاڵتەچیـەکان باشـتر بـن تـەرازووی چاکیـی و، خراپیـی تەنهـا لای خوایـە. وە تانـەو تەشـەر لەیەکتـر مـەدەن و یەکتر عەیبـدار مەکـەن. وە نـاوو ناتـۆرەو نیتکـە لەیەکتـر مەنێـن، واتـە: بـە ناتـۆرە بانگـی یەکتـر مەکـەن. دەرچـوون لـە شـەرع بەدنـاو زڕاوییـە دوای باوەڕهێنـان. واتـە: ئـەو جـۆرە کارانـە

---

(١) أخرجه البخاري ، كتاب الإيمان ، باب من الإيمان أن يحب لأخيه ما يحب لنفسه (١٣) ، ومسلم كتاب الإيمان ، باب الدليل على أن من خصال الإيمان : أن يحب لأخيه المسلم ما يحب لنفسه من الخير (٤٥) .

(٢) اخرجه مسلم .

ئەبێتـە مایـەی فاسـق بـوون و دوور کەوتنـەوە لەئیمـان ئـەوەی تەوبـە نـەکاو پەشـیمان نەبێتـەوە هـەر ئەوانـەن سـتەمکارەکان. (١١) ئـەی ئەوکەسـانەی بڕواتـان هێنـاوە! خۆتـان لەزۆرێـك لەگومـان بـردن بەیەکتـر دووربگـرن چونکـە هەنـدێ لـەو گومانانـە مایـەی گوناە و دووچـار بوونتانـە لای خـوا. وە بـەدوای عەیـب و عـارو کـەم و کـوڕی یەکتـردا مەگەڕێن و چـاوە چـاو مەکـەن. و لەپـاش ملـە نـاوی یەکتـر بەخراپـە مەبـەن ئایـا کەسـتان پێـی خۆشـە گۆشـتی بـرای خـۆی بە مردوویـی بخوات؟! ئاشـکرایە کە ئەوەتـان زۆر پێ ناخۆشـەو، حەزی لێناکـەن و نایخـۆن وە لەخـوا بترسـن و سـنوورەکانی مەشـکێنن بێگومان خـوا زۆر لێبوردەیە بـۆ هەرکەسـێك پەشـیمان بێتـەوە لـەو کارە ناشـیرینانەی کردوویەتـی، زۆریـش میهرەبانـە لەگـەڵ بەندەکانـی خۆیـدا(١٢) .

٦- لەگەڵیانـدا بێـت لـە کاتـی تەنگانـە و فەرحانیـدا ، خۆشـی و ناخۆشـیدا ، بـە جیـاواز لـە دووڕوەکان ، کـە لەگـەڵ موسـڵمانانداندەبـن لـە کاتـی فەرحانـی و خۆشـیدا و لـە کاتـی تەنگانـەدا وازیـان لـێ دەهێنێـت ، خـوای گـەورە دەفەرموێـت:﴿ ٱلَّذِينَ يَتَرَبَّصُونَ بِكُمْ فَإِن كَانَ لَكُمْ فَتْحٌ مِّنَ ٱللَّهِ قَالُوٓاْ أَلَمْ نَكُن مَّعَكُمْ وَإِن كَانَ لِلْكَٰفِرِينَ نَصِيبٌ قَالُوٓاْ أَلَمْ نَسْتَحْوِذْ عَلَيْكُمْ وَنَمْنَعْكُم مِّنَ ٱلْمُؤْمِنِينَ ﴿١٤١﴾ ﴾ (النساء) واتـە : ئـەو دووڕووانـەی وا هـەردەم چاوەڕوانـی دەرفەتێـك دەکـەن لێتـان و هـەر لەمەڵاسـدان بۆتـان سـا ئەگـەر خـوا ئێـوەی سەرخسـت و زاڵبـوون و دەسـتکەوتێکتان دەسـکەوت ئەڵێـن: ئـەی مەگـەر ئێمـەش لەگـەڵ ئێـوە نەبووێـن و پێکـەوە جیهادمـان نەکـرد؟! خـۆ ئەگـەر بـێ باوەڕانیـش بەشـێکیان دەسـتکەوت و سـەرکەوتن بەرسـەرتانا وەکـو لـەرۆژی ئوحـودا ئەڵێـن : ئـەی مەگـەر ئێمـە نەبووێـن نەمانهێشـت بـاوەڕداران پێتـان بگـەن و زیانتـان پێبگەیەنـن؟ کەوابـوو ئەبـێ بەشـی ئێمەشـی لێبـدەن).

٧- سـەردانی کردنیـان و خۆشـحاڵ بـوون بـە گەیشـتن پێیـان و کۆبوونـەوە لـە گەڵیانـدا وە لـە فەرموودەیەکـی قودسـیدا هاتـووە: ((**وجبـت محبتـي للمتزاورين فـيَّ**))[1] واتـە : خۆشەویسـتیم واجـب و پێویسـت بـوو بـۆ ئـەو کەسـانەی لە پێنـاوی منـدا سـەردانی یەکتر دەکـەن)) وە لـە فەرموودەیەکـی تـردا هاتـووە : (**أن رجـلا زار أخا له في قريـة أخرى فأرصد**

---

(١) أخرجه الالباني في صحيح الترغيب والترهيب (٣٠٢٠) بلفظ : (وحقت محبتي للمتزاورين فيَّ) .

اللـه علـى مدرجتـه ملـكا فلمـا أتـى عليـه قـال أين تريـد قـال أريد أخا لـي في هـذه القرية قـال هـل لـك عليـه مـن نعمـة تربهـا قـال لا غيـر أنـي أحبـه فـي الله قـال فإنـي رسـول الله إليـك إن اللـه قـد أحبـك كمـا أحببته فيـه)[1]. .

٨- ڕێزگرتـن لـه مافەکانیـان ، نابـێ بەسـەر فرۆشـتنەکەیاندا بفرۆشـێت ، بەسـەر خوازبێنـی کردنیانـدا خوازبێنـی بـکات ، وە ئـەوەی ئـەوان دەستپێشـخەرن لـه حەڵاڵەکانـدا ئـەم پێشـیان نەکەوێـت ، پێغەمبـەری خـوا(ﷺ) فەرموویەتـی : **(لا يبـع الرجـل علـى بيـع اخيـه ، و لا يخطـب علـى خطبتـه)) وفـي روايـة : ((ولا يسـم علـى سـومه)** .

٩- بەزەیـی هاتنـەوە بـە لاوازەکانیانـدا ، هەروەکـو پێغەمبـەری خـوا(ﷺ) فەرمویەتـی: **((ليـس منـا مـن لـم يرحـم صغيرنـا و يوقـر كبيرنـا)** واتـە: ئـەو کەسـە لـە ئێمـە نییـە کـە بەزەیـی بـە بچووکەکانمانـدا نایـەت و ڕێـز لـە گەورەکانمـان ناگرێـت))

هەروەهـا پێغەمبـەری خـوا(ﷺ) دەفەرموێـت: **(هـل تنـصرون وترزقـون إلا بضعفائكم))** وە خـوای گـەورە دەفەرموێـت:﴿ وَٱصۡبِرۡ نَفۡسَكَ مَعَ ٱلَّذِينَ يَدۡعُونَ رَبَّهُم بِٱلۡغَدَوٰةِ وَٱلۡعَشِيِّ يُرِيدُونَ وَجۡهَهُۥۖ وَلَا تَعۡدُ عَيۡنَاكَ عَنۡهُمۡ تُرِيدُ زِينَةَ ٱلۡحَيَوٰةِ ٱلدُّنۡيَاۖ ﴿٢٨﴾ ﴾ (الكهـف) واتـە : دان بـە خۆتـا بگـرە لـە گـەڵ ئەوانـەی کـە بەیانیـان و ئێـواران لـە پەروەردگاریـان دەپاڕێنـەوە وەدەیپەرسـتن و، تەنیـا ڕەزامەندیـی ئەویشـیان دەوێ ، هەرگیـز چاویشـت لێیـان کل نەکەیـت و پشـتگوێیان نەخەیـت، بەمەبسـتی ئـەوە ڕوو لـە جوانیـی و زەرق و بەرقـی ئـەم دونیایـە بکەیـت).

١٠- پاڕانـەوە بۆیـان و داوای لێخۆشـبون بۆیـان، خـوای گـەورە دەفەرموێـت: ﴿ وَٱسۡتَغۡفِرۡ لِذَنۢبِكَ وَلِلۡمُؤۡمِنِينَ وَٱلۡمُؤۡمِنَٰتِۗ ﴿١٩﴾ ﴾ (محمـد) واتـە : وە بـۆ خـۆت و ئیمانـداران لـە پیـاوان و ژنـان داوای لێبوردنـی گوناهـان بکـە) .

خـوای گـەورە دەفەرموێـت: ﴿ رَبَّنَا ٱغۡفِرۡ لَنَا وَلِإِخۡوَٰنِنَا ٱلَّذِينَ سَبَقُونَا بِٱلۡإِيمَٰنِ ﴿١٠﴾ ﴾ (الحـشر) واتـە: ئـەی پەروەردگارەکەمـان! لـە ئێمـەو لـەو برایانەمـان پێـش ئێمـە باوەڕیـان هێنـاوە خۆشـببە).

---

(١) رواه مسلم .

ئـاگادارییەك:

ئـەو ئایەتـەی کـە دەفەرموێـت:﴿ لَّا يَنْهَىٰكُمُ ٱللَّهُ عَنِ ٱلَّذِينَ لَمْ يُقَٰتِلُوكُمْ فِى ٱلدِّينِ وَلَمْ يُخْرِجُوكُم مِّن دِيَٰرِكُمْ أَن تَبَرُّوهُمْ وَتُقْسِطُوٓا۟ إِلَيْهِمْ ۚ إِنَّ ٱللَّهَ يُحِبُّ ٱلْمُقْسِطِينَ ﴿٨﴾ ﴾ (الممتحنة) واتـە : خـوا ڕێتـان ناگـری لـەو کافـرو بێباوەڕانـەی جەنگیـان نەکـردوون لـە ئایینـدا، و لـە مـاڵ و زێـدی خۆتـان دەریـان نەکـردوون کەچاکەیـان لەگـەڵ بکـەن و مامەڵەیـان لـە گـەڵ بەکـەن بـە دادگەریـی ، بەڕاسـتی خـوای دادپـەروەر، خەڵکانـی دادپـەروەری خـۆش دەوێ) .

مانـای ئەوەیـە کـەوا هەرکەسـێ لـە کافـران ئـازاری نەبـوو و کوشـتاری نەکـرد لەگـەڵ موسـڵمانانداو، وە لـە ماڵەکـەی خۆیـان دەریانیـان نەکـرد، ئـەوا موسـڵمانان بـە چاکەکـردن و دادپـەروەری رووبەرووبـان دەبنـەوە و بە دادپـەروەری لە گەڵیاندا هەڵسـوکەوت دەکەن لە کاروبـاری دونیایـی ، بـەڵام بـە دڵ ئەوانـی خـۆش نـاوێ ، چونکە خـوای گـەورە دەفەرموێت: ﴿ تَبَرُّوهُمْ وَتُقْسِطُوٓا۟ إِلَيْهِمْ ۚ ﴾ و نەیفەرمـووە : دۆسـتایەتیان بکـەن و خۆشـیانتان بوێـت .

وە نمونـەی ئەمـە ئـەو ئایەتەیـە کـە دەربـارەی دایـک و بـاوک فەرمویـەتی: ﴿ وَإِن جَٰهَدَاكَ عَلَىٰٓ أَن تُشْرِكَ بِى مَا لَيْسَ لَكَ بِهِۦ عِلْمٌ فَلَا تُطِعْهُمَا ۖ وَصَاحِبْهُمَا فِى ٱلدُّنْيَا مَعْرُوفًا ۖ وَٱتَّبِعْ سَبِيلَ مَنْ أَنَابَ إِلَىَّ ﴿١٥﴾ ﴾ (لقمان) واتـە : هەمیشـە گویرایەڵیانبـەو، لەسـنووری ڕەزامەندیـی خـوادا، خـۆ ئەگـەر هەوڵیشـیانداو پێیـان داگـرت لەسـەر ئـەوە کـە شـتێك بکـەی بەشـەریك و هاوبەشـم، کـە هیـچ بەڵگـەو زانیاریـیەکـت پـێ نییـە ئەوسـا گوێڕایەڵیـان مەکـە وەلـە لەدنیـادا لەگـەڵ هەردووکیانـدا، بەشـێوەیەکی چـاك و پەسـەند هاوەڵـی بکـە، هـاوڕێ وهاوکارێکـی چـاك بـە بۆیـان بەجـل وبـەرگ وخـۆراك وهەڵسـوکەوتی چـاك دڵخۆشـیان بکە..هتـد وە بـەردەوام هەرڕێگـەی ئـەوە بگـرە کـە بـەرەو مـن ڕێگـەی گرتۆهتەبـەرو گەڕاوەتـەوە بـۆلام).

دایکـی (اسـماء) هـات بـۆ لای (اسـماء) داوای گەیانـدنی پەیوەنـدی دەکـرد لـە کاتێکـدا ئـەو بێبـاوەڕ بـوو ، ئەویـش ئیـزنی لـە پێغەمبـەری خـوا(ﷺ) وەرگـرت لـەوەدا، ئەویـش فەرمـووی ، (صـلي أمـكِ)[1] .

---

(١) متفق عليه : البخاري (٢٦٢٠) ومسلم (٢٣٢١).

لـە کاتێکـدا خـوای گـەورە فەرموویـەتی: ﴿ لَّا تَجِدُ قَوْمًا يُؤْمِنُونَ بِاللَّهِ وَالْيَوْمِ الْآخِرِ يُوَادُّونَ مَنْ حَادَّ اللَّهَ وَرَسُولَهُ وَلَوْ كَانُوا آبَاءَهُمْ أَوْ أَبْنَاءَهُمْ ﴿٢٢﴾ ﴾ (المجادلـة)

جـا گەیانـدنی پەیوەنـدی و پاداشـت دانـەوەی دونیایـی شـتێکە و خۆشویسـتن شـتێکی تـرە ، چونکـە لـە گەیانـدنی پەیوەنـدی و هەڵسـوکەوتی چاکـدا هانـدانی بێبـاوەڕی تێدایـە بـۆ ئیسـلام بـوون، ئـەو دووانـە لـە هـۆکارەکانی بانگـەوازن، بـە جیـاواز لەگـەڵ خۆشویسـتن و دۆسـتایەتی دا ، چونکـە ئـەو دووانـە بەڵگـەن لەسـەر دان پێدانـان لەسـەر ئـەوەی ئـەوان لەسـەرین و رازی بوونـە پێییـان ، ئەویـش بـە هـۆی بانگـەواز نەکردنێتـی بـۆ ئیسـلام .

هەروەهـا حەرامبـوونی دۆسـتایەتی کافـران مانـای حەرامبـوونی مامەڵەکـردن نییـە لـە گەڵیانـدا بـە بازرگانییەکـی حـەڵاڵ و هێنانی کەرەسـتە و پیشەسـازییە سـوود بەخشـەکانیان و سـوود وەرگرتـن لـە شـارەزاییەکەیان و داهێنانەکانیـان ، پێغەمبـەری خـوا(ﷺ) (ابـن اریقـط اللیثـی) بەکـرێ گـرت بـۆ ئـەوەی ڕێگایـان پـێ نیشـان بـدات لـە کاتێکـدا بێبـاوەڕ بـوو[1]، وە لـە هەنـدێ لـە جولەکـەکان قـەرزی کـرد[2] ، وە بـەردەوام موسـڵمانان کەرەسـتە و پیشەسـازییەکانیان لـە بێباوەڕانـەوە هـاوردە کـردووە ، ئەمـەش لـە بابـەتی کڕینـە لێیـان بـە پـارە ، وە لـەو شـتانەدا هیـچ فـەزڵ و منەتێکیـان بەسـەرمانەوە نییـە ، ئـەوەش لـە هـۆکارەکانی خۆشویسـتن و دۆسـتایەتیان نییـە، چونکـە خـوای گـەورە واجبـی کـردووە لەسـەرمان خۆشویسـتنی ئیمانـداران و دۆسـتایەتی کردنیـان و ڕق لێبـوونی بێبـاوەڕان و دژایـەتی کردنیـان .

خـوای گـەورە دەفەرموێـت: ﴿ إِنَّ الَّذِينَ آمَنُوا وَهَاجَرُوا وَجَاهَدُوا بِأَمْوَالِهِمْ وَأَنفُسِهِمْ فِي سَبِيلِ اللَّهِ وَالَّذِينَ آوَوا وَّنَصَرُوا أُولَٰئِكَ بَعْضُهُمْ أَوْلِيَاءُ بَعْضٍ ۚ وَالَّذِينَ آمَنُوا وَلَمْ يُهَاجِرُوا مَا لَكُم مِّن وَلَايَتِهِم مِّن شَيْءٍ حَتَّىٰ يُهَاجِرُوا ۚ وَإِنِ اسْتَنصَرُوكُمْ فِي الدِّينِ فَعَلَيْكُمُ النَّصْرُ إِلَّا عَلَىٰ قَوْمٍ بَيْنَكُمْ وَبَيْنَهُم مِّيثَاقٌ ۗ وَاللَّهُ بِمَا تَعْمَلُونَ بَصِيرٌ ﴿٧٢﴾ وَالَّذِينَ كَفَرُوا بَعْضُهُمْ أَوْلِيَاءُ بَعْضٍ ۚ إِلَّا تَفْعَلُوهُ تَكُن فِتْنَةٌ فِي الْأَرْضِ وَفَسَادٌ كَبِيرٌ ﴿٧٣﴾ ﴾ (الأنفـال) واتـە : بـێ سـۆ ئەوانـەی باوەڕیـان هێنـا و لەزێـدو وڵات و نیشـتمانی خۆیـان - لەبـەر خۆشەویسـتی خـواو

(١) البخاري (٢٢٦٣) .

(٢) متفق عليه : البخاري (٢٠٦٨) ومسلم(٤٠٩٠) .

پەیامبەرەکـەی- کۆچیانکـرد و لـەڕای خـوادا - بەسـامان و گیانیـان- جیهادیـان کـرد و ئەوانـەش کـە کۆچەرەکانیـان بەخـۆوە گرتـوو و یارمەتییانـدان ئەمانـە گشـت دەبنـە خـزم و کـەس و کاری یەکـتر و میراتیـش لـە یەکـتر دەبـەن ئەوانـەش کـە باوەڕیـان هێنـا و هـەر لـە مەککەشـدا مانـەوەو کۆچیـان نەکـرد، بـۆ مەدینـە‹ ئێـوە هیـچ هەقێکتـان بەسـەریانەوە نیـە ، واتـە: میـرات لەیـەك نابـەن و، لەسـەرتان نییـە یارمەتیشـیان بـدەن، وە لەدەسـکەوتی جەنگیـش بەشـنابەن هەتـا ئەوانیـش وەکـو ئێـوە لەوڵاتـی کوفـر هیجـرەت دەکـەن خـۆ ئەگـەر داوای یارمەتییـان لێکـردن بـۆ پاراسـتنی ئایینەکەیـان، دەبـێ ئێـوەش یارمەتییـان بـدەن و سـەریانخەن بەسـەر دوژمنانـی هەردوولاتانـدا مەگـەر دژی ئەوانـە لەگـەڵ ئێـوە هاوپەیمانـن و رێکەوتنامەیـان مۆرکردبـی ئەگـەر چـی کافریـش بـن، لـەو دەمـەدا نابـێ یارمەتییـان بـدەن خـوا بـە هەمـوو کردەوەکانتـان بینـاو بەئاگایـە(٧٢) ئەوانـەش خوانەنـاس و بـێ بـاوەڕن دۆسـت و هـاوکاری یەکـترن، کەوابـوو نابـێ- لەلایـەن موسـڵمانانەوە- یارمەتیـی و هـاوکاری بکرێـن خـۆ ئەگـەر ئێـوە بەوشـێوە نەکـەن فەرمانتـان پێکـراوە؛ واتـە: موسـڵمانان نەکەنـە دۆسـت و هـاوکارو، خـوا نەنـاس و کافرانتـان کـردە دۆسـت و هـاوکار کارەسـاتێکی گـەورەو فەسـادو ئاژاوەیەکـی سـامناك لـەرووی زەویـی سـەرهەڵدەدا، چونکـە موسـڵمانەکان بـێ هێـزو لاواز دەبـن و، بـێ بـاوەڕەکان بەهێـز دەبـن (٧٣)).

ابـن کثـیر دەڵێـت : (مانـای ئـەو ئایەتـە: ﴿ إِلَّا تَفۡعَلُوهُ تَكُن فِتۡنَةٞ فِي ٱلۡأَرۡضِ وَفَسَادٞ كَبِيرٞ ٧٣ ﴾ واتـە : ئەگـەر ئێـوە دژایـەتی بێبـاوەڕان نەکـەن و دۆسـتایەتی ئیمانـداران نەکـەن، ئەگـەر نـا، ئـەوا فیتنـە لـە نـاو خەڵکیـدا پەیـدا دەبـێ ، ئەویـش تێکـەڵ بـوونی کارەکانـەو تێکـەڵ بـوونی ئیمانـدار و کافرانـە ، ئـەوا لەنـاو خەڵکیـدا فەسـادێکی زۆر بڵاودەبێتـەوە ...)[1] .

منیش دەڵێم : ئەمەش هەر ئەوەیە لەم سەردەمەدا رووبداوە ، والله المستعان.

دابەشـکردنی خەڵکـی بـە پێـی ئـەوەی پێویسـتە لـە حەقیانـدا بکرێـت لـە دۆسـتایەتی و بەرائـەت:

---

(١) تفسير القران العظيم لابن كثير .

خەڵکی لە دۆستایەتی وبەرائەتدا سێ بەشن :

بـەشی یەکـەم : کەسـانێک خۆشـیانمان دەوێـت خۆشویسـتنێکی پـاک و بێگـەرد و هیـچ دژایەتیەکـی لـە گەڵـدا نیـە، ئەوانیـش ئیمانـداران بێخەوشـەکانن لـە پێغەمبـەران و صدیقـەکان و شـەهیدەکان و پیاوچـاکان ، وە لـە پێشـیانەوە پێغەمبـەری خـوا(ﷺ) ، جـا ئەو واجبـە خۆشـمان بوێـت زیاتـر لـە خۆشەویسـتی نەفـس و کـوڕو بـاوک و هەمـوو خەڵکـی ، ئەمجـار خێزانـەکانی دایـکانی ئیمانـداران و ئەهـلی بەیتـە پاکەکـەی و هاوەڵـە بەڕێـزەکانی بە تایبـەتی چـوار خەلیفـە ڕاشـدیەکان و ئـەو دوای دە کەسـەکە کـە مـوژدەی بەهەشـتیان پـێ دراوە و کۆچـەران و پشـتیوانان و ئەهـلی بـەدرو ئەهـلی بەیعـەی (الرضـوان) و ئەمجـار ئەو دوای هـاوەڵان هـەر هەمووێـان ، ئەمجـار شـوێنکەوتوان و سـێ سـەدە چاکەکـەو پێشـینی ئـەم ئوممەتـەو پێشـەوایەکانی وەکـو چـوار ئیمامەکـە (پێشـەواکە) .

خـوای گـەورە دەفەرموێـت: ﴿ وَٱلَّذِينَ جَآءُو مِنۢ بَعۡدِهِمۡ يَقُولُونَ رَبَّنَا ٱغۡفِرۡ لَنَا وَلِإِخۡوَٰنِنَا ٱلَّذِينَ سَبَقُونَا بِٱلۡإِيمَٰنِ وَلَا تَجۡعَلۡ فِي قُلُوبِنَا غِلّٗا لِّلَّذِينَ ءَامَنُواْ رَبَّنَآ إِنَّكَ رَءُوفٞ رَّحِيمٌ ١٠ ﴾ (الحـشر) واتـە : ئەوانـەش لـەدوای ئەوانـەوە هاتـوون، واتـە: پـاش کۆچـەران و یارمەتیدەرانـەوە هاتـوون ، دەڵێـن: ئـەی پەروەردگارەکەمـان ! لـە ئێمـەو لـەو برایانەمـان پێـش ئێمـە باوەڕیـان هێنـاوە خۆشـببە وهیـچ بوغـزو قینێـك مەخـە دەڵمانـەوە بەامبـەر بەوکەسـانە باوەڕیـان هێنـاوە ، ئـەی پـەروەردگاری ئێمـە! بەڕاسـتی تەنهـا ئەتـۆی بەسـۆزی میهرەبـان).

وە هەرکەسـێ ئیمان لـە دڵیـدا هەبـێ ئـەوا ڕقـی لـە هـاوەڵان و پێشـینی ئـەم ئوممەتـە نیـە، بەڵکـو تەنهـا لادەران و دووڕوەکان و دوژمنـانی ئیسـلام رقیـان لێیانـە وەکـو (الروافـض) و (الخـوارج) ، داوادەکەیـن لـە خـوای گـەورە بمانپارێـزێ .

بـەشی دووەم : کەسـانێک ڕقـمان لێیانـەو دژایەتیـان دەکرێـت بـە دژایەتیەکـی تـەواو و هیـچ خۆشویسـتن ودۆسـتایەتی لـە گەڵـدا نیـە، ئەوانیـش بێبـاوەڕە بێخەوشـەکانن لـە کافران و موشریکـەکان و دووڕوەکان و هەڵگـەڕاوەکان و مولحیـدەکان بـە هەمـوو جۆرەکانیـان ، هەروەکـو چـۆن خوای گـەورە دەفەرموێـت: ﴿ لَّا تَجِدُ قَوۡمٗا يُؤۡمِنُونَ بِٱللَّهِ وَٱلۡيَوۡمِ ٱلۡأٓخِرِ يُوَآدُّونَ مَنۡ حَآدَّ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ وَلَوۡ كَانُوٓاْ ءَابَآءَهُمۡ أَوۡ أَبۡنَآءَهُمۡ أَوۡ إِخۡوَٰنَهُمۡ أَوۡ عَشِيرَتَهُمۡ ٢٢ ﴾ (المجادلة)

هەروەهـا خـوای گـەورە دەربـارەی بـەنی ئیسرائیـل دەفەرموێـت: ﴿تَرَىٰ كَثِيرًا مِّنْهُمْ يَتَوَلَّوْنَ الَّذِينَ كَفَرُوا لَبِئْسَ مَا قَدَّمَتْ لَهُمْ أَنفُسُهُمْ أَن سَخِطَ اللَّهُ عَلَيْهِمْ وَفِي الْعَذَابِ هُمْ خَالِدُونَ ﴿٨٠﴾ وَلَوْ كَانُوا يُؤْمِنُونَ بِاللَّهِ وَالنَّبِيِّ وَمَا أُنزِلَ إِلَيْهِ مَا اتَّخَذُوهُمْ أَوْلِيَاءَ وَلَٰكِنَّ كَثِيرًا مِّنْهُمْ فَاسِقُونَ ﴿٨١﴾﴾ (المائدة) واتـە : زۆرێ لـەو دووڕوو و جوولەکانـە دەبینـی، کـە لەگـەڵ خوانەنـاس و هاوبەشـدانەرەکان پەیوەنـدی دەبەسـتن و دەبنـە دۆسـت و پشـتیوانیان ئـای چ شـتێکی خراپیـان - بـۆ پاشـەرۆژی خۆیـان- پێشخسـت کـە ئەنجامەکـەی ئـەوە بـوو: خـوا تـووڕە بـوو لێیـان و لـە سزایشـدا بەهەتاهەتایـی لـەڕۆژی دواییـدا دەمێننـەوە(٨٠) ئـەر ئەوانـە بـەدڵ باوەڕیـان بەخـواو بەپەیامبـەرو بـەو بەرنامەیـەی بـۆی دابەزێـنراوە هێنابـا ئـەو کافرانەیـان نەدەکـردە دۆسـت و هاوڕێـی خۆیـان بـەڵام زۆربەیـان تاوانبـارو لـە سـنور دەچـوون، بۆیـە سـەر لـە هیـچ شـتێك ناکەنـەوە(٨١) .

بـەشی سـێیەم : کەسـانێک لـە ڕوویەکـەوە خۆشـیانمان دەوێـت و لـە ڕوویەکـی تـرەوە ڕقـمان لێیانـە، کەواتـە خۆشویسـتن و دژایـەتی تێـدا کۆدەبێتـەوە، ئەوانیـش ئیمانـدارە سـەرپێچیکارەکانە، خۆشـیانمان دەوێـن لـە بـەر ئیمانەکەیـان و ڕقـمان لێیـان دەبێتـەوە لـە بـەر سـەرپێچیەکەیان کـە لـە کوفـرو شـیرک کەمـترە .

وە خۆشەویسـتنیان ئامـۆژگاری کـردن و ئینـکاری کـردن لێیـان لـە خـۆ دەگرێـت، دروسـت نییـە بـێ دەنـگ بیـن لـە بەرامبـەر بـە سـەرپێچیەکانیان، بەڵکـو دەبـێ ئینکاریـان لـێ بکرێـت، وە فەرمـان بکرێـن بـە چاکـەو نەهـی بکرێـن لـە خراپـە ، وە (حـەدد) ەکان و سەرزەنشـتەکانیان بـە سـەردا جـێ بـە جـێ دەکرێـت ، تاکـو واز دەهێنـن لـە سـەرپێچیەکانیان وە لـە تاوانەکانیـان تەوبـە دەکـەن، بـەڵام ڕقـمان لێیـان نابێتـەوە ڕق لێبونێکـی یـەکلا و تـەواو و تەبەڕایـان لـێ ناکرێـت، هەروەکـو خەواریـج دەربـارەی ئـەو کەسـانەی تـاوانی گەورەیـان کـردووە کـە لـە شـیرک بچوکـترە دەیڵێـن، وە خۆشـیانمان ناوێـت و دۆسـتایەتی ناکرێـن بـە خۆشەویسـتن و دۆسـتایەتیەکی بێخـەوش هەروەکـو گرووپـی (المرجئـە) دەیڵێـن، بەڵکـو لـەم بارەیـەوە بـەو شـێوەیە دەبـێ کەباسـمان کـرد، هەروەکـو مەزهـەبی ئەهـلی سـوننەو جەماعـە وتویانـە.

وە خۆشەویستن و رق لێبون لـە بـەر خـوا (اوثق عرى الايمان)ـە[١]، وە هەموو کەسێک لـە گـەڵ ئـەو کەسـەدایە خـۆشی دەوێ لـە قیامەتـدا[٢] ، هەروەکـو لـە فەرموودەکـەدا هاتـووە.

بـەڵام بارودۆخەکـە گـۆڕاوە، وای لێهاتـووە زۆربـەی خەڵکـی دۆسـتایەتی و دوژمنایـەتی خەڵکـی دەکـەن لـە بـەر دونیـا، هـەر کەسـێ تەماحێـک لـە تەماحـەکانی دونیایـان پـێ هەبـێ ئـەوا دۆسـتایەتی دەکـەن، هەرچەنـدە ئەگـەر دوژمنـی خـواو پێغەمبەرەکـەی(ﷺ) و موسـڵمانان و دیـن بێـت ، وە هەرکەسـێک تەماحێـک لـە تەماحـەکانی دونیایـان لـە گەڵـدا نەبـێ ئـەوا دژایـەتی دەکـەن، هەرچەنـدە دۆسـتی خـواو پێغەمبەرەکـەی(ﷺ) بێـت، لـە بـەر بچووکتریـن هـۆو ژیـانی لـێ تەنـگ دەکـەن و بـە کەمـی دەزانـن.

(عبدالله بـن عباس) دەفەرموێـت: (**مـن أحِـب في اللـه، وأبغِـض في اللـهِ ، ووالى في اللـهِ ، وعـادى في اللـهِ ، فإنّمـا تُنـالُ ولايـةُ اللـهِ بذلـك ، وقـد صـارَت عامَّـةُ مُؤاخـاة النـاسِ عـلى أمـرِ الدُّنيـا ، وذلـك لا يُجـدي عـلى أهلـه شـيئاً**)[٣] .

وە لـە (ابوهريـرە) هاتـووە دەڵێـت : پێغەمبـەری خـوا(ﷺ) فەرموویـەتی: (**إن اللـه تعـالى قـال : مـن عـادى لي وليـاً ، فقـد آذنتـه بالحـرب .....**) فەرموودەکـە .

وە توندتریـن کـەس کـە دوژمنایـەتی خـوا دەکات ئەوانـەن کـە دژایـەتی هـاوەڵانی پێغەمبـەری خـوا(ﷺ) دەکـەن و جوێنیـان پـێ دەدەن بـە کەمیـان دەزانـن، لـە کاتێکـدا پێغەمبـەری خـوا(ﷺ) فەرموویـەتی : (**اللـه اللـه في أصحـابي ، لا تتخذوهـم غرضـاً ، فمـن آذاهـم فقـد آذاني ومـن آذاني فقـد آذى اللـه ومـن آذى اللـه يوشـك أن يأخـذه**) .

وای لـێ هاتـووە دوژمنایـەتی هـاوەڵان و جوێنـدان پێیـان بوەتـە دیـن و عەقیـدە لای هەنـدێ لـە تاقمـە گومـڕاکان ! پەنـا دەگریـن بـە خـوا لـە تووڕەبـوون و سـزا سـەختەکەی و داوای سـەلامەتی و لێخۆشـبوونی لـێ دەکەیـن .

---

(١) اخرجه احمد (١٨٧٢٢) .

(٢) اخرجه ابن ابي شيبة والحكيم الترمذي في (نوادر الاصول) وابن ابي حاتم كما في الدر المنثور للسيوطي .

(٣) رواه ابن جرير.

وریاکردنەوە لە بیدعە

یەکەم : پێناسەی بیدعە: جۆرەکانی ئەحکامەکانی

پێناسەی بیدعە :

(البدعـة) لـە زمانەوانیـدا لـە (بـدع)ەوە وەرگیـراوە، ئەویـش بریتیـە لە داهێنانی شـتێک نمونـەی نەبوبێـت لـە پێشـدا، خـوای گـەورە دەفەرموێـت:﴿ بَدِيعُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِ ﴾ (البقـرة) واتـە: بەدیهێنـەری لـە سـەر شـێوازێکی لـە پێـش ئـەوەدا نمونـەی نەبـووە . خـوای گـەورە دەفەرموێـت:﴿ قُلۡ مَا كُنتُ بِدۡعٗا مِّنَ ٱلرُّسُلِ ﴾ (الاحقاف) واتـە : مـن یەکـەم کـەس نیـم پەیامـی لـە لایـەن خـوای گـەورەوە بـۆ بەنـدەکانی هێنابێـت ، بەڵکـو لـە پێـش مـن پێغەمبـەرانی تـر بـوون، وە دەڵێـن : (ابتـدع فـلان بدعـة) واتـە: ڕێگایەکـی داهێنـاوە کـەس پێـش ئـەو هاوشـێوەی دانەهێنـاوە .

وە (الابتداع) دوو بەشن :

١- بیدعـەو داهێنـان لـە عادەتەکانـدا ، وەکـو داهێنانـی داهێنـراوە نوێیـەکان، ئەمـەش دروسـت و حەڵاڵـە، چونکـە ئەصـل لـە عادەتەکانـدا ڕێـگا پێـدراو و حەڵاڵـە.

٢- بیدعـەو داهێنـان لـە دینـدا، ئەمـەش حەرامـە، چونکـە ئەصـل تیایـدا (تەوقیفـە)و ڕێـگا پێنـەدراوە، پێغەمبـەری خـوا(ﷺ) فەرموویەتـی : ((**مـن أحـدث فـي أمرنـا هـذا مـا ليـس منـه فهـو رد**)[1] واتـە : هەرکەسـێک لـەم کارەی ئێمـەدا شـتێکی نـوێ دابهێنێـت و تێیـدا نەبێـت ئـەوا ڕەد دەکرێتـەوە)) وە لـە ریوایەتێکـی تـردا هاتـووە : ((**مـن عمـل عمـلا ليـس عليـه أمرنـا فهـو رد**)[2] واتـە : هەرکەسـێک کارێـک بـکات فەرمانـی ئێمـەی لەسـەر نەبێـت ئـەوا ڕەد دەکرێتـەوە).

---

(١) متفق عليه : أخرجه البخاري (٢٥٥٠) ، ومسلم (١٧١٨) .

(٢) أخرجه مسلم (١٧١٨) .

جۆرەکانی بیدعە :

بیدعە لە دیندا دوو جۆرە :

جـۆری یەکـەم : بیدعـە لـە بیروبـاوەڕ کـە بەزمـان دەگوترێـت، وەکـو ڕاو بۆچـوونی جەهمیـەکان و موعتەزیلـە و (رافضة)ـەکان و هەمـوو کۆمـەڵ و تاقمـە گومـڕاکان و بیروباوەڕەکەیـان .

جـۆری دووەم : بیدعـە لـە پەرستشـەکاندا، وەکـو پەرستنی خـوای گـەورە بە پەرسـتنێک کـە لـە شـەرعدا دانەڕێـژراوە، ئەمـەش چەنـد جۆرێکە :-

١- ئـەو بیدعانـەی لـە ئەصلـی پەرسـتندا دەکـرێ ، وەکـو ئـەوەی پەرستشـێک بـەدی بهێنـێ هیـچ ئەصڵێکـی لـە شـەرعدا نەبوبێـت، وەکـو ئـەوەی نوێژێـک دابهێنـێ ڕێگـە پێـدراو نەبێـت، یـان ڕۆژوویەکـی ڕیگـە پێنـەدراو، یـان جەژنـێ ڕێگـە پێنـەدراو ، وەکـو جەژنـی لـە دایـک بوونـی پێغەمبـەرو(ﷺ) جگـە لەوانـە .

٢- ئـەو پەرسـتنە زیادانەیـە کـە لـە پەرسـتنێکی ڕێـگا پێـدراودا دەکرێـت، بـۆ نموونـە کەسـێک ڕکاتـی پێنجـەم زیـاد بـکات لـە نوێـژی نیـوەڕۆ یـان عەسـردا .

٣- ئـەوەی کـە لـە شـێوەو شـێوازی ئەنجامدانـی پەرسـتنەکەدا دەکرێـت، بـەوەی کـە بـە شـێوەیەک ئەنجامـی بـدات ڕێگـە پێـدراو نەبێـت، بـۆ نموونـە ئەنجامدانـی زیکـرە ڕێـگا پێـدراوەکان بـە دەنگێکـی ئـاوازەوەو بـە کۆمـەڵ ، یـان وەکـو زیـادەڕەوی کـردن لـە پەرسـتنەکاندا تـا بگاتـە ئـەوەی لـە سـوننەتی پێغەمبـەری خـوا(ﷺ) دەرچێـت.

٤- ئـەوەی کاتێـک دیـاری بـکات بـۆ پەرسـتنێکی ڕێـگا پێـدراو کـە لـە شـەرعدا دیاریکردنـی ئـەو کاتـە تایبەتـە نەهاتبـێ، وەکـو تایبەتمەندکردنـی نیـوەی شـەعبان (١٥ شـعبان) بـە ڕۆژوگرتنـی و شـەونوێژکردن تیایـدا ، جـا ئەصـل لـە ڕۆژوگرتـن و شـەو نوێـژدا دروسـتە، بـەڵام تایبەتمەندکردنـی کاتێـک لـە کاتەکانـی پێویسـتی بـە بەڵگەیـە.

حوکمی بیدعە لە دیندا :

هەمـوو بیدعەیـەک لـە دینـدا -لـە هـەر جۆرێـک لـە جـۆرەکان بێت-حەرامـەو گومڕاییـە، بـە بەڵگـەی ئـەو فەرموودەیـەی کـە دفەرموێـت : ((**وإياكم و محدثات الأمور فإن كل محدثة بدعة و كل بدعة ضلالة**)[1] واتـە : دوور بکەونـەوە لـەکارە نوێیـەکان ، چونکـە هەمـوو کارێکـی نـوێ بیدعەیـەو هەمـوو بیدعەیەکـش گومڕاییـە) .

وە ئـەو فەرموودەیـەی کـە دەفەرموێـت: ((**مـن أحـدث في أمرنـا هـذا مـا ليـس منـه فهـو رد**)[2] واتـە: هەرکەسـێک لـەم کارەی ئێمـەدا شـتێکی نـوێ دابهێنێـت و تێیـدا نەبێـت ئـەوا ڕەد دەکرێتـەوە)) وە لـە ریوایەتێکـی تـردا هاتـووە : ((مـن عمـل عمـلا ليـس عليـه أمرنـا فهـو رد)[3] واتـە : هەرکەسـێک کارێـک بـکات فەرمـانی ئێمـەی لەسـەر نەبێـت ئـەوا ڕەد دەکرێتـەوە) جـا فەرمودەکـە بەڵگەیـە لەسـەر ئـەوەی هەمـوو شـتێکی نـوێ لـە دینـدا بیدعەیـە و هەمـوو بیدعەیـەک گومڕاییـەو ڕەد دەکرێتـەوە.

مانـای ئەوەیـە کـەوا هەمـوو بیدعەیـەک لـە پەرستنەکان و بیروباوەڕەکانـدا حەرامـە ، بـەڵام حـەرام بوونەکـە جیـاوازە بـە پێـی جـۆری بیدعەکـە[4]:

تیایـدا هەیـە کوفرێکـی ئاشـکرایە وەکـو تـەواف کـردن بـە دەوری گۆڕەکانـدا بەمەبەسـتی خۆنزیـک کردنـەوە لـە خاوەنەکانیـان، وە ئەنجامـدانی سـەربڕین و نەزرکـردن بۆیـان، وە داواکـردن لـە خاوەنەکانیـان، وە هاوارکـردن پێیـان، هەروەهـا وەکـو ڕاو بۆچوونی زیادەڕەوەکانـی جەهەمـی و موعتەزیلـەکان.

وە تیایانـدا هەیـە لـە هـۆکارەکانی شـیرکە وەکـو دروسـتکردنی بینـاو خانـوو لـە سـەر گـۆڕەکان و نوێژکـردن و پاڕانـەوە لایانـدا.

وە تیایـدا هەیـە (فسق)ـە لـە بیروبـاوەڕدا، وەکـو بیدعـەی خـەوارج و قەدەریـە و مورجیئـەکان لـە ڕاوبۆچـوونی و بیروباوەڕیانـدا کـە جیـاوازە لـە گـەڵ بەڵگـە شـەرعیەکاندا.

---

(١) صحيح : أخرجه أبو داود (٤٦٠٧) والترمذي (٢٦٧٦) وصححه الشيخ الألباني في (المشكاة) (١٦٥) .

(٢) متفق عليه : أخرجه البخاري (٢٥٥٠) ، ومسلم (١٧١٨) .

(٣) أخرجه مسلم (١٧١٨) .

(٤) الاعتصام للشاطبي (٢/٣٧) .

وە تیایانـدا هەیـە کـە سـەرپێچیە وەکـو بیدعـەی خـۆ هێشـتنە بـە عازەبـی (التبتـل) وە ڕۆژووگرتـن لـە بـەر هەتـاو، وە خەسـاندن (الخصـاء) بـە مەبەسـتی برینـی شـەهوەتی جـووت بـوون .

ئاگادارکردنەوە :

هەرکەسـێ بیدعـەی دابـەش کـرد بـۆ بیدعـەی (حسـنة)و بیدعـەی (سـیئة) ، ئـەوە هەڵـەی کـردووەو جیـاوازە لـە گـەڵ ئـەو فەرموودەیـە : (فـإن كل بدعـة ضلالـة)[١] واتـە : هەمـوو بیدعەیەکـش گومڕاییـە) چونکـە پێغەمبـەری خـوا(ﷺ) حوکمـی داوە بـە سـەر هەمـوو بیدعەکانـدا بـەوەی کـە گومڕاییـە، کەچـی ئەمیـش دەڵێـت : هەمـوو بیدعەیـەک گومڕایـی نیـە، بەڵکـو بیدعـەی حەسـەنەش هەیـە !

(ابـن رجـب) لـە (شرح الاربعیـن) دا دەفەرموێـت: ئـەو فەرموودەیـە کـە دەفەرموێـت: (كل بدعـة ضلالـة) یەکێکـە لـە کۆکـەرەوەی وشـەکان (جوامـع الكلـم) ، هیـچ شـتێکی لـێ دەرناچێـت، ئـەوەش بنەمایەکـی مەزنـە لـە بنەمـاکانی ئـەم دینـە، ئـەوەش هاوشـێوەی ئـەو فەرموودەیـە کـە دەفەرموێـت: (**مـن أحـدث في أمرنـا هـذا مـا ليـس منـه فهـو رد**)[٢] جـا هەر کەسـێ شـتێکی نوێـی داهێنـاو دایـە پـاڵ دیـن و لـە دینـدا هیـچ بنەمایەکـی نەبێـت بـۆی بگەڕێتـەوە ، ئـەوە گومڕاییـەو دینیـش لێـی بەرییـە، جـا ئەگـەر هاتـوو ئـەوە لـە مەسـەلە بیروباوەڕەکانـدا بێـت یـان کـردارەکان یـان قسـە ئاشـکراو شـاراوەکان)[٣]

وە بـە هیـچ شـێوەیەک ئەوانـە هیـچ حوججەیەکیـان نییـە کـەوا بیدعـەی حەسـەنە بـوونی هەبـێ ئیللا قسـەکەی ئیمامـی عمـر نەبێـت لـە نوێـژی تەراویحـدا کـەوا فەرمـووی: (نعمـت البدعـة هـذة)[٤].

هەروەهـا دەڵێـن : چەنـد شـتێک داهێـنراوە کـەوا سـەلەف ئینکاریـان لـێ نەکـردووە، وەکـو کۆکردنـەوەی قورئـان لـە یـەک کتێبـدا ، وە نوسـینەوەی فەرمـوودە و تەدویـن کـردنی.

---

(١) صحيح : أخرجه أبو داود (٤٦٠٧) والترمذي (٢٦٧٦) وصححه الشيخ الألباني في (المشكاة) (١٦٥) .

(٢) متفق عليه : أخرجه البخاري (٢٥٥٠) ، ومسلم (١٧١٨) .

(٣) جامع العلوم والحكم ، حديث رقم (٢٨) .

(٤) اخرجه البخاري (٢٠١٠) .

بـۆ وەڵامـی ئـەوە دەڵێیـن: ئـەم مەسـەلانە لـە شـەرعدا بنەمایـان هەیـە، بۆیـە شـتێکی نـوێ نییـە، وە ئـەو قسـەیەی عومـەر : (نعمـت البدعـة) مەبەسـتی بیدعـەی زمانەوانیـە نـەک شـەرعی، هەرچـی شـتێک لـە شـەرعدا بنەمایەکـی هەبـێ ئـەوا بـۆی دەگەڕێینـەوە، ئەگـەر وتـرا : ئـەوە بیدعەیـە، ئـەوا بیدعـەی زمانەوانیـە نـەک شـەرعی، چونکـە بیدعـە لـە شـەرعدا ئەوەیـە هیـچ بنەمایەکـی لـە شـەرعدا نەبـێ بـۆی بگەڕێینـەوە .

وە کۆکردنـەوەی قورئـان لە یەک کتێبدا لە شـەرعدا بنەمایەکی هەیە، چونکە پێغەمبەری خـوا(ﷺ) خـۆی فەرمـانی دەکـرد بـە نووسـینەوەی قورئان ، بەڵام بە پەرشـو بڵاوی نـوسرا بوو، جـا هـاوەڵان کۆیان کردەوە لە یەک (مصحف) دا بەمەبەسـتی پاراسـتنی .

وە نویـژی تەراویـح ، پێغەمبـەری خـوا(ﷺ) نوێـژی بـە هـاوەڵانی کـرد چەنـد شـەوێک، ئەمجـار پاشـان دواکـەوت و نەهـات، لـە تـرسی ئـەوەی نـەوەک فـەرز بێـت لـە سـەر ئوممەتەکـەی[1] ، وە لـە پـاش ئـەوە هـاوەڵان بـە جیاجیـا ئـەو نوێژەیـان دەکـرد لـە ژیـانی پێغەمبـەری خـوا(ﷺ)داو لـە پـاش مـردنی ، تاکـو ئـەو کاتـەی عومـەری کـۆڕی خەتتـاب کۆیـانی کـردەوە لـە پشـت یـەک پێـش نوێـژەوە[2] ، هەروەکـو چـۆن لـە پشـتی پێغەمبـەرەوە(ﷺ) دەیانکـرد ئەمـەش بیدعـە نیـە لـە دینـدا .

هەروەهـا نووسـینی فەرمـوودە لـە شـەرعدا بنەمـای هەیـە، ئەوەتـا پێغەمبـەری خـوا(ﷺ) فەرمـانی کـردووە بـە نووسـینی فەرمـوودە بـۆ هەنـدێ لـە هـاوەڵان کاتـێ داوای ئـەوەی لێکـرا[3] ، بـەڵام ئـەوەی کـە رێگـە پێنـەدراو بـوو لـە نوسـینی بـە شـێوەیەکی گشـتی لـە سـەردەمی پێغەمبـەری خـوا(ﷺ) دا تـرسی ئـەوەی بـوو تێکـەڵ ببێـت لـە گـەڵ قورئانـدا کـە بەشـێک نەبێـت لێـی، جـا کاتـێ پێغەمبـەری خـوا(ﷺ) کۆچـی دوایـی کـرد ئـەم ترسـە نەمـا، چونکـە قورئـان کامـل و تـەواو بـوو لـە پێـش کوچـی دوایـی پێغەمبـەری خـوا(ﷺ) ، جـا موسـڵمانان لـە پـاشی ئـەوە سـوننەتیان نوسـیەوە، بـە مەبەسـتی پاراسـتنی لـە ونبـوون، بۆیـە خـوای گـەورە پاداشـتیان بداتـەوە، کـە کیتـابی خواکەیـان و سـوننەتی پێغەمبەرەکەیـان(ﷺ) پاراسـت لـە بـزر بـوون و تێکـدانی تێکـدەران .

---

(١) متفق عليه : البخاري (١١٢٩) ومسلم (١٧٨٠) .

(٢) اخرجه البخاري (٢٠١٠) .

(٣) متفق عليه / البخاري (٢٤٣٤) ومسلم (٣٢٩٢) .

دووەم : سەرهەڵدانی بیدعە لە ژیانی موسڵمانانداو هۆکارەکانی :

سەر هەڵدانی بیدعە لە ژیانی موسڵمانانداو :

ئەم باسە دوو مەسەلە لە خۆ دەگرێت :

١/ کاتی سەر هەڵدانی بیدعە :

شـیخ الاسـلام ابـن تیمیـە- ڕەحمەتـی خـوای لـێ بێـت- دەڵێـت: بزانـە کـەوا بەگشـتی ئـەو بیدعانـەی پەیوەسـتن بـە زانیـاری و پەرستشـەکان لـەم ئوممەتـەدا لـە کۆتایـەکانی سـەردەمی خەلیفـە ڕاشـدیەکان پەیـدا بـوو، هەروەکـو چـۆن پێغەمبـەری خـوا(ﷺ) هەواڵـی دەربـارەی داوە کـە دەفەرموێـت: (**مـن یعـش منکـم فسـیری اختلافـا کثـیرا ، فعلیکـم بسـنتی و سـنة الخلفـاء الراشـدین المهدیـین مـن بعـدي**) واتـە : هەرکـەس لەئێـوە _لەپـاش مـن_ بژێـت ئـەوا جیـاوازی و دووبەرەکـی زۆر دەبینـێ ، جـا ئامۆژگاریتـان دەکـەم دەسـت بەسـوننەت ڕێگاکـەی منـەوە بگـرن و دەسـت بـە سـوننەت و ڕێـگای جێنشـینە ڕێنمویـی کراوەکانـەوە بگـرن) .

وە یەکـەم بیدعەیـەک سـەری هەڵـدا بیدەی (قـەدەر) و (ئیرجا) و بیدعەی (شـیعەگەرێتی) و (خەواریـج) بـوو، ئـەم بیدعانـە لـە سـەدەی دووەمـدا سـەری هەڵـدا، لـە کاتێکـدا هـاوەڵان بوونیـان هەبـوو، وە ئینکاریـان لـە خاوەنەکانیـان کـرد، ئەمجـار بیدعـەی ئیعتیـزال پەیـدا بـوو و فیتنـەی لـە نێـوان موسـڵمانانداو دروسـت کـرد ، وە جیـاوازی ڕاو بـۆ چـوون و لادان بـۆ لای بیدعـە و ئـارەزوو پەیـدا بـوو، هەروەهـا بیدعـەی صـۆفی گەرێتـی و دروسـتکردن لـە سـەر گـۆڕەکان پەیـدا بـوو لـە پـاش سـێ سـەدە چاکەکـە، ئابـەم شـێوە تـا وەکـو کاتەکـە دوا بکەوێـت ئـەوا بیدعـە زیـاد دەکات و جـۆراو جـۆر دەبێـت))[1].

٢/ شوێن و جیگای سەرهەڵدانی بیدعە :

وڵاتـە ئیسـلامیەکان جیـاوازن لـە سـەرهەڵدانی بیدعـە تیایـدا . شـیخ الاسـلام ابـن تیمیـە ڕەحمەتـی خـوای لـێ بێـت- دەفەرموێت: (شـارە گـەورەکان کـە هـاوەڵانی پێغەمبەری(ﷺ)

---

(١) مجموع الفتاوى (٣٥٤/١٠) .

تیـادا نیشـتەجێ بـوو و ئیـمان و عیلمـی لێـوە دەرچـوو بێـت پێنـج شـارن :- هـەردوو حـەرەم (مەککـە و مەدینـە) و هـەردوو عێراقەکـە (کوفـەو بـەصرە)و شـام، لەمانـەوە قورئـان و فەرمـوودەو فیقـە و پەرسـتن و ئـەو دوای کاروبـارەکانی ئیسـلام دەرچـوو ، وە لـەم شـارانەوە بیدعـە بنەڕەتیـەکان دەرچـوو جگـە لـە مەدینـە نەبـێ، جـا کوفـە شـیعەگەرێتی و ئیرجـای لێـوە دەرچـوو پاشـان لـە جگـە لـە کوفـە بڵاوبویـەوە، وە (بـەصرە) قـەدەرو ئیعتـزال و گۆشـەگیری فاسـیدی لێـوە دەرچـوو پاشـان لـە جگـە لـە بـەصرە بڵاوبویـەوە، وە شـام (النصـب) و (القـدر) ی تێـدا بـوو، بـەڵام (التجهـم) ئەمـە لـە ناوچـەکانی خۆراسـانەوە پەیدابـوو کـە خراپتریـن بیدعەیـە .

وە دەرکەوتنـی بیدعـەکان بـە پێـی دووریـان لـە شـاری مەدینـەوە بـوو، جـا کاتی دووبەرەکـی ڕوویـدا لـە پـاش کوشـتنی عوسـمان ، بیدعـەی (حروریـە) پەیـدا بـوو[1] .

بـەڵام شـاری مەدینـە ، ئـەوا سـەلامەت بـوو لـە دەرکەوتنـی بیدعـە، هەرچەنـدە شـتی شـاراوەی تێدابـوو، بـەڵام ئـەوان بـێ ڕێـز و نەویسـتراو بـوون، کۆمەڵێـک لـە گرووپـی قەدەریـە جگـە لـەوانی تێدابـوو، بەڵام ژێردەسـتە و زەلیل بـوون، بە جیاواز لە شـیعەگەرێتی و ئیرجـا لـە کوفـە، وە ئیعتیـزال و بیدعـەی (نسـلک) لـە بـەصرە ، وە (النصـب) لـە شـام، ئـەوا لـەوێ ئاشـکرابوون ، لـە کتێبـی (صحیـح) دا هاتـووە لـە پێغەمبـەری خـواوە(ﷺ) کـەوا دەججـال ناچێتـە شـاری مەدینـە)[2].

بـەردەوام عیلـم و ئیـمانی تێدایـە ئاشـکرا بـوو تاکـو سـەردەمی هـاوەڵانی (مالـک) ، لـە سـەدەی چـوارەم ، بـەڵام سـێ سـەردەمە چاکەکـە ئـەوا بـە هیـچ شـێوەیەک لـە مەدینـەدا هیـچ بیدعەیـەک ئاشـکرا نەبـووە ، وە هیـچ بیدعەیـەک لـە بنەمـاکانی دینـی تێـدا پەیـدا نەبـووە بـە هیـچ شـێوەیەک ، هەروەکـو چـۆن لـە شـارەکانی تـر پەیـدا بـوو))[3].

---

(١) مجموع الفتاوى (٢٠/٣٠٠) .

(٢) مجموع الفتاوى (٢٠/٣٠٢) .

(٣) مجموع الفتاوى (٢٠ /٣٠٠) .

ئەو هۆکارانەی کە بوونە هۆی سەرهەڵدانی بیدعە :

گومـانی تێـدا نییـە کـەوا دەسـتگرتن بـە کیتـاب و سـوننەتەوە ڕزگاربـوونی تێدایـە لـە کەوتنـە نـاو بیدعـە و گومڕاییـەوە، هەروەکـو خـوای گـەورە دەفەرموێـت: ﴿ وَأَنَّ هَٰذَا صِرَٰطِي مُسْتَقِيمًا فَٱتَّبِعُوهُ ۖ وَلَا تَتَّبِعُوا۟ ٱلسُّبُلَ فَتَفَرَّقَ بِكُمْ عَن سَبِيلِهِۦ ۚ ﴿١٥٣﴾ ﴾ (الانعـام)

وە پێغەمبـەری خـوا(ﷺ) ئـەوەی ڕوونکـردەوە هەروەکـو (ابـن مسـعود) ڕیوایـەتی کـردووە دەڵێـت: (**خـط لنـا رسـول اللـه (ﷺ) خطـاً، فقـال: (هـذا سـبيل اللـه) ثـم خـط خطوطـاً عـن يمينـه وعـن شـماله، ثـم قـال (وهـذه سـبل، عـلى كل سـبيل منهـا شـيطان يدعـو إليـه» ثـم تـلا:** ﴿ وَأَنَّ هَٰذَا صِرَٰطِي مُسْتَقِيمًا فَٱتَّبِعُوهُ ۖ وَلَا تَتَّبِعُوا۟ ٱلسُّبُلَ فَتَفَرَّقَ بِكُمْ عَن سَبِيلِهِۦ ۚ ذَٰلِكُمْ وَصَّىٰكُم بِهِۦ لَعَلَّكُمْ تَتَّقُونَ ﴿١٥٣﴾ ﴾ واتـە : پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) خەتێکـی بـۆ کێشـاین ، فەرمـووی : (ئەمـە ڕێـگا ڕاسـتەکەی خوایـە) ، ئەمجـار چەنـد خەتێکـی لای ڕاسـت و چەپییـەوە کێشـا و فەرمـووی : (ئەمـە ڕێچکەکانـە و لـە سـەر هـەر ڕێگایـەک شـەیتانێک هەیـە و بانگـەوازی بـۆ دەکات ، ئەمجـار ئـەم ئایەتـەی خوێنـدەوە : ﴿ وَأَنَّ هَٰذَا صِرَٰطِي مُسْتَقِيمًا فَٱتَّبِعُوهُ ۖ وَلَا تَتَّبِعُوا۟ ٱلسُّبُلَ فَتَفَرَّقَ بِكُمْ عَن سَبِيلِهِۦ ۚ ذَٰلِكُمْ وَصَّىٰكُم بِهِۦ لَعَلَّكُمْ تَتَّقُونَ ﴿١٥٣﴾ ﴾ (الانعـام)[1] واتـە : ئـەم هێڵـە ڕاسـتەیە بەرنامـەو ڕێبازەکـەی منـە ، دەسـا ئێوەیـش ئـەی ئیمانـداران ! هەمیشـە شـوێنی بکـەون و هـەر بـەودا بچـن. دەیەمـی دەسـپاردەکە خـوا ئەفەرمـوێ: مەکەونـە شـوێنی ڕێچکەکانـی تـر، ئەوسـا لـە شـارێگەکەی خـوا بترازێـن و پەڕاگەنـدە بـبن ، ئەوانـە گشـت وەسـیەت و ڕاسـپاردەو ئامـۆژگاری خـوان ، دەسـا بەڵکـو ئێوەیـش بیانپاریـزن وسـنوور شـکێنی نەکـەن) .

جـا هەرکەسـێ پشـت لـە کیتـاب و سـوننە بـکات، ئـەوا ڕێـگا گومـڕاکان و بیدعـە نوێیـەکان دەیگرێتـەوە.

جـا ئـەو هۆکارانـەی کـە بوونـە هـۆی سـەرهەڵدانی بیدعـە لـەم چەنـد خاڵانـەدا پوختی دەکەینـەوە ئەوانیـش: شـارەزا نەبـوون لـە ئەحکامـەکانی دیـن، شـوێنکەوتنی ئـارەزوو، دەمارگیـری بـۆ ڕاو بۆچـوون و کەسـەکان، خۆشـوبەختدن بـە کافـران و لاسـایی کردنەوەیـان،

---

(١) اخرجه احمد (٢١٤٢) والحاكم (٢٩٩٧) وابن ماجه (١١) .

وە ئیستا ئـەم هۆکارانـە کەمێـک بـە درێـژی بـاس دەکەیـن :-

١/ شارەزا نەبوون بە ئەحکامەکانی دین :

هـەر کاتـێ سـەردەم دوور ببێتـەوە و خەڵکـێ دوور بکەوێتـەوە لـە شـوێنەوارەکانی پەیامـی خـوا، ئـەوا عیلـم کـەم دەبێتـەوەو نەفامـی بـڵاو دەبێتـەوە ، هەروەکـو پێغەمبـەری خـوا(ﷺ) هەواڵـی پێداویـن بـەو فەرموودەیـەی کـە دەفەرموێـت: (**مـن یعـش منکـم بعـدي فسـیری اختلافـا کثـیرا**)، وە دەفەرموێـت: ((**إن اللـه لا یقبـض العلـم انتزاعـا ینتزعـه مـن العبـاد ، ولکـن یقبـض العلـم بقبـض العلـماء، حتـی إذا لم یبـقِ عالمـاً ، اتخـذ النـاس رءوسـا جهـالا ، فسـئلوا فأفتـوا بغـیر علـم ، فضلـوا وأضلـوا**))[1] واتـە: خـوای گـەورە کاتێـک زانیـاری هەڵدەگرێـت و دەیباتـەوە بـە شـێوەی هەڵکێشـان لـە خەڵکییـەوە هەڵناکێشـێت ، بەڵکـو ئـەم زانیارییـە هەڵدەگرێـت و بـەرزی دەکاتـەوە بـە مردنـی زانایـان ، تاوەکـو هیـچ زانیایـەک نامێنـێ ، خەڵکـی چەنـد کەسـێکی نەفـام دەکەنـە پێشـەوای خۆیـان و پرسـیاریان لـێ دەکـەن و ئەوانیـش فەتـوا دەدەن بـە بـێ زانیـاری ، جـا خۆیـان گومـڕا دەبـن و خەڵکیـش گومـڕا دەکـەن)) .

جـا هیـچ شـتێک بەرگـەی بیدعـە ناگرێـت ئیـلا زانسـت و زانایـان نەبێـت، جـا ئەگـەر زانسـت و زانایـان لـە دەسـت دران و لەناوچـوون ، ئـەوا هـەل بـۆ بیدعـە دەرەخسـێت و سـەر هەڵـدەدات و بڵاودەبێتـەوەو بیدعـەکاران چوسـت و چـالاک دەبـن .

٢/ شوێنکەوتنی ئارەزوو:-

هەرکەسێ پشت لە کیتاب و سوننە بکات ، ئەوا شوێنی ئارەزووەکەی کەوتووە.

هەروەکـو خـوای گـەورە دەفەرموێـت: ﴿ فَإِن لَّمْ يَسْتَجِيبُوا۟ لَكَ فَٱعْلَمْ أَنَّمَا يَتَّبِعُونَ أَهْوَآءَهُمْ ۚ وَمَنْ أَضَلُّ مِمَّنِ ٱتَّبَعَ هَوَىٰهُ بِغَيْرِ هُدًى مِّنَ ٱللَّهِ ۚ ﴾ (القصص) واتـە : خـۆ ئەگـەر وەڵامیـان نەدایتـەوە نەیانتوانـی نامەیەکیـتر بێنـن ئـەوە بزانـە کـە ئەوانـە هـەر پەیـڕەوی لـە ئـارەزووی خۆیـان ئەکـەن چ کەسـێ گومڕاتـرە لـەو کەسـەی پەیـرەوی هـەواو ئـارەزووی خـۆی کـردووە، بـێ ئـەوەی هیـچ ڕێنوێنێکـی لەخـواوە هەبـێ..؟)

---

(١) متفق علیه : البخاري (١٠٠) ومسلم (٦٧٣٧) .

خـوای گـەورە دەفەرموێـت: ﴿ أَفَرَءَيْتَ مَنِ ٱتَّخَذَ إِلَٰهَهُۥ هَوَىٰهُ وَأَضَلَّهُ ٱللَّهُ عَلَىٰ عِلْمٍ وَخَتَمَ عَلَىٰ سَمْعِهِۦ وَقَلْبِهِۦ وَجَعَلَ عَلَىٰ بَصَرِهِۦ غِشَٰوَةً فَمَن يَهْدِيهِ مِنۢ بَعْدِ ٱللَّهِ ﴿٢٣﴾ ﴾ (الجاثیة) واتـە : ئایـا تـۆ ئـەو کەسـەت دیتـووە کـە هـەواو ئـارەزووی خـۆی دەکـردە خـواو دەیپەرسـت ؟! واتـە: هەرکەسـێ - لـە باتـی پەیـڕەوی لـە ئایینـی خـوای بەهـەق - شـوێنی هـەواو هەوەسـی خـۆی بکـەوێ، کافـرو بـێ بـاوەڕە وەخـوا - لـە سـەر زانینێـك کەبەرامبـەر ئـەو کەسـە بوویەتـی، پێـش ئـەوە دروسـتی بـکات- گومـڕای کـردووە وە مۆریشـی بەسـەر گـوێ و دڵیـدا نـاوە، هیـچ خێـرو بێرێکیـان تێناچێـت و پەردەیەکیشـی بەسـەر چاویـدا هێنـاوە جـا کـێ هەیـە پـاش خـوا ڕێنمایـی ڕێـی راسـتی بـکات، ئەگـەر ئـەو خـۆی نـەیکا؟)

جا بیدعە دروستبووی شوێنکەوتنی ئارەزووە .

٣/ دەمارگیری بۆ ڕاو بۆچوون و کەسەکان :

دەمارگیـری بـۆ ڕاو بۆچـوونی کەسـەکان دەبێتـە ڕێگرێـک لـە نێـوان هەرکەسـێک و شـوێنکەوتەی بەڵگـەو ناسـینی حەقـدا.

خـوای گـەورە دەفەرموێـت: ﴿ وَإِذَا قِيلَ لَهُمُ ٱتَّبِعُوا۟ مَآ أَنزَلَ ٱللَّهُ قَالُوا۟ بَلْ نَتَّبِعُ مَآ أَلْفَيْنَا عَلَيْهِ ءَابَآءَنَآ ۚ ﴿١٧٠﴾ ﴾ (البقـرة) واتـە : هەرکـە بـە پەیڕەوانـی شـەیتان بوتـرێ: هـەر پەیـڕەوی قورئـان وئـەو بەرنامەیـە بکـەن ، خـوا ناردوویەتیـی و، هەرگیـز بەقسـەی شـەیتان مەکـەن پاسـاو دێننـەوەو دەڵێـن: ئێمـە هـەر لـەوە پەیـڕەو دەکەیـن کـە بـاب وباپیرانمـان لەسـەری بـوون و پەیڕەویـان کـردووە).

ئەمـەش ڕەوشـت و ئـاکاری ئـەو دەمارگیرانـەی ئەمڕۆیـە لـە هەنـدێ لـە شـوێنکەوتوانی مەزهەبـەکان و صۆفیـەکان و گۆڕپەرسـتان، کاتـێ کـە بانـگ دەکرێـن بـۆ شـوێنکەوتنی کیتـاب و سـوننە، وە وازهێنـان لـەوەی لـە سـەرین و جیـاوازە لـە گـەڵ کیتـاب و سـوننەدا، ئیحتجـاج دەکـەن بەمەزهـەب و شـێخ و بـاو باپیرانیانـەوە .

٤/ خۆشوبهاندن به کافران :-

ئـەم هـۆکاره لـه هەمـوو زیاتـر خاوەنەکـەی دەخاتـه نـاو بیدعـەوە، هەروەکـو لـه فەرموودەکـەی (ابـو واقـد اللیثـی)دا هاتـووە، دەڵێـت : (**خَرَجْنَـا مَـعَ رَسُـولِ اللَّـهِ(ﷺ) إِلَى حُنَـيْنٍ وَنَحْـنُ حَدِيثَـاء عَهْـدٍ بِكُفْـرٍ ، وللمشركـين سـدرة يعكفـون عندهـا ، وينوطـون بهـا أسـلحتهم ،يقـال لهـا : ذات أنـواط ، فَمَرَرْنَـا بسـدرة فَقُلْنَـا : يَـا رَسُـولَ اللَّـهِ(ﷺ) اجْعَـلْ لَنَـا ذَاتَ أَنْـوَاطٍ كَـمَا لَهُـمْ ذَاتُ أَنْـوَاطٍ ، فقَـالَ رسـول اللـه(ﷺ) : (اللَّـهُ أَكْـبَرُ ! إنهـا السـنن ! قُلْتُـمْ وَالَّـذِي نَفْـسِي بِيَـدِهِ كَـمَا قَالَـتْ بَنُـو إِسْرَائِيـلَ لِمُـوسَى : ﴿ٱجْعَل لَّنَآ إِلَٰهًا كَمَا لَهُمْ ءَالِهَةٌ ۚ قَالَ إِنَّكُمْ قَوْمٌ تَجْهَلُونَ ﴿١٣٨﴾ ﴾** (الأعـراف) **لَتَرْكَـبُنَّ سُـنَنَ مَـنْ كَانَ قَبْلَكُـمْ**) .

جـا لـەم فەرموودەیـەدا ئـەوە دەردەکەوێـت کـەوا خۆشـوبهاندن بـە کافـران بـوو وای کـرد لـە بـەنی ئیسرائیـل و هەنـدێ لـە هـاوەڵانی (محمـد)(ﷺ) ئـەم داوا نابووتـە داوا بکـەن، ئەویـش ئەوەیـە کـە خوایەکیـان (بتێکیـان) بـۆ دیـاری بـکات بیپەرسـتن و تەبەڕوکـی پێـوە بکـەن جگـە لـە خـوای گـەورە ، ئەمـەش هەمـان شـتە کـە ئەمـڕۆ ڕوویـداوە ، زۆربەی خەڵکـی موسـڵمان لاسـایی کافـرەکان دەکەنـەوە لـە کاری بیدعـە و شرکیاتـدا، وەکـو جەژنـەکانی لـە دایـک بـوون و دیـاری کردنـی ڕۆژو حەفتـە بـۆ چەنـد کارێکـی دیـاری کـراو و ئاهەنـگ گێـڕان لـە بۆنـە ئاییـن و یادەوەریەکانـدا ، دانـانی پەیکـەرو تەعـزێ و بیدعـەکانی جەنازە و دروست کردن لە سەر گۆڕەکان ... جگە لە وانە .

سێیەم/ هەڵوێستی ئەهـلی سـوننەو جەماعـە بەرامبـەر بیدعـەکاران و بەرنامەیـان لـە وەڵامدانەوەیانـدا.

هەڵوێستی ئەهلی سوننەو جەماعە بەرانبەر بیدعەکاران:-

بـەردەوام ئەهـلی سـوننەو جەماعـە وەڵامـی بیدعەکارانیـان داوەتـەوە و ئینـکاری بیدعەکەیـان لـێ کـردووە و ڕێگریـان لـێ دەکـەن لـە بـڵاوە پێکردنـەوەی، ئەمـەش چەنـد نموونەیەکـە لەوانـە :

١- عـن أم الـدرداء ، قالـت : (دخـل علـيّ أبـو الـدرداء يومـاً مغضبـاً ، فقلـت : مـا لـك ؟ فقـال : واللـه مـا أعـرفُ فيهـم شـيئاً مـن أمـر محمـد(ﷺ) إلا أنهـم يُصَلّـون جميعـاً)[1] .

٢- عـن عمـرو بـن يحيـى قـال سـمعت ابـي يحـدث عـن ابيـه ، قـال: كنـا نجلـس علـى باب عبـد اللـه بـن مسـعود قبـل صـلاة الغـداة فـإذا خـرج مشـينا معـه إلـى المسـجد فجاءنـا أبـو موسـى الاشـعري فقـال: أخـرج عليكـم أبـو عبـد الرحمـن بعـد؟ قلنـا : لا فجلـس معنـا حتـى خـرج فلمـا خـرج قمنـا إليـه جميعـا فقـال لـه أبـو موسـى: يـا ابـا عبـد الرحمـن انـي رأيـت فـي المسـجد انفـا امـرا انكرتـه ولـم ار والحمـد للـه الا خيـرا قـال: فمـا هـو؟ فقـال: ان عشـت فسـتراه قـال: رأيـت فـي المسـجد قومـاً حلقـاً جلوسـاً ينتظـرون الصـلاة فـي كل حلقـة رجـل وفـي ايديهـم حصـا فيقـول: كبـروا مائـة فيكبـرون مائـة فيقـول: هللـوا مائـة فيهللـون مائـة ويقـول: سـبحوا مائـة فيسـبحون مائـة قـال: فمـاذا قلـت لهـم قـال: مـا قلـت لهـم شـيئا انتظـار رأيـك أو انتظـار امـرك قـال: افـلا امرتهـم ان يعـدوا سـيئاتهم وضمنـت لهـم ان لا يضيـع مـن حسـناتهم؟ ثـم مضـى ومضينـا معـه حتـى اتـى حلقـة مـن تلـك الحلـق فوقـف عليهـم فقـال: مـا هـذا الـذي اراكـم تصنعـون ؟ قالـوا: يـا ابـا عبـد اللـه حصـا نعـد بـه التكبيـر والتهليـل والتسـبيح قـال : فعـدوا سـيئاتكم فانـا ضامـن ان لا يضيـع مـن حسـناتكم شـئ ويحكـم يـا امـة محمـد(ﷺ)! مـا اسـرع هلكتكـم ! هـؤلاء صحابـة نبيكـم (ﷺ) متوافـرون وهـذه ثيابـه لـم تبـل وانيتـه لـم تكسـر والـذي نفسـي بيـده انكـم لعلـى ملـة هـي اهـدى مـن ملـة محمـد(ﷺ) أو مفتتحـوا بـاب ضلالـة قالـوا: واللـه يـا

---

(١) اخرجه البخاري (٦٥٠) .

ابـا عبـد الرحمـن مـا اردنـا الا الخيـر قـال: وكـم مـن مريـد للخيـر لـن يصيبـه ان رسـول (ﷺ) حدثنـا ان قومـا يقـرؤن القـران لا يجـاوز تراقيهـم وايـم اللـه مـا ادري لعـل اكثرهـم منكـم ثـم تولـى عنهـم فقـال عمـرو بـن سـلمة: رأينـا عامـة اولئـك الحلـق يطاعنونـا يـوم النهـروان مـع الخـوارج)[1].

٣- أن رجـلا جـاء الـى مالـك بـن أنـس فقـال: مـن أيـن احـرم؟ فقـال: مـن الميقـات الـذي وقـت رسـول اللـه(ﷺ) وأحـرم منـه فقـال الرجـل : فـإن أحرمـت مـن أبعـد منـه؟ فقـال مالـك: لا أرى ذلـك فقـال : مـا تكـره مـن ذلـك؟ قـال: أكـره عليـك الفتنـة قـال: وأي فتنـة فـي ازديـاد الخيـر ؟ فقـال مالـك: فـإن اللـه تعالـى يقـول :﴿ فَلْيَحْذَرِ ٱلَّذِينَ يُخَالِفُونَ عَنْ أَمْرِهِۦٓ أَن تُصِيبَهُمْ فِتْنَةٌ أَوْ يُصِيبَهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ ﴿٦٣﴾ ﴾ (النـور) وأي فتنـة أ كبـر مـن مـن أنـك خصصـت بفضـل لـم يختـص بـه رسـول اللـه(ﷺ)؟)[2].

ئەمـە چەنـد نمونەیـەک بـوو، وە بـەردەوام زانایـان ئینـکاری دەکـەن لـە بیدعـەکاران لـە هەمـوو سـەردەمێکدا ، والحمـد للـه .

---

(١) رواه الترمذي والدارمي في المقدمة (٢٠٨) .

(٢) ذكره ابو شامة في كتاب (الباعث عن انكار البدع والحوادث) نقلا عن ابي بكر الخلال (ص١٤) .

مەنهەجـی ئەهـلی سـوننەو جەماعـە لـە وەڵامدانـەوەی ئەهـلی بیدعـەدا :

مەنهەجیـان لـەوەدا لەسـەر کیتـاب و سـوننە بنیـات نـراوە، ئەویـش مەنهەجێکـی قەناعـەت پێکـراو و یەکلاکەرەوەیـە ، تیایـدا وەڵامـی گومـانی بیدعـەکاران دەدەنـەوەو هەڵـی دەوەشـێننەوە، وە بەڵگـە لـە کیتـاب و سـوننە دەهێننـەوە لـە سـەر واجـب بـوونی دەسـتگرتن بـە سـوننەتەکان و نەهـی کـردن لـە بیدعـەکاران و شـتە نوێیـەکان، وە چەندیـن کتێبیـان لـەو بـارەوە نوسـیوەتەوە ، وە لـە کتێبـەکانی عەقیـدەدا ڕەدی شـیعەو خواریـج و جەهمیـەو موعتەزیلـە و ئەشـعەریەکان داوەتـەوە لـە ڕاو بۆچوونـە داهێنراوەکانیـان لـە بنەمـاکانی ئیـمان و عەقیـدە، وە چەندیـن کتێبـی تایبەتیـان لـەو بـارەوە نوسـیوە، هەروەکـو ئیمامـی ئەحمـەد کتێبـی (الـرد عـلی الجهمیـه) ی نـوسی، وە پێشـەوایانی تـر جگـە لـەو کتێبیـان نوسـیوە، وەکـو (عثـمان بـن سـعید الدارمـی) ، هەروەهـا چـۆن لـە کتێبـەکانی شـیخ الاسـلام (ابـن تیمیـه)و قوتابیەکـەی (ابـن القیـم) وشـیخ (محمـد بـن عبدالوهـاب) جگـە لەوانـدا هەیـە، لـە وەڵامدانـەوەی ئـەو گـروپ و گۆڕپەرسـت و صۆفـی گەریـەدا .

ئەو کتێبە تایبەتیانەی لە وەڵامدانەوەی ئەهلی بیدعەدا دانراون زۆرن:

لەوانە بۆ نمونە: لە کتێبە کۆنەکان :-

١- کتێبی (الاعتصام) لە دانانی ئیمامی الشاطبی.

٢- کتێبـی (اقتضـاء الصـراط المسـتقیم) لـە دانانـی شـیخ الاسـلام ابـن تیمیـه، وەڵامدانەوەی بیدعـەکاران بەشـێکی زۆر کتێبەکـەی گرتووە .

٣- کتێبی (إنکار الحوادث والبدع) لە دانانی (ابن وضاح).

٤- کتێبی (الحوادث والبدع) لە دانانی (طرطوشي) .

٥- کتێبی (الباعث علی انکار البدع والحوادث) لە دانانی أبو شامة .

وە لە کتێبە نوێیەکان :

١- کتێبی (الابداع فی مضار الابداع) لە دانانی شیخ (علي محفوظ).

٢- کتێبـی (السـنن والمبتدعـات المتعلقـة بـالاذکار والصلـوات) لـە دانانـی شـەیخ (محمـد بـن احمـد الشـقیری الحوامـدي) .

٣- نامیلکەی (التحذیر من البدع) لە نووسینی شەیخ (عبدالعزیز بن باز) .

وە بـەردەوام زانایـانی موسـڵمانان -سـوپاس بـۆ خـوا- ئینـکاری لـە بیدعـە دەکـەن و وەڵامـی بیدعـەکاران دەدەنـەوە لـە ڕێـگای ڕۆژنامـە و گۆڤـار و کەنـاڵ و وتـارەکانی هەینـی و کـۆڕو کۆبونـەوەکان، کـە کاریگەرییەکـی گـەورەی هەیـە لـە وشـیار کردنـەوەی موسـڵمانان و نەهێشـتنی بیدعـەو نەهێشـتنی بیدعـەکاران .

چـوارەم : ڕوونکردنـەوەی چەنـد نمونەیـەک لـە بیدعـەکانی ئـەم سـەردەمە .

بیدعـەکانی ئـەم سـەردەمە زۆرن بـە حوکمـی دواکەوتنـی سـەردەمەکەی و کەمبـوونی عیلـم و زۆری بانگخـوازانی بـۆ بیدعـەو جیاوازییـەکان و زۆربـوون و بڵاوبوونـەوەی خۆشـوبهاندن بـە کافـران لـە عـاداتی موسـڵماندا ، ئەویـش پشـت ڕاسـت کردنـەوەی ئـەو فەرموودەیـەی پێغەمبـەری خوایـە(ﷺ) کـە دەفەرموێـت: ((لتتبعـن سـنن مـن کان قبلکـم))[1] واتـە : ڕێـگا و ڕێسـای ئەوانـەی پێـش خۆتـان دەکـەون).

لێرەدا باسی سێ لە گرنگترین بیدعەکانی ئەم سەردەمە دەکەین، ئەویش :-

ئاهەنـگ گێـڕان بـە بۆنـەی یـادی لـە دایـک بـوونی پێغەمبـەرەوە(ﷺ) وە تەبـەڕوک کـردن بـە شـوێنەوارو جێـگای مـردووەکان و نمونـەی ئەوانـە، بیدعـەکان لـە بـواری پەرسـتن و خۆنزیـک کردنـەوە لـە خـوای گـەورە .

١- ئاهەنـگ گێـڕان بـە بۆنـەی یـادی لـە دایـک بوونـی پێغەمبـەری خـوداوە(ﷺ) لـە مانگی (ربیع الاول) :

ئـەوەی لـەم سـەردەمەدا لـە نـاو موسـڵمانانداا بڵاوبووەتـەوەو لـە سـەردەمەکانی پێشووشـدا لـە خۆشـوبهاندن بـە کافـرەکان ، خۆشـوبهاندنە بـە گاورەکان لـەو کارەی کـە پێـی دەڵێـن ئاهەنـگ گێـڕان بـە بۆنـەی یـادی لـە دایـک بـوونی پێغەمبـەرەوە(ﷺ)، جـا موسـڵمانە نەفامـەکان یـان زانـا گومـڕاکان لـە مانگـی (ربیـع الاول) ی هەمـوو سـاڵێکدا ئاهەنـگ دەگێـڕن بـە بۆنـەی یـادی لـە دایـک بـوونی پێغەمبەرمـان (محمـد)(ﷺ) ، جـا تیایانـدا هەیـە ئـەم ئاهەنگـە لـە مزگەوتەکانـدا دەگێڕێـت، وە تیایانـدا لـە ماڵەکانـدا یـان ئـەو جیگایانـەی ئامادەکـراوە بـۆی، وە خەڵکێکـی زۆر لـە عەوامـی خەڵکی ئامـادەی دەبن، ئـەو کارە دەکـەن وەکـو خۆشـوبهاندن بـە گاورەکان لـە داهێنـانی ئاهەنـگ گێـڕان بـە یـادی لـە دایـک بـوونی (مەسـیح)ەوە .

---

(١) متفق عليه : البخاري (٣٤٥٦) ومسلم (٦٧٢٣) .

لـە سـەرووی ئـەوەی ئەم ئاهەنگانە کـە بیدعەو خۆشـوبهاندنە بە گاورەکان ئـەوا بێ بەش نابێـت لـە ئەنجامـدان و بوونـی (شـیرک ومنکر)ـات، وەکـو نوسـینی چەنـد قەصیدەیـەک کە زیـادەڕەوی تێدایـە لـە حەقـی پێغەمبـەری خـوادا(ﷺ) تـا ڕادەیـەک داوای لـێ دەکـەن و لێـی دەپارێنـەوەو هـاواری پـێ دەکـەن لە جگە لە خـوای گەورە ، لـە کاتێکدا پێغەمبـەری خوا(ﷺ) نەهـی کـردووە لـە زیـادەڕەوی کـردن لە مـەدح کردنیـدا، دەفەرموێـت: (**لا تطـروني كما أطرت النصـارى ابـن مريـم، فإنمـا أنـا عبـد ، فقولـوا : عبـد اللـه ورسـوله**)[1] واتـە : خەڵکینـە! لەبارەی منـەوە زێدەڕۆیـی مەکـەن، وەکـو گاورەکان دەربـارەی عیسـا هەڵەڕۆییـان کـردو ئەوەندەیـان پیـا هەڵـدا، کردیانـە کـوڕی خـوا! بەڕاسـتیی مـن تەنهـا بەندەیەکـم، ئێـوەش لەوبـارەی منەوە هـەر ئەوەنـدە بڵێـن کـە: مـن تەنهـا بەنـدەو ڕەوانەکـراوی خـوام) .

وە (الاطـراء) واتـە : زیـادەڕەوی کـردن لەپیاهەڵنانـدا ، وە ڕەنگـە هەنـدێ جـار باوەڕیـان وایـە کـە پێغەمبـەری خـوا(ﷺ) خـۆی ئامـادەی ئاهەنگەکەیـان دەبێت .

هـەر لـەو (منکرات)ـانەی کـە لـە گـەڵ ئـەم ئاهەنگانـەدا ڕووەدات وتنـی سروودە بـە کۆمـەڵ و ئـاوازەوە و لێـدانی تەپـڵ و ... جگـە لەوانـە لـە زیکـری داهێـنراوی صۆفیـەکان ، ڕەنگـە هەنـدێ جـار تێکـەڵ بـوونی ژن و پیـاوی تێـدا بـێ، کـە دەبێتـە هـۆی فیتنـە و سەردەکێشـێ بـۆ ئەنجامـدانی کاری خـراپ .

تەنانـەت ئەگـەر ئـەم ئاهەنگانـە ئـەو شـتە قەدەغانـەی تێـدا نەبـێ، تەنهـا بریتـی بێت لە کۆبوونـەوەو خـواردن و دەربڕینـی خـۆشی - هەروەکـو دەڵێـن - ئـەوا بیدعەیـەو داهێـنراوە ، (كل محدثـة بدعـة و كل بدعـة ضلالـة)[2] واتـە : هەمـوو کارێکـی نـوێ بیدعەیـەو هەمـوو بیدعەیەکـش گومڕاییـە) ، هەروەهـا هۆکارێکـە بـۆ ئـەوەی زیـاد بـکات و وەکـو ئاهەنگـەکانی تـر خراپـەی تێـدا پەیـدا بێـت .

دەڵێـن : بیدعەیـە، چونکـە هیـچ بنەمایەکـی نییـە لـە کیتـاب و سـوننەو کاری سـەلەفی صالـح و سـێ سـەدە چاکەکـە، بەڵکـو لـە دواتـر ڕوویـدا لـە پـاش سـەدەی چوارەمـی کۆچـی، تاقمـی (فاطمیـة) شـیعەکان دایـان هێنـا .

---

(١) متفق عليه .

(٢) صحيح : أخرجه أبو داود (٤٦٠٧) والترمذي (٢٦٧٦) وصححه الشيخ الألباني في (المشكاة) (١٦٥) .

پێشـەوا (ابـو حفـص تـاج الديـن الفاكهـانى) -رەحمـەتى خـواى لـێ بێـت- دەفەرموێـت: ((امـا بعـد:- هەنـدێ لـەو برايانـە ئـەو پرسـيارەيان چەنـد جارێـک دووبارەکـردەوە دەربـارەى ئـەو کۆبوونـەوەى هەنـدێ کـەس دەيکـەن لـە مانگـى (ربيـع الاول) و ناويـان نـاوە (المولـد) ئايـە هيـچ ئەصڵێکـى لـە دينـدا هەيـە ؟ وە مەبەستيشـيان وەڵامـى ئـەوە بـوو بـەڕوونى، منيـش -پشـت بـە خـوا- دەڵێـم:-

نازانـم ئـەم (يـادى لەدايکبوون)ـە هيـچ بنەمايەکـى هەبـێ لـە کيتـاب و سـوننەتدا وە کارکـردن بـەوە لـە هيـچ يەکێـک لـە زانايـانى ئـەم ئوممەتـەوە نەهاتـووە ئەوانـەى کـە پێشـەنگى ئـەم دينـەن، ئەوانـەى کـە دەسـتيان بـە شـوێنەوارە پێشـينەوە گرتـووە، بەڵکـو ئـەوە بيدعەيەکـەو ناحەقـەکان دايانهێنـاوە، وە شـەهوەتێکى نەفسـە بخـۆرەکان بايەخيـان پێـداوە))[1]

شـيخ الاسـلام ابـن تيميـە -رەحمەتـى خـواى لێبێـت- دەفەرموێـت: ((هەروەهـا ئـەوەى هەنـدێ لـە خەڵکـى دەيکـەن، يـان لاسـايى کردنـەوەى گاورەکانـە لـە لـە دايـک بـووني عيسـادا وە يـان خۆشەويسـتى پێغەمبـەرى خوايـە(ﷺ) و بـە مـەزن زانينـى ئـەوە .... لەوەى کـە لـە دايـک بـووني پێغەمبـەرى خـوا(ﷺ) بکرێتـە جـەژن، -لـە گـەڵ بـووني جيـاوازى لـە بـەرواري لـە دايـک بوونيـدا - ئـەوا ئـەم کاره سـەلەف نەيـان کـردووە، جـا ئەگـەر ئەمـە خەيرێکـى پوخـت يـان پەسـەند بوايـە ئـەوا سـەلەف لـە پێشـتر بـوون بـۆى، چونکـە ئـەوان لـە ئێمـە زياتـر پێغەمبـەرى خوايـان(ﷺ) خۆشدەويسـت، وە ئـەوان بـۆ ئەنجامـدانى خەيـر سـوورتر بـوون، بەڵکـو خۆشويسـتن و بـە مـەزن زانيـن لـە شـوێنکەوتنيدا دەبـێ، وە گوێڕايەڵـى کـردنى و شـوێنکەوتنى فەرمانـەکانى دەبـێ، وە زيندووکردنـەوەى سـوننەتەکەى بـە نهێنـى و ئاشـکرا، وە بڵاوکردنـەوەى ئـەوەى پێـى ڕەوانەکـراوە، وە جيهادکـردن لـەو پێنـاوەدا بـە دڵ و دەسـت و زمـان، ئـەوا ئەمـە ڕێـگاى پێشـينە يەکەمەکانـە لـە کۆچـەران و پشـتيوانان و ئەوانـە شـوێنيان کەوتـوون بـە چاکـە))[2] اە

---

(١) رسالة : المورد في عمل المولد .

(٢) اقتضاء الصراط المستقيم (٦١٥/٢) بتحقيق د.ناصر العقل .

وە دەربـارەی ئینـکاری کـردنی ئـەم بیدعەیـە چەندیـن کتێـب و نامیلکـە لـە کـۆن و تـازەدا نـوسراوە .

ئـەوەش لـە گـەڵ ئـەوەی بیدعەیـەو خۆشـوبهاندنە، ئـەوا خاوەنەکـەی ڕادەکێشـێ بـۆ ئەنجامـدانی ئاهەنگـی لـە دایـک بـوونی تـر، وەکو لـە دایک بـوونی پیاوچـاکان و شـەیخەکان و سـەرکردەکان، بۆیـە دەرگای خراپـەکاری زۆر دەکاتـەوە .

تەبـەڕوک کـردن بـە جێـگاو شـوێنەوار و کەسـەکان بـە زیندوویـی و مردویـی :

التبـرک: بریتیـە لـە داواکردنـی بەرەکـەت، ئەویـش جێگرکردنـی خەیـرو زیادکردنیەتـی لـە شـتێکدا، وە داواکردنـی جێگربوونـی خەیـرو زیادکرنـی بـە دەسـت ئـەو کەسـە دەبێـت کـە خاوەنـی ئەوەیـەو توانـای لەسـەر هەیـە، ئەویـش خـوای گەورەیـە، تەنهـا ئـەو بەرەکـەت دادەبەزێنـێ و جێگـری دەکات ، بـەڵام دروسـتکراوەکان، ناتوانـن بەرەکـەت ببەخشـن و دروسـتی بکـەن، وە توانـای مانـەوە و جێگرکردنـی یـان نییـە .

جـا تەبـەڕوک کـردن بـە جێـگا و شـوێنەوار و کەسـەکانەوە بـە زیندوویـی و مردوویـی دروسـت نییـە، چونکـە یـان شـیرکە ئەگـەر بـاوەڕی وابـوو ئـەو شـتە خـودی خـۆی بەرەکـەت دەبەخشـێت، یـان هۆکارێکـە بـۆ شـیرک ئەگـەر بـاوەڕی وابـوو کـەوا سـەردان کـردنی ودەسـت لێـدانی دەسـت سـڕین پێیـدا هـۆکارە لـە بەدەسـت هێنـانی لـە خـواوە .

وە ئـەوەی کـە هـاوەڵان کردوویانـە لـە تەبـەڕوک کـردن بـە قـژی پێغەمبـەری خـوداوەو(ﷺ) تفەکـەی و ئـەو شـتانەی لـە جەسـتەی بووەتـەوە، ئـەوا تایبەتە بە ئـەوەوەو لـە کاتی ژیانیدایـە، بـە بەڵگـەی ئـەوەی هـاوەڵان تەبەڕوکیـان نەدەکـرد بـە ژوورەکـەی و قەبرەکەیـەوە لـە پـاش مـردنی، وە نەدەچـوون بـۆ ئـەو جێگایانـە و نەیاندەکـردە مەبەسـت کـە پێغەمبـەری خـودا(ﷺ) نوێـژی تێـدا کردبـوو یـان تێیـدا دانیشـتبوو بـۆ ئـەوەی تەبەڕوکـی پـێ بکـەن، هەروەهـا مەقامـەکانی ئەولیـا لـە پێشـترە، وە تەبەڕوکیـان نەدەکـرد بـە پیاوچاکانـەوە وەکـو ابوبکـر و عمـر و جگـە لـەوان لـە هاوەڵـە بەڕێـزەکان، نـە

لـە ژیانیانـدا و نـە لـە پـاش مردنیـان، هەروەهـا نەدەڕۆیشـتن بـۆ ئەشـکەوتی (حـراء) بەمەبەسـتی نوێژکـردن و دوعـا کـردن تێیـدا، وە نەدەڕۆیشـتن بـۆ کێـوی (تـوور) کـە موسـا لەسـەر ئـەو کێـوە لـە گـەڵ خـوادا قسـەی دەکـرد بـۆ ئـەوەی نوێـژی تیـادا بکـەن و لـەوێ لـە خـوا بپارێنـەوە ، یـان بـۆ جگـە ئـەم شـوێنانە لـە چیـاکان کـە دەڵێـن: مەقامـی پێغەمبـەران و جگـە لـەوانی تێدایـە، وە نەدەچـوون بـۆ گڵکۆیـەک یـان مەرقەدێـک لەسـەر شـوێنەواری پێغەمبـەرێ لـە پێغەمبـەران بنیـات نرابێـت .

هەروەهـا ئـەو جێگایـەی کـە پێغەمبـەری خـوا(ﷺ) هـەردەم نوێـژی تێـدا دەکـرد لـە شـاری مەدینـە هیـچ یەکێـک لـە سـەلەف دەسـتیان لـێ نـەدەداو ماچیـان نەدەکـرد، هەروەهـا ئـەو جێگایـەی کـە لـە مەککـە نوێـژی تێـدا دەکـرد و جگـە لـەو شـوێنانەش ، جـا ئەگـەر ئـەو جێگایـەی پێغەمبـەری خـوا(ﷺ) پـێ پیـرۆزەکانی پێـدا دەنـاو نوێـژی لەسـەر دەکـرد دروسـت نەبێـت بـۆ ئوممەتەکـەی دەسـت پێـدا بسـڕن و یـان ماچـی بکـەن، ئایـە چـۆن کـە دەگۆترێـت: جگـە لـەو نوێـژی تێـدا کـردووە یـان لـە سـەری خەوتـووە، جـا ماچکـردنی هەرشـتێک لەوانـە و دەسـت پێـدا سـڕین هەمـوو زانایـان دەزانـن کـەوا ئەمـە لـە شـەریعەتی محمـد دا(ﷺ) نییـە .

بیدعەکان لە بواری پەرستن و خۆنزیک کردنەوە لە خوای گەورە:

ئـەو بیدعانـەی لـە بـواری پەرسـتندا داهێـنراوە لـەم سـەردەمەدا زۆرن، چونکـە ئەصـل لـە پەرسـتندا (توقیـف) ە، بۆیـە هیـچ پەرسـتنێک دروسـت نییـە ئیلـلا بـە بەڵگـەوە نەبـێ، وە ئـەوەی بەڵگـەی لـە سـەری نەبـێ بیدعەیـە، بـە بەڵگـەی ئـەو فەرموودەیـە : ((مـن عمـل عمـلا لیـس علیـه أمرنـا فهـو رد))[1] واتـە : هەرکەسـێک کارێـک بـکات فەرمـانی ئێمەی لەسـەر نەبێـت ئـەوا ڕەد دەکرێتـەوە) .

وە ئەو پەرستانەی کە ئەمڕۆ ئەنجام دەدرێن و بەڵگەی لە سەر نییە زۆرن :

لەوانـە: دەنـگ بەرزکردنـەوە بەنیـەت لـە نوێـژدا، بـەوەی کـە دەڵێـت : (نویـت ان اصـلي للـه کـذا و کـذا) ئەمـەش بیدعەیـە، چونکـە لـە سـوننەتی پێغەمبـەری خـوادا (ﷺ) نییـەو هەروەهـا چونکـە خوای گـەورە دەفەرموێـت: ﴿قُلْ أَتُعَلِّمُونَ ٱللَّهَ بِدِينِكُمْ وَٱللَّهُ يَعْلَمُ مَا فِى ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَمَا فِى ٱلْأَرْضِ ۚ وَٱللَّهُ بِكُلِّ شَىْءٍ عَلِيمٌ ﴿١٦﴾﴾(الحجـرات) واتـە : پێیـان بڵـێ ئاخـۆ دەتانـەوێ خـوا ئـاگادار بکـەن لـەو دینـەی هەتانـە خـوا لەهەرشـتێ لەئاسـمانەکان و زەمینداییـە ئـاگاداڕە خـوا بەهەمـوو شـتێك زانایـە هیـچ شـتێکی لەدەسـت دەرناچـێ و لێـی گـوم نابێـت).

وە نیەتیش جێگاکەی دڵە، جا ئەوە کارێکی دڵە نەک کارێکی زمان بێت .

هـەر لەوانـە: زیکـری بـە کۆمـەڵ لـە پـاش نوێـژ، چونکـە ئـەوەی دروسـتە هەرکەسـەو ئـەو زیکرانـەی هاتـووە بـە تەنهـا بـۆ خـۆی بیـکات .

لەوانە: داواکرنی خوێندنەوەی سورەتی (الفاتحە) لە بۆنەکانداو لە پاش دوعا و بۆ مردووەکان.

لەوانـە: دانـانی تەعـزێ بـۆ مـردووەکان و دروسـتکرنی خـواردن و بەکـرێ گرتنـی قورئـان خوێنـەکان، باوەڕیـان وایـە ئـەوە بەشـێکە لـە تەعـزێ یـان ئـەوە سـوودی بـۆ مردووەکـە هەیـە، وە هەمـوو ئەوانـە بیدعەیـەو ئەصـلی نیـە، (اصـار) و (اغـلال) ن کـە خـوای گـەورە هیـچ بەڵگەیەکـی لەسـەر دانەبەزانـدووە .

---

(١) صحیح .

هـەر لەوانـە: ئاهەنـگ گێـڕان لە بۆنە ئاینیەکانـەوە، وەکو بۆنەی ئیـسرا و میعراج و یادی کۆچکـردنی پێغەمبـەر(ﷺ)، جـا ئـەم ئاهەنگە بـەو بۆنانەوە هیچ ئەصڵێکی لە شـەرعدا نییە .

هـەر لەوانـە: کـە لـە مانگـی (رجـب) دا ئەنجـام دەدرێـت، وەکـو عومـرەی ڕەجـەبی، وە ئـەو پەرسـتانە تایبەتانـەی ئەنجـام دەدرێـت، وەکـو (تطـوع) کـردنی نوێـژو ڕۆژووگرتـن تێیـدا، چونکـە هیـچ تایبەتمەندیەکـی نیـە لـە مانگـەکانی تـردا نەبـێ، نـە عومـرەو نـە ڕۆژوو نـە نوێـژو نەسـەربڕین نـە جگـە لەوانـەش .

هـەر لەوانـە: زیکـری صۆفیـەکان بـە هەمـوو جۆرەکانیـەوە، جـا هـەر هەمـووی بیدعەیـەو داهێـنراون، چونکـە جیـاوازن لـە گـەڵ ئـەو زیکـرە ڕێـگا پـێ دراوانـەدا لـە شـێوازو شـێوەو کاتەکانیـدا .

هەر لەوانە: تایبەتمەندکردنی شەوی نیوەی مانگی (شعبان) بەشەو نوێژکردن و ڕۆژووگرتن لە ڕۆژەکەیدا، جا ئەوە هیچ شتێکی تایبەتی لە پێغەمبەری خوداوە(ﷺ) نەهاتووە .

هـەر لەوانـە: دروسـتکرنی خانـوو لەسـەر قەبـرەکان، کردنیـان بـە مزگـەوت و سـەردان کـردنی بـە مەبەسـتی تەبـەڕوک کـردن و داواکـردن لـە مـردوەکان و جگـە لەوانـە لـە مەبەسـتە شـیرکییەکان، وە سـەردانی ئافرەتـان بـۆ ئـەو جێگایانـە، لـە گـەڵ ئەوەشـدا پێغەمبـەری خـوا(ﷺ) لەعنـەتی کـردووە لـەو ئافرەتانـەی سـەردانی گۆڕسـتان دەکـەن و ئەوانـەی مزگـەوت لـە سـەری دروسـت دەکـەن .

لـە کۆتاییـدا دەڵێیـن: بیدعـە پۆسـتی کوفـرە، ئەویـش زیادەیەکـە لـە دینـدا کـە خـوای گـەورە و پێغەمبەرەکـەی(ﷺ) ڕێگایـان پـێ نـەداوە، وە بیدعـە خراپتـرە لە سـەرپێچی گەورە، وە شـەیتان خۆشـحاڵترە پێـی زیاتـر لـە سـەرپێچیە گـەورەکان، چونکـە کـەسی سـەرپێچیکار سـەرپێچیەک دەکات خـۆی دەزانێ ئەوە سـەرپێچییە، بۆیە تەوبەی لـێ دەکات، بەڵام کەسی بیدعـەکار بیدعەیـەک دەکات بـاوەڕی وایـە بەشـێکە لـە دیـن خۆی پـێ نزیک دەکاتـەوە لە خـوا، بۆیـە تەوبـەی لـێ نـاکات، وە بیدعـەکان سـوننەتەکان ناهێڵـن، وە وا لـە خاوەنەکانیان دەکات کـە ڕقیـان لـە ئەنجامـدانی سـوننەت و ئەهـلی سـوننە ببێتـەوە، وە بیدعـە هـۆی دوورکەوتنەوەیـە لـە خـوای گـەورە، وە تـووڕە بوونی خـواو تۆڵـەی (واجب) دەکات لە سـەر کەسـەکەو دەبێتـە هـۆی لادانی دڵـەکان و فاسـدبوونی .

پێنجەم: چۆنیەتی هەڵسوکەوت کردن لە گەڵ کەسی بیدعەکاردا:

سەردانی کەسی بیدعەکارو دانیشتن لە گەڵیدا حەرامە، ئیللا لە ڕووی ئامۆژگاری کردن و ئینکاری کردنی کارەکەی نەبێ، چونکە تێکەڵ بوونی کار دەکاتە سەر ئەو کەسەی تێکەڵی دەکات و نەخۆشیەکەی بۆ جگە لە خۆی بڵاودەبێتەوە .

وە پێویستە خەڵکیان لێ ئاگادار بکرێتەوە لە خۆیان و لە خراپەیان ، ئەگەر دەستیان نەگیرێت و ڕێگایان لێ نەگیرێت لە بڵاوکردنەوەی بیدعەکەیان ، ئەگەر نا ، ئەوا پێویستە لە سەر زانایانی موسڵمانان و دەسەڵاتداران ڕێگای بیدعە بگرن، وە دەستی بیدعەکاران بگرن و لەو خراپە دووریان بخەنەوە، چونکە ترسیان لە سەر ئیسلام زۆرە .

ئەمجار پێویستە ئەوەش بزانرێت کە وڵاتە کافرەکان هانی بیدعەکاران دەدەن لە بڵاوکردنەوەی بیدعەکەیان، وە یارمەتیان دەدات بە هەموو جۆرە ڕێگایەک، چونکە لەوەدا نەهێشتنی ئیسلامی و ناشرین کردنی شێوەکەی تێدایە.

داوا لە خوا دەکەین دینەکەی سەر بخات و وشەی خۆی بەرزکاتەوەو دوژمنەکانی شەرمەزار بکات .

وصل الله و سلم على نبينا محمد وآله وصحبه

ناوەڕۆک

پێشەکی ---------- ٥
عەقیدەی ئیسلامی ---------- ٩
واجیببونی فێربوونی عەقیدەی ئیسلامی---------- ١٧
بانگەواز بۆ عەقیدەی ئیسلامی ---------- ٢٢
رووبەڕووبونەوەی بنەماکانی عەقیدەی ئیسلامبەدرێژی و بەڵگەکانی---------- ٣٠
دەستپێک---------- ٣٢
بنەمای١: باوەڕ بە خوای گەورە ---------- ٣٥
باسی یەکەم: تەوحیدی پەروەردگاریتی (توحید الربوبیة)---------- ٣٦
باسی دووەم : تەوحیدی خوداوەندێتی (توحید الأُلوهیة) ---------- ٤١
شێوازەکانی قورئان لە بانگەواز کردن بۆ تەوحیدی (الالوهیة) :---------- ٥٤
رووداوی شیرك لە تەوحیدی (الإلهیة)دا:---------- ٦٣
مەترسی شیرك و واجیب بوونی وریابوونەوە لێی بە دوورکەوتنەوە لە هۆکارەکانی: ------- ٧١
پووچەڵکردنەوەی گومانی موشریکەکان کە خۆیان پەیوەست کردووە پێوە بۆ گونجاندنی شیرکەکەیان لە تەوحیدی (الالهیة) : ---------- ٩٥
گومانی یەکەم : ---------- ٩٥
گومانی دووەم : ---------- ٩٨
گومانی سێ یەم : ---------- ٩٩
گومانی چوارەم : ---------- ١٠٠
گومانی پێنجەم : ---------- ١٠١
ڕوونکردنەوەی چەند جۆرێک لەجۆرەکانی شیرکی گەورە :---------- ١٠٢
یەکەم : شیرک لە ترسدا: ---------- ١٠٢

دووەم : شیرک لە خۆشویستن دا (المحبة) :---------- ١١٧
سێ یەم : شیرک لە پەناگرتندا (التوکل) . ---------- ١٢٤
چوارەم : شیرک لە گوێڕایەڵیدا: ---------- ١٣١
چەند کاروبارێک کە لەگەڵ تەوحیددا جیاوازە : ---------- ١٤٧
شیرکی بچووک : ---------- ١٨٥
١/ سوێند خواردن بەجگە لە خوا : ---------- ١٨٦
٢/ شیرک لە گفتارو وشەکاندا : ---------- ١٨٨
٣/شیرک لەنیەت و مەبەستەکاندا. ---------- ١٨٩
٤/ جوێندان بەڕۆژگار و لەو جۆرانە: ---------- ١٩٩
٥/ گوتنی (لو) (واتە : ئەگەر) لە هەندێ حاڵەتدا: ---------- ٢٠٤
ئارام گرتن و پلەو پایەی لەعەقیدەدا: ---------- ٢١٠
واجب بونی ڕێزگرتن لە ناوە پیرۆزەکانی خوای گەورە: ---------- ٢٢٧
بەرنامەو مەنهەجی ئەهلی سوننەو جەماعە لە ناو و صیفەتەکاندا: ---------- ٢٣٣
بەرنامە و مەنهەجی جەهمی و قوتابیەکانیان لە ناو و صیفاتەکانی خوادا . ---------- ٢٣٨
بنەمای ٢: باوەڕهێنان بە فریشتەکان ----------٢٥٥
بنەمای ٣: ئیمان هێنان بە کتێبەکان----------٢٦٤
بنەمای ٤: باوەڕهێنان بە پێغەمبەران----------٢٧١
بەڵگەکانی پێغەمبەرایەتی (دلائل النبوة) : ---------- ٢٧٧
موعجـیزەی قورئـــان : ---------- ٢٨٢
عصـمة الانبیـاء:---------- ٢٨٧
دینی پێغەمبەران یەک دینە:---------- ٢٩٩
باسی تایبەتمەندییەکانی پێغەمبەر (محمد) (ﷺ) بەگشتی : ---------- ٣٠٥
١- ئیســراو میعــراج : ---------- ٣١١

٢- گشتگیری پەیامەکەی (محمد) (ﷺ) و ڕەدی ئەو کەسانە نکۆڵی لێ دەکەن . ---------- ٣١٨
حیکمەت لە کۆتایی هێنانی پێغەمبەرایەتی بە (محمد) (ﷺ) ---------- ٣٢٩
کەرامـاتی ئەولیـــا : ---------- ٣٣٢
باسی یەکەم : ئیمان بە ڕۆژی دوایی ---------- ٣٣٧
بنەمای٥: ئیمان بە نیشانەکانی قیامەت ----------٣٣٧

١/ دەرکەوتنی مەهدی : ---------- ٣٤٣
٢/ درەچوونی دەججال : ---------- ٣٤٧
٣/ دابەزینی عیسای کوڕی مەریەم -صەڵات و سەلامی خوای لەسەر بێت- . ---------- ٣٥١
٤/ دەرچوون و دەرکەوتنی یەئجوج و مەئجوج ---------- ٣٥٧
٥/ دەرچـوونی گیاندارەکـــە (الدابة) . ---------- ٣٦٤
٦/ دەرچوونی ڕۆژ لە ڕۆژ ئاواوە : ---------- ٣٦٨
حەشرکردنی خەڵکی بۆ خاکی شام : ---------- ٣٧٣
النفخ فی الصور والصعق (فووکردن بە کەڕەنادا) : ---------- ٣٧٨
دووەم / ئیمان هێنان بە ڕۆژی دوایی :---------- ٣٨٣
مـــــــردن: ---------- ٣٩٤
وەفاتی خەوتن و وەفاتی مردن .---------- ٣٩٧
حەقیقـــەتی ڕۆح: ---------- ٣٩٩
ڕۆح دروستکراوە : ---------- ٣٩٩
چۆنیەتی ڕۆح کێشان و دەرئەنجامی لە پاش وەفات کردنی:---------- ٤٠٢
سێیەم/ فیتنەی قەبرو عەزاب و خۆشیەکەی ---------- ٤١٢
سـزای گـۆڕ و خۆشیەکانی :---------- ٤٢٠
هۆکارەکانی عەزابی قەبر : ---------- ٤٣٢
پێنجەم/ باوەڕ بەوەی لە ڕۆژی قیامەتدا ڕووەدەن : ---------- ٤٤١
بەهەشـت و دۆزەخ : ---------- ٤٥٥

بنەمای٦: باوەڕ بە قەزا و قەدەر ----------٤٥٧

بەرهەمەکانی باوەڕبوون بە قەزاو قەدەر : ---------- ٤٦٢

کۆتـــــایی ---------- ٤٦٩

بەشێک لە باسی دۆستایەتی و دوژمنایەتی (بەرائەت) ---------- ٤٦٩

دیاردەکانی دۆستایەتی کافران :---------- ٤٧٢

دیاردەکانی دۆستایەتی ئیمانداران: ---------- ٤٨٠

وریاکردنەوە لە بیدعە---------- ٤٩١

یەکەم : پێناسەی بیدعە: جۆرەکانی ئەحکامەکانی ---------- ٤٩١

جۆرەکانی بیدعە : ---------- ٤٩٢

حوکمی بیدعە لە دیندا : ---------- ٤٩٣

دووەم : سەرهەڵدانی بیدعە لە ژیانی موسڵمانانداو هۆکارەکانی :---------- ٤٩٦

ئەو هۆکارانەی کە بوونە هۆی سەرهەڵدانی بیدعە :---------- ٤٩٨

سێیەم/ هەڵوێستی ئەهلی سوننەو جەماعە بەرامبەر بیدعەکاران و بەرنامەیان لە وەڵامدانەوەیاندا. ---------- ٥٠٢

مەنهەجی ئەهلی سوننەو جەماعە لە وەڵامدانەوەی ئەهلی بیدعەدا :---------- ٥٠٤

چوارەم : ڕوونکردنەوەی چەند نمونەیەک لە بیدعەکانی ئەم سەردەمە .---------- ٥٠٦

تەبەڕوک کردن بە جێگاو شوێنەوار و کەسەکان بە زیندوویی و مردویی :---------- ٥٠٩

بیدعەکان لە بواری پەرستن و خۆنزیک کردنەوە لە خوای گەورە:---------- ٥١١

پێنجەم: چۆنیەتی هەڵسوکەوت کردن لە گەڵ کەسی بیدعەکاردا:---------- ٥١٣